# مێژووی
# پارتی دیموکراتی کوردستان

## ڕێکخراوە جەماوەرییەکان

## یەکێتی قوتابیان، لاوان و ئافرەتانی کوردستان

## (کۆنگرە و کۆنفرانسەکان)

دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان

٢٠٢٤

**ناوی کتێب:** مێژووی پارتی دیموکراتی کوردستان - ڕێکخراوە جەماوەرییەکانی یەکێتی قوتابیان، لاوان و ئافرەتانی کوردستان (کۆنگرە و کۆنفرانسەکان -(١٩٥٢ -٢٠٢٣)

**نووسین و ئامادەکردنی:** دەستەی ئینسکلۆپیدیای (پ. د. ک)

**دیزاینی ناوەوە و بەرگ:** دەستەی ئینسکلۆپیدیای (پ. د. ک)

**شوێن و ساڵی چاپ:** هەولێر - ٢٠٢٤

**نۆبەی چاپ:** یەکەم

**چاپخانە:** زانکۆی سەلاحەددین

**تیراژ:** ٢٠٠٠

**لە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی (١٤٥)ی ساڵی (٢٠٢٣)ی دراوەتێ.**

**پێشکەشە بە:**

بە گیانی پاکی شەهیدان و ئەندامانی ڕێکخراوە جەماوەرییەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان و گشت ئەوانەی وزە و توانای خۆیان بۆ سەربەخۆیی، پاراستنی نیشتیمان و پێشکەوتنی کۆمەڵگەکەیان بەگەڕدەخەن.



سەرۆك مستەفا بارزانی (١٩٤٦ - ١٩٧٩)



سەرۆك مسعود بارزانی (١٩٧٩)

# پێرست

• پێشـەكی ........................................................................................ ١٣

## وێستگە مێژووییەكانی یەكێتی قوتابیانی كوردستان - كۆنگرە و كۆنفرانسەكان
## (پڕۆگرام و پەیڕەوی ناوخۆ)

• **كۆنگرەی دامەزراندن و یەكەمی یەكێتی قوتابیانی كوردستان - بەغدا - ١٩٥٣** ........ ١٩
• **كۆنگرەی دووەمی یەكێتی قوتابیانی كوردستان - بەغدا - ١٩٥٥** ........ ٢٣
• **كۆنگرەی سێیەمی یەكێتی قوتابیانی كوردستان - بەغدا - ١٩٦١** ........ ٢٨
- دەستووری هەمواركراوی كۆنگرەی سێی یەكێتی قوتابیانی كوردستان ساڵی ١٩٦١ ........ ٣٤
- پڕۆگرام و پەیڕەوی ناوخۆ ........ ٣٦
- بڕیارەكانی كۆنگرەی سێی یەكێتی قوتابیانی كوردستان ........ ٤٤
• كۆنفرانسی یەكەمی یەكێتی قوتابیانی كوردستان - بەغدا - ١٩٦٢ ........ ٤٦
• **كۆنگرەی چوارەمی یەكێتی قوتابیانی كوردستان - چۆخماخ - سلێمانی - ١٩٦٤** ........ **٥٠**
- پەیڕەوی ناوخۆی كۆنگرەی چوارەمی یەكێتی قوتابیانی كوردستان ........ ٥٤
- بڕیارەكانی كۆنگرەی چوارەمی یەكێتی قوتابیانی كوردستان ........ ٥٩
• كۆنفرانسی دووەمی یەكێتی قوتابیانی كوردستان - كانی ماسی - سلێمانی - ١٩٦٤ ........ ٦٢
• كۆنفرانسی سێیەمی یەكێتی قوتابیانی كوردستان - قەرەداغ ١٩٦٥ ........ ٦٦
• كۆنفرانسی چوارەمی یەكێتی قوتابیانی كوردستان - ناوپردان - ١٩٦٦ ........ ٦٧
• **كۆنگرەی پێنجەمی یەكێتی قوتابیانی كوردستان - دەڤەری شوان - ١٩٦٧** ........ ٦٨
- پڕۆگرام و پەیڕەوی ناوخۆی كۆنگرەی پێنجەمی یەكێتیی قوتابیانی كوردستان ........ ٧٤
• **كۆنگرەی شەشەمی یەكێتی قوتابیانی كوردستان - ١٩٧٠** ........ ٨٥
- وتاری سەرۆك مەلا مستەفا بارزانی ........ ٩٠
- پەیڕەو و پڕۆگرامی ناوخۆی كۆنگرەی شەشەمی یەكێتی قوتابیانی كوردستان - ناوپردان - ١٩٧٠ ........ ٩٦
• **كۆنگرەی حەوتەمی یەكێتی قوتابیانی كوردستان - سلێمانی - ١٩٧٢** ........ ١٠٩
- پڕۆگرام و پەیڕەوی ناوخۆی كۆنگرەی حەوتەمی یەكێتی قوتابیانی كوردستان ........ ١١٥
• كۆبوونەوەی كەرەجی یەكێتی قوتابیانی كوردستان - كەرەج - ١٩٧٩ ........ ١٢٨
• كۆنفرانسی كەرەجی یەكێتی قوتابیانی كوردستان - كەرەج - ١٩٨٠ ........ ١٢٩
• كۆنفرانسی هاوبەشی یەكێتی قوتابیانی كوردستان و یەكێتی لاوانی دیموكراتی كوردستان ........ ١٣٠
- پڕۆژەی پڕۆگرام و پەیڕەوی ناوخۆ ........ ١٧٨
• **كۆنگرەی هەشتەم - كۆنگرەی «ئازادیی» یەكێتی قوتابیانی كوردستان - هەولێر - ١٩٩٣** ........ ١٩٤

- پرۆگرام و پەیڕەوی ناوخۆ پەسەندکراوی کۆنگرەی هەشتەمی(ی.ق.ك) - ١٩٩٣ ........................ ٢٠٠
- **کۆنگرەی نۆیەمی یەکێتی قوتابیانی کوردستان - هەولێر - ١٩٩٨ ........................ ٢١٣**
- پرۆگرام و پەیڕەوی ناوخۆ پەسەندکراوی کۆنگرەی نۆیەمی یەکێتی قوتابیانی کوردستان ........................ ٢١٧
- **کۆنگرەی دەیەمی یەکێتی قوتابیانی کوردستان - هەولێر - ٢٠٠١ ........................ ٢٥٧**
- بەلاغی کۆتایی کۆنگرەی دەیەمی یەکێتی قوتابیانی کوردستان........................ ٢٩٧
- **کۆنگرەی یازدەیەمی یەکێتی قوتابیانی کوردستان - دهۆک - ٢٠٠٤ ........................ ٣٠٠**
- کارنامە و پەیڕەوی ناوخۆ پەسەندکراوی کۆنگرەی یازدەمی یەکێتی قوتابیانی کوردستان........................ ٣٠٤
- **کۆنگرەی دوازدەیەمی یەکێتی قوتابیانی کوردستان - هەولێر - ٢٠٠٧........................ ٣٢٧**
- کارنامە و پەیڕەوی ناوخۆ پەسەندکراوی کۆنگرەی دوازدەی یەکێتی قوتابیانی کوردستان ........................ ٣٣٠
- **کۆنگرەی سێزدەیەمی یەکێتی قوتابیانی کوردستان - هەولێر - ٢٠١٠ ........................ ٣٥٤**
- **کۆنگرەی چواردەیەمی یەکێتی قوتابیانی کوردستان - هەولێر - ٢٠١٢........................ ٣٧٨**
- کۆنفرانسی هەولێری یەکێتی قوتابیانی کوردستان - هەولێر - ٢٠١٧ ........................ ٣٩٨
- کارنامە و پەیڕەوی ناوخۆیی پەسەندکراوی کۆنفرانسی شەشەمی یەکێتی قوتابیانی کوردستان ........................ ٤٢٤
- بەلاغی کۆتایی شەشەمین کۆنفرانسی یەکێتی قوتابیانی کوردستان........................ ٤٤١

## وێستگە مێژووییەکانی یەکێتی لاوانی کوردستان - کۆنگرە و کۆنفرانسەکان

## (پرۆگرام و پەیرەوی ناوخۆ)

- **دامەزراندنی یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان - بەغدا - ١٩٥٣........................ ٤٤٥**
- کۆنفرانسی بەغدای یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان........................ ٤٥٢
- **کۆنگرەی دووەمی یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان - شەقڵاوە - ١٩٧٢ ........................ ٤٥٣**
- پرۆگرام و پەیڕەوی ناوخۆی کۆنگرەی دووەمی یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان ........................ ٤٦٥
- **کۆنگرەی سێیەمی یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان - هەولێر - ١٩٧٤........................ ٤٧٩**
- یەکەم کۆنفرانسی یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان ١٩٨١ ........................ ٤٨٦
- کۆنفرانسی هاوبەشی یەکێتی قوتابیانی کوردستان و یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان ........................ ٥٠١
- **کۆنگرەی چوارەمی یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان (کۆنگرەی ئازادی) هەولێر - ١٩٩٣ ........................ ٥٢٠**
- پرۆگرام و پەیڕەوی ناوخۆی پەسەندکراوی کۆنگرەی چوارەمی یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان........................ ٥٢٤
- بەلاغی کۆتایی یەکەمین کۆبوونەوەی لێژنەی ڕاپەڕاندنی یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان ........................ ٥٤٣
- **کۆنگرەی پێنجەمی یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان (کۆنگرەی پێشکەوتن) هەولێر - ١٩٩٨........................ ٥٤٦**
- پرۆگرام و پەیرموی ناوخۆی کۆنگرەی پێنجەم ........................ ٥٦٢
- **کۆنگرەی شەشەمی یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان (کۆنگرەی بارزانی نەمر) هەولێر ـ ٢٠٠٤........................ ٥٨٠**

- **کۆنگرەی حەوتەمی یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان (گۆنگرەی سەرکەوتن) هەولێر -٢٠٠٩** ...... ٦١٦
- **کۆنگرەی هەشتەمی یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان (کۆنگرەی پێشمەرگە) هەولێر -٢٠١٨** ...... ٦٣٣
- پەیڕەو و پڕۆگرامی ناوخۆی کۆنگرەی هەشتەمی یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان...... ٦٣٦


## وێستگە مێژووییەکانی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان - کۆنگرە و کۆنفرانسەکان

## (پڕۆگرام و پەیرەوی ناوخۆ)


- دامەزراندنی یەکێتی ئافرەتانی کۆردستان...... ٦٦٧
- **کۆنگرەی یەکەمی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان - بەغدا - ١٩٧٠** ...... ٦٧٧
- پڕۆگرام و پەیڕەوی ناوخۆی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان، کۆنگرەی یەکەم ...... ٦٨٠
- **کۆنگرەی دووەمی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان - بەغدا ـ ١٩٧١** ...... ٦٩٢
- بڕیارەکانی کۆنگرەی دووەمی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان ...... ٦٩٥
- **کۆنگرەی سێیەمی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان - هەولێر - ١٩٧٢** ...... ٦٩٧
- پڕۆگرام و پەیڕەوی ناوخۆی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان کۆنگرەی سێیەم...... ٧٠١
- **کۆبوونەوەی خنێرەی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان - خنێرە - ١٩٨٦** ...... ٧٢٨
- کۆنفرانسی شەهید لەیلا قاسم - هەولێر ١٩٩٢...... ٧٢٩
- **کۆنگرەی چوارەمی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان (کۆنگرەی یەکسانی) هەولێر - ١٩٩٧** ...... ٧٣٢
- پەیڕەو و پڕۆگرامی کۆنگرەی چوارەمی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان ...... ٧٣٧
- **کۆنگرەی پێنجەمی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان - هەولێر - ٢٠٠١** ...... ٧٥٠
- پەیڕەو و پڕۆگرامی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان کۆنگرەی پێنجەم ...... ٧٥٣
- **کۆنگرەی شەشەمی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان - هەولێر - ٢٠٠٧** ...... ٧٨١
- پڕۆگرام و پەیڕەوی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان کۆنگرەی شەشەم...... ٧٨٤
- **کۆنگرەی حەوتەمی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان - هەولێر - ٢٠١٠** ...... ٧٩٨
- پەیڕەوی ناوخۆی کۆنگرەی حەوتەمی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان ...... ٨٠٥
- بەیانی کۆتایی کۆنگرەی حەوتەمی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان ...... ٨١٩
- **کۆنگرەی هەشتەمی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان (کۆنگرەی نیشتمان) هەولێر - ٢٠١٨** ...... ٨٢٠
- پڕۆگرام و پەیڕەوی ناوخۆی کۆنگرەی هەشتەمی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان ...... ٨٢٢
- **کۆنگرەی نۆیەمی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان - هەولێر - ٢٠٢٣** ...... ٨٤٥
- پڕۆگرام و پەیڕەوی ناوخۆی کۆنگرەی نۆیەمی ...... ٨٥٠

# پێشەکی

وەکو وەڵامێک بۆ پەرەسەندن و پێویستییەکانی خەباتی ڕزگاری و بە هەند زانینی ڕۆڵ و کاریگەریی توێژە جیاوازەکانی کۆمەڵگا. لەسەر بنەمای تێڕوانینی سەرۆك مستەفا بارزانی لە کۆنفرانسی نوێنەرانی کورد کە لە ١٩ی کانوونی دووەمی ١٩٤٨ لە شاری (باکۆ)ی ئازربایجانی یەکێتی سۆڤیەتی ئەوکات بەڕێوەچوو و تێیدا بە بایەخەوە باسی لە ڕۆڵی قوتابیان، لاوان و ئافرەتانی کورد لە بەرەوپێشبردنی کۆمەڵگە کرد. لەسەر ئەم بنەمایە پارتی دیموکراتی کوردستان لە کۆنگرەی سێیەمی خۆیدا کە ساڵی ١٩٥٣ لە کەرکووک بەسترا، بڕیاری لە دامەزراندنی ڕێکخراوە جەماوەرییەکانی کوردستان.

لەسەر بنەمای ئەم بڕیارەی کۆنگرە، دەستەیەک لە قوتابیانی کوردستان لە بەغدا بە نهێنی کۆبوونەوە و لە ١٨ی شوباتی ١٩٥٣ دامەزراندنی یەکێتی قوتابیانی کوردستانی ڕاگەیاند. لەوەتەی ئەم یەکێتییە (یەکێتی قوتابیانی کوردستان) دامەزرێنراوە، سەرەڕای ئاستەنگ و لەمپەرە سیاسییەکان، چالاکانە بۆ داکۆکیکردن لە مافە ڕەواکانی گەلی کوردستان و ڕێکخستنی جەماوەری قوتابیان و سەرکردایەتیکردنی خەبات و چالاکییەکانیان لە گۆڕەپانەکەدا بوونی هەیە و بووەتە قوتابخانەی پێگەیاندنی سەرکردەی سیاسی و ئیداری، لەم پێناوەشدا ژمارەیەک شەهید و قوربانی بە دۆزی ڕەوای کورد بەخشیووە و تا ئەمڕۆش بە میتۆد و بەرنامەی سەردەمییانە لە کۆڕی خەبات بەردەوامە.

یەکێتی قوتابیانی کوردستان، لە مێژووی خەباتی خۆیدا، بۆ زیاتر ڕێکخستنی ڕیزەکان و بەرنامەکانی، چواردە کۆنگرە، چەند کۆنفرانس و کۆنفرانسێکی هاوبەشی لەگەڵ یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان ئەنجام داوە. چەندین جاریش بۆ خۆگونجاندن لەگەڵ پەرەسەندنەکان، بە پێی هەلومەرج، دەستکاریی لە پەیکەری ڕێکخراوەیی خۆی و پەیڕەو و پرۆگرام دا کردووە.

بەهەمان شێوە، یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان کە لە ساڵی ١٩٥٣ بە پێی بڕیاری کۆنگرەی سێیەمی پارتی دیموکراتی کوردستان دامەزراوە، هەشت کۆنگرە و کۆنفرانسێکی هاوبەشی لەگەڵ یەکێتی قوتابیانی کوردستان سازداوە و بە

پێـی قۆنـاغ و هەلومـەرج و پەرەسـەندنەکان دەسـتکاری پەیکـەر و پەیـڕەو و پرۆگرامـی خـۆی و دەسـتەی سـکرتاریەتی کـردووە و بەنـدی دووەمـی گەڵاڵـەی پەیـڕەو و یاسـای ناوخـۆ، بەمشـێوەیە پێناسـەی ڕێکخراوەکـەی کـردووە: «یەکێتـی لاوانـی دیموکراتـی کوردسـتان، ڕێکخراوێکـی کۆمەڵایەتـی و دیموکراتـی و بێلایەنـە و هیـچ گیانێکـی ئاییـن و ڕەگەزایەتـی و نەتەوایەتیـی نییـە. هەروەهـا یەکێـک لـە ئامانجەکانـی، تێکۆشـانە بـۆ بەرزکردنـەوەی ئاسـتی ئابـوری و خوێنـدەواری و تەندروسـتیی لاوانـی کوردسـتان و نەهێشـتنی بێـکاری و نەخوێنـدەواری لـە ناویانـدا و بەهێزکردنـی پەیوەنـدی برایەتـی و هاوڕێیەتـی بەتایبەتـی لـە نێـوان یەکێتییەکەمانـدا و یەکێتـی لاوانـی دیموکراتـی عێـراق و بەشـێوەیەکی گشـتی لەگـەڵ لاوانـی دیموکراتـی جیهـان و ڕێکخراوەکانـی لاوانـی دیموکـرات لـە وڵاتەکانـی تـردا.» ئـەوە جگـە لـەوەی بـە پێـی قۆنـاغ و پەرەسـەندنەکانی دۆزی ڕەوای کـورد، لـە کـۆڕی خەبـات ئامادەیـی هەبـووە و لـەم پێنـاوەدا ژمارەیـەک شـەهید و قوربانـی بـە خەباتـی ڕەوای گەلـی کوردسـتان بەخشـیووە.

یەکێتـی لاوانـی دیموکراتـی کوردسـتان، لـە مێـژووی خەباتـی خۆیـدا بەشـداریی لـە فێسـتیڤاڵە نێودەوڵەتییەکانـی تایبـەت بـە لاوان کـردووە، وەک فیسـتیڤاڵی پێنجەمـی لاوانـی جیهانـی سـاڵی ١٩٥٥ی وارشـۆ کـە توانـی بـۆ یەکەمجـار دەنگـی لاوانـی کوردسـتان بـە ناوەنـدە جیهانییـەکان بگەیەنـێ. چاپەمەنییەکانـی سـەردەمی لەدایکبوونـی یەکێتـی لاوانـی دیموکراتـی کوردسـتان، زۆر بـە باشـی پێشـوازیکردنی لاوانـی کوردسـتان لـە ڕێکخراوەکـە و چالاکییـە بێوێنەکانـی ئـەم ڕێکخراوەیـان بـۆ مێـژوو تۆمـار کـردووە، تـا ئـەو ڕادەیـەی لـە دوای شۆڕشـی ١٤ی تەممـوز، حکومەتـی ناوەنـدی بـە دامەزراندنـی ڕێکخراوێـک بـە نـاوی یەکێتی لاوانی کۆمـاری عێـراق (ی.ل.ك.ع)، هەوڵـی زۆری دا مەیدانی خەباتـی ئـەم یەکێتییـە تەنگـتر بـکات و لـە ئاکامـدا لـە سـاڵی ١٩٥٩ بـۆ کەمکردنـەوەی گوشـاری حکومـەت لـە لایـەك و هەوڵـدان بـۆ زیاتـر لێکنزیککردنـەوەی سـەرکردایەتی کـورد و عـەرەب و دروسـتکردنی کەشـوهەوایەکی متمانەدارتـر (ی.ل.د.ك) بڕیـاری دا بچێتـە نـاو (ی.ل.ك.ع) و بـەم چەشـنە بـووە لقێکـی ئـەو ڕێکخـراوە و یەکـەم کۆنگـرەی خـۆی سـاڵی ١٩٥٩ لـە بەغـدا سـازدا.

هەرچـی ڕێکخـراوی (یەکێتـی ئافرەتانـی کوردسـتان)ە، ئـەوە ڕێکـەوتی دامەزراندنیـان

لـە ڕۆژمێـری پارتیـدا بـۆ ڕێکـەوتی ١١ی کانـوونی یەکەمـی ١٩٥٢ دەگەڕێنرێتـەوە و تـا ئێسـتاش هـەر لـەو ڕێکەوتـە یـادی دامەزراندنـی دەکرێتـەوە، ئەگەرچـی دواتـر و لـە کۆنگـرەی سـێیەمی پـارتی دیموکـراتی کوردسـتان، لـە کانـوونی دووەمـی ١٩٥٣ بڕیـار لـە دامەزرانـدنی هەرسـێ ڕێکخـراوە جەماوەرییەکـە دراوە و دواتـر لـە چەنـد ماوەیەکـی جیـاواز هـەر سـێ ڕێکخـراو هاتونەتـە کـۆڕی خەباتـەوە و بەشـێوەیەکی ڕێکخراوەیـی دەسـتیان بـە چالاکییەکانیـان کـردووە.

یەکێـك لـە کاروچالاکییەکانـی یەکێتـی ئافرەتانـی کوردسـتان، کۆکردنـەوەی هـاوکاری بـوو بـۆ بەندکراوانـی سیاسـی کـورد لـە بەندیخانەکانـی عێـراق. لـەم چوارچێوەیـەدا سـاڵی ١٩٥٩، کۆمەڵێـک ئافرەتـی لەخۆبـردووی خەباتگێـڕ، بـە نـاوی لێژنـەی پێکهاتنـی (یەکێتـی ئافرەتانـی کوردسـتان)، بانگەوازێکیـان ئاڕاسـتەی تـەواوی ئافرەتانـی کوردسـتان کـردووە کـە لەپێنـاو هێنانـەدی ئامانجەکانـی گەلـی کوردسـتان بـە گشـتی و ئامانجـی ئافرەتـان بـە تایبەتـی، داوای یەکگرتـن و یەکخسـتنی هێزەکانیـان کـردووە و تێیـدا هاتـووە: «ئێمـە تاقمـێ لـە ئافرەتانـی کوردسـتانین و لـە ناوجەرگەتـان هاتووینەتـە دەرێ و بـۆ ئێـوە تـێ دەکۆشـین، داواتـان لـێ دەکەیـن کـە لـە دەوری لێژنەکەتـان (لێژنـەی پێکهێنانـی یەکێتـی ئافرەتانـی کوردسـتان) کۆببنـەوە و ئامانجەکانـی لـە هەمـوو ئافرەتانـی کوردسـتان بگەیەنیـن و لـە ڕیزیـدا تـێ بکۆشـین».

لـە ماددەی دووەمـی یەکـەم پرۆگـرام و پەیـڕەوی ناوخـۆی خۆیـدا، یەکێتـی ئافرەتانـی کوردسـتان، بـەم شـێوەیە پێناسـەی خـۆی کـردووە: «ڕێکخراوێکـی ئافرەتانـی کۆمەڵایەتـی و دیموکراتییـە، ئامانجـی دابینکردنـی مافـی ئافـرەت و بەرزکردنـەوەی ئاسـتی لـە ڕووی ئابـووری و کۆمەڵایەتـی و ڕۆشـنبیری لـە کوردسـتاندا و خەبـات دەکا لـە پێنـاوی دابینکردنـی مافـی ڕۆشـنبیری و تەندروسـتی و کۆمەڵایەتـی بـۆ منـاڵان و پشـتگیری کردنـی خەباتـی ئافرەتـان لـە جیهانـدا، لـە پێنـاوی ئاشـتی و ڕزگاربـوون لـە ئیسـتعمار و چەوسـاندنەوەی کۆمەڵایەتـی و سیاسـی».

جێـی باسـە، لـە دوای بڕیـاری کۆنگـرەی سـێیەمەوە تـا دوای تەمـووزی ١٩٥٨، لـە هەولێـکدا بـە سەرپەرشـتی زەکیـە ئیسـماعیل حەقـی لـە بارودۆخێکـی نهێنیـی نالەبـاردا، کار بـۆ کۆکردنـەوەی ئافرەتـان لـە چوارچێـوەی یـەک ڕێکخـراودا کـراوە و چەندیـن هـەوڵ

بـۆ وەرگرتنـی مۆڵەتـی فەرمـی هەبـووە، بـەڵام هەوڵـەکان بـێ ئـاکام بـوون، بۆیـە ئـەم ڕێکخـراوە کار و ڕێکخسـتنەکانی بەشـێوەیەکی نهێنـی ئەنجـام دەدا و ئـەم بارودۆخـە تاوەکـو سـاڵی ١٩٧٠ درێـژەی کێشـا، دواتـر لـە کەشـێکی ئـازاددا، یەکێتـی ئافرەتانـی کوردسـتان لـە سـاڵی ١٩٧٠ یەکـەم کۆنگـرەی خـۆی بەسـت، تـا ئێسـتا نـۆ کۆنگـرە و کۆنفرانسـێکی کـردووە.

دەسـتەی ئینسـکلۆپیدیا، هەوڵـی داوە وێسـتگە گرنگەکانـی مێـژووی خەباتـی هـەر سـێ ڕێکخـراوی (یەکێتـی قوتابیانـی کوردسـتان، یەکێتـی لاوانـی دیموکراتـی کوردسـتان و یەکێتـی ئافرەتانـی کوردسـتان) وەک خۆی بـە تـەواوی کار و چالاکییەکانیانەوە بنووسـێتەوە و بیخاتـە بەردەسـت خوێنـەران، لـە لایـەک بۆئـەوەی توێـژەران سـوودی لـێ وەربگـرن، لـە لایەکـی دیکـەوە خەباتـی ئـەو ڕێکخـراوە کاریگەرانـە لـە مێـژووی بزاڤـی ڕزگاریخـوازی کـورددا تۆماربـکات.

لــە نووســینەوەی ئــەو مێــژووەدا، دوای هــەوڵ و گەڕانێکــی زۆر، نەکــرا پەیــڕەو و پرۆگرامـی کۆنگـرەی یـەک و دووی یەکێتـی قوتابیانـی کوردسـتان بـەر دەسـت بخەیـن، لێـرەوە داوا لـە هەمـوو لایـەک دەکەیـن، ئەگـەر زانیارییەکیـان هەیـە، هاوکارمـان بـن، بۆئـەوەی لـە چاپـی داهاتـوودا جێگـەی بکەینـەوە، هەروابێتـەوە لـە پێنـاو پاراسـتنی مێژوویـی دەقـەکان، دەسـتکاری ڕستەسـازی هیـچ یەکێـک لـە دەقەکانمـان نەکـردووە.

دان بــەوەش دەنێیــن، ڕەنگــە بەهــۆی دەســتنەکەوتنی ســەرچاوەی پێویســت بــۆ نووسـینەوەی ئـەو مێـژووە، کەموکـوڕی لـەم پەرتووکـەدا هەبێـت، بۆیـە بـە پێویسـتی دەزانیــن، داوا لــە هەمــوو لایــەک بکەیــن، لــە ڕاســتکردنەوە و دەوڵەمەندکردنــی زانیارییــەکان، هاوکارمــان بــن.

**دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان**

**هەولێر ٢٠٢٤**

# وێستگە مێژووییەکانی یەکێتی قوتابیانی کوردستان

## کۆنگرە و کۆنفرانسەکان

## (پرۆگرام و پەیڕەوی ناوخۆ)

## کۆنگرەی دامەزراندن و یەکەمی یەکێتی قوتابیانی کوردستان بەغدا - ١٩٥٣

دامەزرانی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ڕێکەوتی ١٦ی ئابی ١٩٤٦ و پەیوەندیکردنی تەواوی ڕێکخراوە سیاسییەکانی باشووری کوردستان بەو حزبە، بزاڤی شۆڕشگێڕی کوردی لە باشووری کوردستان بردە قۆناغێکی نوێوە، لەم قۆناغەدا وەک هەستکردن بە گرنگی پێگەی توێژە کارا و کاریگەرەکانی کۆمەڵگا و سوود وەرگرتن لە تواناکانیان، لە لایەن سەرکردایەتی حزبەوە هەوڵ بۆ ڕێکخستنی توێژە جیاوازەکانی کۆمەڵگا درا، لەنێوانیان توێژی قوتابیان کە توێژێکی هەرە بەرفراوانی ڕۆشنبیر و کاریگەری کۆمەڵگایان پێکدەهێنا.

هەر لەسەرەتای دامەزرانیەوە، پارتی دیموکراتی کوردستان وەک زۆربەی حزب و ڕێکخراوە عێراقییەکانی دیکە، هەوڵیدا بەشداری لە پرسە گرنگەکانی وڵاتدا بکات، ئەمەش زیاتر لە ڕێگەی توێژی قوتابیانەوە بوو کە لە ئەندامە هەرە چالاکەکانی حزب بوون و بەشدارییەکی کاریگەریان لە ڕووداو و پێشهاتەکانی وڵاتدا هەبوو، بەڵام ئەوکات چالاکییەکان لە چوارچێوەی یەکێتی گشتی قوتابیانی عێراق ئەنجامدەدران کە بەتەواوی هەژموونی شیوعییەکانیان بەسەرەوە بوو، لەگەڵ ئەوشدا لەو قۆناغەدا پەیوەندییەکی باش لەنێوان قوتابییە کوردەکانی نێو پارتی و نێو حزبی شیوعی عێراقی هەبوو[1].

سەرەتای هەوڵەکانی قوتابیانی کورد بۆ دروستکردنی ڕێکخراوێکی تایبەت بەخۆیان بۆ ساڵی خوێندنی ١٩٤٦-١٩٤٧ دەگەڕێتەوە، کاتێک قوتابیە کوردەکانی قوتابخانەی ناوەندیی کۆیە، ڕێکخراوێکی نهێنییان بەناوی (کۆمەڵەی پێشکەوتنی خوێندەواری) دامەزراند، ئەم ڕێکخراوە لە دامەزراندنیەوە خاوەنی پەیڕەو و پرۆگرامی تایبەت بەخۆی نەبوو، لەگەڵ ئەوەشدا ئەندامەکانی لە چوارچێوەی شانەی ٣٠ کەسیدا ڕێکخستبوو[2].

ساڵی ١٩٤٨، بۆ یەکەمجار لە عێراق، لە کۆنگرەی (سباع)ی ڕێکەوتی ١٤ی نیسان، بڕیاری دامەزراندنی ڕێکخراوێکی قوتابیان بەناوی (یەکێتی گشتی قوتابیانی عێراق) دەرکرا. قوتابییە کوردەکان ڕۆڵێکی گەورەیان لە سەرخستنی ئەم کۆنگرەیە گێڕا و لەو ٥٢ قوتابخانەیەی هەڵبژاردنی نوێنەرانی کۆنگرەیان لێ ئەنجامدرا، لە ناوچە کوردییەکان نوێنەرانی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ کۆنگرەکە سەرکەوتن، ئەوەبوو بڕیاردرا، هەر

لـه چوارچێـوەی ئـەم ڕێکخـراوەدا لقـی (یەکێتـی قوتابیـانی کوردسـتان-عێراق) بکرێتـەوە کـە تایبـەت بـوو بـە کاروبـاری قوتابییـە کـوردەکان[٣].

بەهـۆی ئـەو گۆڕانکارییانـەی ئـەوکات عێراقـی پێـدا تێدەپـەڕی، تـا دەهـات جیاوازیـی ئامانـج و ئایدۆلۆژیـا، قوتابیـانی کـوردی لـە هـی عێـراق جیادەکـردەوە، تـا وایلێهـات بـە تـەواوەتی بـوون بـە دوو ڕەوتی جیـاواز لەیەکـتری و هەرکامەیـان هەوڵیـان بـۆ سەرخسـتنی ئامانجەکانـی تایبـەت بەخـۆی دەدا، ئەمانـە بوونـە هـۆکاری ئـەوەی سـەرکردایەتی پـارتی بەشـێوەیەکی ڕژدتـر بیـر لـە دامەزرانـدنی ڕێکخراوێکـی قوتابیـانی تایبـەت بـە کـورد لـە چوارچێـوەی حزبـدا بکاتـەوە و لـە کۆنگـرەی سـێیەمی خـۆی لـە ڕێکـەوتی ٢٦ی کانـوونی دووەمـی ١٩٥٣ لـە چوارچێـوەی بڕیـاردان لـە دامەزراندنـی ڕێکخـراوە جەماوەرییـەکان، بڕیـاری لـە دامەزرانـدنی ڕێکخـراوی (یەکێتـی قوتابیـانی کوردسـتان) دا. دوای دەرکـردنی بڕیـاری کۆنگـرە، قوتابییـە کـوردەکان ڕاسـتەوخۆ کەوتنـە خـۆ و یەکەمیـن کۆنگـرەی خۆیـان لـە ڕێکـەوتی ١٨ی شـوباتی ١٩٥٣ لـە شـاری بەغـدا بـە شـێوەیەکی نهێنـی ئەنجامدا[٤].

کۆنگـرە لـە ماڵـی (زیـاد حەمـە ئاغـای کۆیـە)* لەنزیـک ناوچـەی (بـاب ئەلمعـەزەم) بـە ئامادەبـوونی پەنجـا نوێنـەر لـە کۆلێـژەکانی زانکـۆی بەغـدا و شـارەکانی هەولێـر، سـلێمانی، کەرکـووک و مووسـڵ ئەنجـام درا و هەریەکـە لـە ئەحمـەد عەبـدوڵا ئامێـدی، جـەلال تاڵەبـانی، شەمسـەدین محەمـەد موفتـی، حلمـی عـەلی شـەریف، حەیـدەر حەمەدئەمیـن، محەمـەد فـەرەج، غەفـور ڕەشـید ئاغـا و فایـق سـەبری و چەنـد قوتابییەکـی دیکـە، ڕۆڵێکی گەورەیـان لـە سەرخسـتنی کۆنگرەکـەدا بینـی[٥].

کۆنگـرە مـاوەی دوو ڕۆژی خایەنـد و دوای گفتوگـۆ و ڕاگۆڕینـەوە، بڕیار لـە دامەزراندنی دوو لێژنــە درا، یەکێکیــان بــۆ هەموارکردنــەوەی پرۆگــرام و پەیــڕەوی ناوخــۆ و ئــەوی تریشـیان بـۆ دەرکـردنی بڵاوکراوەیـەک لەبـارەی هـۆکار و گرنگـی دامەزرانـدنی ڕێکخراوەکـە. دواتـر دەنگـدان بـۆ دەستنیشـانکردنی سـەرۆک، سـکرتێر و ئەندامـانی سـکرتاریەت دەسـتی پێکـرد، لـە ئەنجامـی دەنگدانەکـە، ئەحمـەد عەبـدوڵا ئامێـدی وەک یەکـەم سـەرۆک و جـەلال تاڵەبـانی بـە سـکرتێری ڕێکخراوەکـە هەڵبژێـردران. لـەڕووی دەسـەڵاتەوە، سـەرۆک وەک پلەیەکـی ڕەمـزی سـەیر دەکـرا و دەسـەڵاتەکانی بڕیـاردان و جێبەجێکـردن زیاتـر لای سـکرتێر و سـکرتاریەت بـوون[٦]. هەرچـی ئەندامـانی مەکتـەبی سـکرتاریەت بـوون کـە

ژمارەیـان حەفـت ئەنـدام بـوو، بـەم شـێوەیەی خـوارەی هەڵبژێـردران:

١- شەمسەدین محەمەد موفتی

٢- فازل سەعید ئاغا

٣- عومەر مستەفا (دەبابە)

٤- کەمال محیەدین

٥- حلمی عەلی شەریف

٦- حەیدەر حەمەد ئەمین

٧- غەفور ڕەشید ئاغا[٧].

دواتـر لێژنـەی بـاڵای (مەکتـەبی سـکرتاریەت) جەمـال شـالی وەک بەرپـرسی پەیوەندییـەکانی کۆلێـژەکانی زانکـۆی بەغـدا دەستنیشـانکرد. دوای تەواوبـوونی کۆنگـرە وەک ئـەوەی بڕیـاری لەبـارەوە درابـوو، نامیلکەیـەک بـە زمـانی عـەرەبی بـە ناونیشـانی (اتحـاد الطلبـة کردسـتان لماذا؟) دەرکـرا و بڵاوکرایـەوە. هـاوکات لقـی یەکێتییەکـە لـە زۆربـەی شـارەکانی وەک بەغـدا، هەولێـر، سـلێمانی، کەرکـووک، کۆیـە، ڕەوانـدز، خانەقیـن و موسـڵ کرانـەوە و کار و چاڵاکییـەکان فراوانکـران و پەرەیـان پێـدرا[٨].

دوای سـاڵێک کارکـردن وەک سـەرۆکی ڕێکخـراو، ئەحمـەد عەبـدوڵا ئامێـدی سـاڵی ١٩٥٤ بەهـۆی دەرچـوونی لـە پەیمانـگای بـاڵای مامۆسـتایان و دامـەزرانی وەک مامۆسـتا، دەسـتی لـە ئەرکەکـەی کێشـایەوە و شەمسـەدین محەمـەد موفتـی لـە جێـگای کـرا بـە سـەرۆکی ڕێکخـراوی (یەکێتـی قوتابیـانی کوردسـتان)[٩].

بـەم شـێوەیە کار و چالاکـی قوتابیـانی کـورد لـە چوارچێـوەی ڕێکخراوێکـی تایبـەت بەخۆیـان لـە (یەکێتـی گشـتی قوتابیـانی عێـراق) جیاکرایـەوە و قوتابیـانی ئەنـدام لـە ڕێکخسـتنەکانی پـارتی دیموکـراتی کوردسـتان، هـەوڵ و خەبـاتی خۆیـان لـە چوارچێـوەی ڕێکخـراوی (یەکێتـی قوتابیـانی کوردسـتان) بـۆ سەرخسـتنی بزاڤـی ڕۆشـنبیری و شۆڕشـگێڕی و خزمەتکردنـی قوتابیـان لـە باشـووری کوردسـتان تۆکمەتـر خسـتەگەڕ.

## سەرچاوە و پەراوێز

١- ماجد حسن علي، الحركة الطلابية الكردية في العراق (١٩٢٦-١٩٧٠)، رسالة ماجستر/جامعة صلاح الدين في اربيل ٢٠٠٨، منشوراة سپیرێز، (هەولێر- مطبعة حاجی هاشم)، ص ص ١٠٣-١٠٦.

٢- عرفان عەزیز عەزیز، کۆنگرە و کۆنفرانسەکانی یەکێتی قوتابیانی کوردستان، چاپی یەکەم، (هەولێر- چاپخانەی ڕۆژهەڵات-٢٠١٢)، ل ١٢؛ ماجد حسن علي، المصدر السابق، ص ١٠٦.

٣- یەکێتی قوتابیانی کوردستانی عێراق- لێژنەی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی ناوەندی مەکتەبی سکرتاریەت، قوتابیانی کوردستان بۆ پێویستی بە بوونی ڕێکخراوێکی تایبەتی هەیە...، (کانوونی یەکەمی ١٩٧٣)، ل ٤؛ ماجد حسن علي، المصدر السابق، ص ١٢،١٤.

٤- دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان، مێژوو پارتی دیموکراتی کوردستان کۆنگرە کۆنفرانس (پرۆگرام و پەیرەوی ناخۆ)، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، (هەولێر- چاپخانەی ڕۆژهەڵات- ٢٠٢١)، ل ل ٧٤-٧٥؛ یەکێتی قوتابیانی کوردستانی عێراق- لێژنەی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی ناوەندی مەکتەبی سکرتاریەت، سەرچاوەی پێشوو، ل ل ٦-٨.

*- جەلال تاڵەبانی شوێنی ئەنجامدانی یەکەم کۆنگرەی یەکێتی قوتابیانی کوردستان، ماڵی (عەبدولقادر کاکە زیاد ئاغای کۆیێ) لە گەڕەکی ئەعزەمییە دەنووسێت کە هاوپۆلی خۆی بووە. سەلاح ڕەشید، مام جەلال دیداری تەمەن لە لاوێتیەوە بۆ کۆشکی کۆماری، بەشی یەکەم، چاپی دووەم، (سلێمانی- چاپخانەی کارۆ- ٢٠١٧)، ل ٦٥.

٥- ماجد حسن علي، المصدر السابق، ص ١٢٧.

٦- نفس المصدر، ص ص ١٢٧-١٢٨؛ گۆڤاری خەباتی قوتابیان، لە دیداریکی تایبەتدا سەرۆک تاڵەبانی وردەکاری دامەزراندنی (ی.ق.ک) دەخاتە ڕوو، ژمارە ١٠٩، (حوزەیرانی ٢٠١٢)، ل ١٠.

٧- عرفان عەزیز عەزیز، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٨.

٨- ماجد حسن علي، المصدر السابق، ص ١٢٨؛ لە دیداریکی تایبەتدا سەرۆک تاڵەبانی وردەکاری دامەزراندنی (ی.ق.ک) دەخاتە ڕوو، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٠.

٩- ماجد حسن علي، المصدر السابق، ص ١٢٨؛ عرفان عەزیز عەزیز، سەرچاوەی پێشوو، ل ل ١٨-١٩.

# کۆنگرەی دووەمی یەکێتی قوتابیانی کوردستان
# بەغدا - ١٩٥٥

دوای تێپەڕبوونــی دوو ســاڵ بەســەر یەکــەم کۆنگــرەدا، بەهــۆی چەنــد پێشــهات و گۆڕانکارییێـک لـە بارودۆخـی نێوخـۆی حـزب و ڕێکخـراوی یەکێتـی قوتابیـانی کوردسـتان، سـاڵی ١٩٥٥، ئـەم ڕێکخـراوە بڕیـاری بەسـتنی کۆنگـرەی دووەمـی خۆیـدا.

سـاڵی ١٩٥٣ هـەر دوای دامەزرانـدنی یەکێتـی قوتابیـانی کوردسـتان، لەلایـەن (یەکێتـی گشـتی قوتابیـانی عێـراق)ەوە، لـە ڕێگـەی دروسـتکردنی ڕێکخراوی نـوێ و پێـدانی ئیمتیازات، هەوڵـدرا قوتابییـە کـوردەکان لـە پەیوەندیکـردن بـە ڕێکخـراوی یەکێتی قوتابیانـەوە خـاو بکەنـەوە، بـۆ ئـەم مەبەسـتە ڕێکخراوێـک بـە نـاوی (یەکێتـی گشـتی قوتابیـانی کـوردی عێـراق) دامەزرێـنرا کـە لقێـک بـوو لـە (یەکێتـی گشـتی قوتابیـانی عێـراق) بـە بیانـوی ئـەوەی خەبـاتی تـەواوی قوتابیـانی عێـراق لـە یـەک ڕێکخـراودا ڕێکبخرێـت، لـە ڕێکـەوتی ٨ی تشــرینی یەکەمــی ١٩٥٣، لــە ژمــارە (٨)ی ڕۆژنامــەی (کفــاح الطلبــة) دروســتکردنی لێژنـەی بـاڵای (یەکێتـی قوتابییـە کـوردەکانی عێـراق) ڕاگەیەنـرا و دواتـر لـە ڕێکـەوتی ١ی ئـاداری ١٩٥٤ ڕێکخراوەکـە بـە نـاوی (یەکێتـی گشـتی قوتابیـە دیموکراتییـەکانی کـوردی عێـراق) بەیاننامەیەکیـان بڵاوکـردەوە و تێیـدا داوایـان لـە تـەواوی قوتابییـە کـوردەکان کـرد لەنێـو ڕێکخراوەکەیـان و لـە چوارچێـوەی ڕێکخـراوی (یەکێتـی گشـتی قوتابیـانی عێـراق) یەکبگـرن[١]. ئەمانـە و چەنـدیـن هـۆکاری دیکـە، بوونـە هـۆی ئەوەی نێـوانی یەکێتـی قوتابیانی کوردسـتان و یەکێتـی گشـتی قوتابیـانی عێـراق تێکبچێـت و گـرژی بکەوێتـە نێوانیـان. ئەمـە جگـە لـە چەنـدیـن هـۆکاری دیکـەی ناوخـۆی حـزب، بەتایبـەت لێکترازانـە نێوخۆییـەکان کـە لـە مـاوەی نەبـوونی سـەرۆک مستەفا بـارزانی حـزب بـاڵ باڵێنـی تـێ کەوتبـوو، وایانکرد لەلایـەن یەکێتـی قوتابیانـەوە کار بـۆ بەسـتنی کۆنگـرەی دووەم بکرێـت.

دوای ئامادەکارییـەکان، لـە هاوینـی سـاڵی ١٩٥٥، بـە دروشـمی (خەباتـی قوتابیـان بـێ ڕاوەسـتان لەپێنـاو مافـی گـەل و قوتابیانـی کوردسـتان) و لەپێنـاو پشـتگیری خەبـاتی بزووتنـەوەی نیشـتمانی عێراقـی و حزبـە پێشـکەوتنخوازەکان، بـە ئامادەبوونـی نوێنـەری یەکێتـی قوتابیانـی کوردسـتان لـە گشـت ناوچەکانـی کوردسـتان و بەغـدا، دووەمیـن

کۆنگـرەی ڕێکخراوەکـە بەسـترا، نوێنەرانـی کۆنگـرە بەشـێوەیەکی نهێنـی لـە شـاری بەغـدا کۆبوونـەوە و دوای تاوتـوێ کـردنی بارودۆخـی کۆنگـرە و دەنگـدان، جـەلال تاڵەبـانی جارێکـی دیکـە بـە سـکرتێری ڕێکخـراو هەڵبژێردرایـەوە و دەسـتەیەکی نـوێ بـۆ سـکرتاریەت هەڵبژێـردرا، کـە بـەم شـێوەی خـوارەوە بـوو:

١- مەحمود عەلی عوسمان

٢- شەمسەدین موفتی

٣- حوسامەدین دەباغ

٤- عەدنان نەقشبەندی

٥- شاخەوان نامیق

٦- ئەحمەد نەقشبەندی[٢].

سـەبارەت بـە سـەرۆکی هەڵبژێـردراوی یەکێتـی قوتابیانی کوردسـتان لـە کۆنگـرەی دووەم، لـە هیـچ یەکێـك لـەو سـەرچاوانەی بەردەسـتن، زانیـاری پشـت ڕاسـتکراوەمان نییـە، بۆیـە بـە مەزەنـدە و لێکدانـەوەکان، ڕەنگـە سیسـتەمی سـەرۆکایەتی هەڵوەشـابێتەوە.

دوای بەسـتنی کۆنگـرە، ڕێکخـراوی یەکێتـی قوتابیـانی کوردسـتان وزەیەکـی نوێـی بەبەرداکرایـەوە و هەوڵـی بـۆ بەرفراوانـتر کـردنی پەیوەندیـی و چالاکییەکانی دا، لـە گرنگترین چالاکیـەکانی ئـەوکاتی ڕێکخراوەکـە، بەشـداریکردنی ڕێکخراوەکـە بوو لە ڤیسـتیڤاڵی وارشـۆی قوتابـی و لاوانی جیهـان.

لــە ڕێکــەوتی ٣١ی تەمــووز تــا ١٤ی ئــابی ١٩٥٥ پێنجەمیــن ڤیســتیڤاڵی جیهــانی قوتابیــان و لاوان لــە شــاری وارشــۆی پایتەختــی پۆڵەنــدا بــە ئامادەبــوونی زیاتــر لــە سـەد ڕێکخـراوی قوتابیـان و لاوانی جیهـانی ئەنجامـدرا، یەکێتـی قوتابیـانی کوردسـتان لـە تـەک یەکێتـی گشـتی قوتابیـانی عێـراق، بەشـێوەیەکی فەرمـی، بانگهێشـتی کەرنەڤاڵەکـە کــرا. دوای بەســتنی کۆنگــرەی دووەم، پەیوەندییــەکانی یەکێتــی قوتابیــانی کوردســتان لەگــەڵ یەکێتــی گشــتی قوتابیــانی عێــراق باشــتر بــوون، ئەمــەش کارئاســانی کــرد لــە بەشــداریکردنی یەکێتــی قوتابیــان لــە ڤیســتیڤاڵەکە و بــوون بــە ئەنــدام لــە یەکێتــی قوتابیــانی جیهــانی (I.U.S)[٣].

لەلایـــەن یەکێتـــی قوتابیانـــەوە، شـــەش نوێنـــەر کـــە ئارمـــی ســـەرۆک مســـتەفا بارزانیـان بەسـتبوو، نێردرانـە وارشـۆ و جـەلال تاڵەبـانی سـەرۆکی شـاندەکەبوو. لەتـەک بەشـداریکردن لـە چالاکییـەکانی ڤیسـتیڤاڵەکە بـە نـاوی قوتـابی کـورد، کۆبوونەوەیەکـی گـەورە لەلایـەن یەکێتـی قوتابیـانی کوردسـتان و یەکێتـی لاوانی دیموکـراتی کوردسـتان بـە ئامادەبـوونی نوێنـەری چەندیـن وڵاتی وەک یەکێتـی سـۆڤیەت، هینـد، ئەڵمانیـا، چیـن، فەرەنسـا، ئینگلتـەرا، ئەمریـکا و چەنـد وڵاتێکـی دیکـە ئەنجامـدرا، ئـەم کۆبوونەوەیـە کاریگەرییەکـی گـەورەی هەبـوو لەسـەر گەیانـدنی دەنگـی قوتـابی و لاوان و پـرسی نەتەوەیـی کـورد بـە گشـت جیهـان[٤].

هـەر لـەو ڤیسـتیڤاڵەدا، لەلایـەن (پێرگـی بلیـکان)ی سـەرۆکی یەکێتـی قوتابیـانی جیهـانی، کۆبوونەوەیـەک لـە نێـوان نوێنـەرانی یەکێتـی قوتابیـانی کوردسـتان و یەکێتـی گشـتی قوتابیـانی عێـراق لەپێنـاو نەهێشـتنی کێشـەکانی نێوانیـان، ڕێکخـرا، دوای کۆبوونەوەکـە هـەردوو ڕێکخـراو لەسـەر چەنـد خاڵێـک ڕێککەوتـن و بڕیاریانـدا هـەوڵ بـۆ باشـتر کـردنی پەیوەندییەکانیـان بـدەن[٥].

وەک ئـەوەی لـە وارشـۆ لەسـەری ڕێککەوتبـوون، دوای گەڕانەوەیـان و هـەر لـە سـەرەتای سـاڵی ١٩٥٦، کۆنفرانسـێکی هاوبـەش لەنێـوان یەکێتـی قوتابیـانی کوردسـتان و یەکێتـی گشـتی قوتابیـانی عێـراق ئەنجامـدرا، لـەو کۆنفرانسـەدا بـاس لـە چۆنیـەتی یەکخسـتنی کار و چالاکییـەکانی هـەردوو ڕێکخـراو کـرا و دواتـر لێژنەیەکـی بـاڵای هاوبـەش بـۆ سەرپەرشـتی و هەماهەنگـی کارەکانی هـەردوو ڕێکخـراو دانـرا و سـێ ئەندامـی سـکرتاریەتی یەکێتـی قوتابیانـی کوردسـتان بـۆ سـکرتاریەتی یەکێتـی گشـتی قوتابیانـی عێـراق دەستنیشـان کـران، بـەڵام لـە سـاڵی ١٩٥٧ جارێکـی دیکـە سـاردی کەوتـەوە نێـو پەیوەندییـەکانی هـەردوو ڕێکخـراو[٦].

هـەر سـەبارەت بـە خەبـاتی توێـژی قوتابیـانی کـورد، لـە ڕێکـەوتی ١٠ی ئـابی ١٩٥٦، لـە ئەڵمانیـای ڕۆژئـاوا (کۆمەڵـەی ڕۆشـنبیری و خوێنـدکارانی کـورد لـە ئەوڕوپـا) دامـەزرا، ئـەم ڕێکخـراوە لـە کۆنگـرەی دووەم لـە ڕێکـەوتی ٢ی کانـوونی دووەمـی ١٩٥٨ لـە لەنـدەن و دواتـر لـە کۆنگـرەی سـێیەم ڕێکـەوتی ٤ی ئـابی ١٩٥٨ی شـاری میونشـنی ئەڵمانیـا، ناوەکـەی بـۆ (کۆمەڵـەی خوێنـدکارانی کـورد لـە ئەوڕوپـا) گـۆڕدرا و

لقـەکانی لـە زۆربـەی وڵاتـە ئەوروپییـەکان کرانـەوە. کۆمەڵـەی خوێنـدکاران، سـەرەڕای بـێ لایـەنی، بـەشی هـەرە زۆری ئەندامـەکانی لایەنگـری پـارتی دیموکـراتی کوردسـتان بـوون و پەیوەندییەکـی باشـیان بـە (یەکێتـی قوتابیـانی کوردسـتان)ەوە هەبـوو. ئـەم کۆمەڵەیـە سـاڵی ١٩٦٤ بـوو بـە ئەنـدام لـە ڕێکخـراوی (یەکێتـی قوتابیـانی جیهـان) و ڕۆڵێکـی گـەورەی بینـی لـە گەیانـدنی دەنگـی کـورد بـە وڵاتـانی دەرەوە و ناوەنـدە ڕۆشـنبیرییەکانیان[٧].

## سەرچاوە و پەراوێز

١- بانگی یەکێتی گشتی قوتابیە دیموکراتیەکانی کوردی عراق، یەکێتی گشتی قوتابیە دیموکراتیەکانی کوردی عراق، چاپخانەی لاوانی کورد، ١/مارتی/١٩٥٤.

٢- ماجد حسن علي، الحركة الطلابية الكردية في العراق (١٩٢٦-١٩٧٠)، رسالة ماجستر/جامعة صلاح الدين في اربيل ٢٠٠٨، منشوراة سپيرێز، (هەولێر- مطبعة حاجى هاشم)، ص ١٣٠؛ عرفان عەزیز عەزیز، کۆنگرە و کۆنفرانسەکانی یەکێتی قوتابیانی کوردستان، چاپی یەکەم، (هەولێر-چاپخانەی ڕۆژهەڵات-٢٠١٢)، ل ٢٢.

٣- ساسان عەونی، یەکێتی قوتابیانی کوردستان چەند لایەنێکی تێکۆشان و مێژوو، (هەولێر- چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە- ١٩٩٨)، ل ١٢؛ گۆڤاری خەباتی قوتابیان، لە دیداریکی تایبەتدا سەرۆک تاڵەبانی وردەکاری دامەزراندنی (ی.ق.ک) دەخاتە ڕوو، ژمارە ١٠٩، (حوزەیرانی ٢٠١٢)، ل ٨.

٤- سەلاح ڕەشید، مام جەلال دیداری تەمەن لە لاوێتیەوە بۆ کۆشکی کۆماری، بەشی یەکەم، چاپی دووەم، (سلێمانی- چاپخانەی کارۆ- ٢٠١٧)، ل ل ٩٩-١٠٢؛ لە دیداریکی تایبەتدا سەرۆک تاڵەبانی وردەکاری دامەزراندنی (ی.ق.ک) دەخاتە ڕوو، سەرچاوەی پێشوو، ل ٨.

٥- ماجد حسن علي، المصدر السابق، ص ١٣١.

٦- سیروان عثمان حەسەن، مێژوویەکی پڕشنگدار و کاروانێکی نەپساوە، (هەولێر- چاپخانەی ڕۆشنبیری- ٢٠١٤)، ل ل ٤١-٤٢؛ عرفان عەزیز عەزیز، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٣.

٧- عصمت شريف وانلي، من مذكرات عصمت شريف وانلي، (السليمانية- مطبعة پیرەمێرد- ٢٠١٤)، ص ٢٧؛ عارف روشدی عارف، کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا ١٩٥٦ – ١٩٧٥، (سلێمانی- بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران- ٢٠١٢)، ل ٣٥؛ ماجد حسن علي، المصدر السابق، ص ص ١٢٠-١٢١.

# کۆنگرەی سێیەمی یەکێتی قوتابیانی کوردستان

# بەغدا - ١٩٦١

ماوەی نێوان کۆنگرەی دووەم و سێیەمی یەکێتی قوتابیانی کوردستان کە نزیکەی شەش ساڵی خایاند، گۆڕانکاریی بەرچاو بەسەر بارودۆخی سیاسی نێوخۆی پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی قوتابیانی کوردستان بەتایبەتی و عێراق بە گشتی داهات، لە گرینگترینی ئەو گۆڕانکارییانە، سەرکەوتنی شۆڕشی ١٤ی گەلاوێژی ساڵی ١٩٥٨، ڕووخانی ڕژێمی پاشایەتی، دروستبوونی دەسەڵاتی کۆماری لە عێراق، گەڕانەوەی سەرۆک مستەفا بارزانی و هەڤاڵانی لە یەکێتی سۆڤیەت و تۆمارکردنی پارتی دیموکراتی کوردستان بە فەرمی وەک حزبێکی سیاسی کوردی لە عێراق و دەستپێکردنی قۆناغی کاری ئاشکرای ڕێکخراوی یەکێتی قوتابیانی کوردستان بوو.

سەرکەوتنی شۆڕش لە عێراق، کاری حزبی و ڕێکخراوەیی لە وڵات و بەتایبەت لە ناوچە کوردستانییەکان بردە قۆناغێکی نوێیەوە کە بە قۆناغی کاری ئاشکرا نێودەبرێت. لەم قۆناغەدا یەکێتی قوتابیانی کوردستان وەک تاکە ڕێکخراوی توێژی قوتابیان لە کوردستان بە خێرایی دەستی بە کردنەوەی لێژنە و لقەکانی لە زۆربەی ناوچەکان و فراوانترکردنی چالاکییەکانی کرد[1].

دوای چەند ڕۆژێک لە سەرکەوتنی شۆڕش، لەلایەن سەرکردایەتی یەکێتی قوتابیانەوە بڕیاردرا، کۆبوونەوەیەکی فراوان ئەنجام بدرێت، کۆبوونەوەکە لە شوێنی حەوانەوەی وێستگەی شەمەندەفەری هەولێر بە ئامادەبوونی بەشی هەرە زۆری سەرکردایەتی و نوێنەرانی شارەکانی هەولێر، کەرکووک، سلێمانی و ڕواندز ئەنجامدرا، لە ئەنجامدا، شێوازی کاری دوای شۆڕش و چۆنیەتی پەیوەندییەکانیان لەگەڵ ڕێکخراوی (یەکێتی گشتی قوتابیانی عێراق) بڕیاری لێدرا[2].

دوای سەرکەوتنی شۆڕش، نێوانی هەردوو ڕێکخراوی (یەکێتی قوتابیانی کوردستان) و (یەکێتی گشتی قوتابیانی عێراق) بەرەو خراپی دەچوو، ڕێکخراوی دووەم، خۆی لە پێگەیەکی بەهێزتردا دەبینییەوە، بەوپێیەی ڕێکخراوەکە بەشی هەرە زۆری لە شیوعییەکان پێکهاتبوو و لەلایەن عەبدولکەریم قاسمی سەرۆک کۆمارەوە پشتیوانی

دەکـران، ئـەم ڕێکخـراوە بەبـێ گوێدانـە ئـەو ڕێککەوتنانـەی پێشـتر لەگـەڵ یەکێتـی قوتابیـان کردبـووی، دەسـتی بـە کردنـەوەی بـارەگای لـق لـە شـارە کوردسـتانییەکان و لقـی خـۆی بـە نـاوی (یەکێتـی گشـتی قوتابیـانی عێـراق)، لـە شـاری هەولێـر کـردەوە. قوتابییـە شـیوعییەکان بـە تەنیـا لـە مانگـی ئـابی ١٩٥٨ لێژنەیەکیـان دروسـتکرد بـە نـاوی (لێژنـەی بـاڵای یەکێتـی قوتابیـانی عێـراق)، ئـەم لێژنەیـە لە مانگـی تشـرینی دووەمـی ١٩٥٨ لەلایەن دەوڵەتـەوە مۆڵـەتی فەرمـی پێـدرا، ئەمـە یەکـەم مۆڵـەتی فەرمـی بـوو بـە ڕێکخراوێکـی قوتابیـان بدرێـت و ڕێککـەوتی ٤ی تشـرینی دووەمـی ١٩٥٨ وەک ڕۆژی ئەنجامـدانی هەڵبـژاردنی قوتابیـان لـە عێـراق دەستنیشـانکرا. ئـەو بارودۆخـە نوێیـەی هاتبـووە ئـاراوە، ڕێکخـراوی یەکێتـی قوتابیـانی تـا ئەندازەیـەک ناچـار دەکـرد، بەشـداری لـەو هەڵبژاردنـەدا بـکات، بەتایبـەت کـە بەشـێکی مەکتـەبی سـیاسی حـزب لەگـەڵ ئەوەدابـوون، ڕێکخـراوە دیموکراتییـە کوردییـەکان لەگـەڵ ڕێکخـراوە دیموکراتییـە عەرەبیـەکان لـە عێـراق لەژێـر سـێبەری حـزبی شـیوعی عێراقـی یەکبگرنـەوە[٣].

یەکێتـی قوتابیـانی کوردسـتان بـە لیسـتێک بەنـاوی (بـەرەی دیموکـراتی یەکگرتـوو) بـە نوێنەرایـەتی قوتابییـانی کـورد و عـەرەب و لەگـەڵ یەکێتـی گشـتی قوتابیـانی عێـراق بەشـدرای لـە هەڵبژاردنەکانـدا کـرد، لـە ئەنجامـدا بـەشی هـەرە زۆری نوێنـەرانی لیسـتەکە و بەتایبـەتی نوێنـەرانی یەکێتـی قوتابیـانی کوردسـتان لـە زۆربـەی ناوچـەکان سـەرکەوتنیان بەدەسـت هێنـا، ئەمـەش جارێکیـتر سـەنگ و پێگـەی یەکێتـی قوتابیـانی لـە گۆڕەپـانی سـیاسی عێـراق دەرخسـتەوە[٤].

دوای ئەنجامـدانی هەڵبژاردنـەکان، لـە ڕێکـەوتی ١٦ بـۆ ٢٠ی شـوباتی ١٩٥٩، کۆنگـرەی گشـتی قوتابیـان لـە بەغـدا بەڕێوەچـوو، یەکێتـی قوتابیـان وەک نوێنـەری پـارتی دیموکـراتی کوردسـتان بەشـداری تێداکـرد، لـە کۆنگرەکـەدا بڕیـاردرا هـەردوو ڕێکخـراوی (یەکێتـی قوتابیـانی کوردسـتان) و (یەکێتـی گشـتیی قوتابیـانی عێـراق) یەکبگـرن و ڕێکخراوێکـی نوێـی هاوبـەش بـە نـاوی (یەکێتـی قوتابیـانی گشـتیی کۆمـاری عێـراق) دروسـت بکرێـت، هەروەهـا ڕێککەوتـن لێژنەیەکـی تایبـەت بـە کاروبـاری قوتابیـانی کوردسـتان دروسـتبکرێت و ڕۆژنامەیەکـی تایبـەت بـە خۆیـان هەبـێ بەنـاوی (خەبـاتی قوتابیـان)[٥].

سـەرەڕای دەرکـردنی بڕیـارەکانی کۆنگـرەی گشـتی قوتابیـان، دوای تێپەڕبـوونی

ماوەیەکی کەم نێوانی هەردوو ڕێکراوی یەکێتی قوتابیان و (یەکێتی قوتابیانی گشتی کۆماری عێراق)، بەهۆکاری بوونی بیروڕای سیاسی جیاواز، ناکۆکی تێکەوتەوە، هەردوو لایەن هەوڵیاندا بە بەستنی کۆنگرەی دووەم ناکۆکییەکان چارسەر بکەن، بەڵام هەوڵەکان ئەنجامێکی ئەوتۆیان نەبوو، لە کۆنگرەی سێیەمی (یەکێتی قوتابیانی گشتی کۆماری عێراق) لە ڕێکەوتی ٢ی کانوونی دووەمی ١٩٦٠، شاندێکی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا بەشداری کرد و تاوتوێی زۆر بابەت کرا کە بە پرسی کورد تایبەتبوون، لە ئەنجامی ئەم کۆنگرەیەدا یەکێتی قوتابیانی کوردستان ئامادەبوو نوێنەری خۆی بۆ سکرتاریەتی (یەکێتی قوتابیانی گشتی کۆماری عێراق) بنێرێت و بۆ ئەم پۆستەش کەمال محیەدین دەستنیشان کرا. سەرەڕای تەواوی ناکۆکی و کێشەکانی نێوانیان، پەیوەندییەکانی هەردوو ڕێکخراو بەردەوام بوو، تا ئەوکاتەی نێوانی سەرکرایەتی کورد و حکومەتی کۆماری عێراق بە تەواوەتی تێکچوو و ئەنجامەکەشی شۆڕشی ١١ی ئەیلوولی ١٩٦١ی لێکەوتەوە[٦].

نێوانی هەردوو ڕێکخراوی یەکێتی قوتابیانی کوردستان و یەکێتی گشتی قوتابیانی عێراق تەواو بەرەو ترازان چوو،ساڵی ١٩٦٠ کۆنگرەی شەشەمی قوتابیانی جیهان لە بەغدا بەڕێوەچوو، حکومەتی عێراقی و ڕێکخراوی یەکێتی گشتی قوتابیانی عێراق ڕێگایان نەدا یەکێتی قوتابیانی کوردستان بەشداری لەو کۆنگرەیەدا بکات، تەنانەت ڕێگریان لە شاندی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپاش کرد بێتە بەغدا و لە کۆنگرەکەدا بەشداری بکەن، ئەمە جگە لە پەیتا پەیتا داخستنی بارەگاکانی یەکێتی قوتابیان لە شارە جیاوازەکانی عێراق[٧].

دوای بێ هیوابوونی تەواوەتی یەکێتی قوتابیانی کوردستان لە دروستکردنی ڕێکخراوێکی گشتی قوتابیان کە تەواوی مافە داواکراوەکانی قوتابیانی کوردی تێدا دەستەبەرکرابێ و بە یەکسانی مامەڵە لەگەڵ هەموو لایەنێکدا بکات و پاشگەزبوونەوەی یەکێتی گشتی قوتابیانی عێراق لەو بەڵێنانەی بە درێژایی ساڵانی کاری هاوبەش دابوویە یەکێتی قوتابیانی کوردستان و قوتابییە کوردەکان، هەروەها تێکچوونی یەکجارەکی پەیوەندییە سیاسییەکانی نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و حکومەتی عێراق، ڕێکخراوی یەکێتی قوتابیانی کوردستان بەمەبەستی سەرلەنوێ

ڕێکخستنەوەی ڕیزەکانی و دەستکراوەبوونی لە پشتگیری تەواوی داواکارییەکانی گەلی کورد لە عێراق، بڕیاری بەستنی کۆنگرەی سێیەمی خۆی دا.

دوای ئامادەکارییەکان، کۆنگرە لە مانگی ئاداری ١٩٦١ لە گەڕەکی (ئەلکەسرە)ی شاری بەغدا، بە دروشمی (با جەژنی نەورۆز ببێتە هاندەرێك لە پێناوی یەکگرتنی خەباتی قوتابیانی کوردستانی عێراق) بەسترا و کارەکانی ماوەی سێ ڕۆژی خایەند[٨].

سەبارەت بە ڕێکەوت و شوێنی ئەنجامدانی کۆنگرەی سێیەمی یەکێتی قوتابیانی کوردستان، چەند ڕایەکی جیاواز هەیە، لەوانە، بەستنی کۆنگرەکە ساڵی ١٩٥٧ لە گەڕەکی (ئەلئەعزەمیە)ی شاری بەغدا[٩]. هەروەها ڕێکەوتی ١٨ی ئاداری ١٩٦١ لە شاری سلێمانی[١٠] و یاخود ڕێکەوتی ١٩ی ئادار هەر لە شاری سلێمانی[١١].

سەبارەت بە ڕێکەوتی بەڕێوەچوونی کۆنگرە، ئەوا بەڵگەنامەیەکی ئەوتۆ لەبەردەستدا نییە ئاماژە بە ساڵی ١٩٥٧ بدات و خودی پەیڕەو و پڕۆگرامی هەموارکراوی کۆنگرەش ساڵی ١٩٦١ی لەسەر نووسراوە[١٢]. سەبارەت بە شوێنی بەڕێوەچوونی کۆنگرەش بۆچوونەکان جیاوازن کە لێرەدا بەپێی ئەو توێژینەوانەی کراون، شاری بەغدا دروستتر دێتە بەرچاو[١٣].

کارەکانی کۆنگرە ماوەی سێ ڕۆژیان خایاند و لەوماوەیەدا بارودۆخی سیاسی و ڕۆشنبیری و بارودۆخی خوێندن لە ناوچەکانی کوردستان هەڵسەنگێندران و گەنگەشەیان لەبارەوە کرا، لە کۆنگرە بڕیاردا پەیڕەو و پڕۆگرام هەموار بکرێتەوە و دوای دەنگدانی ئەندامان، سکرتێر و سکرتاریەتێکی نوێ بۆ ڕێکخراوەکە هەڵبژێردران کە بەم شێوەیە بوون:

١- سەروەر کاکەحەمە دەروێش، سکرتێر

٢- فوئاد ئەحمەد بابان

٣- حەیدەر هەمزە خدر

٤- حەمە چاوشین

٥- مەئموون دەباغ[١٤].

هـەر لـەو كۆنگریـەدا لێژنەیەكیـش بـۆ ڕاپەڕانـدنی كاروبـاری قوتابیـان دروسـتكرا كـە ئەندامـەكانی بریتـی بـوون لـە:

١- تەیب جەبار بەرواری

٢- كەمال عەبدولكەریم زێدان

٣- محەمەد پێنجوێنی

٤- مستەفا پشدەری

٥- عەزیز ساڵح

٦- جەمیلە سابیر قادر، ئەندامی یەدەگ[١٥].

دوای هەڵگیرسـانی شـۆڕشی ئەیلـوول و پەیوەندیكـردنی ئەندامـانی یەكێتـی قوتابیـان بـە ڕیـزەكانی شۆڕشـەوە، هەریـەک لـە مەئمـون دەباغ و حەمـە چاوشـین ئەندامانی سـكرتاریەت پەیوەندییـان بـە شۆڕشـەوە كـرد، سـەروەر كاكـە حەمـە، سـكرتێری یەكێتـی قوتابیـان، سـاڵی ١٩٦٢ لەلایـەن دەزگای ئاسایشـی گشـتیی حكوومەتـی عێراقـەوە دەسـتگیر كـرا، بـۆ پڕكردنـەوەی شـوێنی بەتاڵـی سـكرتێر، حەیـدەر هەمـزە خـدر بـە سـكرتێر دەستنیشـان كـرا و تـا بەسـتنی كۆنگـرەی چـوارەم بـە سـكرتێر مایـەوە[١٦].

## سەرچاوە و پەراوێز

١- عرفان عەزیز عەزیز، کۆنگرە و کۆنفرانسەکانی یەکێتی قوتابیانی کوردستان، چاپی یەکەم، (هەولێر- چاپخانەی ڕۆژهەڵات-٢٠١٢)، ل ٢٥.

٢- ماجد حسن علي، الحركة الطلابية الكردية في العراق (١٩٢٦-١٩٧٠)، رسالة ماجستر/جامعة صلاح الدين في اربيل ٢٠٠٨، منشوراة سپیرێز، (هەولێر- مطبعة حاجی هاشم)، ص ١٣٤.

٣- نفس المصدر، ص ١٣٥.

٤- ساسان عەونی، یەکێتی قوتابیانی کوردستان چەند لایەنێکی تێکۆشان و مێژوو، (هەولێر- چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە- ١٩٩٨)، ل ١٥.

٥- ماجد حسن علي، المصدر السابق، ص ١٣٧.

٦- نفس المصدر، ص ص ١٣٧-١٣٨.

٧- ساسان عەونی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٦.

٨- مجلة گولان، مؤسسة گولان الأعلامية، العدد ٢١، اربيل، ٢٥ شباط ١٩٩٨م، ص٤٣؛ ماجد حسن علي، المصدر السابق، ص ١٤٣.

٩- ساسان عەونی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٤.

١٠- عرفان عەزیز عەزیز، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٩.

١١- ئەحمەد شەریف لەك، شرۆڤەی ڕووداوە مێژووییەکان چەند لاپەڕەیەك لە مێژووی نەتەوەیەك، بەرگی یەکەم، چاپی دووەم، (هەولێر ـ چاپخانەی ڕۆژهەڵات ـ ٢٠١٩ز)، ل ل ١٠٤، ١٠٥.

١٢- دستور اتحاد طلبة كوردستان ـ عراق، المؤتمر الثالث، (بدون مكان ـ ١٩٦١م).

١٣- ماجد حسن علي، المصدر السابق، ص ١٤٣.

١٤- عرفان عەزیز عەزیز، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٠.

١٥- کەمال عەبدولکەریم غیدان ئەلراودی، گۆڤاری خەباتی قوتابیان، ئۆرگانی یەکێتی قوتابیانی کوردستان، ژمارە ٨٥، (هەولێر، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، حوزەیرانی ٢٠٠٩)، ل ١٤.

١٦- ماجد حسن علي، المصدر السابق، ص ١٤٥.

# دەستووری هەمواركراوی كۆنگرەی سێی یەكێتی قوتابیانی كوردستان ساڵی ١٩٦١

**(ئاشتی و دۆستایەتی - دیموكراسی و رۆشنبیری)**

**پێشەكی دەستوور**

لە ئەنجامی خەباتی گەلەكەمان لە كوردستانی عێراق، بە قوتابیانی كوردستانیشەوە كە بەشێكی سەرەكی و گەشاوە و سەرقافڵەی رۆشنبیری ئەو تێكۆشانەن، لە پێناوی دابینكردنی ئایندەیەكی باشتر و ژیانێكی ئازادانە بۆ قوتابیان، ساڵی ١٩٥٣ یەكێتی قوتابیانی كوردستان (ی-ق-ك-ع) لەو دۆخە بەرهەم هات و بوو بە دەربڕێكی واقیعی بزووتنەوەی قوتابیانمان و ئامانجە نیشتیمانی و كۆمەڵایەتی و رۆشنبیرییەكانی و دابینكاری پێداویستییەكانی هەماهەنگی و یەكخستنی كۆششی قوتابیان و سەركردایەتیكردنی چالاكی و جموجۆڵە هەمەجۆرەكانیان بەرەو ئایندەیەكی باشتر و ژیانێكی پەروەردەیی ئازاد و دیموكراسییانە كە ببێتە مایەی مسۆگەركردنی زانست و رۆشنبیری و ئایندەیەكی گەش لە سەرجەم بوارە زانستی و وێژەییەكان. ئەو بارودۆخە تایبەت و كێشە نەتەوەیی و قۆناغە مێژووییەی گەلەكەمان و قوتابیانمان پێیدا تێپەڕ بوون، بووە مایەی خولقاندنی هەموو مەرجێكی گونجاو و پێداویستیەك بۆ رێكخستنی قوتابیان لەژێر چەتری رێكخراوێكی تایبەت بە خۆیان، ئەو رێكخراوەی بە هیچ شێوەیەك پێچەوانەی بزووتنەوەی قوتابیانی دیموكراتی عێراق نیە، بە مەبەستی هێنانەدی ئامانجە هاوبەشەكانمان، بە تایبەتیش لەبەر ئەوەی یەكێتیەكەمان ئامادەباشی تەواوی خۆی پیشان داوە بۆ یەكخستنی هەوڵ و تێكۆشانەكانی لەگەڵ قوتابیانی دیكەی عێراق، بە شێوەیەك ببێتە مایەی خزمەتكردنی بەرژەوەندیەكانی گەل و نیشتمان و كۆمارەكەمان و قوتابیانی كورد و عەرەب و رۆڵەی كەمە نەتەوەكانی دیكە. یەكێتیەكەمان بەبێ سڵكردنەوە، تا كاتی بەرپابوونی شۆڕشی ١٤ی تەموز، درێژەی بە خەباتی خۆی دا و لە جەنگی خەباتی قوتابیان و نیشتمانی دا لە دژی ئیمپریالیزم و دەسەڵاتی پادشایەتی نابەجێ و داردەستە خیانەتكارەكانیدا قوربانی گەورەی پێشكەش كرد، ئەو كاتە قوتابیانی كوردستان پشتیوانی خۆیان بۆ شۆڕش و سیستمی كۆماری پیشان دا و وەك باوەڕێنانێك بەوەی دەسەڵاتی كۆماری

وەدیهێنـەری ئامانجـە نەتەوەییـەکان و خەونەکانـی قوتابیانـە، قوتابیـان کەوتنـە کارکـردن لـە پێنـاوی چەسـپاندنی بنەماکانـی دیموکراسـی ئـەو سیسـتمە. ئـەو پرۆگرامـەی دەیخەینە بـەر دەسـتی برایانـی قوتابیـمان کۆمەڵێـك ئامانجـی نیشـتمانی و تایبـەت بـە قوتابیـان دەگرێتـە خـۆی کـە لـە تواناپانـدا هەیـە هەمـوو قوتابیانی کوردسـتانی عێـراق بـە جیاوازیی نەتـەوە و مەزهەبـی سیاسـی و ئاینـی لـە دەوروبـەری ئـاڵا شـەکاوەکەی یەکێتیەکەمـان کـۆ بکاتـەوە. دواتـر رۆڵـی یەکێتیەکەمـان لـە پێنـاوی ئاشـتەوایی جیهـان و دژایەتیکردنـی هـزرە شـۆڤێنی و کۆسـمۆپۆلیتیەکان و بەهێزکردنـی پەیوەوەندیـی برایەتـی و دۆسـتانە لـە نێـوان هـەردووك گەلـی کـورد و عەرەبـی بـرا و تـەواوی کەمەنەتەوەکانـی تـری نیشـتیمان بـە ئاشـوری و تورکـمان و ئەرمـەن و پشـتگیریکردن لـە قوتابیانـی کـورد لـە بەشـەکانی دیکـەی کوردسـتان و یەکخسـتنی خەباتـی قوتابیانـی کوردسـتان لەگـەڵ قوتابیانـی عـەرەب و هەمـوو جیهـان بـە گشـتی. ئێمـەی قوتابیانـی کوردسـتان باوەڕمـان بـەوە هەیـە کـە بزووتنــەوەی گەلــی کوردمــان بزووتنەوەیەکــی پێشــکەوتووخوازی دیموکراســیە و لــە پێنــاوی ئازادیــی نەتەوەییــدا تێدەکۆشـێ، هەروەهـا بەشـێکە لـە بزووتنـەوەی گەلانـی خەباتــکار لــە پێنــاوی هێنانــەدی ئامانجــە نیشــتیمانییەکان و ئامانجەکانــی ئێمــەی قوتابیـان و ژیاندنـەوەی کلتـووری نەتەوەییـمان و بڵاوکردنـەوەی هۆشـیاریی دیموکراسـی ڕاسـتەقینە بەنێـو ریزەکانـی قوتابیانـدا، بۆیـە لەدایکبوونـی ئـەم یەکێتیەمـان بێگومـان دەبێتـە مایـەی بەهێزکردنـی خەباتـی هەمـوو قوتابیانـی جیهـان و لـە ئامانجـە ڕەواکانیـان نزیکـتر دەکاتـەوە، کەواتـە ئاسـاییە کاتێـك یەکێتیەکەمـان چاوەڕێـی یارمەتـی و هاوکاریـی لـە قوتابیانـی عـەرەب و جیهـان بکات.گومانیـش لـەوەدا نیـە کـە بـە خەباتکـردن لـە پێنـاوی هێنانـەدی ئـەم ئامانجانـە و وەدیهێنانـی متمانـەی قوتابیـان و میللەتەکەمـان تەنیـا ئەرکێکـی نیشـتیمانی جێبەجـێ دەکەیـن، بۆیـە یەکێتیەکەمـان بەراسـتی یەکێتـی هەمـوو قوتابیانـی کوردسـتان و عێراقـە و دەربڕێکـی راسـتگۆیانەی خواسـتی نیشـتیمانی و هیـوا و دابینکردنـی خوێندنێکـی ئـازاد و دیموکراسـیانەیە بۆیـان.

## پرۆگرام و پەیڕەوی ناوخۆ

**ناوی ڕێکخراو:**

یەکێتی قوتابیانی کوردستان- عێراقە و بە أ. ط . ك - عێراق  ئاماژەی بۆ دەکرێ.

**چوارچێوەی کارکردن:**

١- کوردستانی عێراق.

٢- مەکتەبی سکرتاریەت مافی خۆیەتی ئەگەر پێویست بێ، لقەکانی یەکێتی لە دەرەوەی ئەم چوارچێوەیە بکاتەوە.

**سرووشتی کارکردن:**

یەکێتی بزووتنەوەیەکی نیشتمانی  دیموکراسی تایبەت بە قوتابیانە و حزبی نیە، تێدەکۆشێ لە پێناوی هێنانەدی ئامانجەکانی قوتابیانی کوردستان بە تایبەتی و هەموو قوتابیانی عێراق  بە گشتی. هەروەها کار دەکات لە پێناوی پاراستنی کۆماری عێراق، کۆماری عەرەب و کورد و چەسپاندن و پێشخستنی دیموکراسی تیایدا.

**ئامانجەکانی قوتابیان:**

**یەکەم:**

بڵاوکردنەوەی فێرکردن و ڕۆشنبیری بەناو هەموو هاوڵاتیانی کوڕ و کچدا و بنبڕکردنی نەخوێندەواریی لە ڕێگەی:

١- بە زۆرەملێکردنی خوێندنی سەرەتایی و هەمەلایەنکردنی و کردنەوەی قوتابخانەی پێویست بۆ ئەم مەبەستە.

٢- بە کوردیکردنی خوێندن لە کوردستانی عێراق و ڕێزگرتن لە مافی ئەو کەمینە نەتەوەییانەی لەوێ دەژین.

٣- کردنەوەی باخچەی ساوایان و قوتابخانەی ئێواران و ڕۆشنبیرکردن و کتێبخانە گشتیەکان.

٤- بێبەرامبەرکردنی خوێندن لە سەرجەم قۆناغەکانی خوێندن و یارمەتیدانی قوتابیە کەمدەرامەتەکان بۆ تەواوکردنی خوێندن و کردنەوەی بەشی ناوخۆیی پێویست.

٥- دانانـی پرۆگرامەكانـی خوێنـدن لەسـەر بنەمـای زانسـتی دروسـت و كردنـەوەی تاقیگەی پێویسـت و دانانـی پرۆگرامێكـی تایبـەت بـە خوێندنـی كـوردی لـە كوردسـتانی عێـراق كـە خوێندنـی مێـژوو و جوگرافیـای كوردسـتان و ئەدەبـی كـوردی و ژیاندنـەوەی كلتـووری كـوردی بگرێتـە خـۆی.

٦- ناردنـی شـاندە زانسـتیەكان بـۆ وڵاتانـی دۆسـت لەگـەڵ ڕەچاوكردنـی گونجانـی ڕێـژەی قوتابیانـی كـورد لەگـەڵ كـۆی ژمـارەی هاوڵاتیانـی كـورد.

٧- كردنەوەی قوتابخانە ناوەندی و ئامادەیی و پیشەییەكان بە گوێرەی پێویست.

٨- كاركردن لە پێناوی پێشخستن و فراوانكردنی بەڕێوەبەرایەتی خوێندنی كوردی و جێبەجێكردنی بڕیارەكانی كۆنگرەی دووەمی مامۆستایانی كورد كە لە شەقڵاوە ساز كرا.

٩- كردنـەوەی كۆلێـژ و پەیمانـگای بـاڵا و هونـەری لـە كوردسـتانی عێـراق، ئەمـەش وەك پێشـەكیەك بـۆ دامەزراندنـی زانكـۆی كوردسـتان.

١٠- بەرزكردنـەوەی ئاسـتی تەندروسـتی و كۆمەڵایەتـی و ڕۆشـنبیری و بایەخـدان بـە توانا زانسـتی و هونەریەكانـی قوتابیـان.

١١- كاركردن لە پێناوی دامەزراندنی كۆڕێكی زمانەوانیی كوردی.

**دووەم:**

بایەخـدان بـە خوێندنـی مێـژوو و جوگرافیـای كوردسـتان و زمـان و ئەدەبـی كـوردی لـە خانەكانـی پێگەیاندنـی مامۆسـتایانی پیـاو و ئافـرەت لـە عێـراق و پـەرەدان بـە بەشـی توێژینـەوە كوردیـەكان لـە زانكـۆی بەغـدا.

**سێیەم:**

بەرگریكـردن لـە مافەكانـی قوتابیـان و بونیادنانـی پەیوەندیـی لـە نێـوان قوتابیـان و مامۆسـتایان لەسـەر بنەمـای خۆشەویسـتی و ڕێزگرتنـی هاوبـەش و مسـۆگەركردنی بەڕێوەچوونـی پرۆسـەی خوێنـدن بـە شـێوەیەكی گونجـاو.

**چوارەم:**

گرنگیـدان بـە مـاف و كێشـەكانی قوتابیانـی زانسـتە ئاینیـەكان و هاوتاكردنـی هەمـوو

مافەکانیـان لەگـەڵ قوتابیانـی تـر.

**پێنجەم:**

کردنەوەی یانە وەرزشی و رۆشنبیریەکان بۆ قوتابیان.

**شەشەم:**

هاندانی توانا میوزیکیەکان و بایەخدان بە هونەرە میللیەکان و هونەرە جوانەکان.

**حەوتەم:**

هاندانی باوکان لە پێناوی رێگەدان بە کچەکانیان بۆ ئەوەی خوێندن تەواو بکەن.

**هەشتەم:**

پتەوکردنـی پەیوەندییـەکان لەگـەڵ سـەرجەم قوتابیانـی کوردسـتان و ڕەخسـاندنی بارودۆخـی گونجـاو لـە پێنـاوی یەکخسـتنی بزووتنـەوەی قوتابیانمـان.

**نۆیەم:**

بەهێزکردنـی پەیوەندیـی لەگـەڵ ئەنجومەنـی قوتابیانـی کـورد لـە ئەوڕووپـا بـە تایبەتـی و رێکخراوەکانـی قوتابیـان لـە جیهـان بـە شـێوەیەکی گشـتی، بـە جۆرێـك کـە لەگـەڵ دەسـتووری یەکێتـی بگونجـێ.

**ئامانجە نیشتمانیەکان**

یەکێتی قوتابیانی کوردستان - عێراق تێدەکۆشێ لە پێناوی:

١- بەهێزکـردن و توندوتۆڵکردنـی ئاشـتی جیهانـی و دۆسـتایەتی نێـوان گـەلان و قوتابیانیان و قەڵاچۆکردنـی کۆلۆنیالیزم.

٢- بەرگریکردن لە کۆماری عێراق و چەسپاندنی دیموکراسی تیایدا.

٣- جێبەجێکردنـی مـادەی سـێی دەسـتووری کاتـی و جێگیرکردنـی لـە دەسـتووری هەمیشـەیی بـە شـێوەیەکی فـراوان، بەجۆرێـك ببێتـە مایـەی زامنکردنـی مافـە کارگێـڕی و رۆشـنبیری و ئابووریەکانـی گەلـی کوردمـان.

٤- مافـی چـارەی خۆنووسـینی گەلـی کوردمـان و پشـتیوانیکردنی هەمـوو گەلانـی خەباتکار لـە پێنـاوی ئازادبوونیان.

٥- پتەوکردنــی پەیوەندیــی  برایەتیــی لــە نێــوان هــەردووك گەلــی کــورد و عــەرەب و تــەواوی کەمینەکانــی دیکــەی وەك ئاشــووری و تورکــمان و ئەرمەنــەکان لــە عێــراق.

٦- دەســتەبەرکردنی مافــە نەتەوەییــە ڕەواکانــی گەلــی کوردمــان لــەو بەشــانەی کوردســتان کــە بــە زۆر بــە تورکیــا و ئێــران و ســووریاوە لکێــنراون.

## پەیڕەویی ناوخۆیی

یەکێتــی قوتابیانــی کوردســتان - عێــراق لــەو قوتابیانــە پێکدێــت کــە باوەڕیــان بــە ئامانــج و پرۆگــرام و پەیــڕەوی ناوخۆیــی ئــەو یەکێتیــە هەیــە:

**ئەندام:**

هەموو قوتابیەکی نێر و مێ کە ئەم مەرجانەی خوارەوەی تێدا بەدی دەکرێ:

١- بــاوەڕی بــە پرۆگرامــی یەکێتــی هەبــێ و پەیــمان بــدات کــە دڵســۆزانە لــە پێنــاوی جێبەجێکردنــی ناوەرۆکەکــەی بــکات.

٢- لەژێر ئاڵای یەکێتی خۆی رێك دەخات و ئابوونەی مانگانە دەدات.

٣- بڕیارەکانی یەکێتی جێبەجێ دەکات و ئەرکەکانی سەر شانی رادەپەڕێنێ.

٤- خاوەنی خورەوشت و ناوبانگێکی باش بێ.

**مافەکانی ئەندام:**

١- مافی پێشکەشکردنی پێشنیاز و رەڕەخنەگرتنی هەیە بەگوێرەی ئەو پەیڕەوە.

٢- مافی هەیە دەنگ بدات و دەنگی پێ بدرێ.

٣- لە کاتی پێویستدا مافی داواکردنی یارمەتی لە یەکێتی هەیە.

## لێژنەكانی یەكێتی:

**أ- لێژنەی قوتابخانە:**

لـە (٣-٩) چالاكتریـن ئەندامانـی یەكێتـی لـە قوتابخانـە پێك دێـت و ئەركـی بریتی دەبێ لـە سەرپەرشـتیكردنی چالاكیەكانـی یەكێتـی لـە قوتابخانـە و كاركـردن بـۆ فراوانتركردنیـان و هێنانـەدی ئامانجەكانیـان و جێبەجێكردنـی بڕیارەكانـی لێژنە باڵاكان.

**ب- لێژنەی شار:**

لـە ( ٣-٩) چالاكتریـن ئەندامانـی یەكێتـی لـە شـار پێكدێـت و ئەركـی بریتـی دەبـێ لـە سەرپەرشـتیكردنی بزووتنـەوەی قوتابیـان تیایانـدا.

**ج- لێژنەی لیوا:**

لە نوێنەرانی لێژنەی شارەكانی سەر بەم لیوایە پێكدێ و لەبەردەمی مەكتەبی سكرتاریەت بەرپرس دەبێ لە سەرپەرشتیكردنی قوتابیانی ئەم لیوایە و راستەوخۆ پەیوەست دەبێ بە مەكتەبی سكرتاریەت و مانگانە راپۆرتێك دەربارەی چالاكیەكانی یەكێتی و ژمارەی ئەندامان و باری دارایی دەخاتە روو، هەروەها مافی دەركردنی گۆڤارێكی مانگانە و بڵاوكراوەی پێویستی هەیە بە جۆرێك لەگەڵ سیاسەتی یەكێتیدا بگونجێ.

**دەستەكانی سەركردایەتی:**

**أ- لێژنەی جێبەجێكار:**

ئەركـی بریتـی دەبـێ لـە سـەركردایەتیكردنی یەكێتـی و سەرپەرشـتیكردنی چالاكیـەكان و ئاراسـتەكردن و چاودێریكردنـی جێبەجێكردنـی بڕیارەكانـی كۆنگـرە و هێنانـەدی ئامانجەكانـی یەكێتـی و جێبەجێكردنیـان لەلایـەن لێژنـە و رێكخـراوەكان. ئـەم لێژنەیـە لـە (٧ - ١٣) ئەنـدام پێكدێـت كـە لەلایـەن كۆنگـرەی گشـتییەوە هەڵدەبژێردرێـن و هەموویان لـە بەرامبـەر كۆنگـرەدا بەرپـرس دەبـن و هەمـوو سـێ مانـگ جارێـك كۆدەبنـەوە و دەبـێ كۆبوونـەوە نائاسـاییەكانیان لەسـەر داوای مەكتەبـی سـكرتاریەت یـان نیـوەی ئەندامانـی لێژنـەی جێبەجێـكار ئەنجـام بـدەن.

**ب- مەکتەبی سکرتاریەت:**

لـە (٥) ئەنـدام پێکـدێ، لـە نێویانـدا سـەرۆك و سـکرتێری گشـتی و متمانەپێکـراوی دارایـی هـەن و لەلایـەن لێژنـەی جێبەجێـکارەوە هەڵدەبژێردرێـن و هـەر خۆشـی لـە مـاوەی نێـوان دوو کۆبوونـەوەی خۆیـدا ئەرکەکانـی لێژنـەی جێبەجێـکار دەگرێتـە ئەسـتۆ، ئەمـە وێـڕای سـەرکردایەتیکردنی یەکێتـی و دەرکردنـی گۆڤـار و بەیاننامـە پێویسـتەکان.

**١- سەرۆك:**

سـەرۆکایەتی کۆبوونەوەکانـی لێژنـەی جێبەجێـکار و مەکتەبـی سـکرتاریەت دەکات و بەڕێوەیـان دەبـات و سەرپەرشـتی چالاکیەکانـی ئـەوان و یەکێتیـش دەکات.

**٢- سکرتێری گشتی:**

لە کاتی ئامادەنەبوونی سەرۆك، ئەرکەکانی ئەو جێبەجێ دەکات و یارمەتی دەدات.

**٣- باوەڕپێکراوی دارایی:**

بەرپرسی کاروباری داراییە.

**ج- کۆنگرە:**

بەرزتریـن دەسـەڵاتی یەکێتیـە و لـە نوێنەرانـی لیـواکان پێکـدێ و مافـی هەموارکـردن و گۆڕینـی پەیـڕەو و پرۆگرامـی ناوخۆیـی یەکێتـی هەیـە، هـەر خۆشـی لێژنـەی جێبەجێـکار لـە ڕێگـەی دەنگدانـی نهێنیـەوە هەڵدەبژێرێـت و لـە بەرامبـەر کارەکانیـان لێپرسـینەوەیان لەگـەڵ دەکات و هەمـوو سـاڵێك جارێـك لەسـەر داوای نیـوەی ئەندامانـی لێژنـەی جێبەجێـکار سـاز دەکـرێ، یـان داوا لـە نیـوەی ئەندامانـی لێژنەکانـی لیـواکان دەکـرێ.

## سزا ڕێککاریەکان

## دەسەڵاتەکانی لێژنە ئیتیحادیەکان:

**١- لێژنەی قوتابخانە:**

أ. ئاگادارکردنەوەی ئەندام و کەسی سەرپێچیکار.

ب. داوای سڕکردنی چالاکی ئەندام و سەرپێچیکار لە لێژنەی شار.

**٢- لێژنەی شار:**

أ. سڕکردنی چالاکی ئەندام و سەرپێچیکار بۆ ماوەیەك کە لە مانگێك زیاتر نەبێ.

ب. داواکردن لە لێژنەی لیوا بە دەرکردنی ئەندامی سەرپێچیکار.

**٣- لێژنەی لیوا:**

أ. سڕکردنی چالاکی ئەندامانی سەرپێچیکار لە لێژنەکانی قوتابخانە و شارەکان.

ب. لادانی ئەندامی سەرپێچیکار دوای داواکردن لە لێژنەی شار.

ت. لێژنەکە مافی هەڵوەشاندنەوەی لێژنەی قوتابخانەی هەیە.

**٤- لێژنەی جێبەجێکار:**

أ. مافی لادانی لێژنەی شار و لیوای هەیە لە کاتی دەرچوونیان لە سیاسەتی یەکێتی و بۆ چەند مەبەستێك کە پێچەوانەی بەرژەوەندیی یەکێتی بێ، ئەمەش دەخرێتە بەردەمی کۆنگرە.

ب. مافی سڕکردنی هەر ئەندامێك لە ئەندامانی لێژنەی جێبەجێکاری هەیە، دوای وەرگرتنی ڕەزامەندیی نیوەی ئەندامان.

## بڕیارەکانی کۆنگرەی سێی یەکێتی قوتابیانی کوردستان

**بڕیارەکان:**

١- کارکردن لە پێناوی پاراستنی حورمەت و پیرۆزیی ڕۆڵی زانست و پەیمانگاکان.

٢- داواکـردن لـە حکومـەت بـە گێڕانـەوەی ئـەو قوتابیانـەی کـە بەهـۆی چالاکـی دەرکراون و دوورخراونەتـەوە و بەنـد کـراون، بـۆ قوتابخانەکانیان.

٣- سیاسـەتی بـە تورککـردن ڕەت دەکەینـەوە کـە لەلایـەن حکومەتـی فاشسـتی تورکیـاوە لـە دژی گەلـی کوردمـان لـە کوردسـتانی بـەزۆر لکێـنراو بـە تورکیـا پیـادەی دەکات.

٤- کۆنگـرە دەستخۆشـی لـە خەباتـی سـەرکردە چەوسـێنراوەکانی گەلـی کـورد دەکات لـە هەمـوو بەشـەکانی کوردسـتان و داوای ئازادکردنیـان لـەو حکومەتانـە دەکەیـن کـە کۆنترۆڵـی کوردسـتانیان کـردووە.

٥- باوەڕمـان بـەوە هەیـە کـە کۆلۆنیالیـزم سیسـتمێکی قێزەونـە و دژایەتـی جولانـەوە ئازادیخوازەکـەی گەلەکەمـان و تـەواوی گـەلان دەکات، بۆیـە جەنگێکـی بێ سڵکردنەوە بەرامبـەر پـرۆژە و جموجۆڵەکانـی لـە دژی گـەلان رادەگەینیـن.

٦- کۆنگـرە پشـتیوانی گەرمـی خـۆی بـۆ خەباتـی ئازادیخوازانـەی گەلانـی ئاسـیایی و ئەفریقـی ڕادەگەیەنـێ، بـە تایبەتـی خەباتـی هـەردووك گەلـی لاووسـی و کۆنگۆلـی لـە پێنـاوی گەیشـتن بـە مافـی چـارەی خۆنووسـینی خۆیـان.

٧- کۆنگـرە پشـتیوانی گەرمـی خـۆی بـۆ خەباتـی گەلـی عـەرەب لەپێنـاوی ئازادیـی نەتەوەیـی ڕادەگەیەنـێ بـە تایبەتـی لـە جەزائیـر و عومـان و فەلەسـتین.

٨- کۆنگـرە داوا لـە حکومەتەکانـی کۆمـاری عەرەبـی یەکگرتـوو و ئێـران و تورکیـا دەکات کـە بـوار بـە گەلـی کـورد بـدەن بـە مافـە نەتەوەییەکانـی خـۆی شـاد بـێ.

٩- کۆنگـرە پرۆتسـتۆی سیاسـەتی کۆلۆنیالیزمـی و شـۆڤێنی دەکات کـە مەبەسـت لـە دوایـەوە تواندنـەوە و لەناوبردنـی گەلـی کـوردە.

١٠- کۆنگـرە پێـی وایـە جموجۆڵەکانـی پەیمانـی (سـنتۆ) مەترسـین بـۆ سـەر کۆمـاری عێراق و گەلـی کوردمـان، بۆیـە پرۆتسـتۆی شـێوازەکانی کاری ئـەم هاوپەیمانێتیـە دوژمنـکارە و

ئامانجـە نابەجێکانـی دەکەیـن .

١١- رۆژی ٣٠ ئاب وەك رۆژی خەباتی قوتابیانی کوردستان دیار بکرێ.

١٢- بەرز ڕاگرتنی یادی ٢٨ ی شوبات وەك رۆژی یەکێتی قوتابیان و لاوانی جیهان.

١٣- کۆنگـرە بڕیـار دەدات کـە لێژنـەی جێبەجێـکار ئـەو راپۆرتـە چـاپ بـکات کـە لەلایـەن لێژنـەی ئامـادەکارەوە ئاراسـتەی کۆنگـرەی سـێی یەکێتـی قوتابیانـی کوردسـتان کـراوە و ڕەزامەندیـی لەبـارەوە دراوە بـۆ ئـەوەی بـە زووتریـن کات دابـەش بکـرێ.

١٤- کۆنگـرە هەوڵەکانــی ئەنجومەنــی کۆمەڵــەی قوتابیانــی کــورد لــە ئەوڕووپـا بــەرز دەنرخێنـێ، کـە وەك ئەنجومەنێکـی قوتابیـان کـە خزمەتـی گەلـی کـوردی کـردووە و لەنێـو گەلانـی جیهانـدا پێگەکـەی بـەرز دەکاتـەوە و بەرگریـی لـە بابەتـە نیشـتمانیەکان و مافـە نەتەوەییەکانـی دەکات.

١٥- کۆنگــرە داوای بەخشــینی رەگەزنامــەی عێراقــی بــە کوردانــی فەیلــی و گویــان و ئۆمەریــان دەکات.

١٦- کۆنگـرە هەوڵەکانـی ئەنجومەنـی نێودەوڵەتیـی کوردسـتان بـەرز دەنرخێنـێ لـە پێناوی ناسـاندنی خەبـات و دۆزی ڕەوای گەلەکەمـان بـە گـەل و میللەتانـی جیهـان.

## کۆنفرانسی یەکەمی یەکێتی قوتابیانی کوردستان
## بەغدا - ١٩٦٢

دوای ئـەوەی بـارودۆخ لـە عێـراق گـۆڕا ، پەیوەنـدی نێـوان سـەرکردایەتی کـورد و عەبدولکەریـم قاسـمی سـەرۆک کۆمـاری عێـراق بـە تـەواوەتی تێکچـوو، لـە ڕێکـەوتی ١١ی ئەیلـوولی ١٩٦١ بڕیـار لـە هەڵگیرسـاندنی شـۆڕشی نەتەوەیـی ئەیلـوول لـە دژی زۆرداریيـەکانی حکومـەت درا. بـە هەڵگیرسـانی شـۆڕش، جارێکـی دیکـە قۆناغـی کاری حـزبی و ڕێکخراوەیـی شـێوازی نهێنـی بەخۆیـەوە گرتـەوە و چالاکییـەکان بەشـێوەیەکی نهێنـی درێژەیـان پێـدرا. حکومـەتی عێـراق لەوماوەیـەدا کەوتـە ڕاونـان و دەسـتگیرکردنی ئەندامـانی پـارتی و ئـەم دەسـتگیرکردنانە ئەندامـەکانی ڕێکخـراوی یەکێتـی قوتابیـانی کوردستانیشـی بـە فـراوانی گرتـەوە، بەتایبـەت ئەوانـەی لـە کۆلێـژەکانی بەغـدا و خـوارووی عێـراق دەیانخوێنـد. لـەو ماوەیـەدا ژمارەیەکـی زۆری ئەندامـی یەکێتـی قوتابیـانی کوردسـتان لـە سـەرکرایەتی ڕێکخـراوەوە بگـرە بـۆ خـوارەوە، پەیوەندییـان بـە شۆڕشـەوە کـرد و دایانـە شـاخەکانی کوردسـتان[1].

لـە ئەنجامـی دەسـتگیرکردن و شـەهیدبوونی بەشـێك لـە سـەرکردە و ئەندامەکانـی، لـە مانگـی ئـاداری سـاڵی ١٩٦٢، بەمەبەسـتی سـەرلەنوێ ڕێکخسـتنەوەی خۆیـان و هەڵسـەنگاندنی بارودۆخـی سـەپاو بەسـەر ڕێکخراوەکـەدا، یەکێتـی قوتابیـانی کوردسـتان کۆنفرانسـێکی نهێنـی لـە شـاری بەغـدا بەسـت و چەنـد بڕیارێکـی دەرکـرد*. بەشـێك لـە بڕیارەکانـی ئـەم کۆنفرانسـە بریتـی بـوون لـە: پشـتگیریی شۆڕشـی ئەیلـوول و گرنگیـدان بـە گرفتـە پیشـەیی و زانسـتییەکانی قوتابیانـی کوردسـتان. لـەم کۆنفرانسـەدا، حەیـدەر هەمـزە وەك سـکرتێر درێـژەی بـە خەباتـی خـۆی لـە ڕیزەکانـی یەکێتـی قوتابیانـی کوردسـتان دا و لەلایـەن نوێنەرانـی کۆنفراسـەوە سـکرتاریەتێکی نـوێ بـەم شـێوەیەی خـوارەوە هەڵبژێـردرا:

١- سەروەر کاکە حەمە

٢- مەئموون دەباغ

٣- ئەحمەد شەریف لەك

٤- حەیدەر هەمزە

٥- فوئاد مەلا مەحمود

٦- عادل ناسر

٧- تەیب جەبار بەرواری

٨- حیکمەت خانەقینی[٢].

گرنگترین بڕیارەکانی کۆنفرانس، بریتی بوون لە: پشتگیری کردنی شۆڕشی کورد و سەرکردەکەی و پێشکەشکردنی ئەوەی لە توانایاندابێت بە هێزی پێشمەرگە. ڕێکخستنی ئەو قوتابیانەی تازە دێنە نێو ڕیزەکانی شۆڕشەوە. گرینگیدان بە بەشداری قوتابیانی کورد لە ڕێکخراوە پیشەیی و ئەکادیمییەکان[٣].

## سەرچاوە و پەراوێز

١- عرفان عەزیز عەزیز، کۆنگرە و کۆنفرانسەکانی یەکێتی قوتابیانی کوردستان، چاپی یەکەم، (هەولێر- چاپخانەی ڕۆژهەڵات-٢٠١٢)، ل ٣٥.

*- سەبارەت بەشوێنی بەڕێوەچوونی کرنفرانس، بۆچونی جیاواز بەدی دەکرێن، لە چەند سەرچاوەیەک ئاماژە بەوە دەدرێت کە کۆنفرانس لە ناووچەیەکی کوردستان ئەنجام دراوە، بەڵام ئاماژە بە شوێنەکە نەکراوە و ساغ نەکراوەتەوە. ماجد حسن علي، الحركة الطلابية الكردية في العراق (١٩٢٦-١٩٧٠)، رسالة ماجستر/جامعة صلاح الدين في اربيل ٢٠٠٨، منشوراة سپیرێز، (هەولێر- مطبعة حاجی هاشم)، ص ١٤٦.

٢- ئەحمەد شەریف لەك، شرۆڤەی ڕووداوە مێژووییەکان چەند لاپەڕەیەك لە مێژووی نەتەوەیەك، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، (هەولێر- چاپخانەی رۆژهەڵات- ٢٠١٦)، ل ١٠٥.

٣- ساسان عەونی، یەکێتی قوتابیانی کوردستان چەند لایەنێکی تێکۆشان و مێژوو، (هەولێر- چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە- ١٩٩٨)، ل ٢٣؛ ماجد حسن علي، المصدر السابق، ص ١٤٦.

## گرنگترین بڕیارەکان:

- دروستکردنی بەرەیەك لە یەکێتی قوتابیانی کوردستان، یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان، یەکێتی ئافرەتانی کوردستان و یەکێتی مامۆستایانی کوردستان[1].
- قەدەغەکردنی چالاکیی هەر ڕێکخراوێکی جەماوەری بۆ قوتابیان، بێجگە لە یەکێتی قوتابیانی کوردستان[2].

(١)کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: شازین هێرش، ڕێکخراوە دیموکراسیی و پیشەییەکان لە چەندین بەڵگەنامەی مێژووییدا ١٩٥٨ ـ ١٩٦٨، چاپی دووەم، (سلێمانی ـ چاپخانەی ڕاز ـ ٢٠٠١ز)، ل ل ٥٦ ـ ٥٧.
(٢)عرفان عەزیز عەزیز، سەرچاوەی پێشو، ل ل ٣٧، ٣٩.

## کۆنگرەی چوارەمی یەکێتی قوتابیانی کوردستان
## چۆخماخ - سلێمانی - ١٩٦٤

لـە مـاوەی نێـوان کۆنگـرەی سـێیەم و چوارەمـی یەکێتـی قوتابیـانی کوردسـتان کـە سـێ سـاڵی خایەنـد، چەنـد گۆڕانکارییەکـی گـەورە بەسـەر گۆڕەپـانی سـیاسی عێـراق و بارودۆخـی ناوخـۆی پارتیـدا هاتـن کـە کاریگـەری ڕاسـتەوخۆیان بەسـەر ڕێکخـراوی یەکێتـی قوتابیـانی کوردسـتانەوە دیاربـوو.

لــە ڕێکــەوتی ٨ی شــوباتی ١٩٦٣ لــە ئەنجامــی کودەتــای ســەربازی، بەعســییەکان دەســەڵاتیان گرتــە دەســت، شــۆڕشی ئەیلــوول کــە نزیکــەی دووســاڵ بــوو هەڵگیرسـابوو، دوای ئـەم کودەتایـە پێـی نایـە قۆناغێکـی تـازەوە. سـەرەتا هەوڵـدرا بەرێگـەی دانوسـتان لەنێـوان حکومـەت و سـەرکردایەتی شـۆڕش، بەمەبەسـتی ئاگربەسـت و چارەسـەرکردنی کێشــەکان ڕێکبکــەون، (ئــەوکات ئەندامــانی یەکێتــی قوتابیــانی کوردســتان بەشــێکی بەرچـاوی هێـزی شۆڕشـیان پێکدەهێنـا و چالاکانـە لەتـەک ئەنـدام و پێشـمەرگەکانی شـۆڕش لـە خەباتدابـوون)، بـەڵام دوای سـەرنەگرتنی گفتوگـۆکان، لـە مانگـی حوزەیـرانی سـاڵی ١٩٦٣ حـزبی بەعـس زۆر بـە فـراوانی هێرشـەکانی بـۆ سـەر هێـزی پێشـمەرگەی شـۆڕش دەسـتپێکردەوە. ئـەوەی لـەم قۆناغـەدا زیاتـر کاریگـەری بەسـەر حـزب و شۆڕشـەوە هەبـوو، مەیـلی بەشـێک لـە ئەندامـانی مەکتـەبی سـیاسی پـارتی بـوو بـۆ حـزبی بەعـس و ڕێککەوتنیـان لەگـەڵ ئێـران، ئەنجامەکـەشی دواتـر هەڵگەڕانەوەیـان بـوو لـە شـۆڕش[1].

لــە ڕێکــەوتی ١٨ی تشــرینی دووەمــی ١٩٦٣، حــزبی بەعــس لەلایــەن ســوپاوە کودەتــای بەســەردا کرایــەوە، عەبدولســەلام عــارف دەســەڵاتی گرتــە دەســت و دانوسـتانەکان لەگـەڵ شـۆڕش دەسـتیانپێکردەوە. ئـەو گرووپـەی مەکتـەبی سـیاسی کـە مەبەسـتی جیابوونەوەیـان هەبـوو، خۆیـان لـە سـەرکردایەتی شـۆڕش نزیـک کـردەوە و پێکـەوە بەشـدارییان لـە دانوسـتانەکانی حکومەتـدا کـرد، سـەرکەوتنی دانوسـتانەکان، ڕێککەوتننامـەی ئاشـتی ١٠ی شـوباتی ١٩٦٤ی لـێ کەوتـەوە[2]. ئـەم تـرازان و باڵباڵێنـەی حـزب وەک دەبینرێـت کاریگـەری زۆری بەسـەر شـۆڕش و کاری ڕێکخراوەیـی حزبـەوە

هەبـوو و ئاسـەوارەکانی لـە کۆنگـرەی چوارەمـی ڕێکخـراوی یەکێتـی قوتابیـانی کوردسـتان بەتــەواوەتی ڕەنگــی داوەتــەوە.

لەسـایەی ئاگربەسـت و ڕێککەوتنـی ١٠ی شـوباتی ١٩٦٤، بەمەبەسـتی ڕێکخسـتنەوەی سـەرلەنوێی بارودۆخـی ناوخـۆی خۆیـان و تۆکمەترکـردنی ڕیزەکانیـان و هەڵسـەنگاندنی گۆڕانـکاری و پێشـهاتەکان، ڕێکخـراوی یەکێتـی قوتابیـانی کوردسـتان، سـاڵی ١٩٦٤ بڕیـاری بەسـتنی کۆنگـرەی چوارەمـی خـۆی دا. دوای ئامادەکارییـەکان، کۆنگـرە لـە ڕۆژانی ١٤ بـۆ ١٨ی شـوباتی ١٩٤٦ لـە گونـدی چۆخماخـی سـەر بـە پارێـزگای سـلێمانی کـە یەکێـک بـوو لـە ناوچـە ئازادکـراوەکانی ژێـر دەسـەڵاتی شـۆڕش بەڕێوەچـوو[٣].

کۆنگـرە بـە ئامادەبـوونی سـەد ئەنـدام لـە ناوچـە ئازادکـراوەکان، بـە دروشـمی (سـەرکەوتن بـۆ شۆڕشـی ئێمـە و ئۆتۆنۆمـی بـۆ کوردسـتان لـە چوارچێـوەی عێراقێکـی دیموکراتـدا) دەسـتی بـە کارەکانی کـرد، ئـەوەی جێـگای تێڕامـان بـوو ئەندامـانی یەکێتـی قوتابیــان لــە بادینــان بانگێشــتی کۆنگــرە نەکرابــوون، ســەرەڕای ئــەوەی زۆربەیــان دەکەوتنـە ناوچـە ئازادکـراوەکان و لـە ڕیـزەکانی هێـزی شۆڕشـدابوون[٤]، ئەمـەش وەک هەوڵێکــی گرووپەکــەی مەکتــەبی ســیاسی دەهاتــە پێشــچاو، تــا بــە پەراوێزخســتنی ئەندامــانی بادینــان بــە تــەواوی دەســت بەســەر ئــەم ڕێکخــراوەدا بگــرن.

هەرچۆنێـک بێـت، کۆنگـرە لـە مـاوەی چـوار ڕۆژی کارەکانیـدا، سـەرکردایەتیەکی نوێــی بــۆ ڕێکخراوەکــە هەڵبــژارد کــە زۆربەیــان لــە خەڵکــی ســلێمانی پێکهاتبــوون، فوئــاد مــەلا مەحمــوود بــە ســەرۆک و نەوشــێروان مســتەفا بــە ســکرتێری ڕێکخــراو هەڵبژێــردران و مەکتــەبی ســکرتاریەتیش بــەم شــێوەیە دەستنیشــانکران:

١- عومەر تۆفیق- سەرپەرشتیاری پارێزگای سلێمانی

٢- فوئاد ئیبراهیم- سەرپەرشتیاری بەغدا و دەوروبەری

٣- هەڤاڵ (سەلاح)- سەرپەرشتیاری پارێزگای هەولێر[٥].

## گرنگترین بڕیارەکانی کۆنگرەش بریتیبوون لە:

دروستکردنی بەرەیەك لە یەکێتی قوتابیانی کوردستان، یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان، یەکێتی ئافرەتانی کوردستان و یەکێتی مامۆستایانی کوردستان. قەدەغەکردنی چالاکی هەر ڕێکخراوێکی جەماوەری بۆ قوتابیان، بێجگە لە یەکێتی قوتابیانی کوردستان. جەختکردنەوە لە پشتیوانیکردنی شۆڕش[٦].

ئەو سەرکردایەتییەی لەو کۆنگرەیە هەڵبژێردرابوون، نەیانتوانی کارەکانیان بە باشی ڕاپەڕێنن، بۆیە دوای تێپەڕبوونی تەنیا شەش مانگ، ڕێکخراوەکە بڕیاری بەستنی کۆنفرانسی دووەمی خۆی دا[٧].

## سەرچاوە و پەراوێز

١- دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان، مێژووی پارتی دیموکراتی کوردستان کۆنگرە کۆنفرانس (پرۆگرام و پەیرەوی ناخۆ)، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، (هەولێر- چاپخانەی ڕۆژهەڵات- ٢٠٢١)، ل ١٧٤.

٢- هەمان سەرچاوە، ل ١٧٨.

٣- ساسان عەونی، یەکێتی قوتابیانی کوردستان چەند لایەنێکی تێکۆشان و مێژوو، (هەولێر- چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە- ١٩٩٨)، ل ٢٣؛ عرفان عەزیز عەزیز، کۆنگرە و کۆنفرانسەکانی یەکێتی قوتابیانی کوردستان، چاپی یەکەم، (هەولێر-چاپخانەی ڕۆژهەڵات-٢٠١٢)، ل ٣٧؛ ماجد حسن علي، الحركة الطلابية الكردية في العراق (١٩٢٦-١٩٧٠)، رسالة ماجستر/جامعة صلاح الدين في اربيل ٢٠٠٨، منشوراة سپيرێز، (هەولێر- مطبعة حاجى هاشم)، ص ١٤٧؛ عبدالكريم فندي، اتحاد طلبة كوردستان فصيل ثوري منظم و ظهير قوي للثورة الكوردية، مجلة گولان العربي، مؤسسة گولان الأعلامية، العدد٢٢، أربيل، ٢٥ آذار ١٩٩٨م، ص ٥٣.

٤- عرفان عەزیز عەزیز، هەمان سەرچاوە، ل ٣٧.

٥- هەمان سەرچاوە، ل ل ٣٧-٣٨.

٦- شازین هێرش، ڕێکخراوە دیموکراسیی و پیشەیی یەکان لە چەندین بەڵگەنامەی مێژوویيدا١٩٥٨ ـ١٩٦٨، چاپی دووەم، (سلێمانی ـ چاپخانەی ڕاز ـ ٢٠٠١ز)، ل ل ٥٦ ـ ٥٧؛ عرفان عەزیز عەزیز، هەمان سەرچاوە، ل ٣٩.

٧- ساسان عەونی، سەرچاوەی پێشوو، ل ل ٢٣-٢٤.

## پەیڕەوی ناوخۆی کۆنگرەی چوارەمی یەکێتی قوتابیانی کوردستان

## پەیڕەوی ناوخۆ

**بەندی یەکەم:**

یەکێتـی قوتابیانـی کوردسـتان ـ عێـراق پێـك هاتـووە لـەو قوتابییانـەی کـە باوەڕیـان بـە پرۆگـرام و پەیـڕەوی ناوخۆییەکـەی هێنـاوە و بەڵێـن ئـەدەن کـە دڵسـۆزانە لەبـەر ڕۆشـنایی ئـەو سیاسـەتە گشـتییەی بـۆ خەباتـی قوتابیانـی کوردسـتانی دیـاری ئـەکات، تـێ بکۆشـن بـۆ هێنانـەدی ئامانجەکانـی.

**بەندی دووەم:**

**١- مەرجەکانی ئەندامێتی:**

هـەر قوتابیـەك ئـەم مەرجانـەی تێـدا بێـت بـۆی هەیـە ببێـت بـە ئەنـدام لـە یەکێتیـدا، دوای ئـەوەی بـە نامەیەکـی تایبەتـی داوا لـە لێژنـەی شـار ئـەکات و لێژنـەی قوتابخانەکانیـان پەسـەندی ئـەکات:

أ. بـاوەڕی تـەواوی بـە پرۆگـرام و ئامانجـەکان و پەیـڕەوی ناوخـۆی یەکێتـی هەبێـت و بەڵێـن بـدات کـە بـە دڵسـۆزی و لەخۆبووردنـەوە خەبـات بـۆ جێبەجێکردنیـان بـکات.

ب. خاوەنی خورەوشتێکی بەرز و ناوبانگێکی خاوێن بێت.

ت. لە یەکێك لە دەزگاکانی یەکێتیدا ئیش بکات و فەرمانەکانی بەجێ بهێنێت.

ث. ئابوونەی مانگانەی بە پێی دەرامەتی خۆی بدات.

**٢- مافەکانی ئەندام:**

أ. بـۆی هەیـە لـە سـنووری ڕێکخسـتندا بەوپـەڕی سەربەسـتییەوە ڕەڕەخنـەی لـە هـەر کـەس و دەزگایـەك هەبێـت و بگرێـت و بیروبـاوەڕی خـۆی لـە هەمـوو مەسـەلە و گیروگرفتـەکان دەرببڕێـت و پێشـنیازی بەسـوود پێشـکەش بـکا.

ب. مافی هەڵبژاردن و خۆپاڵاوتنی هەیە بۆ دەزگا جۆربەجۆرەکانی یەکێتی.

ت. بۆی هەیە لە کاتی پێویستدا داوای یارمەتی بکات.

ث. تا دووساڵ پاش تەواوکردنی خوێندن ئەتوانێ لە ڕیزی یەکێتی بمێنێتەوە.

تێبینی: ئەو کەسانەی کە بەهۆی خەباتی کوردایەتییەوە لە قوتابخانە بێبەری ئەبن مافی ئەندامێتییان لێ ناسێنرێتەوە.

**بەندی سێیەم:**

**لێژنەکانی یەکێتی:**

١- **لێژنەی قوتابخانە:** لە (٣ ـ ٧) لە چالاکترین ئەندامانی یەکێتی پێك دێن و لەو قوتابخانەدا ئەرکی سەرکردایەتیکردنی چالاکی یەکێتی ئەگرێتە ئەستۆوە و هەوڵ ئەدا بۆ فراوانکردنی پێشخستن و پتەوکردنی ڕیزەکانی ڕێکخستن و هێنانەدی ئامانجەکانی و جێبەجێکردنی فەرمانەکانی لێژنە بەرزەکان و چارەکردنی گیروگرفتەکانی قوتابیانی قوتابخانەکەیان.

٢- **لێژنەی شار:** لە (٣ ـ ٧) لە چالاکترین ئەندامانی ئەو شارە پێك دێت. ئەرکی سەرکردایەتیکردنی بزووتنەوەی قوتابیان ئەگرێتە ئەستۆ لەو شارەدا.

٣- **لێژنەی ناوچە:** لە نوێنەرانی ئەو لێژنەی شار پێك دێت کە ڕایەڵی ڕێکخستنیان بەستراوە بەم ناوچەیەوە و کۆمیتەی بەڕێوەبەری گشتی سنووری کێشاوە بە مەرجێك ٣/٢ی ئەندامانی لێژنەکە ئەندامی لێژنەی ناوەندی (مرکز) بن و ڕاستەوخۆ پەیوەندی ئەکەن بە مەکتەبی سکرتاریەتەوە و هەر مانگێ جارێك کۆبوونەوەی ئاساییان ئەکەن و ڕاپۆرتێکی گشتی دەربارەی سەرکردایەتی چالاکی ئەندامان و ژمارەیان و دارایی یەکێتی لە ناوچەکەیاندا پێشکەش ئەکەن، و مافی دەرکردنی گۆڤارێکی مانگانە و بڵاوکراوەی پێویستیان هەیە بە مەرجێك لەگەڵ سیاسەتی یەکێتیدا بگونجێت.

**بەندی چوارەم:**

**دەزگا سەرکردەییەکان و ئەرکەکانیان:**

أ- **کۆمیتەی بەڕێوەبەری گشتی:** ئەرکی سەرکردایەتی و سەرپەرشتی چالاکی و جموجوڵی یەکێتی و ئاراستەکردنی ئەگرێتە ئەستۆ و ئاگاداری جێبەجێکردنی بڕیارەکانی کۆنگرە و هێنانەدی ئامانجەکانی و چاودێری جێبەجێکردنی لەلایەن لێژنە و ڕێکخراوەکانی بنکە ئەکات. لە (٧ ـ ١٥) ئەندام پێك دێت کە کۆنگرە بە دەنگدانی نهێنی و ڕاستەوخۆ

هەڵیان ئەبژێرێ و سەرجەم ئۆباڵی كاروباری یەكێتی هەڵئەگرن و لە بەردەمی كۆنگرەدا لێیان ئەپرسرێتەوە، هەر (٤) مانگ كەتێك كۆبوونەوەی ئاساییان ئەكەن و كۆبوونەوەی نائاسایی لە كاتێكدا پێك دەهێنن ئەگەر مەكتەبی سكرتاریەت یا ٣/٢ی ئەندامانی كۆمیتەی بەڕێوەبەری گشتی داوای بكەن.

تێبینی:

١- پێویستە ئەندامانی كۆمیتەی بەڕێوەبەری گشتی دوو ساڵ بەسەر ئەندامێتییان تێپەڕ بووبێ.

٢- جێگرەكانی كۆمیتەی بەڕێوەبەری گشتی لە (٣ ـ ٥) ئەندام ئەبن و یەكسەر دێنە كۆمیتەوە دوای ڕازیبوونی.

ب- **مەكتەبی سكرتاریەت**: لە ٥ ئەندام پێك دێت كە سەرۆك و سكرتێری گشتی و گەنجوور یان تیا ئەبێت.

كۆمیتەی بەڕێوەبەری گشتی لە كۆبوونەوەیەكی تایبەتدا پاش كۆنگرە بە دەنگدانی نهێنی هەڵیان ئەبژێرێت لە نێوان خۆیاندا و بەكاروباری كۆمیتەی بەڕێوەبەری گشتی هەڵئەستێت لە نێوان كۆبوونەوەكانیان و هەموو دەسەڵاتێكی ئەوی هەیە، سەرپەرشتی و چاودێری یەكێتی ئەكات، گۆڤار و بەیاننامە و نامیلكەی هۆشیاری بەپێی پێوست دەرئەكات.

١- سەرۆك، سەرۆكایەتی كۆبوونەوەكانی كۆمیتەی بەڕێوەبەری گشتی و مەكتەبی سكرتاریەت ئەكات و هەڵدەستێت بە سەرپەرشتی ئەوان و یەكێتی لە چالاكی و جموجوڵیاندا.

٢- سكرتێری گشتی جێگەی سەرۆك دەگرێتەوە و لە ئامادەنەبوونیدا یارمەتی ئەدات لە جێبەجێكردنی ئەركەكانی سەرشانیدا.

٣- گەنجور(خەزنەدار) لێپرسراوی كاروباری داراییە.

ج- **كۆنگرە:**بەرزترین دەسەڵاتی یەكێتییە لە نوێنەرانی لێژنەی شارەكان و ئەندامە پێشكەوتووەكانی پێك دێت و مافی دەستكاری و گۆڕینی پڕۆگرام و پەیڕەوی ناوخۆی هەیە. هەرساڵی جارێك ئەگیرێت یاخود لەسەر

داواکردنـــی ٣/٢ی ئەندامانـــی کۆمیتـــەی بەڕێوەبـــەری گشـــتی یـــان ٣/٢ی لێژنـــەی ناوچەکانـــی بـــە دەنگدانـــی نهێنـــی کۆمیتـــەی بەڕێوەبـــەری گشـــتی هەڵئەبژێـــرێ و لـــە کـــردەوە و جووڵانەوەیـــان ئەپرســـێتەوە.

د- **کۆنفرانس:**کۆبوونەوەیەکـی فـراوان لـە کاتێکـدا ئەگیرێـت کـە گرتنـی کۆنگـرە لـە توانـادا نەبێـت و هەمـوو دەسـەڵاتێکی کۆنگـرەی هەیـە، تەنهـا گۆڕینـی پرۆگـرام و پەیـڕەوی ناوخـۆ و گۆڕینـی کۆمیتـەی بەڕێوەبـەری گشـتی نەبێـت. پێـك دێـت لـە کۆمیتـەی بەڕێوەبـەری گشـتی و جێگرەکانـی و نوێنـەری ناوچـەکان و ئەندامانـی پێشـکەوتووی یەکێتـی.

**بەندی پێنجەم:**

دەسەڵاتەکانی دەزگا و لێژنەکانی یەکێتی:

**١- لێژنەی قوتابخانەکان:**

أ. سەرنجڕاکێشانی ئەندام.

ب. داواکردن لە لێژنەی شار بۆ سڕکردنی چالاکی ئەندامی سەرپێچیکەر.

**٢- لێژنەی شار:**

أ. سڕکردنی چالاکی ئەندامی سەرپێچیکەر بۆ ماوەی دوومانگ.

ب. داواکردن لە لێژنەی ناوچە بۆ دەرکردنی ئەندامی سەرپێچیکەر.

**٣- لێژنەی ناوچە:**

أ. سـڕکردنی چالاکـی ئەندامەکانـی لێژنـەی قوتابخانـە و شـار لـە کاتـی ســە ر پێچیکر د نیا ند ا .

ب. دەرکردنی ئەندامی سەرپێچیکەر دوای داواکردنی لێژنەی شار.

ت. لابردنی لێژنەی قوتابخانە.

**٤- کۆمیتەی بەڕێوەبەری گشتی:**

١- مافـی دەرکـردن و گۆڕینـی لێژنـەی شـار و ناوچـەی هەیـە ئەگـەر لـە ڕێبـازی

یەکێتــی لایــان دا و ئیشــکردنیان لەگــەڵ بەرژەوەنــدی یەکێتــی نەگونجــا. ڕوونکردنەوەکانــی هــۆکاری ئــەم کارە ئەبــێ بخرێتــە بەردەمــی کۆنگــرە.

٢- ســڕکردنی چالاکــی ئەندامــی کۆمیتــەی بەڕێوەبــەری گشــتی دوای ڕەزامەنــدی ٣/٢ی ئەندامانــی.

## بڕیارەکانی کۆنگرەی چوارەمی یەکێتی قوتابیانی کوردستان

**١- بڕیارێك دەربارەی شۆڕشی پیرۆزی گەلەکەمان:**

سەبارەت بەوەی کە شۆڕش لەسەر دەستی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستاندا دەستی پێ کرد بە سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان بە هۆی ئەو زۆر و ستەم و چەوسانەوەیە جۆربەجۆر و بێئەندازەیەی بەسەر گەلەکەمانەوە بووە و ڕاماڵینی کۆسپی ڕێگای پێشکەوتن و هێنانەدی مافی ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستانی عێراق و دامەزراندنی ڕژێمێکی دیموکراتی بۆ سەرانسەری عێراق.

وە لەبەر ئەوەی چارەنووسی قوتابیانی کوردستان ڕاستەوخۆ بەندە بە چارەنووسی گەلی کوردەوە و هەرگیز لێی جیا نابێتەوە. واتە بە مافی خوێندواری و سەقافی و نیشتمانی ناگات تا تێکڕا گەلەکەمان بە مافی نەتەوایەتیی نەگات، ئەمڕۆ تێکوشانی گەلەکەمان لەم شۆڕشە پیرۆزەدا خۆی ئەنوێنێ.

بە تێکڕا ئەندامانی کۆنگرە بڕیاریان دا کە پاڵپشتی تەواوی شۆڕش بکەن لە هەموو ڕوویەکەوە و بە هەموو توانای یەکێتییەکەمانەوە یارمەتی بدرێت و پتەوترین پەیوەندی و باشترین داواکاری لەگەڵ سەرکردایەتی شۆڕشدا بکات.

**٢- بڕیارێك دەربارەی ڕێکخراوە دیموکراتییە کوردستانییەکان:**

لەبەر ئەوەی نەتەوەکەمان سروشتی تایبەتی خۆی و ئامانج و ئاواتی نەتەوایەتیی هەیە و وەکو هەموو نەتەوەیەکی تر مافی دیاریکردنی سەرئەنجامی خۆی هەیە بەدەستی خۆی، بۆیە ئەبێت مافی (خۆڕێکخستنیشی لە ڕێکخراوی کوردستانیدا) پێ وا ببینرێ بۆ هێنانەدی مافە نەتەوایەتیی و ئابووری و سیاسی و نیشتمانی و ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتییەکانی و لەبەر تیشکی ڕۆشنایی ئەم ڕاستییەدا گەلی کورد دەستی کردووە بە خۆڕێکخستن لە ڕیزی چەند ڕێکخراوێکی دیموکراتی و پیشەییدا کە لە ناوجەرگەی ژیانی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانەوە ئامانج و پرۆگرام و شێوەی ئیشکردنی هەڵهێنجاوە بۆ ڕێکخستنی دەستە و تاقمە کۆمەڵایەتییەکانی بە جۆرێك کە لەگەڵ قۆناغی ئێستای بزووتنەوەی کوردایەتیدا بگونجێت و خەباتی خۆی تەرخان بکا بۆ

ســـەرکردایەتی و ڕابەریکردنیـــان بـــە ڕادەی یەکـــەم بـــۆ هێنانـــەدی ئامانجەکانیـــان.

وە لەبــەر ئــەوەی زروفــی سیاســی و نیشــتمانی  و کۆمەڵایەتــی و ڕۆشــنبیری و ئابــووری... کوردســتانی عێــراق وەکــو یــەك وایــە و چەوســانەوەی ئابــووری و کۆمەڵایەتــی و ڕۆشــنبیری و ویژدانــی کــە کانــگای هەموویــان چەوســانەوەی نەتەوایەتییــە، باڵــی شــی کێشــاوە بــە ســەر هەمــوو گەلــی کوردســتاندا بۆیــە زۆر ئامانجــی دوور و نزیکیــان ناوکۆییــە و هەموویــان یــەك ڕێگایــان بــۆ خەبــات و شــێوەی ئیشــکردنیان هەڵبــژاردووە.

لەبەر ئەمە کۆنگرەکەمان بڕیاری دا کە یەکەتییەکەمان خەبات بکات بۆ پێکهێنانی بەرەی نیشتمانی  ڕێکخراوە دیموکراتییە کوردستانییەکان، هەروەها (ی. ل. د. ك)  و (ی. م. ك) و (ی. ئا. د. ك)  پەسەندیان کردووە بە مەرجێك ئەو بەرەیە لێژنەیەك سەروەری بکات کە پێك بێت لە نوێنەرانی ئەو یەکیەتییانە و یەکیەتییەکەمان و گۆڤارێکی ناوکۆیی و بەیاننامە و بڵاوکراوەی پێویست و نامیلکەی هۆشیاری بۆ هەمووان دەر بکات.

**٣- بڕیار دەربارەی ڕێکخراوەکانی تر لە کوردستاندا:**

لەبــەر ئــەوەی هــەر ڕێکخراوێکــی قوتابییانــە هەبێــت لــە کوردســتاندا جگــە لــە یەکیەتییەکەمــان ئەبێتــە هــۆی پارچەپارچەکردنــی بزووتنــەوەی قوتابییانــەی قوتابیــان لــە کوردســتاندا کــە بەشــێکی گــرێ دراوە لــە بزووتنــەوەی کوردایەتــی و ئەمــەش لەگــەڵ هــەوڵ و تەقــەلای دوژمنــدا یــەك ئەگرێتــەوە. لەســەر ئــەم بنچینەیــە پێویســتە بەوپــەڕی توندییــەوە چالاکــی ڕۆشــنبیری و ئیشــکردن بەرەنگارییــان بکرێــت.

**٤- بڕیار دەربارەی هاوکاریکردنمان لەگەڵ ڕێکخراوەکانی تری قوتابیان لە عێراقدا:**

هیــچ هاوکارییــەك لــە نێــوان یەکیەتییەکەمــان و یەکیەتییەکانــی تــری قوتابیــان لــە عێراقــدا نابێــت بکرێــت تەنهــا لەســەر بنچینــەی داننــان نەبێــت بــە یەکیەتییەکەمــان بــە بڕیارێکــی ئاشــکرا کــە بــڵاو بکرێتــەوە بــە نــاو جەماهیــر ی قوتابیانــی عێراقــدا.

هەروەهــا کۆنگــرە زنجیرەیــەك بڕیــاری گرنگــی تــری دا دەربــارەی بــاری ئێســتای کوردســتان و عێــراق و بزووتنــەوەی ڕزگاریخوازانــەی نەتەوایەتیــی نەتــەوەی کــورد و گەلانی جیهــان و ئاشــتی و ئاسایشــی گێتــی و چەکداماڵینــی یەکجــاری و بەربەرەکانیکردنــی پەیمانــە ســەربازییە شــەڕاوییەکان ... و چەنــد ســڵاوێکی نــارد بــۆ ســەرکردایەتی گشــتی

شـۆڕش و ڕێکخـراوە دیموکراتییەکانـی کوردسـتان.

- سـەرکەوتن بـۆ خەباتـی شۆڕشـگێڕی گەلەکەمـان لـە ژێـر سـەرکردایەتی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتاندا.
- پتەوتر بێت ڕیزەکانی بزووتنەوەی کوردایەتی.
- بەردەوام بێت خەباتی ڕێکخراوە دیموکراتییە کوردستانییەکان.
- بژی یەکێتی قوتابیانی کوردستان ـ عێراق.

**مەکتەبی سکرتاریەتی**

**یەکێتی قوتابیانی کوردستان ٥ی ئاداری ١٩٦٤**

# کۆنفرانسی دووەمی یەکێتی قوتابیانی کوردستان
# کانی ماسی - سلێمانی - ١٩٦٤

بەپێی ئەو دابەشکارییەی بۆ قۆناغەکانی کاری ڕێکخراوەیی (یەکێتی قوتابیانی کوردستان) کراوە، ساڵی ١٩٦٤ جگە لەوەی بە دووبارە دەستپێکردنەوەی قۆناغی کاری نهێنی ڕێکخراوەکە لەقەڵەم دەدرێت کە لە ساڵی ١٩٦١ دەستپێدەکاتەوە، ڕێکخراوەکە لەو ساڵەوە تا ساڵی ١٩٧٠، تووشی بارودۆخێکی ناهەموارتر دەبێت کە بە قۆناقی ترازان ناودەبردرێت، لەم قۆناغەدا دوو ئاراستەی ڕێکخراوەکە بە هەمان ناوی (یەکێتی قوتابیانی کوردستان)ەوە لە ناوەندەکانی خوێندن هەوڵیان بۆ ڕاکێشانی قوتابیان بۆ ڕیزەکانیان دەدا، لەم پێناوەدا لە ڕکابەرییەکی نا تەندروستدا بوون[١].

پێش ئەوەی باس لە هەر وێستگەیەکی کاری یەکێتی قوتابیانی کوردستان بکەین، وادەخوازێت چاوێک بە بارودۆخی پارتی دیموکراتی کوردستان لەو قۆناغەدا بخشێنینەوە، بۆئەوەی ڕووداوەکانی نێو ڕێکخراوەکەمان بۆ ڕوونتر بینەوە، بەتایبەت کە ڕێکخراوی یەکێتی قوتابیان یەکێک بووە لە ئۆرگان و کۆڵەگە هەرە گرنگ و کاریگەرەکانی حزب و ڕووداوەکانی نێوخۆ و دەرەکییەکانی حزب ڕەنگدانەوە و کاریگەری ڕاستەخۆی بەسەر ڕێکخراوەکەوە هەبووە.

دوای ڕێککەوتنی ١٠ی شوباتی ١٩٦٤ی شۆڕش لەگەڵ حکومەت، لە مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان کە مەبەستیان جیاکردنەوەی سلێمانی بوو لە پارتی و شۆڕش، وەک دەربڕینی ناڕەزایی بەرامبەر ڕێککەوتننامەکە، لە پارتی دیموکراتی کوردستان جیابوونەوە و لە ئەدەبیاتی مێژووی هاوچەرخی کورد ناوی (جەلالی)یان لێنرا[٢].

هەوڵەکانی ئەم جیابوونەوەیە ئەگەرچی بۆ کۆتاییەکانی ساڵی ١٩٦٣ دەگەڕێتەوە، بەڵام ساڵی ١٩٦٤ و دوای مانگی شوبات بە ئاشکرا بە ڕوخساری حزبەوە دەرکەوت. کۆنگرەی چوارەمی یەکێتی قوتابیانی کوردستان ڕەنگدانەوەی ئاشکرای ئەم لێکترازانەی حزبە، بەو پێیەی ئەم گرووپەی مەکتەبی سیاسی بە بانگێشت نەکردنی ئەندامانی بادینانی ڕێکخراوەکە، هەوڵیاندا سکرتاریەتێک لە خۆیان بۆ ڕێکخراوەکە دابمەزرێنن، ئەوەبوو زۆربەی ئەندامانی سکرتاریەتی یەکێتی قوتابیان لە ناوچەی سلێمانی هەڵبژێردران[٣].

ئـەم سـکرتاریەتە لـە ڕێکـەوتی ٨ی حوزەیـرانی ١٩٦٤ بـە ناونیشـانی (هەڵوێسـتمان بەرامبـەر مـەلا مسـتەفا بارزانـی و پارتـی)، بەیاننامەیەکیـان لـە دژی سـەرۆک مسـتەفا بـارزانی و پـارتی دیموکـراتی کوردسـتان بەڵاوکـردەوە[٤]. ئـەم بەیاننامەیـە لـە ڕێکـەوتی ١٩ی ئـابی ١٩٦٤ لەلایـەن لێژنـەی ئامادەکاریـی یەکێتـی قوتابیـانی کوردسـتان لـە سـلێمانی وەڵام درایـەوە کـە پشـتیوانی خۆیـان بـۆ سـەرۆک مسـتەفا بـارزانی و شـۆڕش و پـارتی دیموکـراتی کوردسـتان دووپاتکردبـووەوە[٥].

بەوپێیـەی گرووپـی جیابـووەوەی مەکتـەبی سـیاسی کەمینـەی حزبیـان پێکدەهێنـا، سەرکردایەتییەکەشـیان لـە یەکێتـی قوتابیـان کـە تـەواو خۆیـان لـە بەرژەوەنـدی گرووپەکـە یـەکلای کردبـووەوە، توانـا و دەسـەڵاتی ڕایکـردن و ڕاپەڕانـدنی کاروبـاری ڕێکخراوەکەیـان نەبـوو، بۆیـە بڕیـاردرا لـە زووتریـن کاتـدا کۆنفرانـسی ڕێکخراوەکـە ئەنجـام بدرێـت[٦].

لـە ئەنجامـی ناڕازیبوونـی بنکەکانـی ڕێکخسـتنی یەکێتـی قوتابیانـی کوردسـتان لـە ئـەدای تاکڕەوانـەی سـکرتاریەتی کۆنگـرەی چـوارەم و پەراوێزخسـتنی قوتابیانـی دەڤـەری بادینـان لـە کۆنگـرەی چـوارەم، بەتایبەتـی کـە سـەرکردایەتییەکە نوێنەرایەتـی بەشـێکی پارێـزگای سـلێمانی دەکـرد نـەك هەمـوو کوردسـتان، بۆیـە لـە سـەرەتای مانگـی ئابـی سـاڵی ١٩٦٤، شـەش مانـگ دوای بەسـتنی کۆنگـرەی چـوارەم، نوێنەرانـی قوتابیـان بـە شـێوەیەکی ئاشـکرا و لـە ناوچـە ئازادکراوەکانـی پارێـزگای سـلێمانی لـە گونـدی کانـی ماسـی، کۆنفرانسـی دووەمـی خۆیـان بەسـت. لـە کۆنفرانسـەکەدا دەسـتەیەکی نـوێ بـۆ سـەرکردایەتی هەڵبژێـردران، هەتـا ڕێـگا خـۆش بکـەن بـۆ بەسـتنی کۆنگـرەی پێنجـەم.

دەسـتەی نوێـی سـکرتاریەت کـە هـاوکات لێژنـەی ئامادەکاریـشی ناوبـوو، بـەم شـێوەیە هەڵبژێـردران:

١- بەکر حوسێن- ڕێکخستنی سلێمانی

٢- جەلال حەمە عەلی- ڕێکخستنی سلێمانی

٣- عەدنان حاجی موسا- ڕێکخستنی بەغدا

٤- حەوێز دزەیی. ڕێكخستنی بەغدا

٥- عەبدولوەهاب تاڵەبانی- ڕێكخستنی كەركووك

٦- جەواد محەمەد شێروانی- ڕێكخستنی هەولێر

٧- عەبدولكەریم فەندی- ڕێكخستنی دهۆك[٧].

بەمــەش گشــت ڕێكخســتنەكان، بــە پێچەوانــەی ســەركردایەتی كۆنگــرەی چــوارەم نوێنەریــان لــەم ســەركردایەتییەدا هەبــوو.

## سەرچاوە و پەراوێز

١- ماجد حسن علي، الحركة الطلابية الكردية في العراق (١٩٢٦-١٩٧٠)، رسالة ماجستر/جامعة صلاح الدين في اربيل ٢٠٠٨، منشوراة سپیرێز، (هەولێر- مطبعة حاجی هاشم)، ص ص ٥١،٤٦.

٢- عرفان عەزیز عەزیز، کۆنگرە و کۆنفرانسەکانی یەکێتی قوتابیانی کوردستان، چاپی یەکەم، (هەولێر- چاپخانەی ڕۆژهەڵات-٢٠١٢)، ل ٤٣؛ دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان، مێژووی پارتی دیموکراتی کوردستان کۆنگرە کۆنفرانس (پرۆگرام و پەیرەوی ناخۆ)، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، (هەولێر- چاپخانەی ڕۆژهەڵات- ٢٠٢١)، ل ١٧٨.

٣- عرفان عەزیز عەزیز، هەمان سەرچاوە، ل ل ٤٣-٤٤.

٤- شازین هێرش، ڕێکخراوە دیموکراسیی و پیشەیی یەکان لە چەندین بەڵگەنامەی مێژووییدا ١٩٥٨ ـ ١٩٦٨، چاپی دووەم، (سلێمانی ـ چاپخانەی ڕاز ـ ٢٠٠١ز)، ل ٧٥،٧٣.

٥- هەمان سەرچاوە، ل ل ٨١-٨٢.

٦- ساسان عەونی، یەکێتی قوتابیانی کوردستان چەند لایەنێکی تێکۆشان و مێژوو، (هەولێر- چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە- ١٩٩٨)، ل ٢٤.

٧- ماجد حسن علي، المصدر السابق، ص ١٥٠؛ عرفان عەزیز عەزیز، هەمان سەرچاوە، ل ٤٤.

## کۆنفرانسی سێیەمی یەکێتی قوتابیانی کوردستان

## قەرەداغ - ١٩٦٥

پاش کۆنفرانسی دووەم، هەر زوو دوو بەرەکی و ناکۆکی و کێشە کەوتە نێوان سەرکردایەتی یەکێتی قوتابیانی کوردستان، سەرەنجام گروپێك لەو یەکێتییە جیابوویەوە و چەند ئەندامێکی سەرکردایەتی بە شێوازی جۆراوجۆر لە سەرکردایەتی دوور کەوتنەوە، لەوان بەکر حوسێن ئەندامی سەرکردایەتی چووە پاڵ گرووپە جیابووەکە، بۆیە لە ڕیزی یەکێتی قوتابیان دەرکرا، هەروەها عەبدولکەریم فەندی پەیوەندی بە ڕێزەکانی هێزی پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلوولەوە کرد، جەلال حەمە عەلی وازی لە ڕێزەکانی یەکێتی قوتابیانی کوردستان هێنا. بۆ ڕێکخستنەوە و پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییەی کە درووست ببوو، لە مانگی شوباتی ١٩٦٥، ئەو یەکێتیە کۆنفرانسێکی فراوانی لە دەڤەری قەرەداغی پارێزگای سلێمانی بەست، مەبەست لەو کۆنفرانسە چارەسەری کێشە کەڵەکەبووەکانی نێو سەرکردایەتی یەکێتی قوتابیان بوو، بۆ مەبەستی چاودێریکردن عەلی شنگالی وەك نوێنەری مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان، بەشداریی کۆنفرانسەکەی کرد[١].

**پاش کۆنفرانسەکە، سکرتاریەتی نوێ بە شێوەی خوارەوە لەلایەن نوێنەرانەوە هەڵبژێردران و دەستبەکار بوون:**

- عەدنان حاجی موسا
- حەوێز قادر دزەیی
- عەبدولوەهاب تاڵەبانی
- جەواد محەمەد شێروانی[٢].

(١)عبدالكريم فندي، المصدر السابق، ص ٥٣.

(٢)عرفان عەزیز عەزیز، سەرچاوەی پێشو، ل ل ٤٤ ـ ٤٥.

# کۆنفرانسی چوارەمی یەکێتی قوتابیانی کوردستان
# ناوپردان - ١٩٦٦

ئـەو لێژنــە ئامادەکارییــەی کۆنگــرە کــە لەلایــەن ســتافی کۆنفرانســی ســێیەمەوە دەستنیشــان کرابــوون، نەیانتوانــی لــە کارەکانیــان بــەردەوام بــن، چونکــە کێشــەکانی ناوخــۆی یەکێتــی قوتابیــان کوردســتان بــە هــۆی لێکترازانەکــەی ســاڵی ١٩٦٤ی ڕیزەکانــی پارتــی دیموکراتــی کوردســتان و وازهێنانــی بەشــێك لــە ئەندامــان و ســەرکردەکانی زیاتــر تەشــەنەی ســەند، بــەڵام بــە هەوڵــی دڵســۆزان بــۆ دەربازبــوون لــەو بارودۆخــە، ڕێکخســتنەکانی قوتابیــان بیریــان لــە ڕێگەچــارەی چارەســەری ناکۆکییــەکان کــردەوە.

لەســەر ئــەو بنەمایــە، لــە مانگــی تەمــوزی ســاڵی ١٩٦٦دا، بەشــێك لــە کادیرانــی پێشــکەوتووی یەکێتــی قوتابیانــی کوردســتان لــە گونــدی ناوپردانــی ســەر بــە پارێــزگای هەولێــر، لــە نزیــك بــارەگای مەکتەبــی سیاســی پارتــی دیموکراتــی کوردســتان، کۆنفرانســی چوارەمیــان ســازدا.

**لەم کۆنفرانسەکەدا سێ ڕاسپاردەیان دەرکرد:**

- دەستنیشــانکردنی لێژنەیەکــی ئامــادەکار بــۆ ســازدانی کۆنگــرەی پێنجــەم، هەتــا لــە هاوینــی ســاڵی ١٩٦٧دا کۆنگــرە ســاز بکرێــت. ئــەم لێژنەیــەش ئەرکەکانــی خــۆی بەجێهێنــا و لــە دوای کۆنفرانســە ناوخۆییەکانــی ڕێکخســتنەکان، نوێنەرانــی کۆنگــرە هەڵبژێــردران.
- پشــتگیریکردن لــە شۆڕشــی ئەیلــوول و پارتــی دیموکراتــی کوردســتان بــە ســەرۆکایەتی مســتەفا بارزانــی.
- داکۆکــی کــردن لــە داخوازییــە پیشــەیی و زانســتییەکانی قوتابیــان و مافــە نەتەوەییەکانــی کــورد(١).

(١)عبدالکریم فندي، المصدر السابق، ص ٥٣؛ عرفان عەزیز عەزیز، سەرچاوەی پێشو، ل ٤٦.

## کۆنگرەی پێنجەمی یەکێتی قوتابیانی کوردستان
## دەڤەری شوان - ١٩٦٧

دوای ئەنجامـدانی کۆنفرانســی دووەمـی یەکێتـی قوتابیـانی کوردسـتان لـە مانگـی ئـابی ١٩٦٤، ڕێکخســتنەکانی ڕێکخراوەکــە لــە ناوەنــدەکانی خوێنــدن، لــە شــارە جیــاوازەکانی کوردسـتان و عێـراق چالاکانـە کەوتنـەوە کار، بـە مەبەسـتی زیاتـر ڕێکخسـتنەوەی کاروباری خۆیـان، لەلایـەن سـکرتارییەتی قوتابیانـەوە بڕیـاردرا لـە پشـووی نیـوەی سـاڵی خوێنـدنی ١٩٦٤-١٩٦٥ کۆبوونەوەیەکـی فـراوان ئەنجـام بدرێـت[١].

کۆبوونــەوە لــە مانگــی شــوباتی ١٩٦٥، لــە ناوچــەی قەرەداغــی باشــووری پارێــزگای سـلێمانی بـە ئامادەبـوونی نوێنـەری تـەواوی لقـەکانی ڕێکخراوەکـە لـە شـارە جیـاوازەکانی کوردسـتان و عێـراق بەتایبـەتی ناوچـەی بادینـان ئەنجامـدرا، لـەو کۆبوونەوەیـە کـە نزیکەی چـل ئەنـدام بەشـداربوون، لەلایـەن مەکتـەبی ناوەندیـی حزبـەوە بەمەبەسـتی چاودێـری عـەلی شـنگاری نێردرایـە کۆبوونەوەکـە[٢].

کۆبوونەوەکــە مــاوەی یــەک ڕۆژی خایەنــد و لــە گرینگتریــن بڕیــارەکانی، دووپاتکردنــەوەی پشــتیوانی کــردن بــوو لــە شــۆڕش، هەروەهــا بڕیاریشــدرا ئــەو سـکرتاریەتە، یـان ئـەو لیژنـە ئامادەکارییـەی لـە کۆنفرانســی دووەم هەڵبژێردرابـوون، تــا ئەنجامــدانی کۆنگــرەی داهاتــوو وەک خــۆی بمێنێتــەوە [٣].

لـە بەرامبـەردا ئـەو گرووپـەی لـە حـزب و ڕێکخراوەکـە جیابوونـەوە و دابوویانـە پـاڵ گروپەکـەی مەکتـەبی سیاسی، لـەدژی کۆبوونەوەکـە بەیاننامەیەکیـان بڵاوکـردەوە، ئەمـەش بارودۆخـی ناوخـۆی ڕێکخراوەکـەی زیاتـر ئاڵـۆز کـرد[٤].

دوای تێپەڕبـوونی ماوەیەکـی کـەم بەسـەر ئـەم کۆبوونەوەیـە، دووبەرەکـی و ناکۆکـی کەوتــەوە نێــوان ســەرکردایەتی یەکێتــی قوتابیانــی کوردســتان، لــە ئەنجامــدا ژمارەیــەک ئەنـدام لـە ڕێکخراوەکـە جیابوونـەوە و چەنـد ئەندامێکـی سـەرکردایەتیش بـە شـێوازی جۆراوجـۆر لــە ســەرکردایەتی دوورکەوتنــەوە. لەنێویانــدا، بەکــر حوســێن ئەندامــی سـکرتارییەت چـووە پـاڵ گرووپـە جیابووەکـەی مەکتـەبی سیاسی، بۆیـە لـە ڕیـزی یەکێتـی قوتابیــان دەرکــرا، هەروەهــا عەبدولکەریــم فەنــدی پەیوەنــدی بــە ڕێزەکانــی هێــزی

پێشــمەرگەی شۆڕشــی ئەیلوولــەوە کــرد و جــەلال حەمــە عەلــی وازی لــە ڕێزەکانــی یەکێتــی قوتابیانــی کوردســتان هێنــا[٥].

بەهــۆی ئــەو بارودۆخــەی ڕێکخــراوی یەکێتــی قوتابیــانی کوردســتان پێیــدا تێدەپــەڕی و بەمەبەســتی چارەســەری کێشــە کەڵەکەبــووەکان، لەلایــەن ســکرتاریەتی ڕێکخراوەکــەوە، بڕیــاری بەســتنی کۆنفرانســێکی بەپەلــە درا، بۆئــەوەی هەرچــی زووە ئامادەکارییــەکان بــۆ بەســتنی کۆنگــرەی پێنجــەم دەســتپێبکرێت، ئەوەبــوو کۆنفرانــس لــە ڕێکــەوتی ٢٩ی حوزەیــرانی ١٩٦٦ لــە ناوپــردانی ناوچــەی باڵەکایــەتی ئەنجامــدرا و چەنــد بڕیارێــک دەرکــران کــە گرینگترینیــان: دروســتکردنی لێژنــەی ئامــادەکاری کۆنگــرەی پێنجــەم بــوو کــە بڕیاردرابــوو لــە هاوینــی ســاڵی ١٩٦٧ ببەســترێت. بەردەوامبــوون لــە پشــتگیریکردنی شــۆڕش و داکۆکیکــردن لــە داخوازییــە پیشــەیی و ئەکادیمییــەکانی قوتابیــانی کــورد[٦].

وەک ئــەوەی لــە کۆنفرانســـی ناوپــردان بڕیــاری لەبــارەوە درابــوو، بەهــۆی ئــەو بارودۆخــە ئاڵــۆزەی ڕێکخراوەکــە پێیــدا تێپەڕدەبــوو و دوای ئامادەکارییــەکانی لێژنــەی ئامــادەکار، کۆنگــرە لــە ڕۆژانی ١٣ بــۆ ١٥ی تەمــووزی ١٩٦٧، بــە دروشــمی (ئــەی جەماوەری قوتابیــان خەبــات بکــەن لــە پێنــاو مافەکانــی قوتابیــان و بونیاتنانــی عێراقێکــی دیموکــراسی و پەرلەمانــی و ئۆتۆنۆمــی بــۆ کوردســتان)، بــە ئامادەبــوونی حەفتــا نوێنــەری لــق و لێژنــە ناوخۆییــەکانی ڕێکخراوەکــە لــە کۆلێــژەکانی بەغــدا و موســڵ و پەیمانــگا و قوتابخانــە ناوەنــدی و دواناوەندییــەکانی ناوچــە جیــاوازەکانی کوردســتان، لــە ناوچــەی (شــوان)ی ســەر بــە پارێــزگای کەرکــوک، بــە ئامادەبــوونی ئەحمــەد جەرجیــس ئەتــروشی نوێنــەری ســەرۆک مســتەفا بــارزانی ئەنجامــدرا[٧].

لەلایــەن ئەندامــانی کۆنگــرەوە، ڕەشــنووسی پرۆگــرام و پەیــڕەوی ناوخــۆی ڕێکخراوەکــە بــە دەســتکارییەوە پەســەندکرا و عەبدولکەریــم حەســەن وەک ســەرۆک و نــەوزاد عــەلی محەمــەد وەک ســکرتێری ڕێکخراوەکــە هەڵبژێــردران. ســکرتاریەتی نوێــش بــە دەنگــی نوێنــەرانی کۆنگــرە بــەم شــێوەیە هەڵبژێــردران:

١- ئەنوەر عەبدوڵا، ئەندامی سکرتاریەت

٢- قادر حەمەدەمین، ئەندامی سکرتاریەت

٣- جەواد محەمەد شێروانی، ئەندامی سکرتاریەت

٤- حەمەزیاد ئیسماعیل، ئەندامی سکرتاریەت[٨].

**لە گرینگترین بڕیارەکانی کۆنگرە:**

بەهێزترکـردنی پەیوەندییـەکانی لەگـەڵ ڕێکخـراوەکانی قوتابیـانی تورکیـا و سـوریا. کردنـەوەی زانکۆیـەک لـە کوردسـتان. دەرکـردنی عەبدولوەهـاب تاڵەبـانی و فـارس جـوکل حەوێـز لـە ڕێکخراوەکـە، بەهـۆی پەیوەندییـان بـە دەسـەڵاتی ناوەندییـەوە. وەرگرتنـی قوتابیـانی کوردسـتان لـە کۆلێـژ و زانکـۆکانی عێراق لەسـەر بناغـەی دابەشـکاری هەرێمایەتی. بـە کـوردی کـردنی خوێنـدن لـە تـەواوی قۆناغـەکان لـە سەرتاسـەری کوردسـتان، بـە تایبـەت پارێـزگای موسـڵ. وەرگرتنـی قوتـابی کـورد لـە کۆلێـژەکانی سـەربازی، پۆلیـس و فڕۆکـەوانی. دیاریکـردنی چارەنـووسی ئـەو قوتابیانـەی پەیوەندییـان بـە شۆڕشـەوە کردبـوو. بـوونی نوێنـەری ڕێکخراوەکـە لـە ئەنجومـەنی سـەرکردایەتی شـۆڕش و چەندیـن بڕیـاری تـر[٩].

سـەرکردایەتی نـوێ، لـە مانگـی تشـرینی دووەمـی سـاڵی ١٩٦٧، گۆڤـاری «خەباتـی قوتابیان»یـان وەك ئۆرگانـی یەکێتـی قوتابیـان بڵاوکـردەوە، بـەڵام ئـەم سـتافە تەنیـا بـۆ ماوەیەکـی کـەم کاریـان بەڕێکـرد و دوای چـوار مانـگ عەبدولکەریـم حەسـەن وازهێنانـی خـۆی لـە سـەرۆکی یەکێتییەکـە پێشـکەش بـە سـکرتاریەت کـرد، هەروەهـا نـەوزاد محەمـەد عەلـی پەیوەنـدی بـە ڕیزەکانـی هێـزی پێشـمەرگەوە کـرد، لـە شـوێنی ئـەوان هـەر یەکێـك لـە ئەنـوەر عەبـدوڵا بـە سـەرۆکی یەکێتـی قوتابیـان و عەبدولقـادر حەمەدەمیـن بـە سـکرتێری یەکێتـی قوتابیانـی کوردسـتان دەستنیشـان کـران[١٠].

ماوەیەکـی زۆری نەبـرد، کێشـە کەوتـە نێـوان ئـەم سـەرکردایەتیە نوێیـە، چونکـە کادیرانـی نیشـتەجێی شـاری بەغـدا، ناڕەزاییـان دەربـڕی، سـەبارەت بـەوەی نوێنەریـان لـە کۆنگـرەی پێنجـەم کەمـە، بۆیـە لێژنەیەکیـان بـۆ سەرپەرشـتی لێژنـەی ڕێکخسـتنی بەغـدا بەنـاوی «لێژنـەی سـەرەکی ڕێکخسـتنی بەغـدا» پێکهێنـا، پـاش ئـەوەی لێژنەکـە دەسـتی بەکارەکانـی کـرد، دەسـتەیەکی نوێـی بـۆ سـەرکردایەتی یەکێتیەکـە بـەم شـێوەیە هەڵبژێـردرا:

١- فەرهاد عەونی حەبیب، بەرپرسی لێژنە

٢- جەلال خۆشناو، ئەندامی لێژنە

٣- ڕەنج نوری شاوەیس، ئەندامی لێژنە

٤- جەواد محەمەد شێروانی، ئەندامی لێژنە

٥- عادل فازڵ لەیلانی، ئەندامی لێژنە

٦- فەرەیدون عوسمان، ئەندامی لێژنە[١١].

لێژنـەی سـەرەکی ڕێکخسـتنی بەغـدا سـاڵی ١٩٦٨، بەهـۆی لاوازیـی سـکرتاریەت پەیوەندییـان بـە لقـەکانی کەرکـووک، سـلێمانی و موسـڵەوە کـرد، بۆئـەوەی سەرپەرشـتیی کارەکانیـان بکـەن، هەمـان سـاڵ ئاهەنگـی نەورۆزیـان بـە ئاشـکرا لـە کۆلێـژی کارگێـڕی و ئابـووری زانکـۆی بەغـدا گێـڕا کـە نزیکـەی دووسـەد قوتـابی کـورد و عـەرەب بەشـداریان تێداکـرد[١٢].

بەهـۆی دوورییـان لـە یەکترییـەوە، سکرتارییەتی یەکێتـی قوتابیـانی کوردسـتان و لێژنـەی سـەرەکی ڕێکخسـتنی بەغـدا هەماهەنگییەکـی ئەوتۆیـان لەنێوانـدا نەبـوو و بە شـێوەیەکی کردەیـش ڕێکخسـتنی بەغـدا دەسـەڵاتێکی زیاتـری بەسـەر کاری ڕێکخراوەکـەوە هەبـوو، بۆیـە لقـی هەولێـر و سـکرتاریەتی کۆنگـرەی پێنجـەم، لـە مانگـی تەمـووزی ١٩٦٨، لـە گونـدی حاجـی ئۆمەرانـی سـەر بـە پارێـزگای هەولێـر سـەردانی سـەرۆك مسـتەفا بارزانییـان کـرد، بەوپێیـەی لقـی هەولێریـش نەیتوانیـووە چیـتر لەگـەڵ مەکتەبـی سـکرتاریەتدا هەماهەنـگ بێـت[١٣].

ئـەم کێشـە و نـا هەماهەنگییـە تـا پایـزی سـاڵی ١٩٦٩ بـەردەوام بـوو، واتـە تـا ئـەو وەختـەی شـاندێکی مەکتەبـی سیاسـی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان لـە شـاری بەغـدا پێشـوازیی لـە لێژنـەی سـەرەکی ڕێکخسـتنی بەغـدا کـرد و بڕیـار درا لـە گونـدی ناوپـردان، لـە بـارەگای مەکتەبـی سیاسـیی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان کۆبوونەوەیەکـی هاوبـەش بـۆ هـەردوولا بکرێـت[١٤]. لـە ڕێکەوتـی ٦ی شـوباتی ١٩٧٠، بـێ ئامادەبوونـی سـەرۆکی یەکێتـی قوتابیانـی کوردسـتان، کۆبوونـەوە و لـە ئەنجامـدا «نووسـینگەی ڕێکخسـتنی ناوەنـد» لـە هـەردوولا بـەم شـێوەی خـوارەوە پێکهـات:

١- فەرهاد عەونی، بەرپرسی نووسینگەی ناوەندی

٢- ئەنوەر عەبدوڵا، ئەندامی نووسینگەی ناوەندی

٣- جەلال سەلیم خۆشناو، ئەندامی نووسینگەی ناوەندی

٤- قادر حەمەدەمین، ئەندامی نووسینگەی ناوەندی

٥- ڕەنج نوری شاوەیس، ئەندامی نووسینگەی ناوەندی

٦- عادل فازڵ لەیلانی، ئەندامی نووسینگەی ناوەندی[١٥].

دوای پێکهێنانی نووسینگەی ڕێکخستنی نوێی ناوەند، ئەرکەکان بە شێوەی خوارەوە دابەش کران:

فەرهاد عەونی و جەلال خۆشناو- سەرپەرشتی ڕێکخستنەکانی زانکۆی بەغدا، قوتابخانەکانی پارێزگای بەغدا، قوتابخانەکانی پارێزگای سلێمانی و قوتابخانەکانی خانەقین.

جەواد محەمەد شێروانی- بەرپرسی ڕێکخستنەکانی زانکۆی بەسرا.

قادر حەمەدەمین- بەرپرسی ڕێکخستنی قوتابخانەکانی پارێزگای هەولێر.

ڕەنج نوری شاوەیس و ئەنوەر عەبدوڵا- بەرپرسی ڕێکخستنەکانی زانکۆی موسڵ و قوتابخانەکانی پارێزگای موسڵ.

عادل فازڵ لەیلانی و فەرەیدون عوسمان- بەرپرسی ڕێکخستنەکانی پارێزگای کەرکووک.

شاری بەغداش وەك ناوەندی دەسەڵات دەستنیشان کرا[١٦].

## سەرچاوە و پەراوێز

١- عرفان عەزیز عەزیز، کۆنگرە و کۆنفڕانسەکانی یەکێتی قوتابیانی کوردستان، چاپی یەکەم، (هەولێر - چاپخانەی ڕۆژهەڵات-٢٠١٢)، ل ل ٤٤-٤٥.

٢- ماجد حسن علي، الحركة الطلابية الكردية في العراق (١٩٢٦-١٩٧٠)، رسالة ماجستر/جامعة صلاح الدين في اربيل ٢٠٠٨، منشوراة سپیرێز، (هەولێر- مطبعة حاجی هاشم)، ص ص ٥٠-٥١.

٣- نفس المصدر، ص ١٥١.

٤- شازین هێرش، ڕێکخراوە دیموکراسیی و پیشەیی یەکان لە چەندین بەڵگەنامەی مێژوویيدا ١٩٥٨ ـ ١٩٦٨، چاپی دووەم، (سلێمانی ـ چاپخانەی ڕاز ـ ٢٠٠١ز)، ل ل ٩٦-٩٧.

٥- عرفان عەزیز عەزیز، هەمان سەرچاوە، ل ٤٥.

٦- ساسان عەونی، یەکێتی قوتابیانی کوردستان چەند لایەنێکی تێکۆشان و مێژوو، (هەولێر - چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە- ١٩٩٨)، ل ٢٤؛ عرفان عەزیز عەزیز، هەمان سەرچاوە، ل ٤٦.

٧- كاكل محمد طاهر، صفحات نضالية من الماضي القريب، مجلة گولان العربي، العدد ٢٧، اربيل، مطبعة الثقافة، ٢٥ آب ١٩٩٨م، ص ٧٤؛ ماجد حسن علي، المصدر السابق، ص ١٥٢؛ عرفان عەزیز عەزیز، هەمان سەرچاوە، ل ٤٧.

٨- ماجد حسن علي، المصدر السابق، ص ١٥٣؛ عرفان عەزیز عەزیز، هەمان سەرچاوە، ل ٤٨.

٩- ساسان عەونی، سەرچاوەی پێشوو، ل ل ٢٥-٢٦.

١٠- عرفان عەزیز عەزیز، هەمان سەرچاوە، ل ل ٤٧-٤٨.

١١- هەمان سەرچاوە، ل ٤٩.

١٢- هەمان سەرچاوە، ل ٤٩.

١٣- هەمان سەرچاوە، ل ٤٩.

١٤- ساسان عەونی، سەرچاوەی پێشوو، ل ل ٢٦-٢٧؛ عرفان عەزیز عەزیز، هەمان سەرچاوە، ل ٥٠.

١٥- ساسان عەونی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٧؛ ماجد حسن علي، المصدر السابق، ص ١٥٦.

١٦- ساسان عەونی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٧؛ عرفان عەزیز عەزیز، هەمان سەرچاوە، ل ٥٦.

## پرۆگرام و پەیڕەوی ناوخۆی کۆنگرەی پێنجەمی یەکێتیی قوتابیانی کوردستان پێشەکی

لەناو خەباتی قوتابیانی کوردستان و وەک ئەنجامێکی حەتمی بوژانەوە و گەشەسەندنی باڵی قوتابیانەی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد- کوردایەتی – و کاریگەربوونی بە بزووتنەوەکانی قوتابیان لە جیهان دا و وەکو وەڵامێک بۆ پێداویستییە مێژووییەکان، یەکێتی قوتابیانی کوردستان – عێراق دروستبوو. دوای ئەوەی زۆر هۆکار ئەو بارودۆخەیان ڕەخساند کە بوونە هۆی پێکهاتنی یەکێتی، لەوانە پێداویستییە کۆمەڵایەتییەکان بۆ ڕێکخستنی جەماوەری قوتابیان و سەرکردایەتیکردنی خەبات و چالاکییەکانیان، بەتایبەتی دوای دەرکەوتنی ئەو پێداویستییانە بەپێی پێشکەوتنی کۆمەڵگە و بە تەریبی و گونجان لەگەڵیدا.

دروستبوونی یەکێتییەکەمان ڕووداو و پێشکەوتن بوو لە مێژووی بزووتنەوەی قوتابیان لە کوردستان- عێراق، بەشێوەیەک بۆ یەکەمینجار لە مێژوودا، خەباتی قوتابیان شێوەیەکی ڕێکخراو و ئاراستەکراوی وەرگرت و یەکێتی هاتە مەیدانی خەباتی نیشتمانی بۆ بەرجەستەکردنی هەستەکانی قوتابیانی کوردستان و بۆ دەربڕینی خواست و ئارەزووەکانیان و دابینکردنی دواڕۆژێکی باشتر بۆ ئەوان و گەلەکەیان و هێنانە ئارای کەشێکی زانستیی بەرز و گونجاو و دانانی چارەسەریی گونجاو بۆ کێشەکانیان و لێکۆڵینەوە لێیان و دابینکردنی پێداویستییە جیاوازەکانیان. هەروەها بۆ ئاراستەکردنی چالاکی و کارە جۆراوجۆرەکانیان و گونجاندن و سەرکردایەتیکردنی و بەگەڕخستنی تواناکان و بزواندنی کارامەییەکانیان لە چوارچێوەیەکی ڕێکخراوەیی پتەودا کە بتوانێت خەبات بۆ پەروەردەکردن و پێگەیاندنی نەوەیەکی ڕۆشنبیر و ڕووناکبیر بکات و باوەڕی بە ڕەوایی پرسی گەلی کورد و خەباتە ڕەواکەی هەبێت و درکی پێبکات و لە ڕاستی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد و ناوەڕۆکە کۆمەڵایەتی و مرۆڤایەتییەکەی و ناوەڕۆکە پێشکەوتنخوازییەکەی بگات و هەست بە بەرپرسیاریەتی نیشتمانی بکات لە پێویستبوونی لێکدانی خەباتی قوتابیانی کوردستان لەگەڵ خەباتی گەلەکەمان و پاڵپشتیکردنی تێکۆشانی هاوبەشی عەرەبی و کوردی لە دژی ئیستیعمار و کۆنەپارێز و لە پێناو ئامانجە هاوبەشەکانیان.

بە دڵنیاییەوە هەبوونی دەقی بێگیان لەبارەی مافە ڕۆشنبیرییەکانی قوتابیانی کورد لە

پرۆگرامـی ڕێکخـراوەکانی دیکـەی قوتابیـان، پاسـاوی هەبـوونی یەکێتـی قوتابیـانی کوردسـتان – عێـراق تناکاتـەوە، چونکـە کرۆکـی هەبـوونی لـە ئاسـتی گەورەیـی بەرپرسـیاریەتییە مێژووییەکـەی یەکێتییەکەمانـدا نییـە کـە لـە بـارودۆخ و گرفتـە تایبەتییـەکانی قوتابیـانی کوردسـتان و هەبـوونی ڕێکخراوێـک و ئاڕاسـتەکردنی هەوڵەکانیـان بـۆ چارەسـەرکردنی کێشـە تایبەتییەکانیـان لـە بارودۆخـە تایبەتییەکانیان تێـدەگات. هەروەک هەبـوونی یەکێتییەکەمان نابێتـە بەربەسـت لەبـەردەم یەکێتیـی بزووتنـەوەکانی قوتابیـان و بەرەی تێکۆشـانی لە عێراق، بەڵکـو بـە پێچەوانەوە هەبوونی یەکێتییەکەی ئێمە لە پابەندبوونە سـەرەکییەکانی و مەرجێک کـە هەرگیـز دەسـتبەرداری نابێـت کـە بەیەکـەوە گرێـدانی هێـزە قوتابییـە پێشـکەوتووەکانە و بـۆ پتەوکـردن و پشـتگیریکردنی برایەتیـی و دۆسـتایەتی و هـاوکاری لـە نێـوان لایەنـەکانی بزووتنـەوە قوتابییـەکانی عێـراق.

بەمشـێوەیە دروسـتبوونی یەکێتییەکەمـان و پێکهاتنـی، پێداویسـتییەکی مێژوویـی بـوو کـە دەبـوو ببێـت و پێداویسـتییە ڕێکخراوەییـەکان و تێکۆشـانی قوتابیانمـان- وەک بەشـێک لـە تێکۆشـانی گەلەکەمـان- لـەم قۆناغە مێـژووەی ئێسـتادا وایکرد، سـەرهەڵبدات، لەمەشـدا هاوشـێوەی تـەواوی ڕێکخـراوە قوتابییـە پێشـکەوتنخوازەکانی جیهانـە.

ئەزموونـەکانی تێکۆشـان دروسـتی و لـە جێبـوونی ئەم ئەنجامە زانسـتییەیان سـەلماندووە، هـەروەک جەختـی لـە ڕۆڵـی شـەرەفمەندانەی یەکێتییەکەمـان کردووەتـەوە لـە گەیانـدنی قوتابیـان بـە ئاسـتێک لـە بەرپرسـیاریەتی مێژوویـی و نیشـتمانی و لـە ڕۆشـنبیرکردن و هۆشـیارکردنەوە  و ڕووناکردنـەوەی فیکریـان و دەرخسـتنی پێویسـتیی ئـەو پەیوەندییـەی خەبات کە تێکۆشـانی زیندووی قوتابیانی کوردسـتانی، بە تێکۆشـانی گەلەکەمان بەسـتووەتەوە. هەروەهـا لەلایـەک بەرەنـگاری فیکـرە کۆزمۆپۆلەتییـەکان و لەلایەکـی دیکـەش بەرەنـگار شـۆڤێنیەت و فیکرەکانی و فیکری دابڕاندنی نەتەوەیی، لەمڕێیەشـەوە ڕێکخسـتنەوەی هۆشی خەڵـک و پاککردنـەوەی لە ژەهـر، بەتایبەتی لەوکاتەی شـۆڕشی ڕزگاری و بەرگری گەلەکەمان دەسـتپێکرد کـە تێیـدا یەکێتییەکەمـان خەباتیکـرد و توانـا مـاددی و ئـەدەبی و فیکرییـەکانی خـۆی خستەبەردەسـتی، هـەروەک لـە شۆڕشـیش بەشـداربوو لـە پاککردنـەوەی فـەوزا و بێبایەخکـردن و ململانـێ، ئەمەش بۆ ئەوەی شـۆڕش بەو شـێوەیە بمێنێتەوە کە پێشـکەوت و شـۆڕشی جەمـاوەری گەلەکەمـان بوو و ناوەرۆکە شۆڕشـگێڕی و کۆمەڵایەتییەکـەی بپارێزێت

و ئـەو بنەمایانـە پتـەو بـکات کـە لەسـەری دامەزرابـوو. یەکێتـی لـەم خەباتـەی خـۆی بـێ ماندووبـوون و بێزاربـوون بەردەوامبـوو لـە پێنـاو ئامانجـەکانی و پاراسـتنی - بزووتنـەوە ڕزگاریخوازەکەمـان- لـە پـلان و پیلانگێڕیـی ئیسـتیعمار و کۆنەپارێـز.

کارێکــی ســەرەتاییە کــە خەبــات لــە پێنــاو گەیانــدنی قوتابیــانی کوردســتان بــە ئامانجەکانیــان و بەشــداریکردن لــە خەبــاتی ڕزگاریخــوازی گەلەکەمــان لــە بارودۆخــی کوردسـتان و عێـراق بـە شـێوەیەکی گشـتی نـە کارێکـی ئاسـان بـووە و نـە ئاسانیشـە، هـەر بۆیـە بەربەسـتی زۆر هاتنـە بـەردەم تێکۆشـانی قوتابیـان، بـەڵام یەکێتـی لەسـەر باوەڕبـوون بـە ڕەوایـی مافـەکانی قوتابیـانی کوردسـتان لـە ڕووی نەتەوەیـی و ڕۆشـنبیری و دروسـتی ڕێـی تێکۆشـان و هێـز و توانـای جەمـاوەر مایـەوە، بـێ گوێدانـە گەورەیـی قوربانیـدان، بـەرەوڕووی تـەواوی بەربەسـتەکان بـووە و لـە بزووتنـەوە قوتابیانییەکـەی لـە کوردسـتان لەســەر ڕێچکەیەکــی دروســت و ڕێبازێکــی پتــەوی بزووتنــەوەی ڕزگاریخــوازی گــەل و شۆڕشـەکەی بـەردەوام بـوو، لـە بـەر ڕۆشـنایی شرۆڤـەی زانسـتی بـۆ بارودۆخـی شـۆڕش و بارودۆخـی کوردسـتان و عێـراق بـە شـێوەیەکی گشـتی.

ئەمـڕۆ هاتوینەتـەوە تـا بـە دڵنیاییـەوە جەخـت لـەوە بکەینـەوە کـە یەکێتییەکەمـان بەسـەر ئـەو بەربەسـتە دەسـتکردانەدا زاڵدەبێـت کـە هەندێـک کـەس هەوڵـدەدەن بیخەنە بەردەمـی، هـەروەک چـۆن بەربەسـتی زۆر، لەوانـەی خرابوونـەوە بەردەمـی، بـە چالاکییـە ڕێکخراوەیـی و فیکرییـەکانی لایـدان. هیـچ هەوڵێک نە سـەری گرتووە و نە سـەردەگرێت بۆ دروسـتکردنی بەدیلێـک بـۆ یەکێتییەکەمـان و بـە زۆر سـەپاندنی بەسـەر قوتابیانی کوردسـتان، یـان بانگەشـەی ئـەوە بکـەن بەنـاوی ئەوانـەوە قسـە بکـەن، یـان ئیرادەیـان سـاختە بکـەن. یەکێتییەکەمـان مزگێنـی سـەرکەوتنی ئیـرادەی ڕاسـتەقینەی قوتابیـانی کوردسـتان دەدات و ئـەو بەربەسـتانە تەنیـا دیـاردەی کاتیـن و هەوڵـی نەزۆکـن و هێنـدە نین لەبەردەم شـەپۆلی پێشـکەوتن و تێکۆشـانی جەماوەری و گەورەیی شـۆڕش بوەسـتنەوە. یەکێتییەکەمان گونجاو و وەڵامـدەرەوەی واقیعـی ڕەوتی پێشـکەوتنی کۆمەڵگـە و بزووتنـەوەی قوتابیانی کوردسـتانە و بووەتـە بەشـێک لـە بـزاوتی بوژانـەوە و پێشـکەوتنی کۆمەڵگەی کوردسـتانی و ناکرێت ڕێی لـێ بگیرێت. خەباتە پڕ مەترسییەکەی ڕێکخراوەکەمان شـوێنێکی شایسـتەی بـۆ دیاریکراوە لـە کۆمەڵگـەی کوردسـتانی و لەنـاو ئـەو قوتابیانـەی کـە یەکێتی سروشـت و ئـادگاری تایبەتی

لـێ وەرگرتـوون و ڕەگـی قووڵـی لەنـاو کۆمەڵگـە و لەنـاو قوتابیـان داکوتـاوە، بۆیـە ڕاسـتی ئـەوەی کـە یەکێتییەکەمان پێشـوی تێکۆشـانی قوتابیـانی کوردسـتانە و نوێنەریانـە و دەربڕی باوەڕپێکـراوی ئیرادەیانـە، بەجۆرێـک ڕوونـە کـە هیـچ بوارێـک بـۆ بەهەندوەرنەگرتـن، یان دژایەتیکردنیـان بەهـەر پاسـاوێکی بـێ بنەمـا، نەماوەتەوە.

بزووتنـەوەی ڕزگاریخـوازی گـەلان لەپێنـاو ڕووخانـدنی سـوپەر و قـەڵاکانی ئیسـتیعمار و خەبـات لـە دژی داگیـرکاری و چەوسـاندنەوەی نەتەوەیـی و گەزپەرسـتی، یـەک زنجیرەیـە لـە پێنـاو لابـردن و ڕاماڵینـی ئیسـتیعمار و دواکەوتوویـی و نەفامـی و هـەژاری و نەخـۆشی، هەروەهـا لـە پێناو وەدەسـتهێنانی سـەربەخۆیی و ئازادییـە دیموکراتییـەکان و داهاتوویەکی باشـتر، بۆیـە یەکێتییەکەمـان پشـتگیری خـۆی بـۆ بزووتنـەوە میللیـە ئازادیخـوازەکانی دژی ئیسـتیعمار دەربڕیـوە و دەردەبڕێـت.

لـە سـۆنگەی ئەم ڕاسـتییانەوە دروسـتی و پێویسـتیی خەبـاتی (عەرەبی-کـوردی) هاوبەش لـە عێـراق دەرکـەوت، لەناویشـیاندا خەبـاتی هاوبـەشی قوتابیانـەی قوتابیـانی کوردسـتان و قوتابیـانی عـەرەب و قوتابیـانی کەمینـە نەتەوەییەکانی لە عێراق نیشـتەجێن، لەپێنـاو ئامانجی هاوبـەش و پاراسـتنی کۆمـاری ١٤ی تەمـوز لـە پیلانـەکانی ئیسـتیعمار بـۆ گەڕاندنـەوەی ئەو ڕژێمـەی دۆسـتی ئـەو بـوون لە عێـراق. لەوکاتـەی یەکێتییەکـەی ئێمـە بەبەردەوام لـە پێناو ئـەو ئامانجانـەدا تێدەکۆشـێت، ئـەوە بـە ئەرکی خـۆی دەزانێت کـە بەرپرسـیاریەتی گرنگ و بەپەلـە ئاڕاسـتەی قوتابییـە عەرەبـەکانی برامان بکات کـە بریتییە لە بنیاتنـانی کۆمارێکی ئازاد لـە عێـراق، دەسـتەبەرکردنی ئازادییـە دیموکراتییـەکان بۆ گەلی عێـراق و مافـە نەتەوەییەکانی گـەلی کـورد، هەروەهـا ڕەخسـاندنی کەشـێکی لەبـار تا گەلی کورد لە شـێوەی حوکمـی زاتی بۆ کوردسـتان لـە کۆمـاری عێراقـدا مومارەسـەی مافەکانی بکات، بـەو پێیەی ئـەوە تاکە هۆکاری گرێنتـی گەورەیـە بـۆ بەهێزکـردنی کۆمـاری ١٤/تەمـوز و یەکێتیـی نیشـتمانی و تێکۆشـان و برایەتیـی کـورد و عـەرەب و بنیاتنـانی قەڵایەکـی پتـەوی دیموکـراتی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاسـت کـە توانـای بەرەنگاربوونـەوەی پیلانەکانی ئیسـتیعماری هەبێت بە سـەرکەوتوویی کە پشـتی بـە توانای گـەلی یەکگرتوو بەسـتبێت.

## پرۆگرام

**ماددەی یەکەم: ناوی ڕێکخراو: یەکێتیی قوتابیانی کوردستان – عێراق**

**ماددەی دووەم: چوارچێوەی کار:-**

١- کوردستانی عێراق.

٢- مەکتەبی سکرتاریەت مافی ئەوەی هەیە لە پارچە عەرەبییەکەی عێراقدا لقەکانی بکاتەوە.

**ماددەی سێیەم: سروشتی یەکێتی**

یەکێتـی ڕێکخراوێکـی قوتابیانـەی نیشـتمانیی دیموکراتییـە و ملکەچـی دەسـەڵاتی هیـچ حیزبێـک نییـە، خەبـات دەکات لـە پێنـاو وەدەسـتهێنانی ئامانجـە تایبەتییـەکانی قوتابیـانی کوردسـتان و ئامانجـە هاوبەشـەکانی تـەواوی قوتابیـانی عێـراق، هەروەهـا لـە پێنـاو وەدەسـتهێنانی ئامانجـەکانی گـەلی کـورد لەسـەر بنچینـەی حوکمـی زاتی(ئۆتۆنۆمـی) لـە چوارچێـوەی حوکمـی دیموکـراتی بـۆ عێـراق.

**ماددەی چوارەم: ئامانجە قوتابیانەییەکان**

١- پەرەپێـدان و بڵاوکردنـەوەی زانسـت و مەعریفـە و ڕۆشـنبیری لـە نێـو کۆمەڵگـەی کوردسـتانی بـە نێـر و بـە مێیـەوە و بەرەنگاربوونـەوەی نەخوێنـدەواری لەڕێـی:

أ. خوێندن لە قۆناغی سەرەتاییدا بکرێتە بەخورتی، بە جۆرێک هەموو هاوڵاتیان بگرێتەوە لە تەواوی کوردستاندا و کردنەوەی ژمارەی پێویستی قوتابخانە بۆ ئەم مەبەستە.

ب. لـە کوردسـتان لـە هەمـوو قۆناغەکانـدا، خوێنـدن بـە زمـانی کـوردی بێـت و ڕێـز لـە کەمینـە نەتەوەییـەکان بگیرێـت، تـا لـە قوتابخانـە تایبەتەکانیـان بـە زمـانی خۆیـان بخوێنـن.

ت. خوێنـدن لـە هەمـوو قۆناغەکانـدا بکرێتـە بـێ بەرانبـەر و بەشـە ناوخۆیـی پێویسـت بکرێنـەوە، تـا دەرفـەت بـۆ قوتابییـە هـەژارەکان بڕەخسـێت، خوێنـدن تـەواو بکـەن و لـە هەمـوو ڕوویەکـەوە یارمەتیـان بدرێـت.

ث. لـە کوردسـتان پرۆگرامـەکانی خوێنـدن لەسـەر بنەمـای زانسـتیی دروسـت دابنرێـن، بەجۆرێـک پرۆگرامـەکان مێـژوو و ئـەدەب و کەلتـوری کـوردی و جوگرافیـای

کوردســتان و زیندوکردنــەوەی کەلتــوری نەتەوەیــی میللــەتی کــورد لەخۆبگرێــت.

ج. ناردنــەدەرەوەی قوتابیــانی کوردســتان بــۆ خوێنــدن بەوجــۆرەی لەگــەڵ ژمــارەی کــورد لــە عێراقــدا دەگونجێــت.

ح. کردنــەوەی کۆلێــژ و پەیمانــگای بــاڵا و هونــەری لــە کوردســتان، تــا ببێتــە بــەردی بناغــەی دروســتکردنی زانکــۆی کوردســتان.

خ. کردنــەوەی قوتابخانــەی ئێــواران و بــە ڕۆژ، بــۆ بەرەنگاربوونــەوەی نەخوێنــدەواری بــۆ ئەوانــەی تەمەنیــان لەچــاو ســاڵی خوێندنیــان هەڵکشــاوە.

د. بەرزکردنــەوەی ئاســتی ژیــان و تەندروســتی و کۆمەڵایــەتی و ڕۆشــنبیریی کۆمەڵگــەی کوردســتانی و پەرەپێــدانی کارامەیــی زانســتی و هونــەری لای قوتابیــان.

ذ. کارکردن لە پێناو بنیاتنانی کۆڕی زمانی کوردی.

٢- بایەخــدان بــە لێکۆڵینــەوە لــە مێــژوو و زمــان و ئــەدەب و کەلتــوری کــوردی و جوگرافیــای کوردســتان لــە خــوول و پەیمانــگای مامۆســتایان لــە عێــراق و تەرخانکــردنی بەشــێکی تایبــەت لــە زانکــۆی بەغــدا بــۆ توێژینــەوە و خوێنــدنی زمــان و ئــەدەب و مێــژوو و کەلتــوری نەتەوەیــی کــورد و جوگرافیــای کوردســتان.

٣- داکۆکیکــردن لــە مــافی قوتابیــان و ڕەخســاندنی پەیوەنــدی لەنێــوان قوتابیــان و مامۆســتایانیان لەســەر بنەمــای ڕێزگرتنــی هــەردوولا.

٤- بایەخــدان بــە مــاف و گرفتــەکانی قوتابیــانی زانســتە ئاینییــەکان و بــە چاوێکــی یەکســان لەمــاف و ئەرکــدا چاویــان لێبکرێــت لەگــەڵ قوتابیــانی دیکــەدا.

٥- هانــدانی لێهاتــووەکانی بــواری هونــەر و زیندووکردنــەوەی هونــەرە جــوان و میللییــەکان، ئەمــەش بــە کردنــەوە قوتابخانــە و خــوولی هونــەری و یانــەی وەرزشی و پــەروەردەی منــداڵان لــە قوتابخانــە تایبەتــەکان.

٦- کارکــردن لــە پێنــاو دروســتکردنی پەیوەنــدی و پتەوکــردنی لەگــەڵ ڕێکخــراوەکانی قوتابیــان لــە جیهــان، بــە مەرجێــک لەگــەڵ دەســتووری یەکێتــی بێنــەوە.

٧- کارکردن لە پێناو ڕەخساندنی هەلیکار بۆ دەرچووی زانکۆ و پەیمانگا و قوتابخانە پیشەییەکان.

**ماددەی پێنجەم:**

**ئامانجە نیشتمانییەکان**

**١- لەبارەی تێکۆشانی گەلی کورد:**

أ. پاڵپشتیکردنی شۆڕشە پیرۆزەکەمان بۆ گەیاندنی بە ئامانجەکانی و پاراستنی دەستکەوتەکانی کە تاکە ڕێگایە بۆ دەستخستنی ئامانجەکانی جەماوەر و قوتابیان و گەلی کوردستان کە تاکە پێناوە بۆ گەڕاندنەوەی مافە زەوتکراوەکانی.

ب. بنیاتنانی سستەمێکی دیموکراتی لە عێراق کە مافە دیموکراتی و نەتەوەییەکانی گەلی کورد لەسەر بنەمای حوکمی زاتی (ئۆتۆنۆمی) بپارێزێت.

ت. ڕەخساندن و بەهێزکردنی پەیوەندی نێوان هەردوو نەتەوەی سەرەکی کە کورد و عەرەبن لەسەر بنەمای دانانان بە ماف و ئەرکەکان و ڕێزگرتنی مافی کەمینە نەتەوەییەکانی دیکەی وەک تورکمان و ئاشوری و ئەرمەن.

ث. پاڵپشتی تەواوی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد لەپێناو بەدیهێنانی هەموو ئەوەی لە پێناوی دامەزراوە لە مافەکان، لەناویشیاندا مافی چارەی خۆنووسین.

**٢- لەبارەی تێکۆشانی میللەتان و ئاشتیی جیهانی:**

أ. دژایەتیکردنی ئیمپریالیزمی جیهانی بە هەموو شێوەکانی (کۆلۆنیالیزم) و چەوساندنەوە و داگیرکردن و پاشکۆیی کە هۆکاری شەڕ وماڵوێرانی و هەژاری میللەتانە، وەستانەوە لە دژی، تاکە ڕێگایە بۆ هێنانەئارای ئاشتی و ئارامی لە جیهان و دۆستایەتی لەنێوان گەلانی دونیا دەبێتە ڕاستییەکی واقیعی.

ب. پاڵپشتیکردنی بزووتنەوە ڕزگاریخوازییە نیشتمانییەکانی گەلان و شۆڕشەکانیان لە پێناو وەدەستهێنانی ئاواتەکانیان و نەهێشتنی چەوساندنەوە بە هەموو شێوەکانی.

ت. پاڵپشتیکردنی خەباتی گەلان لە پێناو چەکداماڵین و بەیەکەوەژیانی ئاشتییانە و دژایەتیکردنی ئەو هاوپەیمانێتییە سەربازییانەی کە دەبنە بەربەست لەبەردەم گەلان.

ث. بەرەنگاربوونەوەی فیکرە کۆزمۆپۆلی و شۆڤێنی و ڕەگەزپەرستییەکان

## پەیڕەوی ناوخۆ

**ماددەی یەکەم:**

یەکێتــی قوتابیــانی کوردســتان – عێــراق لــەو قوتابیانــە پێکدێــت کــە باوەڕیــان بــە پرۆگــرام و پەیــڕەوی ناوخــۆ هەیــە و پەیمانــدەدەن کــە بــە دڵســۆزی تێبکۆشــن لەبــەر ڕۆشــنایی سیاســەتی گشــتی کــە یەکێتــی بــۆ خەبــاتی قوتابیــانی کوردســتان لەپێنــاو گەیشــتن بــە ئامانجــەکانی دەستنیشــانیان دەکات.

**ماددەی دووەم:**

**أ- مەرجی ئەندامیەتی**

هەر قوتابییەک کە ئەم مەرجانەی خوارەوەی تێدابێت، دوای داواکارییەکی نووسراو لەلایەن لێژنەی شارەکە و دوای ڕەزامەندی لێژنەی قوتابخانە، دەبێتە ئەندامی یەکێتی:_

١- بــاوەڕی بــە پرۆگــرام و پەیــڕەوی ناوخــۆ و ئامانجــەکانی یەکێتــی هەبێــت و بەڵێنــی تێکۆشــان بــە دڵســۆزی و ڕاســتگۆیی بــدات لــە پێنــاوی.

٢- ڕابردووی پاک و وشتی جوان بێت و ناوبانگێکی چاکی هەبێت.

٣- لە یەکێک لە دەستەکانی یەکێتی کاربکات و فەرمانەکانی جێبەجێبکات.

٤- ئابوونەی مانگانە بەپێی ئاستی بژێوی خۆی بدات.

**ب- مافەکانی ئەندام**

١- مــافی ئــەوەی هەیــە بــە ئــازادی تــەواو لــە چوارچێــوەی ڕێکخراوەییــدا ڕەخنــە لــە هــەر کەســێک یــان ڕێکخراوەکــە بگرێــت و لەبــارەی هــەر پــرس و بابەتێــک بۆچــوونی خــۆی بڵێــت و پێشــنیازی بنیاتنــەر پێشــکەش بــکات.

٢- مــافی هەڵبــژاردن و خــۆ بەربژێرکــردنی هەیــە بــۆ هەمــوو دەســتە و لێژنــە جیــاوازەکانی یەکێتــی.

٣- بۆی هەیە، لەکاتی پێویست داوای پاڵپشتی لە یەکێتی بکات.

٤- دوای تەواوکردنی خوێندن، بۆی هەیە ماوەی (٣) ساڵ لە ڕیزەکانی یەکێتی بمێنێتەوە.

تێبینــی:_ ئــەو ئەندامانــەی بەهــۆی تێکۆشــانیان لەنــاو بزووتنــەوەی ڕزگاریخــوازی نەتــەوەی کــورد لــە خوێنــدن بارنجــی دەکرێــن، مــافی ئەندامێتیــان لــێ وەرناگیرێتــەوە.

**ماددەی سێیەم: لێژنەکانی یەکێتی**

١- لێژنەی قوتابخانە: لە (٢ - ٧) لە چالاکترین ئەندامانی یەکێتی لەو قوتابخانەیە پێکدێت و سەرکردایەتیکردنی چالاکی قوتابخانەکەی دەکەوێتە ئەستۆ و لە پێناو فراوانکردن و پەرەپێدان و پتەوکردنی ڕیزەکانی ڕێکخراو و گەیشتن بە ئامانجەکانی و جێبەجێکردنی فەرمانی لێژنەی باڵا و چارەسەرکردنی کێشەی قوتابیان لە قوتابخانەکەیان کاردەکات.

٢- لێژنــەی شــار: لــە (٣ - ٧) لــە چالاکتریــن ئەندامــانی یەکێتــی پێکدێــت لەشــار، بەرپرســیاریەتی ســەرکردایەتیکردنی چالاکــی قوتابیانــەی لــەو شــارە دەکەوێتــە ئەســتۆ.

٣- لێژنــەی ناوچــە: پێکدێــت لــە نوێنــەرانی لێژنــەی شــارەکان کــە پەیوەنــدی ڕێکخراوەییــان بەیەکــەوە هەیــە و لێژنــەی کارگێــڕی بەمەرجــی ئــەوەی (٣/٢) دوو لەســەر ســێی ئەندامــانی لــە لێژنــەی ناوەنــدی ناوچەکــە بــن و ڕاســتەوخۆ ســەر بــە مەکتــەبی ســکرتاریەت دەبــن. ئــەم لێژنەیــە مانگانــە کۆدەبنــەوە و ڕاپۆرتێکــی گشــتی لەبــارەی ســەرکردایەتیکردنی چالاکیــی ئەندامــان و ژمارەیــان و دارایــی یەکێتیــی لــەو ناوچەیــە پێشــکەش دەکات و مــافی ئــەوەی هەیــە گۆڤارێکــی مانگانــە دەربــکات، بــە مەرجێــک لەگــەڵ سیاســەتی گشــتی یەکێتیــدا بگونجێــت.

**ماددەی چوارەم: دەستەکانی سەرکردایەتی و ئەرکەکانی**

**١- لێژنەی کارگێڕیی گشتی:-**

بەرپرسیاریەتی سەرکردایەتی لە ئەستۆیە و سەرپەرشتی چالاکی و ڕێنماییەکانی یەکێتی دەکات و ئاڕاستەیان دەکات و جەخت لە جێبەجێکردنی بڕیارەکانی کۆنگرە و بەجێگەیاندنی ئامانجەکانی و چاودێریکردنی جێبەجێکردنیان دەکات لەلایەن لێژنە و ڕێکخستنەکانی بنکە.

لە (٧ - ١١) ئەندام پێکدێت کە کۆنگرە بە دەنگدانی ڕاستەوخۆ هەڵیاندەبژێرێت و لە بەرانبەر کۆنگرە هەموویان لە کاروبارەکانی یەکێتی بەرپرسیارن. هەموو (٤) مانگ جارێک کۆبوونەوە ئاساییەکانیان ئەنجامدەدەن و کۆبوونەوەی نائاساییش لەسەر داوای مەکتەبی سکرتاریەت یان داوای (٣/٢) دوو لەسەر سێی ئەندامانی لێژنەی کارگێڕیی گشتی دەبێت.

تێبینی-

أ- پێویستە دوو ساڵ بەسەر ئەندامیەتی ئەندامانی لێژنەی کارگێڕی گشتی تێبپەڕێت.

ب- ژمـارەی ئەندامـانی یەدەگـی لێژنـەی کارگێڕیـی گشـتی لـە (٣ - ٥) ئەنـدام پێکدێـت و دوای ڕەزامەنـدی لێژنـەی کارگێـڕی، دەبنـە ئەندامـی لێژنـە.

**٢- مەکتەبی سکرتاریەت:-**

پێکدێـت لـە پێنـج ئەنـدام کـە سـەرۆک و سـکرتێر و بەرپـرسی داراییـان تێدایـە. لێژنـەی کارگێڕیـی گشـتی بـە هەڵبـژاردنی نهێنـی و لـە کۆبوونەوەیەکـی تایبـەت دوای کۆنگـرە لـە نێـوان خۆیانـدا هەڵیاندەبژێـرن و لەنێـوان کۆبوونـەوەکان کاری لێژنـەی کارگێـڕی گشـتی دەکات و تـەواوی دەسـەڵاتەکانی لێژنـەی هەیـە. سەرپەرشـتی و چاودێـری چالاکییـەکانی یەکێتـی دەکات و گۆڤـاری یەکێتـی و بڵاوکـراوە وناملیکـەی ڕۆشـنبیرکردن دەردەکات.

أ. سـەرۆک- سـەرۆکایەتی لێژنـەی کارگێـڕی گشـتی و مەکتـەبی سـکرتاریەت دەکات و سەرپەرشـتی ئـەوان و چالاکـی و کارەکانی یەکێتـی دەکات.

ب. سـکرتێر-لەوکاتەی سـەرۆک لـەوێ نییـە، شـوێنی دەگرێتـەوە و یارمەتیـدەدات لـە جێبەجێکـردنی ئەرکـەکانی.

ت. بەرپرسی دارایی- بەرپرسە لە کاروباری دارایی یەکێتی.

**٣- کۆنگرە:-**

بەرزتریـن دەسـەڵاتی یەکێتییـە، پێکدێـت لـە نوێنـەرانی لێژنـەی شـارەکان و ئەندامـە پێکشـکەوتووەکان، مـافی دەسـتکاریکردن و گۆڕینـی پرۆگـرام و پەیـڕەوی ناوخـۆی هەیـە، لـە سـاڵێکدا یـەک جـار لەسـەر داواکاری (٣/٢)ی دوو لەسـەر سـێی ئەندامـانی لێژنـەی کارگێـڕی گشـتی، یـان (٣/٢) دوو لەسـەر سـێی ئەندامـانی لێژنـەی ناوچـەکان دەبەسـترێت. لێژنـەی کارگێڕیـی گشـتی بـە هەڵبژاردنێکـی نهێنـی هەڵدەبژێرێـت و لەبـارەی کار و چالاکییەکانیـان لێیـان دەپێچێتـەوە.

**٤- کۆنفرانس**

کۆبوونەوەیەکـی بەرفراوانـە، کاتێـک دەبەسـترێت کـە لەتوانـادا نەبێـت کۆنگـرە ببەسـترێت، تـەواوی دەسـەڵاتەکانی کۆنگـرەی هەیـە، بێجگـە لـە گۆڕینـی پرۆگـرام و پەیـڕەوی ناوخـۆ، مـافی ئـەوەی هەیـە (٢/١)ی ئەندامـانی لێژنـەی کارگێـڕی گشـتی بگۆڕێـت. پێکدێـت لـە ئەندامـانی لێژنـەی کارگێڕیـی گشـتی و ئەندامـە یەدەکـەکانی و نوێنـەری ناوچـەکان و ئەندامـە پێشـکەوتووەکانی یەکێتـی.

**ماددەی پێنجەم: دەسەڵاتەکانی دەستە و لێژنەکانی یەکێتی**

**١- لێژنەی قوتابخانە:**

أ. پێدانی (سزای) سەرنجڕاکێشان بەو ئەندامەی سەرپێچی کردووە.

ب. داواکردن لە لێژنەی شار تا چالاکیی ئەندامی سەرپێچیکار سڕبکات.

**٢- لێژنەی شا:**

أ. سڕکردنی چالاکییەکانی ئەندامی سەرپێچیکار بۆماوەی دوو مانگ.

ب.  داوا لە لێژنەی ناوچە دەکات بۆ دەرکردنی ئەندامی سەرپێچیکار.

**٣- لێژنەی ناوچە:**

أ. سڕکردنی چالاکی ئەندامی لێژنەی قوتابخانە و شار لە کاتی سەرپێچیکردنی.

ب.  دەرکردنی ئەندامی سەرپێچیکار، لەسەر داوای لێژنەی شار.

ت. هەڵوەشاندنەوەی لێژنەی قوتابخانە.

**٤- لێژنەی کارگێڕیی گشتی:**

أ. مـافی ئـەوەی هەیـە لێژنـەی شـار و ناوچـە دەربـکات و بیگۆڕێـت، ئەگـەر لـە ڕێبـازی یەکێتـی لایانـدا و کارەکانیـان لەگـەڵ بەرژەوەنـدی یەکێتـی نەگونجـا، پێویسـتە ئـەم ڕێـکارە پێشـکەشی کۆنگـرە بکرێـت.

ب. سـڕکردنی چالاکییـەکانی ئەندامـانی (لێژنـەی کارگێڕیـی گشـتی)، دوای ڕەزامەنـدی (٣/٢) دوو لەسـەر سـێی ئەندامـانی.

## کۆنگرەی شەشەمی یەکێتی قوتابیانی کوردستان - ١٩٧٠

دوای ئەنجامــدانی کۆنگــرەی پێنجەمــی ڕێکخــراوی یەکێتــی قوتابیــانی کوردســتان، بارودۆخێکـی نائاسـایی باڵـی بەسـەر ڕێکخراوەکـەدا کێشـا، لێژنـەی سـەرەکی ڕێکخسـتنی بەغـدا دامـەزرا، دواتـر چالاکییـەکانی فـراوان کـران و سـنووری ڕێکخسـتنی ناوچـەکانی تریشــی گرتـەوە، بەشـێوەیەک کـە پێگـەی کاری سـکرتاریەتی لـەق کردبـوو، بەمەبەسـتی چارەسـەرکردنی ئـەم کێشـەیە، لەلایـەن مەکتـەبی ناوەندیـی پـارتی دیموکـراتی کوردسـتانەوە بڕیـار درا، بـۆ چارەسـەرکردنی ئـەم کێشـەیە (نووسـینگەی ڕێکخسـتنی ناوەندیـی) لـە هـەردوو لایـەن پێکبهێنرێـت. ئـەم نووسـینگەیە بارەگاکـەی لـە بەغـدا بـوو و بڕیـار وابـوو تـا بەسـتنی کۆنگـرەی شەشـەمی یەکێتـی قوتابیـانی کوردسـتان لـە کارەکانی بـەردەوام بێت[١].

لـە ڕێکـەوتی ١١ی ئـاداری ١٩٧٠، ڕێککەوتننامـەی ١١ی ئـادار، لەنێـوان سـەرکردایەتی شـۆڕش و حکومـەتی عێراقـی واژووکـرا. دوای ڕێککەوتـن، چالاکییـەکانی حـزب و ڕێکخـراوە جەماوەرییـەکانی پێیـان نایـە قۆناغێکـی نوێیـەوە، لـە سـایەی ئـەم ڕێککەوتنـە، ئـازادی کاری سـیاسی و ڕێکخراوەیـی پەرەیـان سـەند و ئـەو بـاڵ باڵێنـەی باڵـی بەسـەر ڕێکخسـتن و ڕێکخـراوەکانی حزبـدا گرتبـوو کاڵ بـووەوە، گرووپـە جیابووەکـەی مەکتـەبی سـیاسی کەبـە (جـەلالی) ناسـرابوون، گەڕانـەوە نێـو حـزب و جارێکـی دیکـە قۆناغێکـی نوێـی کاری پێکەوەیـی و ئاشـکرا دەسـتی پێکـرد.

یەکێتـی قوتابیـانی کوردسـتان سـوودی لـەم هەلومەرجـە بینـی و لقـەکانی خـۆی لـە بەغـدا و تـەواوی شـارەکانی کوردسـتان کـردەوە، ئیـتر تـەواوی قوتابیـانی کـورد بـە ئاشـکرا پەیوەندییـان بـە ڕێکخسـتنەکانی ڕێکخراوەکـەوە دەکـرد[٢].

بارودۆخـی نـوێ، یەکێتـی قوتابیـانی کوردسـتانی بـەرەو بەسـتنی کۆنگـرەی نـوێ کێشـکرد، بەوپێیـەی بەماوەیەکـی کـەم پێشـتر حـزب کۆنگـرەی هەشـتەمی خـۆی بەسـتبوو، (نووسـینگەی ڕێکخسـتنی ناوەندیـی) یەکێتـی قوتابیـانی کوردسـتانیش، بەمەبەسـتی سـەرلەنوێ ڕێکخسـتنەوەی خـۆی و تۆکمەکردنـەوەی ڕیـزەکانی بڕیـاری بەسـتنی کۆنگـرەی شەشـەمی خـۆی دا[٣].

سـەرەتا بڕیـار بـوو ئـەم کۆنگرەیـە لـە شـاری سـلێمانی ببەسـترێ، بـەڵام دواتـر

گواستـرایەوە گونـدی ناوپـردان کـە پێشـتر کۆنگـرەی هەشـتەمی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتانی لـێ ئەنجامدرابـوو و پێداویسـتییەکانی کۆنگـرە لـەوێ ئامـادە بـوو، لـە ڕێگـەی ڕۆژنامـەی (التآخـي)، نوێنـەران لـەم گۆڕانکارییـە و بەسـتنی کۆنگـرە ئـاگادار کرانـەوە[٤].

دوای ئامادەکارییـەکان، کۆنگـرەی شەشـەمی یەکێتـی قوتابیانـی کورسـتان لـە ڕۆژانـی ١٥ تـا ١٨ی تەمـوزی ١٩٧٠، لـە کەشـێکی ئـازادی ناوچـە ئازادکراوەکانـی شۆڕشـی ئەیلـوول، لـە گونـدی ناوپردانـی سـەر بـە پارێـزگای هەولێـر، بـە دروشـمی (ئاشـتی - زانسـت - برایەتـی)، بـە ئامادەبوونـی ٤٧٥ نوێنـەر، دەسـتی بەکارەکانـی کـرد. یەکەمیـن وتـار کـە پێشـکەش کـراوە، وتـاری سـەرۆك مسـتەفا بارزانـی بـوو و لەلایـەن عەمیـد ڕوکـن عەزیـز ئاکرەییـەوە خوێندرایـەوە. وتـاری مەکتەبـی سیاسـی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتانیش لەلایـەن دکتـۆر مەحمـود عوسـمان خوێندرایـەوە[٥].

لە سەرەتای کاری کۆنگرە، لیژنەی ڕاپەڕاندن بەم شێوەیەی خوارەوە هەڵبژێردران:

١- عادل موراد، ناسراو بە عادل فەیلی

٢- ئەنوەر عەبدوڵا، ناسراو بە ئەنوەر ڕەئیس

٣- ڕەنج نوری شاوەیس

٤- فەرهاد عەونی

٥- عەبدولقادر محەمەدئەمین

٦- عارف تەیفور

٧- نوری ئاکرەیی

٨- جەرجیس حەسەن

٩- سەباح ئاکرەیی

١٠- سەعدی خەلیل

١١- عادل لەیلانی

١٢- وەزیرە پیرداود قادر

١٣- محەمەد حاجی

١٤- یوسف مەولود قەساب

١٥- عوسمان ساڵح عوسمان، ناسراو بە عوسمان خۆشناو

١٦- جەلال خۆشناو

١٧- ئەکرەم ئەحمەد

١٨- عیزەدین ڕەشید حاجی بەدری، ناسراو بە شێرکۆ سندی

١٩- حاجی محەمەد کرێت

٢٠- جەواد محەمەد، ناسراو بە جەواد شێروانی

٢١- عەبدوڵا محەمەد، ناسراو بە عەبدوڵا باوانی[٦].

دوای گەنگەشـەکردنی بابەتـەکانی کۆنگـرە و هەڵسـەنگاندنەوەی ڕەشـنووسی پرۆگـرام و پەیڕەوی ناوخۆ کە گۆڕانکاریی ڕیشـەی بەسـەردا هاتبوو، لە ڕۆژی ١٨ی مانگ کۆبوونەوەی لێژنـەی ڕاپەڕانـدن ئەنجامـدرا و سـکرتاریەتی نوێ بـە دەنگی ئەندامانی کۆنگرە بەم شـێوەیە هەڵبژێردران:

١- ئەنوەر عەبدوڵا- سەرۆك

٢- جەرجیس حەسەن عەبدوڵا- جێگری سەرۆك

٣- فەرهاد عەونی- سکرتێر

٤- جەلال سەلیم خۆشناو- ئەندامی سکرتاریەت

٥- عادل فازڵ لەیلانی- ئەندامی سکرتاریەت

٧- ڕەنج نوری شاوەیس- ئەندامی سکرتاریەت

٨- یوسف مەولود قەساب- ئەندامی سکرتاریەت[٧].

لـەو کۆنگرەیـەدا بـە تێکـڕای دەنـگ، سـەرۆک مسـتەفا بـارزانی بـە (سـەرۆکی فەخـری) یەکێتـی قوتابیـان دەستنیشـان کـرا[٨].

ژمارەیـەک بڕیـار و ڕاسـپاردەی گرنـگ لـە کۆنگـرەدا دەرکـران، وەک: پـەرەدان بـە ڕۆشـنبیریی کـوردی. کردنـەوەی خولـی خوێندن بۆ پێشـمەرگە. پشـتگیری لـە ڕێکەوتننامەی ١١ی ئـادار. دەستنیشـانکردنی ئـەو قوتابییانـەی ڕەوانـەی بـۆ هەندەران دەکرێن. پشـتگیری لـە کردنـەوەی زانکـۆ و پەیمانـگا لـە کوردسـتان. کردنـەوەی حەفـت لقـی یەکێتـی قوتابیـانی کوردسـتان لـە ناوچـە دیاریکـراوەکان کـە بریتـی بـوون لە لقـەکانی: بەغـدا، هەولێر، موسـڵ، دهـۆك، سـلێمانی، کەرکـووک و دیالـە[٩].

کۆنگـرەی شەشـەم، وەک پێشـبینی دەکرا، بێ کیشـە بەڕێوە نەچوو، لەکاتـی هەڵبژاردنی ئەنـوەر عەبـدوڵا بە سـەرۆك، بـە بیانوی ئـەوەی دەنگی زیادی پێـدراوە و ژمـارەی ئەندامانی کۆنگـرە بـە شـێوەیەکی نائاسـایی زیادکـراون، ژمارەیـەك لـە ئەندامانـی لێژنـەی ڕاپەڕانـدن، وەك ناڕەزایەتـی دەربڕیـن، بەشـداری یەکەمیـن کۆبوونـەوەی لێژنـەی ڕاپەڕاندنیـان نەکـرد. ئـەم ناڕەزایەتییـە پـەرەی سـەند، تـا لە کـۆی ٢١ ئەندام گەیشـتە ١٥ ئەنـدام، بەپێـی پرۆگرام و پەیـڕەوی ناوخـۆ، ئەگـەر زۆرینـەی ئەندامـانی لێژنـەی ڕاپەڕانـدن لـە کاری سـەرۆک یـان جێگرەکـەی نـاڕازی بـن، دەکرێـت هەڵبـژاردن دووبارەبکرێتـەوە، بۆیـە لێژنـەی ڕاپەڕانـدن لـە کۆبوونـەوەی مانگـی شـوباتی سـاڵی ١٩٧١ بـێ ئامادەبـوونی ئەنـوەر عەبـدوڵا و قـادر حەمەدەمیـن، هەڵبژاردنێکـی نوێـی ڕێکخسـت و عـادل مـوراد فەیلـی بـە سـەرۆکی یەکێتی قوتابیانـی کوردسـتان هەڵبژێـردرا. دوای ماوەیـەک، هەریـەک لە جەرجیس حەسـەن و عادل فـازل لەیـلانی بـە مەبەسـتی خوێنـدن ڕوویيان لـە هەندەران کـرد، بەوپێیەی وادەی بەسـتنی کۆنگـرەی حەفتـەم نێزیـک بـوو کـەوا بڕیاربـوو سـاڵی ١٩٧٢ ئەنجـام بدرێـت، کەسـێکی تـر وەک جێگـری سـەرۆک دەستنیشـان نەکرا[١٠].

دوای ئەنجامـدانی کۆنگـرە، بـە پشتبەسـتن بـە ڕێکەوتننامـەی ١١ی ئـادار کـە لـە بەنـدی پێنـج دا هاتبـوو، ڕێکخـراوە جەماوەرییـە کوردسـتانییەکان دەبن بە ئەندام لـە ڕێکخراوەکانی ناوەنـد، یەکێتـی قوتابیانـی کوردسـتان بـووە ئەندام لـە یەکێتی نیشـتمانی قوتابیانـی عێراق، سـەرۆکی یەکێتـی قوتابیانـی کوردسـتان بـووە جێگـری سـەرۆك لـە یەکێتـی نیشـتمانیی قوتابیانـی عێـراق و سـێ ئەندامـی مەکتەبـی سـکرتاریەتیش بوونـە ئەندامـی مەکتەبـی ڕاپەڕانـدنی یەکێتـی ناوبـراو[١١].

## سەرچاوە و پەراوێز

١- عرفان عەزیز عەزیز، کۆنگرە و کۆنفڕانسەکانی یەکێتی قوتابیانی کوردستان، چاپی یەکەم، (هەولێر - چاپخانەی ڕۆژهەڵات-٢٠١٢)، ل ٥٥.

٢- هەمان سەرچاوە، ل ٥٦.

٣- ساسان عەونی، یەکێتی قوتابیانی کوردستان چەند لایەنێکی تێکۆشان و مێژوو، (هەولێر - چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە- ١٩٩٨)، ل ٢٤؛ عرفان عەزیز عەزیز، هەمان سەرچاوە، ل ٢٧.

٤- عرفان عەزیز عەزیز، سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٧.

٥- بیرەوەری ٢٦ ساڵەی کۆنگرەی شەشەمی یەکێتی یەکەمان، گۆڤاری خەباتی قوتابیان، ئۆرگانی یەکێتی قوتابیانی کوردستان، ژمارە ١٣، خولی سێیەم، تەموزی ١٩٩٦ز، ل ٤؛ عرفان عەزیز عەزیز، سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٨؛ ساسان عەونی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٨.

٦- المؤتمر السادس لاتحاد طلبة كردستان العراق، جريده التآخي، العدد ٤٩٦، بغداد، مطبعة دار الجاحظ، الاثنين، ٢٧ تموز ١٩٧٠م، ص ٣؛ ساسان عەونی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٢.

٧- عرفان عەزیز عەزیز، سەرچاوەی پێشوو، ل ل ٥٩-٦٠؛ حەمەساڵح فەرهادی، لاپەڕەیەك لە مێژووی یەکێتی قوتابیانی کوردستان، ڕۆژنامەی پێشکەوتن، ئۆرگانی یەکێتی قوتابیان و لاوانی دیموکراتی کوردستان، ژمارە ٢٧، سەرەتای تەموزی ١٩٩٢ز، ل ٢.

٨- ساسان عەونی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣١.

٩- هەمان سەرچاوە، ل ٣١.

١٠- عرفان عەزیز عەزیز، سەرچاوەی پێشوو، ل ل ٦٢-٦٣.

١١- هەمان سەرچاوە، ل ٦٣.

## وتاری سەرۆك مەلا مستەفا بارزانی

برایـان، نوێنەرانـی کۆنگـرەی قوتابیانـی کوردسـتان، بەخێرهاتنێکـی گەرمتـان ئەکـەم. زۆرم حـەز ئەکـرد لـە کۆنگرەکەتـان بەشـداربوومایە، بـەڵام بەداخـەوە دووربونـم لـەو ناوچەیـە ڕێـگای نـەدام، وا بـەم وتـارە کۆنگرەکەتـان ئەکەمـەوە و داوای سـەرکەوتن و سـەرفرازیتان بـۆ ئەکـەم.

بـرا قوتابییـە خۆشەویسـتەکانم، هەڵوێسـتەکانی خەباتـی ئێـوە لەگـەڵ بـرا قوتابییەکانـی عێراقتـان لـە ڕۆژانـی ڕابـردوودا، جێـگای قەدرزانینمانـە. ئێـوە کـە پیاوانـی دوارۆژمانـن پێویسـتە زیاتـر خزمـەت بکـەن و پـتر ڕەنـج بکێشـن لـە پێنـاوی گەلـە ڕاپەڕیوەکەتـان.

خۆشەویسـتەکانم، بـاش ئەزانـن کـە نەخوێنـدەواری پەتـای گەلانـە، ئـەو گەلانـەی خوێنـدەوار نیـن دەسـتدرێژ و تەماعـکاران پەنجـە ئەخەنـە بەسـەرهات و مافـە ڕەواکانیانـەوە، گەلـی ئێمـەش یەکێکـە لەوانـەی تووشـی ئـەم دەردە سـامناکە بـووە، بۆیـە داواتـان لـێ ئەکـەم چەکـی زانسـت و خوێنـدەواری بکەنـە شـانتان و هەمـوو توانایەکتـان بخەنـە کار بـۆ ڕزگارکردنـی گەلەکەتـان لـە نەخوێنـدەواری. تێکـڕا شـان بدەنـە بـەر بەرزکردنـەوەی بـۆ ڕێـزی گەلانـی پێشـکەوتوو لـە پاشـەڕۆژێکی نزیکـدا، ئەمـە پیرۆزتریـن ئەرکـی سەرشـانتانە.

براکانـم، داواتـان لـێ ئەکـەم یـەك بگـرن، ئـەو ناکۆکییانـە فـڕێ بـدەن کـە لـە سـەردەمە ناخۆشـەکانی ڕابـردووەوە کۆبوونەتـەوە، هەمووتـان شانبەشـانی یەکـتر و بـە هـاوکاری گشـت دڵسـۆزان لـەم عێراقـە خۆشەویسـتەدا تـێ بکۆشـن، ئـەو بڕیارانـەی لـەم کۆنگرەیەتانـدا ئەیـدەن ڕاسـت و پڕسـوود بـن و کەڵکیـان لـێ بوەشـێتەوە و شـیاوی خزمـەت بـن بـۆ گەلـی عێـراق بـە گشـتی و بـۆ گەلـی کـورد بـە تایبەتـی. ئاواتەخـوازی سـەرکەوتنتانم و خـوا ئاگادارتـان بـێ.

**براتان**

**مستەفا بارزانی**

**١٠ی تەموزی ١٩٧٠**

## وتاری مەکتەبی سیاسی لە کۆنگرەی شەشەمی یەکێتی قوتابیانی کوردستان

میوانە بەڕێزەکان...

خوشك و برایانی خۆشەویست، ئەندامانی شەشەمین کۆنگرەی یەکێتی قوتابیانی کوردستان

بە ناوی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە، سڵاوتان لێ ئەکەم و لە خوا ئەپاڕێمەوە کۆنگرەکەتان سەرکەوتوو بێ بۆ خزمەتی قوتابیان و خزمەتی هەموو گەل و نیشتمان، بەم بۆنەیەشەوە سڵاوی برا پێشمەرگە نەبەزەکانتان پێشکەش ئەکەم.

خوشك و برا تێکوشەرەکان، ئەم کۆنگرەی ئێوە لە بارێکی زۆر گرنگ گیراوە، کە برایەتی و ئاشتی و یەکێتیی نیشتمانی هەموو لایەکی گرتووەتەوە، بە تایبەتی لە دوای بەیانە مێژووییەکەی (١١)ی ئازار کە کۆتایی بە شەڕی براکوژی هێنا و لاپەرەیەکی نوێی کردەوە بۆ خۆشی و تەبایی و پەیوەندی برایانەی هەردوو جووڵانەوە ئازادیخوازەکانی عەرەب و کورد.

یەکێتی قوتابیانی کوردستان لە سەرەتای دامەزراندنییەوە لە ساڵی ١٩٥٣دا، زۆر بە دڵسۆزانە لە پێناوی ئامانجی قوتابیانی تێ کۆشاوە و لە کوردستان بە شێوەیەکی سەربەرزانە بەشداریی شۆڕشی کوردستانی کردووە کە پارتیمان بە سەرۆکایەتی بارزانی ڕابەری کردووە و پارچەیەکی وریا و ڕۆشنبیر بوون لە پێشڕەوی گەلە شۆڕشگێڕەکەماندا، بەشداری شۆڕشی کوردستان بوون کە لە (١١)ی، ئەیلوولی ساڵی ١٩٦١دا، هەڵگیرسا و لەم ڕێگایەدا بە دەیان شەهیدیان داوە، هەروەها یەکێتی قوتابیانی کوردستان لە ڕاپەڕینەکانی قوتابیاندا دەورێکی پێشڕەوی سەربەرزانەی بووە و بردوویە بەڕێوە.

ئەم کۆنگرەیەتان لە کاتێکدا ئەبەسترێ کە لە دوای چەند ساڵ خوێنڕشتن و شەڕی براکوژی، قوتابیانی کوردستان توانای خۆیان لەگەڵ گشت برا قوتابییەکانی عێراق یەکخەن و شانبەشان هەوڵ بدەن بۆ جێبەجێکردنی بەیانەکەی (١١)ی ئازار لە چوارچێوەی هاوکاریکردنی بەعسی عەرەبی ئیشتراکی و پارتی دیموکراتی کوردستان و پشتگیری هەموو هێزە نیشتمانی یەکان لە عێراق. ئێمە دڵنیاین کە

ئـەو قوتابییـە کۆڵنەدەرانەمـان کـە لـە گەلێـك شـەڕ و ڕاپەڕینـی ئازادیخوازانەمانـدا، دژی ئیمپریالیـزم و کۆنەپەرسـتی و بەکرێگیـراوان لـە پێشـەوە بـوون، ئێسـتاش هـەر لـە پێشـەوە تێدەکۆشـن بـۆ پتەوبوونـی ئاشـتی و ئاوەدانـی و چەسـپاندنی برایەتـی و یەکێتـی نیشـتمانی لـە کۆمـاری عێراقـا، کۆمـاری کـورد و عـەرەب، ئـەو ئەرکانـەی لـەم ڕۆژانـەدا ئەکەوێتـە سـەر شـانتان ئەمانـەن:

تـێ بکۆشـن بـۆ یەکگرتنـی گشـت قوتابیانـی دڵسـۆز لـە عێراقـدا و یەکێتییەکـی قوتابیـان پێـك بهێنـن لەگـەڵ یەکێتـی نیشـتمانی قوتابیانـی عێـراق و گشـت هێـزە دڵسـۆزەکانی قوتابیـان لـە عێراقـدا.

تێ بکۆشن بۆ چەسپاندنی مافەکانی ڕۆشنبیری گەلی کورد و پاراستنیان، مافی قوتابی و ڕۆشنبیرەکانی کوردستان بە تێکڕایی بپارێزن کە کەمایەتییەکانیشی تیایە، وەکو لە بەیانەکەی (١١)ی ئازار نووسراوە بچنە ناو ئەو کردەوانەی بۆ بەربەرەکانی نەخوێندەواری ئەکرێن، چونکە نەخوێندەواری گەورەترین دوژمنی کۆمەڵایەتیمانە.

هەمـوو وزە و توانـای قوتابیانـی کـورد خـڕ بکرێتـەوە و بخرێتـە ژێـر ئـاڵای یەکێتـی قوتابیانـی کوردسـتان، لەپێنـاوی خزمەتـی تێکڕاییـدا بـۆ گەلـی عێـراق و لـە بیربردنـەوەی ڕق و قینـی کـۆن و هەڵدانـەوەی لاپەرەیەکـی سـپی بـۆ هـەر کەسـێك بیـەوێ لەگەڵتانـا ئیـش بـکا. جگـە لەمانـە گەلێـك ئەرکـی تریـش لەبەردەمتانـە و ئێمـە هیواداریـن کۆنگرەکەتـان سـەرکەوتوو بـێ لـە نەخشەکێشـان و دۆزینـەوەی ڕێـگای ڕاسـت بـۆ جێبەجێکردنـی ئـەو ئەرکانـە بـە شـێوەیەکی ڕاسـت و تـەواو و هەمیشـە مـاف و بەرژەوەنـدی وای قوتابیـان بپارێـزن، هیواداریـن کۆنگرەکەتـان بڕیـاری پێویسـت دەرکا بـۆ بەهێزکردنـی برایەتـی کـورد و عـەرەب و هەمـوو کەمایەتییـەکان بـۆ پاڵپشـتی خەباتـی وای گەلـی عـەرەب دژی دوژمنانـی، بـە تایبەتـی گەلـی فەڵەسـتینی برامـان و گەلـە چەوسـاوەکانی جیهـان دژی ئیمپریالیـزم، لـە پێنـاوی ڕزگاری و مافـی چارەنووسـدا.

گومانمان لەوەدا نییە کە ئەم کۆنگرەیەتان ڕێچکە ئەشکێنێ بۆ زیادکردنی دەسکەوتی نیشتمانی و قوتابیانە. دیسانەوە پڕ بە دڵ ئاواتەخوازم کۆنگرەکەتان «کۆنگرەی شەشەم» کە لە ژێر دروشمی ئاشتی و برایەتی و زانست و ڕۆشنبیریدایە، سەرکەوتوو بێ.»

## ڕاسپاردەکان

هەڵبژاردنـی سـەرۆك بارزانـی بـە تێکـڕای دەنـگ بـۆ سـەرۆکی «شـانازی پێوەکـراو»ی یەکێتـی قوتابیانـی کوردسـتان.

گۆڕینی پرۆگرامی ناوخۆی یەکێتی بە جۆرێك لەگەڵ قۆناخی ئێستادا، بگونجێ کە یەکێتی بە ئاشکرا هەڵدەسووڕێ و ڕێك بکەوێ لەگەڵ ڕێککەوتننامەی (١١)ی ئادار و ژمارەی ئەندامانی لێژنەی تەنفیزی بکرێ بە (٢١) کەس لە جیاتی (١٣) کەس.

پەیوەنـدی و دۆسـتایەتی لەگـەڵ یەکێتـی و هێـزە قوتابییەکانـی پێشـکەوتووی تـر بەهێـز بکـرێ بـۆ پێکهێنانـی بەرەیەکـی یەکگرتـوو لـە پێنـاوی پاراسـتنی مافـی قوتابیـان و کێشـەکانی تـری نیشـتمانی و نەتەوایەتیـی.

پشتگیریکردنی گەلی عەرەب لە خەباتی وای دژی داگیرکەری ئیمپریالیست و سەهیۆنی.

پاڵپشتیکردنی گەلە چەوساوەکان دژی ئیمپریالیزم و دەسەڵاتی بێگانە.

پەرەپێدانی سەقافەی کوردی لە سەرانسەری کوردستان و لە گشت قۆناخێك.

کردنەوەی دەورە بۆ ئەو قوتابییانەی بە هۆی بەشداربوونیان لە شۆڕش دواکەوتوون.

دەربڕینـی بێـزاری بـۆ ئـەو چەوسـاندنەوە شۆڤینیسـتییانەی گەلـی کـورد لـە دەرەوەی کوردسـتانی عێراقـدا تووشـی هاتووە.

چارەسەرکردنی گیروگرفتی قوتابییە دەرچووەکان و دامەزراندنیان بەپێی بڕوانامەکانیان.

پاڵپشـتیکردنی پەیوەنـدی برایەتـی نێـوان هـەردوو حزبـە پێشـڕەوەکەی عێـراق (بەعـس و پارتـی) لـە پێنـاوی جێبەجێکردنـی بەیانـی (١١)ی ئـازار بـە تەواوەتـی.

دیاریکردنـی ئـەو قوتابیانـەی دەنێردرێـن بـۆ دەرەوە، وای لـێ بکـرێ لەگـەڵ ژمـارەی نەتـەوە و کەمایەتییـەکان ڕێـك بکـەوێ.

لە موحافەزەکان یانە بۆ قوتابییەکان بکرێتەوە.

**بڕیارە گرنگەکانی کۆنگرەی شەشەم:**

هەڵبژاردنـــی بارزانـــی نەمـــر بـــە تێکـــڕای دەنـــگ بـــۆ ســـەرۆکی شـــانازی پێوەکـــراوی یەکێتـــی.

گۆڕینی پەیڕەوی ناوخۆی یەکێتی.

ئەندامانی لیژنەی ڕاپەڕاندن لە (١٣) کەس کرا بە (٢١) کەس.

پەیوەنـــدی و دۆســـتایەتی لەگـــەڵ یەکێتـــی و هێـــزە قوتابییەکانـــی پێشـــکەوتووی تـــر بەهێـــز بکـــرێ بـــۆ پێکهێنانـــی بەرەیەکـــی یەکگرتـــوو لـــە پێنـــاوی پاراســـتنی مافـــی قوتابیـــان و کێشـــە نیشـــتمانی و نەتەوایەتییەکانـــی تـــر.

پشتگیریکردنی گەلی عەرەب لە خەباتی ڕەوای دژی داگیرکەری ئیمپریالیست و زایۆنی.

پاڵپشتیکردنی گەلە چەوساوەکان دژی ئیمپریالیزم و دەسەڵاتی بێگانە.

پەرەپێدانی ڕۆشنبیری کوردی لە سەرانسەری کوردستان و لە گشت قۆناغێکدا.

کردنـــەوەی دەورە بـــۆ ئـــەو قوتابییانـــەی بەهـــۆی بەشـــداربوونیان لـــە شۆڕشـــدا دواکەوتـــوون.

بێـــزاری دەربڕیـــن بـــۆ ئـــەو چەوســـاندنەوە شۆڤێنیســـتییانەی کـــە گەلـــی کـــورد لـــە دەرەوەی کوردســـتانی عێراقـــدا تووشـــی هاتـــووە.

چارەسەرکردنی گیروگرفتی قوتابییە دەرچووەکان و دامەزراندنیان بەپێی بڕوانامەکانیان.

پاڵپشـــتیکردنی پەیوەنـــدی نێـــوان پارتـــی و بەعـــس لـــە پێنـــاوی جێبەجێکردنـــی بەیانـــی یانـــزەی ئـــادار بـــە تەواوەتـــی.

دیاریکردنی ئەو قوتابییانەی دەنێردرێن بۆ دەرەوە و وای لێ بکرێ لەگەڵ ژمارەی نەتەوە کەمایەتییەکاندا ڕێك بکەوێ. لە پارێزگاکاندا یانە بۆ قوتابیان بکرێنەوە[١].

(١)ساسان عەونی،سەرچاوەی پێشوو، ل٣١.

**ئەندامانی لێژنەی تەنفیزی:**

**هەڵبژێردراوانی لێژنەی تەنفیزی:**

عـادل مـوراد. ئەنـوەر عەبـدوڵا. ڕەنـج نـوری شـاوەیس. فەرهـاد عەونـی. عەبدولقـادر محەمـەد ئەمیـن. عـارف تەیفـور. نـوری ئاکرەیـی. جەرجیـس حەسـەن. سـەباح عوبەیـد. سـەعدی خەلیـل. عـادل لەیلانـی. وەزیـرە پیـرداود. محەمـەد حاجـی. یوسـف مەولـود قەسـاب. عوسـمان سـاڵح خۆشـناو. جـەلال سـەلیم. ئەکـرەم ئەحمـەد. شـێرکۆ ڕەشـید سندی. حاجـی محەمـەد کرێـت. جـەواد شـێروانی. عەبدوڵـڵا محەمـەد.[1]

(١)ساسان عەونی، هەمان سەرچاوە، ل٣٢.

## پەیڕەو و پرۆگرامی ناوخۆی کۆنگرەی شەشەمی یەکێتی قوتابیانی کوردستان

## ناوپردان - ١٩٧٠

دەقی پەسندکراوی پەیڕەو و پرۆگرامی ناوخۆی کۆنگرەی شەشەمی یەکێتی قوتابیانی کوردستان کە لە ماوەی نێوان ١٩٧٠/٧/١٥ تاوەکوو ١٩٧٠/٧/١٨ لە ناوپردان لە ژێر ناوونیشانی ئاشتی، زانست و برایەتی بەڕێوەچوو.

### بەشی یەکەم

### پرۆگرام

**ماددەی یەکەم**

ناوی ڕێکخراو: «یەکێتی قوتابیانی کوردستان- عێراق» (ی.ق.ك.ع.)

**ماددەی دووەم**

**سنووری کار**

أ. کوردستانی عێراق.

ب. مەکتەبی سکرتارییەت لە کاتی پێویسدا لە سەرجەم ناوچەکانی عێراق لقەکانی دەکاتەوە.

ت. بارەگای مەکتەبی سکرتاریەت لە بەغدا دەبێت.

**ماددەی سێیەم**

**سروشتی یەکێتییەکە:**

یەکێتییەکە، ڕێکخراوێکی دیموکراتی نیشتمانی قوتابیانە، کار دەکات لە پێناو بەدیهێنانی ئامانجەکانی قوتابیانی کوردستان بە تایبەتی و ئامانجەکانی قوتابیان بە گشتی، هەروەها کار دەکات لە پێناو بەدەستهێنانی مافەکانی گەل و نەتەوەی کورد و جێبەجێکردنی خاڵەکانی ڕێککەوتننامەی (١١)ی ئاداری مێژوویی و دەستەبەرکردنی چەسپاندنی مافی ئۆتۆنۆمی کوردستانی عێراق لە چوارچێوەی عێراقی دیموکراتدا.

## بەشی دووەم

## ئامانجەکانی قوتابیان

**ماددەی چوارەم:**

١- فرەوانکـردن و بڵاوکردنـەوەی زانسـت و زانیاریـی و ڕۆشـنبیری لـە کۆمەڵگـەی کوردسـتان و نەهێشـتنی نەخوێنـدەواری لـە ڕێگـەی:-

أ. فێربوونـی لـە قۆناغـی سـەرەتایی بکرێتـە ناچـاری، بـە شـێوەیەك هەمـوو هاووڵاتیانـی کوردسـتان لـە هـەر سـووچێکی کوردسـتان بگرێتـەوە، هەروەهـا بـۆ ئـەم مەبەسـتە بـە پێـی پێویسـت قوتابخانـە بکرێتـەوە.

ب. جێبەجێکردنـی فێربـوون بـە زمانـی کـوردی بـە گوێـرەی بەیاننامەکـە لـە هەمـوو قۆناغەکانـی خوێنـدن لـە کوردسـتان لـە خـۆ دەگـرن، هـاوکات لەگـەڵ ڕێزگرتـن لـە مافـی کەمینـەکان لـە خوێنـدن بـە زمانـی خۆیـان و لـە قوتابخانـەی تایبـەت بـە خۆیـان.

ت. خوێنـدن بـێ پـارە بـێ لـە سـەرجەم قۆناغەکانـی خوێنـدن و دابینکردنـی بەشـە ناوخۆییـەکان و هاوکاریکردنـی قوتابیانـی هـەژار بـۆ تەواوکردنـی خوێنـدن.

ث. دانانـی پرۆگرامـی خوێنـدن لـە کوردسـتان لەسـەر بنەمـای دروسـتی زانسـتی و بـۆ نەهێشـتنی هـەر جـۆرە بیـر و بۆچوونێکـی کۆنەپەرسـتی و شـۆڤێنی بـێ، بـە شـێوەیەك مێـژوو و وێـژەی کـورد و جوگرافیـای کوردسـتان و زیندووکردنـەوەی کەلەپـووری نەتەوەیـی لـە خـۆ بگرێـت.

ج. ناردنـی نێـردەی قوتابیانـی کـورد بـۆ خوێنـدن لـە دەرەوە، بـە شـێوەیەك گونجـاو بـێ لەگـەڵ ڕێـژەی دانیشـتووانی کوردسـتان.

ح. کردنـەوەی کۆلێـژ و پەیمانگـە بـاڵاکان و پەیمانەگـە هونەرییـەکان لـە کوردسـتان بـە مەبەسـتی دانانـی بـەردی بناغـەی دامەزراندنـی زانکـۆ لـە کوردسـتان.

خ. کردنـەوەی ناوەنـدی نەهێشـتنی نەخوێنـدەواری بـۆ ئەوانـەی تەمەنیـان تێپەڕیـوە و لـە زانسـت بێبـەش بوونـە.

د. كار بكـرێ لـە پێنـاو بەرزكردنـەوەی ئاسـتی ڕۆشـنبیری و كۆمەڵایەتـی قوتابیانـی كوردسـتان و هاندانـی توانـا زانسـتییەكانیان و توانـا هونەرییەكانیـان.

ذ. پاڵپشتی و هاوكاری كۆڕی زانیاری و زمانی كوردی بكرێ.

ر. كردنـەوەی نووسـینگەی كوردسـتان كـە سـەرجەم سـەرچاوە ڕۆشـنبیرییەكانی كـورد لـە خـۆ بگرێـت، هـاوكات لەگـەڵ كردنـەوەی مۆزەخانـەی كوردسـتان بـە هەمـان شـێوە سـەرجەم سـەرچاوە پاشـماوەییەكان و شـوێنەوارەكان بگرێتـە خـۆ و گرینگـی بـە ناوچـە شـوێنەوارەكانی كوردسـتان بـدات.

ز. هاندانـی بەهرەمەندانـی هونـەری و گۆڕینـەوەی شـاندی شـانۆگەری و نوانـدن و پشـتوانیكردنیان، بـە شـێوەیەك ڕەڕەنگدانـەوەی ڕووخسـاری نەتەوەیـی گەلـی كـورد بـێ، هـاوكات كردنـەوەی یانـە وەرزشـییەكان و باخچـەی منـداڵان.

٢- خوێندنـی مێـژوو و زمـان و ئـەدەب و جوگرافیـای كوردسـتان لـە خـول و پەیمانگەكانـی مامۆسـتایان جێبەجـێ بكرێـت و كار بكـرێ بـۆ كردنـی بەشـی كـوردی لـە كۆلێـژی ئـاداب لـە زانكـۆی بەغـدا بـە زانكۆیەكـی تایبـەت بـە خوێندنـی كـوردی.

٣- بەرگـری لـە مافەكانـی قوتابیـان و بەشـداریكردنی نوێنەرانیـان لـە ئەنجوومەنەكانـی بەڕێوەبەرایەتـی ناوەندییـەكان و پەیمانگـەكان و كۆلێـژەكان بكـرێ بـۆ چارەسـەركردنی كێشـەكانیان، هـاوكات پەیوەندیـی لە نێـوان نوێنەرانـی قوتابیـان و بەڕێوەبەرایەتییەكان لەسـەر بنەمـای ڕێـزی دوولایەنـە و بەرژەوەنـدی گشـتی فەراهـەم بكرێ.

٤- هـەوڵ بـدرێ بـۆ بەهێزكردنـی كۆڵەگەكانـی پەیوەنـدی لەگـەڵ ڕێكخراوەكانـی قوتابیـان لـە جیهـان، بـە مەرجێـك ئـەو پەیوەندییـە پێچەوانـەی بارودۆخـی یەكێتییەكەمـان نەبـێ.

## بەشی سێیەم

## ئامانجە نیشتمانییەکان

**ماددەی پێنجەم:**

أ. سەبارەت بە خەباتی نەتەوەی کورد:-

١- پشتوانیکردن و هاوکاریکردنی دەستکەوتەکانی شۆڕشی گەلی کوردمان و کارکردن بۆ جێبەجێکردنی ڕێککەوتننامەی (١١)ی ئاداری مێژوویی و هەوڵدان بۆ جێبەجێکردنی سەرجەم خاڵەکانی، بە مەبەستی چەسپاندنی مافەکانی گەلی کورد و نەتەوە و ڕۆشنبیرییەکەی، لە ناویشیاندا بەهێزکردنی ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان کە دەبێتە هۆی بەهێزکردنی بەیەکەوەگرێدانی تێکۆشانی نێوان هەردوو گەلی عەرەب و کوردمان و دەبێتە هۆی پاراستنی دەستکەوتە نەتەوەیی و نیشتمانییەکان.

٢- پشتوانیکردنی بزاڤەکانی ڕزگاریخوازی و خواستە نەتەوەییەکانی گەلی کورد لە سەرجەم بەشەکانی کوردستان لە پێناو بەدیهێنانی ئامانجە ڕەواکان بۆ دیاریکردنی بڕیاردان لە چارەی خۆنووسینیان.

٣- هاوکاریکردنی قوتابییە ئاوارەکانی بەشەکانی دیکەی کوردستان کە بەهۆی خەباتی سیاسی (کوردایەتی)ییەوە ئاوارە بوونە، بە جۆرێك هاوکاری ماددی و لۆجستی بکرێن و کار بکرێ بۆ دابینکردنی کورسی خوێندن بۆیان.

٤- کار بکرێ بۆ دامەزراندن و چەسپاندنی سیستمێکی دیموکراتی شۆڕشگێڕی لە عێراق، بە شێوەیەك مافەکانی هەردوو گەلی سەرەکی عێراق عەرەب و کورد و تەواوی براکەمینەکانی تورکمان، ئاشووری و ئەرمەنییەکان لە ئەرك و مافەکانیان بپارێزێ.

ب- سەبارەت بە خەباتی گەلان و ئاشتی جیهانی:

١- خەبات بکرێ دژی کۆڵۆنیالیزمی جیهانی بە هەموو شێوەکانییەوە، هەروەها سەرکۆنەی داگیرکاری و پاشکۆیەتی بکرێت، کە دەبێتە هۆی بێئومێدی و ناخۆشی و وێرانکاری، خەباتی دژ بە کۆڵۆنیالیزم تاکە ڕێگەیە بۆ بەرپابوونی ئاشتی و ئاسایش لە جیهان.

٢- پشــتوانیکردنی بزاڤەکانــی ڕزگاریخــوازی گــەلان و شۆڕشــە نیشــتمانییەکان لــە پێنــاو بەدیهێنانــی ئامانــج و خواســتەکانیان.

٣- پشــتوانیکردنی تێکۆشــانی نەتــەوەی عەرەبــی برامــان، نەخاســمە خەباتــی گەلــی فەڵەســتین لــە پێنــاو مافــە ڕەواکانیــان.

٤- پشــتوانیکردنی تێکۆشــانی گــەلان لــە پێنــاو داماڵینــی چــەك بــە تەواوەتــی و بەیەکەوەژیانــی ئاشــتیانە و خەبــات کــردن دژی پەیماننامــە و هاوپەیمانییــە ســەربازییە جەنگییــەکان، چونکــە دەبنــە کۆســپ لــە بــەردەم ڕێگــەی گــەلان.

٥- نەهێشتنی بیرۆکە و چەمکەکانی کۆسمۆپۆلێتی و شۆڤێنیەتی و ڕەگەزپەرستییەکان.

## بەشی چوارەم

**ماددەی یەکەم**

یەکێتــی قوتابیانــی کوردســتان – عێــراق پێکــدێ لــەو قوتابییــە پێشــکەوتووخواز و شۆڕشــگێڕانەی باوەڕیــان بــە پرۆگرامــی پەیــڕەوی ناوخۆیــی هەیــە و بەڵێنیــان داوە بــە دڵســۆزی و لــە پێنــاو بەدیهێنانــی ئامانجەکانــی یەکێتییەکــە لــە ژێــر ڕۆشــنابیی سیاســەتی گشــتی، کــە نەخشــەی خەباتــی قوتابیانــی کوردســتانی دانــاوە، تێکۆشــان بکــەن.

**ماددەی دووەم**

**أ- مەرجی ئەندامبوون:**

هــەر قوتابییەکــی کــوڕ و کــچ مەرجەکانــی خــوارەوەی تێــدا بــێ، مافــی ئــەوەی هەیــە ببێتــە ئەنــدام لــەو یەکێتییــە دوای پێشکەشــکردنی نــووسراوی داواکاری تایبــەت کــە پێشــکەش بــە لێژنــەی شــار دەکرێــت، دوای پاکانەبۆکردنــی لــە لایــەن لێژنــەی قوتابخانــەوە.

١- بــاوەڕی تــەواوی هەبــێ بــە پرۆگــرام و ئامانجەکانــی پەیــڕەوی ناوخــۆی یەکێتییەکــە و بەڵێــن بــدات بــە دڵســۆزی خەبــات بــکات و دوور بــێ لــە هــەر بەژەوەندییەکــی کەســی، لــە پێنــاو بەدیهێنانــی ئامانجەکانــی یەکێتییەکــە.

٢- لانی کەم بۆ ماوەی سێ مانگ لە ژێر تاقیکردنەوەدا بێ.

٣- دەبێت خاوەنی ڕەفتار و ناووبانگێکی باش ئەمانەتپارێز بێ.

٤- لــە یەکێــك لــە شــانەکانی یەکێتییەکــە کار بــکات و فرمانەکانییــان جێبەجــێ بــکات.

٥- دەبێــت ئابوونــەی مانگانــە بــدات، کــە ئــەم ئابوونەیــە بــە گوێــرەی توانــا دارییەکانــی دەبێــت، هــاوکات لەگــەڵ پێشکەشــکردنی پســوولەی تایبــەت بــە بەخشــینەکان.

**ب- مافەکانی ئەندامیەتی:-**

١- مافــی ئــەوەی هەیــە لــە چوارچێــوەی ســنووری ڕێکخســتنەکەی بەوپــەڕی

ئـــازدی ڕەخنـــە لـــە هـــەر کەســـێك یـــان هـــەر دەزگەیـــەك بگـــرێ یانیـــش بیروبۆچوونەکانـــی ســـەبارەت بـــە پـــرس و بابەتەکانـــی تایبـــەت بـــە یەکێتییەکـــە بگرێـــت و پێشـــنیازە سوودبەخشەکانیشـــی پێشـــکەش بـــکات.

٢- مافـی هەیـە خـۆی هەڵبژێـرێ و خـۆی کاندیـد بـکات بـۆ دەزگـە جۆراوجۆرەکانـی یەکێتییەکـە.

٣- بۆی هەیە لە کاتی پێویستدا داوای هاوکاری بکات.

٤- بـــۆی هەیـــە دوای دوو ســـاڵ لـــە تەواوکردنـــی خوێنـــدن لـــە نـــاو دەزگەکانـــی یەکێتییەکـــە بمێنێتـــەوە.

٥- هـــەر کـــەس بـــە هـــۆی خەباتـــی سیاســـی (کوردایەتـــی) لـــە خوێنـــدن بێبـــەش بووبـــێ، مافـــی ئەندامیەتـــی لـــێ وەرناگیرێتـــەوە.

**ماددەی سێیەم**

لێژنەکانی یەکێتییەکە:

**١- شانە:** یەکەی دامەزراندنی یەکێتی قوتابیانە و لە (٣ – ٥) ئەندام پێدێ.

**٢- لێژنـــەی قوتابخانـــە:** لـــە (٣ – ٧) ئەنـــدام پێکـــدێ و لـــە لایـــەن ئەندامانـــی یەکێتییەکـــە لـــە نـــاو قوتابخانـــە هەڵدەبژێردرێـــن، ئەرکـــی ئـــەو لێژنەیـــە بریتییـــە لـــە ســـەرکردایەتی و ئەنجامدانـــی چالاکـــی لـــە نـــاو قوتابخانـــەدا، هەروەهـــا هـــەوڵ دەدات بـــۆ فرەوانکـــردن و بەهێزکردنـــی ڕیزەکانـــی ڕێکخســـتن و بەدیهێنانـــی ئامانجەکانـــی یەکێتییەکـــە و جێبەجێکردنـــی فرمانەکانـــی لێژنـــە بـــاڵاکان و چارەســـەرکردنی کێشـــەکانی قوتابیـــان لـــە نـــاو قوتابخانـــەدا.

**٣- لێژنـــەی شـــار:** لـــە (٥ – ٩) ئەنـــدام پێکـــدێ و لـــە نێـــوان چالاکترینـــی ئەندامانـــی شـــارەوە هەڵدەبژێردرێـــن، ئەرکـــی بریتییـــە لـــە ســـەرکردایەتیکردنی جووڵـــە و چالاکـــی قوتابیـــان لـــە نـــاو شـــاردا.

**٤- لێژنـــەی لـــق:** لـــە بەرپرســـی لێژنەکانـــی شـــار پێکـــدێ، کـــە لـــە ڕووی ڕێکخســـتنەوە پێوەســـتن بـــەو لقـــە و بـــە گوێـــرەی ســـنووری ئـــەو نەخشـــەی لـــە لایـــەن لێژنـــەی

جێبەجێکردنــەوە بــۆی دانــراوە، بــە مەرجێــك دوو لەســەر ســێی ئەندامانــی لێژنــەی لــق ئەندامــی لێژنــەی جێبەجێکــردن بــن و هــاوکات پێوەســتن بــن بــە مەکتەبــی ســکرتاریەت. کۆبوونــەوەی ئاســاییان مانگانــە جارێــك دەبــێ و ڕاپۆرتــی خۆیــان ســەبارەت بــە چالاکیــی ئەندامــان و ژمارەیــان بــەرز دەکەنــەوە و لیســتی دارایــی لقــی یەکێتییەکــە پێشــکەش دەکــەن، هەروەهــا مافــی دەرکردنــی گۆڤــار و بڵاوکــراوەی دەوریــان هەیــە، بــە مەرجێــك لەگــەڵ سیاســەتی گشــتی قوتابیانــی کوردســتان یــەك بگرێتــەوە.

## بەشی پێنجەم

## دەزگەکانی سەرکردایەتی و ئەرکەکانیان

**ماددەی چوارەم**

## دەزگەکانی سەرکردایەتی و ئەرکەکانیان:-

أ. لێژنەی جێبەجێکردن (تەنفیزی):- ئەرکی بریتییە لە سەرکردایەتیکردنی ڕێکخراوەکە و سەرپەرشتیکردنی چالاکییەکانی یەکێتییەکە و ئاراستەکردنی و جێبەجێکردنی بڕیارەکانی کۆنگرە و بەدیهێنانی ئامانجەکان و چاودێریکردنی لێژنە و ڕێکخستنەکانی بۆ جێبەجێکردنی بڕیارەکان. ئەم لێژنەیە لە (١٥ – ٢١) ئەندام پێك دێ، کە لە ڕێگەی دەنگدانی نهێنییەوە هەڵبژێردراون و لانی کەم ماوەی دوو ساڵ بەسەر ئەندامبوونیان لە یەکێتییەکە تێپەڕ بووبێ، هەروەها بەرپرسن لە بەرامبەر کۆنگرە و لە ماوەی هەر دوو مانگ جارێك کۆبوونەوەی ئاسایی ئەنجام دەدەن، هاوکات کۆبوونەوەی لەناکاویش ئەنجام دەدەن لەسەر داوای مەکتەبی سکرتارییەت یانیش لەسەر داوای دوو لەسەر سێی ئەندامانی.

ب. مەکتبی سکرتارییەت:- لە (٧) ئەندام پێك دێ. مەکتەبی سکرتارییەت لە لایەن ئەندامانی لێژنەی جێبەجێکردنەوە لە کۆبوونەوەیەکی تایبەت و لە دوای کۆنگرەوە هەڵدەبژێردرێن، هەروەها لێژنەی جێبەجێکردن لە کۆبوونەوەی دووەمدا کە ڕاستەوخۆ لە دوای کۆنگرە ئەنجام دەدرێ، دەسەڵاتی هەر یەکێکیان دیاری دەکات. مەکتەبی سکرتارییەت دەسەڵاتی تەواوی دەبێت لە سەرپەرشتیکردنی یەکێتییەکە و دەرکردنی گۆڤاری مانگانەی تایبەت بە یەکێتییەکە، کە پێك دێ لە

١- سەرۆك.

٢- سکرتێری گشتی.

٣- جێگری سەرۆك.

٤- بەرپرسی چالاکییە کارگێڕی، دارایی و ڕۆشنبیرییەکان.

٥- بەرپرسی کاروباری ڕێکخستن.

٦- بەرپرسی پەیوەندییەکانی دەرەوە.

٧- بەرپرسی پەیوەندییەکانی ناوخۆ.

**کۆنگرە**

بەرزترین دەسەڵاتی یەکێتییەکەیە، کە پێك دێ لە نوێنەرانی هەڵبژێردراو و لێژنەی جێبەجێکردن، مافی دیاریکردنی ڕێژەی بەستنی کۆنگرەی هەیە، کە هەر دوو ساڵ جارێك ئەنجام دەدرێ، هەروەها مافی گۆڕین و هەمووارکردنی پرۆگرام و پەیڕەوی ناوخۆی یەکێتییەکەی هەیە. کۆنگرە لێژنەی نوێی جێبەجێکردن لە میانی دەنگدانی نهێنییەوە هەڵدەبژێرێ و لێپێچینەوە لە لێژنەی پێشوو دەکات لەسەر کار و چالاکییەکانی.

**کۆنفرانس**

کۆبوونەوەیەکی بەرفرەوانە لە کاتێکدا دەبەسترێ، کە بەستنی کۆنگرە قورس بێ. کۆنفرانس تەواوی دەسەڵاتەکانی کۆنگرەی هەیە جگە لە دەسەڵاتی گۆڕین و هەمووارکردنی پەیڕەوی ناوخۆی یەکێتییەکە، هەروەها پێك دێ لە لێژنەی جێبەجێکردن و نوێنەرانی لێژنەی لقەکان و ئەندامانی پێشکەوتووی یەکێتییەکە.

**ماددەی پێنجەم**

**دەسەڵاتەکانی دەزگە و لێژنەکانی یەکێتییەکە**

**أ- لێژنەی قوتابخانە**

١- پێداچوونەوە بە ئەندامیەتی.

٢- داوا لە لێژنەی شار دەکات بە سڕکردن (تجمید)کردنی ئەندامانی پاسیڤ و خراپی یەکێتییەکە.

**ب- لێژنەی شار**

١- سڕکردنی چالاکییەکانی ئەندامی کەمتەرخەم و خراپ بۆ ماوەی دوو مانگ.

٢- داوا لە لێژنەی لق دەکرێ بە دەرکردنی ئەندامی کەمتەرخەم.

**ج- لێژنەی لق**

١- سـەرکردنی چالاکـی ئەندامـان و لێژنـەی قوتابخانـەکان و شـارەکان لـە ئەگـەری كە متە رخە میكرد نـد ا .

٢- دەرکردنی ئەندام لەسەر داوای لێژنەی شار.

٣- دەستلەکارکێشانەوەی لێژنەی قوتابخانە.

**د- لێژنەی جێبەجێکردن**

١- مافـی سـڕکردن و هەموارکردنـەوەی لێژنـەی لـق و شـار لـە ئەگـەری دوورکەوتنـەوە و لادان لـە هێڵـی گشـتی بـە شـێوەیەك كـە لەگـەڵ بەرژەوەنـدی یەكێتییەكـە یـەك نەگرێتـەوە، هەروەهـا پێویسـتە ڕوونکردنـەوە سـەبارەت بـە هۆکارەکانـی سـڕکردن و هەموارکـردن و ئاڵوگۆڕکردنـی کۆنگـرە بـە ڕەزامەنـدی دوو لەسـەر سـێی ئەندامانـی بـێ.

٢- سـڕکردنی چالاکـی لێژنـەی جێبەجێکـردن بـە ڕەزامەنـدی دوو لەسـەر سـێی ئەندامـان دەبـێ.

## بەشی شەشەم

## دارایی یەکێتییەکە

**ماددەی شەشەم**

دارایی یەکێتییەکە:

أ- دارایی یەکێتییەکە پێك دێ لە:

١- بەشداری ئابوونەی مانگانەی ئەندامان.

٢- هاوکاری و بەخشینی دارایی و خۆبەخشییەکان.

٣- داهاتی ئاهەنگ و چالاکییە کۆمەڵایەتیەکان.

ب- دارای یەکێتییەکە بۆ ئەو لایەنە دەگەڕێتەوە کە مەکتەبی سکرتارییەت بڕیاری لەسەر دەدات.

ج- بەرپرسی دارایی بەبێ ڕەزامەندی سکرتاریەت بۆی نییە بڕی زیاتر لە ١٠ دینار خەرج بکات.

د- شێوەکانی خەرج کردن:

دارایی یەکێتی قوتابیان لەم ڕوڕەوانەی خوارەوە خەرج دەکرێ:-

١- دەرماڵەکان کە لێژنەی جێبەجێکردن بۆ لێژنەی لقەکان بڕیاری لێ دەدا.

٢- خەرجکردن بۆ سەرجەم بارەگاکانی یەکێتییەکە لە هەموو ڕوویەکەوە.

٣- پێدانی بەخشین و هاوکاری بە ئەندامان، کە لە کاتی نەخۆشی و تەواوکردنی خوێندن پێویستیان پێی دەبێ.

٤- لە کاتی سەردانی نوێنەرانی یەکێتییەکە بۆ ناوخۆ و دەرەوە بۆ ڕاییکردنی کاروبارەکانی تایبەت بە یەکێتییەکە.

## بەشی حەوتەم

**ماددەی حەوتەم**

کۆنگرە دەسەڵاتی یەکەمی هەیە، کە دەتوانێ لە دوای وەرگرتنی ڕەزامەندی دوو لەسەر سێی ئەندامانی بڕیار بدات بە هەڵوەشاندنەوەی یەکێتییەکە یان چوونە پاڵ ڕێکخراوێکی دیکەی قوتابیان یان یەکلاییکردنەوەی پارەکەی بۆ لایەنێك کە لەگەڵ ئامانجەکانی یەك دەگرێتەوە یانیش ئامانجەکانی هاوشێوەی ئامانجەکانی یەکێتی قوتابیانی کوردستان- عێراقە.

# کۆنگرەی حەوتەمی یەکێتی قوتابیانی کوردستان
# سلێمانی - ١٩٧٢

دوای ئەنجامدانی کۆنگرەی شەشەم، یەکێک لە بڕیارەکانی کۆنگرە ئەوەبوو، هەموو ساڵێک کۆنگرەی یەکێتی قوتابیانی کوردستان ببەسترێت. لەبەر ڕۆشنایی ئەم بڕیارە، دوای تێپەڕبوونی ساڵێک، کار بۆ بەستنی کۆنگرەی نوێ کرا و لە ڕێکەوتی ٣٠ی ئادار تا ٢ی نیسانی ١٩٧٢ کۆنگرەی حەوتەمی یەکێتی قوتابیانی کوردستان، بە دروشمی (زانست و خەبات لە پێناوی چەسپاندنی ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستانی عێراق)، بە ئامادەبوونی ٤٥٠ نوێنەری حەوت لق، لە کەشێکی ئازاد لە هۆڵی کۆبوونەوەکانی زانکۆی سلێمانی سازدرا[١].

لەم کۆنگرەیەدا، هەر یەکێك لە تایەر عەبدولکەریم ئەندامی سەرکردایەتی حزبی بەعسی عەرەبی سۆسیالیست و وەزیری نەوت ئامادە بوون. نوێنەری سەرۆك کۆماری عێراق وتاری سەرۆك کۆماری پێشکەش کرد[٢]. جگە لەمانە، عەلی عەبدوڵای پارێزگاری سلێمانی، سامی عەبدولڕەحمان وەزیری کاروباری باکوور و نوێنەری سەرۆك مستەفا بارزانی، بیانکۆی نوێنەری یەکێتی ڕێکخراوەکانی قوتابیانی ڕۆمانیا، ئەندازیار تاریق ئاکرەیی سەرۆکی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا، وەک مێوان بەشداریان لەم کۆنگرەیەدا کرد[٣].

ڕۆژی یەکەمی کۆنگرە بۆ خوێندنەوەی وتاری ئامادەبووان و ئەنجامدانی ئاهەنگی کردنەوەی کۆنگرە تەرخان کرا، بۆ ڕۆژی دووەم لێژنەی ئامادەکاری کۆنگرە دەستنیشانکران و لە ڕۆژانی دواتر بەشێوەیەکی فەرمی کۆنگرە دەستی بە کارەکانی کرد، گرینگترین بڕیارەکانی کۆنگرە بریتی بوون لە: دامەزراندنی ئەنجومەنی کارگێڕی گشتی لە شوێنی لێژنەی ڕاپەڕاندن و کردنەوەی لقەکانی ئەنجومەنەکە لە هەموو عێراق. زیادکردنی بنکەی نەهێشتنی نەخوێندەواری. گواستنەوەی بەشی کوردی کۆلێژی ئادابی زانکۆی بەغدا بۆ کۆلێژێکی تایبەت بەخۆی. هاوکاری قوتابیانی پارچەکانی تری کوردستان. بەهێزکردنی پەیوەندی لەگەڵ ڕێکخراوە جەماوەرییەکانی قوتابیانی جیهان و دوپاتکردنەوەی پشتیوانی یەکێتی قوتابیان بۆ شۆڕش و سەرۆک مستەفا بارزانی[٤].

لـەم کۆنگرەیـەدا پلـەی جێگـری سـەرۆك لا درا و لـە کۆتاییـدا مەکتەبـی سـکرتاریەت لەلایـەن نوێنەرانـەوە بـە شـێوەی خـوارەوە هەڵبژێـردران:

١- عادل موراد- سەرۆك

٢- ڕەنج نوری شاوەیس- سکرتێر

٣- ئازاد محەمەد خەفاف- ئەندامی مەکتەبی سکرتاریەت

٤- چیا عەباس- ئەندامی مەکتەبی سکرتاریەت

٥- یوسف مەولود قەساب- ئەندامی مەکتەبی سکرتاریەت

٦- ئازاد محەمەد نەجیب- ئەندامی مەکتەبی سکرتاریەت

٧- محەمەد قەرەنی قەرەداغی- ئەندامی مەکتەبی سکرتاریەت

٨- عوسمانساڵح خۆشناو- ئەندامی مەکتەبی سکرتاریەت

٩- جەلال سەلیم خۆشناو- ئەندامی مەکتەبی سکرتاریەت

١٠- حوسێن تەها شنگالی- ئەندامی مەکتەبی سکرتاریەت

١١- نەجمەدین عومەر کەریم- ئەندامی مەکتەبی سکرتاریەت

**ئەندامانی یەدەگی مەکتەبی سکرتاریەت بەم شێوەیە هەڵبژێردران:**

١- خەسرەو گوڵ محەمەد

٢- عەزیز مەحمود

٣- سیروان عەبدوڵا

٤- نەجمەدین عەزیز

٥- جەبار سابر[٥].

بەپێی پرۆگرامی ناوخۆ، پەیکەری ڕێکخستنی یەکێتی قوتابیانی کوردستان بریتی بوو لە:

شـانە، لێژنـەی قوتابخانـە یـان لێژنـەی زانکـۆ و پەیمانـگا، لێژنـەی ناوچـە، لێژنـەی لـق، دەسـتەی کارگێـڕی، مەکتەبـی سـکرتاریەت و سـکرتێری گشـتی[٦].

## سەرچاوە و پەراوێز


١- عرفان عەزیز عەزیز، کۆنگرە و کۆنفرانسەکانی یەکێتی قوتابیانی کوردستان، چاپی یەکەم، (هەولێر - چاپخانەی ڕۆژهەلات-٢٠١٢)، ل ٧٤.

٢- كلمة السيد رئيس الجمهورية في مؤتمر اتحاد طلبة كردستان العراق، جريدة التآخي، العدد ٩٩٧، بغداد، مطبعة التايمس، السبت، ١ نيسان ١٩٧٢م، ص ١.

٣- ساسان عەونی، یەکێتی قوتابیانی کوردستان چەند لایەنێکی تێکۆشان و مێژوو، (هەولێر - چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە- ١٩٩٨)، ل ٤٢.

٤- عرفان عەزیز عەزیز، سەرچاوەی پێشوو، ل ل ٧٤-٧٥.

٥- ساسان عەونی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٧؛ عرفان عەزیز عەزیز، سەرچاوەی پێشوو، ل ٧٧.

٦- المنهج والنظام الداخلي، اتحاد طلبة كردستان - العراق، المؤتمر السابع، (بدون مكان ـ ١٩٧٢م)، ص ص ١ ـ ٢١.

## وتاری سەرۆکی یەکێتی قوتابیانی کوردستان

بەڕێز نوێنەری سەرۆك کۆمار

بەڕێز نوێنەری سەرۆك بارزانی و پارتی دیموکراتی کوردستان

بەڕێـزان، مێوانانـی ئازیـز، هاوپیشـەکانمان،نوێنەرانیی یەکێتـی و رابیتەکانـی قوتابیانـی عـەرەب و کـوردی هاوپەیـمان، خانمـان، ئەندامانـی کۆنگـرە ...

بەنـاوی لێژنـەی جێبەجێکاری یەکێتـی قوتابیانـی کوردسـتانەوە بەخێرهاتنتـان دەکـەم، هەروەهـا سوپاسـی بەڕێـز سـەرۆك کۆمار،موهیـب ئەحمـەد حەسـەن ئەلبەکـر دەکـەم بـەو پێیـەی ئـەو کۆنگرەیەمـان لەژێـر چاودێریـی بەڕێزیانـەوە سـاز دەکـرێ.

ئـەم کۆنگرەیـە لـە بارودۆخێکـی هەسـتیاری خەباتـی گەلـی عێـراق مـان بـە عـەرەب و کـورد و کەمینەکانـی تـر سـاز دەکـرێ، هـەر ئەمـەش ئەرکێکـی زۆر گرنـگ و مەترسـیدار دەخاتــە ئەســتۆی ئێمــەی قوتابیــان و خــۆی لــە جۆشــدانی خەباتــی شۆڕشــگێڕی و پابەندبوونــی هۆشــیارانە بــە جولانــەوەی گەلەکەمــان و چڕکردنــەوەی بەشــداربوونی کاریگەرانــە لــە بوارەکانــی بەهێزکردنــی کاروانــی پێشــکەوتووخوازیدا دەبینێتــەوە، لــە ســایەی رێنماییەکانــی ســەرکردایەتیە پێشــەنگەکەیدا کــە پارتــی دیموکراتــی کوردســتان و خەباتــکار مســتەفا بارزانــی ســەرۆکەکەیەتی، تــا دەگاتــە هێنانــەدی ئامانجــە نەتەوەییــە ڕەواکانمــان و چەســپاندنی کۆڵەگەکانــی ئاشــتیەکی هەمیشــەیی وا کــە بــواری فراوانترمــان بــۆ بخســێنی بــۆ بونیادنانــەوە و پێشــکەوتنی شارســتانی.

برایانی بەڕێز

ســازکردنی کۆنگــرەی حەوتەمــمان لەژێــر دروشــمی (زانســت و خەبــات لــە پێنــاوی چەســپاندنی ئۆتۆنۆمــی بــۆ کوردســتانی-عێراق) دووپاتکردنــەوەی دڵســۆزیی قوتابیانــی کوردســتانە بەرامبــەر بــە پابەندبوونیــان بــە دۆزی گەلەکەیــان کــە ئــاداری لــێ کەوتــەوە و لــە داهاتووشــدا بــەردەوام دەبــێ لــە خســتنەگەڕی هەوڵــەکان و خەباتکــردن لــە پێنـاوی گەیشـتن بـە ئامانجەکانـی لـە ئۆتۆنۆمـی لـە چوارچێـوەی عێـراق ێکـی دیموکراسـی پێشـکەوتوو کـە ئـاڵای برایەتـی و یەکێتـی نیشـتمانی لەسـەر بشـەکێتەوە، وڵاتێـك هەمـوو ئـەو هێـزە پێشـکەوتووخوازانە بگرێتـە خـۆی کـە لـە دژی داگیرکاریـی و دواکەوتوویـی

دەجەنگـن... عێـراق ێـك تیایـدا گەلـی کـورد بەبـێ هیـچ دواکەوتنێـك بـە مافـە ڕەواکانـی بـگات و چەوسـانەوەی نەتەوەیـی بنبـڕ بکـرێ.

خوشکان، برایان

خەباتـی یەکێتیەکەمـان، یەکێتـی قوتابیانـی کوردسـتان-عێراق و یەکێتـی نیشـتمانی قوتابیانـی عێـراق یەکیـان گرتـووە بـۆ ئـەوەی یەکێتیەکەمـان ببـێ بـە نوێنـەری شـەرعی جەمـاوەری قوتابیانـی کوردسـتان، هەروەهـا بـۆ ئـەوەی ئـەو یەکگرتنـە هاوبەشـە ببـێ بـە بـەردی بناغـە بـۆ سـەرهەڵدانی بـەرەی قوتابیانـی پێشـکەوتووخواز.

خوشکان، برایان

لـە کۆتاییـدا بەنـاوی خـۆم و قوتابیانـی کوردسـتان-عێراق و لێژنـەی جێبەجێـکارەوە سوپاسـێکی بـێ پایـان ئاراسـتەی ڕێکخراوەکانی قوتابیانـی عەرەبی دۆسـت و ڕێکخراوەکانی قوتابیانـی کوردسـتان و شـاندی ڕۆمانـی دەکـەم کـە ئەمـڕۆ لەگـەڵ ئێمـە بەشـداری ئـەم کۆنگـرە پیرۆزەیـان کـرد و بەخێرهاتنیـان دەکـەم بـۆ کوردسـتانی خۆشەویسـت.

سـڵاو لـە کۆنگـرەی حەوتـی یەکێتیەکەمـان و گیانـی پاکـی شـەهیدانی قوتابیانـی کوردسـتان و شـەهیدانی بزووتنـەوەی قوتابیانـی عێـراق و جیهـان...

# پرۆگرام و پەیڕەوی ناوخۆی کۆنگرەی حەوتەمی یەکێتی قوتابیانی کوردستان

## پرۆگرام

**بابی یەکەم**

**ماددەی یەکەم:**

ناوی ڕێکخراو: یەکێتی قوتابیانی کوردستان- عێراقە و بە أ. ط . ك - عراق ئاماژەی بۆ دەکرێ.

**ماددەی دووەم:**

چوارچێوەی کارکردن:

أ. کوردستانی عێراق.

ب. ئەنجومەنی کارگێڕی گشتی مافی هەیە لقەکانی لە هەموو ناوچەکانی کۆماری عێراق بکاتەوە.

ت. بارەگای مەکتەبی سکرتاریەت لە بەغدا دەبێ.

**ماددەی سێیەم:**

سرووشتی یەکێتی:

یەکێتی ڕێکخراوێکی دیموکراسی نیشتمانی پێشکەوتووخوازی شۆڕشگێڕی قوتابیانە و لە پێناوی هێنانەدی ئامانجەکانی قوتابیانی کوردستان بە تایبەتی و ئامانجەکانی قوتابیان بە گشتی تێدەکۆشێ، هەروەها لە پێناوی دەستەبەرکردنی مافە نەتەوەییەکانی گەلی کوردستان و کارکردن بۆ جێبەجێکردنی بەندەکانی ڕێککەوتننامە مێژووییەکەی ١١ی ئادار و هێنانەدی ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستانی عێراق، لە سایەی دەسەڵاتێکی دیموکراسیدا خەبات دەکات.

**بابی دووەم**

**ئامانجەکان**

**ماددەی چوارەم**

یەکێتی لە پێناوی ئەم ئامانجانەی خوارەوە خەبات دەکات:

**یەکەم: لەسەر ئاستی ناوخۆیی (نیشتمانی و قوتابیان):**

**١- لەسەر ئاستی نیشتمانی:**

١- پشتگیریکردن لە دەستکەوتەکانی گەلی کوردمان و هەوڵدان بۆ جێبەجێکردنی تەواوی بەندەکانی رێککەوتننامەی مێژوویی ١١ی ئادار و چەسپاندنی مافە نەتەوەیی و کلتووریەکانی گەلی کورد و پەرەدان و پێشخستنی ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان بە شێوەیەك ببێتە مایەی بەهێزکردنی یەکگرتنی خەبات لە نێوان گەلی عەرەب و کوردمان و پارێزگاری لە دەستکەوتە نەتەوەیی و نیشتمانیەکان بکات.

٢- کارکردن بۆ چەسپاندنی سیستمێکی دیموکراسی میللی لە عێراق، بە جۆرێك ببێتە مایەی پاراستنی مافەکانی هەردووك گەلی عەرەب و کورد و کەمینەکانی تر، بەو پێیەی ئەمە تاکە رێگایە بۆ قوڵکردنی هاوپەیمانی خەبات لە نێوانیان لە پێناوی خزمەتکردنی بابەتەکانی ئازادیخوازیی و دیموکراسی.

٣- پتەوکردنی یەکگرتوویی خەبات لەگەڵ رێکخراوە کوردستانیەکانی وەك لاوان و ئافرەتان و مامۆستایان و رێکخراوەکانی تر.

٤- کارکردن لە پێناوی بەخشینی ڕەگەزنامەی عێراقی بە کوردانی فەیلی و کویان و ئۆمەریان و ئاشوریەکان کە لە عێراق دەژین و لەو مافە بێبەش کراون.

**٢- لەسەر ئاستی قوتابیان:**

١- بەرگریکردن لە ماف و داواکاریەکانی قوتابیانی عێراق بە گشتی و قوتابیانی کوردستان بە تایبەتی.

٢- فراوانکـردن و بڵاوکردنـەوەی فێرکـردن و رۆشـنبیری لـە نـاو کۆمەڵـگای کوردسـتانی و نەهێشـتنی نەخوێندەواریـی لـە رێگـەی:

أ. بـە زۆرەملێکردنـی خوێنـدن لـە قۆناغـی سـەرەتایی، بـە جۆرێـك هەمـوو هاوڵاتیانـی ناوچـە کوردسـتانیەکان بگرێتـەوە و کردنـەوەی قوتابخانـەی پێویسـت بـۆ ئـەم مەبەسـتە.

ب. تەبەنناکردنـی بنەمـای فێرکردنـی خۆڕایـی لـە هەمـوو قۆناغەکانـی خوێنـدن، بـە زانکۆشـەوە، هەروەهـا دابینکردنـی بەشـە ناوخۆییـەکان و هاوکاریکردنـی قوتابیانـی کەمدەرامـەت بـە مەبەسـتی تەواوکردنـی خوێنـدن.

ت. جێبەجێکردنـی ئـەو بەیاننامانـەی تایبەتـن بـە بابەتەکانـی بەکوردیکردنـی هەمـوو قۆناغەکانـی خوێنـدن لـە کوردسـتان و دانانـی زمانـی کـوردی وەك بابەتێـك لـە تاقیکردنـەوە گشـتیەکان لـە عێـراق و رێزگرتـن لـە مافـی کەمینـەکان لـەوەی لـە قوتابخانـە تایبەتەکانـی خۆیانـدا بـە زمانـی خۆیـان بخوێنـن.

ث. دانانـی پرۆگرامەکانـی خوێنـدن لەسـەر بنەمایەکی نەتەوەیی و زانسـتی پێشـکەوتوو و بنبڕکردنـی هـزرە دواکەوتـوو و شـۆڤێنیەکان، هەروەهـا ئـەو پرۆگرامـە خوێندنـی مێـژوو و ئەدەبـی کـوردی و جوگرافیـای کوردسـتان و ژیاندنـەوە و پێشخسـتنی کلتـووری کـوردی بگرێتـە خۆی، هـاوکات لـە پلانی هەرێمیـی پـەروەردە و فێرکردندا پێویسـتە رەچـاوی ئەمـە بکـرێ.

ج. قوتابیانـی کوردسـتان بـبن بـە خاوەنـی مافـی کورسـی خوێنـدن و ناردنیـان بـۆ دەرەوەی وڵات بـۆ خوێنـدن، بـە جۆرێـك ئەمـە لەگـەڵ ژمـارەی دانیشـتوان و پێویسـتیەکانی کوردسـتان گونجـاو بـێ.

ح. زیادکردنـی ژمـارەی بنکەکانـی نەهێشـتنی نەخوێنـدەواری بـۆ ئەوانـەی لـە خوێنـدن دوور خراونەتەوە.

خ. کارکـردن لـە پێنـاوی بەرزکردنـەوەی ئاسـتی رۆشـنبیری و کۆمەڵایەتـی و هۆشـیاریی شۆڕشـگێڕیی قوتابیانـی کوردسـتان، لـە رێگـەی کردنـەوەی بنکـەی رۆشـنبیرکردن کـە بـە بابەتـە نیشـتمانیەکان ئاشـنایان بکـەن، هەروەهـا هاندانـی بەهـرە زانسـتی

و هونەریـەکان و بایەخـدان بـە خوێندنـی پیشـەیی.

د. پشـتگیریکردن لـە کـۆڕی زانسـتی کـورد و سـپاردنی بابەتـی سەرپەرشـتیکردنی بابەتەکانـی نووسـین و وەرگێڕانـی کتێبـە زانسـتی و زمانەوانـی و ئەدەبـی و مێژووییـەکان بـەو کـۆ.

٣- بەشـداركردنی نوێنەرانـی یەکێتـی لـە لێژنەکانـی ڕێـککاری لـە دواناوەندیـەکان و ئەنجومەنەکانـی پەروەردەیـی لـە پارێـزگاکان.

٤- قوڵکردنـەوەی یەکێتـی بزووتنـەوەی قوتابیانـی عێـراق و بەهێزکردنـی دۆسـتایەتی و خۆشەویسـتی لەنێـوان قوتابیانـی عـەرەب و کـورد و کەمینـەکان.

٥- کارکـردن لـە پێنـاوی هاوتاکردنـی قوتابیانـی کوردسـتان لەگـەڵ قوتابیانـی دیکـەی عێـراق و وەرگرتنیـان لـە کۆلیژەکانـی پۆلیـس و سـەربازیی وەك قوتابیانـی دیکـەی عێـراق.

٦- گۆڕینـی بەشـی کـوردی لـە کۆلێـژی ئەدەبیاتـی زانکـۆی بەغـدا بـۆ کۆلێژێکـی تایبـەت بـە خوێندنـی کـوردی و پێشخسـتنی بـە جۆرێـك لـە توانایـدا هەبـێ بڕوانامەکانـی ماسـتەر و دکتـۆرا بـە قوتابیـان ببەخشـێ و دابینکردنـی مامۆسـتای تایبـەت بـەو مەبەسـتە.

٧- کارکـردن لـە پێنـاوی پـەرەدان بـە زانکـۆی سـلێمانی، بـە بەشـە زانسـتی و ئەدەبیەکانیـەوە، بەپێـی پێویسـتیەکانی پێشـکەوتنی زانسـتی و ڕۆشـنبیری لـە کوردسـتان و هەوڵـدان بـۆ بەرزکردنـەوەی ئاسـتەکانیان و زیادکردنـی تواناکانیـان بـۆ ئـەوەی بتوانـن ئەرکـە مێژووییەکانیـان وەك پێویسـت ڕاپەڕێنـن، بـە تایبەتـی گرنگیـدان بـە مێـژوو و ئـەدەب و کلتـووری نەتەوەیـی گەلەکەمـان.

**دووەم: لەسەر ئاستی نەتەوەیی:**

١- پێشکەشـکردنی کۆمەکـی دارایـی و مەعنـەوی بـەو قوتابیانـەی بەهـۆی خەباتی سیاسـی (کوردایەتـی) ەوە لـە پارچـە جیاوازەکانـی کوردسـتان پەرتـەوازە بـوون، هەروەهـا کارکـردن لـە پێنـاوی دابینکردنـی کورسـی خوێنـدن بۆیـان.

٢- پشـتگیریکردن لـە بزووتنـەوە ڕزگاریخـوازەکان و ئامانجـە نەتەوەییەکانـی کـورد لـە

هەمـوو بەشـەکانی کوردسـتان، لـە پێنـاوی هێنانـەدی ئامانجـە ڕەواکانیان لـە دیارکردنی مافـی چارەنـووس.

٣- پتەوکردنـی پەیوەنـدی لەگـەڵ ڕێکخـراوە کوردسـتانیەکانی پارچەکانـی دیکـەی کوردسـتان و ڕێکخراوەکانـی قوتابیانـی کـورد لـە دەرەوەی کوردسـتان.

٤- پێشکەشـکردنی پشـتگیریی دارایـی و مەعنـەوی راسـتەخۆ بـە خەباتـی ئەنجومەنـی قوتابیانـی کـورد لـە ئەوڕووپـا، بـەو پێیـەی نوێنـەری شـەرعی هەمـوو قوتابیانـی کوردسـتانە لـە ئەوڕووپـا.

**سێیەم: لەسەر ئاستی جیهان:**

١- خەباتکـردن لـە دژی کۆلۆنیالیزمـی جیهـان بـە هەمـوو جۆرەکانـی و پرۆتسـتۆکردنی داگیـرکاری و تەبەعیـەت کـە دەبنـە مایـەی بـێ هیوایـی و ئازارکێشـان و وێرانکاریـی، بۆیـە خەباتکـردن لـە دژیـان تاکـە ڕێگایـە بـۆ هێنانـەدی ئاشـتی و ئاسـایش بـۆ جیهـان.

٢- پشـتگیریکردن لـە بزووتنـەوە ئازادیخوازەکانـی گـەلان و شۆڕشـە نیشـتمانیەکان لـە پێنـاوی هێنانـەدی ئامانـج و خواسـتەکانیان.

٣- پشـتیوانیکردن لـە خەباتـی گـەلان لـە پێنـاوی داماڵینـی چەکـە وێرانـکارەکان و ژیـان بـە هێمنـی و ئاشـتی و خەباتکـردن لـە دژی پەیماننامـە و هاوپەیمانێتیـە سـەربازیە دوژمنکاریـەکان.

٤- پشـتیوانیکردن لـە خەباتـی گەلـی عەرەبـی بـرا، بـە تایبەتـی خەباتـی گەلـی فەلەسـتین و بزووتنـەوەی بەرگریکـردن کـە نوێنـەری ڕاسـتەقینەی گەلـی فەلەسـتین دەکات لـە پێنـاوی شـادبوون بـە مافـی دیارکردنـی چارەنـووس.

٥- بەهێزکردنی پەیوەندیی لەگەڵ ڕێکخراوە پێشکەوتووخوازەکانی قوتابیانی عەرەب.

٦- بەهێزکردنـی پەیوەندیـی خەباتگێـڕی لەگـەڵ ڕێکخـراوە پێشـکەوتووخوازەکانی جیهـان بـە مەبەسـتی بەرگریکـردن و تەبەناکردنـی دۆزی کـورد لـە بـوارە جیهانیەکانـدا.

٧- بنبڕکردنی هزر و چەمکە کۆسمۆپۆلیتی و شۆڤێنی و ڕەگەزپەرستیەکان.

**بابی سێیەم**

**پەیڕەوی ناوخۆ**

**ماددەی پێنجەم**

یەکێتـی قوتابیانـی کوردسـتان - عێـراق  نوێنەرایەتـی هەمـوو قوتابیانـی کوردسـتانی عێـراق  دەکات و لـەو قوتابیـە پێشـکەوتووخوازە شۆڕشـگێڕانە پێکدێـت کـە باوەڕیـان بـە پرۆگـرام و پەیـڕەوە ناوخۆییەکـەی هێنـاوە و پەیمانیـان داوە دڵسـۆزانە لـە پێنـاوی هێنانـەدی ئامانجەکانـی یەکێتـی لـە سـایەی سیاسـەتە دیارکـراوەکان بـۆ خەباتـی قوتابیانـی کوردسـتان تێبکۆشـن.

**ماددەی شەشەم**

أ. ئەندامێتـی: ئەندامانـی یەکێتـی قوتابیانـی کوردسـتان - عێـراق  لـە قوتابیانـی سـەرجەم قۆناغەکانـی خوێنـدن پێکدێـت، جگـە لـە قوتابیانی قۆناغـە سـەرەتاییەکان و کۆلیژەکانی سـەربازی و پۆلیس.

ب. مەرجەکانـی ئەندامێتـی: هەمـوو قوتابیەکـی کـوڕ یـان کـچ ئـەم مەرجانـەی خـوارەوەی تێـدا بـەدی بکـرێ، مافـی هەیـە ببێتـە ئەنـدام لـە یەکێتـی و دوای پێشکەشـکردنی داواکاری لـە نووسراوێکـی تایبـەت بـۆ لێژنـەی ناوخۆیـی وپشـتگیریکردنی لـە لایـەن لێژنـەی قوتابخانـە یـان پەیمانـگا یـان کۆلێـژ:

١- باوەڕێنانـی تـەواو بـە پرۆگـرام و سیسـتمی ناوخـۆی یەکێتـی و بەڵێنـدان بـەوەی کـە لـە پێنـاوی هێنانـەدی ئامانجەکانـی یەکێتـی دڵسـۆزانە کار بـکات.

٢- خاوەنــی هەڵســوکەوت و ناوبانگــی بــاش بــێ و بــەوە ناسرابــێ کــە مرۆڤێکــی راســتگۆیە.

٣- لـە یەکێـك لـە شـانە یـان پێکهاتەکانـی یەکێتـی کار بـکات و رێنمایـی و بڕیـارەکان جێبەجـێ بـکات.

٤- ئابوونەی ساڵانە بدات.

## مافەکانی ئەندامێتی:

١- لە سنووری ڕێکخستنەکەیدا، ئەندام بۆی هەیە ڕەخنە ئاراستەی هەر کەس یان دەستەیەك بکات و دەربارەی ئەو بابەت و کێشانەی کە تایبەتن بە یەکێتی، بۆچوونەکانی دەربڕێ و پێشنیاز پێشکەش بکات.

٢- مافی هەیە دەنگ بدات و خۆشی بۆ هەموو بنکەکانی یەکێتی کاندید بکات.

٣- مافی هەیە دوای تەواوکردنی خوێندن بۆ ماوەی یەك خولی هەڵبژاردن لە ریزەکانی یەکێتی بمێنێتەوە.

٤- هەر ئەندامێك بەهۆی خەباتی سیاسی (کوردایەتی) لە خوێندن دادەبڕێ،مافی ئەندامێتی لێ ناسەندرێتەوە.

**ماددەی حەوتەم**

لێژنەکانی یەکێتی:

**١- شانە:** بریتیە لە یەکەیەکی ناو پێکهاتەی یەکێتی و لە ٣-٧ ئەندام پێکدێت.

**٢- لێژنەی قوتابخانە یان پەیمانگا یان کۆلێژ:** لە ٥-١٢ ئەندام پێکدێت و لەلایەن ئەندامان لە قوتابخانە یان پەیمانگا یان کۆلێژ هەڵدەبژێردرێن و لێژنەکە ئەرکی سەرپەرشتیکردنی چالاکیەکانی یەکێتی لە قوتابخانە یان پەیمانگا یان کۆلێژ دەگرێتە ئەستۆ، هەروەها هەوڵی فراوانکردن و بەهێزکردنی ریزەکانی ڕێکخراوەکە و هێنانەدی ئامانجەکانی یەکێتی و جێبەجێکردنی بڕیارەکانی لێژنە باڵاکان و چارەسەرکردنی کێشەکانی قوتابیان لە ناو قوتابخانە یان پەیمانگا یان کۆلێژ دەدات.

**٣- لێژنەی ناوخۆیی:** لە ٥-١١ ئەندام پێکدێت کە لەنێو چالاکترین ئەندامانی شار هەڵدەبژێردرێن و ئەرکی سەرکردایەتیکردنی بزووتنەوەی قوتابیان لە شار دەگرێتە ئەستۆ.

**٤- لێژنەی لق : پێکدێ لە:**

أ. دەستەی کار: لە پێنج ئەندام پێکدێ کە لەلایەن نوێنەرانی لق بۆ کۆنگرەی

یەكێتــی هەڵدەبژێردرێــن.

ب. بەرپرسـانی لێژنـە ناوخۆییـەكان لـە سـنووری لـق: لێژنـەی لـق لـە مـاوەی مانگێكـدا كۆبوونەوەیەكـی ئاسـایی ئەنجـام دەدات و راپۆرتێـك دەربـارەی چالاكـی ئەندامـان و ژمارەیـان بـەرز دەكاتـەوە، هەروەهـا لیسـتێكی تایبـەت بـە دارایـی یەكێتـی لـە لـق پێشـكەش دەكات، جگـە لـەوە مافـی دەركردنـی بڵاوكـراوەی مانگانـەی هەیـە، بـە مەرجێـك لەگـەڵ سیاسـەتی گشـتی یەكێتـی گونجـاو بـن.

**بابی چوارەم:**

**پێكهاتەكانی سەركردایەتی و ئەركەكانیان**

**ماددەی هەشتەم**

١- **كۆنگرە**: بەرزترین دەسەڵاتە لە یەكێتی و پێكدێت لە:

أ. ئەندامانی ئەنجومەنی كارگێڕیی گشتی.

ب. ئەندامانی یەدەگی مەكتەبی سكرتاریەت و ئەنجومەنی كارگێڕیی گشتی.

ت. ئەندامــە هەڵبژێــردراوەكان، ئەنجومەنــی كارگێڕیــی گشــتی مافــی دیاركردنــی رێژەكانـی هەیـە. هەمـوو دوو سـاڵ جارێـك یان لـە رێگـەی داوای نیـوەی ئەندامانی ئەنجومەنـی كارگێـڕی گشـتی یـان نیـوەی ئەندامانـی لێژنەكانـی لقـەكان كۆنگـرە سـاز دەكـرێ و بــە زۆرینــەی نیــوەی ئەندامانی،مافــی گۆڕیــن و هەمواركردنــی پەیـڕەوی ناوخـۆی هەیـە. مەكتەبـی سـكرتاریەتیش لـە رێگـەی دەنگدانـی نهێنـی راسـتەوخۆوە هەڵدەبژێـردرێ و لـە توانایـدا هەیـە لێپرسـینەوە لەگـەڵ ئەنجومەنـی كارگێڕیــی گشــتی پێشــوودا بــكات ســەبارەت بــە كار و چالاكیەكانــی. هەروەهــا كۆنگـرە تاكـە دەسـەڵاتە كـە لـە توانایـدا هەیـە دوای وەرگرتنـی ڕەزامەندیـی چـوار لەسـەر پێنجـی ئەندامانـی، یەكێتـی هەڵوەشـێنێتەوە یـان لەگـەڵ رێكخراوێكـی تـری قوتابیـان تێكـەڵ بـێ و بڕیـاری ئاراسـتەكردنی دارایـی بـۆ ئـەو لایەنـەی ئامانجەكانی لەگــەڵ ئامانجەكانــی یەكێتــی قوتابیانــی كوردســتان - عێــراق هاوشــێوەیە یــان لەیــەك نزیكــە.

**٢- کۆنفرانس:**

کۆبوونەوەیەکی بەرفراوانە لە ساتەوەختێکدا ئەنجام دەدرێ کە ئاستەم بێ کۆنگرە ساز بکرێ و خاوەنی هەموو دەسەڵاتەکانی کۆنگرەیە جگە لە گۆڕین و هەموارکردنەوەی پەیڕەوی ناوخۆی یەکێتی و دوورخستنەوەی زیاتر لە نیوەی ئەندامانی ئەنجومەنی کارگێڕیی گشتی و لە ئەنجومەنی کارگێڕی گشتی و مەکتەبی سکرتاریەت پێکدێت.

**ئەنجومەنی کارگێڕیی گشتی:**

ئەرکی سەرکردایەتیکردنی بزووتنەوەکە و سەرپەشتیکردنی چالاکیەکانی یەکێتی و ئاراستەکردنیانی لە ئەستۆ دایە، هەروەها بڕیارەکانی کۆنگرە جێبەجێ دەکات و ئامانجەکانی دێنێتە دی و بە مەبەستی جێبەجێکردنیان چاودێری هەموو لێژنەکان دەکات . لە ٢١ - ٢٩ ئەندام پێکدێت و هەموو دوو مانگ جارێك كۆ دەبنەوە، هەروەها لەسەر داوای مەکتەبی سکرتاریەت یان نیوەی ئەندامانی ئەنجومەنی کارگێڕی گشتی کۆبوونەوەیەکی نائاسایی ئەنجام دەدەن . ئەنجومەنی کارگێڕیی گشتی پێکدێت لە:

أ. مەکتەبی سکرتاریەت.

ب. بەرپرسی یەکەم و دووەمی ئەو لقانەی زانکۆیان تێدا نیە.

ت. بەرپرسی یەکەم و دووەم و سێیەمی ئەو لقانەی زانکۆیان تێدا هەیە.

**٣- مەکتەبی سکرتاریەت:**

لە ١١ ئەندام پێکدێت کە راستەوخۆ لەلایەن کۆنگرەوە هەڵدەبژێردرێن بەو مەرجەی لە بەغدا بن، کە ئەمانەی خوارەوەن:

أ. سەرۆك.

ب. سکرتێری گشتی.

ت. بەرپرسی کارگێڕیی و دارایی.

ث. بەرپرسی رۆشنبیری و راگەیاندن.

ج. بەرپرسی کاروباری پیشەیی.

ح. هەردووك بەرپرسی کاروباری رێکخستن.

خ. هەردووك بەرپرسی پەیوەندییە ناوخۆییەکان.

د. هەردووك بەرپرسی پەیوەندییە دەرەکیەکان.

**٤- یەدەگ:**

أ. یەدەگـی مەکتەبـی سـکرتاریەت: ئـەو پێنـج ئەندامـەن کـە بـە گوێـرەی زنجیـرەی دەنـگ دوای مەکتەبـی سـکرتاریەت دێـن.

ب. یەدەگـی ئەنجومەنـی کارگێڕیـی گشـتی: ئـەو ئەندامەیـە کـە بـە گوێـرەی زنجیـرەی دەنـگ دوای ئەندامانـی ئەنجومەنـی کارگێڕیـی گشـتی لـە هـەر لقێـك دێـت.

**ماددەی نۆیەم**

دەسەڵاتەکانی دەستەکانی یەکێتی:

**١- لێژنەی قوتابخانە یان پەیمانگا یان کۆلێژ:**

أ. ئاگادارکردنەوەی ئەندام.

ب. داواکـردن لـە لێژنـەی ناوخۆیـی بـە ئاگادارکردنـەوە یـان سـڕکردنی ئەندامـی ناچـالاك یـان ئـەوەی خراپـەی بەرامبـەر یەکێتـی نوانـدووە.

**٢- لێژنەی ناوخۆیی:**

أ. ئاگادارکردنـەوە و سـڕکردنی ئەندامـی سـەرپێچیکار یـان خراپـەکار بـۆ مـاوەی دوو مانـگ، بـە پێـی داوایـەك لەلایـەن لێژنـەی قوتابخانـە یـان پەیمانـگا یـان کۆلیـژ.

ب. داواکردن لە لێژنەی لق سەبارەت بە دەرکردنی ئەندامی سەرپێچیکار.

**٣- لێژنەی لق:**

أ. سـڕکردنی چالاکـی ئەندامانـی لێژنەکانـی قوتابخانـە یـان پەیمانـگا یـان کۆلیـژ و هەڵوەشـاندنەوە و گۆڕینـی لێژنـە ناوبـراوەکان لـە کاتـی سـەرپێچیکردندا.

ب. دەرکردنی ئەندام لەسەر داوای لێژنەی ناوخۆیی.

**٤- ئەنجومەنی کارگێڕیی گشتی:**

أ. مافـی سـڕکردنی ئەندامانـی لێژنـەی لـق یـان هەڵوەشـاندنەوە یـان گۆڕینـی لێژنـەی لـق لـە کاتـی سـەرپێچیکردن یـان لادان لـە هێڵـی گشـتی هەیـە، ئەمـەش بـە ڕەزامەندیـی نیـوەی ئەندامانـی دەبـێ، هەروەهـا پێویسـتە هـۆکاری سـڕکردن یـان هەڵوەشـاندنەوە یـان گۆڕیـن لـە کۆنگـرە بخرێتـە روو.

ب. سـڕکردنی چالاکـی ئەندامـی ئەنجومەنـی کارگێڕیـی گشـتی بـە ڕەزامەندیـی نیـوەی ئەندامانـی.

**بابی پێنجەم**

**دارایی یەکێتی**

**ماددەی دەیەم**

أ- دارایی یەکێتی پێکدێت لە:

١- ئابوونـەی ساڵانەی ئەندامـان: بـڕی ٢٥٠ فلـس لـە قوتابیانـی ناوەنـدی و ٥٠٠ فلـس لـە قوتابیانـی ئامادەیـی و ٧٥٠ فلـس لـە قوتابیانـی زانکـۆ وەردەگیـرێ.

٢- یارمەتی و بەخششە داراییەکان.

٣- داهاتی ئاهەنگەکان و چالاکیە کۆمەڵایەتیەکان.

٤- ڕێژەیەك لەو بودجەیەی بۆ یەکێتی نیشتمانی قوتابیانی عێراق تەرخان دەکرێ.

ب- دارایـی یەکێتـی لـەو شـوێنە دادەنـرێ کـە لەلایـەن ئەنجومەنـی کارگێـڕی گشـتیەوە بڕیـاری لەسـەر دەدرێ :

أ. سەرۆکی یەکێتی لە توانایدا هەیە ب پارەیەك خەرج بکات کە لە ١٠ دینار زیاتر نەبێ.

ب. ئاراستەکانی خەرجکردن: پارەی یەکێتی لەو بوارانەی خوارەوە خەرج دەکرێ:

١- ئەو پارەیەی لەلایەن ئەنجومەنی کارگێڕی گشتیەوە بۆ لقەکان تەرخان دەکرێ.

٢- خەرجکردن بۆ بارەگاکانی یەکێتی و ئاراستەی تر.

٣-پێشکەشـکردنی بەخشـش و یارمەتـی بـۆ ئـەو ئەندامانـەی پێویسـتیان پێـی هەیـە

لـە حالەتـی نەخۆشـی و تەواوکردنـی خوێنـدن.

٤- لەکاتـی گەشـتکردنی نوێنەرانـی یەکێتـی لـە نـاوەوەی وڵات یـان بـۆ دەرەوە،بـە مەبەستی‌جێبەجێکردنـی‌ئـەوئەرکانـەی‌کـەلەلایـەن‌یەکێتیـەوەپێیـان‌دەسـپێردرێ.

**بابی شەشەم:**

دەربارەی پەیوەندیی لەگەڵ یەکێتی نیشتمانی قوتابیانی عێراق

**ماددەی یازدە**

١- بـە گوێـرەی بڕگـەی پێنجـی رێککەوتننامـەی ١١ی ئادار،یەکێتـی قوتابیانـی کوردسـتان-عێـراق نوێنەرایەتـی هەمـوو قوتابیانـی عێـراق دەکات.

٢- رێژەیـەك لـە بودجـەی یەکێتـی نیشـتمانی قوتابیانـی عێـراق بـۆ یەکێتـی قوتابیانـی کوردسـتان-عێراق تەرخـان دەکـرێ، بـەو جـۆرەی مەکتەبـی جێبەجێـکار بڕیـاری لەبـارەوە دەدات و لەسـەری رێـك دەکـەوێ.

٣- لـە سـەرجەم بوارەکانـدا هەماهەنگـی لـە نێـوان هـەردووك یەکێتیـدا دەکـرێ، بـە جۆرێـك ببێتـە مایـەی بەهێزکـردن و یەکخسـتنی بزووتنـەوەی قوتابیانـی عێـراق.

**بابی حەوتەم**

**ماددەی دوازدە**

مەکتەبـی سـکرتاریەت مافـی دەرکردنـی بڕیـار و رێنمایـی هەیـە بـە مەبەسـتی جێبەجێکـردن و روونکردنـەوەی بابەتەکانـی پرۆگـرام و پەیـڕەوی ناوخۆیـی یەکێتـی.

ئـاداری ١٩٧٠ لـە ژێـر ئاگـری بەرگـری کارانـەی پێشـمەرگە بـە ڕێبەرایەتـی مسـتەفا بارزانـی حکومەتـی عێـراق بـۆ یەکەمیـن جـار لـە مێـژووی خۆیـدا، دانـی بـە کـورد و کوردسـتاننا و ڕێککەوتننامـەی ١١ ئـاداری هەمانسـاڵی لەگـەڵ پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان واژوو کـرد، لـە چوارچێـوەی ئـەم ڕێککەوتنـە مافـی ئۆتۆنۆمـی بـە خەلکـی کوردسـتان درا، زۆری نەخایانـد وازیـان لـە جێبەجێکردنـی ناوەڕۆکـی ڕێککەوتننامەکـە هێنـا، نیسـانی ١٩٧٤ وەکـۆ هەرجـار بـە هەمـوو هێـز و لـە هەمـوو لایەکـەوە، دیسـان پەلامـاری کوردسـتانیان دا و شـەڕ دەسـتیپێکردەوە،

ئەنجامـــی ئـــەم شـــەڕە بـــۆ حکومـــەت دڵخۆشـــکەر نەبـــوو و زیانێکـــی زۆری ماڵـــی و مرۆییـــان بەرکـــەوت بـــە ناچـــاری بـــەدوای چارەســـەر دەگـــەڕان، ئەوەبـــوو بـــە گەلەکۆمەکـــی جیهانـــی و ناوچـــەی و بـــە وازهێنـــان لـــە خـــاك و ئـــاوی خـــۆی لـــە باشـــووری وڵات توانـــی لـــە ٦ی ئـــاداری ١٩٧٥ ڕێککەوتننامـــەی شـــۆمی جەزایـــر لەگـــەڵ شـــای ئێـــران واژوو بـــکات و بـــەم هـــۆکارەش شـــۆڕش ئەیلـــووول توشـــی نســـکۆ و مەترســـیە گەورەکـــەش لـــە ناوچوونـــی گەلـــی کوردســـتان بـــوو لـــە کۆبوونەوەیەکـــی فەراوانـــی هەمەلایەنـــە، ســـەرکردایەتی پارتـــی دیموکراتـــی کوردســـتان بڕیـــاڕی وەســـتاندنی کاتـــی شـــۆڕش لـــە کوردســـتانیدا، بـــەم شـــێوەیە ئـــاوارە بوونێکـــی تـــر ســـەری هەڵدایـــەوە و خەلکـــی کوردســـتان پەنایـــان بـــردە بـــەر وڵاتانـــی دراوســـێ، بەتایبەتـــی ئێـــران و هەوڵـــی ســـەرلەنوێ ڕێکســـتنەوەی شـــۆڕش و دام و دەزگاکانـــی شـــۆڕش درا.

# کۆبوونەوەی کەرەجی یەکێتی قوتابیانی کوردستان
# کەرەج - ١٩٧٩

یەکێـــك لـــە هەوڵەکانـــی ڕێکخســـتنەوەی یەکێتـــی قوتابیانـــی کوردســـتان ئـــەوە بـــوو کـــە لـــە ٢٦-٢٨ی ئایـــاری ١٩٧٨ کۆمەڵێـــك لـــە ئەندامانـــی یەکێتـــی قوتابیانـــی کوردســـتان لـــە ئەمریـــکا و کەنـــەدا، لـــە هەوڵێکـــدا وەك دەســـتەی دامەزرێنـــەر، کۆمەڵـــەی قوتابیابییـــە کوردســـتانییەکان لـــە ئەمریـــکا و کەنـــەدا ڕاگەیانـــد [١].

لە دوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران و دروستبوونی کەشێکی لەبار بۆ کاری ڕێکخستن و نەمانی دەزگای داپڵۆسێنەری ساواك، لەسەر داخوازیی دڵشاد بارزانی، لە کۆبوونەوەیەکی فراواندا لە گەڕەکی عەزیمییەی شارۆچکەی کەرەجی سەر بە پارێزگای تاران، نزیکەی ٥٠ قوتابی و لاو بە مەبەستی خۆڕێکخستنەوەی دووبارە کۆبوونەوە.

ئـەم کۆبوونـەوە فراوانـە، لـە ڕێکەوتـی ١٧ی ئایـاری ١٩٧٩دا لـە ژێـر نـاوی «ڕێکخـراوی ئێرانـی یەکێتـی قوتابیانـی کوردسـتان»دا سـاز درا.

دەســتەی نوێــی هەڵبژێــردراوی ســەرکردایەتی یەکێتــی قوتابیانــی کوردســتان لــەم کۆبوونەیــەدا بــەم شــێوەیە بــوو:

- دڵشاد بارزانی
- هەڤاڵ زەکەریا ئاکرەیی
- شێرکۆ بورهان دزەیی
- هەڵمەت عەلی عەبدوڵا
- سەیفەدین ڕەشید سندی
- تەها عەبدولڕەحمان بەرواری
- حاجی عەبدولڕەحمان دەروێش [٢].

(١)بيـان الهيئـة التاسيسـية لجمعيـة الطلبـة الكردسـتانيين في أمريـكا وكندا، جمعيـة الطلبة الكردسـتانيين في أمريـكا وكنـدا، الهيئـة التأسيسـية، ٢٦ ـ ٢٨ آيـار ١٩٧٨م، ص ص ١ ـ ٢.

(٢)لوقـمان غەریـب، شـەهید حاجـی عەبدولڕەحـمان قۆناغێکـی پـڕ بەخشـش لـە مێـژووی بزاڤـی

# کۆنفرانسی کەرەجی یەکێتی قوتابیانی کوردستان

## کەرەج - ۱۹۸۰

لــە دوای خۆڕێکخســتنەوەی قوتابیانــی پەنابــەری باشــووری کوردســتان لــە کۆمــاری ئیسلامی ئێـران کـە کارێکی دژوار و سـەخت بوو، سـاڵی ۱۹۸۰ کۆنفرانسـێك لە شـارۆچکەی کــەرەج، بــە ئامادەبوونــی ٦٧ نوێنــەر دەســتی بەکارەکانــی کــرد. لــە کۆنفرانســەکەدا هەڵبــژاردن بــۆ لقــی ئــاوارەی یەکێتــی قوتابیانــی کوردســتان کــرا و ئەمانــەی خــوارەوە هاتنــە هەڵبــژاردن:

- حاجی عەبدولڕەحمان دەروێش، بەرپرس
- تەها عەبدولڕەحمان بەرواری، کارگێڕی لق
- زەنون یونس ڕۆژبەیانی، کارگێڕی لق
- حاجی رەمەزان ئاکرەیی، کارگێڕی لق[1].

قوتابیان و لاوانی کوردستان، (هەولێر ـ چاپخانەی ڕۆشنبیریی ـ ۲۰۰۳ز)، ل ٦٨.

(۱)لوقمان عەریب، هەمان سەرچاوە، ل ٦٨.

## کۆنفرانسی هاوبەشی
## یەکێتی قوتابیانی کوردستان و یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان
## گوندی خنێرە - ١٩٨٦

ئارامیی بارودۆخ لە باشووری کوردستان، وەک ئەوەی لە ١١ی ئاداری ساڵی ١٩٧٠ ڕێککەوتنی لەبارەوە کرابوو، ماوەیەکی درێژی نەخایەند و تا دەهات حکومەتی بەغدا لە بەڵێنەکانی پاشگەز دەبووەوە و سەرکردایەتی شۆڕش»یش هیوابڕاوتر لە جاران لە حکومەت دووردەکەوتەوە، وایلێهات ساڵی ١٩٧٤ شەڕ لەنێوان هەردوو لادا هەڵگیرسایەوە. ئەم بارودۆخە بەدڵنیاییەوە کاریگەری زۆری بەسەر کاری ڕێکخستن و ڕێکخراوە جەماوەرییەکانی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە هەبوو، بەتایبەت ڕێکخراوی یەکێتی قوتابیانی کوردستان بەوپێیەی کار و ڕێکخستنەکانی زۆربەی ناوچەکانی عێراقی دەگرتەوە.

دوای ئەنجامدانی کۆنگرەی حەوتەمی یەکێتی قوتابیانی کوردستان، بەهۆی ناهەمواری بارودۆخ، وەک ئەوەی بڕیاری بەستنی ساڵانەی کۆنگرە درابوو، نەتوانرا ئامانجەکە بپێکرێ. ئەم بارودۆخە دوای ڕێککەوتننامەی جەزائیری ٦ی ئاداری ١٩٧٥ و نسکۆی شۆڕشی نەتەوەیی ئەیلوول زیاتر ئاڵۆزبوو، بەوپێیەی ڕێکخستنە حزبییە ناوخۆییەکان بە یەکجاری لە باشوری کوردستان پەکیانکەوت و ژمارەیەکی زۆری کوردی عێراق ئاوارەی وڵاتانی دراوسێ، بەتایبەت وڵاتی ئێران بوون.

سەرەڕای ڕێککەوتننامەی جەزائیر و نسکۆی شۆڕش، هەوڵەکان بۆ دووبارە سەرپێ خستنەوەی ڕێکخستنەکانی یەکێتی قوتابیانی کوردستان نەوەستان، لە ڕێکەوتی ١٦ی کانوونی یەکەمی ١٩٧٥ یەکەمین ڕێکخستنی نهێنی یەکێتی قوتابیانی کوردستان لەلایەن ڕێبەر مەلا حسێن ئاڤدەلەوە لە شاری زاخۆ دامەزرایەوە. ئەم ڕێکخستنە نهێنییە، لە ماوەیەکی کەمدا توانی کار و چالاکییەکانی پەرەپێبدات و ببێتە سەکۆیەک بۆ گەیاندنی دەنگی شۆڕش بە خەڵکی باشووری کوردستان، ئەم ڕێکخستنە نهێنییە دوای ئاشکرابوون و لەسێدارەدانی ڕێبەر مەلا ئیسماعیل لە ڕێکەوتی ٢٣ی نیسانی ١٩٧٦ کۆتایی پێهات[١].

کار و چالاکیەکانی ڕێکخستنەکانی یەکێتی قوتابیانی کوردستان، بەهۆی ئەو چاودێرییە توندەی لە ئێران خرابووە سەر ئاوارەکان زۆر سنووردار بوو، تا ئەوکاتەی ڕژێمی پاشایەتی

ساڵی ١٩٧٩ لە ئێران ڕووخا و کۆماری ئیسلامی ئێران شوێنی گرتەوە، ئەم گۆڕانکارییە لە دەسەڵاتی ئێران، تا ئەندازەیەک ئازادیی کاری بەخشییە ئاوارەکان، ڕێکخستنەکانی یەکێتی قوتابیانیش کەوتنەوە خۆیان و لە ڕێکەوتی ١٧ی ئایاری ١٩٧٩ هەر بەناوی «یەکێتی قوتابیانی کوردستان» لە شاری کەرەجی ئێران، کۆبوونەویەکی فراوانیان سازدا، لەو کۆبوونەوەیەدا سکرتاریەتێکی نوێ بۆ ڕێکخراوی ئێرانی یەکێتی قوتابیانی کوردستان دروستکرا کە پێکهاتبوون لە: دڵشاد بارزانی، هەڤاڵ زەکەریا ئاکرەی، شێرکۆ بورهان دزەیی، هەڵمەت عەلی عەبدوڵا، سەیفەدین ڕەشید سندی، تەها عەبدولڕەحمان بەرواری و حاجی عەبدولڕەحمان دەروێش[٢].

دوای ئەنجامدانی ئەم کۆبوونەوە فراوانە، هەر لە ساڵی ١٩٧٩، لەلایەن ڕێکخراوی ئێرانی یەکێتی قوتابیانی کوردستانەوە گۆڤاری (دەنگی قوتابی) بە زمانی کوردی و گۆڤاری (صدای دانش اموز) بە زمانی فارسی دەرکران[٣].

ئەم کۆبوونەوەیە ڕێگە خۆشکەر بوو بۆ ئەوەی ساڵی ١٩٨١ کۆنفرانسی یەکێتی قوتابیانی کوردستان ئەنجام بدرێت. کۆنفرانس لە شاری کەرەج بە ئامادەبوونی ٦٧ ئەندام ئەنجامدرا و لقی ئاوارەی یەکێتی قوتابیانی کوردستان دروستکرا، بڵاوکراوەی (دەنگی قوتابیان) ئۆرگانی ڕیکخراوی ئێرانی یەکێتی قوتابیانی کوردستان کرا بە ئۆرگانی لقی ئاوارە[٤] و بەرپرس و کارگێڕانی لق بە دەنگدان هەڵبژێردران کە بریتی بوون لە:

١- حاجی عەبدولڕەحمان دەروێش- بەرپرسی لق

٢- تەها عەبدولڕەحمان بەرواری- کارگێڕ لق

٣- زەنوون یوونس ڕۆژبەیانی- کارگێڕ لق

٤- حاجی ڕەمەزان ئاکرەی- کارگێڕ لق[٥].

دوای دامەزرانی لقی ئاوارەی یەکێتی قوتابیانی کوردستان، ڕێکخستنەکانی فراوانبوون و زۆر چالاکانە کەوتە کار، دواتر لقەکە ساڵی ١٩٨٢ کۆنفرانسی دووەم و ساڵی ١٩٨٣ کۆنفرانسی سێیەمی خۆی بەست[٦].

دوای ئەنجامدانی ئەم کۆنفرانسە، تا ساڵی ١٩٨٦ گۆڕانکارییەکی ئەوتۆ بەسەر بارودۆخی ڕێکخستنەکانی یەکێتی قوتابیانی کوردستاندا نەهات.

هەرچەندە لەو ماوەیەدا ڕێکخستنەکانی لقی ئاوارەی یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان و تەنانەت لقەکانی هەولێر، سلێمانی و کەرکووکیش پاش ساڵی ١٩٨٣ چالاکانە کەوتبوونە کار و ڕۆڵێکی کاریگەریان لەتەک ڕێکخستنەکانی یەکێتی قوتابیانی کوردستان دەگێڕا، بەو هۆیەوە و بەهۆی نزیکی خەباتیان لەیەکترییەوە، لە لایەن سەرکردایەتی حزب و سکرتاریەتی هەردوو ڕێکخراو ساڵی ١٩٨٦ بڕیاری یەکگرتن و کۆنفرانسی هاوبەشی هەردوو ڕێکخراوەکە درا[٧].

لە ڕۆژانی ٢٨ تا ٣٠ی ئابی ١٩٨٦، لە گوندی خنێرەی سەر بە پارێزگای هەولێر، بە دروشمی (بەرەو یەکگرتن بۆ ڕووخاندنی ڕژێم و کۆتاییهێنان بە شەڕ تا بتوانین بە ئاشتی و دیموکراسی بخوێنین)، کۆنفرانسی هاوبەشی یەکێتی قوتابیان و لاوانی دیموکراتی کوردستان، بە ئامادەبونی ٧٧ نوێنەر دەستی بە کارەکانی کرد. مەبەستی ئەم کۆنفرانسەش یەکخستنی یەکێتی قوتابیانی کوردستان و یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان بوو لە یەك ڕێکخستندا[٨].

لە دەستپێکدا، وتەی لێژنەی سەرپەرشتیی کۆنفرانس خوێنرایەوە و دواتر بروسکەی سەرۆك مەسعود بارزانی، پەیڤی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان، نامەی ڕزگاریخوازێن نەتەوەیێن کوردستان (کوك) و سکرتاریەتی ڕزگاری، خوێندرانەوە[٩].

لەم کۆنفڕانسەدا، دەستەیەکی ١٥ کەسی بۆ لێژنەی ڕاپەڕاندنی یەکێتی قوتابیان و لاوانی دیموکراتی کوردستان بە شێوەی خوارەوە هەڵبژێردران:

١- کریستۆف یەڵدا تۆرخان، ناسراو بە ڕێبوار یەڵدا، سکرتێر.

٢- کوردستان پیرداود قادر

٣- حاجی عەبدولڕەحمان

٤- ئیبراهیم مستەفا

٥- عەبدوڵا خەلۆ عەلی

٦- ئیسماعیل ئیبراهیم فەتاح، ناسراو بە سمکۆ ئامێدی

٧- فریاد شەفیع محەمەد، ناسراو بە فریاد بارزانی

٨- تەیار سەلیم

٩- ئەحمەد مەلا قاسم

١٠- عادل عەلی

١١- ئازاد فایەق غەفور، دژوار فایق

١٢- نەوزاد محەمەد نەجیب

١٣- ڕەفعەت سەعید محەمەدئەمین

١٤- ئیحسان عەبدوڵا قاسم ناسراو بە ئیحسان ئامێدی

١٥- ڕزگار کەمەکی، ناسراو بە ڕزگار کوردستانی[١٠].

## ئەندامانی یەدەگی لێژنەی ڕاپەڕاندن

١- ئەحمەد دزگری

٢- نەبی ئەحمەد

٣- حەسەن محەمەد حەسەن، ناسراو بە حەسەن شەبیبە[١١].

لە یەکەمین کۆبوونەوەی لێژنەی ڕاپەڕاندندا کە لە ڕێکەوتی ٢٠ی ئەیلوولی ١٩٨٦ لە بارەگای مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان و بە ئامادەبوونی هەڤاڵان ئیدریس بارزانی و فازڵ میرانی ئەندامانی مەکتەبی سیاسی، مەکتەبی سکرتاریەتی یەکێتی قوتابیان و لاوانی دیموکراتی کوردستان بە شێوەی خوارەوە هاتنە هەڵبژاردن:

١- ڕێبوار یەڵدا- سکرتێر.

٢- حاجی عەبدولڕەحمان- ئەندامی مەکتەبی سکرتاریەت.

٣- ئیبراهیم مستەفا محەمەد- ئەندامی مەکتەبی سکرتاریەت.

٤- فریاد بارزانی- ئەندامی مەکتەبی سکرتاریەت.

٥- عەبدوڵا خەلۆ- ئەندامی مەکتەبی سکرتاریەت.

بەرپرسی لقەکانیش بە شێوەی خوارەوە لە نێوان ئەندامانی لێژنەی ڕاپەڕاندندا دەستنیشان کران:

١- عادل عەلی- بەرپرسی لقی هەولێر.

٢- دژوار فایەق- بەرپرسی لقی کەرکووک.

٣- نەوزاد محەمەد نەجیب- بەرپرسی لقی سلێمانی.

٤- ڕەفعەت سەعید محەمەدئەمین- بەرپرس لقی ئاوارە.

٥- سمکۆ ئامێدی- بەرپرسی لقی دهۆك ـ نەینەوا[١٢].

**ئەم کۆنفرانسە کۆمەڵێك بڕیاری دەرکرد، لەوانە:**

بڵاوکردنـەوەی گۆڤـاری پێشـکەوتن، کـە ژمـارەی یەکەمـی لـە کانونـی دووەمـی سـاڵی ١٩٨٧، لـە دووتوێـی ١٦ لاپـەڕەدا بـڵاو کرایـەوە، دوا ژمـارەی قۆناغـی خەباتـی شاخیشـی، کە ژمـارە بیسـت و دووە، لـە مانگـی تشـرینی دووەمـی سـاڵی ١٩٩٠ لەچـاپ دراوە[١٣]. زەمینـە خۆشـکردن بـۆ یەکگرتنـی ڕێکخسـتنەکانی یەکێتـی قوتابیانـی کوردسـتان و یەکێتـی لاوانـی دیموکراتـی کوردسـتان. پەخشـکردنی بابـەت و چالاکـی لـە ڕادیـۆی دەنگـی کوردسـتان. پشـتگیریکردنی شۆڕشـی گـوڵان و بـەرەی جـود و دژایەتیکردنـی سیاسـەتی بـە عەرەبکـردن لە باشـووری کوردسـتان[١٤].

لـە چالاکییـە گرنگەکانـی ئەم قۆناغەش لـە ڕووی ڕامیارییەوە، دەرچوونـی بەیاننامەیەکی پشـتگیریی یەکێتـی قوتابیـان و لاوانـی جیهانـی (I.U.S) لـە کۆنگـرەی هاڤانا لە سـاڵی ١٩٨٧ بـۆ دۆزی کـورد و یەکێتـی قوتابیـان و لاوانـی دیموکراتـی کوردسـتان بـوو. ئـەم یەکێتیـە لـە ١٢٧ وڵات و ناوچـە چالاکییـان ڕادەپەڕانـد. هەروەهـا لـە مانگـی تەمـوزی سـاڵی ١٩٨٩دا، بەشـدارییان لـە کۆنگـرەی پیونـگ یانگـدا کـرد کـە لەلایـەن یەکێتـی قوتابیـان و لاوانـی جیهانییـەوە سـاز درابوو[١٥].

لـە بـواری پـەروەردە و فێرکردنیشـدا، لـە ناوچـە ئازادکراوەکانـی کوردسـتان بـۆ یەکەمین جـار لـە مێـژووی کـورددا خوێنـدن و دامەزراندنـی قوتابخانـەکان و دابینکردنـی مامۆسـتا و کەرەسـتەی خوێنـدن، بـوو بـە ئەرکیـان[١٦].

## سەرچاوە و پەراوێز


١- ساسان عەونی، یەکێتی قوتابیانی کوردستان چەند لایەنێکی تێکۆشان و مێژوو، (هەولێر- چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە- ١٩٩٨)، ل ٧٠.

٢- لوقمان غەریب، شەهید حاجی عەبدولڕەحمان قۆناغێکی پڕ بەخشش لە مێژووی بزاڤی قوتابیان و لاوانی کوردستان، (هەولێر ـ چاپخانەی ڕۆشنبیریی ـ ٢٠٠٣ز)، ل ٦٨.

٣- موسا ئەحمەد، ڕۆژنامەگەریی یەکێتی قوتابیانی کوردستان، (هەولێر- چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە- ١٩٩٨)، ل ل ٣١-٣٢.

٤- ساسان عەونی، سەرچاوەی پیشوو، ل ٧٥.

٥- لوقمان غەریب، سەرچاوەی پێشوو، ٦٨.

٦- ساسان عەونی، سەرچاوەی پیشوو، ل ٧٨.

٧- عرفان عەزیز عەزیز، کۆنگرە و کۆنفرانسەکانی یەکێتی قوتابیانی کوردستان، چاپی یەکەم، (هەولێر- چاپخانەی ڕۆژهەڵات-٢٠١٢)، ل ٨٧.

٨- سڵاو لە هەشتەمین بیرەوەری کۆنفرانسی ئاب ٢٨ ـ ٣٠ی ئابی ١٩٨٦، ڕۆژنامەی برایەتی، ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستان - یەکگرتوو، ژمارە ٢٠٣٠، (هەولێر، دووشەمە، ٢٩ی ئابی ١٩٩٤)، ل ٨.

٩- سیروان عثمان، مێژوویێکی پرشنگدار و کاروانێکی نەپساوە، (هەولێر- چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری- ٢٠١٤)، ل ١٥.

١٠- عرفان عەزیز، سەرچاوەی پێشوو، ل ل ٨٩-٩٠.

١١- هەمان سەرچاوە، ل ٩٠.

١٢- ساسان عەونی، سەرچاوەی پێشو، ل ١١٨.

١٣- موسا ئەحمەد، ل ل ٤-٦.

١٤- عرفان عەزیز، سەرچاوەی پێشوو، ل ل ٩١-٩٢.

١٥- ساسان عەونی، سەرچاوەی پێشو، ل ١٢٢.

١٦- هەمان سەرچاوە، ل ل ٢٦،٢٩.

**وتاری لێژنەی سەرپەرشتی کۆنفرانسی هاوبەشی هەردوو یەکێتی قوتابیان و لاوانی دیموکراتی کوردستان:**

میوانە بەڕێزەکان، خوشك و برایانی ئازیز

بە ناوی لێژنەکانمانەوە، لێژنەی سەرپەرشتی کۆنفرانسی هاوبەشی هەردوو یەکێتی قوتابیان و لاوانی دیموکراتی کوردستان، پڕ بەدڵ بەخێرهاتنی میوانان، بەڕێز نوێنەری مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان ـ عێراق و لقی دووی پارتی لەگەڵ هەڤالانی ڕزگاری کوردستانی تورکیا دەکەین لە بەشداربوونیان لەم کۆنفرانسەماندا.

بەشداربوونی ئەم نوێنەر و میوانە بەڕێزانە، خۆی لە خۆی پاڵپشتییەکی بەهێزە بۆ سەرکەوتنی کۆنفرانسەکەمان و جێگای سەربەرزییە بۆ یەکێتییەکەمان کە شوێنێکی ئەوتۆیان گرتووە لە خەباتی بزووتنەوەی گەلەکەمان تا بەم شێوەیە بایەخیان پێ بدرێت، لە هەمانکاتدا ڕەنگدانەوەی هەڵسەنگاندنی میوانەکانمانە بۆ ئەو دەورەی کە یەکێتییەکانمان گێڕاویانە بە درێژایی خەباتی پڕ لە قوربانییان، هەروەها بەخێرهاتنی نوێنەرانی قوتابیان و لاوانی لقەکانی (ئاوارە، دهۆك، نەینەوا، هەولێر، سلێمانی و کەرکوك) دەکەین لە خۆئامادەکردنێکی وای بەرنامەکراو و ماندووبوونێکی دیار و بەرچاو بە مەبەستی سەرکەوتنی کۆنفرانسەکە، بەوەی کە لەگەڵ پێنانە ئەم نوختەیە هەستی شۆڕشگێڕی و بیروڕاکان دەستە و ئامێزی یەکتر بوون بۆ تۆمارکردنی ئەم ڕۆژە مێژووییە لە ڕووپەرەکانی خەباتی پڕ شانازییان بە شێوەیەکی سەرکەوتوڕەوانە. ئەمەش نیشانەی هەبوونی سەرچاوەیەکی ڕوونە بۆ پاراوکردنی هەمیشەیی مێشکی لاوان و قوتابیانمان.

لەگەڵ بەخێرهاتنی میوانان، سوپاسی پارتی دیموکراتی کوردستان دەکەین لە یارمەتیدانمان بۆ سەرخستنی کۆنفرانسەکەمان، کە دەتوانین هەر لەیەکەم هەنگاودا پێشبینی ئەو سەرکەوتنەیە بکەین، هەروا سوپاسی گەرممان بۆ لقی دووی پارتی، بە لێپرسراو و ئەندامانی لق و گشت پێشمەرگە مێرخاس و جوامێرەکانی لە ئامادەکردنی شوێنی کۆنفرانسەکە و خستنە بەردەستی

پێداویستییەکان لە هەموو ڕوویەکەوە. بەخێربێن بۆ زەمینە خۆشکردن و بناغەدانان لە پێناو هەنگاونانێکی مێژوویی نوێ. بەخێربێن بۆ خستنەپاڵی تواناکان لە پێناو سەرخستنی کۆنفرانسە هاوبەشەکەمان. بەخێربێن بۆ کۆنفرانسی قوتابیان و لاوانی دیموکراتی کوردستان لەم ڕۆژەدا.

**لێژنەی سەرپەرشتی کۆنفرانس**

**١٩٨٦/٨/٢٨**

## نامەی سەرۆك مەسعود بارزانی بۆ کۆنفرانسی هاوبەشی یەکێتی قوتابیان و لاوانی دیموکراتی کوردستان

بۆ/ هەڤاڵانی کۆنفرانسی قوتابیان و لاوانی دیموکراتی کوردستانی عێراق تێکۆشەر

سڵاوی خەبات و شۆڕش

ئارەزوومەندم کە لە کۆنفرانسەکەتان بەشدار بم بەڵام بەهۆی دوورکەوتنەوەمان لە ناوچەی کۆنفرانسەکەتان بە ئیشوکاری پارتی و شۆڕش لەم کاتەدا بۆیە نەمتوانی بە دیدەنی ئێوە و بەشداری کۆنفرانسەکە شاد و کامەران ببین، بەڵام بەو نامەیە و لەو دوورەوەڕا دەستی تفەنگ و پێنووسی پیرۆزی ئێوەی قوتابی و لاو دەگوشین و هیواداریـن کۆنفرانسەکەتان سەرکەوتوو بێ و لە ئاستی بەرپرسیاری ئەم قۆناغە مێژووییەدا بێت کە میللەتەکەمان پێیدا تێ دەپەڕێ. دەبێ هەموو هەنگاوێکی ناو کۆنگرەکەتان کە سەربەستانە ئەنجامی ئەدەن لە بەرژەوەندی گەل و وڵاتەکەتان بێ، هەنگاوەکانتان بەرەو کۆمەڵگایەکی زانیار و هۆشیار و ئازاد بۆ ڕووخاندنی ڕژێمی فاشی بەغدا و دامەزراندنی حکومەتێکی دڵخواستەی میللەتی عێراق کە حوکمی زاتی ڕاستەقینە بۆ خەڵکی کوردستان مسۆگەر بکات. ئیتر سەروەری بۆ بارزانی و گشت شەهیدانی کوردستان و سەرکەوتن بۆ میللەتەکەمان.

**ئیمزا**

**مەسعود بارزانی**

**١٩٨٦/٨/٢٥**

## دروشمەکانی کۆنفرانسی هاوبەشی قوتابیان و لاوان- ئابی ١٩٨٦

- بەرەو یەکگرتن بۆ ڕووخاندنی ڕژێم و کۆتاییهێنان بە شەڕ تا بتوانین بە ئاشتی و دیموکراسی بخوێنین.
- قوتابیان و لاوانمان هاوسەنگەری پێشمەرگە قارەمانەکانی کوردستانن لە شۆڕشی ٢٦ی گوڵانی نیشتمانی پێشکەوتنخوازدا بە ڕابەرایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان و سەرۆکایەتی هێژا مەسعود بارزانی.
- پشتگیری خەباتی لاوانی گەلانی ژێردەست و شۆڕشی ئازادیخوازانەیان دەکەین لەپێناو سەربەخۆیی و ئاشتی و برایەتی لە سەرانسەری گێتیدا.
- بژی خەباتی هاوبەشی قوتابیان و لاوانی دیموکراتی کوردستان و عێراق و جیهان دژ بە ئیمپریالیزم و زایۆنیزم و کۆنەپەرستی و لەپێناو ئاشتی و دیموکراسی و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتیدا.
- پتەوتر بێت هاوکاری و دۆستایەتی نێوان ڕێکخراوەکانی قوتابیان و لاوانی دیموکراتی کوردستان و عێراق و سەرانسەری جیهان.
- بەرەو پتەوترکردنی هاوکاری و هاوپەیمانێتی نێوان ڕێکخراوەکانی قوتابیان و لاوانی دیموکراتی کوردستان و سەرانسەری عێراق لەپێناو زیاتر پتەوکردنی برایەتی تێکۆشەرانی کورد و عەرەب و کەمەنەتەوەکانی برا.
- زانست و خەبات لەپێناو ژیانێکی ئازاد و دواڕۆژێکی بەختەوەر.
- بژی خەباتی یەکێتییە تێکۆشەرەکانمان لەپێناوی بەرگریکردن لە مافەکانی قوتابیان و لاوانی کوردستان.
- نا بۆ فاشیزم.. نا بۆ دیکتاتۆریەت و شەڕ، بەڵێ بۆ دیموکراسی.. بەڵێ بۆ ئاشتی و ئاسودەیی.
- دەبا زیاتر ڕیزەکانی خۆمان ڕێکخەین و باشتر یەك بگرین بۆ ڕووخاندنی ڕژێمی فاشی بەغدا و لەپێناو دیموکراسی بۆ عێراق و ئۆتۆنۆمی ڕاستەقینە بۆ کوردستان.
- خەباتی ئافرەتی کورد نیشانەی سەربەرزی نەتەوە کۆڵنەدەرەکەمانە.

- دەبا زیاتر هاوکار بین لەگەڵ یەکێتییە تێکۆشەرەکەیان، یەکێتی ئافرەتانی کوردستانی عێراق.
- بە دەستێك تفەنگ و بە دەستێك قەڵەم، بۆ نەهێشتنی دواکەوتن و ستەم.
- با گشت تواناکان بخرێنە پاڵ یەك بۆ لەناوبردنی دیکتاتۆریەت و فاشیزم لە وڵاتماندا.
- نەمری و سەروەری بۆ شەهیدانی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕی قوتابیان و لاوانی دیموکراتی کوردستان و گشت شەهیدانی بزووتنەوەی گەلەکەمان و جوڵانەوەی نیشتمانی عێراق.
- سڵاو بۆ گیانی پاکی شەهیدانی کورد و کوردستان و سەروەری شەهیدان بارزانی نەمر.
- سڵاو بۆ خۆڕاگری و کۆڵنەدانی گیراوە سیاسییەکانی قوتابیان و لاوانمان لە زیندانە ڕەشەکانی بەعسی فاشست.
- ١٨ی شوباتی ١٩٥٣ ڕۆژێکی پڕشنگدارە لە مێژووی هەردوو یەکێتی و گەلە تێکۆشەرەکەماندا.

## بەڵگەنامەکانی کۆنفرانسی هاوبەشی قوتابیان و لاوان ئابی ١٩٨٦

### بەشی یەکەم

سوێند بە:

- یادی ئەو گیانە بەرزەفڕانەی بوونە قوربانی دەستی فاشیەکان.
- یادی ئەو دڵۆپە خوێنەی لە سەنگەری شەرەف دەڕژا.
- یادی ئەو قارەمانانەی لە رێگەی بەرگەگرتنەوە رووبەڕووی جۆرەها ئەشکەنجە بوونەوە.
- یادی شەهیدانی بزووتنەوەی قوتابیان و لاوان و تەواوی شەهیدانی کوردستان و عێراق بە گیانی بارزانی نەمری پێشەوای شەهیدانمانەوە.

## بەشێك لە پەیامی پرۆتستۆکردن و پشتگیری  کۆنفرانسی هاوبەش

نووسینگەی سکرتاریەتی یەکێتی قوتابیان و لاوانی دیموکراتی کوردستان ئەیلوولی ١٩٨٦

سڵاو بۆ پارتی دیموکراتی کوردستان-عێراق

پێشەوای شۆڕشی ئایاری نیشتمانی پێشکەوتووخواز

ساڵی ١٩٧٤ ڕژێمی فاشی بەغدا گەیشتە قەناعەت کە ناتوانێ شۆڕشی کورد لەناو ببات، ئەو شۆڕشەی رۆژ بە رۆژ لە ریگەی هێزی چەکەوە هەژموونی لە زیادبوون دابوو، بۆیە پەنای بردە بەر فرتوفێڵ و مانۆڕکردن،ئەوە بوو لە ئاداری ١٩٧٥ سەدامی تاوانبار رێککەوتنی جەزائیری بەدناوی لەگەڵ شای گۆڕبەگۆڕ واژۆ کرد کە لەلایەن ئیمپریالیزمی ئەمەریکاوە ئامادە کرابوو و لە ئەنجامدا شۆڕشی کورد تووشی نسکۆیەکی مەترسیدار بوو.

دوای نسکۆ، ڕژێمی دکتاتۆریی فاشی بینی کە دەستەکانی کراوەن، بۆیە بە مەبەستی شێواندنی مۆرکی کوردیی کوردستان، پەنای بردە بەر چەندین شێوازی شۆڤێنی و هەوڵی تواندنەوەی نەتەوەی کوردی لەنێو بۆتەی عەرەبی دا. هەموو ئەم شێوازانە پاڵیان بەوانەوە نا کە باوەڕیان بە بنەماکانی حزب هەبوو بۆ ئەوەی سەرلەنوێ پارتەکەیان رێك بخەنەوە و رۆژ بە رۆژ دەسەڵات و هەژموونی زیاتر بێ . سوپاس بۆ شۆڕشی ئایاری نیشتمانی  پێشکەوتووخواز کە لە ٢٦ی ئایار بریسکی یەکەمی دا و هۆکارەکانی نسکۆی ئەیلوولی دەستنیشان کرد و رێگەیەکی راستی خستە بەردەمی بزووتنەوەی ئازادیخوازی کوردی. گومان نیە لەوەی شۆڕشی ئایاری نیشتمانی  پێشکەوتووخواز لەلایەن حزبەوە بەرپا کرا و بوو بە درێژەیەك بۆ شۆڕشی مەزنی ئەیلوول. ئەو شۆڕشەی تا ئێستا چەند قۆناغێکی پێشکەوتووی خەباتی لەسەر ئاستی سەربازی و سیاسی و میدیاییەوە بڕیوە و ئێستاش بەرەو سەرکەوتنی یەکجاری هەنگاو دەنێ کە خۆی لە دیموکراسی بۆ عێراق  و ئۆتۆنۆمی ڕاستەقینە بۆ کوردستاندا دەبینێتەوە، ئێمەی نوێنەرانی قوتابیان و لاوان لە خاکی کۆنفرانسی هاوبەشەوە دەستخۆشی لە پارتی دیموکراتی کوردستان دەکەین بەهۆی سووربوون و مانەوە لەسەر پرۆگرامە راست و جێگیرەکەی لە بەرگریکردن لە کێشەکانی میللەت. سڵاو بۆ ئەو پارتەی هیوای بۆ دڵ و دەروونی جەماوەری تینووی ئازادی گێڕایەوە.

**سڵاو بۆ پێشمەرگە قارەمانەکانی سوپای شۆڕشگێڕی کوردستان، پارێزەرانی گەل و نیشتمان**

پێشمەرگە ناوی خۆیان بەخۆیانەوەیە، هەر ئەوانن لە پێناوی پاراستنی گەل و میللەت گیانی خۆیان خستۆتە سەر دەست و بەرژەوەندی گشتیشیان خستۆتە سەرووی هەموو شتێکی ترەوە. کاتێك پارتی درکی بەوە کرد کە ئامانجەکان لە رێگەی سیاسەت و ئاشتەواییەوە ناهێنرێنەدی و تەنانەت خۆشی لە مەترسی دایە،وای بە باش زانی سوپایەکی شۆڕشگێڕی کوردستانی پێك بێنێ، ئەرکەکەی بریتی بێ لە پاراستنی خۆی و خەباتی چەکداری و هێنانەدی ئامانجەکان.

پێشمەرگەی سوپای شۆڕشگێڕی کوردستان خاوەنی چەندین هەڵوێستی جوامێرانەن، ئەوە بوو لە سەرەتای هەڵگیرسانیدا پشتگیریی تەواوی خۆیان بۆ شۆڕشی تەموزی ١٩٥٨ دەربڕی بەر لەوەی ببێ بە دەسەڵاتێکی دکتاتۆری تاکەکەسی، هەروەها لە ماوەی بەرپابوونی جەنگی ٦٧ و ١٩٧٣ هەموو کردەوە سەربازیەکانی خۆیان وەستاند بۆ ئەوەی سوپای عێراق لەپاڵ هێزە عەرەبیەکانی تر لە جەڕەنگەکەدا بەشدار بێ، ئێستاش سوپای شۆڕشگێڕ لە ناوجەرگەی شۆڕشێك دایە کە مەبەست لە دوایەوە هێنانەدی گۆڕانکاریی بنەتیە لە عێراق کە لە بەرژەوەندیی چینە هەژارەکان بێ . هەروەها پێشمەرگەکانی کوردستان بەرەو رووی هەموو ئەو هەوڵانە وەستانەوە کە لە پێناوی گەیاندنی زیان بە سەروەریی نیشتمانی لە ئارادابوون، هەروەها بە هەموو هێزێکیانەوە رووبەڕووی هێرشەکانی تورکیا وەستانەوە و ئێستا توانیویانە چەندین ناوچەی بەرفراوان لە عەفلەقیە تاوانبارەکان پاك بکەنەوە و ئەمڕۆ ئەم ناوچانە بوونەتە پەناگەیەك بۆ هەموو ئەو عێراق یانەی کە لە دەستی ستەم و زوڵمی دەسەڵاتداران رادەکەن.

ئێمەی نوێنەرانی قوتابیان و لاوانی کوردستان کە لە ناوچە ئازادکراوەکان بە مەبەستی سازکردنی کۆنفرانسی هاوبەشمان کۆ بووینەتەوە، سڵاوی خەبات و بەرگەگرتن و شۆڕشتان ئاراستە دەکەین و پەیمانتان پێ دەدەین کە لە پێناوی بە شەکاوەیی هێشتنەوەی ئاڵای شۆڕش و گەیشتن بە سەرکەوتنی یەکجاری، گیانی خۆمان ببەخشین.

**سڵاو بۆ گیانی پاکی هەموو شەهیدانی کوردستان و تەواوی شەهیدانی**

**بزووتنـــەوەی نیشـــتمانی عێراقـــی، لـــە پێشـــەوەیان بارزانـــی نەمـــر**

بەهـــۆی گرنگـــی پێگـــەی ســـتراتیژیی و بوونـــی بڕێكـــی زۆری ســـامانی كانزایـــی گرانبەهـــاوە، كوردســـتان هەمیشـــە ئامانجـــی تەماعـــكار و داگیـــركاران بـــووە، بـــەڵام ڕۆڵەكانـــی كوردســـتان ڕۆژێـــك لـــە ڕۆژان بـــە ژیانـــی ژێردەســـتی ڕازی نەبـــوون، بۆیـــە دەبینیـــن بـــە درێژایـــی مێـــژوو كوردســـتان هەمیشـــە بـــە ڕووی دوژمـــن و دەســـەڵاتە دكتاتۆریـــە فاشـــیەكان ڕاپەڕیـــوە و بۆتـــە قەڵایـــەك بـــۆ ڕۆڵـــە شۆڕشـــگێ عێـــراق یـــەكان و لـــە پێنـــاوی هێنانـــەدی ئامانجـــە ڕەواكانـــدا دەســـتەكان یەكیـــان گرتـــووە و گەلەكەمـــان ناچـــار بـــووە بەرگـــەی كێشـــە و گرفتـــی زۆر بگـــرێ و ژمارەیەكـــی زۆر لـــە پێشـــمەرگە و جەمـــاوەر لـــە ســـایەی شۆڕشـــدا گیانـــی خۆیـــان بەخـــت كـــرد و خوێنیـــان تێكەڵـــی یـــەك بـــوو بـــۆ ئـــەوەی ببـــێ بـــە بەڵگەیـــەك بـــۆ برایەتـــی و بـــۆ ئـــەوەی داری ئـــازادی ئـــاو بـــدەن. ئـــەوە پێداگـــری و دڵســـۆزی و شۆڕشـــگێڕی پێشـــەنگەكانی گەلـــە بەرامبـــەر نیشـــتمان و میللـــەت، ئەوانـــە دەبـــن بـــە نموونـــە بـــۆ نەوەكانـــی داهاتـــوو و بـــە ڕابەرایەتـــی بارزانـــی نەمـــر گەشـــاوەترین لاپەكانـــی گەلەكەمانیـــان بـــە خوێنـــی پاكـــی خۆیـــان نەخشـــاندوە و بەرزتریـــن مەدالیـــای خوێنـــی ســـوور و شـــەهادەتیان لەســـەر ســـنگیان هەڵگرتـــووە.

ســـازكردنی كۆنفرانـــس لەســـەر ئـــەم خاكـــە ئازادكـــراوە بـــێ بەرامبـــەر نیـــە، بەڵكـــو دوای پێشكەشـــكردنی قوربانـــی گرانبەهایـــە، ئەمـــەش بێگومـــان بـــۆ ئـــەو قارەمانانـــە دەگەڕێتـــەوە كـــە گۆپانیـــان چـــۆڵ نەكرد.خوێنـــی ئـــەو شـــەهیدانەی بـــە ناهـــەق ڕژێـــنرا، ڕێـــگای ئازادیـــی و ڕزگاربـــوون لـــە كۆیلایەتیـــمان بـــۆ ڕۆشـــن دەكاتـــەوە و هانمـــان دەدات تۆڵەیـــان بـــۆ بكەینـــەوە . ئـــەم خوێنـــە لـــە ڕێـــگادا دوژمـــن و دەســـەڵاتدارە دكتاتـــۆری و فاشـــیەكان ڕادەماڵـــێ، شـــەهیدانمان لـــە ویژدانەكانمانـــدا بـــە زیندوویـــی و نەمـــری دەمێننـــەوە و لەیادیـــان ناكەیـــن، بۆیـــە كۆنفرانســـەكەمان بـــە خولەكێـــك بێدەنگـــی دەســـتی پێكـــرد وەك ماتەمێـــك بـــۆ گیانـــی پاكیـــان، ڕێـــز و درووود بـــۆ گیانـــی پاكـــی شـــەهیدانی كوردســـتان و شـــەهیدانی بزووتنـــەوەی نیشـــتمانی عێـــراق، لـــە پێشـــەوەیان گیانـــی پاكـــی بارزانـــی نەمـــر، چونكـــە گیانـــی قوربانیـــدان و خۆبەختكـــردن لـــە پێنـــاوی دیموكراســـی بـــۆ عێـــراق و ئۆتۆنۆمـــی ڕاســـتەقینە بـــۆ كوردســـتان لەلایـــەن بەڕێزیانـــەوە لـــە ناخـــی ئێمـــە چانـــدراوە.

**ســـڵاو بـــۆ ئەنجومەنـــی قوتابیانـــی كـــورد لـــە ئەوڕووپـــا، لـــە پێنـــاوی ناســـاندنی دۆزی**

**ڕەوای گەلەکەمان بە جیهانی دەرەوە و پشتگیری لە هەوڵەکانی دەکەین بە مەبەستی یەکخستنی قوتابیانی کورد لە ئەوڕووپا**

ئێمەی نوێنەرانی هەردووك یەکێتی قوتابیان و لاوانی دیموکراتی کورستانی عێراق، کۆنفرانسە هاوبەشەکەمان لەسەر ئەو خاکە ئازادکراوانە ساز دەکەین کە لەلایەن پێشمەرگەکانی سوپای شۆڕشگێڕی کوردستانەوە پارێزگاریان لێ دەکرێ. مەبەستیش تاوتوێکردنی بارودۆخی گشتی ناوچەکەمان و جیهان و داڕشتنی پرۆگرامێکە کە لەگەڵ بارودۆخ و پێشهاتە تازەکانی گۆڕانەکەدا گونجاو بێ، هەروەها بۆ هەڵبژاردنی سکرتاریەتێکی هاوبەش کە ئەرکی رابەرایەتیکردن و ئامادەکردنێکی شۆڕشگێڕانەی قوتابی و لاوان بگرێتە ئەستۆی خۆی، بۆ ئەوەی لەگەڵ لایەنەکانی دیکەی بەرەی نیشتمانی  دیموکراسی (جود) بەشدار بین لە لەناوبردنی ڕژێمی سەدامی تاوانبار و حزبە فاشستەکەی و بۆ ئەوەی ئێمەی قوتابیان و لاوان بە تەواوی مافەکانمان شاد بین. ئەو سیاسەتە فاشیستی و رەگەزپەرستانەی لە کوردستان پیادە کرا، ژمارەیەکی زۆر لە قوتابیانی کوردی ناچار کرد وەك زۆربەی چین و توێژە کۆمەڵایەتیەکانی تر لە نیشتمان بچنە دەر و بە نابەدڵی خاکی باوك و باپیرانیان بەجێ بێڵن و هەندێکیان لە ئەوڕووپا گیرسانەوە و ڕوویان کردە زانست بۆ ئەوەی خۆیان بە باشی ئامادە بکەن و لە ئایندەیەکی نزیکدا خزمەتی نیشتمانەکەیان بکەن، لەگەڵ ئەوەشدا هیچ کاتێك رۆڵەکانی نیشتمانەکەیان و ناڵاندنیان بە دەستی ئێش و ئازار و کارەسات لەیاد نەکرد کە لەسەر دەستی دوژمنانی مرۆڤایەتی و گەلان دووچاری بوونەوە، هەروەها ئەو قوربانیە گەورانەی کە لە پێناوی گەیشتن بە ئامانجەکان پێشکەشیان کردووە کە خۆیان لە یەکسانی و ئازادی پێشکەوتنی کۆمەڵایەتیدا دەبیننەوە.

ئەنجومەنەکەتان، ئەنجومەنی قوتابیانی کورد لە ئەوڕووپا خاوەنی مێژوویێکی دوورودرێژی خەباتە لە پێناوی بزووتنەوەی قوتابیانی کورد و بزووتنەوەی نەتەوەخوازی کورد، بۆیە ئەنجومەن بەو پێگەیەی پێی براوە، بۆتە ڕوویێکی جوان بۆ کوردستان و یەکێك لە منبەرە بەرزەکانی گەیاندنی دەنگی گەلەکەمان بە رای گشتی جیهان،ئینجا چ لە ڕێگەی سازکردنی کۆڕ و کۆبوونەوە یان بەرزکردنەوەی یاداشتنامەی نازایی و بەرپاکردنی ڕاپەڕین یان بەشداربوون لە فیستیڤاڵ و کۆنگرە جیهانیەکان، بەمەش

ئەنجومـەن ئـەو ئابڵوقـە میدیاییـەی شـکاند کە بەسـەر جولانـەوەی قوتابیـان و بزووتنەوەی ڕزگاریخـوازی کـورددا سـەپێنرابوو.

ئەنجومـەن لـە پێنـاوی یەکخسـتنی ڕێکخراوەکانی قوتابیانـی کـورد لـە ئەوڕووپـا تێدەکۆشـێ، وەك باوەڕبـوون بـەوەی لای دۆستان،یەکخسـتن قورسـایی گـەورە بـە ئەنجومـەن دەبەخشـێ و دوژمنانیـش هـەزار حیسـابی بـۆ دەکـەن، بـەڵام پەرتوبـڵاوی و دابەشـبوون تەنیـا دەبنـە مایـەی تێکدانـی ڕێـزەکان و هێـز و تواناکان، ئەوەتـا ئەنجومـەن هەنـگاوی جێگیـر دەنـێ بـەرەو بەسـتنی کۆنگـرەی ٢١ و سووریشـە لەسـەر یەکخسـتنی قوتابیانـی کـورد. دەستخۆشـی خەباتـی ئەنجومەنەکەتـان ئاراسـتە دەکەیـن، هەروەهـا پشـتگیریی هەوڵەکانـی دەکەیـن لـە پێنـاوی یەکخسـتنی ڕێکخراوەکانـی قوتابیانـی کـورد لـە ئەوڕووپـا، بـەو پێیـەی یەکگرتـن ئـەو بـەردە پتەوەیـە کـە پیلانـی دوژمـن و قیـن لـە دڵانـی لەسـەر ورد دەبـێ.

بۆ پێشەوە...

**سـڵاو بـۆ ئەنجومەنـی قوتابیـە کوردسـتانییەکان لـە ئەمەریـکا و کەنـەدا، لـە پێنـاوی ناسـاندنی دۆزی ڕەوای گەلەکەمـان بـە دەرەوە**

لــە خاکــە ئازادکراوەکانــی کوردســتانی عێــراق، کــە لەلایــەن پێشــمەرگەی ســوپای شۆڕشــگێڕی کوردســتانەوە پارێزگاریــان لــێ دەکــرێ، ئێمــەی نوێنەرانــی هــەردووك یەکێتــی قوتابیــان و لاوانــی دیموکراتــی کوردســتان بــە مەبەســتی تاوتوێکــردن و شرۆڤەکردنــی بارودۆخــی گشــتی ناوچەکــە و جیهــان و داڕشــتنی پلانێکــی گونجــاو لەگــەڵ ئــەم بارودۆخــەدا و جێبەجێکردنــی ئــەو ئەرکانــەی لــە ئەســتۆی قوتابیــان و لاوانمــان دان، کۆنفرانســێکی هاوبەشــمان ســاز کــرد. کۆنفرانــس وەك هەنگاوێــك وایــە بــۆ یەکخســتنی وزە و تواناکانــی هــەردووك یەکێتیەکــە لــە کاتێکــی نزیکــدا، ئەوەبــوو ســکرتاریەتێکی هاوبــەش بــۆ هــەردووك یەکێتیەکــە هەڵبژێــردرا و ئەرکــی لەخۆگرتــن و ســەرکردایەتیکردنی قوتابیــان و لاوانــی پــێ ســپێردرا. وێــڕای سیاســەتە فاشیســتی و ڕەگەزپەرســتیەکانی دەســەڵاتە یــەك لــەدوا یەکەکانــی عێــراق، بــە تایبەتیــش ڕژێمــی عەفلەقیــە تاوانبــارەکان، بــەڵام نەیانتوانــی ئــەو مەشــخەڵی خەباتــە لەنــاو ببــەن کــە لــە ناوجەرگــەی چیــا سەرکەشــەکانی کوردســتان هەڵگیرســاوە، بەڵکــو شــێوازە

فاشیستیەکانیان جەماوەریان زیاتر هان دا بۆ ئەوەی سوور بن لەسەر ئەوەی تا دوا هەناسە بەردەوام بن لە خەبات . خەباتی قوتابیان و لاوانیشمان بەشێکە لەو نازایی و رەتکردنەوە جەماوەریە بەرفراوانەی رۆژ بە رۆژ بەهێزتر دەبێ و دەبێتە ئاماژەیەك بۆ رووخانی ڕژێمی سەدام حوسێنی تاوانبار و دارودەستەکەی، بەمەش هەوڵەکانی ڕژێم بە فیڕۆ چوون، ئەو ڕژێمەی پێی وابوو کە لە رێگای گرتنەبەری ئەم سیاسەتە بۆگەنانەوە کە خۆیان لە سیاسەتی خاکی سووتماك و چۆلکردنی کوردستاندا دەبینیەوە، مەشخەڵی داگیرساوی شۆڕش لەناو دەبات.

خەباتکردن تەنیا پەیوەست نەبوو بە جەماوەرەکەمان لە ناوەوەی وڵات، بەڵکو گەیشتە ئەوانەش کە لەبەر بارودۆخی نابەجێ خاکی باوك و باپیرانیان بەجێ هێشت و دەربەدەر بوون.ئەو پەیوەندیانەی ئەوانی بە کوردستان دەبەستەوە زۆر بەهێزتر بوون لە بارودۆخە تازەکانیان کە هانی مرۆڤ دەدەن پەنا بباتە بەر پشوودان و هێمنی، بەمەش هەموو کاتەکانیان لە پێناوی ناساندنی دۆزی ڕەوای گەلەکەمان بە جیهان و پەیداکردنی دۆستی تازە و سازکردنی کۆڕ و کۆبوونەوە و ئەنجامدانی خۆپیشاندان و دەرکردنی یاداشتنامەی نازایی تەرخان کرد. گومان لەوەدا نیە کە خەباتی ئەنجومەنەکەتان، ئەنجومەنی قوتابیە کوردستانیەکان مایەی شانازی و رێزی هەموو جەماوەری کوردستانە، بەڵکو ئەنجومەنەکەتان بۆتە مینبەرێك بۆ گەیاندنی دەنگی گەلە چەوساوەکەمان بە ناوەندەکانی رای گشتی جیهان و دەستەبەرکردنی پشتگیری.

سڵاو بۆ ئەنجومەن و بۆ سەرجەم ئەندام و لایەنگرانی و هیوای خەباتی زیاتری لێ دەخوازین لە رێی ئازادیدا.

بۆ پێشەوە...

**سڵاو بۆ ئەنجومەنی هونەرە جوانەکانی کوردستان لە ئەمەریکا لە پێناوی ناساندنی هونەر و کلتووری کوردی بە گەلانی جیهان**

ئێمەی نوێنەرانی هەردووك یەکێتی قوتابیان و لاوانی دیموکراتی کوردستانی عێراق، کە لە بارەگایەك، لەسەر خاکی کوردستانی ئازادکراو و پارێزراو لەلایەن پێشمەرگەی سوپای شۆڕشگێڕی کوردستانەوە بە مەبەستی سازکردنی کۆنفرانسێکی هاوبەشی

هــەردووك یەكێتیەكەمــان كۆبووینەتــەوە و دەخوازیــن توانــای قوتابیــان و لاوانمــان یــەك بخەیــن و بیخەینــە خزمەتــی خەبــات و تێكۆشــان، بــە مەبەســتی كورتكردنــەوەی ڕێــگای گەیشــتن بــە ئامانجەكەمــان كــە ئامانجــی هەمــوو رۆڵەكانــی گەلەكەشــمانە. ئەوەتــا دەنگــی تــۆپ بــە گوێچكەكانمانــدا دەزرنگێتــەوە و بــە چاوەكانــی خۆمــان دەبینیــن چــۆن ڕژێمــی فاشــی و رەگەزپەرســت بۆمبــە ســووتێنەرەكانی بەســەر كوردســتانی برینــدار و خاكــی جوانــی و داهێنانــدا دەبارێنــێ و ئاگــر هەمــوو شــتێكی بەردەمــی خــۆی دەســووتێنێ و ناوچــەكان وێــران دەكات. ئەگــەر كەمێــك بــۆ دواوە بگەڕێینــەوە، دەزانیــن كــە ئەمەیــە نەریتــی ڕژێــم، بــە راســتی هەوڵــی لەناوبردنــی هەمــوو شــتێك دەدات كــە پەیوەنــدی بــە كــورد و كوردســتانەوە هەبــێ و بوونــی ناهێڵــی و تــا ئەمــڕۆ پەنــای بردۆتــە بــەر پیادەكردنی سیاســەتی تەعریــب و تەبعیــس و راگواســتن لــە دژی خەڵــك، مەســەلەكە بەمــەش كۆتایــی نەهات،بەڵكــو هەوڵــی شــێواندنی هونــەر و كلتــووری كــوردی دەدات، ئەمــەش وەك هەوڵێــك بــۆ كوشــتنی گیانــی گەشــەكردن و جولەكردنمــان. ئەوەتــا پەیكــەری خانــی فــڕێ دەداتــە نێــو ئــاوی دیجلــە و پەیكــەری كاوە لەنــاو جەرگەی شــاری سلێمانی لادەبــات، بەڵام ئــەو پەیوەندیانــەی بــە مێــژوو و شارســتانیەتەكەمانەوە گرێــمان دەدەن لــە پــلان وپیلانــی دوژمنــان بەهێزتــرن، كاوە هێــمای ســەركەوتنە و وەك ئــەوە وایــە هێشــتا لــە نێوانمــان دایــە و بــە رووبانــدا هــاوار دەكات و دەڵــێ: خۆتــان ئامــادە بكــەن بــۆ تۆڵەســەندنەوە. بۆیــە تەنانــەت دوای لادانــی پەیكەرەكەشــی بــەڵام كاوە بۆتــە ســەرچاوەیەك بــۆ راپەڕینــی جەمــاوەری شــاری هەڵمــەت و قوربانــی.

هونــەر و كلتــوور باشــترین هێــمای راســتگۆیانەن بــۆ ئاســتی پێشــكەوتنی گــەلان و هەنــگاوە نــراوەكان و هەمــوو ئــەو خزمەتــەش كــە پێشكەشــی مرۆڤایەتیــان كــردووە، كوردســتانی ئێمــەش بــە هونــەر و كلتــوور و شارســتانیەتەكەی نــاسراوە، بــەو پێیــەی كەوتۆتــە شــوێنی بەیەكگەیشــتنی ســێ شارســتانیەتەوە، شــوێنەوارە بەهادارەكانــی نێــو مۆزەخانەكانــی وڵاتانــی رۆژئــاوا كــە لەلایــەن داگیركارانــەوە رفێــنراون، باشــترین نموونــەن بــۆ ئەمــە.

ســڵاو لەوانــەی لەســەر خاكــی كوردســتان گــەورە بــوون و ژیــاون و چاوەكانیــان بــە سرووشــتی دڵڕفێنــی كوردســتان گەشــاونەتەوە و لــە نزیكــەوە هەســتیان بــە ئێــش و

ئـازار و خواسـتەکانی گەلەکەمـان کـردووە و بارودۆخـە ناهەمـوارەکان ناچـاری کـردوون خاکـی بـاوك و باپیرانیـان بەجـێ بێڵـن، بـەڵام لەگـەڵ ئەوەشـدا بـە دڵسـۆزیی مانـەوە و پەیمانـی پاراسـتنی هەمـوو ئـەو شـتانەیان داوە کـە لەلایـەن بـاوك و باپیرانـەوە بۆمـان بەجـێ هێڵـراون. سـڵاو بـۆ ئەوانـەی ئێـش و ئـازار و مەینەتیەکانـی میللەتـە سـتەمدیدەکەمان بـە ناوەنـدە جیهانیـەکان دەگەینـن و دۆز و قوربانیـە گەورەکانـی جەماوەرەکەمـان لـە پێنـاوی گەیشـتن بـە ئامانجـەکان بـە جیهـان دەناسـێنن، ئامانجـی ژیـان بـە ئـازادی و ئاشـتی و خۆشەویسـتی، دوور لـە کەشـوهەوای شـەڕ، ئەمـەش تەنیـا لـە ڕێگـەی رووخاندنـی ڕژێمـی فاشـی و هێنانـەدی دیموکراسـی بـۆ عێـراق و ئۆتۆنۆمـی ڕاسـتەقینە بـۆ کوردسـتان دێتـە دی.

**سـڵاو بـۆ بەڕێـز معەمـەر قەزافـی پێشـەوای شۆڕشـی فاتیـح و خۆڕاگریـی لاوان و قوتابیانـی لیبیـا بـە رووی دەسـتدرێژیەکانی ئیمپریالیـزم بـۆ سـەر خاکەکەیـان**

ئێمـەی نوێنەرانـی هـەردووك یەکێتـی قوتابیـان و لاوانـی دیموکراتی کوردسـتانی عێراق، کۆنفرانسـێکی هاوبەشـمان لـە یەکێـك لـە بارەگاکانـی شۆڕشـی ٢٦ی ئایـاری نیشـتمانی پێشـکەوتووخواز ساز کـرد، ئەمـەش بـە ئامانجـی تاوتوێکـردن و شـیکردنەوەی بارودۆخـی گشـتی لـە کوردسـتان و عێـراق و ناوچەکـە و جیهـان و ئـەو واقیعـە کارەسـاتئامێزەی قوتابیـان و لاوانمـان لـە سـایەی ڕژێمەکـەی سـەدام حوسـێن و دارودەسـتەکەی بەخۆیـەوە دەبینن،هەروەهـا ئـەو ئەرکانـەی لەسـەر شـانیانە، لـە پێنـاوی ئامادەکردنـی شـێوازێکی کارکردنـی گونجـاو لەگـەڵ بارودۆخـە هەنووکەییـەکان کـە ببێتـە مایـەی بەهێزکردنـی ڕێکخسـتنەکانمان و یەکخسـتنی تواناکانمـان و هەڵبژاردنـی سـکرتاریەتێکی هاوبـەش کـە بـە شـێوەیەکی شۆڕشـگێڕانە قوتابیـان و لاوان پـەروەردە بـکات و ئامادەیـان بـکات، ئەمـەش لـە پێنـاوی پەلەکـردن لـە رووخاندنـی ئـەو ڕژێمـە فاشـی و ڕەگەزپەرسـتەی لایەنگـری ئیمپریالیزمـە و بـە هێـزی ئاسـن و ئاگـر لەسـەر سـنگی رۆڵەکانـی گەلەکەمـان دایکوتـاوە، هەروەهـا شـادبوون بـە حکومەتێکـی دیموکراسـی ئیئتیلافـی کـە ئۆتۆنۆمـی ڕاسـتەقینە بـۆ کوردسـتان زامـن بـکات، بـۆ ئـەوەی لـە سـایەیدا ئێمـەی قوتابیـان بـە ئاشـتی و هێمنـی بخوێنیـن و بـە تـەواوی مافەکانمـان بگەین.دەوڵەتێـك کـە هەمـوو تواناکانـی عێـراق بخاتـە خزمەتـی وڵاتانـی پێشـکەوتووخوازی عـەرەب و بزووتنـەوە شۆڕشـگێڕیەکانیان.

ئێمە لە خاکی کۆنفرانسەوە، ئەو شوێنەی بە خوێنی پێشمەرگە قارەمانەکامان ئازاد کراوە، سڵاو بۆ بەڕێز معەمەر قەزافی رابەری شۆڕشی فاتیحی سێپتەمبەر دەنێرین بەهۆی هەڵوێستە بوێرەکانی بەرامبەر دۆزی ڕەوای گەلەکەمان، ئەوەبوو لە میانی کۆنگرەی نێودەوڵەتی دووەمی مەسابە لە تەرابلوسی رۆژئاوا راشکاوانە هەشەی لە ڕژێمی تورکیا کرد بەهۆی دەستدرێژیکردن بۆ سەر کوردستانی عێراق، ئەم هەڵوێستانە بوونە مایەی بەهێزکردنی برایەتی عەرەبی-کوردی و پێگەیەکی خەباتکارانەی نوێ و هێزی زیاتری بە شۆڕشەکەمان بەخشی، هاوکات سڵاو ئاراستەی قوتابیان و لاوانی لیبیا دەکەین بەهۆی خۆڕاگریان بەرامبەر دەستدرێژیەکانی ئەمەریکا. ئێمەی نوێنەرانی قوتابیان و لاوان، نازایی توندی خۆمان دەردەبڕین بەرامبەر پێشێلکاریەکانی ئەمەریکا بەرامبەر حورمەتی کەناراوەکانی لیبیا لە کەنداوی سێرت و کۆکردنەوەی کەشتیگەلەکەی لە ناوچەکە و سووربوونی دەستەکانی بریتانی بکوژ بە خوێنی مندالان و ئافرەتانی تەرابلوس و بەنغازی خۆراگر و ئەو پیلانە سیاسی و سەربازی و ئابووریانەی ئەمەریکا دایاندەڕێژێ، دوای ئەوەی ئەو پرۆگرامە پێشکەوتووخوازەی بۆ ئاشکرا بوو کە لیبیا لە پێناوی دژایەتیکردنی ئیمپریالیزم و زانیۆنیزم و دواکەوتوویی و فاشیزم و رەگەزپەرستی دەیگرێتە بەر و ئەو رۆڵەی کە لیبیا لە رێگەی پشتگیریکردنی سیستەمە شۆڕشگێری و پێشکەوتووخوازەکان لە ناوچەکەدا گێڕاویەتی. سڵاو لە هەڵوێستی شۆڕشگێڕانەی رابەری شۆڕشی فاتیح کاتێك وتی گەلی لیبیا ئامادەیە بە پێوە بمرێ و خۆی بۆ دوژمنان ناچەمێنێ، بەمەش ویستی گەلی لیبیا سەرکەوت. هەروەها پرۆتستۆی هەنگاوە خیانەتکاریەکەی حەسەنی دووەمی شای مەغریب دەکەین لە کۆبوونەوە لەگەڵ پیرێزی زایۆنی لەسەر خاکی مەغریب و گرنتەبەری رێچکەی ساداتی خیانەتکار و ئەو رۆڵە نابەجێیەی ڕژێمی حوسنی موبارەك و چەند ڕژێمێکی دواکەوتووی عەرەبی دەیگێڕن لە پشتیوانیکردن و پێشکەشکردنی ئاسانکاریی پێویست لە پێناوی خزمەتکردنی وڵاتانی ئیمپریالی.

**بژیت برایەتی عەرەب و کورد**

گەشاوە بێ دۆستایەتی و یەکگرتوویی نێوان قوتابیان و لاوانی ئێمە و قوتابیان و لاوانی لیبیا.

**سڵاو بۆ بەرەی نیشتمانی دیموکراسی عێراق (جود)ی خەباتکار**

**سڵاوی شۆڕش و خەبات:**

لای کـەس شـاراوە نیـە کـە سیاسـەتی فاشیسـتیانەی ڕژێمـی عەفلەقـی و دکتاتـۆرە تاکڕەوەکـەی، عێراقـی خۆشەویسـتمانی گەیانـدە ئـەو میحنـەت و شـە وێرانـکارەی پێـی ناوەتـە سـاڵی حەوتەمـی و هـەزاران لاوی هاڕیـوە، ئەمـە وێـڕای ئـەو داڕمانـە ئابووریـە و پەیوەندیـی لەگـەڵ بـازاڕی سـەرمایەداریی جیهـان و پتەوبوونـی پەیوەندییەکانـی لەگـەڵ لایـەن و هێـزە دواکەوتووەکانـی عـەرەب و ناوچەکـە و ژیاندنـەوەی ڕێککەوتنـە نابەجێکانـی نێوانیـان و بوارخۆشـکردن بـۆ بەزاندنـی حورمـەت و سـەروەریی نیشـتمان و دووبارەبوونـەوەی هەوڵـەکان لـە پێنـاوی فراوانکردنـی رووبەرەکانـی شـەڕ و ئامـادەکاری بـۆ دەسـتوەردانی ئیمپریالیـزم لـە پێنـاوی لاوازکـردن و نەهێشـتنی بزووتنـەوە ئازادیخـوازە گەشـەکردووەکانی گەلانـی ناوچەکـە، ئەمـە سـەرباری سیاسـەت و هەڵسـوکەوتە دڕندانـە و نامرۆییـەکان بەرامبـەر گەلـی عێـراق.

ئەگەرچـی ڕژێـم دەزانـێ لـە ئایندەیەکـی نزیکـدا کۆتایـی دێـت و لەنـاو دەچـێ، بـەڵام لەگـەڵ ئەوەشـدا رۆژ بـە رۆژ هەوڵـی جێگیرکردنـی پێیەکانـی دەدات و ئـەو کارەسـاتەش پشـتگوێ دەخـات کـە بەسـەر گەلـی عێـراق دا هاتـووە، لـە راسـتیدا ڕژێـم لـە پێنـاوی مانـەوە لـە کورسـی دەسـەڵات هیـچ شـێواز و ڕێگەیـەك ناهێڵـی نەیگرێتـە بـەر. لەگـەڵ ئەوەشـدا خەباتـی بـەرە قارەمانەکەتـان رۆژ بـە رۆژ زیاتـر دەبـێ و رەگەکانیشـی بـە ناخـی جەمـاوەری گەلـی عێراقـی خۆشەویسـت، بـە عـەرەب و کـورد و کەمینەکانیـدا چوونەتـە خـوار و هیـوا لـە دڵـەکان دەژێنێتـەوە، تەنانـەت وای لێهاتـووە میللەتەکەمـان بـە گرنگیەوە دەڕوانێتـە خەباتـی (جـود).

ئەمـڕۆ عێراقـمان بـە هەسـتیارترین بارودۆخـدا گـوزەر دەکات و لـە ئاسـۆدا کۆتایـی ڕژێـم دیـارە، بـە تایبەتـی دوای ئـەوەی زۆرینـەی میللـەت لێـی جیـا بۆتـەوە، جگـە لـە ژمارەیەکـی کـەم نەبـێ کـە چارەنووسـیان بـە چارەنووسـی دەسـەڵاتەوە گـرێ داوە، وەك (فەرمانگەکانـی ئاسـایش و هەواڵگریـی). ئەوەتـا کۆمەڵێکـی زۆر لـە پیاوانـی پارتـە فاشـیەکەیان پێگەکانیـان چـۆڵ دەکـەن. بەرزبوونـەوەی ئاسـتی نازایـی و دژایەتیکردنـی ڕژێـم لەلایـەك و زیادبوونـی نیگەرانـی سـەبارەت بـە هێرشـی بەرفـراوان و دوژمنکاریەکانی

ڕژێمـی سـەربازیی تورکیـا لـە لایەکـی دی، هەمـوو ئـەم بارودۆخانـە پـاڵ بـە هێـزە نیشـتمانی ە عێـراق یـە بەرهەڵسـتکارەکانەوە دەنێـن بەخۆیانـدا بچنـەوە و لـە ڕێگـەی ئەزموونـە کـۆن و هەنووکەییەکانیـان و لـە پێنـاوی چارەنـووس و ئاینـدەی گـەل و وڵاتـدا ڕێـگای راسـت و ئاشـکرا دەستنیشـان بکـەن.

ئێمـەی نوێنەرانـی هـەردووك یەکێتـی قوتابیـان و لاوانـی دیموکراتـی کوردسـتان-عێـراق، لێـرە لەسـەر خاکـی کوردسـتانی ئـازاد بـە مەبەسـتی سـازکردنی کۆنفرانسـێکی هاوبـەش کـۆ بوینەتـەوە بـۆ ئـەوەی دەربـارەی بارودۆخـی قوتابیـان و لاوانـی کوردسـتان و عێـراق  و ناوچەکـە گفتوگـۆ بکەیـن، گەرمتریـن سـڵاوی شۆڕشـگێڕی خۆمـان ئاراسـتەی بـەرە خەباتگێکەتـان دەکەیـن و پشـتگیریی لـە هەڵوێسـتی جێگیـر و سـووربونتان لەسـەر رووخاندنـی ڕژێـم و گەیشـتن بـە ئەلتەرناتیڤێکـی دیموکراسـی دەکەیـن. هەروەهـا پشـتیوانی خەباتـی جیـدی ئێوەیـن لـە پێنـاوی قوڵکردنـی گیانـی برایەتـی و یەکگرتـن لـە نێـوان ئـەو پارتانـەی لەنێـو بەرەکەتـان دان و هەوڵەکانتـان لـە پێنـاوی فراوانکردنـی پێگەکـەی کـە لـە ئەنجامـدا بوونـە هـۆی زیادکردنـی هیـوا لەلایـەن گەلـە خەباتکارەکەمـان بـۆ ئـەوەی چارەنووسـی خـۆی بـە بـەرەی (جـود)ەوە گـرێ بـدات کـە بۆتـە بناغەیـەك و لـە کۆتاییـدا هەمـوو لایـەك بـە ئامانجەکانیـان شـاد بن.هـاوکات لەگـەڵ ڕێـز و پشـتگیریمان و خواسـتنی هیـوا بـۆ گەیشـتن بـە ئامانجێکـی باشـتر، داوا لـە تـەواوی هێـزە نیشـتمانییە عێراقیـە بەرهەڵسـتکارە دیموکراسـی و نەتەوەیـی و پێشـکەوتووخواز و ئیسـلامیەکان دەکەیـن کـە بارودۆخـی قۆناغـی داهاتـوو بـە وردی هەڵبسـەنگێنن و  کێشـە و ناکۆکیـە لاوەکیـەکان وەلا بنێـن لـە پێنـاوی خولقاندنـی ئاشـتبوونەوەیەکی سەرتاسـەری و بەرزکردنـەوەی دروشـمێکی وا کـە هەمـوو ئامانجـە سـەرەکی و گشـتیەکان بگرێتـە خـۆی و تـەواوی جەمـاوەری گەلەکەمـان لـە دەوری کـۆ ببێتـەوە. ئێمـەی قوتابیـان و لاوانـی دیموکراتـی کوردسـتان لـە سـەنگەرەکانمانەوە پەیمانتـان پـێ دەدەیـن کـە پـەرەی زیاتـر بـە خەبـات و چالاکیەکانمـان بدەیـن و هەمـوو تواناکانمـان دەخەینـە پـاڵ توانـای هەڤاڵـە قارەمانەکانتـان لـە پێنـاوی هێنانـەدی ئامانجەکانـی گەلـی عێـراق  لـە رووخاندنـی ڕژێمـی دکتاتـۆری بەغـدا و گەیشـتن بـە ئەلتەرناتیڤێکـی دیموکراسـی کـە کۆتایـی بـە شـەڕ بێنـێ و دیموکراسـی بـۆ عێـراق  و ئۆتۆنۆمـی ڕاسـتەقینە بـۆ کوردسـتان وەدی بێنـێ.

بژین بۆ خەبات... بژین بۆ یەکێتی

**سڵاو بۆ لێژنەی باڵای هەمانگیکردن لە نێوان ڕێکخراوی قوتابیان و لاوانی دیموکراتی کوردستان و تەواوی ناوچەکانی دیکەی عێراق لە پێناوی خەبات و کاری هاوبەشی یەکێتی**

لە کۆنفرانسی هاوبەشی هەردووك یەکێتیەکەمان، کە لە ناوچەیەکی ئازادکراوی کوردستانی خۆشەویست و لە سایەی هێزەکانی پێشمەرگەی سوپای شۆڕشگێڕی کوردستان و لەلایەن پێشمەرگە قارەمانەکانی (جود)ەوە دەپارێزرێن، بە مەبەستی شرۆڤەکردن و هەڵسەنگاندنی بارودۆخە هەنووکەییەکانی وڵات و ناوچەکە و جیهان و لە پێناوی بەهێزکردنی ڕێکخستنەکانمان و داڕشتنی پرۆگرامێکی گونجاو بۆ خەباتی ناوخۆیی و دەرەکی سازمان کردووە. ئێمەی نوێنەرانی هەردووك یەکێتی قوتابیان و لاوانی دیموکراتی کوردستان-عێراق و بە مەبەستی جێبەجێکردنی خشتەی کاری ئەم کۆنفرانسە هاوبەشەمان، لەم کۆبوونەوەیەدا هەموو نوێنەران جەختیان لەسەر لێژنەی باڵای هەماهەنگی کردەوە و جارێکی دیکە ئامادەباشی تەواومان دووپات دەکەینەوە لە پێناوی کاری هاوبەشی زیاتر و یەکێتیەکی بەهێزتر بۆ خەبات و هەماهەنگیکردن و هاوپەیمانی لە نێوان ڕێکخراوەکانی قوتابیان و لاوانی دیموکراتی کوردستان و ناوچەکانی دیکەی عێراق. ئەم ئەرکە مێژووییە ئەرکێکی پیرۆزی سەر شانمانە لەپێناوی خزمەتکردنی باشتری دۆزی ڕەوای گەلەکەمان و پێویستە زیاتر پابەند بین بە بڕیار و ئەو بنەمایانەی کە لە پێناویاندا و لەسەر پێشنیازی ڕێکخراوە جەماوەریەکانمان لێژنەی باڵای هەماهەنگی دامەزراوە. ئەگەرچیش لەبەر چەند هۆکارێکی ناوخۆیی، تا ئێستا نەمانتوانیوە کۆبوونەوە مانگانەکانی خۆمان ئەنجام بدەین و وەك پێویست کارە هاوبەشەکانمان بڕوێنین، بەڵام باوەڕمان بەوە هەیە کە هیچ کۆت و بەربەستێك ناتوانێ ڕێگەی خەباتی ڕاستەقینەی دیموکراسی و نیشتمانی مان لێ بگرێ و دڵنیاشین لە سەرکەوتن. ئێمەی نوێنەرانی هاوبەشی هەردووك یەکێتی قوتابیان و لاوانی دیموکراتی کوردستان-عێراق، بە ناوی خۆمان و بەناوی هەموو ئەندام و کاندید و لایەنگران و جەماوەری قوتابیان و لاوانی کوردستان، سڵاوی گەرمی خەبات و شۆڕشگێڕیی ئاراستەی لێژنەی باڵای هەماهەنگیکردن لە نێوان ڕێکخراوەکانی قوتابیان و لاوانی دیموکراتی کوردستان و هەموو عێراق دەکەین و

هیـوای بەهێزتربوونـی خەباتـی هاوبەشـمان و یەکێتیەکەمـان و یەکگرتووییـمان دەخوازین، بـۆ ئـەوەی بەراسـتی ببیـن بـە نوێنەرانـی ڕاسـتەقینەی بزووتنەوەکانـی قوتابیـان و لاوانـی کوردسـتان و عێـراق و بتوانیـن پێکـەوە هێـز و پارتـە نیشـتمانی و پێشـکەوتووخوازە بەرهەڵسـتکارەکان، کـە (جـود) بـەردی بناغەیانـە، گەرموگوڕانـە ئاراسـتەی گۆڕانـی خەبـات بکەیـن لـە پێنـاوی ڕووخاندنـی ڕژێمـی فاشـی بەغـدا و هێنانـە کایـەی حکومەتێکـی دیموکراسـی کـە دیموکراسـی بـۆ عێـراق و ئۆتۆنۆمـی ڕاسـتەقینە بـۆ کوردسـتان وەدی بێنێ و ئێمـەی قوتابیـان و لاوانیـش لـە سـایەیدا بـە ئاشـتی و برایەتـی و دیموکراسـی و هێمنـی بژیـن. زۆر بـە گەرمـی دەسـتەکانتان دەگوشـین و ڕێـزی شۆڕشـگێڕی گەرمـی خۆمانتـان بـۆ دووبـارە دەکەینـەوە و هەمیشـە سـەرکەوتوو بـن.

**سـڵاو بـۆ دایکـە حەلیمـە، دایکـی چـوار شـەهیدە سـەربەرزەکەی شۆڕشـی ئایـاری نیشـتمانی پێشـکەوتووخواز (ئەیـوب، ئیسـماعیل، حەمیـد، سـەلاح عەبدولهـادی) و هەمـوو دایکانـی شـەهیدە سـەربەرزەکانی تـر**

بەبۆنـەی سـازکردنی کۆنفرانسـی یەکەمـی هاوبەشـی هـەردووك یەکێتیەکەمـان، یەکێتـی قوتابیـان و لاوانـی دیموکراتـی کوردسـتان-عێراق، ئەندامانـی کۆنفرانـس سـڵاو و ڕێـز و سوپاسـگوزاریی گەرمـی خۆیـان ئاراسـتەی دایکـە حەلیمـە دەکـەن، ئـەو دایکـەی چـوار قارەمانـی کوردسـتانی پێگەیانـد و لەگـەڵ باوکیـان وەك دیاریـەك پێشکەشـی شۆڕشـی نیشـتمانی و دیموکراسـی گەلەکەمانی کـرد. لـە نوێنەرانـی کۆنفرانسـەوە پەیـمان بـێ بـۆ دایکـە حەلیمـە و دایکانـی تـری شـەهیدە سـەربەرزەکانمان کـە هەتـا ڕووخانـی ڕژێمـی فاشـی بەغـدا و هێنانـەدی دیموکراسـی بـۆ عێـراق و ئۆتۆنۆمـی ڕاسـتەقینە بـۆ کوردسـتان درێـژە بـە خەبـات دەدەیـن. سـڵاو بـۆ گیانـی پاکـی ئـەم چـوار شـەهیدە (ئەیـوب، ئیسـماعیل، حەمیـد، سـەلاح) و گیانـی باوکـی شـەهیدیان عەبدولهـادی و تـەواوی شـەهیدانی ڕێـگای ئـازادی و پێشـکەوتن، پێشـەنگیان بارزانـی نەمـر.

**سـڵاو لـەو بەندکـراوە سیاسـیانەی لـە بەندیخانەکانـی ڕژێمـدا بەرگـەی ئەشـکەنجەدانی دڕندانـە دەگـرن**

ڕژێمـی عەفلەقـی کـە بـە زەبـری ئاسـن و ئاگـر خـۆی بەسـەر ملـی گەلەکەمانـدا دەسـەپێنێ، دڕندانەتریـن شـێوازەکانی کپکردنـی ئازادیـەکان و داگیرکردنـی مافـەکان

دەگرێتـە بـەر، بەمـەش عێـراق  دەبێتـە بەندیخانەیەکـی گـەورە و تاریکـی باڵـی بەسـەردا دەکێشـێ. ڕۆڵەکانـی عێـراق یـش، ئەوانـەی لەسـەر خاکـی بـاوك و باپیرانیـان دەژیـن وەك بێگانـە وان و ئـاگاداری کاروبـاری نیشـتمان و سـامانەکانی نیـن، هەروەهـا سـزای تونـد بـۆ ئەوانـە دیـار کـراوە کـە دژایەتـی یاسـا نابەجێکانـی ڕژێـم دەکـەن و دژیـان دەوەسـتنەوە. بۆیـە عێراقـی زامـدار لـە بارودۆخێکـی نائاسـاییدا دەژی، هـەر ئەمـەش پاڵـی بـە ڕۆڵەکانیـەوە نـا کـە هەوڵـی گۆڕینـی ئـەم واقیعـە کارەساتئامێزە بـدەن و لـەو پێنـاوەدا شـێوازی جۆراوجـۆری خەبـات بگرنەبـەر، کاریگەرتریـن شـێوازەکانی خەباتیـش بـۆ سـەر ڕژێمـی فاشـی، ئـەو ڕێکخـراوە سیاسـیانەن کـە کەوتوونەتـە خەباتێکـی تونـد و تـاڵ و پێشکەشـکردنی قوربانـی گـەورە لـە پێنـاوی هێنانـەدی خواسـتەکانی جەمـاوەر. لـە بەرامبـەردا ڕژێـم چەندیـن دامـودەزگای جۆراوجـۆری وەك ئاسـایش و هەواڵگـری و ژمارەیەکـی لەبـن نەهاتـووی بەکرێگیراوانـی خـۆی بـۆ چاودێریکـردن و ڕاوەدوونانـی خەباتـکاران خسـتوونەتە کار و ئـەوان لـە دەسـتگیرکردنی خەڵکـدا پشـت بـە هیـچ یاسـا و شـەریعەتێك نابەسـتن، بەمـەش ڕۆڵەکانـی گەلەکەمـان بەبـێ دادگاییکـردن دەخزێنرێنـە بەندیخانـەکان و لەسـەر دەسـتی جـەلادە عەفلەقیـەکان و لـە ڕێگـەی تازەتریـن ئامێـرەوە ڕووبـەڕووی دڕندەتریـن جۆرەکانـی ئەشـکەنجەدان دەبنـەوە. سـەرباری ئەمـە، لـەم بەندیخانانـەدا تەنانـەت ئاساییترین مەرجـە تەندروسـتیەکانیش بـەدی ناکرێـن و ئەمـە هەمـووی لـە دژی ئـەو بەندکراوانـە ئەنجـام دەدرێ کـە جگـە لـە داواکردنـی ئاسـاییترین مافەکانیـان و دژایەتیکردنـی ڕژێمـی فاشـی و هەڵسـوکەوتە دڕندانەکانـی، هیـچ تاوانێکیـان ئەنجـام نـەداوە.

مـاوە مـاوە، هێزەکانـی ئۆپۆزسـیۆنی عێـراق  و ڕێکخـراوە جەماوەریـەکان و پارتـە عێراق یـەکان یاداشـتنامەی نازایـی سـەبارەت بـە پێشـێلکردنی یاسـا و ڕێسـا نێودەوڵەتیـەکان لەلایـەن ڕژێمـی عێراقـەوە ئاراسـتەی دەسـتەی نەتـەوە یەکگرتـوەکان و ڕێکخـراوی مافەکانـی مـرۆڤ و لێبوردنـی نێودەوڵەتـی دەکـەن. ئێمـە لـە خاکـی ئـەو کۆنفرانسـەدا کـە لـە ناوچـە ئازادەکانی کوردسـتان سـاز دەکـرێ، سـڵاو ئاراسـتەی بەندکراوانـی سیاسـی و ئەوانـی تریـش دەکەیـن کـە بەندیخانەکانـی ڕژێـم سـووربوون و خۆڕاگریـی زیاتریـان پـێ دەبەخشـێ. سـڵاو لەوانـەی تەنیـا بەهـۆی بەرگریکـردن لـە کەرامـەت و ئازادییـەوە خزێنراونەتـە بەندیخانـەکان، سـڵاو لـە خۆڕاگریـی و قارەمانێتیـان، پەیـمان بـێ تـا دوا

هەناسە لە رێچکەکەتان لانەدەین.

**رەتکردنەوە و پرۆتستۆکردن:**

دەستدرێژیەکانی ڕژێمی جۆنتا لە تورکیا بۆ سەر خاکی پیرۆزمان بە توندی رەت دەکەینەوە و داوای وەستاندنیان دەکەین، لە هەمان کاتدا سوپاسی حکومەتی ئێران و لیبیا دەکەین کە راشکاوانە و بە فەرمی هەڵوێستی دروستی خۆیان بۆ پشتگیریکردنی گەلەکەمان راگەیاند،هاوکات سوپاسی هەموو ئەوانەش دەکەین کە بە رووی دەستدرێژیکردن بۆ سەر خاکەکەمان وەستانەوە و پشتگیریان لە کێشەی ڕەوای گەلەکەمان کرد.

ئەو شۆڕشەی لە کوردستان بەرپا کراوە و رۆڵەکانی عێراق بە گشتی و رۆڵەکانی کوردستان بە تایبەتی بەشدارن تیایدا، چەندین هەنگاوی گەورەی بەرەو پێشەوە بریوە و لە هێنانەدی ئامانجی شۆڕش نزیك بۆتەوە، بەهۆی ئەو قوربانیە گەورانەی پێشکەش کراون، توانراوە رووبەری بەرفراوان لە خاکی کوردستان لە عەفلەقیە فاشیەکان پاك بکرێتەوە و رۆژ دوای رۆژ گوشار لەسەر ڕژێمی فاشی توندتر دەبێ و هەست بە نزیکبوونەوەی ماوەی رووخان و لەناوچوونی دەکات، بۆیە خەریکە پەنا دەباتە بەر داواکردنی یارمەتی لە لایەنگرە فاشیست و رەگەزپەرستەکانی.

ڕژێمی تورکیا کە ئەندامی پەیمانی باکوری ئەتلەسیە، چاوی لەسەر ویلایەتی موسڵە، هەروەها ترسی لە هەموو پێشکەوتنێك هەیە کە لەلایەن بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد لە عێراق بهێنرێتە دی، بەو پێیەی کاریگەری پۆزەتیڤی بۆ سەر بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستانی تورکیا دەبێ، هەروەها کاریگەریی نێگەتیڤیشی بۆ سەر بەرژەوەندیەکانی ئیمپریالیزم دەبێ لە ناوچەکە.

ڕژێمی سەدام کەوتۆتە نێو تەنگژەیەکی مەترسیدار و ناتوانێ خۆی لێ رزگار بکات، بۆیە پێی وایە باشترین ڕژێم بۆ ئەوەی یارمەتی و کۆمەکی پێشکەش بکات ڕژێمی تورکیایە و لەو پێناوەدا هەردوولا چەند رێککەوتنێکیان واژۆ کرد و بە هۆیانەوە رێگە بە هێزەکانی هەردووك وڵات دەدرێ بۆ ماوەی ٣٠ کیلۆمەتر بە مەبەستی راوەدوونانی شۆڕشگێران سنووره نێودەوڵەتیەکانی یەکتر ببەزێنن، هەر بە گوێرەی هەمان ئەو رێککەوتنانەوە، لە ساڵانی ١٩٨٣ و ١٩٨٦ هێزە زەمینی و

ئاسـمانیەکانی تورکیـا حورمەتـی خـاك و ئاسـمانی کوردسـتانی پیرۆزیـان پێشـێل کـرد و دەسـتدرێژیان کـردە سـەر هاوڵاتیانـی بێتـاوان و لـە بەرامبـەردا ڕژێمـی بەغـدا کە بانگەشـە بـۆ بەرگریکـردن لـە سـەروەریی نیشـتمانی دەکات،دەستەوەسـتان مایـەوە، بەڵکـو یارمەتـی ڕژێمـی تورکیاشـی دا وەك ئـەوەی کوردسـتان بەشـێك نەبـێ لـە خاکـی عێراقـی خۆشەویسـت. ئێمـە لـە خاکـی کۆنفرانسـەوە بەنـاوی قوتابیـان و لاوانـی کوردسـتانەوە نازایـی تونـدی خۆمـان بەرامبـەر دەسـتدرێژیەکانی تورکیـا بـۆ سـەر خاکـی پیرۆزمـان دەردەبڕیـن و لـە بەردەوامبـوون لەسـەر ئـەم ئامانجـە ئـاگاداری دەکەینـەوە و سوپاسـی بـێ سـنوورمان ئاراسـتەی هـەردووك حکومەتـی ئێـران و لیبیـا دەکەیـن کـە راشـکاوانە و بـە فەرمـی پشـتگیری خۆیـان بـۆ گەلەکەمـان راگەیانـد، بێگومـان ئەمـە مانـای وایـە کـە شـۆڕش بۆتـە خاوەنـی مینبـەری بـەرز و پشـتگیریی جیهـان.

بژی یەکگرتوویی گەلان لە دژی دکتاتۆریەت و فاشیزم.

**سیاسـەتە شـۆڤێنی و رەگەزپەرسـتیەکانی ڕژێـم لـە راگواسـتن و تەبعیـس و تەعریـب و وێرانکردنـی کوردسـتان و شـوێنبزرکردنی (٨٠٠٠) کـوردی بارزانـی بـە تونـدی رەت دەکەینـەوە**

لەوەتـەی لـە ١٧ی تەمـوزی ١٩٦٨ەوە لـە ڕێگـەی کودەتـاوە ڕژێمـی عێـراق دەسـەڵاتی گرتۆتـە دەسـت، ئـەم ڕژێمـە کەوتۆتـە کوشـتن و تۆقاندنـی گەلـی عێـراق بـە گشـتی و گەلـی کوردمـان بـە تایبەتـی. هەرچەندیـش مـاوەی دەسـەڵاتی دکتاتـۆری درێـژە بکێشـێ، زیاتـر پەنـا دەباتـە بـەر ئەنجامدانـی تاوانـکاری. لەوەتـەی لەلایـەن ئیمپریالیزمـی جیهانیـەوە هـان دراوە کـە شـەڕ لـە دژی شۆڕشـی گەلانـی ئێـران بەرپـا بـکات، ڕژێـم زیاتـر پەنـای بردۆتـە بـەر پیادەکردنـی سیاسـەتە تاوانکاریەکانـی، بۆیـە هـەزاران لاو و قوتابـی خزاندۆتـە نێـو ئـەو شـەی کـە تـا ئێسـتا گـڕی لـێ هەڵدەسـتێ. بـە درێژایـی مـاوەی شـە دۆڕاوەکەشـی، ڕژێـم بـە بەردەوامـی بـەدوای بڕوبیانـووی جۆراوجـۆردا گـەڕاوە بـۆ ئـەوەی لـە ڕێگەیانـەوە شکسـتە یـەك لەدوایەکەکانـی لـە بەرەکانـی شـەڕ پـێ رووپـۆش بـکات.

ڕژێـم بـە گرتنەبـەری شـێوازە شـۆڤێنی و رەگەزپەرسـتیەکانی وەك راگواسـتن و تەبعیـس و تەعریـب و چۆلکردنـی کوردسـتان لـە دانیشـتوانی نەوەسـتا، بەڵکـو پەنـای بـردە بـەر چەندیـن شـێوازی دیکـەی تایبـەت بـە جینۆسـایدکردنی رۆڵەکانـی کوردسـتان. لـە هاوینـی

ساڵی ١٩٨٣ەوە تا ئێستا هیچ شتێك دەربارەی چارەنووسی (٨٠٠٠) كوردی بارزانی نازانرێ كە پێشتر كۆمەڵگا زۆرەملێكانیان لە قوشتەپە و هەریر و بەحركە دەورە درابوون و بە سیفەتی دیلی جەنگ دەستگیر كرابوون و لە لایەن ڕژێمەوە بە شەقامەكانی بەغدا و چەند شارێكی دیكەدا سووڕێنرابوونەوە و تا ئێستاش ڕژێم سوورە لەسەر شاردنەوەی چارەنووسیان. ئێمە لە خاكی كۆنفرانسەوە ئەم تاوانە دندەیە ڕەت دەكەینەوە و داوا دەكەین بە هاوكاری لەگەڵ هێزە نیشتمانی ە بەرهەڵستكارەكانی ڕژێم و رای گشتی جیهان و ویژدانی مرۆڤایەتی گوشار بخەنە سەر ڕژێمی بەغدا بۆ ئەوەی چارەنووسی (٨٠٠٠) كوردی بارزانی ئاشكرا بكرێ.

هەنگاوە خوێناویەكەی ڕژێمی بەغدا و سەپاندنی جەنگێكی دوژمنكارانە بەسەر گەلانی عێراق و ئێران و ڕەوانەكردنی قوتابیان و لاوان و مامۆستایان بۆ بەرەكانی شەڕ و لەسێدارەدانە بەكۆمەڵەكان ڕەت دەكەینەوە.

لە سەرەتای وەرگرتنی دەسەڵات، ڕژێمی عێراق پەنای بردە بەر چەند شێوازێك كە بۆنی پێشكەوتووخوازییان لێ دەهات، ئەو ویستی بەم هەنگاوە سەرەتا گومان لەخۆی دوور بخاتەوە و دواتر بنەماكانی ڕژێمەكەی دابكوتێ. ئینجا ڕۆژ دوای ڕۆژ فرتوفێڵەكانی ڕژێم و ئاستی پەیوەندیی لەگەڵ ئیمپریالیزمی ئەمەریكا ئاشكرا بوون. شۆڕشی گەلانی ئێران لە ڕێگەی گۆڕبەگۆڕكردنی ڕژێمی شاهەنشاوە گەورەترین كۆڵەگەی ئیمپریالیزمی ناوچەكەی داڕماند، بێگومان ئەم شۆڕشە زەبرێكی بەهێز بوو بەر ئیمپریالیزم كەوت و دەنگێكی گەورە و بەرفراوانی بەدوای خۆیدا هێنا و متمانەی بە گەلانی چەوساوە بەخشیەوە و پێی ڕاگەیاندن كە ویستی گەلان لە پلان و پیلانی دوژمنان بەهێزترە. لەو كاتەوە ئیمپریالیزم دەستی بە جولاندنەوەی بەكرێگیراوانی كرد لە ناوچەكە بۆ ئەوەی لە سەرەتاوە زەبر لە شۆڕشی گەلانی ئێران بوەشێنن و ڕژێمی عێراقی بە گونجاوترین ڕژێم زانی كە لە توانایدا هەبێ ڕۆڵێكی لەم جۆرە ببینێ. ئەوەبوو ڕژێم شەڕی لە دژی ئێران ڕاگەیاند و بانگەشەی ئەوەی كرد كە سەروەریی نیشتمانی ڕووبەڕووی مەترسی بۆتەوە. ئێستاش ئەم جەڕەنگە پێی ناوەتە نێو ساڵی حەوتەمیەوە و تا ئێستا هیچ ڕێگەچارەیەك بەدی ناكرێ، لە بەرامبەر درێژەكێشانی شەكەشدا جگە

لــە زیانەکانــی تر،ڕژێــم هەســتی بــە کەمبوونــەوەی مرۆیــی کــرد، بۆیــە ناچــار بــوو روو بکاتــە بــازاڕی قوتابیــان و لاوان و مامۆســتایان و وەك پێشــەکیەك بــۆ ناردنیــان بــۆ بەرەکانــی شــەڕی قادسیە، ئەوانــی لــە گۆپانەکانــی مەشــق و ڕاهێنــان کۆکــردەوە و پەتــی سێدارەشــی بــۆ ئەوانــە ئامــادە کــرد کــە خوازیــاری جێبەجێکردنــی ئــەم هەنــگاوەی ڕژێــم نەبــوون. بــە گوێــرەی عورفەکانــی ڕژێــم، پێویســت بــوو هەمــوو شــتێك بخرێتــە خزمەتــی خــۆی و پاراســتنی کورســی ئــەم دەســەڵاتە لەرزۆکــە. ئێمــەی نوێنەرانــی قوتابیــان و لاوان، نازایــی خۆمــان بەرامبــەر بــەم جەڕەنگــە ناوایــە دەردەبڕیــن کــە ڕژێمــی ســەدام لــە بــری ئیمپریالیزمــەوە بەســەر گەلانــی عێــراق و ئێرانیــدا ســەپاندووە و داواش دەکەیــن بــە هــاوکاری لەگــەڵ پــارت و هێــزە عێــراق یــە بەرهەڵســتکارەکانی تــر ئــەم ڕژێمــە بڕووخێــنرێ، چونکــە ئەمــە تاکــە ڕێگایــە بــۆ کۆتاییهێنــان بــە شــەڕ و شــادبوون بــە سیســتمێکی دیموکراســی دادوەرانــە، بــۆ ئــەوەی ئاشــتەوایی بــۆ هــەردوو وڵاتــی دراوســێ بگەڕێتــەوە.

**ڕەتکردنــەوەی سیاســەتی شــۆڤێنیانەی ڕژێــم ســەبارەت بــە دژایەتیکردنــی زمــان و ئەدەبــی کــوردی و داخســتنی دەرگای قوتابخانــەکان لــە کوردســتان و هەڵوەشــاندنەوەی کــۆڕی زانیــاری کــوردی و گواســتنەوەی زانکــۆی ســلێمانی**

لــە شۆڕشــی ئەیلــوول، ڕۆڵەکانــی کوردســتان ملیــان دایــە بــەر خەباتێکــی قــورس و تــاڵ و لــە ســاڵی ١٩٧٠دا ڕژێمیــان ناچــار کــرد بەیاننامــەی مێژوویــی ئــادار رابگەیەنــێ، لــە مــاوەی نێــوان ســاڵانی ١٩٧٠-١٩٧٤یشــدا ناوچــەی کوردســتان لــە هەمــوو بوارەکانــەوە پێشــکەوتنی بەخۆیــەوە دیــت، ژمــارەی قوتابخانــەکان زیــادی کــرد و خوێنــدن کــرا بــە زمانــی کــوردی و زانکــۆی ســلێمانی دامــەزرا و بــوو بــە ســەرچاوەیەکی ڕووناکــی هزریــی و نووســەر و زانایــان پشــتگیری و هاندانیــان لەلایــەن شۆڕشــەوە بــێ بەخــشرا، کــۆڕی زانیــاری کــورد ڕۆڵــی چالاکانــەی خــۆی گێــڕا. بــە کورتــی، شــۆڕش بــە نیــازی بەرپاکردنــی شۆڕشــێکی ڕۆشــنبیری بــوو لەنێــو میللەتــدا. دوای نسکۆی ١٩٧٥، ڕژێــم لــە بڕیارەکانــی پەشــیمان بــووەوە و هەمــووی لــە ڕەگــەوە هەڵکێشــان، ئەوەبــوو خوێنــدن بــە زمانــی کــوردی قەدەغــە کــرا و دەرگای چەندیــن قوتابخانــە داخــران و زانکــۆی ســلێمانی گوێزرایــەوە و کــۆڕی زانیــاری کــورد نەهێڵــرا، هەروەهــا ڕژێــم چەندیــن سیاســەتی شــۆڤێنی دیکــەی هاوشــێوەی پیــادە کــرد.

ڕژێمی بەغدا درکی بەوە کرد کە بڵاوبوونەوەی زانست و زانیاری لە نێوان جەماوەر مانای وایە بەهێزترین چەکی پێ دەبەخشرێ، واتە پێچەوانەی ئەوەی کە خۆی دەیویست، ئەو دەیخواست میللەت بە دواکەوتوویی و نەخوێندەوار و بەش بەش بمێنێتەوە و گیانی ئینتیما و دەستپێشخەریی تیادا نەهێڵێ، بۆ ئەوەی بتوانێ بە ئاسانی کۆنترۆلی بکات و رووی بکاتە ئەو ئاراستەیەی کە خۆی مەبەستیەتی. ئێمە لە خاکی کۆنفرانسەوە ئەم سیاسەتە شۆڤێنیەی ڕژێم رەت دەکەینەوە، هاوکات رایدەگەیەنین کە دوژمنانی گەلی کورد لەمەوبەر چانسی خۆیان بۆ لەناوبردنی زمانی کوردی و دوورخستنەوەی تاکی کورد لە خاکی باوك و باپیرانی تاقی کردۆتەوە، بەڵام هەوڵەکانیان بە با چوون. با دوژمنان بزانن هەتا کورد و کوردستان ماون، قوتابخانەی شۆڕش و زمان و ئەدەب و کلتوری کوردی دەمێنن.

**موساوەمەکردنی بەردەوامی ڕژێمی فاشی و دکتاتۆری سەبارەت بە سەروەریی نیشتمان و لە پێناوی پاراستنی بەرژەوەندیە تایبەتەکانی خۆی شەرمەزار دەکەین و داوای رووخاندنی دەکەین**

ڕژێمی عەفلەقی فاشی شەو و رۆژ بە شان و باڵی سەروەریی نیشتمانی و سەربەخۆییدا هەڵدەڵێ، بەڵام ئاخۆ ئەم ڕژێمە لە پێناوی پاراستنی نیشتمان و میللەت چی کردووە، تا ئێستا دەنگی رێککەوتننامە خیانەتکاریەکەی جەزائیر بە گوێماندا دەزرنگێتەوە کە سەدام لەسەر بڕیاری ئیمپریالیزم لەگەڵ شای گۆڕبەگۆڕ مۆری کرد،کاتێك لە پێناوی لەناوبردن و کوژاندنەوەی ئاگری شۆڕشی گەلی کورد و داواکاریە ڕەواکانیدا دەستبەرداری چەند بەشێکی گەورەی خاك و ئاوی عێراق بوو بۆ ڕژێمی شا، ئەمڕۆش لە باشوور بۆ میرەکانی کەنداو دەستبەرداری ئەو خاکە دەبێ کە بە ناوچەی بێلایەن ناو دەبرێ، وەك ئەوەی ئەم خاکە لە بنەتدا موڵکی باوکی بێ و بە خواستی خۆی بە خەڵکی دەبەخشێ، هەمان ئەو بەزمە لە سنوورەکانی ئوردن و سعودیەش درێژەی هەیە و هەموو ئەوەی روودەدات بە گوێرەی عورفی ڕژێم مساوەمەکردن نیە. ئێستا بۆ هەموو لایەك ئاشکرا بووە کە عێراق  تا چەند پابەندە بە رەووەی ئیمپریالیزم و ڕژێمە دواکەوتوەکانی ناوچەکە. سوپا لە بابەتە چارەنووسسازەکان دوور دەخاتەوە و سامانەکانی وڵات دەخاتە خزمەتی دوژمنانی گەل و رۆڵەکانی عێراق  کە بە دەستی هەڵسوکەوتە فاشستیەکانی ڕژێم

دەناڵێنن و بیانیەكان بە خواستی خۆیان لە خاكی رافیدەین دێن و دەڕۆن. ڕژێمی ئێستای عێراق لە هەموو ڕژێمەكانی تر زیاتر یاری بە سەروەری و سەربەخۆیی و سامانەكانی وڵات كردووە، ئێمە لەو كاتەی مساوەمەكردنە بەردەوامەكانی ڕژێمی فاشی لەسەر سەروەریی نیشتمان شەرمەزار دەكەین، داوای چڕكردنەوەی تواناكان و ڕێكخستنی ریزەكان دەكەین لە پێناوی پەلەكردن لە رووخاندنی ڕژێم، بۆ ئەوەی جارێكی دیكە عێراق بگەڕێتەوە دۆخی سروشتی خۆی و وڵات لە رووی ئابووری و سەربازی و سیاسیەوە ئازاد بكرێ و تواناكانی بخرێنە خزمەتی خۆشگوزەرانی و دڵخۆشكردنی رۆڵەكانی میللەت.

**پشتگیریی:**

**پشتگیریی لە خەباتی هەموو قوتابیانی عێراق دەكەین لە پێناوی دەستەبەركردنی مافە پیشەیی و زانستی و دیموكراسیەكانیان**

بەو پێیەی قوتابیان چینی هۆشیار و رۆشنبیری جەماوەرن، ئاگادار و گوێبیستی هەموو رووداو و پێشهاتەكانی جیهان دەبن و دەزانن كە هەمیشە مەسەلەكان لە بەرژەوەندی گەلاندا دەمێننەوە، بۆیە لە كاتی بەرپابوونی ململانێ لەگەڵ ڕژێمە فاشی و دكتاتۆریەكاندا ئەم توێژە بە بەردەوامی لە بەرەی میللەتدا دەمێنێتەوە، چونكە ئەم جۆرە ڕژێمانە هەمیشە هەوڵ دەدەن گەلان بە نەخوێندەواریی و دواكەوتوویی و دوورەپەرێز لە جیهان و پێشهاتەكان بمێننەوە و ببن بە داردەستێك بۆ هێنانەدی ئامانج و مەبەستەكانیان.

ڕژێمی ئێستای عێراق دوژمنی زانست مەعریفەیە و نەیویستوە زیادبوونی هەژموونی ئەم توێژە ببینێ، بۆیە دەرگای سەدان قوتابخانەی داخست و ژمارەیەكی زۆری قوتابیانیشی لە خوێندن بێبەش كرد و لە رێگای دەستە رەشەكانیەوە پرۆگرامەكانی خوێندنی شێواند و یەكێتی نیشتمانی داهێنا و قوتابیانی لە مافی هەڵبژاردنی نوێنەرە شەرعیەكانیان بێبەش كرد. ڕژێم بەوەش نەوەستا و چەندین فەوجی قوتابیان و لاوان و مامۆستایانی لە گۆپانەكانی مەشق و راهێنان كۆ كردەوە و زۆری دیكەشی ڕەوانەی بەرەكانی شەڕ و بەندیخانەكان و بەردەم پەتی سێدارە كرد، بەمەش ئاستی خوێندن لە عێراق رووی لە دابەزین كرد و پیرۆزی و ئازادیی خۆی لەدەست دا.

**قوتابیانـــی چاوەترســـی عێــراق بـــەوە نـــاسراون کـــە لەکاتـــی تەنگـــژەدا رادەپـــەڕن و بوێرانـــە بەرگریـــی لـــە جەمـــاوەر دەکـــەن، دەبـــێ بـــارودۆخ چـــۆن بـــێ کاتێـــك بەرژەوەندیـــان دەکەوێتـــە ژێـــر مەترســـی؟**

بێگومـان ئـەوان ملکەچـی رێوشـوێن و بڕیـارە نابەجێـکان نەبـوون، بەڵکـو بەروەڕوویان وەسـتانەوە و کەوتنـە خەبـات لـە پێنـاوی وەدەسـتهێنانی مافەکانیـان و دژایەتـی خۆیـان بـۆ چوونـە ریـزی سـوپای نامیللـی دەربڕی و رازی نەبـوون روو بکەنـە گۆپانەکانـی مەشـق و شـەڕکردن، بەڵکـو هەندێـك جـار وەك رەتکردنەوەیـەك بـۆ سیاسـەت و رێوشـوێنەکانی دوژمــن خۆپیشــاندانیان ئەنجــام دا. ئــەوەی مایــەی شــانازی و رێــزە، هەندێــك لــەو قوتابیانــەی بەهــۆی هەڵمەتەکانــی دەســتگیرکردن و راوەدوونانــەوە ناچــار بووبــوون ریزەکانـی خوێنـدن بەجـێ بێڵـن، پەیوەندیـان بـە شۆڕشـی عێراقیـەوە کـرد و ماوەیـەك ئەرکـی وروژاندنـی جەمـاوەر و هۆشـیارکردنەوەیان دەگرتـە ئەسـتۆ و ماوەیەکیـش چەکیان لـە شـان دەکـرد بـۆ ئـەوەی لەگـەڵ لایەنەکانـی تـری نـاو (جـود)ی خەباتـکار بکەونـە خەبـات لەپێنـاوی رووخاندنـی ڕژێمـی عەفلەقـی و شـادبوون بـە حکومەتێکی دیموکراسـی بـۆ عێـراق و ئۆتۆنۆمـی ڕاسـتەقینە بـۆ کوردسـتان. ئێمـە لـە خاکـی کۆنفرانسـی هاوبەشـی هـەردووك یەکێتـی قوتابیـان و لاوانـی کوردسـتان-عێراقەوە، پشـتیوانی تـەواوی خۆمـان بـۆ خەباتـی قوتابیانـی عێـراق دەردەبڕیـن لـە پێنـاوی هێنانـەدی مافـە پیشـەیی و زانسـتی و دیموکراسـیەکانیان.

**بەرەو هێنانەدی یەکگرتوویی جەماوەری و توندکردنی خەبات لە پێناوی رووخاندنی ڕژێم.**

**پشتگیریی لە خەباتی هەموو قوتابیان و لاوانی کوردستان و دەرەوەی کوردستان دەکەین لە پێناوی هێنانەدی ئامانجە ڕەواکانیان**

خەباتـــی قوتابیـــان و لاوان لـــە نـــاوەوە و دەرەوەی کوردســـتان خەباتێکـــی دووردرێژە،قوتابیـان بـە هەسـتی نـەرم و هۆشـیاریانەوە بـەر لـە خەڵکانـی تـر روویـان لـە کـۆڕی خەبـات دەکـرد، بـە تایبەتیـش لەبـەر ئـەوەی ئـەوان خاوەنـی خواسـتی تازەگـەری بـوون، بۆیـە لـەو ڕوانگەیـەوە کـە هەڵگـری بەرپرسـیارێتیەکی گرانـن، بۆیـە دەبـێ لـە پـاڵ گەلـی عێـراق روو بکەنـە گۆپانەکانـی خەباتـی سـەربازی و سیاسـی و میدیایـی، بـۆ ئـەوەی مافـە ڕەواکانیـان وەدەسـت بێنـن، کـە بەشـێکن لـە مافـە

دیموکراسیەکان بۆ گەلی عێراق ، یان خۆپیشاندان و ڕاپەڕین بەرپا بکەن لە دژی ڕژێمە دکتاتۆری و فاشیەکان و بڕیارە نابەجێکانیان ڕەت بکەنەوە.

ڕژێمی ئێستا لە هەموو ڕژێمەکانی دیکەی عێراق زیاتر دەستی بۆ مافەکان بردووە و پشتگوێی خستوون، لە نێویاندا مافەکانی قوتابیان و لاوان، ئەوەبوو دەرگای چەندین قوتابخانەی داخست و پرۆگرامەکانی خوێندنی شێواند و بایەخی ئەوتۆی بە نمرە نەدا و دژایەتی ئازادیەکانی کرد و بە مەبەستی راوەدوونانی قوتابیە نیشتمانپەروەرەکان ڕێکخراوی تایبەتی پێکهێنا، ئەمە وێڕای جیاکاری ڕەگەزپەرستی و شۆڤێنی و ناردنی چەندین گرووپی قوتابیان و لاوان بۆ بەرەکانی شەڕی قادسیە بەبێ ڕەچاوکردنی تەمەنیان و گرتنەبەری چەندین شێوازی دیکەی شەڕانگێزانە. لە ئەنجامدا و لە ترسی توندوتیژیی و سیاسەتەکانی ڕژێمی تاوانبار، هەزاران قوتابی و لاو ڕوویان کردە ناوچە ئازادکراوەکانی کوردستانی عێراق، بۆ ئەوەی شانبەشانی هێز و پارتە بەرهەڵستکارەکانی دیکەی عێراقی درێژە بە خەبات بدەن و هەندێکی دیکەشیان لە شوێنەکانی خۆیان مانەوە و ڕووبەڕووی دەسەڵات بوونەوە داستانی بەرگریی و قوربانیدان تۆمار دەکەن، بەم جۆرە قوتابیان بوونە خاوەنی پێگەیەکی دیار لە نێو جەماوەری عێراق. خەباتی قوتابیان و لاوان لەم چوارچێوەیە نەوەستا، بەڵکو هەندێکیان خۆیان گەیاندە وڵاتانی دیکە و لەوێوە ئەرکەکانی سەر شانیان رادەپەڕێنن لە پێناوی ناساندنی کێشەی میللەتەکەیان بە جیهان و هەوڵدان بۆ شەرمەزارکردنی ڕژێم لە بەرامبەر رای گشتی جیهان. ئێمەی نوێنەرانی قوتابیان و لاوان، پشتگیریی لە خەباتی هەموو قوتابیان و لاوانی کوردستان و دەرەوەی کوردستان دەکەین لە پێناوی هێنانەدی ئامانجە ڕەواکانیان.

**پشتگیریی لە خەباتی تەواوی قوتابیان و لاوانی عەرەب دەکەین (بە تایبەتی فەلەستینیەکان)، لە دژی ئیمپریالیزم و زایۆنیزم و دواکەوتوویی**

لە یەکێك لە بارەگاکانی شۆڕشی ٢٦ی ئایاری نیشتمانی پێشکەوتووخواز، ئێمەی نوێنەرانی هەردووك یەکێتی، یەکێتی قوتابیانی کوردستان-عێراق و یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان-عێراق، بە مەبەستی تاوتوێکردن و شرۆڤەکردنی بارودۆخی هەنووکەیی کوردستان و عێراق و ناوچەکە و جیهان و ئەو ئەرکانەی لە ئەستۆی

قوتابیـان و لاوانمـان دان، هەروەهـا بـە مەبەسـتی بڕیـاردان سـەبارەت بـە شـێوازێکی کاری تـازە کـە ببێتـە مایـەی یەکخسـتنی هێـز و توانـا و خەباتـی هـەردووك یەکێتیەکەمـان لـە پێنـاوی پەلەکـردن لـە رووخاندنـی ڕژێمـی سـەدام حوسـێنی تاوانبـار، کۆنفرانسـێکی هاوبـەش سـاز دەکەیـن، ئـەو ڕژێمـەی جگـە لـە ماڵوێرانـی و وێرانـکاری هیچـی تـری بـۆ رۆڵەکانـی گەلەکەمـان نەکـردووە و لـە جیاتـی ئیمپریالیـزم شـەڕی لـە دژی ئێرانی دراوسـێ بەرپـا کـرد، شـەڕێك کـە پێـی ناوەتـە نێـو حەوتەمیـن سـاڵیەوە کەچـی تـا ئێسـتا هیـچ ڕێگەچارەیـەك لـە ئاسـۆی نزیـك و دووردا بـەدی ناکـرێ. ئـەو شـەی رۆژانـە سـەدان کـەس لـە رۆڵەکانـی عێـراق هەڵدەلووشـێ، هەتـا گەیشـتە رادەی ناچاربوونـی ڕژێـم بـۆ ناردنـی قوتابیـان و لاوانمـان وەك مـەڕ بـەرەو قەسـابخانەکان و ئابـووری وڵاتیشـی لـە داڕمانـی تـەواو نزیـك کـردەوە و بـە بـازاڕی سـەرمایەداریەوە گرێـی داوە، هەمـوو ئەمـە لەبـەر هیـچ نـا، تەنیـا لـە پێنـاوی تێرکردنـی ئارەزوەکانـی سـەدامی تاوانبـار و ئاغـا ئیمپریالیەکانی. بـارودۆخ لـە کوردسـتان ناخۆشـتر و تاڵـترە، سیاسـەتی تەعریـب و تەبعیـس و راگواسـتن و راوەدوونـان و لـە سـێدارەدان درێـژەی هەیـە، ئـەم بارودۆخـە لـە هەموومـان دەخـوازێ خەبـات و ریزەکانمـان یـەك بخەیـن بـۆ ئـەوەی بـواری بەرپاکردنـی شۆڕشـێکی بنەڕەتیـمان بـۆ بخسـێ لـە عێـراق. لـە ڕوانگـەی پرۆگرامـی پێشـکەوتووخواز و جێگیرمانـەوە، بـە هەمـوو توانایـەك پشـتگیری خۆمـان بـۆ قوتابیـان و لاوانـی هەمـوو عـەرەب دووپـات دەکەینـەوە، بـە تایبەتـی فەلەسـتینیەکان، لـە خەباتـی ڕەوایـان دژی ڕژێمـە دکتاتـۆری و دواکەوتـووەکان و دژی ئیمپریالیـزم و زایۆنیـزم، چ لـە نـاوەوەی خاکـە داگیرکـراوەکان بـێ یـان لـە دەرەوە، کـە تـا رادەیەکـی زۆر هاوشـێوەی بارودۆخـی خەڵـك و قوتابیانـی ئێمەیـە لـە سـایەی ڕژێمـی فاشـی و ڕەگەزپەرسـتی بەغـدا کـە هەڵسـاوە بـە دامەزراندنـی کۆمەڵێـك خێوەتـگای هاوشـێوەی نشـینگە ئیسرائیلیـەکان بـۆ بەکرێگیـراو و پیاوانـی، دوای ئـەوەی خاوەنـە ڕاسـتەقینەکانی ئـەم زەویانـەی وەدەر نـان و پەرتـەوازەی کـردن. لێـرەوە داوای یەکخسـتنی ڕێکخـراوی ئازادیخـوازی فەلەسـتین و وەلانانـی پەرتوبـڵاوی و ناکۆکیـەکان دەکەیـن، بـەو پێیـەی تاکـە نوێنـەری شـەرعی گەلـی فەلەسـتینە، هەروەهـا هەنـگاوە خیانەتکاریەکـەی ڕژێمـی حەسـەنی دووەمـی شـای مەغریـب شـەرمەزار دەکەین لـە کۆبوونـەوە لەگـەڵ پیرێـزی زایۆنـی لەسـەر خاکـی مەغریـب و ئـەو رۆڵـە نابەجێیـەی ڕژێمـە دواکەوتـووە عەرەبیـەکان دەیگێـڕن.

خەباتـی ئێمـە و ئێـوە دوو لقـن و دەڕژێنـە یـەك رووبـارەوە ئەویـش دژایەتیكردنـی ئیمپریالیـزم و زایۆنیـزم و كۆنەپەرسـتیە. ئێمـە لـە خەباتمانـدا بـۆ هێنانـەدی دیموكراسـی بـۆ عێـراق و ئۆتۆنۆمـی ڕاسـتەقینە بـۆ كوردسـتان تێدەكۆشـین، دوای رووخاندنـی ڕژێمـی سـەدامی فاشـی، بـۆ ئـەوەی عێـراق بگەڕێتـەوە پێگـەی سرووشـتی خـۆی، وەك خزمەتكردنێـك بـە بزووتنـەوە رزگاریخـوازەكان لـە نیشـتمانی عـەرەب، لـە نێویاندا كێشـەی فەلەسـتین و سیسـتمە عەرەبیـە پێشـكەوتووخوازەكان، خەباتـی ئێـوەش خزمەتـی زۆر بـە ئێمـە دەگەیەنـێ، ئەگـەر خەباتـی گەلـی فەلەسـتین نەبوایـە زایۆنیـەكان بـە ئامانجەكەیـان دەگەیشـتن و دەوڵەتەكـەی خۆیـان دادەمەزرانـد كـە بـە وتـەی خۆیـان لـە نیلـەوە تـا فـورات درێـژ دەبێتـەوە، لـە داهاتووشـدا درێـژە بـە هەوڵەكانمـان دەدەیـن لـە پێنـاوی شكسـتهێنان بـە پـلان و پیلانەكانـی ئیمپریالیـزم و زایۆنیـزم و كۆنەپەرسـتی. بـا پێكـەوە لـە پێنـاوی بەهێزكردنـی برایەتـی عەرەبـی- كـوردی كار بكەیـن.

**پشـتگیری خەباتـی لاوان و قوتابیـان و گەلـی بیابانـی رۆژئـاوا (پۆلیسـاریۆ) دەكەیـن لــە پێنــاوی ئــازادی و رزگاری**

لـە ناوچـە ئازادكراوەكانـی كوردسـتانی عێـراق، هـەردووك یەكێتـی قوتابیـان و لاوانـی دیموكراتـی كوردسـتان-عێراق كۆنفرانسـێكی هاوبەشـیان سـاز كـرد، مەبەسـت لـە دوایـەوە تاوتوێكردنـی بارودۆخـی گشـتی ناوچەكەمـان و جیهـان و بارودۆخـی قوتابیـان و لاوانمـان لـە سـایەی جەنـگ و ماڵوێرانـی ڕژێمـی سـەدام حوسـێنی تاوانبـار و داڕودەسـتەكەی و ئەو ئەركانـەی لـە ئەسـتۆیان دان و داڕشـتنی شـێوازێكی كاری شـیاو لەگـەڵ واقیعـی ئێسـتا و یەكخسـتنی خەبـات و تواناكانمـان، لـە پێنـاوی پەلەكـردن لـە رووخاندنـی ئـەو ڕژێمـەی بۆتـە مایـەی گەندەڵـی و وێرانـكاری و ئـەوەی ئـەم ڕژێمـە بەسـەر عێراقـی زامـداری داهێنـاوە، مەغـۆل و تەتـەرەكان نەیانكـرد.

سـاڵانێكە كوردسـتانی ئەشـكەنجەدراومان لەلایـەن داگیركارانـەوە پیـس كـراوە، ئەوانەی هەوڵـی نەهێشـتنی مۆركـی نەتەوەیـی و هەمـوو شـتێك دەدەن كـە پەیوەندیـی بـە كـورد و كوردسـتانەوە هەیـە، لـەو پێنـاوەدا پشـتی بـە سیاسـەتی تەعریـب و راگواسـتن و تەبعیس و راوەدوونـان و لەسـێدارەدان بەسـتووە و قوتابیـان و لاوانمـان لـە دەرفەتەكانـی رۆشـنبیری و خوێنـدن دوور دەخاتـەوە بەڵكـو لـە پێنـاوی هێنانـەدی ئامانجـە شـەڕخوازەكانیدا وەك

ئامـراز بەکاریـان دێنـێ و ڕەوانـەی بەرەکانـی ئـەو شـەیان دەکات کـە بـە مەبەسـتی جێبەجێکردنـی خواسـتی ئاغـا ئیمپریالیـەکان بەسـەر ئێرانـی دراوسـێدا سـەپاندوویەتی. لێـرەوە، لـەو خاکانـەی بـە خوێنـی پێشـمەرگە قارەمانەکانمـان ئـازاد کـراون، پشـتگیری تـەواوی خۆمـان بـۆ قوتابیـان و لاوان و گەلـی بیابانـی رۆژئـاوا و (پۆلیسـاریۆ)ی رابـەری خەباتکـردن لـە پێنـاوی گەیشـتن بـە ئـازادی و رزگاربوونـی سیاسـی و سـەربازی و ئابـووری لـە هەژموونـی هێـزە کۆنەپەرسـت و ئیمپریالیـەکان رادەگەیەنیـن، ئەمـەش لـە ڕوانگـەی باوەڕبوونمـان بـەوەی کێشـەی گـەلان یـەك کێشـەیە، هەروەهـا رۆڵـی خیانەتکارانـەی ڕژێمـی مەغریـب و حەسـەنی دووەم شـەرمەزار دەکەیـن لـە جێبەجێکردنـی پلانەکانـی ئیمپریالیـزم و داگیرکردنـی خاکـی بیابانـی رۆژئـاوا و کۆبوونـەوە لەگـەڵ پیرێـزی زایۆنـی لەسـەر خاکـی مەغریـب.

ئـەوەی لـە کوردسـتان لەلایـەن داگیرکەرانـەوە پلانـی بـۆ داڕێـژراوە، تـا رادەیەکـی زۆر هاوشـێوەی سیاسـەتەکانیەتی لـە خاکـی بیابانـی رۆژئـاوا. لـە کوردسـتان کۆلۆنیالیـزم سیاسـەتی (فـرّق تسـد)ی پیـادە کـرد، بـۆ ئـەوەی بتوانـێ بـە ئاسانی کۆنترۆلـی ناوچەکـە و سامانەکانی بـکات، بـۆ ئـەم مەبەسـتە کوردسـتانی بـەش بـەش کرد. هـەر ئـەو کۆلۆنیالیزمە لـە کاتـی کشـانەوەدا خاکـی بیابانـی لەبەردەمـی مەغریـب و مۆریتانیـادا واڵا کـرد و بەمـەش گرێکوێرەیەکـی بـێ رێگەچـارەی دروسـت کـرد، بۆیـە خەباتـی هەموومـان بـە پلـەی یەکـەم لـە دژی ئیمپریالیـزم و داردەسـتەکانیەتی، ئەمـەش بێگومـان پێویسـتی بـەوە هەیـە کـە پەیوەندییەکانـی نێوانمـان پتـەو بکەیـن و لـە پێنـاوی نەهێشـتنی چەوساندنەوە و هێنانـەدی یەکسـانی و ئاشـتەوایی و پێشـکەوتنی کۆمەڵایەتیـدا یـەك بگریـن.

**پشـتگیریی لـە خەباتـی گەلانـی ئەمەریـکای لاتیـن دەکەیـن بـە تایبەتـی خەباتـی گەلـی نیکاراگـوا لـە دژی دەسـتدرێژیەکانی ئیمپریالیزمـی ئەمەریکـی و خەباتی گەلانی سـلڤادۆر و چیلـی و وڵاتانـی تـری ناوچەکـە لـە دژی ڕژێمـە دکتاتـۆری و کۆنەپەرسـتەکانیان**

ئێمـەی نوێنەرانـی هـەردووك یەکێتـی قوتابیـان و لاوانـی دیموکراتی کوردسـتانی عێراق، بـە مەبەسـتی تاوتوێکردنـی بارودۆخـی گشـتی لـە کوردسـتان و عێـراق و ناوچەکـە و جیهـان و داڕشـتنی پرۆگرامێکـی گونجـاو لەگـەڵ بارودۆخـە هەنووکەییـەکان و هەڵبژاردنـی سـکرتاریەتێك کـە ئەرکـی پـەروەردە و پێگەیاندنـی شـۆڕشـگێڕانەی قوتابیـان و لاوان بگرێتـە

ئەستۆ، بەو پێیەی ئەوان توێژێكی هۆشیار و رۆشنبیر و نوێخوازن و هەوڵی هێنانەدی گۆڕانكاری لە واقیعی نابەجێی ئێستا دەدەن، كۆنفرانسێكی هاوبەش لەو خاكە ئازادكراوانە ساز دەكەین كە لەلایەن پێشمەرگەی سوپای شۆڕشگێڕی كوردستانەوە پارێزگاریان لێ دەكرێ. ئەم كۆنفرانسە هاوبەشەمان لە كاتێكدا ساز دەكەین كە عێراقی زامدارمان بە گشتی و كوردستانمان بە تایبەت بەدەستی كردەوە نابەجێكانی ڕژێمی عەفلەقی تاوانبارەوە دەناڵێنن، لە لایەك هیچ ڕێگەچارەیەك بۆ شە دۆڕاوەكەی سەدام بەدی ناكرێ، لەولاش سیاسەتی خاكی سووتماك لەسەر خاكی باوك و باپیران درێژەی هەیە، ئەمە وێڕای سیاسەتی تەعریب و راگواستن و تەبعیس و راوەدوونان و لەسێدارەدان، هەموو ئەو وێرانكاریەش دەرەنجامی بڕیارێكی ئیمپریالیزمە بۆ سەدام حوسێنی خزمەتكاریان. لای هەموو گەلانی جیهان ئاشكرایە كە ئیمپریالیزم هەموو هەوڵێكی خستۆتە گەڕ لە پێناوی كۆنترۆڵكردن و سەپاندنی هەژموونی سیاسی و سەربازی و ئابووری بەسەر گەلان و لە پێناوی بنبڕكردنی هەموو هەوڵێكی ئەو گەلانەش كە هەوڵی خۆ رزگاركردن دەدەن، پەنا دەباتە بەر سەرجەم شێوازەكانی تایبەت بە سەركوتكردن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا رۆژ بە رۆژ شەپۆلی رەتكردنەوە و نازایی و بەرگریكردن لە بەرزبوونەوە دایە و مەسەلەكە لە بەرژەوەندی ئەو گەلانەیە كە بە پێشكەوتن و دووركەوتنەوە لە سەرمایەداریی شاد بوون. ئەم شەپۆلە چەندین ناوچەی جیهانی گرتۆتەوە و خەریكە وردە وردە لەو خاڵە نزیك دەبێتەوە كە ئیمپریالیزم لێیەوە سەرچاوە دەگرێ و رۆژ دوای رۆژ لێی توندتر دەكات هەتا لە كۆتاییدا لەناوی دەبات. خەباتی گەلان توانیویەتی ژمارەیەكی زۆر لە كۆڵەگەكانی ئیمپریالیزم لەناو ببات و چەندین ڕژێم رووخێنراون و لەناو چوون، لە راستیدا ئەزموونی گەلان دەریخست كە سەركەوتن هەمیشە بۆ گەلانە. خەباتی گەلانی ئەمەریكای لاتینیش مایەی شانازیی و رێزی هەموو پێشكەوتووخوازانە، نیكاراگوا بە رابەرایەتی ساندینستای پێشەنگ بۆتە قەڵایەك بۆ خۆڕاگریی بە رووی ئەو ئەمەریكایەی بە بەردەوامی هەوڵی لەناوبردنی شۆڕش دەدات لە رێگەی پشتگیریكردن لە یاخیبوان و سەپاندنی ئابلوقەی ئابووری و شێوازی دیكەی بێ ئەنجام. گەلانی سلڤادۆر و چیلی و گەلانی دیكەی ئەمەریكای لاتین هێشتا لە خەباتێكی توند دان لە دژی ڕژێمە دكتاتۆریەكان، شۆڕشگێڕانی سلڤادۆر بە سەركردایەتی بەرەی نیشتمانی، سەركەوتنی

یەکلاکـەرەوە وەدەسـت دێنـن، لـە چیلیـش شـەپۆلێکی مانگرتـن و راپەڕینـی بـەردەوام عەرشـی ڕژێمـی دکتاتـۆری دەهەژێنـێ.

ئێمـەی نوێنەرانـی قوتابیـان و لاوانـی دیموکراتـی کوردسـتانی عێـراق پشـتگیری تەواوی خۆمـان بـۆ خەباتـی گەلانـی ئەمەریـکای لاتیـن رادەگەینـن، ئـەم پشتگیریەشـمان خـۆی لە هەوڵەکانمـان لەگـەڵ لایەنەکانـی دیکـەی نـاو (جـود)دا دەبینێتەوە،لـە پێنـاوی لەناوبردنـی کۆڵەگەیەکـی دیکـەی ئیمپریالیزمـی ئەمەریکـی کـە ڕژێمـی سـەدام حوسـێنی تاوانبـارە، بـۆ ئـەوەی وزە و تواناکانـی عێـراق بخرێنـە خزمەتـی بزووتنـەوە رزگاریخوازەکانـی جیهـان.

**پشـتگیری لـە سـەرجەم قوتابیـان و لاوانـی جیهـان دەکەیـن لـە پێنـاوی یەکگرتـن بـۆ داماڵینـی چـەك و کۆتاییهێنـان بـە پێشـبڕکێی خۆپڕچەککـردن و لـە پێنـاوی ئاشـتەوایی و دیموکراسـی و پێشـکەوتنی کۆمەڵایەتـی، هـەر بـەم بۆنـەوە پشـتیوانی خۆمـان بـۆ بڕیـاری نەتـەوە یەکگرتـوەکان رادەگەینیـن سـەبارەت بـە دیارکردنـی سـاڵی ١٩٨٦ وەك سـاڵی ئاشـتەوایی لـە جیهـان**

لـە باوەشـی چیاکانـی کوردسـتان کـە وەك دایکێکـی دڵسـۆز و بـە مەبەسـتی پاراسـتنمان لـە پرووشـکی بۆمبەکان،خـۆی بەسـەرماندا شـۆڕ کردۆتـەوە و لەژێـر سـێبەری گـەڵای دار و دەرخـت و لـە کەشـوهەوایەکی ئـازادی وادا کـە تەنیـا دەنگـی فڕۆکـە و تەقینـەوە کەشـوهەواکەیان شـێواندووە، ئێمـەی نوێنەرانـی هـەردووك یەکێتـی قوتابیـان و لاوانـی دیموکراتـی کوردسـتانی عێـراق، بـە مەبەسـتی تاوتوێکردنـی بارودۆخـی گشـتی لـە کوردسـتان و عێـراق و جیهـان و داڕشـتنی پرۆگرامێکـی شـیاو لەگـەڵ واقیعـی هەنووکەیـی و ئـەو ئەرکانـەی کەوتوونەتـە ئەسـتۆی قوتابیـان و لاوانمـان وەك مەشـخەڵێکی روونـاك و ئاشـتیخواز و ئازادیخـواز کـە ئەگـەر بـە شـێوازێکی شۆڕشـگێڕانە ئامـادە بکرێن،توانـای خولقاندنـی موعجیزەیـان هەیـە، هەروەهـا بـە مەبەسـتی هەڵبژاردنـی سـکرتاریەتێکی هاوبـەش بـۆ هـەردووك یەکێتـی کـە هەڵبسـتێ بـە ئامـادە و پەروەردەکردنـی قوتابیـان و لاوان بـە شـێوازێکی شۆڕشـگێڕانە و پەلەکـردن لـە رووخاندنـی ڕژێمـی فاشـی بەغـدا و گێڕانـەوەی مافـەکان و زەردەخەنـە بـۆ سـەر لێـوی منداڵانمـان و ئاشـتی بـۆ وڵاتەکەمـان کۆنفرانسـێکی هاوبەشـمان سـاز کـرد.

رۆڵەکانـی کوردسـتان ئاشـتیخوازن و گەرەکیانـە بـە ئاشـتی و یەکسـانی لەگـەڵ گـەل

و نەتەوەكانی تر بژین و رقیان لە شە، چونكە كارەسات و مەینەتی وایان بەخۆوە بینیوە كەم گەل و میللەت بینیویەتی. ئەو شەڕانەش كە ئەنجامی دەدەن شەڕی ڕەوان، ئەگینا ڕژێمی عەفلەقی تاوانبار هەموو شتێكی لەناو دەبرد كە پەیوەندی بە كورد و كوردستانەوە هەبوو .لە ماوەی چەند ساڵێكی كەمدا ڕژێم ناوچە سنووریەكانی لە دانیشتوان چۆل كرد و كۆمەڵگای زۆرەملێی وای بونیاد نا كە هاوشێوەی شوێنی كۆكردنەوەی دیلەكانن و چەندین ناوچەی بەرفراوانیشی تەعریب كرد، ئەمە سەرباری گرتنەبەری سیاسەتی تەبعیس و راوەدوونان و لەسێدارەدان. ئەمڕۆش كەم وڵاتی جیهان هەن رۆڵەكانی كوردستان و عێراق یان تیادا بەدی نەكرێ، ئەوانەی لە ترسی شەرانگێزیی و تاوانەكانی ڕژێمی سەدام حوسێنی تاوانبار و دوژمنی مرۆڤایەتی خۆیان رزگار كردوە. تۆ بلێی ئەگەر رۆڵەكانی كوردستان بەرامبەر هێرشە دڕندانەكانی عەفلەقیەكان بێدەنگیان نواندبوایە، ئایا ئاسەواریان دەما؟ رەتكردنەوەی شەڕی سەدام و دارودەستەكەی لەلایەن رۆڵەكانی كوردستان و راكردن و پەیوەندیكردنیان بە ریزەكانی شۆڕشەوە بەڵگەیەكی دیكەیە بۆ ئەوەی ئەوان ئاشتیخوازن و ناخوازن بەشدار بن لە دەستدرێژیكردن بۆ سەر هیچ كەس و لایەنێك.

لێرەوە دەڵێین لە هەر كوێیەكی ئەم جیهانە دەنگی ئاشتی بزرنگێتەوە، ئێمە بە خۆشحاڵیەوە رووی تێ دەكەین، ئینجا چ لە دەمی خۆپیشاندەرانەوە بێ كە لە شەڕ و شۆڕ و مەینەتیەكانی ماندوو بوون، یان لە مینبەری لووتكەكانی هەردووك وڵاتی گەورەی وەك رووسیا و ئەمەریكا.

پێشبڕكێی خۆپڕچەككردن كە درێژەی هەیە و بەرپاكردنی جەنگی ئەستێرەكان لەلایەن رێگنەوە هەڕەشەیە بۆ سەر نەمان و لەناوچوونی مرۆڤایەتی، بە تایبەتیش لەبەر ئەوەی چەكە عەمباركراوەكان بەشی وێرانكردنی هەموو گیانلەبەرەكانی سەر زەوی و زیاتریش دەكەن. جەماوەری كوردستان بە قوتابیان و لاوانیەوە و بەو پێیەی كەوتوونەتە سەر هێڵی ئەتۆمی، واتە كوردستان دەكەوێتە ناو بازنەی شەڕی ئەتۆمی، ئەمەش مانای وایە كە لەژێر هەڕەشەی وێرانكردن دایە، بۆیە لەم ڕوانگەیەوە پشتگیری تەواوی خۆمان بۆ ئەو هەوڵانە دەردەبڕین كە لە پێناوی داماڵینی چەك و كۆتاییهێنان بە پێشبڕكێی خۆ پڕچەككردن لە ئارادان و هەوڵەكانی ئەم دواییەی

یەکێتـی سـۆڤیەت لـەو پێنـاوەدا بـەرز دەنرخێنیـن، هـاوکات هەڵسـوکەوتە نابەجێکانـی رێگـن رەت دەکەینـەوە کـە مرۆڤایەتـی بـەرەو لەناوچـوون دەبـەن و داوا دەکەیـن ئـەو بودجانـەی بـۆ پێشـبڕکێی خۆپڕچەککـردن و شـەڕی ئەسـتێرەکان تەرخـان دەکرێـن، بخرێنـە خزمەتـی خۆشـگوزەرانی مرۆڤایەتـی، لـە کاتێکـدا ئەگـەر ئەمـە جێبەجـێ بکـرێ، کەسـێکی برسـی لەسـەر گـۆی زەوی نامێنـێ و هەمووڵایەکیـش بە خۆشـی و ئاشـتی و لە پێشـکەوتندا دەژیـن. هەروەهـا پشـتگیری لـە بڕیارەکـەی نەتـەوە یەکگرتـوەکان دەکەیـن سـەبارەت بـە دیارکردنـی سـاڵی ١٩٨٦ وەك سـاڵی ئاشـتی لـە جیهـان، بـەو پێیـەی یەکێکـە لـەو بڕیارانـەی کـە لـە بەرژەوەندیـی هەمـوو مرۆڤایەتـی دەرکـراوە، بـەڵام پێدەچـێ بەشـێك لـەو بڕیارانـە جێبەجـێ نەکرێـن چونکـە شـەڕانگێزیی لانـەی خـۆی لـە نێـو هەندێـك لـە عەقڵـەکان بونیـاد نـاوە و بوونەتـە رێگـر لەبەردەمـی جێبەجێکردنیـان. بۆیـە ئاشـتی ڕاسـتەقینە تەنیـا لـە رێگـەی تێکشـکاندنی ئـەم جـۆرە سـەر و عەقڵانـە دێتـە دی، لەنێویاندا سـەری سـەرۆکە فاشـی و رەگەزپەرسـتەکەی عێـراق.

**پشتگیری لە خەباتی ئافرەتانی عێراق دەکەین لە پێناوی هێنانەدی مافە ڕەواکانی**

مەینەتیەکانـی گەلـی عێـراق و مافـە خوراوەکانیـان و خەباتـی ئافرەتـان بەشـێکی دانەبـڕاوی خەباتـی گەلـی عێـراق و بزووتنـەوەی رزگاریخـوازی نیشـتمانیە، بـە هـۆی دواکەوتوویـی کۆمەڵـگا و بوونـی دەسـەڵاتێکی داکەوتـووەوە، مافـی ئافرەتانیـش زیاتـر خـوراون و مەینەتیەکانیشـی توندتـر و تاڵـترن، هەمـوو دەرگاکان لەبەردەمـی ئافرەتـان داخـراون و وزە و تواناکانـی نیـوەی کۆمەڵـگای عێـراق یـش سـڕ کـراون و دیـدی کۆمەڵـگا بەرامبـەر ئافـرەت و سیاسـەتەکانی ڕژێمـی فاشـی وایانکـردووە ببـێ بـە مرۆڤێکـی دواکەوتـوو و دیلـی ماڵـەوە و هەمیشـە لـە دوای پیـاوەوە نـاوی دەهێـنرێ و لـە دەرفەتـی کار و خوێنـدن و کاری سیاسـی بێبـەش کـراوە. لـە بەرامبـەر ئـەم واقیعـە کارەساتبارەشـدا، ئافرەتـان پێیـان وایـە لـە پێنـاوی هێنانـەدی خواسـتەکانیان و هەڵگرتنـی بەشـێك لـە بەرپرسـیارێتی بەرامبـەر پێشـکەوتنی کۆمەڵـگا پێویسـتە روو بکەنـە گۆپانـە جۆراوجۆرەکانـی خەبـات. خەباتـی ئەمـڕۆی ئافرەتـان خەباتێکـی پیـرۆزە و مەبەسـت لـە دوایـەوە هۆشـیارکردنەوە و پەروەردەکرنـی شۆڕشـگێڕانەی ئافرەتانـی عێراقـە، بـۆ ئـەوەی لەسـەر بنەمـای نەتەوەیـی دروسـت رۆڵـی خـۆی لـە پەروەردەکردنـی نـەوەی

نوێدا بگێڕێ. وەك دیارە، ڕژێم وەك زۆربەی بوارەکانی تر، کار دەکات بۆ وەشاندنی گورزی بەهێز لە خێزانی عێراقی، بەو پێیەی خێزان بناغەی سەرەکی یەکێتی جەماوەرە، بۆیە باشترین رێگا بۆ رووبەڕووبوونەوەی پلانەکانی ڕژێمی فاشی، چەکی زانست و زانیاری و بەشداربوونی ئافرەتانە لە گۆپانە جیاجیاکانی ژیان. خەباتی ئافرەتان بەمە نەوەستا، بەڵکو هەندێکیان شانبەشانی برا پێشمەرگەکانیان پەنایان بردە بەر هەڵگرتنی چەك و نوخبەیەکیشیان لەم کۆنفرانسەمان بەشدارن و کار لە پێناوی سەرخستنی دەکەن، ئەمەش ئاماژەیەکی روونە بۆ ئاستی قوربانیدانی ئافرەتان لە پێناوی خزمەتکردنی نیشتمان. ئێمە لە خاکی کۆنفرانسی هاوبەشی هەردووك یەکێتی قوتابیان و لاوانەوە پشتگیری تەواوی خۆمان بۆ خەباتی ئافرەتانی عێراق رادەگەیەنین و وەك رێکخراوی جەماوەریش پەیمان دووپات دەکەینەوە بۆ کارکردن لە پێناوی بەهێزکردنی خەباتی ئافرەتان و هەموو توێژە کۆمەڵایەتیەکانی تر لە پێناوی لەناوبردنی ڕژێمی فاشی عەفلەقی.

**تێدەکۆشین لە پێناوی بەهێزکردنی پەیوەندییە دۆستایەتیەکان و یەکگرتنی نێوان گەلی کوردمان و گەلانی ناوچەکە و جیهان**

سیستمە کۆنەپەرست و فاشی و دکتاتۆریەکان، بە پشتیوانی ئیمپریالیزم کە ئەمەریکا سەرۆکایەتی دەکات، گوشاری توندیان خستۆتە سەر گەلانی ناوچەکە و جیهان، بە تایبەتیش چینە کرێکار و هەژارەکان، لە پێناوی بەکارهێنانیان و دزینی سامانەکانیان، لە نێو ئەم گەلانەشدا گەلی کوردمان لە بەشەکانی کوردستان بە تایبەتی کوردستانی عێراق . خەباتکردن لە پێناوی رووخاندنی ئەو ڕژێمانەی لە سەرتاسەری جیهاندا دژایەتی گەلانیان دەکەن، دارمانی کۆڵەگەیەکە لە کۆڵەگەکانی ئیمپریالیزم، لە هەمان کاتدا سەرکەوتنی گەلان و پشتگیریکردنە لە بزووتنەوە ئازادیخوازەکانی جیهان. سەرجەم گەلانی جیهان لە پێناوی ژیانی ئاشتیانە و شادبوون بە دیموکراسی و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی تێدەکۆشن، کەواتە هەموویان خاوەنی یەك ئامانج و مەبەستن، گەیشتنیش بەم ئامانجە پێویستی بە پتەوکردنی دۆستایەتی و یەکگرتنی گەلان هەیە لە هەموو بوارەکانی ژیاندا، بەڵکو تاکە رێگای گەیشتنە بەم ئامانجە. گەلی کورد بە شێوەیەکی دروست دوژمنەکانی دیار کردوون و پێی وایە ئیمپریالیزم دوژمنی هەموو گەلانە، دوای ئەویش ئەو ڕژێمانە دێن کە بە زەبری

ئاسـن و ئاگـر خۆیـان بەسـەر گەلانـدا دەسـەپێنن، لـەو پێناوەشـدا گەلـی کـورد دەسـتی یارمەتـی و دۆسـتایەتی بـۆ گەلانـی پێشـکەوتووخواز درێـژ دەكات.

لـە داهاتـوودا كۆمەڵێـك ئەركـی قورسـمان لەپێشـە كـە خۆیـان لـە خەباتكـردن لـە پێنـاوی نەهێشـتنی تـۆی جیاوازیـی و ململانێـی نێـوان گـەلان كـە لەلایـەن ئیمپریالیـزم و داردەسـتەكانیەوە چێـنراوە و مەبەسـت لـە دوایـەوە سـەپاندنی دەسـەڵات بـووە بەسـەریاندا. گەلـی كـورد لەسـەر دەسـتی دەسـەڵاتی فاشیسـتەوە لـە زۆر گەلانـی جیهـان زیاتـر مەینەتـی و كارەسـاتی بەخۆیـەوە بینیـوە، هـەر لـە جینۆسـایدەوە بگـرە تـا دەگاتـە راگواسـتن و تەعریـب و لەسێدارەدان و چەوساندنەوەی نەتەوەیـی و چینایەتـی. بۆیـە لـە خاكـی كۆنفرانسـی هاوبەشـی هـەردووك یەكێتـی قوتابیـان و لاوانـەوە رایدەگەیەنیـن كـە لـە پێنـاوی بەهێزكردنـی پەیوەنـدی دۆسـتایەتی و نزیكبوونـەوەی نێـوان گەلـی كـورد و گەلانـی ناوچەكـە، بەبـێ سـڵكردنەوە خەبـات دەكەیـن.

**پشـتگیری لـە خەباتـی گەلـی عێـراق دەكەیـن بـە سـەركردایەتی بـەرەی نیشـتمانی دیموكراتـی عێراق(جـود)**

ڕژێمـی فاشیسـتی بەغـدای دوژمنـی گەلـی عێـراق، لـە پێنـاوی پەرتەوازەكردنـی هێزەكانـی ئۆپۆزسـیۆنی عێـراق و چاندنـی تـۆی ناكۆكـی و شـەڕ لـە نێوانیانـدا هیـچ ڕێگەیـەك نەمـاوە نەیگرێتـە بـەر، هـاوكات هەوڵـی داوە ئـەو شۆڕشـە عێـراق یـە لـە ڕێچكـەی خـۆی لابـدات كـە لـە كوردسـتان بەرپـا كـراوە و پەیوەندییەكانـی لەگـەڵ وڵاتانـی پێشـكەوتووخواز ببڕێـت، بـەڵام هێزەكانـی ئۆپۆزسـیۆنی عێـراق بـە دیـدی واقیعبینانـە و زانسـتیانەی خۆیـان بـۆ ڕووداو و پێشـهاتەكان، هەسـتیان بـەم فرتوفێڵـە كـرد و كەوتنـە هەوڵـدان بـۆ ئاشـكراكردن و شكسـتپێهێنانیان، هەروەهـا كەوتنـە خۆیـان لـە پێنـاوی پێكهێنانـی بەرەیەكـی نیشـتمانی كـە سـەرجەم ئـەو هێـز و پارتـە عێـراق یانـە بگرێتـە خـۆی كـە خاوەنـی یـەك ئامانجـن و داوای وەلانانـی ناكۆكیـە لاوەكیەكانیشـیان كـرد بـە مەبەسـتی شكسـتهێنان بـەو پلانانـەی كـە لەلایـەن دەسـەڵاتەوە دادەڕێژرێـن. ئـەم هەوڵانە سـەركەوتن و دامەزرانـی بـەرەی (جود)یـان لـێ كەوتـەوە كـە ئەمـڕۆ رابەرایەتـی خەباتـی گەلـی عێـراق دەكات و لـە بـوارە سیاسـی و سـەربازی و میدیاییـەكان و لەسـەر ئاسـتی ناوخـۆ و دەرەوەشـدا ڕۆڵێكـی كاریگـەر دەگێـڕێ. هێـز و پارتەكانـی بـەرەی (جـود) داوای

پێکهێنانـی بەرەیەکـی بەرفراوانـی نیشـتمانی  دەکـەن، لـە پێنـاوی ڕێکخسـتنی هێـز و پارتـە دیموکراتیخـواز و نەتەوەیـی و ئیسـلامیەکان، ئەمـەش بۆتـە داوایەکـی جەماوەریـی گرنـگ، چونکـە ڕێگەیەکـی ڕاسـت و گونجـاوە بـۆ چارەسـەرکردنی ناکۆکیـەکان و ئاسـاییکردنەوەی پەیوەندییـەکان و کۆتاییهێنـان بـە شـەڕ .ئـەو بارودۆخـە هەسـتیارەی کـە عێـراق  پێیـدا تێپـەڕ دەبـێ پێویسـتی بـەوە هەیـە هەمـوو هێزەکانـی ئۆپۆزسـیۆنی عێـراق  لـە ئاسـتی بەرپرسـیارێتی مێژوویـی و ئەرکەکانـی سـەر شـانیان دابـن لـە پێنـاوی پەلەکـردن لـە ڕووخاندنـی ڕژێـم و کۆتاییهێنـان بـە شـەڕ.

ئێمـەی نوێنەرانـی قوتابیـان و لاوان لـە خاکـی کۆنفرانسـەوە پشـتگیری خۆمـان بـۆ خەباتـی گەلـی عێـراق بـە سـەرۆکایەتی بـەرەی نیشـتمانی دیموکراسـی عێـراق  دووپـات دەکەینـەوە و ئەوەتـا ژمارەیەکـی زۆری قوتابیـان و لاوانمـان لـە ڕێگـەی چوونیـان بـۆ نـاو ریزەکانـی پێشـمەرگە و تۆمارکردنـی داسـتانی کەموێنـە و بەجێگەیاندنـی ئەرکـی هۆشـیارکردنەوە و ئاراسـتەکردنی جەمـاوەر و دژایەتیکردنـی ڕێوشـوێنەکانی دەسـەڵاتی فاشـی لـە ڕێگـەی ئەنجامدانـی ڕاپەڕیـن و خۆپیشـاندانەوە پشـتگیری خۆیـان بـۆ ئـەم بەرەیـە رادەگەیەنـن.

بـەرەو دۆسـتایەتی و یەکگرتنـی زیاتـر، ئەمـە شۆڕشـێکە هەتـا سـەرکەوتن و هێنانـەدی دیموکراسـی بـۆ عێـراق  و ئۆتۆنۆمـی ڕاسـتەقینە بـۆ کوردسـتان.

## تێدەکۆشـین لـە پێنـاوی توندوتۆڵکردنـی برایەتـی نێـوان هـەردوو گەلـی عـەرەب و کـورد و کەمینـە نەتەوەییەکانـی عێـراق

عـەرەب و کـورد و کەمەنەتەوەکانـی عێـراق  هەمیشـە پێکـەوە ژیـاون و خۆشـی و ناخۆشـیەکانی ژیانیـان لەنێـوان خۆیـان بـەش کـردووە، پەیوەندیـی و برایەتـی نێوانیـان ئەوەنـدەی عێـراق  کۆنـە و کتێبـە مێژووییـەکان نموونـەن بـۆ ئەمـە. ئـەو مەترسـیانەی هەشـەیان لـە عێـراق کـردووە، هیـچ جیاوازیەکیـان لـە نێوان ڕۆڵەکانـی عێراق  نەکـردووە، بۆیـە هیـچ ڕێگەیەکیـان لەبـەردەم نەمایـەوە تەنیـا یەکگرتـن و برایەتـی نەبـێ بـۆ دوورخسـتنەوەی مەترسـیەکانی سـەریان، بـەم جـۆرە ئـەوان پێکـەوە بەشـدار بـوون لـە پاراسـتنی خـاك و سـەروەریی وڵات. ئیمپریالیـزم درکـی بـەوە کـرد کـە برایەتـی نێـوان عـەرەب و کـورد لـە پـلان و پیلانەکانـی دوژمنـان بەهێزتـرە، بۆیـە هەوڵـی چاندنـی تـۆی

فتنـە و جیـاوازی لـە نێـوان رۆڵەكانـی عێـراق دا، بـۆ ئـەوەی بتوانـن بـە ئاسـانی كۆنترۆڵـی وڵات بـكات و سـامانەكانی بۆخـۆی ببـات، ئـەم ئەركەشـی بـە داردەسـتەكانی سـپارد بـۆ ئـەوە ئـەم رۆڵـە نابەجێیـە ببینـن، بـەڵام هۆشـیاری جەمـاوەر شكسـتی بـە سـەرجەم ئـەم پلانانـەی دوژمـن هێنـا. ڕژێمـی عەفلەقـی دژایەتـی گەلـی عێـراق دەكات بـە هەمـوو نەتـەوە و كەمینەكانیـەوە، ئەمـەش خـۆی لـە خۆیـدا توندوتۆڵكردنـی برایەتیـە، هەروەهـا ئـەو دروشـمانەی لەلایـەن هێزەكانـی ئۆپۆزسـیۆنی عێـراق و رێكخـراوە جەماوەریەكانـەوە بـەرز دەكرێنـەوە، لـە نێویانـدا یەكێتیەكەمـان، بەرژەوەندیەكانـی میللـەت بە تـەواوی چین و توێژەكانیـەوە دەخەنـە سـەرووی هەمـوو شـتێكەوە، هەموویـان لـە پێنـاوی دیموكراسـی و ئۆتۆنۆمـی ڕاسـتەقینە و مافـە كارگێـڕی و رۆشـنبیریەكانی كەمینـە نەتەوەییـەكان تێدەكۆشـن. ئێمـە لـە خاكـی كۆنفرانسـی هاوبەشـی هـەردووك یەكێتـی قوتابیـان و لاوانـی دیموكراتـی كوردسـتانەوە، پشـتگیریی و پشـتیوانی بـێ سـنوورمان بـۆ توندوتۆڵكردنـی برایەتـی نێـوان هـەردوو میللەتـی عـەرەب و كـورد و كەمینـە نەتەوەییەكانـی عێـراق دووپـات دەكەینـەوە.

**پشـتگیریی لـە شۆڕشـی ٢٦ی گوڵانـی نیشـتمانی پێشـكەوتووخواز دەكەیـن بـە رابەرایەتـی پارتـی دیموكراتـی كوردسـتان و بـە سـەرۆكایەتی هەڤاڵـی تێكۆشـەر مسـعود بارزانـی**

شۆڕشی ئەیلوول بەرەو سەركەوتنی یەكجاری هەنگاوی جێگیری دەنا، هەر ئەمەش ترسی خستبووە دڵی ئیمپریالیەكان، چونكە ئەمە هەڕەشە بوو بۆ سەر بەرژەوەندیەكانیان لە ناوچەكە و لە جیهان، بۆیە ئیمپریالیزمی ئەمەریكی دەستی بە داڕشتنی پلانێكی نابەجێ كرد و بە رێككەوتننامەی جەزائیر ناو برا و لەنێوان شای گۆڕبەگۆڕ و سەدامی تاوانبار لە رۆژی ٦ی ئاداری ١٩٧٥ مۆر كرا و بە هۆیەوە شۆڕشی چەكداری كورد رووبەڕووی نسكۆ بووەوە، نسكۆیەك كە كاردانەوەی ئازاربەخشی بۆ كوردستانی عێراق و ناوچەكە لێ كەوتەوە. دوژمنانی گەلی كورد پێیان وابوو بەم كردەوە نابەجێیە تاهەتایە شۆڕشی كورد و خواستەكانی لەبار دەبەن، ئیتر لەو كاتەوە ڕژێمی بەعس دەستی بە وێرانكردنی خاكی كوردستان كرد، هەر ئەمە وای لە لاوانی كورد كرد، ئەوانەی باوەڕیان بەوە هەبوو كە هەرگیز گەلان ناكەون و لەناو ناچن، برینەكانیان سارێژ بكەنەوە و دووبارە خۆیان رێك بخەنەوە، ئەوان باوەڕی تەواویان بەوە هەبوو كە رێكخستنی پۆڵایین و رێچكەی جێگیر و راست و

پشتبەستن بە میللەت و چاندنی متمانە باشترین ڕێگەن بۆ گێڕانەوەی ژیان بۆ میللەت و هەڵسانەوە. ئەم هەنگاوەی ڕۆڵەکانی کوردستان لەجێی خۆی بوو و سەرکەوتنی بەدەست هێنا و سەرباری ڕێوشوێنە توندەکانی ڕژێم، بەڵام خۆڕێکخستنەوە ئاراستەی خۆی وەرگرت و بوو بە پێشەکیەك بۆ بەرپابوونی شۆڕشێك کە ئەرکی بریتی بێ لە بەرگریکردن لە جەماوەری کوردستان کە رووبەڕووی مەترسی لەناوچوون بووبوەوە. ئەوەبوو رۆژی ٢٦ی ئایاری ١٩٧٦ بریسکەی یەکەمی شۆڕشی نیشتمانی پێکەوتووخواز لێیدا بۆ ئەوەی ئاسەوارەکانی نسکۆ وەلا بنێ و کوردستان و گەلەکەمان لە هێرشی فاشیستەکان بپارێزێ و زەردەخەنە بگێڕێتەوە بۆ سەر لێوی منداڵان و هیوایەکیش بۆ جەماوەری تینووی ئازادی بگێڕێتەوە. لێرەوە لەسەر ئەو خاکەی بە خوێنی پێشمەرگەکانی شۆڕشی ٢٦ی ئایاری نیشتمانی پێشکەوتووخواز رزگار کراوە و تیایدا کۆنگرەی هاوبەشمان ساز دەکەین، پشتگیری تەواوی خۆمان بۆ شۆڕش رادەگەیەنین و پەیمان دووپات دەکەینەوە کە هەموو وزە و تواناکانی قوتابیان و لاوانی کوردستان بخەینە خزمەتی ئەو شۆڕشەی کە لە پێناوی هێنانەدی داواکاریەکانی گەل بەرپا کراوە و خۆیان لە دیموکراسی بۆ عێراق و ئۆتۆنۆمی ڕاستەقینە بۆ کوردستاندا دەبیننەوە.

**پشتگیری لە خەباتی قوتابیان و لاوانی ئەفریقیا بە گشتی و ئەفریقیای باشوور بە تایبەتی دەکەین لە دژی سیاسەتی جیاکاریی رەگەزپەرستی و لە پێناوی ئازادیی و ملکەچنەکردن**

ئیمەی نوێنەرانی قوتابیان و لاوانی دیموکراتی کوردستان، کە ئێستا لە ناوچەیەکی ئازادکراوی کوردستانی عێراق لە سایەی پارێزگاریی هێزەکانی پێشمەرگە قارەمانەکانی سوپای شۆڕشگێڕی کوردستان کۆبووینەتەوە، بە مەبەستی دارشتنی پرۆگرامێکی تازە بۆ خەباتی هەردووك یەکێتیەکەمان و هەڵسەنگاندنی بارودۆخی وڵاتەکەمان و ناوچەکە و جیهان کۆنفرانسی هاوبەشی یەکەمان ساز دەکەین. لە کاتێکدا کە ئەم کۆنفرانسەمان ساز دەکەین، ڕژێمی دکتاتۆری و شۆڤێنی بەغدا سوورە لەسەر لەناوبردنی گەلی کورد و کوردستان و لەو پێناوەدا بەردەوامە لە سووتاندن و وێرانکردنی سەدان گوند و کوشتنی بە کۆمەڵ و بۆردومانکردنی دانیشتوانی ناوچە ئازادکراوەکان و دەستگیرکردنی سەدان کەس و ڕەوانەکردنیان بۆ بەندیخانە تاریکەکان. ئەمە وێڕای داخستنی دەرگای سەدان قوتابخانەی سەرەتایی و ناوەندی بە رووی منداڵانی بێ تاوان و دوورخستنەوە و کوشتن و لەسێدارەدانی دەیان قوتابی و لاو.

لـە لایەکـی دیکـە، تـا ئێسـتا چارەنووسـی هـەزاران کـوردی بارزانـی دیـار نیـە، هەروەهـا دژایەتیکردنـی پـارت و هێـزە نیشـتمانیە کوردسـتانی و عێـراق یـەکان و سـووربوون لەسـەر شـەڕکردن لـە دژی ئێرانـی دراوسـێ کـە پێـی ناوەتـە سـاڵی حەوتـەم و ڕێگـەدان بـە دارودەسـتەکانی ئیمپریالیـزم بـۆ ئـەوەی دەسـتدرێژیی بکەنە سـەر سـەروەریی وڵاتەکەمان بـە مەبەسـتی گـورز وەشـاندن لـە بزووتنـەوەی رزگاریخـوازی گەلەکەمـان بـە تایبەتـی و بزووتنـەوەی نیشـتمانی عێراقـی بـە گشـتی و بنبڕکردنـی توانـا مـادی و مەعنەویـەکان لـە عێـراق و ئێـران، هەمـوو ئـەوەش لـە پێنـاوی بەرژەوەندیەکانـی ئیمپریالیـزم و زایۆنیـزم و کۆنەپەرسـتی. لـەو شـەدا کـە ڕژێمـی فاشـی لەسـەر بڕیـاری ئیمپریالیـزم بەرپـای کـردووە و دەبـێ هـەر خۆشـی بەرگـەی ئـەو چارەنووسـە رەشـە بگـرێ کـە چاوەڕێـی دەکات. ئەمـە وێـڕای تاوانەکانـی تـر کـە لـە ژمـاردن نایـەن و لـە دژی گەلـی عێـراق مـان بـە عـەرەب و کـورد و کەمینـە نەتەوەییەکانـی تـر ئەنجامـی داون.

ئێمە باوەڕمان بەوە هەیە کە ئیمپریالیزم و داردەستەکانی لە سەرتاسەری جیهان لە ئەنجامدانی تاوان و دزی ناوەستن، تەنانەت لە پێناوی بەرژەوەندی خۆیان گرنگ نیە ئەگەر گەلێکیش لەناو ببرێ. لە ناخەوە هەست بە ئازار و تەنگژەکانی گەلانی ئەفریقیا دەکەین کە رووبەڕووی هێرشەکانی ئیمپریالیزمی ئینگلیزی بوونەتەوە لە رێگەی سەپاندنی سیاسەتی جیاکاری رەگەزپەرستی بەسەر ئێوەی زۆرینە و خاوەن زەوی ئەفریقیا و بێبەشکردنتان لە مافە ڕەواکانتان و رادەستکردنی ماف و چارەنووستان بە کەمینەیەکی بیانی، ئەمە کارێکی نابەجێیە و پێشێلکاریی مافەکانی مرۆڤە. گوێبیستی خۆڕاگریی و رووبەڕووبوونەوەی قارەمانانەی ئێوەین لە دژی ئیمپریالیزم و داردەستەکانی، ئێوە خاکی خۆتان کردۆتە ئاگر لەژێر پێی دوژمنانتان بۆ ئەوەی بە ئازادی و مافەکانتان بگەن.

ئەمـڕۆ ئێمـە لـە باوەشـی ئـەم چیـا سەرکەشـانە و لـە سـەنگەری خەباتـەوە هەسـت بـە ئـازار و چەوسـاندنەوەتان و دزینـی کۆشـش و ئارەقـی نێوچاوانتـان دەکەیـن، بۆیـە لـەو کۆنفرانسـەدا کـە نوێنەرایەتـی هـەزاران قوتابـی و لاوی کوردسـتان دەکات پـڕ بـە دەنـگ هـاوار دەکەیـن، هەڤـاڵان، قوتابیـان و لاوانـی ئەفریقیـا بـە گشـتی و ئەفریقیـای باشـوور بـە تایبەتـی، ئێمـە پشـتیوانیتان لـێ دەکەیـن لـە خەباتتـان لـە دژی ئیمپریالیزمـی جیهـان بـە سـەرۆکایەتی ئەمەریـکای خوێنـاوی و زایۆنیـزم و کۆنەپەرسـتی و لـە دژی سیاسـەتەکانی

بەریتانیای داگیرکەری بەساڵاچوو و سیاسەتی جیاکاری ڕەگەزپەرستی و ڕژێمی شۆڤێنی و فاشیست لە بریتۆریا. لە پێناوی ئازادی و ئاشتەوایی و برایەتی و خۆشگوزەرانی و ملکەچنەکردن لە سەرتاسەری جیهان.

- بژی خەباتی هاوبەشی قوتابیان و لاوانی دیموکراتی کوردستان و عێراق و جیهان.
- بژی برایەتی و یەکگرتوویی و دۆستایەتی نێوان ئەو گەلانەی لە سەرتاسەری جیهان داوای ئازادی دەکەن.
- مردن بۆ ئیمپریالیزم و ڕژێمە داردەستەکانی.

**پشتگیری تەواوی خۆمان بۆ خەباتی ئافرەتانی کوردستان رادەگەینین لە پێناوی گەیشتن بە مافە ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتیەکان**

ئێمەی نوێنەرانی کۆنفرانسی هاوبەشی یەکەمی قوتابیان و لاوانی دیموکراتی کوردستان کە لێرە بە مەبەستی هەڵبژاردنی سکرتاریەتێکی هاوبەش بۆ سەرکردایەتیکردنی هەردووك یەکێتیە خەباتکارەکەمان کۆبووینەتەوە، هەروەها بۆ ئەوەی ببین بە نوێنەری ڕاستەقینەی جەماوەری قوتابیان و لاوانی کوردستان و بارودۆخی وڵاتەکەمان و ناوچەکە و جیهان تاوتوێ بکەین. ئێستا بە شانازیەوە دەڵێین ئافرەتی کورد رۆڵی بەرچاوی بینیوە لە بەشداربوون لە هەموو کایەکانی ژیانی نێو کۆمەڵگەی کوردی، ئافرەتانی کورد زیاتر لە برایانیان رووبەڕووی چەوسانەوە بوونەتەوە و لە بواری خەباتی شۆڕشگێریشدا رۆڵی گرنگیان بینیوە و لە هەموو شۆڕشەکانی گەلە قارەمانەکەماندا بەشداریان کردووە، بەڵکو هەندێك جار ئافرەتی کورد سەرکردایەتی بزووتنەوە رزگاریخوازەکانی کوردی کردووە، وەك قەدەم خێر و خانزاد و فاتمە رەش و زۆری تر. هاوکات ئافرەتی کورد ژمارەیەکی زۆر شەهیدی بەخشیوە، لە نێویاندا لەیلا قاسم و دایکە ئەسما و خوشکە کوردستان و بەیان عومەر، ناجیە مەجید، فەهاو، کەژاڵ، ئامینە سوور، سنۆبەر، خەدیجە محەمەد و هی تر.

لێرەوە پێویست دەکات بڵێین ئافرەت نیوە و بناغەی کۆمەڵە و پێویستە زیاتر وزە و تواناکانی خۆی لە کار و بەرهەمهێنان و داهێناندا بخاتە گەڕ. هەروەها پێشوازیەکی گەرم لە گرووپی دایکان و خوشکان دەکەین کە بۆ یەکەم جار لە ناوچەیەکی ئازادکراوی کوردستانی خۆشەویست بەشداریان لە کۆنفرانسەکەمان کرد، بۆ ئەوەی

وەك رێکخراوە جەماوەریەکانی کوردستان بتوانین شانبەشانی پارت و هێزە نیشتمانی و پێشکەوتووخوازە کوردستانی و عێراق یە بەرهەڵستکارەکان خەبات بکەین، ئەو پارت و لایەنانەی بەرەی (جود) بەردی بناغەیانە لە پێناوی رووخاندنی ڕژێمی دکتاتۆری بەغدا و گەیشتن بە دەسەڵاتێك کە دیموکراسی بۆ عێراق و ئۆتۆنۆمی ڕاستەقینە بۆ کوردستان فەراهەم بکات.

بەم بۆنەیەوە، ئێمە کە ئێستا وەك نوێنەرانی هەزاران قوتابی و لاوی کوردستانی لێرە کۆبووینەتەوە، پشتگیری تەواوی خۆمان بۆ خەباتی ئێوەی ئافرەتە خەباتکارەکانی کوردستان رادەگەینین لە پێناوی گەیشتن بە مافە ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتیەکانتان.

- بژی خەباتی هاوبەشی قوتابیان و لاوان و ئافرەتان و هەموو چین و توێژە نیشتمانپەروەرەکانی تری گەلەکەمان.
- بژی خەباتی ئافرەتانی کوردستان و رێکخراوە پێشەنگەکەیان، یەکێتی ئافرەتانی کوردستان/ عێراق.

# پڕۆژەی پڕۆگرام و پەیڕەوی ناوخۆ

## کۆنفرانسی ئابی ١٩٨٦

## پڕۆگرام

**بەشی یەکەم**

**بەندی یەکەم:**

**ناوی ڕێکخراو**

(یەکێتـی قوتابیانـی کوردسـتان ـ عێـراق)ە و بـە پیتەکانـی (ی.ق.ك ـ ع) ئیشـارەتی پـێ دەدرێـت.

**بەندی دووەم:**

**سنووری چالاکی**

أ. کوردستانی عێراق.

ب. ئەنجومەنـی بەڕێوەبـەری گشـتی بـۆی هەیـە لـە کاتـی پێویسـتدا لـە گشـت شـوێنەکانی تـری کۆمـاری عێـراق و دەرەوە لـق بـۆ خـۆی بکاتـەوە، ئەگـەر بـە پێویسـت زانـرا.

**بەندی سێیەم:**

**سروشتی یەکێتی**

یەکێتـی، ڕێکخراوێکـی دیموکراتـی نیشـتمانی پێشـکەوتنخوازی شۆڕشـگێڕانەی قوتابییانـە. خەبـات دەکا لـە پێنـاو جێبەجێکردنـی ئامانجەکانـی قوتابیانـی کوردسـتان بـە تایبەتـی و ئامانجەکانـی قوتابیانـی عێـراق بـە گشـتی، هەروەهـا شانبەشـانی هێـزە نیشـتمانپەروەر و دیموکراتـی و ڕێکخـراوە جەماوەرییەکانـی کوردسـتان و عێـراق، کـە هاوپەیـمان و هاوئامانجـە لەگەڵیـان، بـۆ دابینکردنـی ئـاوات و مافـە ڕەواکانـی جەمـاوەری کوردسـتان و عێـراق تـێ دەکۆشـێ.

**بەشی دووەم**

**بەندی چوارەم:**

**یەکێتی لە پێناو ئەم ئامانجانە خەبات دەکات:**

**یەکەم: لەسەر ئاستی ناوخۆ (نیشتمانی و قوتابی)**

**أ- لەسەر ئاستی نیشتمانی دا:**

١- پشــتگیریکردنی شۆڕشــی ٢٦ی گوڵانــی نیشــتمانی پێشــکەوتنخواز و هاوکاریکــردن لــە خەباتــی لایەنەکانــی بــەرەی نیشــتمانی دیموکراتــی عێراقــی (جــود) و گشــت هێــزە دیموکراتــی و نیشــتمانی یــە عێراقییەکانــی تــر لەپێنــاو ڕماندنــی ڕژێمــی فاشیســت و ڕەگەزپەرســت و دامەزراندنــی جێگرێکــی دیموکراتــی ئیئتیلافــی کــە لــە ژێــر ســایەیدا ئۆتۆنۆمــی ڕاســتەقینە بــۆ کوردســتان و مافــی وای گشــت کەمایەتییــەکان لــە عێراقــدا مســۆگەر بکــرێ، بــەو شــێوەیەی کــە یەکێتــی تێکۆشــان لــە نێــوان هــەردوو گەلــی کــورد و عــەرەب و کەمایەتییــەکان بەهێــز دەکات و مافەکانــی نەتەوایەتیــی و نیشــتمانی یــان دابیــن دەکات، بــۆ وەدیهێنانــی قووڵتریــن ئاڵوگۆڕکانــی کۆمەڵایەتــی لــە عێراقــدا.

٢- فراوانکردنــی هاوپەیمانێتــی خەبــات لەگــەڵ ڕێکخــراوە کوردســتانییەکانی وەك لاوان و ئافرەتــان و مامۆســتایان و تێکــڕای ڕێکخــراوە جەماوەرییەکانــی کوردســتان و عێــراق، هــەروا چەســپاندن و پەرەدانــی هاوپەیمانێتــی نێــوان ڕێکخراوەکانــی (لێژنــەی بــاڵای هــاوکاری نێــوان ڕێکخــراوە دیموکراتییەکانــی لاوان و قوتابیانــی کوردســتان و عێــراق).

٣- کۆششــکردن لــە پێنــاو وەرگرتنــی ناسنامە(جنســیە)ی عێراقــی بــۆ کوردەکانــی فەیلــی، گۆییــان، ئۆمەرییــان و بــرا ئاســورییەکانمان کــە لــە عێراقــدا دەژیــن و لــەم مافــە بێبــەش کــراون، بــۆ ئــەوەی هاوتــا بــن لەگــەڵ بــرا عەرەبەکانیــان.

**ب- لەسەر ئاستی قوتابیاندا:**

١- بەرگریکــردن لــە مــاف و داخوازییەکانــی قوتابیانــی عێــراق بــە گشــتی و قوتابیانــی کوردســتان بــە تایبەتــی.

٢- تێکۆشــان بــۆ بڵاوکردنــەوەی فێرکــردن و زانیــاری و ڕۆشــنبیری لــە کۆمەڵــگای کوردســتان و قەڵاچۆکردنــی نەخوێنــدەواری لــە ڕێــگای:

**فێربــوون لــە قۆناغــی ســەرەتاییدا تەوزیمــی (الزامــی) بێــت، بــەو شــێوەیەی کــە هەمــوو ســووچێکی کوردســتان بگرێتــەوە، بــۆ ئــەم مەبەســتەش ژمارەیەکــی تــەواو و بەپێــی پێویســتی لــە کوردســتان قوتابخانــە بکرێتــەوە.**

أ. بنچینــەی فێرکــردن لــە گشــت قۆناغەکانــی خوێنــدن بــە زانکۆشــەوە بــە خۆڕایــی بێــت و بەشــە ناوخۆییەکان(الاقســام الداخلیــە) بکرێنــەوە و یارمەتــی قوتابییــە هــەژارەکان بدرێــت تاکــو خوێندنیــان تــەواو بکــەن.

ب. خوێنــدن لــە کوردســتان و لــە گشــت قۆناغەکانیــدا بــە زمانــی کــوردی بێــت و زمانــی کــوردی لــە عێراقــدا بابەتێکــی تاقیکردنــەوە گشــتییەکان بێــت و ڕێــز لــە مافــی کەمایەتییــەکان بنرێــت ســەبارەت بــە خوێنــدن بــە زمانــی زگماکییــان لــە قوتابخانــە تایبەتییەکانــی خۆیانــدا.

ت. دانانــی پڕۆگرامــی خوێنــدن لــە کوردســتان لەســەر بناغەیەکــی نەتەوایەتیــی زانســتی پێشــکەوتنخواز و بەربەرەکانیکردنــی بیــری کۆنەپەرســت و شۆڤێنیســتانە و بــەو شــێوەیەی کــە خوێندنــی مێــژوو، ئەدەبــی کــوردی و جوگرافیــای کوردســتان و بوژاندنــەوە و گەشــەکردنی کەلەپــووری کــوردی بگرێتــە خــۆی، لەمەشــدا نەخشــەی هەرێــم لەمــەڕ پــەروەردە و فێرکــردن چــاو بکرێــت.

ث. قوتابیانــی کوردســتان بــە زەمالــە بــۆ خوێنــدن بنێردرێنــە دەرەوە بــەو شــێوەیەی کــە لەگــەڵ ســەرژمێر و پێویســتییەکانی کوردســتاندا دەگونجێــت.

ج. زیاتــر کردنــەوەی مەڵبەندەکانــی قەڵاچۆکردنــی نەخوێنــدەواری بــۆ ئەوانــەی کــە لەبــەر هۆیــە جۆربەجــۆرەکان لــە خوێنــدن و فێربــوون بێبەشــن.

ح. بەرزکردنــەوەی ئاســتی ڕۆشــنبیری و کۆمەڵایەتــی و هۆشــیاری شۆڕشــگێڕانەی قوتابیانــی کوردســتان، ئــەوەش بــە کردنــەوەی مەڵبەنــدی ڕۆشــنبیری بــۆ ئــەوەی بــە کێشــە نیشــتمانی یەکانــی خۆیانیــان بناســێنێت و، توانــای زانســتی و ئــارەزووی هونــەری هــان بدرێــت و بایــەخ بــە خوێندنــە پیشــەییەکان بدرێــت.

خ. بوژاندنـــەوە و پشـــتگیریکردنی کـــۆڕی زانیـــاری کـــورد و مەســـەلەی سەرپەرشـــتیکردنی دانـــان و وەرگێڕانـــی کتێبـــە زانســـتی و زمانەوانـــی و ئەدەبییـــە مێژووییـــە بڕیارلەســـەردراوەکانی پـــێ بســـپێردرێت و بایەخـــدان بـــە زیندووکردنـــەوەی کەلەپـــووری نەتەوایەتیـــی کـــوردی.

١- فراوانکردنـی یەکێتـی بزووتنـەوەی قوتابیانـی عێـراق و بەهێزکردنـی پەیوەندییەکانی دۆسـتایەتی و ڕێزگرتـن لـە نێـوان قوتابیانـی کـورد و عـەرەب و کەمایەتییەکاندا.

٢- هەوڵـدان بـۆ یەکسـانبوونی قوتابیانـی کوردسـتان لەگـەڵ قوتابیانـی تـری عێـراق و وەرگرتنیـان لەهەمـوو کۆلێـژەکان بەبـێ جیـاوازی، هەروەکـو چـۆن بـرا قوتابییـە عەرەبەکانیـان وەردەگیرێـن.

٣- بەشـی کـوردی لـە کۆلێـژی (ئـاداب)ی زانکـۆی بەغـدا بکرێتـە ئەنسـتیتیوتی پسـپۆر بـۆ دیراسـاتی کـوردی و گەشـەی پـێ بـدرێ، بـۆ ئـەوەی ماسـتەر و دکتـۆرا بـدات و، کادیـری ڕەوانەوتنـەوەی بـۆ ئامـادە بکرێـت.

٤- هەوڵـدان بـۆ گەشـەکردنی زانکـۆی سـەڵاحەدین بـە هەمـوو بەشـە زانسـتی و وێژەییەکانیـەوە، بەپێـی پێویسـتییەکانی ڕاپەڕینـی زانیـاری و ڕۆشـنبیری لـە کوردسـتاندا و، تەقـەلاش بدرێـت بـۆ بەرزکردنـەوەی ئاسـتی بەشـەکان و پـەرەدان بـە توانایـان بـۆ ئـەوەی بتوانـن بـە ئەرکـە مێژووییەکانیـان هەڵسـن، بـە تایبەتـی لـە بایەخـدان بـە مێـژووی کوردسـتان و ئـەدەب و کەلەپـووری نەتەوایەتییـان.

**دووەم: لەسەر ئاستی نەتەوایەتییدا**

١- یارمەتیدانــی قوتابیــان لــە پارچەکانــی تــری کوردســتان کــە بــە هــۆی خەباتــی سیاســییانەوە(کوردایەتی) ئــاوارە و دەربــەدەر بوونــە، هــەوڵ بدرێــت یارمەتییەکــی مــادی و مەعنــەوی و زەمالاتــی خوێندنیــان بــۆ دابیــن بکــرێ.

٢- پشـتگیریکردنی بزوتنەوەکانـی ئازادیخـواز و مافـە ڕەواکانـی نەتـەوەی کـورد لـە گشـت پارچەکانــی کوردســتان، لــە پێنــاو وەدیهێنانــی ئامانجــە ڕەواکانــی لــە دیاریکردنــی چارەنووســی خۆیــدا.

٣- پتەوکردنــی پەیوەنــدی لەگــەڵ ڕێکخــراوە کوردســتانییەکان، لــە پارچەکانــی تــری

کوردســتان و کۆمەڵەکانــی خوێندکارانــی کــورد لــە دەرەوە.

٤- پشــتگیریکردنی مــادی و مەعنــەوی خەباتــی کۆمەڵــەی خوێندکارانــی کــورد لــە ئەوروپــا و کۆمەڵــەی خوێندکارانــی کوردســتانی لــە ئەمریــکا و کەنــەدا، بــەوەی کــە نوێنــەری ڕاســتەقینەی گشــت خوێندکارانــی کــوردن لــە ســنووری چالاکییانــدا.

**سێیەم: لەسەر ئاستی جیهانیدا**

١. خەبــات لــە دژی ئیمپریالیزمــی جیهانــی بــە هەمــوو شــێوەیەکیەوە و تاوانبارکردنــی داگیرکــردن و کۆیلەتــی، کــە مایــەی هــەژاری و مەینەتــی و وێرانکارییــە، چونکــە تێکۆشــان لــە دژیــدا تاکــە ڕێــگای داهێنانــی ئاشــتی و ئاسایشــە لــە جیهانــدا.

٢. پشــتگیریکردنی بزوتنەوەکانــی گەلانــی ئازادیخــواز و شۆڕشــە نیشــتمانییەکانیان لــە پێنــاو جێبەجێکردنــی ئامانــج و خواســتە ڕەواکانیــان.

٣. پاڵپشــتیکردنی تێکۆشــانی گــەلان لــە پێنــاو داماڵینــی چــەك و بــە ئاشــتی پێکەوەژیــان و خەباتکــردن لــە دژی بەڵێــن و پەیماننامــە عەســکەرییە دوژمنکارییــەکان.

٤. پاڵپشــتیکردنی تێکۆشــانی نەتــەوەی عەرەبــی بــرا و بــە تایبەتیــش خەباتــی گەلــی فەڵەســتینی و پێشــڕەوەکەی (بزوتنــەوەی ڕزگاریخــوازی فەڵەســتین) کــە نوێنــەری ڕاســتەقینەی گەلــی فەڵەســتینە لــە پێنــاو دیاریکردنــی مافــی چارەنووســی خۆیــدا.

٥. پتەوکردنی پەیوەندی لەگەڵ ڕێکخراوە قوتابییە پێشکەوتنخوازەکانی عەرەبی.

٦. بەهێزکردنــی پەیوەنــدی خەباتگێڕانــە لەگــەڵ ڕێکخــراوە قوتابییــە پێشــکەوتنخوازەکانی جیهــان لەپێنــاو چارەســەرکردنی کێشــەی کــورد و بەرگریلێکردنــی لەســەر ئاســتە جیهانییەکانــدا.

٧. هەوڵدان بۆ ئەوەی یەکێتییەکەمان ببێتە ئەندامی (یەکێتی قوتابیانی جیهانی).

٨. قەڵاچۆکردنی بیروباوەڕ و بۆچوونە کۆسمۆپۆلیتی و شۆڤێنی و ڕەگەزپەرستییەکان.

**پەیڕەوی ناوخۆ**

**بەشی سێیەم**

**بەندی پێنجەم:**

یەکێتـی قوتابیانـی کوردسـتانی عێـراق نوێنەرایەتـی هەمـوو قوتابیانـی کوردسـتانی عێـراق دەکات و لـەو قوتابییـە پێشـکەوتنخوازە شۆڕشـگێڕانە پێکدێـت کـە بڕوایـان بـە پرۆگـرام و پەیـڕەوی ناوخـۆی هێنـاوە و بەڵێنیـان داوە کـە بـە دڵسـۆزییەوە تێبکۆشـن لـە پێنـاو وەدیهێنانـی ئامانجەکانـی یەکێتـی ئەویـش لەبـەر تیشـکی ئـەو سیاسـەتەی کـە بـۆ خەباتـی قوتابیانـی کوردسـتان نەخشـەی کێـشراوە.

**بەندی شەشەم:**

أ. ئەندامێتی:

ب. ئەندامانـی یەکێتـی قوتابیانـی کوردسـتان ـ عێـراق، لـە قوتابیانـی گشـت قۆناغەکانـی خوێنــدن ـ جگــە لــە قوتابیانــی ســەرەتایی و قوتابیانــی کۆلێژەکانــی عەســکەری و پۆلیـس پێـك دێـن.

ت. مەرجەکانی ئەندامێتی:

ث. هــەر قوتابییەکــی کــوڕ و کــچ ئــەم مەرجانــەی خــوارەوەی تێــدا بێــت و لەلایــەن لێژنــەی قوتابخانــە یــا ئامــۆژگا یــان کۆلێــژەوە تەزکییــە بکرێــت، مافــی ئــەوەی هەیــە ببێــت بــە ئەندامــی یەکێتــی دوای ئــەوەی بــە نووســین داخوازییەکــی تایبەتــی پێشــکەش بــە لێژنــەی ناوچــە دەکات.

١- بڕوای تەواو بە پرۆگرام و ئامانجەکان و پەیڕەوی ناوخۆی یەکێتی و بەڵێندان بۆ خەباتکردن بە دڵسۆزی و لەخۆبووردنەوە لەپێناو جێبەجێکردنی ئامانجەکانی یەکێتی.

٢- دەبێ خاوەن وشت و ناوبانگی چاك بێت و بە ڕاستگۆ ناسراو بێت.

٣- لــە یەکێــك لــە شــانەکان یــا دەزگاکانــی یەکێتــی خەبــات بــکات و ئامــۆژگای و فەرمانەکانــی ئەنجــام بــدات.

٤- ئابوونەی مانگانە بدات.

ج- مافەكانی ئەندامەتی:

١- لـە سـنووری چالاكیـدا، ئەنـدام بـۆی هەیـە دەرحـەق بـە هـەر كەسـێك یـان هـەر دەزگایەكـی یەكێتـی، ڕەخنـە بگرێـت یاخـود بیـروڕای خـۆی بەرامبـەر بـەو مەسـەلە و كێشـانەی تایبەتـن بـە یەكێتییـەوە دەرببڕێـت و پێشـنیار پێشـكەش بـكات بـە شـێوەیەكی ئازادانـە.

٢- مافـی ئـەوەی هەیـە هەڵبژێـرێ و هەڵبژێـردرێ لـە مەڵبەنـدە جۆربەجۆرەكانـی یەكێتـدا.

٣- لـە دوای تەواوكردنـی خوێنـدن مافـی مانـەوەی هەیـە لـە ڕیـزی یەكێتیـدا بـۆ یـەك خولـی هەڵبـژاردن(دوره انتخابيـة).

٤- هەركەسـێك بـە هـۆی خەباتـی سیاسـییەوە (كوردایەتـی) لـە خوێنـدن بێبـەش كـرا، مافەكانـی ئەندامەتـی لـێ ناسـەندرێتەوە.

**بەندی حەوتەم:**

**لێژنەكانی یەكێتی**

١- شانە: بنچینەی یەكێتییە و لە ٣ تا ٧ ئەندام پێك دێت.

٢- لێژنـەی قوتابخانـە یـا ئامـۆژگا یـان كۆلێـژ: لـە ٥ تـا ١١ ئەنـدام پێـك دێـت و لەلایـەن ئەندامانـەوە لـە قوتابخانـە یـا ئامـۆژگا یـان كۆلێـژدا هەڵدەبژێردرێـن و ئەركـی سـەركردایەتیكردنی یەكێتـی لـە قوتابخانـە یـا ئامـۆژگا یـان كۆلێـژ دەگرێتـە ئەسـتۆ و تـێ دەكۆشـێت بـۆ فراوانكـردن و بەهێزكردنـی ڕیزەكانـی ڕێكخسـتن و جێبەجێكردنـی ئامانجەكانـی یەكێتـی و ئەنجامدانـی فەرمانەكانـی لێژنەكانـی باڵاتـر و چارەسـەركردنی گیروگرفتەكانـی قوتابیـان لەنـاو قوتابخانـە یـا ئامـۆژگا یـان كۆلێـژدا.

٣- لێژنـەی ناوچـە: پێـك دێـت لـە ٥ تـا ١١ ئەنـدام لەنێـو چوسـت و چالاكتریـن ئەندامانـی شـاردا هەڵدەبژێردرێـن و، سـەركردایەتیكردنی بزوتنـەوەی قوتابیـان لـە شـاردا دەكەوێتـە ئەسـتۆی.

٤- لێژنەی لق: پێكدێت لە:

أ. دەستەی کارگێڕ: لە (٥) ئەندام پێك دێت لەلایەن نوێنەرانی لق بۆ کۆنگرەی یەکێتی هەڵدەبژێردرێن.

ب. لێپرسراوانی لێژنە ناوچەکان لە سنووری لقدا: لێژنەی لق کۆبوونەوەی ئاسایی مانگێ جارێك دەبەستێت و لەبارەی چالاکی ئەندامان و ژمارەیانەوە ڕاپۆرت بەرز دەکاتەوە و لیستی دارایی یەکێتی لە لقەکەدا پێشکەش دەکات و مافی ئەوەشی هەیە بڵاوکراوەی خولی(دوری) دەربکات بە مەرجێك لەگەڵ سیاسەتی گشتی یەکێتیدا گونجاو بێت.

**بەشی چوارەم**

**بەندی هەشتەم:**

**دەزگاکانی سەرکردایەتیکردن و ئەرکەکانیان:**

١- کۆنگرە: بەرزترین دەسەڵاتە لە یەکێتیدا و پێك دێت لە:

أ. ئەندامانی ئەنجومەنی بەڕێوەبەری گشتی.

ب. ئەندامانی جێگر(احتیاط)ی مەکتەبی سکرتاریەت و ئەنجومەنی بەڕێوەبەری گشتی.

ت. ئەندامە هەڵبژێردراوەکان کە ئەنجومەنی بەڕێوەبەری گشتی مافی ئەوەی هەیە ڕێژە(نسبە)ی بەشداربووان دیاری بکات.

کۆنگرە هەر دوو ساڵ جارێك دەبەسترێت، یان لەسەر خواستی (٢/٣) دوو لەسەر سێی ئەندامەکانی بگۆڕێت یان دەستکاری تیا بکات و مەکتەبی سکرتاریەت بە دەنگدانی نهێنی ڕاستەوخۆ هەڵدەبژێردرێت و لەگەڵ ئەنجومەنی بەڕێوەبەری گشتی پێشوودا بکۆڵێتەوە، کۆنگرە تاکە دەسەڵاتە کە دەتوانێت لەپاش پەسەندکردنی(١/٥) پێنج یەکی ئەندامانییەوە، بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی یەکێتی یان تێکەڵبوونی بە ڕێکخراوێکی تری قوتابیانی هەیە، هەروەها بڕیاری بەر ڕاستکردنی(تسویە)ی دارایی بۆ ئەو لایەنەی ئامانجەکانی لەگەڵ ئامانجەکانی یەکێتی قوتابیانی کوردستانی عێراق دەگونجێن یان لێوەی نزیکن.

٢- کۆنفرانــس: کۆبوونەوەیەکــی فراوانــە لەکاتێکــدا دەبەســترێت، نەتوانــرێ کۆنگــرە بکرێــت و گشــت دەســەڵاتێکی کۆنگــرەی هەیــە جگــە لــە گۆڕیــن و دەســتکاریکردنی پەیــڕەوی ناوخــۆی یەکێتــی و لابردنــی زیاتــر لــە نیــوەی ئەندامانــی ئەنجومەنــی بەڕێوەبــەری گشــتی. کۆنفرانــس لــە ئەنجومەنــی بەڕێوەبــەری گشــتی و نوێنەرانــی لێژنــەی لقــەکان و ئەندامانــی پێشــکەوتووی یەکێتــی و ئەندامــە جێگرەکانــی ئەنجومەنــی بەڕێوەبــەری گشــتی و مەکتەبــی ســکرتاریەت پێــك دێــت.

٣- ئەنجومەنــی بەڕێوەبــەری گشــتی : بــە ئەرکــی ســەرکردایەتیکردنی بزووتنــەوە و سەرپەرشــتیکردنی چالاکــی یەکێتــی هەڵدەســتێ و ئاراســتەی دەکات و بڕیارەکانــی کۆنگــرە بەجــێ دەگەیەنێــت و ئامانجەکانــی جێبەجــێ دەکات و چاودێــری گشــت لێژنــەکان دەکات ســەبارەت بــە ڕاپەڕاندنــی فەرمــان و ئەرکەکانیــان، لــە (٢١ تــا ٢٩) ئەنــدام پێــك دێــت و دوو مانــگ جارێــك کــۆ دەبێتــەوە لەســەر داوای دوو لەســەر ســێی ئەندامــان، ئەنجومەنــی گشــتی نائاســاییش کــۆ دەبێتــەوە.

ئەنجومەنی بەڕێوەبەری گشتی پێك دێت لە:

أ. مەکتەبی سکرتاریەت.

ب. لێپرسراوی یەکەم و دووەم لەو لقانەی زانکۆیان تێدا نییە.

ت. لێپرسراوی یەکەم و دووەم و سێیەم لەو لقانەی زانکۆیان تێدایە.

٤- مەکتەبــی ســکرتاریەت: لــە (١١) ئەنــدام پێــك دێــت لەلایــەن کۆنگــرەوە بــە شــێوەیەکی ڕاســتەوخۆ هەڵدەبژێردرێــن و بــەم شــێوەیەن:

أ. سەرۆك.

ب. سکرتێر.

ت. لێپرسراوی ئیداری و دارایی.

ث. لێپرسراوی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن.

ج. لێپرسراوی کاروباری ڕێکخستن.

ح. لێپرسراوی پەیوەندییەکانی دەرەوە.

**جێگرەکان(الاحتیاط):**

١- جێگـری مەکتەبـی سـکرتاریەت: بریتیـن لـەو (٥) ئەندامانـەی لـە دوای مەکتەبـی سـکرتاریەتەوە دێـن بەپێـی زنجیـرەی دەنگەکان(تسلسـل الأصـوات).

٢- جێگـری ئەنجومەنـی بەڕێوەبـەری گشـتی: ئـەو ئەندامەیـە کـە لـە دوای ئەندامانـی ئەنجومەنـی بەڕێوەبـەری گشـتی لـە هـەر لقێـکدا بەپێـی زنجیـرەی دەنگـەکان دێـت.

**بەندی نۆیەم:**

دەسەڵاتی دەزگاکانی یەکێتی:

١- لێژنەی قوتابخانە یا ئامۆژگا یان کۆلێژ:

أ. سەرنجڕاکێشانی ئەندام.

ب. داواکـردن لـە لێژنـەی ناوچـە بـۆ ئاگادارکردنـەوە و دوورخسـتنەوەی ئـەو ئەندامـەی کـە سسـتی و کەمتەرخەمـی دەنوێنـێ و زیـان بـە یەکێتـی دەگەیەنـێ.

٢- لێژنەی ناوچە:

أ. ئاگادارکردنـەوە و دوورخسـتنەوەی ئـەو ئەندامـەی کەمتەرخـەم و زیانبەخشـە، بـۆ مـاوەی دوو مانـگ لەسـەر داوای لێژنـەی قوتابخانـە یـا ئامـۆژگا یـان کۆلێـژ.

ب. داواکردن لە لێژنەی لق بۆ دەرکردنی ئەندامی لادەر و سەرپێچیکەر و، ئەوانەی مەرجەکانی ئەندامەتی یەکێتی لەدەست دەدەن.

٣- لێژنەی لق:

أ. ڕاگرتنی چالاکی ئەندامانی لێژنەی قوتابخانە یا ئامۆژگا یان کۆلێژ یاخود ناوچە و، هەڵوەشاندنەوە و گۆڕینی لێژنەکانی ناوبراو ئەگەر کەمتەرخەمییان نواند.

ب. دەرکردنی ئەندام لەسەر داوای لێژنەی ناوچە.

٤- ئەنجومەنی بەڕێوەبەری گشتی :

أ. مافی دوورخستنەوەی ئەندامانی لێژنەی لق یا هەڵوەشاندنەوە یان دەستکاریکردنی لێژنەی لقی هەیە، ئەگەر کەمتەرخەمییان نواند یان لە ڕێبازی گشتی لایان دا، ئەویش

بە ڕەزامەندی دوو لەسەر سێی ئەندامەكانی و، دەبێ لە كۆنگرەشدا هۆیەكانی دوورخستنەوە یا هەڵوەشاندنەوە یان دەستكاریكردنەكە ڕوون بكرێتەوە.

ب. ڕاگرتنی چالاكی ئەندامی ئەنجومەنی بەڕێوەبەری گشتی، بە ڕەزامەندی دوو لەسەر سێی ئەندامەكانی.

**بەشی پێنجەم**

**دارایی یەكێتی**

**بەندی دەیەم:**

١- دارایی یەكێتی پێك دێت لە:

أ. ئابوونەی مانگانەی ئەندامان لە قوتابیانی ناوەندی و ئامادەیی و زانكۆ وەردەگیرێت، بە مەرجێك لە (٢٥٠) فلس كەمتر نەبێ.

ب. لەو پیتاكانەی كۆ دەكرێنەوە و ئەو یارمەتییانەی كە بۆ یەكێتی دەنێردرێن.

ت. داهاتی ئاهەنگگێڕان و چالاكیی كۆمەڵایەتی.

٢- دارایی یەكێتی لەلای ئەو دەزگا و لایەنانە دادەنرێت كە ئەنجومەنی بەڕێوەبەری گشتی بڕیاری لەسەر دەدات.

٣- چۆنیەتی خەرجكردن:

دارایی یەكێتی لەم بوارانەی خوارەوەدا خەرج دەكرێت:

أ. ئەو (مخصصات)انەی ئەنجومەنی بەڕێوەبەری گشتی و لقەكان بڕیاری لەسەر دەدات.

ب. خەرجی بارەگاكانی یەكێتی و بوارەكانی تر.

ت. یارمەتیدانی پێویست بۆ كادیرە (متفرغ)ەكان و ئەو ئەندامانەی بەهۆی نەخۆشی و بۆ تەواوكردنی خوێندن پێویست دەبن و بەپێی بڕیاری ئەنجومەنی بەڕێوەبەری گشتی دیاری دەكرێت.

ث. بۆ هاتوچۆی نوێنەرانی یەكێتی بە ئیشوكاری تایبەت بە یەكێتییەوە لە ناوەوە و دەرەوەی وڵاتدا.

**بەشی شەشەم:**

**بەندی یازدەهەم:**

یەکێتـی قوتابیانـی کوردسـتانی عێـراق، نوێنـەری گشـت قوتابیانـی کوردسـتانی عێراقـە و لەپێنـاو جێبەجێکردنـی بڕیارەکانـی (لێژنـەی بـاڵای هـاوکاری نێـوان ڕێکخـراوە دیموکراتییەکانـی قوتابیـان و لاوانـی کوردسـتان و عێـراق) تـێ دەکۆشـێت، سـەبارەت بـە پەیوەنـدی نێـوان ئـەو یەکێتییانـەی ئەندامـن لـەم لێژنەیـە، کـە نوێنـەری ڕاسـتەقینەی بزووتنـەوەی قوتابیـان و لاوانـی کوردسـتان و عێراقـە. هەروەهـا هاوکاریکـردن لـە نێـوان یەکێتییەکانـدا لـە هەمـوو بوارێکـدا بـەو شـێوەیە دەکرێـت کـە یەکێتـی بزوتنـەوەی قوتابیانـی کوردسـتان و عێـراق پێـی پتـەو و چەسـپاوتر بێـت.

**بەندی دوازدەهەم:**

مەکتەبـی سـکرتاریەت مافـی ئـەوەی هەیـە ئامـۆژگاری و ئاگادارکردنـەوە دەربـکات بـۆ ئەنجامـدان و شـیکردنەوەی بەندەکانـی پرۆگـرام و پەیـڕەوی ناوخـۆی یەکێتـی.

## بەلاغی یەکەمین کۆنفرانسی هاوبەشی هەردوو یەکێتی قوتابیان و لاوانی دیموکراتی کوردستان

لە بەیانی ڕۆژی ١٩٨٦/٨/٢٨دا و لە ژێر دروشمی (بەرەو یەکگرتن بۆ ڕووخاندنی ڕژێم و کۆتاییهێنان بە شەڕ تا بتوانین بە ئاشتی و دیموکراسی بخوێنین)، نزیکەی هەشتا قوتابی و لاو، نوێنەرانی لقەکانی ئاوارە ـ دهۆك و نەینەوا ـ کەرکوك ـ هەولێر ـ سلێمانی لە هەردوو یەکێتی قوتابیان و لاوانی دیموکراتی کوردستانی عێراق، لەگەڵ نوێنەرانی مەکتەبی سیاسی پارتی و کۆمەڵێك لە میوانەکانی کۆنفرانس، لەلایەن یەکێتی ئافرەتانی کوردستانی عێراق و نوێنەرانی ڕزگاری / سکرتاریەتی ئەوروپا و نوێنەرانی لقی دووی تێکۆشەری پارتی دیموکراتی کوردستان، یەکەمین کۆنفرانسی هاوبەشی هەردوو یەکێتی قوتابیان و لاوانی دیموکراتی کوردستان لە ناوچەیەکی ڕزگارکراوی کوردستانی عێراقدا بەسترا.

پاش وەستانی دەقیقەیەك ڕێزگرتن بۆ گیانی پاکی شەهیدانی بزووتنەوەی هەردوو یەکێتییەکە و تەواوی شەهیدانی کوردستان و عێراق و سەروەری شەهیدانمان بارزانی نەمر، بەشداربووانی کۆنفرانس هاودەنگ سرودی (ئەی ڕەقیب)یان خوێندەوە.

دوای ئەوە نۆرەی پێشکەشکردنی نامەی پیرۆزبایی و وتارەکان هات کە نامەی سەرۆکی پارتی هەڤاڵی تێکۆشەر مەسعود بارزانی لە سەرەتا خوێندرایەوە، تێیدا دەستی تفەنگ و پێنووسی پیرۆزی قوتابیان و لاوان دەگوشی و داوای سەرکەوتنی کۆنفرانس دەکات کە بڕیارەکانی لە بەرژەوەندیی گەل و وڵات و لە ئاستی ئەم قۆناغە مێژووییەدا بن کە میللەتەکەمان پێیدا تێدەپەڕێت.

ئینجا وتاری یەکێتی ئافرەتانی کوردستان لەلایەن خوشکێکی تێکۆشەرەوە پێشکەش کرا، کە پشتیوانی خۆیان تێیدا دەربڕیوە بۆئەوەی کۆنفرانسەکە مەرامەکانی قوتابیان و لاوان جێبەجێ بکات بۆ بەرەو گەیشتن بەیەك ئامانج لە ژێر سەرکردایەتییەکی هاوبەشدا.

دوای ئەوە نامەکانی پیرۆزبایی (کوك) و (ڕزگاری) کوردستانی تورکیا خوێندرانەوە کە تیایاندا داکۆکی کراوەتە سەر بارودۆخی ئێستای کوردستان و ناوچە، کە دوژمنانی گەلی کورد بە هەموو شێوەیەك هێرش دەکەنە سەر بزووتنەوەی کوردایەتی.

پاشان وتاری مەکتەبی سیاسی کۆمیتەی ناوەندی پارتی دیموکراتی کوردستان لەلایەن

ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی بەڕێزەوە پێشکەش کرا، تێیدا ئەرکەکانی قۆناغی داهاتووی هەردوو یەکێتییەکە دەستنیشان کرد.

وتــاری لقــی دووی تێکۆشــەری پارتــی لەلایــەن هەڤــاڵ لێپــرسراوی لقــی دووەوە خوێندرایــەوە و دوای ئــەو وتــاری لێژنــەی ســەرکردایەتی قوتابیــان و لاوانــی هەولێــر لەلایــەن لێپــرسراوی لێژنەکەیــەوە پێشــکەش کــرا.

دوا وتــاری کردنــەوەی کۆنفرانــس ڕاپۆرتــی سیاســی لێژنــەی ســەرکردایەتی یەکێتییــە جەماوەرییــە کوردســتانییەکان بــوو، لــە ڕاپۆرتەکــەدا ئــەم بابەتانــە هاتبــوون: ســەرەتایەکی پێویســت وەك شــیکردنەوەیەك بــۆ بارودۆخــی کوردســتان و عێــراق و ڕۆژهەڵاتــی ناوەڕاســت و جیهــان، دەوری قوتابیــان و لاوانــی جیهــان لــە خەباتــی گەلانــدا، بارودۆخــی ئێســتای عێــراق، ڕێکخــراوەکان و دەوریــان لــە هــەردوو شۆڕشــی ئەیلــوول و گوڵانــدا، نوێکردنــەوەی ڕێکخســتنی ڕێکخــراوەکان، ڕەنگدانــەوەی شــەڕی عێــراق و ئێــران بــۆ ســەر ڕێکخــراوەکان، ڕاپەڕینەکانــی ١٩٨٢ و ١٩٨٤ی خوێنــدکاران، هەڵوێســتێکی نابەجــێ، کاری هاوبــەش، ڕۆڵــی ڕێکخراوەکانــی ســەر بــە ڕژێــم، قەڵاچۆکردنــی خوێنــدن، ئەنجــا هەڵکەوتێکــی مێژوویــی لەگــەڵ ئەرکەکانــی ئــەم قۆناغەمــان.

لــە دووەم دانیشــتنی کۆنفرانســەکەدا ســەرەتا لێژنەیەکــی سەرپەرشــتی هەڵبژێــردرا و ڕاپۆرتــی ڕێکخســتن خوێندرایــەوە کــە لەلایــەن لێژنــەی ســەرکردایەتی یەکێتییەکانــەوە ئامــادە کرابــوو. پــاش گفتوگۆیەکــی دووردرێــژ لەســەری پەســەند کــرا. هەروەهــا چەنــد لێژنەیەکــی تــر هەڵبژێــردران بــۆ دیراســەتی پــڕۆژەی پەیــڕەو پڕۆگرامــی هــەردوو یەکێتــی و بــۆ پێشــنیاز و ســڵاو و پەیامــی کۆنفرانــس بــۆ لایەنــە دۆســتەکان.

لــە ســێیەم دانیشــتندا کۆنفرانــس لەســەر بڕیــار و ســڵاونامە و نــازا یــی دەربڕیــن دوا و بــە چەپڵەڕێزانــەوە پەســەند کــران. لــە چــوارەم دانیشتنیشــدا دیراســەتی پــڕۆژەی پەیــڕەو پڕۆگرامــی هــەردوو یەکێتــی کــران و پــاش دەســتکاریکردنی چەنــد بەنــد و خــاڵ و بڕگەیــەك لەلایــەن نوێنەرانــەوە پەســەند کــران.

لــە دوا دانیشــتندا کــە ســەر لەبەیانــی ڕۆژی ١٩٨٦/٨/٣٠دا بــوو، دەســت کــرا بــە

هەڵبژاردنێكـی دیموكراتییانـە و برایانـە و لـە (٧٧) نوێنـەر (١٥) كـەس بـۆ كۆمیتـەی ڕاپەڕاندنـی هاوبەشـی هـەردوو یەكێتـی هەڵبژێـردران كـە یەكێكیـان خوشـكێكی تێكۆشـەرە.

لـە پـاش تەواوبوونـی خشـتەی كاروبـاری كۆنفرانـس نوێنـەران داوایـان كـرد كـە بـە وتـاری نوێنـەری مەكتەبـی سیاسـی بەڕێـزی پارتـی كۆتایـی بـە كۆنفرانسـەكە بێـت و ئـەم داخوازییـە پەسـەند كـرا و ئینجـا بـە سروودی ئـەی قیـب شـوێنی كۆنفرانسـەكەیان بـە دڵێكـی گـەرم و گیانێكـی پـڕ لـە نیشـتمانپەروەری و دڵسـۆزیی و ڕووخۆشـی و سـووربوون لەسـەر درێـژەدان بـە خەبـات تـا بەدیهێنانـی ئەركـە پیرۆزەكانـی كۆنفرانـس خوداحافیزییـان لـە یەكـتر كـرد.

شـایانی باسـە ڕۆژی بەسـتنی كۆنفرانـس ١٩٨٦/٨/٢٥ بـوو، بـەڵام لەبـەر دواكەوتنـی نوێنەرانـی لقـی دهـۆك و نەینـەوا و ڕێكخـراوی بـزاڤ، بـۆ مـاوەی سـێ ڕۆژ بـە بەرنامـەی ڕۆشـنبیری و هونـەری كاری هـەرەوەزی و وەرزشـی زۆر بـاش سـوود لـێ وەرگیـرا. لـە كاتـی گەیشـتنی ئـەم نوێنەرانـە زۆر بـە گەرمـی و بـە سرودی شۆڕشـگێڕی پێشـوازییان لـێ كـرا و ئەوانیـش بـە نـۆرەی خۆیـان بـەدەم سروودگوتنـەوە گەیشـتنە نـاو هەڤاڵانیـان و ئەوەبـوو پاشـان كۆنفرانسـەكە دەسـتی كـرد بـە ئیشـوكاری خـۆی ئەمانـەش چەنـد دروشـمێكی كۆنفرانسـەكە بـوون:

- نەمـری و سـەروەری بـۆ شـەهیدانی بزووتنـەوەی شۆڕشـگێڕی قوتابیـان و لاوانـی دیموكراتـی كوردسـتان و گشـت شـەهیدانی بزووتنـەوەی گەلەكەمـان و جووڵانـەوەی نیشـتمانی عێراقـی.
- دەبـا زیاتـر ڕیزەكانـی خۆمـان ڕێـك بخەیـن و باشـتر یـەك بگریـن بـۆ ڕووخاندنـی ڕژێمـی فاشـی بەغـدا و لەپێنـاو دیموكراتیـەت بـۆ عێـراق و ئۆتۆنۆمـی ڕاسـتەقینە بـۆ كوردسـتان.
- بـەرەو پتەوكردنـی هـاوكاری و هاوپەیمانێتـی نێـوان ڕێكخراوەكانـی قوتابیـان و لاوانـی دیموكراتـی كوردسـتان و سەرانسـەری عێـراق لەپێنـاو زیاتـر پتەوكردنـی برایەتـی تێكۆشـەرانەی كـورد و عـەرەب و كەمایەتییەكانـی بـرا.

- نـا بـۆ فاشـیزم... نـا بـۆ دیکتاتۆریـەت و شـەڕ. بەڵـێ بـۆ دیموکراسـی... بەڵـێ بـۆ ئاشـتی و ئاسـوودەیی.
- خەباتــی ئافرەتــی کــورد نیشــانەی ســەربەرزی نەتــەوە کۆڵنەدەرەکەمانــە. دەبــا زیاتــر هــاوکار بیــن لەگــەڵ یەکێتییــە تێکۆشــەرەکەیان یەکێتــی ئافرەتانــی کوردســتان ـ عێــراق.

ئەمە و زۆر دروشمی تری گرنگ و پڕ مانا لە شوێنەکەی کۆنفرانسەکەدا هەڵواسرابوون.

سکرتاریەتی هاوبەشی هەردوو یەکێتی

قوتابیان و لاوانی دیموکراتی کوردستان

١٩٨٦/٨/٣١

## کۆنگرەی هەشتەم - کۆنگرەی «ئازادیی» یەکێتی قوتابیانی کوردستان

## هەولێر - ١٩٩٣

خەبـاتی چەکـداری و ڕۆشـنبیری نەپسـاوەی چیـن و توێـژە جیـاوازەکانی باشـووری کوردسـتان، لـە سـاڵی ١٩٣١ەوە، سـەرەڕای هەڵکشـان و داکشـانەکان، سـەرەنجام ڕاپەڕینـی بەهـاری سـاڵی ١٩٩١و ئـازادی هەرێمـی کوردسـتانی لـێ سـەوز بـوو. ڕێکخـراوی یەکێتـی قوتابیانـی کوردسـتانیش، هـەر لـە سـەرەتای دامەزراندنیـەوە لـە سـاڵی ١٩٥٣، تـا بەهـاری سـاڵی ١٩٩١، سـەرباری تـەواوی ئاسـتەنگ و سـەختییەکان، بـەش بـە حاڵـی خۆیـان، بـۆ سـاتێکیش لەپێنـاو گەیانـدنی گـەلی کـورد بـەم کەنـارە ئارامـە لـە تێکۆشـان درێغییـان نەکرد.

نێـوانی کۆنگـرەی حەوتـەم و هەشـتەمی یەکێتـی قوتابیـانی کوردسـتان زیاتر لە ٢١ سـاڵی خایەنـد، لـەو ماوەیەدا گۆڕانکاری زۆر بەسـەر ڕێکخسـتن و پەیکـەری ڕیکخراوەکەدا هات و چەنـد کۆنفرانسـێک لە چەنـد ماوەیەکی جیاوازدا بۆ ڕێکخسـتنەوەیان ئەنجامـدار، بۆئەوەی بـە باشـترین شـێوە ڕیکخراوەکـە لەگـەڵ پێشـهاتە ناوخۆیـی و هەرێمییـەکان بگونجێندرێت کـە دواییـن گۆڕانـکاری و گرینگترینیـان ڕاپەڕینـی بەهـاری سـاڵی ١٩٩١ بـوو. دوای ڕاپەڕیـن و سـەقامگیربوونی بـارودۆخ لـە هەرێمی کوردسـتان، سـاڵی ١٩٩٣ پارتی دیموکراتی کوردسـتان کۆنگـرەی یازدەیەمینـی خـۆی بەسـت و هەڵبژاردنـی ئەنجوومەنـی نیشـتمانی کوردسـتان ئەنجامـدرا، ئەوەبـوو یەکێتـی قوتابیـانی کوردسـتانیش بڕیـاری بەسـتنی کۆنگـرەی خۆیان دا. بەتایبەتیـش دوای سـازدانی کۆنگـرەی یەکگرتنـی پارتـی دیموکراتی کوردسـتان کـە دەبووایە گشـت ڕێکخـراوە جەماوەرییـەکان و لایەنـە یەکگرتـووەکان جارێکـی دیکـە ڕێکبخرێنـەوە.

لــە کۆبوونــەوەی شەشــەمی یەکێتــی قوتابیــان و لاوانــی دیموکراتــی کوردســتاندا، لـە ڕێکەوتـی ١٠ی ئـاداری ١٩٩٣ لـە بـارەگای سـکرتاریەتی یەکێتـی قوتابیـانی کوردسـتان لــە باڵەخانــەی شــیراتۆنی شــاری هەولێــر، بڕیــاری ســازدانی «کۆنگــرەی ئــازادی» درا و بڕیاریشـدرا ١٣ ئەنـدام لـە سـەرجەم لقـەکان زیادبکرێنـە سـەر میلاکـی لێژنـەی ڕاپەڕانـدن کـە لەمانـەی خـوارەوە پێکهاتبـوون:

١- لوقمان ئیسماعیل و بەشار حەمید- لقی دهۆك ـ نەینەوا.

٢- ڕێبەر ئەحمەد خالید و خانزاد ئەحمەد عەبد- لقی هەولێر.

٣- ئارام محەمەد عەبدوڵا، ئەرکان تەحسین سادق و جەلال محەمەد- لقی سلێمانی.

٤- عومەر شەریف و سەلام حسێن عەبدوڵا- لقی کەرکووک.

٥- ساسان عەونی و مستەفا سەلیم حەمەدەمین- لێژنەی زانکۆی سەڵاحەدین.

٦- گوهدار ئیسماعیل- بارەگای مەکتەبی سکرتاریەت[١].

**مەکتەبی سکرتاریەت لەدوای ڕاپەڕین بەم شێوەیە بوو:**

١- عەبدوڵا خەلۆ عەلی- سکرتێر.

٢- ڕەفعەت سەعید محەمەدئەمین- ئەندامی مەکتەبی سکرتاریەت.

٣- فریاد شەفیع محەمەد، ناسراو بە فریاد بارزانی- ئەندامی مەکتەبی سکرتاریەت.

٤- عادل عەلی، ناسراو بە عادل بۆتانی- ئەندامی مەکتەبی سکرتاریەت.

٥- کوردستان پیرداود قادر- ئەندامی مەکتەبی سکرتاریەت.

٦- ئیبراهیم مستەفا محەمەد- ئەندامی مەکتەبی سکرتاریەت.

٧- حاجی عەبدولڕەحمان دەروێش- ئەندامی مەکتەبی سکرتاریەت.

٨- دژوار فایق- ئەندامی مەکتەبی سکرتاریەت[٢].

**هەروەها بەرپرسی لقەکان بە شێوەی خوارەوە بوو:**

١- ڕێبەر ئەحمەد خالید- بەرپرسی لقی هەولێر.

٢- حاجی عەبدولڕەحمان- بەرپرسی لقی سلێمانی.

٣- ئازاد فایق غەفور، ناسراو بە دژوار فایق- بەرپرسی لقی کەرکووک.

٤- ئیبراهیم ئیسماعیل- بەرپرسی لقی ئاوارە.

٥- ئیبراهیم مستەفا محەمەد- بەرپرسی لقی دهۆك ـ نەینەوا[٣].

دوای ئەم گۆڕانکارییانە و لەسەر بنەمای بڕیارەکانی سەرەوە، لە ڕێکەوتی ١٦ - ٢٠ی تشترینی یەکەمی ١٩٩٣، (کۆنگرەی ئازادی)، لە هوڵی زەرد لە شاری

هەولێــری پایتەختــی هەرێمــی کوردســتان، بــە ئامادەبونــی ٧٩٣ نوێنــەر و بــە دروشــمی (زانســت - ئاشــتی - ئاوەدانکرنــەوە)، بــە ئامادەبوونــی ســەرۆك مەســعود بارزانــی، ســاز درا و تێیــدا ســەرۆك مەســعود بارزانــی، نوێنــەری مەکتەبــی سیاســی، وەزیــری پــەروەردە و ســەرۆکی زانکــۆی ســەلاحەدین وتاریــان پێشــکەش کــرد[٤].

نوێنەرانــی کۆنگــرە بەســەر قوتابیــان و لاوانــدا دابــەش بــوون، بــۆ هەڵبژاردنــی دوو ڕێکخــراو، ســەبارەت بــە یەکێتــی قوتابیانــی کوردســتان، ئەمانــەی خــوارەوە بــۆ لێژنــەی ڕاپەڕانــدن هەڵبژێــردران:

١- ساسان عوسمان عەونی- سکرتێر.

٢- هەنگاو عەبدوڵاخان- بەرپرسی بەشی پەیوەندییەکان.

٣- نازم ڕەشید- بەشی پەیوەندییەکان.

٤- گوهدار ئیسماعیل- بەرپرسی بەشی ڕاگەیاندن.

٥- ڕێبەر ئەحمەد خالید- بەرپرسی لقی هەولێر.

٦- ئەمین عوسمان- بەرپرسی لقی سلێمانی.

٧- عەلی عەونی نیعمەت- بەشی ڕاگەیاندن.

٨- تاڤگە عومەر ڕەشید- بەشی ڕاگەیاندن.

٩- مستەفا سەلیم- بەرپرسی بەشی ڕێکخستن.

١٠- شاکر ئەبوبەکر عەزیز- بەشی ڕێکخستن.

١١- فارس عومەر- بەرپرسی لقی دهۆك ـ نەینەوا.

١٢- شنۆ ئەمین مەنسور- بەرپرسی لقی کەرکووك.

١٣- فەریق سلێمان هەرنی- بەرپرسی بەشی دارایی.

١٤- دڵشاد شەهاب- بەرپرسی لێژنەی زانکۆی سەڵاحەدین.

١٥- تاریق جەعفەر فەیلی- بەشی ڕێکخستن[٥].

**یەدەگی لێژنەی ڕاپەڕاندن:**

١- عەبدوڵا مەجید.

٢- ئەرشەد حیتۆ، ناسراو بە ئەرشەد بالتە.

٣- بەشار حەمید[٦].

سەرجەم لقەکانی یەکێتی قوتابیان بریتی بوون لە لقی هەولێر، لقی کەرکووک، لقی سلێمانی، لقی دهۆك - نەینەوا. لە ١٨ی ئابی ١٩٩٣ بڕیاری کردنەوەی لقی زانکۆی سەڵاحەدین، لە ١ی شوباتی ١٩٩٦ بڕیاری لقی ئاکرێ، لە ١ی شوباتی ١٩٩٦ بڕیاری لقی سۆران درا[٧].

لە ڕێکەوتی ٢٣ی تشرینی یەکەمی ١٩٩٣، لە شاری هەولێر، بە ئامادەبوونی گشت ئەندامانی لێژنەی ڕاپەڕاندن، ئەندامانی مەکتەبی سکرتاریەت بەم شێوەیە هەڵبژێردران و لە نێو ئەندامانی مەکتەبی سکرتاریەتیشدا، سکرتێر هەڵبژێردرا:

١- ساسان عوسمان عەونی- سکرتێر.

٢- هەنگاو عەبدوڵاخان- ئەندامی مەکتەبی سکرتاریەت و بەرپرسی بەشی پەیوەندییەکان.

٣- گوهدار ئیسماعیل- ئەندامی مەکتەبی سکرتاریەت و بەرپرسی بەشی ڕاگەیاندن.

٤- مستەفا سەلیم- ئەندامی مەکتەبی سکرتاریەت و بەرپرسی بەشی ڕێکخستن.

٥- فەریق سلێمان- ناسراو بە فەریق هەرنی، ئەندامی مەکتەبی سکرتاریەت و بەرپرسی بەشی دارایی[٨].

**لە دوای «کۆنگرەی ئازادی»یەوە، یەکەمین بەرپرسی لقەکان بە شێوەی خوارەوە بووە:**

١- فارس عومەر، ناسراو بە فارس بەرواری- بەرپرسی لقی دهۆك ـ نەینەوا.

٢- ڕێبەر ئەحمەد خالید- بەرپرسی لقی هەولێر.

٣- شنۆ ئەمین مەنسور- بەرپرسی لقی کەرکووک، لە مێژووی یەکێتی قوتابیانی

کوردســتان، بــە یەکــەم ئافــرەت دادەنــرێ، بووبێتــە بەرپــرسی لــق.

٤- ئەمین عوسمان- بەرپرسی لقی سلێمانی.

٥- شەعبان ئەحمەد- بەرپرسی لقی ئاکرێ.

٦- فەیسەڵ سادق تۆفیق- بەرپرسی لقی سۆران[٩].

## سەرچاوە و پەراوێز

١- عرفان عەزیز عەزیز، کۆنگرە و کۆنفرانسەکانی یەکێتی قوتابیانی کوردستان، چاپی یەکەم، (هەولێر - چاپخانەی ڕۆژهەڵات-٢٠١٢)، ل ١٠٤.

٢- ساسان عەونی، یەکێتی قوتابیانی کوردستان چەند لایەنێکی تێکۆشان و مێژوو، (هەولێر - چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە- ١٩٩٨)، ل ل ١٧٥-١٧٦.

٣- هەمان سەرچاوە، ل ١٧٧.

٤- کۆنگرەی ئازادی دەست بە کاروباری خۆی دەکات، ڕۆژنامەی برایەتی، ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستان ـ یەکگرتوو، ژمارە ١٧٧٢، هەولێر، یەکشەمە، ١٧ی تشرینی یەکەمی ١٩٩٣ز، ل ل ١، ٤.

٥- لوقمان غەریب، شەهید حاجی عەبدولڕەحمان قۆناغێکی پڕ بەخشش لە مێژووی بزاڤی قوتابیان و لاوانی کوردستان، (هەولێر ـ چاپخانەی ڕۆشنبیریی ـ ٢٠٠٣ز)، ل ١٦٥.

٦- عرفان عەزیز، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٠٩.

٧- هەمان سەرچاوە، ل ل ١٠٩-١١٧.

٨- ڕاگەیەنراوی کۆتایی یەکەمین کۆبوونەوەی لێژنەی ڕاپەڕاندنی یەکێتی قوتابیانی کوردستان، ڕۆژنامەی پێشکەوتن، ئۆرگانی یەکێتی قوتابیان و لاوانی دیموکراتی کوردستان، ژمارە ٤٨، هەولێر، تشرینی دووەمی ١٩٩٣ز، ل ٣.

٩- ساسان عەونی، سەرچاوەی پێشو، ل ل ١٩٣ـ ١٩٤، ٢٣٤، ٢٣٤، ٢٤٠ ـ ٢٤١.

# پرۆگرام و پەیڕەوی ناوخۆ پەسەندکراوی کۆنگرەی هەشتەمی(ی.ق.ك)

## ١٩٩٣

**(زانست - ئاشتی - ئاوەدانکردنەوە)**

## پرۆگرام

١- نـاوی ڕێکخـراو: یەکێتـی قوتابیانـی کوردسـتان ـ عێـراق، بەپیتەکانـی (ی. ق. ك. ع) هێـمای بـۆ دەکرێـت.

٢- سـنووری کارکردنـی لـە هەرێمـی کوردسـتاندایە و بەپێـی پێویسـت لێژنـەی ڕاپەڕانـدن بـۆی هەیـە لـق لـە هەمـوو ناوچەکانـی کۆمـاری عێـراق و دەرەوە بکاتـەوە.

٣- یەکێتـی، ڕێکخراوێکـی نیشـتمانی دیموکراتـی پێشـکەوتوخوازی شۆڕشـگێڕانەی قوتابیانــە، لــە پێنــاو بەدەســتهێنان و پاراســتنی مــاف و بەرژەونــدی و ئامانجەکانــی قوتابیانـی کوردسـتان بـە تایبەتـی و ئامانجەکانـی قوتابیانـی عێـراق بـە گشـتی تـێ دەکۆشــێ. هەروەهــا شانبەشــانی هێــزە نیشــتمانپەروەر و دیموکراتــی و ڕێکخــراوە جەماوەرییــە کوردســتانی و عێراقییــەکان درێــژە بــە خەباتــی خــۆی دەدات بــۆ بەدیهێنانــی ئامانــج و ئاواتەکانــی جەمــاوەری کوردســتان و عێــراق.

**یەکێتی لە پێناو ئەم ئامانجانە تێدەکوشێ:**

**لەسەر ئاستی نیشتمانی:**

١- پشـتگیریکردنی پەرلەمـان و حکومەتـی فیدراڵـی هەرێمـی کوردسـتان و پاڵپشـتیکردنی بـەرەی کوردسـتانی عێـراق و هاوکاریکردنـی کۆنگـرەی نیشـتمانی عێراقـی یەکگرتـوو، بـۆ بەدیهێنانـی بەرنامـە و ئامانجەکانـی کـە بریتیـن لـە دامەزراندنـی سیسـتەمێکی دیموکراتــی فیــدراڵ و فــرە بیروبــاوەڕ و داننــان بــە فیدراڵیــەت و زامنکردنــی بــۆ کوردسـتان لـە عێراقێکـی دیموکراتـی و یەکگرتـوودا و داننـان بـە مافـی وای کەمـە نەتەوایەتییـەکان بـە جۆرێـك کـە دەبێتـە مایـەی بەهێزکردنـی تێکۆشـانی هاوبەشـی نێـوان گەلـی کـورد و عـەرەب و تـەواوی کەمـە نەتەوایەتییـەکان بـۆ جێبەجێکردنـی گۆڕانـکاری ئابـووری و سیاسـی و کۆمەڵایەتـی لـە وڵاتـدا.

٢- قوڵکردنــەوەی خەبــات لەگــەڵ ڕێکخراوەکانــی لاوان و مامۆســتایان و ئافرەتــان و گشــت ڕێکخــراوە جەماوەرییەکانــی تــری کوردســتان و عێــراق.

٣- هەوڵــدان بــۆ گەڕاندنــەوە و پێدانــی ڕەگەزنامــەی عێراقــی بــەو هاوڵاتییانــەی لێیــان سێنراوەتەوە و لــێ بێبــەش کــراون، بــە تایبەتــی کــوردی فەیلــی و گۆیــان و ئومەرییــان و بــرا ئاشــورییەکان.

٤- تێکۆشــان لــە پێنــاو نەهێشــتنی سیاســەتی بــە عــەرەب و بەعســیکردن و ڕاگوێزانــی زورەملــێ و بەرخــودان دژی بــە عەرەبکردنــی ناوچەکانــی کوردســتان کــە دەکەونــە ژێــر کونترۆلــی ڕژێمــی دیکتاتــۆرەوە.

٥- بەشداریکردن لە ئاوەدانکردنەوەی کوردستان.

٦- پشــتیوانیکردنی پەرلەمــان و حکومەتــی هەرێمــی کوردســتان و بــەرەی کوردســتانی بــۆ بەرەنگاربوونــی هەمــوو جــۆرە هەڕەشــە و دەســتدرێژیکردنە ســەر خاکــی کوردســتانی ئــازاد.

**لەسەر ئاستی قوتابیان:**

١- تێکۆشــان لــە پێناو ئاشــکراکردنی چارەنووســی ئــەو قوتابییانــەی کەوتوونەتە بەر هێرشــی ڕژێــم و تا ئێســتا چارەنووســیان نادیارە.

٢- گەڕاندنــەوەی هەمــوو ئــەو قوتابییانــەی بەهــۆی خەباتــی سیاســی و هۆیەکانــی پەیوەندیــدار بــە کردەوەکانــی ڕژێمــەوە قوتابخانەکانیــان جــێ هێشــتووە.

٣- دانپێدانانــی بڕوانامــەی قوتابیانی کوردســتان کــە لە دەرەوەی کوردســتان و عێراق وەریان گرتووە.

٤- زیادکردنی وانە بۆ فێربوونی پیتی لاتینی.

٥- بەرگریکــردن لــە مــاف و داواکانــی قوتابیانــی کوردســتان بــە تایبەتــی و قوتابیانــی عێــراق بە گشــتی.

٦- فێربــوون لــە قۆناغــی ســەرەتاییدا تەوزیمی(الزامــی) بێــت بــە شــێوەیەك کــە هەمــوو ناوچەکانــی کوردســتان بگرێتــەوە و قوتابخانــەی پێویســت بــۆ ئــەم مەبەســتە بکرێتــەوە.

٧- هەوڵدان بۆ بەخۆڕاییکردنی خوێندن لە تەواوی قۆناغەکاندا و دابینکردنی بەشە ناوخۆییەکان و ئامادەکردنی پێداویستییەکانی خوێندن و یارمەتیدانی قوتابییە هەژارەکان تاکو خوێندن تەواو دەکەن.

٨- دانانی پلانی نوێ پەروەردەیی بۆ پاککردنەوە و نەهێشتنی بیروبۆچوونە ڕەگەزپەرستایەتییەکانی ڕژێم و چاوخشاندنەوە بە پەیڕەوی فێرکردن بە تایبەتی لە بواری زانستە مرۆڤایەتییەکاندا.

٩- پەلەکردن لە دانانی پلانێکی پرۆگرامکراو بۆ ئەوەی وانەکان لە هەموو قۆناغەکانی خوێندن بە زمانی کوردی بن و ڕێزگرتنی مافی کەمە نەتەوەکان کە خوێندنیان بە زمانی زکماکی خویان بێ.

١٠- تێروتەسەلکردنی پەیڕەوی خوێندن بە گیانی کوردایەتی و دابونەریتی ڕەسەنی نەتەوەکەمان کە لەگەڵ بەرەوپێشچوونی زانستی و شارستانیەتی مرۆڤدا بگونجێت.

١١- بەلاوەنانی هەموو یاساکانی پەروەردە کە ڕژێم بۆ خزمەتی ئامانجە دوژمنکاری و ڕەگەزپەرستانەکەی خۆی دەری کردوون.

١٢- ناردنی قوتابیانی کوردستان بۆ خوێندن لە دەرەوەی وڵات بە ڕەخساندنی هەل و بەڕەچاوکردنی ڕێژەی نێوان قوتابیانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ ناوچەکانی دیکەی عێراقدا.

١٣- دامەزراندنی دەزگای تایبەت بۆ وەرگێڕانی ناوەرۆکی پەیڕەوی گشت قۆناغەکانی خوێندن بۆ سەر زمانی کوردی بە تایبەتی خوێندنی زانکۆ.

١٤- قەڵاچۆکردنی نەخوێندەواری و دانانی پلانێکی گونجاو بۆ ئەم مەبەستە.

١٥- بەهێزکردنی دۆستایەتی و هاوکاری لە نێوان گشت قوتابیانی عێراقدا و هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی ڕێگەچارەی گونجاو بۆ یەکگرتنی بزووتنەوەی قوتابیانی عێراق.

١٦- پەرەپێدانی زانکۆکانی کوردستان و هەوڵدان بۆ کردنەوەی ئامۆژگا و کۆلێژی تر و بەشەکانیان بەپێی پێویستی و خواستی بەرزکردنەوەی ئاستی زانست و ڕۆشنبیری.

١٧- هەوڵدان بۆ یەکبوونی بزوتنەوەی قوتابیانی کوردستان.

١٨- هەوڵـدان بـۆ ئامادەکردنـی کەلوپەلـی خوێنـدن و چاپکردنـی پەرتـووك، بەپێـی توانا بۆ شـکاندنی ئابڵوقە سـەپێنراوەکەی ڕژێم لەسـەر کوردسـتان.

١٩- نەهێشـتنی گوشـاری سـەر قوتابیـان لـە ئەنجامـی ئـەو بارودۆخـە ناسروشـتییەی کـە بە سـەر کوردسـتان و عێراقـدا هاتووە.

٢٠- قەدەغەکردنی هەموو جۆرە کارێکی زۆرەملێ بە قوتابیان.

٢١- هەڵبژاردنی ساڵانەی نوێنەرانی قوتابیان.

٢٢- هەوڵـدان بـۆ زەمینەخۆشـکردن لـە پێنـاو جێبەجێکردنـی سیسـتەمی نوێـی جیهانـی لـە بـواری فێرکردنـی هاوچەرخ لە کوردسـتان.

٢٣- دانپێدانــان بــەو بڕوانامانــەی کــە قوتابیــان لــە قوتابخانەکانــی ســەر بــە شۆڕشــی کوردســتان وەریــان گرتــووە.

٢٤- بایەخـدان بـە ئەنجومەنـی بـاوکان و مامۆسـتایان و قوتابیان بۆ بەشـداریکردن لە بەرەو پێشـبردنی پەروەردە و فێرکردندا.

٢٥- پاراسـتنی پیـرۆزی و سـەربەخۆیی مەڵبەندەکانی پەروەردە و فێرکـردن و قەدەغەکردنی بەکارهێنانی ئەو شـوێنانە بە مەبەسـتی سیاسـی و حیزبایەتی.

٢٦- قوتابیـان مافـی ڕادەربڕینـی ئـازاد و کۆبوونـەوە و خۆپیشـاندانیان هەیە لە شـوێنەکانی فێربـوون و دەرەوەیدا.

٢٧- قوتابیانی ئامادەییە پیشەییەکان بەشی دیاریکراویان هەبێ لە زانکۆ.

٢٨- هاندانی قوتابیانی داهێنەر و بە توانا و دابینکردنی پێویستییەکانیان.

٢٩- کردنەوەی قوتابخانە و شوێنی فێربوونی تایبەت بۆ پەککەوتەکان.

٣٠- دامەزراندنەوەی کۆڕی زانیاری کورد و هەڵدان بۆ بەدیهێنانی زمانی یەکگرتووی کوردی.

٣١- بایەخدان بە قوتابخانە پیشەییەکان و هاندانی قوتابیان بۆ ئەوەی بچنە ئەو قوتابخانانە و کادیری ناوەنجییان پەیدا بن و بەشداری لە ئاوەدانکردنەوەی کوردستان بکەن.

٣٢- بایەخدان بە فەرهەنگ و کەلەپوری کوردی و هاندانی قوتابیان بۆ پاراستنیان.

٣٣- بایەخـدان بـە پەرتووکخانـەکان، بـە دەوڵەمەندکردنیـان بـە پەرتووکـی هەمەجـۆر و هانـدان و ڕاهێنانـی قوتابیـان لەسـەر خوێندنـەوەی دەرەکـی.

**لەسەر ئاستی نەتەوەیی:**

١- بەهێزکردنی پەیوەندی و ڕێکخستنی کاروبار و هاوکاری لەگەڵ ڕێکخراوە کوردستانییەکاندا.

٢- یارمەتیدانی قوتابیانی بەشەکانی تری کوردستان کە بە هۆی خەباتی سیاسی(کوردایەتی) پەراوێز دەبن و زامنکردنی خوێندنیان لە هەرێمی کوردستانی عێراق.

٣- پشتگیریکردنی بزووتنەوەی ئازادیخوازی نەتەوەیی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستان و هاوکاریکردنیان بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانیان و هێنانەدی مافی چارەنووس.

٤- پشـتگیریکردن لـە تێکۆشـانی کۆمەڵـەی خوێندکارانـی کـورد لـە ئەوروپـا و کۆمەڵـەی قوتابیانـی کوردسـتان لـە ئەمریـکا و کەنـەدا، کـە هەردووکیـان نوێنـەری ڕاسـتەقینەی قوتابیانـی کوردسـتانن لـە سـنووری چالاکییانـدا.

**لەسەر ئاستی جیهان:**

١- تێکۆشان دژی جەنگی دوژمنکاری.

٢- تێکۆشان دژی داگیرکردن و دەستبەسەرداگرتن بە هەموو جۆرەکانیەوە.

٣- تێکۆشـان لـە پێنـاو و بڵاوبوونـەوەی دیموکراتیـەت لـە جیهانـدا و ڕێزگرتـن و پاراسـتنی مافی مـرۆڤ.

٤- هاوکاریکردنـی بزوتنـەوەی ئازادیخـوازی گـەلان و ڕێزگرتنیـان لـە پێنـاو بەدیهێنانـی خواسـتەکانیان و گوزەرانـی پـڕ لـە ئاشـتی و ئـازادی.

٥- بەهێزکردنـی پەیوەنـدی لەگـەڵ ڕێکخراوەکانـی قوتابیانـی جیهـان بـۆ چارەسـەرکردنی کێشـەی نەتەوەیـی گەلـی کـورد و پێناسـینی کێشـەکە و بەرگریکـردن لـە هەمـوو بۆنـە و چالاکییـە جیهانییەکانـدا.

٦- پتەوکردنــی پەیوەنــدی لەگــەڵ ڕێکخراوەکانــی قوتابیانــی ڕۆژهەڵاتــی ناوەڕاســت، ئەوانــەی کــە باوەڕیــان بــە ئامانجــە هاوبەشــەکانی بزوتنــەوەی قوتابیــان و مافــی چارەنووســی گەلــی کــورد هەیــە.

## پەیڕەوی ناوخۆ

**بەندی یەکەم:**

یەکێتی قوتابیانی کوردستان ـ عێراق لەو قوتابیانە پێك دێت کە بڕوایان بە پڕۆگرام و پەیڕەوی ناوخۆی هێناوە و بەڵێنیان داوە کە بە دڵسۆزییەوە تێ بکۆشن لە پێناو وەدیهێنانی ئامانجەکانی یەکێتیدا.

**بەندی دووەم:**

ئەندامێتی

ئەندامانی یەکێتی لە قوتابیانی گشت قۆناغەکانی خوێندن جگە لە قوتابیانی سەرەتایی و کۆلێژەکانی سەربازی و پۆلیس پێك دێت.

١- مەرجەکانی ئەندامێتی:

هەر قوتابیەك ئەو مەرجانەی خوارەوەی تێدا بێت و لەلایەن دوو ئەندامی یەکێتییەوە تەزکیە بکرێت مافی ئەوەی هەیە بێت بە ئەندام لە دوای ئەوەی فۆرمی ئەندامێتی پڕ بکاتەوە:

أ. دەبێ خاوەنوشت و ناوبانگی چاك بێت و بە ڕاستگویی ناسراو بێت.

ب. بڕوای تەواوی بە پڕۆگرام و پەیڕەوی ناوخۆی یەکێتی هەبێت و خەبات بکات لە پێناو وەدیهێنانی ئامانجەکانیدا.

ت. لە یەکێك لە ڕێکخستنەکانی یەکێتیدا خەبات بکات و ڕاسپاردە و فەرمانەکانی ئەنجام بدات.

ث. ئابوونەی مانگانە بدات.

٢- ئەرکەکانی ئەندام:

أ. ئامانج و بیروباوەڕی یەکێتی بڵاو بکاتەوە و ئەندامی نوێ بێنێتە ڕیزەوە.

ب. دیسپلین و نهێنییەکانی یەکێتی بپارێزێت.

ت. بەرگری لە سیاسەت و یەکگرتنی ڕیزەکانی یەکێتی بکات.

ث. بەشداری لە چالاکییە هەمە جۆرەکانی یەکێتیدا بکات.

ج. هەوڵ بدات بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی ڕۆشنبیری و زانستی خۆی.

٣- مافەکانی ئەندامێتی:

أ. ئەندام لە سنووری چالاکی خۆیدا مافی ڕەخنە و ڕەخنە لەخۆگرتنی هەیە.

ب. مافـی ئـەوەی هەیـە هەڵبژێـرێ و هەڵبژێـردرێ لـە مەڵبەنـدە جۆربەجۆرەکانـی یەکێتیـدا.

ت. لـە دوای تەواوکردنـی خوێندنـی بـۆ مـاوەی خولێکـی هەڵبـژاردن مافـی ئـەوەی هەیـە لـە ڕیزەکانـی یەکێتیـدا بمێنێتـەوە.

ث. داوای یارمەتی بکات لە کاتی پێویستیدا.

**بەندی سێیەم:**

لێژنەکانی یەکێتی:

أ. شـانە: بچوکتریـن یەکـەی ڕێکخسـتنە لـە گشـت قۆناغەکانـی خوێندنـدا، و لـە (٣ بـۆ ٢٥) ئەنـدام پێـك دێـت.

ب. (قوتابخانـە، پەیمانـگا، کۆلێـژ) لەلایـەن ئەندامانـەوە هەڵدەبژێردرێـن و ئەرکـی سەرپەرشـتیکردنی یەکێتـی لـە (قوتابخانـە، پەیمانـگا، کۆلێـژ)ەکان دەگرنـە ئەسـتۆ و تـێ دەکۆشـێ بـۆ فراوانکـردن و بەهێزکردنـی ڕیزەکانـی ڕێکخسـتن و جێبەجێکردنـی ئەرکەکانـی یەکێتـی و ئەنجامدانـی فەرمانەکانـی لێژنەکانـی باڵاتـر و چارەسـەرکردنی گیروگرفتەکانـی قوتابیـان لـە (قوتابخانـە، پەیمانـگا، کۆلێـژ)دا و لـە (٥ بـۆ ٧) ئەنـدام پێـك دێـت.

ت. لێژنـەی ناوچـە: لـە (٥ ـ ٧) ئەنـدام پێـك دێـت بـۆ سەرپەرشـتیکردنی بزووتنـەوەی قوتابیـان لـە سـنووری چالاکیـی خۆیـدا و گشـت لێپرسراوانـی لێژنـەی (قوتابخانـە ـ پەیمانـگا ـ کۆلێـژ)ەکان دەبنـە ئەنـدام ناوچـە.

ث. لێژنـەی لـق: لـە (٥ بـۆ ٧) ئەنـدام پێك دێـت لـە ڕێـگای هەڵبژاردنـی کۆنفرانسـی خۆجێییەتـی (محلـی) لـق و هەمـوو لێپـرسراوی ناوچـەکان ئەنـدام لقـن.

لێپــرسراوی لقــەکان بــە شــێوەی ناوەنــدی لەلایــەن لێژنــەی ڕاپەڕانــدن دەستنیشــان دەکرێــن. لێژنــەی لــق مانگــی جارێــك كــۆ دەبێتــەوە و مافــی هەیــە بڵاوكــراوەی خولــی(دەوری) دەربــكات بــە مەرجێــك لەگــەڵ سیاســەتی گشــتی یەکێتیــدا بگۆنجێــت.

**بەندی چوارەم:**

دەزگاکانی سەرکردایەتی کردن و ئەرکەکانیان:

**١- کۆنگرە:**

بەرزترین دەسەڵاتە لە یەکێتیدا و پێك دێت لە:

أ. ئەندامانی لێژنەی ڕاپەڕاندن.

ب. یەدەگەکان(الاحتیاط).

ت. هەڵبژاردراوەکانی لقەکان بەپێی ڕێژەی دیاریکراو لەلایەن لێژنەی ڕاپەڕاندن.

کۆنگرە دوو ساڵ جارێك دەبەسترێت و دەسەڵاتی ئەوەی هەیە پڕۆگرام و پەیڕەوەی ناوخۆی یەکێتی بگۆڕێ یا دەستکاری تێدا بکات و لێژنەی ڕاپەڕاندن بە دەنگدانی نهێنی و ڕاستەوخۆ هەڵبژێرێت. هەروەها کۆنگرە تاکە دەسەڵاتە کە دەتوانێت لە دوای پەسەندکردنی (٤ بۆ ٥)ی ئەندامانیەوە بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی یەکێتی یان تێکەڵبوونی بە ڕێکخراوێکی دیکەی قوتابیان بکات و هەروەها بڕیاری پاکۆکردن (تسویە)ی دارایی بدات بۆ ئەو لایەنەی ئامانجەکانی لەگەڵ (یەکێتی قوتابیانی کوردستان) دەگونجێن یان لێی نزیکن.

**٢- کۆنفرانس:**

کۆبوونەوەیەکــی فراوانــە لــە کاتێکــدا دەبەســترێت کــە نەتوانــرێ کۆنگــرە ببەســترێ و گشــت دەســەڵاتێکی کۆنگــرەی هەیــە جگــە لــە گۆڕیــن و دەســتکاریکردنی پڕۆگــرام و پەیــڕەوی ناوخــۆی یەکێتــی و لابردنــی زیاتــر لــە نیــوەی ئەندامانــی لێژنــەی ڕاپەڕانــدن و گۆڕینــی دروشــم و ئارمــی یەکێتــی.

**کۆنفرانس پێك دێت لە:**

أ. ئەندامانی لێژنەی ڕاپەڕاندن.

ب. ئەندامانی یەدەگی لێژنەی ڕاپەڕاندن.

ت. ئەندامانی مەکتەبی سکرتاریەت.

ث. نوێنەرانی لێژنەی لقەکان.

ج. ئەندامانی پێشکەوتووی یەکێتی.

**٣- لێژنەی ڕاپەڕاندن:**

هەڵدەستێ بە ئەرکی سەرکردایەتیکردنی بزوتنەوە و سەرپەرشتی چالاکییەکانی یەکێتی و ئاراستەکردنیان. بڕیارەکانی کۆنگرە بەجێ دەگەیەنێت و ئامانجەکانی جێبەجێ دەکات و چاودێری گشت لێژنەکان دەکات سەبارەت بە ڕاپەڕاندنی فەرمان و ئەرکەکانیان، لە (١٥) ئەندام و (٣) یەدەگ پێك دێت و سێ مانگ جارێك کۆ دەبێتەوە یان لەسەر داوای (دوو لەسەر سێ)ی ئەندامانی، هەروەها لێژنەی ڕاپەڕاندن نائاسایش کۆ دەبێتەوە.

**٤- مەکتەبی سکرتاریەت:**

لە (٥) ئەندام پێك دێت. لە نێوان دوو کۆبونەوەی لێژنەی ڕاپەڕاندندا ڕاستەوخۆ هەڵدەبژێردرێن بەم شێوەی خوارەوە:

أ. سکرتێر

ب. لێپرسراوی کاروباری ڕێکخستن

ت. لێپرسراوی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن

ث. لێپرسراوی پەیوەندییەکان

ج. لێپرسراوی بەڕێوەبردن و دارایی

**بەندی پێنجەم:**

دەسەڵاتی دەزگاکانی یەکێتی:

**دەزگاکانی یەکێتی ئەم دەسەڵاتانەیان هەیە، بەپێی پلەی دەزگاکان:**

أ. ئاگادارکردنەوە.

ب. سەرنجڕاکێشان.

ت. تەجمید.

ث. دەرکردن.

**لێژنەی لق:**

ڕاگرتنــی چالاکــی ئەندامانــی (قوتابخانــە، پەیمانــگا، کۆلێــژەکان) یــا خــود ناوچــە، لەگــەڵ هەڵوەشــاندنەوە و گۆڕینــی لێژنەکانــی ئەگــەر زیانیــان بــە ڕێکخســتن گەیانــد. لێژنــەی لــق هەمــوو بڕگەکانــی ســەرەوە دەتوانــێ ئەنجــام بــدات جگــە لــە بڕگــەی (د).

**مەکتەبی سکرتاریەت:**

أ. مافــی دوورخســتنەوەی ئەندامانــی لێژنــەی لــق و هەڵوەشــاندنەوە و دەســتکاریکردنی لێژنــەی لقــی هەیــە. ئەگــەر کەمتەرخەمییــان کــرد یــان لــە ڕێبــازی گشــتی لایــان دا، ئەویــش بــە ڕەزامەنــدی (دوو لەســەر ســێ)ی ئەندامەکانــی و دەبــێ لــە کۆنگرەشــدا هۆیەکانــی دوورخســتنەوە یــان هەڵوەشــاندنەوە و دەســتکاریکردنەکە ڕوون بکاتــەوە.

ب. مەکتەبی سکرتاریەت مافی ئەوەی هەیە بڒاندن (تعمیم) و ئامۆژگاری و ئاگاداری دەر بکات بۆ ئەنجامدان و شیکردنەوەی بەندەکانی پڕۆگرام و پەیڕەوی ناوخۆی یەکێتی.

**لێژنەی ڕاپەڕاندن:**

ڕاگرتنــی چالاکــی ئەندامانــی لێژنــەی ڕاپەڕانــدن بــە ڕەزامەنــدی (دوو لەســەر ســێ) ی ئەندامەکانــی.

**بەندی شەشەم:**

دارایی یەکێتی:

١- دارایی یەکێتی پێك دێت لە:

أ. ئابوونەی مانگانەی ئەندامەکانی بە مەرجێك لە (١) یەك دینار کەمتر نەبێت.

ب. لەو پیتاکانەی کۆ دەکرێنەوە و ئەو یارمەتییانەی کە بۆ یەکێتی دەنێردرێن.

ت. داهاتی ئاهەنگگێڕان و چالاکی کۆمەڵایەتی و پڕۆژەکانی بەرهەمهێنان.

٢- دارایی یەکێتی بەم شێوەیەی خوارەوە خەرج دەکرێت:

أ. ئەو دەرماڵەی(مخصصات) کە مەکتەبی سکرتاریەت بڕیاری لەسەر دەدات.

ب. خەرجی بارەگاکانی یەکێتی و بوارەکانی تر.

ت. یارمەتیدانــی پێویســت بــۆ کادیــرە (موتەفەریقــەکان) و ئــەو ئەندامانــەی کــە بــە هــۆی نەخۆشــی یــان بــۆ تەواوکردنــی خوێنــدن پێویســتیان بــە یارمەتــی هەیــە، ئەمــەش بەپێــی بڕیــاری مەکتەبــی ســکرتاریەت دیــاری دەکرێــت.

ث. بــۆ هاتوچــۆی نوێنەرانــی یەکێتــی بــە ئیشــوکاری تایبــەت بــە یەکێتییــەوە لــە نــاوەوە و دەرەوەی وڵاتــدا.

**ڕاسپاردەکانی کۆنگرەی ئازادی ١٩٩٣ (ی.ق.ك)**

١- کۆنگــرە بــە پێویســتی دەزانــێ پەیکەرێــك بــۆ فیــداکاری قوتابیــان و خۆڕاگــری مامۆســتایان لــە بــەردەم وەزارەتــی پــەروەردەدا ســاز بــکات.

٢- کۆنگرەکەمــان هــاوکاری لەگــەڵ خەباتــی قوتابیــان و لاوانــی گــەلان دەکات لــە پێنــاو ئاشــتی و دیموکراتیــدا.

٣- پشتگیرییەکان

٤- پشــتگیری خەباتــی گەلەکەمــان دەکەیــن لــە گشــت پارچەکانــی دیکــەی کوردســتان بــۆ وەدیهێنانــی مافــی چارەنــووس.

٥- پشــتگیری بــەرەی کوردســتانی عێــراق، ڕابــەری گەلەکەمــان دەکەیــن لــە پێنــاو ئاشــتی و ئــازادی و دیموکراتیــدا.

٦- پشــتگیری گشــت بڕیارەکانــی پەرلەمــان و حکومەتــی هەرێمــی کوردســتان دەکەیــن، لــە پێنــاو چەســپاندنی یاســا بەســەر هەمووانــدا.

٧- پشــتگیری خەباتــی کۆنگــرەی نیشــتمانی عێراقــی یەکگرتــوو دەکەیــن لــە پێنــاو بەدیهێنانــی ئامانجەکانــی لــە عێراقێکــی دیموکراســی و فیدراڵــی و دەســتوریدا.

٨- پشتگیری پڕۆسەی هەڵبژاردنی قوتابیان دەکەین.

٩- پشــتگیری زانکۆکانــی دهــۆك و ســلێمانی دەکەیــن بــە زیاتــر گرنگــی پێدانیــان لــە هەمــوو ڕوویەکــەوە.

## ڕاگەیەندراوی کۆتایی یەکەمین کۆبوونەوەی لیژنەی ڕاپەراندنی یەکێتی قوتابیانی کوردستان

لـە ڕۆژی ٢٣ی تشرینـی یەکەمـی ١٩٩٣ لـە شـاری دێرینـی هەولێر، ئەندامانـی لیژنـەی ڕاپەڕاندنـی یەکیتـی قوتابیانـی کوردسـتان، کـە لـە «کۆنگـرەی ئـازادی» هەڵبژێردرابـوون و لـە نوێنەرانـی سـەرجەم پارێزگاکانـی کوردسـتان پێکهاتبـوون، یەکەمیـن کۆبوونـەوەی خـۆی بەسـت، دوای کۆتاییهاتنـی سـەرکەوتوڕەوانەی «کۆنگـرەی ئـازادی» و بـە ئامادەبوونـی هەڤاڵانـی مەکتەبـی سـکرتاریەتی پێشـوو.

سـەرەتا کۆبوونەوەکـە بـە دەقیقەیـەك وەسـتان بـۆ گیانـی پاکـی شـەهیدانی بزووتنـەوەی ڕزگاریخـوازی گەلەکەمـان و لـە سـەرووی هەموویانـەوە باوکـی کـورد، بارزانیـی نەمـر، دەسـتی بـە کارەکانـی کـرد.

لـە دانیشـتنی یەکەمـدا مەکتەبـی سـکرتاریەت هەڵبژێـردرا و دوابـەدوای ئـەوەش لـە نێـو هەڤاڵانـی مەکتەبـی سـکرتاریەت سـکرتێری یەکێتییەکەمـان هەڵبژێـردرا.

لـە دانیشـتنی دووەمـدا، کاروبـار و ئەنجامەکانـی «کۆنگـرەی ئـازادی» یەکێتییەکەمـان خرایـە بـەر بـاس و لیکۆڵینـەوە، بـەوەی کـە ئـەو کۆنگرەیـە لـە کاتێکـی مێژوویـی بەسـترا لـە بزاڤـی قوتابیـان و لاوانـی کوردسـتان و سـەرجەم بزووتنـەوەی کوردایەتـی، چونکـە بەرفراوانتریـن و مەزنتریـن کۆنگـرەی قوتابیـان و لاوانـە لـە مێـژووی خەباتـی چـل ساڵەیدا، جگـە لـەوەی کـە یەکـێ لـە بڕیـارە هـەرە گرنگەکانیشـی جیاکردنـەوەی هــەردوو ڕێکخـراوی (یەکێتـی قوتابیانـی کوردسـتان) و (یەکێتـی لاوانـی دیموکراتـی کوردسـتان) بـوو، کـە لـە کۆنفرانسـی ئابـی ١٩٨٦، لـە شـاخ یەکیـان گرتبـوو. ئەمـە لـە لایـەك، لـە لایەکـی تریشـەوە یەکـەم جـارە کۆنگرەیەکـی بـەم شـێوەیەی قوتابیـان و لاوان لـە کوردسـتانی ئازادکـراوی خـاوەن پەرلەمـان و حکومەتـی فیدراڵـی و لـە سـایەی بەرهەمـی خوێنـی شـەهیداندا کارەکانـی ئەنجـام بـدات.

لـە دانیشـتنی سـێیەمدا گفتوگـۆ و بـاس لەسـەر خاڵـە هـەرە گرنگەکانـی ڕێکخسـتن و ڕاگەیانـدن و ڕۆشـنبیری و پەیوەندییـەکان و دارایـی کـرا و بـە گیانێکـی دیموکراتـی و لەخۆبـوردووی هەڤاڵانـەوە ڕا و پێشـنیارەکان گۆڕدرانـەوە بـە مەبەسـتی سەرخسـتنی جێگیرکردنـی کارەکانـی لـە هەمـوو بوارێکـدا.

هەروەها پەیمان تازە کرایەوە کە بە هەموو توانایەك لە خزمەت ڕێبازی پڕ سەروەری یەکێتی قوتابیانی کوردستان دریغی نەکرێت و هەموو هەوڵێك تەرخان بکرێت بۆ بەدیهێنانی ئاوات و ویست و داخوازییەکانی سەرجەم قوتابیانی کوردستان لە هەموو ڕوویەکەوە.

ئەمە و کۆبوونەوەکان بە گیانێکی دیموکراسی و هەستکردن بە لێپرسراوێتی و ئەرکی مێژوویی کۆتایی بە کارەکانی خۆی هێنا و هەڤاڵان بەرەو کارەکانیان کەوتنە ڕێ بۆ دەستبەکاربوون.

**یەکێتی قوتابیانی کوردستان عێراق**

**٢٣ی تشرینی یەکەمی ١٩٩٣**

**قۆناغی دووبارە بە ئاشکرا کارکردنی ڕێکخراوی یەکێتی قوتابیانی کوردستان ١٩٩٤،**

یەکێتی قوتابیانی کوردستان بە نوسراوی فەرمی ژمارە ٦٧٨ داواکاری فەرمی کارکردنی خۆی پێشکەشی حکومەتی هەرێمی کوردستان کرد وە ڕۆژی ١٧ی تەمووزی ١٩٩٤ بە نوسراوی فەرمی ١١٤٢ مۆڵەتی کارکردنی فەرمی بە یەکێتی قوتابیانی کوردستان - عێراق دراوە

# کۆنگرەی نۆیەمی یەکێتی قوتابیانی کوردستان

## هەولێر - ١٩٩٨

لە ڕێکەوتی ١٧ی تەمووزی ١٩٩٤، ڕێکخراوی یەکێتی قوتابیانی کوردستان لەلایەن وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە، مۆڵەتی فەرمی کارکردنی لە هەرێم پێدرا[١]. بەپێی ڕاسپاردەکانی کۆنگرەی هەشت، کۆنگرەی نۆیەمی یەکێتی قوتابیانی کوردستان دەبووایە ساڵی ١٩٩٥ ئەنجام بدرێت، بەڵام ئەم وادەیە سێ ساڵی بەسەرداچوو، هۆکارگەلێک بۆ دواکەتنی ئەم کۆنگرەیە هەبوون کە گرینگترینیان تێوەگلاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان بوو لە زنجیرە شەڕە ناوخۆییەکانی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان لە مانگی ئایاری ١٩٩٤. لە ئەنجامدا، زۆربەی بارەگاکانی یەکێتی قوتابیانی کوردستان بەر شاڵاوی تاڵانکردن کەوتن و ئەندامەکانیشی ڕووبەڕووی گرتن و تۆقاندن بوونەوە[٢].

سەرەڕای ناهەمواری بارودۆخی سەپاو، لە ماوەی نێوان ساڵانی ١٩٩٣ تا ١٩٩٨، لەلایەن لێژنەی ڕاپەڕاندنی یەکێتی قوتابیانی کوردستانەوە، بۆ ڕێکخستنەوی ڕیزەکانیان و ڕاپەڕاندنی کاروباری قوتابیان، نۆ کۆبوونەوەی فراوان ئەنجامدران، لە دوایین کۆبوونەوە، واتە کۆبوونەوەی نۆیەمی لێژنەی ڕاپەڕاندن لە ڕێکەوتی ١٧ی نیسانی ١٩٩٨، بڕیاری بەستنی کۆنگرەی نۆیەمی یەکێتی قوتابیانی کوردستان درا[٣]. لێژنەی ئامادەکاری کۆنگرە پێکهێنرا و تا ڕێکەوتی ٢٠ی ئایاری ١٩٩٨، هەڵبژاردن بۆ دەستنیشانکردنی نوێنەرانی کۆنگرە لە سنووری گشت لقەکان ئەنجامدرا[٤].

دوای ئەنجامدانی تەواوی ئامادەکارییەکان لەلایەن لێژنەی ئامادەکارەوە، لە ڕۆژی چوارشەمەی ٢٧ی تەموزی ١٩٩٨، بە ئامادەبوونی ٢٦٠ نوێنەر، کۆنگرەی نۆیەمی یەکێتی قوتابیانی کوردستان، بە دروشمی (زانست، ئازادی، پێگەیاندن)، بە ئامادەبوونی سەرۆك مەسعود بارزانی، لە هۆڵی ڕۆشنبیریی شاری هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان سازدرا[٥].

ڕۆژی چوارشەمەی ٢٩ی تەموزی ١٩٩٨، نوێنەرانی کۆنگرە دەنگیان بە ئەندامانی لێژنەی ڕاپەڕاندنی نوێ دا[٦]. بۆ یەکەمین جاریش لە مێژووی یەکێتی قوتابیانی

کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستاندا، کۆتای ئافرەت دانرا، بۆ سەرکەوتنیان بۆ لێژنەی ڕاپەڕاندن کە لە ئەنجامدا چوار ئافرەت سوودیان لە کۆتای ئافرەتان وەرگرت.

لە کۆنگرەکەدا، دەستەی ڕاپەڕاندن بە شێوەی خوارەوە هەڵبژێردران:

١- عیسا ئەحمەد ئاغا

٢- عەلی عەونی نیعمەت

٣- شەعبان شەعبان ئەحمەد

٤- شاکر ئەبوبەکر عەزیز

٥- ئاواز عەبدولواحید خدر

٦- غالب حسێن عوسمان

٧- ئەحمەد محەمەد عومەر

٨- عەلی تەتەر تۆفیق

٩- موسا ئەحمەد ئاغا

١٠- هەژار کاکۆ ئەحمەد

١١- هەنگاو عەبدوڵاخان

١٢- شەمێران عەلی محەمەد

١٣- زوبێر عەبدوڵا حسێن

١٤- فاخیر حسێن سادق

١٥- محەمەد شوکری محەمەد سەعید

١٦- کاروان جەلال عەلی

١٧- سەلام حسێن محەمەد

١٨- سەمیرە نادر قادر

١٩- بەیان عوسمان حەسەن.

**یەدەگەکانیش بە شێوەی خوارەوە بوون:**

١- نازم ڕەشید ئیسماعیل

٢- سیروان عوسمان حەسەن

٣- موسڵح حەسەن میرخان

٤- موراد خۆشەوی حسێن

٥- شیلان جەعفەر عەلی، ناسراو بە شیلان شێخ جەعفەر[٧].

لە ڕێکەوتی ١٢ی ئابی ١٩٩٨یشدا، لێژنەی ڕاپەڕاندن لە یەکەمین کۆبوونەوەی خۆیدا عەلی عەونی بە سکرتێر و ئەم کەسانەی خوارەوەی بە ئەندامی مەکتەبی سکرتاریەت هەڵبژارد:

١- شاکیر ئەبوبەکر عەزیز

٢- هەنگاو عەبدوڵا

٣- شەعبان شەعبان

٤- ئاواز عەبدولواحید

٥- کاروان جەلال عەلی

٦- عیسا ئەحمەد ئاغا[٨].

هەروەها لەم قۆناغەدا، یەکێتی قوتابیانی کوردستان بووە خاوەنی هەشت لق، کە بریتی بوون لە لقەکانی زانکۆی سەلاحەدین، ڕاپەڕین، هەولێر، سلێمانی، دهۆك-نەینەوا (لقی زانکۆی دهۆك لە مانگی تەموزی ١٩٩٨ دامەزرا)، سۆران، ئاکرێ[٩].

## سەرچاوە و پەراوێز

١- ساسان عەونی، یەکێتی قوتابیانی کوردستان چەند لایەنێکی تێکۆشان و مێژوو، (هەولێر - چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە- ١٩٩٨)، ل ٢١٤.

٢- عرفان عەزیز عەزیز، کۆنگرە و کۆنفرانسەکانی یەکێتی قوتابیانی کوردستان، چاپی یەکەم، (هەولێر- چاپخانەی ڕۆژهەلات-٢٠١٢)، ل ١٢٨.

٣- ساسان عەونی، سەرچاوەی پێشوو، ل ل ١٩٠-٢٧٠.

٤- عرفان عەزیز، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٢٩.

٥- بە ئامادەبوونی سەرۆك بارزانی یەکێتییەکەمان نۆیەمین کۆنگرەی خۆی بەست، ڕۆژنامەی خەباتی قوتابیان، ئۆرگانی یەکێتی قوتابیانی کوردستان، ژمارە ٣١، خولی سێیەم، هەولێر، ٢٠ی ئەیلولی ١٩٩٨ز، ل ١.

٦- اختتام المؤتمر التاسع لاتحاد طلبة كوردستان بانتخاب قيادة جديدة، جريدة خەبات، لسان حال للحزب الديمقراطي الكوردستاني ـ الموحد، العدد ٨٨٥، الجمعة، ٣١ تموز ١٩٩٨م، ص ١.

٧- انتخاب اعضاء الهيئة الجديدة للجنة التنفيذية لاتحاد طلبة كوردستان، جريدة خەبات، لسان حال الحزب الديمقراطي الكوردستاني ـ الموحد، العدد ٨٨٦، الجمعة، ٧ آب، ١٩٩٨م، ص ٣؛ لە کەشێکی دیموکراتیانەدا دەستەی نوێی لێژنەی ڕاپەڕاندنی یەکێتییەکەمان هەڵبژێردرا، ڕۆژنامەی خەباتی قوتابیان، ئۆرگانی یەکێتی قوتابیانی کوردستان، ژمارە ٣١، خولی سێیەم، هەولێر، ٢٠ی ئەیلولی ١٩٩٨ز، ل ٤.

٨- كاروان كاداني، المصدر السابق ص ٢٥.

٩- عرفان عەزیز، سەرچاوەی پێشوو، ل ل ١٣٧-١٤٥.

# پرۆگرام و پەیڕەوی ناوخۆ پەسەندکراوی کۆنگرەی نۆیەمی یەکێتی قوتابیانی کوردستان

**لەژێر دروشمی**

**(زانست- ئازادی- پێگەیاندن)**

**پرۆگرام**

**پێناسەی یەکێتی:**

یەکێتی قوتابیانی کوردستان، ڕێکخراوێکی نیشتمانی دیموکراتی قوتابیانی کوردستانە، لە پێناو بەدەستهێنان و پاراستنی ماف و بەرژەوەندی و ئامانجەکانی قوتابیانی کوردستان بە تایبەتی و قوتابیانی عێراق بە گشتی تێ دەکۆشێ.

هەروەها هاوڕیز لەگەڵ هێزە نیشتمانپەروەر و ڕێکخراوە جەماوەری و پیشەییە کوردستانی و عێراقییەکان درێژە بە خەباتی خۆی دەدات بۆ بەدیهێنانی ئامانج و ئاواتەکانی خەڵکی کوردستان و عێراق و تێ دەکۆشێ لە پێناو بڵاوبوونەوەی ئاشتی و دیموکراتیەت و ڕێزگرتن و پاراستنی مافی مرۆڤ.

**یەکێتی لەپێناو ئەم ئامانجانە تێ دەکۆشێ:**

**لەسەر ئاستی نیشتمانی**

١- پشتگیریکردنی پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی گەلی کوردستانی عێراق و جێگیربوونی و دانانی بە مافی فیدراڵی بۆ هەرێمی کوردستان لە چوارچێوەی عێراقدا.

٢- پشتگیریکردن لە دامەزراندنی سیستەمێکی دیموکراتی لە عێراقدا کە مافی فیدراڵی زامن بکا بۆ کوردستانی عێراق و دانانی بە مافی وای کەمە نەتەوەکان کە دەبێتە مایەی پێکەوەژیانێکی ئاشتییانە و بۆ جێبەجێکردنی گۆڕانکاری سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی کە ببێتە هۆی پێشکەوتنی گەلانی عێراق لە هەموو بوارەکاندا.

٣- پشتیوانیکردن لە پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ بەرەنگابوونەوەی هەموو جۆرە هەشە و دەستدرێژیکردنە سەر سەروەری خاکی کوردستانی ئازادکراو.

٤- پەرەپێدانـی خەبـات لەگـەڵ ڕێکخراوەکانـی لاوان و ماموسـتایان و ئافـرەت و گشـت ڕێکخـراوە پیشـەیی و دیموکراتییەکانـی کوردسـتان و عێـراق بـۆ بەدیهێنانـی ژیانێکـی بەختـەوەر و ئاشـتییانە.

٥- تێکۆشـان دژی سیاسـەتی بەعەرەبکـردن و بەعسـیکردن و ڕاگوێزانـی زۆرەملـێ لـە ناوچەکانـی کوردسـتاندا و گۆڕینـی پێکهاتـەی دیمۆگرافـی ناوچەکانـی کوردسـتانی بندەسـتی ڕژێمـی عێـراق.

٦- پشـتگیریکردنی پێدانـەوەی ڕەگەزنامـەی عێراقـی بـەو هاوڵاتییانـەی لێیـان سـێنراوەتەوە و دابینکردنـی ژیانیـان لـە هەرێمـی کوردسـتانی عێراقـدا.

٧- بەشداریکردن لە ئاوەدانکردنەوەی کوردستان.

٨- پشتگیری هەڵگرتنی ئابڵوقەی ئابووری دەکەین لەسەر کوردستان.

٩- پشـتگیری لـەو هەنگاوانـە دەکەیـن کـە بـۆ جێبەجێکردنـی مافـی شـەهیدان دەنرێـن و شـەهیدانی یەکێتییەکەشـمان وەکـو سـەرجەم شـەهیدانی بزووتنـەوەی ئازادیخـوازی گەلەکەمـان دابـنرێ.

١٠- پاراستن و گرنگیدان بە ژینگە و شوێنەوارەکانی کوردستان.

**لەسەر ئاستی قوتابیان:**

١- هەوڵدان بۆ ئاشکراکردنی چارەنووسی قوتابییە زیندانی و ئەنفالکراوەکان.

٢- گەڕاندنـەوەی قوتابیـان بـۆ خوێنـدن کـە بـە هـۆی خەباتـی سیاسـییەوە خوێندنیـان جـێ هێشـتووە.

٣- دانپێنانـی بڕوانامـەی قوتابیانـی کوردسـتان کـە لـە دەرەوەی کوردسـتان و عێـراق وەریـان گرتـووە.

٤- فێربـوون لـە قۆناغـی سـەرەتاییدا تەوزیمی(الزامـی) بێـت بـە شـێوەیەك کـە هەمـوو ناوچەکانـی کوردسـتان بگرێتـەوە و قوتابخانـەی پێویسـت بـۆ ئـەم مەبەسـتە بکرێتـەوە.

٥- بایەخـدان بـە خوێنـدن لـە شـوێنە دوورەکان و دابینکردنـی پێداویسـتییەکانی خوێندنێکـی سـەرکەوتوو بۆیـان.

٦- هەوڵدان بۆ دابینکردن و دروستکردنی بەشە ناوخۆییەکان و ئامادەکردنی پێداویستییەکانی خوێندن و یارمەتیدانی قوتابییە هەژارەکان تاکو خوێندن تەواو دەکەن.

٧- وانـەکان لـە هەمـوو قۆناغەکانـی خوێنـدن بـە زمانـی کـوردی بـن و ڕەوانـەی کـوردی لـە ڕیـزی ڕەوانـە بنەڕەتییـەکان بێـت و ڕێزگرتنـی مافـی کەمـە نەتـەوەکان کـە خوێندنیـان بـە زمانـی زگماکـی خۆیـان بـێ، لەگـەڵ زمانـی کـوردی.

٨- تێروتەسـەلکردنی پەیـڕەوی خوێنـدن بـە گیانـی کوردایەتـی و دابونەریتـی سـەنی نەتەوەکەمـان و مێـژوو و جوگرافیـای کوردسـتان کـە لەگـەڵ بەرەوپێشـچوونی زانسـتی و شارسـتانیەتی مـرۆڤ بگونجێـت.

٩- پەرەپێدانـی زانکۆکانـی کوردسـتان و هەوڵـدان بـۆ کردنـەوەی ئامـۆژگا و کۆلێـژی تـر و بەشـەکانیان بەپێـی پێویسـتی و خواسـتی بەرزکردنـەوەی ئاسـتی زانسـت و ڕۆشـنبیری.

١٠- هەوڵدان بۆ یەکبوونی بزووتنەوەی قوتابیانی کوردستان.

١١- ئەنجامدانـی هەڵبژاردنـی سـاڵانەی نوێنەرانـی قوتابیـان و بەشـداربوونی نوێنەرانـی قوتابیـان لـەو کاروبارانـەی کـە پەیوەسـتن بـە خۆیانـەوە لەگـەڵ بە ڕ ێو ە بە ر ا یە تییە کا نیـا ن .

١٢- دانپێنـان بـەو بڕوانامانـەی کـە قوتابیـان لـە قوتابخانەکانـی سـەربە شۆڕشـی کوردسـتان وەریـان گرتـووە.

١٣- پاراسـتنی پیـرۆزی و سـەربەخۆیی ناوەندەکانـی پـەروەردە و فێرکـردن و قەدەغەکردنـی بەکارهێنانـی ئـەو شـوێنانە بەمەبەسـتی کاری حزبایەتـی.

١٤- نابێـت قوتابیـان لـە هەرێمـی کوردسـتان، بێبـەش بکرێـن لـە خوێنـدن لەسـەر بیروبـاوەڕی سیاسـییان.

١٥- پێویسـتە پڕۆگرامـی خوێنـدن لـە زانکۆکانـی کوردسـتان لەگـەڵ ئاسـت و پێشـکەوتنی زانسـت و پڕۆگرامـی تـازەی خوێندنـی زانکۆکانـی جیهـان بگونجێندرێـن.

١٦- گرنگیـدان بـە خوێنـدن و بەکارهێنانـی کۆمپیوتـەر لـە قوناغەکانـی خوێنـدن لـە ناوەنـدی و ئامادەیـی و پەیمانـگا و زانکـۆدا و ڕاهێنانـی قوتابیـان لەسـەر بەرنامـە

پێشـــکەوتووەکانی کۆمپیوتـــەر.

١٧- وەســـتان دژی هەمـــوو جـــۆرە دەســـتێوەردانێك لـــە بوارەکانـــی خوێندنـــدا، بـــە تایبەتیـــش خوێندنـــی بـــاڵا و وەرگرتـــن بەبـــێ مەرجـــی یاســـایی.

١٨- قوتابیانـــی ئامادەییـــە پیشـــەییەکان و پەیمانگاکانـــی پێگەیاندنـــی مامۆســـتایان بەشـــی دیاریکراویـــان هەبـــێ لـــە زانکـــۆ و پەیمانـــگاکان.

١٩- قوتابیـــان مافـــی ڕادەربڕینـــی ئـــازاد و کۆبوونـــەوە و خۆپیشـــاندانیان هەیـــە لـــە شـــوێنەکانی خوێنـــدن و دەرەوەیـــدا.

٢٠- دانانـــی پلانـــی نوێـــی پەروەردەیـــی و داڕشـــتنی پرۆگرامـــی پـــەروەردە بـــە شـــێوەیەك کـــە ببێتـــە هـــۆکاری پەرەســـەندنی هەســـت و بیـــری نەتەوەیـــی.

٢١- دابینکردنـــی کار بـــۆ دەرچووانـــی زانکـــۆ و پەیمانـــگاکان و ئامادەییـــە پیشـــەییەکان و ســـوودوەرگرتن لـــە توانـــا و پســـپۆری زانســـتییەکانیان.

٢٢- هەوڵدان بۆ فێرکردن و بەکارهێنانی پیتی لاتینی لە قوتابخانەکان.

٢٣- بایەخـــدان بـــە قوتابخانـــە پیشـــەییەکان و پەیمانـــگاکان و هاندانـــی قوتابیـــان بـــۆ ئـــەوەی بچنـــە ئـــەو قوتابخانانـــە و کادیـــری ناوەنجییـــان لـــێ پەیـــدا بـــن و بەشـــداری لـــە ئاوەدانکردنـــەوەی کوردســـتان بکـــەن.

٢٤- ناردنـــی قوتابیانـــی کوردســـتان بـــۆ خوێنـــدن لـــە دەرەوەی وڵات بـــە ڕەخســـاندنی هـــەل و بـــە ڕەچاوکردنـــی ڕێـــژەی نێـــوان قوتابیانـــی هەرێمـــی کوردســـتان لەگـــەڵ ناوچەکانـــی دیکـــەی عێـــراق و هاندانیـــان بـــۆ گەڕانـــەوە بـــۆ کوردســـتان.

٢٥- قەڵاچۆکردنی نەخوێندەواری و دانانی پلانێکی گونجاو بۆ ئەم مەبەستە.

٢٦- بەهێزکردنـــی دۆســـتایەتی و هـــاوکاری لـــە نێـــوان گشـــت قوتابیانـــی عێراقـــدا و هەوڵـــدان بـــۆ دۆزینـــەوەی ڕێگەچـــارەی گونجـــاو بـــۆ هەماهەنگـــی لـــە نێـــو بزووتنـــەوەی قوتابیانـــی عێـــراق.

٢٧- بایەخـــدان بـــە ئەنجومەنـــی بـــاوکان و دایـــکان و مامۆســـتایان و قوتابیـــان، بـــۆ بەشـــداریکردن لـــە بەرەوپێشـــبردنی پـــەروەردە و فێرکـــردن.

٢٨- یارمەتیدانی ئەو قوتابییانەی کە منداڵی شەهید و پێشمەرگەی پەککەوتوون.

٢٩- هاندانی قوتابیانی داهێنەر و بەتوانا و دابینکردنی پێویستییەکانیان.

٣٠- کردنەوەی قوتابخانە و شوێنی فێربوونی تایبەت بۆ پەککەوتەکان و پەرەپێدانیان.

٣١- ڕێکسـختنی ئـۆردوگای هاوینـە بـۆ قوتابیـان، بـۆ پەروەردەکـردن و جۆشـدانیان بـە بیروبـاوەڕی کوردایەتـی و نیشـتمانپەروەری و پێگەیاندنیـان.

٣٢- بایەخدان بە فەرهەنگ و کەلەپووری کوردی و هاندانی قوتابیان بۆ پاراستنیان.

٣٣- بایەخـدان بـە پەرتوکخانـەکان، بـە دەوڵەمەندکردنیـان بـە پەرتوکـی هەمەجـۆر و هانـدان و ڕاهێنانـی قوتابیـان لەسـەر خوێندنـەوە.

٣٤- بایەخدان بە تەندروستی قوتابیان لە قوتابخانەکان و زامنکردنی چارەسەرییان.

٣٥- بایەخـدان بـە وانەکانـی نیگارکێشـان و وەرزش و سروود بـۆ پـەروەردە و نەشـونوماکردنی ئـارەزوو و بەهرەکانـی قوتابیـان.

٣٦- هەوڵدان بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی خوێندنی قوتابیان و دەرچوونیان.

٣٧- پیادەکردنی سیستەمی یەکڕەنگی جلوبەرگی قوتابیان لە گشت قۆناغەکانی خوێندن.

٣٨- دژی هەمـوو کۆتوبەنـدی کۆمەڵایەتـی دواکەوتوویـن کـە لەسـەر قوتابیانـی کـچ دادەنـرێ بـۆ ڕێگەگرتـن لـە خوێندنیـان و تەواوکردنـی.

**لەسەر ئاستی نەتەوەیی:**

١- بەهێزکردنـی پەیوەنـدی و ڕێکخسـتنی کاروبـار و هـاوکاری لەگـەڵ ڕێکخـراوە کوردسـتانییەکاندا.

٢- یارمەتیدانـی قوتابیانـی بەشـەکانی تـری کوردسـتان کـە بەهـۆی خەباتـی سیاسـی(کوردایەتی) پـەروازە دەبـن و زامنکردنـی خوێندنیـان لـە هەرێمـی کوردسـتان.

٣- پشـتگیریکردنی بزووتنـەوەی ئازادیخـوازی نەتەوەیـی کـورد لـە هەمـوو بەشـەکانی کوردسـتان و هاوکاریکردنیـان بـۆ بەدیهێنانـی مافـی چارەنـووس.

٤- ڕێزگرتـن لـە ئیـرادەی میللەتـی کـورد لـە هـەر پارچەیەکـی کوردسـتان لـە هەڵبژاردنـی

شـێوازی خەبـات و چارەنووسـیان.

٥- تێکۆشـان لـە پێنـاو چارەسـەرکردنی کێشـەکانی نێـو باڵەکانـی بزووتنـەوەی ئازادیخـوازی کوردسـتان لـە ڕێـگای گفتوگـۆ و بـە ئاشـتییانە و پەنانەبردنـە بـەر بەکارهێنانـی چـەك و شـەڕ.

٦- هەوڵـدان بـۆ یەکخسـتنی قوتابیانـی کوردسـتان لـە دەرەوەی وڵات بـۆ خزمەتکردنـی دۆزی وای گەلەکەمـان.

**لەسەر ئاستی جیهان:**

١- تێکۆشان دژی داگیرکردن و دەستبەسەرداگرتن بە هەموو جۆرەکانیەوە.

٢- تێکۆشـان لەپێنـاو بڵاوبوونـەوەی ئاشـتی و دیموکراتیـەت لـە جیهانـدا و ڕێزگرتـن و پاراسـتنی مافـی مـرۆڤ.

٣- هاوکاریکردنـی بزووتنـەوەی ئازادیخـوازی گـەلان لەپێنـاو بەدیهێنانـی ژیانێکـی پـڕ لـە ئاشـتی و ئـازادی.

٤- بەهێزکردنـی پەیوەنـدی لەگـەڵ ڕێکخراوەکانـی قوتابیان لە جیهان بۆ پێناسـینی کێشـەی نەتەوەیـی گەلـی کـورد و بەرگریکـردن لێـی لە هەمـوو چالاکـە جیهانییەکاندا.

٥- گونجاندنـی خەباتـی قوتابیانـی کوردسـتان لەگـەڵ گۆڕانکارییـە هەرێمـی و نێودەوڵەتییـەکان بـەو شـێوەیەی کـە لـە بەرژەوەنـدی مەسـەلەی وای میللەتـی کورددایـە.

٦- تێکۆشـان لەپێنـاو جێگیرکردنـی دیالـۆگ، ڕاگۆڕینـەوە بـۆ چارەسـەری کێشـە و گرفتـەکان لـە جیاتـی شـەڕ و ئـاژاوە.

٧- نەفرەتکردن لە تیرۆر و زەبر و زەنگ و تۆقاندن بە هەموو جۆرەکانیەوە.

٨- تێکۆشان دژی بەرهەمهێنان و بەکارهێنانی چەکی بەکۆمەڵکوژ بە هەموو جۆرەکانیەوە.

## پەیڕەوی ناوخۆ

**بەندی یەکەم**

**یەکێتی**

**یەکەم: ناوی ڕێکخراو**

یەکێتی قوتابیانی کوردستان، بە پیتەکانی (ی. ق. ك) هێمای بۆ دەکرێت.

**دووەم: سنووری کارکردن**

هەرێمـی کوردسـتانی عێراقـە، بەپێـی پێویسـت لێژنـەی ڕاپەڕانـدن بـۆی هەیـە لـق و ڕێکخسـتن لـە هەمـوو ناوچەکانـی عێـراق و دەرەوەی وڵات بکاتـەوە.

**سێیەم: پێکهاتن**

لـەو قوتابییانـە پێـك دێـت کـە بڕوایـان بـە پڕۆگـرام و پەیـڕەوی ناوخۆیـی (ی. ق. ك) هێنـاوە و بەڵێنیـان داوە کـە بـە دڵسـۆزییەوە تـێ بکۆشـن لـە پێنـاو بەدیهێنانـی ئامانجەکانـی یەکێتـی.

**چوارەم: دروشم**

(زانست، ئازادی، پێگەیاندن)

**پێنجەم: ئارمی یەکێتی**

پێکهاتەکانی بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

- خـۆر: نیشـانەی ژیـان و ڕووناکـی و ئـازادی و هـەردەم نوێبوونـەوە و پەیدابوونـە، (١٨) تیشـکەکە دەلالەتـە بـۆ ١٨ی شـوبات، ڕۆژی دامەزراندنـی یەکێتییەکەمـان.
- چیـا: نیشـانەی مـان و خۆڕاگرییـە، ئاماژەیـە بـۆ سروشـتی کوردسـتان، چـوار شـاخەکە هێمایـە بـۆ هـەر چـوار پارچـەی کوردسـتان و حەتمیەتـی بەیەکەوەبەسـتانی و پەکپارچەیـی.
- کتێـب: بەڵگـەی زانسـت و زانیـاری و خوێنـدەواری وشارسـتانیەتە، نیشـانەی خوێندنـە کـە پیشـەی قوتابیانـە، لەنـاو کتێبەکـە نـاوی یەکێتییەکەمـان تۆمـار کـراوە، بـە

واتـای بایـەخ و گرنگیدانـی (ی. ق. ك) بـە خوێنـدن و زانسـت فێربـوون.

- دەسـت: دەسـت و بـازووی قوتابیانـی کوردسـتانە، نیشـانەی هـەوڵ و تێکۆشـانە، ڕەنگی ڕەش و سـپی بەواتـای نەبوونـی جیـاوازی.
- بۆشـایی نێـوان دوو دەسـتەکە: (پیتەکانـی یەکەمـی نـاوی یەکێتییەکەمانـی تێـدا تۆمـار کـراوە بـە زمانـی ئینگلیـزی) لـە بنکەکەیـدا فراوانـە و لـە لوتکەکەیـدا تیـژە و لـە شـێوەی سێگۆشـەیە، نیشـانەی بەرزبوونـەوە و بـەرەو ئامانـج سـەرکەوتنە.
- ١٩٥٣: ساڵی دامەزراندنی (ی. ق. ك).
- تێکـڕای ئارمەکـە لـە شـێوەی سـەری ڕمدایـە بـۆ دەلالەتکـردن لـە وتەکـەی بارزانیـی نەمـر، «قوتابیـان سـەری ڕمـن لـە گشـت شـۆڕش و ڕاپەڕینێکـدا».

**بەندی دووەم**

**ئەندامێتی**

١- ئەندامێتی:

ئەندامانـی یەکێتـی لـە قوتابیانـی گشـت قۆناغەکانـی خوێنـدن پێـك دێـت جگـە لـە قوتابیانـی قۆناغـی سـەرەتایی و کۆلیجەکانـی سـەربازی و پۆلیـس.

٢- مەرجەکانی ئەندامێتی:

هـەر قوتابییەکـی کوردسـتان بەبـێ ڕەچاوکردنـی ڕەگـەز، نەتـەوە، ئایـن، ئـەم مەرجانـەی تێـدا بێـت و لەلایـەن دوو ئەندامـی یەکێتییـەوە تەزکییـە بکرێـت مافـی ئـەوەی هەیـە ببێـت بـە ئەنـدام لـە دوای ئـەوەی فۆڕمـی داواکاریـی ئەندامێتـی پـڕ بکاتـەوە:

أ. دەبێ خاوەن وشت و ناوبانگی چاك بێت و بە ڕاستگۆیی ناسراو بێت.

ب. بـڕوای تـەواوی بـە پڕۆگـرام و پەیـڕەوی ناوخـۆی یەکێتـی هەبێـت و خەبـات بـکات لـە پێنـاو بەدیهێنانـی ئامانجەکانیـدا.

ت. لــە یەکێــك لــە دەزگاکانــی ڕێکخســتندا خەبــات بــکات و ڕاســپاردە و فەرمانەکانــی ئەنجــام بــدات.

ث. ئابوونەوەی مانگانە بدات.

٣- ئەرکەکانی ئەندام:

أ. دیسیپلین و نهێنییەکانی یەکێتی بپارێزێت.

ب. ئامانج و بیروباوەڕی یەکێتی بڵاو بکاتەوە و ئەندامی نوێ بێنێتە ڕیزەوە.

ت. بەرگری لە ئامانج و بۆچوون و یەکگرتوویی ڕیزەکانی یەکێتی بکات.

ث. بەشداری لە چالاکییە جۆراوجۆرەکانی یەکێتیدا بکات.

ج. هەوڵ بدات بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی زانستی و ڕۆشنبیری خۆی.

ح. پابەندی زنجیرەی ڕێکخستن بێت.

٤- مافەکانی ئەندامێتی:

أ. ئەندام لە سنووری چالاکی خۆیدا مافی ڕەخنە و ڕەخنە لەخۆگرتنی هەیە.

ب. مافی ئەوەی هەیە هەڵبژێرێ و هەڵبژێردرێ لە ئۆرگانەکانی یەکێتیدا.

ت. لە دوای تەواوکردنی خوێندن، بۆ ماوەی دوو ساڵ مافی ئەوەی هەیە لە ڕیزەکانی یەکێتیدا بمێنێتەوە.

ث. لەکاتی هەستکردن بە پێشێلکردنی مافەکانی، بۆی هەیە بە نووسراوێکی تایبەتی دەزگای سەرووی خۆی ئاگادار بکاتەوە بۆ پێداچوونەوەی.

ج. لە کاتی پێویستیدا داوای یارمەتی بکات.

٥- سزاکان:

دەزگاکانی یەکێتی دەسەڵاتی ئەم سزایانەیان هەیە بەپێی پلەی دەزگاکان:

أ. ئاگادارکردنەوە.

ب. سەرنجڕاکێشان.

ت. تەجمیدکردن(ڕاگرتن).

ث. لادان.

ج. دەرکردن.

ح. سزاکان بە گوێرەی سەرپێچییەکە لەلایەن دەزگاکانەوە بڕیاری لێ دەدرێت.

**بەندی سێیەم**

**لێژنەکانی یەکێتی**

أ. لێژنـەی (پـۆل یاخـود بـەش): لـە ئەندامانـی یەکێتـی لـە پـۆل (لـە قوتابخانـە ناوەنـدی و دواناوەنـدی) یـان بـەش لـە (زانکـۆ و پەیمانـگاکان) پێـك دێـت، بچووکتریـن بنکـەی ڕێکخسـتنە و دەسـتەی لێژنـە لـە (٣ - ٥) ئەنـدام پێـك دێـت.

ب. لێژنــەی (قوتابخانــە ـ پەیمانــگا ـ کۆلێــژ): لەلایــەن ئەندامانــی ئــەو ناوەنــدەی خوێنــدن هەڵدەبژێردرێــن و ئەرکــی سەرپەرشــتیکردنی کارەکانــی یەکێتــی ئــەو شــوێنە دەگرێتــە ئەســتۆ و تــێ دەکۆشــێ بــۆ فراوانکــردن و بەهێزکردنــی ڕیزەکانــی ڕێکخســتن و جێبەجێکردنــی ئەرکەکانــی یەکێتــی و ئەنجامدانــی فەرمانەکانــی لێژنەکانــی باڵاتــر و چارەســەرکردنی گیروگرفتەکانــی قوتابیــان و دەبێتــە ئەڵقــەی پەیوەنــدی نێــوان قوتابیــان و بەڕێوەبەرایەتییــەکان.

بەلای کەمەوە دەبێت مانگانە دووجار کۆبێتەوە و ڕاپۆرت بەرز بکاتەوە.

مانگـی جارێـك کۆبوونـەوەی فـراوان بـۆ گشـت ئەندامانـی سنووری لێژنەکـەی خـۆی سـاز بـکات.

**لێژنەی ناوچە:**

- سەرپەرشتی بزووتنەوەی یەکێتی دەکات لە سنووری چالاکیی خۆیدا.
- لێژنــەی ناوچــە بەرپرســیارە بەرامبــەر گەشــەکردنی ڕێکخســتن لــە ســنووری چالاکیــی خۆیدا.
- لـە (٣ - ٥) ئەنـدام پێـك دێـت ئەگـەر بـارودۆخ گونجـاو بێـت لـە ڕێـگای کۆنفرانسـی ناوخۆیــی لێژنــەی ناوچــەی هەڵدەبژێردرێــن.
- لێژنــەی ناوچــە مانگانــە کۆبوونــەوەی خــۆی دەکات و ڕاپــۆرت بــۆ لــق بــەرز دەکاتــەوە دەربــارەی بــاری یەکێتــی لــەو ماوەیــەدا لــە هەمــوو ڕوویەکــەوە.

- پێویسـتە لێژنـەی ناوچـە دوو مانـگ جارێـك كۆبوونـەوەی فـراوان (دەسـتەی ناوچـە + لێپـرسراوی لێژنـەی قوتابخانـەكان) سـاز بـكات.
- لێژنــەی ناوچــە پابەنــدە بــە جێبەجێكردنــی بڕیــار و ڕێنمایــی و ڕاســپاردەكانی دەزگاكانــی ســەرووی خــۆی.
- لێژنــەی ناوچــە دەســەڵاتی هەڵوەشــاندنەوەی لێژنــەی قوتابخانــەی هەیــە ئەگــەر كەمتەرخەمییــان كــرد لــە جێبەجێكردنــی بڕیــارەكان و لــە بەرژەوەنــدی گشــتی لایــان دا و پێكهێنانــی لێژنەیەكــی تــر لــە نێــو هەڤاڵانــی چالاكــدا.
- ئاگادارکردنـەوە و سەرنجڕاكێشـان و ڕاگرتـن و لادانـی ئەندامـان لـە لێژنـەی قوتابخانـە و بنكـەی ڕێكخسـتن لـە كاتـی كەمتەرخەمیكردنیـان.

**لێژنەی لق:**

پێك دێت لە:

- لێپـرسراوی لـق كـە بـە شـێوەیەكی ناوەنـدی لەلایـەن لێژنـەی ڕاپەڕانـدن دەستنیشـان دەكرێت.
- چـوار كارگێـڕ و (دوو ئەنـدام لـق یـان كەمـتر بەپێـی پێویسـت) بـە هەڵبـژاردن لـە كۆنفرانسـی لقـدا هەڵدەبژێردرێـن، ئەگـەر بـارودۆخ گونجـاو بێـت.
- لێژنــەی لــق ســەركردایەتی چەنــد لێژنــەی ناوچەیــەك دەكات و ســنوورەكەی لەلایــەن لێژنــەی ڕاپەڕانــدن دیــاری دەكرێــت و بەرپرســیارە لــە گەشــەكردن و برەوپێدانــی ڕێكخســتن لــە هەمــوو شــوێنەكانی دەســەڵاتیدا.
- لێژنـەی لـق مانگانـە جارێـك كـۆ دەبێتـەوە و ڕاپۆرتـی گشـتی بـەرز دەكاتـەوە و هـەر سـێ مانـگ جارێـك كۆبوونـەوەی فـراوان دەكات.
- لێژنـەی لـق بەرپرسـیارە بەرامبـەر جێبەجێكردنـی ڕاسـپاردە و بڕیـار و ڕێنماییەكانـی مەكتەبــی ســكرتاریەت.
- لێپرسراوی لێژنەی ناوچەكان لە كۆبوونەوەی فراوانی لق ئامادە دەبن.
- لێژنـەی لـق بـەلای كەمـەوە دەبێـت دوو مانـگ جارێـك سـەردانی لێژنـەی ناوچەكانـی

سـنووری خـۆی بكات.

- لـق بـۆی هەیـە دەسـكاری دەسـتەی لێژنـەی ناوچـە بـكات و لـە (پێنـج ئەنـدام) كەمـتر یاخـود زیاتـر دابنێـت بەپێـی پێویسـت، هەروەها گۆڕانكاری لە دەسـتەی لێژنـەی ناوچە بـكات ئەگـەر كەمتەرخەمییـان كـرد یـان لـە بەرژەوەنـدی گشـتی لایـان دا.
- ڕاگرتنـی چالاكـی ئەندامانـی لێژنـەی (قوتابخانـە، پەیمانـگا، كۆلێـژ) یـا خـود لێژنـەی ناوچـە، لەگـەڵ هەڵوەشـاندنەوە و گۆڕینـی لێژنـەكان ئەگـەر زیانیـان بـە ڕێكخسـتن گەیانـد، لێژنـەی لـق دەسـەڵاتی هەمـوو بڕگەكانـی بەنـدی دووەم خاڵـی (٥)ی هەیـە جگـە لـە بڕگـەی (٥).
- دیاریكردنی سنووری كاركردنی لێژنەی ناوچەكان.
- پێشنیاری دامەزراندنی لێژنەی ناوچەی تازە دەكات بۆ مەكتەبی سكرتاریەت.

**بەندی چوارەم**

**دەزگاكانی سەركردایەتیكردن**

**١- كۆنگرە:**

- بەرزتریـن دەسـەڵاتە لـە یەكێتیـدا و پێـك دێـت لـە (ئەندامانـی لێژنـەی ڕاپەڕانـدن، یەدەگەكانـی لێژنـەی ڕاپەڕانـدن، ئەندامانـی لێژنـەی ئامادەكـردن، هەڵبژاردراوەكانـی لقـەكان بەپێـی ڕێـژەی دیاریكـراو لەلایـەن لێژنـەی ڕاپەڕانـدن).
- كۆنگـرە دوو سـاڵ جارێـك دەبەسـترێت و دەسـەڵاتی گۆڕیـن و دەسـتكاریكردنی پرۆگـرام و پەیـڕەوی ناوخـۆی هەیـە و لێژنـەی ڕاپەڕانـدن بەدەنگدانـی نهێنـی و ڕاسـتەوخۆ هەڵدەبژێردرێـت.
- كۆنگـرە تاكـە دەسـەڵاتە كـە دەتوانێـت بڕیـاری یەكگرتنـی ڕێكخراوێكـی تـری قوتابیـان لەگـەڵ (یەكێتـی قوتابیانـی كوردسـتان) بـدات.
- كۆنگرە دەسەڵاتی گۆڕینی ناو و ئارم و دروشمی یەكێتی هەیە.

**٢- كۆنفرانس:**

- کۆنفرانــس پێــك دێــت لــە (ئەندامانــی لێژنــەی ڕاپەڕانــدن، ئەندامانــی یەدەگــی لێژنــەی ڕاپەڕانــدن، لێژنــەی لقــەکان و لێپــرسراوی لێژنــەی ناوچــەکان، ئەندامانــی پێشــکەوتووی یەکێتــی کــە لێژنــەی ڕاپەڕانــدن دەستنیشــانیان دەکات بــە مەرجــی لــە ١٠٪ لــە ئەندامانــی کۆنفرانــس تێپــەڕ نــەکات).
- لەکاتێکدا دەبەسترێت کە نەتوانرێ کۆنگرە ببەسترێت.
- بەپێــی هەلومــەرج دەتوانــێ بەرنامــەی تــازە لەژێــر ڕۆشــنایی پرۆگــرام و پەیــڕەوی ناوخۆیــی دابڕێژێــت.
- پڕکردنەوەی بۆشایی لێژنەی ڕاپەڕاندن بە هەڵبژاردن.

**٣- لێژنەی ڕاپەڕاندن:**

- بەرزترین دەسەڵاتە لە یەکێتیدا لە ماوەی نێوان دوو کۆنگرە و کۆنفرانسدا.
- هەڵدەســتێ بــە ئەرکــی ســەرکردایەتیکردن و سەرپەرشــتیکردنی چالاکییــە جۆراجۆرەکانــی یەکێتــی و ئاراســتەکردنیان، بڕیارەکانــی کۆنگــرە و کۆنفرانــس بەجــێ دەگەیەنێــت و ئامانجەکانــی جێبەجــێ دەکات و چاودێــری گشــت دەزگاکان دەکات ســەبارەت بــە ڕاپەڕاندنــی فەرمــان و ئەرکەکانیــان.
- لــە (١٩) نــۆزدە ئەنــدام و (٥) پێنــج یــەدەگ پێــك دێــت کــە ڕاســتەوخۆ لــە کۆنگــرە هەڵدەبژێردرێــن بــە مەرجــێ قوتابــی بــن.
- هەرچــوار مانــگ جارێــك کــۆ دەبێتــەوە یــان لەســەر داوای (٣/٢) دوو لەســەر ســێی ئەندامــان، یــان لەســەر داوای مەکتەبــی ســکرتاریەت، لێژنــەی ڕاپەڕانــدن یــا ئاسـاییش کــۆ دەبێتــەوە.
- سزادانی ئەندامانی لێژنەی ڕاپەڕاندن بە ڕەزامەندی دوو لەسەر سێی ئەندامەکانی بەگوێرەی سەرپێچییەکە، جگە لە بڕگەی (٥).
- لێپێچانــەوە لــە هــەر ئەندامێکــی لێژنــەی ڕاپەڕانــدن ئەگــەر کەمتەرخەمــی نواندبێــت لــە کارەکانــی.
- لێپرسراوی لقەکان لێژنەی ڕاپەڕاندن دەستنیشانیان دەکات و چاویان پێدا دەخشێنێتەوە.

- لەکاتی دواکەوتنی بەستانی کۆنگرە ڕوونکردنەوەی پێویست دەردەکات.
- دوای تێپەڕبوونـی دوو سـاڵ بەسـەر دەرچوونـی ئەندامـی لێژنـەی ڕاپەڕانـدن لـە خوێنـدن یەدەگەکانـی لێژنـەی ڕاپەڕانـدن بـە زنجیـرەی دەنـگ شـوێنی دەگرێتـەوە.
- لێژنـەی ڕاپەڕانـدن دەسـەڵاتی دروسـتکردن و هەڵوەشـاندنەوەی لقەکانـی یەکێتـی هەیـە و سـنووری کارکردنیـان دیـاری دەکات.
- کۆبوونەوەی لێژنەی ڕاپەڕاندن:
- لـە کاتـی دیاریکـراوی خـۆی دەبەسـترێت (لـە کاتـی دوواکەوتنیشـدا مەکتەبـی سـکرتاریەت ڕوونکردنـەوەی پێویسـت دەدات)، تیایـدا چاوخشـاندنەوە دەکرێـت بـە سـەرجەم کارەکانـی مەکتەبـی سـکرتاریەت و هەمـوو لقـەکان و هەڵسـەنگاندنی بـۆ دەکرێـت و بەرنامـەی کاری ئاینـدەی یەکێتـی دادەڕیژرێـت.
- مەکتەبی سکرتاریەت لە کۆبوونەوەی لێژنەی ڕاپەڕاندن هەڵدەبژێردرێت.
- بـۆ بابەتێکـی دیاریکـراو یـا خـود پێشـهاتێك دەکـرێ لێژنـەی ڕاپەڕانـدن نائاسـایی کـۆ ببێتـەوە یاخـود بـە ئامادەبوونـی ٣/٢ ئەندامانـی.

**٤- مەکتەبی سکرتاریەت:**

- لە (٧) هەڤاڵ پێك دێت کە لە یەکەم کۆبوونەوەیاندا سکرتێر هەڵدەبژێرن.
- مەکتەبی سکرتاریەت لە کۆبوونەوەی لێژنەی ڕاپەڕاندن هەڵدەبژێردرێن.
- سـکرتێر، کاری ڕۆژانـەی مەکتەبـی سـکرتاریەت و کۆبوونەوەکانـی لێژنـەی ڕاپەڕانـدن و مەکتەبـی سـکرتاریەت بەڕێـوە دەبـات.
- مەکتەبـی سـکرتاریەت بڕیارەکانـی لێژنـەی ڕاپەڕانـدن جێبەجـێ دەکات و سەرپەرشـتی کاری سـەرجەم ئۆرگانەکانـی یەکێتـی دەکات و بەرپرسـیارە بەرامبـەر کۆبوونـەوەی لێژنـەی ڕاپەڕانـدن.
- ئەنـدام بەشـەکانی مەکتەبـی سـکرتاریەت لەلایـەن مەکتەبـی سـکرتاریەتەوە دەستنیشـان دەکرێـن.

- مەكتەبـی سـكرتاریەت مانگانـە كۆبوونـەوەی ئاسـایی خـۆی دەبەسـتێت و نائاسـاییش كـۆ دەبێتەوە.
- مافــی لادانــی ئەندامانــی لێژنـــەی لـــق و هەڵوەشـــاندنەوە و دەســـتكاریكردنی لێژنـــەی لقـــی هەیـــە ئەگـــەر كەمتەرخەمییـــان كـــرد یـــان لـــە ڕێبـــازی گشـــتی لایـــان دا، یـــان ســـەرپێچییان كـــرد لـــە جێبەجێكردنـــی بڕیارەكانـــی مەكتەبـــی ســـكرتاریەت.
- مەكتەبـی سـكرتاریەت دەسـەڵاتی هەمـوو سـزاكانی بەنـدی دووەم خاڵـی (٥)ی هەیـە، بەگوێـرەی سـەرپێچییەكە سـزاكە دەستنیشـان دەكرێـت.
- بە گوێرەی زنجیرەی ڕێكخستن، مەكتەبی سكرتاریەت لەم هەڤاڵانە پێك دێت:
أ. سكرتێر.
ب. لێپرسراوی بەشی ڕێكخستن.
ت. لێپرسراوی بەشی پەیوەندییەكان.
ث. لێپرسراوی بەشی ڕاگەیاندن و ڕۆشنبیری.
ج. لێپرسراوی بەشی دارایی و بەڕێوەبردن.
ح. لێپرسراوی بەشی چالاكییەكان.
خ. لێپرسراوی بەشی كاروباری پیشەیی.

**پێكهاتنی بەشەكانی مەكتەبی سكرتاریەت:**

- لـە لێپـرسراوی بـەش و (ئەندامێـك یاخـود زیاتـری لێژنـەی ڕاپەڕانـدن ئەگـەر پێویســتی كــرد) پێــك دێــت: لێپــرسراوی بــەش لــە كۆبوونــەوەی مەكتەبــی ســكرتاریەت دیــاری دەكرێــت، ئەندامانــی لێژنــەی ڕاپەڕانــدن لــە كۆبوونــەوەی لێژنــەی ڕاپەڕانــدن دیــاری دەكرێــن بــۆ بەشــەكان.
- ئەركــی بــەش سەرپەرشــتیكردن و بەڕێوەبردنــی كارەكــە لەگــەڵ چەنــد ئەندامێــك (ئەندامــی بــەش، یــەك یــا خــود زیاتــر) كــە مەكتەبــی ســكرتاریەت بــە گوێــرەی لێهاتووییــان بڕیــاری لــێ دەدات بــۆ هاوكاریكــردن.

**أ. بەشی ڕێکخستن:**

- سەرپەرشتی کاروچالاکییەکانی ڕێکخستنی یەکێتی دەکات لە ڕێگای ڕاپۆرت و نووسراوی مانگانە و جیاجیای سەرجەم لق و لێژنەی ناوچەکان کە ڕاستەوخۆ یا خود وێنەیان بەرز دەکرێتەوە بۆ مەکتەبی سکرتاریەت، هەروەها لە ڕێگای سەردانی مەیدانی بۆ هەموو لق و لێژنەی ناوچەکان (بە هاوکاری مەکتەبی سکرتاریەت و لێژنەی ڕاپەڕاندن) بۆ بەدواداچوون لە باری ڕێکخستن و چۆنێتی گەشەکردن، هەروەها ناردنی زانیاری و بژاندن بۆ باشتربوون و بەرەوپێشچوونی کاری ڕێکخستن و زیادکردنی ژمارەی ئەندامان و گۆشکردنیان بە بیروباوەڕی یەکێتی قوتابیان کوردستان.
- ئامادەکردنــی ئامــاری مانگانــە بــۆ ســەرجەم ئەندامــان (کــە لــە ڕێــگای ڕاپۆرتــی مانگانــەی لقــەکان دەگات) و بەراوردکردنــی لەگــەڵ مانگــی پێشــوو، دەستنیشــانکردنی لاوازییــەکان و هەوڵــدان بــۆ باشــترکردنی.
- مانگانە کۆبوونەوەی بەش ببەسترێت و ڕاپۆرت بدرێتە کۆبوونەوەی مەکتەبی سکرتاریەت.
- شــەش مانــگ جارێــك یاخــود زووتــر کۆبوونــەوەی ڕێکخســتن لەگــەڵ کارگێڕانــی ڕێکخســتنی ســەرجەم لقــەکان ســاز بــدات دەربــارەی ڕێکخســتنی گشــتی.

**ب. بەشی پەیوەندییەکان:**

- کاروبــاری پەیوەندییەکانــی یەکێتــی قوتابیانــی کوردســتان بەڕێــوە دەبــات لەگــەڵ دامــودەزگا و لایــەن و شــوێن و ڕێکخــراوەکان. دەربــڕی ڕاو و هەڵوێســت و بیروبۆچوونەکانــی یەکێتــی دەبێــت، کــە لەلایــەن مەکتەبــی ســکرتاریەتەوە هێڵــە گشــتییەکان دیــاری دەکرێــن.
- لــە ڕێــگای نــووسراو و ڕاپۆرتــەوە سەرپەرشــتی کاری پەیوەندییەکانــی لقــەکان دەکات و ڕێنمایــی پیویســتیان پــێ دەدات و ســەرنج و تێبینــی لەســەر چۆنێتــی کارەکانیــان دەردەبڕێــت و بــە گوێــرەی پێویســتیش زانیارییــان بــۆ دەنێرێــت بــۆ ئاگاداربوونــی لقــەکان لــە هەڵوێســتە جۆراوجــۆرەکان.
- مانگانــە کۆبوونــەوەی بــەش دەبەســتێت و ئــەو هەڵوێســتانەی کــە پێویســت بــن دەیخاتــە بــەردەم مەکتەبــی ســکرتاریەت بــۆ بڕیارلێدانــی.

**ت. بەشی ڕاگەیاندن و ڕۆشنبیری:**

- دەرکردنی ئۆرگانی ناوەندی.
- سەرپەرشتی کاروباری ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی یەکێتی قوتابیانی کوردستان دەکات لە سەرجەم ئۆرگانەکاندا لە دەرکردنی بڵاوکراوە و نامیلکە و چاپکردنی پەرتوك و سەرپەرشتیکردنی بڵاوکردنەوەی چالاکییەکان لە دەزگاکانی بڵاوکردنەوەی وەك (ڕۆژنامە و ڕادیۆ و تەلەڤیزیۆن) و گەیاندنی دەنگ و هەڵوێستەکانی یەکێتی بە جەماوەر.
- لە ڕێگای بڵاوکراوە و بڵاوکردنەوەی بەرنامەی جۆراوجۆر بابەتی ڕۆشنبیری بڵاو بکاتەوە.
- لە ڕێگای نووسرا و ڕاپۆرتی تایبەتییەوە سەرپەرشتی کاری ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن دەکات لە سەرجەم لقەکان.
- خول و سیمیناری ڕۆشنبیری ساز بکات بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی ڕۆشنبیری ئەندامان.

**ث. بەشی دارایی و بەڕێوەبردن:**

- کاروباری بەڕێوەبردن و نەخشەدانانی دارایی و بەرنامەڕێژی دارایی یەکێتی قوتابیانی کوردستان لە ئەستۆ دەگرێت.
- دابەشکردنی داهاتی یەکێتی قوتابیانی کوردستان بە گوێرەی ئەو ڕێنمایی و ڕێژەیەی کە کۆبوونەوەی لێژنەی ڕاپەڕاندن بڕیاری لێ دەدات.
- سەرپەرشتیکردنی چۆنێتی خەرجی لقەکان لە ڕێگای ڕاپۆرتی دارایی مانگانەی لقەکان، لە کاتی پێویستیشدا بە سەردان و بانگکردن.
- بەرپرسیارە لە دروستبوون و کەڵەکەبوونی هەر کێشەیەکی دارایی لە دەزگاکانی یەکێتی.
- هەموو خەرجییەکانی یەکێتی لە ڕێی بەشی داراییەوە دەکرێن، بە ڕەزامەندی بەش.
- سەرپەرشتیکردن و پاکۆکردنی دارایی هەموو چالاکییەکان.
- بەپێی پێویست داوا لە مەکتەبی سکرتاریەت بکات بۆ ڕاگرتنی میزانیە و هاوکاری لقەکان.
- داهات و خەرجی گشتی، مانگانە لە شێوەی ڕاپۆرت تۆمار دەکات.
- بەڕێوەبردنی بارەگاکان.

**ج. بەشی چالاکییەکان:**

- ئەرکی نەخشەدانان و مەزەندەکردن و جێبەجێکردن و سەرپەرشتیکردنی چالاکییە هەمەجۆرەکان، کە لەلایەن مەکتەبی سکرتاریەتەوە بڕیاری لێ دەدرێت، یاخود بە بەرنامە بۆی بەرز دەکرێتەوە لە دەزگاکانی خوارەوەدا بە مەبەستی ئەنجامدانی.
- لەکاتی ئەنجامدانی چالاکییەکاندا ڕاستەوخۆ سەرپەرشتی بەڕێوەچوونی دەکات و بەرپرسیارە بەرامبەر ئەنجامەکەی.

**ح. بەشی کاروباری پیشەیی:**

- بایەخ بە هەموو ئەو کاروبار و کێشە و گرفت و ئاستەنگانە دەدات کە دێنە ڕێگای قوتابیان و پرۆسەی خوێندن و هەوڵی چارەسەرکردن و جێبەجێکردنی دەدات بە ڕێگای گونجاو، بە بەرنامەڕێژکردن و خستنەبەردەستی مەکتەبی سکرتاریەت (یاخود لق) بۆ بڕیاردانی پێویست.
- هەڵدەستێت بە ئەرکی گەیاندنی کێشە و داواکانی قوتابیان بە دامودەزگا پەیوەندیدارەکان.

**بەندی پێنجەم**

**دارایی یەکێتی**

**١- دارایی یەکێتی پێك دێت لە:**

- ئابوونەی مانگانەی ئەندامانی یەکێتی.
- ئەو یارمەتییانەی بۆ یەکێتی دەنێردرێت و ئەو پیتاکانەی کۆ دەکرێنەوە.
- داهاتی چالاکی و پرۆژەکان.

**٢- دارایی یەکێتی بەم شێوەیە بڕیاری خەرجکردنی لێ دەدرێت:**

- داهاتی یەکێتی قوتابیانی کوردستان لە کۆبوونەوەی لێژنەی ڕاپەڕاندن بۆ سەرجەم کاروبارەکانی مەکتەبی سکرتاریەت و لقەکان و خەرجییە جۆراوجۆرەکان بڕیاری لێ دەدرێت.
- میزانیە لە هەموو دەزگاکان(مەکتەبی سکرتاریەت، لق، لێژنەی ناوچە)

کۆبوونـەوەی ئـەو دەزگایـەی لەسـەر دەکرێـت و بڕیـاری خەرجکردنـی لـێ دەدرێـت.

- کۆبوونـەوەی لێژنـە ڕاپەڕانـدن چاودێـری خەرجیـی مەکتەبـی سـکرتاریەت دەکات و مەکتەبـی سـکرتاریەتیش چاودێـری خەرجیـی لقـەکان دەکات و بەهەمـان شـێوەش لقـەکان چاودێـری خەرجیـی لێژنـەی ناوچـەکان دەکات.
- دەرماڵەی هەڤاڵان بە شێوەیەکی جێگیر دابەش دەکرێت بەو شێوەی کە مەکتەبی سکرتاریەت بڕیاری لێ داوە و مەکتەبی سکرتاریەت بۆی هەیە کە بەگوێرەی پێویستی دامودەزگاکان دەستکاری بکات بە مەرجێك کار لە دابەشکردنی میزانیە نەکات.
- لەکاتـی سـەرپێچیکردن لـە خەرجکردنـی داهـات یـان بـە نابەجـێ خەرجکـردن، دەزگاکانـی سـەروو بۆیـان هەیـە بـە گوێـرەی بەنـدی دووەم خاڵـی (٥) سـزا بـدەن.
- داهاتی یەکێتی لەسەرجەم ئۆرگانەکاندا (لق، لێژنەی ناوچەکان) لە هەر سەرچاوەیەکەوە بێت، دەبێ دەزگای سەرووی لێ ئاگادار بکرێتەوە و لە لیستی داهات تۆمار بکرێت.

**٣- میزانیە دابەش دەکرێت بۆ (دەرماڵە و نەسریە):**

- دەرماڵە بڕێکی دیاریکراوە لەلایەن مەکتەبی سکرتاریەت بڕیاری لێ دەدرێت.
- نەسریـە: بڕەکـەی بەگوێـرەی گەورەیـی و هەسـتیاری شـوێنی دەزگاکـە و ژمـارەی ئەندامـان و چالاکییـە هەمـە جـۆرەکان بڕیـاری لـێ دەدرێـت و کۆبوونـەوەی لێژنـەی ڕاپەڕانـدن بـۆی هەیـە کـە زیـاد و کەمـی تێـدا بـکات.

**٤- دارایی یەکێتی بەم شێوەیە خەرج دەکرێت:**

- میزانیە و دەرماڵەی بڕیارلێدراو.
- ڕاگەیاندنـی ناوەنـدی لـە دەرکردنـی ئـۆرگان و بەرنامـەی ڕادیۆیـی و تەلەڤیزیـۆن و بڵاوکراوەکانـی تـر.
- خەرجییە جۆراوجۆرە پێویستییەکانی بارەگا.
- هاوکاری ئەندامان لەکاتی پێویستیدا کە لەلایەن لقەکانەوە تەزکییە دەکرێن.
- بۆ هاتوچۆی نوێنەرانی یەکێتی کە بە ئیشوکاری تایبەت بە یەکێتی هاتوچۆ دەکەن.
- ئەنجامدانی چالاکی.

## ڕاگەیەندراوی کۆتایی کۆنگرەی نۆیەمی یەکێتی قوتابیانی کوردستان

سـەرلەبەیانی ڕۆژی دووشـەممە ڕێکەوتـی ١٩٩٨/٧/٢٧، بـە چاودێـری سـەرۆك بارزانـی مەراسـیمی کردنـەوەی کۆنگـرەی نۆیەمـی یەکێتییەکەمـان (یەکێتـی قوتابیانـی کوردسـتان) لـە ژێـر دروشـمی (زانسـت، ئـازادی، پێگەیانـدن) لـە هۆڵـی ڕۆشـنبیری هەولێـری پایتەختـی هەرێمـی کوردسـتان بەڕێـوە چـوو.

سـەرەتا مەراسـیمەکە بـە چەنـد ئایەتێـك لـە قورئانـی پیـرۆز و وەسـتانی دەقیقەیـەك بـۆ ڕێزگرتـن و خوێندنـی سـورەتی (الفاتحـة) بـۆ سـەر گیانـی شـەهیدانی یەکێتییەکەمـان و براڤـی ڕزگاریخـوازی کـورد و سـەروەری شـەهیدان بارزانیـی نەمـر دەسـتی پـێ کـرد، ئینجـا سرودی یەکێتییەکەمـان پێشـکەش کـرا. لـە درێـژەی ئـەم مەراسـیمەدا وتارەکانـی مەکتەبـی سیاسـی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان و سـەرۆکی حکومەتـی هەرێـم و پەیڤـی وەزارەتـی پـەروەردە و یەکێتـی مامۆسـتایانی کوردسـتان و یەکێتـی لاوانـی دیموکراتـی کوردسـتان پێشـکەش کـران، لـە کۆتایـی مەراسـیمەکەدا کـە زیاتـر لـە چـوار کاتژمێـری خایانـد بروسـکەی پیرۆزبایـی لایەنـە سیاسـییەکان و ڕێکخـراوە جەمـاوەری و پیشـەییەکان و بنکـە حزبییـەکان خوێندرانـەوە.

یەکـەم دانیشـتنی کۆنگـرە سـەر لـە ئێـوارەی هەمـان ڕۆژ دەسـتی پـێ کـرد. لـەم دانیشـتنەدا لەلایـەن ئەندامانـی کۆنگـرەوە لێژنـەی بەڕێوەبردنـی کۆنگـرە کـە لـە پێنـج هەڤـاڵ پێـك هاتبـوو هەڵبژێـردرا، بـەم شـێوەیە کاری لێژنـەی ئامادەکاری کۆنگـرە کۆتایـی پـێ هـات و بەڕێوەبردنـی کارەکان بـەم لێژنەیـە سـپێردرا. هـەر لـەم دانیشـتنەدا ڕاپۆرتـی گشـتی لەلایـەن سـکرتێری یەکێتییەکەمـان پێشـکەش کـرا و داوای گفتوگـۆ لەلایـەن ئەندامانـی کۆنگـرە بـە زۆرینـەی دەنـگ پەسـەند کـرا. دوابـەدوای ئەمـە لێژنەکانـی پەیـڕەو و پرۆگـرام و ڕێکخسـتن و ڕاگەیانـدن و پەیوەندییـەکان و دارایـی و سکاڵا و بڕیـار و ڕاسـپاردەکان بـە هەڵبـژاردن دیـاری کـران.

دووەم دانیشـتن کـە سـەرلەبەیانی ڕۆژی دووەم بەڕێـوە چـوو تایبـەت بـوو بـە کۆبوونـەوەی گشـت لێژنـەکان، کـە دوای چەنـد کاتژمێـر گفتوگـۆ، کاری گشـت لێژنـەکان لـە نیـوەڕۆی هەمـان ڕۆژ کۆتایـی پـێ هـات. سـەر لـە ئێـوارەی هەمـان ڕۆژ سـێیەمین دانیشـتنی کۆنگـرە تەرخـان کـرا بـۆ پێشکەشـکردنی پـڕۆژەی پەیـڕەوی ناوخـۆ، ئەمـە و

ئـەم پڕۆژەیــە دوای گفتوگۆیەکــی زۆر و جێگیرکردنــی چەندیــن گۆڕانــکاری پێویســت و ســوودبەخش بــە تێکــڕای دەنــگ پەســەند کــرا.

ســەرلەبەیانی ســێیەم ڕۆژی کۆنگــرە دانیشــتنی چوارەمــی کۆنگــرە بەڕێــوە چــوو. ســەرەتای ئــەم دانیشــتنە بــە پێشکەشــکردنی پــڕۆژەی پرۆگرامــی یەکێتیەکەمــان دەســتی پــێ کــرد. تاکــە تاکــەی بڕگەکانــی ئــەم پڕۆژەیــە گفتوگــۆ و گەنگەشــەیەکی تێروتەســەلی لەســەر کــرا و بــە تێبینــی و پێشــنیاری ئەندامانــی کۆنگــرە دەوڵەمەنــد بــوو. لــە کۆتاییــدا تێکــڕای پڕۆژەکــە لــە قاڵبێکــدا داڕێــژرا، کــە لەگــەڵ ئــەم قۆناغــەی خەباتــی یەکێتییەکەمــان و هەلومەرجــی هەنووکەیــی کوردســتانی و ناوچەیــی و جیهانیــدا بگونجێــت. ئــەم پڕۆژەیــەش بــە زۆرینــەی دەنــگ لەلایــەن کۆنگــرەوە پەســەند کــرا. لــە درێــژەی ئــەم دانیشــتنەدا، ڕاپۆرتەکانــی ڕێکخســتن و ڕاگەیانــدن و پەیوەندییــەکان و داراییــی و ســکاڵا پێشــکەش کــران و دوای گفتوگــۆ و چەســپاندنی هەنــدێ گۆڕانــکاری لەلایــەن کۆنگــرەوە پەســەند کــران.

دواکاری کۆنگــرە لــەم دانیشــتنەدا پێشکەشــکردنی ڕاســپاردە و بڕیارەکانــی گۆنگــرە بــوو لەلایــەن لێژنــەی تایبــەت بــەم بابەتــەوە. شــایانی باســە کــە بەشــێکی زۆری گفتوگۆکانــی کۆنگــرە تایبــەت بــوون بــە گرفــت و کێشــەی قوتابیــان و پرۆســەی خوێنــدن لــە هەرێمــی کوردســتان، کــە هــەر لــەم بــوارەدا چەندیــن داواکاریــی گرنــگ لــە قاڵبــی یاداشــتنامەیەکدا لەلایــەن کۆنگــرەوە، ئاراســتەی ســەرۆکایەتی ئەنجومەنــی وەزیــران کــرا.

ئەمــە و لەلایــەن کۆنگــرەوە جەخــت کرایــەوە ســەر بەرەوپێشــبردنی پرۆســەی خوێنــدن لــە هەرێــم و پاراســتنی پیــرۆزی و ســەربەخۆیی مەڵبەندەکانــی خوێنــدن و پەرەپێدانــی زانکــۆکان و قەڵاچۆکردنــی نەخوێنــدەواری و داکۆکــی کرایــە ســەر کارکــردن لــە پێنــاو بەئەنجامگەیاندنــی هەڵبژاردنــی ســاڵانەی نوێنــەری قوتابیــان لــە گشــت مەڵبەندەکانــی خوێندنــدا. هەروەهــا پشــتگیری یەکێتییەکەمــان بــۆ ســەقامگیرکردنی ئاشــتی و بڵاوبوونــەوەی دیموکراتیــەت و ڕێزگرتــن و پاراســتنی مافــی مــرۆڤ لــە کوردســتاندا دووپــات کرایــەوە.

لــە پێنجەمیــن دانیشــتندا کــە دوا دانیشــتنی کۆنگــرە بــوو، پرۆســەی هەڵبژاردنــی دەســتەی نوێــی لێژنــەی ڕاپەڕانــدن بــە چاودێــری دادوەرێــك لــە وەزارەتــی داد،

بەڕێوەچوو. لە کەشێکی ئازاد و دیموکراتییانەدا کە تێکڕای ٢٦٠ ئەندامی کۆنگرە ٥٣ هەڤاڵ خۆیان بۆ پێکهاتەی لێژنەی ڕاپەڕاندن پاڵاوت، کە دوای دەنگدانێکی نهێنی و ڕاستەوخۆ، ١٩ ئەندامی لێژنەی ڕاپەڕاندن و ٥ ئەندامی یەدەگ هەڵبژێردران.

ئەمە و لە کۆتاییدا و لە دوای پیرۆزبایی و ئومێدی سەرکەوتن بۆ دەستەی نوێی سەرکردایەتی یەکێتییەکەمان بڕیاردرا کە گشت ئەندامانی کۆنگرە سەردانی مەزاری هەردوو نەمران بارزانی باوکی ڕۆحیی کورد و کاك ئیدریسی جوانەمەرگ بکەن تاکو لەگەڵ ئەم نوێبوونەوەی دوای کۆنگرە، لەسەر گڵکۆی پیرۆزیان سۆز و پەیمان نوێ بکەنەوە کە هەردەم سەرەڕم و درێژەپێدەری ڕێبازە پیرۆزەکەیان بن. بەم شێوەیە دوای سێ ڕۆژ کارەکانی نۆیەمین کۆنگرەی یەکێتی قوتابیانی کوردستان بە سەرکەوتوویی و پڕ بەرهەمی کۆتایی پێ هات.

**یەکێتی قوتابیانی کوردستان**

**١٩٩٨/٧/٣٠**

## دەستەی نوێی لێژنەی ڕاپەڕاندنی (ی. ق. ك)

دوابـەدوای بەسـتنی کۆنگـرەی نۆیەمـی یەکێتـی قوتابیانـی کوردسـتان لـە ڕۆژی دووشـەمە ١٩٩٨/٧/٢٧ و پـاش سـێ ڕۆژ کاری سـەرکەوتووانە لـە دوا دانیشـتنی کۆنگـرەدا، سـەر لـە ئێـوارەی ڕۆژی چوارشـەمە ١٩٩٨/٧/٢٩ بـە ئامادەبوونـی بەڕێـزان عـارف تەیفـوور کارگێـڕی مەکتەبـی سیاسـی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان و مەحمـود محەمـەد بەرپرسـی مەکتەبـی ناوەنـدی ڕێکخـراوە جەمـاوەری و پیشـەییەکان و دادوەرێـك لـە وەزارەتـی داد، لـە کەشـێکی ئـازاد و دیموکراتییانـەدا پرۆسـەی هەڵبژاردنـی دەسـتەی نوێـی لێژنـەی ڕاپەڕاندنـی یەکێتـی قوتابیانـی کوردسـتان بەڕێـوە چـوو.

ئەمـەو لـە میانـەی ئـەم پرۆسـەیەدا لـە تێکـڕای ٢٦٠ ئەندامـی کۆنگـرە ٥٣ قوتابـی خۆیـان بـۆ سـەرکردایەتی یەکێتـی قوتابیـان و پێکهاتـەی لێژنـەی ڕاپەڕانـدن پـاڵاوت.

کـە لـە دوای ژماردنـی دەنگـەکان، بەپێـی ڕێـژەی دەنگـەکان، بەمشـێوەیە ١٩ ئەندامـی لێژنـەی ڕاپەڕانـدن و ٥ ئەندامـی یـەدەگ دیـاری کـران.

- عیسا ئەحمەد ئاغا
- عەلی عەونی نیعمەت
- شاکر ئەبوبەکر عەزیز
- شەعبان شەعبان ئەحمەد
- ئاواز عەبدولواحد خدر
- غالب حسێن عوسمان
- ئەحمەد محەمەد عومەر
- عەلی تەتەر تۆفیق
- موسا ئەحمەد ئاغا
- هەژار کاکۆ ئەحمەد
- هەنگاو عەبدوڵاخان

- شەمیران عەلی محەمەد
- زوبێر عەبدوڵا حسێن
- فاخر حسێن سادق
- محەمەد شوکری محەمەد سەعید
- کاروان جەلال عەل
- سەلام حسێن محەمە
- سەمیرە نادر قادر
- بەیان عوسمان حەسەن

**یەدەگەکان:**

- نازم ڕەشید ئیسماعیل
- سیروان عوسمان حەسەن
- موسڵح حەسەن میرخان
- موراد خۆشەوی حسێن
- شیلان جەعفەر عەلی

## ڕاگەیەندراوی کۆتایی یەکەمین کۆبوونەوەی لێژنەی ڕاپەڕاندنی یەکێتی قوتابیانی کوردستان

دوابەدوای ئەوەی کۆنگرەی نۆیەمی یەکێتی قوتابیانی کوردستان بە سەرکەوتوویی کۆتایی پێ هات و سەرکردایەتییەکی نوێ هەڵبژێردرا، ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی ١٩٩٨/٨/١٢، لێژنەی ڕاپەڕاندنی یەکێتی قوتابیانی کوردستان یەکەم کۆبوونەوەی ئاسایی خۆی لە بارەگای مەکتەبی سکرتاریەت، بە ئامادەبوونی بەڕێز مەحمود محەمەد بەرپرسی مەکتەبی ناوەندی ڕێکخراوە جەماوەری و پیشەییەکان بەست.

لە یەکەم دانیشتنی ئەم کۆبوونەوەیەدا، دوای وەستانی دەقیقەیەك بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدان و سەروەری شەهیدان بارزانیی نەمر لە کەشێکی ئازاد و دیموکراتییانەدا هەڤاڵانی مەکتەبی سکرتاریەت و سکرتێری یەکێتی قوتابیان هەڵبژێردران. لە دووەم دانیشتندا بەرهەم و دەستکەوتەکانی یەکێتییەکەمان لە نێوان هەردوو کۆنگرەی هەشتەم و نۆیەم خرانە بەر تاوتۆیکردن و هەڵسەنگاندن و ڕۆڵی هەڤاڵانی دەستەی لێژنەی ڕاپەڕاندنی پێشوو لەم ماوەیەدا بە ئیجابی هەڵسەنگێندرا و سوپاس و دەستخۆشانەیان ئاراستە کرا. لە درێژەی ئەم دانیشتنە چۆنیەتی دەستبەکاربوونی دەستەی نوێی لێژنەی ڕاپەڕاندن و داڕشتنی بەرنامە و پرۆژەی گونجاو بۆ مەبەستی بەرەوپێشبردنی کاروئەرکی قوتابیان و خزمەتی هەرچی زیاتری توێژی قوتابیان خرانە بەرباس و گفتوگۆ، کە لە ئەنجامدا چەندین تەوەر بۆ دەستبەکاربوون و ئاراستەکردنی تواناکان بەرەو پێکانی ئامانجە نزیك و دوورەکانی یەکێتی قوتابیان دەستنیشان کران.

هەر لەم کۆبوونەوەیەدا دووپات کرایەوە کە یەکێتی قوتابیان شێلگیرانە هەوڵ دەدات کە هەرچی زووتر هەڵبژاردنی نوێنەری قوتابیان لە گشت قۆناغەکانی خوێندنی دوای قۆناغی ناوەندی بەڕێوە بچێت، هەروەها جەخت کرایەوە سەر پشتگیری یەکێتییەکەمان بۆ پاراستنی پیرۆزی و سەربەخۆیی مەڵبەندەکانی خوێندن. لە درێژەی ئەم دانیشتنە بەڕێز و بایەخەوە سەیری ڕۆڵی کاریگەری کابینەی سێیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان کرا بە بواری ئاوەدانکردن و

گەشـەپێدانی ئاسـتی ژیـان و گـوزەران و دابینکردنـی ئاسـایش و پەرەپێدانـی پرۆسـەی خوێنـدن لـە گشـت قۆناغەکانـدا. ئـەم کۆبوونەوەیـەی لێژنـەی ڕاپەڕانـدن هـاوکات بـوو لەگـەڵ یادکردنـی ٥٢ سـاڵەی دامەزراندنـی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان، پێشـەنگی بزاڤـی ڕزگاریخـوازی کـورد لـە نیـوەی دووەمـی ئـەم سـەدەیە، هـەر بـەم بۆنەیـەوە باسـی ڕۆڵـی سـەرەکی و کاریگـەری پارتـی لـە پاراسـتنی ئەزمونـی هەرێمـی کوردسـتان کـرا و پشـتگیری یەکێتییەکەمـان لـە سیاسـەتە ڕاسـت و ئاشـتیخوازانەکەی دووپـات کرایـەوە. لـە دوادانیشـتنی ئـەم کۆبوونەوەیـەدا لـە بـاری لقەکانـی یەکێتـی قوتابیـان کۆڵدرایـەوە و هەڤاڵانـی بەرپرسـی لقەکانـی بـە پەسـەندکردنی زۆرینـەی ئەندامانـی لێژنـەی ڕاپەڕانـدن دەستنیشـان کـران، هەروەهـا بەرنامەیـەك داڕێـژراو بـۆ پێکهێنانـی دەسـتەی گشـت لقـەکان لـە مـاوەی داهاتـوودا.

لـە کۆتاییـدا گشـت هەڤـاڵان سـۆزیان دا کـە بـە هەمـوو توانایـەك هـەوڵ بـدەن لـە ئاسـت ئـەو بـاوەدا بـن کـە لەلایـەن کۆنگـرەی نوێەمـی یەکێتـی قوتابیانـەوە پێیـان بەخـشراوە و تـێ بکۆشـن بـۆ ئـەوەی درێـژە بـە ڕێبـازە پـڕ سـەروەرییەکەی یەکێتـی قوتابیانـی کوردسـتان بـدەن کـە هەڵقـوڵاوی ڕێبـازە پیرۆزەکـەی بارزانیـی نەمـری مامۆسـتای کوردایەتـی و نیشـتمانپەروەرییە. ئەمـەو ئـەو کۆبوونەوەیـە بـە گیانێکـی هەسـت بـە بەرپرسـیاری و لـە کەشـێکی دیموکراتییانـەدا کۆتایـی پـێ هـات.

**یەکێتی قوتابیانی کوردستان**

**لێژنەی ڕاپەڕاندن**

**١٩٩٨/٨/١٢ هەولێر**

## وتار و بروسکەی پیرۆزبایی کۆنگرەی نۆیەمی (ی.ق.ك)

وتـاری لێژنـەی بـاڵای ئامـادەکاری کۆنگـرەی نۆیـەم لەلایـەن ساسـان عەونـی سـکرتێری یەکێتـی قوتابیانـی کوردسـتان

گەورە و سەروەرمان جەنابی سەرۆك مەسعود بارزانی...

میوانە ئازیز و دەلال و بەڕێزەکانمان...

تێکۆشەران؛ ئەندامانی نۆیەمین کۆنگرەی یەکێتی قوتابیانی کوردستان،

بەنـاوی لێژنـەی ڕاپەڕانـدن و لێژنـەی بـاڵای ئامـادەکاری کۆنگـرەی نۆیەمـی یەکێتـی قوتابیانــی کوردســتان بــە چەپکەگوڵــی پــڕ خۆشەویســتی و ڕێــزەوە بەخێرهاتنێکــی گەرمتــان لــێ دەکەیــن و سوپاســی ئەرککێشــان و ئامادەبوونتــان دەکەیــن ... ســوپاس بـۆ کـردگاری گـەورە لـە سـایەی خوێنـی شـەهیدان، لـە پایەتەختـی هەرێمـی کوردسـتاندا و لـە ژێـر چاودێـری جەنابـی سـەرۆك مەسـعود بارزانـی، یەکێتـی قوتابیانـی کوردسـتان کارەکانــی نۆیەمیــن کۆنگــرەی ئەنجــام دەدات.

بەڕێزان...

کۆنگـرەی نۆیەمـی یەکێتییەکەمـان لـە دوای پێنـج سـاڵ تێپەڕیـن بەسـەر کۆنگـرەی ئـازادی ئەنجـام دەدرێ، پێنـج سـاڵی پـڕ کار و خەبـات و تێکۆشـان و قوربانیـدان لەپێنـاو دەســتەبەرکردنی مافەکانــی قوتابیانــی کوردســتان، ئەویــش لــە ســایە و پشــتگیری بەردەوامـی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان و لەخۆبوردوویـی و خۆنەویسـتی و تێکۆشـانی ئەندامــە دلێرەکانــی یەکێتــی قوتابیانــی کوردســتان درێــژەی هەبــوو و بەردەوامیــش دەبێــت، ئــەو ئــاڵای زانســت و خەباتــەی کــە بــە خوێنــی شــەهیدانی ســەروەرمان ســوور کــراوە و دەستاودەســتی کــردووە و گەیشــتووەتە ئێــرە، بەوپــەڕی بــڕواو و هیــوا و ســووربوون لەســەر ئــەو ڕێبــازە پیــرۆزە دەدرێتــە دەســت نەوەیەکــی تــری ئــەو قوتابخانەیـەی کـە بەردەوامـە لـە پێگەیاندنـی نیشـتمانپەروەر و کۆڵنـەدەران. جارێکـی تــر بەخێرهاتنێکــی گەرمــی هەمــوو لایەکتــان دەکەیــن.

## وتاری مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان

بەناوی خوای مەزن و میهرەبان

سەرۆکی هێژا کاك مەسعود بارزانی،

خوشك و برایانی بەڕێز،

قوتابیانی ئازیز و دەلال،

پڕ بـەدڵ پیرۆزباییتـان لـێ دەکەیـن بـە بۆنـەی بەسـتنی کۆنگرەکەتـان، کۆنگـرەی نۆیەمـی یەکێتـی قوتابیانـی کوردسـتانی تێکۆشـەر. بێگومـان بەسـتنی نـۆ کۆنگـرە لـە مێـژووی ئـەم ڕێکخـراوە کۆڵنـەدەرەدا بەڵگـەی سـەقامگیری و بەردەوامـی وتـی دیموکراتیکـی یەکێتـی قوتابیانـی کوردسـتانە، کـە نـەك هـەر لـە کوردسـتان، بەڵکـو لـە عێـراق و ناوچەکەشـدا نمونەیەکـی کەموێنەیـە.

گرتنـی نـۆ کۆنگـرە وا دەگەیەنـێ کـە سـەرکردایەتی یەکێتـی قوتابیانـی کوردسـتان هەمیشـە بـە هەڵبـژاردن بـووە، بـە خواسـت و ڕەزامەنـدی قوتابیـان بـووە و کـەس نەیتوانیـوە و ناتوانـێ خـۆی بەسـەر قوتابیانـدا بسـەپێنێ، ئەمـەش وتێکـی قوتابخانـەی بارزانیـی نەمـرە.

کۆنگـرە ڕووداوێکـی ئاسـایی نییـە، دەبـێ لە ڕێـگای تاوتوێکردنـی گرفتـەکان و وەرگرتنی ڕاسـپاردە و بڕیـاری گونجـاو لەگـەڵ بەرژەوەنـدی سـەرجەم قوتابیانـدا بتوانـێ ئومێـد و ئامانـج و هیـوای گشـت قوتابیـان دەرببـڕێ و بەرجەسـتەیان بـکات. شانبەشـانی ئەمـەش ئەنجامدانـی هەڵبژاردنـی سـاڵانەی نوێنەرانـی قوتابیـان لـە سـەرەتای سـاڵی خوێندنـدا بایەخـی تایبەتـی خـۆی هەیـە.

هەروەهـا کۆنگـرە دەرفەتێکـە بـۆ ئـەوەی بـە ڕاشـکاوی گیروگرفـت و کۆسـپە گرنگەکانـی بـەردەم پرۆسـەی پـەروەردە بـە گشـتی دەستنیشـان بکرێـن، بێگومـان پڕۆسـەی پـەروەردە بەتایبەتیـش لـەم دوو سـاڵەی دوایـی بـە هـۆی بەرپابوونـی ئاسـایش و سـەقامگیری و تەرخانکردنـی دارایـی گونجـاو بـۆ پـەروەردە و زانکـۆکان لـە هەمـوو ئاسـتێکدا لەلایـەن حکومەتـی هەرێمـەوە هەنـگاوی باشـی بـەرەو پیشـەوە نـاوە. هەرچـی کـراوە و زۆریـش کـراوە جێـگای ڕێزوپێزانینـە.

**ئەنجامی تاقیکردنەوە**

ڕەنگـە ئەنجامـی تاقیکردنەوەکانـی بەکەلۆریـای ئەمسـاڵ لـە هـی پـار باشـتر بێـت، بـەڵام وابزانـم ڕێـژەی ١٣٪ و ١٧٪ لـە مەعەدەلـی دەرچـوون زۆر دڵخۆشـکەر نییـە.

ڕەنگە هەندێك لە هۆیەکانی ئەم دیاردەیە بریتی بن لە:

- بوونی جۆرە تێکەڵی و پێکەڵییەك لە مینهاجدا.
- تەواونەکردنی هەندێك وانە.
- دیاردەی دەرسگوتنەوەی تایبەتی لەسەر حیسابی دەرسگوتنەوەی گشتی.
- پڕنەکردنەوەی هەندێك شەواغیر(شوێنی بەتاڵ) تا نیوەی ساڵ.

بێگومـان لـە دەوری دووەم ئەنجامـی تاقیکردنـەوەکان باشـتر دەبێـت، بـەڵام دەبێـت دیـاردەی تەئجیلیـش بیـری لـێ بکرێتـەوە.

**مێژوو و زمانی کوردی**

دەبـێ ڕەوانـەی مێـژووی کـورد و جوگرافیـای کوردسـتان و پـەروەردەی نیشـتمانی گۆڕانـکاری تەواویـان تێـدا بکرێـت و بـۆ هەمـوو قۆناغـەکان وەکـو ڕەوانەیەکـی بنچینەیـی بایەخـی تەواویـان پـێ بدرێـت، چونکـە ئەمـە کوردایەتـی دەچەسـپێنێ.

زۆر پێویسـتە سروودی نیشـتمانی ئیلزامـی بێـت و لـە هەمـوو قوتابخانەیەکـدا بخوێندرێتـەوە. زۆر جـار سروودی نیشـتمانی ئیلهامبەخشـێکی گـەورەی قارەمانێکـی پاشـەڕۆژ بـووە، مێـژوو و پـەروەردەی نیشـتمانی و سروود، کوردایەتـی لـە مێشـکی نـەوەی تـازەدا دەچەسـپێنێ.

**فێرکردنی ئیلزامی**

یاسای فێرکردنـی ئیلزامـی ئیلغـا نەکـراوە و نابێـت ئیلغـا بکرێـت، بەڵکـو پێویسـتە سـەرلەنوێ لـە قۆناغـی سـەرەتایی خوێندنـدا کاری پـێ بکرێتـەوە، دەبێـت پـەروەردە و یونسـێف پێداویسـتییەکانی سـاڵی یەکـەم دابیـن بکـەن و ڕەوانـەی زمانـی کـوردی لـە ڕیزی ڕەوانـە بنەڕەتییـەکان بێـت، هەژار هەمیشـە دەیگـوت: «کە زمـان چوو، قەوم چوو»، ئێسـتا دەرفـەت لەبـارە بـۆ ئـەوەی هەمـوو کـورد و کوردسـتانییەك چاك فێـری زمانی کـوردی بێت،

هەروەهـا بـرا تورکـمان و بـرا ئاشوورییەکانیشـمان فێـری زمانـی زگماکـی خۆیـان بـن.

زۆر لـە مامۆسـتایان لـە بـواری دیکـەی کارکردنیـان هەڵبـژاردووە، دیـارە کـە ژیانـی ئـەم توێـژە کۆمەڵایەتییـە باشـتر کـراوە، بـەڵام دەبـێ هێشـتا چاکـتر بکرێـت و بـە فراوانـی زەوی بەسـەریاندا دابـەش بکرێـت و حیسـابێکی بـاش بـۆ ئـەو هەمـوو ئـەرك و ماندووبوونەیـان بکرێـت. هێشـتا لـە هەندێـك گونـددا قوتابخانـەی خیـوەت مـاوە و بەرچـاو دەکەوێـت، ئەمـەش بۆمـان دەردەخـات کـە میللەتەکەمـان لەلایەکـەوە چەنـد پابەنـدی خوێنـدن و فێربوونـە، لەلایەکـی دیکەشـەوە هێشـتا چەنـد هەنـگاوی زۆرمـان لـە پێشـە کـە لـە بـواری پـەروەردە و خوێندنـدا ئەنجامیـان بدەیـن.

**کۆمپیوتەر بۆ قوتابخانەکان**

دەرفەتێکـی مێژوویـی لەبـارە بـۆ ئـەوەی تێکـڕای قوتابخانـەکان بەهـۆی بڕیـاری ٩٨٦ چـاك بکرێنـەوە. لـەم سـەردەمەدا وا پێویسـت دەکا کـە هەمـوو قوتابخانـە ناوەنـدی و دواناوەندییـەك کۆمپیوتەریـان هەبێـت، جارێکـی دیکـەش ئامـاژە بـە بڕیـاری ٩٨٦ دەکەیـن، یـا لـە هـەر ڕێگایەکـی دیکـەوە دابیـن بکرێـت.

بیسـتوومانە (UN) ڕێگـەی نـەداوە لـە چوارچێـوەی بڕیـاری ٩٨٦ کۆمپیوتـەر بـە عێـراق بدرێـت، گوایـە نـەوەك بـۆ مەبەسـتی دیکـە بەکاربهێندرێـت. ئێمـە ئـەم مەنتقـە ت دەکەینـەوە. کاتـێ لەگـەڵ دەرچـووە یەکەمەکانـی ئـەم سـاڵ کـۆ بووینـەوە، هەسـتمان بـەوە کـرد کـە ئاواتـی وای خۆیـان و قوتابیـان بەگشـتی ئەوەیـە کـە خوێندنـی بـاڵا تـەواو بکـەن، هەندێـك ئیختیساسـات لـە زانکۆکانـی هەرێمـدا هـەن، بـەڵام هەندێکـی دیکەیـان بەرچـاو ناکـەون، ئەمـە بەڕاسـتی ئەرکێکـی نیشـتمانی یـە و دەبـێ ئـەوەی لـە توانـادا هەیـە بکـرێ بـۆ چارەسـەرکردنی.

سـەرەڕای هەمـوو ئەمانـەش، دابینکردنـی مامۆسـتای موتەخەسـیس و شـارەزا و دەسـتەبەرکردنی کتێـب و گۆڤـاری زانسـتی، کارێکـی سـەخت نییـە و دەکـرێ ئەنجـام بدرێـت، بایەخێکـی زۆری هەیـە، هەروەهـا پێویسـتە بەپێـی توانـا هـەوڵ بدرێـت شـوێنی خوێنـدن لـە زانکۆکانـی دەرەوە بـۆ قوتابیـان دەسـتەبەر بکرێـت.

### گفتوگۆیەکی کراوە و کۆنفرانسێك

لەبەر ئەوەی بواری پەروەردە پەیوەندی بە گشت چینەکانی کۆمەڵەوە هەیە و تەنانەت گشت خێزانێکیش دەگرێتەوە، هەروەها چونکە ئێستا و پاشەڕۆژی میللەتەکەمان بە پەروەردە بەندە، بە زانکۆکانەوە پەیوەستە، دەوەستێتە سەر ئەنجامدانی دیراسە و توێژینەوەی زانستییانە، دیسانەوە، چونکە دەرفەتێکی کەموێنە بۆ گەلەکەمان ڕەخساوە کە بڕیاری ۹۸٦ی نەتەوە یەکگرتووەکانە و ئەم بڕیارە سەرجەم قۆناغەکانی پەروەردە و تەنانەت زانکۆکانیش دەگرێتەوە، بۆیە زۆر بە پێویستی دەزانین و کاتی ئەوە هاتووە کە گفتوگۆ و ڕاگۆڕینەوەیەکی کراوە و تێروتەسەل سەبارەت بە بەرەوپێشبردن و پەرەپێدانی پرۆسەی پەروەردە ئەنجام بدرێت، دەبێ ئەم گفتوگۆیە کراوە بێت لەسەر لاپەرەی ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا ساز بکرێت و دەرفەتی ئەوە هەبێت کە هەموو خەڵکی پەیوەندیدار بەشداری تێدا بکەن.

ئینجا دوابەدوای گفتوگۆیەکی چڕوپڕ و بەپێز، کۆنفرانسێکی پەروەردەیی بۆ لێکۆڵینەوە و وەرگرتنی بڕیاری گونجاو و زانستییانە دەربارەی هەموو بوارەکانی پەروەردە ساز بکرێت.

لە کۆتاییدا دووبارە پیرۆزباییتان لێ دەکەم و هیوای سەرکەوتن بۆ کۆنگرەکەتان دەخوازم.

## وتاری د. ڕۆژ نووری شاوەیس سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیران

بسم الله الرحمن الرحیم

بەڕێز جەنابی سەرۆكی خۆشەویست كاك مەسعود بارزانی،

میوانە بەڕێزەكان،

خوشك و برای قوتابی ئامادەی كۆنگرەی نۆیەمی یەكێتی قوتابیانی كوردستان،

پێشەكی بە گەرمییەوە پیرۆزبایی بەستنی كۆنگرەكەتان لێ دەكەم، تەمەننای سەركەوتنی هەموو كاروبارەكانی كۆنگرەكەتان دەكەم. پێم خۆشە، پێش ئەوەی دەست بە كۆنگرەكەتان بكرێت، سوپاسێكی هەڤاڵانتان، برادەرانتان، ئەندامانی سەركردایەتی یەكێتی قوتابیانی كوردستان بكرێ، بۆ ئەو خەبات و كۆششەی لە ساڵانی ڕابردوودا كردوویانە. پێم خۆشە خەباتیان، ماندووبوونیان لەبەرچاو بێ و كۆنگرەكە كە ڕووداوێكی دیموكراتییە لە ژیانی هەر ڕێكخراوێكدا، بە تەئكید شتێكی زۆر سروشتییە، كە مومكینە گۆڕانكاری بكرێت، بەعزێ هەڤاڵ لە كۆنگرە گەیشتبێتە ئەو ڕادەی تەسەور كا لە شوێنی خۆی باشتر ئیشی پێ دەكرێ، بەعزێ هەڤاڵی تازە شوێنی تازە بگرێت و بێتە ناو سەركردایەتییەوە، ئەمە شێوەیەكی تەبیعی دیموكراتییانەیە لەناو هەموو ڕێكخراوێكدا و كارێكی پیرۆزە لە هەموو دەزگایەك، لە هەموو ڕێكخراوێك لە بنەوە تا سەرەوە، خۆی نوێ ئەكاتەوە، بەڵام ئەگەر ئەمە مەعنای ئەو بێت، كە ئەو هەڤاڵانەی كە پلەی خەباتیان بەرەو شوێنێكی تر ئەچێت یان ئیشوكاریان لە شوێنێكی دی ئەبیننەوە، بەڵكو ئەركی سەرشانی حزب و حكومەتەكە بەپێی توانایان كە بە تەئكید لێوەشاوە و بەتوانان، جێگای شیاویان بۆ بدۆزرێتەوە و كەڵك و سوود لە توانایان وەربگرێت. ئەم كۆنگرەیەتان بە تەئكید، ئەویش كۆنگرەیەكی مێژووییە، چونكە ئێوە لە زروفێكی وادا دەژین كە گۆڕانكاری خێرای تێدا ڕوو دەدات، لە زروفێكدا دەژین كە مێژووییە بە نیسبەت نەتەوەكەمانەوە و بە نیسبەت كورد و كوردستانەوە، بۆیە من ئێوە و خۆشمان بە بەختەوەر ئەزانم كە لەم زروفەدا بتوانین كەڵكێكمان هەبێت بۆ خزمەتكردنی میللەتەكەمان وە بتوانین لەم زروفەدا

جێگای دەستمان دیار بێت، واتە جێگای دەستی قوتابیان دیار بێت. ئەرکی سەرەکی ژیانی یەکێتی قوتابیانی کوردستان بە گشتی ئەوەیە بە دەرەجەی یەکەم بەپیر تەنگ و چەڵەمە و مەشاکیل و خواست و ویستەکانی قوتابیانەوە بچن و ڕۆحی برایەتی و هاوەڵی و تەبایی و پشتگیری یەکتری تیایاندا پتەو و بەهێز بێت، لەهەمان کاتدا دەبێت پارێزگاری لە مافی قوتابیان، تەگەرە نەخاتە ڕێگای پێشکەوتنی زانستی. یەکێتی قوتابیان ئەرکێکی سەرشانی گەورەی ئێوەیە، کە هەموو بۆچوونێکی ئەبێت بچێتە ناو بۆتەی پێشکەوتنی زانستی و لە خزمەتی زانستدا بێت، بۆ ئەوەی قوتابی خۆی لە ڕێگای زانستەوە بتوانێت زیاتر خزمەتی کێشەی میللەتەکەی بکات، دەوری یەکێتی قوتابیان لە خەباتی نەتەوەیی کورد و کوردستاندا زۆر دیار و ئاشکرایە، قافڵەیەکی دوورودرێژە، شەهید دەبن و نمونەش شەهیدی گەورە و نەمر مەئمون دەباغ و کەمال سەلیم، لەیلا قاسم و سمکۆ ئامێدی و هەڤاڵانی تر، ئەمانە هەموو نیشاندەری ئەوەن کە یەکێتی قوتابیان و قوتابیانی کورد ڕۆژێک لە خەباتی گەلەکەیان دوا نەکەوتوون، نەك لە خەباتی گەلەکەیاندا دوا نەکەوتوون، بەڵکو قوتابیان بە دەرەجەی یەکەم توانای ئەوەیان هەبوو کە تینی خەبات و کوردایەتی، هەتا لەناو پارتی دیموکراتی کوردستاندا بەتین بهێڵنەوە و بەگوڕ بهێڵنەوە و نەهێڵن سارد بێتەوە. ئیمڕۆش ئەوە پیشان بدەن کە نەهێڵن ئەوە بەسەر بچێت، ئەمڕۆش بە زانست و بە توانا و بە خوێنگەرمی ئێوە ئەتوانن ڕیزەکانی خەبات پڕ بکەنەوە و لە هەر شوێنێکیش ساردییەکتان تیا دی پڕی بکەنەوە. ئێمەش هیوامان بە ئێوە زۆر بەتینە بۆیە لێرە بە تەئکید دووبارەی ئەکەمەوە، کە حکومەتی هەرێم، ئەنجومەنی خوێندنی باڵا بە شێوەیەکی مەوزوعییانە سەیری داواکانتان ئەکات و پاڵپشتی و پشتگیرتان ئەبێت بۆ خزمەتکردنی یەکێتی قوتابیانی و وتی زانستی، لە هەمان کاتدا پشتگیری ئەوەشتان لێ ئەکات کە بە شێوەیەکی ڕێکوپێک بتوانن لە خەباتی کوردایەتیدا، لە خەباتی نەتەوایەتییدا دەوری خۆتان ببینن و نەچنە ڕیزی دواوە و هەمیشە لە ڕیزی پێشەوەدا بن.

برای بەڕێزم کاك سامی باسی مەسائیلی کرد و هەندێکیان پەیوەندی بە

یەكێتـــی قوتابیانـــەوە هەیـــە، هەندێكیشـــیان مومكینـــە پەیوەندییـــان بـــە یەكێتـــی مامۆســـتایانەوە هەبێـــت، بـــەس بەگشـــتی پەیوەنـــدی بـــە هەندێـــك مەســـائیلەوە هەبێـــت، كـــە ئەمڕۆكـــە لـــە كوردســـتاندا بـــاوە، كـــە ئەمـــڕۆ لـــە كوردســـتاندا باســـی لێـــوە ئەكرێـــت و ئیشـــی لەســـەر ئەكرێـــت، بـــەڵام لـــە هەمـــان كاتـــدا، ئێمـــە ئەبێـــت ئـــەو ڕاســـتییانە بزانیـــن كـــە ڕاســـتە بڕیـــاری ٩٨٦ هەیـــە بەپێـــی بڕیـــار و لەســـەر كاغـــەز زۆر شـــت دەستنیشـــان كـــراوە كـــە بـــۆ قوتابیـــان و قوتابخانـــەكان بكرێـــت، بـــۆ زانكـــۆكان بكرێـــت، بـــۆ ڕووەكانـــی تـــری ژیـــان لـــە كۆمەڵـــی كوردەواریـــدا بكرێـــت لـــە كوردســـتانی عێراقـــدا، بـــەڵام تاكـــو ئێســـتا بڕیـــاری ٩٨٦ لـــە قۆناغـــی یەكەمیـــدا هێشـــتا نەگەیشـــتۆتە كۆتایـــی، هێشـــتاش مومكینـــە لـــە هەندێـــك بـــواردا ڕێـــژەی لـــە ١٥٪ یـــا لـــە ٢٠٪ جێبەجـــێ نەكرابێـــت، ئـــەوەی لـــەم دوو ســـاڵەی ڕابـــردوودا كـــراوە بـــە پاڵپشـــتی ســـەرۆكی خۆشەویســـت كاك مەســـعود بارزانـــی و بـــە پاڵپشـــتی پارتـــی دیموكراتـــی كوردســـتان كـــراوە، حكومەتـــی ئەكســـەریەتی پارتـــی دیموكراتـــی كوردســـتان كردوویەتـــی، پێشـــەكی مـــن لێـــرەدا ئەوەنـــدە ئەتوانـــم بـــە هەمـــان پاڵپشـــتی كـــە بتوانیـــن چیـــمان لەدەســـتدایە ئێســـتا بیكەیـــن، وە بەڵكـــو بـــە هـــاوكاری ئێـــوە و هـــاوكاری هەمـــوو كوردێكـــی نیشـــتمانپەروەرە بتوانـــن زیاتـــر خزمـــەت بـــە میللەتەكەمـــان و گەلەكەمـــان و نیشـــتمانەكەمان بكەیـــن. ئەگەڕێینـــەوە ســـەر بڕیـــاری ٩٨٦ كـــە لـــە ڕاســـتیدا مومكینـــە زۆر لـــە ئێـــوە هیوایەكـــی زۆرتـــان پـــێ هەبێـــت و تەســـەوری ئـــەوە بكـــەن زۆر لـــە كێشـــەكانمان چارەســـەر ئـــەكات، ڕاســـتە بڕیـــاری ٩٨٦ بڕیارێكـــی زۆر گـــەورە و مەزنـــە، بڕیارێـــك مومكینـــە لـــە مێـــژووی (UN) نەتـــەوە یەكگرتووەكانـــدا یەكـــەم بێـــت بـــەو شـــێوە گەورەیـــە كـــە دارایـــی حكومەتێـــك بداتـــە دەســـتی (UN) و بـــۆ ئـــەو میللەتـــە ســـەرف بكرێـــت.

بـــەس بـــە نیســـبەت میللەتـــی كـــوردەوە، بـــە درێژایـــی مێـــژووی كـــورد و كوردســـتان قـــەت ڕووی نـــەداوە، جیهەتێـــك كـــە خـــۆی دوژمـــن بـــە میللەتـــی كـــورد نەبێـــت، جیهەتێـــك كـــە بـــە ڕابەرایەتـــی دەزگای دیموكراتـــی دونیـــا ناسرابێـــت مەبالغێـــك بگرێتـــە دەســـتیەوە و ئـــەو مەبالیغـــە گەورانـــە بـــۆ گەلـــی كـــورد تەرخـــان بـــكا و ســـەرفی بـــكات، ئەمـــە هـــەل و فرســـەتێكی زۆر زۆر گەورەیـــە بـــۆ گەلەكەمـــان، ئەگـــەر شـــارەزا بیـــن، ئەگـــەر بەتوانـــا بیـــن، ئەگـــەر بەرژەوەنـــدی میللەتەكەمـــان بوێـــت،

ئەتوانیـــن لـــەو ڕێگەیـــەوە خزمەتێکـــی زۆر زۆر گـــەورە و فراوانـــی میللەتەکەمـــان بکەیـــن، کـــە بـــە درێژایـــی مێـــژوو بـــۆی نەکـــراوە. لێـــرەدا دەوری ئێـــوە زۆر ئاشـــکرایە، ئەگـــەر ئێـــوە بـــاش بخوێنـــن، ئەگـــەر ئێـــوە خوێندەواریتـــان بـــە ڕێکوپێکـــی و بەســـەرکەوتوویی ئەنجـــام بـــدەن، ئێمـــەش وەکـــو حکومەتـــی هەرێمـــی کوردســـتان دەتوانیـــن دەســـت بخەینـــە دەســـتتانەوە و ڕێـــگا و شـــوێنتان بـــۆ دابیـــن بکەیـــن و جێگاتـــان پیشـــان بدەیـــن، واجبتـــان بـــۆ بدۆزینـــەوە کـــە بتوانـــن لـــە هەمـــوو بوارەکانـــدا بـــە ڕێکوپێکـــی خزمەتـــی میللەتەکەتـــان بکـــەن، حکومەتـــی هەرێمـــی کوردســـتان پـــار و ئەمســـاڵ توانـــی هەمـــوو دەرچووانـــی زانکۆکانـــی کوردســـتان دابمەزرێنـــێ، ئەویـــش بـــۆ ئـــەوەی کـــە بتوانـــن بـــە ڕێکوپێکـــی خزمـــەت بـــە میللەتەکەمـــان بکـــەن و نەگوترێـــت کـــورد بەرژەوەنـــدی خـــۆی نازانێـــت و، ئەوانـــەی کـــە زانـــا و شـــارەزا و پســـپۆڕن ڕێگایـــان پـــێ نادرێـــت کـــە خزمـــەت پێشـــکەش بـــە گەلەکەیـــان بکـــەن.

لـــە کۆتاییـــدا دووبـــارە تەمەنـــای ســـەرکەوتنی کۆنگرەکەتـــان بـــۆ دەکـــەم و هیـــوادارم هەمـــوو لایەکتـــان ســـەرکەوتوو بـــن، جارێکـــی تـــر سوپاســـی ســـکرتاریەتی یەکێتـــی قوتابیانـــی کوردســـتان دەکـــەم و تەمەنـــای ســـەرکەوتن بـــۆ ســـکرتاریەتی تـــازە ئەکـــەم کـــە ئینشـــەڵلا لـــە دوای کۆنگـــرەدا هەڵدەبژێردرێـــت... ســـەرکەوتوو بـــن ئینشـــەڵا و بەخواتـــان ئەســـپێرم.

## وتاری مەحمود محەمەد، بەرپرسی مەکتەبی ناوەندی ڕێکخراوە جەماوەرییەکان

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان

خۆشەویست و بەڕێز جەنابی کاك مەسعود بارزانی،

هەڤاڵان،

میوانە بەڕێزەکان،

خوشك و برایانی قوتابی،

بەبۆنـەی بەسـتنی کۆنگـرەی نۆیەمـی یەکێتـی قوتابیانـی کوردسـتان گەرمتریـن پیرۆزباییتـان لـێ دەکەیـن، داواکاریـن سـەرفراز و سـەرکەوتوو بـن.

قوتابیانی تێکۆشەر،

یەکێتییەکەتـان هـەر لـە سـەرەتای دامەزراندنیـدا وەکـو ڕێکخـراوی نوێنـەر و ڕادەربـڕی ڕا و بۆچوونـی سـەرجەم قوتابیانـی کوردسـتان بـوو، هـەم لـە بـواری نەتەوایەتیـی و هـەم لـە بـواری قوتابێتـی و کێشـەکانیەوە. پارتیـمان، پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان، شـایەتی مێـژووی بـۆ خەبـات و سـەروەری و فیداکاریتانـە، هـەر لـە بەشـداریکردنی ئەندامانتـان لـە بەرەکانـی بەرگریکـردن و سـەنگەردا، تـا ئیعدامکـردن و تـا شـاڵاوی جۆراوجـۆر و جیاجیـاکان لـە دژی سیاسـەتە چەوتەکانـی دژ بـە گەلەکەمـان. بەشـداریکردنی یەکێتـی قوتابیانـی کوردسـتان لـە شـۆڕش و ڕاپەڕینـدا و بەرگـری لـە شـێواندن چەواشـەکردنی مێـژوو و پاراسـتنی زمـان و کولتـور و شـتە بەنـرخ و سـەنەکانی نێـو فەرهەنگـی کۆمەڵـی کـوردەواری وەك تەفسـیر و لێکدانەوەیـەك بـۆ وتـە بەنرخەکـەی سـەرۆك بارزانـی نەمـر کـە فەرموویەتـی: "قوتابیـان سـەری ڕمـن لـە گشـت شـۆڕش و ڕاپەڕینێکـدا" .

خوشك و برایانی قوتابی،

مێـژووی یەکێتییەکەتـان حاشـاهەڵنەگرە لـەوەی کـە خەباتـی ڕزگاریخـوازی نەتەوایەتییتـان بەسـتۆتەوە بـە خەباتـی ڕێکخراوەیـی و مێژووتـان پڕیەتـی لـە

دەرس و عیــبرەت لــە هەڵکشــان و داکشــان، لــە ســەرکەوتن و تیکۆشــان، بــەڵام گەلەکەتــان تەنیــا بــەم مێــژووە و ڕابــردووی پــڕ خەباتتــان، لێتــان ڕازی نابــێ بەڵکــو چاوەڕوانــی ئەوەتــان لــێ دەکات نەوەیەکــی بــە ڕۆحــی نەتەوایەتیــی و پەروەردەکــراو بــە خەمــی ئاینــدە و کێشــەکەی و هەروەهــا کادیــری بەتوانــای هەمــوو بــواری ژیانــی بــۆ ئامــادە بکــەن. هەروەهــا چاوەڕوانــی ئەوەیــە ئێــوە لــە پێشــەوەی بەرەنگاریــی دژ بــە نامــۆکاری و شــتە بــەزۆر ســەپێنراوەکاندا ببینــێ.

قوتابیانی خۆشەویست،

میوانە بەڕێزەکان،

مێــژووی هــەر گەلێــك بــە چــاك و خراپیــەوە، زانینــی لەلایــەن ڕۆڵەکانیــەوە زۆر پێویســتە، هــەم بــۆ بەســتنەوەی ڕابــردوو بــە ئێســتا و بــە ئایندەشــەوە، بــۆ تەجروبــە لێوەرگرتنــی مافــی قوتابیــە هــەر لــە ســەرەتاوە مێــژووی گەلەکــەی بــە کــۆن و نوێیــەوە بخوێنــێ، ئینجــا مێــژووی کــۆن و نوێــی گــەلان. هەروەهــا مافــی ســەرەتایی هــەر گەلێکــە بــە زمانــی زگماکــی خــۆی خوێنــدن و نووســینی هەبــێ بــۆ پەرەپێدانــی زمانەکــەی. زۆر لــە حکومەتەکانــی تــری دونیــا، موئەسەســاتی گــەورە و بەتوانــا بــۆ پاراســتن و پاکتاوکــردن و پەرەپێدانــی زمانەکەیــان و گونجاندنــی زمانەکەیــان لەگــەڵ ســەردەم و پێشــکەوتنی زانســت و تەکنەلۆجیــا، دروســت دەکــەن، هەروەهــا لــە قوتابخانــەکان زمانەکەیــان وەکــو ڕەوانەیەکــی ســەرەکی کــە قودســیەتی هەبــێ ســەیر دەکــرێ و مامەڵــەی لەگەڵــدا دەکــرێ.

ئێســتا پــاش چەنــد ســاڵ تێپەڕبــوون بەســەر ڕاپەڕیــن و دامەزراندنــی حکومەتــی هەرێــم و هەبوونــی هەلومەرجێکــی لەبــار بــۆ خوێنــدن و خوێندنــی مێــژووی گەلەکەمــان بــە ڕێکوپێکــی و خوێنــدن و گرنگیــدان بــە زمانــی کــوردی هەســت دەکــرێ ئــەم بابەتــە وەکــو پێویســت لەبەرچــاو نەگیــراوە، تەنانــەت حیســابکردن یــان نەکردنــی ڕەوانــەی کــوردی خراوەتــە بەردەســتی قوتابــی، نگــە بەشــێك لــەم بابەتــە لــەوەوە هاتبــێ کــە خوشــکان و برایانــی کــە پــڕۆژەکان دادەنێــن یــان دایدەڕێــژن کاتــی خوێندنیــان بــەر شــاڵاوی تەعریــب کەوتــن، بۆیــە زمانــی کــوردی لایــان زۆر گرانــە و بــۆ تاقیکردنــەوەکان بــە گرانــی دەزانــن کــە قوتابــی کــورد

دەرەجــەی لــێ بهێنــێ، بــەڵام زمانــی عەرەبــی و ئینگلیــزی ئاســانە و دەرەجــەی لــێ دەهێنــێ. ئــەم هۆیــە بــێ یــان هۆیەکــی تــر، حەقــە چارەســەر بکــرێ. کوردیــش لــە ژێــر ســایەی حوکمــی خۆیــدا زمانــی خوێنــدن و نووســینی کــوردی هەبــێ و گرنگــی بــە زمانەکــەی بــدرێ کــە هەمیشــە خاڵەکــی ســەرەکی و داواکاری کــورد بــوو لــە هەمــوو پارچەکانــی کوردســتاندا.

هیواداریــن کۆنگــرەی نۆیەمــی یەکێتــی قوتابیانــی کوردســتان هەڵوێســتەیەك لەســەر بابەتــی مێــژووی گەلەکەیــان و ڕۆشــنبیری نەتەوایەتییــان و زمانــی کــوردی بکــەن و بەشــێك بێــت لــە بڕیــار و ڕاســپاردەکانیان و جەختــی لەســەر بکــەن کــە ئەمــەش کاریگــەری دەبــێ هەتــا لەســەر ســیما و واڵەتــی شــارەکان، لــە نووســینی تابلــۆ و ناونیشــانی شــوێن و ئیــش و پیشــەکان.

هیواداریــن یەکێتــی قوتابیانــی کوردســتان وەکــو پێــش کۆنگــرە پاڵپشــتی ڕاســتەقینەی کابینــەی ســێیەمی حکومەتــی هەرێمــی کوردســتان بــن کــە کابینــەی خزمەتگــوزاری و ئاوەدانکردنەوەیــە و لــە خزمەتــی گەلــی کوردســتاندایە. هەروەهــا بەســتنی کۆنگرەتــان لــەم کەشــوهەوایەدا و لــە ژێــر چاودێــری بەڕێــز جەنابــی ســەرۆك کاکــە مەســعود بارزانــی گرنگییەکــی تایبەتــی هەیــە کــە دەبــێ بڕیــار و ڕاســپاردەکانتان لــە ئاســتی ئــەم گرنگییــەدا بــن.

نەمــری و ســەربەرزی بــۆ شــەهیدانی قوتابــی و ســەرجەم شــەهیدانی ڕێگــەی ڕزگای کوردســتان و لەســەرووی هەموویانــەوە باوکــی کــورد مســتەفا بارزانیــی نەمــر و کاکــی هەمیشــە زینــدو ئیدریســی جوانەمــەرگ.

ئێوەش هەر شاد بن.

- وتاری خاتو لامیعە نورەدین بریکاری وەزارەتی پەروەردە
- یەکێتی مامۆستایانی کوردستان مەکتەبی سکرتاریەت
- وتاری سکرتاریەتی یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان، ئیبراهیم ئیسماعیل
- یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان مەکتەبی سکرتاریەت
- پارتی دیموکراتی کوردستان لقی دوو مەکتەبی ڕێکخراوە جەماوەری و پیشەییەکان

- لقی سێی پارتی دیموکراتی کوردستان
- پارتی دیموکراتی کوردستان ڕێکخراوی دانیمارك
- پارتی دیموکراتی کوردستان لقا ١
- مەکتەبی ڕێکخراوە جەماوەری و پیشەییەکان لقی چوار
- لقی ١٠ی پارتی دیموکراتی کوردستان
- لقی ١١ پارتی دیموکراتی کوردستان
- لقی ١٢ پارتی دیموکراتی کوردستان
- مەکتەبی سکرتاریەتی یەکگرتووی قوتابیانی ئیسلامی
- ڕێکخراوی شانەدەر بۆ ئاوەدانکردنەوەی کوردستان
- سکرتاریەتی پەیوەندی ئیسلامی خوێندکاران و لاوانی کوردستان
- مەکتەبی سکرتاریەتی یەکێتی گشتی قوتابیانی کوردستان
- مەکتەبی سکرتاریەتی یەکێتی قوتابیان و لاوانی بێت نەهرێن
- یەکێتی خوێندکار و لاوانی سۆسیالیستی دیموکراتی کوردستان دەستەی کاری ڕاپەڕاندنی سکرتاریەت
- بەڕێوەبەرایەتی دەنگی کوردستان ـ عێراق
- لقی سۆران یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان
- لێژنەی سەرپەرشتی پەروەردە لە ناوچەی بارزان
- ئەحمەد چالی
- هەردوو ئامادەیی کوردستانی کوڕان و ڕزگاری کوڕان
- یەکێتی ئافرەتانی کوردستان مەکتەبی سکرتاریەت
- مەکتەبی سکرتاریەتی هاوبەندی خوێندکار و لاوانی دیموکراتی کوردستان
- زیاد المهندس سەرۆکی کۆمەڵەی خۆشنووسانی کوردستان

- مەکتەبی سکرتاریەتی فێرخوازانی پێشکەوتنخوازی سەربەخۆی کوردستان
- یەکێتی جوتیارانی کوردستان مەکتەبی تەنفیزی
- مەکتەبی سکرتاریەتی یەکێتی قوتابیانی ئیسلامی
- لقی ٢ پارتی دیموکراتی کوردستان
- لقی ١٠ پارتی دیموکراتی کوردستان
- عزەددین بەرواری

# کۆنگرەی دەیەمی یەکێتی قوتابیانی کوردستان

## هەولێر - ٢٠٠١

وەک نەریتــی ڕێکخســتنەوە و خــۆ نوێکردنــەوە، لــە مانگــی نیســانی ســاڵی ٢٠٠١ دوای هاتنــە پێشــەوەی هەلومەرجــی لەبــار، بڕیــاری بەســتنی کۆنگــرەی نوێــی یەکێتــی قوتابیـانی کوردسـتان درا، بـۆ ئـەم مەبەسـتە لێژنەیەکـی ئامـادەکاری کۆنگـرە لـە مەکتـەبی ســکرتاریەت بــە ســەرۆکایەتی ســکرتێری یەکێتــی قوتابیــاتی کوردســتان پێکهێــنرا. ئــەم لێژنەیــە لەمــاوەی نێــوان ڕێکــەوتی ٥ تــا ٢٠ی نیســانی ٢٠٠١، تــەواوی ئامادەکارییــەکانی کۆنگرەیــان ئەنجامــدا و ئەندامــانی کۆنگــرە بــە شــێوەی هەڵبــژاردن لــە لــق و لێژنــە ناوچــەکان بــۆ کۆنگــرە ســەرکەوتن[١].

دوای ئامادەکارییــەکان، لــە ڕۆژانــی ٢٨ تــا ٣١ی تەمــوزی ٢٠٠١، کۆنگــرە لــە شــاری هەولێــر، بــە دروشــمی (زانســت - ئاشــتی - نوێکردنــەوە) و بــە ئامادەبوونــی ســەرۆك مەسـعود بارزانـی، دەسـتی بـە کارەکانـی کـرد. سـەرەتا سـەرۆك مەسـعود بارزانـی وتـەی خـۆی پێشـکەش کـرد، دواتـر نامـەی جـەلال تاڵەبانـی یەکەمیـن سـکرتێری ئـەم یەکێتییـە و سـکرتێری یەکێتـی نیشـتمانی کوردسـتان و وتـاری هەریـەک لـە: دکتـۆر ڕۆژ نوری شـاوەیس سـەرۆکی ئەنجوومەنـی نیشـتمانی کوردسـتان، نێچیرڤـان بارزانـی سـەرۆکی ئەنجوومەنـی وەزیرانـی حکوومەتـی کوردسـتان، وەزیـری پـەروەردە و پارێـزگاری هەولێـر و نوێنـەری کۆمەڵـەی خوێندکارانـی کوردسـتان خوێندرایـەوە[٢]. لـەم کۆنگرەیـەدا، ٤٢٧ نوێنـەر لە گشـت ڕێکخسـتنەکانی یەکێتـی قوتابیانـی کوردسـتان بەشـدار بـوون[٣]. لـە ئەنجامـدا ،نوێنـەران دەسـتەیەکی نوێیـان بـۆ لێژنـەی ڕاپەڕانـدن بـەم شـێوەیەی خـوارەوە هەڵبـژارد:

١- موسا ئەحمەد ئاغا

٢- عیسا ئەحمەد ئاغا

٣- لەیلا ئەمیر عاس

٤- فرسەت سۆفی

٥- شیلان جەعفەر عەلی

٦- ڕۆژگار حەمەد ئەمین، ناسراو بە ڕۆژگار شێخانی

٧- عەلی تەتەر تۆفیق

٨- مەزهەر عەولا

٩- ساکار غازی محەمەد عەلی

١٠- نەوزاد عەبدولا

١١- نزار شێخ تاهیر

١٢- فەیسەڵ سادق تۆفیق

١٣- یاسین سالح حەمە

١٤- زوبێر عەبدولا

١٥- بارزان زیاد

١٦- هەژار کاکۆ ئەحمەد

١٧- ئومێد کامل

١٨- ئازار حەسۆ میرخان

١٩- موزەفەر فاخیر

٢٠- زێرەڤان حسێن حەسەن

٢١- مەردان خدر

**ئەندامانی یەدەگی لێژنەی ڕاپەڕاندن:**

١- بەرەڤان حەمدی حسێن

٢- لاوەند عوسمان

٣- جوتیار عەلی

٤- کاوە ڕەسوڵ

٥- ئاوات کارۆخ[٤].

لە ڕێکەوتی ١٤ی ئابی ٢٠٠١ و لە بارەگای مەکتەبی سکرتاریەتی یەکێتی قوتابیانی کوردستان، لە نێو ئەندامانی لیژنەی ڕاپەڕاندن، ئەندامانی مەکتەبی سکرتاریەت بەم شێوەیە هەڵبژێردران:

١- موسا ئەحمەد- سکرتێر

٢- عیسا ئەحمەد- ئەندامی مەکتەبی سکرتاریەت

٣- یاسین ساڵح حەمە- ئەندامی مەکتەبی سکرتاریەت

٤- لەیلا ئەمیر عاس- ئەندامی مەکتەبی سکرتاریەت

٥- فرسەت سۆفی- ئەندامی مەکتەبی سکرتاریەت

٦- هەژار کاکۆ- ئەندامی مەکتەبی سکرتاریەت

٧- شیلان شێخ جەعفەر- ئەندامی مەکتەبی سکرتاریەت[٥].

## سەرچاوە و پەراوێز

١- عرفان عەزیز عەزیز، کۆنگرە و کۆنفرانسەکانی یەکێتی قوتابیانی کوردستان، چاپی یەکەم، (هەولێر- چاپخانەی ڕۆژهەڵات-٢٠١٢)، ل ١٥٤.

٢- ئاشتي، الرئيس البارزاني يرعى المؤتمر العاشر لاتحاد طلبة كوردستان، مجلة گولان العربي، مؤسسة گولان للثقافة والأعلام، العدد ٦٣، السنة السادسة أربيل، مطبعة وزارة التربية، ٣١ آب ٢٠٠١م، ص ٤؛ فرسەت سۆفی، پانۆرامای کۆنگرەی دەیەمی یەکێتی یەکەمان لە ژێر دروشمی زانست، ئاشتی، نوێ کردنەوە، گۆڤاری خەباتی قوتابیان، ئۆرگانی یەکێتی قوتابیانی کوردستان، ژمارە ٤٩، هەولێر، ئەیلول ٢٠٠١ز، ل ل ١٥ ـ ١٦.

٣- کۆنگرەی (١٠)یەمی یەکێتی قوتابیانی کوردستان کۆتایی بە کارەکانی دێنێت، ڕۆژنامەی برایەتی، ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستان، ژمارە ٣٤٤٩، چوار شەممە، ١ی ئابی ٢٠٠١ز، ل ٣ ؛ فرسەت سۆفی، سەرچاوەی پێشو، ل ١٧.

٤- سیروان عثمان، مێژوویەکی پرشنگدار و کاروانێکی نەپساوە، (هەولێر- چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری- ٢٠١٤)، ل ل ٤٨-٤٩.

٥- عرفان عەزیز عەزیز، سەرچاوەی پێشوو، ل ل ١٥٨-١٥٩.

## بەشێك لە بەڵگەنامەکانی کۆنگرەی دەیەمی یەکێتی قوتابیانی کوردستان

### پەیڤی سەرۆك مەسعود بارزانی

بسم الله الرحمن الرحيم

قوتابیانی خۆشەویست،

پێشەکی پیرۆزباییەکی گەرمتان لێ دەکەم بە بۆنەی بەستنی دەیەمین کۆنگرەتان، ئومێدەوارم کۆنگرەیەکی سەرکەوتوو بێ، دڵنیاشم کە ئینشەڵا سەرکەوتوو دەبێت، چونکە لە ئێوە ڕادەبینم لە ئاستی مەسئولیەتی کە چاوەڕوانتان دەکات بن، هەروەها زۆر بەگەرمی بەخێرهاتنی هەموو میوانە بەڕێزەکان دەکەم، بێگومان خۆشتان دەزانن، کە ڕۆڵی قوتابیان ڕۆڵێکی سەرەکییە لە بزاڤی ڕزگاریخوازی گەلەکەماندا و، جەنابی بارزانی زۆر بە جوانی وەسفی قوتابیانی کردووە کە «سەرە ڕمن لە هەموو شۆڕشێکدا»، ئومێدەوارم ئێوە و ئێمەمانانیش کە لە پشتتانەوە وەستاوین، نەیەڵین ئەو سەرەڕمە هیچ وەختێك کول ببێت، شۆڕشی چەکداری قۆناغێك بوو، خۆشبەختانە دەتوانم بڵێم ئەمڕۆ لە سایەی خوای گەورە و میهرەبان و قارەمانێتی گەلی کوردستان و خوێنی شەهیدان گەیشتووینە بەشێکی زۆر لەو ئامانجانەی کە خوێنمان بۆ ڕشت، ئەمڕۆ لە کوردستانێکی ئازاد دەژین، ئەمە قۆناغێك بوو قوربانییەکی زۆری بۆ درا تاوەکو ئێمە پێی گەیشتین، هەروەها شێوەی خەباتیش شێوەیەکی تر بوو، بەڵام ئەمڕۆش دیسان هەمان شۆڕشمان لە پێشە، بەڵام بە شێوەیەکی تر، نابێت هیچ کاتێك ئێمە تەواو بێت، ئەمڕۆ شۆڕشی ئاوەدانکردنەوەیە، لە هەموڕەوشی گرنگتر شۆڕشی فیکرکردنی گەلەکەمان بە دیموکراتی و شارستانییەت، کە ئەمەش ئەرکێکی یەکجار زۆر گرانە و، من پێشم وایە زۆر قورسترە لە ئەرکی شۆڕشی چەکداری، ئینجا لێرەدا من دەبینم کە ئێوە دەبێت ڕۆڵی سەرەکی ببینن، هەر چۆن لە شۆڕشی چەکداری خوێنتان دا، قوربانیتان دا، لەم شۆڕشەش ڕۆڵی ئێوە زۆر زۆر گرنگترە لە ڕۆڵی ئێوە لە شۆڕش، پێشتریش پیم وایە (دەبێت ئێوە زۆر خۆتان ماندوو بکەن بۆ زیندووکردنەوەی قیەمی شۆڕشگێڕی لەناو قوتابیان و لەناو گەلەکەشماندا بە شێوەیەکی گشتی).

هەروەکـــو لـــە شـــیعاری ئێـــوەدا هاتـــووە، کـــە کۆنگرەتـــان لەژێـــر ســـایەی «زانســـت و ئاشـــتی و نوێکردنـــەوە« دەبەســـتن، مـــن نوێکردنـــەوە بەمـــە دەبینـــم کـــە نوێکردنـەوە دەبێـت قیەمـی شۆڕشـگێڕی و کوردایەتـی نـوێ بکرێتـەوە، دەبێـت بیـری نەتەوایەتیـــی، هەســـتی نەتەوایەتیـــی، ئێـــوە قوڵـــتری بکـــەن لەنـــاو خۆتـــان و لەنـــاو گەلەکەشـــتان، بەڵـــێ ڕاســـتە گەلـــی کوردســـتان ئەکســـەریەتی موتڵەقـــی موســـڵمانە و ئیفتخاریـــش دەکەیـــن بـــەوە، بـــەڵام هەمیشـــە کوردســـتان جێـــگای تەســـاموحی دینـــی و نەتەوەییـــش بـــووە و دەبێـــت هـــەرواش بمێنێـــت، بـــەڵام تەماشـــای مێـــژوو بکـــەن هەرچـــی کارەســـاتی بەســـەر ئێمـــە هاتـــووە وەکـــو نەتەوەیـــەك لەبـــەر ئـــەوە بەســـەر ئێمـــە هاتـــووە چونکـــە داوای مافـــی خۆمـــان کـــردووە، بۆیـــە دەبێـــت قـــەدری ئەوانـــە بزانیـــن کـــە خوێنـــی خۆیـــان بەخـــت کـــرد بـــەو بیروبـــاوە بـــۆ ئـــەوەی ئەمـــڕۆ کوردســـتانێکی ئـــازاد بـــۆ هەموومـــان دابیـــن بکـــەن و چ ئەوانـــەی خەباتیـــان کـــردووە و قوربانیـــان داوە، چ ئەوانـــەی دانیشـــتبوون لـــە ماڵـــی خۆیـــان هەموویـــان وەکـــو یـــەك سەربەســـت و ئـــازاد ئەمـــڕۆ لـــە کوردســـتاندا دەژیـــن و خەباتـــی خۆیـــان دەکـــەن، ئێمـــە دەبێـــت دوور بیـــن لـــە تونـــدوی، بـــەڵام نابێـــت بـــە هیـــچ شـــێوەیەك ڕێگـــەی ئـــەوەش بدرێـــت بیروبـــاوەڕی چـــەوت بێتـــە نـــاو گەلەکەمـــان و نـــاو نەتەوەکەمـــان.

قوتابیانی خۆشەویست،

پێـم وایـە ئێـوە دەبێـت نمونـە بـن لەخـۆ پێگەیانـدن لـە پاراسـتنی زانسـت لەدەسـتێوەردانی نابەجـێ، هەروەهـا ئێـوە دەبێـت نمونـە بـن لـە پەروەردەکردنـی قوتابیـان، کـە چـۆن خزمەتـی گـەل و نیشـتمانی خۆیـان بکـەن، مـن دڵنیـام کـە ئاینـدە چاوەڕوانـی ئێـوە دەکات و دەکەوێتـە سەرشـانی ئێـوە، بۆیـە دڵنیـا بـن کـە هەرچـی لـە توانامـدا بێـت، ئێمـەش ئامادەیـن بـۆ پشـتگیری قوتابیانـی خۆشەویسـت، هەروەکـو هەمیشـە پشـتیوانتان بوویـن لەمـەودواش هـەر پشـتیوانتان دەبیـن، چونکـە دەزانیـن قـەدری ئێـوە چەنـدە و کوردسـتان چەنـد پێویسـتی بـە ئێـوە هەیـە.

هەروەهـا بـە خۆشـحاڵییەوە دەبینیـن کـە پڕۆسـەی ئاشـتی ڕۆژبـەڕۆژ بـەرەو پێشـەوە دەچێـت، هەرچەنـدە هەندێـك کۆسـپ مـاوە، بـەڵام دڵنیـا بـن ئینشـەڵا هەروەکـو چـۆن زاڵ بوویـن بەسـەر هەمـوو کۆسـپەکانی تـردا، ئەمانـەی کـە ماویشـن زاڵ دەبیـن

بەسـەریاندا، ئێمـە سـوورین لەسـەر ئـەوەی کـە بـە قۆناغـی نیهائـی بگەیەنیـن، چونکـە تەنهـا ئاشـتییە کـە لـە بەرژەوەنـدی گەلەکەماندایـە.

لـە کۆتایـدا دەمەوێـت بڵێـم زۆر زۆر سوپاسـی ئـەو هەڤاڵانـە دەکەیـن، کـە تـا ئێسـتا سـەرکردایەتی ئێـوەی خۆشەویسـتان کـردووە و هـەر لـە ئێسـتاوە پیرۆزبایـی لەوانـەش دەکەیـن کـە دێـن مەسـئولیەت وەردەگـرن و دڵنیـاش بـن ئەوانـەی کـە ڕۆڵـی سـەرکردایەتییان بنیـوە لـە یەکێتـی قوتابیـان و ئەمـڕۆ بەجێتـان دێڵـن شـوێنی دی چاوەڕوانیـان دەکات، ئەوانـە هەمیشـە هـەر خۆشەویسـتی ئێمـەن، عەزیـزی ئێمـەن بێئیـش نابـن خۆشـتان دەزانـن زۆربـەی هـەرە زۆری سـەرکردەکانی نـاو پارتـی و حزبەکانـی تریـش هەموویـان لـە ئێـوە بـوون و ئێـوە دروسـتتان کـردوون، لەمـەودواش دڵنیـام هـەروا دەبێـت و، لـە کۆتاییـدا دەڵێیـن سـڵاو لـە گیانـی پاکـی شـەهیدانی کـورد و کوردسـتان و بـژی کـورد بـژی کوردسـتان.

## وتاری  د.ڕۆژ نوری شاوەیس سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان

ڕێزدار جەنابی سەرۆك کاکە مەسعود بارزانی،

ڕێزدار سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان،

میوانە خۆشەویست و بەڕێزەکان،

قوتابیانی تێکۆشەر و ئازیز،

بەڕێزان میوانە بەشداربووەکان،

پڕبــەدڵ پیرۆزبایــی گــەرم و چەپکەگوڵــی ڕێــز و شــانازیمان بــە بۆنــەی بەســتنی کۆنگــرەی دەهەمتانــەوە ئاراســتەی ئێــوەی زانســتخواز و ئاشــتیخواز و نوێخــواز و پەروەردەبــووی ســەنگەری کوردایەتــی و ســایەی پەرلەمــان و حکومەتــی هەرێــم و قۆناغــی کــە لەژیانــی گەلەکەمــان دەکەیــن و پێخۆشــحاڵین کــە بــە دیــداری میوانەکانیشــتان شــاد بیــن.

هیواداریـن ئاکامەکانـی ئـەم کۆنگرەیـە و ئـەم هەنـگاوە پیرۆزەتـان لـە ئاسـتی مێـژووی پڕشـکۆ و قوربانیدانـی نیـو سـەدە خەبـات و تێکۆشـانی بێوچانـی ڕێکخراوەکەتـان بـۆ و ئارمانجەکانتــان بــە ســەرکەوتوویی و ســەربەرزی بپێکــن. ئاشــکرایە ســەرکردایەتی سیاســی ئــەم قۆناغــی ڕزگاری و ئازادییــە زۆربــەی هــەرە زۆری بنچینــەی پەروەردەیــی و یەکـەم ڕەوانـەی کوردایەتـی ڕێکخـراوە تێکۆشـەرەکەتانی پێـوە دیـارە و شـەرەفی ئـەوە شــك دەبــەن ســەدان و هــەزاران ســەرکردە و  فەرماندەتــان پێگەیانــدووە و پێشــکەش بــە خەبــات و تێکۆشــان و قوربانیدانتــان کــردووە، هــەر لــە ڕوانگــەی ئــەو ڕاســتییانەوە پێویســتە داکۆکیکــەری ڕاســتەقینە و ڕاســتەوخۆی مافــی قوتابیانــی ئــەم وڵاتــە بــن و هەوڵــی نەپســاوەتان هەبــێ لــە پڕۆســەی پێشــکەوتنی زانســت و خوێنــدن و، هــەردەم ئامێزێکــی واڵا و ســنگفراوان بــن بــۆ هێنانــەدی یەکڕیــزی سەرتاســەری قوتابیــان لــە کوردســتاندا بــە تێڕوانینێکــی نەتەوەیــی و نیشــتمانی یانــە بڕواننــە گرفتــی قوتابیــان و بــێ جیــاوازی لــە هەوڵــی چارەســەری بنەڕەتــی و گونجــاودا بــن و خــاوەن قەوارەیەکــی ســەربەخۆی ڕێکخراوەیــی خۆتــان بــن و بەبــێ دەســتێوەردان لــە بەرژەوەنــدی بــاڵای

قوتابیـان بڕوانـن و بڕیـاری لـێ بـدەن.

هەرچەنـدە نکۆڵـی لـە خەسـڵەتی ڕێکخراوەکەتـان ناکـرێ کـە فاکتەرێکـی بەهێـز بـوون لـە دیموکراتیزەکردنـی پرۆسـەی گەلەکەمـان و بەشـداری ڕاسـتەوخۆ لـە هەڵبژاردنەکانـدا کـردووە و بەشـێکن لـەم دەسـتکەوتە مەزنانـە. ئەمـە وێـڕای نوێبوونـەوەی بەردەوامـی ڕێکخراوەکەتـان لـە ئەنجامـی کۆنفرانـس و کۆنگرەکانتـان، کـە هـەردەم خوێنـی تازەتـر و جەسـتەی بزێوتـر و هۆشـی چالاکترتـان هاتۆتـە پێشـێ و سـەرکردایەتی کـردوون، لەگـەڵ کاروچالاکـی دەسـتکەوتی گـەورە و هەنـگاوی پیـرۆزی ڕێکخراوەییتـان پەرۆشـیتان بـۆ چارەسـەری کێشـە گرنگـەکان و خستنەڕووی ڕاوبۆچـوون و هەڵوێسـتی کوردانەتـان جێـی شـانازی و پێزانینـی هەمـوو لایەکمانـە، هـەروەك بینیـمان لـە چارەسـەری کێشـەی ئافـرەت و مافـە ڕەواکانیـان، یـان دیـاردەی کۆچـی بەکۆمـەڵ و کێشـەی پەنابەرانـی کـوردی هەندەرانـدا، یـان بەشـداربوون لـە دانیشـتن و خسـتنەڕووی پـڕۆژە و هاوکاریتـان لەگـەڵ پەرلەمانـی کوردسـتاندا ئێمـە گشـتیان بـە تۆمـاری سـەروەری بـە مێـژووی دڵسـۆزیتان نـاوزەد دەکەیـن. ئەمانـە جگـە لـە هەوڵـی نەپسـاوەتان بـۆ چەسـپاندنی پرۆسـەی ئاشـتی و هەنگاونانتـان بـۆ ئاشـتەوایی و گێڕانـەوەی ژیانـی برایەتـی و تەبایـی و یەکبوونـەوە، ئێمـەش پشـت و پەناتانیـن بـۆ هەمـوو هەنگاوێکـی پیـرۆز و هەمـوو داخوازییەکـی وا کـە لـە بەرژەوەنـدی بـاڵای گەلەکەمانـدا بـێ.

بڕۆن بەرەو ئاشتی، بڕۆن بەرەو زانست، بڕۆن بەرەو نوێکردنەوە.

هیوای سەرکەوتن و سەربڵندیتان دەخوازین.

هـەزار سـڵاو لـە گیانـی بەرزەفـڕی قوتابییـە شـەهیدەکانتان و گشـت شـەهیدانی ڕێـگای ئاشـتی و ئـازادی و دیموکراسـی سـەروەریان بارزانیـی نەمـر و کاکـە ئیدریسـی جوانەمـەرگ.

بژی کورد بژی کوردستان

هەر شەکاوە بێ ئاڵای خەباتی یەکێتی قوتابیانی کوردستان.

## وتاری نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان

بەناوی خوا

پێشـەکی بەخێرهاتنـی جەنابـی سـەرۆك بارزانـی دەکەیـن بـۆ ئـەم کۆنگرەیـە، هەروەهـا بەخێرهاتنـی هەمـوو میوانـە خۆشەویسـتەکان دەکەیـن، ئەوانـەی کـە تەشریفیـان هێنـاوە، زۆر بەخێـر بێـن بەسـەر چـاو.

بـە نـاوی حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتان پیرۆزبایـی لـە قوتابیانـی ئازیـز دەکـەم بـە بۆنـەی بەسـتنی کۆنگـرەی دەیەمـی. بەسـتنی دەیەمیـن کۆنگـرە خـۆی شـاهدی مێـژووی پـڕ لەشـکۆی ئـەم یەکێتییەیـە کـە لـە دامەزراندنیـەوە پێـش نزیکـەی نیـو سـەدە هەمیشـە بازوویەکـی خەباتـی گەلـی کوردسـتان بـووە، قوتابیـان بـە گیانـی ڕزگاریخـوازی و نیشـتمانپەروەری پـەروەردە کـردووە و خوێنـی تـازەی بـە بزووتنـەوەی گـەل داوە. یەکێتـی قوتابیـان خەباتـی نهێنـی بینیـوە، خەباتـی ئاشکراشـی کـردووە لـە سـاڵانی شـۆڕش و خۆڕاگریـدا، لـە پێشـمەرگایەتی و بەرگـری بەشـدار بـووە، شـەهید و قوربانـی زیـادی داوە. یەکێتـی قوتابیانـی کوردسـتان ئەمـڕۆ لـە هەلومەرجـی ئـازادی و دیموکراتیـدا شـێوەیەکی تـازەی خەبـات بەڕێـوە دەبـەن و ئازادانـە و بـە ئاشـکرا کۆنگـرە دەبەسـتێ و بەشـداری هەڵبژاردنـی نوێنەرانـی قوتابیـان لـە داموەدەزگاکانـی خوێنـدن و پـەروەردە دەبێـت، لـەم چەنـد سـاڵەدا قوتابیـان بەشـداری ئاوەدانـی و پێشخشـتنی ژیانـی کۆمەڵگەیـان بـوون، هاوشـان لەگـەڵ توێـژ و کەرتەکانـی دیکـە لـە پێنـاوی پاراسـتنی دەسـتکەوتەکانی پەرلەمـان و ئەزموونەکەمـان تـێ کۆشـاون.

ئەگـەر سـەردەمی ئێسـتا لەگـەڵ سـەردەمی پەنجـاکان و شەسـتەکان و تـا ڕاپەڕیـن بـەراورد بکەیـن ئـەوە دەبینیـن ئاڵوگۆڕییەکـی گـەورەی سیاسـی و کۆمەڵایەتـی و ئابـووری ڕووی داوە، بـەڵام هێشـتا وتـەی بارزانیـی نەمـر کـە قوتابـی سـەری ڕمـی خەباتـن نـرخ و بەهـا و بنەمـای بـە خورتـی ماوەتـەوە، چونکـە ئێسـتا وزە و توانـا و لێهاتـو و چالاکـی بەجۆشـی قوتابیـان و لاوان کـە نەوەیەکـن هەمیشـە نـوێ دەبێتـەوە بـۆ پاراسـتن و پێشـکەوتنی ئەزموونـی کوردسـتان تـا سـەرکەوتن قوتابیـان پێویسـت بـن، ئێـوەی قوتابـی سـمبولی هەمیشـەیی نوێبوونـەوەی کۆمەڵـگان، چونکـە نـەوەی تـازەن.

هەبوونـی ڕێکخراوێکـی فراوانـی جەماوەریـی و ڕۆشـنبیری وەك یەکێتـی قوتابیانـی کوردسـتان و هەبوونـی دەیـان سـەندیکا و ڕێکخـراوی جەماوەریـی و پیشـەیی دیکـە بناغـەی پتـەوی کۆمەڵگەکەمانـن، هەڵبژاردنـی ئازادانـەی قوتابیـان و توێژەکانـی دیکـەی کۆمـەڵ نیشـانەی پتەوبوونـی بنەمـای ژیانـی دیموکراسـییە بـە تایبەتیـش هەڵبژاردنـی قوتابیـان لـە سـاڵانی دوایـی بـووە بـە دیاردەیەکـی گشـتی دیموکراتـی کـە ئازادانـە نوێنـەری خۆیـان بـۆ وەزارەتـی پـەروەردە و قوتابخانـە و زانکـۆ و پەیمانـگاکان هەڵدەبژێـرن، تـا هەماهەنـگ بـن لـە نێـوان مامۆسـتایان و بەڕێوەبەرایەتـی و قوتابیانـدا، پڕۆسـەی ئـەو هەڵبژاردنانـە لەتـەك پڕۆسـەی هەڵبژاردنـی شـارەوانی و سـەندیکا و ڕێکخراوەکانـی تـر ناوبانـگ و ئیعتیبـاری گەلـی کوردسـتان لەپێـش ڕای دونیـا بەرزتـر و گەشـتر کـردووە. پـاش (١٠) سـاڵ لـە ئـازادی کۆمەڵگەکەمـان لـە چەندیـن ڕووەوە گـۆڕاوە و بەرەوپێشـەوە چـووە وەکـو ئاوەدانکردنـەوە و چاکبوونـی بـاری ژیانـی هاووڵاتییـان و تەندروسـتی و پاکـی و جوانـی شـارەکان، کردنـەوەی ڕێگاوبـان، هەروەهـا لـە ئاسـتی پـەروەردە و فێربـوون بـە چاکـی کەڵـك وەرگیـراوە لـە بڕیـاری (٩٨٦) کە پشـکی کوردسـتان (١٣٪) لـە داهاتـی نەوتـی عێراقـە. بێگومـان بەرهەمـی ئـەو پیشـکەوتنانە پێـش هەمـوو کـەس بـە قازانجـی قوتابیانـی ئازیـز دەگەڕێتـەوە، ئەمـڕۆ بـاری فێربـوون و پـەروەردە لـە هەرێمـی کوردسـتان لـە ئاسـتێکی بەرزتردایـە، هەلومەرجـی ئێسـتای کاروچالاکـی یەکێتـی قوتابیانـی کوردسـتان زۆر جیـاوازە لەگـەڵ پێشـوو، جیـاوازە لەگـەڵ سـەردەمی چالاکـی نهێنـی یـا چالاکـی پێشـمەرگایەتی و چالاکـی خۆڕاگـری ئەوکاتـە. ئەمـڕۆ ئێـوە ئـازادن سەربەسـتانە چالاکـی دەنوێنـن، بێگومـان شـێوەی کاروچالاکـی ئێسـتاتان لەگـەڵ سـەردەمی پێشـوو دەبـێ بگۆڕێـت، جـاران ئەگـەر خەریکـی چالاکـی سیاسـی و پڕوپاگەندەیـی و پێشـمەرگایەتیش دەبـوون، ئەمـڕۆ دەرفەتێکـی گـەورەی کۆمەڵایەتیتـان بـۆ ڕەخسـاوە تـا زیاتـر و چاکتـر بەرنامـەی پەروەردەیـی و کۆمەڵایەتـی خۆتـان پیـادە بکـەن، واتـە ئەمـڕۆ دەبـێ پـتر خەریکـی خزمەتـی ئامانجەکانـی کۆمەڵایەتـی و پەروەردەیـی و زانسـتی قوتابیـان بـن، هـاوکاری قوتابخانـە و زانکـۆ و پەیمانـگاکان بـبن بـۆ ڕەخسـاندنی هەلومەرجـی گونجاوتـر بـۆ خوێنـدن و فێربـوون، کێشـە و گرفتـی کۆمەڵایەتـی قوتابیـان چارەسـەر بکـەن بەتایبەتـی گرفتـی ئـەو قوتابیانـەی کـە لـە خێزانـی هـەژار و کەمدەرامەتـن، هـەوڵ بـدەن ئاسـتی زانیـاری و

هۆشـیاری کۆمەڵایەتـی قوتابیـان بەرزتـر بکـەن، ئەوەتانیـش لەیـاد بـێ کـە یەکێتـی قوتابیانـی کوردسـتان بـە درێژایـی مێـژوو ئەرکێکـی گرنگـی خسـتۆتە ئەسـتۆ، ئەویـش پـەروەردەی نیشـتمانییە.

ئەمـڕۆ لـە جـاران زیاتـر هـەوڵ بـدەن ئـەم ئەرکـە جێبەجـێ بکـەن، کەلەپـووری دەوڵەمەنـدی گەلەکەتـان زینـدوو بکەنـەوە، قوتابیـان هـان بـدەن تاوەکـو نەوەکانـی پێشـوو نیشـتمانی خۆیـان خـۆش بـووێ، ڕاهێنانـی قوتابیـان لـە ڕێگـەی ئەوانـەوە، ڕاهێنانـی کەسـوکاریان و نـەوەی تازەیـە و هاندانیـان بـۆ خۆشەویسـتی گـەل و نیشـتمان و خزمەتـی پاکـی کۆمـەڵ ئەرکێکـی هـەرە گرنـگ و پیرۆزمەنـدی ئێـوەی خۆشەویسـتە، هیواداریـن کـە یەکێتـی قوتابیانـی کوردسـتان و سـەرکردایەتی و ئەنجومەنـی ڕاپەڕانـدن و لـق و ناوچەکانـی هەمیشـە ئـەو ئەرکەیـان لەبەرچـاو بـێ، ئەندامانـی یەکێتـی قوتابیانـی کوردسـتان لەهـەر مەڵبەندێکـی خوێنـدن و فێربـوون و پـەروەردە بـن.

دەبـێ نمونـە و سەرمەشـقی قوتابـی چـالاك و پابەنـد بـە دەوام و ڕێکوپێکـی پەیوەنـدی قوتابـی و مامۆسـتا بـن، هەروەهـا نمونـەی چالاکـی بیـن بـۆ خوێنـدن و زانسـت و پێشـکەوتن و ڕەوشـی کۆمەڵایەتـی بـەرز و هەڵوێسـتی پاکـی نیشـتمان پەروەریـی، ئەمـڕۆ کچـان وەك کـوڕان شـانس و دەرفەتـی خوێنـدن و پێشـکەوتنیان بـۆ ڕەخسـاوە، ڕێژەیەکـی بەرزیـش لـە مامۆسـتایان و فەرمانبەرانـی دەزگاکانـی خوێنـدن و پـەروەردەی کچـان و ئافرەتـان پێـك دێنـن، ئەمـەش نیشـانەیەکی دیکـەی پێشـکەوتنی کۆمەڵایەتـی و گەشەسـەندنی کەسـایەتی مرۆڤـی کوردسـتانە.

هیواداریـن یەکێتـی قوتابیانـی کوردسـتان لـە چالاکـی و کاروبـاری ڕێکخسـتندا ئـەو ڕۆڵـە بـەرزەی ئافرەتـان بەرچـاو بگـرێ و دەرفەتـی شـایانیان بـۆ بڕەخسـێنێ تـا ئەوانیـش وزە و توانـا و شـارەزایی لێهاتوویـی خۆیـان بـۆ خزمەتـی گـەل و نیشـتمان بـەکار بهێنـن، حکومەتـی هەرێـم وەك هەمیشـە پشـتیوانی مەعنـەوی و مـادی لـە چالاکـی و خەباتـی پەروەردەیـی و کۆمەڵایەتـی و نیشـتمانیتان دەکات، ئەوەشـتان لەیـاد بـێ کـە مەسـەلەی ڕەوای گەلەکەمـان هێشـتا نەبڕاوەتـەوە، هێشـتا پێویسـتیمان بەیەکبـوون و ڕێکخسـتنی توانـا و شـارەزایی و گشـت کـەرت و توێژەکانـی کۆمـەڵ و تەبایـی و هـاوکاری گشـت حـزب و هێـز و کەسـایەتییە نیشـتمانی و دیموکراتییەکانـی

کوردستان هەیە. یەکێتی قوتابیانی کوردستان لە ڕۆژی دامەزراندنییەوە بۆ هاوکاری بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان تا گەیشتن بەو ئامانجە تێکۆشاوە. ئێمە چالاکی ئێوەی خۆشەویست بە پاڵپشتی هەوڵ و کۆششی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەزانین، هەر بۆیە لەمەودواش چاوەڕوانی بەشداربوونی ئەکتیڤانەی ئێوەین چ لە بواری ئاوەدانکردنەوە و نوێکردنەوە و بڵاوکردنەوەی هۆشیاری سیاسی وڵاتپارێزی یا بۆ هەر هەڵمەتێکی دیکە بۆ پاراستنی ئەم دەستکەوتە مێژووییەی گەلەکەمان، هەروەها خۆشحاڵین کە یەکێتی قوتابیانی کوردستان توانیویەتی جۆرەها هەماهەنگی و هاوکاری دروست بکات لە نێوان خۆی و ڕێکخراوەکانی دیکەی قوتابیان لە هەرێمدا، هیواداریـن لەم تێکۆشانە نیشتمانییە بەردەوام بن لە یەکخستنی چالاکی گشت قوتابیان و ڕێکخراوەکانیان سەرکەوتوو بن.

لە کۆتاییدا ئاواتی سەرکەوتنی کۆنگرەکەتان دەخوازم، پیرۆزبایی لەو بەڕێزانە دەکەم کە دەبن بە قیادەی یەکێتی قوتابیان لە ئایندە و هەروەها سوپاسی ئەوانەش دەکەین، ئەوانەی کە ئەرکی پیرۆزیان بەجێ گەیاندووە لەم ڕێگەیەدا. دیسان سوپاسی هەموو ئەو بەشداربووانە دەکەین، ئەوانەی کە لە کۆنگرەکەدا بەشدارییان کردووە، هەر شاد و سەرکەوتوو بن بۆ کورد و کوردستان و زۆر سوپاس.

## پەیامی پیرۆزبایی جەلال تاڵەبانی

خوشك و برایانی خۆشەویست،

بەشداربووانی کۆنگرەی یەکێتی قوتابیانی کوردستان بە سڵاوێکی برایانەی گەرمەوە پیرۆزبایی بەستنی کۆنگرەکەتان لێ دەکەم، ئاواتی سەرکەوتنتان بۆ دەخوازم، هیوادارم کۆنگرەکەتان مایەی پەرەپێدان و گەشەپێدانی یەکێتییەکەتان بێ، ئومێدیشم وایە لەم کۆنگرەیەدا نەخشەو پلانی پێویست دابنرێت بۆ ڕۆڵێکی چالاکانەتر بۆ قوتابیان لەسەرخستنی پرۆسەی ئاشتبوونەوەی گشتیدا و لە یەکخستنەوەی هەموو خوێندکاران و قوتابیانی کوردستانی خۆشەویستمان لەناو یەك تاقە ڕێکخراوی دیموکرات و پیشەیی گەورە و فراواندا.

خوشك و برایان، شوکر ئەمڕۆ ڕێکخراوەکانی قوتابیان و خوێندکاران بوونەتە خاوەنی دەیان هەزار ئەندام، واتە جووڵانەوەی خوێندکارانی کوردستان پەرەی سەندووە و گەشەی کردووە، بۆ ئێمەمانانی پیرە ئەندامی یەکێتی قوتابیانی کوردستان کە لە پەنجاکاندا شەرەفی دامەزراندن و پێکهێنانی یەکێتییەکەمان پێ بڕا بوو، مایەی شادییە کە ئەمڕۆ دەبینین لە دەیان ئەندامی ڕێکخراوەکەوە لە سەرەتادا دەیان هەزاری ئەمڕۆ بەدوادا هاتووە کە هەم سەبارەت بە پێشکەوتنی کوردەوارییە لە ڕووی خوێندنیشەوە، هەم سەبارەت بە پەرەسەندن و گەشەکردنی جووڵانەوەی خوێندکاران و قوتابیانی کوردستانیشەوە، خۆشبەختانە ئێوە بە پێچەوانەی سەردەمی ئێمەمانانی دامەزرێنەری یەکێتی قوتابیانی کوردستان لە کوردستانێکی ڕزگاردا بەسەر دەبەن، با زۆریش بەداخەوە دوولەت کرابێ و لەناو جووڵانەوەیەکی فراواندا ڕۆڵ دەبینین ئەویش زۆر بەداخەوە با دوو لەتی سەرەکی کرابێت، جگە لە وردە لەتلەتی تریش، بەڵام دیسان دەتوانن خزمەتی جووڵانەوەکە و  کوڕان و کچانی کوردستان بکەن، بۆیە هیوادارم لە هیچ بوارێکدا درێغی نەکەن لە هەوڵ و کۆششی جوامێرانەتاندا، ناشتوانم ئەوەتان پێ ڕانەگەیەنم کە سەبارەت بە گەندەڵبوونی بەشێکی کوردەواری ئەرکێکی پیرۆزی سەرشانی ئێوەمانانی لاوی هۆشیاری و خوێندکاری پاکژە کە لە پێناوی پاکسازی کوردەواریشدا خەبات بکەن و بچنەوە بەگژ نەخۆشییە کۆشندەکەی مشەخۆری و ڕاووڕوت و چڵێسی و بەدڕەوشتی و هەمیشە دروشمی دەست و دەموداوێن پاکیتان بە دەستەوە بێ.

دووبارە پیرۆزباییتان لێ دەکەمەوە، بەهیوای سەرکەوتن و پێشکەوتنتان، هەر شاد و سەربەرز و سەرفراز بن و هەر بژین.

## بروسکە و پەیامی پیرۆزباییەکانی کۆنگرەی دەیەم

- یەکێتی گشتی قوتابیانی کوردستان
- بزاڤی یەکبوونی خوێندکار و لاوانی کوردستان
- یەکگرتووی قوتابیانی ئیسلامی کوردستان
- هاوبەندی قوتابیان و لاوانی میللی کوردستان
- یەکێتی قوتابیان و لاوانی ئاشووری
- یەکێتی قوتابیانی کوردستان
- وتاری مەکتەبی سکرتاریەتی کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان
- عەلی عەبدوڵا، جێگری سەرۆکی پ.د.ك
- فەرماندەیی لەشکری کوردستان (مەکتەبی ڕێکخستنی پێشمەرگە)
- لقی یەکی پارتی دیموکراتی کوردستان
- لقی ١٢ی پارتی دیموکراتی کوردستان
- لقی ١١ی پارتی دیموکراتی کوردستان
- بەڕێز عومەر عوسمان، بەرپرسی (لقی ٩ی پ.د.ك)
- یەکێتی مامۆستایانی کوردستان
- یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستانی ئێران
- یەکێتی خوێندەڤانانی نەتەوەیی کوردستان
- یەکێتی قوتابیان و لاوانی ئاشووری کوردستان
- یەکێتی گشتی قوتابیانی کوردستان
- یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان
- بزاڤی یەکبوونی خوێندکار و لاوانی کوردستان

- یەکێتی ئافرەتانی کوردستان
- هاوبەندی قوتابیان و لاوانی میللی کوردستان
- یەکگرتووی قوتابیانی ئیسلامی کوردستان
- یەکێتی جوتیاران و چەوساوانی کوردستان
- سەندیکای ئەندازیارانی کوردستان
- کۆمەڵەی ڕۆشنبیری تورکمانی عێراق
- کۆمیتەی بەڕێوەبەری مانگرتنی پەنابەرانی ئێرانی
- بنکەی ڕۆشنبیری بەردەش
- یەکێتی تۆپی سەرمێزی هەولێر
- نێچیرڤان ئەحمەد، پارێزگاری دهۆک
- سەلام عەبدوڵا، پارێزگاری سلێمانی
- بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی سۆران
- ڕاگری کۆلێژا شەریعێ و خواندنێت ئیسلامی لە دهۆك
- فیدراسیۆنی کۆمەڵەی کوردییەکانی سوێد
- سەفین دزەیی، بەرپرسی نووسینگەی ئەنقەرەی پ.د.ك
- ئیبراهیم مستەفا، کارگێڕی لقی یەك
- مەسعود مستەفا، لە ئەڵمانیا
- سەلیم گراڤی، بەرپرسی نووسینگەی (ئیسپانیا و پۆرتوگال)ی پ.د.ك
- لێژنەی ناوچەی سوێدی پ.د.ك
- فاخر گراڤی، (ئیسپانیا مەدرید)
- زەکیە سەید ساڵح

- عەبدولحەمید عادل یەزدین باڤی
- کەناڵی ئاسمانی کوردستان(KTV)
- لێژنەی ناوچەی دهۆکی پ.د.ك
- لێژنەی ناوچەی ڕزگاری پ.د.ك
- ڕێکخراوی ئافرەتانی سوێد
- شاخەوان عەلی حەمەد

## پرۆگرام و پەیڕەوی ناوخۆ پەسەندکراوی کۆنگرەی دەیەمی یەکێتی قوتابیانی کوردستان

**لەژێر دروشمی**

**زانست، ئاشتی، نوێکردنەوە**

## پرۆگرام

پێناسەی یەکێتی:

یەکێتـی قوتابیانـی کوردسـتان، ڕێکخراوێکـی نیشـتمانی دیموکراتـی قوتابییانـە، لـە پێنـاو بەدەسـتهێنان و پاراسـتنی مـاف و بەرژەوەنـدی و ئامانجەکانـی قوتابیانـی کوردسـتان تـێ دەکۆشـێت.

هەروەهـا هاوڕیـز لەگـەڵ هێـزە نیشـتمانپەروەر و ڕێکخـراوە جەمـاوەری و پیشـەییەکانی کوردسـتان و جیهـان درێـژە بـە خەباتـی خـۆی دەدات بـۆ بەدیهێنانـی ئامانـج و ئاواتەکانـی خەڵکـی

کوردسـتان و عێـراق. کار دەکات لـە پێنـاو یەکپارچەیـی خـاك و بڵاوبوونـەوەی ئاشـتی و دیموکراتیـەت و ڕێزگرتـن و پاراسـتنی مافـی مـرۆڤ و بونیادنانـی کۆمەڵگەیەکـی مەدەنـی.

یەکێتییەکەمان لە پێناو ئەو ئامانجانە تێ دەکۆشێت

**لەسەر ئاستی قوتابیان:**

١- گەڕانـەوەی قوتابیـان بـۆ خوێنـدن کـە بەهـۆی خەباتـی سیاسـییەوە خوێندنیـان بەجـێ هێشـتووە.

٢- دانپێنانـی بڕوانامـەی قوتابیانـی کوردسـتان کـە لـە دەرەوەی کوردسـتان و عێـراق وەریـان گرتـووە.

٣- فێربوون لە قۆناغی سەرەتاییدا بەزۆر(الزامی) بێت بەشێوەیەك کە هەموو ناوچەکانی کوردستان بگرێتەوە و قوتابخانەی پێویست بۆ ئەم مەبەستە بکرێنەوە.

٤- بایەخـدان بـە خوێنـدن لـە شـوێنە دوورەکان و دابینکردنـی پێداویسـتییەکانی خوێندنێکـی سـەرکەوتوو بۆیـان.

٥- بایەخدان بە ڕەوانە پراکتیکی و تاقیگە زانستییەکان لە ناوەندەکانی خوێندندا.

٦- هەوڵدان بۆ دابینکردن و دروستکردنی بەشە ناوخۆییەکان و ئامادەکردنی پێداویستییەکانی خوێندن و یارمەتی قوتابییە هەژارەکان تاکو خوێندن تەواو دەکەن.

٧- وانـەکان لـە هەمـوو قۆناغەکانـی خوێنـدن بـە زمانـی کـوردی بـن و ڕەوانـەی زمانـی کـوردی لـە ڕیـزی ڕەوانـە بنەڕەتییـەکان بێـت و ڕێزگرتنـی مافـی نەتەوەکانـی دیکـە لـە کوردسـتان کـە خوێندنیـان بـە زمانـی زگماکـی خۆیـان بێـت، لەگـەڵ زمانـی کـوردی.

٨- تێروتەسـەلکردنی پڕۆگرامەکانـی خوێنـدن بـە گیانـی کوردایەتـی و دابونەریتـی سـەنی نەتەوەکەمـان و مێـژوو و جوگرافیـای کوردسـتان کـە لەگـەڵ بەرەوپێشـچوونی زانسـت و شارسـتانێتی مـرۆڤ بگونجێـت.

٩- پەرەپێدانـی زانکۆکانـی کوردسـتان و هەوڵـدان بـۆ کردنـەوەی ئامـۆژگا و کۆلێـژی تـر و بەشـەکانیان بەپێـی پێویسـتی و خواسـتی بەرزکردنـەوەی ئاسـتی زانسـت و ڕۆشـنبیری.

١٠- هەوڵدان بۆ یەکبوونی بزووتنەوەی قوتابیانی کوردستان.

١١- بەردەوامی ئەنجامدانی هەڵبژاردنی ساڵانەی نوێنەرانی قوتابیان و بەشداربوونی نوێنەرانی قوتابیان لەو کاروبارانەی کە پەیوەستن بە خۆیانەوە لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتییەکان.

١٢- دانپێنـان بـەو بڕوانامانـەی کـە قوتابیـان لـە قوتابخانەکانـی سـەر بـە شۆڕشـی کوردسـتان وەریـان گرتـووە.

١٣- پاراسـتنی پیـرۆزی و سـەربەخۆیی ناوەندەکانـی پـەروەردە و فێرکـردن و قەدەغەکردنـی بەکارهێنانـی ئـەو شـوێنانە بـە مەبەسـتی کاری پارتایەتـی.

١٤- نابێـت قوتابیـان لـە هەرێمـی کوردسـتان بێبـەش بکرێـن لـە خوێنـدن لەسـەر بیروبـاوەڕی ڕامیارییـان.

١٥- پێویسـتە پڕۆگرامـی خوێنـدن لـە زانکۆکانـی کوردسـتان لەگـەڵ ئاسـت و پێشـکەوتنی زانسـت و پڕۆگرامـی تـازەی خوێندنـی زانکۆکانـی جیهـان بگونجێندرێـن و بـۆ ئـەم مەبەسـتە کۆنگـرەی زانسـتی ببەسـترێت.

١٦- گرنگیـدان بـە خوێنـدن و بەکارهێنانـی کۆمپیوتـەر لـە قۆناغەکانـی خوێنـدن لـە

ناوەنـدی و ئامادەیـی و پەیمانـگا و زانكـۆدا و ڕاهێنانـی قوتابیـان لەسـەر بەرنامـەی پێشـكەوتووەكانی كۆمپیوتـەر.

١٧- گرنگیـدان بـە (ئینتەرنێـت) و كردنـەوەی خولـی فێربوونـی (كۆمپیوتـەر و ئینتەرنێـت) و سـوودوەرگرتن لێیانـەوە لـە بەكارهێنانـی بەرنامەڕێژیـدا بـۆ هۆشـیاری و ڕۆشـنبیری گشـتی و... كارئاسـانی.

١٨- وەستان دژی هەموو جۆرە دەستێوەردانێك لە گشت قۆناغ و بوارەكانی خوێندندا.

١٩- قوتابیانـی ئامادەییـە پیشـەییەكان و پەیمانگاكانـی پێگەیاندنـی مامۆسـتایان لـە زانكـۆ و پەیمانـگا باڵاكانـدا بەپێـی پسـپۆرییان وەربگیرێـن.

٢٠- قوتابیـان مافـی ڕادەربڕینـی ئـازاد و كۆبوونـەوە و خۆپێشـاندانیان هەیـە لـە شـوێنەكانی خوێنـدن و دەرەوەیـدا.

٢١- دانانـی پلانـی نـوێ پەروەردەیـی و داڕشـتنی پڕۆگرامـی پـەروەردە بـە شـێوەیەك كـە ببێتـە هـۆكاری پەرەسـەندنی هەسـت و بیـری نەتەوەیـی.

٢٢- دابینكردنـی كار بـۆ دەرچووانـی زانكـۆ و پەیمانـگاكان و ئامادەیـی پیشـەییەكان لەگـەڵ سـوودوەرگرتن لـە توانـا و پسـپۆرییە زانسـتییەكانیان.

٢٣- هەوڵدان بۆ فێركردنی و بەكارهێنانی پیتی لاتینی لە قوتابخانەكان.

٢٤- بایەخـدان بـە قوتابخانـە پیشـەییەكان و پەیمانـگاكان و هاندانـی قوتابیـان بـۆ ئـەوەی بچنـە ئـەو قوتابخانانـە و كادری ناوەنجییـان لـێ پەیـدا بـن و بەشـداری لـە ئاوەدانكردنـەوەی كوردسـتان بكـەن.

٢٥- ناردنی قوتابیانی كوردستان بۆ تەواوكردنی خوێندن لە دەرەوەی وڵات.

٢٦- بەهێزكردنـی گیانـی تەبایـی و دۆسـتایەتی لـە نێـوان گشـت قوتابیـان و هـاوكاری هەسـت بـە بەرپرسـیارێتی لەنـاو كۆمەڵـدا.

٢٧- بایەخـدان بـە ئەنجومەنـی بـاوكان و دایـكان و مامۆسـتایان و قوتابیـان بـۆ بەشـداریكردن لـە بەرەوپێشـبردنی پـەروەردە و فێركـردن.

٢٨- یارمەتیدانـی ئـەو قوتابیانـەی كـە ڕۆڵـەی شـەهید و پێشـمەرگەی پەككەوتـەن

و پاشـــماوەی کیمیابارانـــی هەڵەبجـــەی شـــەهید و شـــوێنە کیمیابـــاران و ئەنفالکراوەکانـــی دیکـــەن.

٢٩- هاندانی قوتابیانی داهێنەر و بەتوانا و دابینکردنی پێویستییەکانیان.

٣٠- کردنەوەی قوتابخانە و شوێنی فێربوونی تایبەت بۆ پەککەوتەکان و پەرەپێدانیان.

٣١- ڕێکخســتنی ئـۆردوگای هاوینـە بـۆ قوتابیـان، بـۆ پەروەردەکردنـی و جۆشـدانیان بـە بیروبــاوەڕی کوردایەتــی و نیشــتمانپەروەری و پێگەیاندنیــان.

٣٢- بایەخدان بە فەرهەنگ و کەلەپوری کوردی و هاندانی قوتابیان بۆ پاراستنیان.

٣٣- بایەخدان بە پەرتوکخانەکان و دەوڵەمەندکردنیان بە پەرتوکی هەمەجۆر و ڕاهێنانی قوتابیان لەسەر خوێندنەوە و هاندانی قوتابیان بە دانانی پەرتوکخانە لە ماڵەکانیاندا.

٣٤- بایەخــدان بــە تەندروســتی قوتابیــان لــە قوتابخانــەکان و دەســتەبەرکردنی چارەســەرییان و ڕەچاوکردنــی مەرجــە تەندروســتییەکان لــە ناوەندەکانــی خوێندنــدا و کردنــەوەی (عیــادە)ی تایبــەت بــۆ قوتابیــان.

٣٥- بایەخدان بە وانەکانی نیگارکێشان و وەرزش و سروود بۆ پەروەردە و نەشونوماکردنی ئارەزوو و بەهرەکانی قوتابیان.

٣٦- پیادەکردنــی سیســتەمی یەکڕەنگــی (زی موحــد) جلوبەرگــی قوتابیــان لــە گشــت قۆناغەکانــی خوێندنــدا.

٣٧- دژی هەمــوو کۆتوبەنــدی کۆمەڵایەتــی دواکەتوویــن کــە لەســەر قوتابیانــی کــچ دادەنــرێ بــۆ ڕێگەگرتــن لــە خوێندنیــان.

٣٨- گرنگیدان بە کۆلێژ و قوتابخانە ئەهلییە نمونەییەکان.

٣٩- هەوڵـدان بـۆ بەکوردیکـردن و بەخۆڕاییکردنـی خوێنـدن لـە ناوچـە ڕزگارنەکراوەکانـی (کەرکوك و خانەقیـن و شـەنگال) و شـوێنەکانی تـری ژێـر دەسـەڵاتی ڕژێمـی بەعـس.

٤٠- هەوڵــدان بــۆ گەڕاندنــەوەی ئــەو قوتابیــە نەوجەوانانــەی کــە تووشــی لادەری و تــاوان دەبــن، بــۆ نــاو خێــزان و کۆمەڵگــەی لــە ڕێگــەی چاکســازیی کۆمەڵایەتییــەوە.

٤١- ئاسـانكاری بـۆ ئـەو قوتابیانـەی كـە لەلایـەن ڕژێمـەوە تڕەوشـی (ترحیـل سیاسـی) ڕاگوێزانـی ڕامیـاری زۆرەملـێ دەبـن بـە خێزانیانـەوە بـۆ بەردەوامیـان لـە خوێنـدن.

٤٢- هاندانی قوتابیان بۆ سازدان و پێشكەشكردنی توێژینەوە و ڕێكخستنی كۆڕ و سیمیناری زانستی و ئەدەبی و ڕۆشنبیری لە ناوەوە و دەرەوەی مەڵبەندەكانی خوێندن.

٤٣- هەوڵـدان بـۆ كردنـەوەی مەڵبەنـدی زانسـتی و ڕۆشـنبیری قوتابیـان لـە دەرەوەی ناوەندەكانـی خوێندنـدا.

٤٤- كاركـردن بـۆ بەگەڕخسـتنەوەی تابلـۆ و سـەكۆی ئـازاد بـۆ تێدانووسـین و خسـتنەڕووی ڕادەربڕیـن، لـە ناوەندەكانـی خوێندنـدا لـە پێنـاو هێنانەكایـەوەی دایەلۆگـی هـزری لـە نێـوان قوتابیانـدا.

٤٥- پڕۆگرامی وانە زانستییەكان لە كوردستاندا ستانداردی جیهانی بێت.

٤٦- داواكارین ناوی قوتابخانەكان بكرێتە كوردی.

٤٧- هەوڵـدان بـۆ گەڕانـەوەی كادیـرە زانسـتی و خاوەنبڕوانامـە بـەرزەكان لـە دەرەوەی كوردسـتان بـۆ سـوودوەرگرتن لـە توانـا و پسـپۆرییان.

**لەسەر ئاستی نەتەوەیی:**

١- بەهێزكردنی پەیوەندی و هاوكاری لەگەڵ ڕێكخراوە كوردستانییەكاندا.

٢- یارمەتیدانـی قوتابیانـی بەشـەكانی تـری كوردسـتان كـە بەهـۆی خەباتـی سیاسـی پەرتـەوازە دەبـن و زامنكردنـی خوێندنیـان لـە هەرێمـی كوردسـتان.

٣- پشـتگیریكردنی بزووتنـەوەی ئازادیخـوازی نەتـەوەی كـورد لـە هەمـوو پارچەكانـی كوردسـتان و هاوكاریكردنیـان بـۆ بەدیهێنانـی مافـی چارەنـووس.

٤- ڕێزگرتـن لـە ویسـتی گەلـی كـورد لـە هـەر پارچەیەكـی كوردسـتان لـە هەڵبژاردنـی شـێوازی خەبـات و چارەنووسـیان.

٥- تێكۆشـان لـە پێنـاو چارەسـەركردنی كێشـەكانی نێـو باڵەكانـی بزووتنـەوەی ئازادیخـوازی كوردسـتان لـە ڕێـگای گفتوگـۆی ئاشـتییانە و پەنانەبردنـە بـەر بەكارهێنانـی چـەك و شـەڕ.

٦- هەوڵـدان بـۆ یەكخسـتنی قوتابیانـی كوردسـتان لـە دەرەوەی وڵات بـۆ خزمەتكردنـی

دۆزی وای گەلەکەمـان.

٧- لـە هەمـوو قۆناغەکانـی خوێندندا، گرنگـی بدرێت بە هۆشـیاری نەتەوەیی، .. نیشـتمانی ، ئەمەیـش دەکرێـت بەپێـی بەرنامـەی ڕێکوپێـك و داڕێـژراو بێـت و لـە ڕێگـەی مامۆسـتایانی دڵسـۆزەوە، کـە دەبێتـە قەڵغانـی پاراسـتنی ئاسایشـی نەتەوەیـی.

٨- هەوڵدان بۆ بەستنی کۆنگرەیەکی نێودەوڵەتی بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد.

٩- هەوڵـدان بـۆ ئۆرگانیزەکردنـی جالیـەی کـورد لـە دەرەوەی وڵات بـۆ زیاتـر ناسـاندنی کـورد و کێشـەکەی.

١٠- پشـتگیریکردن لـە هـەر هەنگاوێکـی زانسـتییانە بـۆ بەدیهێنانـی زمانـی سـتانداردی کـوردی.

١١- گرنگیـدان بـە «سـەنتەری لێکۆڵینـەوەی مسـتەفا بارزانـی» بـۆ ئاشـتی جیهانـی لـە زانکـۆی ئەمەریـکا.

**لەسەر ئاستی نیشتمانی:**

١- پشـتگیریکردنی پەرلەمـان و حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتان بـۆ بەدیهێنانـی ئامانجەکانـی گەلـی کوردسـتان و جێگیربـوون و داننـان بـە مافـی فیدراڵـی بـۆ هەرێمـی کوردسـتان لـە چوارچێـوەی عێراقێکـی دیموکراسـیدا.

٢- پشـتگیریکردن لـە دامەزراندنـی سیسـتەمێکی دیموکراتـی لـە عێراقـدا کـە مافـی فیدراڵـی مسـۆگەر بـکات بـۆ کوردسـتان و داننـان بـە مافـی نەتـەوەکان کـە دەبێتـە مایـەی پێکەوەژیانێکـی ئاشـتییانە و بـۆ جێبەجێکردنـی گۆڕانـکاری سیاسـی و ئابـووری و کۆمەڵایەتـی کـە ببێتـە هـۆی پێشـکەوتنی گەلانـی عێـراق لـە هەمـوو بوارەکانـدا.

٣- پشـتیوانیکردن لـە پەرلەمـان و حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتان بـۆ بەرەنگاربوونـەوەی هەمـوو جـۆرە هەڕەشـە و دەسـتدرێژیکردنە سـەر سـەروەری خاکـی کوردسـتانی ئازادکـراو.

٤- پەرەپێدانـی خەبـات لەگـەڵ ڕێکخراوەکانـی لاوان و مامۆسـتایان و ئافرەتـان و گشـت ڕێکخـراوە پیشـەیی و دیموکراتییەکانـی کوردسـتان و عێـراق بـۆ بەدیهێنانـی ژیانێکـی بەختـەوەر و ئاشـتییانە.

٥- تێکۆشـان دژی سیاسـەتی بەعـەرەب و بەبەعسـیکردن و ڕاگوێزانـی زۆرەملـێ لـە ناوچەکانـی کوردسـتانی ژێردەسـتی ڕژێمـی بەعـس، هـاوکات داوای فراوانکردنـی ناوچەکانـی دژەفریـن دەکەیـن بـە شـێوەیەك کـە هەمـوو هەرێمـی کوردسـتان بگرێتـەوە.

٦- پشـتگیریکردنی پێدانـەوەی ڕەگەزنامـەی عێراقی بـەو هاوڵاتیيانەی لێیان سـەندراوەتەوە و دابینکردنـی ژیانیـان و قەرەبوکردنـەوەی ئـەو زیانانەی لێیـان کەوتووە.

٧- بەشداریکردن لە گەشەپێدان و ئاوەدانکردنەوەی کوردستان.

٨- پشتگیری لە هەڵگرتنی هەر دوو گەمارۆی ئابووری دەکەین لەسەر کوردستان.

٩- لـە هـەر ڕاگرتنێـك و گۆڕانکارییەکـی بەرنامـەی (نـەوت بەرامبـەر خـۆراك) ڕێـژەی کوردسـتان بـەردەوام بێـت.

١٠- هەوڵـدان بـۆ ئاشـکراکردنی چارەنووسـی زیندانـی و بێسـەرو شـوێن و ئەنفالکراوەکانـی کوردسـتان و ئازادکردنـی هەمـوو ئەوانـەی ش کـە لەژیانـدا مـاون؛ قەرەبووکردنـەوەی ئـەو زەرەر و زیانانـەی لێیـان کەوتـووە لەلایـەن ڕژێمـی عێراقـەوە.

١١- پشتگیری تەواوی هەوڵەکانی ئاشتی ناوخۆی کوردستان دەکەین.

١٢- پشتگیری لەو هەنگاوانە دەکەین کە بۆ جێبەجێکردنی مافی شەهیدان دەنرێن.

١٣- پاراستن و گرنگیدان بە ژینگە و شوێنەوارەکانی کوردستان.

١٤- پشتگیری نەهێشتنی هۆکارەکانی کۆچکردنی ناسروشتی دەکەین

١٥- پشـتگیری هەوڵەکانـی چاکسـازی و نەهێشـتنی کەموکـوڕی و نالەبـاری ئیـداری و دارایـی دەکەیـن لـە دامودەزگاکانـی حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتاندا.

١٦- پشتگیریکردن لە هەوڵەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ نەهێشتنی نەخوێندەواری.

**لەسەر ئاستی جیهانی:**

١- تێکۆشان دژی داگیرکردن و دەستبەسەرداگرتن بە هەموو جۆرەکانیەوە.

٢- تێکۆشـان لـە پێنـاو بڵاوبوونـەوەی ئاشـتی و دیموکراتیـەت لـە جیهانـدا و ڕێزگرتـن و پاراسـتنی مافـی مـرۆڤ.

٣- هاوکاریکردنــی بزووتنــەوەی ئازادیخــوازی گــەلان لــە پێنــاو بەدیهێنانــی ژیانێکــی پــڕ لــە ئاشــتی و ئــازادی.

٤- بەهێزکردنی پەیوەندی لەگەڵ ڕێکخراوەکانی قوتابیان لە جیهان بۆ پێناسینی کێشەی نەتەوەیی گەلی کورد و بەرگریکردن لێی لە هەموو بۆنە و چالاکییە جیهانییەکاندا.

٥- گونجاندنی خەباتی قوتابیانی کوردستان لەگەڵ گۆڕانکارییە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکان بەو شێوەیەی کە لە بەرژەوەندی مەسەلەی وای میللەتی کورددایە.

٦- تێکۆشــان لەپێنــاو جێگیرکردنــی دیالــۆگ و ڕاگۆڕینــەوە بــۆ چارەســەری کێشــە و گرفتــەکان لــە جیاتــی شــەڕ و ئــاژاوە.

٧- نەفرەتکردن لە تیرۆر و زەبروزەنگ و تۆقاندن بە هەموو جۆرەکانیەوە.

٨- تێکۆشان دژی بەرهەمهێنان و بەکارهێنانی چەکی بەکۆمەڵکوژ بە هەموو جۆرەکانیەوە.

٩- تاوانبارانــی شــەڕی دژەمرۆیــی لــە هــەر کوێیــەك و ســێبەری کام دەوڵەتدابــن بدرێنــە دادگای نێودەوڵەتــی.

١٠- پێشوازیکردن لە دەرهاویشتە پۆزەتیڤەکانی جیهانگەرایی وێڕای پاراستنی تایبەتمەندییەکانی نەتەوەییمان.

١١- پشــتگیری و هاوکاریکــردن لەگــەڵ ئــەو زانکــۆ و پەیمانــگا جیهانییانــەی کــە زمــان و مێــژووی کوردیــان تێــدا دەخوێنــدرێ.

## پەیڕەوی ناوخۆ

**بەندی یەکەم**

**یەکێتی**

**١-١: ناوی ڕێکخراو:**

یەکێتی قوتابیانی کوردستان، بە پیتەکانی (ی. ق. ك) هێمای بۆ دەکرێت.

**١-٢: پێکهاتە**

یەکێتی قوتابیانی کوردستان، نوێنەرایەتی قوتابیانی کوردستان دەکات لە یەکگرتنی ئارەزوومەندانەی قوتابیان پێك دێت، کە بڕوایان بە پڕۆگرام و پەیڕەوی ناوخۆی (ی. ق. ك) هێناوە، بەوپەڕی دڵسۆزییەوە بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی تێ دەکۆشن.

**١-٣: سنووری کارکردن**

هەرێمی کوردستانە، بەپێی پێویست لێژنەی ڕاپەڕاندن بۆی هەیە لق و ڕێکخستن لە هەموو ناوچەکانی کوردستان و دەرەوەی کوردستان بکاتەوە.

**١-٤: دروشم**

زانست، ئاشتی، نوێکردنەوە

**١-٥: ئارمی یەکێتی**

پێکهاتەی بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

- خۆر: نیشانەی پەیدابوون و ژیان و ڕوناکی و ئازادی و هەردەم نوێبوونەوەیە، (١٨) تیشکەکە هێمایە بۆ ١٨ی شوبات، ڕۆژی دامەزراندنی یەکێتییەکەمان.
- چیا: نیشانەی مان و خۆڕاگرییە، ئاماژەیە بە سروشتی کوردستان، چوار شاخەکە هێمایە بۆ هەر چوار پارچەی کوردستان و حەتمیەتی بەیەکەوە بەستان ویەکپارچەیی.
- پەرتوك: بەڵگەی زانست و زانیاری و خوێندەواری و شارستانیەتە، نیشانەی خوێندنە کە پیشەی قوتابیانە، لە ناو پەرتوکەکەش ناوی یەکێتییەکەمان تۆمار

کـراوە، بـە واتـای بایـەخ و گرنگیدانـی (ی. ق. ك) بـە خوێنـدن و زنسـت و فێربـوون.

- دەسـت: دەسـت و بـازووی قوتابیانـی کوردسـتانە، نیشـانەی هـەوڵ و تێکۆشـانە، ڕەنگـی ڕەش و سـپی بـە واتـای نەبوونـی جیـاوازی.
- بۆشـایی نێـوان دوو دەسـتەکە: (پیتەکانـی یەکەمـی یەکێتییەکەمانـی تیـا تۆمـار کـراوە بـە زمانـی ئینگلیـزی) لـە بنکەکەیـدا فراوانـە و لـە لوتکەکەیـدا تیـژە، لـە شـێوەی سێگۆشـەیە، نیشـانەی بەرزبوونـەوە و بـەرەو ئامانـج و سـەرکەوتنە.
- ١٩٥٣: ساڵی دامەزراندنی یەکێتی قوتابیانی کوردستان.
- تێکـڕای ئارمەکـە لـە شـێوەی سـەری ڕمدایـە بـۆ دەلالەتکـردن لـە وتەکـەی بارزانیـی نەمـر: «قوتابیـان سـەری ڕمـن لـە گشـت شـۆڕش و ڕاپەڕینێکـدا».

**بەندی دووەم**

**ئەندامێتی**

**٢-١: ئەندامێتی**

ئەندامانـی یەکێتـی، لـە قوتابیانـی گشـت قۆناغەکانـی خوێنـدن پێـك دیـن جگـە لـە قوتابیانـی قۆناغـی سـەرەتایی و کۆلێژەکانـی سـەربازی و پۆلیـس.

**٢-٢: مەرجەکانی ئەندامێتی**

هـەر قوتابیەکـی کوردسـتان بەبـێ ڕەچاوکردنـی ڕەگـەز، نەتـەوە، ئایـن، لـە لایـەن دوو ئەندامـی یەکێتییـەوە تەزکییـە بکرێـت مافـی ئـەوەی هەیـە ببێـت بـە ئەنـدام لـە دوای ئـەوەی فۆڕمـی داواکاری ئەندامێتـی پـڕ بکاتـەوە بەپێـی ئـەم مەرجانـە:

١- بـڕوای تـەواوی بـە پرۆگـرام و پەیـڕەوی ناوخـۆی یەکێتـی هەبێـت و خەبـات بـکات لـە پێنـاو بەدیهێنانـی ئامانجەکانیـدا.

٢- لە یەکێك لە ئۆرگانەکانی یەکێتیدا کاری ڕێکخراوەیی خۆی بکات.

٣- لە کارکردندا دڵسۆز و وردبین بێت و لە بەڵێنەکانیدا ڕاستگۆ بێت.

٤- ئابوونـەی ئەندامێتـی بـدات بـەو پێیـەی لێژنـەی ڕاپەڕانـدن دیـاری دەکات و ڕێوشـوێنی وەرگرتنـی دادەنـێ.

٥- له یەکێك له مەڵبەندەکانی خوێندن درێژه به خوێندن بدات.

**٢-٣ : ئەرکەکانی ئەندام**

١- پەیڕەوی دیسیپلینی ناوخۆی یەکێتی و زنجیرەکانی ڕیکخستن بکات.

٢- ئامانـج و بیروبـاوەری یەکێتـی بـڵاو بکاتـەوە و بەرگـری لـە یەکگرتوویـی ڕیزەکانـی بکات.

٣- کۆشـش بـکات بـۆ بەرفراوانکردنـی ڕیکخسـتنی یەکێتـی و ئەندامـی نـوێ بهێنێتـە ڕێزەوە.

٤- بەشداری له کۆبوونەوە و چالاکییە جۆراجۆرەکانی یەکێتیدا بکات.

٥- هەوڵ بدات بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی زانستی و ڕۆشنبیری و هۆشیاری خۆی.

٦- له کاتی گۆڕینی مەڵبەندی خوێندندا دەبێ ئەندامێتی خۆی بگوازێتەوە.

**٢-٤ : مافەکانی ئەندامێتی**

١- ئەندام له سنووری چالاکی خۆیدا مافی ڕەخنە و ڕەخنە لەخۆگرتنی هەیە.

٢- مافی ئەوەی هەیە هەڵبژێرێ و هەڵبژێردرێ له ئۆرگانەکانی یەکێتیدا.

٣- لـە کاتـی هەسـتکردن بـە پێشـێلکاری مافەکانـی، بـۆی هەیـە بـە نووسراوێکـی تایبـەت دەزگای سـەرووی خـۆی ئـاگادار بکاتـەوە بـۆ پێداچوونـەوەی.

٤- له کاتی پێویستیدا داوای یارمەتی بکات.

٥- ئەنـدام مافـی وازهێنانـی لـە یەکێتـی هەیـە لـە ڕێگـەی پێشکەشـکردنی داواکاری بـە نـووسراو.

**٢-٥: سزاکان**

دەزگاکانـی یەکێتـی دەسـەڵاتی ئـەم سـزایانەیان هەیـە بەپێـی ئاسـتی دەزگاکان و جـۆری سـەرپێچییەکە:

١- ئاگادارکردنەوە

٢- سەرنجڕاکێشان

٣- پێبژاردن(غرامە) لە کاتی خراپ مامەڵەکردن بە ماڵ و دارایی (ی. ق. ك).

٤- ڕاگرتن(تجمید)

٥- داگرتنی پلە

٦- وەرگرتنەوەی پلە

٧- دەرکردن

- سـزاکان بەپێـی سـەرپێچییەکە دەدرێـت لەلایـەن دەزگاکانـەوە جگـە لـە خاڵـی (١، ٢) سـزاکانی تـر بەپێـی لێکۆڵینـەوەی ورد و بەدواداچـوون دەسـەپێندرێن.

**بەندی سێیەم**

**ئۆرگانەکانی یەکێتی**

یەکێتـی قوتابیانـی کوردسـتان، لەسـەر بنەڕەتـی ناوەنـدی دیموکراسـی پێـك هاتـووە و هەمـوو ئۆرگانەکانـی یەکێتـی بەدەنگـی زۆرینـەی ئاسـایی و نهێنـی هەڵدەبژێردرێـن و هەروەهـا پەیـڕەوی سـەرکردایەتی بەکۆمـەڵ دەکـەن و گشـت بڕیـارەکان بـە زۆرینـەی ئاسـایی دەردەچـن و ڕێکخسـتن لەسـەر ئـەم پرەنسـیپانە دامـەزراوە:

**٣-١: هۆبە**

بچووکتریـن یەکـەی ڕێکخسـتنە، ئەندامێکـی چالاکـی یەکێتـی هەڵـی دەسـوڕێنێ کـە بـە دەنگـی ئەندامـان لـە هۆبەکـە هەڵدەبژێـردرێ و بـە ئەنجامدانـی کاری یەکێتـی هەڵدەسـتێ.

١- دروسـتکردنی پەیوەنـدی نێـوان ئەندامانـی یەکێتـی لـە هۆبـە لەگـەڵ ئۆرگانـی سـەرووتر.

٢- ئاگادارکردنەوە و ئامادەکردنی ئەندامان بۆ بەشداریکردنی چالاکییەکانی یەکێتی.

٣- کۆکردنەوەی ئابوونە.

٤- بەپرسە لە گەیاندنی بیروبۆچوون و داخوازییەکانی ئەندامان و قوتابیان بۆ سەرووتر.

**٣-٢: لێژنەی بەش**

لـە کۆلێـژ و پەیمانـگاکان سەرپەرشـتی نوێنەرایەتـی پۆلـەکان دەکات و لـە (٣ ـ ٥) کارگێـڕ پێـك دێـت کـە ڕاسـتەوخۆ لەلایـەن ئەندامانـی یەکێتـی لـە بەشـەکەدا هەڵدەبژێردرێـت و ئەرکـی سەرپەرشـتیکردنی کارەکانـی یەکێتییـە لـە بەشـەکەی و هـەوڵ دەدات بـۆ فراوانکـردن و بەهێزکردنـی ڕێکخسـتن و جێبەجێکردنـی ئەرکەکانـی یەکێتـی و ئەنجامدانـی فەرمانەکانـی سـەرووتر و چارەسـەرکردنی گیروگرفتەکانـی قوتابیـان و دەبێتـە ئەڵقـەی پەیوەنـدی نێـوان قوتابیـان و لایەنـە پەیوەندیـدارەکان. نوێنەرایەتـی هۆبـەکان ڕاسـتەوخۆ دەبـن بـە ئەنـدام لـە لێژنـەی بـەش و بەشـداری کۆبوونـەوەی مانگانـەی لێژنـەی بـەش دەکـەن و ڕاپـۆرت بـەرز دەکەنـەوە بـۆ سـەرووتر.

**٣-٣: لێژنەی (قوتابخانە، پەیمانگا، کۆلێژ)**

لێژنەکـە لـە (٣ ـ ٥) کارگێـڕ پێـك دێـت کـە ڕاسـتەوخۆ لەلایـەن بەرپرسـی بـەش و نوێنەرایەتـی پۆلـەکان لـە ناوەنـدی خوێنـدن هەڵدەبژێردرێـت، سەرپەرشـتیکردنی کارەکانـی یەکێتـی لـەو شـوێنە دەگرێتـە ئەسـتۆ و ئەڵقـەی پەیوەندییـە لـە نێـوان قوتابیـان و بەڕێوەبەرایەتـی و ڕاگرایەتییـەکان.

١- بەلای کەمەوە دەبێت مانگانە جارێك کۆببێتەوە و ڕاپۆرت بەرز بکاتەوە.

٢- مانگـێ جارێـك دەبێـت کۆبوونـەوەی فـراوان لەگـەڵ گشـت نوێنەرایەتـی هۆبـەکان و لێژنـەی بەشـەکان ئەنجـام بـدات.

٣- مانگێ جارێك دەبێت کۆبوونەوەی گشتی لەگەڵ ئەندامان ئەنجام بدات.

٤- بەرپرسیارە بەرامبەر گەشەکردن و چالاکییەکانی یەکێتی لەسنووری کارکردنیدا.

٥- دەسەڵاتی سزادانی خاڵەکانی (١، ٢)ی هەیە لە بەندی (٢) بڕگەی (٥).

٦- ئەرکـی زەمینەخۆشـکردنی سەرخسـتنی پاڵێوراوانـی یەکێتـی دەکەوێتـە ئەسـتۆ لـە هەڵبژاردنەکانـی نوێنەرایەتـی قوتابیانـدا.

**٣-٤: لێژنەی ناوچە**

بەهـۆی فراوانبـوون و زیادبوونـی ژمـارەی قوتابیـان لـە سـنوورێکی دیاریکـراو بـۆ

چاودێریکـردن و کاراکردنـی ڕیکخسـتنەکانی یەکێتـی دادەمەزرێـت و لـە (٣ ـ ٧) کارگێـڕ پێـك دێـت کـە لەڕێگـەی کۆنفرانسـی ناوخۆیـی دیـاری دەکرێـت، دەزگای سـەروو لـە کاتـی پێویسـتی ڕێکخسـتن توانـای زیادکردنـی دەسـتەی لێژنـەی ناوچـەی هەیـە.

١- بەرپرسـی لێژنـەی ناوچـەکان سـیفەتی، ئەندامـی (لق)یـان پـێ بدرێـت، لـە کۆبوونـەوەی مانگانـەی ئاسـایی لـق بەشـداری دەکـەن، بـۆ خوێندنـەوەی ڕاپۆرتـی مانگانـەی خۆیـان و موناقەشـەی پێویسـت.

٢- سەرکردایەتی جموجوڵەکانی یەکێتی دەکات لە سنووری چالاکی خۆیدا.

٣- بەرپرسیارە بەرامبەر گەشەکردنی چەندێتی و چۆنێتی ڕیکخستنەکانی یەکێتی.

٤- مانگانـە کۆبوونـەوەی خـۆی دەکات و ڕاپـۆرت بـۆ لـق بەرزدەکاتـەوە و دەربـارەی بـاری یەکێتـی لـەو ماوەیـەدا لـە هەمـوو ڕووییەکـەوە.

٥- لێژنــەی ناوچــە پابەنــدە بــە جێبەجێکردنــی بڕیــار و ڕێنمایــی و ڕاسـپاردەکانی دەزگاکانــی ســەرووی خــۆی.

٦- پێویسـتە لێژنـەی ناوچـە دوو مانـگ جارێـك کۆبوونـەوەی فراوانـی (دەسـتەی ناوچە و لێژنـەی قوتابخانـەکان) سـاز بکات.

٧- دەسـەڵاتی سـزادانی (١، ٢، ٣)ی بەنـدی (٢) بڕگـەی (٥)ی هەیـە بـە گوێـرەی سـەر پێچیکردنەکە.

٨- لێژنـەی ناوچـە و لێژنـەی کۆلێـژ و پەیمانـگاکان بـۆ سـەپاندنی سـزاکانی (٤، ٥، ٦) ی بەنـدی (٣) بڕگـەی (٥) ڕەزامەنـدی لـق وەربگرێـت.

**٣-٥: لێژنەی لق**

پێکدێت لە:

١- لێپـرسراوی لـق کـە بـە شـێوەی ناوەنـدی لەلایـەن لێژنـەی ڕاپەڕانـدن دەستنیشـان دەکـرێ و پێویسـتە ئەندامـی لێژنـەی ڕاپەڕانـدن بێـت.

٢- لـە (٤ ـ ٦) کارگێـڕ پێـك دێـت و بەپێـی پێویسـت مەکتەبـی سـکرتاریەت دەسـەڵاتی کەمکردنـەوەی ئـەو ژمارەیـەی هەیـە و بـە هەڵبـژاردن لـە کۆنفرانسـی ساڵانەی

لقـدا هەڵدەبژێردرێـن لەلایـەن دەسـتەی هەڵبژێـردراوی لێژنـەی (ناوچـە، کۆلێـژ و پەیمانـگا بـاڵاکان) ئەگـەر بـارودۆخ گونجـاو بێـت.

٣- لێژنــەی لــق مانگــی جارێــك کۆدەبێتــەوە و ڕاپۆرتــی گشــتی بەرزدەکاتــەوە و هــەردوو مانــگ جارێــك کۆبوونــەوەی فــراوان دەکات.

٤- لێژنەی لق بەرپرسیارە لە بەرامبەر جێبەجێکردنی ڕاسپاردە و بڕیار و ڕێنماییەکانی مەکتەبی سکرتاریەت.

٥- لێپـرسراوی لێژنـەی ناوچـەکان و لێژنـەی کۆلێـژ و پەیمانـگا بـاڵاکان لـە کۆبوونـەوەی فراوانـی لـق ئامـادە دەبـن.

٦- لـق بـۆی هەیـە گۆڕانـکاری لـە دەسـتەی لێژنـەی ناوچـە بـکات لـە پـاش ڕاوێژکـردن لەگـەڵ مەکتەبـی سـکرتاریەت.

٧- دەسـەڵاتی سـەپاندنی سـزاکانی (١، ٢، ٣، ٤)ی بەنـدی (٢) بڕگـەی (٥)ی هەیـە ڕاسـتەوخۆ و (٥، ٦) پـاش ڕاوێژکـردن لەگـەڵ مەکتەبـی سـکرتاریەت دەسـەپێندرێ.

**بەندی چوارەم**

**دەزگاکانی سەرکردایەتیکردن**

**٤-١: کۆنگرە**

بەرزترین دەسەڵاتە لە یەکێتیدا و پێك دێت لە (ئەندامان و یەدەگەکانی لێژنەی ڕاپەڕاندن، ئەندامانی لێژنەی ئامادەکردن، هەڵبژێردراوەکانی لق و لێژنەی ناوچە و قوتابخانە و پەیمانگا و کۆلێژەکان) بەپێی ڕێژەی دیاریکراو لەلایەن لێژنەی ڕاپەڕاندنەوە.

- کۆنگـرە لـە بارودۆخـی ئاسـاییدا دوو سـاڵ جارێـك دەبەسـترێت و دەسـەڵاتی گۆڕینـی نــاو و ئــارم و دروشــم و هەڵوەشــاندنەوەی یەکێتــی و دەســتکاریکردنی پرۆگــرام و پەیـڕەوی ناوخـۆی هەیـە.

**٤-٢: کۆنفرانس**

کۆنفرانـس پێـك دێـت لـە ئەندامـان و یەدەگـی لێژنـەی ڕاپەڕانـدن و دەسـتەی لقـەکان

و لێپـرسراوی لێژنـەی ناوچـەکان و ئەندامانـی بەشـەکانی مەکتەبـی سـکرتاریەت.

- لەکاتێکـدا دەبەسـترێ کـە گیروگرفتێکـی وا هاتبێتـە پێـش ئەندامانـی لێژنـەی ڕاپەڕانـدن نەتوانـن چارەسـەری بکـەن بـە شـێوەیەك کـە هەڕەشـە لـە یەکێتـی ڕێکخـراو بـکات یـان گۆڕانـی سیاسـی ڕووی دابێـت و دەرفەتـی بەسـتنی کۆنگـرە نەبێـت، لـە هەلومەرجـی وادا کۆنفرانـس دەبەسـترێ.
- توانـای گۆڕینـی سـکرتێر و (٣/١)ی ئەندامانـی لێژنـەی ڕاپەڕاندنـی هەیـە و لەبـەر ڕۆشـنایی هێڵـە گشـتییەکانی پرۆگـرام و پەیـڕەوەی ناوخۆیـی پەسـەندکراوی کۆنگـرە دەتوانـێ بەرنامـەی تـازە دابڕێژێـت.

**٤-٣: لێژنەی ڕاپەڕاندن**

١- بەرزترین دەسەڵاتە لە یەکێتیدا لە ماوەی نێوان دوو کۆنگرە و کۆنفرانسدا.

٢- هەڵدەستێ بە ئەرکی سەرکردایەتیکردن و سەرپەرشتیکردنی چالاکییە جۆراجۆرەکانی یەکێتی و ئاراستەکردنیان، بڕیارەکانی کۆنگرە و کۆنفرانس بەجێ دەگەیەنێت و ئامانجەکانی جێبەجێ دەکات و چاودێری گشت دەزگاکان دەکات سەبارەت بە ڕاپەڕاندنی فەرمان و ئەرکەکانیان.

٣- لـە (٢١) ئەنـدام و (٥) یـەدەگ پێـك دێـت کـە ڕاسـتەوخۆ بـە دەنگدانـی نهێنـی لـە کۆنگـرە هەڵدەبژێردرێـن بەمەرجـێ بـەردەوام بـێ لـە خوێنـدن یـان دەرچـووی سـاڵی بەسـتنی کۆنگـرە بێـت.

٤- هــەر سـێ مانـگ جارێـك کـۆ دەبێتـەوە یـان لەسـەر داوای (٣/٢)ی ئەندامـان، یـان لەسـەر داوای مەکتەبـی سـکرتاریەت و لێژنـەی ڕاپەڕانـدن نائاسـاییش کـۆ دەبێتـەوە.

٥- سـزادانی ئەندامانـی لێژنـەی ڕاپەڕانـدن بـە ڕەزامەنـدی (٣/٢)ی ئەندامانـی بـە گوێـرەی سـەرپێچیەکە دەبـێ، جگـە لـە سـزاکانی (٥، ٦، ٧)ی بەنـدی (٢)ی بڕگـەی (٥) بـۆ داگرتنـی پلـەی ئەندامێتـی لـە لێژنـەی ڕاپەڕانـدن.

هــەر ئەندامێکـی لێژنـەی ڕاپەڕانـدن پلـەی ئەندامێتـی نامێنـی لـەم بوارانـەی خــوارەوە و یەدەگێـك شـوێنی دەگرێتـەوە:

أ. لە سێ کۆبوونەوەی لێژنەی ڕاپەڕاندن بەبێ هۆ ئامادە نەبێت.

ب. دەرچوون بۆ دەرەوەی هەرێمی کوردستان بەبێ مۆڵەت.

ت. پێشکەشکردنی دەستلەکارکێشانەوە.

٦- لێپــرسراوی لقەکانــی لێژنــەی ڕاپەڕانــدن دەستنیشــانیان دەکات و چاویــان پێــدا دەخشــێنێتەوە.

٧- لەکاتی دواکەوتنی بەستنی کۆنگرە ڕوونکردنەوەی پێویست دەردەکات.

٨- لێژنـەی ڕاپەڕانـدن دەسـەڵاتی دروسـتکردن و هەڵوەشـاندنەوەی لقەکانـی یەکێتـی هەیـە و سـنووری کارکردنیـان دیـاری دەکات.

٩- کۆبوونـەوەی لێژنـەی ڕاپەڕانـدن لـە کاتـی دیاریکـراوی خـۆی دەبەسـترێت (لەکاتـی دواکەوتنیشــدا مەکتەبــی ســکرتاریەت ڕوونکردنــەوەی پێویســت دەدات). تیایــدا چاوخشــاندنەوە دەکرێــت بەســەرجەم کارەکانــی مەکتەبــی ســکرتاریەت و هەمــوو لقــەکان و هەڵســەنگاندنی بــۆ دەکرێــت و بەرنامــەی کاری ئاینــدەی یەکێتــی دادەڕێژرێــت.

١٠- مەکتەبی سکرتاریەت لە کۆبوونەوەی لێژنەی ڕاپەڕاندن هەڵدەبژێردرێت.

١١- لە یەکەم کۆبوونەوەی مەکتەبی سکرتاریەت سکرتێر هەڵدەبژێردرێت.

١٢- سکرتێر لە کۆبوونەوەی مەکتەبی سکرتاریەت هەڵدەبژێردرێت و لە هەڵبژاردنەوەی دەستەی سکرتاریەت و لە هەر کۆبوونەوەیەکی لێژنەی ڕاپەڕاندن.

**٤-٤: مەکتەبی سکرتاریەت**

١- لە (٧) هەڤاڵ پێك دێت کە لە کۆبوونەوەی لێژنەی ڕاپەڕاندن هەڵدەبژێردرێن.

٢- مەکتەبــی ســکرتاریەت بڕیــار و ڕاســپاردەکانی لێژنــەی ڕاپەڕانــدن جێبەجــێ دەکــەن و بەرپرســیارن بەرامبــەر کۆبوونــەوەی لێژنــەی ڕاپەڕانــدن.

٣- کادیـر و ئەندامبەشـەکانی مەکتەبـی سـکرتاریەت لەلایـەن مەکتەبـی سـکرتاریەتەوە دەستنیشان دەکرێن.

٤- مەکتەبـی سـکرتاریەت مانگانـە کۆبوونـەوەی ئاسـایی خـۆی دەبەسـتێت و نائاسـاییش کۆدەبێتـەوە و لەکاتـی پێویسـتدا.

٥- مافـی لادانـی ئەندامانـی لێژنـەی لـق و دەسـتکاریکردنی لێژنـەی لقـی هەیـە ئەگـەر کەمتەرخەمییـان کـرد، یـان لـە ڕێبـازی گشـتی لایـان دا، یـان سـەرپێچییان کـرد لـە جێبەجێکردنـی بڕیارەکانـی مەکتەبـی سـکرتاریەت.

٦- ئەندامانـی مەکتەبـی سـکرتاریەت لـە کۆبوونـەوەی مەکتەبـی سـکرتاریەتدا بەسـەر بەشـەکان دابـەش دەکرێـن.

٧- مەکتەبی سکرتاریەت دەسەڵاتی هەموو سزاکانی بەندی (٢)ی بڕگەی (٥)ی هەیە.

٨- مەکتەبـی سـکرتاریەت دەسـەڵاتی دانانـی لێژنـەی کاتـی و هەمیشـەیی هەیـە لەنـاو بەشـەکانی مەکتەبـی سـکرتاریەتدا بەپێـی پێویسـت.

٩- مەکتەبی سکرتاریەت لەم هەڤاڵانە پێك دێت:

أ. سکرتێر

ب. لێپرسراوی بەشی ڕێکخستن

ت. لێپرسراوی بەشی کاروباری قوتابیان

ث. لێپرسراوی بەشی پەیوەندییەکان

ج. لێپرسراوی بەشی ڕاگەیاندن

ح. لێپرسراوی بەشی دارایی و بەڕێوەبردن

خ. لێپرسراوی بەشی چالاکی ڕۆشنبیری و هونەری

**پێکهاتەی بەشەکانی مەکتەبی سکرتاریەت:**

لە لێپرسراوی بەش و (ئەندامێك یاخود زیاتری لێژنەی ڕاپەڕاندن ئەگەر پێویستی کرد) پێك دێت، لێپرسراوی بەش لە کۆبوونەوەی مەکتەبی سکرتاریەت دیاری دەکرێت.

ئەندامانـی لێژنـەی ڕاپەڕانـدن لـە کۆبوونـەوەی لێژنـەی ڕاپەڕانـدن دیـاری دەکرێـن بـۆ بەشـەکان.

ئەركـــی بـــەش سەرپەرشـــتی كـــردن و بەڕێوەبردنـــی كارەكانـــە لەگـــەڵ چەنـــد (ئەنـــدام و كادیربـــەش) كـــە مەكتەبـــی ســـكرتاریەت بـــە گوێـــرەی لێهاتووییـــان بڕیـــاری لـــێ دەدات بـــۆ هاوكاریكـــردن.

**أ. بەشی ڕیكخستن:**

١- سەرپەرشـتی كار و چالاكییەكانـی ڕێكخسـتنی یەكێتـی دەكات لـە ڕێـگای ڕاپـۆرت و نـووسراوی مانگانـەی سـەرجەم لـق و لێژنـەی ناوچـەكان كـە ڕاسـتەوخۆ یاخـود وێنەیـان بـەرز دەكرێتـەوە بـۆ مەكتەبـی سـكرتاریەت، هەروەهـا لـە ڕێـگای سـەردانی مەیدانـی بـۆ هەمـوو لـق و لێژنـەی ناوچـەكان (بەهـاوكاری مەكتەبـی سـكرتاریەت و لێژنـەی ڕاپەڕانـدن) بـۆ بەدواداچـوون لـە بـاری ڕێكخسـتن و چۆنێتـی گەشـەكردن، هەروەهـا ناردنـی زانیـاری و بژانـدن بـۆ باشـتربوون و بەرەوپێشـچوونی كاری ڕێكخسـتن و زیادكردنـی ژمـارەی ئەندامـان و گۆشـكردنیان بـە بیروبـاوەڕی (دیموكراسـی و نیشـتمانی).

٢- ئامادەكردنـی ئامـار بـۆ سـەرجەم ئەندامـان (كـە لـە ڕێـگای ڕاپۆرتـی مانگانـەی لقـەكان دەگات) و بەراوردكردنـی لەگـەڵ مانگـی پێشـوو، دەستنیشـانكردنی لاوازییـەكان و هەوڵـدان بـۆ باشـتركردنی.

٣- مانگانـە كۆبوونـەوەی بـەش ببەسـترێت و ڕاپـۆرت بدرێتـە كۆبوونـەوەی مەكتەبـی سكرتاریەت.

٤- لەسـەرەتای سـاڵی خوێنـدن یاخـود زیاتـر لـە جارێـك لـەم سـاڵەدا كۆبوونـەوەی ڕیكخسـتن لـە گـەڵ كارگێرانـی ڕێكخسـتنی سـەرجەم لقـەكان سـاز بـدات بـۆ پێداچوونـەوە و لێكۆڵینـەوەی بـاری ڕێكخسـتنی یەكێتییەكەمـان.

**بەشی كاروباری قوتابیان:**

١- بایـەخ بـە هەمـوو ئـەو كارو كێشـە و گرفـت و ئاسـتەنگانە دەدات كـە دێنـە ڕێـگای قوتابیـان و پرۆسـەی خوێنـدن و هەوڵـی چارەسـەركردن وجێبەجێكردنـی دەدات بـە ڕێـگای گونجـاو، بـە بەرنامەڕێژكـردن و خسـتنە بەردەسـتی مەكتەبـی سـكرتاریەت بـۆ بڕیاردانـی پێویسـت و ناردنـی ڕینمایـی بـۆ لقـەكان.

٢- هەڵدەستێت بە ئەرکی گەیاندنی کێشە و داواکانی قوتابیان بەدامودەزگا پەیوەندیدارەکان.

٣- هەڵدەستێت بە ئاسانکاری و ڕێنوێنیکردنی لێژنەکانی نوێنەرایەتی هەڵبژێردراوی قوتابیان.

**بەشی پەیوەندییەکان:**

١- کاروباری پەیوەندییەکانی یەکێتی قوتابیانی کوردستان بەڕێوە دەبات لەگەڵ دامودەزگا و لایەن و شوێن و ڕێکخراوەکان، دەربڕی ڕاو هەڵوێست و بیروبۆچوونەکانی یەکێتی دەبێت، کە لەلایەن مەکتەبی سکرتاریەتەوە هێڵە گشتییەکانی دیاری دەکرێن.

٢- لە ڕێگای نووسراو و ڕاپۆرتەوە سەرپەرشتی کاری پەیوەندییەکانی لقەکان دەکات و ڕێنمایی پێویستیان پێ دەدات و سەرنج و تێبینی لەسەر چۆنێتی کارەکانیان دەردەبڕێت و بەگوێرەی پێویستیش زانیارییان بۆ دەنێرێت بۆ ئاگاداربوونی لقەکان لە هەڵوێستە جۆراوجۆرەکان.

٣- مانگانە کۆبوونەوەی بەش دەبەستێت و ئەو هەڵوێستانەی کە پێویست بن دەیخاتە بەردەم مەکتەبی سکرتاریەت بۆ بڕیارلێدانی.

٤- نەخشە و پلانی بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنەکانی ساڵانەی نوێنەرانی قوتابیان دادەڕێژێ لەگەڵ ڕێکخراوەکانی تری قوتابیان و لایەنە پەیوەندیدارەکان.

**بەشی ڕاگەیاندن:**

١- سەرپەرشتی کردنی ئۆرگانەکانی ناوەندی یەکێتی.

٢- سەرپەرشتی کاروباری ڕاگەیاندنی یەکێتی قوتابیانی کوردستان دەکات لە سەرجەم ئۆرگانەکاندا لە دەرکردنی بڵاوکراوە و نامیلکە و چاپکردنی پەرتوك و سەرپەرشتی کردنی بڵاوکردنەوەی چالاکییەکان لە دەزگاکانی بڵاوکردنەوە وەك (ڕۆژنامە، ڕادیۆ، تەلەڤیزیۆن) و گەیاندنی دەنگ و هەڵوێستەکانی یەکێتی بە جەماوەر.

٣- سەرپەرشتی کردنەوە و کاراکردنی لاپەرەی یەکێتی لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت.

٤- سەرپەرشــتی کردنــی ئەرشــیڤ و پەرتوکخانەکانــی یەکێتــی و دانانــی ڕێوشــوێنی پێویســت بــۆ دەوڵەمەندکردنیــان.

**بەشی دارایی و بەڕێوەبردن:**

**أ. دارایی**

دارایی یەکێتی پێك دێت لە:

أ. ئابوونەی ئەندامانی یەکێتی.

ب. ئەو یارمەتییانەی بۆ یەکێتی دەنێردرێت و ئەو پیتاکانەی کۆ دەکرێنەوە.

ت. داهاتی چالاکی و پرۆژەکان.

ث. داهاتی فرۆشتنی چاپەمەنییەکان.

## دارایی یەکێتی بەم شێوەیە بڕیاری خەرجکردنی لێ دەدرێت:

١- داهاتــی یەکێتــی قوتابیانــی کوردســتان لــە کۆبوونــەوەی لێژنــەی ڕاپەڕانــدن بۆ ســەرجەم کاروبارەکانــی مەکتەبــی ســکرتاریەت و لقــەکان و خەرجییــە جۆراوجــۆرەکان بڕیــاری لــێ دەدرێت.

٢- بودجــە لــە هەمــوو دەزگاکانــی (مەکتەبــی ســکرتاریەت، لــق، لێژنــەی ناوچــە) کۆبوونــەوەی ئــەو دەزگایــەی لەســەر دەکرێــت و بڕیــاری خەرجکردنــی لــێ دەدرێــت.

٣- کۆبوونــەوەی لێژنــەی ڕاپەڕانــدن چاودێــری خەرجیــی مەکتەبــی ســکرتاریەت دەکات و مەکتەبــی ســکرتاریەتیش چاودێــری خەرجیــی لقــەکان دەکــەن و بــە هەمــان شــێوەش لقــەکان چاودێــری خەرجیــی لێژنــەی ناوچــەکان دەکــەن.

٤- دەرماڵــەی هەڤــاڵان بــە شــێوەیەکی جێگیــر دابــەش دەکرێــت بــەو شــێوەیەی کــە مەکتەبــی ســکرتاریەت بڕیــاری لــێ داوە و مەکتەبــی ســکرتاریەت بــۆی هەیــە بــە گوێــرەی پێویســتی دامــودەزگاکان دەســتکاری بــکات بــە مەرجێك کار لــە دابەشــکردنی بودجــە نــەکات.

٥- لــە کاتــی ســەرپێچیکردن لــە خەرجکردنــی داهــات یــان بــە نابەجــێ خەرجکــردن، دەزگاکانــی ســەروو بۆیــان هەیــە بــە گوێــرەی بەنــدی (٢) بڕگــەی (٥) ســزا بــدەن.

٦- داهاتــی یەکێتــی لەســەرجەم ئۆرگانەکانــدا لــە هــەر ســەرچاوەیەکەوە بێــت دەبــێ دەزگای ســەرووی لــێ ئـاگادار بکرێتـەوە و لـە لیسـتی داهـات تۆمـار بکرێـت.

٧- دارایی یەکێتی بەم شێوەیە خەرج دەکرێت:

٨- میزانیە و دەرماڵەی بڕیارلێدراو.

٩- ڕاگەیاندنــی ناوەنــدی لــە دەرکردنــی ئــۆرگان و بەرنامــەی ڕادیۆیــی و تەلەڤیزیــۆن و بڵاوکراوەکانــی تــر.

١٠- خەرجییە پێویستەکانی بارەگاکان.

١١- هاوکاری ئەندامان لە کاتی پێویستدا کەلە لایەن لقەکانەوە تەزکییە دەکرێن.

١٢- بــۆ هاتوچــۆی نوێنەرانــی یەکێتــی کــە بــە ئیشــوکاری تایبــەت بــە یەکێتــی هاتوچــۆ دەکــەن.

١٣- ئەنجامدانی چالاکی هەمەجۆر.

**ب- بەڕێوەبردن:**

أ. بەرپرسیارە بەرامبەر بە سەرژمێریکردن و چاودێریکردنی کەلوپەلەکانی یەکێتی.

ب. ڕێکخستنی کاتی دەوامکردن لە بارەگاکان و پێداویستییەکانی ئیشوکاری ڕۆژانە.

ت. دانان و سەرپەرشتیکردنی پرۆژە بەرهەمهێنەرەکانی یەکێتی.

**ث. بەشی چالاکی ڕۆشنبیری و هونەری:**

١- ئەرکــی نەخشــەدانان و خەملانــدن و جێبەجێکــردن و سەرپەرشــتیکردنی چالاکییــە هەمەجۆرەکانــە کــە لەلایــەن مەکتەبــی ســکرتاریەتەوە بڕیــاری لــێ دەدرێـت، یاخـود بـە بەرنامـە بـۆی بـەرز دەکرێتـەوە لـە دەزگاکانـی خـوارەوەدا بـە مەبەســتی ئەنجامدانــی.

٢- لــە کاتــی ئەنجامدانــی چالاکییەکانــدا ڕاســتەوخۆ سەرپەرشــتی بەڕێوەچوونــی دەکات و بەرپرســیارە بەرامبــەر ئەنجامەکــەی.

٣- لــە ڕێــگای بڵاوکــراوە و بڵاوکــراوە و بژانــدن وناملکــە و بەرنامــەی جۆراوجــۆر بابەتــی

ڕۆشـــنبیری بـــڵاو بکاتـــەوە.

٤- لـە ڕێـگای نـووسراو و ڕاپۆرتـی تایبەتییـەوە سەرپەرشـتی کاری ڕۆشـنبیری دەکات لـە سـەرجەم لقـەکان.

٥- خـول و سـیمیناری ڕۆشـنبیری سـاز دەکات بـۆ بەرزکردنـەوەی ئاسـتی ڕۆشـنبیری ئەندامــان.

## بەلاغی کۆتایی کۆنگرەی دەیەمی یەکێتی قوتابیانی کوردستان

یەکێتی قوتابیانی کوردستان لە ڕۆژانی ٢٨ـ٢٠٠١/٧/٣١ لە هۆڵی ڕۆشنبیری پایتەختی هەرێم و لە ژێر چاودێری و ئامادەبوونی سەرۆك بارزانی و سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان و سەرۆکی حکومەتی هەرێم و سکرتێری مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان، کۆنگرەی دەیەمی خۆی لەژێر دروشمی «زانست، ئاشتی، نوێکردنەوە« ساز دا.

کۆنگرە، پاش ئامادەسازیەکی تەواو و ئەنجامدانی کۆنفرانسە ناوخۆییەکانی لە مانگی نیسانی ئەمساڵدا دەستی بە کارەکانی کرد. کە ئەندامەکانی بریتی بوون لە نوێنەرانی هەڵبژێردراوی سەرجەم قوتابیان لە شاروشارۆچکەکان و گشت ناوەندەکانی خوێندن. هەر لە ناوەندییەکانەوە تا دەگاتە کۆلێژ و خوێندنی باڵا. لەو ڕوانگەوەی یەکێتی قوتابیانی کوردستان بڕوای تەواوی بە دیموکراسیەت و هەڵبژاردن هەیە، بۆیە نوێنەرەکان گوزارشتیان لە ڕای جەماوەری قوتابیان و مافەکانیان دەکرد و بەوپەڕی هەستکردن بە لێپرسراوێتی و دڵسۆزییەوە مامەڵەیان لەگەڵ کۆنگرە و ئەرکەکانی سەرشانیان دەکرد. یەکێتییەکەمان ئەو شانازییەی پێ براوە کە دەوڵەمەندترین ڕێکخراوی قوتابیانە لە ڕووی سازدانی کۆنگرە و هەر لە دامەزراندنیەوە لە (١٨ی شوباتی ١٩٥٣) بە کۆنگرە هاتە مەیدان و لە پێودانگی گرنگیدان و بایەخی گەورەی سازدانی کۆنگرە لە هیچ قۆناغێکدا کۆنگرەی فەراموش نەکردووە بگرە کۆنگرەی بە گەورەترین دەسەڵات دیاری کردووە لە پەیڕەوی ناوخۆیدا و هەمیشە کردوویەتی بە فاکتەری نوێکردنەوەی ڕیزەکانی و خۆسازدان لەگەڵ هەلومەرجی کوردستان و پێشهاتە جیهانییەکاندا.

کۆنگرەی دەیەمی یەکێتییەکەشمان یەکێکە لەو کۆنگرە مێژووییانەی کە بە شێوەیەکی ڕێکوپێك و دیموکراسییانە و بە گفتوگۆی تێروتەسەل و واقیعبینانە کارەکانی بەڕێوەچوو کە بەگشتی گوزارشتی لە پێویستی و داخوازییە نوێیەکانی قوتابیان دەکرد لە ڕووی دەستەبەرکردنی مافە ئەکادیمی و پیشەییەکانیان. هەروەها کۆنگرە گۆڕانی پێویستی ئەنجام دا لە پڕۆگرام و پەیڕەوی ناوخۆی یەکێتییەکەماندا و گونجاوییەکی تەواوی بەرجەستە کرد

کـە لەگـەڵ سـەردەم و ئاینـدەی بارودۆخـی کوردسـتان و تەوژمـی نوێـی جیهانیـدا یەکانگیـر بێـت و، پرۆڤـەی کاری ڕێکخراوەیـی بـە شـێوازێکی نـوێ پراکتیـزە بـکات کـە لەسـەر ڕەگەزەکانـی مەدەنیـەت بنیـات نرابێـت. واتـە لـە بەرئەنجامـی کۆنگـرەی دەیـەم یەکێتییەکەمـان خـۆی ئامـادە دەکات بـۆ ڕاهێنانـی ئەندامەکانـی و جەمـاوەری قوتابیـان بـە پەیڕەوکردنـی بنەماکانـی مەدەنیـەت و پراکتیزەکردنـی کاری ڕاسـتەقینەی ڕێکخراوەیـی لـە نێـو کۆمەڵـگای کوردیـدا. هـەر بۆیـە کۆنگـرە لەسـەر ئاسـتی گشـتیدا کۆمەڵێـك بڕیـار و ڕاسـپاردەی گرنگـی پەسـەند کـرد لەوانـە:

١- حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتان لـە وەرگرتنـی هـەر بڕیارێکـی گرنگـدا ڕای جەمـاوەر وەربگرێـت و هـەوڵ بـدرێ ڕای گشـتی لەنێـو کۆمەڵـگای کوردیـدا دروسـت بکرێـت.

٢- داواکـردن لـە حکومەتـی هەرێـم کـە بـە شـێوەیەکی ڕاسـتەوخۆ ئـاگای لـە سـکاڵا و گیروگرفتـی هاوڵاتیـان بێـت و چارەسـەری خێرایـان بـکات.

٣- هـاوکاری و پشـتیوانی سـەرجەم سـەندیکا و ڕێکخـراوە پیشـەیی و جەماوەرییـەکان بکرێـت.

٤- پشـتگیری دادپـەروەری و هەوڵەکانـی چاکسـازی دەکەیـن بـۆ نەهێشـتنی کەموکـوڕی و نالەبـاری کارگێـڕی و دارایـی لـە دامودەزگاکانـی حکومەتـی هەرێمـدا.

**ئەمانــە و چەندیــن خاڵــی تــر لەســەر ئاســتی قوتابیــان و داخوازییەکانیــان پەســەند کــران لەوانــە:**

١- هـەوڵ بـدرێ مەڵەبەندێکـی ڕۆشـنبیری قوتابیـان دروسـت بکرێـت کـە پەرتوکخانـە و کۆمپیوتـەر تـۆڕی ئەنتەرنێـت لەخـۆ بگرێـت.

٢- کۆمەڵگایەکـی نـوێ لەسـەر بنەمایەکـی شارسـتانی بـۆ زانکـۆی سـەڵاحەددین بنیـاد بـنرێ کـە بەشـی ناوخۆیـی پێویسـتی تیـدا بێـت.

٣- هــەوڵ بــدرێ بەشـێوەی و کۆلێـژی نـوێ لـە زانکـۆ و پەیمانگاکانـی کوردسـتان بکرێتـەوە.

٤- قوتابیانـی کوردسـتان بـۆ خوێنـدن بنێردرێتـە دەرەوە و هەروەهـا زەمالـە بـۆ قوتابیانـی پارچەکانـی تـری کوردسـتان ببەخشرێـت لـە زانکۆکانـی کوردسـتان.

٥- پشــتگیری هەوڵەکانــی وەزارەتــی پــەروەردە بــۆ نەهێشــتنی نەخوێنــدەواری و بنبڕکردنــی دیــاردەی لێــدان لــە قوتابخانەکانــدا.

٦- داواکــردن لــە حکومەتــی هەرێــم بــۆ دابینکردنــی پەرتوکــی نــوێ بــۆ زانکــۆکان و گرنگیــدان بــە پەرتوکخانــە گشــتییەکان.

٧- گرنگــی بــە کۆنفرانســی زانســتی بدرێــت بــۆ پێشخســتنی ئاســتی زانســتی و پــەروەردە و فێرکــردن لــە کوردســتاندا.

ئــەوە وێــڕای چەندیــن بڕیــار و ڕاســپاردەی تــری گرنــگ لەســەر هەمــوو ئاســتەکانیدا و بەرەچاوکردنــی خزمەتــی زیاتــری توێــژی قوتابیــان و خوێنــدن و زانســت لــە کوردســتاندا کــە هەمــووی بــە گفتوگــۆ دەنگدانــی ئاشــکرا پەســەند کــراون. کۆنگــرە کۆتایــی کارەکانــی بــە هەڵبژاردنــی ســەرکردایەتی نــوێ دەســت پــێ کــرد و لــە پرۆســەیەکی دیموکراســی کەموێنــەدا بــە چاودێــری دادوەر و نوێنــەری حکومەتــی هەرێــم، (٢١) هەڤاڵــی بــۆ ئەندامــی لێژنــەی ڕاپەڕانــدن و (٥) هەڤاڵــی بــۆ ئەندامــی یەدەگــی لێژنــەی ڕاپەڕانــدن هەڵبــژارد کــە زیاتــر لــە ٧٥٪ بریتــی بــوون لــە کــەوادری نــوێ و پێشــکەوتووی یەکێتییەکەمــان و لــە تــەواوی ناوچەکانــی کوردســتان ڕێــژەی پێویســت دەرچــوون بــۆ ســەرکردایەتی ئاینــدەی یەکێتــی قوتابیانــی کوردســتان.

کۆنگــرە لــە کۆتاییــدا ســڵاوی نــارد بــۆ گیانــی پاکــی شــەهیدانی بزاڤــی ڕزگاریخــوازی کوردســتان و ســەرقافلەی شــەهیدان بارزانیــی نەمــر و کاک ئیدریســی جوانەمــەرگ.

**لێژنەی ڕاپەڕاندنی**

**یەکێتی قوتابیانی کوردستان**

**هەولێر کوردستان/ عێراق**

**٢٠٠١/٧/٣١**

## كۆنگرەی یازدەیەمی یەكێتی قوتابیانی كوردستان
## دهۆك - ٢٠٠٤

ساڵی ٢٠٠٣، عێراق وەرچەرخانێكی گەورەی سیاسی بەخۆیەوە بینی، دوای هێرشی وڵاتانی هاوپەیمان، سیستەمی دیكتاتۆری لە عێراق ڕووخا و دەسەڵاتی دیموكراسی فیدراڵی شوێنی گرتەوە كە چەندین دەیەبوو گەلانی عێراق خەباتیان لەپێناویدا دەكرد. هەرێمی كوردستان و گەلی كورد بەتایبەتی، ڕۆڵێكی گەورەیان لەم گۆڕانكارییەی عێراقدا بینی و مافی ڕەوای خۆشیانبوو، سوودمەندی یەكەم بن، لەم گۆڕانكارییانە، بەوەی تەواوی مافە نەتەوەییەكانیان لە دەستووری نوێی عێراقدا بچەسپێندرێت، بە هەوڵی بێ وچانی سەركردایەتی سیاسی كورد و پارتی دیموكراتی كوردستان، بەشێكی بەرچاوی مافە دەستوورییەكانی گەلی كورد لە دەستووری نوێی عێراقدا چەسپێندارن و هەرێمی كوردستان لە هەرێمێكی داخراوی گەمارۆدراو، بەرەو هەرێمێكی فیدڕاڵی دیموكراسی كراوە بەڕووی جیهاندا هەنگاوینا و دواتریش بوو بە پەناگەیەكی ئارامی تەواوی دیموكراتخوازانی نەك تەنیا عێراق، بەڵكو تەواوی ناوچەكە.

گۆڕانكارییە خێراكانی دوای ئازادی عێراق، تەواوی حزب و ڕێكخراوە سیاسی و جەماوەرییەكانی هاندا، ئەوانیش بەرگێكی نوێ بەبەرخۆیاندا بكەنەوە و بەخێرایی گۆڕانكارییەكان هەنگاو بنێن، لەنێویشیاندا پارتی دیموكراتی كوردستان و ڕێكخراوە جەماوەرییەكانی. یەكێتی قوتابیانی كوردستان ڕاستەوخۆ دوای ئازادی عێراق، واتە دوای بەهاری ساڵی ٢٠٠٣، بە خێرایی بنكە و بارەگاكانی لە زۆربەی شارەكانی عێراق، بەتایبەت لە بەغدا و ناوچەكانی سنووری ماددەی ١٤٠، كردەوە و خۆی بۆ بەستنی كۆنگرەی نوێی ئامادەكرد. دوای كۆبوونەوەی لێژنەی ڕاپەڕاندنی یەكێتی قوتابیانی كوردستان، بڕیاردرا، هەرچی زووە كۆنگرەی یازدەیەمینی ڕێكخراوەكە ئەنجام بدرێت و بۆ ئەم مەبەستەش لێژنەی ئامادەكاری كۆنگرە پێكهێنرا، دوای تەواوی ئامادەكارییەكان و سەركەوتنی ئەندامانی كۆنگرە، بڕیاردرا كۆنگرە بۆ یەكەمجار لە شاری دهۆک ببەسترێت[١].

كۆنگرە، لە ڕۆژانی نێوان ٣٠ تەمووز تا ٤ی ئابی ٢٠٠٤، لە هۆڵی كۆلێژی كشتوكاڵی زانكۆی دهۆك، بە ئامادەبوونی ٣٨٦ نوێنەر لە گشت ڕێكخستنەكان،

بـە دروشـمی (زانسـت، ئـازادی، پەرەپێـدان) دەسـتی بـە کارەکانـی کـرد[2]. کۆنگرەکـە، بـە ئامادەبوونـی عەلـی شـنگالی نوێنـەری سـەرۆك بارزانـی، ڕێبـوار یەڵـدا بەرپرسـی مەکتەبـی ناوەندیـی ڕێکخـراوە پیشـەییەکانی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان دەسـتی بـە کارەکانی کـرد و بـۆ یەکەمیـن جاریـش نوێنەرانـی بەغـدا و خانەقیـن ئامـادەی کۆنگـرە بـوون[3].

لـە ڕۆژی یەکەمـی بەڕێوەچـوونی کۆنگـرە، چەنـد لێژنەیـەک پێکهێـنرا و دواتـر بـە دەنگـدان سـتافی نوێـی لێژنـەی ڕاپەڕانـدن هەڵبژێـردران کـە پێکهاتبـوون لـە:

١- سەرهەنگ زاهیر

٢- هۆشمەند ڕەفعەت

٣- سدقی مەحمود

٤- زێرەڤان حسێن

٥- دڵشاد شەعبان

٦- ئەنەس ئەیووب

٧- معاز عەبدوڵا

٨- مشیر محەمەد

٩- کارزان سەدرەدین

١٠- عیماد عەلی

١١- ڕەهێل حەسەن سەبری

١٢- هێمن باجەلان

١٣- جەعفەر

١٤- تاهیر محەمەد ئەحمەد

١٥- سروە ساڵح مستەفا

١٦- کاوە ڕەسول محەمەد[٤].

دوای هەڵبـژاردنی ئەندامـانی لێژنـەی ڕاپەڕانـدن، ئامادەکـردن و پەسـەندکردنی ڕاپـۆرتی لێژنـەکان، لـە ڕێکـەوتی ١ی ئـاب هەڵبـژاردن بـۆ دەستنیشـانکردنی سـکرتێر و ئەندامـانی سـکرتاریەت دەسـتی پێکـرد و لـە ئەنجامـدا سـکرتاریەتی نـوێ بـەم شـێوەیە هەڵبژێـردرا:

١- بەرەڤان حەمدی- سکرتێر

٢- لاوەند عوسمان- ئەندامی مەکتەبی سکرتاریەت

٣- کوردۆ ئیحسان- ئەندامی مەکتەبی سکرتاریەت

٤- ئاریان سەڵاحەدین ئەسعەد- ئەندامی مەکتەبی سکرتاریەت

٥- ڕێناس جانۆ محەمەد- ئەندامی مەکتەبی سکرتاریەت

٦- ناڤسەر نوری- ئەندامی مەکتەبی سکرتاریەت

٧- فەخرەدین مەهدی جەرجیس- ئەندامی مەکتەبی سکرتاریەت

٨- شێروان حیتۆ- ئەندامی مەکتەبی سکرتاریەت

٩- ئاوات کارۆخ- ئەندامی مەکتەبی سکرتاریەت

١٠- هێمن ڕەشید زەیدان- ناسراو بە هێمن باجەڵان، ئەندامی مەکتەبی سکرتاریەت

١١- مەردان خدر- ئەندامی مەکتەبی سکرتاریەت

١٢- خەمڵان محەمەد ساڵح- ئەندامی مەکتەبی سکرتاریەت

١٣- سـەنگەر کانەبـی حەمەسـاڵح- نـاسراو بـە سـەنگەر کانەبـی گـەورە، ئەندامـی مەکتەبـی سـکرتاریەت

١٤- یاسین ساڵح- ئەندامی یەدەگی مەکتەبی سکرتاریەت[٥].

پەیکـەری یەکێتـی قوتابیانـی کوردسـتان، لـەم کۆنگرەیـەدا لـە ١٦ لـق پێـك دەهـات کـە بریتـی بـوون لـە لقـەکانی: هەولێـر. زانکـۆی سـەڵاحەدین. زانکـۆی سـۆران. زانکـۆی دهـۆك. موسـڵ، لقـی ئاکـرێ، زاخـۆ، زانکـۆی کەرکـووک، گەرمیـان، سـلێمانی، زانکـۆی سـلێمانی، هەڵەبجـە، ڕاپەڕیـن، سـۆران، کەرکـووک و لقـی بەغـدا[٦].

## سەرچاوە و پەراوێز

١- عرفان عەزیز عەزیز، کۆنگرە و کۆنفرانسەکانی یەکێتی قوتابیانی کوردستان، چاپی یەکەم، (هەولێر - چاپخانەی ڕۆژهەڵات-٢٠١٢)، ل ١٧٤.

٢- ڕاگەیەنراوی کۆتایی کۆنگرەی یانزەهەمین (ی.ق.ك)، ڕۆژنامەی روانین، یەکێتی قوتابیانی کوردستان، ژمارە ١١، هەولێر، ١١ی تشرینی یەکەمی ٢٠٠٤ز، ل ٢.

٣- مووسا ئەحمەد، بە بەشداری ٣٧٠ نوێنەر ئەمڕۆ کۆنگرەی یازدەی یەکێتی قوتابیانی کوردستان دەست پێدەکات، ڕۆژنامەی خەبات، ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستان، ژمارە ١٥١٧، هەولێر، دووشەمە، ٢ی ئابی ٢٠٠٤ز، ل ٣.

٤- عرفان عەزیز عەزیز، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٧٦.

٥- سیروان عثمان، مێژوویێکی پرشنگدار و کاروانێکی نەپساوە، (هەولێر- چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری- ٢٠١٤)، ل ٥٠.

٦- عرفان عەزیز عەزیز، سەرچاوەی پێشوو، ل ل ١٧٦،١٧٨.

# كارنامە و پەیڕەوی ناوخۆ پەسەندكراوی كۆنگرەی یازدەمی یەكێتی قوتابیانی كوردستان

**لەژێر دروشمی**

**زانست - ئازادی - پەرەپێدان**

**كارنامە**

**پێشەكی:**

یەكێتی قوتابیانی كوردستان لە ١٨ی شوباتی ١٩٥٣ وەك ڕێكخراوێكی پیشەیی و دیموكراتی نیشتمانپەروەر و ئازادیخواز بۆ داكۆكی لە مافەكانی قوتابیان لەسەر دەستی كۆمەڵێك قوتابی كورد لە شاری بەغدا و لەبەر ڕۆشنایی مۆركە سیاسییەكانی ڕێبەرایەتی بزووتنەوەی ئازایخوازی كورد بە ڕێنمایی بارزانیی نەمر لە دایك بووە. ئەم یەكێتییە لە ماوەی نیو سەدەی بەردەوامی و تێكۆشان بەشداری كارای لە شۆڕشەكانی ئەیلوول و گوڵان و ڕاپەڕینەكان هەبووە و لەم پێناوەشدا سەدان شەهیدی كردۆتە قوربانی كاروانی ئازادی، بەشداری چەندین فێستیڤاڵ و كۆنگرەی جیهانی كردووە و تیایدا بوێرانە دۆزی كورد و كێشە ڕەواكەی پیشانی جیهان داوە. یەكێتی قوتابیانی كوردستان، توانی داكۆكی لە خەسڵەت و تایبەتمەندی قوتابیانی كوردستان بكات و لە هەموو قۆناغەكاندا خزمەتی گەورەی پێشكەش بە بواری زانست و خوێندن و وتی پەروەردە كردووە، ئەمە وێرای خەباتی نەتەوەیی و گڕوتینی ئەندامانی ئەم ڕێكخراوە بۆ ڕزگاری كوردستان. لە ماوەی خەباتی ٥٢ ساڵەی یەكێتی قوتابیانی كوردستان یازدە كۆنگرەی بەستووە، ئەمە جگە لە سازدانی چەندین كۆنفرانس و ماوەیەكی درێژیش شانبەشانی (ی.ل.د.ك) درێژەی بە تێكۆشانی خۆی داوە.

ئەمەی بەردەستیشتان كارنامە و ئامانجی پەسەندكراوی كۆنگرەی یازدەی یەكێتی قوتابیانی كوردستانە. بەو هیوایەی یەكەیەكەی بڕگەكانی بكەونە مەیدانی پراكتیكی و بۆ خزمەتی قوتابیان و زانست و پێشكەوتنی كوردستان بخرێتە گەڕ.

**پێناسەی یەکێتی:**

یەکێتــی قوتابیانــی کوردســتان، ڕێکخراوێکــی پیشــەیی، نیشــتمانی، دیموکراســی قوتابیانــە، لــە پێنــاو پاراســتن و داکۆکیکــردن لــە مــاف و خواســتەکانی قوتابیــان و پەرەپێدانــی وتــی زانســت تــێ دەکۆشــێت.

هەروەهــا پشــتگیری دۆزی وای گەلــی کوردســتان بــە پێویســت دەزانــێ و کار دەکات لــە پێنــاو چەســپاندنی بنەماکانــی دیموکراتیــەت و ئاشــتی و مافــی مــرۆڤ بــۆ بونیاتنانــی کۆمەڵگایەکــی پێشــکەوتنخوازی مەدەنــی لــە کوردســتان و عێراقــدا.

**هێڵە گشتییەکانی یەکێتی قوتابیانی کوردستان:**

١- دەستنیشانکردنی پلەکان بەپێی هەڵبژاردنی دیموکراسییانە دەبێت.

٢- یەکێتــی قوتابیانــی کوردســتان ڕێکخراوێکــی ئارەزوومەنــد دەبێــت و پابەندبوونــی ئەندامانــی لەســەر بنەمــای باوەڕپێبــوون دەبێــت.

٣- ئەندامانــی خــۆی لەســەر بنەماکانــی دیموکراســی گــۆش دەکات و کاروبارەکانــی خــۆی بەڕێــوە دەبــات.

٤- ئەندامانی بەبێ ڕەچاوکردنی جیاوازی هەمان ماف و ئەرکیان دەکەوێتە ئەستۆ.

٥- ئەندامانی لەسەر لێبوردەیی و ڕێزگرتن و خۆشەویستی پەروەردە دەکات.

٦- بیــری نیشــتمانی و هەســتکردن بــە لێپرسراوێتــی نەتەوەیــی پرەنســیپێك دەبێــت بــۆ ئەندامانــی یەکێتــی قوتابیانــی کوردســتان.

٧- دەســتەبەرکردنی مــاف و داخوازییەکانــی قوتابیــان بــە ئەرکــی خــۆی دەزانێــت بەبــێ ڕەچاوکردنــی جیــاوازی بیــروڕا و کاری ڕێکخراوەیــی بــە ئەرکــی ســەرەکی دادەنێــت.

٨- داکۆکــی لــە مــاف و هەڵوێســتەکانی قوتابیــان دەکەیــن و هەوڵــی ڕێزگرتنــی دوو لایەنــە دەدەیــن لەگــەڵ مامۆســتایان.

٩- بەپێــی بنەماکانــی دیموکراســی کەمینــە پابەنــدی زۆرینــە دەبێــت لــە بڕیاروەرگرتــن و دەبێــت ڕێــزی کەمینــە بگیرێــت.

١٠- لەســەر بنەمــای لێکۆڵینــەوەی زانســتی بڕیــار لەســەر گرفتەکانــی قوتابیــان

وەردەگیرێت و هەوڵی چارەسەرکردنیان دەدات لە ڕێگای خۆی و دەزگا پەیوەندیدارەکان.

١١- بڕوای بە ئازادی ڕادەربڕین و شێوازی گوزارشتکردن لێی لە کۆبوونەو و خۆپێشاندان و ڕێپێوان لە ناوەندەکانی خوێندن و دەرەوەیدا هەیە.

١٢- ڕێز لە ئافرەت و مافەکانی دەگرێت و پشتگیری لە هەر هەوڵێك بە ئاراستەی زیادکردنی مافی ئافرەت و بەشداریکردنیان دەکات.

١٣- بڕوای بە دیالۆگ و ڕاگۆڕینەوە هەیە بۆ چارەسەرکردنی کێشە و گرفتەکان.

**لەسەر ئاستی قوتابیان:**

١- گرنگیدان بە دامەزراندنی سەنتەر و مەڵبەندی ڕۆشنبیری و هونەری تایبەت بە قوتابیان و دەستەبەرکردنی باشترین هۆکارەکانی پێشخستنی بەهرە و تواناکانیان.

٢- هەوڵدان بۆ دروستکردنی پەیوەندییەکی تەندروست لە نێوان مامۆستایان و قوتابیاندا.

٣- کارکردن لەسەر بواری وەرگێڕان و کردنەوەی سەنتەری وەرگێڕان بۆ پڕۆگرامەکانی خوێندن و سەرچاوە زانستییەکان.

٤- گرنگیدان بە خوێندنی کوردی لە ناوچە تازە ڕزگارکراوەکانی کوردستان و کردنەوەی خولی تایبەت بۆ فێربوونی زمانی کوردی.

٥- پشتگیری خوێندنی تەوزیمی(الزامی) دەکەین لە قۆناغی سەرەتایی، بەشێوەیەك کە هەموو ناوچەکانی کوردستان بگرێتەوە، هەروەها بایەخی تەواو بدرێت بە خولی نەهێشتنی نەخوێندەواری.

٦- بایەخدان بەڕەوانە پراکتیکی و تاقیگە زانستییەکان لە ناوەندەکانی خوێندندا.

٧- هەوڵدان بۆ دروستکردنی کۆمەڵگای بەشی ناوخۆیی بە شێوەیەکی سەردەمییانە کە هەموو پێداویستییەکانی خوێندن و پشووی قوتابیانی تێدا بێت.

٨- هاوکاریکردنی قوتابیانی کەمدەرامەت و پێدانی پێشینەی مادی بۆ تەواوکردنی خوێندن.

٩- وانەکان لە هەموو قۆناغەکانی خوێندن بە زمانی کوردی بێت لە کوردستان و ڕەوانەی زمانی کوردی لە ڕیزی ڕەوانە بنەڕەتییەکان بێت لە عێراق و ڕێزگرتنی

نەتەوەکانــی تــر کــە خوێندنیــان بــە زمانــی زگماکــی خۆیــان بێــت.

١٠- تێروتەســەلکردنی پرۆگرامەکانــی خوێنــدن بــە گیانــی کوردایەتــی و داب و ســەنایەتی نەتەوەکەمــان و مێــژوو و جوگرافیــای کوردســتان کــە لەگــەڵ بەرەوپێشــچوونی زانســت و شارســتانێتی مــرۆڤ بگونجێــت.

١١- پەرەپێدانــی زانکۆکانــی کوردســتان و هەوڵــدان بــۆ کردنــەوەی ئامــۆژگا و کۆلێــژی تــر و بەشــەکانیان بەپێــی پێویســتی و خواســتی بەرزکردنــەوەی ئاســتی زانســت.

١٢- پاراستنی پیرۆزی و سەربەخۆیی ناوەندەکانی پەروەردە و فێرکردن.

١٣- نابێــت قوتابیــان لــە هەرێمــی کوردســتان بێبــەش بکرێــن لــە خوێنــدن لەســەر بیروبــاوەڕی رامیــاری.

١٤- پێویســتە پرۆگرامەکانــی خوێنــدن لە زانکۆکانی کوردســتان لەگەڵ ئاســت و پێشــکەوتنی زانســت و پرۆگرامەکانــی تــازەی خوێندنــی زانکۆکانــی جیهــان بگونجێندرێــت و بــۆ ئــەم مەبەســتە کۆنگــرەی زانســتی ببەســترێت.

١٥- گرنگیدان بە خوێندنی کۆمپیوتەر و ئینتەرنێت لە سەرجەم قۆناغەکانی خوێندندا.

١٦- قوتابیانـــی ئامادەییـــە پیشـــەییەکان لـــە زانکـــۆ و پەیمانـــگا باڵاکانـــدا بەپێـــی پســـپۆرییان وەربگیرێـــن.

١٧- دانانـــی پلانـــی نوێـــی پەروەردەیـــی و داڕشـــتنی پرۆگرامەکانـــی پـــەروەردە بـــە شـــێوەیەکی ســـەردەمییانە.

١٨- دابینکردنــی کار و دامەزراندنــی دەرچووانــی زانکــۆ و پەیمانــگاکان و ئامادەییــە پیشــەییەکان لەگــەڵ ســوودوەرگرتن لــە توانــا و پســپۆرییە زانســتییەکان.

١٩- هەوڵدان بۆ فێرکردن و بەکارهێنانی پیتی لاتینی لە قوتابخانەکاندا.

٢٠- بایەخــدان بــە قوتابخانــە پیشــەییەکان و پەیمانــگاکان و هاندانــی قوتابیــان بــۆ ئــەوەی بچنــە ئــەو قوتابخانــە و پەیمانگایانــە و کادری ناوەنجییــان لــێ پەیــدا بێــت و بەشــداری لــە ئاوەدانکردنــەوەی کوردســتاندا بکــەن.

٢١- ناردنی قوتابیانی کوردستان بۆ تەواوکردنی خوێندن لە دەرەوەی وڵات.

٢٢- بایەخـدان بـە ئەنجومەنـی بـاوکان و دایـکان و مامۆسـتایان و قوتابیـان بـۆ بەشـداریکردن لـە بەرەوپێشـبردنی پـەروەردە و فێرکـردن، و هەروەهـا دانانـی لێکۆڵـەری کۆمەڵایەتـی و دەروونـی لـە سـەرجەم ناوەندەکانـی خوێندنـدا.

٢٣- یارمەتیدانـی ئـەو قوتابییانـەی کـە ڕۆڵـەی شـەهید و پێشـمەرگەی پەککەوتـەن و پاشـماوەی کیمیابـاران و ئەنفالکراوەکانـی دیکـەن.

٢٤- هاندانی قوتابیانی داهێنەر و بەتوانا و دابینکردنی پێداویستییەکان بۆیان.

٢٥- ڕێکخسـتنی ئـۆردوگای هاوینـە بـۆ پێگەیاندنـی قوتابیـان و پەروەردەکـردن و جۆشـدانیان بـە بیروبـاوەڕی نیشـتمانپەروەری و دیموکراسـی.

٢٦- بایەخدان بە پەرتوکخانەکان و دەوڵەمەندکردنیان بە پەرتوکی هەمەجۆر و ڕاهێنانی قوتابیان لەسەر خوێندنەوە و هاندانی قوتابیان بە دانانی پەرتوکخانە لە ماڵەکانیاندا.

٢٧- بایەخـدان بـە تەندروسـتی قوتابیـان لـە قوتابخانـەکان و دەسـتەبەرکردنی چارەسـەرییان و ڕەچاوکردنـی مەرجـە تەندروسـتییەکان لـە ناوەندەکانـی خوێنـدن.

٢٨- بایەخـدان بـە وانەکانـی نیگارکێشـان و وەرزش و سروود بـۆ پەروەردە و نەشـونماکردنی ئـارەزوو و بەرهەمەکانـی قوتابیـان.

٢٩- دژی هەمـوو کۆتوبەندێکـی کۆمەڵایەتـی دواکەوتوویـن کـە لەسـەر قوتابیانـی کـچ دادەنـرێ بـۆ ڕێگەگرتـن لـە خوێندنیـان.

٣٠- گرنگیـدان بـە قوتابخانـە نمونەییـەکان و هەوڵـدان بـۆ فراوانکردنیـان کـە هەمـوو قوتابخانەکانـی کوردسـتان بگرێتـەوە.

٣١- هەوڵـدان بـۆ گەڕانـەوەی ئـەو قوتابییـە نەوجەوانانـەی کـە تووشـی لادەری و تـاوان دەبـن بـۆ نـاو خێـزان و کۆمەڵگـە لـە ڕێگـەی چاکسـازی کۆمەڵایەتییـەوە.

٣٢- هاندانی قوتابیان بۆ سازدان و پێشکەشکردنی توێژینەوە و ڕێکخستنی کۆڕ و سیمیناری زانستی و ئەدەبی و ڕۆشنبیری لە ناوەوە و دەرەوەی مەڵبەندەکانی خوێندن.

٣٣- هەوڵـدان بـۆ گەڕاندنـەوەی کادیـرە زانسـتی و خاوەنبڕوانامـە بـەرزەکان لـە دەرەوەی وڵات بـۆ سـوودوەرگرتن لـە توانـا و پسـپۆرییان.

٣٤- گرنگیــدان بــە کۆلێــژە ئەهلییــەکان بــەو شــێوەی لــە ڕووی مامۆســتا و پێداویســتی خوێندنــەوە دیراســەتکراو بێــت.

٣٥- گرنگیدان بە کەسایەتی قوتابی و پەروەردەکردنیان بەشێوەیەکی گونجاو.

٣٦- گرنگیدان بە خوێندنی تێکەڵاو لە قوناغی ئامادەیی.

**لەسەر ئاستی ڕێکخراوەیی:**

١- هەوڵــدان بــۆ گرێدانــی پەیوەنــدی دۆســتانە لەگــەڵ ســەرجەم ڕیکخراوەکانــی قوتابیــان لــە جیهانــدا بــۆ پێناســاندنی دۆزی ڕەوای گەلــی کوردســتان و پشــتگیریکردن لــە چالاکییەکانیــان.

٢- یەکێتــی قوتابیانــی کوردســتان، گرنگــی بــە پەیوەنــدی دەدات لەگــەڵ ئــەو ڕیکخراوەوانــەی کــە ڕێــز لــە مافەکانــی کــورد دەگــرن و بڕوایــان بــە فیدراڵییــەت بــۆ کوردســتان و مافەکانــی گەلــی کــورد هەیــە.

٣- پەیوەندییەکانــی یەکێتــی قوتابیانــی کوردســتان لەســەر بنەمــای تێگەیشــتن و بەرژەوەنــدی دوولایەنــە دەبێــت.

٤- ئەنجامدانی هەڵبژاردنی ساڵانەی نوێنەرایەتی قوتابیان و بەشداربوونی نوێنەران لەو کاروبارانەی کە پەیوەستن بە قوتابیان لەگەڵ دەستە کارگێڕییەکان، لە هەموو ئاستەکاندا.

٥- هەوڵــدان بــۆ یەکخســتنی بزووتنــەوەی قوتابیــان لــە کوردســتاندا لــە شــێوەی فیدراســیۆنێك کــە دەربــڕی ئامانــج و خواســتەکانی قوتابیــان بێــت.

٦- هەوڵــدان بــۆ ڕێکخســتنی قوتابیانــی کــورد لــە دەرەوەی وڵات و هاندانیــان بــۆ خزمەتکــردن و پشــتگیریکردنی هەرێمــی فیدراڵیــی کوردســتان.

٧- پشــتگیری خەباتــی ڕێکخراوەکانــی قوتابیــان لــە پارچەکانــی تــری کوردســتان دەکەیــن و هەوڵــی بەهێزکردنــی پەیوەنــدی و هاوکارییــان دەکەیــن.

٨- پــەرەدان بــە هــاوکاری و پەیوەنــدی لەگــەڵ ڕێکخــراوە جەمــاوەری پیشــەییەکانی تــری لاوان و ئافرەتــان و مامۆســتایان و گشــت ســەندیکا و ڕێکخــراوە دیموکراســییەکانی تــر بەپێویســت دەزانیــن.

**لەسەر ئاستی نەتەوەیی:**

١- یارمەتیدانــی قوتابیانــی بەشــەکانی تــری کوردســتان کــە بــە هــۆی خەباتــی سیاســی پەرتــەوازە دەبــن و زامنکردنــی خوێندنیــان لــە هەرێمــی کوردســتان.

٢- پشــتگیریکردنی بزووتنــەوەی ئازادیخــوازی نەتەوەیــی کــورد لــە هەمــوو پارچەکانــی کوردســتان و هاوکاریکردنیــان بــۆ بەدیهێنانــی مافــی چارەنــووس.

٣- تێکۆشــان لــە پێنــاو یەکخســتنی بزوتنــەوەی ئازادیخــوازی کوردســتان لــە هەمــوو پارچــەکان بــە ڕێگایەکــی ئاشــتییانە.

٤- پشـتگیری یەکگوتـاری کـورد و دانانـی سـتراتیژییەتێك دەکەیـن بـۆ پاراسـتنی ئاسایشـی نەتەوەیــی کوردســتان.

٥- هەوڵدان بۆ بەستنی کۆنگرەی نێودەوڵەتی بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد.

٦- هەوڵـدان بـۆ ئۆرگانیزەکردنـی جالیـەی کـورد لـە دەرەوەی وڵات بـۆ زیاتـر ناسـاندنی کــورد و کێشــەکەی.

٧- پشــتگیریکردن لــە هــەر هەنگاوێکــی زانســتییانە بــۆ بەدیهێنانــی زمانــی ســتانداردی کــوردی لــە نووســیندا.

**لەسەر ئاستی نیشتمانی:**

١- پشـتگیریکردنی پەرلەمـان و حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتان لـە پێنـاو دەسـتەبەرکردنی خواسـت و مافەکانـی خەڵکـی کوردسـتان.

٢- پاڵپشــتی لــە سیســتەمێکی دیموکراتــی، فیدراڵــی، پەرلەمانــی فرەیــی لــە عێــراق دەکەیــن بــە شــێوەیەك کــە کەرکــوك و خانەقیــن و شــنگال و هەمــوو شــار و ناوچەکانــی تــری کوردســتان بگەڕێنــەوە ســەر هەرێمــی فیدراڵیــی کوردســتان.

٣- پشــتگیری لــە یاســای کاتیــی بەڕێوەبردنــی دەوڵەتــی عێــراق دەکەیــن کــە زامنــی بەشـێك لـە مافەکانـی گەلـی کوردسـتان دەکات و ئـەم یاسـایە بکرێتـە بنەمایـەك بـۆ داڕشــتنی دەســتوری هەمیشــەیی عێــراق و ســەرجەم مافــە نەتەوەییەکانــی کــوردی تێــدا بچەســپێنرێت.

٤- تێ دەکۆشین لە پێناو نەهێشتنی شوێنەوارەکانی سیاسەتی بەعەرەبکردن و شێواندنی پێکهاتەی دیموگرافی شار و ناوچەکانی کوردستان.

٥- پشتگیریکردنی پێدانەوەی ڕەگەزنامەی عێراقی بە کوردە فەیلییەکان و ئەو هاوڵاتییانەی لێیان سەندراوەتەوە و دابینکردنی ژیانیان و قەرەبوکردنەوەی ئەو زیانانەی لێیان کەوتووە.

٦- بەشداریکردن لە گەشەپێدان و ئاوەدانکردنەوەی کوردستان.

٧- هەوڵدان بۆ قەرەبووکردنەوە و دەستەبەکردنی بژێوی ژیانی کەسوکاری ئەنفال و کیمیاباران و زیانپێکەوتووانی سیاسەتی دڕندانەی ڕژێمی بەعس.

٨- پشتگیری یەکخستنی نیوماڵی کورد و گوتاری سیاسیی یەکگرتووی کوردی دەکەین.

٩- پشتگیری لەو هەنگاوانە دەکەین کە بۆ جێبەجێکردنی داخوازییەکانی بنەماڵەی شەهیدان دەنرێن.

١٠- پاراستن و گرنگیدان بە ژینگە و شوێنەوارەکانی کوردستان.

١١- پشتگیری هەوڵەکانی چاکسازی و نەهێشتنی کەموکوڕی و نالەباریی ئیداری و دارایی دەکەین لە دامودەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

١٢- بایەخدان بە فەرهەنگ و کەلەپووری کوردی و هاندانی قوتابیان بۆ پاراستنیان.

**لەسەر ئاستی جیهانی:**

١- تێکۆشان دژی داگیرکردن و دەستێوەردان.

٢- تێکۆشان لەپێناو بڵاوبوونەوەی ئاشتی و دیموکراتیەت لە جیهاندا و ڕێزگرتن و پاراستنی مافی مرۆڤ.

٣- هاوکاریکردنی بزووتنەوەی ئازادیخوازی گەلان لەپێناو بەدیهێنانی ژیانێکی پڕ لە ئاشتی و ئازادی.

٤- گونجاندنی خەباتی قوتابیانی کوردستان لە گەڵ گۆڕانکارییە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکان بەو شێوەیەی کە لە بەرژەوەندی مەسەلەی ڕەوای میللەتی کورددایە.

## پەیڕەوی ناوخۆ

**بەندی یەکەم**

**یەکێتی**

**١-١: ناوی ڕێکخراو**

یەکێتی قوتابیانی کوردستان، بە پیتەکانی (ی. ق. ك) هێمای بۆ دەکرێت.

**١-٢: پێکهاتە**

یەکێتـی قوتابیانـی کوردسـتان، نوێنەرایەتـی قوتابیانـی کوردسـتان دەکات لـە یەکگرتنـی ئارەزوومەندانـەی قوتابیـان پێـك دێـت، کـە بڕوایان بـە کارنامـە و پەیڕەوی ناوخـۆی (ی. ق. ك) هێنـاوە، بەوپـەڕی دڵسـۆزییەوە بـۆ بەدیهێنانـی ئامانجەکانـی تێ دەکۆشـن.

**١-٣: سنووری کارکردن**

هەرێمـی کوردسـتانە، بەپێـی پێویسـت لێژنـەی ڕاپەڕانـدن بـۆی هەیـە لـق و ناوچـە و لێژنـەکان لـە هەمـوو ناوچەکانـی کوردسـتان و دەرەوەی کوردسـتان بکاتـەوە.

**١-٤: دروشم**

زانست ـ ئازادی ـ پەرەپێدان

**١-٥: ئارمی یەکێتی**

**پێکهاتەی بەم شێوەیەی خوارەوەیە:**

- خـۆر: نیشـانەی پەیدابـوون و ژیـان و ڕوناکـی و ئـازادی و هـەردەم نوێبوونەوەیـە، (١٨) تیشـکەکە هێمایـە بـۆ (١٨)ی شـوبات، ڕۆژی دامەزراندنـی یەکێتییەکەمـان.
- چیـا: نیشـانەی بەرخـودان و خۆڕاگرییـە، ئاماژەیـە بـە سروشـتی کوردسـتان، چـوار شـاخەکە هێمایـە بـۆ چـوار پارچـەی کوردسـتان و حەتمیەتـی بەیەکەوەبەسـتان و یەکپارچەیـی.
- پەرتـوك: بەڵگـەی زانسـت و زانیـاری و خوێنـدەواری و شارسـتانیەتە، نیشـانەی خوێندنـە کـە پیشـەی قوتابییانـە، لـە نـاو پەرتوکەکـەش نـاوی یەکێتییەکەمـان تۆمـار

کـراوە، بـە واتـای بایـەخ و گرنگیدانـی (ی. ق. ك) بـە خوێنـدن و زانسـت و فێربـوون.

- دەسـت: دەسـت و بـازووی قوتابیانـی کوردسـتانە، نیشـانەی هـەوڵ و تێکۆشـانە، ڕەنگی ڕەش و سـپیش بەواتـای جیاوازینەبـوون بەکارهاتـووە.
- بۆشـایی نێـوان دوو دەسـتەکە: (پیتەکانـی یەکەمـی یەکێتییەکەمانـی تێـدا تۆمـار کـراوە بـە زمانـی ئینگلیـزی) لـە بنکەکەیـدا فراوانـە و لـە لوتکەکەیـدا تیـژە، لـە شـێوەی سێگوشـەیە، نیشـانەی بەرزبوونـەوە و بـەرەو ئامانـج و سـەرکەوتنە.
- ١٩٥٣: ساڵی دامەزراندنی یەکێتی قوتابیانی کوردستانە.
- تێکـڕای ئارمەکـە لـە شـێوەی سـەرەڕمدایە بـۆ دەلالەتکردنـە لـە وتەکـەی بارزانیـی نەمـر: «قوتابیـان سـەری ڕمـن لـە گشـت شـۆڕش و ڕاپەڕینێکـدا.

**بەندی دووەم**

**ئەندامێتی**

**٢-١: ئەندامێتی**

ئەندامانـی یەکێتـی، لـە قوتابیانـی گشـت قۆناغەکانـی خوێنـدن پێـك دێـن جگـە لـە قوتابیانـی قۆناغـی سـەرەتایی و دەرەکـی و کۆلێژەکانـی سـەربازی و پۆلیـس.

**٢-٢: مەرجەکانی ئەندامێتی**

هـەر قوتابییەکـی کوردسـتانی بەبـێ ڕەچاوکردنـی ڕەگـەز، نەتـەوە، ئایـن، شـوێن لـە لایـەن ئەندامێکـی یەکێتییـەوە تەزکییـە بکرێـت مافـی ئـەوەی هەیـە ببێـت بـە ئەنـدام لـە دوای ئـەوەی فۆڕمـی داواکاریـی ئەندامێتـی پـڕ بکاتـەوە بەپێـی ئـەم مەرجانـە:

١- بـڕوای تـەواوی بـە کارنامـە و پەیـڕەوی ناوخـۆی یەکێتـی هەبێـت و خەبـات لـە پێنـاو بەدیهێنانـی ئامانجەکانیـدا بـکات.

٢- لـە یەکێـك لـە ئۆرگانەکانـی یەکێتیـدا کاری ڕێکخراوەیـی خـۆی بـکات، تـا دوو سـاڵ دوای تەواوکردنـی خوێنـدن مافـی مانـەوەی هەیـە لـە یەکێتـی.

٣- لە کارکردندا دڵسۆز و وردبین بێت و لە بەڵێنەکاندا ڕاستگۆ بێت.

٤- ئابوونـەی ئەندامێتـی بـدات بـەو ڕێـژەی لێژنـەی ڕاپەڕانـدن دیـاری دەکات و

ڕێوشـوێنی وەرگرتنــی دادەنــێ.

٥- لە یەکێك لە ناوەندەکانی خوێندن درێژە بە خوێندنی بدات.

**٢-٣: ئەرکەکانی ئەندام**

١- پەیڕەوی دیسیپلینی نێوخۆیی یەکێتی و پلەکانی ڕێکخستن بکات.

٢- ئامانــج و بیروبــاوەڕی یەکێتــی بــڵاو بکاتــەوە و بەرگــری لــە یەکگرتوویــی ڕێزەکانیــدا بــکات.

٣- کۆشــش بــۆ بەرفراوانکردنــی ڕێکخســتنی یەکێتــی بــکات و ئەندامــی نــوێ بهێنێتــە ڕێزەوە.

٤- بەشداری لە کۆبوونەوە و چالاکییە جۆراوجۆرەکانی یەکێتیدا بکات.

٥- هەوڵ بدات بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی زانستی و ڕۆشنبیری و هۆشیاری خۆی.

٦- لــە کاتــی گۆڕینــی ناوەنــدی خوێندنیــدا دەبــێ ئەندامێتــی خــۆی بگوازێتــەوە بــۆ ئــەو ناوەنــدەی کــە تێیــدا دەخوێنێــت.

٧- هــەوڵ بــدات ئەوپــەڕی شــەفافیەت لــە کارەکانــی یەکێتــی قوتابیانــی کوردســتاندا پەیـڕەو بـکات.

**٢-٤: مافەکانی ئەندامێتی**

١- ئەندامی یەکێتی لە سنووری چالاکیی خۆیدا مافی ڕەخنە و ڕەخنە لەخۆگرتنی هەیە.

٢- مافی دەنگدان و خۆپاڵاوتنی لە ئۆرگانەکانی یەکێتیدا هەیە.

٣- لــە کاتــی هەســتکردن بــە پێشــێلکاری مافەکانــی، بــۆی هەیــە داوای مافــی خــۆی بـکات.

٤- لەکاتی پێویست داوای یارمەتی بکات.

٥- ئەندام مافی وازهێنانی لە یەکێتی هەیە لە ڕێگای پێشکەشکردنی داواکاری بە نووسراو.

٦- لــە کاتــی چاکبەڕێوەبردنــی چالاکییەکانــی لــە کاتــی پێویســتدا سوپاســنامەی ئاراســتە دەکرێــت.

### ٢-٥: سزاکان

دەزگاکانــی یەکێتــی دەســەڵاتی ئــەم ســزایانەیان هەیــە بەپێــی ئاســتی دەزگاکان و جــۆری ســەرپێچییەکە:

١- ئاگادارکردنەوە.

٢- سەرنجڕاکێشان.

٣- تەجمیدکردن.

٤- پێبــژاردن (غرامــە) لــە کاتــی خــراپ مامەڵەکــردن بــە دەرامــەت و دارایــی یەکێتــی قوتابیانــی کوردســتان.

٥- وەرگرتنــەوەی پلــە : کادیــر لــە کاتــی جێبەجێنەکردنــی ئەرکەکانــی بەپێــی پەیــڕەو پلــەی لــێ وەردەگیرێتەوە.

٦- دەرکــردن : لەکاتــی ئەنجامدانــی هــەر کردارێــك کــە ســەرپێچی بێــت بــۆ پەیــڕەوی یەکێتــی و سیســتەمی گشــتی(نظام عــام)، ئــەوا لــە ڕیزەکانــی یەکێتــی دوور دەخرێتــەوە و دەردەکرێــت.

- ســزاکان بەپێــی ســەرپێچییەکە دەدرێــت لــە لایــەن دەزگاکانــەوە جگــە لــە خاڵــی (١) و (٢) ســزاکانی تــر بەپێــی لێکۆڵینــەوەی ورد و بەدواداچــوون دەســەپێندرێن.

**بەندی سێیەم**

**ئۆرگانەکانی یەکێتی**

یەکێتــی قوتابیانــی کوردســتان، لەســەر بنەمــای دیموکراســی پێــك هاتــووە و هەمــوو ئۆرگانەکانــی یەکێتــی بــە دەنگــی زۆرینــەی ئاســایی و نهێنــی هەڵدەبژێردرێــن، هەروەهــا پەیــڕەوی ســەرکردایەتی بەکۆمــەڵ دەکــەن و گشــت بڕیــارەکان بــە زۆرینــەی ئاســایی دەردەچــن و ڕێکخســتن لەســەر ئــەم پرەنســیپانە دامــەزراوە:

### ٣-١: هۆبە

بچووکتریــن یەکــەی ڕێکخســتنە، ئەندامێکــی چالاکــی یەکێتــی یــا خــود زیاتــر بەپێــی پێویســت هەڵیدەســوڕێنێ کــە بــە دەنگــی ئەندامــان لــە هۆبەکــە هەڵدەبژێــردرێ و

بــە ئەنجامدانــی کاری یەکێتــی هەڵدەســتێ.

١- دروســتکردنی پەیوەنــدی لــە نێــوان ئەندامانــی یەکێتــی لــە هۆبــە لەگــەڵ ئۆرگانــی ســەرووتر.

٢- ئاگادارکردنەوە و ئامادەکردنی ئەندامان بۆ بەشداریکردنی چالاکییەکانی یەکێتی.

٣- کۆکردنەوەی ئابوونە.

٤- بەرپرسە لە گەیاندنی بیروبۆچوون و داخوازییەکانی ئەندامان و قوتابیان بۆ سەرووتر.

**٣-٢: لێژنەی بەش**

لــە کۆلێــژ و پەیمانــگاکان سەرپەرشــتی نوێنەرایەتــی پۆلــەکان دەکات و لــە (٣ ـ ٥) هەڤــاڵ پێــك دێــت کــە ڕاســتەوخۆ لەلایــەن نوێنــەری هۆبەکانــەوە لــە بەشــەکەدا هەڵدەبژێردرێــت و ئەرکــی سەرپەرشــتیکردنی کارەکانــی یەکێتییــە لــە بەشــەکە و هــەوڵ دەدات بــۆ فراوانکــردن و بەهێزکردنــی ڕێکخســتن و جێبەجێکردنــی ئەرکەکانــی یەکێتــی و ئەنجامدانــی فەرمانەکانــی ســەرووتر و چارەســەرکردنی گیروگرفتەکانــی قوتابیــان و دەبێتــە ئەڵقــەی پەیوەنــدی نێــوان قوتابیــان و لایەنــە پەیوەندیــدارەکان، نوێنەرایەتــی هۆبــەکان بەشــداری کۆبوونــەوەی مانگانــەی لێژنــەی بــەش دەکــەن و ڕاپــۆرت بــەرز دەکەنــەوە بــۆ ســەرووتر.

**٣-٣: لێژنەی قوتابخانە**

لێژنــە لــە (٣ ـ ٧) هەڤــاڵ پێــك دێــت کــە ڕاســتەوخۆ لەلایــەن ئەندامــان لــە ناوەنــدی خوێنــدن هەڵدەبژێردرێــت، سەرپەرشــتی کارەکانــی یەکێتــی لــەو شــوێنە دەگرێتــە ئەســتۆ و ئەڵقــەی پەیوەندییــە لــە نێــوان قوتابیــان و بەڕێوەبەرایەتــی ناوەندەکــە.

١- بەلای کەمەوە دەبێت مانگانە جارێك کۆ ببێتەوە و ڕاپۆرت بەرز بکاتەوە.

٢- مانگێ جارێك دەبێت کۆبوونەوەی فراوان لەگەڵ نوێنەرایەتی هۆبەکان ئەنجام بدات.

٣- مانگێ جارێك دەبێت کۆبوونەوەی گشتی لەگەڵ ئەندامان ئەنجام بدات.

٤- بەرپرسە بەرامبەر گەشەکردن و چالاکییەکانی یەکێتی لە سنووری کارکردنیدا.

٥- دەسەڵاتی سزادانی خالەكانی (١) و (٢)ی هەیە لە بەندی (٢)ی بڕگەی (٥).

٦- ئەركـی زەمینـە خۆشـكردنی سەرخسـتنی پاڵێوراوانـی یەكێتـی دەكەوێتـە ئەسـتۆ لــە هەڵبژاردنەكانــی نوێنەرایەتــی قوتابیانــدا.

**٣-٤: لێژنەی ناوچە/ پەیمانگای باڵا / كۆلێژ:**

بەهـۆی فراوانبـوون و زیادبوونـی ژمـارەی قوتابیـان لـە سـنوورێكی دیاریكـراو، لـە كۆلێـژ و پەیمانــگا بــاڵاكان بــۆ چاودێریكــردن و كاراكردنــی ڕێكخســتنەكانی یەكێتــی دادەمەزرێــت و لــە بەرپرســی لێژنــە و (٢ ـ ٨) كارگێــڕ پێــك دێــت كــە لــە ڕێگــەی كۆنفرانســی نێوخۆیــی ســاڵانە دیــاری دەكرێــت.

١- بەرپرسـی لێژنـەكان لـە كۆبوونـەوەی بەرفراوانـی لـق كـە (٢) دوو مانـگ جارێـك دەبەسـترێت بەشـداری دەكـەن.

٢- سەرپەرشتی جموجوڵەكانی یەكێتی دەكات لەسنووری چالاكی خۆیدا.

٣- بەرپرسیارە بەرامبەر گەشەكردنی چەندێتی و چۆنێتی ڕێكخستنەكانی یەكێتی.

٤- مانگانــە كۆبوونــەوەی خــۆی دەكات، بەشــەكانی لێژنــە ناوچــە بــە جیــا ڕاپۆرتــی خۆیــان بــۆ لــق بــەرز دەكەنــەوە دەربــارەی بــاری یەكێتــی لــەو ماوەیــەدا لــە هەمــوو ڕوویەكــەوە.

٥- لێژنــە پابەنــدە بــە جێبەجێكردنــی بڕیــار بــە ڕێنمایــی و ڕاســپاردەكانی دەزگاكانــی ســەرووی خــۆی.

٦- پێویسـتە لێژنـە دوو مانـگ جارێـك كۆبوونـەوەی فراوانـی (دەسـتەی ناوچـە و لێژنـە قوتابخانـەكان) سـاز بـكات.

٧- لێژنـە ناوچـە و لێژنـەی كۆلێـژ و پەیمانـگا بـاڵاكان دەسـەڵاتی سـەپاندنی سـزاكانی (١) و (٢) و (٣)ی بەنـدی (٢)ی بڕگـەی (٥)ی هەیـە و بـۆ سـەپاندنی خاڵـی (٥) سـزاكان پێویسـتی بـە ڕەزامەنـدی لـق هەیـە.

٨- كۆنفرانسـی لێژنـە ناوچـە پێـك دێـت لـە سـتافی لێژنـەی ناوچـە و دەسـتەی لێژنـەی قوتابخانـە هەڵبژێـردراوەكان.

**٣-٥: لێژنەی لق**

١- لێژنەی لق پێك دێت لە:

أ. لێپرسراوی لق: کە بە شێوەی ڕاستەوخۆ لە کۆنفرانسی نێوخۆیی ساڵانەی لق هەڵدەبژێردرێت و دەبێت بە ئەندامی لێژنەی ڕاپەڕاندن.

ب. لە (٤ ـ ٨) کارگێڕ و (٢) یەدەگ پێك دێت کە بە هەڵبژاردن لە کۆنفرانسی نێوخۆیی ساڵانەی لقدا هەڵدەبژێردرێن.

٢- لێژنەی لق مانگی جارێك کۆ دەبێتەوە و هەر بەشە و ڕاپۆرتی مانگانەی خۆی بە جیا بۆ مەکتەبی سکرتاریەت بەرز دەکاتەوە.

٣- لێژنەی لق بەرپرسیارە لە بەرامبەر جێبەجێکردنی ڕاسپاردە و بڕیار و ڕێنماییەکانی مەکتەبی سکرتاریەت.

٤- لێپرسراوی لێژنە ناوچەکان و لێژنەی کۆلێژ و پەیمانگا باڵاکان لە کۆبوونەوەی فراوانی لق ئامادە دەبن کە دوو مانگ جارێك دەبەسترێت.

٥- دەسەڵاتی سەپاندنی سزاکانی (١، ٢، ٣ و٤)ی بەندی (٢)ی بڕگەی (٥) هەیە بۆ سزای (٥)، پاش ڕاوێژکردن لە گەڵ مەکتەبی سکرتاریەت دەسەپێندرێت.

٦- کۆنفرانسی لق پێك دێت لە:

أ. ستافی لق و هەڵبژێردراوی لێژنە ناوچەکان.

ب. کۆنفرانسی لق دەبەسترێت بە داواکردنی (٢/٣)ی دەستەی لق و لێژنە ناوچەکان بەر لە تەواوبوونی ساڵێك لە کاتی نائاساییدا.

**بەندی چوارەم**

**دەزگاکانی سەرکردایەتیکردن**

**٤-١: کۆنگرە**

بەرزترین دەسەڵاتە لە یەکێتیدا و پێك دێت لە ئەندامانی مەکتەبی سکرتاریەت و یەدەگەکانی، ئەندامانی لێژنەی ئامادەکردن، هەڵبژێردراوەکانی لق

و لێژنــەکان (ناوچــە و قوتابخانــە و پەیمانــگا و کۆلێــژەکان)، بەپێــی ڕێــژەی دیاریکــراو لــە لایــەن لێژنــەی ڕاپەڕاندنــەوە.

کۆنگــرە دوو ســاڵ جارێــك دەبەســترێت و دەســەڵاتی گۆڕینــی نــاو و ئــارم و دروشــم و هەڵوەشــاندنەوەی یەکێتــی و دەســتکاریکردنی کارنامــە و پەیــڕەوی ناوخــۆی هەیــە.

**٤-٢: کۆنفرانس**

١- کۆنفرانــس پێــك دێــت لــە ئەندامانــی (مەکتەبــی ســکرتاریەت و یەدەگــەکان، دەســتەی لقــەکان و لێپــرسراوی لێژنــەی ناوچــەکان).

٢- لەکاتێکــدا دەبەســترێت کــە (٢/٣)ی ئەندامانــی لێژنــەی ڕاپەڕانــدن داوای بکــەن لــە بارودۆخــی نائاســاییدا.

٣- توانــای گۆڕینــی ســکرتێر و ئەندامانــی مەکتەبــی ســکرتاریەت و یەدەگەکانــی هەیــە.

٤- لــە ژێــر ڕۆشــنایی هێڵــە گشــتییەکانی کارنامــە و پەیــڕەوی ناوخــۆی پەســەندکراوی کۆنگــرە دەتوانــێ بەرنامــەی دابڕێژێــت.

**٤-٣: لێژنە ڕاپەڕاندن**

١- بەرزتریــن دەســەڵاتە لــە یەکێتیــدا لــە مــاوەی نێــوان دوو کۆنگــرە یاخــود کۆنفرانســی ســاڵانەی لقــەکان.

٢- هەڵدەســتێت بــە ئەرکــی ســەرکردایەتیکردن و سەرپەرشــتیکردنی چالاکییــە جۆراوجۆرەکانــی یەکێتــی و ئاراســتەکردنیان، بڕیارەکانــی کۆنگــرە و کۆنفرانــس بەجــێ دەگەیەنێــت و ئامانجەکانــی جێبەجــێ [دەکات] و چاودێــری گشــت دەزگاکان دەکات ســەبارەت بــە ڕاپەڕاندنــی فەرمــان و ئەرکەکانیــان.

٣- پێك دێت لە مەکتەبی سکرتاریەت و یەدەگەکانی و بەرپرسی لقەکان.

٤- هــەر (٣) مانــگ جارێــك کــۆ دەبێتــەوە یــان لەســەر داوای (٢/٣)ی ئەندامانــی لێژنــەی ڕاپەڕانــدن کۆبوونــەوەی نائاســایی ئەنجــام دەدات.

٥- ســزادانی ئەندامانــی مەکتەبــی ســکرتاریەت و لێژنــەی ڕاپەڕانــدن بــە ڕەزامەنــدی

(٢/٣)ی ئەندامەکانــی بــە گوێــرەی ســەرپێچییەکە دەبێــت، بەپێــی بەنــدی (٢) ی بڕگـەی (٥).

- هــەر ئەندامێکــی لێژنــەی ڕاپەڕانــدن پلــەی ئەندامێتــی نامێنــێ لــەم بوارانــەی خــوارەوە:
    أ. لە سێ کۆبوونەوەی لێژنەی ڕاپەڕاندن ئامادە نەبێت بەبێ هۆ.
    ب. دوو ساڵ دوای تەواوکردنی خوێندن.
    ت. پێشکەشکردنی دەستلەکارکێشانەوە.
    ث. لەکاتــی نەمانــی بەرپرســی لــق بــە هەرهۆیــەك بێــت، کۆنفرانســی لــق بــە تەنیــا بــۆ هەڵبژاردنــەوەی بەرپرســی لــق دەبەســترێت لەکاتێکــدا وادەی بەســتنی کۆنفرانســی ســاڵانەی نەهاتبێــت.
    ج. لەکاتی دواکەوتنی بەستنی کۆنگرە ڕوونکردنەوەی پێویست دەردەکات.

٦- لێژنــەی ڕاپەڕانــدن دەســەڵاتی دروســتکردن و هەڵوەشــاندنەوەی لقەکانــی یەکێتــی هەیــە و ســنووری کارکردنیــان دیــاری دەکات.

٧- کۆبوونــەوەی لێژنــەی ڕاپەڕانــدن لەکاتــی دیاریکــراوی خــۆی دەبەســترێت. (لەکاتــی دواکەوتنیڕەشــیدا مەکتەبــی ســکرتاریەت ڕوونکردنــەوەی پێویســت دەدات) تێیــدا چاوخشــاندنەوە دەکرێــت لەســەرجەم کارەکانــی مەکتەبــی ســکرتاریەت و هەمــوو لقەکانــی هەڵســەنگاندنی بــۆ دەکرێــت و بەرنامــەی کاری ئاینــدەی یەکێتــی دادەڕێژێــت.

**٤-٤: مەکتەبی سکرتاریەت**

١- پێــك دێــت لــە (٩) ئەنــدام و (٥) یــەدەگ کــە ڕاســتەوخۆ لــە کۆنگــرە هە ڵد ە بژ ێرد ر ێــن .

٢- مەکتەبــی ســکرتاریەت بڕیــار و ڕاســپاردەکانی لێژنــەی ڕاپەڕانــدن جێبەجــێ دەکــەن و بەرپرســیارن بەرامبــەر کۆبوونــەوەی لێژنــەی ڕاپەڕانــدن.

٣- کادیــر و ئەنــدام بەشــەکانی مەکتەبــی ســکرتاریەت لەلایــەن مەکتەبــی

سـکرتاریەتەوە دەستنیشـان دەکرێـن.

٤- مەکتەبـی سـکرتاریەت مانگانـە کۆبوونـەوی ئاسـایی خـۆی دەبەسـتێت و نائاسـاییش کـۆ دەبێتـەوە لـە کاتـی پێویسـتدا.

٥- مافـی سـەپاندنی سـزاکانی بەنـدی (٢)ی بڕگـەی (٥)ی هەیـە بەسـەر ئەندامانـی لێژنـەی لـق، ئەگـەر کەمتەرخەمییـان کـرد یاخـود لـە پەیـڕەو لایـان دا یـان سـەرپێچیان کـرد لـە جێبەجێکردنـی بڕیارەکانـی مەکتەبـی سـکرتاریەت.

٦- ئەندامانـی مەکتەبـی سـکرتاریەت لـە کۆبوونـەوەی سـکرتاریەت بەسـەر بەشـەکاندا دابـەش دەکرێـن.

٧- مەکتەبـی سـکرتاریەت دەسـەڵاتی دانانـی لێژنـەی کاتیـی و هەمیشـەیی لەنـاو بەشـەکانی مەکتەبـی سـکرتاریەت بەپێـی پێویسـتدا هەیـە.

٨- سکرتێر لە کۆبوونەوەی مەکتەبی سکرتاریەت هەڵدەبژێردرێت.

٩- مەکتەبی سکرتاریەت لە سکرتێر و ئەم بەشانە پێك دێت:

أ. بەشی ڕێکخستن.

ب. بەشی ئاماری و پلان.

ت. بەشی نوێنەرایەتی و کاروباری قوتابیان.

ث. بەشی پەیوەندییەکان.

ج. بەشی ڕاگەیاندن.

ح. بەشی دارایی و بەڕێوەبردن.

خ. بەشی چالاکی وەرزشی و هونەری.

د. بەشی ڕۆشنبیری و پێگەیاندن.

**پێکهاتەی بەشەکانی مەکتەبی سکرتاریەت :**

لـە لێپـرسراوی بـەش و یەدەگێکـی مەکتەبـی سـکرتاریەت یـان زیاتـر ئەگـەر پێویسـتی کـرد پێـك دێـت، لێپـرسراوی بـەش لـە کۆبوونـەوەی مەکتەبـی سـکرتاریەت

دیـاری دەکرێـت.

ئەرکـی بـەش سەرپەرشـتیکردن و بەڕێوەبردنـی کارەکانـە لەگـەڵ چەنـد (ئەنـدام و کادیـری بـەش) کـە مەکتەبـی سـکرتاریەت بـە گوێـرەی لێهاتووییـان بڕیـاری لـێ دەدات بـۆ هاوکاریکـردن.

**أ- بەشی ڕێکخستن:**

١- سەرپەرشـتی کار و چالاکییەکانـی ڕێکخسـتنی یەکێتـی دەکات لـە ڕێـگای ڕاپـۆرت و نـووسراوی مانگانـەی سـەرجەم لـق و لێژنـەی ناوچـەکان کـە ڕاسـتەوخۆ یاخـود وێنەیـان بـەرز دەکرێتـەوە بـۆ مەکتەبـی سـکرتاریەت، هەروەهـا لـە ڕێـگای سـەردانی مەیدانـی بـۆ هەمـوو لـق و لێژنـە ناوچـەکان (بەهـاوکاری مەکتەبـی سـکرتاریەت و لێژنـەی ڕاپەڕانـدن) بـۆ بەدواداچوونـی لەبـاری ڕێکخسـتن و چۆنێتـی گەشـەکردن و هەروەهـا ناردنـی زانیـاری و بژانـدن بـۆ باشـتربوون و بـەرەو پێشـچوونی کاری ڕێکخسـتن و زیادکردنـی ژمـارەی ئەندامـان و گۆشـکردنیان بـە بیروبـاوەڕی دیموکراسـی و نیشـتمانی .

٢- مانگانـە کۆبوونـەوەی بـەش دەبەسـترێت و ڕاپـۆرت دەداتـە کۆبوونـەوەی مەکتەبـی سـکرتاریەت.

٣- لـە سـەرەتای سـاڵی خوێنـدن یاخـود زیاتـر لـە جارێـك لـەم سـاڵەدا کۆبوونـەوەی ڕێکخسـتن لەگـەڵ کارگێڕانـی ڕێکخسـتنی سـەرجەم لقـەکان سـاز دەدات بـۆ پێداچوونـەوە و لێکۆڵینـەوەی بـاری ڕێکخسـتنی یەکێتییەکەمـان.

**ب- بەشی ئامار و پلان:**

١- ئامادەکردنـی ئامـار بـۆ سـەرجەم ئەندامـان کـە لـە ڕێـگای ڕاپۆرتـی مانگانـەی بەشـەکانی لقـەکان دەگات و بەراوردکـردن لەگـەڵ مانگـی پێشـوو بـە سـوودوەرگرتن لـە کۆمپیوتـەر و ئینتەرنێـت، دەستنیشـانکردنی خاڵـە لاوازەکان و هەوڵـدان بـۆ باشـترکردنی.

٢- بەرنامەڕێـژی بـۆ سەرخسـتنی نوێنەرەکانـی یەکێتـی دەکات لـە هەڵبژاردنەکانـی سـاڵانەی نوێنەرایەتـی قوتابیـان.

**ج- بەشی نوێنەرایەتی و کاروباری قوتابیان:**

١- بایەخ بە هەموو ئەو کار و کێشە و گرفت و ئاستەنگانە دەدات کە دێنە ڕێگای قوتابیان و پرۆسەی خوێندن و هەوڵی چارەسەرکردن و جێبەجێکردنی دەدات بە ڕێگای گونجاو، بە بەرنامەڕێژیکردن و خستنەبەردەستی مەکتەبی سکرتاریەت بۆ بڕیاردانی پێویست و ناردنی ڕێنمایی بۆ لقەکان.

٢- هەڵدەستێت بە ئەرکی گەیاندنی کێشە و داواکانی قوتابیان بە دامودەزگا پەیوەندیدارەکان.

٣- هەڵدەستێت بە ئاسانکاری و ڕێنوێنیکردنی لیژنەکانی نوێنەرایەتی هەڵبژێردراوی قوتابیان.

٤- سەرپەرشتی چاودێری بەڕێوەچوونی کارەکانی ئەم بەشە دەکات لە لقەکان لە ڕێگای ڕاپۆرتی مانگانە و کۆبوونەوە و سەردانی مەیدانی.

**د- بەشی پەیوەندییەکان:**

١- کاروباری پەیوەندییەکانی یەکێتی قوتابیانی کوردستان لە گەڵ دامودەزگا و لایەن و شوێن و ڕێکخراوەکان بەڕێوە دەبات، دەربڕی ڕاو هەڵوێست و بیروبۆچوونی یەکێتی دەبێت کە لەلایەن مەکتەبی سکرتاریەتەوە هێڵە گشتییەکانی دیاری دەکرێن.

٢- لە ڕێگای نووسراو و ڕاپۆرتی مانگانەوە سەرپەرشتی کاری پەیوەندییەکانی لقەکان دەکات و ڕێنمایی پێویست پێشکەش دەکات و سەرنج و تێبینی لەسەر چۆنێتی کارەکانیان دەردەبڕێت و بەگوێرەی پێویستیش زانیارییان بۆ دەنێرێت بۆ ئاگاداربوونی لقەکان لە هەڵوێستە جۆراوجۆرەکان.

٣- مانگانە کۆبوونەوەی بەش دەبەستێت و ئەو هەڵوێستانەی کە پێویست بن دەیخاتە بەردەم مەکتەبی سکرتاریەت بۆ بڕیارلێدانی.

٤- نەخشە و پلانی بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنەکانی ساڵانەی نوێنەرایەتی قوتابیان دادەڕێژێ لەگەڵ ڕێکخراوەکانی تری قوتابیان و لایەنی پەیوەندیدارەکان.

**هـ- بەشی ڕاگەیاندن:**

١- سەرپەرشتیکردنی ئۆرگانەکانی ناوەندی یەکێتی.

٢- سەرپەرشـتی کاروبـاری ڕاگەیاندنـی یەکێتـی قوتابیانـی کوردسـتان دەکات لـە سـەرجەم ئۆرگانەکانـدا لـە دەرکردنـی بڵاوکـراوە و نامیلکـە و چاپکردنـی پەرتـوك و سەرپەرشـتی بڵاوکردنـی چالاکییـەکان لـە دەزگاکانـی بڵاوکردنـەوە وەك (ڕۆژنامــە، ڕادیـۆ، تەلەڤیزیـۆن) و گەیاندنـی دەنـگ و هەڵوێسـتەکانی یەکێتـی بـە جەمـاوەر.

٣- سەرپەرشتی کردنەوە و کاراکردنی لاپەڕەی یەکێتی لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت.

٤- سەرپەرشـتی و چاودێریکردنـی بەڕێوەچوونـی کارەکانـی بەشـی ڕاگەیاندنـی لقـەکان لـە ڕێـگای ڕاپۆرتـی مانگانە و کۆبوونـەوە و سـەردانی مەیدانی.

٥- سەرپەرشـتیکردنی ئەرشـیف و پەرتوکخانەکانـی یەکێتـی و دانانـی ڕێوشـوێنی پێویسـت بـۆ دەوڵەمەندکردنیـان.

**و- بەشی دارایی و بەڕێوەبردن:**

دارایی:

١- دارایی یەکێتی پێك دێت لە:

- ئابوونەی ئەندامانی یەکێتی.
- ئەو یارمەتییانەی بۆ یەکێتی دەنێردرێت و ئەو پیتاکانەی کۆ دەکرێنەوە.
- داهاتی چالاکی و پرۆژەکان.
- داهاتی فرۆشتنی چاپەمەنییەکان.

٢- دارایی یەکێتی بەم شێوەیە بڕیاری خەرجکردنی لێ دەدرێت :

- داهاتـی یەکێتـی قوتابیانـی کوردسـتان لـە کۆبوونـەوەی لێژنـەی ڕاپەڕانـدن بـۆ سـەرجەم کاروبارەکانـی مەکتەبـی سـکرتاریەت و لقەکانـی و خەرجییـە جۆراوجۆرەکانـی بڕیـاری لـێ دەدرێـت.

- بودجەی لە هەموو دەزگاکان (مەکتەبی سکرتاریەت، لق و لێژنە ناوچە) کۆبوونەوەی ئەو دەزگایەی لە سەر دەکرێت و بڕیاری خەرجکردنی لێ دەدرێت.
- کۆبوونـەوەی لێژنـەی ڕاپەڕانـدن چاودێـری خەرجیـی مەکتەبـی سـکرتاریەت دەکات و مەکتەبـی سـکرتاریەتیش چاودێـری خەرجیـی لقـەکان دەکـەن و بـە هەمـان شـێوەش لـق و لێژنـە ناوچـەکان پەیـڕەوی خەرجیـی دەکـەن.
- دەرماڵـەی هەڤـاڵان بـە شـێوەیەکی جێگیـر دابـەش دەکرێـت بـەو شـێوەیەی کـە لێژنـەی ڕاپەڕانـدن بڕیـاری لـێ داوە و مەکتەبـی سـکرتاریەت بـۆی هەیـە بـە گوێـرەی پێویسـتی دامـودەزگاکان دەسـتکاری بـکات بـە مەرجێـك کار لـە دابەشـکردنی بودجـە نەکات.
- لەکاتـی سـەرپێچیکردن و نابەجێ]یـی[ لـە خەرجکردنـی داهـات، دەزگاکانـی سـەروو بۆیـان هەیـە بـە گوێـرەی سـزاکانی بەنـدی (٢) بڕگـەی (٥) سـزا بـدەن.
- داهاتـی یەکێتـی لـە سـەرجەم ئۆرگانەکانـدا لـە هـەر سـەرچاوەیەکەوە بێـت دەبـێ دەزگای سـەرەوەی لـێ ئـاگادار بکرێتـەوە و لـە لیسـتی داهـات تۆمـار بکرێـت.
- تەواوی داهات و خەرجییەکانی دەزگاکانی یەکێتی لە پەڕاوی تایبەت تۆمار بکرێت.

٣- دارایی یەکێتی بەم شێوەیە خەرج دەکرێت:

- میزانییە و دەرماڵەی بڕیارلێدراو.
- ڕاگەیاندنـی ناوەنـدی لـە دەرکردنـی ئـۆرگان و بەرنامـەی ڕادیۆیـی و تەلەڤیزیـۆن و بڵاوکراوەکانـی تـر.
- خەرجییە پێویستییەکانی بارەگاکان.
- هاوکاری ئەندامان لە کاتی پێویستدا کە لەلایەن لقەکانەوە تەزکییە دەکرێن.
- بۆ هاتوچۆی نوێنەرانی یەکێتی کە بە ئیشوکاری تایبەت بە یەکێتی هاتوچۆ دەکات.
- ئەنجامدانی چالاکی هەمەجۆر.

دەزگاکانـی سـەروو چاودێـری داهـات و خەرجییەکانـی دەزگای خواروتـری خۆیـان دەکـەن لـە ڕێـگای ڕاپۆرتـی مانگانـە و کۆبوونـەوە و سـەردانی مەیدانـی.

**بەڕێوەبردن :**

١- بەرپرسـیارە بەرامبـەر بـە هەژمارکـردن و چاودێریکردنـی کەلوپەلەکانـی یەکێتـی و تۆمارکردنیـان (٦ مانـگ) جارێـك لـە پـەڕاوی تایبـەت.

٢- ڕێکخستنی کاتی دەوامکردن لە بارەگاکان و پێداویستییەکانی ئیشوکاری ڕۆژانە.

٣- دانان و سەرپەرشتیکردنی پڕۆژە بەرهەمهێنەرەکانی یەکێتی.

**بەشی وەرزشی و هونەری:**

١- هەوڵـدان بـۆ دەرخسـتن و پەرەپێدانـی بەهـرەی شـاراوەی وەرزشـی و هونەریـی قوتابیـان و کۆکردنەوەیـان لـە یانـە و تیپـە وەرزشـی و هونەرییەکانـی یەکێتـی.

٢- کردنـەوە و ڕێکخسـتن و سەرپەرشـتیکردنی چالاکـی و خولـە جۆراوجۆرەکانـی وەرزشـی و هونـەری لـە ناوەندەکانـی خوێنـدن.

٣- بـە سـوودوەرگرتن لـە خولـە پەروەردەییـەکان و خولـی تایبـەت بـە زانکـۆ و پەیمانـگاکان، هـەوڵ بدرێـت ئەندامانـی یەکێتـی جێگـە و پێگـەی شـیاویان هەبێـت لـە خولـە نێوخۆیـی و نێودەوڵەتییەکانـدا.

**بەشی ڕۆشنبیری و پێگەیاندن:**

١- ئەرکـی نەخشـەدانان و خەمڵانـدن و جێبەجێکـردن و سەرپەرشـتیکردنی چالاکییـە ڕۆشـنبیریە هەمەجۆرەکانـە، کـە لەلایـەن مەکتەبـی سـکرتاریەتەوە بڕیـاری لـێ دەدرێـت یاخـود بـە بەرنامە بـۆی بـەرز دەکرێتـەوە لـە دەزگاکانـی خـواروودا بـە مەبەسـتی ئەنجامدانـی.

٢- لـە ڕێـگای بڵاوکـراوە و بژانـدن وناميلکـە و بەرنامـەی جۆراوجـۆر بابەتـی ڕۆشـنبیری بـڵاو بکاتـەوە.

٣- لـە ڕیـگای نـووسراو و ڕاپۆرتـی مانگانـە سەرپەرشـتی کاری ڕۆشـنبیری دەکات لـە سـەرجەم لقـەکان.

٤- خول و سیمیناری ڕۆشنبیری ساز دەکات بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی ڕۆشنبیری ئەندامان.

٥- کردنەوەی خولی دەوری بۆ پێگەیاندنی کادیری کارامە بۆ نێو ڕێزەکانی یەکێتی.

# کۆنگرەی دوازدەیەمی یەکێتی قوتابیانی کوردستان

# هەولێر - ٢٠٠٧

بەمەبەستی سەرلەنوێ ڕێکخستنەوەی ڕیزەکانی و خۆ گونجاندن لەگەڵ بارودۆخی نوێ، سکرتاریەتی یەکێتی قوتابیانی کوردستان بڕیاری بەستنی کۆنگرەی دوازدەیەمینی خۆی دا، بۆ ئەم مەبەستە، لێژنەیەکی ئامادەکاری کۆنگرە پێکهێنرا و مانگی تەمووزی ساڵی ٢٠٠٧ وەک وادەی بەستی کۆنگرە دەستنیشانکرا، لە ماوەیەکی کورتدا لە لایەن لێژنەی ئامادەکارەوە ئامادەکارییەکانی بەستنی کۆنگرە بەکۆتا هاتن و ئەندامان لە ڕێکخستنی لقەکان بۆ کۆنگرە سەرکەوتن، بەڵام بەهۆی چەند هۆکارێکەوە کۆنگرە لە وادەی دیاریکراو ئەنجام نەدرا و بۆ دوو مانگ دواکەوت[١].

دوای تەواوی ئامادەکارییەکان، لە ڕۆژانی ٢٣ - ٢٤ی ئەیلولی ٢٠٠٧، کۆنگرە لە هۆڵی پێشەوا، لە شاری هەولێر، بە ئامادەبوونی ٤١٠ نوێنەر لە گشت ڕێکخستنی لقەکان، بە دروشمی (زانست و خەبات لە پێناو نەتەوەیەکی ئازاد - بەرەو دواڕۆژێکی پڕشنگدار)، بە ئامادەبوونی سەرۆك مەسعود بارزانی و عەدنان موفتی سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستان[٢]. فازڵ میرانی سکرتێری مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان، نەوزاد هادی پارێزگاری هەولێر و باڵیۆزی فەڕەنسا لە کۆماری عێراق و چەند مێوانێکی دیکە، دەستی بەکارەکانی کرد[٣].

لەم کۆنگرەیەدا، هەندێك گۆڕانکاری لە زاراوەکانی تایبەت بە ڕێکخستنەکانی یەکێتی قوتابیانی کوردستان کرا، وەك لق بە ناوەندی پارێزگا و لێژنەی ناوچە بۆ لقی قەزا گۆڕا[٤].

دوای خوێندنەوەی وتاری ئامادەبووان و ئامادەکردنی ڕاپۆرتی لێژنە ڕاسپێردراوەکان، لەلایەن ئەندامانی کۆنگرەوە، بە دەنگدان، سکرتاریەتی نوێ بەم شێوەیەی خوارەوە هەڵبژێردران:

١- ڕێناس جانۆ سکرتێر

٢- هەرمان محەمەد سەلیم- بەرپرسی بەشی ڕێکخستن، کارگێڕی مەکتەبی سکرتاریەت

٣- جەبار حاجی عەبدوڵا- بەرپرسی بەشی ئامار و پلان، کارگێڕی مەکتەبی سکرتاریەت

٤- شادومان خەلیل- بەرپرسی بەشی پەیوەندییەکان، کارگێڕی مەکتەبی سکرتاریەت

٥- کاروان محەمەد سابیر- بەرپرسی بەشی ڕاگەیاندن، کارگێڕی مەکتەبی سکرتاریەت

٦- عیرفان عەزیز عەزیز- بەرپرسی بەشی وەرزش و هونەر، کارگێڕی مەکتەبی سکرتاریەت

٧- ئەحمەد بژار فازڵ- بەرپرسی بەشی کاروبار و نوێنەرایەتی قوتابیان، کارگێڕی مەکتەبی سکرتاریەت

٨- شوکریە تەیمور ئەحمەد- بەرپرسی بەشی ڕۆشنبیری و پێگەیاندن، کارگێڕی مەکتەبی سکرتاریەت

٩- شەیما محەمەد زاهیر- بەرپرسی بەشی دارایی و بەڕێوەبردن، کارگێڕی مەکتەبی سکرتاریەت

١٠- هۆگر بایز ساڵح- ئەندام بەشی دارایی، ئەندامی مەکتەبی سکرتاریەت

١١- ئاریان سەلاحەدین ئەسعەد- ئەندام بەشی کاروبار و نوێنەرایەتی قوتابیان، ئەندامی مەکتەبی سکرتاریەت

١٢- شڤان حەمدی حسێن- ئەندام بەشی ڕیکخستن، ئەندامی مەکتەبی سکرتاریەت.

ئەندامانی یەدەگی سکرتاریەت:

١- ئەنەس ئەیوب عەبدولڕەزاق- ئەندام بەشی ڕێکخستن، یەدەگی ئەندامی مەکتەبی سکرتاریەت

٢- عومەر بەکر وسو- ئەندام بەشی ڕێکخستن، یەدەگی ئەندامی مەکتەبی سکرتاریەت[٥].

## سەرچاوە و پەراوێز

١- عرفان عەزیز عەزیز، کۆنگرە و کۆنفرانسەکانی یەکێتی قوتابیانی کوردستان، چاپی یەکەم، (هەولێر- چاپخانەی ڕۆژهەڵات-٢٠١٢)، ل ٢٠٦.

٢- بە چاودێری و ئامادەبوونی سەرۆکی کوردستان کۆنگرەی ١٢مینی یەکێتی قوتابیانی کوردستان دەستی بە کارەکانی کرد، رۆژنامەی خەبات، ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستان، ژمارە ٢٦٢٧، هەولێر، دووشەمە، ٢٤ی ئەیلولی ٢٠٠٧ز، ل ١.

٣- عرفان عەزیز عەزیز، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٠٧.

٤- ڕاپۆرتێك لەسەر دەرەنجامەکانی کۆنگرەی (١٢)یەمینی یەکێتی قوتابیانی کوردستان، گۆڤاری خەباتی قوتابیان، ئۆرگانی یەکێتی قوتابیانی کوردستان، ژمارە ٧٢، هەولێر، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، کانونی دووەم ٢٠٠٨ز، ل ل ١٠ ـ ١١.

٥- هەمان سەرچاوە، ل ١٢.

# کارنامە و پەیڕەوی ناوخۆ پەسەندکراوی کۆنگرەی دوازدەی یەکێتی قوتابیانی کوردستان

## کارنامە

**پێشەکی:**

یەکێتی قوتابیانی کوردستان لە ١٨ی شوباتی ١٩٥٣ وەك ڕێکخراوێکی پیشەیی و دیموکراتی نیشتمانپەروەر و ئازادیخواز بۆ داکۆکیکردن لە مافەکانی قوتابیان، لەسەر دەستی کۆمەڵێك قوتابی کورد لە شاری بەغدا و لەبەر ڕۆشنایی مۆرکە سیاسییەکانی ڕێبەرایەتی بزووتنەوەی ئازادیخوازی کورد بە ڕێنمایی بارزانیی نەمر لەدایك بووە. ئەم یەکێتییە لە ماوەی زیاتر لە نیو سەدەی بەردەوامی تێکۆشان بەشداری کارای لە شۆڕشەکانی ئەیلوول و گوڵان و ڕاپەڕینەکاندا هەبووە و لەم پێناوەشدا سەدان شەهیدی کردۆتە قوربانی کاروانی ئازادی، بەشداری چەندین فیستێڤاڵ و کۆنگرەی جیهانیی کردووە و تیایدا بوێرانە دۆزی کورد و کێشە ڕەواکەی پیشانی جیهان داوە. (یەکێتی قوتابیانی کوردستان) توانی داکۆکی لە خەسڵەت و تایبەتمەندی قوتابیانی کوردستان بکات و لە گشت قۆناغە جیاوازەکانی تەمەنی ڕێکخراوەییدا خزمەتی گەورەی پێشکەش بە بواری زانست و خوێندن و وتی پەروەردە کردووە، ئەمەش وێڕای خەباتی نەتەوەیی و گڕوتینی ئەندامانی ئەم ڕێکخراوە بۆ ڕزگاری کوردستان، لە ماوەی ئەو (٥٥) ساڵەیدا (یەکێتی قوتابیانی کوردستان)، دوانزە کۆنگرەی بەستووە، ئەمە جگە لە سازدانی چەندین کۆنفرانس و ماوەیەکی درێژیش شانبەشانی (ی.ل.د.ك) درێژەی بە تێکۆشانی خۆی داوە.

**پێناسەی یەکێتی:**

یەکێتی قوتابیانی کوردستان، ڕێکخراوێکی پیشەیی، نیشتمانی، دیموکراسی، قوتابیانەیە، تێ دەکۆشێت لە پێناو پاراستن و داکۆکیکردن لە ماف و خواستەکانی قوتابیان و پەرەپێدانی وتی زانست. هەروەها پشتگیری دۆزی وای گەلی کوردستان دەکات، لە پێناو چەسپاندنی بنەماکانی دیموکراسیەت و ئاشتی و مافی مرۆڤ بۆ بونیاتنانی کۆمەڵگایەکی پێشکەوتنخوازی مەدەنی لە هەرێمی کوردستاندا.

**هێڵە گشتییەکانی یەکێتی قوتابیانی کوردستان:**

١- یەکێتـی قوتابیانـی کوردسـتان، ڕێکخراوێکـی ئارەزوومەندانـە و پابەندبوونـی ئەندامانـی لەسـەر بنەمـای باوەڕپێبوونـە.

٢- ئەندامانی بەبێ جیاوازی لە ماف و ئەرکەکانیدا یەکسانن.

٣- پشتئەسـتور بـە بنەمـا دیموکراسـی و زانسـتییەکان لەگـەڵ ئەندامانیـدا مامەڵـە دەکات و سـتراتیژیەتی مرۆییانـە لـە میکانیزمـی کاریـدا دەگرێتـە بـەر.

٤- بیـری نیشـتمانی و هەسـتکردن بـە لێپرسراوێتـی نەتەوەیـی پەرەنسـیپێکە بـۆ ئەندامانـی یەکێتـی قوتابیانـی کوردسـتان.

٥- داکۆکـی لـە مـاف و هەڵوێسـتی قوتابیـان دەکات بـە پەیڕەوکردنـی ڕێزگرتنـی دوولایەنـە لـە نێـوان قوتابیان و مامۆسـتایاندا.

٦- دەستنیشانکردنی پلەکانی بەپێی هەڵبژاردنی دیموکراسییانە دەبێت.

٧- ئەندامانی لەسەر لێبوردەیی و ڕێزگرتن و خۆشەویستی بەرامبەر پەروەردە دەکات.

٨- ڕێـز لـە ئافـرەت و مافەکانیـان دەگرێـت و پشـتگیری لـە هـەر هەوڵێـك بـە ئاراسـتەی زیاتـر دەسـتەبەرکردنی مافـی ئافـرەت و هاندانـی بەشـداریکردنیان دەکات.

٩- بڕوای بە دیالۆگ و ڕاگۆڕینەوە هەیە وەك بنەمایەك بۆ چارەسەرکردنی کێشە و گرفتەکان.

١٠- دەسـتەبەرکردنی مـاف و داخوازییەکانـی قوتابیـان بـە ئەرکـی خـۆی دەزانێـت بەبـێ ڕەچاوکردنـی جیـاوازی بیـروڕا یـان هـەر جیاوازییەکـی تـر.

١١- هەڵوێسـتەکانی لەسـەر بنەمـای زۆرینـەی دەنـگ دەبێـت، بـێ ئـەوەی مافەکانـی کەمینـە پشـتگوێ بخرێـت یـان لـە ڕیزیـان کـەم بکرێتـەوە.

١٢- هەوڵی چارەسەرکردنی دەدات، لە ڕێگای خۆی و دەزگا پەیوەندیدارەکانەوە.

١٣- بـڕوای بـە ئـازادی تـاك و مافـی ڕادەربڕیـن و شـێوازەکانی گوزارشـت لێکردنـی هەیـە، چ بـە کۆبوونـەوە یـان خۆپیشـاندان و ڕێپێـوان بێـت لـە نـاوەوە یـان لـە دەرەوەی ناوەندەکانـی خوێنـدن.

١٤- هەوڵــی دەســتەبەرکردنی مــاف و داخــوازی قوتابیانــی پارچەکانــی تــری کوردســتان دەدات لــە ناوەندەکانــی خوێندنــی هەرێمــی کوردســتان.

**لەسەر ئاستی قوتابیان:**

١- پشــتگیری خوێندنــی زۆرەملێ(الزامــی) دەکات لــە قۆناغــی بنەڕەتــی، بــە شــێوەیەك کــە هەمــوو ناوچەکانــی کوردســتان بگرێتــەوە، هەروەهــا بایەخــی تــەواو بدرێــت بــە خولەکانــی نەهێشــتنی نەخوێنــدەواری.

٢- وانــەکان لــە هەمــوو قۆناغەکانــی خوێنــدن بــە زمانــی کــوردی بێــت لــە هەرێمــی کوردســتان و وانــەی زمانــی کــوردی لــە ڕیــزی وانــە بنەڕەتییــەکان بێــت لــە ناوچەکانــی تــری عێراقــی فیدراڵــدا و، ڕێزگرتنــی نەتەوەکانــی تــر کــە خوێندنیــان بــە زمانــی زگماکــی خۆیــان بێــت.

٣- تێروتەســەل و دەوڵەمەندکردنــی پڕۆگرامەکانــی خوێنــدن بــە گیانــی کوردایەتــی و داب و ســەنایەتی نەتەوەکەمــان و مێــژوو و جوگرافیــای کوردســتان، کــە لەگــەڵ بەرەوپێشــچوونی زانســت و شارســتانیەتی هاوچەرخــی مرۆڤــدا بگونجێــت.

٤- پاراستنی پیرۆزی و سەربەخۆیی ناوەندەکانی پەروەردە و فێرکردن.

٥- هەوڵدان بۆ فێرکردن و بەکارهێنانی پیتی لاتینی لە قوتابخانەکاندا.

٦- ناردنی قوتابیانی کوردستان بۆ درێژەدان بە خوێندن لە دەرەوەی وڵات.

٧- بایەخــدان بــە پەرتوکخانــەکان و دەوڵەمەندکردنیــان بــە پەرتوکــی هەمەجــۆر و ڕاهێنانــی قوتابیــان لەســەر خوێندنــەوە و هاندانیــان بۆ دانانــی پەرتوکخانە لــە ماڵەکانیاندا.

٨- بایەخــدان بــە وانەکانــی نیگارکێشــان و وەرزش و سرود بــۆ پــەروەردە و گەشــەپێکردنی ئــارەزوو و بەهرەکانــی قوتابیــان.

٩- دژی هەمــوو کۆتوبەندێکــی کۆمەڵایەتــی و دواکەوتوڕەییــن کــە لــە ســەر قوتابیانــی کــچ دادەنرێــت بــۆ ڕێگەگرتــن و بەربەســتدانان لــە خوێندنیــان.

١٠- گرنگیــدان بــە قوتابخانــە نمونەییــەکان و هەوڵــدان بــۆ فراوانکردنەوەیــان تــا هەمــوو قوتابخانەکانــی کوردســتان بگرێتــەوە.

١١- گرنگیدان بەخوێندنی تێکەڵاو لە قۆناغەکانی ئامادەییدا.

١٢- یارمەتیدانــی ئــەو قوتابییانــەی کــە ڕۆڵــەی شــەهید و پێشــمەرگەی پەککەوتــە و قوربانیانــی کیمیابــاران و پرۆســەکانی ئەنفالــن.

١٣- هەوڵــدان بــۆ دروســتکردنی پەیوەندییەکــی تەندروســت لــە نێــوان مامۆســتایان و قوتابیانــدا.

١٤- قوتابیانــی ئامادەییــە پیشــەییەکان لــە زانکــۆ و پەیمانــگا باڵاکانــدا بەپێــی پســپۆرییان وەربگیرێن.

١٥- دانانــی پلانــی نوێــی پەروەردەیــی و داڕشــتنی پرۆگرامەکانــی پــەروەردە بــە شــێوەیەکی ســەردەمییانە.

١٦- بایەخــدان بــە قوتابخانــە پیشــەییەکان و پەیمانــگاکان و هاندانــی قوتابیــان بــۆ خوێنــدن لــەو ناوەندانــەدا تاوەکــو کادری ناوەنجییــان لــێ پەیــدا بێــت و بەشــداری لــە ئاوەدانکردنــەوەی کوردســتان بکــەن.

١٧- هاندانی قوتابیانی داهێنەر و بەتوانا و دابینکردنی پێداویستییەکانیان.

١٨- هەوڵــدان بــۆ شــیاندنەوەی ئــەو قوتابییانــەی کــە تووشــی لادان و تــاوان دەبــن، بــۆ نــاو خێــزان و کۆمەڵگــە لــە ڕێگــەی چاکســازی کۆمەڵایەتییــەوە.

١٩- گرنگیــدان بــە کۆلێــژە ئەهلییــەکان بــەو شــێوەی دیراســەتکردنیان لــە ڕووی مامۆســتا و پێداویســتی خوێندنــەوە.

٢٠- گرنگیدان بە کەسایەتی قوتابی و پەروەردەکردنیان بە شێوەیەکی دروست.

٢١- ڕێکخســتن و ئەنجامدانــی ئــۆردوگای هاوینــە بۆ پێگەیاندنــی قوتابیــان و پەروەردەکردن و جۆشــاندنیان بە بیروباوەڕی نیشــتمانپەروەری و دیموکراسی.

٢٢- بایەخــدان بــە تەندروســتی قوتابیان لە قوتابخانەکاندا و دەســتەبەرکردنی چارەســەرییان و ڕەچاوکردنــی مەرجە تەندروســتییەکان لــە ناوەندەکانی خوێندن.

٢٣- دابینکردنــی کار و دامەزراندنــی دەرچووانــی زانکــۆ و پەیمانــگاکان و ئامادەییــە پیشــەییەکان لەگــەڵ ســوودوەرگرتن لــە توانــا و پســپۆرییە زانســتییەکانیان.

٢٤- بایەخـدان بـە ئەنجومەنـی بـاوکان و دایـکان و مامۆسـتایان و قوتابیـان بـۆ بەشـداریکردن لـە بەرەوپێشـبردنی پـەروەردە و فێرکـردن، و هەروەهـا چالاککردنـی ڕۆڵـی توێـژەری کۆمەڵایەتـی و دەروونـی لەسـەرجەم ناوەندەکانـی خوێندنـدا.

٢٥- هەوڵـدان بـۆ دروسـتکردنی کۆمەڵـگای بەشـی ناوخۆیـی بـۆ قوتابیـان بـە شـێوەیەکی سـەردەمییانە کـە هەمـوو پێداویسـتییەکانی خوێنـدن و پشـووی تێـدا بێـت.

٢٦- گرنگیـدان بـە خوێندنـی کـوردی لـە ناوچـە تـازە ئازادکراوەکانـی کوردسـتان و کردنـەوەی خولـی تایبـەت بـۆ فێربـوون و گەشـەپێدانی زمانـی کـوردی لـەو ناوچانـە.

٢٧- هاوکاریکردنی قوتابیانی کەمدەرامەت بۆ تەواوکردنی خوێندن.

٢٨- هەوڵـدان بـۆ گەڕانـەوەی کادیـرە زانسـتی و خـاوەن بڕوانامـە بـەرزەکان لـە دەرەوەی وڵات بـۆ سـوودوەرگرتن لـە توانـا و پسـپۆرییان.

**لەسەر ئاستی زانستی:**

١- گرنگیـدان بـە دامەزراندنـی سـەنتەر و مەڵبەنـدی ڕۆشـنبیری و هونەریـی تایبـەت بـە قوتابیـان و دەسـتەبەرکردنی باشـترین هۆکارەکانـی پێشخسـتنی بەهـرە و تواناکانیـان.

٢- بایەخدان بەرەوانە پراکتیکی و تاقیگە زانستییەکان لە ناوەندەکانی خوێندندا.

٣- پەرەپێدانـی زانکۆکانـی کوردسـتان و هەوڵـدان بـۆ کردنـەوەی زانکـۆ و پەیمانـگا و کۆلێـژی تـر و بەشـەکانیان بەپێـی پێویسـتی و خواسـتی بەرزکردنـەوەی ئاسـتی زانسـتی لەگـەڵ فەراهەمکردنـی زەمینـەی دروسـت.

٤- پێویسـتە پرۆگرامەکانـی خوێندنـی زانکۆکانـی کوردسـتان لەگـەڵ ئاسـت و پێشـکەوتنی زانسـت و پرۆگرامـی تـازەی خوێندنـی زانکۆکانـی جیهـان بگونجێندرێـت و لـەم پێناوەدا کۆنگـرەی زانسـتی ببەسـترێت.

٥- کارکـردن لەسـەر بـواری وەرگێـڕان و کردنـەوەی سـەنتەری وەرگێـڕان بـۆ پرۆگرامەکانـی خوێنـدن و سـەرچاوە زانسـتییەکان.

٦- هاندانی قوتابیان بۆ سـازدان و پێشکەشـکردنی توێژینەوە و ڕێکخسـتنی کۆڕ و سیمیناری

زانستی و ئەدەبی و ڕۆشنبیری لە ناوەوە و دەرەوەی مەڵبەندەکانی خوێندن.

٧- گرنگیدان بە خوێندنی کۆمپیوتەر و ئینتەرنێت لە سەرجەم قۆناغەکانی خوێندن.

**لەسەر ئاستی ڕێکخراوەیی:**

١- پەیوەندییەکانی یەکێتی قوتابیانی کوردستان لەسەر بنەمای تێگەیشتن و بەرژەوەندی دوولایەنە دەبێت.

٢- ئەنجامدانی هەڵبژاردنی ساڵانەی نوێنەرایەتی قوتابیان و بەشداربوونی نوێنەران لەو کاروبارانەی کە پەیوەستن بە قوتابیان، لەگەڵ دەستە کارگێڕییەکان، لە هەموو ئاستەکاندا.

٣- پەرەدان بە پەیوەندیی دۆستانە لەگەڵ سەرجەم ڕێکخراوەکانی قوتابیان لە جیهاندا بۆ پێناساندنی دۆزی وای گەلی کوردستان و پشتگیریکردنی لە چالاکییەکانیان و سوودوەرگرتن لە شارەزایی و تواناکانیان.

٤- یەکێتی قوتابیانی کوردستان، گرنگی دەدات بە پەیوەندی لەگەڵ ئەو ڕێکخراوانەی کە ڕێز لە مافەکانی خەڵکی کوردستان دەگرن و بڕوایان بە هەرێمی کوردستان هەیە دەدات.

٥- هەوڵدان بۆ دروستکردنی پەرلەمانێکی قوتابییانە لەسەر بنچینەی هەڵبژاردن تاوەکو ببێتە چەترێك بۆ هەموو قوتابیانی کوردستان.

٦- هەوڵدان بۆ ڕێکخستنی قوتابیانی کوردستان لە دەرەوەی وڵات و هاندانیان بۆ خزمەتکردن و پشتگیریکردنی هەرێمی فیدراڵی کوردستان.

٧- پشتگیری لە خەباتی ڕێکخراوەکانی قوتابیان دەکات لە پارچەکانی تری کوردستان و هەوڵی بەهێزکردنی پەیوەندی و هاوکارییان دەدات.

٨- پەرەدان بە هاوکاری و پەیوەندی لەگەڵ ڕێکخراوە جەماوەری و پیشەییەکانی تری لاوان و ئافرەتان و مامۆستایان و گشت سەندیکا و ڕێکخراوە دیموکراسییەکانی تر بە پێویست دەزانێت.

٩- هەوڵدان بۆ بنیاتنانی پەیوەندی توندوتۆڵ لەگەڵ ڕێکخراوە ناحکومییەکان بۆ وروژاندنی زیاتری پرسی قوتابیان و گەنجان.

١٠- بەهێزکردنــی پەیوەنــدی لەگــەڵ کەرتــی بازرگانــی تایبــەت بــۆ دروســتکردنی ســەرچاوەی داهــات.

**لەسەر ئاستی نەتەوەیی:**

١- یارمەتیدانــی قوتابیانــی بەشــەکانی تــری کوردســتان کــە بــە هــۆی خەباتــی سیاســی پەرتــەوازە دەبــن و زامنکردنــی خوێندنیــان لــە هەرێمــی کوردســتان.

٢- پشــتگیریکردنی بزوتنــەوەی ئازادیخــوازی نەتەوەیــی کــورد لــە هەمــوو پارچەکانــی کوردســتان و هاوکاریکردنیــان بــۆ دەســتەبەرکردنی مافەکانــی.

٣- تێکۆشــان لــە پێنــاوی یەکخســتنی بزوتنــەوەی ئازادیخــوازی کوردســتان لــە هەمــوو پارچــەکان بــە ڕێگایەکــی ئاشــتییانە.

٤- پشــتگیری یەکگوتاریــی کــورد و دانانــی ســتراتیژیەتێك بــۆ پاراســتنی ئاسایشــی نەتەوەیــی کوردســتان.

٥- هەوڵدان بۆ بەستنی کۆنگرەیەکی نێودەوڵەتی بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد.

٦- هەوڵــدان بــۆ ئۆرگانیزەکردنــی وەنــدی کــورد لــە دەرەوەی وڵات بــۆ زیاتــر ناســاندنی کــورد و کێشــەی لــە جیهــان.

٧- پشــتگیریکردن لــە هــەر هەنگاوێکــی زانســتییانە بــۆ بەدیهێنانــی زمانــی ســتانداری کــوردی و بەکارهێنانــی.

**لەسەر ئاستی نیشتمانی:**

١- پشــتگیریکردنی پەرلەمــان و حکومەتــی هەرێمی کوردســتان لــە پێناوی دەســتەبەرکردنی خواســت و مافەکانی خەڵکی کوردســتان.

٢- پشــتگیری بڕیــاردان لەســەر دەســتوری کوردســتان دەکات کــە تێیــدا ســەرجەم مــاف و داخوازییەکانــی گەلــی کوردســتان فەراهــەم کرابــن.

٣- پاڵپشــتی لــە سیســتەمی دیموکراتــی پەرلەمانیــی فرەیــی لــە کوردســتانی ســەربەخۆ دەکات بــە شــێوەیەك کــە کەرکــوك و خانەقیــن و شــەنگار و هەمــوو شــار و ناوچەکانــی تــری کوردســتان بگەڕێنــەوە ســەر کوردســتان.

٤- هەوڵـدان بـۆ قەرەبوکردنـەوە و دەسـتبەرکردنی بژێـوی ژیانـی کەسـوکاری ئەنفـال و کیمیابـاران و زیانپێکەوتووانـی سیاسـەتی دڕندانـەی ڕژێمـی بەعـس و دەسـتەبەرکردنی داخوازییەکانـی بنەماڵـەی شـەهیدان.

٥- پشــتگیری هەوڵەکانــی چاکســازی و نەهێشــتنی کەموکــوڕی و نالەبــاری ئیــداری و دارایــی لــە دامودەزگاکانــی حکومەتــی هەرێمــی کوردســتان.

٦- پشـتگیری هەوڵەکانـی حکومـەت بـۆ گرنگیـدان بـە کەرتـی تایبـەت بـۆ بووژاندنـەوەی ئابووری کوردسـتان.

٧- بایەخدان بە فەرهەنگ و کەلەپوری کوردی و هاندانی قوتابیان بۆ پاراستنیان.

٨- تێکۆشـان لـە پێنـاو نەهێشـتنی شـوێنەوارەکانی سیاسـەتی بەعەرەبکـردن و شـێواندنی پێکهاتـەی دیمۆگرافـی شـار و ناوچەکانـی کوردسـتان.

٩- بەشداریکردن لە گەشەپێدان و ئاوەدانکردنەوەی کوردستان.

١٠- پشتگیریکردنی پێدانەوەی ڕەگەزنامەی عێراقی بە کوردە فەیلییەکان و ئەو هاووڵاتییانەی لێیان سەندراوەتەوە و دابینکردنی ژیانیان و قەرەبووکردنەوەی زیانەکانیان.

١١- پاراستن و گرنگیدان بە ژینگە و شوێنەوارەکانی کوردستان و گەشەپێدانی گەشتیاری.

**لەسەر ئاستی جیهانی:**

١- لەپاڵ هەڵمەتی جیهانی دژی تیرۆر هاوڕا و هاوپەیمان دەبین.

٢- گونجاندنـی خەباتـی قوتابیانـی کوردسـتان لەگـەڵ گۆڕانکارییـە هەرێمـی و نێودەوڵەتییـەکان بـەو شـێوەیەی کـە لـە بەرژەوەنـدی پرسـی ڕەوای میللەتـی کورددایـە.

٣- تێکۆشــان لــە پێنــاو بڵاوبوونــەوەی ئاشــتی و دیموکراســی لــە جیهانــدا و ڕێزگرتــن و پاراســتن و مافەکانــی مــرۆڤ.

٤- تێکۆشان دژی داگیرکردن و دەستێوەردان.

٥- هاوکاریکردنـی بزوتنـەوەی ئازادیخـوازی گـەلان لـە پێنـاو بەدیهێنانـی ژیانێکـی پـڕ لـە ئاشـتی و ئـازادی بـۆ گـەل.

## پەیڕەوی ناوخۆ

**بەندی یەکەم**

**یەکێتی**

**١ـ١- ناوی ڕێکخراو:**

یەکێتی قوتابیانی کوردستان، بە پیتەکانی (ی. ق. ك) هێمای بۆ دەکرێ.

**١ـ٢- پێکهاتە:**

یەکێتی قوتابیانی کوردستان، لە یەکگرتنی ئارەزوومەندانەی ئەو قوتابییانە پێك دێت کە بڕوایان بە کارنامە و پەیڕەوی ناوخۆی (ی. ق. ك) هێناوە و بەوپەڕی دڵسۆزییەوە بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی تێ دەکۆشن.

**١ـ٣- سنووری کارکردن:**

سنووری هەرێمی کوردستانە و بەپێی پێویست لێژنەی ڕاپەڕاندن بۆی هەیە ناوەندی پارێزگا و لق لە دەرەوەی کوردستان بکاتەوە.

**١ـ٤- پەیام:**

«زانست و خەبات لەپێناو پێگەیاندنی نەوەیەکی ئازاد، بەرەو دواڕۆژێکی پڕشنگدار».

**١ـ٥- ئارمی (ی. ق. ك):**

پێکهاتەی بەم شێوەی خوارەوەیە:

خۆر: نیشانەی پەیدابوونی ژیان و ڕووناکی و ئازادی و هەردەم نوێبوونەوەیە و ١٨ تیشکەکە هێمایە بۆ ١٨ی شوبات، رۆژی دامەزراندنی یەکێتییەکەمان.

چیا: نیشانەی بەرخودان و خۆڕاگرییە و ئاماژەیە بە سروشتی کوردستان، چوار شاخەکە هێمایە بۆ چوار پارچەی کوردستان و حەتمیەتی بەیەکەوەبەستان و یەکپارچەیی.

پەرتوك: بەڵگەی زانست و زانیاری و خوێندەواری و شارستانیەتە و نیشانەی خوێندنە کە پیشەی قوتابییانە، لەناو پەرتوکەکەش ناوی یەکێتییەکەمان تۆمار

کـراوە، بـە واتـای بایـەخ و گرنگیدانـی (ی.ق.ك) بـە خوێنـدن و زانسـت و فێربـوون.

دەسـت: دەسـت و بـازووی قوتابیانـی کوردسـتان و نیشـانەی هـەوڵ و تێکۆشـانە، ڕەنگـی ڕەش و سـپی بـە واتـای جیـاوازی نەبـوون بەکارهاتـووە.

بۆشـایی نێـوان دوو دەسـتەکە: (پیتەکانـی یەکەمـی یەکێتییەکەمانـی بـە زمانـی ئینگلیـزی تێـدا تۆمـار کـراوە) لـە بنکەکەیـدا فراوانـە و لـە لوتکەکەیـدا تیـژە و لـە شـێوەی سێگۆشـەیە و نیشـانەی بەرزبوونـەوە و بـەرەو ئامانـج و سـەرکەوتنە.

١٩٥٣ : ساڵی دامەزراندنی یەکێتی قوتابیانی کوردستان.

تێکـڕای ئاڕمەکـەی لـە شـێوەی سـەرەڕمدایە کـە ڕەنگدانـەوەی وتەکـەی بارزانیـی نەمـرە: «قوتابیـان سـەری ڕمـن لـە گشـت شـۆڕش و ڕاپەڕینێکـدا».

**بەندی دووەم:**

**ئەندامێتی**

**٢ـ١- ئەندامێتی:**

أ. ئەندامانـی (ی.ق.ك) لـە قوتابیانـی قۆناغەکانـی ئامادەیـی و کۆلێـژ و پەیمانـگاکان پێـك دێـن.

ب. قوتابیانـی قۆناغـی بنەڕەتـی لـە پۆلەکانـی (٧ ـ ٨ ـ ٩) دەبنـە (ئەنـدام)ی یەکێتـی قوتابیـان و تەنیـا لـە ناوەندەکانـی خوێندنـی خۆیـان مافـی بەشـداربوونیان لـە پرۆسـەکانی هەڵبژاردنـی ناوخۆییـدا دەبێـت و جگـە لەمـە هەمـوو مـاف و ئەرکەکانـی تـری (ئەندام)ییـان دەبێـت.

ت. قوتابیانـی دەرەکـی و کۆلێژەکانـی سـەربازی پۆلیـس و قۆناغـی بنەڕەتـی (٦,٥,٤,٣,٢,١) نابنـە ئەنـدام لـە یەکێتیـدا.

**٢ـ٢- مەرجەکانی ئەندامێتی:**

هـەر قوتابییـەك بەبـێ ڕەچاوکردنـی ڕەگـەز، نەتـەوە، ئایـن، شـوێن لەلایـەن ئەندامێکـی یەکێتییـەوە پشـتگیری بکرێـت مافـی ئـەوەی هەیـە ببێتـە ئەنـدام یـان ئەندامـی کارا، بـە ڕەچاوکردنـی قۆناغـی خوێنـدن لـە دوای ئـەوەی فۆڕمـی داواکاری

ئەندامێتــی پــڕ بکاتــەوە بەپێــی ئــەم مەرجانــە:

١- بــڕوای تــەواوی بــە کارنامــە و پەیــڕەوی ناوخــۆی یەکێتــی هەبێــت و خەبــات لــە پێنــاو بەدیهێنانــی ئامانجەکانیــدا بــکات.

٢- لە یەکێك لە ئۆرگانەکانی یەکێتیدا کاری ڕێکخراوەیی خۆی بکات.

٣- لە کارکردندا دڵسۆز و وردبین بێت و لە بەڵێنەکانیدا ڕاستگۆ بێت.

٤- بــەو ڕێژەیــەی لێژنــەی ڕاپەڕانــدن دیــاری دەکات ئابوونــەی ئەندامێتــی بــدات و ڕێوشــوێنی وەرگرتنــی دادەنــێ.

٥- لە یەکێك لە ناوەندەکانی خوێندندا درێژەی بە خوێندنی بدات.

**٢ـ٣- ئەرکەکانی ئەندامێتی:**

١- پەیڕەوی دیسیپلینی نێوخۆی یەکێتی و پلەکانی ڕێکخستن بکات.

٢- ئامانج و بیروباوەڕی یەکێتی بڵاو بکاتەوە و بەرگری لە یەکگرتوویی ڕیزەکانی بکات.

٣- کۆشش بۆ بەرفراوانکردنی ڕێکخستنی یەکێتی بکات و ئەندامی نوێ بهێنێتە ڕیزەوە.

٤- بەشداری لە کۆبوونەوە و چالاکییە جۆراوجۆرەکانی یەکێتیدا بکات.

٥- هەوڵ بدات بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی زانستی و ڕۆشنبیری و هۆشیاری خۆی.

٦- دەبێ لە کاتی گۆڕینی ناوەندی خوێندنیدا ئەندامێتی خۆی بگوازێتەوە بۆ ئەو ناوەندەی کە تیایدا دەخوێنێت.

٧- هەوڵ بدات ئەوپەڕی شەفافیەت لە کارەکانی یەکێتی قوتابیانی کوردستاندا پەیڕەو بکات.

**٢ـ٤- مافەکانی ئەندامێتی:**

١- ئەندامی یەکێتی لە سنووری چالاکی خۆیدا مافی ڕەخنە و ڕەخنە لەخۆگرتنی هەیە.

٢- مافی دەنگدان و خۆپاڵاوتنی لە ئۆرگانەکانی یەکێتیدا هەیە، بە چاوگرتنی (ب) لە بڕگەی (١)ی بەندی (٢).

٣- لەکاتی هەستکردن بە پێشێلکاری مافەکانی بۆی هەیە داوای مافی خۆی بکات.

٤- لە کاتی پێویستدا داوای یارمەتی بکات، دەزگای سەرووی خۆی دەسەڵاتی بڕیاردانی ڕادەی یارمەتی هەیە.

٥- لە ڕێگای پێشکەشکردنی داواکاری بە نووسراو مافی وازهێنانی لە یەکێتیدا هەیە.

٦- لە کاتی پێویستدا و لەکاتی چاك بەڕێوەبردنی چالاکییەکانی سوپاسنامەی ئاراستە دەکرێت.

**٢ـ٥- سزاکان:**

بەپێـی ئاسـتی دەزگاکان و جـۆری سـەرپێچییەکە دەزگاکانـی یەکێتـی دەسـەڵاتی ئـەم سـزایانەیان هەیـە:

١- ئاگادارکردنەوە.

٢- سەرنجڕاکێشان.

٣- تەجمیدکردن(سڕکردن) وەستاندن.

٤- پێبژاردن(غرامـە) لـە کاتـی خـراپ مامەڵەکـردن بـە دەرامـەت و دارایـی یەکێتـی قوتابیانـی کوردسـتان.

٥- پلەداگرتن.

٦- وەرگرتنــەوەی پلــە: کادیــر لــە کاتــی جێبەجێنەکردنــی ئەرکەکانــی بەپێــی پەیــڕەو پلــەی لــێ وەردەگیرێتــەوە.

٧- دەرکـردن: لـە کاتـی ئەنجامدانـی هـەر کرداریـك کـە سـەرپێچی بێـت بـۆ پەیـڕەوی یەکێتـی و سیسـتەمی گشـتی(نظام عـام) ئـەوا لـە ڕیزەکانـی یەکێتـی دوور دەخرێتـەوە و دەردەکرێـت.

سـزاکان بەپێـی سـەرپێچییەکە لەلایـەن دەزگاکانـەوە دەدرێـن، جگـە لـە خاڵـی (٢ـ١) سـزاکانی تـر بەپێـی لێکۆڵینـەوەی ورد و بەدواداچـوون دەسـەپێندرێن.

**بەندی سێیەم:**

**ئۆرگانەکانی یەکێتی**

یەکێتـی قوتابیانـی کوردسـتان لەسـەر بنەمـای دیموکراسـی پێـك هاتـووە و هەمـوو ئۆرگانەکانـی یەکێتـی بـە دەنگـی زۆرینـەی ئاسـایی و نهێنـی هەڵدەبژێردرێـن، هەروەهـا پەیـڕەوی سـەرکردایەتی بەکۆمـەڵ دەکـەن و گشـت بڕیـارەکان بـە زۆرینـەی ئاسـایی دەردەچـن و ڕێکخسـتن لەسـەر ئـەم پرەنسـیپانە دامـەزراوە :

**٣ـ١- نوێنەری هۆبە:**

بچوکتریـن و گرنگتریـن یەکـەی ڕێکخسـتنە، ئەندامێکـی یەکێتـی هەڵـی دەسـوڕێنی کـە بـە دەنگـی ئەندامـان لـە هۆبـەدا هەڵدەبژێـردرێ.

**٣ـ٢- ئەرکەکانی نوێنەری هۆبە:**

١- دروستکردنی پەیوەندی لە نێوان ئەندامان بۆ بەشداریکردنی چالاکییەکانی یەکێتی.

٢- کۆکردنەوەی ئابوونە.

٣- بەرپرسـە لـە گەیاندنـی بیروبۆچـوون و داخوازییەکانـی ئەندامـان و قوتابیـان بـۆ لێژنـەی قوتابخانـە و بـە پێچەوانـەوە.

**٣ـ٣- لێژنەی قوتابخانە:**

لێژنـە لـە (٣ـ٧) هەڤـاڵ پێـك دیـت کـە ڕاسـتەوخۆ لەلایـەن نوێنەرانـی هۆبـەکان لـە ناوەندەکانـی خوێنـدن هەڵدەبژێردرێـن و سەرپەرشـتیی کارەکانـی یەکێتـی لـەو شـوێنە دەگرێتـە ئەسـتۆ و ئەڵقـەی پەیوەندییـە لـە نێـوان قوتابیـان و بەڕێوەبەرایەتـی ناوەندەکـە و دەزگای سـەرووی خـۆی.

١- بەلای کەمەوە دەبێت مانگانە جارێك کۆ ببێتەوە و ڕاپۆرت بەرز بکاتەوە.

٢- دەبێت مانگی جارێك کۆبوونەوەی فراوان لەگەڵ نوێنەرایەتی هۆبەکان ئەنجام بدات.

٣- بەرپرسیارە بەرامبەر گەشەکردن و چالاکییەکانی یەکێتی لە سنووری کارکردنیدا.

٤- دەسەڵاتی سزادانی خاڵەکانی (١ـ٢)ی هەیە لە بەندی (٢)ی بڕگەی (٥).

٥- ئەرکـی زەمینـە خۆشـکردنی بـۆ سەرخسـتنی پاڵێوراوانـی یەکێتـی دەکەوێتـە ئەسـتۆ لــە هەڵبژاردنەکانــی نوێنەرایەتــی قوتابیانــدا.

٦- لق بۆی هەیە لە کاتی پێویست هاوکاریی بکات.

**٣ـ٤- لێژنەی کۆلێژ و پەیمانگا:**

١- هەمان ئەرك و دەسەڵاتی لێژنەی قوتابخانەی دەبێت.

٢- لێژنەی ڕاپەڕاندنی هاوکاری و میزانییەی بۆ دادەنرێت.

**٣ـ٥- لق:**

لـە هـەر شـوێنێك سـنووری هەرێمـی کوردسـتان قـەزا یـان پـەروەردە هەبێـت بـارەگای لقـی لـێ دەبێـت بـۆ چاودێریکـردن و کارکردنـی ڕێکخسـتنەکانی یەکێتـی دادەنرێـت و لـە (٧) هەڤـاڵ پێـك دێـت. لەلایـەن لێژنـەی ڕاپەڕانـدن بـە ڕەچاوکردنـی ڕێـژەی ئەندامـان بڕیـاری لەسـەر دەدرێـت.

١- بەرپرســی لقــەکان لــە کۆبوونــەوەی بەرفراوانــی ناوەنــدی پارێــزگا کــە مانگانــە دەبەســترێت بەشــداری دەکــەن.

٢- سەرپەرشتی جموجوڵەکانی یەکێتی دەکات لە سنووری چالاکی خۆیدا.

٣- بەرپرسیارە بەرامبەر گەشەکردنی چەندێتی و چۆنێتی ڕێکخستنەکانی یەکێتی.

٤- مانگانە کۆبوونەوەی خۆی دەکات، بەشەکانی لق بە جیا ڕاپۆرتی خۆیان بۆ ناوەندی پارێزگا دەربارەی باری یەکێتی لەم ماوەیەدا لە هەموو ڕوویەکەوە بەرز دەکەنەوە.

٥- لق پابەندە بە جێبەجێکردنی بڕیار و ڕێنمایی و ڕاسپاردەکانی دەزگاکانی سەرووی خۆی.

٦- پێویسـتە لـق دوو مانـگ جارێـك کۆبوونـەوەی ئاسـایی (لـق و لێژنـەی قوتابخانـەکان) سـاز بـکات.

٧- لـق دەسـەڵاتی سـەپاندنی سـزاکانی (٤،٣،٢،١)ی بەنـدی (٢) بڕگـەی (٥)ی هەیـە بـۆ سـەپاندنی خاڵـی (٦،٥)ی سـزاکان پێویسـتی بـە ڕەزامەندیـی ناوەنـدی پارێـزگا هەیـە.

٨- کۆنفرانسـی لـق پێـك دێـت لـە بەرپرسـی دەسـتەی لێژنـە قوتابخانـە (ئامادەیی)یـەکان

و دەستەی کارگێڕی لق کە ساڵانە دەبەسترێت بۆ هەڵبژاردنی دەستەی لق و هەڵسەنگاندنی بارودۆخی ڕێکخستن.

**٣ـ٦- لقی کۆلێژ و پەیمانگاکان:**

١- لە دەسەڵاتی مەکتەبی سکرتاریەتدا هەیە بەپێی پێویست لقی کۆلێژ یاخود پەیمانگا لە ناو ناوەندی پارێزگادا بکاتەوە و بۆ دەرەوەی پارێزگاکان ئەگەر لە سێ کۆلێژ و پەیمانگا زیاتر هەبوون لقی بۆ دەکرێتەوە، بە پێچەوانەوە هەر کۆلێژ یان پەیمانگایەك ڕاستەوخۆ سەر بە ناوەندی زانکۆ و پەیمانگاکانی پارێزگا دەبێت.

٢- سەرجەم ئەرك و دەسەڵاتەکانی لقی دەبێت.

**٣ـ٧- ناوەندی پارێزگا و ناوەندی زانکۆ و پەیمانگاکانی پارێزگا:**

١- ناوەندی پارێزگا یان ناوەندی زانکۆ و پەیمانگاکانی پارێزگا پێکدێت لە :

أ. لێپرسراوی ناوەند: کە بە شێوەی ڕاستەوخۆ لە کۆنفرانسی نێوخۆیی ساڵانەی ناوەندی پارێزگا هەڵدەبژێردرێت و دەبێت بە ئەندامی لێژنەی ڕاپەڕاندن لەو ماوەیەی کە بەرپرسی ناوەندە.

ب. لە (٦) کارگێڕ پێك دێت کە لە کۆنفرانسی نێوخۆیی ساڵانەی ناوەندی پارێزگادا هەڵدەبژێردرێن.

٢- لێژنەی ناوەندی پارێزگا مانگی جارێك کۆ دەبێتەوە و دوای پەسەندکردنی لە کۆبوونەوەی ناوەندی پارێزگا هەر بەشە و ڕاپۆرتی مانگانەی خۆی بە جیا بۆ مەکتەبی سکرتاریەت بەرز دەکاتەوە.

٣- لێژنەی ناوەندی پارێزگا بەرپرسیارە بەرامبەر جێبەجێکردنی ڕاسپاردە و بڕیار و ڕێنماییەکانی مەکتەبی سکرتاریەت.

٤- لێپرسراوی لق و لقی کۆلێژ و پەیمانگاکان لە کۆبوونەوەی فراوانی ناوەندی پارێزگاکانی سنووری کارکردنیان ئامادە دەبن کە مانگانە دەبەسترێت.

٥- دوای لێکۆڵینەوە دەسەڵاتی سەپاندنی سزاکانی (٦,٥,٤,٣,٢,١)ی بەندی (٢)ی بڕگە (٥) هەیە.

٦- کۆنفرانسی ناوەندی پارێزگا و ناوەندی زانکۆ و پەیمانگاکانی پارێزگا ساڵانە دەبەسترێت و پێك دێت لە : ستافی ناوەندی پارێزگا و ئەندام بەشەکانی و دەستەی کارگێڕی لق و لقی کۆلێژ و پەیمانگاکان.

**بەندی چوارەم:**

**دەزگاکانی سەرکردایەتیکردن**

**٤ـ١- کۆنگرە:**

بەرزترین دەسەڵاتە لە یەکێتیدا، پێك دێت لە ئەندامانی مەکتەبی سکرتاریەت و یەدەگەکانی، وە ئەندامانی لێژنەی ئامادەکردن و ئەوانەی بەپێی ئەو سیستەمە هەڵبژاردنەی کە دادەنرێت و بەپێی رێژەی دیاریکراو لەلایەن لێژنەی ڕاپەڕاندن، هەڵبژێردراون لە ناوەندەکانی خوێندن.

کۆنگرە دوو ساڵ جارێك دەبەسترێت و دەسەڵاتی گۆڕینی ناو و ئارم و دروشم و هەڵوەشاندنەوەی یەکێتی و دەستکاریکردنی کارنامە و پەیڕەوی ناوخۆی هەیە، لە کاتی ئەنجامنەدانی کۆنگرە لێژنەی ڕاپەڕاندن هۆکارەکەی ڕادەگەیەنێ.

**٤ـ٢- لێژنەی ڕاپەڕاندن:**

١- بەرزترین دەسەڵاتی بەرنامەڕێژییە لە یەکێتیدا لەماوەی نێوان دوو کۆنگرە.

٢- پێك دێت لە مەکتەبی سکرتاریەت و یەدەگەکان و بەرپرسی ناوەندی پارێزگاکان، هەر (٣) مانگ جارێك ئاسایی کۆ دەبنەوە یان لەسەر داوای (٣/٢)ی ئەندامانی لێژنەی ڕاپەڕاندن کۆبوونەوەی نائاسایی ئەنجام دەدات.

٣- کاری دابەشکردن و چاودێریکردنی میزانیە و دارایی یەکێتی لەبەرچاو دەگرێت.

٤- دانانی ستراتیژیەتی یەکێتی قوتابیانی کوردستان لە ئەستۆ دەگرێت و پلانی کار و چالاکییەکانی یەکێتی دادەڕێژێت.

٥- بڕیاردان لە کاتی پێویست و نائاسایی.

٦- دەسەڵاتی دیاریکردنی ژمارەی ئەندامبەشەکانی مەکتەبی سکرتاریەت و ناوەندی پارێزگاکانی هەیە کە لە دەستپێکی دەستبەکاربوونی لێژنەی ڕاپەڕاندن بڕیار لەسەر ژمارەکە دەدرێت و لە کاتی پێویستدا بۆی هەیە زیادی بکات.

٧- کۆبوونەوەی لێژنەی ڕاپەڕاندن لە کاتی دیاریکراوی خۆیدا دەبەسترێت و تێیدا چاوخشاندنەوە دەکرێت بە سەرجەم کارەکانی مەکتەبی سکرتاریەت و ناوەندی پارێزگاکان و هەڵسەنگاندنیان بۆ دەکرێت و بەرنامەی کاری ئایندەی یەکێتی دادەڕێژرێت.

٨- (٣/٢)ی ئەندامانی لێژنەی ڕاپەڕاندن لە کاتی پێویست دەتوانن داوای هەڵبژاردنەوەی دەستەی کارگێڕی مەکتەبی سکرتاریەت بکەن لە کاتێك وادەی هاتنی هەڵبژاردن نەهاتبێ.

٩- لێژنەی ڕاپەڕاندن لە سنووری ئەو ناحییانەی کە کردنەوەی لق تێیاندا پێویستە دەسەڵاتی بڕیاری هەیە.

**٤ـ٣- مەکتەبی سکرتاریەت:**

١- پێك دێت لە (١٢) ئەندام و (٢) یەدەگ کە ڕاستەوخۆ لە کۆنگرە هەڵدەبژێردرێن.

٢- لە نێوان ئەندامانی مەکتەبی سکرتاریەتدا (٩) هەڤاڵ بە دەستەی کارگێڕی هەڵدەبژێردرێن کە ئەرکی سەرپەرشتیکردنی بەشەکانی مەکتەبی سکرتاریەت لەئەستۆ دەگرن.

٣- مەکتەبی سکرتاریەت بڕیار و ڕاسپاردەکانی لێژنەی ڕاپەڕاندن جێبەجێ دەکات و بەرپرسیارە بەرامبەر کۆبوونەوەی لێژنەی ڕاپەڕاندن.

٤- یەدەگی مەکتەبی سکرتاریەت بە پۆستی ئەندامی بەش لە مەکتەبی سکرتاریەتدا کار دەکەن تەنها لە کۆبوونەوەی بەشی سکرتاریەت و لێژنەی ڕاپەڕاندندا بەشدار دەبن لە کاتی نەمانی سکرتاریەت بە هەر هۆیەك بێت دەبێتە ئەندامی مەکتەبی سکرتاریەت.

٥- کادیرانی مەکتەبی سکرتاریەت لەلایەن مەکتەبی سکرتاریەتەوە دەستنیشان دەکرێن.

٦- دەستەی کارگێڕی مەکتەبی سکرتاریەت مانگانە کۆبوونەوەی ئاسایی خۆی دەبەستێت و لە کاتی پێویستیشدا کۆبوونەوەی نائاسایی دەبەستێت.

٧- مافی سەپاندنی سزاکانی بەندی (٢) بڕگەی (٥)ی هەیە بە سەر ئەندامانی ناوەندی پارێزگاکان، ئەگەر کەمتەرخەمییان کرد یا خود لە پەیڕەو لایان دا یان سەرپێچییان کرد لە

جێبەجێکردنی بڕیارەکانی مەکتەبی سکرتاریەت.

٨- ئەندامانی مەکتەبی سکرتاریەت لە کۆبوونەوەی کارگێڕی مەکتەبی سکرتاریەتدا لەسەر بەشەکاندا دابەش دەکرێن.

٩- مەکتەبی سکرتاریەت دەسەڵاتی دانانی لێژنەی کاتی و هەمیشەیی لە ناو بەشەکانی مەکتەبی سکرتاریەتدا هەیە.

١٠- سکرتێر لە کۆبوونەوەی دەستەی کارگێڕی مەکتەبی سکرتاریەتدا هەڵدەبژێردرێت.

١١- لە کاتی سەرپێچیکردن سزادانی هەر ئەندامێکی مەکتەبی سکرتاریەت و لێژنەی ڕاپەڕاندن بە ڕەزامەندی (٣/٢)ی ئەندامانی لێژنەی ڕاپەڕاندن دەبێت.

**لەم بوارانەی خوارەوەش پلەی لێ وەردەگرێتەوە:**

أ. لە کاتی دواکەوتنی بەستنی بەبێ هۆ، لە دوو کۆبوونەوەی سکرتاریەت یان لێژنەی ڕاپەڕاندندا ئامادە نەبێت.

ب. دوو ساڵ دوای تەواوکردنی خوێندن.

ت. پێشکەشکردنی پێشنیاری لەلایەن خۆیەوە و بە ڕەزامەندی لێژنەی ڕاپەڕاندن دەستلەکارکێشانەوە.

ث. لە کاتی نەمانی بەرپرسی ناوەندی پارێزگا بە هەر هۆیەك کۆنفرانسی ناوەندی پارێزگا تەنها بۆ هەڵبژاردنەوەی بەرپرسی ناوەند دەبەسترێت. (لەکاتێکدا وادەی بەستنی کۆنفرانس نەهاتبێت).

١٢- کۆنگرە ڕوونکردنەوەی پێوست ڕادەگەیەنرێت.

١٣- کۆبوونەوەی لێژنەی ڕاپەڕاندن  لە کاتی دیاریکراوی خۆی دەبەسترێت و تێیدا چاوخشاندنەوە دەکرێت بە سەرجەم کارەکانی مەکتەبی سکرتاریەت و ناوەندی پارێزگاکان و هەڵسەنگاندنیان بۆ دەکرێت و بەرنامەی کاری ئایندەی یەکێتی دادەڕێژێت.

١٤- مەکتەبی سکرتاریەت، هەموو شەش مانگ جارێك لە کۆبوونەوەی ئاسایی خۆیدا، هەڵبژاردنی دەستەی کارگێڕی ئەنجام دەداتەوە.

١٥- مەکتەبی سکرتاریەت لە سکرتێر و ئەم بەشانە پێك دێت:

أ. بەشی ڕێکخستن.

ب. بەشی ئامار و پلان.

ت. بەشی نوێنەرایەتی و کاروباری قوتابیان.

ث. بەشی پەیوەندییەکان.

ج. بەشی ڕاگەیاندن.

ح. بەشی دارایی و بەڕێوەبردن.

خ. بەشی چالاکییەکان.

د. بەشی ڕۆشنبیری و پێگەیاندن.

**پێکهاتەی بەشەکانی مەکتەبی سکرتاریەت:**

لە لێپرسراوی بەش و یەدەگێکی مەکتەبی سکرتاریەت ئەگەر پێویستی کرد پێك دێت.

ئەرکی لێپرسراوی بەش سەرپەرشتیکردن و بەڕێوەبردنی کارەکانە لەگەڵ چەند (کادیربەش) کە مەکتەبی سکرتاریەت بە گوێرەی لێهاتووییان بڕیاریان لەسەر دەدات بۆ هاوکاریکردن.

**١- بەشی ڕێکخستن:**

أ. سەرپەرشتی کار و چالاکییەکانی ڕێکخستنی یەکێتی دەکات، لە ڕێگای ڕاپۆرت و نووسراوی مانگانەی سەرجەم لق و ناوەندی پارێزگاکان، کە ڕاستەوخۆ یا خود وێنەیان بەرز دەکرێتەوە بۆ مەکتەبی سکرتاریەت، هەروەها لە ڕێگەی سەردانی مەیدانی بۆ هەموو لق و ناوەندی پارێزگاکان (بەهاوکاری مەکتەبی سکرتاریەت و لێژنەی ڕاپەڕاندن) بۆ بەدواداچوون لە باری ڕێکخستن و چۆنێتی گەشەکردن و ناردنی زانیاری و بژاندن بۆ باشتربوون و بەرەوپێشچوونی کاری ڕێکخستن و زیادکردنی ژمارەی ئەندامان و گۆشکردنیان بە بیروباوەڕی دیموکراسی و نیشتمانی .

ب. مانگانـە كۆبوونـەوەی بـەش دەبەسـترێت و ڕاپـۆرت دەداتـە كۆبوونـەوەی مەكتەبی سكرتاریەت.

ت. لـە سـەرەتای سـاڵی خوێنـدن یاخـود چەنـد جارێـك لـە نێـو سـاڵی خوێندنـدا كۆبوونـەوەی ڕێكخسـتن لەگـەڵ كارگێڕانـی ڕێكخسـتنی سـەرجەم ناوەنـدی پارێـزگاكان سـازدەدات بـۆ پێداچوونـەوە و لێكۆڵینـەوەی بـاری ڕێكخسـتنی یە كێتییە كە مـا ن .

**٢- بەشی ئامار و پلان:**

أ. ئامادەكردنـی سـەرجەم ئەندامـان كـە لـە ڕێـگای ڕاپۆرتـی مانگانـەی بەشـەكانی ناوەنـدی پارێـزگاكان دەگات و بەراوردكردنـی لەگـەڵ مانگـی پێشـوو بـە كۆمپیوتـەر، دەستنیشـانكردنی خاڵـە لاوازەكان و هەوڵـدان بـۆ باشـتركردنی.

ب. بەرنامەڕێـژی بـۆ سەرخسـتنی نوێنەرەكانـی یەكێتـی دەكات لـە هەڵبژاردنەكانـی سـاڵانەی نوێنەرایەتـی قوتابیـان.

**٣- بەشی نوێنەرایەتی و كاروباری قوتابیان:**

أ. بایـەخ بـە هەمـوو ئـەو كار و كێشـە و گرفـت و ئاسـتەنگانە دەدات كـە دێنـە ڕێـگای قوتابیـان و پرۆسـەی خوێنـدن و هەوڵـی چارەسـەركردن و جێبەجێكردنیـان دەدات بـە ڕێـگای گونجـاو، بـە بەرنامەڕێژكـردن و خستنەبەردەسـتی مەكتەبـی سـكرتاریەت بـۆ بڕیاردانـی پێویسـت و ناردنـی ڕێنمایـی بـۆ ناوەندەكانـی پارێـزگا.

ب. هەڵدەستێ بە گەیاندنی كێشە و داواكانی قوتابیان لە دامودەزگا پەیوەندیدارەكان.

ت. هەڵدەستێ بە ئاسانكاری و ڕێنوێنیكردنی لێژنەكانی نوێنەرایەتی هەڵبژێردراوی قوتابیان.

ث. لـە ڕێـگای ڕاپۆرتـی مانگانـە و كۆبوونـەوە و سـەردانی مەیدانـی، سەرپەرشـتی و چاودێـری بەڕێوەچوونـی كارەكانـی ئـەم بەشـە دەكات لـە ناوەنـدی پارێـزگاكان.

**٤- بەشی پەیوەندییەكان:**

أ. كاروبـاری پەیوەندییەكانـی یەكێتـی قوتابیانـی كوردسـتان لەگـەڵ دامـودەزگا

و لایـەن و شـوێن و ڕێکخـراوەکان بەڕێـوە دەبـات، دەربـڕی ڕاو هەڵوێسـت و بیروبۆچوونـی یەکێتـی دەبێـت، کـە لەلایـەن مەکتەبـی سـکرتاریەتەوە هێڵـە گشـتییەکانی دیـاری دەکرێـن.

ب. لـە ڕێـگای نـووسراو و ڕاپۆرتـی مانگانـەوە سەرپەرشـتی کاری پەیوەندییەکانـی ناوەنـدی پارێـزگاکان دەکات و ڕێنمایـی پێویسـتیان پێشـکەش دەکات و سـەرنج و تێبینـی لەسـەر چۆنێتـی کارەکانیـان دەردەبڕێـت و بـە گوێـرەی پێویسـت، بـۆ ئاگاداربوونـی ناوەنـدی پارێـزگاکان لـە هەڵوێسـتە جۆراوجـۆرەکان زانیارییـان بـۆ دەنێرێـت.

**٥- بەشی ڕاگەیاندن:**

أ. سەرپەرشـتی کاروبـاری ڕاگەیاندنـی یەکێتـی قوتابیانـی کوردسـتان دەکات وەك (ڕۆژنامـە، گۆڤـار، سـایت، ڕادیـۆ، تەلەڤیزیـۆن) و گەیاندنـی دەنـگ و هەڵوێسـتەکانی یەکێتـی بـە جەمـاوەر.

ب. سەرپەرشـتی و چاودێریکردنـی بەڕێوەچوونـی کارەکانـی بەشـی ڕاگەیاندنـی ناوەنـدی پارێـزگاکان لـە ڕێـگای ڕاپۆرتـی مانگانـە کۆبوونـەوە و سـەردانی مەیدانـی.

ت. سەرپەرشـتیکردنی ئارشـیڤ و پەرتوکخانەکانـی یەکێتـی و دانانـی ڕێوشـوێنی پێویسـت بـۆ دەوڵەمەندکردنیـان.

**٦- بەشی دارایی و بەڕێوەبردن:**

دارایی:

١- دارایی یەکێتی پێك دێت لە:

أ. ئابوونەی ئەندامانی یەکێتی.

ب. ئەو یارمەتییانەی بۆ یەکێتی دەنێردرێن و ئەو پیتاکانەی کۆ دەکرێنەوە.

ت. داهاتی چالاکی پڕۆژەکان.

ث. داهاتی فرۆشتنی چاپەمەنییەکان.

٢- دارایی یەکێتی بەم جۆرە بڕیاری خەرجکردنی لێ دەدرێت:

أ. داهاتی یەکێتی قوتابیانی کوردستان لە کۆبوونەوەی لێژنەی ڕاپەڕاندن بۆ سەرجەم کاروبارەکانی مەکتەبی سکرتاریەت و ناوەندی پارێزگاکان و لقەکان و خەرجییە جۆراوجۆرەکان بڕیاری لێ دەدرێت.

ب. کۆبوونەوەی لێژنەی ڕاپەڕاندن چاودێری خەرجی مەکتەبی سکرتاریەت دەکات و مەکتەبی سکرتاریەتیش چاودێری خەرجی ناوەندی پارێزگاکان دەکات و بە هەمان شێوەش ناوەندی پارێزگا و لقەکان پەیڕەوی خەرجی دەکەن.

ت. دەرماڵەی هەڤاڵان بە شێوەیەکی جێگیر دابەش دەکرێت بەو شێوەیەی کە لێژنەی ڕاپەڕاندن بڕیاری لێ دراوە.

ث. لە کاتی سەرپێچیکردن و ناڕێکی لە خەرجکردنی داهات، دەزگاکانی سەرو بۆیان هەیە بە گوێرەی سزاکانی بەندی (٢) بڕگەی (٥) سزا بسەپێنین.

ج. دەبێ داهاتی یەکێتی لە سەرجەم ئۆرگانەکاندا (لە هەر سەرچاوەیەکەوە بێت) دەزگای سەرووی لێ ئاگادار بکرێتەوە و لە لیستی داهات تۆمار بکرێ.

ح. تەواوی داهات و خەرجییەکانی دەزگاکانی یەکێتی لە پەڕاوی تایبەتدا تۆمار بکرێت.

٣- دارایی یەکێتی بەم جۆرە خەرج دەکرێت:

أ. میزانیە و دەرماڵەی بڕیارلێدراو.

ب. ڕاگەیاندنی ناوەندی لە دەرکردنی (ئۆرگان) و بەرنامەی ڕادیۆیی و تەلەڤیزیۆن و بڵاوکراوەکانی تر.

ت. خەرجییە پێویستییەکانی بارەگاکان.

ث. هاوکاریی ئەندامان لە کاتی پێویستدا کە لەلایەن لق و ناوەندی پارێزگاکانەوە تەزکییە دەکرێن.

ج. بۆ هاتوچۆی نوێنەرایەتی یەکێتی کە بە ئیشوکاری تایبەت بە یەکێتی هاتوچۆ دەکەن.

ح. ئەنجامدانی چالاکیی هەمەجۆر.

خ. لـە ڕێـگای ڕاپۆرتـی مانگانـە و کۆبوونـەوە و سـەردانی مەیدانـی دەزگاکانـی سـەروو چاودێـری داهـات و خەرجییەکانـی دەزگای خوارووتـری خۆیـان دەکـەن.

**بەڕێوەبردن:**

١- بەرپرسـیارە بەرامبــەر هەژمارکــردن و چاودێــری کردنــی کەلوپەلەکانــی یەکێتــی و تۆمارکردنیـان هــەر (٦) مانـگ جارێـك لـە پـەڕاوی تایبەتـدا.

٢- ڕێکخسـتنی کاتـی دەوامکـردن لـە بارەگاکانـدا و پێداویسـتییەکانی ئیشـوکاری ڕۆژانـە بـە تۆمارکـردن لـە پـەڕاوی تایبـەت.

٣- دانان و سەرپەرشتیکردنی پڕۆژە بەرهەمهێنەرەکانی یەکێتی.

**٧- بەشی چالاکییەکان:**

١- هەوڵـدان بـۆ دەرخسـتن و پەرەپێدانـی بەهـرەی شـاراوەی وەرزشـی و هونـەری قوتابیـان و کۆکردنەوەیـان لـە یانـە و تیپـە وەرزشـی و هونەرییەکانـی یەکێتیـدا.

٢- کردنـەوە و ڕێکخسـتن و سەرپەرشـتیکردنی چالاکـی خولـە جۆراوجـۆرە وەرزشـی و هونەرییـەکان لـە ناوەندەکانـی خوێندنـدا.

٣- بـە سـوودوەرگرتن لـە خولـە پەروەردەییـەکان و خولـی تایبـەت بـە زانکـۆ و پەیمانـگاکان، هــەوڵ بدرێـت ئەندامانـی یەکێتـی جێگـە و پێگـەی شـیاویان هەبێـت لـە خولـە نێوخۆیـی و نێودەوڵەتییەکانـدا.

٤- سەرپەرشـتی چالاکییـە جۆراوجۆرەکانـی تـر دەکات وەك (گەشـتە زانسـتی و گوزارییـەکان و خەڵاتکردنـی قوتابییـە سـەرکەوتوو و بەهرەمەنـدەکان و ...هتـد).

**٨- بەشی ڕۆشنبیری و پێگەیاندن:**

١- ئەرکـی نەخشـەدانان و جێبەجێکـردن و سەرپەرشـتیکردنی چالاکییـە ڕۆشـنبیرییە هەمەجۆرەکانـە کـە لەلایـەن مەکتەبـی سـکرتاریەتەوە بڕیاریـان لەمـەڕ دەدرێـت یاخـود لـە دەزگاکانـی خـوارووددا بـە بەرنامـە بـۆی بـەرز دەکرێتـەوە بـە

مەبەستی ئەنجامدانی.

٢- لە ڕێگەی بڵاوکراوە و بژاندن و نامیلکەوە بەرنامەی جۆراوجۆر و بابەتی ڕۆشنبیری بڵاو دەکاتەوە.

٣- لە ڕێگەی نووسراو و ڕاپۆرتی مانگانە سەرپەرشتی کاری ڕۆشنبیری لە سەرجەم ناوەندی پارێزگاکاندا دەکات.

٤- خول و سیمیناری ڕۆشنبیری ساز دەکات بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی ڕیزەکانی یەکێتی.

٥- کردنەوەی خولی بەردەوام بۆ پێگەیاندنی کادیری کارامە بۆ نێو ڕیزەکانی یەکێتی.

## كۆنگرەی سێزدەیەمی یەكێتی قوتابیانی كوردستان
## هەولێر - ٢٠١٠

وەک پێویستییەکی خۆ ڕێکخستنەوە، گۆڕانکاری لە بەڕێوەبردن و پەیکەرییەتی ڕێکخراوەکە، ساڵی ٢٠١٠ لەلایەن مەکتەبی سکرتاریەتی یەکێتی قوتابیانی کوردستانەوە، بڕیاری بەستنی کۆنگرەیەکی نوێ درا. وەک نەریتێکی کۆنگرە، لێژنەی ئامادەکاری کۆنگرە پێکهێنرا و ئەندامان بە دەنگدان لە گشت ڕێکخستنەکانی ڕێکخراوەکە بۆ کۆنگرە سەرکەوتن.

کۆنگرە لە ڕۆژانی ٢٤ - ٢٥ی شوباتی ٢٠١٠، بە چاودێری و ئامادەبوونی سەرۆك مەسعود بارزانی و بە ئامادەبوونی ٢٩٢ نوێنەر، لە شاری هەولێر دەستی بە کارەکانی کرد. لەم کۆنگرەیەدا چەند گۆڕانکارییەک بەسەر شێوازی هەڵبژاردنی سکرتێر و ڕێکخستنەکانی ڕێکخراوەکەدا هات، لەوانە، سکرتێر ڕاستەوخۆ لە کۆنگرەوە هەڵبژێردرا و سیستەمی پەیکەری ڕێکخستنەکان هاوئاراستە لەگەڵ ڕێکخستنەپەیکەری پارتی کران، واتا لەهەر شوێنێک لق و ناوچەی حزبی لێبوو لق و ناوچەی یەکێتی قوتابیانیش بکرێتەوە[1].

لەلایەن نوێنەرانی کۆنگرەوە سکرتێر، سکرتاریەت و لێژنەی ڕاپەڕاندن بەم شێوەی خوارەوە هەڵبژێردران:

١- عیرفان عەزیز عەزیز- سکرتێر

٢- خالید نوری عوسمان- ئەندامی مەکتەبی سکرتاریەت

٣- بژار خدر عومەر- ئەندامی مەکتەبی سکرتاریەت

٤- دانا عەبدولعەزیز ڕەسوڵ- ئەندامی مەکتەبی سکرتاریەت

٥- زریان مەولود خدر- ئەندامی مەکتەبی سکرتاریەت

٦- غەفور ئەحمەد مەلا سوار- ئەندامی مەکتەبی سکرتاریەت

٧- سەگڤان مەرعی سلێمان- ئەندامی مەکتەبی سکرتاریەت

٨- دیار عومەر شێخ محەمەد- ئەندامی مەکتەبی سکرتاریەت.

یەدەگی ئەندامی مەکتەبی سکرتاریەت:

١- محەمەد جومعە حەمەساڵح- ئەندامی مەکتەبی سکرتاریەت

٢- عەیشان عەلی حەمەدەمین- ئەندامی مەکتەبی سکرتاریەت[٢].

**لەم قۆناغەدا، لق و نووسینگە و بەرپرسەکانیان ئەمانە بوون:**

١- لقی دهۆك- بەهجەت بنیامین عەباس

٢- لقی ئاکرێ- شڤان شیمال عومەر

٣- لقی شێخان- ساڵح محەمەد میرزا

٤- لقی شنگال- ڕەزا ئەمین قەنبەر

٥- لقی زانکۆ و پەیمانگاکانی دهۆك

٦- لقی موسڵ- محەمەد سەبری محەمەد

٧- لقی ئامێدی- شەریف فەتاح عەرەفات

٨- لقی کەرکووک- هۆزان ڕەمەزان کەریم

٩- لقی زانکۆ و پەیمانگاکانی کەرکووک- هەڵگورد قادر محەمەد

١٠- نووسینگەی بەغدا- عەبدولکەریم عەگید سادق

١١- لقی خانەقین- محەمەد شاکر مەهدی

١٢- لقی گەرمیان- حەسەن عەلادین

١٣- نووسینگەی مێرگەسۆر- لێهات شێخ محەمەدخالید شێخ ئەحمەد

١٤- لقی زانکۆ و پەیمانگاکانی هەولێر- کۆڤان عیسا بەئەهادین

١٥- لقی چەمچەماڵ- نەبەز ڕەفعەت

١٦- لقی مەخمور- بارزان سدیق سوار

١٧- لقی هەولێر- سەلام فەتاح مستەفا

١٨- لقی دەوروبەری هەولێر- سەربەست دەروێش ئیسماعیل

١٩- لقی سەفین- یوسف محەمەد حەمەد

٢٠- لقی سۆران- وشیار شوکری ئەمین

٢١- لقی هەڵەبجەی شەهید- هاوڕێ ڕەئوف کەریم

٢٢- لقی سلێمانی- سەلمان محەمەد وەلی

٢٣- لقی زانکۆ و پەیمانگاکانی سلێمانی- بەهمەن دەروێش عەلی

٢٤- لقی ڕاپەڕین- ساڵح ئەنوەر محەمەد

٢٥- لقی دەوروبەری سلێمانی- ڕەنجدەر نەجات ئەحمەد

٢٦- لقی زاخۆ- جوتیار خدر تاهیر[٣].

## سەرچاوە و پەراوێز

١- عرفان عەزیز عەزیز، کۆنگرە و کۆنفرانسەکانی یەکێتی قوتابیانی کوردستان، چاپی یەکەم، (هەولێر - چاپخانەی ڕۆژهەڵات-٢٠١٢)، ل ٢٣٠؛ ئاسۆ عەلی فەرەج، بە چاودێری و ئامادەبوونی سەرۆك بارزانی ئەمڕۆ لە هەولێری پایتەخت کۆنگرەی ١٣ی یەکێتی قوتابیانی کوردستان بەڕێوەدەچێت، ڕۆژنامەی خەبات، ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستان، ژمارە ٣٤٠٨، هەولێر، چوارشەمە، ٢٤ی شوباتی ٢٠١٠ز، ل ل ١، ٣؛ محەمەد زەنگەنە، بە ئامادەبوونی سەرۆکی کوردستان کۆنگرەی ١٣مینی یەکێتی قوتابیانی کوردستان دەستی بە کارەکانی کرد، ڕۆژنامەی خەبات، ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستان، ژمارە ٣٤٠٩، هەولێر، پینجشەمە، ٢٥ی شوباتی ٢٠١٠زو ل ل ١، ١٣؛ سەنگەر جەمال، مێژووی کۆنگرەکانی یەکێتی قوتابیانی کوردستان، گۆڤاری خەباتی قوتابیان، ئۆرگانی یەکێتی قوتابیانی کوردستان، ژمارە ١١٠، هەولێر، تشرینی دووەمی ٢٠١٢ز، ل ٥.

٢- بەلاغی کۆتایی کۆنگرەی ١٣ی یەکێتی قوتابیانی کوردستان، گۆڤاری خەباتی قوتابیان، ئۆرگانی یەکێتی قوتابیانی کوردستان، ژمارە ٩٢، هەولێر، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، ئایاری ٢٠١٠ز، ل ٣.

٣- عرفان عەزیز عەزیز، سەرچاوەی پیشوو، ل ل ٢٣١،٢٣٩.

## کارنامە و پەیڕەوی ناوخۆی کۆنگرەی کۆنگرەی سێزدەی یەکێتی قوتابیانی کوردستان

## ٢٤-٢٥ی شوباتی ٢٠١٠

### پێشەکی

یەکێتی قوتابیانی کوردستان لە ٢/١٨ (شوباتی) ١٩٥٣ وەك ڕێکخراوێکی پیشەیی و دیموکراتی نیشتمانپەروەر و ئازادیخواز بۆ داکۆکیکردن لە مافەکانی قوتابیان، لەسەر دەستی کۆمەڵێك قوتابی کورد لەشاری بەغدا و لەبەر ڕۆشنایی مۆرکە سیاسییەکانی ڕابەڕایەتی بزووتنەوەی ئازادیخوازی کورد بە ڕێبەرایەتی بارزانیی نەمر لە دایك بووە، ئەم یەکێتییە لە ماوەی زیاتر لە نیو سەدەی بەردەوامی تێکۆشان و بەشداری کارای لە شۆڕشەکانی ئەیلوول و گوڵان و ڕاپەڕینەکان هەبووە و لەم پێناوەشدا سەدان شەهیدی کردووەتە قوربانی کاروانی ئازادی، بەشداری چەندین فیستیڤاڵ و کۆنگرەی جیهانی کردووە و تیایدا بوێرانە دۆزی کورد و کێشە ڕەواکەی پیشانی جیهان داوە.

یەکێتی قوتابیانی کوردستان، توانی داکۆکی لە خەسڵەت و تایبەتمەندیی قوتابیانی کوردستان بکات لە گشت قۆناغە جیاوازەکانی تەمەنی ڕێکخراوەییدا خزمەتی گەورەی پێشکەش بە بواری زانست و خوێندن و ڕەوتی پەروەردە کردووە، ئەمەش وێڕای خەباتی نەتەوەیی و گڕوتینی ئەندامانی ئەم ڕێکخراوە بۆ ڕزگاری کوردستان، لە ماوەی ئەو (٥٧)ساڵەیدا یەکێتی قوتابیانی کوردستان سێزدە کۆنگرەی بەستووە، ئەمە جگە لە سازدانی چەندین کۆنفرانس و ماوەیەکی درێژیش شان بەشان (ی.ل.د.ك) درێژەی بە تێکۆشانی خۆی داوە.

## بەشی یەکەم

## (دروستبوون و ئامانجەکان)

**بەندی یەکەم:**

**١ـ1- ناوی ڕێکخراو:**

یەکێتی قوتابیانی کوردستان، بە پیتەکانی (ی. ق. ك) هێمای بۆ دەکرێ.

**١ـ٢- پێناسە:**

ڕێکخراوێکـی پیشـەیی، نیشـتمانی ، دیموکراسـی، ناحکومـی، قوتابیانەیـە، تـێ دەکۆشـێت لـە پێنـاو پاراسـتنی مافـی قوتابیـان، دەسـتەبەرکردنی خواسـتەکانیان، بەرزکردنـەوەی ئاسـتیان و پەرەپێدانـی وتـی زانسـت، هەروەهـا پشـتگیری دۆزی وای گەلـی کوردسـتان دەکات، لـە پێنـاو چەسـپاندنی بنەماکانـی دیموکراسـیەت و ئاشـتی و مافـی مـرۆڤ و بونیاتنانـی کۆمەڵگایەکـی پێشـکەوتنخوازی مەدەنـی لـە هەرێمـی کوردسـتاندا.

**١ـ٣- سنووری کارکردن:**

هەرێمـی کوردسـتانە و بـارەگای سـەرەکی لـە پایتەختـی هەرێـم دەبێـت، بەپێـی پێویسـت لێژنـەی ڕاپەڕانـدن بـۆی هەیـە لـق و ناوچـە و ئۆرگانـەکان لـە نـاوەوە و لـە دەرەوەی کوردسـتان بکاتەوە.

**١ـ٤- پەیام:**

زانست و نوێبوونەوە لە پێناو پێگەیاندنی نەوەیەکی ئازاد، بەرەو دواڕۆژێکی پرشنگدار.

**١ـ٥- ئاڕمی (ی. ق. ك) پێکهاتەی بەم شێوەیەی خوارەوەیە:**

- خـۆر: نیشـانەی پەیدابوونـی ژیـان و ڕووناکـی و ئـازادی و هـەردەم نوێبوونەوەیـە، ١٨ تیشـکەکە هێمایـە بـۆ ١٨ی شـوبات، ڕۆژی دامەزراندنـی یەکێتییەکەمـان.
- چیا: نیشـانەی بەرخودان و خۆڕاگرییە و ئاماژەیە بە سروشـتی کوردسـتان، چوارشـاخەکە هێمایـە بـۆ چـوار پارچـەی کوردسـتان و حەتمییەتـی بەیەکەوەبەسـتان و یەکپارچەیی.
- پەرتوك: بەڵگەی زانسـت و زانیاری و خوێندەواری و شارسـتانییەت و نیشـانەی خوێندنە،

کـه پیشـەی قوتابیانـە، لەنـاو پەرتوکەکـەش نـاوی یەکێتییەکەمان تۆمـار کراوە، بـە واتای بایـەخ و گرنگیدانی (ی.ق.ك) بە خوێندنی و فێربوون و زانسـت.

- دەسـت: دەسـت و بـازووی قوتابیانـی کوردسـتان نیشـانەی هـەوڵ و تێکۆشـانە، ڕەنگـی ڕەش و سـپی بـە واتـای جیاوازینەبـوون بـەکار هاتـووە.
- بۆشـایی نێـوان دوو دەسـتەکە: (پیتەکانـی یەکەمـی یەکێتییەکەمـان بـە زمانـی ئینگلیـزی تێـدا تۆمـار کـراوە) لـە بنکەکەیـدا فراوانـە و لـە لوتکەکەیـدا تیـژە و لـە شـێوەی سێگۆشـەیە و نیشـانەی بەرزبوونـەوە و بـەرەو ئامانـج و سـەرکەوتنە.

١٩٥٣: سـاڵی دامەزراندنـی یەکێتـی قوتابیانـی کوردسـتان تێکـڕای ئارمەکـە: لـە شـێوەی سـەرەڕمدایە کـە ڕەنگدانـەوەی وتەکـەی بارزانیـی نەمـرە: «قوتابیـان سـەری ڕمـن لـە گشـت شـۆڕش و ڕاپەڕینێکـدا».

**١ـ٦- ئامانجەکان:**

١- پشـتگیری خوێندنـی زۆرەملێ(الزامـی) لـە قۆناغـی بنەڕەتـی و نەهێشـتنی نەخوێنـدەواری.

٢- پاراستنی پیرۆزی و سەربەخۆیی ناوەندەکانی پەروەردە و فێرکردن.

٣- ناردنی قوتابیانی کوردستان بۆ درێژەدان بە خوێندن لە دەرەوەی وڵات.

٤- فراوانکـردن و دەوڵەمەندکردنـی پەرتوکخانـەکان بـە پەرتوکـی هەمەجـۆر و ڕاهێنانـی قوتابیـان لەسـەر خوێندنـەوە و هاندانیـان بـۆ دانانـی پەرتوکخانـە لـە ماڵەکانیانـدا.

٥- نەمانـی هەمـوو کۆتوبەندێکـی کۆمەڵایەتـی و دواکەوتوویـی کـە لەسـەر قوتابیانـی کـچ دادەنرێـت بـۆ ڕێگەگرتـن و بەربەسـتدانان لـە خوێندنیـان.

٦- یارمەتیدانی ئەو قوتابیانەی کە ڕۆڵەی شەهید و پێشمەرگەی پەککەوتە و قوربانیانی کیمیاباران وپرۆسەکانی ئەنفال و کەمدەرامەتن و خاوەن پێداویستییە تایبەتەکانن.

٧- پەیوەندییەکی تەندروست لە نێوان مامۆستایان و قوتابیاندا.

٨- دانانـی پلانـی نوێـی پەروەردەیـی و داڕشـتنی میتـۆد و فەلسـەفەی پـەروەردە بـە شـێوەیەکی سـەردەمییانە.

٩- شیاندنەوەی ئەو قوتابیانەی کە تووشی لادان و تاوان دەبن و گێڕانەوەیان، بۆ ناو خێزان و کۆمەڵگە لە ڕێگەی چاکسازیی کۆمەڵایەتییەوە.

١٠- گرنگیدان بە کەسایەتی قوتابی و پەروەدەکردنیان بە شێوەیەکی دروست.

١١- دروستکردنی کۆمەڵگای بەشی ناوخۆیی بۆ قوتابیان بە شێوەیەکی سەردەمییانە کە هەموو پێداویستییەکانی خوێندن و پشووی تێدا بێت.

١٢- پەرەپێدان و زیادکردنی ناوەندەکانی خوێندن لە کوردستان بەپێی پێویست و خواستی بەرزکردنەوەی ئاستی زانست.

١٣- دەرخستنی بەهرە و توانای ڕۆشنبیری و وەرزشی و هونەرییەکانی قوتابیان و بەرزکردنەوەی ئاستی زانستی قوتابیان.

١٤- بەستن و پتەوکردنی پەیوەندی و هەماهەنگی لەگەڵ ڕێکخراوەکان بە گشتی و ڕێکخراوەکانی قوتابیان بە تایبەتی، لە ناوەوە و دەرەوەی هەرێمی کوردستان.

١٥- بەشداری کارا و کاریگەری قوتابیان لە خەباتی نیشتمانی و نەتەوەییدا.

١٦- پاراستنی و پشتگیریکردنی پەرلەمان و حکومەت و ئەزموونی دیموکراسی هەرێمی کوردسان لە پێناو دەستەبەرکردنی خواست و مافەکانی خەڵکی کوردستان.

١٧- یارمەتیدانی قوتابیانی پارچەکانی تری کوردستان کە بەهۆی خەباتی سیاسی پەرتەواز دەبن یا خود ئەوانەی ئارەزووی خوێندن دەکەن لە کوردستان.

١٨- بەشداریکردن لە گەشەپێدان و ئاوەدانکردنەوەی کوردستان و پاراستن و گرنگیدان بە ژینگە و فەرهەنگ و کەلەپوری کوردی و شوێنەوارەکانی کوردستان و گەشەپێدانی گەشتیاری.

١٩- سەرخستنی هەڵمەتی جیهانی دژی توندوتیژی و تیرۆر.

٢٠- بڵاوبوونەوەی ئاشتی و دیموکراسی لە جیهاندا و ڕێزگرتن و پاراستنی مافەکانی مرۆڤ و سەرکەوتنی بزوتنەوەی ئازادیخوازی گەلان.

٢١- بە سەردەمیکردنی کاری ڕێکخراوەیی لە کوردستان.

## بەشی دووەم

## (ئەندامێتی)

### ٢ـ١. ئەندامێتی:

أ. ئەندامانــی (ی. ق. ك) لــە قوتابیانــی قۆناغەکانــی ئامادەیــی و پەیمانــگاکان و کۆلێــژ و خوێندنــی (بــاڵا + ماجســتەر) پێــك دێــن.

ب. قوتابیانــی قۆناغــی بنەڕەتــی لــە پۆلەکانــی ٧ـ٨ـ٩ دەبنــە (ئەنــدام)ی یەکیتــی قوتابیــان و تەنیــا لــە ناوەندەکانــی خوێندنــی خۆیــان مافــی بەشــداربوونیان لــە پرۆســەکانی هەڵبژاردنــی ناوخۆییــدا دەبێــت و جگــە لەمــە هەمــوو مــاف و ئەرکەکانــی تــری (ئەندام)ییــان دەبێــت.

ت. قوتابیانــی دەرەکــی و کۆلێژەکانــی ســەربازی و پۆلیــس و قۆناغەکانــی بنەڕەتــی (١ـ٢ـ٣ـ٤ـ٥ـ٦) نابنــە ئەنــدام لــە (ی. ق. ك)دا.

### ٢ـ٢. مەرجەکانی ئەندامێتی:

هــەر قوتابییــەك بەبــێ ڕەچاوکردنــی ڕەگــەز، نەتــەوە، ئایــن، شــوێن لەلایــەن ئەندامێکــی یەکێتییــەوە پشــتگیری بکرێــت مافــی ئــەوەی هەیــە ببێتــە ئەنــدام، بــە ڕەچاوکردنــی قۆناغــی خوێنــدن لــە دوای ئــەوەی فۆڕمــی داواکاریــی ئەندامێتــی پــڕ بکاتــەوە بەپێــی ئــەم مەرجانــە:

١- بــڕوای تــەواوی بــە کارنامــە و پەیــڕەوی ناوخــۆی (ی. ق. ك) هەبێــت و خەبــات لــە پێنــاو بەدیهێنانــی ئامانجەکانیــدا بــکات.

٢- لە یەکێك لە ئۆرگانەکانی (ی. ق. ك)دا کاری ڕێکخراوەیی خۆی بکات.

٣- لە کارکردندا دڵسۆز و وردبین بێت و لە بەڵێنەکانیدا ڕاستگۆ بێت.

٤- لە یەکێك لە ناوەندەکانی خوێندندا درێژە بە خوێندنی بدات.

### ٢ـ٣. ئەرکەکانی ئەندامێتی:

١- پەیڕەوی دیسیپلینی نێوخۆیی (ی. ق. ك) و پلەکانی ڕێکخستن بکات.

٢- ئامانج و بیروباوەڕی یەکێتی بڵاو بکاتەوە و بەرگری لە یەکگرتوویی ڕیزەکانی بکات.

٣- کۆشش بۆ بەرفراوانکردنی ڕێکخستنی (ی. ق. ك) بکات و ئەندامی نوێ بهێنێتە ڕیزەوە.

٤- بەشداری لە کۆبوونەوە و چالاکییە جۆراوجۆرەکانی یەکێتیدا بکات.

٥- هەوڵ بدات بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی زانستی و ڕۆشنبیری و هۆشیاری خۆی.

٦- دەبێ لە کاتی گۆڕینی ناوەندی خوێندنیدا ئەندامێتی خۆی بگوازێتەوە بۆ ئەو ناوەندەی کە تیایدا دەخوێنێت.

٧- هەوڵ بدات ئەوپەڕی شەفافیەت لە کارەکانی یەکێتی قوتابیانی کوردستاندا پەیڕەو بکات.

٨- بەو ڕێژەیەی لێژنەی ڕاپەڕاندن دیاری دەکات ئابوونەی ئەندامێتی بدات و ڕێوشوێنی وەرگرتنی دادەنێ[1].

٩- فۆڕمی ئەندامێتی (ی. ق. ك) پڕ بکاتەوە و زانیاری بدات بەپێی پێویست.

**٢ـ٤. مافەکانی ئەندامێتی:**

١- ئەندامی یەکێتی لە سنووری چالاکی خۆیدا مافی ڕەخنەی هەیە.

٢- مافی دەنگدان و خۆپاڵاوتنی لە ئۆرگانەکانی یەکێتیدا هەیە، بەچاوکرتنی (ب) لە بڕگەی (١)ی بەندی (٢).

٣- لە کاتی هەستکردن بە پێشێلکاری مافەکانی، بۆی هەیە داوای مافی خۆی بکات.

٤- لە کاتی پێویستیدا داوای یارمەتی بکات، دەزگای سەرووی خۆی دەسەڵاتی بڕیاردانی ڕادەی یارمەتی هەیە.

٥- لە ڕێگای پێشکەشکردنی داواکاری بە نووسراو مافی وازهێنانی لە یەکێتیدا هەیە.

٦- لە کاتی پێویستدا و لە کاتی چاك بەڕێوەبردنی چالاکییەکانی (ی. ق. ك) سوپاسنامەی ئاراستەی دەکرێت.

٧- ئەندام دوای دوو ساڵ تەواوکردنی خوێندن یاخود دابڕان لە خوێندن بە هەر هۆیەك مافی ئەندامێتی نامێنێ.

---

(١)بەهۆی هەڵەی چاپەوە لە دەقە ڕەسەنەکەدا بەشی کۆتایی ڕستەکە مانایەکی تەواو نادات.

**٢ـ٥. سزاکان:**

بەپێــی ئاســتی دەزگاکان و جــۆری ســەرپێچییەکە دەزگاکانــی یەکێتــی دەســەڵاتی ئــەم ســزایەیان هەیــە:

١- ئاگادارکردنەوە.

٢- سەرنجڕاکێشان.

٣- تەجمیدکردن(سڕکردن) وەستاندن.

٤- پێبژاردن(غەرامــە) لەکاتــی خــراپ مامەڵەکــردن بــە دەرامــەت و دارایــی یەکێتــی قوتابیانــی کوردســتان.

٥- پلەداگرتن.

٦- وەرگرتنــەوەی پلــە: کادر لــە کاتــی جێبەجێنەکردنــی ئەرکەکانــی بەپێــی پەیــڕەو پلــەی لــێ وەردەگیرێتــەوە.

٧- دەرکــردن: لەکاتــی ئەنجامدانــی هــەر کردارێــك کــە ســەرپێچی بێــت بــۆ پەیــڕەوی یەکێتــی و سیســتەمی گشــتی(نظام عــام) ئــەوا لــە ڕیزەکانــی (ی. ق. ك) دوور دەخرێتــەوە و دەردەکرێــت.

ســزاکان بەپێــی ســەرپێچییەکە لەلایــەن دەزگاکانــەوە دەدرێــن، جگــە لــە خاڵــی (١ و ٢) ســزاکانی تــر بــە پێــی لێکۆڵینــەوەی ورد و بەدواداچــوون دەســەپێندرێن.

## بەشی سێیەم

## ئۆرگانەکانی (ی. ق. ك)

یەکێتی قوتابیانی کوردستان لەسەر بنەمای دیموکراسی پێك هاتووە و هەموو ئۆرگانەکانی یەکێتی بە دەنگی زۆرینەی ئاسایی و نهێنی هەڵدەبژێردرێن، هەروەها پەیڕەوی سەرکردایەتی بەکۆمەڵ دەکەن و گشت بڕیارەکان بە زۆرینەی ئاسایی دەردەچن و ڕێکخستن لەسەر ئەم پرەنسیپانە دامەزراوە:

### ٣ـ١. نوێنەری هۆبە:

بچووکترین و گرنگترین یەکەی ڕێکخستنە، ئەندامێکی یەکێتی هەڵی دەسوڕێنی کە بە دەنگی ئەندامانی هۆبە هەڵدەبژێردرێ.

### ٣ـ٢. ئەرکەکانی نوێنەری هۆبە:

١- دروستکردنی پەیوەندی لە نێوان ئەندامان خۆیان و گشت قوتابیان بۆ بەشداریکردنی چالاکییەکانی یەکێتی.

٢- کۆکردنەوەی ئابوونە.

٣- گەیاندنی بیروبۆچوون و داخوازییەکانی ئەندامان و قوتابیان بۆ لێژنەی قوتابخانە و بەپێچەوانەوە.

### ٣ـ٣. لێژنەی قوتابخانە:

لێژنە لە (٣ـ٥ـ٧) هەڤاڵ پێك دێت کە ڕاستەوخۆ لەلایەن نوێنەرانی هۆبەکان لە ناوەندەکانی خوێندن هەڵدەبژێردرێن و سەرپەرشتی کارەکانی (ی. ق. ك) لەو شوێنە دەگرێتە ئەستۆ و ئەڵقەی پەیوەندییە لە نێوان قوتابیان و بەڕێوەبەرایەتی ناوەندەکە و دەزگای سەرووی خۆی.

١- بەلای کەمەوە دەبێت مانگانە جارێك کۆببێتەوە و ڕاپۆرت بەرز بکاتەوە.

٢- دەبێت مانگی جارێك کۆبوونەوەی فراوان لەگەڵ نوێنەرایەتی هۆبەکان ئەنجام بدات.

٣- بەرپرسیارە بەرامبەر گەشەكردن و چالاكییەكانی یەكێتی لە سنووری كاركردنیدا.

٤- ئەركی زەمینەخۆشكردنی بۆ سەرخستنی پاڵێوراوانی یەكێتی قوتابیان دەكەوێتە ئەستۆ لە هەڵبژاردنەكانی نوێنەرایەتی قوتابیاندا.

**٣ـ٤. لێژنەی كۆلێژ و پەیمانگا:**

١- هەمان ئەرك و دەسەڵاتی لێژنەی قوتابخانەی دەبێت.

٢- لێژنەی ڕاپەڕاندنی هاوكاری و میزانییەی بۆ دادەنرێت.

٣- لێژنە ڕاستەوخۆ سەر بە لق دەبێت.

٤- بەرپرسی لێژنە لە كۆبوونەوەی فراوانی لقدا بەشدار دەبێت.

**٣ـ٥. لێژنە ناوچە:**

لە هەر شوێنێكی سنووری هەرێمی كوردستان لە سەنتەری قەزا یان ناحییەكان (بەپێی پێویست) ناوچەی لێ دەبێت، بۆ چاودێریكردنی كارەكان و فراوانكردنی ڕێكخستنەكانی یەكێتی دادەنرێت و لە (٣ـ٥) هەڤاڵ پێك دێت. لەلایەن لێژنەی ڕاپەڕاندن بە ڕەچاوكردنی ڕێژەی ئەندامان و فراوانی سنوور بڕیار لەسەر زیادكردن و كەمكردنەوەی ژمارەی ناوچەكان دەدرێت و لە ناو ناحییەكان بارەگایان نابێت.

١- بەرپرسی ناوچەكان لە كۆبوونەوەی بەرفراوانی لق كە مانگانە دەبەسترێت بەشداری دەكات.

٢- سەرپەرشتی جموجوڵەكانی یەكێتی دەكات لە سنووری چالاكیی خۆیدا.

٣- بەرپرسیارە بەرامبەر گەشەكردنی چەندێتی و چۆنێتی ڕێكخستنەكانی یەكێتی.

٤- مانگانە كۆبوونەوەی خۆی دەكات، بەشەكان ڕاپۆرتی خۆیان بۆ لق دەربارەی باری (ی.ق.ك) لەو ماوەیەدا لە هەموو ڕوویەكەوە بەرز دەكەنەوە.

٥- ناوچە پابەندە بە جێبەجێكردنی بڕیار و ڕێنمایی و ڕاسپاردەكانی دەزگاكانی سەرووی خۆی.

٦- پێویستە ناوچە دوو مانگ جارێك كۆبوونەوەی ئاسایی (لێژنە قوتابخانەكان) ساز بكات.

٧- ناوچە دەسەڵاتی سزاکانی (١ و ٢)ی بەندی (٢) بڕگەی (٥)ی هەیە.

٨- کۆنفرانسی ناوچە پێك دێت لە دەستەی ناوچە و بەرپرسی لێژنە قوتابخانەکان.

**٦-٣. لق:**

١- لق یان لقی زانکۆ و پەیمانگاکان پێك دێت لە:

أ. بەرپرسی لق : کە بە شێوەی ڕاستەوخۆ لە کۆنفرانسی نێوخۆیی لقدا هەڵدەبژێردرێت و دەبێت بە ئەندامی لێژنەی ڕاپەڕاندن لەو ماوەیەی کە بەرپرسی لقە. مەرجە ئەندامی کۆنگرە بێت.

ب. لە بەرپرس و (٤) کارگێڕ پێك دێت کە لە کۆنفرانسی نێوخۆیی لقدا هەڵدەبژێردرێن.

٢- دەستەی لق مانگی جارێك کۆ دەبێتەوە و دوای پەسەندکردنی لە کۆبوونەوەی لق هەر بەشە و ڕاپۆرتی مانگانەی خۆی بەجیا بۆ مەکتەبی سکرتاریەت بەرز دەکاتەوە.

٣- دەستەی لق بەرپرسیارە بەرامبەر جێبەجێکردنی ڕاسپاردە و بڕیار و ڕێنماییەکانی مەکتەبی سکرتاریەت.

٤- بەرپرسی ناوچەکان لە کۆبوونەوەی فراوانی لقەکانی سنووری کارکردنیان ئامادە دەبن کە مانگانە دەبەسترێت یان دوو مانگ جارێك.

٥- دوای لێکۆڵینەوە دەسەڵاتی سەپاندنی سزاکانی (١، ٢، ٣، ٤، ٥)ی بەندی (٢) بڕگە (٥) هەیە.

٦- کۆنفرانسی لق (٢) دوو ساڵ جارێك دەبەسترێت پێك دێت لە دەستەی لێژنە ناوچەکان و بەرپرسی لێژنەی کۆلیژ و پەیمانگاکان.

٧- لقەکان بەپێی فراوانی سنوور دەکرێنەوە، ]لە[ دەسەڵاتی لێژنەی ڕاپەڕاندندایە بەپێی پێویست ژمارەی لقەکان کەم و زیاد بکاتەوە.

٨- لقی زانکۆ و پەیمانگاکان تەنها لەسەر ئاستی پارێزگاکان دەبێت، زانکۆ کۆلێژ و

پەیمانگاکانی قەزاکان سەر بە لقی سنووری خۆیان دەبن.

٩- بەرپرسی لق مافی خۆپاڵاوتنی نییە بۆ دەزگاکانی سەرووی خۆی لە ماوەی نێوان (٢) دوو کۆنگرە.

١٠- لە کاتی نەمانی بەرپرسی لق بە هەر هۆیەك کۆنفرانس تەنها بۆ هەڵبژاردنەوەی بەرپرسی لق دەبەسترێت. (لە کاتێدا وادەی بەستنی کۆنفرانس نەهاتبێت).

## بەشی چوارەم

## دەزگاکانی سەرکردایەتیکردن

### ٤ـ١. کۆنگرە:

بەرزترین دەسەڵاتە لە یەکێتیدا، پێك دێت لە ئەندامانی مەکتەبی سکرتاریەت یەدەگەکانی، ئەندامانی لێژنەی ڕاپەڕاندن و (ئەندامانی لێژنەی ئامادەکردن) و ئەو ئەندامانەی بەپێی ئەو سیستەمە هەڵبژاردنەی کە دادەنرێت لەلایەن لێژنەی ڕاپەڕاندنەوە و بەپێی ڕێژەی دیاریکراو، هەڵبژێردراون لە ناوەندەکانی خوێندندا.

کۆنگرە دوو ساڵ جارێك دەبەسترێت و دەسەڵاتی گۆڕینی ناو و ئارم و دروشم و هەڵوەشانەوەی یەکێتی و دەستکاریکردنی کارنامە و پەیڕەوی ناوخۆی هەیە، لە کاتی ئەنجامنەدانی کۆنگرە لێژنەی ڕاپەڕاندن هۆکارەکەی ڕادەگەیەنێ.

### ٤ـ٢. لێژنەی ڕاپەڕاندن:

١- بەرزترین دەسەڵاتی بەرنامەڕێژییە لە یەکێتیدا لە ماوەی نێوان دوو کۆنگرە.

٢- پێك دێت لە دەستەی مەکتەبی سکرتاریەت و یەدەگەکان و بەرپرسی لقەکان، هەر ٣ مانگ جارێك ئاساییانە کۆ دەبنەوە، لەکاتی پێویست کۆبوونەوەی نائاسایی ئەنجام دەدەن.

٣- کاری دابەشکردن و چاودێریکردنی میزانییە و دارایی یەکێتی لەبەرچاو دەگیرێت.

٤- دانانی ستراتیژییەتی یەکێتی قوتابیانی کوردستان لە ئەستۆ دەگرێت و پلانی کار و چالاکییەکانی (ی. ق. ك) دادەڕێژێت.

٥- بڕیاردان لەکاتی پێویست و نائاسایی.

٦- کۆبوونـەوەی لێژنـەی ڕاپەڕانـدن لـە کاتـی دیاریکـراوی خۆیـدا دەبەسـترێت و تێیـدا چاوخشـاندنەوە دەکرێـت بـە سـەرجەم کارەکانـی مەکتەبـی سـکرتاریەت و لقـەکان و هەڵسـەنگاندنیان بـۆ دەکرێـت و بەرنامـەی کاری ئاینـدەی (ی. ق. ك) دادەڕێژرێـت.

٧- لـە نێـوان (٣) سـێ کۆبوونـەوەدا، لێژنـەی ڕاپەڕانـدن دەتوانێـت بـە کـۆی دەنگـی (٣/٢) ی ئەندامـان گۆڕانـکاری لـە سـکرتێر و سـتافی سـکرتاریەت بکـەن.

٨- لێپرسـینەوە لەگـەڵ مەکتەبـی سـکرتاریەت و لێژنـەی ڕاپەڕانـدن دەکات، لـە کاتـی پابەندنەبـوون بـە بەندەکانـی کارنامـە و پەیـڕەوی ناوخـۆ.

**٤ـ٣. مەکتەبی سکرتاریەت:**

١- پێك دێت لە (٨) ئەندام و (٢) یەدەگ کە ڕاستەوخۆ لە کۆنگرە هەڵدەبژێردرێن.

٢- مەکتەبـی سـکرتاریەت بڕیـار و ڕاسـپاردەکانی لێژنـەی ڕاپەڕانـدن جێبەجـێ دەکات و بەرپرسـیارە بەرامبـەر کۆبوونـەوەی لێژنـەی ڕاپەڕانـدن.

٣- یەدەگەکانـی مەکتەبـی سـکرتاریەت بـە پۆسـتی ئەندامـی بـەش لـە مەکتەبـی سـکرتاریەتدا کار دەکـەن، تەنهـا لـە کۆبوونـەوەی بەشـی سـکرتاریەت و لێژنـەی ڕاپەڕانـدا بەشـدار دەبـن لـە کاتـی نەمانـی ئەندامێکـی سـکرتاریەت بـە هـەر هۆیـەك بێـت دەبێتـە ئەندامـی مەکتەبـی سـکرتاریەت.

٤- کادرانی مەکتەبی سکرتاریەت لەلایەن مەکتەبی سکرتاریەتەوە دەستنیشان دەکرێن.

٥- سـتافی مەکتەبـی سـکرتاریەت مانگانـە کۆبوونـەوەی ئاسـایی خـۆی دەبەسـتێت و لـە کاتـی پێویستیشـدا کۆبوونـەوەی نائاسـایی دەبەسـتێت.

٦- مافـی سـەپاندنی سـزاکانی بەنـدی (٢)ی بڕگـەی (٥)ی هەیـە بەسـەر ئەندامانـی ناوەنـدەکان، ئەگـەر کەمتەرخەمییـان کـرد یاخـود لـە پەیـڕەو لایـان دا یـان سـەرپێچیان کـرد لـە جێبەجێکردنـی بڕیارەکانـی مەکتەبـی سـکرتاریەت.

٧- مەکتەبـی سـکرتاریەت دەسـەڵاتی دانانـی لێژنـەی کاتـی و هەمیشـەیی لەنـاو بەشـەکانی مەکتەبـی سـکرتاریەتدا هەیـە.

٨- سكرتێر ڕاستەوخۆ لەلایەن ئەندامانی كۆنگرە هەڵدەبژێردرێت.

**لەم بوارانەی خوارەوەش پلەی لێ وەردەگیرێتەوە:**

أ. بەبێ هۆ لە دوو كۆبوونەوەی سكرتاریەت یان لێژنەی ڕاپەڕاندندا ئامادە نەبێت.

ب. دووساڵ دوای تەواوكردنی خوێندن.

ت. پێشكەشــكردنی پێشــنیار لەلایــەن خۆیــەوە و بــە ڕەزامەنــدی لێژنــەی ڕاپەڕانــدن دەســت لــە كار دەكێشــێتەوە.

**مەكتەبی سكرتاریەت لە سكرتێر و ئەم بەشانە پێك دێت:**

أ. بەشی ڕێكخستن.

ب. بەشی ئامار و پلان.

ت. بەشی نوێنەرایەتی و كاروباری قوتابیان.

ث. بەشی پەیوەندییەكان، سەرپەرشتیكردنی نووسینگەكانی دەرەوەی وڵات.

ج. بەشی ڕاگەیاندن.

ح. بەشی دارایی و بەڕێوەبردن.

خ. بەشی چالاكییەكان.

د. بەشی ڕۆشنبیری و پێگەیاندن.

پێكهاتەی بەشەكانی مەكتەبی سكرتاریەت:

لە بەرپرسی بەش و یەدەگێكی مەكتەبی سكرتاریەت ئەگەر پێویستی كرد پێك دێت.

ئەركــی بەرپرســی بــەش سەرپەرشــتیكردن و بەڕێوەبردنــی كارەكانــە لەگــەڵ چەنــد (كادیــر بــەش) كــە مەكتەبــی ســكرتاریەت بــە گوێــرەی لێهاتوویــان بڕیاریــان لەســەر دەدات بــۆ هاوكاریكــردن.

**أ- بەشی ڕێكخستن:**

١- سەرپەرشــتی كار و چالاكییەكانــی ڕێكخســتنی یەكێتــی دەكات لــە ڕێگــەی ڕاپــۆرت و

نووسراوی مانگانەی سەرجەم لق و لێژنە ناوچەکان، کە ڕاستەوخۆ یاخود وێنەیان بەرز دەکرێتەوە بۆ مەکتەبی سکرتاریەت، هەروەها لە ڕێگەی سەردانی مەیدانی بۆ هەموو لق و ناوچەکان (بە هاوکاری مەکتەبی سکرتاریەت و لێژنەی ڕاپەڕاندن) بۆ بەدواداچوون لە باری ڕێکخستن و چۆنێتی گەشەکردن و ناردنی زانیاری و بژاندن بۆ باشتربوون و بەرەوپێشچوونی کاری ڕیکخستن و زیادکردنی ژمارەی ئەندامان و گۆشکردنیان بە بیروباوەڕی دیموکراسی و نیشتمانی .

٢- مانگانە کۆبوونەوەی بەش دەبەسترێت و ڕاپۆرت دەداتە کۆبوونەوەی مەکتەبی سکرتاریەت.

٣- لە سەرەتای ساڵی خوێندن یاخود چەند جارێك لەنێوان ساڵی خوێندندا کۆبوونەوەی ڕێکخستن لەگەڵ کارگێڕانی ڕێکخستنی سەرجەم لقەکان ساز دەدات بۆ پێداچوونەوە و لێکۆڵینەوەی باری ڕێکخستنی یەکێتییەکەمان.

**ب- بەشی ئامار وپلان:**

١- ئامادەکردنی ئاماری سەرجەم ئەندامان کە لە ڕێگای ڕاپۆرتی مانگانەی بەشەکانی لقەکان دەگات و بەراوردکردنی لەگەڵ مانگی پێشوو بە کۆمپیوتەر، دەستنیشانکردنی خاڵە لاوازەکان و هەوڵدان بۆ باشترکردنی.

٢- بەرنامەڕێژی بۆ سەرخستنی نوێنەرەکانی یەکێتی دەکات بۆ هەڵبژاردنەکانی ساڵانەی نوێنەرایەتی قوتابیان.

**ت- بەشی نوێنەرایەتی و کاروباری قوتابیان:**

١- بایەخ بە هەموو ئەو کار وکێشە و گرفت و ئاستەنگانە دەدات کە دێنە ڕێگای قوتابیان و پرۆسەی خوێندن و هەوڵی چارەسەرکردن و جێبەجێکردنیان دەدات بە ڕێگای گونجاو بە بەرنامەڕێژکردنی و خستنەبەردەستی مەکتەبی سکرتاریەت بۆ بڕیاردانی پێویست و ناردنی ڕێنمایی بۆ لقەکان.

٢- هەڵدەستێ بە گەیاندنی کێشە و داواکانی قوتابیان بە دامودەزگا پەیوەندیدارەکان.

٣- هەڵدەستێ بە ئاسانکاری و ڕێنوێنیکردنی لێژنەکانی نوێنەرایەتی هەڵبژێردراوی قوتابیان.

٤- لــە ڕێــگای ڕاپۆرتــی مانگانــە و کۆبوونــەوە و ســەردانی مەیدانــی، سەرپەرشــتی و چاودێــری بەڕێوەچوونــی کارەکانــی ئــەم بەشــە دەکات لــە لقەکانــدا.

**ث- بەشی پەیوەندییەکان**

١- کاروبـاری پەیوەندییەکانـی یەکێتـی قوتابیانـی کوردسـتان لەگـەڵ دامـودەزگا و لایـەن و شـوێن و ڕێکخـراوەکان بەڕێـوە دەبات، دەربـڕی ڕاو هەڵوێسـت و بیروبۆچوونی یەکێتی دەبێـت کەلـە لایـەن مەکتەبـی سـکرتاریەتەوە هێڵـە گشـتییەکانی دیـاری دەکرێن.

٢- لــە ڕێــگای نــووسراو و ڕاپۆرتــی مانگانــەوە سەرپەرشــتی کاری پەیوەندییەکانــی لقــەکان دەکات و ڕێنمایــی پێویســتیان پێشــکەش دەکات و ســەرنج و تێبینــی لەســەر چۆنێتـی کارەکانیـان دەردەبڕێـت و بـە گوێـرەی پێویسـت بـۆ ئاگاداربوونـی لقـەکان لـە هەڵوێســتە جۆراوجۆرەکانــی زانیارییــان بــۆ دەنێرێــت.

٣- سەرپەرشــتی کاری نووســینگەکانی نوێنەرایەتــی (ی. ق. ك) دەکات لــە دەرەوەی هەرێمــی کوردســتان وڵاتانــی تــر، ڕێنمایــی پێویســتیان پــێ دەدات.

**ج- بەشی ڕاگەیاندن:**

١- سەرپەرشــتی کاروبــاری ڕاگەیاندنــی یەکێتــی قوتابیانــی کوردســتان دەکات وەك (ڕۆژنامـە، گۆڤـار، سـایت، رادیـۆ، تەلەڤیزیـۆن) و گەیاندنـی دەنـگ و هەڵوێسـتەکانی یەکێتــی بــە جەمــاوەر.

٢- سەرپەرشــتی و چاودێریکردنــی بەڕێوەچوونــی کارەکانــی بەشــی ڕاگەیاندنــی لقــەکان لــە ڕێــگای ڕاپۆرتــی مانگانــە کۆبوونــەوە و ســەردانی مەیدانــی.

٣- سەرپەرشــتیکردنی ئەرشــیف و پەرتوکخانەکانــی یەکێتــی و دانانــی ڕێوشــوێنی پێویســت بــۆ دەوڵەمەندکردنیــان.

**ح- بەشی دارایی و بەڕێوەبردن:**

دارایی:

١- دارایی یەکێتی پێك دێت لە:

أ. ئابوونەی ئەندامانی یەکێتی.

ب. ئەو یارمەتیانەی بۆ یەکێتی دەنێردرێن و ئەو پیتاکانەی کۆ دەکرێنەوە.

ت. داهاتی چالاکی و پڕۆژەکان.

ث. داهاتی فرۆشتنی چاپەمەنییەکان.

٢- دارایی یەکێتی بەم جۆرە بڕیاری خەرجکردنی لێ دەدرێت:

أ. داهاتــی یەکێتــی قوتابیانــی کوردســتان لــە کۆبوونــەوەی لێژنــەی ڕاپەڕانــدن بــۆ ســەرجەم کاروبارەکانــی مەکتەبــی ســکرتاریەت و خەرجییــە جۆراوجــۆرەکان بڕیــاری لــێ دەدرێــت.

ب. کۆبوونــەوەی لێژنــەی ڕاپەڕانــدن چاودێــری خەرجــی مەکتەبــی ســکرتاریەت دەکات و ســکرتاریەتیش چاودێــری خەرجــی لقــەکان دەکات بــە هەمــان شــێوە لــق و لێژنــە ناوچــەکان پەیــڕەوی خەرجــی دەکــەن.

ت. دەرماڵــەی هەڤــاڵان بــە شــێوەیەکی جێگیــر دابــەش دەکرێــت بــەو شــێوەی لێژنــەی ڕاپەڕانــدن بڕیــاری لــێ دەدات.

ث. لــە کاتــی ســەرپێچیکردن و ناڕێکــی لــە خەرجکردنــی داهــات، دەزگاکانــی ســەروو بۆیــان هەیــە بــە گوێــرە ســزاکانی بەنــدی (٢) بڕگــە (٥) ســزا ببەســتن.

ج. دەبێــت داهاتــی یەکێتــی لــە ســەرجەم ئۆرگانەکانــدا لــە هــەر ســەرچاوەیەکەوە بێــت، دەزگای ســەرووی لــێ ئــاگادار بکرێتــەوە و لــە لیســتی داهــات تۆمــار بکرێــت.

ح. تــەواوی داهــات و خەرجییەکانــی دەزگاکانــی یەکێتــی لــە پــەڕاوی تایبەتــدا تۆمــار دەکرێــت.

٣- دارایی یەکێتی بەم جۆرە خەرج دەکرێت:

أ. میزانیە و دەرماڵەی بڕیارلێدراو.

ب. ڕاگەیاندنــی ناوەنــدی لــە دەرکردنــی (ئــۆرگان) و بەرنامــەی ڕادیۆیــی و تەلەڤیزیــۆن و بڵاوکراوەکانــی تــر.

ت. خەرجییە پێویستییەکانی بارەگاکان.

ث. هاوکاریــی ئەندامــان لــە کاتــی پێویســتدا کــە لــە لایــەن لــق و لێژنــە ناوچەکانــەوە تەزکییــە دەکرێــن.

ج. بۆ هاتوچۆی نوێنەرایەتی یەکێتی بە ئیشوکاری تایبەت بە یەکێتی هاتوچۆ دەکرێت.

ح. ئەنجامدانی چالاکی هەمەجۆر.

خ. لــە ڕێــگای ڕاپۆرتــی مانگانــە و کۆبوونــەوە و ســەردانی مەیدانــی دەزگاکانــی ســەروو چاودێــری داهــات و خەرجییەکانــی دەزگای خوارووتــری خۆیــان دەکــەن.

**بەڕێوەبردن:**

١- بەرپرســیارە بەرامبــەر هەژمارکــردن و چاودێریکردنــی کەلوپەلەکانــی یەکێتــی و تۆمارکردنــی هــەر (٦) مانــگ جارێــك لــە پــەڕاوی تایبەتــدا.

٢- ڕێکخســتنی کاتــی دەوامکــردن لــە بارەگاکانــدا و پێداویســتییەکانی ئیشــوکاری ڕۆژانــە بــۆ تۆمارکــردن لــە پــەڕاوی تایبــەت.

٣- دانان و سەرپەرشتیکردنی پرۆژە بەرهەمهێنەرەکانی یەکێتی.

**ع- بەشی چالاکییەکان:**

هەوڵــدان بــۆ دەرخســتن و پەرەپێدانــی بەهــرەی شــاراوەی وەرزشــی و هونەریــی قوتابیــان و کۆکردنەوەیــان لــە یانــە و تیپــە وەرزشــی و هونەرییەکانــی یەکێتیــدا.

کۆکردنــەوە و ڕێکخســتن و سەرپەرشــتیکردنی چالاکــی و خولــە جۆراوجــۆرە وەرزشــی و هونەرییــەکان لــە ناوەندەکانــی خوێندنــدا.

بەســوود وەرگرتــن لــە خولــە پەروەردەییــەکان و خولــی تایبــەت بــە زانکــۆ و پەیمانــگاکان، هــەوڵ بدرێــت ئەندامانــی یەکێتــی جێگــە و پێگــەی شــیاویان هەبێــت لــە خولــە نێوخۆیــی و نێودەوڵەتییەکانــدا.

سەرپەرشــتی چالاکییــە جۆراوجۆرەکانــی تــر دەکات وەك (گەشــتە زانســتی و گوزارییــەکان و خەڵاتکردنــی قوتابییــە ســەرکەوتوو و بەهرەمەنــدەکان و... هتــد).

**غ- بەشی ڕۆشنبیری و پێگەیاندن:**

ئەرکــی نەخشــەدانان و جێبەجێکــردن و سەرپەرشــتیکردنی چالاکییــە ڕۆشــنبیرییە هەمەجۆرەکانــە کــە لەلایــەن مەکتەبــی ســکرتارییەتەوە بڕیاریــان لەمــەڕ دەدرێــت یاخــود لــە دەزگاکانــی خــوارووەدا بــە بەرنامــە بــۆی بــەرز دەکرێتــەوە بــە مەبەســتی ئەنجامدانــی.

لــە ڕێگــەی بڵاوکــراوە و بڵاوکــراوە و بژانــدن و نامیلکــەوە بەرنامــەی جۆراوجــۆر و بابەتــی ڕۆشــنبیری بــڵاو دەکاتــەوە.

لــە ڕێگــەی نــووسراو و ڕاپۆرتــی مانگانــە سەرپەرشــتی کاری ڕۆشــنبیری لــە ســەرجەم لقەکانــدا دەکات.

خول و سمیناری ڕۆشنبیری ساز دەکرێت بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی ڕیزەکانی یەکێتی.

کردنەوەی خولی بەردەوام بۆ پێگەیاندنی کادری کارامە بۆ نێو ڕیزەکانی یەکێتی.

## بەلاغی کۆتایی کۆنگرەی ١٣ی یەکێتی قوتابیانی کوردستان

بەچاودێـری ڕێـزدار مەسـعود بارزانـی سـەرۆکی هەرێمـی کوردسـتان، کات (١٠) ی سـەرلەبەیانی چوارشـەممە بـەرواری (٢٠١٠/٢/٢٤) لـە هۆڵـی پێشـەوا لـە شـاری هەولێـری پایتەختـی هەرێمـی کوردسـتان، لـە ژێـر دروشـمی (بـۆ نوێبوونـەوە و باشـترین پێگـە- بـەردەوام زانسـت دەکەیـن بـە ڕێگـە). کۆنگـرەی سـیزدەهەمینی یەکێتییەکەمـان بەسـترا، کـە دوو ڕۆژی خایانـد.

پـاش سـاتێك وەسـتان بـۆ گیانـی پاکـی شـەهیدانی ڕێـگای ڕزگاریخـوازی گەلەکەمـان سـەروەریان بارزانـی نەمـر و کاکـە ئیدریسـی جوانەمـەرگ، کۆنگرەکەمـان بـە وتـەی پارێـزگاری هەولێـر دەسـتی پێکـرد، پاشـان وتـاری سـکرتێری پێشـووی ڕێکخراوەکەمـان بەڕێـز (هەرمـان محەمـەد سـەلیم) خوێندرایـەوە، ئەندامانـی کۆنگـرەی سـێزدەهەمی ڕێکخراوەکەمـان کـە، ڕێژەیـان (٢٩٢) هەڤـاڵ بـوون، شـەرەفی ئەوەیـان پـێ بەخـشرا کـە، جەنابـی سـەرۆکی هەرێمـی کوردسـتان بـە وتـە بەنرخەکانـی کۆمەڵێـك ڕێنماییـان ئاراسـتە بـکات. سـەرکەوتنی کۆنگـرەی یەکێتییەکەمـان و یەکڕیـزی و تەبایـی گەلەکەمـان و بـەرەو پیرەوەچوونـی دەنگـدان لـە ٢٠١٠/٣/٧ و ڕێزگرتـن لـە سـەروەرییەکان کـە، بەدەسـتی پێشـمەرگە قارەمانـەکان هاتووەتـە دی، تـەوەری یـەك لـەدوای یەکـی پەیڤەکانـی سـەرۆك بـوون.

پاشـان بـەردەوام بوونـی ڕۆژی یەکەمـی کۆنگـرە بـە وتەیـەك لـەدوای یەکەکانـی پەیامـی سـەرۆك کۆمـاری عێراقـی فیـدراڵ و پەرلەمـان و حکومەتـی هەرێـم و سـەرکردایەتی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان درێـژەی کێشـا، جێـی ئاماژەیـە تـا ڕۆژی دووەم گفتوگۆکردنـی ئەندامانـی کۆنگـرە سـەبارەت بـە ڕەوشـی کاری ڕێکخراوەیـی و چۆنیەتـی کاراترکردنـی ڕێکخسـتن و داڕشـتنەوەی پەیـڕەو و پرۆگـرام بـەردەوام بـوو، سـەرجەم بۆچـوون و پێشـنیارەکان پـاش تاوتـوێ کردنـی دەخرایـە دەنگـدان لـە پـاش سـەرجەم بڕگـەکان  لـە پـاش نیـوەڕۆی ڕۆژی پێنـج شـەممە ٢٠١٠/٢/٢٥ دەرگای خۆپاڵاوتـن بـۆ ئەندامانـی کۆنگـرە واڵا کـرا بـۆ سـەرکردایەتی کردنـی ڕێکخراوەکەمـان، لیسـتی سـکرتێر و ئەندامانـی مەکتەبـی سـکرتاریەت جیـا بـوو، (٣) هەڤـاڵ خۆیـان بـۆ سـکرتێری ڕێکخـراو پـاڵاوت و (٢٥) هەڤاڵێـش بـۆ ئەندامانـی مەکتەبـی سـکرتاریەت.

پاشـان بـە ئامادەبوونـی دادوەر و نوێنـەری پارێـزگاری هەولێـر و نوێنـەری مەکتەبـی ناوەنـدی ڕێکخـراوە جەماوەرییەکانـی (پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان) لـە کـەش و هەوایەکـی ئـازاد و دوور لـە دەسـتێوەردان ئـەم هەڤاڵانـەی خـوارەوە هەڵبژێـردران. کـە لـە سـکرتێر و هەشـت ئەندامـی سـکرتاریەت و دوو یەدەگـی سـکرتاریەت پێکهاتـن:

عیرفـان عەزیـز عەزیـز، سـکرتێری ئەندامانـی مەکتەبـی سـکرتاریەت. فاتـح مەولـەوی زادە، ئەندامـی مەکتەبـی سـکرتاریەت. خالیـد نـوری عوسـمان، ئەندامـی مەکتەبـی سـکرتاریەت. بـژار خـدر، ئەندامـی مەکتەبـی سـکرتاریەت. دانـا عەبدولعەزیـز، ئەندامـی مەکتەبـی سـکرتاریەت. زریـان مەولـوود، ئەندامـی مەکتەبـی سـکرتاریەت. غەفـوور ئەحمـەد، ئەندامـی مەکەمتەبـی سـکرتاریەت. سـەگڤان مەرعـی سـلێمان، ئەندامـی مەکتەبـی سـکرتاریەت. دیـار عومـەر، ئەندامـی مەکتەبـی سـکرتاریەت.

یەدەگەکان

محەمەد جومعە و عەیشان عەلی حەمەدئەمین

**ڕاگەیاندنی مەکتەبی سکرتاریەت**

**هەولێری پایتەخت**

**٢٠١٠/٣/١**

## کۆنگرەی چواردەیەمی یەکێتی قوتابیانی کوردستان
## هەولێر - ٢٠١٢

کۆنگرەی چـواردەی یەکێتـی قوتابیانی کوردسـتان، لـە ڕۆژانی ٣ و ٤ی تشـرینی دووەمی ٢٠١٢، لـە هۆڵـی شـەهید سـەعد عەبـدوڵا لـە شـاری هەولێـر، بـە چاودێـری سـەرۆك مەسعود بارزانـی، بـە دروشـمی (دوێنـی خەبـات، ئەمڕۆ زانسـت، سبەی داهێنـان) و بـە ئامادەبـوونی  فـازڵ میرانـی سـکرتێری مەکتەبـی سیاسـی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان و مـەسرور بارزانـی ئەندامـی مەکتەبـی سیاسـی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان و ڕاوێـژکاری ئەنجومەنـی ئاسایشـی هەرێمـی کوردسـتان بەسـترا[1].

دوای خوێندنـەوەی پەیڤـی ئامادەبـووان و ئامادەکـردنی ڕاپـۆرتی لێژنـە ڕاسـپێردراوەکان، بـە دەنگـی ئەندامـانی کۆنگـرە، سـکرتێر و ئەندامـانی سـکرتاریەت بـەم شـێوەیەی خـوارەوە هەڵبژێردران:

١- فاتیح محەمەد کاکە ئەحمەد ناسراو بە فاتیح مەولەوی زادە- سکرتێر.

٢- ئەحمەد بژار فازڵ

٣- کۆڤان عیسا بەهائەدین

٤- حەسەن عالیدین

٥- هیوا مەجید

٦- سلێمان موحسێن

٧- شەریف فەتاح

٨- سەربەست سەفتی[2].

پەیکـەری نوێـی ڕێکخسـتنەکانی یەکێتـی قوتابیانـی کوردسـتان بریتـی بـوو لـە هۆبـە، لێژنـەی قوتابخانـە و لێژنـەی زانکـۆ و پەیمانـگا، لێژنـەی ناوچـە، لـق، مەکتەبـی سـکرتاریەت و سـکرتێر[3]:

## سەرچاوە و پەراوێز

١- کۆنگرەی ١٤ هەمی یەکێتیی قوتابیانی کوردستان دەستی بەکارەکانی کرد، ڕۆژنامەی خەبات، ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستان، ژمارە ٤١٨٦، هەولێر، یەکشەمە، ٤ی تشـرینی دووەمی ٢٠١٢ز، ل ل ١، ٣-٤؛ خەبات زەنگەنە، بە چاودێری سەرۆك و ئامادەبوونی سکرتێری مەکتەب سیاسی، ڕۆژنامەی خەبات، ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستان، ژمارە ٤١٨٦، هەولێر، یەکشەمە، ٤ی تشرینی دووەمی ٢٠١٢ز، ل ١.

٢- سیروان عثمان، مێژوویێکی پرشنگدار و کاروانێکی نەپساوە، (هەولێر- چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری- ٢٠١٤)، ل ٥٣.

٣- کارنامە و پەیڕەوی ناوخۆی یەکێتی قوتابیانی کوردستان، کۆنگرەی چواردەیەم، (هەولێر، مەکتەبی سکرتاریەت ـ ٢٠١٢ز)، ل ل ١-١٠.

## کارنامە و پەیڕەوی ناوخۆی یەکێتی قوتابیانی کوردستان پەسەندکراوی کۆنگرەی چواردەیەم

## کارنامە

## بەشی یەکەم

## (دروستبوون و ئامانجەکان)

**بەندی یەکەم:**

**١ـ١. ناوی ڕێکخراو:**

یەکێتی قوتابیانی کوردستان، بە پیتەکانی (ی. ق. ك) هێمای بۆ دەکرێ.

**١ـ٢. پێناسە:**

ڕێکخراوێکــی پیشــەیی، نیشــتمانی ، دیموکراســی، ناحکومــی، قوتابیانەیــە، تــێ دەکۆشــێت لــە پێنــاو پاراســتنی مافــی قوتابیــان، دەســتەبەرکردنی خواســتەکانیان، بەرزکردنــەوەی ئاســتیان و پەرەپێدانــی وتــی زانســت، هەروەهــا پشــتگیری دۆزی ڕەوای گەلــی کوردســتان دەکات، لــە پێنــاو بەدیهێنانــی مافــی چارەنــووس و چەســپاندنی بنەماکانــی دیموکراســیەت و ئاشــتی و مافــی مــرۆڤ و بونیاتنانــی کۆمەڵگایەکــی پێشــکەوتنخوازی مەدەنــی لــە هەرێمــی کوردســتاندا.

**١ـ٣. سنووری کارکردن:**

هەرێمــی کوردســتانە و بــارەگای ســەرەکی لــە پایتەختــی هەرێــم دەبێــت، بەپێــی پێویســت لێژنــەی ڕاپەڕانــدن بــۆی هەیــە لــق و ناوچــە و ئۆرگانــەکان لــە نــاوەوە و لــە دەرەوەی کوردســتان بکاتــەوە.

**١ـ٤. پەیام: زانست، خەبات، داهێنان**

**١ـ٥. ئارمی (ی. ق. ك) پێکهاتەی بەم شێوەیەی خوارەوەیە:**

خــۆر: نیشــانەی پەیدابوونــی ژیــان و ڕووناکــی و ئــازادی و هــەردەم نوێبوونەوەیــە، ١٨ تیشــکەکە هێمایــە بــۆ ١٨ی شــوبات، ڕۆژی دامەزراندنــی یەکێتییەکەمــان.

چیـا: نیشـانەی بەرخـودان و خۆڕاگرییـە و ئاماژەیـە بـە سروشـتی کوردسـتان، چوارشـاخەکە هێمایـە بـۆ چـوار پارچـەی کوردسـتان و حەتمییەتـی بەیەکەوەبەسـتان و یەکپارچەیـی.

پەرتـوك: بەڵگـەی زانسـت و زانیـاری و خوێنـدەواری و شارسـتانییەت و نیشـانەی خوێندنـە، کـە پیشـەی قوتابیانـە، لەنـاو پەرتوکەکـەش نـاوی یەکێتییەکەمـان تۆمـار کـراوە، بـە واتـای بایـەخ و گرنگیدانـی (ی. ق. ك) بـە خوێندنـی و فێربـوون و زانسـت.

دەسـت: دەسـت و بـازووی قوتابیانـی کوردسـتان نیشـانەی هـەوڵ و تێکۆشـانە، ڕەنگـی ڕەش و سـپی بـە واتـای جیاوازینەبـوون بـەکار هاتـووە.

بۆشـایی نێـوان دوو دەسـتەکە: (پیتەکانـی یەکەمـی یەکێتییەکەمـان بـە زمانـی ئینگلیـزی تێـدا تۆمـار کـراوە) لـە بنکەکەیـدا فراوانـە و لـە لوتکەکەیـدا تیـژە و لـە شـێوەی سێگۆشـەیە و نیشـانەی بەرزبوونـەوە و بـەرەو ئامانـج و سـەرکەوتنە.

١٩٥٣: سـاڵی دامەزراندنـی یەکێتـی قوتابیانـی کوردسـتان تێکـڕای ئاڕمەکـە: لـە شـێوەی سـەرەڕمدایە کـە ڕەنگدانـەوەی وتەکـەی بارزانیـی نەمـرە: «قوتابیـان سـەری ڕمـن لـە گشـت شـۆڕش و ڕاپەڕینێکـدا».

**٦ـ١. ئامانجەکان:**

١- پشتگیری خوێندنی تەوزیمی دەکەین لە قۆناغی بنەڕەتی.

٢- پاراستنی پیرۆزی و سەربەخۆیی ناوەندەکانی پەروەردە و فێرکردن.

٣- پاڵپشـتیکردنی ناردنـی قوتابیانـی کوردسـتان بـۆ درێـژەدان بـە خوێنـدن لـە دەرەوەی وڵات (پـڕۆژەی تواناسـازیی قوتابیان).

٤- فراوانکردنـی پەرتوکخانـەکان و ڕاهێنانـی قوتابیـان لەسـەر خوێندنـەوە و هاندانیـان بـۆ دانانـی پەرتوکخانـە لـە ماڵەکانیانـدا.

٥- نەمانـی هەمـوو کۆتوبەندێکـی کۆمەڵایەتـی و دواکەوتوویـی کـە لەسـەر قوتابیانـی کـچ دادەنرێـت بـۆ ڕێگەگرتـن و بەربەسـتدانان لـە خوێندنیـان.

٦- یارمەتیدانـی ئـەو قوتابیانـەی کـە ڕۆڵـەی شـەهید و پێشـمەرگەی پەککەوتـەن

و قوربانیانــی کیمیابــاران و پرۆســەکانی ئەنفــال و کەمدەرامەتــەکان و خــاوەن پێداویســتییە تایبەتەکانــن.

٧- کارکردن لەسەر زیاتر بەهێزترکردنی ڕایەڵەی نێوان مامۆستا و قوتابی.

٨- دانانــی پلانــی نوێــی پەروەردەیــی و داڕشــتنی میتــۆد و فەلســەفەی پــەروەردە بــە شــێوەیەکی ســەردەمییانە.

٩- شــیاندنەوەی ئــەو قوتابیانــەی کــە تووشــی لادان و تــاوان دەبــن و گێڕانەوەیــان، بــۆ نــاو خێــزان و کۆمەڵگــە لــە ڕێگــەی چاکســازیی کۆمەڵایەتییــەوە.

١٠- گرنگیدان بە کەسایەتی قوتابی و پەروەردەکردنیان بە شێوەیەکی دروست.

١١- جەختکردنــەوە لــە دروســتکردنی کەمپــی زانکــۆکان و کۆمەڵگــەی بەشــی ناوخۆیــی بــۆ قوتابیــان بــە شــێوەیەکی ســەردەمییانە کــە هەمــوو پێداویســتییەکانی خوێنــدن و پشــووی تێــدا بێــت.

١٢- پەرەپێــدان و زیادکردنــی ناوەندەکانــی خوێنــدن لــە کوردســتان بەپێــی پێویســت و خواســتی بەرزکردنــەوەی ئاســتی زانســت و تەکنەلۆژیــای ســەردەم.

١٣- دەرخســتنی بەهــرە و توانــای ڕۆشــنبیری و وەرزشــی و هونەرییەکانــی قوتابیــان و بەرزکردنــەوەی ئاســتی زانســتی قوتابیــان.

١٤- بەشــداری کارای ناوەنــدە زانکۆیــی و ئەکادیمییــەکان لــە پڕۆســەی پێشــکەوتنی کۆمەڵایەتــی لــە پێنــاو بونیاتنانــی کۆمەڵگەیەکــی مەدەنــی و تەندروســت.

١٥- بایەخــدان بــە بەرهەمــی هــزری و توێژینــەوەی قوتابیــان لــە پڕۆســەی گەشــەپێدانی ئیــداری و سیاســی و کۆمەڵایەتــی و ئابــووری.

١٦- بەســتن و پتەوکردنــی پەیوەنــدی و هەماهەنگــی لەگــەڵ ڕێکخــراوەکان بــە گشــتی و ڕێکخراوەکانــی قوتابیــان بــە تایبەتــی، لــە نــاوەوە و دەرەوەی هەرێمــی کوردســتان.

١٧- بەشداری کارا و کاریگەری قوتابیان لە خەباتی نیشتمانی و نەتەوەییدا.

١٨- پاراســتنی و پشــتگیریکردنی پەرلەمــان و حکومــەت و ئەزمونــی دیموکراســی

هەرێمــی کوردســتان لــە پێنــاو دەســتەبەرکردنی خواســت و مافەکانــی خەڵکــی کوردســتان.

١٩- یارمەتیدانـی قوتابیانـی پارچەکانـی تـری کوردسـتان کـە بەهـۆی خەباتـی سیاسـی پەرتـەواز دەبـن یـا خـود ئەوانـەی ئـارەزووی خوێنـدن دەکـەن لـە کوردسـتان.

٢٠- بەشــداریکردن لــە گەشــەپێدان و ئاوەدانکردنــەوەی کوردســتان و پاراســتن و گرنگیــدان بــە ژینگــە و فەرهەنــگ و کەلەپــوری کــوردی و شــوێنەوارەکانی کوردســتان و گەشــەپێدانی گەشــتیاری.

٢١- سەرخستنی هەڵمەتی جیهانی دژی توندوتیژی و تیرۆر.

٢٢- بڵاوبوونـەوەی ئاشـتی و دیموکراسـی لـە جیهانـدا و ڕێزگرتـن و پاراسـتنی مافەکانـی مـرۆڤ و سـەرکەوتنی بزوتنـەوەی ئازادیخـوازی گـەلان.

٢٣- بە سەردەمیکردنی کاری ڕێکخراوەیی لە کوردستان.

٢٤- پاڵپشتیکردن و پشتگیریکردنی هەنگاوەکانی دروستکردنی دەوڵەتی کوردستان.

## پەیڕەوەی ناوخۆ

### بەشی دووەم

### (ئەندامێتی)

**٢ـ١. ئەندامێتی:**

- ئەندامانـی (ی. ق. ك) لـە قوتابیانـی قۆناغەکانـی ئامادەیـی و پەیمانـگاکان و کۆلێـژ و خوێندنـی بـاڵا (دبلۆمـی بـاڵا + ماسـتەر) پێـك دێـن.
- قوتابیانــی دەرەکــی و کۆلێژەکانــی ســەربازی و پۆلیــس و قۆناغەکانــی بنەڕەتــی (١ـ٢ـ٣ـ٤ـ٥ـ٦) نابنــە ئەنــدام لــە (ی. ق. ك)دا.

**٢ـ٢. مەرجەکانی ئەندامێتی:**

هــەر قوتابییــەك بەبــێ ڕەچاوکردنــی ڕەگــەز، نەتــەوە، ئایــن، شــوێن لەلایــەن ئەندامێکــی یەکێتییــەوە پشــتگیری بکرێــت مافــی ئــەوەی هەیــە ببێتــە ئەنــدام، بــە ڕەچاوکردنــی قۆناغــی خوێنــدن لــە دوای ئــەوەی فۆڕمــی داواکاریــی ئەندامێتــی پــڕ بکاتــەوە بەپێــی ئــەم مەرجانــە :

١- بـڕوای تـەواوی بـە کارنامـە و پەیـڕەوی ناوخـۆی (ی. ق. ك) هەبێـت و خەبـات لـە پێنـاو بەدیهێنانـی ئامانجەکانیـدا بـکات.

٢- لە یەکێك لە ئۆرگانەکانی (ی. ق. ك)دا کاری ڕێکخراوەیی خۆی بکات.

٣- لە کارکردندا دڵسۆز و وردبین بێت و لە بەڵێنەکانیدا ڕاستگۆ بێت.

٤- لە یەکێك لە ناوەندەکانی خوێندندا درێژە بە خوێندنی بدات.

**٢ـ٣. ئەرکەکانی ئەندامێتی:**

١- پەیڕەوی دیسیپلینی نێوخۆیی (ی. ق. ك) و پلەکانی ڕێکخستن بکات.

٢- ئامانج و بیروباوەڕی یەکێتی بڵاو بکاتەوە و بەرگری لە یەکگرتوویی ڕیزەکانی بکات.

٣- کۆشــش بــۆ بەرفراوانکردنــی ڕێکخســتنی (ی. ق. ك) بــکات و ئەندامــی نــوێ بهێنێتــە ڕیــزەوە.

٤- بەشداری لە کۆبوونەوە و چالاکییە جۆراوجۆرەکانی یەکێتیدا بکات.

٥- هەوڵ بدات بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی زانستی و ڕۆشنبیری و هۆشیاری خۆی.

٦- دەبێ لە کاتی گۆڕینی ناوەندی خوێندنیدا ئەندامێتی خۆی بگوازێتەوە بۆ ئەو ناوەندەی کە تیایدا دەخوێنێت.

٧- هەوڵ بدات ئەوپەڕی شەفافیەت لە کارەکانی یەکێتی قوتابیانی کوردستاندا پەیڕەو بکات.

٨- بەو ڕێژەیەی لێژنەی ڕاپەڕاندن دیاری دەکات ئابوونەی ئەندامێتی بدات و ڕێوشوێنی وەرگرتنی دادەنێ[١].

٩- فۆڕمی ئەندامێتی (ی. ق. ك) پڕ بکاتەوە و زانیاری بدات بەپێی پێویست.

**٤ـ٢. مافەکانی ئەندامێتی:**

١- ئەندامی یەکێتی لەسنووری چالاکیی خۆیدا مافی ڕەخنەگرتن و دەربڕینی بیروڕای خۆی هەیە بە شێوەیەکی ئازادانە لە چوارچێوەی ئۆرگانەکەی خۆیدا.

٢- مافی دەنگدان و خۆپاڵاوتنی لە ئۆرگانەکانی یەکێتیدا هەیە.

٣- لە کاتی هەستکردن بە پێشێلکاری مافەکانی، بۆی هەیە داوای مافی خۆی بکات.

٤- لە کاتی پێویستیدا داوای یارمەتی بکات، دەزگای سەرووی خۆی دەسەڵاتی بڕیاردانی ڕادەی یارمەتی هەیە.

٥- لە ڕێگای پێشکەشکردنی داواکاری بە نووسراو مافی وازهێنانی لە یەکێتیدا هەیە.

٦- لە کاتی پێویستدا و لە کاتی چاکبەڕێوەبردنی چالاکییەکانی (ی.ق.ك) سوپاسنامەی ئاراستەی دەکرێت.

٧- ئەندام دوای دوو ساڵ تەواوکردنی خوێندن یاخود دابڕان لە خوێندن بە هەر هۆیەك مافی ئەندامێتی نامێنێ.

---

(١)بەهۆی هەڵەی چاپەوە لە دەقە ڕەسەنەکەدا بەشی کۆتایی ڕستەکە مانایەکی تەواو نادات.

**٢ـ٥. سزاکان:**

بەپێــی ئاســتی دەزگاکان و جــۆری ســەرپێچییەکە دەزگاکانــی یەکێتــی دەســەڵاتی ئــەم ســزایەیان هەیــە :

١- ئاگادارکردنەوە.

٢- سەرنجڕاکێشان.

٣- تەجمیدکردن(سڕکردن) وەستاندن.

٤- پێبژاردن(غەرامــە) لەکاتــی خــراپ مامەڵەکــردن بــە دەرامــەت و دارایــی یەکێتــی قوتابیانــی کوردســتان.

٥- پلەداگرتن.

٦- وەرگرتنــەوەی پلــە: کادر لــە کاتــی جێبەجێنەکردنــی ئەرکەکانــی بەپێــی پەیــڕەو پلــەی لــێ وەردەگیرێتــەوە.

٧- دەرکــردن: لەکاتــی ئەنجامدانــی هــەر کردارێــك کــە ســەرپێچی بێــت بــۆ پەیــڕەوی یەکێتــی و سیســتەمی گشــتی(نظام عــام) ئــەوا لــە ڕیزەکانــی (ی. ق.ك) دوور دەخرێتــەوە و دەردەکرێــت.

ســزاکان بەپێــی ســەرپێچییەکە لەلایــەن دەزگاکانــەوە دەدرێــن، جگــە لــە خاڵــی (١ و ٢) ســزاکانی تــر بــە پێــی لێکۆڵینــەوەی ورد و بەدواداچــوون دەســەپێندرێن.

## بەشی سێیەم

## ئۆرگانەکانی (ی. ق. ك)

یەکێتــی قوتابیانــی کوردســتان لەســەر بنەمــای دیموکراســی پێــك هاتــووە و هەمــوو ئۆرگانەکانــی یەکێتــی بــە دەنگــی زۆرینــەی ئاســایی و نهێنــی هەڵدەبژێردرێــن، هەروەهــا پەیــڕەوی ســەرکردایەتی بەکۆمــەڵ دەکــەن و گشــت بڕیــارەکان بــە زۆرینــەی ئاســایی دەردەچــن و ڕێکخســتن لەســەر ئــەم پرەنســیپانە دامــەزراوە:

**٣ـ١. نوێنەری هۆبە:**

گرنگتریــن یەکــەی ڕێکخســتنە، ئەندامێکــی یەکێتــی هەڵــی دەســوڕێنێ کــە بــە دەنگــی ئەندامانــی هۆبــە هەڵدەبژێــردرێ.

**٣ـ٢. ئەرکەکانی نوێنەری هۆبە:**

١- دروســتکردنی پەیوەنــدی لــە نێــوان ئەندامــان خۆیــان و گشــت قوتابیــان بــۆ بەشــداریکردنی چالاکییەکانــی یەکێتــی.

٢- کۆکردنەوەی ئابوونە.

٣- گەیاندنــی بیروبۆچــوون و داخوازییەکانــی ئەندامــان و گشــت قوتابیــان بــۆ ســەرووی خــۆی.

**٣ـ٣. لێژنەی قوتابخانە:**

لێژنــە لــە (٣) هەڤــاڵ پێــك دێــت کــە ڕاســتەوخۆ لەلایــەن نوێنەرانــی هۆبەکانــی لــە ناوەندەکانــی خوێنــدن هەڵدەبژێردرێــن و کــە هەڤاڵێکیــان دەبێتــە بەرپرســی لێژنــەی قوتابخانــە و دوو هەڤاڵەکــەی دیکــە دەبنــە کارگێــڕی لێژنــە، سەرپەرشــتی کارەکانــی (ی.ق.ك) لــەو شــوێنە دەگرێتــە ئەســتۆ و ئەڵقــەی پەیوەندییــە لــە نێــوان قوتابیــان و بەڕێوەبەرایەتــی ناوەندەکــە و ئۆرگانــی ســەرووی خــۆی.

**٣ـ٤. ئەرکەکانی لێژنەی قوتابخانە:**

١- بەلای کەمەوە دەبێت مانگانە جارێك کۆببێتەوە و ڕاپۆرت بەرز بکاتەوە.

٢- دەبێت مانگی جارێك كۆبوونەوەی فراوان لەگەڵ نوێنەرایەتی هۆبەكان ئەنجام بدات.

٣- بەرپرسیارە بەرامبەر گەشەكردن و چالاكییەكانی یەكێتی لە سنووری كاركردنیدا.

٤- ئەركـی زەمینەخۆشـكردنی بـۆ سەرخسـتنی پاڵێوراوانـی یەكێتـی قوتابیـان دەكەوێتـە ئەسـتۆ لـە هەڵبژاردنەكانـی نوێنەرایەتـی قوتابیانـدا.

**٣ـ٥. لێژنەی كۆلێژ و پەیمانگا:**

هەمان ئەركی لێژنەی قوتابخانەی دەبێت.

**٣ـ٦. مافەكانی لێژنەی كۆلێژ و پەیمانگە:**

١- مەكتەبی سكرتاریەت لە كاتی پێویست هاوكاری بۆ دادەنێت.

٢- لێژنـە ڕاسـتەوخۆ سـەر بـە ئۆرگانـی سـەرووی خـۆی دەبێـت لـە سـنووری جوگرافـی خۆیدا.

٣- بەرپرسی لێژنە لە كۆبوونەوەی فراوانی لق بەشدار دەبێت.

**٣ـ٧. لێژنە ناوچە:**

لـە هـەر شـوێنێكی سـنووری هەرێمـی كوردسـتان لـە سـەنتەری قـەزا یـان ناحییـەكان (بەپێـی پێویسـت) ناوچـەی لـێ دەبێـت، بـۆ چاودێریكردنـی كارەكان و فراوانكردنـی ڕێكخسـتنەكانی یەكێتـی دادەنرێـت و لـە (٣) هەڤـاڵ پێـك دێـت.

لەلایـەن لێژنـەی ڕاپەڕانـدن بـە ڕەچاوكردنـی ڕێـژەی ئەندامـان و فراوانـی سـنوور بڕیـار لەسـەر زیادكـردن و كەمكردنـەوەی ژمـارەی ناوچـەكان دەدرێـت.

١- بەرپرسـی ناوچـەكان لـە كۆبوونـەوەی بەرفراوانـی لـق كـە مانگانـە دەبەسـترێت بەشـداری دەكات.

٢- سەرپەرشتی جموجوڵەكانی یەكێتی دەكات لە سنووری چالاكیی خۆیدا.

٣- بەرپرسیارە بەرامبەر گەشەكردنی چەندێتی و چۆنێتی ڕێكخستنەكانی یەكێتی.

٤- مانگانە كۆبوونەوەی خۆی دەكات و تاوتوێی ڕاپۆرتی ڕێكخراوەیی خۆیان دەكەن.

٥- ناوچـه پابەنـده بـە جێبەجێکردنـی بڕیـار و ڕێنمایـی و ڕاسـپاردەکانی دەزگاکانـی سـەرووی خـۆی.

٦- پێویسـته دەسـته دوو مانـگ جارێـك كۆبوونـەوەی ئاسـایی (لێژنـە قوتابخانـەكان) سـاز بـكات.

٧- ناوچه دەسەڵاتی سزاكانی (١ و ٢)ی بەندی (٢) بڕگەی (٥)ی هەیە.

٨- كۆنفرانسی ناوچە پێك دێت له دەستەی ناوچه و بەرپرسی لێژنه قوتابخانەكان.

**٣ـ٨. لق:**

١- لق پێك دێت له بەرپرس و (٤) كارگێڕ كه له كۆنفرانسی ناوخۆیی لقدا هەڵدەبژێردرێن.

٢- دەسـتەی لـق مانگـی جارێـك كـۆ دەبێتـەوە و دوای پەسـەندكردنی لـه كۆبوونـەوەی لـق ڕاپۆرتـی مانگانـەی خـۆی بـۆ مەكتەبـی سـكرتاریەت بـەرز دەكاتـەوە.

٣- لـق بەرپرسـیارە بەرامبـەر جێبەجێکردنـی ڕاسـپاردە و بڕیـار و ڕێنماییەكانـی مەكتەبـی سـكرتاریەت.

٤- مافـی سـەپاندنی سـزاكانی بڕگـەی (١ و ٢) ی سـزاكانی هەیـە، بـۆ سـەپاندنی سـزاكانی دیكـە كـە لـە بڕگـەی (٣، ٤، ٥) سـزاكان هاتـوون تەنهـا مافی پێشـنیاركردنی بـۆ مەكتەبـی سـكرتاریەت هەیـە.

٥- لەكاتی نەمانی (نیوە + یەك)ی ستافی لق، كۆنفرانس دەبەسترێتەوە.

٦- بڕیـاردان لەزیادكـردن وكەمكردنـەوەی لقـەكان لـە دەسـەڵاتی لێژنـەی ڕاپەڕاندندایـە.

٧- بەرپرسـی لـق مافـی خۆپاڵاوتنـی نییـە بـۆ دەزگاكانـی سـەرووی خـۆی لـە مـاوەی نێـوان ٢ كۆنگـرە.

٨- له كاتی نەمانی بەرپرسی لق، كۆنفرانس له نێوان ستافی لق و ستافی ناوچه یان كۆلێژ و پەیمانگەكان دەكرێت بە مەرجێك له ماوەی دوو هەفته تێپەڕ نەكات.

## بەشی چوارەم

## دەزگاكانی سەركردایەتیكردن

### ٤ـ١. كۆنگرە:

بەرزترین دەسەڵاتە لە یەكێتیدا، پێك دێت لە ئەندامانی مەكتەبی سكرتاریەت یەدەگەكانی، ئەندامانی لێژنەی ڕاپەڕاندن و (ئەندامانی لێژنەی ئامادەكردن) و ئەو ئەندامانەی بەپێی ئەو سیستەمە هەڵبژاردنەی كە دادەنرێت لەلایەن لێژنەی ڕاپەڕاندنەوە و بەپێی ڕێژەی دیاریكراو، هەڵبژێردراون لە ناوەندەكانی خوێندندا.

كۆنگرە سێ ساڵ جارێك لە وادەی خۆی دەبەسترێت و دەسەڵاتی گۆڕینی ناو و ئارم و دروشم و هەڵوەشانەوەی یەكێتی و دەستكاریكردنی كارنامە و پەیڕەوی ناوخۆی هەیە. لە كاتی ئەنجامنەدانی كۆنگرە لە وادەی خۆی لێژنەی ڕاپەڕاندن هۆكارەكانی ڕادەگەیەنێ لەو ماوەیەش مەكتەبی سكرتاریەت تەنها مافی ڕاییكردنی كارەكانی هەیە و نابێ وادەی دواخستنی كۆنگرە لە (٣ تا ٤) مانگ تێپەڕ ببێت.

### ٤ـ٢. لێژنەی ڕاپەڕاندن:

١- بەرزترین دەسەڵاتی بەرنامەڕێژییە لە یەكێتیدا لە ماوەی نێوان دوو كۆنگرە.

٢- پێك دێت لە ئەندامان و یەدەگەكانی مەكتەبی سكرتاریەت و بەرپرسی لقەكان. هەر ٣ مانگ جارێك كۆبوونەوەی ئاسایی خۆی دەكات، لە كاتی پێویست كۆبوونەوەی نائاسایی ئەنجام دەدەن.

٣- كاری دابەشكردن و چاودێریكردنی میزانیە و دارایی یەكێتی لەبەرچاو دەگیرێت.

٤- دانانی ستراتیژییەتی یەكێتی قوتابیانی كوردستان لە ئەستۆ دەگرێت و پلانی كار و چالاكییەكانی (ی. ق. ك) دادەڕێژێت.

٥- بڕیاردان لەكاتی پێویست و نائاسایی.

٦- كۆبوونەوەی لێژنەی ڕاپەڕاندن لە كاتی دیاریكراوی خۆیدا دەبەسترێت و

تێیـدا چاوخشـاندنەوە دەکرێـت بـە سـەرجەم کارەکانـی مەکتەبـی سـکرتاریەت و لقـەکان و هەڵسـەنگاندنیان بـۆ دەکرێـت و بەرنامـەی کاری ئاینـدەی (ی.ق.ك) دادەڕێژرێـت.

٧- لـە نێـوان دوو (٢) کۆبوونـەوەدا، لێژنـەی ڕاپەڕانـدن دەتوانێـت بـە کـۆی دەنگـی (٣/٢)ی ئەندامـان گۆڕانـکاری لـە سـکرتێر و سـتافی سـکرتاریەت بکـەن.

٨- لێپرسینەوە لەگەڵ هەریەك لە ئەندامانی لێژنەی ڕاپەڕاندن و مەکتەبی سکرتاریەت دەکات لە کاتی پابەندنەبوون بە بەندەکانی کارنامە و پەیڕەوی ناوخۆ.

**٤ـ٣. مەکتەبی سکرتاریەت:**

١- مەکتەبی سکرتاریەت لە سەر بنەمای بازنەی جوگرافی هەڵدەبژێردرێت.

٢- کۆنگـرە ڕاسـتەوخۆ یـازدە هەڤـاڵ بـۆ مەکتەبـی سـکرتاریەت هەڵدەبژێرێـت، کـە نـۆ زۆرتریـن دەنـگ دەبنـە ئەندامـی مەکتەبـی سـکرتاریەت و دوو کەمتریـن دەنگـی سـەرجەم بازنـەکان دەبنـە یـەدەگ.

٣- سکرتێر لە نێو نۆ ئەندامی مەکتەبی سکرتاریەت هەڵدەبژێردرێت.

٤- مەکتەبـی سـکرتاریەت بڕیـار و ڕاسـپاردەکانی لێژنـەی ڕاپەڕانـدن جێبەجـێ دەکات و بەرپرسـیارە بەرامبـەر لێژنـەی ڕاپەڕانـدن.

٥- یەدەگەکانـی مەکتەبـی سـکرتاریەت بـە پۆسـتی جێگری بەرپرسـی بەش لـە مەکتەبی سـکرتاریەت کار دەکـەن تەنها لە کۆبوونـەوەی لێژنەی ڕاپەڕاندن بەشـدار دەبن.

٦- سـتافی مەکتەبـی سـکرتاریەت مانگانـە کۆبوونـەوەی ئاسـایی خـۆی دەبەسـتێت و لـە کاتـی پێویستیشـدا کۆبوونـەوەی نائاسـایی دەبەسـتێت.

٧- مافـی سـەپاندنی هەمـوو سـزاکانی هەیـە بەسـەر ئەندامانـی سـەرجەم ئۆرگانەکانـی یەکێتـی، ئەگـەر کەمتەرخەمییـان کـرد یاخـود لـە پەیـڕەو لایـان دا یـان سـەرپێچییان کـرد لـە جێبەجێکردنـی بڕیارەکانـی مەکتەبـی سـکرتاریەت جگـە لـە سـزاکانی (٦ و ٧) بەسـەر لێژنـەی ڕاپەڕانـدن.

٨- مەکتەبـی سـکرتاریەت دەسـەڵاتی دانانـی لێژنـەی کاتـی و هەمیشـەیی لـە نـاو

بەشـــەکانی مەکتەبـــی ســـکرتاریەتدا هەیـــە.

**مەکتەبی سکرتاریەت لە سکرتێر و ئەم بەشانە پێك دێت:**

أ-بەشی ڕێکخستن و ئامار

ب-بەشی پلان و پڕۆژەکان.

ج-بەشی نوێنەرایەتی و کاروباری قوتابیان

د-بەشی پەیوەندییەکان

هـ-بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن

و-بەشی دارایی و بەڕێوەبردن

ز-بەشی چالاکییەکان

ح-بەشی توێژینەوە و پێگەیاندن

**أ- بەشی ڕێکخستن و ئامار:**

ئـــەم بەشـــە بەرپرســـیارە لـــە گەشـــەکردنی ڕێکخســـتنی یەکێتـــی، سەرپەرشـــتی کار و چالاکییەکانـــی ڕێکخســـتنی یەکێتـــی دەکات لـــە ڕێگـــەی ڕاپـــۆرت و نـــووسراوی مانگانـــەی ســـەرجەم دەســـتە ناوەنـــدی و دەســـتەکان، کـــە ڕاســـتەوخۆ یاخـــود وێنەیـــان بـــەرز دەکرێتـــەوە بـــۆ مەکتەبـــی ســـکرتاریەت، هەروەهـــا بـــە ڕێگـــەی ســـەردانی مەیدانـــی بـــۆ هەمـــوو دەســـتە ناوەنـــدی و دەســـتەکان (بەهـــاوکاری مەکتەبـــی ســـکرتاریەت و لێژنـــەی ڕاپەڕانـــدن) بـــۆ بەدواداچـــوون لـــە بـــاری ڕێکخســـتن و چۆنێتـــی گەشـــەکردن و ناردنـــی زانیـــاری بژانـــدن بـــۆ باشـــکردن و بەرەوپێشـــبردنی کاری ڕێکخســـتنی یەکێتـــی و زیادکردنـــی ژمـــارەی ئەندامـــان و گۆشـــکردنیان بـــەو بیروبـــاوەڕی یەکێتـــی لەســـەری دامـــەزراوە.

**ئەرکەکانی بەش:**

١- مانگانە کۆبوونەوەی بەش دەبەسترێت و ڕاپۆرت دەگاتە مەکتەبی سکرتاریەت.

٢- بەپێـی پێویسـت کۆبوونـەوە لەگـەڵ کارگێڕانـی بەرپرسـی ڕێکخسـتنی سـەرجەم دەسـتە ناوەندییـەکان ئەنجـام دەدات بـۆ پێداچوونـەوە و لێکۆڵینـەوەی بـاری ڕێکخسـتنی

یەکێتییەکەمان.

٣- ئامادەکردنی ئاماری سەرجەم ئەندامان کە لە ڕێگەی ڕاپۆرتی مانگانەی لقەکانەوە دەگات.

٤- بەرنامەڕێژی بۆ سەرخستنی نوێنەرەکانی یەکێتی قوتابیان لە هەڵبژاردنەکانی نوێنەرایەتیکردنی قوتابیان.

**ب- بەشی پلان و پڕۆژە:**

ئەم بەشە بەرپرسە لە ئامادەکردنی سەرجەم پڕۆژەی بەشەکانی تر و دانانی پلانی گونجاو و بەرنامەڕێژیکردن بۆ بەسەرکەوتوو بەئەنجامگەیاندنی سەرجەم پڕۆژەکانی ستراتیژیەتی یەکێتی قوتابیانی کوردستان و پلانی ماوەکورت و ماوەدرێژ ئامادە دەکات بۆ لقەکان تا بەپێی ئەم پلانە کار بۆ سەرخستنی کار و چالاکییەکانی یەکێتی بکرێت.

**ت- بەشی نوێنەرایەتی و کاروباری قوتابیان:**

ئەم بەشە پەیوەندی تەواوی لەگەڵ سەرجەم نوێنەرایەتییەکانی یەکێتی قوتابیانی کوردستان دەبێت و ئەم ئەرکانەی لای خوارەوەی دەبێت:

١- بایەخدان و لێکۆڵینەوە لە سەرجەم ئەو کاروکێشە و گرفت و ئاستەنگانەی کە دێنە ڕێگەی قوتابیان و پرۆسەی خوێندن وە هەوڵی چارەسەرکردن و جێبەجێکردنی داواکارییەکان دەکات بە ڕێگەی گونجاو، بە بەرنامەڕێژیکردن و خستنەبەردەستی مەکتەبی سکرتاریەت بۆ بڕیاردانی پێویست و ناردنی بۆ دەستە ناوەندییەکان.

٢- گەیاندنی کێشە و داواکارییەکانی قوتابیان بە دامودەزگا پەیوەندیدارەکان.

٣- ئاسانکاری و ڕێنوێنیکردنی لێژنەکانی نوێنەرایەتی هەڵبژێردراوی قوتابیان.

**پ- بەشی پەیوەندییەکان:**

ئەم بەشە بەرپرسیارە بەرامبەر پەیوەندییەکانی یەکێتی قوتابیان کورستان لەسەر ئاستی ناوخۆ کە خۆی لە توندوتۆڵکردنی پەیوەندی لەگەڵ دامودەزگاکانی حکومەت بە تایبەت هەردوو وەزارەتی پەروەردە و خوێندنی باڵا و سەرجەم

ڕێکخـراوە ناحکومییەکانـی کوردسـتان بـە تایبەتـی ڕێکخـراوە قوتابـی و خوێندکارییـەکان پاشـان لەسـەر ئاسـتی دەرەکـی و پەرەپێدانـی پەیوەندییـەکان لەگـەڵ ڕێکخـراوە جیهانییەکانـی قوتابیـان و کەناڵـە زانسـتییەکانی دەرەوە دەبینێتـەوە و ئـەم ئەرکانـەی لای خـوارەوەی دەبێـت:

١- دەربـڕی بیـروڕا و هەڵوێسـت و بۆچوونـی یەکێتـی قوتابیانـی کوردسـتان دەبێـت کـە لەلایـەن مەکتەبـی سـکرتاریەتەوە هێڵـە گشـتییەکانی دیـاری دەکرێـت.

٢- بەرپرسـی بـەش نوێنەرایەتـی دەکات لـە کۆبوونەوەکانـی فیدراسـیۆن و ڕێکخـراوە قوتابـی و خوێندکارییـەکان.

٣- لـە ڕێگـەی نـووسراو و ڕاپۆرتـی مانگانــەوە سەرپەرشـتی کاری پەیوەندییەکانـی لقـەکان دەکات و ڕێنمانیـی پێویسـتیان پێشـکەش دەکات و سـەرنج و تێبینـی لەسـەر چۆنێتی کارەکانیـان دەردەبڕێـت و بـە گوێـرەی پێویسـت بـۆ ئاگاداربوونـی لقـەکان لـە هەڵوێسـتە جۆراوجۆرەکانـی زانیارییـان بـۆ دەنێرێـت.

٤- سەرپەرشـتی کاری نووسـینگەکانی نوێنەرایەتـی (ی. ق. ك) دەکات لـە دەرەوەی هەرێمـی کوردسـتان و وڵاتانـی دیکـە، زانیـاری پێویسـتیان پـێ دەدات.

**ج- بەشی ڕاگەیاندن:**

١- سەرپەرشـتی کاروبـاری ڕاگەیاندنـی یەکێتـی قوتابیانـی کوردسـتان دەکات وەك (ڕۆژنامـە، گۆڤـار، سـایت، ڕادیـۆ و تەلەڤیزیـۆن) و گەیاندنـی دەنـگ و هەڵوێسـتەکانی یەکێتـی بـە جەمـاوەر.

٢- سەرپەرشـتی و چاودێریکردنـی بەڕێوەچوونـی کارەکانـی بەشـی ڕاگەیاندنـی لقـەکان لـە ڕێگـەی ڕاپۆرتـی مانگانـە کۆبوونـەوە و سـەردانی مەیدانـی.

٣- سەرپەرشـتیکردنی ئەرشـیڤ و پەرتوکخانەکانـی یەکێتـی و دانانـی ڕێوشـوێنی پێویسـت بـۆ دەوڵەمەندکردنیـان.

٤- لـە ڕێگـەی بڵاوکـراوە بژانـدن و نامیلکـەوە بەرنامـەی جۆراوجـۆر و بابەتـی ڕۆشـنبیر بـڵاو دەکاتـەوە.

**ع- بەشی دارایی و بەڕێوەبردن:**

**دارایی**

١- دارایی یەکێتی پێك دێت لە:

أ. ئابوونەی ئەندامانی یەکێتی.

ب. ئەو یارمەتییانەی بۆ یەکێتی دەنێردرێن و ئەو پیتاکانەی کۆ دەکرێنەوە.

ت. داهاتی چالاکی و پڕۆژەکان.

ث. داهاتی فرۆشتنی چاپەمەنییەکان.

٢- دارایی یەکێتی بەم جۆرە بڕیاری خەرجکردنی لێ دەدرێت:

أ. داهاتی یەکێتی قوتابیانی کوردستان لە کۆبوونەوەی لێژنەی ڕاپەڕاندن بۆ سەرجەم کاروبارەکانی مەکتەبی سکرتاریەت و خەرجییە جۆراوجۆرەکان بڕیاری لێ دەدرێت.

ب. کۆبوونەوەی لێژنەی ڕاپەڕاندن چاودێری خەرجیی مەکتەبی سکرتاریەت دەکات و سکرتاریەتیش چاودێری خەرجیی لقەکان دەکات بە هەمان شێوە لق و لێژنە ناوچەکان پەیڕەوی خەرجی دەکەن.

ت. دەرماڵەی هەڤاڵان بە شێوەیەکی جێگیر دابەش دەکرێت بەو شێوەی لێژنەی ڕاپەڕاندن بڕیاری لێ دەدات.

ث. لە کاتی سەرپێچیکردن و ناڕێکی لە خەرجکردنی داهات، دەزگاکانی سەروو بۆیان هەیە بە گوێرەی سزاکانی بەندی (٢) بڕگە (٥) سزا ببەستن.

ج. دەبێت داهاتی یەکێتی لەسەرجەم ئۆرگانەکاندا (لە هەر سەرچاوەیەکەوە بێت) دەزگای سەرووی لێ ئاگادار بکرێتەوە و لە لیستی داهات تۆمار بکرێت.

ح. تەواوی داهات و خەرجییەکانی دەزگاکانی یەکێتی لە پەڕاوی تایبەتدا تۆمار دەکرێت.

٣- دارایی یەکێتی بەم جۆرە خەرج دەکرێت:

أ. میزانیه و دەرماڵەی بڕیارلێدراو.

ب. ڕاگەیاندنـی ناوەنـدی لـە دەرکردنـی (ئـۆرگان) و بەرنامـەی ڕادیـۆیـی و تەلەڤیزیـۆن و بڵاوکراوەکانـی دیکـە.

ت. خەرجییە پێویستییەکانی بارەگاکان.

ث. هاوکاریـی ئەندامـان لـە کاتـی پێویسـتدا کـە لەلایـەن لـق و لێژنـە ناوچەکانـەوە تەزکییـە دەکرێـن.

ج. بۆ هاتوچۆی نوێنەرایەتی یەکێتی بە ئیشوکاری تایبەت بە یەکێتی هاتوچۆ دەکرێت.

ح. ئەنجامدانی چالاکی هەمەجۆر.

خ. لـە ڕێگـەی ڕاپۆرتـی مانگانـە و کۆبوونـەوە و سـەردانی مەیدانـی دەزگاکانـی سـەروو چاودێـری داهـات و خەرجییەکانـی دەزگای خواروتـری خۆیـان دەکـەن.

د. مەکتەبـی سـکرتاریەت ژمێریارێکـی یاسـایی دادەمەزرێنێـت بـۆ ڕێکخسـتنی کاروبـاری دارایـی.

**بەڕێوەبردن:**

١- بەرپرسـیارە بەرامبـەر هەژمارکـردن و چاودێریکردنـی کەلوپەلەکانـی یەکێتـی و تۆمارکردنـی هـەر (٦) مانـگ جارێـك لـە پـەڕاوی تایبەتـدا.

٢- ڕێکخسـتنی کاتـی دەوامکـردن لـە بارەگاکانـدا و پێداویسـتییەکانی ئیشـوکاری ڕۆژانـە بـۆ تۆمارکـردن لـە پـەڕاوی تایبـەت.

**غ- بەشی چالاکییەکان:**

هەوڵـدان بـۆ دەرخسـتن و پەرەپێدانـی بەهـرەی شـاراوەی وەرزشـی و هونەریـی قوتابیـان و کۆکردنەوەیـان لـە یانـە و تیپـە وەرزشـی و هونەرییەکانـی یەکێتیـدا.

کۆکردنـەوە و ڕێکخسـتن و سەرپەرشـتیکردنی چالاکـی و خولـە جۆراوجـۆرە وەرزشـی و هونەرییـەکان لـە ناوەندەکانـی خوێندنـدا، بـە سـوودوەرگرتن لـە خولـە پەروەردەییـەکان و خولـی تایبـەت بـە زانکـۆ و پەیمانگـەکان، هـەوڵ بدرێـت ئەندامانـی یەکێتـی جێگـە و پێگـەی شـیاویان هەبێـت لـە خولـە نێوخۆیـی و نێودەوڵەتییەکانـدا.

سەرپەرشتی چالاکییە جۆراوجۆرەکانی تر دەکات وەك (گەشتە زانستی و گوزارییەکان و خەڵاتکردنی قوتابییە سەرکەوتوو و بەهرەمەندەکان و... هتد).

**هـ- بەشی توێژینەوە و پێگەیاندن:**

ئەم بەشە کار بۆ بەرزکردنەوەی توانا و پێگەیاندنی سەرجەم کادرەکانی یەکێتی دەکات لە ڕێگەی بەرنامەی تایبەتی وەکو خول و وۆرکشۆپ و سیمینار لەگەڵ ئەنجامدانی توێژینەوەی زانستی لەسەر کۆی گرفتە کۆمەڵایەتییەکان بە تایبەتی لای توێژی قوتابی و ئاشکراکردنی ئەنجامی توێژینەوەکان و بەرنامەداڕشتن بۆ چارەسەری ئەو گرفتانە و ئاگادارکردنی لایەنی پەیوەندیدار بەپێی شوێنی جوگرافی و کار بۆ ئەنجامدانی توێژینەوە و پێگەیاندنی هەڤاڵانیان و ئاگادارکردنی مەکتەبی سکرتاریەت لە ڕێگەی ڕاپۆرتی بەشەکەیان.

* لە دەقی پەیڕەو و پرۆگرام بە هەڵە پیتی(و) دووبارە بووەتەوە ل٤٤.

## کۆنفرانسی هەولێری یەکێتی قوتابیانی کوردستان
## هەولێر - ٢٠١٧

ئـەم کۆنفرانسـە لـە ڕێکـەوتی ١٨ی تشـرینی دووەمـی سـاڵی ٢٠١٧، لـە هۆڵـی شـەهید مەئمـون دەبـاغ، لـە بـارەگای مەکتەبـی سـکرتاریەتی یەکێتـی قوتابیانـی کوردسـتان لـە شـاری هەولێـر، بـە دروشـمی (یەکێتـی قوتابیـان؛ نـوێ بوونـەوە و بەردەوامـی) و بـە ئامـادە بوونـی ٦٥ نوێنـەر بەسـترا[١].

نوێنەرانــی کۆنفرانــس دەســتەیەکی نوێیــان بــۆ ســکرتاریەتی یەکێتــی قوتابیانــی کوردســتان، بــە شــێوەی خــوارەوە هەڵبــژارد:

١- نێچیرڤان حسێن حەمەد- سکرتێر

٢- کاروان ڕەئوف تەها، ناسراو بە کاروان میرانی- ئەندامی مەکتەبی سکرتاریەت

٣- سەنگین ئەحمەد سەلام- ئەندامی مەکتەبی سکرتاریەت

٤- سیروان مینەخان- ئەندامی مەکتەبی سکرتاریەت

٥- هۆگر بەهادین شەریف- ئەندامی مەکتەبی سکرتاریەت

٦- مەتین ڕەمەزان عومەر- ئەندامی مەکتەبی سکرتاریەت

٧- هاوبەش مستەفا عەبدوڵا، ناسراو بە هاوبەش گۆرونی- ئەندامی مەکتەبی سکرتاریەت

٨- فریاد ئیسماعیل ڕەسوڵ- ئەندامی مەکتەبی سکرتاریەت[٢].

## سەرچاوە و پەراوێز

١- کاروان میرانی، نوێبوونەوە و بەردەوامی، ڕۆژنامەی خەبات، ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستان، ژمارە ٥٣٩٨، هەولێر، پێشنجشەمە، ٢٣ی تشرینی دووەمی ٢٠١٧ز، ل ٥.

٢- بەشی ڕاگەیاندن و ڕۆشنبیریی یەکێتی قوتابیانی کوردستان، شەشەمین کۆنفرانسی یەکێتی قوتابیانی کوردستان، (هەولێر ـ ٢٠١٧ز)، ل ل ٤-٥، ١١١؛ بەیاننامە و ڕاگەیاندراوەکانی یەکێتی قوتابیانی کوردستان لە ڕێکەوتی ٢٠١٧/١٠/١٦ - ٢٠١٩/١/١٧، (هەولێر -یەکێتی قوتابیانی کوردستان ـ بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن ـ ٢٠١٩ز)، ل ٦.

## وتارەکانی شەشەمین کۆنفرانسی یەکێتی قوتابیانی کوردستان

## «نوێبوونەوە و بەردەوامی»

وتـاری هەڤـاڵ مەحمـود محەمـەد ئەندامـی مەکتەبـی سیاسـی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان

بەیانیتـان بـاش، هەڤاڵانـی بەڕێـزی یەکێتـی قوتابیانـی کوردسـتان، سـکرتێر و ئەندامانـی مەکتەبـی سـکرتاریەت و کارگێڕانـی لـق و نووسـینگەکان بەخێرهاتـن، ئومێـد دەکەیـن کۆنفرانسـێکی بـاش و شایسـتە و گونجـاو بـۆ هەلومەرجـی ئێسـتە و قۆناغەکـە ببەسـتن و بڕیـاری بـاش و توێژینـەوەی گرنـگ ئەنجـام بـدەن، بـۆ ئـەوەی یەکێتـی قوتابیـان لـەو هەلومەرجـە ناسـکە، ڕۆڵـی خـۆی ببینێـت.

ناونیشـانی کۆنفرانسـەکەتان ناونیشـانێکی سەرنجڕاکێشـە، هـەم نوێبوونـەوە و هـەم بەردەوامـی. نوێبوونـەوە لـە پێنـاوی بەردەوامبـوون نـا، بەڵکـو لـە پێنـاوی بەرەوپێشـچوون. ڕاسـتییەکەی ئێمـە ئـەم سـێ کەسـە، کاك ڕێبـوار و بەنـدە و کاك ساسـان، بـەردەوام لەنێـو کەشـوهەوای قوتابیانـدا بووینـە، ئیـدی نازانـم شـایەنمان هەیـە یـان قەرزداربـاری یەکێتـی قوتابیانیـن، ئـەو شـانازییە بـە ئێمـە بەخـشراوە لـە نێـو یەکێتـی قوتابیـان دەسـتمان پـێ کـردووە و کاری ڕێکخراوەیـی و سیاسـیی فێربوویـن و پاشـان چووینـە نێـو کاری حزبایەتییـەوە.

حـزب بڕیـاری داوە، هەنـدێ گۆڕانـکاری ڕیشـەیی بـکات. ئێمـە لەگـەڵ ڕێکخـراوە جەماوەرییـەکان و لەگـەڵ سـکرتاریەتیش باسـمان کـردووە کـە بـۆ ئـەو بڕیارەمـان دا، گۆڕانـکاری ڕیشـەیی بکرێـت و یەکێتـی قوتابیانیـش لـە هەنـدێ شـت کـە تووشـی بووبـوو، جـودا بکرێتـەوە. هەڤـاڵان ئـەم بڕیـارە، بڕیارێکـی ئاسـان نەبـوو، زۆری پـێ چـوو تاوەکـو توانیـمان ئـەم بڕیـارە بدەیـن. برایـان لـە دەسـتەی ڕێکخـراوە جەماوەریـی و پیشـەییەکان زۆر خەریـك بـوون تاوەکـو توانیـان پڕۆژەیـەك بـە چەنـد پێشـنیارەوە ئامـادە بکـەن، بـۆ ئـەوەی چـی بکرێـت لەگـەڵ ئـەم بارودۆخـەی یەکێتـی قوتابیـان کـە تووشـی بـووە. هەمـوو لێکدانـەوەکان و هەمـوو دیراسـەکانیش گەیشـتنە ئـە ڕاسـتییەی، ئەگـەر بێـت و بمانەوێـت گۆڕانکارییەکـی ڕیشـەیی بکەیـن، ئـەو گۆڕانکارییـەی لـە ڕێـی کۆنفرانـس یـان کۆنگـرە پێـمان نەکرێـت و تووشـی هەمـان قەیرانـی پێشـوو ببینـەوە و

ڕێچکەی پێشتر بەردەوام بێت.

با من ڕاشکاوتر بڵێم، کێشەکە تەکەتولات بوو، ئەم تەکەتولاتە تەنها هی ئەو دەستەیەی سکرتاریەتی پێشوو نەبوو، بەڵکو درێژکراوە بوو، هەمووجار لە کۆنگرە و کۆنفرانسەکاندا دووبارە دەبووەوە، لە پێشی کۆنگرەی ڕابردوودا، من لەبیرمە برایان لە دەستەی جەماوەریی و پیشەییەکان، مەکتەبی سیاسییان ئاگادار کردەوە بەوەی ئەگەر دەتانەوێت کێشەی یەکێتی قوتابیان چارەسەر بێت و لەوەی تێی کەوتووە و وزەی لێ بڕیوە ڕیشەکێش بکەن، نابێت بەو شێوەیە کراوەیە بڕیار و کۆنگرە ببەسترێت، بەڵام ئەو کاتە ئومێدی ئەوە هەبوو کە چاك بکرێت، وەلێ بەداخەوە نەکرا، دوای ئەوەی ئەو بڕیارانە درا، گەیشتینە ئەو قەناعەتەی کە دەبێت یەکێتی قوتابیان بێتەوە سەر ڕێچکەی ڕاستەقینەی خۆی کە خەبات و تێکۆشان و هەوڵدانە، کە بەشێك بێت لە پێگەی پێگەیاندن و پێشکەوتنی ناو کۆمەڵگە، نەوەك بەشێك بێت لە ترس و دروستکردنی ڕێچکەی جودا جودا کە ئەم نەریتە نە یەکێتی قوتابیان دەهێڵێتەوە و نە دەتوانی ئەو ئامانجانەی هەیەتی بی پێکێ. لێتان ناشارینەوە وای لێ هاتبوو پرسیار دروست بووبوو، ئەرێ بوونی یەکێتی قوتابیان پێویستە بەم شێوە و جۆرەی کار و فتار دەکەن. من لە سەرەتای قسەکانم گوتم سێ کەس، ئیعتیبارەن برادەرانی دیکەش لێرەن، ئێمە هەموومان لە قوتابخانەیەك پێگەیشتووین، چونکە یەکێتی قوتابیان وەکو قوتابخانەیەك بوو بۆ پێگەیاندنی کادیر و ئامادەکردنی کادیر بۆ ناو پارتی دیموکراتی کوردستان و فێرکردنیان لەسەر ڕێبازی پیرۆزی بارزانی.

لەم ماوەی پێشوودا من منەکان زۆر گەورەتر بوون، هێندەی هەوڵدان بۆ زاتی ئینسانەکان بوو، هەوڵ نەبوو بۆ پارتی و ڕێبازی بارزانی، لە سەتا دەی هەوڵەکانیش بۆ یەکێتی قوتابیان و پارتی دیموکراتی کوردستان و ڕێبازی بارزانی نەبوو، وای لێ هاتبوو یەکێتی قوتابیان زۆر بچوك بووبووەوە، بە شێوەیەك بەردەوام لە دواوەی هەمڕەوانەوە بوو، چونکە وزەی لێ بڕابوو. پێش دانانی ستافی ئەم سکرتاریەتە، ئێمە یەکێتی قوتابیانمان نەشتەرگەری کرد، زۆر باشیش کردمان، دوو فرسەتی دا بە ئێمە ئەو نەشتەرگەرییە، یەکیان خودی سکرتاریەت گەیشتنە ئەم بڕوایەی

تەكەتـولات و كێشـەكان هێنـدە قـوڵ بوونەتـەوە ئاسـان نییـە بـە كۆنفرانـس و كۆنگـرە چـارە بكرێـت، ئـەوە بـۆ ئێمـە گرنـگ بـوو كـە یەكێتـی قوتابیـان هاوڕابـوون لـەم بابەتـەدا، وە بـە كردەیـی لـە دیراسـەكانی ڕێكخـراوە بكرێـت، جەماوەریـی و پیشـەییەكان سـكرتاریەتی قوتابیـان بـە خـودی سـكرتێرەوە هـاوكار بـوون، بـۆ ئـەوەی ئـەم پڕۆژەیـەی پارتـی و دەسـتە هەیەتـی جێبەجـێ بكرێـت، ئـەوەش گرنگـی خـۆی هەبـوو.

ئەمـە هـۆكاری گۆڕانكارییـەكان بـوو لەبـەر چاوتـان بێـت، هـەردەم گوتوشـمانە یەكێتـی قوتابیـان وەكـو دامەزراوەیەكـی گرنـگ لەلایـەن پارتـی دیموكراتـی كوردسـتانەوە سـەیر كـراوە و دەكرێـت، بۆیـە دەبێـت گرنگـی پـێ بدرێـت و بەخەمیـەوە بیـن، ناكـرێ پاوانخـوازی و بەرژەوەنـدی كەسـیی بەسـەر یەكێتـی قوتابیانـدا زاڵ بێـت و قوتابیـان لـە ئامانجـی ڕاسـتەقینەی بچێتـە لاوە. ئێسـتەش ئـەم قۆناغـە چیـمان بـۆ دەخوازێـت پێویسـتە كاری لەسـەر بكرێـت، بـە تایبـەت گەرموگـوڕی كاری قوتابیانـە، چونكـە ئێمـە لێـرە لەگـەڵ ئێـوەی قوتابیـان قسـە دەكەیـن، دەخوازیـن كارو چالاكییەكانتـان زۆر لێكـدراوە و گونجـاو بـن لەگـەڵ سـەردەم و سروشـتی دۆخـی هەنووكەیـی كوردسـتان.

ئەمـەش پێویسـتی بـە یەكگرتوویـی و یەكڕیـزی هەیـە لەنێـو ئۆرگانەكانـی یەكێتـی قوتابیانـی كوردسـتان، دەبـێ بیـر لـەوە نەكرێتـەوە مـن دەبمـە سـكرتێر، مـن دەبمـە ئەنـدام سـكرتاریەت و دەبمـە بەرپرسـی لـق و كارگێـڕی لـق یـان مـن دەبمـە بەرپرسـی نووسـینگە، پێویسـتە ئەمـە نەبێتـە ئامانـج، پارتیـش بڕیـاری داوە لەمـەودوا هەڵبژاردنـی كادیـر لەسـەر بنەمـای توانـا دەبێـت، بـە تایبەتـی بـە تایبەتـر لەگـەڵ هەبوونـی پێكـەوە كاركـردن.

دەبێـت چینـی كارا و كاركـردن هەڵبژێریـن، بـا ڕاشـكاوانە تـر بڵێـم، زۆر زەحمەتـە سـوور سـوور بزانیـن كۆمەڵێـك كادیرێـك بناغـە و بنەمـای تەكەتـولات و كێشـە و دەسـتەگەرین و دوای ئـەوەش بێنـە نێـو پارتـی دیموكراتـی كوردسـتان. خۆشـتان دەزانـن پارتـی ناتوانـێ تەكەتولاتچییـەكان قبـوڵ بـكا و فڕێیـان دەداتـە دەرەوە. بۆیـە ئێمـە تەركیزمـان لەسـەر ئـەم كـچ و كوڕانـە دەبێـت كـە بـرەو بـە كاری پێكەوەیـی دەدەن و ئامانجـی یەكێتـی قوتابیانیـان لـەلا پیـرۆزە و هەمـوو هەوڵێـك بـۆ سەرخسـتنی پڕۆسـەكە دەدەن و سەرخسـتن بكـەن بـە ئامانـج.

باسـمان لـەوە کـرد یەکێتـی قوتابیـان قوتابخانەیـە و کادیـر ئامـادە دەکات چەنـد گرنگـە کوڕێـك کچێکـی خوێنـدەوار لـە زانکـۆ فێـری کاری تەنزیمـی سیاسـیی بـکات و پاشـان بێتـە نێـو حـزب و لەنـاو حزبیـش کار بـکات.

ئەگـەر سـەیری سـەرکردایەتی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان بکـەن، سـەیری مەکتەبـی سیاسـی پارتـی بکـەن، لەوانەیـە زۆر کـەم بـن نەیاناسـن، ڕێچکەکەیـان لـە یەکێتـی قوتابیانـەوە دەسـتی پـێ کـردووە، دەبێـت ئـەم جـۆرە قوتابخانەیـە بمێنێـت.

لێـرەدا پێویسـت دەکات ئامـاژە بـەوە بـدەم پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان بـە هـاوکاری دەسـتەی ڕێکخـراوە جەماوەریـی و پیشـەییەکان و لەڕێـی ئەوانـەوە و ئـەم گۆڕانکارییـە ڕیشـەییە کـراوە، ئومێـد دەکەیـن بـە هەمووـان توانیبێتـمان بـە هـاوکاری ئێـوە یەکێتـی قوتابیـان بکەینـەوە ئـەو یەکێتـی قوتابیانـەی بـەردەوام چـاوی لەسـەر بـووە و ویسـتراو بـووە. ئومێـد دەکـەم هەمدیسـان ببنـە پێگەیەکـی دیـار بـۆ پێگەیاندنـی کادیـر و ڕێکخسـتن و پێگەیاندنـی سیاسـیی، هیـوای تەمەندرێـژی و سـەرکەوتن بـۆ هەمـوو لایەکتـان دەخـوازم، هیواخـوازم هەمووتـان لـە ئاسـتی ئـەو گۆڕانکارییـەدا بـن.

هیوای سەرکەوتنتان بۆ دەخوازم.

سوپاس بۆ ئێوە.

## وتاری ڕێبوار یەڵدا ئەندامی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان

سڵاوتان لێ بێت... بەخێر بێن

سوپاسی سکرتاریەتی یەکێتی قوتابیان دەکەین، سوپاسی هەڤاڵان دەکەین، تەسەورمان نەدەکرد کۆنفرانستان هەبێ، جێگەی شانازییە لە سەرەتاوە دەست دەکەن بە بەستنی کۆنفرانس، چونکە کۆنفرانس گرنگییەتی زۆر زیاترە لە کۆبوونەوە، کاك مەحمود تیشکی باشی خستە سەر ڕووداوەکان کە پێش ئەو گۆڕانکارییانە هۆکاری گۆڕانکارییەکان چی بوون و چۆنیەتی کردنی بە پڕۆژە و تاوەکو گەیشت بەوەی بڕیار درا، ئێوە ئێستەی سەرکردایەتی یەکێتی قوتابیانی کوردستانن، وەکو سکرتاریەت و بەرپرسی لقەکان و ستاف و نووسینگە و دەستەی کارگێڕی، ئەوەی دەمەوێ لێرە قسەی لەسەر بکەم هەروەك کاك مەحمود گەڕاوە دواوە، دەمەوێ منیش بگەڕێمەوە دواوە بۆ ئەوەی دۆخی یەکێتی قوتابیان بە بەراورد لەگەڵ ستافەکانی پێشوتر ببینن، تا دەهات یەکێتی قوتابیان وەك پێویست نەبوو، لە ڕووی ئەکتیڤ، لە ڕووی چالاکی نواندن، لە ڕووی پێشکەشکردنی و دروستکردنی کادیر، هەندێ حاڵەت بووبووە دیاردە، وای لێ هاتبوو هەر کەسێ لە یەکێتی قوتابیان بێ بێتە سکرتاریەت و ببێتە لێژنە و بەرپرس و فڵانە شت ئاوا پلەی پێ دەدرێ لە حزب، بۆیە هەستمان دەکرد زۆربەی کادیرانی قوتابیان تەنها شێوە و ڕووخسارن تا پلەیەکی بدرێتێ، بۆیە هەمووان بەو ئاقارە هەوڵیان دەدا کە من چیم پێ دەدرێت ئەگەر چوومە ڕێزی یەکێتی قوتابیان. گەر زیاتر بگەڕێینە دواوە و سەیری دیمەنی و دۆخی یەکێتی قوتابیان بکەین کە چۆن بوو لەنێو زانکۆ و پەیمانگە و قوتابخانەکاندا، لەو خاڵانەی بۆ کادیری یەکێتی قوتابیان دانرابوو، دەبوایە زیرەك بێت. لەوەیە لاتان سەیر بێت ئاخر هاتنە ناو ستافی قوتابیان چ پەیوەندی بە زیرەکی و تەمبەڵییەوە هەیە، بەڵام ئەودەم دیاردەی ناشیرین دەبینرا، دەگوترا کامە قوتابی تەمبەڵترینە، یەکێتی قوتابیان ئەو هەڵدەبژێرن، زۆرجار دەگوترا بۆیە دێتە نێو قوتابیان بۆ ئەوەی لە خوێندن دەربچێت، هەندێجار دەگوترا تەمبەڵترین قوتابی بە یەکەم دەردەچێت بە هۆی قوتابیانەوە، بەڵام خۆشبەختانە شتێکی ترتان کرد و نوێبوونەوە، ئەوە یەکێتی قوتابیانمان نوێ کردەوە، ئەو ڤایرۆسەی هاتبووە

نێـو یەکێتـی قوتابیـان و پەکـی خسـتبوو وەلامـان نـا، ئـەوان ئێسـتە ئەرشـیفێکیان هەیـە، دەبـێ سـوود لـە شـتە پۆزەتیڤـەکان وەرگـرن، ئەڵبەتـە ئەگـەر هەیانبـێ، هەرچـی شـتی نێگەتیڤیانـە بـە لایانـدا ناچـن.

ئومێدێکـی زۆرمـان بـە ئێـوە هەیـە، لـە سـەرووی خۆمـان گوتومانـە ئـەو هەنگاوانـە بنێیـن دڵنیـا بـن یەکێتـی قوتابیـان دەگەڕێتـەوە سـەر ڕێچکـەی خـۆی. زۆرجـار لـە یەکێتـی قوتابیانمـان پرسـیوە ئامارتـان هەیـە؟ گوتویانـە نـاوەڵا. دەزانـن هـەر ڕێکخراوێـك ئامـاری نەبێـت، هـەر چ بڕیارێـك بـدات مجازەفەیـە و مـەرج نییـە بڕیارەکـەی ڕاسـت بـێ. دەورەکانـی ڕابـردوو ڕۆژێکیـان هاتنـە لای ئێمـە، گوتیـان ئێمـە هەڵبـژاردن دەکەیـن، گوتمـان ئامـار بێنـن، ئەمـڕۆ سـبەی، ئەمـڕۆ سـبەی، ئێستەشـی لەگـەڵ بێـت نەیـان هێنـا، باشـە ئەگـەر ئامـارت نەبـێ لەسـەر چ بنچینەیـەك دەتـەوێ هەڵبـژاردن بکـرێ!

ئێمـە باسـی نوێبوونـەوە دەکەیـن بۆیـە دەبێـت پەیوەندیـمان بەڕێوەبەرانـە بێـت، ئاخـر هێشـتا ئێمـەش نەهاتبووینـە نێـو یەکێتـی قوتابیـان ئـەو شـتانە هـەر هەبـوو، شـێوازی کارکردنـی کلاسـیکییانە و بێبەرهـەم، بۆیـە بـە ڕای ئێمـە لەگـەڵ کاك ساسـانیش زۆر هەوڵـمان داوە، چـۆن بتوانیـن ئـەم ڕێکخـراوە ئەکتیـڤ بێتـەوە، ئەڵبەتـە ئێـوە هەمووتـان قوتابیـن، جـارێ بـە پلـەی یەکـەم هەوڵـدەن خۆتـان زیـرەك بکـەن، هیـوادارم سـکرتاریەت کۆمەڵێـك دەورات بکاتـەوە بـۆ دروسـتکردنی سـەرکردە بـۆ ئێـوەی سـەرکردە نـەك بـە تەنهـا ئەندامانـی یەکێتـی قوتابیـان.

هیـوادارم ئـەم نوێبوونەوەیـە شـوێنی خـۆی بگرێـت، زەمینەتـان لەبـارە، ئێسـتە سـەرەڕای نالەبـاری دۆخـی دارایـی سیاسـیی ئێمـە لـە مەکتـەب سیاسـی، دەبـێ ئێـوە بگەیەنینـەوە سـەر ڕاسـتەڕێ و نەهێڵیـن کۆسـپ و تەگـەرە بکەوێتـە سـەر ڕێتـان، هـەوڵ دەن پەیوەندیتـان لەگـەڵ لقـی حزبـی بەهێـز بکـەن، چونکـە برادەرمـان هەبـوو، دەیگـوت مـن سـەربەخۆم و هەقـم نییـە بـە حـزب و بەرپرسـی ڕێکخـراوە پیشـەییەکان بانگـی دەکـرد دەیگـوت مـن ناچـم، ئەگـەر ئـەو ئیشـی هەیـە بـا بێتـە بـارەگای مـن.

هـەر ڕێکخراوێـك پێویسـتە بەرنامـە و پڕۆگرامـی کارکردنـی هەبێـت، بـەڵام بـۆ بەرنامـەی کارکـردن پێویسـتە بەرچاوڕوونـی هەبێـت و هەمووهەڤاڵانـت بزانـن

بەرنامەکـەت چییـە، چونکـە سـوودی لـێ دەبینـن و لـە کەموکوڕییـەکان ئـاگادارت دەکەنـەوە.

کەموکوڕییەکـی یەکجـار زۆر هەیـە، ئەمـە سـێ دەورەیـە، هێنـدەی بـە باسـی دیکـە سـەریان قاڵـە، هێنـدە سـەرقاڵی یەکێتـی قوتابیـان نیـن، حەیفـە ئـەو ڕێکخـراوە ئـاوا بێـت. کاك مەحمـود باسـی ئـەوەی کـرد لـە شۆڕشـی حەفتاکانـدا قوتابییەکـی زۆر بەشـداری کـرد، لـە دەمێکـدا دەشترسـان بگیرێـن، چونکـە ئـەو کات ڕاوەدوونـان و تۆقانـدن هەبـوو، زۆرێکیـش لـە قوتابیـەکان داخیلـی دەوراتـی عەسـکەری بـوون.

ئاخـر سـبەی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان چـووە هەڵبژاردنـەوە، یەکـێ لـەو ڕێکخراوانـەی پشـتی پـێ دەبەسـتێت یەکێتـی قوتابیانـی کوردسـتانە، پرسـیارێك لـە خۆتـان بکـەن، دەتوانـن دەنگـی چەنـد قوتابـی کـۆ بکەنـەوە بـۆ ئـەو پڕۆسـەیە و بـە حـزب بڵێـن بەرنامەتـان چییـە ئێمـە تەنفیـزی دەکەیـن.

دەمەوێـت بێمـەوە سـەر کارکردنـی ئێـوە، هـەم سـوود لـە تەکنولۆژیـا وەرگـرن، هـەم لـە زانسـتی بەڕێوەبردنـی نـوێ، تاوەکـو بتوانـن ئەکتیـڤ بـن.

ئیتر بۆ پێشەوە.

## وتاری ساسان عەونی بەرپرسی دەستەی ڕێکخراوە جەماوەری و پیشەییەکان

ئـەم کاتەتـان بـاش، هەڤاڵانـی تێکۆشـەر سـکرتێر و ئەندامانـی مەکتەبـی سـکرتاریەت و بەرپرسـی لـق و نووسـینگەکان و کارگێڕانـی لـق و نووسـینگەکانی یەکێتـی قوتابیانـی کوردسـتان، بەبۆنـەی دەسـت نیشـانکردنتان بـۆ کارکـردن لـە بەرپرسـیارەتی و بەڕێوەبردنـی لـق و نووسـینگەکانی یەکێتـی قوتابیانـی کوردسـتان لـە سەرتاسـەری کوردسـتان، بـە نـاوی خـۆم و دەسـتەی ڕێکخـراوە جەمـاوەری و پیشـەییەکانی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان، گەرمتریـن و جوانتریـن پیرۆزباییتـان لـێ دەکـەم و سوپاسـی لێژنـەی هەماهەنگـی و ڕێکخسـتنەوە دەکـەم کـە هاوکارتـان بـوون بـۆ خۆڕێکخسـتنەوە، هیـوای سـەرکەوتنتان بـۆ دەخـوازم لـەم ئەرکـە سـەخت و پیـرۆزەی کـە بـۆی دەستنیشـان کـراون.

ئەرکێکـی سـەخت کـە لـە قۆناغێکـی سیاسـی سـەخت و لـە بارودۆخێکـی ڕێکخراوەیـی سـەخت دەستنیشـان کـراون بـۆ باشـترکردن و نوێکردنـەوە و بەرەوپێشـبردنی زیاتـری کارەکانـی یەکێتـی قوتابیانـی کوردسـتان.

لـە هەمانکاتیشـدا ئەرکێکـی پیـرۆز، کـە ئاڵاهەڵگـر و درێژەپێـدەری خەباتـی دەیـان سـاڵەی نەپسـاوەی ئـەم ڕێبـازە پیـرۆزە و خوێنـی شـەهیدە نەمرەکانـی یەکێتـی قوتابیانـی کوردسـتانن بـۆ خزمەتکردنـی قوتابیـان و سـەرکردایەتی بزووتنـەوەی قوتابیـان لـە کوردسـتان.

کـە هیواداریـن لەلاتـان ڕوون بێـت لـە بـەردەم چ بەرپرسـیارەتییەکی مێژوویـی و ویژدانـی و ڕێکخراوەیـی گـەورەدان و لـە بـەردەم چ تاقیکردنەوەیەکـی قورسـی خۆسـەلماندنن کـە شـایەنی ئـەوە بـن ڕێـزی یەکەمـی کاروانـی پێشـەنگی یەکێتـی قوتابیانـی کوردسـتان پێـك بهێنـن.

هەڤـاڵان، لـە مـاوەی چەنـد سـاڵی ڕابـردووی کارکردنـی یەکێتییەکەتـان، بـە تایبەتیـش لـەدوای کۆنگـرەی چـواردەم، بارودۆخێکـی ئاڵـۆز و جۆرێـك لـە ناسـەقامگیری بـە ئاسـتەکانی سـەرکردایەتی و بڕیارلێـدان و ئۆرگانەکانـی یەکێتـی قوتابیانـەوە دیاربـوو، هـەر بـە هـۆی ئـەم ناسـەقامگیرییە بـە پلـەی یەکـەم و بە هـۆی بارودۆخـی کوردسـتانەوە، نەکـرا کۆنگرەیەکـی ئاسـایی بـۆ نوێکردنـەوەی ڕێکخراوەکەتـان ببەسـترێت، بۆیـە لـە

ڕوانگـەی گرنگـی و هەسـتیاری یەکێتـی قوتابیانـی کوردسـتان بـۆ پارتیـمان و ڕوانینـی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان بـۆ ڕۆڵـی بەرچـاوی ئـەم یەکێتییـە لـە خەباتـی نەتەوەیـی و نیشـتمانی و دیموکراسـی و پیشـەییدا و، بـۆ ئـەوەی سـەرکردایەتی و ڕیـزی یەکەمـی کاروانـی یەکێتـی قوتابیـان دوور بخرێتـەوە لـەو گرفـت و کێشـانەی کـە هەبـوون و ئامـادە بکرێـن کـە قۆناغێکـی تـازە، بـە کەرەسـە و ڕوئیـا و فکـر و جیهانبینیەکـی تـازە دەسـت پـێ بکـەن، بۆیـە لەلایـەن سـەرکردایەتی پارتیمانـەوە بڕیـاردرا کـە بـە مەرکەزیـەت و دەستنیشـانکردن بەپێـی کۆمەڵێـك مـەرج و بنەمـا و بـە ڕەزامەنـدی دامـودەزگا حزبیەکانـی سـنوورەکان سـتافی تـازە دەستنیشـان بکرێـن.

جگـە لـە گرفتـەکان، هۆکارێکـی تـری ئـەم بڕیـارە، پێداهاتنـەوە بـوو بـە پەیکـەر و بونیـادی یەکێتـی قوتابیانـی کوردسـتان و گێڕانـەوەی پلـە بـە پلـەی کادرانـی ئـەم یەکێتییـە بـۆ تەمەنـی ئاسـایی قوتابێتـی و کەمکردنـەوەی ڕێـژەی بـەرزی تەمـەن و گێڕانـەوەی بەرپرسـیارەتی بـۆ قوتابیانـی نـاو هەمـان ناوەندەکانـی خوێنـدن و بەدیارخسـتن و هێنانەپێشـی کوالێتیەکـی بـاش و هەوڵـدان بـۆ بوارکردنـەوە بـۆ قوتابیانـی سـەرجەم پسـپۆرییە جۆراوجـۆرەکان بـە تایبەتـی لەنـاو زانکـۆکان بـۆ هاتنـە پێـش و وەرگرتنـی بەرپرسـیاریەتی لـە یەکێتـی قوتابیانـی کوردسـتاندا. کـە بڕوامـان وایـە ئەگـەر لـە جێبەجێکردنـی ئـەم دیدگایـە سـەرکەوتوو بـن، ئـەوا لـە دوو سـاڵی ئاینـدەدا بەرهەمـی ئـەو بوارکردنەوەیـە بەدیـار دەکەوێـت و دەیـان کادری ڕێکخراوەیـی لـە پسـپۆڕی جیاجیـای زانسـتی و مرۆڤایەتـی دەردەچـن، کـە لـە ئەنجامیشـدا دەتوانـن لـە سـەندیکا و ڕێکخـراوە پیشـەییەکان ڕۆڵـی زیاتـر بگێـڕن و پارتیشـمان بـە شـەپۆلێك کادری جـۆری دەوڵەمەنـد بێـت.

هەڤـاڵان، ئێـوە ئـاگادارن کـە یەکێتـی قوتابیانـی کوردسـتان ڕێکخراوێکـی چەنـد دەوڵەمەنـدە بـە کادری لێهاتـوو و ئامـادە، بۆیـە دەبێـت بزانـن کـە ئێـوەی تێکۆشـەر کـە لێـرە ئامـادەن مـەرج نییـە لـە باشـترینەکان بـن، بەڵکـو دەیـان و بگـرە سـەدان کادری تریـش هـەن کـە لەوانەیـە لـە ئێـوە باشـتر بـن، بـەڵام لـەم قۆناغـە تەنهـا توانـرا بـوار بدرێتـە ئێـوە. بۆیـە هیواداریـن و داواتـان لـێ دەکەیـن بەوپـەڕی لەخۆبوردوویـی و بـە گیانـی بـەرزی بەرپرسـیارێتی کارەکانتـان ئەنجـام بـدەن و بیسـەلمێنن کـە شـایەنی ئـەو

بـڕوا و متمانەیـە بوونـە کـە پێتـان بەخـشراوە.

هەڤـاڵان، ئێـوە لـە ئاسـتێکی کارکردنـن کـە دەبێـت لـە پێگـەی یەکێتـی قوتابیانـی کوردسـتان بگـەن کـە لەنـاو پارتـی دیموکراتـی کوردسـتاندا چییـە و تـێ بگـەن کـە پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان چەنـد بـە گرنگـی و بایـەخ و هەسـتیارییەوە لـە یەکێتـی قوتابیانـی کوردسـتان دەڕوانێـت، هـەر لـە ڕوانگـەی ئـەم گرنگـی تەماشـاکردنەیە کـە زۆر جـار کادر و سـەرکردەکانی قوتابیـان دوای کاری ڕێکخراوەیـی، لەنـاو ڕیزەکانـی حزبیـش ڕۆڵـی بـاش بگێـڕن، کـە ئەمـەش دەرخـەری ئـەو پێگـە بـەرز و جێبـاوە بـووە کـە یەکێتـی قوتابیـان لەنـاو پارتیـدا هەیەتـی، بۆیـە دەبێـت ئێـوەی تێکۆشـەریش بـە هەمـوو تواناتـان پارێـزگاری لـە هێشـتنەوەی ئـەو پێگـە بـەرزە بکـەن و ئـەو ئیعتیبـارە جارێکـی تـر بـۆ یەکێتـی قوتابیانـی کوردسـتان بگێڕنـەوە و بیسـەلمێنن جێـی بـڕوا و متمانـەن بـۆ سـەرکردایەتیکردنی ئـەم قۆناغـە.

سـەرقاڵبوونی یەکێتـی قوتابیانـی کوردسـتان بـە چارەسـەری گرفتەکانـی، تەنهـا یەکێتـی قوتابیـان و کادرانـی تووشـی زیـان نەکـردووە، بەڵکـو جووڵانـەوەی قوتابیانـی کوردسـتان و قوتابیانیـش بـە گشـتی دووچـاری زیـان هاتـوون لـەوەی کـە کاریگەرتریـن ڕێکخـراوی ئـەم بـوارە لـە پێگـە ئاسـایی و شایسـتەکەی خـۆی وەك پێویسـت نەپەرژاوەتـە سـەرئەوەی داکۆکیـکار بێـت لـە مافـە پیشـەیی و زانسـتییەکانی قوتابیـان، بۆیـە لـە ڕۆژانـی داهاتـوو، ڕۆژانـی تاقیکردنـەوەی گەڕانـەوەی یەکێتییەکەتـان دەبێـت بـۆ پێگـە ئاسـایی و شایسـتەکەی خـۆی و دەبێـت قوتابیانـی کوردسـتان زوو هەسـت بـەم گۆڕانکارییـە بکـەن.

هەڤـاڵان لـە کاتێکـدا کـە پشـتگیری و پاڵپشـتی لەهـەر هەنگاوێکـی بـاش و پڕخزمەتـی حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتان و دامـەزراوە فەرمییەکانـی دەکـەن کـە بـۆ بەرزکردنـەوەی ئاسـتی زانسـت و خوێنـدن و فێربوونـە لـە کوردسـتان، بـەڵام دەبێـت بـەردەوام چـاوی هەڵسـەنگاندنتان لەسـەر خوێنـدن بێـت، لـە پەیوەندییەکـی تەندروسـتدا بـن لەگـەڵ دەزگاکانـی خوێندنـی بـاڵا و پـەروەردە، ڕاتـان هەبێـت لەسـەر یاسـا و ڕێسـاکانی تایبـەت بـە قوتابیـان، لەسـەر کەشـی خوێنـدن، هەوڵتـان هەبێـت بـۆ پێشخسـتنی پڕۆگرامـەکان و کەرەسـەکانی خوێنـدن، قسـەتان هەبێـت لەسـەر

گوزەرانــی قوتابیــان و بەشــە ناوخۆییەکانیــان، لــە مەیلــە سیاســی و ڕۆشــنبیرییەکانی قوتابیــان بگــەن، هاوکاریــان بــن و پێشــی بخــەن، داهێنــان و بیــری زانســتی و تــازەی قوتابیــان پشــتگیری بکــەن، ببنــە پاڵپشــت و مینبــەر بۆیــان، ببنــە هێــزی فشــار بــۆ ســەر چەقبەســتوویی هەنــدێ لــە ناوەنــدە گەورەکانــی خوێندنــی بــاڵا، هاتنــە خــوارەوەی ئاســتی زانســتی بــە کێشــەی ســەرەکیی خۆتــان بزانــن و هەوڵــی ئیجابــی بــدەن بــۆ چارەســەری. ڕاتــان هەبێــت لەســەر پەرەســەندنی خوێندنــی ئەهلــی و بەپارەکردنــی خوێنــدن، لــە مــەودا و دوراییەکانــی بکۆڵنــەوە و لــە ڕوانگــەی بەرزکردنــەوەی ئاســتی زانســت و فێربــوون تەماشــای بکــەن.

دەبێــت بزانــن کــە ئێــوە ڕاســتگوترین و متمانەپێکراوتریــن ڕێکخــراون کــە لــەم بوارانــەوە قســەتان هەبێــت و گوێگرتــان دەبێــت.

هەڤــاڵان، بــە درێژایــی مێــژوو ڕێکخراوەکەتــان، یەکێتــی قوتابیانــی کوردســتان جگــە لــە بــواری پیشــەیی، ڕێبــوار و پێشــمەرگەی گیانلەســەر دەســتی بەرگریکــردن بوونــە لــە مافەکانــی خەڵکــی کوردســتان و لــە شــوێن فەرموودەکــەی بارزانیــی نەمــر بوونــە کــە «قوتابیــان ســەڕی ڕمــن لــە گشــت شــۆڕش و ڕاپەڕینێکــدا»، لــەم ڕێبــازەش دەیــان شــەهیدی نەمرتــان پێشــکەش ئــازادی کوردســتان کــردووە. لــەم قۆناغــەش داوا لێکــراون کــە بــە هەمــان ڕۆحییەتــەوە بــە هەمــان ڕۆحییەتــی بەشــداریتان لــە پرۆســەی ڕیفرانــدۆم، ڕێبــواری ڕێــگای دیاریکردنــی مافــی چارەنــووس و گێڕانــەوەی شــار و ناوچــە داگیرکــراوەکان بــن و لــە دوای ئــەو ئاڵایــەوە خەبــات بکــەن کــە جەنابــی ســەرۆك مەســعود بارزانــی بــۆ ســەربەخۆیی کوردســتان هەڵــی کــردووە و پێشــمەرگە قارەمانەکانمــان بــە خوێنــی خۆیــان پارێــزگاری لــێ دەکــەن، کــە هیواداریــن شــوێن پەنجەتــان لــەم بارەیــەوە دیــار بێــت و بــە پێــی تایبەتمەندیتــان کاری بــۆ بکــەن.

هەڤــاڵان، بەهــۆی بارودۆخــی دوای خیانەتــی ١٦ی ئۆکتۆبــەر هەنــدێ بــارەگا و شــوێنی کارکردنتــان دووچــاری داگیرکــران هاتــوون و کۆمەڵێــك هەڤاڵتــان ئــاوارە بوونــە و دووچــاری ناخۆشــی هاتــوون، هیواداریــن بەوپــەڕی توانــا لــە خزمەتیــان بــن و گرفتەکانیــان چارەســەر بکــەن و دڵنیــاش بــن کــە ئــەم بارودۆخــە بەســەر دەچێــت و ســەرکەوتن هــەر بــۆ خەڵکــی کوردســتانە.

لـە کۆتاییشـدا جارێکـی تـر هیـوای سـەرکەوتنتان بـۆ دەخوازیـن و ئومێـد دەکەیـن کـە بـە زووتریـن کات خۆڕێکخسـتنەوە و تەواوکردنـی هەیکەلـی ئۆرگانەکانتـان تـەواو بکـەن و بکەونـە سـەر ڕێچکـەی ئاسـایی کاری پیشـەیی و ڕێکخراوەیـی خۆتـان و کارەکانـی کۆنفراسـتان بـە باشـی و سـەرکەوتوویی بەڕێـوە بچێـت.

نەمری بۆ شەهیدانی یەکێتی قوتابیانی کوردستان.

نەمری بۆ شەهیدانی بەرگری کردن و پاراستنی کوردستان.

نەمـری بـۆ شـەهیدانی کوردسـتان و سـەروەری شـەهیدان بارزانیـی نەمـر و کاك ئیدریسـی هەمیشـەلەیاد.

## وتاری نێچیرڤان حوسێن سکرتێری یەکێتی قوتابیانی کوردستان

سڵاوی زانست و خەبات،

لەڕۆژگاری ئەمڕۆدا ڕێکخراوە ناحکومییەکان ڕۆڵێکی گرنگ و باڵایان هەیە لە وڵاتانی پێشکەوتوودا، کە بریتین لەو ڕێکخراوانەی چینێکی تایبەت لە کۆمەڵگا یان کۆمەڵە کەسێك بۆ مەبەستێکی تایبەت دایدەمەزرێنن.

ڕێکخراوە ناحکومییەکان ڕێکخراوی خۆبەخش و قازانجنەویستن و بە ڕێکخراوی «کۆمەڵگای مەدەنی»ش ناو دەبردرێن.

بە گوێرەی شرۆڤەی سەردەمییانەی کۆمەڵناسی سیاسی، کۆمەڵگای مەدەنی دابەش دەبێتە سەر دوو کۆمەڵە: (کۆمەڵەی حاکم و کۆمەڵەی مەحکوم). هەروەها پێکهاتەی کۆمەڵگای مەدەنی بە پێی دۆخی کۆمەڵگاکان و سیستەمی حوکمڕانی دەگۆڕێت، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی بەم جۆرەیە:

- گروپ و ڕێکخراوە ناحکومییەکان،
- ڕاگەیاندن (میدیا)،
- دامەزراوە ئایینییەکان (لە دەوڵەتە عیلمانییەکان).

ئەو ڕێکخراوانەی لەم بوارەدا کاردەکەن لە چەند شێوەدا بەرجەستە دەبن، هەندێك لەم ڕێکخراڕەوانە سنووری نێوخۆیی تێدەپەڕێنن و دەبنە ڕێکخراوی نێودەوڵەتی.

ئامانجەکانیشیان بە شێوەیەکی گشتی لە: (کاری خێرخوازی و یارمەتیدان و خزمەتگوزاری و خۆبەخشی و بەرزکردنەوەی ئاستی توانستی تاك و بەرەوپێشبردنی کۆمەڵگاکان) ]پێك دێت[.

بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی کارکردنیان، ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی میکانیزمی تایبەت و گونجاو لەگەڵ سروشتی کارکردنی خۆیان هەیە کە خۆی لە (کۆکردنەوەی داواکاری و پۆلێنکردن و فۆرمەلەکردنیان و بەرزکردنەوە و گەیاندن و فشار دروستکردن بە شێوازی مەدەنی و دوور لە توندوتیژی) ... ]و دەبینێتەوە[.

هەڤاڵان، باسکردن لە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی و شێوازی کارکردنیان پێویست بوو تا لێیەوە بچینە ناو کرۆکی باسەکەمان کە باسکردنە لە یەکێتی قوتابیانی کوردستان و ڕوانینی ئێمە بۆ کاری ڕێکخراوەیی بە شێوەیەك هاوتەریب بێت لەگەڵ پێشکەوتنەکانی سەردەم.

هەڤاڵان تاکو ڕابردووی خۆمان نەزانین، نە کاری ئەمڕۆمان بە باشی پێ دەکرێت نە دیدگایەکی ڕوونمان بۆ سبەی پێ دەبێت.

لێرەدا و بە کورتی تیشك دەخەینە سەر چەند وێستگەیەکی گرنگ لە مێژووی یەکێتییەکەمان:

دامەزراندنی یەکێتی قوتابیانی کوردستان لە ئەنجامی دەرککردنی سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان بوو بە بوونی بۆشاییەکی نەتەوەیی لەناو قوتابیانی کوردستان و وەك زەرورەتێکی مێژوویی خەباتی میللەتی کورد بوو بۆ بەدەستهێنانی مافەکانی گەلی کورد بە گشتی و چینی قوتابیان بە تایبەتی.

هەروەها کاریگەری ڕۆڵی قوتابیان لە خەباتی سیاسی و مەدەنی ئەو سەردەمەی دونیا کە قوتابیان داینەمۆی ئایدۆلۆژی و ڕەخنەگرتن و دەربڕینی دەنگی نارەزایەتی بوون.

بۆیە لە کۆنگرەی سێی پارتی دیموکراتی کوردستان کە لە ١٩٥٣/١/٢٦ لە شاری کەرکوك گرێدرا و کۆمەڵێك بڕیاری گرنگ و مێژوویی تێدا وەرگیرا، بڕیاردرا بە دامەزراندنی ڕێکخراوە جەماوەرییەکان لە نێویاندا (ی.ق.ك).

دواتر لە ١٨ی شوباتی ١٩٥٣ لە شاری بەغداد و بە ئامادەبوونی نزیکەی ٥٠ قوتابی زانکۆی بەغداد و بە ئامادەبوونی نوێنەرانی کەرکوك، هەولێر، سلێمانی، موسڵ لە ماڵی زیاد ئاغا کۆیی، (ی. ق. ك) دامەزرا و هەر لە هەمان ڕۆژ بە نهێنی کۆنگرەی یەکەمی یەکێتییەکەمان گرێ درا و پەیڕەو و پڕۆگرامی یەکێتی پەسەند کرا و (ی. ق. ك) وەك ڕێکخراوێکی قوتابییانەی نیشتمانی، دیموکراتی و ناحزبی ناسێنرا.

دامەزراندنی (ی. ق. ك) بە ڕاسپاردەی سەرکردەی بزاڤی ڕزگاریخوازی گەلەکەمان سەرۆك مستەفا بارزانیی نەمر و بڕیاری سەرکردایەتی (پ. د. ك) سەرەتایەك بوو

بـۆ گەشـەکردنی هـزری نەتەوەیـی لەنـاو قوتابیـان، ئـەم حاڵەتـەش لـە یەکەمیـن چالاکـی ئاشـکرای (ی. ق. ك) بـە ڕوونـی هەسـتی پێکـرا کـە ئەویـش گێڕانـی ئاهەنگـی نـەورۆز بـوو لـە شـاری هەولێـر بـە بەشـداری جەماوەرێکـی زۆر.

لـە ٣١ی تەمـوز تـا ١٤ی ئابـی ١٩٥٥ شـاندێکی (ی. ق. ك) بەشـداربوون لـە پێنجەمیـن فێسـتیڤاڵی قوتابیـان و لاوانـی جیهـان لـە وارشـۆی پایتەختـی پۆڵەنـدا بـە بەشـداری زیاتـر لـە ١٠٠ ڕێکخـراوی هاوشـێوە لەسـەر ئاسـتی جیهـان، (ی. ق. ك) لـەو ڤیسـتیڤاڵە بـوو بـە ئەنـدام لـە یەکێتـی قوتابیانـی جیهـان.

دوابـەدوای شـۆڕشـی ١٤ی تەمـوز و گـۆڕینـی سیسـتەمی حوکمڕانـی لـە عێـراق، چالاکییەکانـی (ی. ق. ك) دەچنـە قۆناغێکـی نوێـوە بـە جۆرێـك کـە لـە ٦ی تشرینـی یەکـەم و لـە کاتـی گەڕانـەوەی سـەرکردەی بزاڤـی ڕزگاریخـوازی گەلەکەمـان سـەرۆك مستەفا بارزانیـی نەمـر لـە یەکێتـی سـۆڤێت لـە ڕێـی لـق و لێژنەکانـی یەکێتییەکەمـان خەڵکێکـی زۆر ئـاگادار کراونەتـەوە و لـە سەرانسـەری بەغـداد وێنـەی بارزانیـی نەمریـان بـڵاو کردووتـەوە.

دواتـر (ی. ق. ك) لـە ٢٢ی تشرینـی یەکەمـی هەمـان سـاڵ لـە شـاری هەولێـر بـە ئاهەنگـی گـەورە و سروودی نیشـتمانییەوە بـە بەشـدارییەکی بەرفـراوان لـە پێشـوازی بارزانیـی نەمـر بـوون.

لـە ٤ی تشرینـی دووەمـی ١٩٥٨ لـە هەڵبژاردنـی ڕێکخـراوە قوتابییـەکان لـە عێـراق، (ی. ق. ك) لـە زۆربـەی ناوچـە کوردسـتانییەکان سـەرکەوتنی بەدەسـت هێنـا.

لــە ١٦ تــا ٢٠ی شــوباتی ١٩٥٩ یەکەمیــن کۆنگــرەی قوتابیانــی عێراقــی گــرێ درا و بڕیـار درا نـاوی یەکێتـی گشـتی عێراقـی لـێ بنرێـت و (ی. ق. ك) لەگـەڵ سـەرکردایەتی ئـەو یەکێتییـە یـەك بگرێـت.

دواتـر لـە دوای ڕێگریکردنـی حکومەتـی عێـراق لـە بەسـتنی کۆنگرەیەکـی ڕۆشـنبیری لەلایـەن (ی. ق. ك)، لـە ٢٣ تـا ٢٥ی ئابـی ١٩٦٠ لـە شـەقڵاوە و کەڵەکەبوونـی کێشـەگەلێکی پەیوەسـت بـە قوتابیـان، (ی. ق. ك) لەکۆبوونەوەیەکـی فراوانـدا بڕیـاری دا سـەربەخۆیی لـە کارکـردن وەربگرێتـەوە.

هەڤـاڵان، لـە ڕوانگـەی ئامانجـە لەپێشـینەکانی (ی. ق. ك) کـە پاڵپشـتیکردنە لـە خەباتـی گەلـی کـورد، هـەر لەگـەڵ هەڵگیرسـانی یەکەمیـن شۆڕشـی سەرتاسـەری لـە مێـژووی کـورد، شۆڕشـی مەزنـی ئەیلـوول بـە سـەدان ئەندامـی یەکێتییەکەمـان پەیوەندییـان بـە شۆڕشـەوە کـرد و ڕۆڵێکـی بەرچاویـان هەبـوو لـە گەیاندنـی زانیـاری بـە شـۆڕش و دابینکردنـی خـواردن و دەرمـان و بڵاوکردنـەوەی بڵاوکراوەکانـی شـۆڕش...

ئـەم بەشـدارییەی (ی. ق. ك) هـاوکار بـوو لـە زیاتـر وشـیارکردنەوە و بڵاوکردنـەوەی ڕۆحیەتـی شۆڕشـگێڕی لەنـاو جەمـاوەر، هـەر لـەم چوارچێوەیـە و بـۆ لێکۆڵینـەوە لـە بارودۆخـی ناوخۆیـی و دەرەوە لـە بـارەی شۆڕشـی مەزنـی ئەیلـوول، یەکێتییەکەمـان لـە ئـاداری ١٩٦٢ یەکەمیـن کۆنفرانسـی بـە شـێوەیەکی نهێنـی لـە بەغـداد گـرێ دا و ئـەم بڕیارانـە وەرگیـران:

- پشتیوانی لە شۆڕشی گەلی کورد و سەرکردایەتییەکەی بکرێت.
- گرنگی بە کێشەکانی گەلی کورد بدرێت لە ڕووی پیشەیی و ئەکادیمییەوە.

هەڤـاڵان، یەکێتییەکەمـان جیـا لـە ئامانجـە نەتەوەییـەکان، هەمیشـە لـە خـەم ئاسـتی زانسـتی و ڕۆشـنگەری مەعریفـی بـووە بـێ گوێـدان بـە بارودۆخـەکان.

نمونەیـەك لـەم حاڵەتـە، لـە کۆنگـرەی ٥ی ڕێکخراوەکەمـان دەبینیـن کـە لـە ١٣ تـا ١٥ی تەمـوزی ١٩٦٧ گرێـدراوە[١٤-١٨د ئابـی ١٩٦٦](١) کـە تیایـدا بڕیارێکـی گرنـگ و مێژوویـی درا بریتـی بـوو لـە «داواکردنـی دامەزراندنـی زانکۆیـەك لـە کوردسـتان» بـە شـانازییەوە بـەرزی ئاسـتی ڕۆشـنبیری و زانسـتی و مەعریفـی کادیرانـی یەکێتییەکەمـان لـەو سـەردەمە دەردەخـات.

لـە سـاڵی ١٩٧٠ و لەگـەڵ بەسـتنی ڕێککەوتنامـەی ١١ی ئـادار کـە تیایـدا بـۆ یەکەمیـن جـار حکومەتـی عێـراق دانـی بـە مافەکانـی گەلـی کـورد نـا، (ی. ق. ك) ڕۆڵێکـی کاریگـەری گێـڕاوە لـەو خۆپیشـاندان و ئاهەنگانـەی بـە بۆنـەی ڕێککەوتنامـەی ١١ی ئـادار ئەنجـام و سـاز دراون.

دەکرێـت سـاڵانی ١٩٧٠ ـ ١٩٧٤ بـە خاڵێکـی وەرچەرخانـی گرنـگ لـە مێـژووی

(١)النمناهج و النظام الداخلی لمؤتمر الخامس، أتحاد طلبة کردستان- العراق، ١٤- ١٨ اب ١٩٦٦،ص١.

یەكێتییەكەمـان هەژمـار بكرێـت، كـە تیایـدا بـۆ یەكەمیـن جـار دوو كۆنگـرە، كۆنگـرەی ٦و٧، بـە ئاشـكرا گـرێ دراون، پەیوەندییەكـی فراوانـی لەگـەڵ ژمارەیـەك ڕێكخـراوی عەرەبـی و بیانـی بەسـتووە و كۆمەڵێـك چالاكـی جۆراوجـۆری ئەنجـام داوە.

لـە كۆنفرانسـی ئابـی ١٩٨٦، بڕیـار درا كـە ی.ق.ك و (ی. ل. د. ك) لە ژێر ناوی (ی. ق. ل. د. ك) و بـە سـەركردایەتی هاوبـەش درێژەیـان بـە خەبـات داوە و لـەو ماوەیـەدا ئەندامانی (ی. ق. ل. د. ك) وەك پێشـمەرگە لـە شۆڕشـی گوڵانـی پێشـكەوتنخواز خەباتیـان كـردووە و دواتریـش لـە ڕاپەڕینـە مەزنەكـەی بەهـاری ١٩٩١ بەشـداری كارایـان هەبـووە.

لــە هەڵبژاردنــی ١٩٩٢ (ی.ق.ل.د.ك) ڕۆڵێكــی بــاش و كاریگــەری بینیــوە لــە بانگەشــەكردن بــۆ لیسـتی (پ. د. ك) و سـەرۆكی هێژامـان جەنابـی كاك مەسـعود بارزانـی، كـە لـەو هەڵبژاردنـەدا زۆرینـەی دەنگەكانـی گەلـی كوردسـتانیان بەدەسـت هێنـا.

(ی.ق.ل.د.ك) بـەردەوام بـوو تـا كۆنگـرەی ئـازادی ١٩٩٣، كـە جارێكـی تـر (ی.ق.ك) سـەربەخۆیی وەرگرتـەوە.

لـە ١٩٩٤/٤/١٠ (ی. ق. ك) بـە نـووسراوی ژمـارە ٦٧٨ داواكاری پێشـكەش بـە وەزارەتـی ناوخـۆی حكومەتـی هەرێمـی كوردسـتان كـردووە و لـە ١٩٩٤/٧/١٧ وەزارەتـی ناوخـۆ بـە نـووسراوی ژمـارە ١١٤٢ مۆڵەتـی فەرمـی كاركردنـی بـە یەكێتییەكەمـان دا.

دەچینـە قۆناغێكـی تـر كـە بـە داخـەوە لـە مێـژووی گەلەكەمان یادەوەرییەكـی تـاڵ و دۆخێكـی نەخـوازراو و داسـەپاو بـوو ئەویـش شـەڕی بەرگریكـردن لـە شـەرعیەت و دیموكراسـی لـە پێنـاو پاراسـتنی ئەزموونـی هەرێمـی كوردسـتان بـوو.

لـەو ڕۆژگارەدا (ی. ق. ك) بێبـەش نەبـوو لـە قوربانیـدان و ژمارەیـەك كادیـر شـەهید بـوون، ئەندامانـی (ی. ق. ك) دەسـتگیر دەكـران و زۆرینـەی بارەگاكانمـان تـاڵان كـران و سـووتێنران.

ئـەم ڕووداوانـە چۆكیـان بـە یەكێتییەكەمـان نـەدا و بـەردەوام بـوو لـە خەبـات (ئەگەرچـی لـە ناوچـە داگیركـراوەكان ڕێكخسـتنەكان بـە شـێوەی نهێنـی بـوون).

جارێكـی تـر (ی.ق.ك) ئاسـتی زانسـتی فەرامـۆش نەكـرد و داكۆكیـكاری سەرسـەخت

بـوو لـە پێنـاو مافـی قوتابیـان، چەنـد نمونەیەکـی بەرچـاو هـەن کـە ناکرێـت ئاماژەیـان پـێ نەدەیـن، لەوانـە:

- پێداگـری (ی. ق. ك) لەسـەر ئەنجامدانـی تاقیکردنەوەکانـی پۆلـە کۆتاییـەکان بـە شـێوەیەکی مەرکـەزی لـە هەرێمـی کوردسـتان، کـە بـە فشـاری یەکێتییەکەمـان هەمـوو ئـەو هەوڵانـەی بـە پێچەوانـەوە هەبـوون پووچـەڵ کرانـەوە
- ڕێگریکـردن لـە بڕیارێکـی ئەنجومەنـی بـاڵای خوێنـدن بـۆ پێدانـی ١٥ نمـرە بـە قوتابیانـی پۆلەکانـی٤-٥-٦ی ئامادەیـی، چونکـە (ی. ق. ك) بـڕوای وابـووە کـە ئـەم بڕیـارە کاریگـەری نەرێنـی دەبێـت لەسـەر ئاسـتی زانسـتیی قوتابیـان.
- دووبارەکردنـەوەی ئەنجامدانـی تاقیکردنەوەکانـی بەکەلـۆری پۆلـی ٦ی ئامادەیـی بـە هەوڵـی (ی. ق. ك)، دوای ئـەوەی بـە بەڵگـەوە سـەلماندی کـە پرسـیاری چەنـد ڕەوانەیـەك لـە تاقیکردنـەوەکان ئاشـکرابوون پێـش ئەنجامدانـی تاقیکردنـەوەکان.

لـە سـاڵی ٢٠٠٤ لـە هەڵبژاردنـی ڕێکخـراوە قوتابـی و خوێندکارییـەکان، (ی. ق. ك) بـە زۆرینـەی دەنگـەکان لەسـەر ئاسـتی هەرێمـی کوردسـتان نوێنەرایەتـی شـەرعی و هەڵبژێـردراوی قوتابیانـی وەرگـرت و لـە پارێـزگای هەولێـر و دهـۆك زۆرینـەی هـای دەنگەکانـی بەدەسـت هێنـا.

لـە کاتێکـدا لـەو هەڵبژاردنـەدا ڕێکخـراوە ڕکابەرەکانـی یەکێتیەکەمـان لەسـەر ئاسـتی سـەرکردایەتی حزبەکانیـان ڕاسـتەوخۆ سەرپەرشـتی و چاودێـری پرۆسـەکەیان دەکـرد بـە تایبەتـی لـە شـاری هەولێـر، بـەڵام (ی. ق. ك) توانـی سـەرکەوتنێکی گـەورە بەدەسـت بهێنـێ کـە لـە ئاسـتی سـەرکردایەتی پ.د.ك جێـگای بایـەخ بـوو.

لـە ٢٠٠٨، فیدراسـیۆنی ڕێکخـراوە قوتابـی و خوێندکارییـەکان دامـەزرا بـە ڕێنمایـی جەنابـی سـەرۆك بارزانـی بـۆ ڕێکخسـتنی دەنـگ و توانـای ڕێکخـراوەکان لـە پێنـاو بەرگریکـردن لـە مافـە ڕەواکانـی قوتابیـان کـە لـەو ڕووەشـەوە (ی. ق. ك) ڕۆڵـی کاریگـەری هەبـوو لـە سـەرکردایەتیکردنی فیدراسـیۆن و ڕێکخـراوەکان بـە شـێوەیەك هاوتەریـب لەگـەڵ سیاسـەتی کارکردنـی (ی. ق. ك).

هەڤـاڵان، (ی. ق. ك) خاوەنـی گەلێـك سـەروەری و شـانازییە لـە مێـژوو خەبـات و

تێکۆشانیدا ئەو مێژووەی کە باسمان کرد مشتێك بوو لە خەروارێك کە وامان لێ دەکات سوورتر بین لەسەر بەرەوپێشبردن و بەردەوامیدان بە ڕۆڵی پێشەنگانەی (ی. ق. ك).

هەڤاڵان، کارکردن لە ڕێکخراوێکی گەورە و هاوشێوەی (ی. ق. ك) بێگومان بێ کێشە و گیروگرفتی نەبووە بە تایبەت لەم چەند ساڵەی دواییدا کە هەندێك گرژی و لێکتێنەگەیشتن لە شێوازی کارکردنی کادیرانی (ی. ق. ك) بووبووە هۆی سستی لە کارەکانی (ی. ق. ك)، بۆیە هەر لەم ڕوانگەوە مەکتەبی سیاسی (پ.د.ك) بە ڕاسپاردەی جەنابی سەرۆك بارزانی بڕیاری گۆڕانکاریەکی ڕیشەیی دا لە ڕێزەکانی (ی. ق. ك).

بەڵام هەڤاڵان پێویستە ئەم گۆڕانکارییانەی (ی. ق. ك) بکەین بە خاڵێکی وەرچەرخان لە مێژووی کاری ڕێکخراوەییمان بە سوودی وەرگرتن لە کارە باشەکانی پێشوو و ئەزموون وەرگرتن لە کەموکوڕییەکان و دووبارەنەکردنەوەیان.

با مێژووی (ی. ق. ك) هەمیشە لە پێش چاومان بێت بەڵام کار بکەین بۆ بنیادنانەوەیەکی تەندروستی ڕێکخراوەکەمان لە پێناو ئایندەیەکی گەشتر و تۆمارکردنی مێژوویەکی نوێ و پرشنگدار هاوشێوەی ڕابردوو.

## ئامانجمان چییە؟

## چۆن بە ئامانجەکان دەگەین؟

ئامانجەکانی کارکردنی یەکێتییەکەمان لە داهاتوودا بە پوختی لەم چوارچێوە گشتییە ڕوون دەکەینەوە:

چوارچێوە گشتییەکانی کاری یەکێتی قوتابیانی کوردستان:

١- کارکردن لەسەر هەست و بڕوای نیشتمانی و نەتەوەیی و پەرەدان بە کاری ڕێکخراوەیی.

٢- کارکردن بۆ مافە پیشەییەکانی قوتابیانی کوردستان.

٣- کارکردن بۆ بڵاوکردنەوەی فەرهەنگی دیموکراسی، پێکەوەژیان و مافی نەتەوەکان.

٤- بایەخدان بۆ بڵاوکردنەوەی ئەزموونی کاری خۆبەخشی.

٥- پەرەدان بە پەیوەندی لەگەڵ ڕێکخراوە کوردستانییەکانی هاوشێوەیان.

٦- بایەخدان بە قوتابیانی پارچەکانی تر کە لە کوردستان دەخوێنن.

٧- بایەخدان بە میدیای ئەلکترۆنی و سۆشیال میدیا.

٨- بەرزکردنەوەی ئاست و تواناکانی کادرانیان بە ڕێکاری هەمە جۆر.

٩- دانانی میکانیزم و ئۆرگان و شێوازی تایبەتی بۆ ڕێکخستنی قوتابیانی کچ و پێگەیاندنیان و ڕاستکردنەوەی باڵانسی کەمی ڕێژەی قوتابی کچ لە ڕێکخستن.

١٠- کردنی (سەنتەری ئاڵا) و (کۆڕبەندی سەری ڕم) بە دوو سەنتەری ڕۆشنبیری و هونەری کە بتوانرێت بە داهاتەکانی خۆی خۆی بەڕێوە ببات و بۆ ئەم مەبەستە ئەگەر پێویستی کرد سوود لە کەرتی تایبەت وەربگیرێت.

هەڤاڵان، ئەو خاڵانەی ئاماژەمان بۆ کردن لە ڕوانگەی زەروورەتی مێژوویی قۆناغەکە و خۆگونجاندنە لەگەڵ شێوازی کاری سەردەمییانە.

ئەگـەر هەڵوەسـتەیەك بكەیـن لەسـەر گرنگتریـن خاڵـەكان، خەباتـی نەتەوەیـی و نیشـتمانی لـە پێشـینەی كارەكانمـان دەبێـت، لـە كاتێكـدا گەلەكەمـان بـە سـەركردایەتی پێشـمەرگە و سـەرۆكی هێژامـان بـۆ یەكەمجـار لـە مێـژوودا ویسـتی سـەربەخۆییخوازی خۆمـان بـە شـێوەیەكی یاسـایی و بەڵگەیـی زینـدوو و نەمـردا بـە گوێـی جیهـان دا كـە ئەویـش دەنگـدان بـوو بـە بەڵـێ لـە ڕیفراندۆمـی سـەربەخۆیی كوردسـتان، بەداخـەوە دوژمنانـی گەلەكەمـان و بـە پیـلان لەگـەڵ خۆفـرۆش و خاكفرۆشـان و بـە بەرچـاوی دەوڵەتانـی زلهێـزی جیهـان و ناوچەكـە (ئەوانـەی كـە خۆیـان بـە پارێـزەری مافـی مـرۆڤ و دیموكراسـییەت دەزانـن) جارێكـی تـر تەماحییـان بڕییـەوە خاكـی پیـرۆزی كوردسـتان و بەشـێك لـە خاكـی نیشـتمانیان داگیـر كردیـن بـەو هیوایـەی گەلەكەمـان ئومێدبـڕاو بكـەن بـەڵام بێئـاگا لـەوەی لـە مەلەكـی تـا مالكـی ئـەو مەرامـە گڵاوەیـان بـۆ نەچـووە سـەر، ئێسـتاش بـە حیكمەتـی سـەرۆكی هێژامـان، قارەمانییەتـی پێشـمەرگە و خۆڕاگـری گەلەكەمـان پیلانـی گڵاویـان لـە گـۆڕ دەنێیـن. ئێمـەش لـە (ی. ق. ك) بێگومـان بـە خامەكانمـان و كـەی پێویسـت بـكات بـە خوێـن خزمـەت بـە نیشـتمان بكەیـن وەك چـۆن لـە ڕابـردوودا كردوومانـە.

هەڤـاڵان، كاركـردن بـۆ مافـە پیشـەییەكانی قوتابیانـی كوردسـتان، ئەركێكـی سـەرەكی ئێمـە دەبێت.

لـەم ئەركـەدا زۆر گرنگـە كادیرانـی یەكێتییەكەمـان بـە هەڵسـوكەوتی كادیرانـە و لەسـەر بنەمـای ڕێزگرتـن لەگـەڵ یەكـە كارگێڕییەكانـی ناوەندەكانـی خوێنـدن لـە پـەروەردە و خوێندنـی بـاڵا هەماهەنگـی بكـەن و بتوانـن بـە خۆگونجانـدن لەگـەڵ قوتابیـان نوێنەرایەتییەكـی ڕاسـتەقینەیان بكـەن بـە جۆرێـك كـە خـۆ بـە دوور بگـرن لـە هـەر فتـار و گوفتارێـك كـە نامـۆ بێـت بـە تاكـی قوتابـی.

هەڤـاڵان، (ی. ق. ك) لـە مانـا هـەرە سـەرەكییەكەیدا، دەبێـت هەوێـن و بنەمـای هێنانـەدی ژیانێكـی شـیاو بێـت بـۆ قوتابـی و لەدوایشـدا گـەل و كۆمەڵـگا، بـە بـێ بـوون و ئامادەیـی و ڕۆڵـی ئـەم توێـژە گرنگـە هیـچ مانایەكـی بـەرەو پێشـەوە چـوون و نوێگـەری ناتوانـن شـوناس و گرنگـی خۆیـان وەربگـرن.

لـە هەمـوو شـوێنێك پەرەسـەندن و كامڵبوونـی مەعریفـە و تێگەیشـتنی كەسـێتی

قوتابـی واتـە سـەرهەڵدانی کۆمەڵگاییێکـی دیموکراسـی و ئـازاد، قوتابیـان بنەمـای سـەرەکین لـە پێشخسـتنی ژیانـی کۆمەڵـگا، لـە هـەر کۆمەڵگایـەك ڕێکخراوەکانـی قوتابیـان ئـازاد و هۆشـیار بـوون ئـەو کۆمەڵگایـە باشـترین شـوێنە بـۆ خۆڵقاندنـی باشـترین مـرۆڤ، بۆیـە دەبێـت یەکێتییەکەمـان کاریگـەری ئەرێنـی هەبێـت لەسـەر کوالیتـی خوێنـدن و ئاسـتی ئـەرك و بەجێهێنانـی قوتابـی.

بەرنامـەی کاری ڕێکخراوەیـی لـە کوردسـتان پێویسـتە تێکۆشـان بێـت بـۆ پەتەوکـردن و فراوانکـردن و قوڵکردنـەوەی ئاراسـتە دیموکراسـییەکان لەسـەر بنچینـەی دیموکراسـی ئاراسـتەکراو، هەوڵـدان بـۆ هاکردنـی ئازادییـە گشـتی و کەسـییەکان وەك ئـازادی (ڕۆژنامەگـەری و ڕادەربریـن و... هتـد)، بـۆ ئـەوەی بتوانیـن ڕۆڵێکـی بـاش بگێڕیـن لـە پاراسـتنی ئـەو مۆزایکـی پێکەوەژیانـەی کـە لـە ڕووی نەتەوەیـی، ئاینـی و مەزهەبییـەوە نـاوازە و دەگمەنـن لەسـەر ئاسـتی ناوچەکـە.

هەڤـاڵان، دانانـی میکانیـزم و ئـۆرگان و شـێوازی تایبەتـی بـۆ ڕێکخسـتنی قوتابیانـی کـچ و پێگەیاندنیـان و ڕاسـتکردنەوەی باڵانسـی کەمیـی ڕێـژەی قوتابـی کـچ لـە ڕێکخسـتن ئەرکێکـی گرنگـە کـە دەبێـت کاری جـددی بـۆ بکەیـن. لـە ڕابـردوودا یەکێتییەکەمـان داینەمـۆی بزواتـی ئافرەتـان بـووە لـە کۆمەڵـگا، شـەهید لەیـلا قاسـم کـە وەك نمونـەی بـاڵا لـە ئازایەتـی کچـی کـورد بـاس دەکرێـت ئەندامـی (ی. ق. ك) بـووە.

بۆیـە دەبـێ لـە ئێستاشـدا یەکێتییەکەمـان دەرچـە و دەروازەی واڵا بـن بـۆ کاری ڕێکخراوەیـی لـە هەمبـەر کچانـی کـورد.

هەڤـاڵان بـۆ گەیشـتن بـە ئامانجەکانمـان پێویسـتە ڕوئیاییێکـی وازح(دیدێکـی ڕوونمـان) هەبێـت بـۆ داهاتـوو بـە میکانیزمـی گونجـاو لەگـەڵ شـێوازی نوێـی کاری ڕێکخراوەیـی کار بکەیـن بـە جۆرێـك لەگـەڵ پێشـکەوتنەکانی سـەردەم هاوتەریـب برۆیـن.

یەکێـك لـە بنەمـا گرنگەکانـی سـەرکەوتنی کاری ڕێکخراوەیـی بریتییـە لـە کاری خۆبەخشـی.

کاری خۆبەخشـی بریتییـە لـە پێشکەشـکردنی خزمەتگـوزاری و هـاوکاری بـە کەسـانی تـر بـێ بەرامبـەر واتـە بـێ هیـچ سـوود و بەرژەوەندییەکـی مـادی و کەسـی، لـە کاری

خۆبەخشـیدا تواناکانـی مـرۆڤ گەشـە دەکـەن، و دەکـرێ توانـا گەشـەکردووەکان بخرێنـە خزمـەت ئامانجەکانـی ڕێکخراوەکەمـان.

هەڤـاڵان نهێنـی سـەرکەوتنی کاری هـەر ڕێکخراوێـك بریتییـە لـە ئەنجامدانـی کارەکانـی بـە شـێوەی تیمێـك واتـە کارکـردن بـە کۆمـەڵ.

هەروەهـا بنەمـای سـەرەکی سـەرکەوتنی وڵاتانـی پێشـکەوتوو بریتییـە لـە کارکردنـی بـە کۆمـەڵ بـۆ ئامانجێـك. هەمیشـە توانـای بـە کۆمـەڵ دەتوانێـت سـەرکەوتنی زیاتـر بـە کاتێکـی کەمـتر زامـن بـکات. کارکردنـی بـە کۆمـەڵ بـە واتـای ئەوەیـە کـە کۆمەڵێـك کـەس پێکـەوە هـەوڵ دەدن بـۆ بەکارهێنانـی تواناکانیـان بـۆ بەدیهێنانـی ئامانجێـك بـێ گوێدانـە بەرژەوەندییـە تایبەتییەکانـی خۆیـان. هەندێـك کـەس لـەم بنەمـا سـەرەکییە لادەدەن و لەکارکردنـدا تەنهـا پشـت بـە بیروبۆچوونەکانـی خۆیـان دەبەسـتن و بیروبۆچوونـی کەسـانی دیکەیـان پـێ هەڵەیـە، ئـەو کەسـانەی کارکردنـی بـە کۆمـەڵ پشـتگوێ دەخـەن و تەنهـا هـەوڵ بـۆ خۆیـان دەدەن و بەرژەوەندییەکانـی خۆیـان پێـش دەخـەن ئـەو هەمیشـە لـە کۆتاییـدا تووشـی شکسـت دەبـن.

هەڤـاڵان، هیـچ ڕێکخراوێـك ناتوانـێ ئەرکـی خـۆی بەجـێ بهێنێـت و بگاتـە ڕادەی فرمانەکانـی ئەگـەر پـاڵ نـەدات بـە تیمێکـی بـاش لـە بـە تواناتریـن کادیرەکانـی، کـە جێبەجێبوونـی بەرنامـە و ئامانجەکانـی ڕێکخـراو بەسـتراوە بـە چۆنیەتـی ئـەو تیمـە.

ئەندامانـی (ی. ق. ك) تـا وەکـو سـەرکردایەتییەکەی شـادەماری ناوخۆیـی یەکێتییەکەمانـن، هێـزی (ی. ق. ك) و توانـای بەجێهێنانـی فرمانـەکان و جێبەجێکردنـی دەسـتەبەرییەکانی بەرامبـەر قوتابیـان هەمـوو بەسـتراوە بـە لێهاتوویـی و توانـای ئیشـکردن و تێگەیشـتن لـە بیروبـاوەڕ و سیاسـەتی (ی. ق. ك).

ئـەو هەڤاڵانـەی سـەرکردایەتی ئۆرگانـەکان دەکـەن ئەرکـی بناغەیـی ڕێکخراوەییـان لەسـەر شـانە بـۆ گۆڕیـن و پەروەردەکردنـی ئەندامانـی یەکێتییەکەمـان، پێویسـتە ئـەو کەسـانە کەسـانی نوخبـە و هەڵبژێـردراوی نێـو ئەندامـان بـن.

سـەرەڕای ڕۆڵـی گرنگـی کادر، هاوشـێوەی ڕێکخراوەکانـی تـر پلەبەنـدی لەنێـو ڕێکخسـتنەکانی (ی. ق. ك) بوونـی هەیـە ئەویـش بـۆ ئەوەیـە واقعـی ژیـان و گـەورە

و بچووکـی بەرجەسـتە بێـت لەنێـو ئیشـوکاری ڕێکخراوەییـدا و دابەشـکردنی ئـەرك و مافـەکان بـە شـێوەیەکی دادپەروەرانـە لەسـەر بنەمـای بڕیـار دەرکـردن بـۆ خـوارووو گوێڕایەڵـی خـواروو بـۆ بڕیـارەکان لـە پێنـاو پەرەپێـدان بـە باشـترکردنی ئیشـوکارەکانمان.

هەڤاڵان، لـە کارکـردن لـە ڕیزەکانـی (ی. ق. ك) وەك هـەر ڕێکخـراو و دامەزراوەیێکـی تـر کۆمەڵێـك ئـەرك و مافـی تایبـەت بـە ئەندامانـی هەیـە کـە لـە بەنـدی سێ و چـواری بەشـی دووەمـی پەیـڕەو پڕۆگرامـی یەکێتییەکەمـان بـە ڕوونـی ئامـاژەی پـێ دراوە.

گرنگـە بـە وردی بیخوێننـەوە و لـە کارکردنـی ڕۆژانەتـان پشـتگوێی نەخـەن تاوەکـو کارەکانتـان دوور لـە هەڵـە بێـت و ڕووبـەڕووی کێشـە نەبنـەوە.

کاتێـك تـۆ هـەوڵ دەدەی کەسـانێك لـە چـواردەوری ڕێکخراوەکـەت کـۆ بکەیتـەوە دەبێـت لەسـەر بنەمـای باوەڕێنـان بـە پیـرۆزی و پەیـڕەو و پڕۆگرامەکـەت بـێ کـە ئەمـە گرنگتریـن هەنـگاوە وا دەکات تاخمێکـی لەخۆبـووردە و بەتوانـا کـۆ بکەیتـەوە بـەڵام ئەگـەر لەسـەر بنەمـای دەسـتکەوت و سـەروەری تاکەکەسـی بانگەشـە بکەیـت هەرگیـز ناتوانـی بگەیـت بـەو ئامانجـەی لـە پێناویـدا خەباتـت بـۆی کـردووە.

لـە کۆتاییـدا درووود لـە گیانـی پاکـی مەئمـون دەبـاغ، لەیـلا قاسـم، ئـازاد میـران، کەمـال سـەلیم، سـمکۆ ئامێـدی، ئـاری، کاردۆ گەڵاڵـی، نـەوزاد، کاکـە سـەلام، ڕێبـەر مـەلا حوسـێن، محەمـەد پێنجوێنـی، فەرەیـدون مورشـد، زاتـی ئیسـماعیل ئەرگۆشـی، نەشـوان ئیسـماعیل عودیـش، خـەڵات یاسـین و محەمـەد عوبێـد...

## کارنامە و پەیڕەوی ناوخۆیی پەسەندکراوی کۆنفرانسی شەشەمی یەکێتی قوتابیانی کوردستان

## (یەکێتی قوتابیان کوردستان، نوێبوونەوە و بەردەوامی)

## کارنامە

## بەشی یەکەم

## دامەزراندن و ئامانجەکان

**بەندی یەکەم:**

**١-١- ناوی ڕێکخراو:**

(یەکێتی قوتابیانی کوردستان)، بە کورتکراوەی پیتەکانی (ی. ق. ك) دەنووسرێت.

**١-٢- ساڵی دامەزراندن:**

لە (١٨ی شوباتی ١٩٥٣) دامەزراوە بە ڕێنمایی و لە ژێر چاودێری باوکی ڕوحیی نەتەوەیی بارزانیی نەمر.

**١-٣- پێناسە:**

ڕێکخراوێکی پیشەیی، نیشتمانی ، دیموکراسی و قوتابیانەیە، تێ دەکۆشێت لە پێناو پاراستنی مافی قوتابیان و دەستەبەرکردنی خواستەکانیان و بەرزکردنەوەی ئاستیان و پەرەپێدانی وتی زانست، هەروەها پشتگیری دۆزی وای گەلی کوردستان دەکات، لە پێناو بەدیهێنانی مافی چارەی خۆنووسین و چەسپاندنی بنەماکانی دیموکراسییەت و ئاشتیی و مافی مرۆڤ و پێکەوەژیان و بونیاتنانی کۆمەڵگایەکی پێشکەوتنخوازی مەدەنی.

**١-٤- سنووری کارکردن:**

هەرێمی کوردستان و ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم، بارەگای سەرەکی لە پایتەختی هەرێم دەبێت. مەکتەبی سکرتاریەت دەسەڵاتی کردنەوەی لق و نووسینگە و ناوچە و نوێنەرایەتی هەیە، بەپێی پێویست.

**١-٥- پەیام: (زانست، خەبات، داهێنان).**

**بەندی دووەم:**

پێکهاتـەی هێـمای یەکێتـی قوتابیانـی کوردسـتان (ی. ق. ك) بـەم شـێوەیەی خوارەوەیـە:

خـۆر: نیشـانەیە بـۆ ژیـان و ڕووناکـی و ئازادیـی و هەمـوو دەم نوێبوونـەوە، (١٨) تیشـکەکەی خـۆر ئاماژەیـە بـۆ (١٨)ی شـوبات، ڕۆژی دامەزراندنـی یەکێتییەکەمـان.

چیـا: نیشـانەی سروشـتی خاکـی کوردسـتان و جوگرافیاکەیەتـی، (٤) لوتکـەی چیـا، ئاماژەیـە بـۆ هـەر چـوار پارچـەی کوردسـتان.

کتێـب: نیشـانەی زانسـت و زانیـاری و فێربوونـە، کتێـب ئامـرازی قوتابییـە بـۆ فێربـوون، نـاوی یەکێتـی قوتابیانـی کوردسـتان لـە نـاو کتێبەکـە نووسراوە، بـەو واتایـەی، (ی. ق. ك) هانـدەری خوێنـدن و خوێندنـەوە و زانیـن و فێربوونـە.

دەسـت: هـەردوو دەسـت نیشـانە بـۆ دەسـتی کـوڕان و کچانـی کوردسـتان، وەکـو ئاماژەیـەك بـۆ نەبوونـی جیـاکاری و جیـاوازی، لەنێـوان کـوڕان و کچـان و هەردووکیـان وەکـو یـەك دەتوانـن لـە نـاو ڕیزەکانـی یەکێتـی قوتابیانـی کوردسـتان خزمـەت بکـەن.

ڕەنگـی ڕەش و سـپی دەسـتەکان، بەمانـای نەبوونـی جیـاوازی نەتەوەیـی و ئاینـی و ڕەگـەزە، هەمـوو قوتابیـان بەبـێ جیـاوازی دەتوانـن لـە نـاو ڕیزەکانـی یەکێتـی کار بکـەن.

سێگۆشـەی نێـوان دوو دەسـتەکە: ئاماژەیـە بـۆ بەرەولوتکـە ڕۆیشـتن و سـەرکەوتن، لـە بنکەکـەی سـاڵی دامەزراندنـی یەکێتـی قوتابیـان نـووسراوە، واتـە دەسـتپێکی کاری یەکێتـی و پیتەکانیـش بـە ئینگلیـزی کـە نـاوی یەکێتـی قوتابیانـی کوردسـتانە، واتـە بـەردەوام بـەرەو سـەرکەوتن و لوتکـە دەڕوات، شـێوەی دەرەوەی هێـمای یەکێتـی: لـە شـێوەی سـەری ڕم دەچێـت لـە ژێـر ڕۆشـنایی ئـەم فەرموودەیـەی بارزانیـی نەمـر: «قوتابیـان سـەری ڕمـن لـە گشـت شـۆڕش و ڕاپەڕینێکـدا».

**بەندی سێیەم**

**کارنامە:**

١- بەشداری کارا و کاریگەری قوتابیان لە خەباتی نیشتمانیی و نەتەوەییدا.

٢- پاڵپشتیکردن و پشتگیرکردنی هەنگاوەکانی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان.

٣- پاراستن و پشتگیریکردنی پەرلەمان و حکومەت و ئەزموونی دیموکراسی هەرێمی کوردستان لە پێناو دەستەبەرکردنی خواست و مافەکانی خەڵکی کوردستان.

٤- داکۆکیکردن لە مافە ڕەواکانی قوتابیان.

٥- یارمەتیدانی قوتابیانی پارچەکانی دیکەی کوردستان کە بەهۆی خەباتی سیاسییەوە پەرتەوازە دەبن یاخود ئەوانەی ئارەزووی خوێندن دەکەن لە کوردستاندا.

٦- بەشداری لەبڵاوکردنەوەی فەرهەنگی لێبوردەیی و پێکەوەژیانی ئاشتییانەی خەڵکی کوردستان و پاراستنی مافەکانی مرۆڤ و ڕێزگرتن و جیاوازینەکردنی لە نێوان کوڕان و کچان و نەتەوە و ئاینەکان.

٧- بەشداریکردن و داکۆکیکردن لە بڵاوکردنەوەی دیموکراسی و ئازادی ڕادەربڕین و ئازادی بیر و ئازادی باوەڕ و لایەنگری.

٨- بەشداریکردن لە گەشەپێدان و ئاوەدانکردنەوەی کوردستان و پاراستنی ژینگە و گرنگیدان بە فەرهەنگ و کەلەپوری کوردستان و شوێنەوارەکانی.

٩- پاڵپشتی هەڵمەتی جیهانی دژی توندوتیژی و جیاکاری.

١٠- هەوڵدان بۆ بەسەردەمیکردنی کاری ڕێکخراوەیی و جەماوەریی و مەدەنی لە کوردستاندا.

١١- پاڵپشتیکردنی ناردنی قوتابیانی کوردستان بۆ درێژەدان بە خوێندن لە دەرەوەی وڵات و سیستەمی تواناسازیی زیاتری قوتابیانی کوردستان.

١٢- هەوڵدان بۆ فراوانکردنی پەرتوکخانەکان و ڕاهێنانی قوتابیان لەسەر خوێندنەوە و هاندانیان بۆ دانانی پەرتوکخانە لە ماڵەکانیان.

١٣- کارکـردن بـۆ نەهێشـتنی هەمـوو ئـەو کۆتوبەنـدە کۆمەڵایەتییانـەی دەبنـە کۆسـپ و بەربەسـت لـە بـەردەم قوتابیانـی کـچ لـە خوێنـدن و بەرەوپێشـچووندا.

١٤- یارمەتیدانـی یاسـایی و مەعنـەوی ئـەو قوتابیانـەی کـە ڕۆڵـەی شـەهید و پێشـمەرگەی پەککەوتـە و قوربانیانـی کیمیابـاران و پرۆسـەکانی ئەنفـال و جینۆسـاید و کەمدەرامەتان و خـاوەن پێداویسـتییە تایبەتەکانن.

١٥- کارکـردن لـە سـەر زیاتـر بەهێزکردنـی ڕایەڵەی نێـوان مامۆسـتا و قوتابی بە شـێوەیەکی سەردەمییانە.

١٦- هـاوکاری و هەماهەنگیکـردن لەگـەڵ دامـەزراوە تایبەتییەکانـی پـەروەردە و خوێندنـی بـاڵا بـۆ دانانـی پلانـی نوێـی پەروەردەیـی و داڕشـتنی میتـۆد و فەلسـەفەی پـەروەردە بـە شـێوەیەکی سـەردەمییانە.

١٧- هەوڵـدان لەگـەڵ ئـەو قوتابیانـەی کـە تووشـی لادان و تـاوان دەبـن و گێڕانەوەیـان بـۆ نـاو خێـزان و کۆمەڵگـە، لـە ڕێگـەی چاکسـازی کۆمەڵایەتییـەوە.

١٨- بەشـداریکردن لـە گـەڵ دامەزراوەکانـی پـەروەردە بـۆ گرنگیـدان بـە کەسـایەتیی قوتابیـان و پەروەردەکردنیـان بـە شـێوەیەکی دروسـت.

١٩- جەختکردنـەوە لـە دروسـتکردنی کەمپـی زانکـۆکان و کۆمەڵگـەی بەشـی ناوخۆیـی بـۆ قوتابیـان بەشـێوەیەکی سـەردەمییانە کـە هەمـوو پێداویسـتییەکانی خوێنـدن و پشـوو لـە خـۆ بگرێـت.

٢٠- داواکردنـی پەرەپێـدان و زیادکردنـی ناوەندەکانـی خوێنـدن لـە کوردسـتان بەپێـی پێویسـت.

٢١- دەرخستنی بەهرە و توانا ڕۆشنبیری و وەرزشیی و هونەرییەکانی قوتابیان.

٢٢- هەوڵدان بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی زانستی قوتابیان.

٢٣- هەماهەنگیکـردن لەگـەڵ ناوەنـدە زانکۆیـی و ئەکادیمییـەکان لـە پرۆسـەی پێشـکەوتنی کۆمەڵایەتیـی لـە پێنـاو بونیاتنانـی کۆمەڵگایەکـی مەدەنـی و تەندروسـت.

٢٤- بایەخـدان بـە بەرهەمـی هزریـی و توێژینـەوەی قوتابیـان لـە پرۆسـەی گەشـەپێدانی زانسـتی و ڕۆشـنبیریی و سیاسـیی و کۆمەڵایەتییـدا.

٢٥- پتەوکردنــی پەیوەنــدی و هەماهەنگــی لەگــەڵ ڕێکخــراوەکان بەگشــتیی و ڕیکخراوەکانــی قوتابیــان بــە تایبەتــی، لــە نــاوەوە و دەرەوەی هەرێمــی کوردســتاندا.

٢٦- بڵاوکردنەوەی فەرهەنگی کاری خۆبەخشی و گیانی یارمەتیدانی یەکتری.

# پەیڕەوی ناوخۆ

## بەشی دووەم

## ئەندامێتی:

**٢-١ ئەندامێتی:**

أ. ئەندامانــی (ی. ق. ك) لــە قوتابیانــی قۆناغەکانــی بنەڕەتــی (٧ـ٨ـ٩) ئامادەیــی، دبلــۆم، بەکالۆریــۆس و خوێندنــی بــاڵا (دبلۆمــی بــاڵا، ماســتەر، دکتــۆرا) پێــك دێــن.

ب. قوتابیانــی دەرەکیــی و کۆلێژەکانــی ســەربازی و پۆلیــس و قۆناغەکانــی بنەڕەتــی (١ـ٢ـ٣ـ٤ـ٥ـ٦) نابنــە ئەنــدام لــە (ی. ق. ك)دا.

ت. ئەندامــی یەکێتــی قوتابیانــی کوردســتان، دوای تێپەڕبوونــی (١) یــەك ســاڵ بەســەر خوێنــدن و وەرگرتنــی بڕوانامــە مافــی ئەندامێتــی (ی. ق. ك) نامێنێــت.

**٢-٢ مەرجەکانی ئەندامێتی:**

هــەر قوتابییــەك بــێ ڕەچاوکردنــی ڕەگــەز، نەتــەوە، ئایــن و شــوێن لەلایــەن ئەندامێکــی یەکێتییــەوە پشــتگیری بکرێــت، مافــی ئــەوەی هەیە ببێتــە ئەندام، بــە ڕەچاوکردنــی قۆناغی خوێنــدن لــە دوای ئــەوەی فۆڕمــی داواکاری ئەندامێتــی پــڕ دەکاتــەوە بەپێــی ئــەم مەرجانە:

١- بــڕوای تــەواوی بــە کارنامــە و پەیــڕەوی ناوخــۆی (ی. ق. ك) هەبێــت و خەبــات لــە پێنــاو بەدیهێنانــی ئامانجەکانیــدا بــکات.

٢- لە یەکێك لە ئۆرگانەکانی (ی. ق. ك)دا کاری ڕێکخراوەیی بکات.

٣- لە کارکردندا دڵسۆز و وردبین بێت و لە بەڵێنەکانیدا ڕاستگۆ بێت.

٤- لە یەکێك لە ناوەندەکانی خوێندندا قوتابی بێت.

**٢-٣ ئەرکەکانی ئەندامێتی:**

١- پەیڕەوی دیسیپلینی ناوخۆیی (ی. ق. ك) و پلەکانی ڕێکخستن بکات.

٢- ئامانــج و بیروبــاوەڕی (ی. ق. ك) بــڵاو بکاتــەوە و بەرگــری لــە یەکگرتوویــی ڕیزەکانــی بــکات.

٣- کۆشــش بــۆ بەرفراوانکردنــی ڕێکخســتنی (ی. ق. ك) بــکات و ئەندامــی نــوێ بهێنێتــە ڕیــزەوە.

٤- بەشداری لە کۆبوونەوە و چالاکییە جۆراوجۆرەکانی (ی. ق. ك)دا بکات.

٥- هەوڵ بدات بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی زانستی و ڕۆشنبیریی و وشیاری خۆی.

٦- دەبــێ لــە کاتــی گۆڕینــی ناوەنــدی خوێندنیــدا ئەندامێتــی خــۆی بگوازێتــەوە بــۆ ئــەو ناوەنــدی کــە تێیــدا دەخوێنێــت.

٧- هەوڵ بدات ئەوپەڕی شەفافیەت لە کارەکانی (ی. ق. ك) پەیڕەو بکات.

٨- فۆڕمی ئەندامێتی (ی. ق. ك) پڕ بکاتەوە و زانیاری بدات بەپێی پێویست.

**٢-٤ مافەکانی ئەندامێتی:**

١- ئەندامــی (ی. ق. ك) لــە ســنووری چالاکیــی خۆیــدا مافــی ڕەخنەگرتــن و دەربڕینــی بیــروڕای خــۆی هەیــە بــە شــێوەیەکی ئازادانــە لــە چوارچێــوەی ئۆرگانەکــەی خۆیــدا.

٢- لەکاتی ڕاپەڕاندنی ئەرکەکان و ئەداکردنی بە شێوازێکی باش پلەی بەرز دەکرێتەوە.

٣- لەکاتی هەستکردن بە پێشێلکاری لە مافەکانی، بۆی هەیە داوای مافی خۆی بکات.

٤- لە کاتی پێویستدا دەتوانێت داوای یارمەتی بکات، لە ئۆرگانەکانی سەرووی خۆی.

٥- لە ڕێگەی پێشکەشکردنی داواکاری بە نووسراو مافی وازهێنانی لە (ی.ق.ك)دا هەیە.

٦- لــە کاتــی پێویســتدا و لــە کاتــی چاکبەڕێوەبردنــی چالاکییەکانــی (ی. ق. ك) سوپاســنامەی ئاراســتە دەکرێــت.

٧- ئەندامانــی خــاوەن پلــە لــە پەیکــەری ڕێکخســتن (کادیــران) مافــی بەدەســتهێنانی یــەك بڕوانامەیــان هەیــە لــە هــەر قۆناغێکــدا، بەپێــی ڕیزبەندیــی خوێنــدن.

٨- ئەنــدام و ئەندامانــی خــاوەن پلــە لــە پەیکــەری ڕێکخســتن (کادیــران) مافــی وەرگرتــن و بەرزکردنــەوەی پلەیــان هەیــە، لــە تەمەنــی ئاســایی قوتابیبوونــدا، لــە (١٤ـ٢٥) ســاڵ تێپــەڕ نــەکات.

**٢-٥ سزاکان:**

بەپێــی ئاســتی ئۆرگانەکانــی جــۆری ســەرپێچییەکان، ئۆرگانەکانــی (ی. ق. ك) دەســەڵاتی ئــەم ســزایانەی هەیــە :

١- ئاگادارکردنەوە.

٢- سەرنجڕاکێشان.

٣- وەستاندن (سڕکردن).

٤- (پێ بژاردن) لەکاتی خراپ مامەڵەکردن بە دەرامەت و دارایی (ی.ق.ك).

٥- وەرگرتنــەوەی پلــە : کادر لــە کاتــی جێبەجێنەکردنــی ئەرکەکانــی بەپێــی پەیــڕەو و بەشــدارینەکردنی لــە (٣) کۆبوونــەوەی ئاســایی بەبــێ هــۆ پلــەی لــێ وەردەگیرێتــەوە.

٦- دەرکـردن : لـە کاتـی ئەنجامدانـی هـەر فتارێـك کـە سـەرپێچی بێـت بـۆ پەیـڕەوی (ی. ق. ك) و سیسـتەمی گشـتی ئـەوا لـە ڕیزەکانـی (ی. ق. ك) دوور دەخرێتـەوە و دەردەکرێـت.

ســزاکان بەپێــی ســەرپێچییەکە لەلایــەن ئۆرگانەکانــەوە دەدرێــن جگــە لــە خاڵــی (١ و ٢) ســزاکانی دیکــە بەپێــی لێکۆڵینــەوەی ورد و بەدواداچــوون دەســەپێندرێن.

## بەشی سێیەم

## ئۆرگانەکانی یەکێتی قوتابیانی کوردستان

یەکێتی قوتابیانی کوردستان بەپێی هەلومەرجی سەردەم مامەڵە لەگەڵ دۆخی کاری ڕێکخراوەیی خۆیدا دەکات، ئۆرگانەکانی لەسەر بنەمای کادیری بەتوانا و لێهاتوو ڕێک دەخاتەوە، بەپێی ئەو مەرجانەی کە لەگەڵ سیستەمی کاری (ی.ق.ك) دەگونجێت.

**٣-١ نوێنەری هۆبە:**

گرنگترین یەکەی ڕێکخستنە، ئەندامێکی (ی. ق. ك) بەڕێوەی دەبات کە بەهۆی لێهاتووییەوە دەستنیشان دەکرێت.

**٣-٢ ئەرکەکانی نوێنەری هۆبە:**

١- دروستکردنی پەیوەندی لەنێوان ئەندامانی خۆیان و گشت قوتابیان بۆ بەشداریکردن لە چالاکییەکانی (ی. ق. ك).

٢- گەیاندنی بیر وبۆچوون و داخوازییەکانی ئەندامان و سەرجەمی قوتابیان بۆ سەرووی خۆی.

٣- دروستکردنی ئامار و پێداویستییەکانی ناسنامە و دواتر بۆ سەرووی خۆی بەرز دەکاتەوە.

٤- دروستکردنی پردێك لە نێوان قوتابیان و مامۆستایان بۆ گەیاندنی داخوازییەکانیان.

**٣-٣ لێژنەی قوتابخانە:**

لێژنە لە (٣) سێ هەڤاڵ پیك دێن، ڕاستەوخۆ لەلایەن ئۆرگانەکانی سەرەوە، دەستنیشان دەکرێن و هەڤاڵێك دەبێتە بەرپرسی لێژنە.

**٣-٤ ئەرکەکانی لێژنەی قوتابخانە:**

١- بەلای کەمەوە دەبێت مانگانە جارێك کۆ ببێتەوە و ڕاپۆرت بەرز بکاتەوە.

٢- پێویســـتە مانگــی جارێــك كۆبوونــەوەی فــراوان لەگــەڵ نوێنەرانــی هۆبــەكان ئەنجــام بــدات.

٣- بەرپرســیارە بەرانبــەر گەشــەكردن و چالاكییەكانــی (ی. ق. ك) لــە ســنووری كاركردنیــدا.

**٥-٣ لێژنەی كۆلێژ و پەیمانگا:**

هەمان ئەركی لێژنەی قوتابخانەی دەبێت.

**٦-٣ مافەكانی لێژنەی كۆلێژ و پەیمانگا:**

١- مەكتەبی سكرتاریەت لە كاتی پێویست هاوكاری بۆ دادەنێت.

٢- لێژنــە ڕاســتەوخۆ ســەربە ئۆرگانــی ســەرووی خــۆی دەبێــت لــە ســنووری جوگرافــی خۆیدا.

٣- بەرپرسی لێژنە لە كۆبوونەوەی فراوانی لق، نووسینگە بەشدار دەبێت.

**٧-٣ لێژنەی ناوچە:**

لــە هــەر شــوێنێكی ســنووری هەرێمــی كوردســتان لــە ســەنتەری قــەزا یــان ناحیــەكان (بەپێــی پێویســت) لێژنــەی ناوچــەی لــێ دەبێــت، بــۆ چاودێریكردنــی كارەكان و فراوانكردنــی ڕێكخســتنەكانی (ی. ق. ك) دادەنرێــت و لــە (٣) هەڤــاڵ پێــك دێــت، لەلایــەن مەكتەبــی ســكرتاریەت بــە ڕەچاوكردنــی ڕێــژەی ئەندامانــی و فراوانــی ســنوور بڕیــار لــە ســەر زیادكــردن و كەمكردنــەوەی ژمــارەی ناوچــەكان دەدرێــت.

١- بەرپرســی ناوچــە لــە كۆبوونــەوەی بەرفراوانــی لــق و نووســینگە كــە مانگانــە دەبەســترێت بەشــداری دەكات.

٢- سەرپەرشتی جموجوڵەكانی (ی. ق. ك) دەكات لە سنووری چالاكی خۆیدا.

٣- بەرپرســیارە بەرانبــەر گەشــەكردنی چەندێتیــی و چۆنێتیــی ڕێكخســتنەكانی (ی. ق. ك) لــە ســنوورەكەیدا.

٤- مانگانە كۆبوونەوەی خۆی دەكات و تاوتوێی ڕاپۆرتی ڕێكخراوەیی خۆیان دەكەن.

٥- ناوچــه پابەنــده بــە جێبەجێکردنــی بڕیــار و ڕێنمایــی و ڕاســپاردەکانی ئۆرگانەکانــی ســەرووی خــۆی.

٦- پێویسـته ناوچـه دوو مانـگ جارێـك كۆبوونـەوەی ئاسـایی (لێژنـەی قوتابخانـەکان) ئەنجـام بـدات.

٧- ناوچە دەسەڵاتی سزاکانی (١ و ٢)ی بەندی (٢) بڕگەی (٥)ی هەیە.

**٣-٨ لق و نووسینگە:**

١- لــق و نووســینگە پێــك دێــت لــە بەرپرســێك و (٢) کارگێــڕ کــە لەلایــەن مەکتەبــی ســکرتاریەت دەستنیشــان دەکرێــت، بەپێــی فراوانــی ســنووری ڕێکخســتنەکانی (ی. ق. ك) لــە هــەر پارێزگایــەك یــان قەزایــەك لقــی لــێ دەبێــت بەپێــی پێویســتی ڕێکخســتنەکان، ئەگــەر لــە ســنووری کارکردنــدا لــە لــق بچووکــتر بــوو ئــەوا دەبێتــە نووســینگە.

٢- ســتافی لــق و نووســینگە مانگــی جارێــك کــۆ دەبێتــەوە و دوای پەســەندکردنی لــە كۆبوونــەوەی لــق و نووســینگە ڕاپۆرتــی مانگانــەی خۆیــان بــۆ مەکتەبــی ســکرتاریەت بــەرز دەکاتــەوە.

٣- لق و نووسـینگە بەرپرسیارە بەرانبەر جێبەجێکردنی ڕاسپاردە و بڕیار و ڕێنماییەکانی مەکتەبی سکرتاریەت.

٤- مافــی ســەپاندنی ســزاکانی بڕگــەی (١ و ٢) ی ســزاکانی هەیــە، بــۆ ســەپاندنی سـزاکانی دیکـە کـە لە بڕگـەی (٣، ٤ و ٥) سـزاکان هاتـوون تەنها مافی پێشـنیارکردنی بــۆ مەکتەبــی ســکرتاریەت هەیــە.

٥- لــە کاتــی ڕانەپەڕاندنــی کارەکانیــان لــە ســنووری هــەر لــق و نووســینگەیەك مەکتەبــی ســکرتاریەت دەســتکراوە دەبێــت لــە ئەنجامدانــی گۆڕانــکاری پێویســت.

## بەشی چوارەم

## ئۆرگانەکانی سەرکردایەتیکردن

**٤-١** مەکتەبی سکرتاریەت بەرزترین دەسەڵاتە، لە (ی. ق. ك) کە بریتین لە (٨) ئەندام، پێك دێن لە سکرتێر و (٧) حەوت ئەندامی مەکتەبی سکرتاریەت کە لەسەر بنەمای بەرژەوەندی یەکێتی قوتابیانی کوردستان دەستنیشان کراون.

مەکتەبی سکرتاریەت سەرپەرشتی سەرجەم کارەکانی یەکێتی دەکات و بەرپرسە لە باش ڕاپەڕاندنی کارەکان و دەرکردنی ڕێنماییی پێویست بۆ پەرەپێدانی کارەکانی.

**٤-٢** مەکتەبی سکرتاریەت بڕیار و ڕاسپاردەکانی کۆبوونەوەی لق و نووسینگەکان پەرە پێ دەدات و چاودێری بەڕێوەچوونی سەرجەم ئۆرگانەکان دەکات.

**٤-٣** مەکتەبی سکرتاریەت مانگانە کۆبوونەوەی ئاسایی ئەنجام دەدات، لە کاتی پێویست کۆبوونەوەی نائاسایی، جگە لە کۆبوونەوەی هەفتانە بۆ دانانی پڕۆژەکانی کار.

**٤-٤** مافی سەپاندنی هەموو سزاکانی هەیە بەسەر ئەندامانی سەرجەم ئۆرگانەکانی، ئەگەر کەمتەرخەم بوون یان لە پەیڕەوی ناوخۆ لایان دا یان سەرپێچی بڕیارەکانی مەکتەبی سکرتاریەتیان کرد.

**مەکتەبی سکرتاریەت لەم بەشانەی خوارەوە پێکدێت:**

أ. بەشی ڕێکخستن و ئامار

ب. بەشی نوێنەرایەتی و کاروبار

ت. بەشی پەیوەندییەکان

ث. بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن

ج. بەشی دارایی و بەڕێوەبردن

ح. بەشی چالاکییەکان

خ. بەشی توێژینەوە و پێگەیاندن

**أ- بەشی ڕێکخستن و ئامار:**

ئــەم بەشــە تایبەتــە بــە گەشــەکردنی ڕێکخســتنی (ی. ق. ك)، سەرپەرشــتی کار و چالاکییەکانــی ڕێکخســتنی (ی. ق. ك) دەکات، لـە ڕێگـەی ڕاپـۆرت و نـووسراوی مانگانـەی ســەرجەم لــق و نووســینگەکان کــە ڕاســتەوخۆ یــان وێنەیــان بــەرز دەکرێتــەوە بــۆ مەکتەبــی ســکرتاریەت، هەروەهــا بــە ڕێگــەی ســەردانی مەیدانــی بــۆ هەمــوو لــق و نووســینگە و ناوچــەکان (بــە هــاوکاری مەکتەبــی ســکرتاریەت) بــۆ بەدواداچــوون لەبــارەی ڕێکخســتن و چۆنێتــی گەشــەکردن و ناردنــی زانیــاری بژانــدن بــۆ باشــکردن و بەرەوپێشــبردنی کاری ڕێکخســتنی (ی. ق. ك) و زیادکردنــی ژمــارەی ئەندامــان و گۆشــکردنیان بــەو بیروبــاوەی یەکێتــی لەســەری دامــەزراوە.

**ئەرکەکانی بەش:**

١- مانگانە کۆبوونەوەی بەش دەبەسترێت و ڕاپۆرت دەگاتە مەکتەبی سکرتاریەت.

٢- بەپێــی پێویســت کۆبوونــەوە لەگــەڵ کارگێڕنــای بەرپرســی ڕێکخســتن و ئامــاری ســەرجەم لــق و نووســینگەکانی ئەنجــام دەدات، بــۆ پێداچوونــەوە و لێکۆڵینــەوەی بــاری ڕێکخســتنی (ی. ق. ك).

٣- ئامادەکردنــی ئامــاری ســەرجەم ئەندامــان کــە لــە ڕێگــەی ڕاپۆرتــی مانگانــەی لــق و نووســینگەکان دەگات.

٤- بەرنامەڕێژی بۆ سەرخستنی نوێنەرەکانی (ی. ق. ك)

٥- دەرکردنــی ئــەو بڕیارانــەی کــە لــە کۆبوونــەوەی مەکتەبــی ســکرتاریەت دەردەچێــت ســەبارەت بــە بڕیــاری پلــەدان و پلــە وەرگرتنــەوە و ناردنــی وێنــە بــۆ بەشــی دارایــی و بەڕێوەبــردن، بەمەبەســتی بەســتن و ڕاگرتنــی دەرماڵــە.

٦- پلــەدان و پلەوەرگرتنــەوە لــە ســەرجەم کادرانــی لــق و نووســینگە و ناوچــەکان لــە ڕێگــەی نــووسراوی تایبەتــی بەشــی ڕێکخســتن و ئامــار ئەنجــام دەدرێــت.

**ب- بەشی نوێنەرایەتیی و کاروبار:**

ئــەم بەشــە پەیوەنــدی تــەواو لەگــەڵ ســەرجەم نوێنەرایەتییەکانــی (ی. ق. ك) دەبێــت و ئــەم ئەرکانــەی خــوارەوەی دەبێــت:

١- بایەخـدان و لێکۆڵینـەوە لەسـەرجەم ئـەو کار و کێشـەو گرفـت و ئاسـتەنگانەی کـە دێنـە ڕێگـەی قوتابیـان و پڕۆسـەی خوێنـدن، هەوڵـی بەرنامەڕێـژی و چارەسـەرکردن و جێبەجێکردنـی داواکارییـەکان بـە ڕێگـەی گونجـاو دەدات.

٢- گەیاندنی کێشە و داواکارییەکانی قوتابیان بە دامودەزگا پەیوەندیدارەکان.

٣- ئاسانکاری و ڕێنوێنیکردنی لێژنەکانی نوێنەرایەتیی قوتابیان.

**ت- بەشی پەیوەندییەکان:**

ئـەم بەشـە بەرپرسـیارە بەرانبـەر پەیوەندییەکانـی (ی. ق. ك) لەسـەر ئاسـتی ناوخـۆ کـە خـۆی لـە توندوتوڵکردنـی پەیوەنـدی لەگـەڵ دامودەزگاکانـی حکومـەت، بەتایبـەت وەزارەتـی پـەروەردە و خوێندنـی بـاڵا سـەرجەم ڕێکخـراوە ناحکومییەکانـی کوردسـتان بـە تایبـەت ڕێکخـراوە قوتابیـی و خوێندکارییـەکان، پاشـان لەسـەر ئاسـتی دەرەکیـی و پەرەپێدانـی پەیوەندییـەکان لەگـەڵ ڕێکخـراوە جیهانییەکانـی قوتابیـان و کەناڵـە زانسـتییەکانی دەرەوە دەبینێتـەوە، ئـەم ئەرکانـەی لای خـوارەوەی دەبێـت:

١- دەربـڕی بیـروڕا و هەڵوێسـت و بۆچوونـی (ی. ق. ك) دەبێـت کـە لەلایـەن مەکتەبـی سـکرتاریەتەوە هێڵـە گشـتییەکانی دیـاری دەکرێـت.

٢- بەرپرسـی بـەش نوێنەرایەتیـی دەکات لـە کۆبوونـەوەی فیدراسـیۆن و ڕێکخـراوە قوتابیـی و خوێندکارییـەکان.

٣- لـە ڕێگـەی نـووسراو و ڕاپۆرتـی مانگانـەوە سەرپەرشـتی کاری پەیوەندییەکانـی لـق و نووسـینگە دەکات و ڕێنمایـی پێویسـتیان پێشـکەش دەکات و سـەرنج و تێبینـی لەسـەر کارەکانیـان دەردەبڕێـت و بەگوێـرەی پێویسـت و ئاگاداربوونـی لـق و نووسـینگەکان لـە هەڵوێسـتە جۆراوجۆرەکانـی زانیارییـان بـۆ دەنێرێـت.

**ث- بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن:**

ئەم بەشە سەرپەرشتی کاری ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن دەکات:

١- سەرپەرشـتی (ڕادیـۆ و کەناڵـی تەلەڤیزیۆنـی، ڕۆژنامـە، ڕۆڤـار، گۆڤـار، سـایت و تـۆ کۆمەڵایەتییـەکان) و گەیاندنـی دەنـگ و هەڵوێسـتەکانی (ی.ق.ك) بـە قوتابیـان و

لایەنــی پەیوەندیــدار دەگەیەنێــت.

٢- ئەنجامدانی کۆڕ و سیمینار و خولی جۆراوجۆر و ڕۆشنبیریی بۆ هۆشیاری قوتابیان.

٣- سەرپەرشــتی و چاودێریکردنــی بەڕێوەچوونــی کارەکانــی بەشــی ڕۆشــنبیری و ڕاگەیاندنــی لــق و نووســینگەکان لــە ڕێگــەی ڕاپۆرتــی مانگانــەی کۆبوونــەوە و ســەردانی مەیدانــی.

٤- سەرپەرشــتیکردنی ئارشــیڤ و پەرتوکخانەکانــی (ی. ق. ك) و دانانــی ڕێوشــوێنی پێویســت بــۆ دەوڵەمەندکردنیــان.

٥- لـە ڕێگـەی بڵاوکـراوە و بڗانـدن وناميلکـەوە بەرنامـەی جۆراوجـۆر، بابەتـی ڕۆشـنبیری و وشـیاریی بـڵاو دەکاتـەوە.

**ج- بەشی دارایی و بەڕێوەبردن:**

**دارایی:**

**دارایی (ی. ق. ك) پێکدێت لە:**

١- ئابوونەی ئەندامان.

٢- ئەو یارمەتییانەی بۆ (ی. ق. ك) دەنێردرێن.

٣- داهاتی چالاکی و پڕۆژەکانی (ی. ق. ك).

**دارایی (ی. ق. ك) بەم جۆرە بڕیاری خەرجکردنی لێ دەدرێت:**

١- داهاتـی (ی. ق. ك) لـە کۆبوونـەوەی مەکتەبـی سـکرتاریەت، بـۆ سـەرجەم کاروبارەکانی مەکتەبـی سـکرتاریەت و خەرجییـە جۆراوجـۆرەکان بڕیـاری لـێ دەدرێت.

٢- ئۆرگانــی ســەروو، چاودێــری مەکتەبــی ســکرتاریەت دەکات و ســکرتاریەتیش چاودێــری خەرجــی لــق و نووســینگەکان دەکات بــە هەمــان شــێوە، لــق و نووســینگەکانیش چاودێــری ئۆرگانەکانــی خــوارووی خۆیــان دەکــەن بــە هەمــان شــێوە.

٣- دەرماڵـەی هەڤـاڵان بـە شـێوەیەکی جێگیـر دابـەش دەکرێـت، بـەو شـێوەی مەکتەبـی سـکرتاریەت و ئۆرگانـی سـەروو بڕیـاری لێ دەدات.

٤- لــە کاتــی ســەرپێچیکردن و ناڕێکــی لــە خەرجکردنــی داهــات ئۆرگانەکانــی ســەروو بۆیــان هەیــە، بــە گوێــرەی ســزاکانی بەنــدی (٢) برگــەی (٥) ســزا جێبەجــێ بکــەن.

دەبێــت داهاتــی (ی. ق. ك) لەســەرجەم ئۆرگانەکانــدا (لــە هــەر ســەرچاوەیەك بێــت) ئۆرگانــی ســەرووی لــێ ئــاگادار بکرێتــەوە و لــە لیســتی داهــات تۆمــار بکرێــت.

٥- تــەواوی داهــات و خەرجییەکانــی ئۆرگانەکانــی (ی. ق. ك) لــە پــەڕاوی تایبەتــدا تۆمــار بکرێــت، لــە کۆبوونــەوەی ئاســایی مانگانــەدا بــە وردی بخرێتــە ڕوو.

٦- دارایی (ی. ق. ك) بەم جۆرە خەرج دەکرێت:

أ. میزانیە و دەرماڵەی بڕیارلێدراو.

ب. ڕاگەیاندنی ناوەندی لە دەرکردنی (ئۆرگان) و بەرنامە بڵاوکراوەکانی دیکە.

ت. خەرجییە پێویستییەکانی بارەگاکان.

ث. هــاوکاری ئەندامــان لــە کاتــی پێویســتدا کــە لەلایــەن لــق و لێژنــە ناوچەکانــەوە تەزکییــە دەکرێــن.

ج. بــۆ هاتوچــۆی نوێنەرایەتیــی (ی. ق. ك) و ڕاپەڕاندنــی کاری تایبــەت بــە (ی. ق. ك) دەکرێــت.

ح. ئەنجامدانی چالاکیی هەمەجۆر.

خ. لــە ڕێگــەی ڕاپۆرتــی مانگانــە و کۆبوونــەوە و ســەردانی مەیدانــی ئۆرگانەکانــی ســەروو چاودێــری داهــات و خەرجییەکانــی ئۆرگانــی خوارووتــری خۆیــان دەکــەن.

د. مەکتەبــی ســکرتاریەت ژمێریارێکــی یاســایی دادەمەزرێنێــت بــۆ ڕێکخســتنی کاروبــاری داراییــی.

**بەڕێوەبردن:**

١- بەرپرســیارە بەرانبــەر هەژمارکــردن و چاودێریکردنــی کەلوپەلەکانــی (ی.ق.ك) و تۆمارکردنــی هــەر (٦) مانــگ جارێــك لــە پــەڕاوی تایبەتــدا.

٢- ڕیکخســتنی کاتــی دەوامکــردن، لــە بارەگاکانــدا و پێداویســتییەکانی کاری ڕۆژانــە بــۆ

تۆمارکـردن لـە پـەڕاوی تایبەتـدا.

**ح- بەشی چالاکییەکان:**

هەوڵـدان بـۆ دەرخسـتن و پەرەپێدانـی بەهـرەی شـاراوەی وەرزشـی و هونەریـی قوتابیـان و کۆکردنەوەیـان لـە یانـە و تیپـە وەرزشـیی و هونەرییەکانـی (ی. ق. ك)دا، کۆکردنـەوە و ڕێکخسـتن و سەرپەرشـتیکردنی چالاکـی و خولـە جۆراوجـۆرە وەرزشـیی و هونەرییـەکان لـە ناوەندەکانـی خوێندنـدا.

بەسـوود وەرگرتـن لـە خولـە پەروەردەییـەکان و خولـی تایبـەت بـە زانکـۆ و پەیمانگـەکان، هـەوڵ بدرێـت ئەندامانـی (ی. ق. ك) جێگـە و پێگـەی شـیاویان هەبێـت لـە خولـی نێوخۆیـی و نێودەوڵەتییەکانـدا.

سەرپەرشـتی چالاکییـە جۆراوجۆرەکانـی دیکـە دەکات وەك (گەشـتە زانسـتیی و گوزارییـەکان و خەڵاتکردنـی قوتابییـە بەهرەمەنـد و سـەرکەوتووەکان و هتـد...)

**خ- بەشی توێژینەوە و پێگەیاندن:**

ئـەم بەشـە کار بـۆ بەرزکردنـەوەی توانـا و پێگەیاندنـی سـەرجەم کادرەکانـی یەکێتـی دەکات، لـە ڕێگـەی بەرنامـەی تایبەتـی، وەکـو خـول، وۆرکشـۆپ و سـیمینار لەگـەڵ ئەنجامدانـی توێژینـەوەی زانسـتیی، لـە سـەر کـۆی گرفتـە کۆمەڵایەتییـەکان، بـە تایبـەت لای توێـژی قوتابـی و ئاشـکراکردنی ئەنجامـی توێژینـەوەکان، بەرنامەداڕشـتن بـۆ چارەسـەری ئـەو گرفتانـە و ئاگادارکردنـەوەی لایەنـی پەیوەندیـدار بەپێـی شـوێنی جوگرافـی و کار، بـۆ ئەنجامدانـی توێژینـەوە و پێگەیاندنـی هەڤاڵانیـان و ئاگادارکردنـەوەی مەکتەبـی سـکرتاریەت لـە ڕێگـەی ڕاپۆرتـی بەشـەکەیان.

## بەلاغی کۆتایی شەشەمین کۆنفرانسی یەکێتی قوتابیانی کوردستان

لـە کاتژمێـر (١٠،٣٠)ی بەیانـی ـ ڕۆژی شـەمە، ١٨ی تشرینـی دووەمـی ٢٠١٧ لـە هۆڵـی شـەهید مەئمـون دەبـاغ، لـە بـارەگای مەکتەبـی سـکرتاریەت لـە شـاری هەولێـر، لـە ژێـر دروشـمی «یەکێتـی قوتابیانـی کوردسـتان، نوێبوونـەوە و بەردەوامـی» بـە بەشـداری (٦٥) هەڤـاڵ لـە هەمـوو ئۆرگانـەکان، یەکێتـی قوتابیانـی کوردسـتان کۆنفرانسـی شەشـەمینی ئەنجام دا.

کۆنفرانســی «یەکێتــی قوتابیانــی کوردســتان، نوێبوونــەوە و بەردەوامــی» بــۆ پێداچوونــەوە و هەڵســەنگاندنی کارەکانــی ڕابــردووی یەکێتــی قوتابیانــی کوردســتان بــوو لــە بوارەکانــی کاری ڕێکخراوەیــی و پیشــەیی، هەروەهــا دانانــی بەرنامــە و پلانــی تــازەی کارکــردن بــۆ خزمەتــی زیاتــری قوتابیــان و وتــی زانســت و فێربــوون لــە کوردســتان. لـە کۆنفرانسـەکەدا تیشـك خرایـە سـەر ڕەوشـی هەرێمـی کوردسـتان و ئـەو بارودۆخــەی کــە کوردســتان پێیــدا تێپــەڕ دەبێــت، جەخــت لــە ســووربوونی خەڵکــی کوردســتان و ئەندامانــی یەکێتییەکەمــان کرایــەوە بــۆ داهاتوویەکــی پرشــنگدار لەســەر بنەمــای گەیشــتن بــە مافــی چارەنــووس و ئاواتەکانــی گەلەکەمــان لــە ســەربەخۆیی و دروسـتکردنی دەوڵـەت کـە زیاتـر لـە ٩٣٪ی خەڵکـی کوردسـتان دەنگیـان بـۆ ڕیفراندۆمـی سـەربەخۆیی دا، لـەم پێناوەشـدا کۆنفرانـس پشـتگیری و پابەنـدی خـۆی دەربـڕی بـۆ ئـەو هەوڵانـەی کـە بەڕێـز سـەرۆك مەسـعود بارزانـی ڕێبەرایەتـی دەکات. هەروەهـا پشـتگیریی لـە گیانفیدایـی پێشـمەرگە قارەمانـەکان کـرد کـە بـە خوێنـی خۆیـان بەرگـری لـە ئـازادی و سـەربەخۆیی خاکـی کوردسـتان دەکـەن و، ئەندامانـی کۆنفرانـس بەڵێنیـان دووپـات کـردەوە کـە درێـژە بـەو ڕێبـازە نیشـتمانی و نەتەوەییـە دەدەن کـە یەکێتـی قوتابیانـی کوردسـتان پێـی نـاسراوە و بـە درێژایـی مێژووەکـەی ڕۆڵـی کارای تێـدا گێـڕاوە و لـە ئاسـت فەرموودەکـەی بارزانیـی نەمـر بـووە کـە «قوتابیـان سـەری ڕمـن لـە هەمـوو شـۆڕش و ڕاپەڕینێـك».

کۆنفرانســی «یەکێتــی قوتابیانــی کوردســتان، نوێبوونــەوە و بەردەوامــی» جەختــی لەســەر کارکــردن و تێکۆشــان لەپێنــاو بەرزکردنــەوە و بەرەوپێشــبردنی ئاســتی زانســت و خوێندنـی قوتابیانـی کوردسـتان کـردەوە و بەهـاوکاری لەگـەڵ دامەزراوەکانـی حکومەتـی

هەرێمی کوردستان لە پەروەردە و خوێندنی باڵا لە کارکردنی بەردەوامدا دەبێت. کۆنفرانس، پشتگیری لە ماف و داخوازییەکانی سەرجەم قوتابیانی کوردستان دەکات و بەڵێنیشیان پێ دەدات کە وەك هەمیشە یەکێتی قوتابیانی کوردستان ڕێکخراوی خۆیان و سەنگەری بەرگریکردن دەبێت لە قوتابیان. کۆنفرانس پشتگیری لە قوتابیانی پارێزگای کەرکوك و ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم دەکات بۆ ژیانێکی سەربەرزانە دوور لە داگیرکاری و بەردەوامبوونیان لە خوێندن دوور لە هەموو هەشە و ترساندنێك بەرامبەریان، هەروەها جەخت دەکاتەوە لەسەر بەردەوامیدان بە خوێندن بە زمانی شیرینی کوردی لەو ناوچانە.

لە دوابڕگەی کۆنفرانسیش بە کۆی دەنگی هەڤاڵان پەیڕەو پڕۆگرام، بڕیار و ڕاسپاردەکان و پلانی تازەی کارکردنی یەکێتی قوتابیانی کوردستان و کۆی گۆڕانکارییەکانی پەیکەری یەکێتییەکەمان پەسەند کرا.

گۆنفراس درود و سڵاوی نارد بۆ گیانی پاکی شەهیدانی یەکێتی قوتابیانی کوردستان و شەهیدانی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان و بەرگریکردن لە کوردستان و سەروەری شەهیدان بارزانیی نەمر و کاك ئیدریسی هەمیشە لەیاد.

**کۆنفرانسی شەشەمینی یەکێتی قوتابیانی کوردستان**

**٢٠١٧/١١/١٨**

**هەولێر**

# وێستگە مێژووییەکانی یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان

## کۆنگرە و کۆنفرانسەکان

## (پرۆگرام و پەیڕەوی ناوخۆ)

## دامەزراندنی یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان
## بەغدا - ١٩٥٣

ڕێکـەوت و چۆنیـەتی دامەزرانـدنی ڕێکخـراوی یەکێتـی لاوانی دیموکـراتی کوردسـتان (ی.ل.د.ک)، جێـگای تێڕامـان و هەڵوەسـتەیەکی جدییـە و سـاغکردنەوە، خوێندنـەوە و لـێ قوڵبوونەوەیەکـی واقیعبینانـەی بـاشی پێویسـتە. ئـەوەی ڕوونـە، ئەوەیـە کـە یەکێـک لـە گرینگتریـن بڕیـارەکانی کۆنگـرەی سـێیەمی پـارتی دیموکـراتی کوردسـتان لـە کانـوونی دووەمـی سـاڵی ١٩٥٣، دامەزرانـدنی سـێ ڕێکخـراوی جەمـاوەری بـۆ هـەر سـێ چینـی قوتـابی، لاوان و ئافرەتـان بـوو[١]. ئەمـەش بەپێـی زەرورەتی ئـەو بارودۆخـە سیاسـییە بـووە کە ئـەوکات دەیخواسـت. بەدڵنیاییـەوە بارودۆخـی ئـەوکاتی پـارتی، کاریگەرییەکی زۆری بەسـەر چۆنیـەتی دامەزرانـدنی ئـەم ڕێکخراوانـەوە هەبـوو کـە کامەیـان پێـش کامـە دامەزرێندرێـت و تـا ئێسـتاش جگـە لـە یەکێتـی قوتابیـانی کوردسـتان، هـەردوو ڕێکخراوەکـەی تـر گومـان لـە کات و چۆنیـەتی کۆنگـرەی دامەزراندنیـان دەکرێـت و لـە هەوڵـدان بۆ سـاخکردنەوەیان تـووشی چەنـد ڕایەکـی جیـاواز دەبیـت.

لــە کۆنگــرەی ســێیەمی پارتــی دیموکــراتی کوردســتان و دوای دەرچــوونی بڕیــاری دامەزرانـدنی ڕێکخـراوە جەماوەرییـەکان، لەلایـەن سـەرکردایەتی پارتییـەوە لێژنەیەکـی جێبەجێـکاری بڕیارەکـە پێکهێـنرا، لێژنەکـە پێکهاتبـوون لـە (جـەلال تاڵەبـانی، ئەحمـەد عەبـدوڵا ئامێـدی، حەیـدەر حەمەدەمیـن) کـە ئـەوکات هەرسـێکیان قوتابـی بـوون و لەنێویانـدا جـەلال تاڵەبـانی هـاوکات ئەندامـی کۆمیتـەی ناوەنـدی حزبیـش بـوو و ئەرکـی سـەرەکی بـەو سـپێردرابوو، وەک دەردەکەوێـت، لێژنەکـە زەروورەتی دروسـتکردنی ڕێکخراوەکـەی قوتابیانـی پێـش ڕێکخـراوەکانی تـر خسـتووە، خـودی جـەلال تاڵەبانیـش ڕۆژی دروسـتکردنی ڕێکخـراوی یەکێتـی قوتابیـانی کوردسـتان، بـە خۆشـترین ڕۆژی ژیـانی خـۆی دەزانێـت و ئامـاژە بـە ڕێکخـراوەکانی تـر نـاکات[٢].

لـە ڕێکـەوتی ١٨ی شـوباتی ١٩٥٣، دوای ئامادەکارییـەکانی لێژنەکـە، کۆنگـرەی یەکـەم و دامەزرانـدنی یەکێتـی قوتابیـانی کوردسـتان لە شـاری بەغـدا بەشـێوەیەکی نهێنـی ئەنجامدرا، ئــەم کۆنگرەیــە تــەواوی وردەکارییــەکانی تۆمارکــراون[٣]. وەک دەردەکەوێــت بەهــۆی پەلەکـردن لـە ئەنجامـدانی، هیـچ پەیـڕەو پرۆگرامێـک ئامادەنەکـراوە. تەنیـا ئەوەنەبـێ

دوای تەواوبـوونی کۆنگـرە، لەلایـەن جـەلال تاڵەبانییـەوە نامیلکەیـەک بـە نـاوی (اتحـاد الطلبـة کردسـتان لمـاذا؟) بـە زمـانی عـەرەبی بڵاوکراوەتـەوە[٤]. تـا ئێـرە بەهیـچ شـێوەیەک نـاوی دامەزرانـدنی ڕێکخراوێـک بـۆ لاوان لـە هیـچ یـەک لـە سـەرچاوەکانی بەردەسـت نەهاتـووە و تەنانـەت خـودی جـەلال تاڵەبانیـش ئامـاژەی پـێ نـەداوە.

جـەلال تاڵەبـانی بڕیـاری دروسـتکردنی ڕێکخراوەکـەی لاوان بـۆ چەنـد هەفتەیـەک پـاش کۆنگرەی یەکێتی قوتابیانی کوردسـتان دەگەڕێنێتەوە کە دیسـان هەمان لێژنەی دروسـتکردنی یەکێتـی قوتابیـان بـە هـاوکاری مامۆسـتا هـەژار موکریـانی و بەکـر ئیسماعیل، ئـەم ئەرکەیان ڕاپەڕانـدووە، واتـا مانگـی ئاداری سـاڵی ١٩٥٣، بـەڵام بـاس لەهیـچ سـەرۆک، سـکرتێر یـان سـتافێک بـۆ ڕێکخراوەکـە ناکرێـت، تەنیـا ئەوەنەبـێ کـەوا دانـراوە، ئـەو ئەندامانـەی ئەرکەکەیـان لـە قوتابیـان تـەواو دەبێـت، لـە ڕێکخراوێکی تـر بەنـاوی لاوان درێژە بـە کار و چالاکییەکانیـان بـدەن[٥]. بەمـەش بۆمـان دەردەکەوێـت ڕێکخراوەکـە لەلایـەن هەمان سـتافی یەکێتـی قوتابیانـەوە بەڕێوە بـراوە و جەلال تاڵەبانیش وەک سـکرتێری ڕێکخراوەکە، کارەکانی ڕێکخراوەکـەی ڕاپەڕانـدووە. تەنانـەت ناوەکـەشی هێشـتا بەتـەواوەتی نەچەسـپێندراوە

سـاڵی ١٩٥٥، پێنجەمیـن ڤیسـتیڤاڵی لاوان و قوتابیـانی دیموکـراتی جیهـان، لـە شـاری وارشـۆی پایتەختـی وڵاتی پۆڵەنـدا بەڕێوەچـوو، پـارتی دیموکـراتی کوردسـتان هەوڵیـدا بەنـاوی لاوان و قوتابیـانی کـوردەوە بەشـێوەیەکی سـەربەخۆ بەشـداری لـەو ڤێسـتیڤاڵەدا بـکات، ئەگەرچـی ئـەم کارە لـە لایـەن ڕێکخـراوە عێراقییەکانـەوە دژایـەتی کـرا، لەگـەڵ ئەوەشـدا توانـرا بـە بانگهێشـتنامەیەکی فەرمـی لەتـەک ڕێکخـراوە عێراقییـەکان بەشـداری لـە ڤێسـتیڤاڵەکەدا بکـەن[٦]. بەهـۆی ناکۆکـی نێوان حـزبی شـیوعی عێراقی و پارتی دیموکراتی کوردسـتان لـەو کاتـەدا، لاوانی شـیوعی عێراقـی هەوڵیانـدا و داوایانکـرد بەنـاوی لاوانی کوردیشـەوە بەشـداری بکـەن، بـەڵام سـەرکەوتوو نەبـوون و نوێنـەرانی پـارتی دیموکـراتی کوردسـتان بـە نـاوی (یەکێتـی لاوانی دیموکـراتی کوردسـتان)، بەشـداریان لـە ڤێسـتیڤاڵەکەدا کـرد[٧]. وەک نـاوی ڕێکخراوەکـە، بەپێـی سـەرچاوەکانی بەردەسـت بێـت، ئەمـە یەکەمیـن جـارە نـاوی ڕێکخراوەکـە بـە نـاوی (یەکێتـی لاوانی دیموکـراتی کوردسـتان)ەوە بهێنرێـت، بـەڵام هەرچـی نوێنـەرانی لاوان بـوون لـەو ڤێسـتیڤاڵە، ئـەوە هەمـان نوێنـەرەکانی یەکێتـی قوتابیـانی کوردسـتان بـوون و سـەرۆکی لێژنەکـەش جـەلال تاڵەبـانی سـکرتێری یەکێتـی

قوتابیـانی کوردسـتان بـوو[٨].

دوای کۆتایـی هاتنـی ڤێسـتیڤاڵەکەی وارشـۆ، لەلایـەن لاوانی چینـەوە، یەکێتـی لاوانی دیموکـراتی کوردسـتان بانگهێشـتی وڵاتی چیـن کـرا، لێرەشـدا جـەلال تاڵەبـانی وەک یەکێتـی لاوانی دیموکـراتی کورسـتان سـەردانی وڵاتی چیـن دەکات[٩]. تـا ئێـرە بۆمـان دەردەکەوێـت، هـەردوو ڕێکخـراوی یەکێتـی قوتابیـانی کوردسـتان و یەکێتـی لاوانی دیموکـراتی کوردسـتان لەلایـەن سـتافێکەوە بەڕێـوە دەبردرێـن کـە جـەلال تاڵەبانـی سـکرتێریانە، کۆنگرەیەکـی تایبـەت بـە دامەزرانـدنی یەکێتـی لاوان ئەنجـام نـەدراوە و هەمـان ئـەو کۆنگرەیـەی لـە ڕێکـەوتی ١٨ی شـوباتی ١٩٥٣ ئەنجامـدراوە، لـە بنەڕەتـدا بـۆ دروسـتکردنی هـەردوو ڕێکخراوەکـە بـووە، تەنیـا کارەکانیـان یەکیـان پێـش ئەویـتر خـراوە.

لـەڕووی پرۆگـرام و پەیـڕەوی کارەوە، دیسـان ڕێکخـراوی یەکێتـی لاوانی دیموکـراتی کوردسـتان تـا سـاڵی ١٩٥٩، پێناچێـت خـاوەنی پرۆگـرام و پەیـڕەوی خـۆی بووبێـت، سـاڵی ١٩٥٩ یەکەمیـن گەڵاڵـەی پەیـڕەو و یاسـای ناوخـۆی یەکێتـی لاوانی دیموکـراتی کوردسـتان، وەک بەڵگەنامـەی فەرمـی ڕێکخراوەکـە نووسراوەتـەوە و بڵاوکراوەتـەوە[١٠].

## سەرچاوە و پەراوێز

١- دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان، مێژوو پارتی دیموکراتی کوردستان کۆنگرە کۆنفرانس (پرۆگرام و پەیرەوی ناخۆ)، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، (هەولێر- چاپخانەی ڕۆژهەڵات- ٢٠٢١)، ل ل ٧٤-٧٥.

٢- گۆڤاری خەباتی قوتابیان، لە دیداریکی تایبەتدا سەرۆک تاڵەبانی وردەکاری دامەزراندنی (ی.ق.ک) دەخاتە ڕوو، ژمارە ١٠٩، (حوزەیرانی ٢٠١٢)، ل ل ١٠-١١.

٣- عرفان عەزیز عەزیز، کۆنگرە و کۆنفڕانسەکانی یەکێتی قوتابیانی کوردستان، چاپی یەکەم، (هەولێر- چاپخانەی ڕۆژهەڵات-٢٠١٢)، ل ل ٢٩-٣٠-٣١.

٤- گۆڤاری خەباتی قوتابیان، لە دیداریکی تایبەتدا سەرۆک تاڵەبانی وردەکاری دامەزراندنی (ی.ق.ک) دەخاتە ڕوو، سەرچاوەی پێشوو، ل ٨.

٥- هەمان سەرچاوە، ل ٩.

٦- ماجد حسن علي، الحركة الطلابية الكردية في العراق (١٩٢٦-١٩٧٠)، رسالة ماجستر/جامعة صلاح الدين في اربيل ٢٠٠٨، منشوراة سپيرێز، (هەولێر- مطبعة حاجى هاشم)، ص ١٣٠.

٧- المناضل الراحل نورى شاويس، من مذكراتي، من منشورات حزب الشعب الديموقراطى الكردستانى، الطبعة الاولى (١٩٨٥)، ص ٤.

٨- گۆڤاری خەباتی قوتابیان، لە دیداریکی تایبەتدا سەرۆک تاڵەبانی وردەکاری دامەزراندنی (ی.ق.ک) دەخاتە ڕوو، سەرچاوەی پێشوو، ل ٨-٩.

٩- المناضل الراحل نورى شاويس، المصدر السابق، ص ٤.

١٠- گەڵاڵەی پەیڕەو و یاسای ناوخۆی یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان ١٩٥٩.

## گەڵاڵەی پەیڕەو و یاسای ناوخۆی یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان

**بەندی یەکەم:**

ناوی ڕێکخراو: یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان ـ عێراق

**بەندی دووەم:**

سروشـتی یەکێتییەکـە، یەکێتییەکـە ڕێکخراوێکـی کۆمەڵایەتـی و دیموکراتـی و بێلایەنـە و هیـچ گیانێکـی ئایـن و ڕەگەزایەتـی و نەتەوایەتیـی نییـە.

**بەندی سێیەم:**

ئامانجەکانی یەکێتی:

١- پاراسـتنی ئاشـتی جیهـان و کۆششـکردن بـۆ بەربەرەکانـی ئیمپریالیـزم و کۆنەپەرسـتی و جەنگهەڵکردنـە سـەر بیروبـاوەڕی جەنگخـوازی و قینەبەرایەتـی و جیـاوازی ڕەگەزایەتـی لەنـاو گـەلان و سـەنەکاندا.

٢- پاراستنی کۆماری دیموکراتیی عێراق و ئیشکردن بۆ چەسپاندن و گەشەپێدانی.

٣- پاراستنی ماف و سەربەستییە دیموکراتییەکان.

٤- ئیشـکردن بـۆ هێنانەدیـی گیانـی بەنـدی سـێیەم لـە دەسـتووری عێراقـی وەختیـدا بـۆ بەهێزکردنـی برایەتـی هەتاهەتایـی هـەر دوو نـەژادی کـورد و عـەرەب.

٥- گوێنەدانـی بـە سـامان و مەزنایەتـی گەلـی کـورد و ئیشـکردن بـۆ کـۆڕی گـۆڕان و گەشـەپێدانی وێـژە و مێـژوو و زمـان و هونـەری کـورد.

٦- کۆششـکردن بـۆ بەسـتنی پەیوەنـدی هاوڕێیەتـی و یاریـکاری لەنـاو لاوانـی کوردسـتاندا بـێ جیـاوازی نـەژاد و ئایـن و بڕوایانـەوە.

٧- تێکۆشـان بـۆ بەرزکردنـەوەی ئاشـتی ئابـوری و خوێنـدەواری و تەندروسـتی لاوانـی کوردسـتان و نەهێشـتنی بێئیشـی و نەخوێنـدەواری لـە ناویانـدا و بەهێزکردنـی پەیوەنـدی برایەتـی و هاوڕێیەتـی بەتایبەتـی لـە بەینـی یەکێتییەکەمانـدا و یەکێتـی لاوانـی دیموکراتـی عێـراق و بەشـێوەیەکی گشـتی لەگـەڵ لاوانـی دیموکراتـی جیهانـدا و ڕێکخراوەکانـی لاوانـی دیموکـرات لـە وڵاتەکانـی تـر.

**بەندی چوارەم:**

ئیشـكردن بـۆ بەهێزكردنـی پەیوەنـدی برایەتـی و یاریـكاری هەتاهەتایـی لەنـاو لاوانـی عـەرەب و كـورد بـۆ ئـەوەی ببنـە نمونەیەكـی زینـدوو و برایەتـی بەینـی هـەر دوو گەلـی عـەرەب و كـورد لـە عێراقـدا.

**بەندی پێنجەم:**

بـۆ هێنانــەدی ئــەو ئامانجانــەی لــە ســەرەوە هاتــوون، یەكێتییەكەمــان پشــت دەبەســتێ بــە هەمــوو جــۆرە هۆیەكــی بڵاوكردنــەوە كــە دەســتمان بگاتــێ وەكــو دەركردنـــی ڕۆژنامـــە و بەیاننامـــە و پێكهێنانـــی گفتنامە(محــاضرات) و بزووتنـــەوەی كۆمەڵایەتـــی وەك ئاهەنـــگ و ســـەیران و بزوتنـــەوەی وەرزش و هاوبەشـــكردنی هەرچـــی كۆنفرانـــس و میهرەجانێـــك كـــە لاوان دەیبەســـتن چ لـــە نیشـــتمانەكەماندا و چ لــە جیهانــدا.

یاسای ناوخۆ

مەرجی ئەندامێتی

**بەندی شەشەم:**

هــەر چ كەسـێك ئـەم مەرجانـەی خـوارەوەی تیـادا بـوو وەردەگیـرێ بـە ئەنـدام لـە یەكێتیــدا:

أ. پێویستە لە دانیشتووانی كوردستانی عێراق بێت.

ب. تەمەنی شازدە ساڵی تەواو كردبێت و لە چل ساڵی تێپەڕ نەبووبێت.

ت. بڕوا بە ئامانجەكانی یەكێتی بكات.

ث. بەپێی توانای یارمەتی یەكێتی بدات بە پارە.

ج. خوڕەوشت و ناوبانگی باش بێت.

ح. ماف و فەرمانەكانی ئەندام

**بەندی هەفتەم:**

١- مافی پێشکەشکردنی پێشنیاز و ئاراستەکردنی ڕەخنە و هەیە.

٢- مافی هەیە کە خۆی هەڵبژێرێ وە هەڵبژێرێ.

٣- مافی داواکردنی یارمەتی لە کاتی پێویستدا لە یەکێتی.

٤- خۆبەستن بە ئامانجەکانی یەکێتی و هەڵنەستان بە هیچ کردەوەیەك کە ڕێك نەکەوێت لەگەڵ گیان و بەندەکانی پەیڕەو و یاسای ناوخۆ.

# کۆنگرەی دووەمی یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان
# شەقڵاوە - ١٩٧٢

بەشێوەیەکی گشتی، شێوازی کار و ستافەکانی بەڕێوەبردنی ڕێکخراوی یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان، لەنێوان کۆنگرەی یەکەم ساڵی ١٩٥٣ تا کۆنگرەی دووەم ساڵی ١٩٧٢، ڕوون نین و ئەو زانیارییانەی بەردەستن تایبەتن بە ماوەی دوای ڕێککەوتنی ١١ی ئاداری ١٩٧٠ و ئەنجامدانی کۆنگرەی دووەم لە ساڵی ١٩٧٢. ئەمەش زیاتر بۆ بارودۆخی نێوخۆی پارتی دیموکراتی کوردستان لەو ماوەیەدا دەگەڕێتەوە کە بۆ ماوەیەک تووشی لێکترازان و باڵ باڵێن ببوو، هەروەها لە دوای ساڵی ١٩٦١-ەوە و لەگەڵ ڕژێمە یەک لەدوای یەکەکانی عێراقیش لە خەباتی چەکداریدا بوو.

هەرچۆنێک بێت و ستافەکان هەر کێ بووبن، لە ڕێکەوتی ١١ی ئاداری ١٩٧٠، ڕێککەوتننامەی ١١ی ئادار، لەنێوان سەرکردایەتی شۆڕش و حکومەتی عێراق واژووکرا. دوای ڕێککەوتن، چالاکییەکانی حزب و ڕێکخراوە جەماوەرییەکانی پێیان نایە قۆناغێکی نوێوە و لە سایەی ئەم ڕێککەوتنە، ئازادیی کاری سیاسی و ڕێکخراوەیی پەرەیان سەند و ئەو باڵ باڵێنەی باڵی بەسەر ڕێکخستن و ڕێکخراوەکانی حزبدا گرتبوو، کاڵ بووەوە، گرووپە جیابووەوەکەی مەکتەبی سیاسی کە بە (جەلالی) ناسرابوون گەڕانەوە نێو حزب و جارێکی دەکە قۆناغێکی نوێی کاری پێکەوەیی و ئاشکرا دەستی پێکردەوە.

یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان، وەک تەواوی ڕێکخراوە جەماوەرییەکانی دیکەی پارتی و تەنانەت ڕێکخستنەکانی خودی حزبیش، هەوڵیدا ئەو دەرفەتە بقۆزێتەوە و کار بۆ خۆڕێکخستنەوە و تۆکمەترکردنی ڕیزەکانی بکاتەوە. لە یەکەم هەنگاویشدا هەوڵیدا ڕێکخراوەکە بەشێوەیەکی فەرمی لە حکومەت تۆماربکات.

یەکەم هەوڵی خۆتۆمارکردن، بۆ کۆتاییەکانی ساڵی ١٩٧٠ دەگەڕێتەوە. کاتێک لێژنەی جێبەجێکاری ڕێکخراوەکە، داواکارییەکی بەناوی لقی سلێمانی یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان پێشکەشی وەزارەتی لاوانی عێراق کرد و وەزارەتەکەش لە ڕێکەوتی ٤ی تشرینی یەکەمی ١٩٧٠ بە نووسراوی ژمارە ١٢٦٨٩ داواکارییەکەی بۆ لێژنەی تایبەت بەرزکردەوە[١].

سەبارەت بە ستافەکانی بەڕێوەبردنی یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان، ئەوا دوای

ڕێککەوتننامەکەی ١١ی ئادار، دەکرێ بەم شێوەیە ئاماژەی پێ بدەین. ساڵی ١٩٧٠ ستافێك بەناوی مەکتەبی سکرتاریەت و کارەکانیان ڕادەپەڕاند کە پێدەچێ لەلایەن مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە دەستنیشان کرابن، چونکە بەر لە کۆنگرەی دووەمی ڕێکخراوەکە لە چاوپێکەوتنێکدا کە شاندی یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان لەگەڵ ئەحمەد حەسەن بەکری سەرۆک کۆمار سازیدا، ناوی محەمەد بامەڕنی وەك سەرۆك و کەمال عەزیز وەك ئەندامی مەکتەبی سکرتاریەتی یەکێتی لاوان هاتووە[٢]. جگە لەوەی پارێزەر یەکتا حەوێزییش وەك دەستەی دامەزرێنەر ناوی هەیە[٣]، بەڵام بەگوێرەی زانیاریی ڕۆژنامەی التآخي ڕۆژی شەمەی ١٥ی ئابی ١٩٧٠، لێژنەی جێبەجێکاری یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان کۆبوونەوەتەوە. لە ڕۆژی یەکشەمەی ١٦ی ئاب، توانیویانە لە هەڵبژاردنێکدا ئەمانەی خوارەوە بە ئەندامی مەکتەبی سکرتاریەت هەڵبژێرن:

١- میرزا سدیق

٢- جەمال عومەر

٣- محەمەد مەحمود بامەڕنی

٤- پارێزەر تاڵیب ڕەشید کاکەیی

٥- ئەحمەد عەلی زەنگەنە

٦- ئەحمەد خدر نەقیب

٧- کەمال عەزیز

٨- ئەنوەر عەبدوڵا

٩- عەبدولوەهاب جاف

١٠- سەباح ئاکرەیی

١١- ئیبراهیم حسێن

**بۆ دەستەی کارگێڕی مەکتەبی سکرتاریەتیش ئەمانەی خوارەوە هەڵبژێردراون:**

١- محەمەد مەحمود بامەڕنی

٢- ئەحمەد خدر نەقیب.

٣- پارێزەر تاڵیب ڕەشید کاکەیی[٤].

ساڵی ١٩٧١، دوای هەوڵێکی زۆر، یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان سەرەنجام توانی مۆڵەتی کارکردنی فەرمی لە حکومەت وەربگرێت و هاوکات بیر لە ئەنجامدانی کۆنگرەی دووەمی خۆی بکاتەوە.

لە ڕێکەوتی ١٠ی تشرینی دووەمی ١٩٧١ بە بڕیاری ژمارە (٢٠٦٤)ی وەزارەتی ناوخۆی کۆماری عێراق، یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان مۆڵەتی بە فەرمی کارکردنی وەرگرت و پەیڕەو و پرۆگرامێك لەمبارەیەوە لە چاپ درا و بە زمانی عەرەبی لە گۆڤاری (الوقائع العراقية) بڵاوکرایەوە[٥].

دوای وەرگرتنی مۆڵەتی فەرمی و ئامادەکارییەکانی لیژنەی ئامادەکاری کۆنگرە، لە ڕێکەوتی ٨ بۆ ٩ی تەمموزی ١٩٧٢، لە قوتابخانەی کاوێس لە شارۆچکەی شەقڵاوەی سەر بە پارێزگای هەولێر، بە دروشمی (ئاشتی، دۆستایەتی و ئایندەیەکی باشتر بۆ لاوان لە پێناوی ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستانی عێراق) لە کەشێکی ئازاد و بە ئامادەبوونی نوێنەرانی کۆنگرە و لیوا ڕوکن عەزیز ئاکرەیی نوێنەری سەرۆك مستەفا بارزانی، نەعیم حەداد نوێنەری ئەحمەد حەسەن بەکری سەرۆک کۆمار، نوێنەرانی ڕێکخراوە جەماوەرییەکانی یەمەنی دیموکراتی و کۆماری عەرەبی سوریا، عەبدولوەهاب ئەتروشیی پارێزگاری هەولێر، زەکیە ئیسماعیل حەقی سەرۆکی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان و عادل موراد سەرۆکی یەکێتی قوتابیانی کوردستان و خوێندنەوەی وتاری ئامادەبووان، دەستی بە کارەکانی کرد[٦].

لە ئەنجامدا، نوێنەرانی کۆنگرە، دەستەیەکیان بۆ سەرکردایەتی یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان بەم شێوەی خوارەوە هەڵبژارد:

١- ئەنوەر عەبدوڵا، ناسراو بە ئەنوەر ڕەئیس

٢- یەدوڵا فەیلی

٣- عەبدولقادر محەمەد ئەمین

٤- سەربەست عومەر حەسەن، ناسراو بە سەربەست بامەڕنی

٥- عوسمان حەسەن دزەیی، ناسراو بە عوسمان سەر سوور.

٦- عەبدولرەزاق عەزیز میرزا، ناسراو بە عەبدولڕەزاق فەیلی

٧- جەمال حەکیم، ناسراو بە جەمال ئاغا

٨- میرزا سدیق

٩- شاسوار جەلال سەعید، ناسراو بە ئارام

١٠- دارۆ شێخ نوری شێخ ساڵح

١١- سەعید محەمەد عەبدولغەنی، ناسراو بە بایز تاڵەبانی

١٢- محەمەد عەبدوڵا محەمەد، ناسراو بە محەمەد بامەڕنی

١٣- یونس عەبدوڵا[٧].

لە یەکەمین کۆبوونەوەی لێژنەی ڕاپەڕاندن کە لە ڕێکەوتی ١ی ئابی ١٩٧٢ ئەنجامدرا، دەستەی مەکتەبی سکرتاریەت بەم شێوەی خوارەوە هەڵبژێردرا:

١- ئەنوەر عەبدوڵا- سەرۆك

٢- محەمەد مەحمود بامەڕنی- جێگری سەرۆك

٣- عەبدولرزاق عەزیز فەیلی- سکرتێر

٤- سەربەست بامەڕنی- ئەمینداری ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی

٥- دارۆ شیخ نوری- ئەمینداری ڕێکخستن

٦- شاسوار جەلال- ئەمینداری پەیوەندییەکانی دەرەوە

٧- کەمال عەزیز- ئەمینداری سندوق

٨- عەبدولڕەحمان گۆمەشینی- ئەمینداری کاروباری پەیوەندی لەگەڵ ڕێکخراوە کوردستانییەکان

٩- عەبدوڵا شێروانی- ئەمینداری کاروباری وەرزش و هونەری[٨].

## سەرچاوە و پەراوێز


١- مذكرة اتحاد الشبيبة الديمقراطي الكردستاني ـ فرع السليمانية والأستجابة الفورية من وزارة الشباب، جريدة التآخي، العدد ٥٨٨، بغداد، مطبعة، دار الجاحظ، الأربعاء، ١١ تشرين الثاني ١٩٧٠م، ص ٣.

٢- السيد الرئيس يرعى و يسند اتحاد الشبيبه الديمقراطي الكردستاني، جريدة التآخي، العدد ٦٠٩، بغداد، الأربعاء، ٩ كانون الأول ١٩٧٠م، ص ٣.

٣- مع مسؤولي الشبيبة، جريدة التآخي، العدد ٩٠٣، بغداد، مطبعة التايمس، الأحد، ٥ كانون الأول ١٩٧١م، ص ١٠.

٤- اجتماع اللجنة التنفيذية لاتحاد الشبيبة الديمقراطي الكردستاني، جريدة التآخي، العدد ٥١٤، بغداد، مطبعة دار الجاحظ، الاثنين، ١٧ آب ١٩٧٠م، ص ٥.

٥- ڕێبازی لاوان پلەیەکی نوێ لە خەباتی یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان، ڕۆژنامەی برایەتی، ژمارەی ١١، ساڵی دوو، سلێمانی، چاپخانەی کامەرانی، یەکشەمە،١٩ی کانونی یەکەمی ١٩٧١ز، ل٣.

٦- سەرکەوتوبێ خەباتی لاوانی دیموکراتی کوردستان، بڵاوکراوەی خەباتی لاوان، مەکتەبی سکرتاریەتی یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان، ژمارە ١، ساڵی ١، ١٩٧٢ز، ل ٢ ؛ نەوزاد فوئاد، چەپکە گوڵێك لە مێژووی (ی.ل.د.ك)، (هەولێر ـ چاپخانەی وڵات ـ ٢٠١٤ز)، ل ل ١٠ ـ ١١؛ افتتاح المؤتمر التأسيسي لاتحاد الشبيبة الديمقراطي الكردستاني، جريدة التآخي، العدد ١٩٨١، بغداد، مطبعة التايمس، الأحد، ٩ تموز ١٩٧٢م، ص ٤؛ نص كلمة اتحادنا في المؤتمر التأسيسي الأول لاتحاد الشبيبة الديمقراطي الكردستاني، جريدة التآخي، العدد ١٠٩٧، بغداد، مطبعة التايمس، الأحد، ٢٩ تموز ١٩٧٢م، ص ١٠؛ لقطات عن وقائع مؤتمر الشبيبة، جريدة التآخي، العدد ١٠٨٦، بغداد، مطبعة التايمس، الأحد، ١٦ تموز ١٩٧٢م، ص١٣؛ أحداث و أحاديث في المجتمع، جريدة التآخي، العدد ١٠٧٤، بغداد، مطبعة التايمس، السبت، ١ تموز ١٩٧٢م، ص ١٧.

٧- ئەرشیفی دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان، چاوپێکەوتن لەگەڵ سەربەست عومەر حەسەن ناسراو بە سەربەست بامەڕنی، پیرمام، ٢١ی ئاداری ٢٠١٨.

٨- انتخاب مكتب سكرتارية اتحاد الشبيبة الديمقراطي الكردستاني، جريدة التآخي، العدد ١١٠٣، بغداد، مطبعة التايمس، السبت، ٥ آب ١٩٧٢م، ص ٤.

## وتەی یەدوڵا کەریم، سەرۆکی یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان

بەڕێز نوێنەری سەرۆککۆمار

نوێنەری سەرۆك بارزانی بەڕێز

مێوانان، خوشکان...برایان

بەڕێزان ئەندامانی کۆنگرە

خۆشحاڵم بە ناوی یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان بەخێرهاتنێکی گەرمتان بکەم بۆ کۆنگرەی دامەزراندن، ئەو یەکێتیەی شانبەشانی پارتی دیموکراتی کوردستان و ڕێکخراوە کوردستانیەکان لە ناخۆشترین بارودۆخ و ڕۆژە ئازاربەخشەکاندا لە پێناوی گەیشتن بە ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستانی عێراق و ئاشتەوایی و دۆستایەتی و ئایندەیەکی باشتر بۆ لاوان ملی دایە بەر خەبات و تێکۆشان. یەکێتیەکەمان لە ساڵی ١٩٥٣ دامەزراوە، لەو کاتەی دەسەڵاتی چەوسێنەر پەنای بردبووە بەر هەموو شێوازەکانی چەوساندنەوەی نەتەوەیی لە دژی گەلی کوردمان. دامەزراندنی یەکێتیەکەمان هاوکات بوو لەگەڵ گەیشتنی خەباتی گەلی عێراق بە عەرەب و کورد و کەمینە نەتەوەییەکانیەوە بە لووتکە، ئەمەش مانای گەورەی هەبوو، بەو پێیەی لاوان خاوەنی گیانێکی گەرموگوڕ و حەماسەتێکی بێ سنوورن و ئامادەی خۆبەخشینن لە پێناوی میللەت و نیشتمان، بەم جۆرەش لاوانی کوردستان جێی متمانەی میللەتەکەیان بوون و قارەمانانە لە ریزەکانی پێشەوە کەوتنە خەباتکردن و ئەو ڕۆڵەیان تا ئەمڕۆش درێژەی هەیە و هەمان ئەو ڕێچکە گەشاوەیان بەرنەداوە کە بناغەکەی هەستکردن بە راستیە بابەتیە قوڵەکانە و کار دەکاتە سەر ئاراستەکردنی هەڵسوکەوتەکانی رووەو هێنانەدی ئامانجە نەتەوەییە ڕەواکان. یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان لە ڕێگەی خەباتی گەلی کوردمان بە تایبەتی و گەلی عێراق بە گشتیەوە بووە خاوەنی شارەزایی و ئەزموونی خەباتکارانەی زیاتر و پارتی دیموکراتی کوردستان و ڕێکخراوە کوردستانیەکانی تریش ڕۆڵێکی بەرچاویان گێڕاوە لە پێشکەشکردنی کۆمەك و یارمەتی دارایی و مەعنەوی بە یەکێتیەکەمان.

خوشکان... برایان

ساڵانی رابردوو کە پڕ بوون لە چالاکی نەتەوەیی بونیادنەرانە و جولانەوەی خەباتگێڕی و قوربانیدان و قارەمانێتی لەلایەن لاوانی کوردستان، باوەڕی یەکێتیەکەمانی بە یەکخستنی خەبات لە دژی کۆلۆنیالیزمی جیهانی و یەکێتی ئامانجەکانی لاوانی هەموو گەلانی جیهان سەبارەت بە ئاشتەوایی و دۆستایەتی و نەمانی دوژمنکاریی و دواکەوتوویی کۆمەڵایەتی زیاتر و توندوتۆڵتر کرد. بۆیە لەو پێناوەدا هەوڵی نزیککردنەوە و یەکخستنی کۆششەکانی دا لەگەڵ یەکێتی لاوانی دیموکراتی جیهان و لە کۆنگرە و فیستیڤاڵە جۆراوجۆرەکانیدا بەشدار بوو و بەو هۆیەوە یەکێتیەکەمان توانی لە نێو یەکێتیەکانی تردا ببێتە خاوەنی پێگە سرووشتیە بەرزەکەی. لێرەوە پێویستە هەڵوەستەیەك بکەین و ئاماژە بەوە بکەین کە لە ئەنجامی زیادبوونی هەڵمەتەکانی تۆقاندن و چەوساندنەوە کە گەلەکەمان لە سەرجەم قۆناغەکانی رابردوودا دووچاری بووەوە، یەکێتیە خەباتکارەکەمان خەباتی خۆی توندتر کرد، بە جۆرێك کەوتە پێگەی رووبەڕووبوونەوەی راستەوخۆ لەگەڵ دەسەڵاتدارانی ئەوکات، بۆیە شانبەشانی پارت و هێزە نیشتمانی و پێشکەوتووخوازەکانی تر، ئەندامانی یەکێتیەکەمان بەدەستی جۆرەها بارودۆخی ناهەموار و ئەشکەنجە و ستەمکاریەوە ناڵاندوویانە، هەر لە بەندکردن و دەربەدەریی ئەشکەنجەدان و ... تا لە کۆتاییدا ناچار بوو روو بکاتە ئاراستەی کاری نهێنی رێکخراو و لە ماوەی ئەم قۆناغانەدا ڕژێمی کۆنەپەرست زنجیرەیەك هەڵمەتی گەرموگوڕ و توندی دەستگیرکردنی لە دژی رۆڵەکانی گەلەکەمان ئەنجام دا.

برایانی بەڕێز

لەو ساتەی کە تیایدا باسی خەباتی یەکێتیەکەمان دەکەین، پێویستە ئاوڕێك لە بابەتێکی سەرەکی بدەینەوە کە پێمان وایە یەکێکە لەو بابەتە پیرۆزانەی لەلایەن ئێمەوە بە بەرزی راگیراوە و لە پێناوی فراوانکردنیدا لە رووی چەمك و مانا و قوڵکردنەوە و دارشتنی لەسەر بنەمای بەهێز و پتەودا هەوڵ و کۆششێکی دڵسۆزانەمان خستۆتەگەڕ، ئەویش بابەتی پێکەوەگرێدانی خەباتی نێوان هەردووك نەتەوەی عەرەب و کورد و توندوتۆڵکردنیەتی بە هەموو شێوەیەك، چونکە بەبێ بوونی ئەم پەیوەندییە برایەتیە ناتوانین لە ئایندەیەکی دوورودرێژدا بە ئاساییترین ئامانجەکانمان بگەین.

خوشـكان... برایـان، مەبەسـتمان لـە دروشـمی- ئایندەیەكی باشـتر- هێنانەدی یەكسـانیی تـەواوە لـە نێـوان هەمـوو پارچەكانـی عێـراق ، بەبـێ جیاوازیكـردن لـە نێـوان باكـوور و باشـوور و ڕۆژهـەڵات و رۆژئـاوا، هەروەهـا كاركـردن لـە پێنـاوی گۆڕینـی دروشـمی بـەرەی نیشـتمانی بـۆ فاكتەرێكـی كردەیـی هەسـتپێكراو، كـە لـە سـایەیدا هاوتاییەكـی وا بـەدی بهێـنرێ كـە پشـت بـە قەبـارەی ڕاسـتەقینەی هێـزە سیاسـیەكان و پـەرەدان بـە خزمەتگوزاریەكانـی دەوڵـەت و فراوانكردنیـان ببەسـتێ، بـە جۆرێـك ئـەم خزمەتگوزاریانـە هەمـوو هاوڵاتیـان بگرنـەوە، هەروەهـا داڕشـتنی پرۆگـرام و پلانـی گونجـاو لـە پێنـاوی سـوودوەرگرتنی تـەواو لـە سـامانەكانی وڵاتەكەمـان.

التجـول الـدوری بـە هەمـوو شـێوەكانیەوە، بـە تایبەتـی دوای بڕیـارە مێژووییەكـەی حكومەتـی نیشـتمانی سـەبارەت بـە خۆماڵیكردنـی كۆمپانیـای نـەوت و پەلەكـردن لـە گرتنەبـەری رێوشـوێنی پراكتیكـی و كاریگەرانـە بـۆ ئـەوەی گەلەكەمـان بتوانـێ بـە مافـی ئۆتۆنۆمـی شـاد بـێ . هێنانـەدی دروشـمی ئایندەیەكـی باشـتر لـە رێگـەی یەكخسـتنی توانـا هاوبەشـەكانی نێـوان پـارت و هێـزە نیشـتمانی و نەتەوەیـی و رێكخـراوە جەماوەریەكانـی عێـراق نەبـێ ناهێنرێتـە دی، بۆیـە یەكێتـی لاوانـی دیموكراتـی كوردسـتان بـە هاوبەشـی لەگـەڵ لاوانـی عێـراق هەمـوو هەوڵەكانیـان دەخەنـە گـەڕ لـە پێنـاوی هێنانەدی خواسـت و ئامانجـە هاوبەشـەكان. یەكێتـی لاوانـی دیموكراتـی كوردسـتان بـە خۆشـحاڵی و رێـزەوە پێشـوازی لـە هەواڵـی دامەزرانـی یەكێتـی گشـتی لاوانـی عێـراق كـرد و لـەو بـاوەڕە دایـە كـە پێكهێنانـی ئـەم یەكێتیـە دەبێتـە سـەرەتای خەباتێكـی توندوتۆڵـتر لـە جـاران لـە نێـوان لاوانـی سـەر بـە هـەردووك رێكخـراوە كوردسـتانی و عێراقیەكـە و پشـتگیریكردنی زیاتـر لـە خەباتـی گەلانـی عێـراق لـە پێنـاوی بونیادنانـی عێـراق ێكـی دیموكراسـی گەشـاوە كـە لەژێـر سـایەیدا هـەردوو گەلـی عـەرەب و كـورد و كەمینـە تەنەوەییەكانـی تریـش بـە مـاف و ئەركـە یەكسـانەكانیان شـاد بـن و هیواخوازیـن یەكێتـی گشـتی لاوانـی عێـراق هەوڵـی پشـتگیریكردنی یەكێتیەكەمـان بدات كە بە دەسـتی گرفتـی داراییەوە دەناڵێنـێ، پێچەوانەی رێكخـراوە عێراقیـە كوردسـتانیەكانی تر، كە لەلایـەن دامودەزگا فەرمیەكانەوە بە سوپاسـەوە چاودێـری دەكرێـن. بۆیـە چاومـان لەوەیـە چاودێریكردنەكـە رێكخراوەكەشـمان بگرێتـەوە بـۆ ئـەوەی بتوانیـن لـە كەشـوهەوایەكی شـیاو و بـە گوێـرەی مەرجـە گونجـاوەكان لەگـەڵ خەباتێكـی دادوەرانـە و بەپێـی بنەمـا و ئامانجەكانـی گەلەكەمـان كار بكەیـن.

یەکێتیەکەمان کە هەڵگری کۆمەڵێك ئامانجی نەتەوەیی و دیموکراسی و مرۆییە، شایەنی بایەخ و باوەش بۆ کردنەوەیە، سەبارەت بە بابەتە ناوخۆیی و تایبەتەکانیش بە یەکێتیەکەمان، ئێمە لە رووی رێکخستن و داراییەوە رووبەڕووی کێشە و بەربەست و گرفتی زۆر بووینەتەوە و توانیومانە بە هاوکاری لەگەڵ جەماوەری بەرفراوانی لاوان بەسەر زۆریاندا زاڵ بین و بەردەوامین لەسەر نەهێشتنی گرفتەکانی تر و چەسپاندنی کۆڵەگەکانی یەکێتی لەسەر بنەما بەهێز و جێگیرەکان.

بەڕێزان، ئامادەبوانی کۆنگرە. لە دوای راگەیاندنی رێککەوتننامە مێژووییەکەی ئادارەوە، چالاکیەکانمان بە شێوەیەکی ئاشکرا و لە کەشوهەوایەکی ئاشتیانە و هێمن ئەنجام دەدەین، دەبێ ئاگاداری ئەوەش بین کە چەند کەسانێکی نامۆ و نەناسراو هەوڵ دەدەن خۆیان بخزێننە ناو رێزەکانی یەکێتیەکەمان و مەبەستیانە ئەم یەکێتیە کوردیە لە ئامانجە پیرۆزەکانی لابدەن و لە پێگەی جەماوەریی و سەرکردایەتی و کادرانی خۆی دووری بخەنەوە. کەواتە پێویستە هەوڵی پاراستنی یەکێتیەکەمان لە هەر سنووربەزاندنێکی نادروست بدەین و بەرگریی لە بێگەردی و ڕەسەنایەتی و بنەما و ئامانجە نەتەوەیی و دیموکراسیە پیرۆزەکانی یەکێتیەکەمان بکەین و بە توندی دژی هەموو کردەوەیەك بوەستینەوە کە مەبەست لە دوایەوە لادانی رێکخراوەکەمان بێ لە بنەما مرۆییەکانی.

لە کۆتاییدا بەناوی یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستانەوە رایدەگەیەنم کە بەردەوام دەبین لە خەباتکردن لەسەر هەمان ئەو رێچکەیەی کە لەلایەن بزووتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کوردمانەوە بۆمان دیار کراوە، هەروەها هەوڵی توندوتۆڵکردنی هاوکاری دەدەین لەگەڵ لاوانی عێراق، لە پێناوی پشتگیرکردن لە یەکێتی نیشتمانی و برایەتی عەرەب و کورد و گەیشتن بە ئامانجەکانی گەلی عێراقمان لە ئازادی و دیموکراسی و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی. هاوکات بە هێز و توانایەکی زۆرەوە دەکەوینە خەباتکردن لە پێناوی شادبوون بە ناوەرۆکی درووشمەکانی یەکێتیەکەمان کە خۆیان لە ئاشتەوایی جیهانی و لەناوبردنی دوژمنکاریەکانی کۆلۆنیالیزم لە جیهان و بەهێزکردنی دۆستایەتی لە نێوان گەلان و بڵاوکردنەوەی گیانی خۆشەویستی و بنبڕکردنی ئاراستە شۆڤێنیەکان و جیاکاری رەگەزپەرستی و بونیادنانی دۆستایەتی لەسەر

بنەمای دانـان بـە مافەکانـی بەرامبـەردا دەبیننـەوە، هەروەهـا تێدەکۆشـین لـە پێنـاوی دابینکردنـی ئایندەیەکـی باشـتر بـۆ لاوان و هێنانـەدی دروشـمە سـەرەکی و بەهادارەکـەی گەلەکەمـان کـە ئۆتۆنۆمیـە لـە چوارچێـوەی کۆمـاری عێـراق ، ئـەو ئامانجـەی گەلـی کـورد قوربانـی زۆری لـە پێنـاوی وەدیهێنـان و جێبەجێکردنیـدا بەخشـیوە.

**بڕیار و ڕاسپاردەکانی کۆنگرەی دووەمی یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان**

- کۆنگـرە سوپاسـی سـەرۆککۆمار موهیـب ئەحمـەد حەسـەن ئەلبەکـر دەکات بەهـۆی چاودێریکردنـی کۆنگـرە لەلایـەن بەرێزیانـەوە.
- کۆنگـرە سڵاو ئاراسـتەی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتانی رابـەری گەلـی کـورد و مسـتەفا بارزانـی سـەرۆك و خەباتکارەکـەی دەکات، هـاوکات سوپاسـی بەرێزیـان دەکات کـە نوێنـەری خـۆی بـۆ کۆنگـرە نـاردووە.
- کۆنگـرە ئـەو هەوڵـە ئیجابیانـە بـەرز دەنرخێنـێ کـە دەسـەڵاتی نیشـتمانی لـە پێنـاوی جێبەجێکردنـی بڕگەکانـی بەیاننامـەی ١١ی ئـاداری مێژوویـی گرتوونیەتـە بـەر، لـە هەمـان کاتـدا دڵتەنگـی خـۆی بەرامبـەر بە بوونـی چەنـد دیاردەیەکی سـلبی دەردەبڕێ کـە تـا ئێسـتا بـاڵ بەسـەر کەشـوهەوای سیاسـیدا دەکێشـن، بـە تایبەتیـش زیادبوونـی نیگەرانـی لـە کوردسـتانی عێـراق لـە ئەنجامـی جێبەجێنەکردنـی ئـەو بڕگانـەی لـە ڕێککەوتنـی ئـادار ماونەتـەوە و پێویسـتیان بـە گرنتەبـەری ڕێوشـوێنی کردەیـی خێـرا و کاریگـەر هەیـە بـۆ ئـەوەی گەلـی کوردمـان بتوانـێ بـە ئۆتۆنۆمـی لـە چوارچێـوەی کۆمـاری عێـراق شـاد بـێ، هەروەهـا داوای بونیادنانـی هاوپەیمانیەکـی راسـتگۆیانە و توندوتـۆڵ دەکات لـە نێـوان حزبـی بەعـس و پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان و پـارت و هێـزە نیشـتمانیەکانی تـر.
- کۆنگـرە پشـتگیریی لـە هەمـوو ئـەو دەستپێشـخەرییە نیشـتمانیانە دەکات کـە دەبنـە مایـەی ئازادیـی ئابـووری و سیاسـی و سـەرمایەگوزاریی راسـتەوخۆی سـامانە نیشـتمانیەکان، هەروەهـا بـە تونـدی پشـتیوانی لـە بڕیـاری مێژوویـی تایبـەت بـە خۆماڵیکردنـی کۆمپانیـای نەوتـی عێـراق دەکات.
- کۆنگـرە خۆشـحاڵی و گەشـبینی و متمانـەی خـۆی بەرامبـەر بـە ئاینـدە دەردەبـڕێ، بـە

تایبەتـی  دوای مۆرکردنـی پەیماننامـەی قەدەغەکردنـی چەکـە سـتراتیژیەکان و دانانـی سـنووریك بـۆ بەکارهێنانیـان، هەروەها پشـتیوانی لـەو هەوڵانە دەکات کـە بوونە مایەی کەمکردنـەوەی ناسـەقامگیری نێودەوڵەتـی و توندوتۆڵکردنـی ئاشـتەوایی لـە جیهـان.

- کۆنگـرە لایەنگریـی خـۆی بـۆ خەباتـی گەلـی عەرەبـی بـرا دەردەبـڕێ لـە پێنـاوی گەیشـتن بـە مافـە ڕەواکانـی و پشـتیوانی خۆشـی بـۆ گەلـی فەلەسـتین دووپـات دەکاتـەوە لـە پێنـاوی گێڕانـەوەی مافـە دەستبەسـەرکراوەکانی لـە فەلەسـتین.
- کۆنگـرە دامەزراندنـی یەکێتـی گشـتی لاوانـی عێـراق  پیـرۆز دەکات و پێـی وایـە ئەمـە دەبێتـە مایـەی پتەوکردنـی پەیوەندییەکانـی نێـوان لاوانـی عێـراق و پێگەکەیـان لەنێـو ناوەندەکانــی لاوانــی جیهــان، هیــواش دەخــوازێ پەیوەندییەکانــی نێــوان هــەردوو یەکێتـی لەسـەر بنەمایەکـی دروسـت و هاوکاریـی برایانـە و هاوبـەش بونیـاد بنرێـن.
- لــە کاتێکــدا کۆنگــرە ئــەو یارمەتــی و کۆمەکــە بــەرز دەنرخێنــێ کــە حکومەتــی نیشــتمانی  پێشکەشــی ڕێکخــراو و یەکێتیــە جەمــاوەری و پیشــەییەکانی دەکات، هــاوکات نیگەرانــی خۆشــی دەردەبــڕێ، بــەو پێیــەی ئــەو یارمەتیانــە وەك ڕێکخراوەکانــی تــر یەکێتیەکەمــان ناگرنــەوە.
- کۆنگـرە بـە جدییـەوە دەڕوانێتـە دۆزی لاوان و ئاراسـتەکەیان، لـە رووی دابینکردنـی پێداویسـتیەکانی چالاکیـە هونـەری و وەرزشـی و کۆمەڵایەتیـەکان و داوا لـە لایەنـە بەرپرسـەکان دەکات لێکۆڵینـەوەی لەبـارەوە ئەنجـام بـدەن و پلانـی گونجـاو بـۆ چارەسـەرکردن و پێشخسـتنیان دابڕێـژن.
- کۆنگـرە پشـتگیری خـۆی بـۆ خەباتـی گەلانـی هینـد و چیـن و تـەواوی بزووتنـەوە رزگاریخوازەکانـی جیهـان دەردەبـڕێ لـە پێنـاوی گەیشـتنیان بە سـەربەخۆیی نیشـتمانی و مافـی چارەنووسـی خۆیـان، هەروەهـا هەمـوو جـۆرە دوژمنـکاری و دەسـتوەردانێکی بیانـی لـە کاروبـاری ناوخۆیـان رەت دەکاتـەوە.
- کۆنگـرە ڕێـز لـە گیانـی شـەهیدانی گەلـی کوردمـان و شـەهیدانی بزووتنـەوەی نیشـتمانی  عێـراق  دەگـرێ.
- کۆنگـرە پشـتگیری خـۆی بـۆ خەباتـی گەلـی کـورد لـە تـەواوی ناوچەکانـی کوردسـتان

رادەگەیەنێ، لە پێناوی هێنانەدی مافە نەتەوەییە ڕەواکانی.

- کۆنگرە هەوڵەکانی لقی دووی پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی ئافرەتانی کوردستان و پارێزگای هەولێر لە بەشداربوون و سەرخستنی کۆنگرە بەرز رادەگرێ.
- کۆنگرە سوپاسی هەموو ئەو مێوانە بەڕێزانە دەکات کە لە پێناوی بەشداربوون لە کۆنگرەدا ماندوو بوون.
- لاوانی کوردستان ئەوەی لە توانایاندا بێ دەیکەن، هەروەها پشتگیری لە هەر هەوڵێکی دڵسۆزانە دەکەن کە ببنە مایەی دامەزراندنی بەرەی نیشتمانی چاوەڕوانکراو، بەرەیەك کە پشت بە بنەمای توندوتۆڵ ببەستێ و ببێتە مایەی بونیادنانی عێراق ێکی بەهێز کە لە سایەیدا ئاڵاکانی برایەتی و سەقامگیریی و پێشکەوتن بشەکێنەوە.

## پڕۆگرام و پەیڕەوی ناوخۆی کۆنگرەی دووەمی یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان

**بەندی یەکەم:**

ناوی یەکێتی ـ یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان.

**بەندی دووەم:**

مەڵبەنـدی گشـتی یەکێتـی بەغـدادە و بـۆی هەیـە لقەکانـی لـە کوردسـتان و ئـەو شـوێنانەی تـر کـە لاوانـی کـوردی تیـا هەیـە بکاتـەوە بەپێـی بڕیارەکانـی ـ احـکام ـ بەنـدی ١٣ی یاسـای ڕێکخـراوەکان، ژمـارە ١ سـاڵی ١٩٦٠.

**بەندی سێیەم:**

سروشـتی یەکێتـی ـ یەکێتـی ڕێکخراوێکـی پیشـەیی کۆمەڵایەتـی نیشـتمانی و دیموکراتییـە، خەبـات ئـەکات بـۆ بەدیهێنانـی ئامانجەکانـی گەلـی کـورد لـە چوارچێـوەی یەکێتـی نیشـتمانی عێراقـدا و لەسـەر بنچینـەی برایەتـی هـەردوو نەتـەوەی کـورد و عـەرەب و هەمـوو کەمایەتییـەکان.

**بەندی چوارەم:**

ئامانجە پیشەییەکانی یەکێتی:

١- یەکێتـی هـەوڵ ئـەدات کـە دەسـەڵاتدارێتی نیشـتمانی بەڕێوەبەرایەتـی و مەڵبەنـدی لاوان لـە کوردسـتاندا بکاتـەوە کـە پەیوەنـدی ئـەم دامەزرێـنراوە نەبەسـترێتەوە بـە بەڕێوەبەرایەتییەکـی گشـتی لاوانـی کوردسـتان کـە بـۆ ئـەو مەبەسـتە پێـك بهێـنرێ.

٢- یەکێتـی هـەوڵ ئـەدات کـە ئەندامەکانـی هەمـوو ئـەو ئیمتیازانەیـان هەبـێ کـە مەڵبەندەکانـی لاوان هەیانـە لـە کوردسـتاندا بـە نیشـتەجێبوونی خوارێشـەوە لەکاتـی ناردنیـان بـە کاری فەرمانـی کـە پەیوەنـدی بـە چالاکـی لاوانـەوە هەیـە.

٣- هەوڵـدان بـۆ هاوبەشـیکردنی یەکێتی لاوانـی دیموکراتـی کوردسـتان لـەو وەفـدە فەرمییانـەی کـە ئامـادەی ئاهەنـگ و میهرەجـان و چالاکییـان ئەکـەن لـە دەرەوەی عێـراق.

٤- هەوڵــدان بــۆ بەرزکردنــەوەی ئاســتی زانیــاری و وەرزش و تەندروســتی لاوانــی کوردســتان لــە ڕێگــەی بەســتنی کــۆڕی زانیــاری و ڕاهێنــان و هاوبەشــیکردن لــە کاروبـاری شارسـتانی و دەرکردنـی گۆڤـار و چاپەمەنـی و زانیـاری بەپێـی یاسـا و ڕژێمـە پەیڕەوکــراوەکان و بەڕێککەوتــن لەگــەڵ لایــە فەرمییــە خــاوەن پەیوەندییــەکان.

٥- هەوڵــدان بــۆ بەرزکردنــەوەی ڕادەی ژیــان و کۆمەڵایەتــی لاوانــی کوردســتان و ئامادەکردنــی ئــەو ڕێگــە و شــوێنانەی یارمەتیــدەری مســۆگەرکردنی ئــەوەن.

٦- کردنــەوەی یانــەی زانیــاری و وەرزش و ئەدەبــی و کردنــەوەی کتێبخانــە تیایانــدا و دامەزراندنــی هەمــوو ئــەو شــتانەی تــر کــە بــۆ ڕابواردنــی پــاك ئەشــێ، هەروەهــا هاندانـی بەهـرەدارەکان و پێگەیاندنـی توانـای زانسـتی و هونـەری لاوانـی کوردسـتان پــاش وەرگرتنــی ڕەزامەنــدی لایەنــە پەیوەندیــدارەکان.

٧- پێکهێنانی تیپی وەرزش و هونەری بۆ زیندووکردنەوەی سامانی فۆلکلۆری نەتەوایەتیی و گەشەپێکردنی هونەری کوردی و هاندانی خاوەن بەهرەکان و ئاڵوگۆڕکردنی وەفدی پێکناسین و پشتگیریکردنی هەموو هەوڵدانێك لەو مەیدانەدا.

٨- زۆرکردنــی چارەســەرکردنی خۆڕایــی بــۆ ئەندامانــی یەکێتــی و هەوڵــدان بــۆ نەهێشــتنی بێئیشــوکاری لــە کوردســتاندا.

٩- یارمەتیدانــی ئەندامانــی یەکێتــی لــە ڕووی ئابوورییــەوە لەکاتــی نەخۆشــی خۆیــان و ئەندامــی خێزانەکانیــان و لەکاتــی مردنــدا ئەمــەش لەکاتــی بوونــی پــارەی پێویســت لـە بودجـەدا.

١٠- بەسـتنی کـۆڕی زانیـاری و ڕاهێنانـی لاوان بـۆ ڕەخنـە و ڕەخنـە لەخۆگرتـن و گفتوگـۆی مەسـەلە گشـتییەکان بـە گیانێکـی بـەرز.

١١- دامەزراندنی خەیمەی دیدەوانی بۆ لاوانی کوردستان لە ناو عێراقدا.

١٢- نواندنــی هەمــوو چالاکییەکــی تــری کۆمەڵایەتــی و زانیــاری و هونــەری و وەرزشــی کــە گونجــاو بــن لەگــەڵ ئامانجەکانــی یەکێتــی و یاســا و پەیڕەوکراوەکانــا و پــاش بڕیــاری دەســتگای یەکێتی(هیئــة الاتحــاد).

**بەندی پێنجەم:**

ئامانجە نیشتمانی  و نەتەوایەتییەکانی یەکێتی:

١- پارێزگاریکردنـی قـەوارەی کۆمـاری عێـراق و چەسـپاندنی یەکێتـی نیشـتمانی  گەلـی عێـراق و پتەوکردنـی ڕژێمـە دیموکراتییـە شۆڕشـگێڕەکەی بـەو جـۆرەی کـە مافەکانـی هـەردوو نەتـەوەی سـەرەکی کـورد و عـەرەب و کەمایەتییـە بـراکان ئەپارێـزرێ.

٢- بەردەوامبـوون لـە هەوڵدانـا بـۆ بەدیهێنانـی پێشـبینییەکانی(تطللعات) نەتەوەیـی گەلـی کـورد و بەدیهێنانـی مافـە ڕەواکانـی و جێبەجێکردنـی بەیانـی ١١ی ئـازار کـە بـەوە یەکێتـی تێکۆشـانی هـەردوو گەلـی کـورد و عـەرەب پتـەو ئەکـرێ.

٣- یارمەتیدانـی جوڵانـەوەی ڕزگاریخـوازی نەتـەوەی عەرەبـی بـرا بەتایبەتـی خەباتـی گەلـی فەلەسـتین لـە پێنـاوی مافـە ڕەواکانیانـدا.

٤- خەباتکـردن لـە پێنـاوی پاراسـتنی ئاشـتی جیهانـدا و پاڵپشـتیکردنی تێکۆشـانی گـەلان دژی هێـزە ئیمپریالیسـتەکان.

٥- بەهێزکردنـی پەیوەنـدی یەکێتـی لەگـەڵ ڕێکخراوەکانـی لاوانـی عـەرەب و هەمـوو ڕێکخراوێکـی دۆسـتی تـر و پتەوکردنـی دۆسـتایەتی نێـوان لاوانـی کوردسـتان و یەکێتـی لاوانـی جیهـان بـە ڕەچاوکردنـی بەندەکانـی یاسـاکان.

٦- هەوڵـدان لای دەسـەڵاتداری نیشـتمانی  بـۆ گۆڕیـن و چاککردنـی یاسـای جنسـیە و نیشـتەجێبوون کـە ئێسـتا پەیـڕەوی ئەکـرێ.

**بەندی شەشەم:**

ئەندامێتی و جۆری لە دەستدانی ئەندامێتی

**یەکەم:** مەرجەکانی ئەندامێتی لە یەکێتیدا ئەمانەن:

١- ئەبـێ لـە ڕۆڵەکانـی کوردسـتان بـێ یـا لـەو کوردانـە بـێ کـە لـە کۆمـاری عێراقـدا ئەژیـن.

٢- مافەکانـی شارسـتانی ون نەکردبـێ بـە هـۆی لادان یـا تاوانێکـی وا کـە شـەرەف و ڕەوشـتی گشـتی لەکـەدار بـکات.

٣- تەمەنی لە هەژدە ساڵ کەمتر نەبێت.

٤- ئەبــێ پەیــڕەو و پڕۆگرامــی یەکێتــی بســەلمێنێ و بــڕوای تــەواوی بــە ئامانجەکانــی هەبــێ و هەوڵــی بەدیهێنانیــان بــدات.

٥- ئەبێ ئەو ئەندامە کارامە و شیاوی ئەو کارە بێ.

**دووەم:** ئــەوەی بیــەوێ بێتــە یەکێتییــەوە داوایــەك پێشــکەش بــە لێژنــەی ناوچەکــەی ئــەکات و هەمــوو مەرجەکانــی ئەندامێتــی تیــا بــاس ئــەکات و ئەبــێ بەلایەنــی کەمــەوە دوو ئەنــدام لایەنگیــری وەرگرتنــی بکــەن ئەوســا لێژنــەی ناوچــە ئەبــێ لــە یەکــەم کۆبوونەوەیــدا ســەیری ئــەو داوایــە بــکات و بڕیــاری خــۆی بــە زۆربــەی دەنــگ بــدات و ئەگــەر وەرگرتنــی پەســەند نەکــرد وا بــۆ ئــەو کەســە هەیــە داواکــەی بخاتــە بەردەســت لێژنــەی لــق کــە بڕیارەکــەی جێبەجــێ ئەکــرێ.

**سێیەم: ئەندام لەم کاتانەدا ئەندامی لە دەست ئەدات:**

١- ئەگــەر ئیســتیقالە لــە یەکێتــی و لێژنــەی لــق پەســەند کردبــێ یــا مانگێــك بەســەر ئــەو ئیســتیقالەیەدا تێپــەڕ بووبــێ و هیــچ جــۆرە شــتێك دەربــارەی پێشــان نەدرابــێ.

٢- ئەگــەر ســێ کۆبوونــەوە لەســەر یــەك ئامــادە نەبــێ و ئابوونــەی ســێ مانگــی لەســەر یــەك نەدابــێ ئــەوەی بەڵگەیەکــەی بەجێــی نیشــان دابــێ.

٣- دەرکــردن ـ هــەر ئەندامێــك مەرجێــك لــە مەرجەکانــی ئەندامێتــی ون بــکات و یــا هــەر کارێــك بــکات پێچەوانــەی ئامانجەکانــی یەکێتــی بــێ وا بەدەرکــراو دائەنــرێ ئــەوەش پــاش بڕیــاری لێژنــەی لــق ئەبــێ بــەڵام بــۆ ئــەو ئەندامــە هەیــە داوای ســەرنجلێدانەوەی ئــەو بڕیــارە بــکات لای لێژنــەی تەنفیــزی کــە بڕیارەکــەی کۆتایــی پێهێنــەرە و ئەبــێ جێبەجــێ بکــرێ.

**بەندی حەوتەم:**

دارایی یەکێتی پێك دێت لە:

١- پارەی هاتنەناو یەکێتییەوە کە ٢٥٠ فلسە.

٢- ئابوونەی مانگانەی ئەندام کە ١٠٠ فلسە.

٣- ئەتوانــرێ ئەنــدام لــە پــارەی هاتنــە نــاو یەکێتــی یــا ئابوونــە یــا هەردووکیــان

ببەخــشرێ بــە بڕیــاری لێژنــەی ناوچــە یــا لێژنــەی لــق.

٤- تەبەروعــات و پــارە کۆکردنــەوە و دیــاری و قازانجــی ئاهەنــگ و بــازاڕی خەیــری کــە دائەمەزرێــنرێ و لــە هەمــوو ســەرچاوەیەکی تــر بەپێــی بەندەکانــی یاســای پەیڕەوکــراو.

٥- ئەو یارمەتییانەی کە میری ئەیدا بە یەکێتی.

٦- قازانجــی ئــەو پڕۆژانــەی یەکێتــی ئەیکاتــەوە بەپێــی ئــەو ڕژێــم و یاســایانەی لــە وڵاتــدا پەیــڕەو ئەکرێــن.

٧- یەکێتــی بــۆی هەیــە خــاوەن موڵــك بــێ و ببێتــە خــاوەن کەلوپــەل بــە گوێــزراوە و نەگوێــزراوە و بەپێــی ئەحکامــی بەنــدی هەشــت لــە یاسـای ژمـارە ١ سـاڵی ١٩٦٠ی چاککــراوە.

**بەندی هەشتەم:**

پارەی یەکێتی بۆ ئەم مەبەستانە سەرف ئەکرێ:

١- ئەو پارانەی لێژنەی تەنفیزی تەرخانی ئەکات بۆ لێژنەی لقەکان.

٢- کاروباری بارەگاکان و کرێی ئاو و کارەبا و پێویسییەکانی تر.

٣- پــارە و مانگانــەی تەرخانکــراو بــۆ ئــەو ئەندامانــەی کــە خۆیــان تەرخــان کــردووە بــۆ ئیشــی یەکێتــی لــە مەڵبەنــدی گشــتی و لقەکانــی یەکێتــی.

٤- پــڕۆژە گشــتییەکان و هەمــوو چالاکییەکــی تــر کــە یەکێتــی پــێ هەڵئەســتێ بــۆ بەدیهێنانــی ئــەو ئامانجانــەی لــە پڕۆگرامــی ناوخــۆدا دیــاری کــراوە.

**بەندی نۆیەم:**

پارەی یەکێتی بەم شێوەیە سەرف ئەکرێ:

١- لــە ٥٠ دینــار تێپــەڕ نەبــێ لــە دەســەڵاتی ســەرۆکی یەکێتیدایــە بــەڵام کــە لــەوە زیاتــر بــوو وا ئەبــێ بــە ڕەزامەنــدی مەکتەبــی ســکرتاریەت وەربگیــرێ بــۆ ســەرفکردنی.

٢- هــەر لقێــك بــۆی هەیــە بەشــێکی دیاریکــراو لــە دەســکەوتی ســەرف بــکات بەپێــی

ئـەو نیسـبەتەی كـە مەكتەبـی سـكرتاریەت دیـاری ئـەكات لەبـەر ڕۆشـنایی پێویسـتی ئـەو لقـەدا.

**بەندی دەیەم:**

هـەر كەسـێك دزی لـە یەكێتـی بـكات یـا بـە شـێوەیەكی خـراپ پـارەی بـەكار بهێنـێ وا سـزای وەكـو ئـەو سـزایانە ئەبـێ كـە بـۆ دزیكـردن لـە ماڵـی گشـتی دانـراون بەپێـی بەندەكانـی یاسـای پەیڕەوكـراو لـە عێراقـدا و لـە یەكێتیـش دەر ئەكـرێ.

**بەندی یازدەیەم:**

نابـێ یەكێتـی لـە ٣٠٠ دینـار زیاتـر لای خـۆی گل بداتـەوە كـە لـەوەش زیاتـر بـوو ئەبـێ لـە یەكێـك لـە بانكەكانـی میریـدا دابـنرێ بـە نـاوی یەكێتییـەوە، دەرهێنانـی پـارەش لـەو بانكـەدا بەهـۆی چەكـەوە ئەبـێ كـە ئەبـێ سـەرۆك و ئەمیـن سـەندوق ئیمـزای بكـەن.

**بەندی دوازدەیەم:**

دەستگا و لێژنەكانی یەكێتی:

یەكـەم: كۆنگرێـس ـ بەرزتریـن دەسـەڵات لـە یەكێتیـدا كۆنگرێسـە كـە بـەم جـۆرە پێـك دێـت:

١- نوێنەرانـی ئـەو ئەندامانـەی كـە هەمـوو فەرمانێكیـان بەجـێ گەیانـدووە بەپێـی ئـەم پەیـڕەوە.

٢- ئەندامانی لێژنەی تەنفیزی ناوەندی و جێگرەكان.

دووەم: كۆنگـرە بـە ئامادەبوونـی زۆربـەی نوێنـەران تـەواو ئەبـێ و ئەبەسـترێ. خـۆ ئەگـەر ڕەوانەبـوو وا بـۆ هەفتەیـەك دوا ئەخـرێ ئەوكاتـە چەنـد ئەنـدام ئامـادە بـێ كۆنگـرە ئەبەسـترێ.

سـێیەم: بەشـێوەیەكی ئاسـایی كۆنگـرە هەمـوو سـاڵێك ئەبەسـترێ، خـۆ ئەگـەر لێژنـەی تەنفیـزی یـا زۆربـەی ئەندامانـی لێژنـەی ناوچـە و لقـەكان داوایـان كـرد كۆنگـرە ببەسـترێ وا لـە ناوەختیشـا ئەبەسـترێ.

**چوارەم: دەسەڵاتەکانی کۆنگرە ئەمانەیە:**

١- دەسلێدان یا گۆڕینی پرۆگرامی یەکێتی لە کۆبوونەوەی گشتی ساڵانە یا هی ناوەخت کە بۆ ئەو مەبەستە ئەبەسترێ و بە بڕیاری دوو لەسەر سێی ئەندامانی بەلایەنی کەمەوە. کە ئەوەش بە وەزارەتی ناوخۆ ئەگەیەنرێ و پاش ٣٠ ڕۆژ لەو ڕاگەیاندنە ئەگەر ناقایلی خۆی نیشان نەدا وا ئەو دەسلێدان یا گۆڕینە شوێنی خۆی ئەگرێ.

٢- گفتوگۆکردنی ڕاپۆرتی ساڵانەی لێژنەی تەنفیزی ناوەندی.

٣- گفتوگۆی باری دارایی یەکێتی و بڕیاردان لەسەری.

٤- لێکۆڵینەوەی نامەکانی لێژنە و ئەندامان.

٥- هەڵبژاردنی ئەندامانی لێژنەی تەنفیزی ناوەندی.

٦- تەنیا کۆنگرە دەسەڵاتی هەڵوەشانەوەی یەکێتی هەیە ئەوەش بە بڕیاری زۆربەی دوو لەسەر سێی ئەندامانی کۆنگرە ئەبێ.

**پێنجەم: لێژنەی تەنفیزی ناوەندی:**

١- لە بیست و یەك ئەندام پێك دێت لەگەڵ پێنج ئەندامی ئیحتیاتدا کە کۆنگرە بە هەڵبژاردنی نهێنی لە ناو ئەندامەکانی هەڵیان ئەبژێرێ. کاروباری یەکێتی هەڵئەسووڕێنێ و بڕیارەکانی کۆنگرە جێبەجێ ئەکات و ئامانجەکانی یەکێتی ئەهێنێتە دی و بڕیارەکانیشی بە زۆربەی دەنگ شوێنی خۆیان ئەگرن.

٢- لێژنەی تەنفیزی ناوەندی لەناو ئەندامەکانیدا مەکتەبی سکرتاریەت هەڵئەبژێرێ کە لە نۆ ئەندام پێك دێت بەم شێوەیەی خوارەوە:

أ. سەرۆك

ب. جێگری سەرۆك

ت. سکرتێری گشتی

ث. ئەمین سەندوق

ج. ئەمینی کاروباری ڕێکخستن و لێژنەکانی یەکێتی.

ح. ئەمینی کاروباری زانیاری و کۆمەڵایەتی.

خ. ئەمینی کاروباری وەرزش و هونەر.

د. ئەمینی پەیوەندی لەگەڵ ڕێکخراوە کوردستانییەکان.

ذ. ئەمینی پەیوەندییەکانی دەرەوە.

ر. بەپێی زنجیرەی زۆری دەنگ ئەندامی ئیحتیات جێگەی بەتاڵی ئەندامی لێژنەی تەنفیزی ئەگرێتەوە.

٣- بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی یەکێتی لێژنەی تەنفیزی بۆی هەیە بەپێی پێویست لێژنەی تایبەتی دروست بکات بەڵام بڕیاری ئەم جۆرە لێژنانە ئەبێ ڕەزامەندی لێژنەی تەنفیزی لەسەر بێ ئەوسا جێبەجێ بکرێ.

**شەشەم:** لێژنەی لق ـ بەرزترین دەسەڵاتی جێبەجێکردن و هەڵسوڕاندنی ئیشوکاری ئەو لقەیە کە لە ٧ ـ ٩ ئەندام پێك دێت بە ئەندامانی لێژنەی تەنفیزی ناوەندیشەوە کە لە سنووری ئەو لقەدا دائەنیشن، هەڵبژاردنی لێژنەی لقیش لەلایەن نوێنەرانی لێژنە ناوچەکانەوە ئەبێ. لێژنەی لق لێپرسراوە بەرامبەر لێژنەی تەنفیزی ناوەندی لە هەموو کاروباری لێژنە ناوچەیی و کەرت و لێژنە تایبەتییەکانی سەربە ناوچەکانییەوە بۆی هەیە کە:

١- بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی و بەپێی پێویست لێژنەی تایبەتی پێك بهێنێ.

٢- بڕیار و ئامۆژگاری پێویست دەرکات بە مەرجێك پێچەوانەی ئامۆژگارییەکانی لێژنەی تەنفیزی یەکێتی نەبێ.

٣- ڕاپۆرتی مانگانە دەربارەی چالاکی لق بدا بە لێژنەی تەنفیزی ناوەندی.

**حەوتەم:** لێژنەی ناوچە لە ٧ ـ ٩ ئەندام پێك دێت، ئەندامانی یەکێتی لە ناوخۆیاندا بە دەنگدانی نهێنی هەڵیان ئەبژێرن، ئەرکەکانی وەرگرتنی ئەندام و جێبەجێکردنی سیاسەتی یەکێتی و بڕیارەکانی لێژنەکانی سەرووتر و سەرپەرشتی و ئاراستەکردنی جەماوەری لاوانە لە سنووری ناوچەکەیدا.

**بەندی سێزدەیەم:**

یەکێتــی شەخســیەتێکی مەعنەوییــە و شــیاوی ئەوەیــە مەبەســتەکانی نــاو ئــەم پڕۆگرامــە بهێنێتــە دی و مافــی تەســەرف و پێکهاتن(تعاهــد) و خــاوەن موڵکێتــی و کردنــە خاوەن(تملــك و تمليــك) و بەرگــری لــە مافــی وەســتان ڕووەو بەرامبەرەکــەی لــە دادگا (الخصومــة والمرافعــة)ی هەیــە. ســەرۆك یــا جێگــری نوێنەرایەتــی ئــەکات بەپێــی ئــەم پڕۆگرامــە.

**بەندی چواردەیەم:**

ســەرۆکی یەکێتــی ســەرۆکایەتی کۆبوونەوەکانــی لێژنــەی تەنفیــزی ناوەنــدی ئــەکات و نوێنــەری یەکێتییــە لەگــەڵ هەمــوو دەســتگا و دایرەیەکــی فەرمانــی و نافەرمیــدا، ئیمــزای هەمــوو ئــەو نامانــە ئــەکات کــە لــە یەکێتــی ئەچێتــە دەرەوە و لەگــەڵ ئەمیــن ســەندوقا هەمــوو موســتەنەدێکی ســەرف ئیمــزا ئــەکات هەروەهــا بــۆ هەمــوو عەقدێــك کــە لێژنــەی تەنفیــزی بڕیــاری لەســەر دابــێ، بــۆ ســەرۆك هەیــە ئەندامێکــی تــری لێژنــەی تەنفیــزی دابنــێ لــە شــوێنی خــۆی بــە ڕەزامەنــدی لێژنــەی تەنفیــزی.

**بەندی پازدەیەم:**

لەکاتــی ئامادەنەبــوون یــا ئیســتقالەکردنی ســەرۆکدا جێگــری ســەرۆك جێگــەی ئەگرێتــەوە.

**بەندی شازدەیەم:**

ســکرتێری گشــتی سەرپەرشــتی ڕێکخســتنی کۆبوونــەوە و ئامادەکردنــی بەرنامــەی کۆبوونەوەکانــی لێژنــەی تەنفیــزی مەکتەبــی ســکرتاریەت ئــەکات.

**بەندی حەڤدەیەم:**

ئەمیــن ســەندوق حســاباتی یەکێتــی یــەك ئەخــات، ئــەو سجلاتانەی پێویســت بــێ ئەیگــرێ، پــارەی هاتنــە نــاو یەکێتــی و ئابوونــە وەرئەگــرێ، ڕاپۆرتــی دارایــی ســاڵانەی یەکێتــی ڕێــك ئەخــات و ئیمــزای چــەك و موســتەنەداتی ســەرف ئــەکات لەگــەڵ ســەرۆکی یەکێتیــدا.

**بەندی هەژدەیەم:**

ئەبێ یەکێتی و لقەکانی ئەم سجلانەی هەبێ:

١- سـجلی ئەندامـان: نـاوی ئەنـدام و تەمەنـی و پیشـە و شـوێن و مێـژووی هاتنەنـاو یەکێتـی و جنسـیەی و نـاوی ئـەو ئەندامانـەی لایەنگیریـان کـردووە بـۆ وەرگرتنـی تیایـا ئەنـووسرێ.

٢- سـجلی بەرنامـەی کۆبوونـەوەکان کـە بڕیارەکانـی لێژنـەی تەنفیـزی تیـا ئەنـووسرێ و هەمـوو ئەندامەکانـی ئامادەبـووی کۆبوونـەوە ئیمـزای ئەکـەن.

٣- سـجلی حسـابات کـە داهاتـو سـەرفی یەکێتـی تیـا ئەنـووسرێ بەپێـی یاسـا پەیڕەوکـراوەکان و ئەبـێ کاتبـی عـەدل بـڕوای پـێ کردبـێ.

٤- سجلی کەلوپەل: هەموو کەلوپەلێك کە بگوێزرێتەوە یا نەگوێزرێتەوە تیایا ئەنووسرێ.

٥- سجلی نامەنووسین: نێرراو و هاتو.

**بەندی نۆزدەیەم:**

یەکێتـی ئەنـدام ئەبـێ لـەو ڕێکخـراوە گشـتییە عێراقییـە هاوئمونەیـەی کـە میریـی نیشـتمانی دایئەمەزرێنـێ، ئەمەیـش بەپێـی بەنـدی پێنجەمـی بەیانـە مێژووییەکـەی ١١ی ئـازارە، بـەڵام یەکێتـی پارێـزگاری قـەوارەی تایبەتـی خـۆی ئـەکات.

**بەندی بیستەم:**

ئەگـەر بـە سەربەسـتی و بەپێـی بڕیـاری زۆربـەی دوو لەسـەر سـێی دەنگـی ئەندامانـی کۆنگـرە یەکێتـی هەڵوەشـێنرا و لابەلاکردنـی کەلوپەلەکانـی بەهـۆی ئـەو لایـەوە ئەبـێ کـە کۆنگـرە دیـاری ئـەکات و ئـەوەی لـە ئەنجامـی ئـەو لابەلاکردنـە ئەمێنێتـەوە بـەرەوڕووی ئەولایـە ئەبێـت کـە کۆنگـرە دەستنیشـانی ئـەکات. بـەڵام ئەگـەر ئـەو هەڵوەشـاندنە بـە هـۆی دادگاوە بـوو ـ قضائـی ـ و لابەلاکردنـی کەلوپەلـی یەکێتـی بـەرەو ڕووکردنـەوەی ئـەوەی ئەمێنێتـەوە بەپێـی بەندەکانـی یاسـا پەیڕەوکـراوەکان ئەبـێ.

## ڕاگەیەنراوی کۆتایی کۆنگرەی کۆنگرەی دووەمی لاوانی دیموکراتی کوردستان

لەژێر چاودێری ڕێزدار سەرۆککۆمار موهیب ئەحمەد حەسەن ئەلبەکر، کۆنگرەی یەکەمی یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان لە ماوەی ٨-٩ی تەموزی ١٩٧٢ لەژێر دروشمی (لە پێناوی ئاشتی و دۆستایەتی و ئایندەیەکی باشتر بۆ لاوان و ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستانی عێراق) لە شەقڵاوە ساز کرا.

هەریەکە لە بەڕێزان نەعیم حەداد، نوێنەری سەرۆککۆمار و ئەندامی سەرکردایەتی قوتری پارتی بەعسی عەرەبی سۆسیالیستی و بەڕێز عەزیز ئاکرەیی، ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستانی خەباتکار و نوێنەری سەرۆك بارزانی و پارێزگاری هەولێر و بەڕێزان سەرۆکی یەکە کارگێڕی و سەربازیەکانی پارێزگا و سەرۆکی ڕێکخراوە جەماوەریە کوردستانیەکان ئامادەی کۆنگرە بوون.

ئەم لیژنانەی خوارەوە لە کۆنگرە کەوتنەوە:

**أ- لێژنەی سەرپەرشتیکردنی دانیشتنەکانی کۆنگرە.**

- لێژنەی دارایی.
- لێژنەی پەیڕەوی ناوخۆیی.
- لێژنەی کاروباری سیاسی.
- لێژنەی چالاکیە کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیریەکان.
- لێژنەی داڕشتنی بڕیار و ڕاسپاردەکان.

کۆبوونەوەی لێژنەکان و گفتوگۆکانمان دەربارەی ئەو بابەتانەی خراونەتە ڕوو دەستیان پێکرد و بڕیار و ڕاسپاردەکانیان ئاراستەی دانیشتنی گشتی کۆنگرە کرد، هەروەها کۆنگرە ڕەزامەندیی دەربارەی ئەم بڕیار و ڕاسپاردانەی خوارەوە پیشان دا:

١- کۆنگرە سوپاسی سەرۆککۆمار، موهیب ئەحمەد حەسەن ئەلبەکر دەکات بەرامبەر بە چاودێریکردنی بەرێزیان بۆ کۆنگرە.

٢- کۆنگرە سوپاسی پارتی دیموکراتی کوردستانی پێشەوای گەلی کورد و سەرۆکە خەباتکارەکەی، مستەفا بارزانی دەکات کە نوێنەری خۆی ڕەوانەی کۆنگرە کردووە.

٣- کۆنگـره گیانــی شــەهیدانی گەلــی کوردمــان و شــەهیدانی بزووتنــەوەی نیشــتمانی عێـراق بـەرز رادەگـرێ.

٤- کۆنگـره هەوڵەکانــی لقــی دووی پارتــی دیموکراتــی کوردســتان و پارێــزگای هەولێـر لـە پێنـاوی ڕەخسـاندنی بارودۆخـی گونجـاو بـۆ سـازکردنی کۆنگـره بـەرز دەنرخێنـێ.

٥- کۆنگــره سوپاســی رێکخــراوە جەماوەریەکانــی کوردســتان دەکات بەرامبــەر بەشــداربوونی کاریگەرانەیــان لــە کۆنگرەکەمانــدا.

**ب**- دوای تاوتوێکردنــی بارودۆخــی تایبــەت بــە رێکخســتن و ســەرجەم ئــەو بابەتانــەی پەیوەســتن بــە لاوانــی کوردســتان بــە تایبەتــی و لاوانــی عێـراق بـە گشـتی، کۆنگـره ئـەم بڕیارانــەی خــوارەوەی دا:

١- کۆنگره بڕیاری دامەزراندنی یەکێتی گشتی لاوانی عێراق پیرۆز دەکات و هیواخوازە ئەم بڕیارە ببێتە مایەی پتەوکردنی پەیوەندییەکانی نێوان لاوانی عێراق و پێگەکەیان لەنێو ناوەندەکانی لاوانی جیهان، هاوکات کۆنگرە هیوادارە پەیوەندییەکانی نێوان هەردووك یەکێتی لەسەر بنەمایەکی دروست و هاوکاریی برایانە و راستگۆیی بونیاد بنرێن.

٢- لــە کاتێکــدا کۆنگــره ئــەو یارمەتــی و کۆمەکــە بەهــادارە بــەرز دەنرخێنــێ کــە حکومەتــی نیشــتمانی پێشکەشــی رێکخــراو و یەکێتیــە جەمــاوەری و پیشــەییەکانی دەکات، هــاوکات نیگەرانــی خۆشــی دەردەبــڕێ، بــەو پێیــەی ئــەو یارمەتیانــە وەك رێکخراوەکانــی تــر یەکێتیەکەمــان ناگرنــەوە.

٣- کۆنگــره پێشــنیازی کارکــردن لــە پێنــاوی پێکهێنانــی ئەنجومەنێکــی بــاڵا بــۆ رێکخــراوە جەماوەریــەکان دەکات لــە پێنــاوی هەماهەنگــی و هــاوکاری و کاری هاوبــەش لەنێــو خۆیانــدا.

٤- کۆنگـره ڕەزامەنـدی سـەبارەت بـە لیسـتی دارایـی داهاتـەکان و خەرجیـە تایبەتەکانـی یەکێتـی لـە ١-١-١٩٧٢ هەتـا ٢٠-٦- ١٩٧٢ دەربـڕی.

٥- کۆنگـره گفتوگـۆی دەربـارەی بەندەکانـی پەیـڕەوی ناوخـۆی یەکێتـی ئەنجـام دا و چەنـد هەموارکردنەوەیەکـی گونجـاو لەگـەڵ سرووشـت و ئامانجەکانـی ئـەم قۆناغەی ئەکێتـی جێبەجـێ کـرد.

٦- بەهـۆی گرنگـی چالاکیـە رۆشـنبیری و میدیاییـەکان، کۆنگـرە لێژنـەی جێبەجێـکاری کۆنگـرەی ناوەنـدی سـەبارەت بـە گرنگـی کارکـردن لەپێنـاوی دەرکردنـی بڵاوکـراوە مانگانـەکان و گۆڤارێـك راسـپارد کـە زمانحاڵـی یەکێتـی بـێ.

**ج- بڕیارە سیاسییەکان:**

کۆنگـرە کەشـوهەوای سیاسـی عێـراق و سرووشـتی ئـەو بارودۆخانـەی لەبەرچـاو گرتـووە کـە باڵیـان بەسـەر ناوچـەی ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـتدا کێشـاوە، هەروەهـا ڕەچـاوی ئـەو گرفتـە مەترسیدارانەشـی کـردووە کـە رووبـەڕووی بزووتنـەوەی رزگاریخـوازی نیشـتمانی و ئابـووری گەلانـی ناوچەکـە بوونەتـەوە، بـە گەلەکەشـمانەوە بـە عـەرەب و کـورد و کەمینـە نەتەوایەتیـەکان، بۆیـە بڕیـاری دا:

١- لـەو کاتـەی کـە کۆنگـرە ئـەو هەوڵـە ئیجابیانـە بـەرز دەنرخێنـێ کـە دەسـەڵاتی نیشـتمانی لـە پێنـاوی جێبەجێکردنـی بڕگەکانـی رێککەوتننامـەی ١١ی ئـاداری مێژوویـی گرتوونیەتـە بـەر، لـە هەمـان کاتـدا دڵتەنگـی خـۆی بەرامبـەر بـە بوونـی چەنـد دیاردەیەکـی سـلبی دەردەبـڕێ کـە تا ئێسـتا باڵ بەسـەر کەشـوهەوای سیاسـیدا دەکێشـن، بـە تایبەتیـش زیادبوونـی نیگەرانـی لـە کوردسـتانی عێـراق لـە ئەنجامـی جێبەجێنەکردنـی ئـەو بڕگانـەی لـە رێککەوتنـی ئـادار ماونەتـەوە و پێویسـتیان بـە گرنتەبـەری رێوشـوێنی کردەیـی خێـرا و کاریگـەر هەیـە لـە پێنـاوی تێپەڕاندنـی ئـەم دیاردانـە و بـۆ ئـەوەی گەلـی کوردمـان بـە تـەواوی مافـە نەتەوەییـە ڕەواکانـی شـاد بـێ، لـە نێویانـدا ئۆتۆنۆمـی بـۆ کوردسـتان لـە چوارچێـوەی کۆمـاری عێـراق.

٢- کۆنگـرە داوای بونیادنانـی هاوپەیمانیەکـی راسـتگۆ و توندوتـۆڵ دەکات لـە نێـوان پارتـی بەعـس و پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان و پـارت و هێـزە نیشـتمانیەکانی تـری وڵات و لاوانـی کوردسـتان هەمـوو هەوڵێـك دەخەنـە گـەڕ لـە پێنـاوی پێکهێنانـی بـەرەی نیشـتمانی چاوەڕوانکـراو، لەسـەر بنەمـای پتـەو و جێگیـر و بـە مەبەسـتی بونیادنانـی عێـراق ێکـی دیموکراسـی بەهێـز و گەشـاوە.

٣- کۆنگـرە پشـتگیریی لـەو دەستپێشـخەریە نیشـتمانیانە دەکات کـە دەبنـە مایـەی ئازادیـی سیاسـی و ئابـووری و سـەرمایەگوزاریکردنی راسـتەوخۆی سـامانە نیشـتمانیەکان، هەروەهـا پشـتیوانی لـە بڕیـاری مێژوویـی تایبـەت بـە خۆماڵیکردنـی

کۆمپانیـای سـنووورداری نەوتـی عێـراق دەکات.

٤- کۆنگـرە پشـتیوانی خـۆی بـۆ خەباتـی گەلـی عەرەبـی بـرا دەردەبـڕێ لـە پێنـاوی تەواوکردنـی ئازادیـی نیشـتمانی و ئابـووری خـۆی، هەروەهـا پشـتگیری لـە خەباتـی ڕەوای گەلـی فەلەسـتین دەکات لـە پێنـاوی گێڕانـەوەی مافـە داگیرکراوەکانـی لـە فەلەسـتین.

٥- کۆنگـرە پشـتگیری لـە خەباتـی گەلـی کـورد لـە تـەواوی پارچەکانـی کوردسـتان دەکات لـە پێنـاوی شـادبوون بـە مافـە نەتەوەییـە ڕەواکان.

٦- کۆنگـرە پشـتگیری خـۆی بـۆ خەباتـی سـەربەرزانەی گەلانی هینـد و چیـن و بزووتنەوە رزگاریخوازەکانـی جیهـان دەردەبڕێ لە پێناوی وەدەسـتهێنانی سـەربەخۆیی نیشـتمانی و دیارکردنـی مافـی چارەنووسـی خۆیـان، هەروەهـا هەمـوو جـۆرە دوژمنـکاری و دەستوەردانێکی بیانـی لـە کاروبـاری ناوخۆیـان ڕەت دەکاتـەوە.

٧- کۆنگـرە گەشـبینی و متمانـەی خـۆی بەرامبـەر بـە ئاینـدە دەردەبـڕێ، بـە تایبەتـی دوای مۆرکردنـی پەیماننامـەی قەدەغەکردنـی چەکـە سـتراتیژیەکان و دانانـی سـنوورێك بـۆ بەکارهێنانیـان، هەروەهـا پشـتیوانی لـەو هـەوڵان دەکات کـە ببونـە مایـەی هێورکردنـەوەی ناسـەقامگیری نێودەوڵەتـی و توندوتۆڵکردنـی ئاشـتەوایی لـە جیهـان.

ئاشـکرایە کـە یەکێتیەکەمـان، یەکێتـی لاوانـی دیموکراتـی کوردسـتان سـاڵی ١٩٥٣ لـە گەرمـەی خەباتـی گەلـی کـورد لـە دژی ڕژێمـی کۆنەپەرسـت و بـە مەبەسـتی گەیشـتن بـە مافـە نەتەوەییـە ڕەواکان دامـەزراوە. بەهـۆی ئـەو بارودۆخـە ناهەموارانـەش کـە هاوشـانی کاروانـی خەباتـی یەکێتیەکەمـان بـوون، یەکێتـی نەیتوانیـوە کۆنگرەکانـی خـۆی سـاز بـکات، بۆیـە کۆنگـرەی شـەقڵاوە کۆنگـرەی یەکەمـی یەکێتـی بـوو، هـاوکات بـە گوێـرەی بۆچوونـی فەرمـی، کۆنگـرەی دامەزرێنەریـش بـوو، دوای ئـەوەی یەکێتـی بـە فەرمـی لەپـاش ڕێککەوتننامـەی مێژوویـی ١١ی ئـادارەوە مۆڵەتـی پـێ درا.

# کۆنگرەی سێیەمی یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان
# هەولێر - ١٩٧٤

کۆنگرەی سێیەمی یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان، لە سێبەری ڕێککەوتننامەی ١١ی ئاداری ١٩٧٠، لە کەشێکی ئازاددا بەڕێوەچوو. دوای بڕیاری ئەنجامدانی کۆنگرە و پێکهێنانی لیژنەی ئامادەکار، کۆنفرانسە ناوخۆییەکانی لقەکانی ڕێکخراوەکە بەڕێوەچوون و ئەندامان بۆ کۆنگرە سەرکەوتن[١].

دوای تەواوبوونی ئامادەکارییەکان، کۆنگرە لە ڕێکەوتی ١ی ئاداری ١٩٧٤، بە دروشمی (ئاشتی ـ برایەتی ـ ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان) لە هۆڵی گەل لە شاری هەولێر سازدرا. لەو کۆنگرەیەدا هەریەک لە: عەبدولوەهاب ئەتروشی پارێزگاری هەولێر و ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی پارتی دیموکراتی کوردستان وەك نوێنەری سەرۆك مستەفا بارزانی، نوێنەری سەرۆك کۆماری عێراق ئەحمەد حەسەن بەکر، ساڵح یوسفی ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان و بەرپرسی ڕێکخراوە جەماوەرییەکان، زەکیە ئیسماعیل حەقی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی پارتی دیموکراتی کوردستان و سکرتێری یەکێتی ئافرەتانی کوردستان و دارا تۆفیق ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی پارتی دیموکراتی کوردستان، وەک مێوان بەشدار بوون[٢].

یەکێک لە گرینگترین بڕیارەکانی کۆنگرە، هەڵوەشاندنەوەی سیستەمی سەرۆکایەتی بوو، تەنیا سکرتێر هێڵرایەوە. لەم کۆنگرەیەدا لەلایەن ئەندامانی کۆنگرەوە دەستەیەکی نوێ بۆ سکرتاریەتی لاوان بەم شێوەی خوارەوە هەڵبژێردرا:

١- ئەنوەر عەبدوڵا- سکرتێر

٢- یەدوڵا فەیلی

٣- سەعید محەمەد عەبدولغەنی، ناسراو بە بایز تاڵەبانی

٤- عوسمان حەسەن دزەیی، ناسراو بە عوسمان سەرسوور

٥- سەربەست عومەر حەسەن، ناسراو بە سەربەست بامەڕنی

٦- سەڵاح حەسەن، ناسراو بە مامۆستا سەڵاح

٧- مامۆستا سەعید وەیس

٨- جەلیل میکائیل

٩- عیسمەت حەسەن

١٠- یونس عەبدوڵا

١١- محەمەد سایەخان حەیدەر، ناسراو بە ئەبو ئاسۆ

١٢- محەمەد عەبدوڵا محەمەد، ناسراو بە محەمەد بامەڕنێ

١٣- قادر محەمەد ئەمین[٣].

دواتـر لەلایـەن ئەندامـانی کۆنگـرەوە، بیسـت و یـەك ئەنـدام بـۆ لێژنـەی ڕاپەڕانـدن و پێنـج ئەندامـی یـەدەگ هەڵبژێـردران[٤].

یەکێــک لــە ڕووداوە هــەرە گرینگــەکانی کاتی بەڕێوەچــوونی کۆنگــرە، ڕووداوی تەقینــەوەی بۆمبێــک بــوو لــە نزیـک هۆڵــی گــەل، ئــەو شــوێنەی کۆنگــرەی تێــدا ئەنجامــدەدرا و لــە ئەنجامــدا کەســێک بــووە قوربــانی، گومــان دەکــرا کارەکــە لــە لایــەن دەزگای هەواڵگـری حکومەتـەوە ئەنجـام درابێـت، ئـەم ڕووداوە بـووە سـەرەتای تێکچـوونی پەیوەندییـەکانی نێـوان سـەرکردایەتی شـۆڕش و حکومـەتی عێـراق و دووبـارە هەڵگیرســانەوەی شــەڕ ســاڵی ١٩٧٤[٥].

بەهــۆی هەڵگیرســانەوەی شــەڕ و دەســتپێکردنەوەی شــۆڕشی ئەیلــوول دژی ڕژێمــی بەعســی عێـراق، ئـەو ئەندامانـەی جگـە لە ناوچـە ئازادکـراوەکان بەشـداریان لـە کۆنگرەدا کردبـوو نەیانتـوانی بگەڕێنـەوە ناوچەکانیـان، بۆیـە زۆربەیـان پەیوەندییـان بـە ڕیـزەکانی شۆڕشــەوە کــرد. ئــەوەی پەیوەندیــی بــە بەڵگەنامــەکانی کۆنگــرەوە هەبــوو، بۆئــەوەی نەکەونـە دەسـت حکومـەت، برانـە گونـدی (کونـە فلوسـە)ی سـەر بـە شـاری هەولێـر، بـەڵام لەوێـش بـەر بۆردومـانی فڕۆکـەکان کەوتـن و لەنێـو چـوون. هەرچـی بـارەگای یەکێتی لاوانی دیوکـراتی کوردسـتان بـوو، ئـەوە برایـە گونـدی (ناوکێـلان)ی سـەر بـە قـەزای چۆمـان، دواتـر گوازرایـەوە باڵەخانـەی فەرمانگـەی کشـتوکاڵ لەنێـو قـەزای چۆمـان[٦].

لــە مانگــی تەمــووزی ســاڵی ١٩٧٤، کێشــە دەکەوێتــە نێــوان لێژنــەی ڕاپەڕانــدن و

ئەنــوەر عەبــدوڵای ســکرتێرەوە. لــە ئەنجامــدا، بــە نێوەندگیــری حــزب، هەڵبژاردنێکــی نــوێ ئەنجامــدرا و ســەرکردایەتی نــوێ بــەم شــێوەی خــوارەوە هەڵدەبژێــردرا:

١- شاخەوان نامیق- سکرتێر. (لە ڕاستیدا وەك سەرپەرشت دانراوە).

٢- عوسمان دزەیی- ئەندامی مەكتەبی سكرتاریەت

٣- سەربەست بامەڕنی- ئەندامی مەكتەبی سكرتاریەت

٤- بایز تاڵەبانی- ئەندامی مەكتەبی سكرتاریەت

٥- مامۆستا سەڵاح حەسەن- ئەندامی مەكتەبی سكرتاریەت[٧].

## سەرچاوە و پەراوێز

١- مذكرة اتحاد المؤتمر الثاني لاتحاد الشبيبة الديمقراطي الكردستاني، جريدة التآخي، العدد ١٥٦٨، بغداد، مطبعة التايمس، السبت، ٢٣ شباط ١٩٧٤م، ص ٤؛ رئيس اتحاد الشبيبة الديمقراطي الكردستاني يتحدث للتآخي، جريدة التآخي، العدد ١٥٧١، بغداد، مطبعة التايمس، الثلاثاء، ٢٦ شباط ١٩٧٤م، ص ٤.٢.

٢- افتتاح المؤتمر الثاني لاتحاد الشبيبة الديمقراطي الكردستاني، جريدة التآخي، العدد ١٥٧٤، بغداد، مطبعة التايمس، السبت، ٢ آذار ١٩٧٤م، ص ١؛ لاوانی دیموکراتی کوردستان بەشێکی سەرەکی بزوتنەوەی ڕزگاری گەلی کوردمانن، ڕۆژنامەی برایەتی، ژمارە ٨٦، بەغدا، چاپخانەی دار الجاحظ، شەمە، ٢ی ئاداری ١٩٧٤ز، ل ١؛ المناضلان البكر والبارزاني يتبرعا للمؤتمر، جريدة التآخي، العدد ١٥٧٤، بغداد، مطبعة التايمس، السبت، ٢ آذار ١٩٧٤م، ص ١؛ برایەتی ـ هاوژین، یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان، مێژوویەکی پڕ سەروەریی، ڕۆژنامەی برایەتی، ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستان، ژمارە ٢٥٢٨، هەولێر، سێشەمە ١٧ی شوباتی ١٩٩٨ز، ل ٥؛ فرهاد عوني، كيف آلت الأوضاع الى استئناف القتال في كوردستان ربيع عام ١٩٧٤م، مجلة گولان العربي، مؤسسة گولان الأعلامية، العدد ٢٨، اربيل، ٢٥ أيلول ١٩٩٨م، ص ص ٣٥ ـ ٣٦؛ سوبحی عوبەیدوللا رەشاڤایی، دلۆپەك ژ خەباتا پێشمەرگەی، (دهوك ـ رێڤەبەریا چاپ و بەلاڤکرنێ دهوك ـ چاپخانا پارێزگەها دهوکێ ـ ٢٠١٣ز)، ل ٩٩.

٣- نەوزاد فوئاد، چەپکە گوڵێك لە مێژووی (ی.ل.د.ك)، بەرگی دووەم، (چاپخانەی وڵات-٢٠١٨)، ل ٢٠.

٤- المؤتمر الثاني لاتحاد الشبيبة الديمقراطي الكردستاني يشكر الرئيس البكر، جريدة التآخي، العدد ١٥٧٦، بغداد، مطبعة التايمس، الاثنين، ٤ آذار ١٩٧٤م، ص ٤.

٥- نەوزاد فوئاد، چەپکە گوڵێك لە مێژووی (ی.ل.د.ك)، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٩.

٦- هەمان سەرچاوە، ل ل ٢٠-٢١.

٧- هەمان سەرچاوە، ل ٢١.

## دەقی وتاری ساڵح یوسفی لە کردنەوەی کۆنگرەی سێیەمی یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان

رێگـەم پـێ بـدەن سـڵاوی برایەتـی و خەباتتـان ئاراسـتە بکـەم و لـە جیاتـی ئێـوە و بەنـدەش، ئەوپـەڕی سوپاسـگوزاریی و رێـز ئاراسـتەی رێـزدار موهیـب ئەحمـەد حەسـەن ئەلبەکـر، سـەرۆککۆماری عێراقـی خۆشەویسـتمان بکـەم، بـەو پێیـەی ئـەم کۆنگرەیـە لەژێر چاودێریـی بەڕێزیـان لـە شـاری هەولێـری خۆڕاگـر سـاز دەکـرێ، هەروەهـا بەخشـینی شـەرەفی کردنـەوەی کۆنگرەکـە لـە جیاتـی بەڕێزیـان بـە بەنـدە. هـاوکات دەخـوازم بڵێـم جەنابـی سـەرۆك کۆمـار پیرۆزباییتـان ئاراسـتە دەکات و سـڵاوتان بـۆ دەنێـرێ و هیـوای سـەرکەوتنتان بـۆ دەخـوازێ لـە ئەرکـە نیشـتمانی ەکەتـان لـە پێنـاوی خێـر و خۆشـی و پێشـکەوتن و گەشـەکردن و برایەتـی نەتەوەیـی و نیسـتمانیی بـۆ عێـراق.

هـەر بـەم بۆنـە خۆشـەوە، دەخـوازم رێـزی بـێ پایانم ئاراسـتەی رێـزدار مسـتەفا بارزانی سـەرۆکی پارتەکەمـان پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان بکـەم کـە شـەرەفی نوێنەرایەتیکردنـی لـە کۆنگرەکەتانـی بـە بەنـدە بەخشـی. سـڵاو و هەسـتی برایەتـی بەڕێزیـان و هیـوای سـەرکەوتن لـە جێبەجێکردنـی ئـەرك و بەرپرسـیارێتیە نەتەوەیـی و نیشـتمانیەکان بەرامبـەر میللەتەکەتـان و تـەواوی گەلانـی عێراقتـان بـۆ دەخـوازێ. هـەر لـەم بۆنەیـەدا دەخـوازم رێـزی بـێ پایـان بـۆ هەریەکـە لـە جەنابـی سـەرۆك بارزانـی دەربـڕم بەرامبـەر بـە سـۆز و پشـتگیریان بـۆ رێکخـراوە کوردسـتانیەکان و بابەتـە نیشـتمانیەکانمان و هیـوای بەردەوامبوونـی ئـەم جـۆرە چاودێریکردنـە گرنگـە دەخـوازم.

پێکهاتـە و فراوانـی قەبـارە و دینامیکیەتـی لاوان لـە هەمـوو وڵاتێکـدا بریتیـە لـەو نوخبـە پێشـەنگەی تیایـدا سـەرجەم وزە تـازە و بەرهەمهێنـەکان، ئەوانـەی بـە هۆی ئاسـتی ژیاریـی و کاریگەریـان شایسـتەی رێزگرتنـن و لـە توانایانـدا هەیـە ببن بـە پێشـەنگی نـەوە تازەکەمـان و بـە گونجاوتریـن شـێوەش ئەرکـە نیشـتمانی و کۆمەڵایەتیـەکان راپەڕێنـن، لـە کاتێکـدا ئەگـەر لـە نێوانـدا سـەرکردایەتیەکی گونجـاو و خـاوەن ئەزمـوون و پشتبەسـتوو بـە رێنمایـی گونجـاو بوونـی هەبـێ.

ئـەم رێکخـراوە کوردسـتانیەش هاوشـانی رێکخـراوە کوردسـتانیەکانی دیکـە وەك پێویسـتیەکی نیشـتمانی لـە سـاڵی ١٩٥٣ لەدایـك بـووە بـۆ ئـەوەی لەگـەڵ پێشـەنگی

گەلەکەمـان و پارتەکەمـان پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان بەیـەك بگـەن و لـەو کاتـەوەش هەتـا ئێسـتا وەك پێشـەنگێکی لەبـار لـە پێشـەوەی کاروانـی نیشـتمانی ماوەتـەوە و قوربانـی زیاتـری بەخشـیوە و ورەی بـەرز و خۆبەخشـی لـە ناخـی چەندیـن کـوڕ و کچـی کوردسـتان چەسـپاندووە، هەروەهـا شانبەشـانی سـەرجەم دەسـتە خوشـکەکانی دیکـەی کـە لـە دەوری میللـەت و بارزانـی سـەرۆك کۆبووبوونـەوە، لـە هەمـوو شـۆڕش و راپەڕینەکانمانـدا بەشـداریی کـردووە و لەنـاو بزووتنـەوەی بەرگریـکاری نیشـتمانی دا پێگـەی گونجـاوی خـۆی پـێ بـڕاوە.

سـازکردنی کۆنگرەکەتـان لـەم سـاتە هەسـتیارەدا، گرنگـی و وانـە و پەنـدی زۆر دەگرێتە خـۆی و ئێمـەش شـایەنی ئەوەیـن سـوودیان لـێ وەربگریـن و پێویسـت دەکات هۆشـیار و بـە ئـاگا بیـن، بـەو پێیـەی گەلـی عێـراق مـان بـە عـەرەب و کـورد و کەمەنەتـەوە و هێـزە نیشـتمانیەکانیەوە سـەرقاڵی ئـەوەن لـە مانگـی ئـاداردا بـە جـۆش و خرۆشـێکی زۆر و لـە رێگـەی سـازکردنی زنجیرەیـەك ئاهەنگـەوە یـادی کۆمەڵێـك بۆنـەی نیشـتمانی تایبـەت بـە گەلەکەمـان بکەنـەوە، ئـەو مانگـەی بۆتـە دەسـتپێکی هێنانـەدی سـەرکەوتنە مەزنـەکان، مانگـی ئاهەنگـی برایەتـی و یەکگرتنـی نیشـتمانی و جەژنـی نـەورۆز.

گەلەکەمـان لـە سـەروبەندی پێشـوازیکردن لـە جەژنـی نـەورۆز و بەهـاری پیـرۆز دایـە کـە یەکێکـە لـە گەورەتریـن گردبوونـەوەکان و لووتکـەی رازاوەیـی و جوانیـە. بـەڵام بـە داخێکـی زۆرەوە ئێسـتا جـۆرە نیگەرانـی و گومـان و ترسـێکمان پێـوە دیـارە و رووبـەڕووی بارودۆخێکـی نالەبـار و مەترسـیدار دەبینـەوە کـە پێچەوانـەی خواسـت و ویسـت و ئاواتەکانمانـە، بارودۆخێـك کـە تیایـدا هەموو هێـزە داگیـرکار و شـەڕخواز و بەکرێگیراوەکان کەوتوونەتـە خۆیـان بـۆ نانـەوەی ناکۆکـی و خۆشـکردنی ئاگـر و گەورەکردنـی هەڵـەکان، بـە مەبەسـتی خنکانـدن و لەباربردنـی هەمـوو دەسـتکەوتە نیشـتمانیەکانمان و لاوازکردنـی توانـا و هـەوڵ و قوربانیانمـان و گۆڕینـی دڵخۆشـی و هەمـوو ئـەو دەسـتکەوتە مەزنانـەی چـاوەڕێ بوویـن لەگـەڵ گەشـانەوەی گوڵەکانـی ئاشـتی و برایەتـی و بەهـاردا زیاتـر گەشـە بکـەن، بـۆ هـاوار و گریـان و ماتـەم و سـوتان و کارەسـاتی وا کـە هەمـوو ئـەوەی بـە ماندووبـوون و خوێـن و فرمێسـك چاندوومانـە و بونیادمـان نـاوە، بکـرێ بـە وێرانـە. بۆیـە لـە ئـان و سـاتێکی وادا و وەك ئەرکێکـی نیشـتمانی ، پێویسـتە هەمـوو لایەکـمان

ئـاگادار و هۆشـیار بیـن بـۆ ئـەوەی بتوانیـن شکسـت بـە سـەرجەم ئـەو هەوڵانـە بێنیـن کـە لـە پێنـاوی وێرانکردنـی ئیـرادە و خواسـت و جـەژن و ئاشـتی و برایەتـی نێوانمـان خراونەتەگـەڕ، هـەر ئەمـەش داوامـان لێـدەکات دەسـتبەرداری خۆبەزلزانیـن و لۆژیکـی هێـز و کاردانـەوەی نابەجـێ و توندوتیـژی بیـن کـە جگـە لـە ماڵوێرانـی و زیانـی زۆر هیچـی دیکەمـان لێـی نەبینیـوە، هەروەهـا بـۆ ئـەوەی جارێکـی دیکـە نەبینـەوە قوربانیـی لێکتێنەگەیشـتن و گومـان و بـێ ئەنجـام و وێرانکـەرەکان.

بـا گیانـی هەمووەمـان پـڕ بـێ لـە پەندوەرگرتـن و هـەوڵ و کۆشـش و لێبوردەیـی و وەلانـان و دوورکەوتنـەوە لـە ناکۆکـی و هەڵـە و کارەسـاتەکانی رابـردوو و متمانـە و نیازپاکـی و پشتبەسـتن بـە پێشـنیازە ئیجابیـەکان شـوێنیان بگرنـەوە و هەمووەمـان پێکـەوە سـوور بیـن لەسـەر خواسـتەکانی میللـەت، بـەو پێیـەی ئەمـە کرۆکـی بنەماکانـی کەرامـەت و مـاف و هێـز و پابەندبوونـە بـە پاراسـتنی بەرژەوەندیەکانـی میللـەت و نیشـتمان. خۆهەڵدانـەوە و خـۆ بەزلزانـی دەریانخسـت کـە چ جـۆرە زیانێکیـان بەدواوەیـە و جگـە لـە وێرانـکاری و تورەیـی میللـەت هیچـی تریـان لـێ سـەوز نابـێ.

## یەکەم کۆنفرانسی یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان ١٩٨١

دوای نسکۆی ساڵی ١٩٧٥، بەهۆی ئەو بارودۆخە نالەبار و هەستیارەی هەبوو، ڕێکخستنەکانی یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان جۆرێک لە پەرتەوازەیی بە خۆیەوە بینی، بۆیە بە مەبەستی خۆڕێکخستنەوە، ساڵی ١٩٨١ کۆنفرانسێکی بەست و سەرکردایەتییەکی خاوەن شەرعیەت هەڵبژێردرا و جارێکی دیکە درێژەی بە خەبات و چالاکی ڕێکخراوەیی خۆی دایەوە. هەر لەو کۆنفرانسەدا پرۆژەی بەرنامە و بنچینەکانی کارکردنی یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستانی ڕاگەیاند.

# پرۆژەی بەرنامە و بنچینەکانی کارکردنی یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان

## پرۆگرام

## بەشی یەکەم

## سروشی یەکێتی

**بەندی یەکەم:**

یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان، ڕێکخراوێکی جەماوەری نیشتمانی دیموکراتییە، لە یەکێتییەکی بە ئارەزووی ئەو کچ و کوڕە لاوە دیموکراتخوازانە پێك هاتووە، کە بڕوایان بە پرۆگرام و پەیڕەوە ناوخۆییەکەی هەیە و تێ دەکۆشن بۆ وەدیهێنانی ئامانجەکانی یەکێتی لە چوارچێوەی ڕێکخراوەکانیدا و بەپێی سیاسەتی یەکێتییەکە و بڕیارەکانی دەزگا سەرکردەییەکانی.

**بەندی دووەم:**

یەکێتی تێ دەکۆشێ بۆ جێبەجێکردنی ئامانجەکانی لاوانی کوردستان بە تایبەتی و لاوانی عێراق بە گشتی لە چوارچێوەی خەباتکردنی بۆ وەدیهێنانی گشت مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد (مافی وەدیهێنانی ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان لە چوارچێوەی عێراقێکی دیموکراتدا).

**بەندی سێیەم:**

یەکێتی کاری خۆی لە کوردستان و ناوچەکانی تری کۆماری عێراق ئەنجام دەدات لە هەر شوێنێکدا کۆمەڵێك لە لاوانی کوردستان هەبێت، هەروەها مافی کردنەوەی لقەکانی لە دەرەوەی عێراقدا هەیە ئەگەر سەرکردایەتی ئەوەی بە پێویست زانی.

**بەندی چوارەم:**

یەکێتی سەربەخۆیی تایبەتی خۆی هەیە، خاوەنی بەرنامە و پەیڕەوی ناوخۆ و دەزگا سەرکردەیی و ناوخۆییەکانیەتی کە لەلایەن ئەندامانی یەکێتییەوە دێنە هەڵبژاردن.

**بەندی پێنجەم:**

یەکێتــی چینــە جۆربەجــۆرەکان و کەســە کۆمەڵایەتییــە چەوســاوە و ڕۆشــنبیرەکان دەگرێتـە خـۆی کـە لەسـەر شـێوەی تێکۆشـان لـە چوارچێـوەی ناوچەکـەدا پێـك هاتـوون و جووتیـاران و کرێـکاران و قوتابیـان لـە هـەردوو ڕەگەزدا(مـن الجنسـین) گەورەتریـن ڕادە لــە ئەندامانــی یەکێتــی پێــك دەهێنــن ســەرەڕای پیشــەییە جۆربەجــۆرەکان و فەرمانبــەران و هــی تــر.

## بەشـــی دووەم

## ئامانجە نیشتمانییەکانی یەکێتی

**بەندی شەشەم:**

یەکەم: لەبارەی خەباتی نەتەوەی کوردەوە

أ. یەکێتـی بـڕوای بـە مافـی نەتەوەیـی دابەشـکراوی کـورد لـە دیاریکردنـی چارەنووسـی خـۆی و پشـتگیریکردن لـە خەباتـی دادپەروەرانەیـدا دژ بـە ئیمپریالیـزم و زایۆنیـزم و کۆنەپەرسـتی هەیـە.

ب. یارمەتیدانــی ئاوارەکانــی هەمــوو پارچەکانــی کوردســتان، کــە بــە هــۆی خەباتــی سیاسـییان و لـە ئەنجامـی ئـەو کـردەوە ڕەگەزپەرسـتی و شۆڤێنیسـتییانەی دەرهـەق بــە نەتــەوەی کــوردی دابەشــکراو دەربــەدەر دەکرێــن.

**بەندی حەوتەم:**

دووەم: لە بواری نیشتمانی عێراقیدا

أ. پشــتگیریکردنی شۆڕشــی ٢٦ی گوڵانــی نیشــتمانی پێشــکەوتنخواز لــە کوردســتانی عێراقــدا و خەباتــی گشــت هێــزە دیموکراتــی و نیشــتمانی یــە عێراقییــەکان لــە پێنــاو ڕووخاندنــی ڕژێمــی دیکتاتــۆری و ڕەگەزپەرســت و دامەزراندنــی حوکمێکــی دیموکراتییانـەی ئیئتیلافـی، کـە لـە ژێـر سـایەیدا ئۆتۆنۆمـی ڕاسـتەقینە بـۆ کوردسـتان بێتــە دی و مافــی وای گشــت کەمایەتییــەکان لــە عێراقــدا مســۆگەر بکرێــت و بــۆ بەدیهێنانــی قووڵتریــن ئاڵۆگۆکانــی کۆمەڵایەتــی.

ب. تێکۆشـان بـۆ چەسـپاندن و بەهێزکردنـی برایەتـی هاوخەباتـی نێـوان کـورد و عـەرەب و کەمایەتییـەکان کـە دابینکـەری بنەڕەتـی سەرخسـتنی کێشـەکانی ڕزگاربـوون و دیموکراتییـە.

ت. قووڵکردنـەوەی پێکەوەلێکدانـی خەبـات، لەگـەڵ گشـت ڕێکخـراوە کوردسـتانییەکان وەك قوتابیـان و ئافرەتـان و مامۆسـتایان و گشـت ڕێکخـراوە پیشـەیی و میللییـە پێشـکەوتنخوازەکان لـە کوردسـتانی عێراقـدا.

ث. تێکۆشـان لەپێنـاوی گەڕانـەوەی گشـت کۆچپێکـراوەکان بۆ عێـراق و ناسنامەی(جنسـیە) عێراقـی بدرێتـە کـوردە فەیلـی و گویـان و ئۆمەرییـان و ئاسـوورییە عێراقییـەکان، کـە لـەم مافـە بێبەشـن بـۆ ئـەوەی هاوتـا بـن لەگـەڵ بـرا عەرەبەکانیـان.

**بەندی هەشتەم:**

سێیەم: لە بواری جیهانی و کێشەکانی خەباتی گەلان و ئاشتی و ڕزگاربوون

أ. خەباتکـردن دژ بـە ئیمپریالیزمـی جیهانـی و زایۆنیسـت و کۆنەپەرسـتی و تاوانبارکردنـی داگیرکـردن و کلکایەتـی.

ب. پشتگیریکردنی بزووتنەوە ئازادیخوازەکانی گەلان لە گشت لایەنەکانی جیهاندا.

ت. لایەنگریکردنـی تێکۆشـانی نەتـەوەی عەرەبـی بـرا، بـە تایبەتـی گەلـی عەرەبـی فەڵەسـتین بـە سـەرکردایەتی تاکـە نوێنەرەکـەی، ڕێکخـراوی ڕزگاریخـوازی فەڵەسـتین لەپێنـاوی گەڕانـەوە و دیاریکردنـی چارەنووسـی خـۆی.

ث. لایەنگریکردنـی تێکۆشـانی گـەلان لەپێنـاوی دانانـی تـەواوی چـەك و ئاشـتی جیهانـی و ڕقەبەریکردنـی بەڵێـن و پەیمانـە سـەربازییە ئیمپریالیزمەکانـی.

ج. بەربەرەکانیکردنی بیروڕا و بۆچوونە کۆسمۆپولیتییە شوڤێنییە ڕەگەزپەرستەکان.

ح. بەهێزکردنـی پەیوەندییەکانـی دۆسـتایەتی و هاوکاریکـردن لەگـەڵ ڕێکخـراوە پێشـکەوتنخوازەکانی لاوان و قوتابیـان لـە جیهانـدا و تێکۆشـان لەپێنـاوی وەرگرتنیـدا، لــە لاوانــی دیموکراتــی جیهانــی و بەشــداریکردنی کاریگەرانــە لــە چالاکییەکانــی لاوانـی جیهانـی پێشـکەوتنخواز لـە پێنـاو ئاشـتی و دوسـتایەتی و هاوکاریـدا.

**بەندی نۆیەم:**

چوارەم: لە بواری کۆمەڵایەتی و لاوانەوە

أ. بەربەرەکانیکردنی هەژاری و نەزانی و نەخۆشی.

ب. بەرگریکـردن لـە مـاف و داخوازییەکانـی لاوانـی عێـراق بـە گشـتی و کوردسـتان بـە تایبەتـی.

ت. فراوانکــردن و بڵاوکردنــەوەی زانیــاری و زانســت و ڕۆشــنبیری لــە کۆمەڵــگای کوردســتان و قەڵاچۆکردنــی نەخوێنــدەواری.

ث. هاندانــی بزووتنــەوەی وەرزشــی و کردنــەوەی دەورات و بەرگریکــردن لــە مافــی وەرزشــیاران و مســۆگەرکردنی کەرەســتە و یاریگــە و مەشــقدەری لێهاتــوو.

ج. بەربەرەکانیکردنی بێکاری کە لە نێوان لاواندا بڵاوبووەتەوە.

ح. بەگژداچوونــی دواکەوتــن و خەباتکــردن لەپێنــاوی سەربەســتی و یەکســانی ئافــرەت.

خ. بووژاندنەوە و پەرەپێدان بە ڕۆشنبیری و کەلەپووری کوردەواری.

## پەیڕەوی ناوخۆ

## بەشی سێیەم

## ئەندامێتی یەکێتی

**بەندی دەیەم:**

مەرجەکانی ئەندامێتی:

هەر کەس ئەم مەرجانەی خوارەوەی تێدا بەدی بێت لە یەکێتی وەردەگیرێ:

أ. داننــان بــە پڕۆگرامــی یەکێتــی و پەیــڕەوە ناوخۆییەکــەی بــۆ جێبەجێکردنیــان تــێ بکۆشــێ.

ب. لە یەکێك لە ڕێکخراوەکانی یەکێتیدا ڕێك خرابێت.

ت. کورد بێت یا نیشتەجێی کوردستانی عێراق بێت.

ث. تەمەنی لە ١٤ ساڵ کەمتر نەبێت و لە ٣٥ ساڵیش زیاتر نەبێت.

ج. ئابوونــەی ئەندامێتــی بــدات کــە بــە بڕیارێــك لەلایــەن کۆمیتــەی ڕاپەڕاندنــی ناوەندییەوە(اللجنــە التنفیذیــة المرکزیــة) دیــاری دەکرێــت.

**بەندی یازدەهەم:**

وەرگیران لە یەکێتی:

أ. داواکردنـی هاتنەڕیـزەوە بـە (نووسـین) پێشـکەش دەکـرێ و داواکاریـی هاتنەڕیـزەوەش لەلایـەن دوو ئەندامـی یەکێتییـەوە کـە زیاتـر لـە (٦) مانـگ بـە سـەر ئەندامێتییانـەوە تێپەڕبووبێـت، لایەنگیـری (تزکیـە) دەکرێـت.

ب. داواکاری هاتنەڕیـز بـە ماوەیەکـی پاڵێوراویـدا تێپـەڕ دەبێـت کـە لـە (٦) مانـگ کەمـتر نابێـت و لێژنـە سـەرکردەییەکان لـە دوای بەسـەرچوونی مـاوەی پاڵێوراوییەکـە سـەرنج دەدەنـە ڕادەی بەکەڵکهاتنـی بـۆ ئـەوەی شـەرەفی ئەندامێتـی لـە یەکێتـی بدرێتـێ.

ت. ئەندامێتــی پاڵێــوراوان لەلایــەن کۆمیتــەی ڕاپەڕاندنــی یەکێتییــەوە یــا لەلایــەن ئــەو لایەنــەی کۆمیتــەی ڕاپەڕاندنــی ناوەنــدی دیارییــان دەکات، دەدرێ.

ث. پاڵێـوراو بـە ئەندامێکـی کاریگـەر دەناسرێـت لـە ڕۆژی ئاگادارکردنیـەوە بـە ڕەسـمی لـە وەرگرتنـی بەهـۆی ڕێکخـراو و ناوچەکانـەوە کـە پەیوەندیـی پێـوە هەیـە.

**بەندی دوازدەهەم:**

مافی ئەندامی یەکێتی:

أ. مافـی هەمـوو ئەندامـان هەیـە کـە ڕای خۆیـان نیشـان بـدەن و بیـروڕا و ڕەخنـە و پێشـنیارەکانیان دەرببـڕن لـە ڕێـی ڕاپۆرتـە دەورییەکانـەوە یـا کۆبوونەوەکانـی ڕێکخسـتن دەربـارەی گشـت هەڵسـوکەوت و چالاکییەکانـی یەکێتـی.

ب. ئەندامی یەکێتی مافی دەنگدان و خۆهەڵبژاردنی هەیە.

ت. پاڵێوراو گشت مافێکی ئەندامانی هەیە جگە لە مافی خۆ هەڵبژاردن و دەنگدان.

**بەندی سێزدەهەم:**

ئەرکەکانی ئەندامی یەکێتی:

أ. ڕاپەڕاندنـی هەمـوو فەرمانەکانـی لێژنـە سـەرکردەییەکانی یەکێتـی لەسـەر بناغـەی ناوەندێتـی دیموکراتـی.

ب. بڵاوکردنـەوەی ئامانجەکانـی بزووتنـەوەی ڕزگاریخـوازی کـورد و چالاکیـی هێزەکانـی لەشـکری شۆڕشـگێڕی کوردسـتان.

ت. تێکۆشان بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی زانیاری و تیۆری ڕامیاری و زانستی.

ث. دوورکەوتنـەوە لـە هەرچـی پێچەوانـەی سروشـتی یەکێتـی و هەرچـی زیـان بـە ناوبانگـی، یـا دەزگا ڕێکخراوەکانـی دەبەخشـێت.

ج. پتەوکردنـی پەیوەندییەکانیـان لەگـەڵ گشـت چەوسـاوە و ڕەنجدەرانـی کوردسـتان و دەربڕینـی یارمەتیدانـی پێویسـت بۆیـان لـە بوارەکانـی ئابـووری و ڕامیـاری و کۆمەڵایەتـی.

ح. ئەندامـی یەکێتـی پێویسـتە کۆشـش بـکات بـۆ ئـەوەی ببێتـە پێشـەنگ بـۆ لاوانـی تـر لـە ڕووی خۆبەختکـردن و خۆنەویسـتی و دەسـتپاکی و قوربانیدانـەوە.

## بەشی چوارەم

## سزاکانی ڕێکخستن

**بەندی چواردەهەم:**

هەر ئەندام یا پاڵێوراوێك بە هەر سەرپێچییەك هەڵسا یا بە دواکەوتن لە جێبەجێگەیاندنی ئامۆژگارییەکانی یەکێتی، یا جێبەجێنەکردنی ئەو ئەرکانەی پێی سپێردراون دووچاری ئەم سزایە دەبێت و توندیی سزاکەش پێویستە لەگەڵ توندیی سەرپێچییەکەی بگونجێت:

١- سەرنجڕاکێشان بە زار(شفهی).

٢- سەرنجڕاکێشان بە نووسین(تحریری).

٣- سەرزەنشتکردن.

٤- سەرزەنشتکردنی توند.

٥- لێوەرگرتنەوەی لێپرساوێتیی ڕێکخستن.

٦- داگرتنی پلەیەك یا چەند پلەیەکی لێپرساوێتیی ڕێکخستن.

٧- لێستاندنەوەی ئەندامێتی و بە پاڵێوراو بناسرێت.

٨- دەرکردنی یەکجاری لە ئەندامێتی یەکێتی.

**بەندی پازدەهەم:**

أ. ئەگەر هەر ئەندامێك لە ئابوونەدان بۆ ماوەی ٣ مانگ لەسەریەك دوا بکەوێ بەبێ هۆی وا، یا لە ٣ کۆبوونەوەی لە دوای یەك دوابکەوێت ڕێکخراو یا ئەو لێژنەیە بۆی هەیە داوا لە دەزگاکانی سەرووتر بکات لە ڕیزی یەکێتی دەربکرێت.

ب. لێژنەی لق بۆی هەیە لە پاش هەڵسەنگاندنی بارودۆخی گشتی یەکێك لەو سزایانەی لە بەندی چواردەدا هاتووە دەرهەق بە هەر ئەندامێکی سەرپێچیکەر وەربگرێت و دەزگاکانی سەرووتر لەوە ئاگادار بکاتەوە.

ت. دەشـێ مەکتەبـی سـکرتاریەت سـزایەکە بـە تەواوەتـی هەڵوەشـێنێتەوە یـا سـووك یـا توندتـری بـکا ئەگـەر ببینـێ ئـەوە گونجـاو نییـە.

ث. هـەر ئەندامێـك لـە ئەندامانـی یەکێتـی کاری دیسـیپلینی دەرهـەق وەرگیرابـێ، بـۆی هەیـە بـەو کارە ناقایـل بێـت و داوای لێکۆڵینـەوە لـە کێشـەکەی بـکات و بخرێتـە بـەردەم دەزگا سـەرکردایەتییەکانەوە.

ج. دەرکردنـی ئەندامـی سـەرپێچیکەری یەکێتـی لـە ڕیزەکانیـدا بـە بڕیارێـك لەلایـەن کۆمیتـەی ڕاپەڕاندنـی ناوەندییـەوە کـە بـە تاکـە لایەنـی دەسـەڵاتدار دەژمێردرێـت بـۆ دەرهێنانـی ئـەم بڕیـارە هەروەهـا دەشـێ ئـەم مافـە بـدات بـە هـەر دەزگا یـا لێژنەیەکـی ڕێکخسـتن.

**بەندی شازدەهەم:**

أ. ئەگـەر هـات و مەکتەبـی سـکرتاریەت بینـی یەکـێ لـە ئەندامانـی یـا ئەندامـە جێگرەکان(الاعضـاء الاحتیـاط) شایسـتەی دەرکردنـە لـە ئەندامێتـی مەکتـەب یـا لـە یەکێتـی، ئـەوا بـۆی هەیـە ئەندامێتییەکـەی هەڵواسـێت(تعلیق العضویـة) هەتـا کاتـی کۆبوونـەوەی داهاتـووی کۆمیتـەی ڕاپەڕانـدن و کێشـەکانی بدرێتـە کۆبوونەوەکـە بـۆ ئـەوەی لـەم بارەیـەوە بڕیـاری دوایـی وەربگرێـت.

ب. دەرکردنـی ئەندامانـی کۆمیتـەی ڕاپەڕاندنـی ناوەنـدی یـا ئەندامـە جێگیرەکانـی لـە ئەندامێتیـی یەکێتـی یـا لـە ئەندامیتیـی کۆمیتـە، دەسـەڵاتی کۆبوونـەوەی فراوانـی کۆمیتـەی ڕاپەڕاندنـی ناوەندییـە.

ت. لـە هـەردوو ئـەو حاڵەتـەی لەسـەرەوە هاتـوون پێویسـتە پـاش پەسـەندکردنی (سـێیەکی) ئەندامانـی کۆمێتـەی ڕاپەڕاندنـی ناوەنـدی بڕیارەکـە دەرچێـت.

## بەشـــــی پێنجـەم

## بناغەکانی دروستبوونی ڕێکخستنی یەکێتی

**بەندی حەڤدەهەم:**

دروسـتبوونی ڕێکخسـتنی یەکێتـی لەسـەر بناغەکانـی ناوەندێتـی دیموکراتـی بنجـی بەسـتووە کـە ئەمانـەن:

أ. هەڵبژاردنـی گشـت دەزگا سـەرکردەییەکانی یەکێتـی لـە خـوارەوە بـۆ سـەرەوە لەڕێـی دەنگدانـی نهێنییـەوە دەکرێـت.

ب. دەزگاکانـی خـوارەوە بڕیارەکانـی لێژنەکانـی سـەرووتر لەسـەر بناغـەی ڕەخنەگرتـن ئینجـا لێکوڵێنـەوە، ئەنجـام دەدەن.

ت. گشـت دەزگا و لێژنـە جۆربەجۆرەکانـی یەکێتـی ڕاپۆرتی دەوری پێشـکەش بە دەزگاکانی سـەرووتر دەکەن سـەبارەت بە چالاکییەکانیان و تیایدا پێشـنیار و پرسـیارەکانیان دەخەنە ڕوو، هەروەهـا دەزگا سـەرکردەییەکان لـە چالاکییەکانـی خۆیـان ئـەو دەزگایانەی پێوەی بەسـتراون ئـاگادار دەکەن بە هـۆی دەرهێنانی بڵاوکـراوە دەورییەکانەوە.

ث. دیسـیپلینی ڕێکخسـتن گشـت پلـەکان دەگرێتـەوە هەروەهـا جێبەجێکردنـی بڕیارەکانی یەکێتـی و ملکەچبوونـی کەمایەتـی بـۆ زۆربـە.

**بەندی هەژدەهەم:**

گشـت دامەزراوەکانـی ڕێکخسـتنی یەکێتـی بـەم بناغـە و بیروباوەڕانـەی خـوارەوە بەسـتراون:

أ. دەزگاکان بەپێـی جێـگای کارکـردن، جێـگای خوێنـدن، جێـگای نیشـتەجێبوون و ڕێکخسـتنەکانی ناحیـە و قـەزا، لێژنـەی ناوچـە و لـق پێـك دێـن.

ب. سـنووری چالاکـی هـەر دەزگایـەك لـەو دەزگایانـەی لـە سـەرەوە هاتـوون لەلایـەن لێژنـە سـەرکردەییەکانەوە دیـاری دەکرێـت.

ت. دەشـێ دەزگای تـر دابمەزرێـت ئەگـەر پێویسـت بـەوە هەبـوو، ئـەوەش لەسـەر پێشـنیاری لێژنـەی لـق و پەسـەندکردنی کۆمیتـەی ڕاپەڕاندنـی ناوەنـدی دەبێـت.

**بەندی نۆزدەهەم:**

أ. ئاراستــەكردنی چوســت و چالاكییەكانــی ســەرووتر بەپێــی زنجیرەكانــی ڕێكخســتن دەبێــت، جێــگای كاركــردن، خوێنــدن، نیشــتەجێبوون، ڕێكخســتنی ناحیــە، ڕێكخســتنی شــار، لێژنــەی ناوچــە و لێژنــەی لــق.

ب. ســەرەتای ســەركردایەتیی بــە كۆمــەڵ لەگــەڵ ڕەچاوكردنــی لێپرسراوێتــی تاكەكەســی بناغــەی كاركردنــی دەزگا ســەركردەییەكانە، دووركەوتنــەوەش پێویســتە لــە بەكارهێنانــی شــێوەكانی بەڕێوەبــردن حــەز لــە گەورەیــی خەباتكــردن و تێكۆشــان بــۆ زاڵبوون بە ســەر ئــەو هەمــوو كەموكوڕییانــەی لــە كاركردندا هــەن، لە ڕێــگای بەكارهێنــان و پەیڕەوكردنی ســەرەتای ڕەخنــە و ڕەخنەلەخۆگرتــن و ڕێكخســتنی كاركــردن لەســەر شــێوەی پڕۆگــرام دانــان و نەخشەكێشــانەوە.

ت. دەزگا جۆربەجۆرەكانــی یەكێتــی دەبــێ بەیناوبەیــن كۆبوونــەوە و ســیمیناری دەوریــی ڕێــك بخــەن بــۆ دۆزینــەوەی كەموكوڕییەكانــی كاركــردن و دیراســەتكردنی شــێوەی زاڵبــوون بەســەریاندا، ڕێكخســتنی و گەشــەكردن بــە چالاكییەكانــی دەزگا جۆربەجۆرەكانــی یەكێتــی و ئەندامەكانــی، بــە مەرجــی ڕێكخســتنی ســمینارەكان داوای ڕاگرتنــی دەزگاكانــی خــوارەوە بێــت كــە پەیوەندییــان بــە بابەتەكــەوە هەیــە.

## بەشی شــەشەم

## هەیكەلی ڕێكخستنی یەكێتی و دەزگا سەركردەییەكانی

**بەندی بیستەم:**

شانەی بنچینەیی

أ. شــانە بــەردی بناغەیــە لــە ڕێكخســتنی یەكێتیــدا و لەوێشــەوە دەزگاكان دەســت پــێ دەكــەن و دەزگا و لێژنــە جۆربەجۆرەكانــی یەكێتــی ڕەوایەتــی ڕێكخســتن(الشرعیە التنظیمیــة) لــەو شــانەی پێــوەی بەســتراون وەردەگرێــت.

ب. دامەزراندنــی شــانەكان بەپێــی جێــگای كاركــردن و جێــگای خوێنــدن و جێــگای نیشــتەجێبوون دەبێــت، دوای وەرگرتنــی ڕەزامەندیــی لێژنــە ناوچــە.

ت. نابێ ژمارەی ئەندامانی شانەی سەرەكی لە سێ (٣) ئەندام كەمتر بێت، كە لەوان لێپرسراو و لێپرسراوی دووەم دەبێت.

ث. هەڵبژاردنی لێپرسراوی شانە و لێپرسراوی دووەمی بۆ ماوەی یەك ساڵ دەبێت.

ج. ئەگەر هات و لە یەك شانە زیاتر لە جێگای كاركردن، یا خوێندن یا نیشتەجێبووندا هەبوو، دەشێ لێژنە لە جێگای كاركردن یا جێگای خوێندن یا جێگای نیشتەجێبوون دابمەزرێت بە ڕەزامەندی دەزگاكانی سەرووتر و هەڵبژاردنی ئەندامانی ئەم لێژنەیەش لە كۆبوونەوەی نوێنەرانی شارەكاندا دەكرێ.

**بەندی بیست و یەكەم:**

شانە لە چوارچێوەی كاركردنیدا ئەم ئەركانەی بەسەرەوەیە:

أ. شانە زنجیرەیەكی بنەڕەتی پەیوەندیكردنی دەزگا سەركردەییەكانی یەكێتییە لە نێوان یەكێتی لاوانی دیموكراتی كوردستان و جەماوەری گەلی كوردستان، بۆیە بە پلەی بنەڕەتی ئەركی ئاراستە و ئامادەكردنی لاوان لە ڕۆیشتن لەسەر ڕێبازی هێنانەدی ئامانجە ڕەواكانیان كەوتووەتە ئەستۆی، ئەوەش بە هۆشیاركردنەوەیانە لە ئامانجەكانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی كورد و بڵاوكردنەوەی چوست و چالاكییەكانی لەشكری شۆڕشگێڕی كوردستان و دەنگوباسەكانی شۆڕشی ٢٦ی گوڵانی ساڵی ١٩٧٦ی نیشتمانی و پێشكەوتنخواز.

ب. ڕاكێشانی ئەندامانی نوێ بۆ ناو یەكێتی لەگەڵ ڕەچاوكردنی سەرەتایی سەرخستنی چۆنێتی بەسەر چەندایەتییەوە.

ت. شانە هەڵدەستی بە كۆكردنەوەی ئابوونەی ئەندامێتی و فرۆشتنی بڵاوكراوە و چاپەمەنییەكانی یەكێتی و هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی سەرچاوەكانی دارایی یەكێتی بە ڕێگای پیتاك و پڕۆژە دەرامەتییەكانی تر كە یەكێتی پێی هەڵدەستێ و سەرپەرشتی لێ دەكات.

ث. بڵاوكردن و دابەشكردنی بڵاوكراوە و چاپەمەنییەكانی یەكێتی و هەروەها دەنگوباس و چالاكییەكانی شۆڕشی ٢٦ی گوڵانی نیشتمانی پێشكەوتنخواز.

ج. پێویستە شانە هەمیشە هەوڵ بدات بۆ بەرزكردنەوەی ئاستی زانیاری و ڕامیاری

ئەندامەکانــی و تێکۆشــان بــۆ گەشــەکردن و دەوڵەمەندکردنــی تاقیکردنــەوە زانســتییەکانی خەباتکــردن.

**بەندی بیست و دووەم:**

لێژنــە ناوچەییەکانــی یەکێتــی، بەرزتریــن دەزگای یەکێتیــن لــە شــار، قــەزا یــا پارێــزگا ئــەوەش لــە نێــوان دوو کۆنفرانســدا.

چالاکییەکانی دەزگا ناوچەکانی یەکێتی بەم شێوەی خوارەوەن:

أ. بەپێــی پێویســت لێژنــەی ناوچــەکان لــە قــەزا و ناحیــە و گونــدەکان پێــك دەهێنرێــن و مەبەســتیش لــە پێکهێنانیــان، ئاراســتەکردنی چالاکییەکانــی شــانە و لێژنــە بنچینەییەکانــە بــە شــێوەیەکی باشــتر.

ب. پەیوەنــدی هــەر یەکــە لــە لێژنــەی ناوچــەکان لــە پارێــزگادا بــە لقــەوە دەبێــت، کــە لــە تێکــڕای لێژنــە ناوچەییــە کارگێڕییــەکان لــەو پارێزگایــە پێــك هاتــووە.

ت. بــارەگای لــق لــە ناوەنــدی پارێــزگا دەبێــت و لێپــرساوی لقیــش ئەنــدام دەبێــت لــە کۆمیتــەی ڕاپەڕاندنــی ناوەنــدی.

ث. ئەندامانی لێژنەی لق لەلایەن کۆنفرانسی ناوچەوە هەڵدەبژێردرێن و ژمارە و مەرج و بنچینەی هەڵبژاردنەکانیش لەلایەن کۆمیتەی ڕاپەڕاندنی ناوەندییەوە دیاری دەکرێت.

**بەندی بیست و سێیەم:**

**کۆنفرانس:**

أ. بەرزتریــن دەزگای ڕێکخســتنە لــە گونــد، ناحیــە، قــەزا و پارێــزگا، لــە ئەندامــە هەڵبژێــردراوەکان پێــك دێــت، کــە لەلایــەن ڕێکخــراوە بنچینەییەکانــەوە هەڵبژێــردراون دوای ڕەزامەنــدی دەزگا ســەرکردەییەکانی ســەرووتر.

ب. کۆنفرانــس ســاڵی جارێــك دەبەســترێت و دەشــێ بــە شــێوەیەکی نائاســاییش ئــەوە بکــرێ، لەســەر داوای (ســێیەکی) ئەندامانــی یەکێتــی لــە ســنووری کارکردنــی ناوچەکــەدا.

ت. ئەرکەکانی کۆنفرانسی ناوچەکە ئەمانەن :

١- گوێگرتن و لێكۆڵینەوە لەسەر ڕاپۆرتەكانی لێژنەكانی ناوچە.

٢- دەرهێنانـی بڕیـار و ڕاسـپاردەی پێویسـت سـەبارەت بـە چالاكییەكانـی داهاتـووی ئـەو دەزگایانـەی پێـوەی بەسـتراون و دانانـی پلانـی كاركـردن (خطـة العمـل) بـۆ مـاوەی داهاتـوو و جێبەجێكردنیـان، پـاش ڕەزامەندیـی مەكتەبـی سـكرتاریەت.

٣- هەڵبژاردنی ئەندامانی لێژنە ناوچەییەكان یان لێژنەی لق.

٤- هەڵبژاردنی نوێنەرانی كۆنفرانسی دەزگای بەرزتر بۆ كۆنگرە.

**بەندی بیست و چوارەم:**

**كۆنگرە:**

بەرزتریـن دەسـەڵات لـە یەكێتیـدا كۆنگـرەی یەكێتـی لاوانـی دیموكراتـی كوردسـتانە، كـە لـە نوێنەرانـی هەڵبژێـردراوی كۆنفرانسـەكانی پارێـزگاكان پێـك دێـت و (٣) سـاڵ جارێـك بـە لایەنـی كەمـەوە دەبەسـترێت، یـا بـە شـێوەیەكی نائاسـایی ئەگـەر زیاتـر لـە (سـێیەكی) ئەندامانـی یەكێتـی یـا (سـێیەكی) ئەندامانـی كۆمیتـەی ڕاپەڕاندنـی ناوەنـدی ئـەوەی بـە پێویسـت زانـی.

ئەركەكانی كۆنگرە ئەمانەن:

أ. گوێگرتن لە ڕاپۆرتی كۆمیتەی ڕاپەڕاندنی ناوەندی و لێكۆڵینەوەی چالاكییەكانی.

ب. پەسـەندكردنی پرۆگرامـی یەكێتـی و پەیـڕەوە ناوخۆییەكـەی و ئەنجامدانـی ئاڵوگـۆڕی پێویسـت.

ت. دەرهێنانـی ڕاسـپاردەی پێویسـت سـەبارەت بـە چالاكـی كۆمیتـەی ڕاپەڕاندنـی ناوەندیـی یەكێتـی و مەكتەبـی سـكرتاریەت.

**بەندی بیست و پێنجەم:**

**كۆمیتەی ڕاپەڕاندنی ناوەندیی یەكێتی:**

أ. بەرزتریـن دەسـەڵاتە لـە یەكێتیـدا لـە مـاوەی نێـوان دوو كۆنگـرەدا، چالاكیـی سیاسـی و كاری ڕێكخسـتنی یەكێتـی بەڕێـوە دەبـات و لـە هەمـوو بوارەكانـدا نوێنەرایەتـی دەكات و لـە بـەردەم كۆنگرەشـدا بەرپرسـیارە.

ب. مەرجــی پێویســت بــۆ ئەندامێتــی کۆمیتــەی ڕاپەڕاندنــی ناوەنــدی ئەوەیــە، دەبــێ زیاتــر لــە ســێ ســاڵ لەســەر وەرگرتنــی ئەندامێتــی لــە یەکێتیــدا تێپــەڕ بووبێــت هەروەهــا ســەبارەت بــە ئەندامــە جێگرەکانــی کۆمیتــەش.

ت. کۆمیتە بە لایەنی کەمەوە لە ساڵێکدا (٢) کۆبوونەوەی فراوان دەبەستێت.

ث. ئەگــەر شــوێنی ئەندامێکــی کۆمیتــە یــا شــوێنی ژمارەکەیــان بــە هــەر هۆیەکــەوە بێــت چــۆڵ مایــەوە کۆمیتــەی ڕاپەڕانــدن بــۆی هەیــە بــە زۆربــەی (ســێیەکی) ئەندامەکانــی کەســی شایســتە بــۆ پڕکردنــەوەی ئــەو بۆشــاییە هەڵبژێــرێ لــە نێــوان ئەندامانــی جێگــری کۆمیتــەی ڕاپەڕاندنــی ناوەنــدی.

ج. بــۆی هەیــە لــە بارودۆخــە نائاســاییەکاندا(الحالات الاســتثنائیة) هــەر ئەندامێــك لــە ئەندامانــی یەکێتــی هەڵبژێــرن بــە ئەنــدام لــە کۆمیتــەی ڕاپەڕاندنــی ناوەنــدی بــە زۆربــەی (ســێیەکی) دەنگــی ئەندامانــی دایبمەزرێنــی.

**بەندی بیست و شەشەم:**

**مەکتەبی سکرتاریەت**

أ. لــە مــاوەی نێــوان دوو کۆبوونــەوەی کۆمیتــەی ڕاپەڕاندنــی ناوەندیــدا، مەکتەبــی ســکرتاریەت بــە ســەرکردایەتیکردنی چالاکییەکانــی یەکێتــی و سەرپەرشــتیکردنی چاودێریکردنــی ڕاپەڕاندنــی بڕیارەکانــی کۆمیتــەی ڕاپەڕاندنــی ناوەنــدی هەڵدەســتێ.

ب. ئەندامانــی مەکتەبــی ســکرتاریەت لــە نێــوان ئەندامانــی کۆمیتــەی ڕاپەڕاندنــی ناوەنــدی هەڵدەبژێردرێــن و مەکتەبــی ســکرتاریەتیش لــە ســەرۆکی یەکێتــی، جێگــری ســەرۆك و ســکرتێر، ســەرەڕای شــەش (٦) ئەندامــی تــر، پێــك دێــت.

ت. مەکتەبــی ســکرتاریەت ئەندامانــی ڕادەســپێرێ لــە سەرپەرشــتیکردنی نووســین(تحریر)ی، ڕۆژنامــەی یەکێتــی و بەشــە جۆربەجۆرەکانــی کــە لێپــرسراون لــە کاروبــاری ڕێکخســتن، دارایــی، ڕۆشــنبیری، پەیوەندییەکانــی دەرەوە، ڕاگەیانــدن و چالاکییەکانــی هونــەری و پیشــەیی.

## کۆنفرانسی هاوبەشی یەکێتی قوتابیانی کوردستان و یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان - گوندی خنێرە - ١٩٨٦

ساڵی ١٩٨٦، هەردوو ڕێکخراوی یەکێتی قوتابیانی کوردستان و یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان بەهۆی ئەو بارودۆخە ناهەموارەی باشووری کوردستانی تێکەوتبوو و بەهۆی لێک نزیکیی خەباتی پیشەیی هەردوو ڕێکخراوەکە لە یەکترییەوە، بۆ ماوەیەکی کاتی بڕیاری بەستنی کۆنفرانسێکی هاوبەشیان دا، هۆکارەکانی ئەنجامدانی ئەم کۆنفرانسە هاوبەشە، لە تەوەری پیشوو کە تایبەتە بە مێژووی یەکیتی قوتابیانی کوردستان، بە پوختی شیکراوەتەوە بۆیە لێرەدا پیویست بە دووبارەکردنەوەی ناکات و ڕاستەوخۆ باس لە چۆنیەتی بەڕێوەچوونی کۆنفرانس و ئەنجامەکانی دەکەین.

لە ڕۆژانی ٢٨ تا ٣٠ی ئابی ١٩٨٦، لە گوندی خنێرەی سەر بە پارێزگای هەولێر، بە دروشمی (بەرەو یەکگرتن بۆ ڕووخاندنی ڕژێم و کۆتاییهێنان بە شەڕ تا بتوانین بە ئاشتی و دیموکراسی بخوێنین)، کۆنفرانسی هاوبەشی یەکێتی قوتابیان و لاوانی دیموکراتی کوردستان، بە ئامادەبونی ٧٧ نوێنەر دەستی بە کارەکانی کرد. مەبەستی ئەم کۆنفرانسەیش یەکخستنی یەکێتی قوتابیانی کوردستان و یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان بوو لە یەك ڕێکخستندا[١].

لە دەستپێکدا، وتەی لێژنەی سەرپەرشتیی کۆنفرانس خوێنرایەوە و دواتر بروسکەی سەرۆك مەسعود بارزانی، پەیڤی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان، نامەی ڕزگاریخوازێن نەتەوەییێن کوردستان (کوك) و سکرتاریەتی ڕزگاری، خوێندرانەوە[٢].

لەم کۆنفڕانسەدا، دەستەیەکی ١٥ کەسی بۆ لێژنەی ڕاپەڕاندنی یەکێتی قوتابیان و لاوانی دیموکراتی کوردستان بە شێوەی خوارەوە هەڵبژێردران:

١- کریستۆف یەڵدا تۆرخان، ناسراو بە ڕێبوار یەڵدا، سکرتێر.

٢- کوردستان پیرداود قادر

٣- حاجی عەبدولڕەحمان

٤- ئیبراهیم مستەفا

٥- عەبدوڵا خەلۆ عەلی

٦- ئیسماعیل ئیبراهیم فەتاح، ناسراو بە سمکۆ ئامێدی

٧- فریاد شەفیع محەمەد، ناسراو بە فریاد بارزانی

٨- تەیار سەلیم

٩- ئەحمەد مەلا قاسم

١٠- عادل عەلی

١١- ئازاد فایەق غەفور، دژوار فایق

١٢- نەوزاد محەمەد نەجیب

١٣- ڕەفعەت سەعید محەمەدئەمین

١٤- ئیحسان عەبدوڵا قاسم ناسراو بە ئیحسان ئامێدی

١٥- ڕزگار کەمەکی، ناسراو بە ڕزگار کوردستانی[٣].

**ئەندامانی یەدەگی لێژنەی ڕاپەڕاندن**

١- ئەحمەد دزگری

٢- نەبی ئەحمەد

٣- حەسەن محەمەد حەسەن، ناسراو بە حەسەن شەبیبە[٤].

لە یەکەمین کۆبوونەوەی لێژنەی ڕاپەڕاندندا کە لە ڕێکەوتی ٢٠ی ئەیلوولی ١٩٨٦ لە بارەگای مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان و بە ئامادەبوونی هەڤاڵان ئیدریس بارزانی و فازڵ میرانی ئەندامانی مەکتەبی سیاسی، مەکتەبی سکرتاریەتی یەکێتی قوتابیان و لاوانی دیموکراتی کوردستان بە شێوەی خوارەوە هاتنە هەڵبژاردن:

١- ڕێبوار یەڵدا- سکرتێر.

٢- حاجی عەبدولڕەحمان- ئەندامی مەکتەبی سکرتاریەت.

٣- ئیبراهیم مستەفا محەمەد- ئەندامی مەکتەبی سکرتاریەت.

٤- فریاد بارزانی- ئەندامی مەکتەبی سکرتاریەت.

٥- عەبدوڵا خەلۆ- ئەندامی مەکتەبی سکرتاریەت.

بەرپرسی لقەکانیش بە شێوەی خوارەوە لە نێوان ئەندامانی لێژنەی ڕاپەڕاندندا دەستنیشان کران:

١- عادل عەلی- بەرپرسی لقی هەولێر.

٢- دژوار فایەق- بەرپرسی لقی کەرکووک.

٣- نەوزاد محەمەد نەجیب- بەرپرسی لقی سلێمانی.

٤- ڕەفعەت سەعید محەمەدئەمین- بەرپرس لقی ئاوارە.

٥- سمکۆ ئامێدی- بەرپرسی لقی دهۆك ـ نەینەوا[٥].

ئەم کۆنفرانسە کۆمەڵێك بڕیاری دەرکرد، لەوانە:

بڵاوکردنەوەی گۆڤاری پێشکەوتن، کە ژمارەی یەکەمی لە کانونی دووەمی ساڵی ١٩٨٧، لە دووتوێی ١٦ لاپەڕەدا، بڵاو کرایەوە، دوا ژمارەی قۆناغی خەباتی شاخیشی، کە ژمارە بیست و دووە، لە مانگی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٩٠دا لەچاپ دراوە[٦]. زەمینە خۆشکردن بۆ یەکگرتنی ڕێکخستنەکانی یەکێتی قوتابیانی کوردستان و یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان. پەخشکردنی بابەت و چالاکی لە ڕادیۆی دەنگی کوردستان. پشتگیریکردنی شۆڕشی گوڵان و بەرەی جود و دژایەتیکردنی سیاسەتی بە عەرەبکردن لە باشووری کوردستان[٧].

لە چالاکییە گرنگەکانی ئەم قۆناغەش لە ڕووی ڕامیارییەوە، دەرچوونی بەیاننامەیەکی پشتگیریی یەکێتی قوتابیان و لاوانی جیهانی (I.U.S) لە کۆنگرەی هاڤانا لە ساڵی ١٩٨٧ بۆ دۆزی کورد و یەکێتی قوتابیان و لاوانی دیموکراتی کوردستان بوو. ئەم یەکێتیە لە ١٢٧ وڵات و ناوچە چالاکییان دەنواند. هەروەها لە مانگی تەموزی ساڵی ١٩٨٩دا، بەشدارییان لە کۆنگرەی پیونگ یانگدا کرد کە لەلایەن یەکێتی قوتابیان و لاوانی جیهانییەوە ساز درابوو[٨].

لە بواری پەروەردە و فێرکردنیشدا، لە ناوچە ئازادکراوەکانی کوردستان بۆ یەکەمین جار لە مێژووی کورددا خوێندن و دامەزراندنی قوتابخانەکان و دابینکردنی مامۆستا و کەرەستەی خوێندن بوو بە ئەرکیان[٩].

## سەرچاوە و پەراوێز

١- سڵاو لە هەشتەمین بیرەوەری كۆنفرانسی ئاب ٢٨ ـ ٣٠ی ئابی ١٩٨٦، ڕۆژنامەی برایەتی، ئۆرگانی پارتی دیموكراتی كوردستان - یەكگرتوو، ژمارە ٢٠٣٠، (هەولێر، دووشەمە، ٢٩ی ئابی ١٩٩٤)، ل ٨.

٢- سیروان عثمان، مێژوویێكی پرشنگدار و كاروانێكی نەپساوە، (هەولێر- چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری- ٢٠١٤)، ل ١٥.

٣- عرفان عەزیز عەزیز، كۆنگرە و كۆنفرانسەكانی یەكێتی قوتابیانی كوردستان، چاپی یەكەم، (هەولێر- چاپخانەی ڕۆژهەڵات-٢٠١٢)، ل ل ٨٩-٩٠.

٤- هەمان سەرچاوە، ل ٩٠.

٥- ساسان عەونی، یەكێتی قوتابیانی كوردستان چەند لایەنێكی تێكۆشان و مێژوو، (هەولێر- چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە- ١٩٩٨)، ل ١١٨.

٦- موسا ئەحمەد، ڕۆژنامەگەریی یەكێتی قووتابیانی كوردستان، (هەولێر- چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە- ١٩٩٨)، ل ل ٤-٦.

٧- عرفان عەزیز، سەرچاوەی پێشوو، ل ل ٩١-٩٢.

٨- ساسان عەونی، سەرچاوەی پێشو، ل ١٢٢.

٩- هەمان سەرچاوە، ل ل ٢٩،٢٦.

## وتاری لێژنەی سەرپەرشتیی کۆنفرانسی هاوبەشی یەکێتی قوتابیان و لاوانی دیموکراتی کوردستان

**میوانە بەڕێزەکان، خوشك و برایانی ئازیز،**

بە ناوی لێژنەکەمانەوە، لێژنەی سەرپەرشتی کۆنفرانسی هاوبەشی هەردوو یەکێتی قوتابیان و لاوانی دیموکراتی کوردستان، پڕ بەدڵ بەخێرهاتنی میوانان، بەڕێز نوێنەری مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان ـ عێراق و لقی دووی پارتی لەگەڵ هەڤاڵانی ڕزگاری کوردستانی تورکیا دەکەین لە بەشداربوونیان لەم کۆنفرانسەماندا.

بەشداربوونی ئەم نوێنەر و میوانە بەڕێزانە، خۆی لە خۆی پاڵپشتییەکی بەهێزە بۆ سەرکەوتنی کۆنفرانسەکەمان و جێگای سەربەرزییە بۆ یەکێتییەکەمان کە شوێنێکی ئەوتۆیان گرتووە لە خەباتی بزووتنەوەی گەلەکەمان تا بەم شێوەیە بایەخیان پێ بدرێت، لە هەمانکاتدا ڕەنگدانەوەی هەڵسەنگاندنی میوانەکانمانە بۆ ئەو دەورەی کە یەکێتییەکانمان گێڕاویانە بە درێژایی خەباتی پڕ لە قوربانییان، هەروەها بەخێرهاتنی نوێنەرانی قوتابیان و لاوانی لقەکانی (ئاوارە، دهۆك، نەینەوا، هەولێر، سلێمانی و کەرکوك) دەکەین لە خۆئامادەکردنێکی وای بەرنامەکراو و ماندووبوونێکی دیار و بەرچاو بە مەبەستی سەرکەوتنی کۆنفرانسەکە، بەوەی کە لەگەڵ پێنانە ئەم نوختەیە هەستی شۆڕشگێڕی و بیروڕاکان دەستە و ئامێزی یەکتر بوون بۆ تۆمارکردنی ئەم ڕۆژە مێژووییە لە ڕووپەرەکانی خەباتی پڕ شانازییان بە شێوەیەکی سەرکەوتوڕەوانە. ئەمەش نیشانەی هەبوونی سەرچاوەیەکی ڕوونە بۆ پاراوکردنی هەمیشەیی مێشکی لاوان و قوتابیانمان.

لەگەڵ بەخێرهاتنی میوانان، سوپاسی پارتی دیموکراتی کوردستان دەکەین لە یارمەتیدانمان بۆ سەرخستنی کۆنفرانسەکەمان، کە دەتوانین هەر لەیەکەم هەنگاودا پێشبینی ئەو سەرکەوتنەیە بکەین، هەروا سوپاسی گەرممان بۆ لقی دووی پارتی، بە لێپرسراو و ئەندامانی لق و گشت پێشمەرگە مێرخاس و جوامێرەکانی لە ئامادەکردنی شوێنی کۆنفرانسەکە و خستنە بەردەستی پێداویستییەکان لە هەموو ڕوویەکەوە.

بەخێربێـن بـۆ زەمینـە خۆشـکردن و بناغەدانـان لـە پێنـاو هەنگاونانێکـی مێژوویـی نـوێ. بەخێربێـن بـۆ خسـتنەپاڵی تواناکان لـە پێنـاو سەرخسـتنی کۆنفرانسـە هاوبەشـەکەمان. بەخێربێـن بـۆ کۆنفرانسـی قوتابیـان و لاوانـی دیموکراتـی کوردسـتان لـەم ڕۆژەدا

**لێژنەی سەرپەرشتی کۆنفرانس**

**١٩٨٦/٨/٢٨**

## پڕۆژەی پڕۆگرام و پەیڕەوی ناوخۆی یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان

لەژێـر دروشـمی: (بـەرەو یەکگرتـن بـۆ ڕووخاندنـی ڕژێـم و کۆتاییهێنـان بـە شـەڕ تـا بتوانیـن بـە ئاشـتی و دیموکراسـی بخوێنیـن)

«کۆنفرانسـی هاوبەشـی هـەردوو یەکێتـی قوتابیـان و لاوان لـە ٢٨ بـۆ ٣٠ ئابـی سـاڵی ١٩٨٦ دەسـەڵاتی دا بـە خـۆی بـۆ دەسـتکاریکردن لـە پڕۆگـرام و پەیـڕەوی ناوخـۆی (ی.ل.د.ك.ع) بـەو شـێوەیەی کـە لەگـەڵ بارودۆخـی ئەمڕۆی خەباتـی یەکێتیـدا بگونجێ».

## پڕۆگرام

## بەشی یەکەم

## سروشتی یەکێتی

**بەندی یەکەم:**

نـاوی ڕێکخـراو: (یەکێتـی لاوانـی دیموکراتـی کوردسـتان ـ عێـراق)ە و بـە پیتەکانـی (ی.ل.د.ك.عێـراق) ئیشـارەتی پـێ دەدرێـت.

**بەندی دووەم:**

یەکێتـی لاوانـی دیموکراتـی کوردسـتان، ڕێکخراوێکـی جەمـاوەری نیشـتمانی و دیموکراتییـە، یەکێتییەکـە بـە ئـارەزووی ئـەو کـچ و کـوڕە لاوە دیموکراتخوازانـە پێکهاتـووە کـە بڕوایـان بـە پڕۆگـرام و پەیـڕەوە ناوخۆییەکـەی هەیـە و تێدەکۆشـن بـۆ وەدیهێنانـی ئامانجەکانـی یەکێتـی لـە چوارچێـوەی ڕێکخراوەکانیـدا و بەپێـی سیاسـەتی یەکێتییەکـە و بڕیارەکانـی دەزگا سـەرکردەییەکانی.

**بەندی سێیەم:**

یەکێتـی تێدەکۆشـێ بـۆ جێبەجێکردنـی ئامانجەکانـی لاوانـی کوردسـتان بـە تایبەتـی و لاوانـی عێـراق بـە گشـتی و لەپێنـاو بەدیهێنانـی دیموکراتییـەت بـۆ عێـراق و ئۆتۆنۆمـی ڕاسـتەقینە بـۆ کوردسـتان.

**بەندی چوارەم:**

یەکێتـی، کاری خـۆی لـە کوردسـتان و ناوچەکانـی تـری کۆمـاری عێـراق ئەنجـام دەدات،

هەروەهـا مافـی کردنـەوەی لقەکانـی لـە دەرەوەی عێراقـدا هەیـە ئەگـەر سـەرکردایەتی ئـەوەی بـە پێویسـت زانـی.

**بەندی پێنجەم:**

یەکێتـی، چینـە جۆربەجـۆرەکان و کەسـە کۆمەڵایەتییـە چەوسـاوە و ڕۆشـنبیرەکان دەگرێتـە خـۆی کـە لەسـەر شـێوەی تێکۆشـان لـە چوارچێـوەی ناوچەکـەدا پێك هاتـوون و جوتیـاران و کرێـکاران و قوتابیـان لـە هــەردوو گەزدا(مــن الجنســین) گەورەتریــن ڕادە لــە ئەندامانــی یەکێتــی پێــك دەهێنیــن ســەرەڕای پیشــەییە جۆربەجــۆرەکان و فەرمانبــەران و هــی تــر.

## بەشی دووەم

## ئامانجە نیشتمانی یەکانی یەکێتی

**بەندی شەشەم:**

**یەکەم: لەبارەی خەباتی نەتەوەی کوردەوە**

أ. یەکێتــی، بــڕوای بــە مافــی نەتــەوەی بەزۆردابەشــکراوی کــورد لــە دیاریکردنــی چارەنووسـی خـۆی و پشـتگیریکردن لـە خەباتـی دادپەروەرانەیـدا، دژ بـە ئیمپریالیـزم و زایۆنیــزم و کۆنەپەرســتی هەیــە.

ب. یارمەتیدانـی ئاوارەکانـی هەمـوو پارچەکانـی کوردسـتان کـە بەهـۆی خەباتی سیاسـییان و لـە ئەنجامـی کـردەوە گەزپەرسـت و شۆڤێنیسـتییانەی دەرهـەق بـە نەتـەوەی کوردی دابەشـکراو دەربـەدەر دەکرێن.

**بەندی هەفتەم:**

**دووەم: لە بواری نیشتمانی  عێراقدا**

أ. پشـتگیریکردنی شۆڕشـی ٢٦ی گوڵانی نیشـتمانی  پێشـکەوتنخواز لە کوردسـتانی عێراقدا و خەباتی گشـت هێزە دیموکراتی و نیشـتمانی یە عێراقییەکان لە پێناو ڕووخاندنی ڕژێمی دیکتاتـۆری و گەزپەرسـت و دامەزراندنـی حوکمێکی دیموکراتییانـەی ئیئتلافی، کە لەژێر سـایەیدا ئۆتۆنۆمی ڕاسـتەقینە بۆ کوردسـتان بێتە دی و مافی وای گشـت کەمایەتییەکان

لـە عێراقدا مسـۆگەر بکرێـت بۆ بەدیهێنانـی قووڵترین ئاڵوگۆڕکانـی کۆمەڵایەتی.

ب. تێکۆشـان بـۆ چەسـپاندن و بەهێزکردنـی برایەتـی، هاوخەمـی نێـوان کـورد و عـەرەب و کەمایەتییـەکان، بـەوەی کـە دابینکـەری بنەڕەتـی سەرخەسـتنی کێشـەکانی ڕزگاربـوون و دیموکراتییەتـە.

ت. قووڵکردنـەوەی پێکەوەلێکدانـی خەبـات لەگـەڵ گشـت ڕێکخـراوە کوردسـتانییەکان، وەك قوتابیـان و ئافرەتـان و مامۆسـتایان و گشـت ڕێکخـراوە پیشـەیی و میللییـە پێشـکەوتنخوازەکان لـە کوردسـتانی عێراقـدا.

ث. تێکۆشـان لـە پێنـاوی گەڕانـەوەی گشـت کۆچپێکـراوەکان بـۆ عێـراق و ناسـنامەی عێراقـی بدرێتـە کـوردە فەیلـی و گۆیـان و ئۆمەریـان و ئاسـووریە عێراقییـەکان کـە لـەم مافـە بێبەشـن.

**بەندی هەشتەم:**

**سێیەم: لە بواری جیهانی و کێشەکانی خەباتی گەلان و ئاشتی و ڕزگاربوون**

أ. خەباتکـردن دژ بـە ئیمپریالیزمـی جیهانـی و زایۆنیسـت و کۆنەپەرسـتی و تاوانبارکردنـی داگیرکـردن و کلکایەتـی.

ب. پشتگیریکردنی بزووتنەوە ئازادیخوازەکانی گەلان لە گشت لایەنەکانی جیهاندا.

ت. لایەنگریکردنـی تێکۆشـانی نەتـەوەی عەرەبـی بـرا و بـە تایبەتـی گەلـی عەرەبـی فەڵەسـتین بـە سـەرکردایەتی تاکـە نوێنەرەکـەی، ڕێکخـراوی ڕزگاریخـوازی فەڵەسـتین لـە پێنـاوی چارەنووسـی خـۆی.

ث. لایەنگریکردنـی تێکۆشـانی گـەلان لەپێنـاوی دانانـی تـەواوی چـەك و ئاشـتی جیهانـی و ڕکابەریکردنـی بەڵێـن و پەیمانـە سـەربازییە ئیمپریالیزمەکانـی.

ج. بەربەرەکانیکردنی بیروڕا و بۆچوونە شۆڤینیە گەزپەرەستەکان.

ح. بەهێزکردنـی پەیوەندییەکانـی دۆسـتایەتی و هاوکاریکـردن لەگـەڵ ڕێکخـراوە پێشـکەوتنخوازەکانی لاوان و قوتابیان لە جیهاندا و سـوودوەرگرتن لە تاقیکردنەوەکانیان و تێکۆشـان لـە پێنـاوی وەرگرتنیـدا، لـە لاوانـی دیموکراتـی جیهانـی و بەشـداریکردنی

کاریگەرانە لە چالاکییەکانی لاوانی جیهانی پێشکەوتنخواز لە پێناو ئاشتی و دۆستایەتی و هاوکاریدا.

**بەندی نۆیەم:**

**چوارەم: لە بواری کۆمەڵایەتی و لاوانەوە**

أ. بەربەرەکانیکردنی هەژاری و نەزانی و نەخۆشی.

ب. بەرگریکردن لە ماف و داخوازییەکانی لاوانی عێراق بە گشتی و کوردستان بە تایبەتی.

ت. فراوانکردن و بڵاوکردنەوەی زانیاری و زانست و ڕۆشنبیری لە کۆمەڵگای کوردستان و قەڵاچۆکردنی نەخوێندەواری.

ث. هاندانی بزووتنەوەی وەرزشی و هونەری و کردنەوەی دەورات و بەرگریکردن لە مافی وەرزشیاران و هونەرمەندان و مسۆگەرکردنی کەرەستە و یاریگا و مەشقدەری لێهاتوو.

ج. بەربەرەکانیکردنی بێکاری کە لە نێوان لاواندا بڵاو بووەتەوە.

ح. بەگژدا چوونی دواکەوتن و خەباتکردن لە پێناوی سەربەستی و یەکسانی ئافرەتدا.

خ. بووژاندنەوە و پەرەپێدان بە ڕۆشنبیری و کەلەپووری کوردەواری.

# پەیڕەوی ناوخۆ

## بەشی یەکەم

## ئەندامانی یەکێتی

**بەندی یەکەم:**

**مەرجەکانی ئەندامێتی:**

هەرکەسێ ئەم مەرجانەی خوارەوەی تێدا بە دی بێت لە یەکێتی وەردەگیرێت:

أ. داننـان بـە پرۆگرامـی یەکێتـی و پەیـڕەوە ناوخۆییەکـەی و بـۆ جێبەجێکردنیـان تـێ بکۆشـێ.

ب. لە یەکێك لە بنکەکانی ڕێکخستندا ڕێك خرابێت.

ت. کورد بێت، یا نیشتەجێی کوردستانی عێراق بێت.

ث. تەمەنی لە (١٤) ساڵ کەمتر نەبێت و لە (٣٥) ساڵیش زیاتر نەبێ.

ج. ئابوونـەی مانگانـە بـدات بەوپـەڕی توانـای داراییەکـەی و کۆمیتـەی ڕاپەراندنـی ناوەنـدی بـۆی هەیـە لـە کاتـی پێویسـتدا، ڕێژەکـەی دەستنیشـان بـکات.

**بەندی دووەم:**

**وەرگیران لە یەکێتی:**

أ. داواکردنی هاتنەڕیزەوە بە (نووسین) پێشکەش دەکرێ و داواکاریی هاتنەڕیزەوەش لە لایەن (٢) ئەندامی یەکێتییەوە، کە زیاتر لە (٦) مانگ بە سەر ئەندامێتییانەوە تێپەڕ بووبێت، لایەنگیری (تزکیە) دەکرێت و بەپێی بارودۆخی ڕێکخستنە نهێنییەکانی یەکێتی.

ب. داواکاری هاتنەڕیـز بـە ماوەیەکـی پاڵێوراویـدا تێپـەڕ دەبێـت کـە لـە (٦) مانـگ کەمـتر نەبێـت و لێژنـە سـەرکردەییەکان لـە دوای بەسـەرچوونی مـاوەی پاڵێوراوییەکـە سـەرنج دەدەنـە ڕادەی بەکەڵکهاتنـی بـۆ ئـەوەی شـەرەفی ئەندامێتـی لـە یەکێتـی بدرێتـێ. بـەڵام ئەگـەر پێشـمەرگە بێـت مـاوەی پاڵێوراوێتـی دەبێتـە (٣) مانـگ.

ت. ئەندامێتـی پاڵێـوراوان لـە لایـەن کۆمیتـەی ڕاپەڕاندنـی ناوەنـدی یەکێتییـەوە، یـا

لەلایــەن ئــەو لایەنــەی کۆمیتــەی ڕاپەڕاندنــی ناوەنــدی دیارییــان دەکات، دەدرێ.

ث. پاڵێـوراو بـە ئەندامێکـی کاریگـەر دەناسرێـت لـە ڕۆژی ئاگادارکردنیـەوە بـە سـمی لـە وەرگرتنـی بـە ئەنـدام بـە هـۆی ڕێکخـراو و ناوچەکانـەوە کـە پەیوەنـدی پێـوە هەیـە.

**بەندی سێیەم:**

**مافی ئەندامی یەکێتی:**

أ. مافـی هەمـوو ئەندامـان هەیـە کـە ڕای خۆیـان نیشـان بـدەن و بیـروڕا و ڕەخنـە و پێشـنیارەکانیان دەربـبـڕن لەڕێــی ڕاپۆرتــە دەورییەکانــەوە، یــا کۆبوونەوەکانــی ڕێکخســتن دەربــارەی گشــت هەڵســوکەوت و چالاکییەکانــی یەکێتــی.

ب. ئەندامی یەکێتی مافی دەنگدان و خۆهەڵبژاردنی هەیە.

ت. پاڵێوراو گشت مافێکی ئەندامانی هەیە جگە لە مافی خۆهەڵبژاردن و دەنگدان.

**بەندی چوارەم:**

**ئەرکەکانی ئەندامی یەکێتی:**

أ. ڕاپەڕاندنــی هەمــوو فەرمانەکانــی لێژنــەی ســەرکردەییەکانی یەکێتــی لەســەر بناغــەی ناوەندێتــی دیموکراتــی.

ب. بڵاوکردنــەوەی ئامانجەکانــی بزووتنــەوەی ڕزگاریخــوازی کــورد و چالاکــی هێزەکانــی لەشــکری شۆڕشــگێڕی کوردســتان.

ت. تێکۆشان بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی زانیاری و تیۆری و ڕامیاری و زانستی.

ث. دوورکەوتنــەوە لــە هەرچــی پێچەوانــەی سروشــتی یەکێتــی و هەرچــی زیــان بــە ناوبانگــی، یــا دەزگا ڕێکخراوەکانــی دەبەخشــێت.

ج. پتەوکردنـی پەیوەندییەکانیـان لەگـەڵ گشـت چەوسـاوە و ڕەنجدەرانـی کوردسـتان و دەربڕینـی یارمەتیدانـی پێویسـت بۆیـان لـە بوارەکانـی ئابـووری و ڕامیـاری کۆمەڵایەتیـدا.

ح. ئەندامـی یەکێتـی پێویسـتە کۆشـش بـکات بـۆ ئـەوەی ببێتـە پێشـەنگ بـۆ لاوانـی تـر لـە ڕووی خۆبەختکـردن و خۆنەویسـتی و دەسـتپاکی و قوربانیـدان.

## بەشـــی دووەم

## سزاکانی ڕێکخستن

**بەندی پێنجەم:**

هـەر ئەنـدام یـان پاڵێوراوێـك بـە هـەر سـەرپێچییەك هەڵسـا یـا بـە دواکەوتـن لـە جێبەجێگەیاندنـی ئاموژگارییەکانـی یەکێتـی، یـا جێبەجێنەکردنـی ئـەو ئەرکانـەی پێـی سـپێردراون دوچـاری ئـەم سـزایە دەبێـت و تونـدی سـزاکەش پێویسـتە لەگـەڵ توندیـی سـەرپێچیەکەی بگونجێـت :

١- سەرنجڕاکێشان بە زار(شەفەهی).

٢- سەرنجڕاکێشان بە نووسین(تەحریری).

٣- سەرزەنشتکردن.

٤- سەرزەنشتکردنی توند.

٥- داگرتنی پلەیەك یا چەند پلەیەکی لێپرسراوێتی ڕێکخستن.

٦- لێوەرگرتنەوەی لێپرسراوێتی ڕێکخستن.

٧- لێستاندنەوەی ئەندامیەتی بە پاڵێوراو بناسرێت.

٨- دەرکردنی یەکجاری لە ئەندامیەتی یەکێتی.

**بەندی شەشەم:**

أ. ئەگـەر هـەر ئەندامێـك لـە ئابوونەدانـدا بـۆ مـاوەی (٣) مانـگ لـە سـەر یـەك دوا بکەوێ بەبـێ هـۆی ڕەوا، یـا لـە (٣) کۆبوونـەوەی لـە دوای یـەك دوا بکەوێـت ڕێکخـراو یـا ئـەو لێژنەیـە بـۆی هەیـە داوا لـە دەزگاکانـی سـەرووتر بـکات لـە ڕیـزی یەکێتـی دەربکرێـت.

ب. لێژنـەی لـق بـۆی هەیـە لـە پـاش هەڵسـەنگاندنی بارودۆخـی گشـتی یەکێـك لـەو سـزایانەی لـە بەنـدی چـواردەدا هاتـووە، دەرهـەق بـە هـەر ئەندامێکـی سـەرپێچیکەر وەربگرێـت و دەزگاکانـی سـەرووتر لـەوە ئـاگادار بکاتـەوە.

ت. دەشێ مەکتەبی سکرتاریەت سزایەکە بە تەواوەتی هەڵوەشێنێتەوە، یا سووك یا توندتری بکات ئەگەر بینی ئەوە گونجاو نییە.

ث. هەر ئەندامێك لە ئەندامانی یەکێتی کاری دیسپلینی دەرهەق وەرگیرابێ، بۆی هەیە بەو کاره ناقایل بێت و داوای لێکۆڵینەوە لە کێشەکەی بکات و بخرێتە بەردەم دەزگا سەرکردایتییەکانەوە.

ج. دەرکردنی ئەندامی سەرپێچیکەری یەکێتی لە ڕیزەکانیدا بە بڕیارێك لەلایەن کۆمیتەی ڕاپەڕاندنی ناوەندییەوە دەبێ، کە بە تاکە لایەنی دەسەڵاتدار دەژمێردرێت بۆ دەرهێنانی ئەم بڕیاره هەروەها دەشێ ئەم مافە بدات بە هەر دەزگا یا لێژنەیەکی ڕێکخستن.

**بەندی حەوتەم:**

أ. ئەگەر هات و مەکتەبی سکرتاریەت بینی یەکێك لە ئەندامانی یا ئەندامە جێگرەکان(الأعضاء الاحتیاط) شایستەی دەرکردنە لە ئەندامێتی مەکتەب یا لە یەکێتی، ئەوا بۆی هەیە ئەندامێتییەکەی هەڵواسێت(تعلیق العضویة) هەتا کاتی کۆبوونەوەی داهاتووی کۆمیتەی ڕاپەڕاندنی ناوەندی و کێشەکەی بدرێتە کۆبوونەوەکە بۆ ئەوەی لەم بارەیەوە بڕیاری دوایی وەربگرێت.

ب. دەرکردنی ئەندامانی کۆمیتەی ڕاپەڕاندنی ناوەندی یا ئەندامە جێگرەکانی لە ئەندامێتی یەکێتی، یا لە ئەندامێتی کۆمیتە، بە دەسەڵاتی کۆبوونەوەی فراوانی کۆمیتەی ڕاپەڕاندنی ناوەندییەوە.

ت. لە هەردوو ئەو حاڵەتەی کە لە سەرەوە هاتوون، پێویستە پاش پەسەندکردنی ئەندامانی کۆمیتەی ڕاپەڕاندنی ناوەندی بڕیارەکە دەرچێت.

## بەشـــی سێیـــەم

## بناغەی دروستبوونی ڕێکخستنی یەکێتی

**بەندی هەشتەم:**

دروســتبوونی ڕێکخســتنی یەکێتــی لەســەر بناغەکانــی ناوەندێتــی دیموکراتــی بنجــی بەســتووە کــە ئەمانــەن:

أ. هەڵبژاردنــی گشــت دەزگا ســەرکردەییەکانی یەکێتــی لــە خــوارەوە بــۆ ســەرەوە لــە ڕێــی دەنگدانــی نهێنییــەوە دەکرێــت.

ب. دەزگاکانــی خــوارەوە بڕیارەکانــی لێژنەکانــی ســەرووتر لەســەر بناغــەی ڕەخنەگرتــن ئینجــا لێکۆڵینــەوە، ئەنجــام دەدەن.

ت. گشــت دەزگا و لێژنــە جۆربەجۆرەکانــی یەکێتــی ڕاپۆرتــی دەوری پێشــکەش بــە دەزگاکانــی ســەرووتر دەکــەن ســەبارەت بــە چالاکییەکانیــان و تیــادا پێشــنیار و پرســیارەکانیان دەخەنــە ڕوو، هەروەهــا دەزگا ســەرکردەییەکان لــە چالاکییەکانــی خۆیــان و ئــەو دەزگایانــەی پێــوەی بەســتراون ئــاگادار دەکــەن بــە هــۆی دەرهێنانــی بڵاوکــراوە دەورییەکانــەوە.

ث. دیســیپلینی ڕێکخســتن گشــت پلەکانــی دەگرێتــەوە هەروەهــا جێبەجێکردنــی بڕیارەکانــی یەکێتــی و ملکەچبوونــی کەمایەتــی بــۆ زۆرینــە.

**بەندی نۆیەم:**

گشــت دامەزراوەکانــی ڕێکخســتنی یەکێتــی بــەم بناغــە و بیروباوەڕانــەی خــوارەوە بەســتراوەن:

أ. دەزگاکان بەپێــی جێــگای کارکــردن، جێــگای خوێنــدن، جێــگای نیشــتەجێبوون و ڕێکخســتنەکانی ناحیــە و قــەزا، لێژنــەی ناوچــە و لــق پێــك دێــن.

ب. ســنووری چالاکــی هــەر دەزگایــەك لــەو دەزگایانــەی کــە لەســەرەوە هاتــوون لەلایــەن لێژنــە ســەرکردەییەکانەوە دیــاری دەکرێــت.

ت. دەشــێ دەزگای تــر دابمەزرێــت ئەگــەر پێویســت بــەوە هەبــوو، ئــەوەش لەســەر

پێشـنیاری لێژنـەی لـق و پەسـەندکردنی کۆمیتـەی ڕاپەڕاندنـی ناوەنـدی دەبێـت.

**بەندی دەیەم:**

أ. ئاراستەکردنی چوست و چالاکییەکانی سەرووتر بەپێی زنجیرەکانی ڕێکخستن دەبێت جێگای کارکردن، خوێندن، نیشتەجێبوون، ڕێکخستنی ناحیە، ڕێکخستنی شار، لێژنەی ناوچە، لێژنەی لق.

ب. سەرەتای سەرکردایەتی بە کۆمەڵ لەگەڵ ڕەچاوکردنی لێپرسراوێتی تاکەکەسی بناغەی کارکردنی دەزگا سەرکردەییەکانە، دوورکەوتنەوەش پێویستە لە بەکارهێنانی شێوەکانی بەڕێوەبردن حەز و گەورەیی خەباتکردن و تێکۆشان بۆ زاڵبوون بە سەر ئەو هەموو کەموکوڕییانەی لە کارکردندا هەن، لە ڕێگای بەکارهێنان و پەیڕەوکردنی سەرەتای ڕەخنە و ڕەخنە لەخۆ گرتن و ڕێکخستنی کارکردن لەسەر شێوەی پڕۆگرامدانان و نەخشەکێشانەوە.

ت. دەزگای جۆربەجۆرەکانی یەکێتی دەبێ کۆبوونەوە و سمیناری دەوری ڕێك بخەن بۆ دۆزینەوەی کەموکوڕییەکانی کارکردن و دیراسەتکردنی شێوەی زاڵبوون بە سەریاندا. ڕێکخستن و گەشەکردن بە چالاکییەکانی دەزگا جۆربەجۆرەکانی یەکێتی و ئەندامانی، بە مەرجێ ڕێکخستنی سمینارەکان داوای ڕاگرتنی دەزگاکانی خوارەوە بێت کە پەیوەندییان بە بابەتەکەوە هەیە.

# بەشـــــی چـــــوارەم

## هەیکەلی ڕێکخستنی یەکێتی و دەزگا سەرکردەییەکانی

**بەندی یازدەهەم:**

**شانەی بنچینەیی**

أ. شـانە بـەردی بناغەیـە لـە ڕێکخسـتنی یەکێتیـدا و لەوێشـەوە گشـت دەزگاکان دەسـت پـێ دەکـەن و دەزگا و لێژنـە جۆربەجۆرەکانـی یەکێتـی ڕەوایەتـی ڕێکخسـتن(الشرعیە التنظیمیـة) لـەو شـانانەی پێـوەی بەسـتراون وەردەگرێـت.

ب. دامەزراندنــی شــانەکان بەپێــی جێــگای کارکــردن و جێــگای خوێنــدن و جێــگای نیشــتەجێبوون دەبێــت و داوی وەرگرتنــی ڕەزامەنــدی لێژنــەی ناوچــە.

ت. شانە لە (٣ تا ٥) ئەندام پێك دێت کە لەوانە لێپرسراو و لێپرسراوی دووەم دەبێت.

ث. هەڵبژاردنی لێپرسراوی شانە و لێپرسراوی دووەمی بۆ ماوەی یەك ساڵ دەبێت.

ج. ئەگـەر هاتـوو لـە یـەك شـانە زیاتـر لـە جێـگای کارکـردن یا خوێنـدن یـا نیشـتەجێبووندا هەبـوو، دەشـێ لێژنـە لـە جێـگای کارکـردن یا جێـگای خوێندن یـا جێگای نیشـتەجێبوون دابمەزرێــت بــە ڕەزامەنــدی دەزگاکانــی ســەرووتر هەڵبژاردنــی ئەندامانــی ئــەم لێژنەیــەش لــە کۆبوونــەوەی نوێنەرانــی شــارەکاندا دەکــرێ.

**بەندی دوازدەهەم:**

**ئەرکەکانی شانە**

شانە لە چوارچێوەی کارکردنیدا ئەم ئەرکانەی بە سەرەوەیە:

أ. شانە زنجیرەیەکی بنەڕەتی پەیوەندیکردنی دەزگا سەرکردەییەکانی یەکێتیە بە ئەندامانی یەکێتیەوە لەنێوان یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستاندا، بۆیە بە پلەی بنەڕەتی ئەرکی ئاراستە و ئامادەکردنی لاوان لە ڕۆیشتن لەسەر ڕێبازی هێنانەدی ئامانجە ڕەواکانیان کەوتۆتە ئەستۆی، ئەوەش بە هۆشیارکردنەوەیانە لە ئامانجەکانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد و بڵاوکردنەوەی چوست و چالاکییەکانی لەشکری شۆڕشگێڕی کوردستان و دەنگوباسەکانی شۆڕشی ٢٦ی گوڵانی ساڵی ١٩٧٦ی نیشتمانی و پێشکەوتنخواز.

ب. ڕاکێشانی ئەندامانی نوێ بۆ ناو یەکێتی لەگەڵ ڕەچاوکردنی سەرەتای سەرخستنی چۆنیەتی بە سەر چەندایەتییەوە.

ت. شانە هەڵدەستێ بە کۆکردنەوەی ئابوونەی ئەندامێتی و فرۆشتنی بڵاوکراوە و چاپەمەنییەکانی یەکێتی و هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی سەرچاوەکانی دارایی یەکێتی بە ڕێگای پیتاك و پڕۆژە دەرامەتییەکانی تر کە یەکێتی پێی هەڵدەستێ و سەرپەرشتی لێ دەکات.

ث. بڵاوکردنەوە و دابەشکردنی بڵاوکراوە و چاپەمەنییەکانی یەکێتی.

ج. پێویستە شانە هەمیشە هەوڵ بدات بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی زانیاری و ڕامیاری ئەندامەکانی و تێکۆشان بۆ گەشەکردن و دەوڵەمەندکردنی تاقیکردنەوە زانستییەکانی خەباتکردن.

**بەندی سێزدەهەم:**

لێژنە ناوچەکانی یەکێتی بەرزترین دەزگای یەکێتین لە ناحیە، قەزا، مەڵبەندی پارێزگا، ئەوەش لە نێوان دوو کۆنفرانسدا. چالاکییەکانی دەزگا ناوچەکانی یەکێتی بەم شێوەی خوارەوەن:

أ. بەپێی پێویست لێژنەی ناوچەکان لە قەزا و ناحیە و گوندەکان پێك دەهێنرێن و مەبەستیش لە پێکهێنانیان، ئاراستەکردنی چالاکییەکانی شانە و لێژنە بنچینەییەکانە بە شێوەیەکی باشتر.

ب. پەیوەندی هەریەکە لە لێژنەی ناوچەکان لە پارێزگادا، بە لقەوە دەبێت کە لە تێکڕای لێژنە ناوچە کارگێڕییەکان لەو پارێزگایە پێك هاتووە.

ت. بارەگای لق لە ناوەندی پارێزگا دەبێت و لێپرسراوی لقیش ئەندام دەبێت لە کۆمیتەی ڕاپەڕاندنی ناوەندی.

ث. ئەندامانی لێژنەی لق لەلایەن کۆنفرانسی ناوچەوە هەڵدەبژێردرێن و ژمارە و مەرج و بنچینەی هەڵبژاردنەکانیش لەلایەن کۆمیتەی ڕاپەڕاندنی ناوەندییەوە دیاری دەکرێت.

**بەندی چواردەهەم:**

**کۆنفرانس:**

أ. بەرزتریــن دەزگای ڕێکخســتنە لــە گونــد، ناحیــە، قــەزا و پارێــزگادا. لــە ئەندامــە هەڵبژێـردراوەکان پێـك دێـت کـە لەلایـەن ڕێکخـراوە بنچینەییەکانـەوە هەڵبژێـردراون دوای ڕەزامەنــدی دەزگا ســەرکردەییەکانی ســەرووتر.

ب. کۆنفرانــس ســاڵی جارێــك دەبەســترێت و دەشــێ بــە شــێوەیەکی نائاســاییش ئــەوە بکـرێ، لەسـەر داوای (سـێیەکی) ئەندامانـی یەکێتـی لـە سـنووری کارکردنـی ناوچەکـەدا.

**ئەرکەکانی کۆنفرانسی ناوچەکە ئەمانەن:**

١- گوێگرتن و لێکۆڵینەوە لەسەر ڕاپۆرتەکانی لێژنەکانی ناوچە.

٢- دەرهێنانـی بڕیـار و ڕاسـپاردەی پێویسـت سـەبارەت بـە چالاکییەکانـی داهاتـووی ئـەو دەزگایانــەی پێــوەی بەســتراوەن و دانانــی پلانــی کارکردن(خطـة العمـل) بـۆ مـاوەی داهاتــوو و جێبەجێکردنیــان، پــاش ڕەزامەنــدی مەکتەبــی ســکرتاریەت.

٣- هەڵبژاردنی ئەندامانی لێژنە ناوچەییەکان یان لێژنەی لق.

٤- هەڵبژاردنی نۆینەرانی کۆنفرانسی دەزگای بەرزتر بۆ کۆنگرە.

## کۆنگرەی چوارەمی یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان
## (کۆنگرەی ئازادی) هەولێر - ١٩٩٣

دوای سەرکەوتنی ڕاپەڕینی بەهاری ساڵی ١٩٩١ لە باشووری کوردستان و هاتنە پێشەوەی زەمینەیەکی لەبار بۆ پەرەدان بە کاری ڕێکخراوەیی و پیشەیی و ئەنجامدانی کۆنگرەی یازدەیەمینی پارتی دیموکراتی کوردستان، ساڵی ١٩٩٣، لەلایەن سەرکردایەتی پارتییەوە بڕیاری دووبارە لەیەکتری جیاکردنەوەی هەردوو ڕێکخراوی یەکێتی قوتابیانی کوردستان و یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان درا. بۆ ئەم مەبەستە، لە کۆبوونەوەی شەشەمی یەکێتی قوتابیان و لاوانی دیموکراتی کوردستان کە لە ڕێکەوتی ١٠ی ئاداری ١٩٩٣، لە باڵەخانەی (شیراتۆن)ی بارەگای ڕێکخراوەکە لە شاری هەولێر بەڕێوەچوو، بڕیاری سازدانی (کۆنگرەی ئازادی) بۆ هەردوو ڕێکخراوەکە دەرکرا[١].

وەک ئەوەی بڕیاری لەبارەوە درابوو، کۆنگرەی (ئازادی) یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان، لە ڕۆژانی ١٦ ـ ٢١ی تشرینی یەکەمی ١٩٩٣، لە هۆڵی زەرد، لە شاری هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان، بە بەشداری ٧٩٣ نوێنەری کۆنگرە و بە دروشمی (زانست - ئاشتی - ئاوەدانکرنەوە) و بە ئامادەبوونی سەرۆک مەسعود بارزانی، بەسترا[٢].

لە ئەنجامدا لێژنەی ڕاپەڕاندنی یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان لەلایەن نوێنەرانی کۆنگرە بەم شێوەیە هەڵبژێردران:

١- کوردستان پیرداود قادر

٢- ڕەفعەت سەعید محەمەدئەمین

٣- ئیبراهیم مستەفا محەمەد

٤- عەبدوڵا ئەلیاس خدر

٥- قەیوان فەرەج

٦- هەڵکەوت ڕەفعەت

٧- ئیبراهیم ئیسماعیل

٨- شەعبان سەلمان

٩- سەگڤان ئیبراهیم

١٠- کامەران عەلی

١١- عەبدوڵا حەسەن

١٢- بەهزاد محەمەد

١٣- ڕەشاد حسێن

١٤- سابیر ئەحمەد حەسەن

١٥- موزەفەر جەعفەر محەمەد، موزەفەر فەیلی.

**یەدەگەکان:**

١- نەزیرە حەمە وەیس

٢- هەورامان عەلی تۆفیق

٣- سەربەست عەبدولکەریم میرزا[٣].

دواتر مەکتەبی سکرتاریەت، لە یەکەمین کۆبوونەوەی لێژنەی ڕاپەڕاندن بەم شێوەیەی خوارەوە هەڵبژێردرا:

١- ئیبراهیم مستەفا محەمەد- سکرتێر

٢- ڕەفعەت سەعید محەمەدئەمین- ئەندامی مەکتەبی سکرتاریەت

٣- کوردستان پیرداود- ئەندامی مەکتەبی سکرتاریەت

٤- ئیبراهیم ئیسماعیل- ئەندامی مەکتەبی سکرتاریەت

٥- بەهزاد محەمەد- ئەندامی مەکتەبی سکرتاریەت.

**پەیکەری ڕێکخستن لە نۆ لق پێکهات کە بریتی بوون لە لقەکانی:**

١- لقی دهۆك ـ نەینەوا، سەگڤان ئیبراهیم- بەرپرسی لق.

٢- لقی ئاکرێ، عەبدوڵا ئەلیاس خدر- بەرپرسی لق.

٣- لقی سۆران، هەڵکەوت ڕەفعەت ئەحمەد- بەرپرسی لق.

٤- لقی هەولێر، کامەران عەلی- بەرپرسی لق.

٥- لقی ڕانیە، دڵدار ساڵح حەمەحسێن- بەرپرسی لق.

٦- لقی سلێمانی، هەورامان عەلی تۆفیق- بەرپرسی لق.

٧- لقی کەرکووک، لوقمان عەبدوللەتیف- بەرپرسی لق.

٨- لقی ئاوارە لە سنووری کۆماری ئیسلامی ئێران، ساڵح مەحمود عەلی- بەرپرسی لق[٤].

## سەرچاوە و پەراوێز

١- نەوزاد فوئاد، چەپکە گوڵێك لە مێژووی (ی.ل.د.ك)، بەرگی دووەم، (چاپخانەی وڵات-٢٠١٨)، ل ٣٣.

٢- انعقاد مؤتمر اتحاد الطلبة والشبيبة الديمقراطي الكوردستاني (مؤتمر الحرية)، جريدة خەبات، لسان حال الحزب الديمقراطي الكوردستاني ـ الموحد، العدد ٦٩٧، اربيل، الأربعاء، ٢٠ تشرين الأول ١٩٩٣م، ص ص ١، ١٥؛ ڕاگەیەنراوی کۆتایی کۆنگرەی ئازادی ١٦ ـ ٢٠ی تشـرینی یەکەمی ١٩٩٣، ڕۆژنامەی پێشکەوتن، ئۆرگانی یەکێتی قوتابیان و لاوانی دیموکراتی کوردستان، ژمارە ٤٨، هەولێر، تشرینی دووەمی ١٩٩٣، ل ل ١، ٧؛ ووتاری هێژا مەسعود بارزانی لە کۆنگرەی ئازادی، ڕۆژنامەی پێشکەوتن، ئۆرگانی یەکێتی قوتابیان و لاوانی دیموکراتی کوردستان، ژمارە ٤٨، هەولێر، تشرینی دووەمی ١٩٩٣ز، ل ١.

٣- نەوزاد فوئاد، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٤.

٤- هەمان سەرچاوە، ل ل ٣٥-٣٦.

## پرۆگرام و پەیڕەوی ناوخۆی پەسەندکراوی کۆنگرەی چوارەمی یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان

## (زانست ـ ئاشتی ـ ئاوەدانکردنەوە)

«لاوانی کورد شورەی پۆڵاینن بۆ پاراستنی کوردستان»

(بارزانی نەمر)

«هیـوادارم، یەکێتـی لاوانـی دیموکراتـی کوردسـتان، ئومێـد و هیـوای کـورد و کوردسـتان و سـەرچاوەی هەمـوو وزە و توانایـەك، وەك هەمیشـە لـە سـەنگەری پێشـەوەی خەباتـدا بێ »

**(مەسعود بارزانی)**

## پرۆگرام

ناوی یەکێتی:

یەکێتـی لاوانـی دیموکراتـی کوردسـتان ـ عێـراق. کـە بـە پیتەکانـی (ی. ل. د. ك. ع) هێـمای بـۆ دەکـرێ، ڕێکخراوێکـی جەمـاوەری کۆمەڵایەتـی نەتەوەیـی دیموکراتییـە، لـە یەکگرتنـی ئـەو کـچ و کـوڕە لاوانـە پێکهاتـووە کـە باوەڕیـان بـە پرۆگـرام و پەیـڕەوی ناوخـۆی هێنـاوە و تێدەکۆشـن بـۆ بەدیهێنانـی ئامانجەکانـی یەکێتـی لـە چوارچێـوەی ڕێکخراوەکەیـدا و بەپێـی سیاسـەتی یەکێتـی و بڕیارەکانـی دەزگا سـەرکردەییەکانی.

١- یەکێتـی بـۆ بەدیهێنانـی ئامانجەکانـی لاوانـی کوردسـتان بـە تایبەتـی و ئامانجەکانـی لاوانـی عێـراق بـە گشـتی تێدەکۆشـێ.

٢- یەکێتـی لـە هەرێمـی کوردسـتان و ناوچەکانـی تـری عێراقـدا کاروبـاری خـۆی بەڕێـوە دەبـات و بـۆی هەیـە لـە دەرەوەشـدا لـق بکاتـەوە.

٣- یەکێتـی لـە ڕیزەکانـی خۆیـدا لاوانـی سـەر بـە چیـن و کـەرت و دەسـتەی کۆمەڵایەتـی جۆراوجـۆر دەگرێتـە خۆ.

**ئامانجە نیشتمانی  و نەتەوەییەکانی یەکێتی:**

١- یەکێتــی بــاوەڕی بــە مافــی چارەنووســی نەتــەوەی کــوردی بــە ئاشــکرا هەیــە و پشــتگیری خەباتــی دەکا دژی ڕژێمــە دیکتاتــۆری و شــۆڤێنیزمەکان.

٢- بەهێزکردنی پەیوەندی برایانە و هاوکاری لەگەڵ ڕێکخراوەکانی لاوانی کوردستان.

٣- داڵــدان و کۆمەککردنــی ئاوارەکانــی هەمــوو پارچەکانــی کوردســتان و دەرەوەی کوردســتان کــە بــە هــۆی خەباتــی سیاســییەوە لەلایــەن ڕژێمــە ڕەگەزپەرســت و دیکتاتۆرەکانــەوە ڕاو  دەنرێــن.

٤- پشــتگیریکردنی پەرلەمــان و حکومەتــی هەرێمــی کوردســتان و بــەرەی کوردســتانی عێــراق و هاوکاریکردنــی کۆنگــرەی نیشــتمانی عێراقــی یەکگرتــوو(I .N .C) لــە پێنــاو عێراقێکــی دیموکراتــی پەرلەمانــی فیــدراڵ کــە بــاوەڕی بــە فــرە سیاســەت هەبــێ و بــە شــێوەیەکی دیموکراتییانــە بــەکاری بێنــێ لەســەر بناغــەی ئــازادی و مافــی مــرۆڤ و یەکســانی گشــتی لــە بەرانبــەر یاســادا و مافــی چارەنووســی گەلــی کوردســتان و مافــی ڕەوای کەمــە نەتەوایەتییــەکان زامــن بــکات، بــۆ بەدیهێنانــی گۆڕانــکاری لــە هەمــوو بوارەکانــی ژیانــدا.

٥- هەوڵــدان بــۆ قوڵکــردن و پاراســتنی تێکۆشــانی برایانــەی کــورد و عــەرەب و کەمایەتییــەکان کــە زامنــی ســەرەکی ســەرکەوتنی مەســەلەی ئاشــتی و ئــازادی و دیموکراتییــە.

٦- پشتبەســتن بــە کادیــری لاوی دڵســۆز و لێهاتــوو و خــاوەن ڕابــردووی پــاك و بێگــەرد لــە بەڕێوەبردنــی کاروبــاری حکومەتــی هەرێمــی کوردســتاندا.

٧- پەرەپێدانــی توانــای بەرگــری جەنگیــی ســەر بــە لەشــکری شۆڕشــگێڕی یەکگرتــووی کوردســتان بــۆ بەرگریکــردن و پاراســتنی خاکــی هەرێــم و دەســتکەوتەکانی جەمــاوەری کوردســتان و گەلەکــەی.

٨- کەمکردنەوەی خزمەتی سەربازی و دیاریکردنی بەپێی بڕوانامەی خوێندن.

٩- خەبــات دەکەیــن لــە پێنــاو چەکدارکردنــی لاوان بــە بیروبــاوەڕ و کەلەپــووری بارزانــی نەمــر و تاقیکردنــەوە ســەرکەوتووەکانی شۆڕشــی ئەیلوولــی مــەزن و

گوڵانــی نیشــتمانی پێشــکەوتنخواز.

١٠- چاککردنـەوەی بـاری ئابـووری بـە پەیڕەوکردنـی سیاسـەتێکی ئەوتـۆ کـە هـەوڵ بـدات گەلەکەمـان پشـت بـە توانـای خـۆی ببەسـتێ و داهاتـی کوردسـتان بـەکار بهێنـێ و تەنیـا چـاو نەبڕێتـە یارمەتـی حکومـەت و ڕێکخـراوە مرۆڤدۆسـت و خێرخـوازەکان.

١١- قوڵکردنــی هاوخەباتــی و تێکۆشــان لەگــەڵ ڕێکخــراوە پیشــەیی و دیموکراتییەکانــی کوردســتان، وەك قوتابیــان و ئافرەتــان و مامۆســتایان و تــەواوی ڕێکخــراوە جەماوەرییەکانــی تــر.

١٢- هەوڵـدان بـۆ هێنانـەوەی ئـاوارەکان لـە وڵاتانـی جیهـان و گەڕانـەوەی ئەوانـەی کـە بـە هـۆی تاڕەوانـە دوژمنکارییەکانـی ڕژێمـەوە لـە دەرەوەی هەرێمـی کوردسـتاندان.

١٣- داوای ئاشــکراکردنی چارەنووســی هــەزاران لاوی گەلەکەمــان دەکەیــن کــە بوونەتــە قوربانـی تاوانەکانـی ڕژێـم و تـا ئێسـتا چارەنووسـیان نادیـارە.

١٤- دابینکردنــی ژیانــی لاوە پەککەوتــەکان و ســووککردنی باریــان کــە لەلایــەن ڕژێمــی دیکتاتـۆرەوە سـەخت و ئاڵـۆز کـراوە.

١٥- خستنەکاری توانای لاوان بۆ ئاوەدانکردنەوە و پەرەپێدانی کوردستان.

١٦- هاندانی لاوان بۆ بایەخدان و پاراستنی ژینگەی کوردستان.

**لەسەر ئاستی جیهانی و مەسەلەی تێکۆشانی گەلان:**

١- تێکۆشان دژ بە جەنگی دوژمنکاری.

٢- تێکۆشان دژی دەستبەسەرداگرتن و داگیرکردن و بەخۆڵکاندن.

٣- یارمەتیــدان و پاڵپشــتیکردنی جووڵانــەوەی گەلانــی چەوســاوە لــە پێنــاو مافــی چارەنــووس.

٤- پشتگیریکردنی خەباتی گەلان لە پێناو دیموکراتی و ئاشتی جیهانی.

٥- لە ناوبردنی بیروڕا و بۆچوونی کۆسمۆپولێتی و ڕەگەزپەرستی و ستەمکاری.

٦- بەهێزکردنــی پەیوەنــدی دۆســتانە و هاوکاریکــردن لەگــەڵ ڕێکخراوەکانــی لاوان و

قوتابیـان لـە جیهانـدا، بـە بەسـەرکردنەوە و ئاڵوگۆڕکردنـی تاقیکردنـەوەی کاریگـەری هاوبـەش لـە کۆبوونـەوە و چالاکـی فێسـتیڤاڵی جیهانـی لاوانـدا.

٧- ڕاوەستان بە توندی دژی تۆقاندنی نێودەوڵەتی و ڕێزگرتن لە مافی مرۆڤ.

٨- چارەسـەرکردنی گیروگرفتەکانـی نێودەوڵەتـی و هەرێمایەتـی بـە ڕێگـەی لێدوانـی ئاشـتییانە و بەکارنەهێنانـی زەبروزەنـگ و جێبەجێکردنـی بڕیارەکانـی نەتـەوە یەکگرتـووەکان.

٩- هەوڵدان بۆ قەدەغەکردن و لەناوبردنی چەکی کۆمەڵکوژ.

١٠- هەوڵدان بۆ ئەوەی یەکێتییەکەمان ببێتە ئەندام لە یەکێتی لاوانی جیهان.

١١- بەهێزکردنـی پەیوەنـدی و دۆسـتایەتی و هـاوکاری لەگـەڵ گشـت ڕێکخراوەکانـی نێونەتەوەیـی لـە جیهانـدا.

**لەسەر ئاستی کۆمەڵایەتی و لاوان:**

١- قەڵاچۆکردنی هەژاری و نەزانین و نەخۆشی.

٢- پشتگیریکردنی ماف و داواکانی لاوانی کوردستان بە تایبەتی و عێراق بە گشتی.

٣- فراوانکـردن و بڵاوکردنـەوەی فێربـوون و زانیـاری و ڕۆشـنبیری گشـتی لـە نێـو کۆمەڵگای کوردسـتانیدا و هەوڵـدان بـۆ لەناوبردنـی نەخوێنـدەواری.

٤- هاندانـی بزوتنـەوەی وەرزشـی و هونـەری و کردنـەوەی خـول و بەرگریکـردن لـە مافـی وەرزشـکار و هونەرمەنـدان و دابینکردنـی کەلوپـەل و یاریگـە و ڕاهێنـەری بەتوانـا.

٥- قەڵاچۆکردنـی بێـکاری لـە نێـو لاوان بـە تایبەتـی لـە نێـو دەرچووەکانـدا و دامەزراندنـی نووسـینگەی کار بـۆ ڕەخسـاندنی هەلـی کارکـردن.

٦- دژایەتی دواکەوتن و تێکۆشان لە پێناو ڕزگاری و یەکسانی ئافرەت.

٧- قەڵاچۆکـردن و پاکسـازی شـوێنەوارەکانی ڕژێمـی دیکتاتـۆری لـە نەخۆشـی و دیـاردە ناپەسـەندەکان کـە بـۆ لەڕێگەلادانـی لاوانـی کوردسـتان چاندوویەتـی.

٨- کردنـەوەی یانـە و مەڵبەنـدی ڕۆشـنبیری لاوان و پترکردنـی دیـدار و کـۆڕ بـۆ ئـەوەی

ئاستی ڕۆشنبیرییان بەرزببێتەوە.

٩- بڵاوکردنەوە و پەخشکردنی بابەتی بەسود لە دامودەزگای ڕاگەیاندن، بینراو چ بیستراو(تەلەڤیزیۆن و ڕادیۆ) چ خوێندنەوە بە شێوەیەك کە خزمەتی قۆناغی ئەمڕۆ بکات و پەردە لەسەر نیازی ڕژێم لابدات کە دژ بە لاوانی کوردستان دەیکا.

١٠- پەروەردەکردنی لاوی کورد لەسەر بیروباوەڕی دیموکراتییانە و ڕێزگرتنی مافی مرۆڤ و سەربەستییەکاندا.

١١- بایەخدان بە پەروەردەکردنی لاوانی دوارۆژ، بە دابینکردنی هەموو جۆرە دەرفەتێك بۆ نەشونما و پەرەپێدانی بەهرەکانیان.

١٢- کردنەوەی پەرتوکخانەی گشتی لە تەواوی شار و شارۆچکەکانی کوردستان و دەوڵەمەندکردنیان بە پەرتوك و چاپەمەنی بەسوود.

١٣- بڵاوکردنەوەی پەرتوك وناملکەی تایبەت و بەکەڵك، تایبەت بە لاوان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانیان.

١٤- لەکارخستنی ئەو یاسا و بڕیارە چەوتانەی ڕژێم کە دەری کردبوون دژی بەرژەوەندی جەماوەری گەلی کوردستان بە گشتی و لاوان بە تایبەتی.

١٥- قەڵاچۆکردنی دواکەوتن و نەریتی دواکەوتوو شەڕ لە کۆمەڵگای کوردستان و هەوڵدان بۆ چارەسەرکردنی گیروگرفتەکانی لاوانی کوردستان لە بواری کۆمەڵایەتیدا، وەك ژنهێنان و دژایەتی نەریتە ناشیرینەکان، وەك نەختی قورس و ژنبەژنی و مارەبڕینی ساوا و کچ فرۆشتن.

# پەیڕەوی ناوخۆ

## بەشــی یــەکــەم

## ئەندامێتی یەکێتی

**بەندی یەکەم:**

**مەرجەکانی ئەندامێتی:**

هەر کەسێ ئەم مەرجانەی خوارەوەی تێدا بەدی بێت لە یەکێتی وەردەگیرێت:

أ. خاوەن ڕەوشت و ناوبانگی چاك بێت و بە ڕاستگۆیی ناسراو بێ.

ب. بـڕوای تـەواوی بـە پرۆگـرام و پەیـڕەوی ناوخـۆی یەکێتـی هەبێـت و بـۆ جێبەجێکردنیان تێ بکۆشـی.

ت. لە یەکێك لە بنکەکانی یەکێتیدا ڕێکخراو بێت.

ث. کورد بێت یان نیشتەجێ کوردستانی عێراق بێت.

ج. تەمەنی لە (١٣) ساڵ کەمتر نەبێت و لە (٣٥) ساڵیش زیاتر نەبێت.

ح. ئابوونـەی مانگانــە بــدات بەپێــی توانــای داراییەکــەی و لێژنــەی ڕاپەڕانــدن بــۆی هەیــە لــە کاتــی پێویســتدا ڕێژەکــەی دەستنیشــان بــکات.

**بەندی دووەم:**

**وەرگرتن لە یەکێتی:**

أ. داواکردنــی هاتنەڕیــزەوە بــە نووســین پێشــکەش دەکــرێ و لەلایــەن دوو ئەندامــی یەکێتییــەوە لایەنگیری(تزکیــە) بکرێــت.

ب. دوای هاتنەڕیــز، بــە ماوەیەکــی پاڵێــوراودا تێپــەڕ دەبێــت کــە لــە (٦) مانــگ کەمــتر نەبێــت، لێژنــە ســەرکردەییەکان لــە دوای بەســەرچوونی مــاوەی پاڵێوراوییەکــەی ســەرڕەنج دەدەنــە ڕادەی بەکەڵکهاتنــی بــۆ ئــەوەی شــەرەفی ئەندامێتــی لــە یەکێتــی پــێ بــدرێ.

ت. ئەندامێتــی پاڵێــوراوان لەلایــەن لێژنــەی ڕاپەڕاندنــی یەکێتییــەوە یــا لەلایــەن ئــەو

لایەنــەی لێژنــەی ڕاپەڕانــدن دیاریــان دەکات، دەدرێ.

**بەندی سێیەم:**

**مافی ئەندامی یەکێتی:**

أ. هەمــوو ئەندامــان مافــی ئەوەیــان هەیــە ڕای خۆیــان دەرببــڕن و بیــروڕا و ڕەخنــە و پێشــنیارەکانیان نیشــان بــدەن لــە ڕێــی ڕاپۆرتــە دەورییەکانــەوە و یــا کۆبوونەوەکانــی ڕێکخســتن دەربــارەی گشــت هەڵســوکەوت و چالاکییەکانــی یەکێتــی.

ب. ئەندامی یەکێتی مافی دەنگدان و خۆهەڵبژاردنی هەیە.

ت. ئەندام مافی ئەوەی هەیە داوای یارمەتی بکات لە کاتی پێویستدا.

ث. هــەر ئەندامێــك لــە ئەندامانــی یەکێتــی کاری دیســپلینی دەرهــەق وەرگیرابــێ بــۆی هەیــە بــەو کارە نــاڕازی بێــت و داوای لێکۆڵینــەوە لــە کێشــەکەی بــکات و بخرێتــە بــەردەم دەزگا ســەرکردایەتییەکانەوە.

ج. ئەگــەر لێژنــەی ڕاپەڕانــدن چالاکییەکــی بــۆ ئەندامێــك یــان پاڵێوراوێــك دەستنیشــان کــرد و جێبەجــێ کــرد خــەڵات دەکرێــت بــە دیــاری (مەدالیــای لاوان) لەلایــەن لێژنــەی ڕاپەڕانــدن یــا ئــەو لایەنانــەی کــە دیــاری دەکات.

ح. پاڵێوراو گشت مافێکی ئەندامێتی هەیە جگە لە مافی خۆهەڵبژاردن و دەنگدان.

**بەندی چوارەم:**

**ئەرکەکانی ئەندامی یەکێتی:**

أ. ڕاپەڕاندنــی هەمــوو فەرمانەکانــی لێژنــە ســەرکردەییەکانی یەکێتــی لەســەر بناغــەی ناوەنــدی دیموکراتــی.

ب. بڵاوکردنــەوەی بیــری نەتەوەیــی و دیموکراتــی و مرۆڤایەتــی لــە نــاو ڕیزەکانــی لاوانــدا.

ت. تێکۆشــان بــۆ بەرزکردنــەوەی ئاســتی تیــۆری زانســتی و ڕامیــاری و زانســتی کۆ مە ڵا یە تــی .

ث. دووركەوتنـەوە لـە گشـت ئـەو دژوارییانـەی بەرپەرچـی سروشـتی یەكێتـی دەبێتـەوە و گشـت ئـەو زیانمەندانـەی كـە لـە ناوبانگییەكـەی دەكـەن یـان زیـان بـە دەزگا و ڕێكخراوەكانــی دەبەخشــێت.

ج. پتەوكردنــی پەیوەندییــەكان لەگــەڵ جەمــاوەری كوردســتاندا و هەوڵــی یارمەتیدانــی پێویســت بۆیــان لــە بوارەكانــی ئابــووری و ڕامیــاری و كۆمەڵایەتــی و مرۆڤایەتیــدا.

ح. ئەندامــی یەكێتــی پێویســتە كۆشــش بــكات بــۆ ئــەوەی ببێتــە پێشــەنگ بــۆ لاوانــی تــر لــەڕووی خۆبەختكــردن و خۆنەویســتی و دەســتپاكی و قوربانیــدان.

## بەشــی دووەم

**بەندی پێنجەم:**

**سزاكانی ڕێكخستن:**

هــەر ئەندامێــك یــا پاڵێوراوێــك لــە پەیــڕەوی ناوخــۆ و پڕۆگرامــی یەكێتــی لا بــدات یــا ســەرپێچی لــێ بــكات یــان دژی بەرژەوەنــدی بزاڤــی ڕزگاریخــوازی كوردســتان بوەســتێت، ئــەوە دووچــاری ئــەم ســزایانەی خــوارەوە دەبێــت :

أ. ئاگاداركردنەوە.

ب. سەرنجڕاكێشان بە نووسین.

ت. سەرزەنشتكردنی توند(توبیخ شدید).

ث. لێوەرگرتنەوەی پلەی لێپرسراوێتی.

ج. وەستاندن(التجمید).

ح. دەركردن(الطرد).

**بەندی شەشەم:**

أ. ئەگــەر هــەر ئەندامێــك لــە ئابوونــەدان بــۆ مــاوەی (٣) مانــگ لەســەر یــەك دوا

بکەوێـت، بەبـێ هـۆی وا یـا لـە (٣) کۆبوونـەوەی لـە دوای یـەك دوا بکەوێـت، ڕێکخـراو یـا ئـەو لێژنەیـە بـۆی هەیـە داوا لـە دەزگاکانـی سـەرووتر بـکات سـزا بدرێـت.

ب. لێژنـەی لـق بـۆی هەیـە لـە پـاش هەڵسـەنگاندنی بارودۆخـی گشـتی یەکێـك لـەو سـزایانەی لـە بەنـدی (٥)دا هاتـووە دەرهـەق بـە هـەر ئەندامێکـی سـەرپێچکەر وەربگرێـت جگـە لـە بڕگـەی (و) لـە بەنـدی (٥) و دەزگاکانـی سـەرووتر لـەوە ئـاگادار بکاتـەوە.

ت. دەشـێ مەکتەبـی سـکرتاریەت بـە تەواوەتـی هەڵیوەشـێنێتەوە، سـووك یـا توندتـری بـکات، ئەگـەر بینـی سـزاکە گونجاوتـر نییـە.

ث. دەرکردنـی ئەندامانـی سـەرپێچیکەر لـە ڕیزەکانـی یەکێتیـدا، بـە بڕیـاری لێژنـەی راپەرانـدن دەبـێ کـە بـە تاکەلایەنـی دەسـەڵاتدار دەژمێردرێـت بـۆ دەرهێنانـی ئـەم بڕیـارە، هەروەهـا دەتوانـێ ئـەم مافـە بـدات بـە هـەر دەزگا یـا لێژنەیەکـی ڕێکخسـتن.

**بەندی حەوتەم:**

أ. ئەگـەر هاتـوو مەکتەبـی سـکرتاریەت بینـی یەکـێ لـە ئەندامانـی یـا ئەندامـە یەدەگەکانی(الاعضـاء الاحتیـاط) شـایانی دەرکردنـە لـە ئەندامێتـی مەکتـەب یـا یەکێتـی، ئـەوا بـۆی هەیـە ئەندامێتییەکـەی هەڵواسـێت هەتـا کاتـی کۆبوونـەوەی داهاتـووی لێژنـەی ڕاپەڕانـدن، کێشـەکەی بدرێتـە کۆبوونەوەکـە بـۆ ئـەوەی لـەم بارەیـەوە بڕیـاری کۆتایـی لەسـەر بدرێـت.

ب. دەرکردنـی ئەندامانـی لێژنـەی ڕاپەڕانـدن یـا ئەندامـە جێگرەکانـی لـە ئەندامەتـی یەکێتـی، دەسـەڵاتی کۆبوونـەوەی فراوانـی لێژنـەی ڕاپەڕاندنـە.

ت. لـە هـەر دوو ئـەو حاڵەتانـەی لـە سـەرەوە هاتـوون پێویسـتە پـاش پەسـەندکردنی (دوو لـە سـێ)ی ئەندامانـی لێژنـەی ڕاپەڕانـدن بڕیارەکـە دەرچێـت.

## بەشـــی سێیەم

## بناغەکانی ڕێکخستنی یەکێتی

**بەندی هەشتەم:**

دروســـتبوونی ڕێکخســـتنی یەکێتـــی لەســـەر بناغەکانـــی ناوەندێتـــی دیموکراتـــی بنجـــی بەســـتووە کـــە ئەمانـــەن:

أ. هەڵبژاردنی گشت دەزگا سەرکردەییەکانی یەکێتی بە نهێنی دەکرێت.

ب. دەزگاکانی خوارەوە بڕیارەکانی لێژنەکانی سەرووتر ئەنجام دەدەن.

ت. گشـــت دەزگا و لێژنـــە جۆربەجۆرەکانـــی یەکێتـــی ڕاپۆرتـــی خولـــی پێشـــکەش بـــە دەزگاکانـــی ســـەرووتر دەکـــەن ســـەبارەت بـــە چالاکییەکانیـــان و تیـــادا پێشـــنیار و پرســـیارەکانیان دەخەنـــە ڕوو، هەروەهـــا دەزگا ســـەرکردەییەکان، لـــە چالاکییەکانـــی خۆیـــان ئـــەو دەزگایانـــەی پێـــوە بەســـتراون ئـــاگادار دەکـــەن بـــە هـــۆی دەرهێنانـــی بڵاوکـــراوە خولییـــەکان.

ث. دیســـپلینی ڕێکخســـتنی گشـــت پلـــەکان دەگرێتـــەوە هەروەهـــا جێبەجێکردنـــی بڕیارەکانـــی یەکێتـــی و ملکەچبوونـــی کەمایەتـــی بـــۆ زۆرینەیـــە.

**بەندی نۆیەم:**

گشـــت دامەزراوەکانـــی ڕێکخســـتنی یەکێتـــی بـــەم بناغـــە و بیروباوەڕانـــەی خـــوارەوە بەســـتراون:

أ. دەزگاکان بەپێـــی جێـــگای کارکـــردن، خوێنـــدن، نیشـــتەجێبوون و ڕێکخســـتنەکانی ناحیـــە و قـــەزا و لێژنـــەی ناوچـــە و لـــق پێـــك دێنـــن.

ب. ســـنووری چالاکـــی هـــەر دەزگایـــەك لـــەو دەزگایانـــەی لـــە ســـەرەوە هاتـــوون لەلایـــەن لێژنـــە ســـەرکردەییەکانەوە، دیـــاری دەکرێـــت.

ت. دەشـــێ دەزگای تـــر دابمەزرێـــت ئەگـــەر پێویســـتی بـــەوە هەبـــوو، ئـــەوەش لەســـەر پێشـــنیازی لێژنـــەی لـــق و پەســـەندکردنی لێژنـــەی ڕاپەڕانـــدن دەبێـــت.

**بەندی دەیەم:**

أ. ئاراستەکردنی چوست و چالاکییەکانی سەرووتر بە پێی زنجیرەکانی ڕێکخستن دەبێت، جێگای کارکردن، خوێندن، نیشتەجێبوون، ڕێکخستنی شار، لێژنەی ناوچە و لێژنەی لق دەبێت.

ب. سەرەتای سەرکردایەتی بە کۆمەڵ لەگەڵ ڕەچاوکردنی لێپرسراویەتی تاکە کەس بناغەی کارکردنی دەزگا سەرکردەییەکانە، دوورکەوتنەوەش پێویستە لە بەکارهێنانی شێوەکانی بەڕێوەبردن، حەز لە گەورەیی خەباتکردن و تێکۆشان بۆ زاڵبوون بەسەر ئەو هەموو کەموکورییانەی لە کارکردندا هەن، لە ڕێگای بەکارهێنان و پەیڕەویکردنی سەرەتای ڕەخنە و ڕەخنەلەخۆگرتن و ڕێکخستنی کارکردن لەسەر شێوەی کارکردن و شێوەی پرۆگرامدانان و نەخشەکێشانەوە.

ت. دەزگا جۆربەجۆرەکانی یەکێتی دەبێ بەیناوبەین کۆبوونەوە و سیمیناری دەوری ڕێك بخەن بۆ دۆزینەوەی کەموکورییەکانی کارکردن و دیراسەکردنی شێوەی زاڵبوون بە سەریاندا، ڕێکخستن و گەشەکردن بە چالاکییەکانی، دەزگا جۆربەجۆرەکانی یەکێتی و ئەندامەکانی بە مەرجێ ڕێکخستنی سیمینارەکان و داوای ڕاگرتنی دەزگاکانی خوارەوە بکات کە پەیوەندییان بە بابەتەکەوە هەیە.

## بەشی چوارەم

## هەیکەلی ڕێکخستنی یەکێتی و دەزگا سەرکردەییەکانی

**بەندی یازدەهەم:**

أ. ڕێکخراو بەردی بناغەیە لە ڕێکخستنی یەکێتیدا، لەوێشەوە گشت دەزگاکان پێی دەگەن، دەزگا و لێژنە جۆربەجۆرەکانی یەکێتی و ڕەوایەتی ڕێکخستن (الشرعیە التنظیمیة) لەو ڕێکخراوانەی پێوەی بەستراون وەردەگیرێت.

ب. دوای وەرگرتنی ڕەزامەندی لێژنەی ناوچە، دامەزراندنی ڕێکخراوەکان بەپێی جێگای کارکردن، خوێندن و نیشتەجێبوون دەبێت.

ت. ڕێکخراوەکان لە ئەندامانی ناوچەی نیشتەجێبوونیان پێك دێت.

ث. لێژنـــەی ڕێکخـــراو لـــە (٥ بـــۆ ٧) ئەنـــدام پێـــك دێـــت و بـــۆ مـــاوەی ســـاڵێك هە ڵد ە بژ ێرد ر ێـــن .

**بەندی دوازدەهەم:**

**ئەرکەکانی ڕێکخراو:**

ڕێکخراو لە چوارچێوەی کارکردندا ئەم ئەرکانەی لەسەرە:

أ. ڕێکخـراو ئەڵقەیەکـی گەیەنـەری بنەڕەتییـە لـە نێـوان دەزگا سـەرکردایەتییەکانی یەکێتـی بـە ئەندامانـی یەکێتییـەوە لـە نێـوان یەکێتـی لاوانـی دیموکراتـی کوردسـتان و جەمـاوەری گەلـی کوردسـتان، بۆیـە پلـەی بنەڕەتی ئەرکـی ئاراسـتە و ئامادەکردنی لاوان لـە ڕۆیشـتن لەسـەر ڕێبـازی هێنانـەدی ئامانجـە ڕەواکانیـان کەوتووەتـە ئەسـتۆ، ئەوەش بـە هوشـیارکردنەوەیان لـە ئامانجەکانـی مێژوویـی بزاڤـی ڕزگاریخـوازی کـورد.

ب. ڕاکێشـــانی ئەندامانـــی نـــوێ بـــۆ نـــاو ڕیزەکانـــی یەکێتـــی لەگـــەڵ ڕەچاوکردنـــی ســـەرەتای سەرخســـتنی چۆنیەتـــی بەســـەر چەندایەتییـــەوە.

ت. ڕێکخـراو هەڵدەسـتێ بـە کۆکردنـەوەی ئابوونـەی ئەندامێتـی و فرۆشـتنی بڵاوکـراوە و چاپەمەنییەکانـــی یەکێتـــی و هەوڵـــدان بـــۆ دۆزینـــەوەی ســـەرچاوەکانی دارایـــی یەکێتـــی بـــە ڕێـــگای پیتاك(تبرعـــات) و پـــڕۆژە دەرامەتییەکانـــی تـــر کـــە یەکێتـــی پێـــی هەڵدەســـتێت و سەرپەرشـــتی لـــێ دەکات.

ث. پێویســـتە ڕێکخـــراو هەمیشـــە هـــەوڵ بـــدات بـــۆ بەرزکردنـــەوەی ئاســـتی زانیـــاری و ڕامیـــاری ئەندامەکانـــی و تێکۆشـــان بـــۆ گەشـــەکردن و دەوڵەمەندکردنـــی تاقیکردنـــەوە زانســـتییەکانی خەباتکـــردن.

**بەندی سێزدەهەم:**

**لێژنەی ناوچە:**

لێژنـــە ناوچەییەکانـــی یەکێتـــی بەرزتریـــن دەزگای یەکێتیـــن لـــە ناحیـــە، قـــەزا و مەڵبەنـــدی پارێـــزگا گەورەتریـــن شـــاری چالاکییەتـــی.

چالاکییەکانی یەکێتی لە نێوان دوو کۆنفرانسدا، بەم شێوەیەی خوارەوە دەبێ:

أ. بەپێی پێویستی لێژنە ناوچەکان لە مەڵبەندی پارێزگا، قەزا، ناحیە و گوندەکان دادەمەزرێت مەبەستیش لە پێکهێنانیان ئاراستەکردنی لێژنە بنچینەییەکانە بە شێوەیەکی باشتر.

ب. پەیوەندی هەر یەکە لە لێژنەی ناوچەکان لە سنووری هەر لقێکدا بە لقەوە دەبێت، ئەو لقەی کە لە سەرجەم لێژنە ناوچەکانی سنووری پارێزگاکە پێک دێت.

**لق:**

أ. بارەگای لق لە ناوەندی پارێزگا یان گەورەترین شاری چالاکی دەبێت و لێپرسراوی لقیش دەبێ ئەندامی لێژنەی ڕاپەڕاندن بێت.

ب. ئەندامانی لێژنەی لق لەلایەن کۆنفرانسی ناوچەوە هەڵدەبژێردرێن، ژمارە و مەرج و بنچینەی هەڵبژاردنەکانیش لەلایەن لێژنەی ڕاپەڕاندنەوە دیاری دەکرێت کە لە (٥ بۆ ٧) ئەندام پێک دێت.

ت. هەموو لێپرساوی لێژنە ناوچەکان پلەی ئەندامێتی لقیان هەیە.

**بەندی چواردەهەم:**

**کۆنفرانسی خۆجێیەتی:**

أ. بەرزترین دەزگای ڕێکخستنە لە ناوچەکە کە لە ئەندامە هەڵبژێردراوەکان پێک دێت کە لەلایەن ڕێکخراوە بنچینەییەکانەوە هەڵبژێردراون دوای ڕەزامەندی دەزگا سەرکردەییەکانی سەرووتر.

ب. کۆنفرانس ساڵی جارێک دەبەسترێت و دەشێ بە شێوەیەکی نائاسایشەوە ئەوە بکرێ، لەسەر داوای (٣/٢)ی ئەندامانی یەکێتی لە سنووری کارکردنی ناوچەکەدا.

ت. ئەرکەکانی کۆنفرانسی ناوچەکان ئەمانەن :

١- گوێگرتن و لێکوڵینەوە لەسەر ڕاپۆرتەکانی لێژنە ناوچەکان.

٢- دەرهێنانی بڕیار و ڕاسپاردەی پێویست سەبارەت بە چالاکییەکانی داهاتووی

ئـەو دەزگایانـەی پێـوەی بەسـتراوەن و دانانـی پلانـی کارکردن(خطـط العمـل) بـۆ مـاوەی داهاتـوو و جێبەجێکردنیـان، پـاش ڕەزامەنـدی مەکتەبـی سـکرتاریەت.

٣- هەڵبژاردنی ئەندامانی لێژنە ناوچەییەکانی یان لێژنەی لق.

٤- هەڵبژاردنی نوێنەرانی کۆنفرانسی دەزگای بەرزتر بۆ کۆنگرە.

**بەندی پازدەهەم:**

کۆنفرانسی گشتی:

أ. کۆنفرانسـی گشـتی لـە کاتێـك کـە نەتوانـرا کۆنگـرە ببەسـترێت یـا لەسـەر داوای (٣/٢)ی، ئەندامـان یـا (٣/٢)ی ئەندامانـی لێژنـەی ڕاپەڕانـدن دێتـە بەسـتن.

ب. کۆنفرانسی گشتی لە مانەی خوارەوە پێك دێت :

١- ئەندامانی لێژنەی ڕاپەڕاندن و جێگرەکانی.

٢- نوێنەرانی کۆنفرانسە ناوچەییەکان.

٣- ئەندامانی پێشکەوتووی یەکێتی.

**کۆنفرانسی گشتی دەسەڵاتی کۆنگرەی هەیە، بێجگە لە:**

١- دەستکاریکردن لە پەیڕەوە و پڕۆگرامی ناوخۆ.

٢- گۆڕینی دروشم(ئارم)ی یەکێتی.

٣- گۆڕینی زیاتر لە نیوەی ئەندامانی لێژنەی ڕاپەڕاندن.

**بەندی شانزدەهەم:**

**کۆنگرە:**

کۆنگـرە بەرزتریـن دەسـەڵاتە لـە یەکێتـی لاوانـی دیموکراتـی کوردسـتان، کـە لـە نوێنەرانـی هەڵبژێـردراوی کۆنفرانسـەکانی لقـەکان پێـك دێـت و بـە سـێ سـاڵ جارێـك دەبەسـترێت، یـا بـە شـێوەیەکی نائاسـایی ئەگـەر زیاتـر لـە (٣/٢)ی ئەندامانـی یەکێتـی یـا (٣/٢)ی ئەندامانـی لێژنـەی ڕاپەڕانـدن ئـەوەی بـە پێویسـت زانـی.

**ئەركەكانی كۆنگره ئەمانەن:**

أ. گوێگرتن له ڕاپۆرتی لێژنەی ڕاپەڕاندن و لێكۆڵینەوەی چالاكییەكان.

ب. مەرجــی پێویســت بــۆ ئەندامەتــی لێژنــەی ڕاپەڕانــدن ئەوەیــە دەبــێ (٣) ســاڵ وەرگرتنــی ئەندامێتــی لــە یەكێتیــدا تێپــەڕ بووبێــت، هەروەهــا ســەبارەت بــە ئەندامــە یەدەگەكانــی لێژنــەش.

ت. لێژنــە بــە لایەنــی كەمــەوە لــە ســاڵێكدا دوو كۆبوونــەوەی فــراوان دەبەســتێت، واتــە هــەر (٦) مانــگ جارێــك.

ث. ئەگــەر شــوێنی ئەندامێكــی لێژنــە یــا شــوێنی ژمارەكەیــان بــە هــەر هۆیەكــەوە چــوڵ مایــەوە، لێژنــەی ڕاپەڕانــدن بــۆی هەیــە بــە زۆربــەی (٣/٢)ی دەنگــی ئەندامەكانــی كەســی شایســتە بــۆ پڕكردنــەوەی ئــەو بۆشــاییە هەڵبژێــرێ لــە نێــوان ئەندامانــی یەكێتــی.

ج. بــۆی هەیــە لــە بارودۆخــە نائاســاییەكاندا(الحالات الاســتثنائیة) هــەر ئەندامێــك لــە ئەندامانــی یەكێتــی هەڵبژێــرن بــە ئەنــدام لــە لێژنــەی ڕاپەڕانــدن یــان بــە زۆربــەی (٣/٢)ی دەنگــی ئەندامانــی دامەزرێنــێ.

لێژنــەی ڕاپەڕانــدن لــە (١٨) ئەنــدام و (٣) یــەدەگ پێــك دێــن كــە لــە كۆنگــرەدا ڕاســتەوخۆ هەڵدەبژێردرێــن.

**بەندی هەژدەهەم:**

**مەكتەبی سكرتاریەت:**

أ. لــە مــاوەی دوو كۆبوونــەوەی لێژنــەی ڕاپەڕانــدن مەكتەبــی ســكرتاریەت بــە ســەركردایەتیكردنی چالاكییەكانــی یەكێتــی و سەرپەرشــتیكردن و چاودێریكــردن و ڕاپەڕاندنــی بڕیارەكانــی لێژنــەی ڕاپەڕانــدن هەڵدەســتێ.

ب. ئەندامانــی مەكتەبــی ســكرتاریەت لــە نێــوان ئەندامانــی لێژنــەی ڕاپەڕانــدن هەڵدەبژێردرێــن، مەكتەبــی ســكرتاریەت لــە ســكرتێری یەكێتــی و چــوار ئەندامــی تــر پێــك دێــن.

**بەندی نوزدەهەم:**

**دارایی یەکێتی:**

أ. دارایی یەکێتی پێك دێت لە:

١- ئابوونەی مانگانەی ئەندامان.

٢- پیتاك (التبرعات).

٣- نرخی چاپەمەنی و بڵاوکراوەکانی یەکێتی.

٤- ئەو پڕۆژە بەرهەمهێنانەی کە یەکێتی پێی هەڵدەستێ.

**ب- چۆنیەتی خەرجکردنی دارایی یەکێتی:**

١- ئەو دەرماڵەی (مخصصات) کە مەکتەبی سکرتاریەت بڕیاری لەسەر دەدات.

٢- خەرجی بارەگاکانی یەکێتی و بوارەکانی تر.

٣- یارمەتیدانی پێویست بۆ کادیرە موتەفەریغەکان و ئەو ئەندامانەی کە بە هۆی نەخۆشبوون و پەککەوتن پێویستیان بە یارمەتی هەیە، ئەویش بە پێێ بڕیاری مەکتەبی سکرتاریەت دیاری دەکرێت.

٤- جموجوڵ و چالاکییە وەرزشی و هۆنەرییەکان کە یەکێتی پێی هەڵدەستێ.

٥- بۆ هاتوچۆی نوێنەرانی یەکێتی بە ئیشوکاری تایبەت بە یەکێتییەوە لە ناوەوە و دەرەوەی وڵاتدا.

## ڕاگەیەندراوی کۆتایی «کۆنگرەی ئازادی» ی یەکێتی قوتابیان و لاوانی دیموکراتی کوردستان ١٦-٢٠ی تشرینی یەکەمی ١٩٩٣

لەژێر سایەی پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان کە بەرهەمی خوێنی شەهیدانە و لە کوردستانێکی ئازاد کە ئاشتی و دیموکراتی تیادا چەسپاوە و بوار بۆ هەموو ڕێکخراوە جەماوەرییەکان ڕەخساوە بۆ ئەوەی بەردەوامی بە خەباتی خۆیان بدەن، یەکێتی قوتابیان و لاوانی دیموکراتی کوردستان لە هەولێری پایتەختی هەرێم لە ١٩٩٣/١٠/١٦ لەژێر دروشمی (زانست، ئاشتی، ئاوەدانکردنەوە) کۆنگرەی ئازادی بەست کە هەشتەمین کۆنگرەی یەکێتی قوتابیانی کوردستان و چوارەمین کۆنگرەی یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان و کۆنگرەی یەکگرتن بوو لە نێوان یەکێتی قوتابیان و لاوانی دیموکراتی کوردستان و خوێندکاران و لاوانی یەکگرتن و قوتابیان و لاوانی فەیلی و، (٧٩٣) حەوتسەد و نەوەد و سێ نوێنەر ئەندامانی کۆنگرە بوون و بەشدارییان تێدا کرد، جگە لە میوانێکی زۆر لە ئەندامانی پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان و لایەنەکانی ناوەوە و دەرەوەی بەرەی کوردستانی تێکۆشەر و پارتەکانی کوردستانی ئێران و تورکیا و ڕێکخراوەکانی قوتابیان و لاوانی کوردستان و عێراق و پارچەکانی تری کوردستان و جیهان و ڕێکخراوە خێرخوازەکانی جیهانی و مامۆستا بەڕێزەکان لە دامودەزگاکانی خوێندن و خێزانەکانی شەهیدانی قوتابیان و لاوان و کادیرانی کە لە سالانی پێشوودا بەشدارییان لە بزووتنەوەی قوتابیان و لاواندا کردبوو، هەروەها هێژا کاك مەسعود بارزانی سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان ـ یەکگرتوو ئامادە بوو لە ڕوانگەی بایەخدانی بە قوتابیان و لاوان.

کۆنگرە بە خولەکێك وەستان بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدانی بزووتنەوەی قوتابیان و لاوانی کوردستان و تەواوی شەهیدانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد و سەروەری شەهیدان دانەر و مامۆستای کوردایەتی و قوتابخانەکەمان بارزانیی نەمر دەستی پێ کرد. پاشان هۆڵی زەردی کۆنگرە دەڕەنگدانەوەی مارشی قوتابیانی بە خۆیەوە بینی کە لەلایەن تیپی شەهید سۆران سەر بە لقی سلێمانی پێشکەش کرا، ئینجا کۆنگرە لەلایەن هێژا کاك مەسعود بارزانی بە وتەیەکی بەنرخ کرایەوە

کـە بـە وتەیەکـی بارزانیـی نەمـر دەسـتی پـێ کـرد و فەرمـووی کـەس وەکـو بارزانـی باسـی قوتابیانـی نەکـردووە کـە دەڵـێ: «قوتابیـان سـەری ڕمـن لـە گشـت شـۆڕش و ڕاپەڕینێکـدا»، لـە دواییـدا میوانـان وتـە و پیرۆزباییـان ئاراسـتەی کۆنگـرە کـرد و خۆشـحاڵی خۆیـان دەربـڕی بەرامبـەر بـە کۆنگـرە و پشـتگیری خۆیـان بـۆی دەرخسـت و ئومێـدی سـەرکەوتنیان بـۆ خواسـت.

دانیشـتنی دووەم کـە داخـراو بـوو، ڕاپۆرتـی سیاسـی خوێندرایـەوە و لێژنـەی بەڕێوەبردنـی کاروبـاری کۆنگـرە هەڵبژێـردرا و دوابـەدوای لێژنەکانـی پەیـڕەو و پرۆگـرام و ڕێکخسـتن و دارایـی و پەیوەندییـەکان و ڕاگەیانـدن و سـکاڵا و بڕیـار و ڕاسـپاردەکان هەڵبژێـردران و لـە دانیشـتنەکانی دیکـەدا هەمـوو هەڤـاڵان بـە تێروتەسـەلی لەسـەر بابەتـەکان دوان و دەسـتیان خسـتە سـەر ئێـش و ئـازاری قوتابیـان و لاوانـی کوردسـتان و گەلـە سـتەمدیدەکەمان بـە شـێوەیەکی دیموکراتییانـە کۆمەڵـێ بڕیـار و ڕاسـپاردە وەرگیـران و زۆربەیـان بـە تێکـڕای دەنـگ بـوون و بـە چەپڵەڕێـزان قوتابیانـی بارزانیـی نەمـر، قوتابخانـەی کوردایەتـی و مەردایەتـی پێشـوازییان لـێ دەکـردن.

پـاش کۆتاییهاتـن بـە ڕاپۆرتـی لێژنـەکان و دەنگـدان لەسـەریان، تیپـی مۆسـیقای لقـی هەولێـر و لقـی دهـۆك ـ نەینـەوا چالاکییەکانـی خۆیـان پێشـکەش کـردن و لـە مـاوەی کۆنگـرەدا چەنـد پێشـانگا و جموجوڵـی وەرزشـی لەلایـەن لقـەکان پێشـکەش کـران.

کۆنگـرەی ئـازادی، خۆپێشـاندانێکی گـەورەی قوتابیـان و لاوانـی دیموکراتـی کوردسـتان بـوو کـە تاکـو ئێسـتا بـەم نگـە خاکـی کوردسـتان بەخۆیـەوە نەدیبـوو.

گرنگتریـن بڕیارەکانـی کۆنگـرە : لـە یەکـتر جیابوونـەوەی هـەردوو ڕێکخـراو بـوو (یەکێتـی قوتابیانـی کوردسـتان) و (یەکێتـی لاوانـی دیموکراتـی کوردسـتان) کـە لـە کۆنفرانسـی هاوبەشـی ئابـی ١٩٨٦ لەبـەر چەنـد هۆیەکـی خـودی و بابەتـی بووبـوون بـە یـەك ڕێکخـراو، ئەویـش (یەکێتـی قوتابیـان و لاوانـی دیموکراتـی کوردسـتان) بـوو، هەروەهـا گۆڕانگاریـی بنەڕەتـی لـە پرۆگـرام و پەیـڕەوی ناوخـۆی هـەردوو یەکێتیـدا کـرا و گەلـێ بڕیـار و ڕاسـپاردە دەرچـوون کـە لەگـەڵ ئـەم قۆناغـەدا دەگونجـێ و سیاسـەتی هـەردوو یەکێتـی بـەدەر دەخـات و داکۆکـی کـرا لـە پەرلەمـان و حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتان و پاراسـتنی یەکگرتـن و

یەکبوونــی ڕێکخراوەکانــی قوتابیــان و لاوانــی کوردســتان و پێکهێنانــی فیدراســیۆنێك لــە ئاســتی کوردســتان بــۆ گەیشــتن بــە ئامانجــە هاوبەشــەکانمان و خۆئامادەکــردن بــۆ هەڵبژاردنەکانــی سەرتاســەری کوردســتان و کێشــەکانی ئێســتای قوتابیــان و لاوان، هەروەهــا کۆنگــرە بــە تێکــڕای دەنــگ بڕیــاری دا کــە نوێنەرانــی کۆنگــرە ســەردانی گلکــۆی باوکــی کــورد بارزانیــی نەمــر و ڕێبــەری لاو ئیدریســی هەمیشــە زینــدوو بکــەن و پەیمانــی ئەمەکــداری نــوێ بکەنــەوە بــۆ ڕێبــازە پیرۆزەکەیــان.

لــە دوا دانیشــتندا دەســت کــرا بــە دەنگدانــی نهێنــی و بەپێــی ویســت و متمانــەی نوێنەرانــی کۆنگــرە، دەســتەیەکی نــوێ بــۆ ســەرکردایەتی هــەردوو یەکێتــی، یەکێتــی قوتابیانــی کوردســتان و یەکێتــی لاوانــی دیموکراتــی کوردســتان هەڵبژێــردران و پێشــوازییەکی گەرمیــان لــێ کــردن و لــە کۆتایــی کۆنگــرەدا سوپاســی گشــت میــوان و ئــەو لایەنانــە کــرا کــە پشــتگیریی خۆیــان بــۆ کۆنگــرە دەربڕیبــوو و پیرۆزباییــان ئاراســتەی کردبــوو. ئەمــە و کۆنگرەکــە لــە ١٩٩٣/١٠/٢٠ کۆتایــی بــە کاروبــاری خــۆی هێنــا.

بــۆ بەیانــی کــە ڕێکەوتــی ڕۆژی ١٩٩٣/١٠/٢١ بــوو، هەمــوو ئەندامانــی کۆنگــرە بــە نمایشــێکی مــەزن ســەردانی مــەزاری پیــرۆزی بارزانیــی نەمــر و کاك ئیدریســی جوانەمەرگیــان لــە بــارزان کــرد و دوای گەڕانەوەیــان هەریەکــە و بــۆ شــوێنی خــۆی گەڕایــەوە و ســەرکردایەتی تــازە بــۆ ئەنجامدانــی کارەکانیــان و دەســتپێکردنی ئەرکــی تــازە لــە ڕۆژی ١٩٩٣/١٠/٢٢ کــە ڕێکەوتــی هەینــی بــوو، لــە مۆڵــەت بــوون و ڕۆژی دواتــر دەســت بــە کارەکان کرانــەوە.

**یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان ـ عێراق**

٢٤ی تشرینی یەکەمی ١٩٩٣

هەولێر

## بەلاغی کۆتایی یەکەمین کۆبوونەوەی لێژنەی ڕاپەڕاندنی یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان

جەماوەری خۆڕاگری کوردستان،

دوابـەدوای «کۆنگـرەی ئـازادی» یەکێتـی قوتابیـان و لاوانـی دیموکراتـی کوردسـتان، کـە لـە ١٦ی تشرینـی یەکەمـی ١٩٩٣، لـە ژێر دروشـمی (زانسـت ـ ئاشـتی ـ ئاوەدانکردنەوە) لە پایتەختـی هەرێـم (هەولێـری دێریـن) بـە سـەرکەوتوویی و سـەرفرازی کارەکانـی خـۆی بـە ئەنجـام گەیانـد، لێژنـەی ڕاپەڕاندنـی یەکێتییەکەمـان یەکێتـی لاوانـی دیموکراتـی کوردسـتان لـە ڕۆژانـی (٢٣ و ٢٤)ی ئـەم مانگـە کۆبـووە و بـە سـێ دانیشـتن کارەکانـی بـە تێروتەسـەلی خسـتە ژێـر بـاس و لێکۆڵینـەوە و بڕیارەرگرتـن لـە بـواری پێویسـتدا.

یەکێتـی لاوانـی دیموکراتـی کوردسـتان وەك درێژەپێدەرێکـی کاروانـی بزوتنـەوەی قوتابیـان و لاوانـی کوردسـتان، کـە لـە ١٨ی شـوباتی ١٩٥٣ لەدایـك بـووە، لـە تەمەنیـدا سـێ کۆنگـرەی بەسـتووە تـا کارەسـاتی ١٩٧٥ و چوارەمینیـان «کۆنگـرەی ئـازادی» ١٩٩٣ دەبێـت، جگـە لـە کۆنفرانسـەکانی کـە گرنگتریـن و مەزنتریـن کۆنفرانسـمان لـە ئابـی ١٩٨٦ بـە هاوبەشـی لەگـەڵ یەکێتـی قوتابیانـی کوردسـتان، لـە ژێـر سـێبەری تفەنگـی پێشـمەرگە قارەمانەکانـی کوردسـتان بـە (دروشـمی بـەرەو یەکگرتـن بـۆ ڕوخاندنـی ڕژێـم و کۆتاییهێنـان بـە شـەڕ تـا بتوانیـن بـە ئاشـتی و دیموکراسـی بخوێنیـن) لـە ناوچـە ئازادکراوەکانـی پارێـزگای هەولێـر بەسـترا، کـە لـە شـێوەی کۆنگـرە دەچـوو.

قۆناغەکانـی دوای کارەسـاتی ١٩٧٥ کـە شۆڕشـی ٢٦ی گوڵانی نیشـتمانی  پێشـکەوتنخواز بـە ڕابەرایەتـی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان و بـەرەی کوردسـتانی تێکۆشـەر و قۆناغـی کارەسـاتی ئەنفـال لـە ١٩٨٨ و قۆناغـی بەرخـودان تـا ڕاپەڕینـی بەهـاری ١٩٩١ و تـا بەسـتنی کۆنگـرەی ئـازادی لـە ١٩٩٣ دەگرێتـەوە، بـە تەمەنێکـی دەوڵەمەنـد پـڕ لـە دەسـکەوت و فیـداکاری دەژمێرێـت جگـە لـە سـەروەرییەکانی لـە شۆڕشـی مەزنـی ئەیلوولـی نیشـتمانی یـە بـە سـەرۆکایەتی سـەرکردەی بـە وەفـای گەلـی کـورد و بزوتنـەوەی ئازادیخوازەکـەی بارزانیـی نەمـر.

بـەم جـۆرەش مێژوویەکـی شـکۆدار و پـڕ شـانازی لـە تەمەنـی (٤٠) سـاڵ خەباتـی بێوچانـدا تۆمـار دەکرێـت. شـایانی باسـە کۆنگـرەی ئـازادی شـانازی بـە یەکگرتنـەوەی

زیاتـری ڕیزەکانـی قوتابیـان و لاوانـی کوردسـتان دەکات، کـە لـەم کۆنگرەیـەدا لـە نێـوان یەکێتـی قوتابیـان و لاوانـی دیموکراتـی کوردسـتان و ڕێکخـراوی خوێنـدکاران و لاوانـی یەکگرتـن کـە پێشـتر لـە هـەر سێ ڕێکخـراوی «سۆشیالیسـت» و «پێشـەنگ» و «قوتابیانـی کـورد» پێـك دەهـات و هـەروا لەگـەڵ ڕێکخـراوی «قوتابیـان و لاوانـی کـوردی فەیلـی» یەکبـوون سـەری گـرت و موژدەیەکـی نوێـی بـە جەمـاوەری کۆڵنـەدەری قوتابیـان و لاوانـی کوردسـتان ڕاگەیانـد، کـە پـتر زەمینەخۆشـکەری یەکبوونـی سەرتاسـەری و زامنـی پێشـکەوتنی کۆمەڵایەتـی و پرۆسـەکردنی دیموکراسـییەتە، لـەم کۆنگرەیـەدا بڕیارێکـی گرنگـی وەرگـرت سـەبارەت بـە هـەردوو ڕێکخسـتنی قوتابیـان لـە لایـەك و لاوان لـە لایەکـی تـرەوە، بـۆ هـەردوو ڕێکخـراوی یەکێتـی قوتابیانـی کوردسـتان و یەکێتییەکەمـان یەکێتـی لاوانـی دیموکراتـی کوردسـتان لـە کـەش و هەوایەکـی ئـازاد و دیموکراسـیدا دوو سـەرکردایەتی هەڵبژێـردران. «کۆنگـرەی ئـازادی» بڕیارێکـی مێژوویـی سـەبارەت بـە هێنانـی تەرمـی پیـرۆزی هـەردوو سـەرکردەی بێوێنـە و بەوەفـا و تێکۆشـەری گەلـی کـورد بارزانیـی نەمـر و بـرای هەمیشـە زینـدوو کاکـە ئیدریـس بارزانیـی جوانەمـەرگ بـۆ وڵات وەڕێ کەوتـوو لـە دوای تەواوبوونـی کۆنگـرە بـە کاروانێکـی بەرفـراوان خـۆی زیاتـر لـە (٣٠) کۆسـتەر[١]ی پـڕ دەدا، سـەردانی مەزارگـەی پیرۆزیـان کـرد لـە ٢٢ی تشرینـی یەکەمـی ١٩٩٣ لـە بارزانـی شـۆڕش و خەبـات و ناسـنامە. لـەم کۆنگرەیـەدا (١٥) هەڤـاڵ بـۆ لێژنـەی ڕاپەڕانـدن و (٣) ئیحتیـات هەڵبژێـردران کـە لـە نێـوان خۆیانـدا مەکتەبـی سـکرتاریەت و سـکرتێریان هەڵبـژارد.

ئینجـا لـە دانیشـتنی دووەم و سـێیەمدا ئەندامانـی تـری لێژنـەی ڕاپەڕانـدن بەسـەر مەکتەبـی سـکرتاریەت و لقـەکان دابـەش کـران، لێپرسراوانـی لـێ دەستنیشـان کـران لەگـەڵ نەخشـەی کارکردنـی مەکتەبـی سـکرتاریەت و لقـەکان و ڕاسـپاردەی گشـت بوارەکانـی ئاراسـتە کـرد.

لـەم کۆبونەوەیـەدا، جگـە لـە لقەکانـی دهـۆك، نەینـەوا، هەولێـر، سـلێمانی، کەرکـوك و ئـاوارە بڕیـار درا بـە دانانـی (٣) لقـی تـری یەکێتـی (ئاکـرێ و سـۆران و ڕانیـە) و چەنـد لێژنـە ناوچەیەکـی تـر لـە سـنووری لقـی دهـۆك ـ نەینـەوا، هەولێـر

---

(١)جۆرێك پاسی ٢١ کەسی.

و کەرکـوك. هــەر لــەم کۆبونەوەیــەدا لێپرسراوانــی لـق و جێگـر دیراســەی هەیکەلــی[1] نوێــی لقەکانــی دەستنیشــان کــرد.

لــە کۆتاییــدا هەڤاڵانــی لێژنــەی ڕاپەڕاندنــی یەکێتــی جارێکــی تــر وەفــاداری و دڵسـۆزییان بـۆ سـەرکردایەتی سـەربەرز و تێکۆشـەری قۆناغـی نێـوان کۆنفرانسـی ئابـی ١٩٨٦ تـا «کۆنگـرەی ئـازادی» ١٩٩٣ ڕاگەیانـد و پێکـەوە بـە هەناسـەیەکی تازەتـر و بـەرەو کـۆڕی خەباتیـان کەوتنـە ڕێ و سـوێندی وەفادارییـان بـۆ گیانـی پاکـی شـەهیدانی بزوتنـەوەی لاوانـی کوردسـتان و سـەر کاروانـی شـەهیدان بارزانیـی نەمـر خوێنـدەوە.

**یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان ـ عێراق**

**لێژنەی ڕاپەڕاندن**

**٢٤ی تشرینی یەکەمی ١٩٩٣**

(١)پەیکەربەندی

## کۆنگرەی پێنجەمی یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان
## (کۆنگرەی پێشکەوتن) هەولێر - ١٩٩٨

کۆنگـرەی پێنجەمـی یەکێتـی لاوانی دیموکـراتی کوردسـتان، لـە ڕۆژانـی ٢٩ی نیسـان تـا ١ی ئایـاری ١٩٩٨، لـە هۆڵـی میدیـای شـاری هەولێـر، بـە ئامادەبوونـی ٣٢٥ نوێنـەر و بـە دروشـمی (ئاشـتی، فیدراڵـی، ژیانێکـی بەختـەوەر بـۆ لاوانـی کوردسـتان)، بـە چاودێریـی سـەرۆك مەسـعود بارزانـی سـاز دراوە، ئـەم کۆنگرەیـە بـە نـاوی (کۆنگـرەی پێشـکەوتن) نـاوزەد دەکـرێ[1].

لـە درێژایـی مـاوەی بەڕێوەچـوونی کۆنگـرە، ئەندامانـی لێژنـەی ڕاپەڕانـدن لەلایـەن نوێنەرانـی کۆنگـرەوە، بـەم شـێوەیەی خـوارەوە هەڵبژێـردران:

١- عەبدوڵا ئەلیاس خدر

٢- لوقمان عەبدوللەتیف مەدحەت

٣- ئیبراهیم ئیسماعیل

٤- مەحمود عومەر مەحمود، ناسراو بە مەحمود ئەرگۆشی

٥- مەریوان غەریب ئەمین

٦- چیمەن محەمەد تەقیەدین

٧- نەجات باپیر سمایل

٨- ساڵح مەحمود عەلی ناسراو بە ڕێبوار و ساڵح هەرکی

٩- سابیر ئەحمەد حەسەن، ناسراو بە سابیری وەرزش

١٠- سەگڤان ئیبراهیم

١١- ئاسۆ حەسەن

١٢- ڕووخۆش سەعید

١٣- کامەران ئەمین عەبدوڵا

١٤- بەختیار حەمە سەعید، ناسراو بە بەختیاری سەید محەمەد

١٥- سەباح ئەحمەد

١٦- عومەر شەریف

١٧- ئەیوب ڕەمەزان

١٨- مەجید عەبدولکەریم

١٩- هەڵکەوت ڕەفعەت.

**ئەندامانی یەدەگی لێژنەی ڕاپەڕاندن:**

١- خالید مەحمود بازید، ناسراو بە خانی مەحمود

٢- عەبدوڵا حسێن

٣- میقداد شاسواری

٤- بەکر ساڵح مارف

٥- موزەفەر تاهیر مەولود.

دواتر لە یەکەمین کۆبوونەوەی لێژنەی ڕاپەڕاندن لە ڕێکەوتی ١٣ی ئایاری ١٩٩٨، ستافی مەکتەبی سکرتاریەت بەم شێوەیەی خوارەوە هەڵبژێردران:

١- ئیبراهیم ئیسماعیل- سکرتێر

٢- لوقمان عەبدوللەتیف- کارگێڕ

٣- مەحمود ئەرگۆشی- کارگێڕ

٤- مەریوان غەریب- کارگێڕ

٥- چیمەن محەمەد- کارگێڕ

٦- نەجات باپیر- کارگێڕ

٧- ساڵح هەرکی- کارگێڕ[٢].

## سەرچاوە و پەراوێز

١- المؤتمر الخامس لاتحاد الشبيبة الديمقراطي الكوردستاني، جريدة خەبات، لسان حال الحزب الديمقراطي الكوردستاني الموحد، العدد ٨٧٢، أربيل، الجمعة، ١ آيار ١٩٩٨م، ص ص ١ ـ ٢.

٢- أختتام المؤتمر الخامس لأتحاد الشبيبة الديمقراطي الكوردستاني (مؤتمر التقدم)، جريدة خەبات، لسان حال الحزب الديمقراطي الكوردستاني الموحد، العدد ٨٧٣، أربيل، الجمعة، ٨ آيار ١٩٩٨م، ص ٢؛ نەوزاد فوئاد، چەپکە گوڵێك لە مێژووی (ی.ل.د.ك)، بەرگی دووەم، (چاپخانەی وڵات- ٢٠١٨)، ل ل ٤٠ ـ ٤١.

## وتاری سەرۆك مەسعود بارزانی

بسم الله الرحمن الرحیم

خوشك و برایانی خۆشەویستم،

لاوانـی خۆشەویسـت، ئامادەبووانـی بەڕێـز، بەبۆنـەی بەسـتنی کۆنگـرەی پێنجەمـی لاوانـی دیموکراتـی کوردسـتانەوە خـۆم بـە بەختـەوەر دەزانـم کـە بەشـداریتان دەکـەم و گەرمتریـن پیرۆزبایيتـان لـێ دەکـەم.

ئومێـدەوارم کۆنگرەیەکـی سـەرکەوتوو ببەسـتن و بڕیـاری وا بـدەن کـە لـە ئاسـتی قۆناغـی ئەمـڕۆدا بێـت، چونکـە لاوانـی خۆشەویسـت ئەرکێکـی پیرۆزیـان لەسـەر شـانە و ڕۆڵـی ئـەوان هەمیشـە دیـار و بەرچـاوە لـە خەباتـی گەلەکەمانـدا، زۆر لـە سـەرکردە لێهاتـووەکان لـە یەکێتـی لاوانـی دیموکراتـەوە پـێ گەیشـتوون، خەبـات لـە یەکێتـی لاوانـی دیموکراتـدا قۆناغێکـی گرنگـە بـۆ ئەودەسـت ئاڵوگـۆڕ بەسـەرکردایەتی دەکـرێ، ئاڵوگـۆڕ بـە مەسـئولیات دەکـرێ، لەبـەر ئـەوە هەمیشـە (یەکێتـی لاوان) و (یەکێتـی قوتابیـان) وەکـو کارگەیەکـن بـۆ دروسـتکردنی سـەرکردەی لێهاتـوو، بـۆ سـەرکردایەتی خەباتـی گەلەکەمـان، وەك خۆشـتان دەزانـن، لەسـەرکردایەتی پارتیـدا هـەوڵ دراوە تـا ئـەو ئاسـتەی لەتوانـادا بێـت، گرنگـی بـە یەکێتـی لاوانـی دیموکراتـی کوردسـتان دراوە بـە یەکێتـی قوتابیانـی کوردسـتان دراوە و یەکێتـی ئافرەتانـی کوردسـتان دراوە، دەزانیـن کـە ئەوانـە گرنگییـان یەکجـار زۆرە. ئەمـڕۆ کۆنگرەتـان لـە کـەش و هەوایەکـی ئـازاددا لـە پایتەختـی هەرێـم دەبەسـترێ. لـە هەمانکاتـدا دەبێـت ئەوەمـان لەبیـر نەچێـت کـە ئـەم بارودۆخـەی دروسـت بـووە و ئـەم هەلـەی ئەمـڕۆ بۆمـان هەڵکەوتـووە ئەنجامـی خەباتێکـی بێوچانـی گەلەکەمانـە، ئەنجامـی قارەمانێتـی پێشـمەرگە دلێـرەکان و بەرهەمـی خوێنـی ئـەو شـەهیدە قارەمانانەیـە کـە ئەمـڕۆ ئێمـە وا بـە سەربەسـتی و ئـازادی لـە پایتەختـی هەرێمـدا، کۆنگـرەی لاوان دەبەسـتین و چەندیـن چالاکـی تـر ئەنجـام دەدەیـن.

مـن لەبیرمـە زۆر لـەو برایانـەی کـەوا مەسـئولیەتی یەکێتـی لاوانیـان لـە ئەسـتۆدایە لـە کاتـی خەباتـی خوێناویـدا، لـە کاتـی خەباتـی شـاخدا، دیسـان بـە ئەرکـی سەرشـانیان هەڵسـاون و نەیانهێشـتووە خەباتـی لاوان بوەسـتێت. ئەمـڕۆش ئێـوە خۆتـان ئـازادن چ

سەرکردایەتییەك بۆ خۆتان هەڵدەبژێرن بەڵام دەمەوێت تەئکید لەوە بکەمەوە، ئەو هەڤاڵانەی گەر دوای ئەم کۆنگرەیە مەسئولیەتێکی تریان پی بسپێردرێت و لە یەکێتی لاوان نەمێنن، بێگومان دەبێت جێگایان دیار بێت و دەبێت ئیحترامیان پارێزراو بێت، ئەمە مانای ئەوە نییە ئەوەی لە سکرتاریەتی یەکێتی لاوان یان قوتابیان نەما، ئیتر بێ ئیش دەمێنێ و تەواو، بە پێچەوانەوە ئەمە قۆناغی یەکەمە لە خەباتدا بڕیوپەتی و پێ دەنێتە قۆناغێکی تر. ئەوانەی کە تازەش دێن داوای سەرکەوتنیان بۆ دەکەم، ئومێدەوارم درێژەپێدەری خەباتی لاوانی خۆشەویست بن، پەرە بە خەباتی خۆیان بدەن، زیاتر خزمەت بە لاوانی خۆشەویست بکەن و ئامادەیان بکەن بۆ ئەوەی ئەوانیش زیاتر خزمەت بە کورد و کوردستان بکەن.

من نامەوێ زیاتر درێژەی پێ بدەم، داوای سەرکەوتن بۆ کۆنگرەکەتان دەکەم و بشزانن بە هەموو هێز و توانایەك لە پشتتانین و ئامادەین بۆ هەموو هاوکارییەکی ئێوەی خۆشەویست و هەر سەرکەوتوو بن.

## پوختەیەك لە ڕاپۆرتی گشتی کۆنگرەی پێنجەمی یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان

لـە خاڵـی گرنگـی ڕۆڵـی لاوان لـە ژیانـی کۆمەڵـدا و کورتەیـەك لـە مێـژووی (ی.ل.د.ك) دا هاتووە:

لـەو ڕۆژەوە کـە مـرۆڤ ناچـار بـوو بـۆ دابینکردنـی پیداویسـتییەکانی ژیـان و پاراسـتنی گیانـی خـۆی لـە جۆرەهـا کارەسـاتی مەترسـیدار بیـر بکاتـەوە و گەڵاڵـە بـکات. لاوان وەك فاکتەرێکـی سـەرەکی سـەرکەوتن و لادانـی کۆسـپ لـە ڕێگـەی پێشـکەوتنی خۆیـان داسـەپاند. لاو وەکـو سـەرچاوەی هێـز و وزەی ئاوەدانـکار و هـەر لـەو حاڵەشـدا، وێرانکـەر و ڕووخێنـەر وەکـو ئامێرێکـی دەسـەڵاتبەخش و کەسـایەتیدەر، هـەر لـە دەسـتپێکی مێـژوو جێـی سـەرنجی دەسـەڵاتداران و زانایانـی کۆمەڵناسـی و بوارەکانـی تـری پەیوەنـدار بـە ژیانـی مرۆڤایەتـی بـووە. بۆیـەش لـە کۆنتریـن پڕۆژەکانـی یاسـا کـە بـۆ بەڕێوەبەرایەتـی کۆمەڵگاکانـی سـەرەتایی دارێـژراوە ڕاهێنـان و پەروەردەکردنـی لاو بـە خاڵـی سـەرەکی بەرنامـەی بەڕێوەبەرایەتـی کۆمەڵـگا دانـراوە. ئەرەسـتۆ زانـای نـاوداری یۆنانـی لـە جێـماوە بەناوبانگەکـەی، واتـە پەرتوکـی سیاسـەت، گرنگییەکـی یەکجـار زۆر دەداتـە پەروەردەکردنـی لاوانـی کۆمەڵـگا و لـەو بڕوایەدایـە کـە تەنانـەت لـە بـواری مۆسـیقاش پێویسـتە بەرنامەیـەك بـۆ پـەروەردە و ڕاهێنانـی لاوان هەبێـت.

زانایانـی نـاوداری بـەر لـە ئەرەسـتۆش وەکـو ئەفلاتـۆن و سـۆقرات ئـەو گرنگییەیـان لەبیـر نەکـردووە و ڕای خۆیـان دەرهـەق بـە لاوان دەربڕیـوە. ئاینـە ئاسـمانییەکانیش بەختـەوەری و سـەرکەوتنی کۆمەڵگایـان لـە پەروەردەکـردن و ڕاهێنانـی لاوان زانیـوە و ئاینـی پیـرۆزی ئیسـلام لـەم بارەیـەوە گەلـێ ڕێنوێنـی و پەنـدی بـۆ پەیڕەوانـی خـۆی لـە قاڵبـی ئایـەت و حەدیـس بەجـێ هێشـتووە.

گۆڕانکارییـە قووڵەکانـی دوای سـەدەکانی ناوەڕاسـت(قرون الوسـطى) لـە ئەوروپـا کـە لاوان فاکتـەری بەدیهێنـەری بـوون پـاش ئـەوەی شۆڕشـە ناودارەکـەی فەنسـای لـێ کەوتـەوە تەشـەنەی کـردە ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت، گەلـی کوردیـش کەوتـە بـەر شـەپۆلی کاریگـەری ئـەم گۆڕانکارییـە، بیـری نەتەوایەتیـی کـە بـووە ئەگـەری لێکهەڵوەشـاندنەوەی ئیمپراتۆرییـە بێسـنوورەکانی ئـەوکات زیاتـر لـە مێشـکی لاوانـی

نەتەوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەخوولایەوە، لاوانی کوردیش لە بازنەی ئەم ڕێسا هەمەگرە بەدەر نەبوون. بۆیەش کە لاپەرەکانی مێژوو هەڵدەدەینەوە دەبینین کە چۆن شاعیرانی زمانشیرینی ئەوکات بە بەژن و باڵای لاوانی کوردیان هەڵگوتووە و هانیان داون بۆ ژیانی سەرفیرازی و بەختەوەری بە عەشقەوە بچن بە پیری مەرگەوە.

هەرچەندە شۆڕشی پیشەسازی گەلێ دابونەریتی کۆمەڵایەتی لە مەیدانی ژیانی جڤاکی گەلاندا سڕییەوە، بەڵام هزری لەمێژینەی کاریگەری لاوان نەك پشتگوێ نەخرا بەڵکو بە چاوێکی زانستی و وردبینانە خرایە بەر شەن و کەوکردن و لێکۆڵینەوە و لە ئاکامدا وتێکی زانستی درایە جموجوڵی لاوان و بۆیەش ئەرکی سەرشانیان زۆر قورستر لە پێشوو دیار کرا. ئەرکی پاراستنی نەتەوە و نیشتمان و ئاوادەنکردنەوە و پەروەردەکردن و پێشکەوتن لە هەموو بوارەکانی ژیانی شارستانی خرایە سەر شانی لاوان و هەوڵی جدی بۆ پەرەپێدانی درا.

هەرچەندە گەلی کورد لە ڕووی شادبوونەوە بە مافە ڕەواکانی خۆی کەوتە خانەی فەرامۆشی بەڵام خۆشبەختانە لاوی کورد هەر لە سەرەتاوە هەوڵی جدی داوە بۆ ئەوەی لە لاوانی تری کۆمەڵگای جیهانی دوا نەکەوێ و بۆیەش هەر لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەوە مێژوو تۆمارکەری خەباتی لاوانی کوردستانە و بەڵگەی فراوان هەیە کە ئەم توێژە دڵسۆزەی کورد هەوڵی لە ڕادەبەدەری خۆی داوە بۆ ئەوەی ئەرکی سەرشانی خۆی لە ئاست گەل و نیشتمانەکەی بە باشترین شێوە بەجێ بگەیەنێ. هەرچەندە بیرۆکەی ڕێکخستن و پێویستی داڕشتنی بەرنامەیەکی زانستی بۆ لاوانی کورد دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتاکانی سەدەی بیستەم بەڵام بەداخەوە ئەم هەوڵ و کۆششانەی تەنیا لەناو لاپەرەکانی چەند گۆڤارێکی وەکو دیاری لاوان بۆ مێژوو تۆمار کراوە بەم چەشنە ئەرکی یەکەم ڕێکخراوی لاوانی کوردستان کەوتە سەرشانی بەشە لکاوەکەی بە عێراق و سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان بە چاوێکی واقیعبین و هەست بە مەسئولیەتکردنەوە هەوڵی دامەزراندنی دا و لە ئاکامدا بە گەواهی گۆڤاری خەباتی لاوان کە مەکتەبی سکرتاریەتی (ی.ل.د.ك.ع) لە ساڵی ١٩٧٣دا دەری کردووە، لە مانگی ئاداری ساڵی

١٩٥٣ ڕێکخراوێکی تایبەت بە لاوان بە ناوی (ی.ل.د.ك.ع) دامەزرا کە زۆر زوو جێی خۆی کردەوە و بە بەشداری لە فێستیڤاڵی پێنجەمی لاوانی جیهانی لە وارشۆ لە ساڵی ١٩٥٥ بۆ یەکەمجار دەنگی لاوانی کوردستانی بە ناوەندە جیهانییەکان گەیاند. چاپەمنییەکانی سەردەمی لەدایکبوونی ڕێکخراوەکەمان زۆر بە باشی پێشوازیکردنی لاوانی کوردستان و چالاکییە بێوێنەکانی ئەم ڕێکخراوەیان بۆ مێژوو تۆمار کردووە تا ئەو ڕادەیەی دوای شۆڕشی ١٤ی تەموز حکومەتی ناوەندی بە دامەزراندنی (ی.ل.ك.ع) هەوڵی زۆری دا مەیدانی خەباتی ئەم یەکێتییە تەنگتر بکات و لە ئاکامدا لە ساڵی ١٩٥٩ بۆ کەمکردنەوەی گوشاری حکومەت لە لایەك و هەوڵدان بۆ زیاتر لێکنزیککردنەوەی سەرکردایەتی کورد و عەرەب و دروستکردنی کەشوهەوایەکی متمانەدارتر (ی.ل.د.ك) بڕیاری دا بچێتە ناو (ی.ل.ك.ع) و بەم چەشنە بووە لکێکی ئەم ڕێکخراوە کە یەکەم کۆنگرەی خۆی هەر لە ساڵی ١٩٥٩ لە بەغدا ساز دا.

هەرچەندە ئەم وەزعە زۆری نەخایاند و بە هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلوولی مەزن بارودۆخێکی نوێ هاتە ئاراوە. بەڵام بەداخەوە کاریگەری ئەم لکانە کە لاوازی (ی.ل.د.ك)ی بە دواوە بوو تا ساڵی ١٩٧٠ بەرچاو و دیار بوو. ڕێککەوتننامەی ١١ی ئاداری مێژوویی هەلێکی تری لەباری بۆ (ی.ل.د.ك) ڕەخساند بۆ ئەوەی جارێکی تر بکەوێتە خزمەتکردنی گەلە چەوساوەکەمان، لە ماوەی چوار ساڵدا دوو کۆنگرەی سەرکەوتوو، یەکەمیان لە ساڵی ١٩٧٢ ئەویتریان لە ساڵی ١٩٧٤ یەکێتییەکەمانی بەرەو پێشکەوتنی زیاتر ڕێبەرایەتی کرد.

بەڵام بەداخەوە لەبارچوونی ڕێککەوتننامە مێژووییەکەی ١٩٧٠ بووە هۆی هەڵگیرسانەوەی شەڕ و (ی.ل.د.ك)یش ناچار بوو دیسان بکەوێتە خەباتی نهێنی و چەکهەڵگرتن شانبەشانی برا پێشمەرگە قارەمانەکان بۆ بەرگری و بەرخودانی پیرۆز لە شار و شاخ و ئەم خەباتە تەنانەت دوای نەکسەی ١٩٧٥ لە ناوەوە و دەرەوەی وڵات هەر بەردەوام بوو. لاوانی خوێنگەرمی کورد لە ئاوارەیی و پەنابەری و لە سنووری بادینان و دەروازەی ڕاپەڕین و سنووری شارباژێر و دواتر شوێنەکانی تری کوردستانیش کۆڵیان نەدا و زۆر زوو کەوتنە خۆسازکردن و وێڕای

شـەڕی چەکـداری هەوڵـی ڕێنوینـی و ڕێکخسـتنی دووبـارەی لاوانیـان لـە ناوخـۆی کوردسـتان دا و خۆشـبەختانە سـەرکەوتنی زۆر بـاش و بەرچاویـان بەدەسـت هێنـا. بەسـتنی کۆنفرانسـی ئابـی ١٩٨٦ لـە ناوچـە ئازادکراوەکانـی کوردسـتان هەنگاوێکـی گونجـاو و زانسـتییانە بـوو کـە لـە پێنـاوی پتەوکردنـی ڕێزەکانـی خەباتکارانـی لاو و قوتابـی زۆر بـە سـەرکەوتوویی هاوێـژرا و بۆیـەش سـەرکردایەتی هەڵبژێـردراوی ئـەم کۆنفرانسـە توانـی تـا سـاڵی ١٩٩٣ سەرکێشـی خەبـات و چالاکییەکانـی لاوان و قوتابیانـی کوردسـتان بـکات و لـە قۆناغێکـی پـڕ لـە کارەسـات و ڕووداوی وەکـو شـەڕی نـاڕەوای ٨ سـاڵە و ئەنفـال و کیمیابارانـی هەڵەبجـە و ڕاپەڕینـە شـکۆدارەکەی ١٩٩١ و کۆچـڕەوە بەناوبانگەکـەی گەلەکەمـان، لاوان و قوتابیـان دەربـاز بـکات و لـە کۆنگـرەی شـکۆداری «ئـازادی» کـە کۆنگـرەی چوارەمـی (ی.ل.د.ك) و کۆنگـرەی هەشـتەمی (ی.ق.ك) بـوو لـە ١٦ تـا ١٩٩٣/١٠/٢٠ لـە پایتەختـی هەرێمـی کوردسـتان لـە دەوری یەکـتر کۆیـان کاتـەوە و دوو سـەرکردایەتی نـوێ بـۆ هـەردوو ڕێکخـراو هەڵبژێـرێ و هەریـەك لـەو ڕێکخراوەوانـە لەنـاو جەماوەرەکەیانـدا ئـەرك و چالاکیـی پسـپۆری خـۆی ئەنجـام بـدات. دیـارە لـەم ڕێگـە دوورودرێـژ و ناهەموارەشـدا ژمارەیەکـی زۆر لـە ئەندامانـی دڵسـۆزی یەکێتـی لاوان و قوتابیانـی کوردسـتان گیانـی پاکـی خۆیـان لـە پێنـاوی گەیشـتن بـە ئاواتـە دێرینەکانـی هاوسـەنگەرانیان فیـدا کـرد و چوونـە ڕیـزی نەمرانـەوە.

**لە خاڵی کۆنگرەی پێشکەوتندا هاتووە:**

دیـارە بەسـتنی کۆنگـرە، لـە پێـش هەمـوو شـتێك کـەش و هەوایەکـی سیاسـی ئارامـی دەوێـت تاوەکـو هەنگاوەکانـی خۆئامادەکـردن و زەمینەخۆشـکردن و هەموارکردنـی ڕێگـە، بهاوێـژرێ و کاری پێویسـتی بـۆ بکـرێ. بـەڵام بەداخـەوە کەشـی سیاسـی و ئیـداری پێشـتر بەهـۆی شـەڕی ناوخـۆ ئەوەنـدە لەبـار و سـەقامگیر نەبـوو تـا دەرفەتـی ئەوەمـان هەبـێ زیاتـر تەجروبـەی هیـوا و ئارەزووەکانیـان بکەیـن لـەکاری ڕێکخراوەییانـدا و کۆنگـرە لـە کاتـی خـۆی ببەسـتین. بـەڵام ئیمـڕۆ لـە سـایەی هەوڵـە بێوچانەکانـی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان و بـە تایبەتیـش ڕۆڵـی ئاشـتیخوازانەی سـەرۆك بارزانـی، بـارودۆخ ئەمـڕۆ هەتـا ڕادەیەکـی زۆر و بـە تایبەتیـش لـە هەولێـری پایتەخـت ئـارام و سـەقامگیرە و دەرفەتێکـی یەکجـار لەبـارە تاکـو لـە سـایەی

پەرلەمــان و کابینــەی ســێیەمی حکومەتــی هەرێــم و هــاوکات لەگــەڵ ئاهەنگەکانــی یــادی سەدســاڵەی ڕۆژنامەگــەری کــوردی، ڕێکخراوەکەمــان پێنجەمیــن کۆنگــرەی خــۆی کــە نــاوی «پێشــکەوتن»ی لەســەر نــراوە لــە ژێــر دروشــمی (ئاشــتی ـ فیدراڵــی ـ ژیانێکــی بەختــەوەر بــۆ لاوانــی کوردســتان) ببەســتێت.

**لە خاڵی کێشەی لاوان و شێوەی چارەسەرکردنیدا هاتووە:**

حەقیقەتێکــی ڕوونــە کــە ڕاپەڕینــی بەهــاری ١٩٩١ لــە گشــت بوارەکانــدا وەرچەرخانێکــی گرنگــی مێژوویــی بــوو کــە کۆمەڵــێ دەســکەوتی گرنگیــش لــێ هاتــەدی، میللەتــی کــورد بــە گشــت چیــن و توێژەکانیــەوە گەشــبینانە دەیانڕوانییــە دەســکەوتەکانی ڕاپەڕیــن و چاوەڕوانــی باشــترکردنی گــوزەران و ســڕینەوەی ســیمای نامــۆ و بێگانــە و لابردنــی دابونەریتــە خراپەکانــی کۆمــەڵ و ســاڕێژبوونی برینــەکان و چاکســازی کێشــەکان و دەیانــی تــری لــێ دەکــرا، کەچــی شــەڕی ناوخــۆ هەمــوو خەونەکانــی شــێواند و گشــت ئارەزووەکانــی لەبەریــەك هەڵتەکانــد و بێســوود وەرگرتــن لــە تــلان و گلانەکانــی دوێنێــی کوردســتانی لــەم پارچەیــەدا کــردە چەنــد پارچەیــەك و دەیــان کێشــەی لــە بەردەم ئینســانی کــورد دروســت کــرد و چەندیــن نەخۆشــی کۆمەڵایەتیــی لــێ کەوتــەوە هەروەهــا حاڵــی نەبــوون و ڕانەهاتنــی ئینســانی کــورد و لاوی کــورد بــە دونیــای فرەحزبــی و پــەروەردەی لاوان لەســەر بنەمــای مونافەســەیەکی ناشــەریفانە، ئەمانــەش وایانکــرد کــە گیانــی تونــدوی لــە لاوانــدا چەکــەرە بــکات، کــە پەتایەکــی خەتەرناکــە. وەك ئاماژەمــان پــێ دا دابەشــبوونی جوگرافــی دابەشــبوونە لــە ڕیزەکانــی ڕێکخــراوە جەمــاوەری و پیشــەییەکان و مەترســیدارە بــۆ ســەر خــودی کێشــە سیاســییەکە، بۆیــە پێویســتە ســەرکردایەتی کــورد بــە دیدێکــی واقیعبینانــە و وردبینانــە مامەڵــە لەگــەڵ ئــەم ســاتە مێژووییــەدا بــکات و ئیســتغلالی دەرفەتــی زێڕینــی لەمێژینــەی بــکات کــە بــە خوێنــی چەندیــن لاوی کــورد و قوربانییەکــی بێشــومار هاتۆتــە بەرهــەم، تــا یەکگرتنــی نیشــتمانی دروســت نەبــێ و کــورد وەك یــەك ئیــرادە و بــاوەڕ کار نــەکات کێشــە ســەرەکییەکەمان بــە هەڵــواسراوی دەمێنێتــەوە و دوور نییــە کارەســاتی جگەربڕیشــی بــەدوادا بــێ. لاوان کــە دیارتریــن توێــژی کۆمەڵــن و لــە نێــو کوردیشــدا بــەردەوام ســووتەمەنی شــەکان و پێشــمەرگەی ســەنگەری کوردایەتــی بوونــە، بــە درێژایــی مێــژوو زەرەرمەندتریــن توێــژن و دەیــان

كێشـه و بەربەسـتیان لەڕوودایـە كـە ئێمـە لێرانـەدا چەنـد كێشـەیەكی دەخەینـەڕوو.

وەك ئاماژەمـان پـێ دا بـاری گـرژی كوردسـتان و بوونـی شـەڕێكی خوێنـاوی بـەردەوام پشـتگیر بـووە لـە بـەردەم پڕۆژەكانـی بیناسـازی و ئاوەدانكردنـەوە و پـڕۆژە خزمەتگوزارییـەكان، كـە دەكـرا لـە نێـوان ئـەم چەنـد سـاڵەی شـەڕدا تـا ئەندازەیـەك ڕێـژەی بێـكاری كـەم بكرێتـەوە و پلانـی تایبـەت دابڕێـژرێ و نەبوونـی كارگـە و كارخانـەكان بێكارییەكـی زۆری لـێ كەوتووەتـەوە كـە وێـڕای ئـەوەی بـۆ خـۆی گرفتێكـی گەورەیـە، تـەرز و پەلـی تـری لـێ دەبێتـەوە هـەر لـە پەنابردنـی لاوەكان بـۆ چایخانـەكان و شـوێنانی تـر و دروسـتبوونی دیـاردەی دزی و ناشـیرین، لەلایەكـی تـرەوە وەك پێویسـت بایـەخ نـەدراوە بـە كردنـەوەی مەڵبەنـد و بنكـەی تایبـەت بـە ئـارەزوو و بەهرەكانـی لاوان لـە بوارەكانـی وەرزش و هونـەر و ڕۆشـنبیریدا. دابەشـبوونی جوگرافـی كوردسـتان بەربەسـتێكی گەورەیـە لـە ڕێگـەی سـەفەركردنی لاوەكان بـۆ شـارەكانی تـری كوردسـتان بـۆ گەشـت و گـوزار چ بـۆ شـارەزابوون لـە سروشـتی كوردسـتان و پێویسـتی بینینـی ناوچـەكان. دواتـر سەراسـیمەیی و ونبوونیـان لەنێـو ئاپـۆڕەی چەندیـن ڕەنگـدا و نامۆبوونیـان، دیاریشـە پیادەنەكردنـی كاری تەخەسوسـی بـۆ هـەردوو بـاری سیاسـی و مێژوویـی و شـەڕی ناوخـۆ دەگەڕێتـەوە، وێـڕای ئـەوەی توانـای جەسـەدی و فكـری لاوان لـەم شـەڕانەدا خـەرج كـراوە.

خەتەرناكتریـن كێشـەش لەبـەردەم لاوانـدا كۆچـە (الهجـرة) كـە زێـدی بـاو و باپیـران و نیشـتمان جـێ دەهێڵـن و خۆیـان تەسـلیم بـە قەدەرێكـی لێـڵ و نادیـار دەكـەن و كەسـایەتییان لەدەسـت دەدەن، جگـە لـەوەی بـە نیشـتەجێبوونیان لـە هـەر وڵاتێكـی ئەوروپیـدا تووشـی دەیـان نەخۆشـی دەروونییـان دەكات و وەڵام بـە كێشـەكانیان نادرێتـەوە بـەو پێیـەی نەدەتوانـن كاژی ڕۆژهەڵاتییانـە داماڵـن و نـە دەتوانـن ئیسـتعابی شارسـتانیەتی ڕۆژئـاوا بكـەن، بۆیـە ون و نامـۆ دەبـن، ئەمـە جگـە لـەوەی ڕۆیشـتنی مامۆسـتایانی زانكـۆ و پسـپۆرەكان زەرەرێكـی گەورەیـە لـە پێگەیاندنـی لاوانـدا. لەلایەكـی تـرەوە حزباندنـی عەقڵـی لاوان و خـودی لاوانیـش نەگەیشـتوونەتە ڕادەیەكـی ئەبیسـتمی وا كـە بـە پێـوەری خۆناسـین و خۆخوێندنـەوە بجەنگـن، بەڵكـو عەقڵیەتـی (خود)یـان ون كـردووە و عەقڵیەتێكـی تـر لـەو پانتاییـەدا تەحەكومیـان پـێ

دەکات. ئەمانــە و گەلێکــی تــر وای کــردووە کــە لاوانــی کــورد بێهــودە و شــبین و بەدبیــن بــن و تێکــڕای گوتارەکانیــان قــەدەر بیانگێــڕێ و تروســکەی ئاســۆ و گەشــبینی لــە ناخیانــدا بکوژێتــەوە و تەنانــەت ڕۆحــی شۆڕشگێڕیشــیان لاواز و کــز بێــت و بەهــا پیرۆزییــەکان ت کەنــەوە.

لــە پێشــەوە باســی چەپانــدن و خەفەکردنــی ویســت و حەزەکانــی لاوانمــان کــرد کــە کاردانەوەیەکــی ســلبی لەســەر هەســت و نەســتی لاو دەگێــڕێ، هەرچەنــد بوونــی ئازادییەکــی هــا لــە نێــوان لاوانــدا نگــە خــزان و خلیســکان دروســت بــکات و دوور نییــە کۆمەڵــێ ئینحرافاتــی ئەخلاقیــی لــێ بێتــەوە، بــەڵام پشــتگیری و پشــتگرتنی دیکتاتۆرییانــەش گرفتــی دەروونــی دروســت دەکات و پێویســتە بــوار بــدرێ بــە لاوان وەك خۆیــان بیــر بکەنــەوە و لەســەر هەنــدێ شــتی (هامشــی) ئیجرائاتــی توندیــان لەتەکــدا نەکــرێ. دەیــان کێشــە و گرفتــی تــر وەك مۆتەکەیــەك لــە گەردەنــی لاوان ئــاڵاوە و بەربەســتێکە لــە ڕێگــەی پێشــڤەچوونیان و داهێنانــی بیــری نــوێ، بۆیــە لێــرەدا چەنــد خاڵێــك چــڕ دەکەینــەوە کــە ڕێگــە چارەیــەك بــۆ کێشــەکانی لاوانــە :

١- کۆتاییهاتــن بــە شــەڕی ناوخــۆ و دروســتبوونی یەکێتییەکــی نیشــتمانی تــا وەدیهێنانــی مافــە نەتەوەیــی و نیشــتمانییەکامنان و بوومنــان بــە کیانێکــی سیاســی یەکگرتــوو کــە لــەو یەکگرتنــەدا دێتــە دی.

٢- دۆزینــەوەی کار بــۆ لاوان و دامەزراندنیــان لــە دەزگاکانــدا و بــە کەمکردنــەوەی ڕێــژەی بێکاریــش تــەرزی کێشــەکانی تریــش کــەم دەبێتــەوە کــە لــە ئەنجامــی بێکاریــدا دروســت بوونــە.

٣- کردنەوەی مەڵبەند و بنکەی تایبەت بە کارە پیشــەیی و ئەکادیمییەکان و ســوودوەرگرتن لە بەهــرە و تواناکانیان.

٤- هەوڵــدان بــۆ وشــیارکردنەوە و ورياکردنەوەیــان و تەیارکردنیــان بــە چەکــی زانســت و مەعریفــە کــە تێیــدا لــەو نامۆبــوون و ونبوونــە قوتــار دەبــن و بــەرەو خۆناســین هەنــگاو دەنێــن.

٥- کردنــەوەی مەڵبەندەکانــی فێربــوون لــە زمانــە زیندووەکانــی جیهــان و فێرکردنــی

کۆمپیوتـەر و بوارەکانـی تـری هونـەری و ڕۆشـنبیری و... هتـد.

٦- دروستکردنی کەسایەتییەکی بەهێـز کـە لـە ئەنجامـی گەڕانـەوەی متمانـە بەخۆبوون و بایەخپێدانیانـەوە دێت.

٧- چاککردنی گوزەرانیان و خۆشکردنی زەمینەی پێکهێنانی خێزان.

٨- سیستەمی خێـزان دەبـێ لەسـەر بنەمـای دیموکراتیـەت و وەرگرتنـی بیـروڕا و گفتوگـۆ بنیـات بنرێـت.

٩- هەوڵـدان بـۆ ناردنـە دەرەوەی لاوانـی بەهرەمەنـد بـۆ خوێنـدن و مومارەسـەی پێگەیاندنـی تەخەسـوس و بەرزکردنـەوەی ئاسـتی فکـری و زانسـتییان و گەڕانەوەیـان بـۆ وڵات.

هـەر لێرەشـەوە جێـگای خۆیەتـی سوپاسـی بێپایانمـان ئاراسـتەی کابینـەی سـێیەمی حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتان بکەیـن کـە بـە تەنـگ و دەنگـی لاوانـەوە هاتـووە و تـا ئەندازەیـەك ڕێـژەی بێکاریـی کـەم کردووەتـەوە، بەتایبەتـی سوپاسـی وەزارەتـی ڕۆشـنبیری و ڕۆڵـی بەرچـاو و دیـاری دەنرخێنیـن و بەهەنـد وەردەگریـن لـە گرنگـی و بایەخدانـی زۆری بـە کارە پیشـەیی و ئەکادیمـی و بەهرەکانـی لاوان لـە گشـت بوارەکانـی وەرزشـی و هونـەری و ڕۆشـنبیری و چاوەڕوانـی دەسـکەوتی زیاتـر و زیاتـر بـن.

هەرچەنـدە گلەیـی و گازانـدەی ئەوەشـیان لـێ دەکەیـن کـە وەکـو پێویسـت هـاوکاری و پشـتگیری یەکێتییەکەمانـی نەکـردووە بـۆ خزمەتکردنـی زیاتـری بزووتنـەوەی لاوانـی کوردسـتان.

**لە خاڵی شەڕی ناوخۆشدا هاتووە:**

نزیکـەی ٧ سـاڵە کوردسـتان ئـازادە و حکومـەت و ئەنجومەنـی نیشـتمانی کوردسـتان کـە بـەری ڕەنـج و خەبـات و تێکۆشـانی سـاڵەهای درێژخایەنـی گەلەکەمانـە پێـك هاتـووە و جێگـەی ئومێـد و ئاواتـی هەمـوو نەتـەوەی کـوردە و پێویسـتە وەکـو بیلبیلـەی چاومـان بیپارێزیـن. بـەڵام مخابـن ئـەوە بـۆ چـوار سـاڵ دەچـێ کـە شـەڕی ناوخـۆ باڵـی بەسـەر وڵاتەکەمانـدا کێشـاوە و چەندیـن جەولـەی شـەڕی بەخۆیـەوە بینیـوە و لەلایەکـی

تریشـەوە p.k.kی تیرۆریسـت بـە فیتـی ناحەزان دەسـت لـە کاروباری ناوخـۆی وڵاتەکەمان وەردەدات و کار گەیشـتووتە ئـەوەی خـودی ئۆجـەلان لـە ناوەڕاسـتی ئـەم مانگـەدا لـە چاوپێکەوتنێکـدا لەگـەڵ ڕۆژنامـەی الوسـط ئاشـکرا دانی بەوەنا کـە ڕێگرتن لە دروسـتبوون و بەرقەراربوونـی کیانـی کـوردی لـە باکووری عێراقدا ئەرك و ئارمانجی سـەرەکی سەرشـانی p.k.kیـە، بـەم پێیـە جارێکـی تـر ئەوەمـان بۆ دەسـەلمێنێت کـە هەر لـە ڕۆژی یەکـەم پارتی ئـەوەی بـە جەمـاوەری کوردسـتان و ڕای گشـتی ڕاگەیانـد کـە ئەمانـە بـە فیتـی بێگانـە هەڕەشـە لـەم ئەزموونـە دەکـەن. ئـەو شـەڕە ئاسـەواری خراپـی فـرێ داوەتـە ناو جەسـتەی کۆمەڵـی کـوردەواری کـە گرنگترینیـان هەڕەشـە بوو بـۆ لەنێوبردنـی ئەزموونـی گەلەکەمان، ئەمـە و خوێنـی دەیـان لاوی کـوردی بـە ناحـەق ڕژانـد. ئـەو شـەڕە ناوخۆییانـە سـەرەڕای ئـەوەی ئەمنـی نەتەوەیـی و سـتراتیژی کـوردی تووشـی گەورەتریـن لەناوچـوون کـردووە لەگـەڵ ئـەوەدا بـوارە هەنوکەییەکانـی بژێـوی و ژیـاری و شارسـتانی ئەمـڕۆی هەرێمـی لـە بارێکـی زۆر ئاڵـۆز و پەشـۆکاودا خولْقانـدووە کـە ترسـێکی لـێ بـەدی دەکـرێ لەمـەڕ تێکچوونـی پەیوەندییـە کۆمەڵایەتییەکانـی کـوردەواری و ونبوونـی کەسـایەتی کـورد لـە بازنـەی ئینتیـمای نەتەوەییـدا. لەلایەکـی تـرەوە هـەر ڕەنگدانـەوەی ئـەم شـەڕەیە کـە وای کـردووە وڵاتانـی ئیقلیمـی بـە ئارەزووی خۆیان دەسـت لـە کاروباری چۆنیەتی باری سیاسـی کوردسـتان وەربـدەن، بـە پلانـی ژەهرڕێـژی خۆیـان چەندیـن تیـرۆری سیاسـی و کارەسـاتی کۆمەڵکـوژی بخەنـە ئـاراوە و دەتوانیـن بڵێیـن هەتـا ئێسـتا زۆر لـە مەرامـی دوژمنـان جێبەجـێ بـووە. بـە دامەزراندنـی کابینـەی سـێیەمی حکومەتـی هەرێـم زۆر لـە برینـەکان سـاڕێژ بوونـە، ئـەم کابینەیـە لـە ماوەیەکـی کورتـدا توانیویەتـی گەورەتریـن و بەرچاوتریـن گۆڕانـکاری ئیجابـی بێنیتـە کایـەوە بـە تایبەتی لـە پایتەختـی هەرێمدا، چ لەلایەنی ئاسـایش و ئارامـی ناوچەکـە یاخـود لەلایـەن ئاوەدانکردنەوە و پـەرەدان بەرەو ڕۆشـنبیری دامودەزگا مەدەنییـەکان، لەگـەڵ ئەوەشـدا هێشـتا قەیـران زۆرن، بۆیە بـەڕای ئێمە پێویسـتە حکومەت بـە تەواوەتـی و لـە فۆڕمێکـی ڕیشەکێشـدا بـۆ چارەسـەرکردن هەنـگاو بنـێ بـە تایبەتـی بۆ توێـژی لاوان لـە چارەسـەرکردنی بیـکاری و نەبوونـی هێڵـی دیـار و بەرچاوڕوون بـۆ ژیانیان، چونکـە لەهـەر کۆمەڵگایەکـدا کـە توێـژی لاوان دووچـاری ڕاوەسـتان و بـێ جووڵەیـی بـوو ئـەوا شـیرازەی کۆمـەڵ ڕوو لـە پەرتـەوازی دەچـێ.

**له خاڵی وڵاتانی ئیقلیمیشدا هاتووه:**

ئـەو وڵاتانـەی کـە کوردسـتانیان بەسـەردا دابـەش کـراوە تـا ئێسـتاش بـە هەمـوو شـێوەیەك نکۆڵییـان لـە مافـە ڕەواکانـی گەلـی کـورد کـردووە لـە چوارچێـوەی وڵاتەکەیانـدا، کـە ئەمـەش خـۆی لـە خۆیـدا یەکێکـە لـە نەهامەتـی و کارەسـاتەکانی میللەتـی کـورد، ئـەو وڵاتانـە بـە هەمـوو شـێوەیەك مافـە مرۆییەکانـی کـورد پێشـێل دەکـەن و پـەرە بـە ناکۆکییەکانـی کـورد دەدەن لـە پارچەکانـی کوردسـتاندا. ئەگـەر ئاوڕێکـی خێـرا لـە مێـژووی ئـەم وڵاتانـە بدەینـەوە، لـە هەمـوو بوارێکـەوە بـە تایبەتـی لـە ڕووی سیاسـییەوە چەندیـن کێشـەیان لەنێوانـدا هەیـە کـە کێشـەی قـووڵ و لـە مێژینـەن، بـەڵام کـە کار دەگاتـە سـەر مەسـەلەی کـورد و بزاڤـە ڕزگاریخوازەکـەی کـورد لەگـەڵ یەکـدا کۆکـن و دەسـتی هـاوکاری بـۆ یەکـتری درێـژ دەکـەن و کێشـە سـتراتیژییەکانیان وەلا دەنێـن، بـۆ چەوسـاندنەوە و سـەرکوتکردن و کپکردنـی شۆڕشـەکانی کـورد چەندیـن بڕیـار و پەیماننامەیـان مـۆر کـردووە. بـۆ ئـەو مەبەسـتە بێگومـان لـە مێـژووی ئـەو وڵاتانـەدا ئەگـەر پەیماننامەیـەك لـە نێوانیانـدا بەسـترا بـێ ئـەوا بـە تەئکیـد دژ بـە کێشـەی ڕەوای گەلـی کـورد بـووە، ئـەو وڵاتانـە سـەرەڕای ئـەوەی کـە وڵاتانـی دوڵەمەنـدی ناوچـەن، بـەڵام تـا ئێسـتا پێشـکەوتنێکی ئەوتۆیـان بەخـۆ نەبینیـوە چونکـە ٧٥٪ توانـای ئابـووری خۆیـان خسـتووەتەگەڕ بـۆ درێژەپێدانـی شـەڕ دژ بـە بزاڤـی ڕزگاریخـوازی کـورد، هـەر بـە هـۆی ئـەو سیاسـەتە چەوتەیانـە کـە بەدەسـت چەندیـن قەیرانـەوە دەناڵێنـن. بۆیـە ڕووی دەمـمان دەکەینـە ئـەو وڵاتانـە کـە دەبـێ دڵنیـا بـن بـە زوڵـم و زۆرداری و ئاگـر و ئاسـن و خۆداسـەپاندن و سـەرکوتکردن و سیاسـەتی قڕکـردن هەرگیـز ناتوانـن دەنگـی ئازادیخـوازی گەلـی کـورد کـپ بکـەن. دیـارە گەلـی کوردیـش ئـەو مەبدەئـەی هەڵگرتـووە کـە ئەگـەر دوژمـن بـۆ ئاشـتییەك هەنـگاو بنـێ ئـەوا خـۆی چەندیـن هەنـگاو دێتـە پێشـەوە، ئەمـە لەلایـەك لەلایەکـی تـرەوە سیسـتەمی ئەمـڕۆی جیهانـی پەیڕەوکردنـی سیاسـەتی دیموکراسـی و پاراسـتنی مافـی مرۆڤـە، بـۆ ئـەو وڵاتانـەش ئـەو مەنتیقـە پیـرۆز و سـەرکەوتووترە کـە هەسـت و سـۆزی گەلـی کـورد بقۆزنـەوە و لـە چوارچێـوەی وڵاتەکانیانـدا دان بـە مافـە ڕەواکانـی کـورد بنێـن و هـەر

بــە پەیڕەوکردنــی ئــەم سیاســەتەش دەتوانــن ئەمــڕۆ خۆیــان لەگــەڵ سیســتەمی نوێــی جیهانــدا بگونجێنــن، پێچەوانــەی ئــەم سیاســەتەش ســەرەتا بــە زەرەر و زیانــی ئــەوان تــەواو دەبــێ و کێشــە ناوخۆییەکانیــش قووڵــتر دەبنــەوە. هەروەهــا دەبــێ ئــەو وڵاتانــە واز لــە سیاســەتی دەســتێوەردان و پیلانگێــڕی بێنــن لــە هەرێمــی کوردســتاندا کــە بــە بــڕوای ئێمــە وازهێنــان لــەو سیاســەتە زیاتــر لــە بەرژەوەنــدی نەتەوەیــی و ئەمنــی خۆیاندایــە.

## پڕۆگرام و پەیڕەوی ناوخۆی کۆنگرەی پێنجەم

پڕۆگـرام و پەیـڕەوی ناوخـۆی یەکێتـی لاوانـی دیموکراتـی کوردسـتان لـە کۆنگـرەی پێنجـەم «کۆنگـرەی پێشـکەوتن» لەژێـر دروشـمی (ئاشـتی ـ فیدراڵـی ـ ژیانێکـی بەختـەوەر بـۆ لاوانـی کوردسـتان) لـە ٤/٢٩ ـ ١٩٩٨/٥/١ بڕیـاری لەسـەر دراوە

### پڕۆگرام

### ناوی یەکێتی

(یەکێتـی لاوانـی دیموکراتـی کوردستان)ـە کـە بـە پیتەکانـی (ی.ل.د.ك) هێـمای بـۆ دەکرێـت.

ڕێکخراوێکـی جەمـاوەری کۆمەڵایەتـی نیشـتمانی دیموکراتییـە، لـە یەکگرتنـی ئـەو لاوانـە پێـك هاتـووە کـە باوەڕیـان بـە پڕۆگـرام و پەیـڕەوی ناوخـۆی هێنـاوە و تـێ دەکۆشـن بـۆ بەدیهێنانـی ئامانجەکانـی یەکێتـی لـە چوارچێـوەی ڕێکخراوەکەیـدا و بەپێـی سیاسـەتی یەکێتـی و بڕیارەکانـی دەزگا سـەرکردەییەکانی.

١- یەکێتـی بـۆ هێنانـەدی ئامانجەکانـی لاوانـی کوردسـتان بـە تایبەتـی و لاوان لـە سەرانسـەری عێـراق بەگشـتی، تـێ دەکۆشـێ.

٢- یەکێتـی لـە هەرێمـی کوردسـتاندا کاروبارەکانـی بەڕێـوە دەبـات و بـۆی هەیـە لـە هـەر شـوێنێکدا لـق یـا نووسـینگە بکاتـەوە.

**ئامانجە نیشتمانی و نەتەوەییەکانی یەکێتی**

١- یەکێتـی بـاوەڕی بـە مافـی چارەنووسـی نەتـەوەی کـوردی بەشـکراو هەیـە و پشـتگیری خەباتـی دەکا دژی ڕژێمـە دیکتاتـۆر و شـۆڤێنیزمەکان.

٢- بەهێزکردنـی پەیوەنـدی برایانـە و هـاوکاری لەگـەڵ ڕێکخراوەکانـی لاوان لـە پارچەکانـی تـری کوردسـتاندا.

٣- پشـتگیریکردنی پەرلەمـان و حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتان لـە پێنـاو سـەقامگیربوون و پاراسـتنیان وەك دەسـتکەوتی خەبـات و تێکۆشـانی گـەل و بـەری ڕەنجـی خوێنـی شـەهیدان و شـۆڕش و ڕاپەڕیـن.

٤- تێ دەکۆشێ لە پێناو عێراقێکی دیموکراتی پەرلەمانی فیدراڵی کە باوەڕی بە فرەحزبی هەبێ و بە شێوەیەکی دیموکراتییانە بەکاری بێنێ، لەسەر بناغەی ئازادی و مافی مرۆڤ و یەکسانی گشتی لە بەرامبەر یاسادا و مافی چارەنووسی گەلی کوردستان و مافی وای کەمە نەتەوەییەکان زامن بکات بۆ بەدیهێنانی گۆڕانکاری لە هەموو بوارەکانی ژیاندا.

٥- پێگەیاندنی کادیری لاوی دڵسۆز و لێهاتوو و خاوەن بڕوانامە و ڕابردووی پاك بۆ گەل و نیشتمان.

٦- کردنەوەی خولی سەربازی بۆ ڕاهێنانی لاوان لە پێناو بەرگری نیشتمانی دا.

٧- داوای کەمکردنەوەی خزمەتی سەربازی دەکەین بەپێی بڕوانامەی خوێندن.

٨- خەبات دەکەین لە پێناو پەروەردەکردنی لاوان بە بیروباوەڕ و کەلەپوری بارزانی نەمر و تاقیکردنەوە دەوڵەمەندەکانی گەلەکەمان و شۆڕشی ئەیلوولی مەزن و گوڵانی نیشتمانیی پێشکەوتنخواز.

٩- چاککردنەوەی باری ئابووری بە پەیڕەوکردنی سیاسەتێکی ئەوتۆ کە هەوڵ بدات گەلەکەمان پشت بە توانای خۆی ببەستێ و داهاتی کوردستان بەکار بێنێ و تەنیا چاو نەبڕێتە یارمەتی حکومەتی و ڕێکخراوە مرۆڤدۆست و خێرخوازەکان.

١٠- قوڵکردنی هاوخەباتی تێکۆشان لەگەڵ ڕێکخراوە پیشەیی و دیموکراتییەکانی کوردستان وەك قوتابیان و ئافرەتان و مامۆستایان و تەواوی ڕێکخراوە جەماوەرییەکانی تر.

١١- زەمینە خۆشکردن و هەوڵدان بۆ گەڕانەوەی ئەو هاووڵاتییانەی بە هۆی سیاسەتی دوژمنکارییانەی دوژمنانەوە پەنایان بردۆتە دەرەوە و چەندین ساڵە بە ئاوارەیی دەژین.

١٢- داوا دەکەین کە چارەنووسی هەزاران لاوی گەلەکەمان و ئەنفالکراوەکان دیاری بکرێت و حکومەتی هەرێمی کوردستان هەوڵ بدات زیاتر گرنگی بە ژیان و گوزەرانی خاو و خێزانەکانیان بدات.

١٣- هەوڵدان بۆ دابینکردنی ژیانی لاوە پەککەوتەکان و کەمئەندامەکان و

سـووککردنی بـاری ژیانیـان.

١٤- هەوڵـدان بـۆ بەگەڕخسـتنی توانـای لاوان بـۆ ئاوەدانکردنـەوە و پەرەپێـدان و بووژانـەوەی ئابـووری کوردسـتان.

١٥- هاندانی لاوان بۆ بایەخدان و پاراستنی ژینگەی کوردستان.

١٦- پشتگیری لە پرۆسەی ئاشتی و چەسپاندنی دەکەین لە هەرێمی کوردستاندا.

١٧- تێکۆشـان دژی سیاسـەتی تیـرۆر و تۆقانـدن لـە کوردسـتان و سەرانسـەری جیهـان لـە پێنـاو پاراسـتنی مافـی مـرۆڤ و ئـازادی بیـروڕا دەردەبڕیـن.

**لەسەر ئاستی جیهان**

١- تێکۆشان دژی دەستبەسەرداگرتن و داگیرکردن و بەخۆڵکاندن.

٢- پشتگیریکردنی خەباتی گەلان لە پێناو (پاراستنی) دیموکراتی و ئاشتی جیهانی.

٣- بەهێزکردنـی پەیوەنـدی دۆسـتانە و هاوکاریکـردن لەگـەڵ ڕێکخـراوە پیشـەیی و دیموکراتییەکانـی جیهـان.

٤- هەوڵـدان بـۆ دەستنیشـانکردنی ڕێکەوتـی ٣/١٦ ڕۆژی بۆردومانـی کیمیـاوی هەڵەبجـەی شـەهید بـە ڕۆژی قەدەغەکـردن و لەناوبردنـی چەکـی بەکۆمەڵکـوژ.

٥- هەوڵ دەدەین بۆ ئەوەی یەکێتییەکەمان ببێتە ئەندام لە یەکێتی لاوانی جیهاندا.

٦- پشـتگیری وتووێـژی (کـورد ـ عـەرەب) و گەلانـی تـری دراوسـێ دەکەیـن بـۆ چارەسـەری دادوەرانـەی کێشـەکەمان و سەرخسـتنی پرۆسـەی دیموکراتـی و برایەتـی تێکۆشـان.

**لەمەڕ باری ناوخۆی لاوان**

١- خەبات دەکەین لە پێناو بەدیهێنانی مافە وا و داواکارییەکانی لاوانی کوردستان.

٢- بزووتنـەوەی وەرزشـی و هونـەری هـان دەدەیـن بـە کردنـەوەی خـول و بەرگریکـردن لـە مافـی وەرزشـکاران و هونەرمەنـدان، هەروەهـا دابینکردنـی کەلوپەلـی پێویسـت و یاریگـە و ڕاهێنـەری بەتوانـا.

٣- هــەوڵ دەدەیــن بــۆ نەهێشــتنی بێــکاری لــە نێــو لاوان بــە تایبەتــی لــە نێــو

دەرچووەکانــدا و دامەزراندنــی نووســینگەی کار بــۆ ڕەخســاندنی هەلــی کارکــردن.

٤- هەوڵ دەدەین لە پێناو ڕزگاری ئافرەتی کورد و پاراستنی مافەکانی.

٥- هــەوڵ دەدەیــن بــۆ کردنــەوەی یانــە و ناوەنــدی ڕۆشــنبیری و زانســتیی لاوان و پترکردنی دیــدار و کــۆڕ و کۆبوونــەوە بــە مەبەســتی بەرزکردنــەوەی ئاســتی ڕۆشــنبیری و زانســتییان.

٦- بڵاوکردنــەوە و پەخشــکردنی بابەتــی تایبــەت بــە لاوان لــە دامودەزگاکانــی ڕاگەیانــدن بــە شــێوەیەك کــە خزمەتــی قۆناغــی ئەمــڕۆ بــکات و بگونجــێ لەگــەڵ شارســتانیەتدا.

٧- خەبــات دەکەیــن بــۆ پەروەردەکردنــی لاوی کــورد بــە بیــروڕای دیموکراتییانــە و ڕێزگرتــن لــە مــاف و ئازادییەکانــی مــرۆڤ.

٨- بایــەخ دەدەیــن بــە پەروەردەکردنــی منــداڵان وەکــو نــەوەی دواڕۆژ بــە دابینکردنــی هەمــوو جــۆرە دەرفەتێــك بــۆ نەشــونما و پەرەپێدانــی بەهرەکانیــان.

٩- پشــتگیری کردنــەوەی پەرتوکخانــەی گشــتی و پەرتوکخانــەی تایبــەت بــە لاوان لــە هەمــوو شــار و شــارۆچکەکانی کوردســتان و دەوڵەمەندکردنیــان بــە پەرتــوك و چاپەمەنــی جۆراوجــۆر، دەکەیــن.

١٠- هەوڵــدان بــۆ دەرکردنــی یاســای گونجــاو و لەبــار لــە لایــەن ئەنجومەنــی نیشــتمانیی کوردســتانەوە کــە خزمەتــی بەرژەوەنــدی بــاڵای گــەل بــە گشــتی و لاوان بــە تایبەتــی بــکات لــە شــوێنی ئــەو یاســا و بڕیارانــەی کــە پێشــتر ڕژێــم دایڕشــتوون.

١١- هەوڵــدان لــە پێنــاو دابینکردنــی پێداویســتییەکانی ژیانــی لاوان لــە دێهاتەکانــی کوردســتان و خســتنەگەڕی تواناکانیــان بــۆ ئاوەدانکردنــەوە.

١٢- هەوڵ دەدەین بۆ پاراستن و زیندووکردنەوەی هونەری ڕەسەنی کوردی.

١٣- هــەوڵ دەدەیــن بــۆ بایەخپێــدان و زیندووکردنــەوەی ســەرجەم بــوارەکان و فۆلکلــۆری کوردەواریــمان.

١٤- دژی ڕفانــدن و لەناوبردنــی ئاســەواری مێژوویــی کوردســتان دەوەســتین و داوای پاراســتنی و گرنگیپێدانیــان دەکەیــن.

## پەیڕەوی ناوخۆ

## بەشی یەكەم

## ئەندامێتی یەكێتی

**بەندی یەكەم:**

مەرجەكانی ئەندامێتی

هەمـوو لاوێـك، چ كـوڕ چ كـچ دەتوانـێ ببێتـە ئەنـدام ئەگـەر ئـەم مەرجانـەی خـوارەوەی تێـدا بـەدی بكرێـت:

أ. خاوەنی ئاكار و ڕەوشتی بەرز بێت.

ب. باوەڕی پتەوی بە پەیڕەوی ناوخۆ و پڕۆگرامی یەكێتییەكەمان هەبێت و بەپێی شارەزایی خۆی لەبوارە جیاجیاكان بۆ پێشخستنی یەكێتییەكەمان هەوڵ و كۆشش بدات.

ت. لەیەكێك لە بنكەكانی یەكێتییەكەماندا ڕێك خرابێت.

ث. كورد بێت یان نیشتەجێی كوردستانی عێراق بێت.

ج. تەمەنی لە چواردە ساڵ كەمتر و لە ٣٥ ساڵیش زیاتر نەبێ.

ح. ئابوونـەی مانگانـەی بـدات بـە پێـی توانـای. لێژنـەی ڕاپەڕانـدن بـۆی هەیـە لـە كاتـی پێویسـتدا ڕێـژەی ئابوونـەی ئەندامـان دیـاری بـكات.

**بەندی دووەم:**

وەرگرتن لە یەكێتیدا

أ. بەنووسین داوای هاتنەڕیزی یەكێتییەكەمان ئاراستەی یەكێك لە بنكەكان دەكات.

ب. لە دوای پەسەندكردنی داواكارییەكەی فۆرمی ئەندامێتی پڕ دەكاتەوە.

**بەندی سێیەم:**

مافەكانی ئەندام

أ. گشـت ئەندامـان مافـی ئەمەیـان هەیـە ڕای خۆیـان دەرببـڕن و بۆچـوون و ڕەخنـە

و پێشـــنیارەكانیان لەڕێــی ڕاپۆرتــە دەورییەكانــەوە یــان كۆبوونەوەكانــی ڕێكخســتن لەمــەڕ ســەرجەم هەڵســوكەوت و چالاكییەكانــی یەكێتییەكــمان نیشــان بــدەن.

ب. هەموو ئەندامانی یەكێتی مافی دەنگدان و خۆپاڵاوتنیان هەیە.

ت. ئەندام مافی ئەوەی هەیە لە كاتی پێویستدا داوای یارمەتی بكات.

ث. هــەر یەكێــك لــە ئەندامانــی یەكێتــی ســزای ڕێكخســتنی دەرهــەق وەرگیرابــێ بــۆی هەیــە بــەو ســزایە نــاڕازی بێــت و داوای لێكۆڵینــەوە لــە كێشــەكەی بــكات و بخرێتــە بــەردەم دەزگاكانــی ســەرووتر.

ج. ئەگــەر لێژنــەی ڕاپەڕانــدن ئــەرك و چالاكییەكانــی بــۆ ئەندامێــك دیــاری كــرد لــە دوای جێبەجێكردنــی خــەڵات دەكــرێ.

ح. بۆی هەیە لە هەموو چالاكییەكانی ی.ل.د.ك بەشداری بكات.

**بەندی چوارەم:**

ئەركەكانی ئەندام

أ. ڕاپەڕاندنــی هەمــوو فەرمانەكانــی لێژنــە ســەركردەییەكانی یەكێتــی لــە ســەر بناغــەی ناوەنــدی دیموكراتــی.

ب. بڵاوكردنەوەی بیری نەتەوەیی و دیموكراتی و مرۆڤایەتی لەناو ڕێزەكانی لاواندا.

ت. تێكۆشــان بــۆ بەرزكردنــەوەی ئاســتی ڕۆشــنبیری ســەردەم و خۆگونجانــدن لەگەڵــی لــە پێنــاو خزمەتكردنــی نەتەوەكەمــان بــە شــێوەیەك لەگــەڵ وتــی كۆمەڵــگادا بگونجــێ.

ث. دووركەوتنــەوە و بەرپەرچدانــەوەی هەمــوو ئــەو كــردەوە و فاكتــەرە ناوەكــی و دەرەكییــە ســلبیانەی زیــان بــە سروشــت و ناوبانگــی یەكێتییەكــە دەگەیەنــێ.

ج. پتەوكردنــی پەیوەندییــەكان لەگــەڵ جەمــاوەری كوردســتاندا، هەوڵــی یارمەتیدانــی پێویســت بۆیــان لــە بوارەكانــی ئابــووری و ڕامیــاری و كۆمەڵایەتــی و مرۆڤایەتیــدا.

ح. ئەندامــی یەكێتــی پێویســتە كۆشــش بــكات بــۆ ئــەوەی ببێتــە پێشــەنگ بــۆ لاوانــی تــر لــە ڕووی خۆبەختكــردن و خۆنەویســتی و دەســتپاكی و قوربانیــدان.

## بەشی دووەم

## سزاکانی ڕێکخستن - سزادان

**بەندی پێنجەم:**

هەر ئەندامێك لە پەیڕەوی ناوخۆ و پرۆگرامی یەکێتی لا بدات یان سەرپێچی لێ بکات یان دژی بەرژەوەندی بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردستان بوەستێت تووشی سزا دەبێت و جۆری سزاکە بە گوێرەی سەرپێچیکردنەکە دەبێت و لێژنەی ڕاپەڕاندن جۆری سزاکە دیاری دەکات و هەروەها ئەم مافە دەتوانێ بە هەر دەزگایەك یان لێژنەیەکی تری ڕێکخستن بدات.

جۆرەکانی سزا:

أ. ئاگادارکردنەوە.

ب. سەرنجڕاکێشان بە نووسین.

ت. گواستنەوە.

ث. سڕکردن(تجمید).

ج. لێوەرگرتنەوەی پلەی لێپرسراوێتی.

ح. دەرکردن(الطرد).

**بەندی شەشەم:**

أ. ئەگەر یەکێك لە ئەندامانی مەکتەبی سکرتاریەت تووشی حاڵەتێکی وا هات کە پێویست بوو ئیجرائاتی لەگەڵ بکرێت، تا کۆبوونەوەی ل. ڕاپەڕاندن[1] سڕ دەکرێ بۆ ئەوەی کۆبوونەوەکە بڕیاری لەسەر بدات.

ب. ئەگەر یەکێك لە ئەندامانی ل. ڕاپەڕاندن تووشی حاڵەتێکی وا هات کە پێویست بوو لە ڕیزی یەکێتییەکەمان دەربکرێت بەپێی دەنگی ٣/٢ ئەندامانی ل. ڕاپەڕاندن تا کۆنگرە سڕ دەکرێ.

---

(١)لێژنەی ڕاپەڕاندن.

## بەشی سێیەم

**بەندی حەوتەم:**

دروستبوونی ڕێکخستنی یەکێتی لەسەر ئەم بنەمایانەی خوارەوە بنج و بناوانی بەستووە کە ئەمانەن:

أ. هەڵبژاردنی گشت دەزگا سەرکردەییەکانی یەکێتی بە دەنگدانی نهێنی دەکرێت.

ب. دەزگاکانی خوارووو بڕیارەکانی لێژنەکانی سەرووتر ئەنجام دەدەن.

ت. گشت دەزگا و لێژنە جۆربەجۆرەکانی یەکێتی ڕاپۆرتی مانگانە سەبارەت بە چالاکییەکانیان پێشکەش بە دەزگاکانی سەرووتر دەکەن و تیایدا پێشنیار و پرسیارەکانیان دەخەنە ڕوو، هەروەها دەزگا سەرکردەییەکان لە چالاکییەکانی خۆیان ئەو دەزگایانەی پێوە بەستراون ئاگادار دەکەن بە هۆی دەرهێنانی بڵاوکراوە خولییەکان.

ث. دیسپیلین(انضباط) ڕێکخستنی گشت پلەکان دەگرێتەوە، هەروەها جێبەجێکردنی بڕیارەکانی یەکێتی و ملکەچبوونی کەمایەتی بۆ زۆرینە.

**بەندی هەشتەم:**

گشت دامەزراوەکانی ڕێکخستنی یەکێتی بەم بناغە و بیروباوەڕانەی خوارەوە بەستراون:

أ. دەزگاکان بەپێی چڕی دانیشتووان لە گوند و ئۆردوگا و گەك و ناحیە و قەزا و شار دادەمەزرێن.

ب. سنووری چالاکی هەر دەزگایەك لەو دەزگایانەی لە سەرەوە هاتوون لەلایەن لێژنە سەرکردەییەکانەوە دیاری دەکرێت، لێژنەی ڕاپەڕاندن بۆی هەیە بەپێی هەلومەرجی تایبەتی ئەو شێوازەی سەرەوە دەستکاری بکات.

ت. دەشێ دەزگای تر دابمەزرێت ئەگەر پێویست بەوە هەبوو ئەوەش لەسەر پێشنیاری لێژنەی لق و پەسەندکردنی لێژنەی ڕاپەڕاندن دەبێت.

**بەندی نۆیەم:**

أ. ئاراستەکردنی چوست و چالاکییەکانی سەرووتر بەپێی زنجیرەکانی ڕێکخستن دەبێت کە بنکە، ناوەند، لق پێك دێنن.

ب. سەرەتایی سەرکردایەتی بەکۆمەڵ لەگەڵ ڕەچاوکردنی لێپرسراوێتی تاکەکەس و لەبەرچاوگرتنی شارەزایانی بوارەکە بناغەی کارکردنی دەزگا سەرکردەییەکان، ئەندامە سەرکردەییەکانیش حەز لە گەورەیی خەباتکردن بکات و تێ بکۆشێ بۆ زاڵبوون بەسەر هەموو کەموکوڕییەکانی کە لە کارکردنیدا هەن لە ڕێگای بەکارهێنان و پەیڕەوکردنی سەرەتایی ڕەخنە و ڕەخنە لەخۆگرتن و چاونەکردنی زنجیرەکانی (بەڕێوەبردن) بۆ دانانی شێوازی کارکردن و شێوەکانی پرۆگرامدانان و نەخشەکێشان.

ت. دەزگا جۆربەجۆرەکانی یەکێتی دەبێ بەیناوبەین کۆبوونەوە و سیمیناری دەوریی ڕێك بخەن بۆ دۆزینەوەی کەموکوڕییەکانی کارکردن و دیراسەکردنی شێوەی زاڵبوون بەسەریاندا و ڕێکخستن و گەشەکردن بە چالاکییەکان بە مەرجێ ڕێکخستنی سیمینارەکان و داوای ڕاگرتنی دەزگاکانی خوارەوە بکات کە پەیوەندییان بە بابەتەکەوە هەیە.

## بەشی چوارەم

## هەیکەلی ڕێکخستنی یەکێتی و دەزگا سەرکردەییەکان

**بەندی دەیەم:**

**بنکە:**

١- بنکە، بناغەدانەری ڕێکخستنەکانی یەکێتی لاوانە و لەویشەوە گشت دەزگاکان دادەنرێن و سەرپەرشتی هەموو ئەندامانی لاوان دەکات لە دەڤەرەکەیدا و پێك دێت لە پێنج ئەندام:

أ. بەرپرسی بنکە.

ب. بەرپرسی ڕێکخستن.

ت. بەرپرسی ئیدارە و دارایی.

ث. بەرپرسی هونەری و ڕۆشنبیری.

ج. بەرپرسی وەرزشی.

بنکەکان لە دانیشتووانی دەڤەری نیشتەجێبوونیان پێك دێن.

٢- ئەرکەکانی بنکە:

أ. بنکە ئەڵقەیەکی گەیەنەری بنەڕەتییە لە نێوان لاوان و دەزگای ناوەندی لاواندا.

ب. پلەی بنەڕەتی ئەرکی ئاراستە و ئامادەکردنی لاوان لە ڕۆیشتن لەسەر ڕێبازی هێنانەدی ئامانجە ڕەواکانیان کە کەوتۆتە ئەستۆ، ئەمەش بە وشیارکردنەوەیان لە ئامانجە مێژووییەکانی بزاڤی ڕزگاریخوازی کورد.

ت. بنکە هەڵدەستێت بە سازدانی کۆڕ و سیمینار بە مەبەستی بەرزکردنەوەی ئاستی نەتەوەیی و ڕۆشنبیری لاوان لە دەڤەرەکەدا.

ث. بنکە هەوڵی دەوڵەمەندکردن و پاراستنی کۆگای هونەری ـ وەرزشییەکەی دەدات.

ج. سەرپەرشتی ئەو پڕۆژە بەرهەمهێنەرانە دەکات کە یەکێتی لە دەڤەرەکەدا دەیکاتەوە.

ح. بەرزکردنەوەی بەرهەمی ئەو سوود و قازانجانە بۆ دەزگای سەرووتری خۆی.

**بەندی یازدە:**

**ناوەند:**

سەرپەرشتی هەموو بنکەکانی دەڤەرەکە دەکات و ڕێنمایی و ئامۆژگاری پێویست بۆیان دەردەکات لە ڕێگای بڵاوکراوە و کۆڕ و سیمینار.

ناوەند لەلایەن بنکەکانەوە هەڵدەبژێردرێت و شوێنی چالاکییان تەنها قەزاکان دەبێت و لە (٥) ئەندام پێك دێت:

١- بەرپرسی ناوەند.

٢- بەشی ڕێکخستن.

٣- بەشی هونەری و ڕۆشنبیری.

٤- بەشی وەرزش.

٥- بەشی ئیدارە و دارایی.

**ئەرکەکان:**

أ. سەرپەرشتی هەموو بنکەکانی دەڤەرەکە دەکات.

ب. کۆنفرانسی ساڵانەی خۆی دەبەستێت.

ت. هەوڵ دەدات بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی لە ڕێگای گۆڤار و بڵاوکراوە.

ث. بەرپرسی ناوەند ئەندامی لقە.

دەسەڵاتەکانی ناوەند:

ج. بۆی هەیە لە دەڤەرەکەیدا بنکەیەك دامەزرێنی یان هەڵوەشێنێتەوە.

ح. دەرکردنی ئەندام پێشنیار دەکات بۆ لق.

خ. هەموو دەسەڵاتەکانی بۆ سزادانی ئەندامەکانی هەیە جگە لە برگەی (و) لە بەندی (پێنجەم).

د. هەڵدەستێ بە سازدانی خولی فێرکردن و هەموو چالاکی هونەری و وەرزشی و ڕۆشنبیری.

**بەندی دوازدە:**

**لق:**

أ. بارەگای لق لە ناوەندی پارێزگا یان گەورەترین شار دەبێت و لێپرساوی لقیش دەبێ ئەندامی لێژنەی ڕاپەڕاندن بێت.

ب. ئەندامانی لێژنەی لق لەلایەن کۆنفرانسی گشتی لق هەڵدەبژێرێت، ژمارە و مەرج و بنچینەی هەڵبژاردنەکانیش لەلایەن لێژنەی ڕاپەڕاندنەوە دیاری دەکرێت کە لە ٥-٧ ئەندام پێك دێت.

ت. هەموو لێپرسراوی ناوەندەکان پلەی ئەندامێتی لقیان هەیە.

**بەندی سێزدە:**

لق لەم بەشانەی خوارەوە پێك دێت:

أ. بەرپرسی لق کە ئەندامی ل. ڕاپەڕاندنە.

ب. بەرپرسی ڕێکخستن.

ت. بەرپرسی هونەری و ڕۆشنبیری.

ث. بەرپرسی بەڕێوەبردن و دارایی.

ج. بەرپرسی ڕاگەیاندن.

ح. بەرپرسی پەیوەندی و کار و کۆمەڵایەتی.

خ. بەرپرسی وەرزش.

**ئەرك و دەسەڵاتەکانی لق:**

١- بەستنی کۆبوونەوەی فراوانی لق مانگانە بە بەشداری ئەندامانی لق و لێپرسراوی ناوەندەکان و نووسینی ڕاپۆرتی دەوری بۆ م. سك[١] و ل. ڕا[٢] لەسەر هەڵسەنگاندنی ڕێکخستن و چالاکییەکانی وەرزشی و هونەری و ڕۆشنبیری.

٢- وەڵامدانەوەی ڕاپۆرتی ناوەندەکان.

٣- تەشکیلکردن و هەڵوەشاندنەوەی ناوەندەکان بە ڕەزامەندی م. سك.

٤- بڕیاردان لەسەر بەخشینی شەرەفی ئەندامێتی لەسەر داوای ناوەندەکان.

٥- سەرپەرشتی کاری ڕێکخراوەیی و چالاکییەکانی لەگشت ڕوویەکەوە.

٦- پێکهێنانی تیپی وەرزشی و هونەری و ئەنجامدانی پێشبڕکێ بەشێوەیەکی ڕێکوپێك لە بۆنەکاندا.

٧- نووسینی بەیاننامە لە کاتی پێویستدا.

(١)مەکتەبی سکرتاریەت.

(٢)لێژنەی ڕاپەڕاندن.

٨- داڕشتنی بەرنامەی کاری مانگانە و ساڵانە بۆ لق و ناوەندەکان.

٩- ئامۆژگاری ئاراستەکردنی ناوەندەکان لە ڕێگای گشتاندن(تەعمیم).

١٠- کردنەوەی خولی ڕۆشنبیری بۆ ئەندامان.

١١- بڕیاری سزادانی ئەندامانی یەکێتی (ئاگادارکردنەوە، سەرنجڕاکێشان، گواستنەوە، سڕکردن یا ڕاگرتنی چالاکی جگە لە بڕیاری دەرکردن).

١٢- بەستنی کۆڕ و سیمیناری ڕۆشنبیری و ئەدەبی.

١٣- ئامادەکردنی ڕاپۆرت بۆ کۆنفرانس.

**بەندی چواردە:**

**کۆنفرانسی گشتی**

لە کاتێکدا کە نەتواندرێت کۆنگرە ببەسترێت یان لەسەر داوای ٣/٢ی ئەندامان یان ٣/٢ی ئەندامانی لێژنەی ڕاپەڕاندن دەبەسترێت.

أ. کۆنفرانسی گشتی لەمانەی خوارەوە پێك دێت:

١- ئەندامانی لێژنەی ڕاپەڕاندن و یەدەگەکان و ئەندامانی بەشەکانی م. سك و کارگێڕ و ئەندامانی لق و بەرپرسی ناوەندەکان.

٢- نوێنەرانی کۆنفرانسە ناوەندییەکان کە ڕێژەی ل. ڕاپەڕاندن دیاری دەکات.

٣- ئەندامانی پێشکەوتووی یەکێتی بەو ڕێژەیەی ل. ڕاپەڕاندن دیاری دەکات.

ب- کۆنفرانسی گشتی هەموو دەسەڵاتێکی کۆنگرەی هەیە جگە لە:

١- دەستکاریکردن لە پڕۆگرام و پەیڕەوی ناوخۆ.

٢- گۆڕینی دروشم یان ئارمی یەکێتی لاوان.

٣- گۆڕینی زیاتر لە نیوەی ئەندامانی لێژنەی ڕاپەڕاندن.

**ئەرکەکانی کۆنفرانسی گشتی:**

١- گوێڕاگرتن و لێکۆڵینەوە لە ڕاپۆرتی سیاسی گشتی.

٢- گوێڕاگرتن و لێکۆڵینەوە لە ڕاپۆرتی بەشەکان.

٣- دەرهێنانی بڕیار و ڕاسپاردە کە لەگەڵ قۆناغی ئەو کاتەی لاوان بگونجێت.

**بەندی پازدە:**

کۆنگرە:

کۆنگـرە بەرزتریـن دەسـەڵاتە لـە یەکێتـی لاوانـی دیموکراتـی کوردسـتان کـە لـە نوێنەرانـی هەڵبژێـردراوی کۆنفرانسـەکانی لقەکانـدا پێـك دێـت بـە سـێ سـاڵ جارێـك دەبەسـترێت. یـان بەشـێوەیەکی نائاسـایی ئەگـەر زیاتـر لـە ٣/٢ی ئەندامانـی یەکێتـی یـا ٣/٢ی ئەندامانـی لێژنـەی ڕاپەڕانـدن ئـەوەی بـە پێویسـت زانـی.

**ئەرکەکانی کۆنگرە:**

أ. گوێگرتن لە ڕاپۆرتی لێژنەی ڕاپەڕاندن و لێکۆڵینەوەی چالاکییەکان.

ب. پەسـەندکردن پڕۆگرامـی یەکێتییەکـە و پەیـڕەوی ناوخۆییەکـەی و ئەنجامدانـی ئاڵوگـۆڕی پێویسـت.

ت. پەسەندکردنی مارش و ئارمی لاوان.

ث. دەرهێنانـی بڕیـار و ڕاسـپاردەی پێویسـت سـەبارەت بـە چالاکـی لێژنـەی ڕاپەڕانـدن و مەکتەبـی سـکرتاریەت.

ج. هەڵبژاردنی ئەندامانی لێژنەی ڕاپەڕاندن.

**بەندی شازدە:**

لێژنەی ڕاپەڕاندنی یەکێتی:

١- بەرزتریـن دەسـەڵاتە لـە یەکێتـی لاوان لـە مـاوەی نێـوان دوو کۆنگـرەدا چالاکـی سیاسـی و کاروبـاری لاوان بەڕێـوە دەبـات، لـە هەمـوو بـوارەکان نوێنەرایەتـی دەکات و لـە بـەردەم کۆنفرانسـی گشـتی یـان کۆنگـرە بەرپرسـیارە.

٢- مەرجـی پێویسـت بـۆ ئەندامێتـی لێژنـەی ڕاپەڕانـدن دەبـێ ٣ سـاڵ بەسـەر وەرگرتنـی ئەندامێتـی لـە یەکێتـی لاوان تێپـەڕ بووبێـت.

أ. لێژنەی ڕاپەڕاندن بەلایەنی کەمەوە هەر چوار مانگ جارێك کۆ دەبێتەوە.

ب. ئەندامانـــی لێژنـــەی ڕاپەڕانـــدن، مەکتەبـــی ســـکرتاریەت لەنێـــو خۆیانـــدا هە ڵد ە بژ ێــر ن .

ت. ئەندامانـــی لێژنـــەی ڕاپەڕانـــدن پێـــك دێـــن لـــە (١٩) ئەنـــدام و (٥) ئەندامـــی یـــەدەگ (احتیـــاط).

ث. دەسەڵاتەکانی

ج. ئەگـــەر شـــوێنی ئەندامێکـــی لێژنـــەی ڕاپەڕانـــدن بەهـــەر هۆیەکـــەوە چـــۆڵ مایـــەوە بـــۆی هەیـــە بـــە زۆری ٣/٢ی دەنگـــەکان کەســـی شایســـتە بـــۆ پڕکردنـــەوەی ئـــەو بۆشـــاییە هەڵبژێـــرێ لـــە نێـــوان ئەندامـــە چالاکەکانـــی یەکێتـــی لاوان.

ح. چـــاو بخشـــێنێ بەســـەر هەمـــوو بڕیارەکانـــی دەزگاکانـــی یەکێتـــی لاوان و ســـووك یـــان توندتـــری بـــکات.

خ. دەســـەڵاتی ئـــەوەی هەیـــە کـــە بڕیـــار بەســـەر وەرگرتنـــی یـــان وەرنەگرتنـــی ڕێکخـــراوی تـــری لاوان بـــدات بـــۆ نـــاو ڕیزەکانـــی یەکێتـــی لاوان.

د. بڕیاری دەرکردنی(طرد) ئەندام لە دەسەڵاتی ئەودایە.

**بەندی حەڤدە:**

**مەکتەبی سکرتاریەت:**

أ. لەلایـــەن لێژنـــەی ڕاپەڕاندنـــەوە هەڵدەبژێردرێـــت و پێـــك دێـــن لـــە حـــەوت (٧) ئەنـــدام و ئـــەم بەشـــانەی خـــوارەوە بەڕێـــوە دەبـــەن:

١- سکرتێر.

٢- ڕێکخستن.

٣- ڕاگەیاندن.

٤- هونەر و ڕۆشنبیری.

٥- وەرزش.

٦- ئیدارە و دارایی.

٧- پەیوەندییەکان و کار و کۆمەڵایەتی.

ب- بڕیـار و ڕاسـپاردەکانی کۆبوونـەوەی لێژنـەی ڕاپەڕانـدن جێبەجـێ دەکات لـە نێـوان دوو کۆبوونـەوەدا.

ج- سکرتێر هەڵدەبژێرێ.

**بەندی هەژدە:**

دارایی:

أ- دارایی یەکێتی پێك دێت لە:

١- ئابوونەی مانگانەی ئەندامان.

٢- پیتاك(التبرعات).

٣- نرخی چاپەمەنی و بڵاوکراوەکانی یەکێتی.

٤- ئەو پڕۆژە بەرهەمهێنەرانەی کە یەکێتی پێی هەڵدەستێت.

ب- چۆنێتی خەرجکردنی دارایی یەکێتی :

١- ئەو دەرماڵەی(مخصصات) کە مەکتەبی سکرتاریەت بڕیاری لەسەر دەدات.

٢- خەرجی بارەگاکانی یەکێتی و بوارەکانی تر.

٣- یارمەتیدانـی پێویسـت بـۆ کادیـرە (متفـرغ)ەکان و ئـەو ئەندامانـەی کـە بەهـۆی نەخۆشـبوون و پەککەوتـن پێویسـتییان بـە یارمەتـی هەیـە ئەویـش بەپێـی بڕیـاری مەکتەبـی سـکرتاریەت دیـاری دەکرێـت.

٤- جموجوڵ و چالاکییە وەرزشی و ڕۆشنبیرییەکان کە یەکێتی پێی هەڵدەستێ.

٥- بـۆ هاتوچـۆی نوێنەرانـی یەکێتـی بـە ئیشـوکاری تایبـەت بـە یەکێتییـەوە لـە نـاوەوە و دەرەوەی وڵاتـدا.

## ڕاگەیەنراوی کۆتایی کۆنگرەی پێنجەمی یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان

جەماوەری کۆڵنەدەری کوردستان، لاوانی شورەی پۆڵایین

ڕۆژی ٢٩ی نیسانی ١٩٩٨، کاتژمێر ١٠ی سەرلەبەیانی، لە هەولێری پایتەختدا لە هۆڵی میدیا، بە ئامادەبوون و چاودێری هێژا جەنابی سەرۆك مەسعود بارزانی، لە ژێر دروشمی «ئاشتی، فیدراڵی، ژیانێکی بەختەوەر بۆ لاوانی کوردستان»، ڕیوسمی کردنەوەی کۆنگرەی پێنجەم، «کۆنگرەی پێشکەوتن» بە چەند ئایەتێك لە قورئانی پیرۆز و ڕێزنان لە گیانی پاکی بارزانیی نەمر و کاکە ئیدریسی جوانەمەرگ و سەرجەم شەهیدانی بزووتنەوەی لاوان و کوردستان و وتەی بەخێرهاتنی میوانان دەستی پێ کرد. ئینجا هێژا سەرۆك بارزانی پەردەی لەسەر ئارمی کۆنگرە لادا و لە وتەیەکی بە نرخ و مێژوییدا وێڕای پیرۆزبایی گەرم، ڕۆڵی لاوانی لە پێشکەوتنی گەلەکەماندا بە بەرزی نرخاند و یەکێتی لاوانی بە قوتابخانەی پێگەیاندنی کادیری چالاك بۆ گەشەپێدانی کۆمەڵ و پڕکردنەوەی بۆشاییە ئیداری و حکومییەکان و مەیدانی خەبات دانا.

دوابەدوای ئەوە بەڕێزان سەرۆکی پەرلەمان و سەرۆکی حکومەتی هەرێم لە وتارەکانیاندا ئاماژەیان بۆ گرنگی کاری ڕێکخراوەیی لاوان کرد و خەباتی یەکێتییەکەمانیان نرخاند و داکۆکییان لەسەر بەشداری کاریگەرانەی لاوان لە ئاوەدانکردنەوەی کوردستان و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتیدا کرد. هەروەها بەرپرسی مەکتەبی ناوەندی ڕێکخراوە جەماوەری و پیشەییەکان و یەکێتی ئافرەتان و یەکێتی قوتابیان وتاری خۆیان خوێندەوە، پاشان شاعیری پایەبەرزی کورد مامۆستا خالیدی حیسامی چەند کۆپلە شیعرێکی پێشکەش کرد و دواتر مارشی لاوان پێشکەش کرا. ئەمەو هەر لە گەلەری میدیا، هێژا سەرۆك بارزانی و ڕێزدار سامی عەبدولڕەحمان بەرپرسی کارگێڕی مەکتەبی سیاسی دوو پێشانگای فۆتۆگرافی و ئەرشیفی و ڕۆژنامەگەری لاوانیان کردەوە.

پاش نیوەڕۆی هەمان ڕۆژ، دانیشتنی دووەم بە ئامادەبوونی بەڕێز نێچیرڤان بارزانی جێگری سەرۆکی حکومەتی هەرێم، هاوکار و پشتیوانی لاوان، درێژەی بە کارەکانی دا. لە سەرەتادا بەڕێز نێچیرڤان بارزانی ڕۆڵی لاوانی لەڕەوتی تێکۆشانی

وای گەلەکەماندا وەکو شورەی پۆڵایین بۆ پاراستنی دەسکەوتە نەتەوەییەکانمان هەڵسەنگاند و پشتگیری و پشتیوانی پتر و ڕاستەوخۆی بۆ خزمەتکردنی لاوانی کوردستان دووپات کردەوە. ئەمەو دوای ئەوەی بەڕێزیان هۆڵی میدیای بەجێ هێشت، کۆنگرە کەوتە کارە سمییەکانی خۆی و لێژنەی سەرپەرشتی پێك هێنا و پاشان ڕاپۆرتی گشتی لەلایەن هەڤاڵ ئیبراهیم مستەفا خوێندرایەوە و لێژنەکانی تریش پێك هات بۆ بەدواداچوونی پڕۆژەی پرۆگرام و پەیڕەوی ناوخۆ و سکاڵا و مارش و ئارم و دروشم.

سەرلەبەیانی ڕۆژی ٣٠ی نیسان، لێژنەکان تێبینییەکانی خۆیان خستە ڕوو و گشت خاڵەکان دوای گفتوگۆیەکی زۆر کە تا ئێوارەی هەمان ڕۆژی خایاند لە کەش و هەوایەکی تەواو و ئازاد و دیموکراتیدا بڕیاری لەسەر درا.

ڕۆژی ١ی مایس، کاتژمێر ١٠ی سەرلەبەیانی، لە ژێر چاودێری دادوەر و پارێزەری یاسایی لەدوا دانیشتندا دەست کرا بە هەڵبژاردنی سەرکردایەتییەکی نوێ بۆ یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان و ئەمە و لە هەڵبژاردنەکاندا ١٩ هەڤاڵ بۆ سەرکردایەتی دیاری کران و کۆنگرەش لە کەش و هەوایەکی برایانە زۆر بە سەرکەوتوویی کۆتایی بە کارەکانی خۆی هێنا.

ڕۆژی دواتر ٢ی مایس، سەرجەم نوێنەرانی کۆنگرە سەردانی بارزانیان کرد و لە بەردەم گلکۆی نەمراندا لە ڕێوسمێکی شکۆدار سوێندی بەڵێن و وەفادارییان دووپات کردەوە.

هەزاران سڵاو لە گیانی پاکی شەهیدانی بزووتنەوەی لاوانی دیموکراتی کوردستان و شەهیدانی سەرکردەی لاوان سمکۆ ئامێدی و حاجی عەبدولڕەحمان  و نەوزاد محەمەد نەجیب.

هەزاران درود و سڵاو لە گیانی پاکی سمبولی بزووتنەوەی ئازادیخوازی کورد **بارزانیی نەمر** و برای هەمیشە زیندوو **کاك ئیدریس بارزانی** جوانەمەرگ.

**یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان**

**کۆنگرەی پێنجەم**

**هەولێر ـ ٢ی مایسی ١٩٩٨**

## کۆنگرەی شەشەمی یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان
## (کۆنگرەی بارزانی نەمر) هەولێر ـ ٢٠٠٤

دوای کۆتایی هاتنی تەواوی ئامادەکارییەکان و ئەنجامدانی کۆنفرانسەکانی هەڵبژاردنی نوێنەرانی کۆنگرە لە گشت لقەکان لە مانگی کانوونی دووەم ٢٠٠٣. کۆنگرەی شەشەمی یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان، لە ڕۆژانی ٢٤-٢٥ی ئاداری ٢٠٠٤، لە هۆڵی میدیا لە شاری هەولێر، بە ئامادەبوونی ٣٥٠ نوێنەر، بە دروشمی (ئاشتی، فیدرالی، ژیانێکی بەختەوەر بۆ لاوانی کوردستان) و بە ناونیشانی (کۆنگرەی بارزانی نەمر) بەسترا. لەم کۆنگرەیەدا هەریەک لە فازڵ میرانی نوێنەری سەرۆك مەسعود بارزانی، سەرکیس ئاغا جان سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان بە وەکالەت، تیم بوتری نوێنەری CPA، نەوزاد هادی پارێزگاری هەولێر و چەند کەسایەتییەکی دیکە وەک مێوان ئامادەبوون[١].

لە درێژەی کار و چالاکییەکانی کۆنگرە، دوای خۆپاڵاوتنیان، بە دەنگی نوێنەرانی کۆنگرە، لیژنەی ڕاپەڕاندن بەم شێوەی خوارەوە هەڵبژێردران:

١- تەیمور تەیمور عەبدال

٢- ڕەجەب حاجی ڕەجەب

٣- عەبدوڵا ئەلیاس خدر

٤- ئومێد عەبدولڕەحمان حەسەن، ناسراو بە ئومێد خۆشناو

٥- ڕوخۆش سەعید

٦- هەڵکەوت ڕەفعەت ئەحمەد

٧- چیمەن محەمەد تەقیەدین

٨- شیرین مستەفا

٩- موزەفەر تاهیر

١٠- حسێن حەسەن حسێن، ناسراو بە حسێن گۆران

١١- دڵشاد ئیبراهیم

١٢- شەمدین عەبدولڕەحمان

١٣- نەجات باپیر سمایل

١٤- دەهام عەبدولباقی

١٥- سەعید مستەفا تەتەرخان، ناسراو بە سەعید هەرکی

١٦- سابیر حسێن

١٧- هاوار محەمەد یوسف

یەدەگی لێژنەی ڕاپەڕاندنی:

١- سیروان عادل، ناسراو بە سیروان ناشاد

٢- کاوە محەمەد

٣- شێرزاد کەریم

٤- ئاسۆ حەسەن[٢].

دوای ماوەیەکی کورت، سێ لە ئەندامانی لێژنەی راپەڕاندن (عەبدوڵا ئەلیاس خدر، هەڵکەوت ڕەفعەت و چیمەن محەمەد تەقیەدین) وازهێنانی خۆیان ڕاگەیاند و سێ لە یەدەگەکانی لێژنەی ڕاپەڕاندنیش دەستیان لەکار کێشاوە[٣].

لە یەکەمین کۆبوونەوەی لێژنەی ڕاپەڕاندندا ستافی سکرتاریەتی لاوان بەم شێوەی خوارەوە هەڵبژێردران:

١- نەجات باپیر سمایل- سکرتێر

٢- ڕەجەب حاجی ڕەجەب- ئەندامی مەکتەبی سکرتاریەت

٣- ڕوخۆش سەعید- ئەندامی مەکتەبی سکرتاریەت

٤- دەهام عەبدولباقی- ئەندامی مەکتەبی سکرتاریەت

٥- موزەفەر تاهیر- ئەندامی مەکتەبی سکرتاریەت

٦- سەعید مستەفا تەتەرخان- ئەندامی مەکتەبی سکرتاریەت

٧- سیروان ناشاد- ئەندامی مەکتەبی سکرتاریەت.

لـەم قۆناغـەدا، یەکێتـی لاوانـی دیموکراتـی کوردسـتان وەك پەیکـەری ڕێکخراوەکـە، خـاوەن شـەش ناوەنـدی بـاڵا (لـق) بـوو:

١- ناوەندی باڵای هەولێر-ئومێد خۆشناو، بەرپرسی ناوەندی باڵا

٢- ناوەندی باڵای دهۆك- تەیمور تەیمور عەبدال، بەرپرسی ناوەندی باڵا

٣- ناوەندی باڵای کەرکووک- کاوە مەحمود، بەرپرسی ناوەندی باڵا

٤- ناوەندی باڵای سۆران- هاوار محەمەد یوسف، بەرپرسی ناوەندی باڵا

٥- ناوەندی باڵای ئاکرێ- حسێن گۆران، بەرپرسی ناوەندی باڵا

٦- ناوەندی باڵای زاخۆ- شەمدین عەبدولڕەحمان، بەرپرسی ناوەندی باڵا[٤].

## سەرچاوە و پەراوێز

١- کۆنگرەی شەشەمی یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان هەنگاوی دوورهاوێژ بەرەو بیری کراوە و بەرنامەی نوێ، ڕۆژنامەی برایەتی، ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستان ژمارە ٣٩٠١، یەکشەمە، ٢٦ی کانونی دووەمی ٢٠٠٣ز، ل ٣؛ یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان، ئامانجەکان و یاسای کارکردنی لاوان، (هەولێر ـ چاپخانەی حاجی هاشم ـ ٢٠٠٤ز)، ل ٢؛ دۆسیەیەکی تایبەت بە کۆنگرەی شەشەمی بارزانی نەمر، گۆڤاری پێشکەوتن، ئۆرگانی یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان، ژمارە ١٢٠، هەولێر، چاپخانەی ڕۆشنبیری، نیسان ٢٠٠٤ز، ل ٤.

٢- دۆسییەیەکی تایبەت بە کۆنگرەی شەشەمی بارزانی نەمر، سەرچاوەی پێشو، ل ٥.

٣- نەوزاد فوئاد، چەپکە گوڵێك لە مێژووی (ی.ل.د.ك)، بەرگی دووەم، (چاپخانەی وڵات-٢٠١٨)، ل ٥٦.

٤- هەمان سەرچاوە، ل ل ٥٧-٥٨.

## بەڵگەنامەکانی تایبەت بە کۆنگرەی شەشەمی یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان - هەولێر - ٢٠٠٤

وتاری لێژنەی ئامادەکاری کۆنگرە

بەناوی خوای گەورە و دلۆڤان

میوانانی کۆنگرەی شەشەمی یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان، خوشك و برایانی بەڕێز، بە ناوی لێژنەی ئامادەکاری کۆنگرەی شەشەمی یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان و مەکتەبی سکرتاریەت پڕ بەدڵ بەخێرهاتنتان دەکەین و خۆمان بە بەختەوەر دەزانین کە ئەمڕۆ لە هەولێری پایتەختی حکومەتی هەرێمی کوردستان و لە کەشوهەوای ئازادی و سەرفرازی، لە خزمەت ئێوەی ئازیزدا کۆنگرەمان ساز دەکەین. ئێمە لە کاتێکدا کۆنگرەی شەشەم دەبەستین کە کوردستان و عێراق گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی بەخۆوە دەبینێت، ئەوانەی کە دوێنێ پیلانیان بۆ قڕکردنی گەلی کوردستان دادەڕشت هەریەك بە جۆرێك بەر سزای گەل کەوتوون.

بەڕێزان، هەرچەندە ماوەیەکی زۆرە بڕیاری بەستنی کۆنگرەکەمان داوە، بەڵام بەهۆی ئەو هەلومەرجە دارایيەی کە لە دووساڵی ڕابردوو بەسەر کوردستان و عێراق و ناوچەکەدا هات نەتوانرا لەکاتی خۆیدا ببەسترێت. ئەمڕۆش سیستەمێکی نوێی کارکردنمان لێ دەخوازێ بۆ ئەوەی بتوانین هاوتەریب لەگەڵ ڕووداوەکان بەرەوپێش بچین و بەشێوازێکی نوێ ڕووبەڕووی ئەو گیروگرفتانە ببینەوە کە بەرۆکی لاوانیان گرتووە وەك بێکاری، کۆچ، پێکهێنانی خێزان، توندوتیژی و تاوان، نیشتەجێبوون و... هتد.

بۆ ئەم مەبەستەش سیستەمی کارکردنمان لە چوارچێوەی پرۆگرام و پەیڕەوی ناوخۆ گۆڕانی بنەڕەتی بەسەردا هاتووە و هیوامان وایە هەروەك چۆن لاوان لە مێژووی پڕ سەروەری خەبات و تێکۆشانی گەلەکەماندا ڕۆڵی کاریگەریان گێڕاوە، لە ئایندەشدا لە ئاست ئەو وتە بەنرخەی بارزانیی نەمردا دەبن کە لاوان بەشوورەی پۆڵایین بۆ پاراستنی کوردستان ناوزەد دەکا، لەم پێناوەشدا پێویستە هەوڵ بدەین زەمینە لەبارتر بکەین، کچانیش لە ڕیزەکانی لاوان و کۆمەڵگای

کوردەواری بە گشتی ڕۆڵی زیاتر ببینن.

بەڕێزان، هەرچەندە ئەوەی کە ئەمڕۆ وەك گەلی کورد بەدەستمان هێناوە و خۆی لە فیدراڵی جوگرافی مێژوویدا دەبینێتەوە، بەری ڕەنج و خەباتی هەموو حزب و لایەنە سیاسییەکانی کوردستانە، بەڵام ناکرێت باس لەم فیدراڵییەتە بکەین و ئاماژە بە ڕۆڵی گرنگ و دیار و بەرچاوی سەرۆك مەسعود بارزانی نەدەین کە بە شاهیدی هەموو لایەك توانی لە دوا ساتەکاندا تای تەرازووی وتووێژەکانی ئەنجومەنی دەسەڵاتی عێراق بەلای بەرژەوەندی گەلی کورد بشکێنێتەوە و فیدراڵی جوگرافی مێژوویی بۆ کورد مسۆگەر بکات. هەرچەندە بێگومان داخوازی و تێکۆشانی ئێمەی کورد تا گەیشتن بە سەربەخۆیی یەکجاری بەردەوام دەبێت، بەڵام ئەوەی ئەمڕۆش بەدەستمان هێناوە کەم نییە، بەری ڕەنج و قوربانیدانی دەیان ساڵی گەلەکەمانە و ئەرکی سەرشانی هەموو لایەکمانە بیپارێزین و پتر پێشی بخەین، چونکە ئەمڕۆ کورد بووەتە ئامانجی هەموو ئەو گروپ و لایەنانەی کە دژی ئازادی و ئاشتی و دیموکراتی و مافی نەتەوەییمانن و دەیانەوێت لە ڕێگای ترس و تیرۆر و تۆقاندن چۆك بە میللەتێك دابدەن کە چۆکی بە ئەنفال و کیمیاباران و گرتن و سێدارەدان دا.

ئەمڕۆ لە کاتێکدا کۆنگرەکەمان دەبەستین کە جێگای کۆمەڵێك سەرکردە و تێکۆشەر و دڵسۆزی نەتەوەکەمان لە ناوماندا خاڵییە و هەست بە بۆشایی جێگاکانیان دەکەین، بە تایبەتی شەهیدانی سەرکردە سامی عەبدولرەحمان و سەعد عەبدوڵا و شەوکەت شێخ یەزدین.

لاوانی خۆشەویست، ئەمڕۆ لەکاتێکدا بەرنامە بۆ ئایندەمان دادەڕێژین کە وڵاتەکەمان پێویستییەکی زۆری بە ئاوەدانکردنەوە و گەشەپێدان هەیە، لاوانی کوردستانیش هەروەك چۆن هەمیشە زۆریان بەخشیوە کەمیان بەرکەوتووە، دیسان ئامادەن سەربازێکی لەخۆبوردووی حکومەتی هەرێمی کوردستان بن بۆ بنیاتنانەوە و گەشەکردنی وڵاتەکەمان، کوردستان وڵاتێکی بەپیت و بەرەکەتە، سەرچاوەی کانزای هەمەجۆرە، کەشێکی گەشتیاری هەیە، ئاوی فراوانی هەیە، هێزی کاری فراوانیشی هەیە کە ئەگەر تێکەڵ بە عەقڵ و پسپۆریەت و تەجروبەی

وڵاتــە پێشــکەوتووەکان بکرێــت گومانــی تێــدا نییــە کــە دەبێتــە ناوەندێکــی زۆر گرنگــی ئابــووری و پیشەســازی لــە ڕۆژهەڵاتــی ناڤیــن، بــۆ ئــەم مەبەســتەش پێویســتیمان بــەوە هەیــە کــە هــەروەك ســەرۆك مەســعود بارزانــی فەرموویەتــی «خۆمــان بــە زانســت و ڕۆشــنبیری ســەردەم و ڕەوشــتی بــاش چەکــدار بکەیــن»، ڕاســتە ڕێگایەکــی زۆرمــان بڕیــوە، بــەڵام بــۆ گەیشــتن بــە ئەنجــام ڕێــگای زیاتریشــمان لــە پێشــدایە، ئێمــە وەك لاوانــی کوردســتان هــەروەك چــۆن هەســت بــەو ئەرکــە گرانــە دەکەیــن کــە مــاوەی ١٢ ســاڵە لەســەر شــانی ســەرۆك مەســعود بارزانــی بــووە، بەهەمــان ئەنــدازەش هەســت بــە ڕۆڵــی کاریگــەری بەڕێزیــان دەکەیــن لــە ئاینــدەی کوردســتان و عێــراق و تەنانــەت دەوروبەریــش، چونکــە ڕاگرتنــی دۆخێکــی ئــارام لــە مــاوەی ١٢ ســاڵ، ئەویــش لــەو هەلومەرجــە سیاســییە ئاڵــۆزەی ناوچەکــە و هەروەهــا گرفتەکانــی تــری ناوخۆیــش توانایەکــی لــە ڕادەبــەدەری پێویســت بــووە.

میوانانــی بەڕێــز، یەکێتــی لاوانــی دیموکراتــی کوردســتان لــە میانــەی کارکردنیــدا لــە ئاینــدە بــە پەرۆشــەوە کار لەســەر هــزر و بیــری نەتەوەیــی لای لاوان دەکات و بــۆ گەیشــتن بــە ســەربەخۆیی و لــەم پێناوەشــدا کەرکوکــی دڵــی کوردســتان بــە بەشــێکی دانەبــڕاو و هەمیشــە کوردســتانی دەزانێــت و ئامادەشــە قوربانــی بــۆ بــدات، چونکــە دڵنیایــن کوردســتان چەنــد پــتر ببوژێتــەوە و پێــش بکــەوێ، لاوانیــش گرفــت و کێشــەکانیان کەمــتر دەبێتــەوە و لــە ژیانێکــی ئاســوودە و بەختــەوەر نزیــك دەبنــەوە.

جارێکی تر زۆر بەخێر بێن و سوپاسی ئامادەبوونتان دەکەین.

## وتاری فازڵ میرانی، نوێنەری سەرۆك بارزانی

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان

خوشـك و برایـان، ئەندامانـی سـكرتاریەتی یەكێتـی لاوانـی دیموكراتـی كوردسـتان، میوانـە بەڕێـزەكان، ئەندامانـی كۆنگـرەی شەشـەمی یەكێتـی لاوانـی دیموكراتـی كوردسـتان، پێشـەكی بەنـاوی سـەرۆك بارزانـی و سـەركردایەتی پارتـی دیموكراتـی كوردسـتان، پیرۆزباییەكـی گەرمتـان لـێ دەكەیـن بـۆ سـەركەوتنی بیرۆكـەی بەسـتنی ئـەو كۆنگرەییـەی كـە چەنـد جـار بەهـۆی ڕووداوە سیاسـییەكانی عێـراق و ناوچەكـە دواكـەوت. داوای سـەركەوتنتان بـۆ دەخوازیـن بـۆ ئـەوەی ئـەو كۆنگرەیـە ببێتـە كۆنگرەیەكـی نەوعـی لـە قۆناغێكـەوە بـۆ قۆناغێكـی دیكـە.

ئامادەبووانـی بەڕێـز، بەسـتنی كۆنگـرەی شەشـەمی یەكێتـی لاوانـی دیموكراتـی كوردسـتان جیاوازییەكـی هەیـە لەگـەڵ كۆنگرەكانـی پێشـووتر، لـە قۆناغـی خەباتـی نهێنـی و بـە تایبەتـی دوای نسـكۆی ١٩٧٥ بـە شـێوەیەك و كۆنگرەكانـی دیكـەی لـە دوای هەڵگیرسـانەوەی شۆڕشـی گوڵانـی پێشـكەوتوو، نیشـتمانپەروەر لـە شـاخەكانی كوردسـتان و كوردسـتانی ڕزگاركـراو و لـە بارەگاكانـی شۆڕشـدا كۆنگرەیـان دەبەسـت، پاشـان كۆنگـرەی دوای سـەرهەڵدان، ئەمـڕۆش لـە دوای ڕووخانـی دیكتاتۆرییـەت و دامەزراندنـی عێراقێكـی تەعـەددودی، فیدراڵـی، ئـەم كۆنگرەیەتـان دەبەسـترێ و پێویسـتە ئـەو ڕاسـتییە بگوترێ كـە لـە هەمـوو قۆناغەكانـدا یەكێتـی لاوانـی دیموكراتـی كوردسـتان و یەكێتـی قوتابیـان هەمیشـە پێكـەوە خەباتـی قۆناغـە جیاجیاكانیـان كـردووە بـە خەباتـی میللـی یـان بـە خەباتـی نەقابـی.

ئەمـڕۆ لاوانـی دیموكراتـی كوردسـتان، لـە جیاتـی ئـەوەی تەنهـا كاریگەرییـان هەبـێ لـە بـواری خەباتـی سیاسـی و نەتەوایەتیـی، دەبـێ وەك هەمیشـە لـە ڕیـزی پێشـەوەی خەباتـی دیموكراتـی بـن، نـەك تەنهـا لـە كوردسـتان، بەڵكـو لـە هەمـوو عێراقـدا. ئـەوەش بـەوەی ئەزموونـی ڕێكخـراوە جەماوەرییەكانـی كوردسـتان بـە قوتابیـان و لاوان و مامۆسـتایان و ئافرەتانـەوە، كاریگەرییەكـی پۆزەتیڤانـەی هەبـێ لەسـەر چاككردنـەوەی ڕەوشـی كاری دیموكراتـی ڕێكخـراوەكان لـە تـەواوی عێراقـدا، چونكـە لاوانـی دیموكـرات، قوتابیـان، ئافرەتـان، مامۆسـتایان و سـەندیكاكان، دەبـێ ئـەو ڕاسـتییە بزانـن كـە عێراقـی

خۆشەویستمان چەندین ساڵە دواکەوتووە لە سایەی ڕژێمی دیکتاتۆریەت و تاکحزبی و تاکڕەوی. ئەزموونی ئەم چەند ساڵەی دیموکراتیەتیش لە کوردستاندا، نابێ لە چوارچێوەی هەرێمدا گەمارۆ بدرێ، بەڵکو دەبێ بگوازرێتەوە بۆ نێو عێراق و لەوێشەوە بۆ ناوچەکە. ئەم کارە ناردنە دەرەوە نییە، بەڵکو لە پێناو فەراهەمکردنی ژینگە و بیرکردنەوە کە ئازادی دیموکراسییەتی بنگەهی خۆمان پارێزراو بکات، بۆ ئەوەی لە کەشوهەوایەکی دروستدا بژین. چونکە بەبێ ئەوە، ئەوەی ئێمە لێرە دەیکەین هەمیشە لە ژێر هەشەی داواکەوتوویی و بیرکردنەوەی شۆڤێنییانە یان مەزهەبی و ئایینی دەمێنێتەوە. لەبەر ئەوەیە ئەمڕۆ بزووتنەوەی ئازادیخوازی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان سەرفرازە، کە ڕۆڵێکی سەرەکی دەبینێ شانبەشانی وتی دیموکراتییەت، ئەم هەموو ڕێکخراوە جەماوەرییانەی کوردستانی عێراق لە قۆناغێکدا بەم بیرکردنەوەیەن بۆ ئەوەی عێراق بکەنە بنکەیەك بۆ کۆمەڵگایەکی دیموکراتی و مەدەنی. مافی هەموو نەتەوە و چینەکان و مافی مرۆڤ و لە سەرووشیانەوە مافی ئافرەتی تێدا مسۆگەر بن. هەر بەو شێوەیەش پارتی دیموکراتی کوردستان شوێنی سروشتیی خۆی دەبینێتەوە، کە ڕۆژێك هاوپەیمان بێ و ڕۆژێکیش هاوسەنگەر بێ، کۆششی ئەمڕۆی دەبێ بینینی ڕۆڵێکی سەرەکی بێ بۆ کاراکردنی بزاڤی دیموکراسییەت لە کوردستان و لە عێراقدا و ببێتە گەرەنتییەك لە گرەنتییەکانی فرەحزبی و دیموکراتی و مافی مرۆڤ و مافی نەتەوەکان. ناکرێ ئێمە لە وڵاتێکدا بانگەشەی دیموکراتییەت بکەین یان دیموکراسییەت پیادە بکەین، بەڵام نەتەوەیەك لە نەتەوەکان مافخوراو و بەشخوراو بێ، جا چ عەرەب بێ یان کورد یان تورکمان یان ئاشووری یان کلدان! لە کوردستانیشدا بە هەمان شێوە ئێمە ناتوانین بڵێین کۆمەڵگایەکی دیموکراتی و مەدەنین ئەگەر مافی نەتەوە و ئایینەکان مسۆگەر نەکەین، بەڵام ئازادی بیرکردنەوە دەبێ ئازار بە بیرکردنەوەی باشی خەڵکانی دیکە نەگەیەنێ. ئازادی کارکردن دەبێ ئازادی کارکردنە چاکەکانی خەڵکی دیکە بێ. ئازادی بیرکردنەوە، قبوڵکردنی بیرکردنەوەی خەڵکی دیکەیە نەك ڕەتکردنەوەی.

بەم شێوەیە ئێمەی پارتی دیموکراتی کوردستان بیر لە ئەمڕۆی عێراقی بێ دیکتاتۆرییەت دەکەینەوە و بیر لە ڕۆڵی ڕێکخراوە جەماوەرییەکانی بە

تایبەتـی لاوان دەکەینـەوە، پێـمان باشـە هـەم خـودی لاوانـی دیموکراتـی کوردسـتان و ڕێکخراوەکانـی دیکـەی لاوان لـە کوردسـتان و لـە عێراقـدا لـەم قۆناغـەدا زیاتـر بایـەخ بـە خۆیـان بـدەن، تـا لـە هێـزی بزوێنـەرەوە بگۆڕێـن بـۆ هێـزی بەرهەمهێـن. ئەگـەر دوێنـێ لاوانـی دیموکراتـی پارێـزەر و قاڵبـووی بوارەکانـی پێشـمەرگایەتی و خەباتـی سیاسـی بووبـن، ئـەوا ئەمـڕۆ دەبـێ بچنـە نێـو کاروانـی بەرهەمهێنانـەوە، لـە دەزگا دیموکراتییەکانـدا هـەر لـە خـوارەوە بـۆ سـەرەوە ڕۆڵـی خۆیـان ببینـن، جێـگای خۆیـان بگـرن. ئەمـڕۆ دەبـێ بزاڤـی سیاسـی لـە کوردسـتان و لـە عێـراق ئـەو جێگەیەیـان بـۆ زامـن بـکات و ڕێـگا خۆشـکەریان بێـت، تـا لاوان پڕۆسـەی دیموکراسـییەت لـە نـاوەوەی عێـراق بـەرەو پێشـەوە بـەرن. پێویسـتە یەکێتـی لاوانـی دیموکـرات زیاتـر بایـەخ بـە دەسـکەوتەکان و بۆچوونـە سـەندیکاییەکان بـدات، خولـی پێگەیشـتن بـۆ لاوان بکەنـەوە، بـۆ ئـەوەی سـبەینێ عێراقێکـی پیشەسـازی و کشـتوکاڵی و بوارەکانـی دیکـەی ئابـووری بـەم لاوانـە پـڕ بکرێنـەوە، بـۆ ئـەوەی لـە دەردی بێـکاری ڕزگار بـن. گـەر لاوان سـوتەمەنی بزاڤـی سیاسـی و سـەندیکایی خۆیـان بووبـن، ئـەوا ئەمـڕۆ دەبـێ بیـر لـە ئاینـدەی ئـەم لاوانـە بکەینـەوە، لـە بوارەکانـی بەرهەمهێنانـدا جێیـان بکرێتـەوە، لـە ڕەوتـی سیاسـی و ئابـووری و کۆمەڵایەتـی و دەسـەڵات دەبـێ جێـی دەسـتی لاوان هەبێـت، دەبـێ قەیرانـی نەبوونـی کار لـە عێـراق چارەسـەر بکـرێ، هـەم مەسـەلەی بێـکاری بـۆ لاوان کـە چەندیـن سـاڵە بۆتـە یەکێـك لـە نەخۆشـییەکانی لاوان و بـەردەوام ڕووبەڕوویـان دەبێتـەوە، نـەك لـە کوردسـتان بەڵکـو لـە عێراقیشـدا و یەکێکـە لـە خەسـڵەتەکانی کۆمەڵگاکانـی ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت.

ئێمـە لەگـەڵ ئەوەدایـن ڕێکخـراوی لاوان لـە عێراقـی ئـازاددا بیـر لـە یەکبوونـی ڕیزەکانیـان بکەنـەوە، تـا کادیـر و پسـپۆرانی لێهاتـوو، پێگەیشـتوو، تێگەیشـتووی کوردسـتان لـە یـەك بـوار و لـە یـەك قۆناغـدا کار بکـەن، ئەویـش قۆناغـی گەشـەپێکردنی ئەزموونـی خـۆی لاوانـە لـە ئەزموونـی کوردسـتاندا و دەرکەوتنـی ڕۆڵیانـە لـە ئەزموونـی عێراقـی پـاش دیکتاتۆریەتـدا.

کاتێـك بیرۆکـەی لاوان دیموکراسییەت بێـت، دەبـێ لاوان لـە هەمـوو کـەس دیموکراتـی تربـن، تـۆ ناتوانـی بـاس لـە دیموکراتییـەت بکەیـت گـەر لـە نـاوەوە دیموکراتـی نەبـی،

لەبەر ئەوە ڕێکخراوە سیاسی و جەماوەری و سەندیکاکانمان لە کوردستان دەبێ سەرەتا لە نێو خۆیاندا بە شێوەیەکی کامڵانە دیموکراتی بن تا بتوانن یاریدەدەر بن لە پراکتیزەکردنی دیموکراتیەتدا لە کۆمەڵگای تازەی عێراقدا، بەمەش ئێمە دەتوانین ئەو بەشخوراوییە لەسەر عێراق هەڵبگرین و ئەو پێشکەوتنەی لە کوردستاندا هەیە بە هانای خەڵکی دیکەوە بچێت، نەك ئیمە بوەستین تا ئەو دواکەوتنەی لە ناوەڕاست و باشوور هەیە بگاتە ئاستی کوردستان. دەبێ هەر ئێستا ئەو بیرکردنەوەیە ت بکەینەوە، دەبێ هەموومان لەو قۆناغەی پێی گەیشتووین یارمەتیدەر بین تا ماوەی نێوان دەڤەرە جوگرافییەکان لە عێراقدا ڕۆژ بەڕۆژ کەمتر بکەینەوە و پێکەوە لەسەر ئاستێکی یەکگرتوو بۆ عێراقێکی دیموکراتی فرەیی و فیدراڵی پاش گۆڕبەگۆڕبوونی دیکتاتۆرییەت و دەسەڵاتی تاکحزبی، کار بکەین.

بە پشتیوانی هێزی هاوپەیمانان بە تایبەتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و بەریتانیا، کە ڕۆڵێکی سەرەکییان هەبووە لە ئازادکردنی گەلی عێراق، دەمانەوێ لاوان ڕۆڵێکی سەرەکییان هەبێت لە پێگەیاندن و چەسپاندنی کۆمەڵگایەکی مەدەنی لە عێراقی تازەدا کە مافی هەمووانی تێدا مسۆگەر بووبێ و دەورێکی کاریگەری ببێ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، بەڵام هەموو ئەو کارانە ناکرێ ئەگەر ئێمە بەرەنگاریی هێرشی تیرۆریزمی نێودەوڵەتی نەبینەوە کە ئەمڕۆ لە عێراق و کوردستاندا هۆکاری جیاجیان هەیە لە لایەکەوە ئێمە لە سەنگەری دژ بە تیرۆریزمداین، کە بەسوود دەگەڕێتەوە بۆ بزاڤی کوردی، کە چەندین ساڵە ئەم بزاڤە یەکێك بووە لە قوربانیانی تیرۆریزم کە خەڵکێك بە دەنگییەوە نەدەهات، ئەمڕۆ لە سەنگەری دژ بە تیرۆریزمدا، دەتوانین یادی ڕابردووی خۆمان و قوربانیانی خۆمان بکەینەوە و بەشخوراوی خۆمان نیشان بدەین. مەسەلەی دووەم ئێمە لەم سەنگەرەدا هاوپەیمان پەیدا دەکەین، تا پێکەوە پارێزگاری لە کۆمەڵگای مەدەنی بکەین. مەسەلەی سێیەم ئێمە ئارمانجێك بووین لە ئامانجەکانی تیرۆریزم، لە یەکی شوباتی ڕابردوو کۆمەڵێك سەرکردە و کادیری لێهاتووی سیاسی و ئیداری و پەرلەمانتار و هاووڵاتی بوونە قوربانی ئەم هەڵمەتە ئیرهابییە، ئەویش زیادبوونی هۆکارێك بوو لەسەر بیرکردنەوە پووچەڵەکانی ئیرهابییەکان، کە مەسەلەی فیدراڵیەت بوو، بۆیە ئێمە دەبێ وەك میللەتی عێراق بە پشتیوانی هێزی

هاوپەیمانـان، ڕێگـە لـەو وڵاتانـە بگریـن کـە تیرۆریـزم دەنێرنـە دەرەوە بـۆ وڵاتەکەمـان، هـاوکات ئـەو دەسـتانە ببڕیـن کـە لـە نـاوەوەی وڵات ئیرهابـی لـە دەرەوەهاتـوو دژ بـە وڵاتەکەمــان بەکاردێنــن.

پـڕ بـەدڵ دووبـارە بەنـاوی سـەرۆك بارزانـی کـە ڕۆڵێکـی سـەرەکی هەبـووە لەگـەڵ بلۆکـی کوردیـدا بـۆ دەرچوونـی یاسـای بەڕێوەبردنـی دەوڵەتـی عێراقـی لـە قۆناغـی ڕاگوێزیـدا، سـەرکەوتن بـۆ کۆنگرەکەتـان دەخـوازم. پێـم باشـە لێـرەوە هەمومـان سوپاسـی حکومەتـی هەرێـم بکەیـن کـە پشـتگیریيان لـە ڕێکخـراوە جەماوەرییـەکان کـردووە لـە بـوارە جیاجیاکانـدا، هەروەهـا داوا لـە دەسـەڵاتی کاتیـی هاوپەیمانـان و ئەنجومەنـی حوکـم بکەیـن کـە پشـتگیری ڕێکخـراوە جەماوەرییـەکان و قوتابیـان و لاوان و ئافرەتـان بکـەن بـۆ ئـەوەی بتوانـن زیاتـر ڕۆڵـی خۆیـان لـە بنیاتنانـی کۆمەڵگای مەدەنیـدا ببینـن، دەسـتکەوتە سـەندیکاییەکانیان بێجگـە لـە دەسـتکەوتە سیاسـی و نەتەوەییـەکان بـەکار ببـەن. داوای سـەرکەوتنیان بـۆ دەکەیـن سوپاسـی قوربانیانـی لاوان و خەباتـی ڕابـردووی لاوان دەکەیـن.

دەرفەتـم پـێ بـدەن سوپاسـی سـەرکردایەتییە یـەك لـەدوای یەکەکانـی قۆناغـی دوای نسـکۆی ١٩٧٥ تـا ئێسـتای سـکرتاریەتی لاوانـی دیموکراتـی کوردسـتان بکـەم.

کۆنگرەکەتـان سـەرکەوتوو بێـت لـە سـایەی ئـاڵای ئـازادی بیرکردنـەوە و ئـازادی کارکـردن، بـەڵام دیسـانەوە دەڵێـم ئـەم ئازادییـە ڕێ لـە ئـازادی خەڵکانـی دیکـە نەگـرێ و مافـی کەسـانی دیکـە پێشـێل نەکـرێ.

**سەرکەوتوو بن.**

**والسلام علیکم**

## وتاری حکومەتی هەرێمی کوردستان لە لایەن سەرکیس ئاغاجان

بەڕێـز نوێنـەری جەنابـی سـەرۆك و سـکرتێری مەکتەبـی سیاسـی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان، بەڕێـزان، ئەندامانـی کۆنگـرەی شەشـەمی یەکێتـی لاوانـی دیموکراتـی کوردسـتان، ئامادەبووانـی بەڕێـز، ئـەم کاتەتـان بـاش.

سـەرەتا بـە بۆنـەی بەسـتنی ئـەم کۆنگرەیـە، بـە نـاوی حکومەتـی هەرێـم کوردسـتان و بەڕێـز نێچیرڤـان بارزانـی سـەرۆکی حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتانەوە، سـڵاو و پیرۆزباییەکـی گەرمتـان ئاراسـتە دەکـەم. هیـوادارم کۆنگرەکەتـان سـەرکەوتن بەدەسـت بێنێـت و بڕیـار و ڕاسپاردەی زانسـتی و گونجـاوی لـێ دەربچـێ کـە سـوودی هەبێـت بـۆ بەرنامەکانـی داهاتـووی حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتان و سـەرجەم دامودەزگاکانـی تـری هەرێـم.

جێـی خۆیەتـی لـەم هەلـەدا هەندێـك بۆچـوون و سـەرڕەنجی خۆمـان دەربـارەی لاوان و بەرنامەکانـی داهاتوویـان بخەینـە پێـش چـاو، سـەرەتاش سوپاسـتان دەکـەم بـۆ ئـەو دەرفەتـەی بـە ئێمەتـان داوە. ئاشـکرایە کـە لاوان گرنگتریـن توێـژی کۆمەڵایەتـی هـەر کۆمەڵێـك پێـك دێنـن لـە هەمـوو سەرەدەمێکیشـدا لاوان پێشـڕەوی کۆمەڵـن، بـە تایبەتـی لـە وەرچەرخانـە مێژووییەکانـدا، لاوان ڕۆڵـی کاریگـەر دەبینـن و بـاری گـران دەکەوێتـە ئەسـتۆیان و باجـی گـەورە پێشـکەش دەکـەن. ئەمـە یاسـای ژیانـە و لـە هەمـوو سـەردەمێکدا خـۆی دووبـارە دەکاتـەوە، بـە درێژایـی سـەدەی بیسـتەم کـە بزووتنـەوەی ڕزگاریخـوازی کوردسـتان بـەرەو ڕووی داگیرکـەر و سـتەمکاران، بـەردەوام بـوو، لاوان پێشـڕەو بـوون نـەك تەنیـا لـە خەباتـی سیاسـی و چەکداریـدا، بەڵکـو لـە هەمـوو بوارەکانـی تـری ژیانـی کۆمەڵاتیـدا. ئـەم مێـژووە دووردرێـژە بـە ڕەنـج و قوربانیدانـی لاوانـی کوردسـتان نەخشـاوە، بۆیـە سـەری ڕێـز لـە ئاسـت ئـەو هەمـوو ڕەنـج و قوربانییانـە دادەنوێنیـن.

لـەم ڕۆژەدا ئێمـە ١٣ سـاڵمان لـە تەمەنـی ڕاپەڕیـن و ڕزگاربوونـی کوردسـتان لـە دەسـتی ڕژێمـی بەعـس بـەڕێ کـرد و پێـمان نایـە سـاڵی چواردەیەمینـەوە، هەروەهـا لـەم ڕۆژەدا یـادی یەکەمـی ڕوخانـی ئـەم ڕژێمـە سـتەمکارە دەکەینـەوە کـە لاوان بـە درێژایـی ٣٥ سـاڵ جگـە لـە سـوتەمەنی بـۆ شـەکان هیـچ شـتێکی تـر نەبـوون.

لـە سـایەی ئەزمونـی کوردسـتاندا، لاوان توانییـان بـۆ یەکـەم جـار هەناسـەیەکی ئـازادی هەڵمـژن. ئەمـە دەسـتپێکی قۆناغێکـی تـازە و گرنـگ بـوو. لاوان توانییـان لـە وڵاتـی خۆیانـدا بـە ئـازادی کاری سیاسـی و پیشـەیی بکـەن و بیرەوەرییەکانیـان بـێ سانسـۆر بخەنـە ڕوو، هەروەهـا لـە جیاتـی ئـەوەی ئاگـر و سـوتەمەنی شـەڕ بـن توانییـان خەبـات بـۆ ئاوەدانکردنـەوەی وڵاتەکەیـان بکـەن.

ئێمـە ناتوانیـن بڵێیـن توانیمانـە هەمـوو خواسـتەکانی لاوان بەجـێ بێنیـن، بـەڵام توانیمانـە بەشـێك لـەم خواسـتانە جێبەجـێ بکەیـن. لـە سـایەی ئەزموونـی کوردسـتاندا دەرفەتـی کارکـردن بـۆ لاوان ڕۆژ بـەڕۆژ باشـتر بـووە، هەروەهـا هێـمنی و ئاسـایش و ژیانـی دیموکراسـی پێشـکەوتنی ڕۆژانەیـان هەبـووە. جگـە لـەوەی کـە بـەردەوام چالاکییەکانـی وەرزشـی و هونـەری دەرفەتیـان لەپێشـدا بـووە و پشـتیوانی کـراون.

ئێسـتا کـە سـەردەمێکی نـوێ لـە عێـراق دەسـتی پـێ کـردووە و حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتان وەك حکومەتێکـی فیدراڵـی دانـی پێـدا هێـنراوە، دەتوانیـن چاوەڕوانـی ئـەوە بیـن کـە لەمـەودوا پێشـکەوتن و پەرەسـەندنی هەمـوو ڕووەکانـی ژیـان لـە وڵاتەکەمانـدا بـە خێراییەکـی زیاتـر گەشـە دەکـەن. لەمـەودوا دەرفەتـی کارکـردن لـە سەرتاسـەری وڵاتـدا فەراهـەم و بەردەسـت دەبێـت کـە لەوانەیـە دەسـتی کاری خۆماڵـی بـە تەنیـا بـەش نـەکات، ئەمـە لـە داهاتوویەکـی گـەش بـۆ ژیانـی لاوانـی وڵاتەکەمـان دروسـت دەکات کـە دەرفەتـی کار لـە وڵاتەکەیانـدا هینـدە زۆر بـێ و بێـکاری بنبـڕ ببـێ.

وێـرای ئەمـەش ڕێزگرتـن لـە مافەکانـی مـرۆڤ و ژیانـی دیموکراسـی و تـەواوی ئازادییـەکان دەچنـە قۆناغێـکی تـازەوە کـە ئیـتر لـە وڵاتەکەمانـدا دەرگەداخسـتن بـەڕووی ئازادیـی بیروبـاوەڕ یـان هاتوچـۆ یـان کارکـردن یـان تەواوکردنـی خوێنـدن نامێنـێ، هەروەهـا ئـەو جیاوازییانـەی لەسـەر بناغـەی نەتەوەیـی و ئاینـی و مەزهەبـی دامەزرابـوون دەسـڕێنەوە، لەنـاو دەچـن.

هەرچەنـدە پێویسـتە ئـەوەش بڵێیـن کـە ئـەوە ئـەو داهاتـووە گەشـەی باسـی دەکەیـن و مـوژدەی بـۆ دەدەیـن وە نەبـێ وا بەئاسـانی و بـێ کێشـە بێتـە دی، هێشـتا کۆمەڵگـەی ئێمـە و دەوروپشـتمان پـڕن لـە کەندوکۆسـپی ئەوتـۆ کـە دێنـە سـەر ڕێگـەی پێشـکەوتنمان.

بۆیـە ڕووبەڕووبوونـەوەی ئەمانـەش دیسـانەوە هـەر لـە ئەسـتۆی لاواندایـە، بـەڵام ئەمجـارە لاوان دەچنـە گرەوێكـەوە كـە لـە سـەرەتاوە بـراوە و دۆڕاوەی تێـدا دەستنیشـان كـراوە، هەلـی ئـەوە بـۆ هێـزە كۆنەپەرسـت و شۆڤێنیسـتەكان نەمـاوە كـە جارێكـی تـر بگەڕێنـەوە بـۆ حوكمـی ئـەم وڵاتـە.

لاوانـی ئەمـڕۆ بناغەدارێـژەری داهاتـووی دیموكراسـی عێراقـن. ئـەو داهاتـووەی وا چـاوەڕوان دەكرێـت كـە گۆڕانێكـی ڕیشـەیی لـە كۆمەڵـگای كوردسـتان و عێراقـی و ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـتدا بەرپـا بـكات كـە دەڵێیـن ئەمـڕۆ دەسـتپێكی قۆناغێكـی تازەیـە بـۆ لاوان، مەبەسـتمان ئەوەیـە كـە لاوانـی كوردسـتان لـەم دەسـتپێكە بـە بەرنامـە و پلانـی تێروتەسـەل و زانسـتییەوە بێنـە مەیدانـی كار و خەبـات.

بـە كورتـی دەتوانـم بڵێـم، پاشـەڕۆژی ئێمـە بـە دوو بـوار بەنـدە: یەكەمیـان ئاوەدانكردنـەوە و بوژاندنـەوەی كوردسـتان و دووەمیـش بونیاتنانـی كۆمەڵگەیەكـی دیموكراسـی. هێـزی جێبەجێكردنـی ئـەم بـوارەش هـەر لاوانـی كوردسـتانن، لاوان داوایـان لـێ دەكرێـت بـۆ دامەزراندنـی كۆمەڵگـەی پێشـكەوتووی بـێ جیـاوازی خەبـات بكـەن.

لـە كۆتاییـدا جارێكـی تـر ئـەو قسـەیە دووبـارە دەكەمـەو كـە لـە سـەرەتاوە ئامـاژەم پـێ دا، ئەویـش ئـەوەی هیواداریـن كۆنگرەكەتـان ببـێ بـە مایـەی لەدایكبوونـی زۆر ڕاسـپاردە و پێشـنیار و بەرنامـە كـە هەمـوو لایەكـمان سـوودیان لـێ وەربگریـن و بـۆ بەرنامەكانمـان ببـن بـە سـەرچاوە.

جارێكی تریش سوپاستان دەكەم و هەر بژین.

## وتاری تیم پاوەند ڕاوێژکاری CPA

بەیانیـان بـاش، پێـش هەمـوو شـتێك دەمەوێـت سوپاسـتان بکـەم کـە لەلایـەن لێژنـەی بەڕێوەبردنـەوە داوەتنامەیـەك ئاراسـتەی (CPA) کـرا بـۆ ئـەوەی بەشـدار بیـن لەگەڵتـان، زۆریـش مایـەی شـانازییە کـە ئەمـڕۆ لێـرەدا بەشـدارین لەگـەڵ بەرپرسـان و سـەرکردەکانی حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتان. دەمـەوێ زۆر سوپاسـی فـازڵ میرانـی و سـەرکیس ئاغاجـان بکـەم بـۆ ئـەو سوپاسـەی دەسـەڵاتی کاتیـی هاوپەیمانیـان کـرد. بەهەمـان شـێوە سـوپاس و پێزانینـی خۆمـان ئاراسـتەی خەڵکـی کوردسـتانی عێـراق دەکەیـن بـۆ ئـەو هـاوکاری و پشـتیوانییەی لـە کاتـی جەنـگ و لـە کاتـی ئازادکردنـی عێـراق و لـە پاشـانیش لـە قۆناغـی گواسـتنەوە بەرەودامەزراندنـی دیموکراسـییەت پێشکەشـیان کردوویـن. دەمـەوێ پیرۆزبایـی ئاراسـتەی لاوانـی دیموکراتـی کوردسـتان بکـەم بـۆ بەسـتنی کۆنگـرەی شەشـەمیان. پیرۆزباییەکـەم بـەو شـێوەیەیە چونکـە ئـەم ڕێکخـراوە ڕێکخراوێکـە لـە سـەرەتای (١٩٥٠)وە دامـەزراوە و کاری بـاش و گرنگیشـی ئەنجـام داوە. کاتێـك کـە سـەیری ئەندامانـی ئێـرە دەکـەم وەکـو دامەزراوەیەکـی ڕێکخـراوی مەدەنـی و هەروەهـا سـەیری ئـەو دروشـمانەش دەکـەم کـە لێـرە نـووسراون بـۆ ئێمـە جێگـەی فەخـر و شـانازییەکی گەورەیـە کـە لـە شـوێنێك بەشـدار بیـن تێیـدا پرەنسـیپەکانی دیموکراسـییەت و مەدەنـی خەبـات و کۆششـی لـە پێنـاودا دەکـرێ. سـوپاس و پێزانینـمان پێویسـتە ئاراسـتە بکەیـن بـە تایبەتـی خەڵکانێـك لێـرە بەشـدارن لـە قۆناغێکـی زۆر هەسـتیار و گرنگـی مێـژووی عێراقـدان. بـە گوێـرەی ئـەو هـەوڵ و ماندووبوونـە بەرهەمهێنەرانـەی کـە سـەرکردەکانی کوردسـتانی عێـراق ئەنجامیـان داوە، ئێسـتا ئێمـە پێشـکەوتنی باشـمان بەدەسـت هێنـاوە.

ئیمزاکـردن و دەرچوواندنـی یاسـای بەڕێوەبردنـی دەوڵـەت بـۆ خـۆی دەبێتـە بەردێکـی بناغـەی گرنـگ لـە بونیاتنانـی دیموکراسـی و بـەرەو ئایندەیەکـی دیموکراتـی پێشـکەوتووتر.

ئەمـەش بـۆ خـۆی قۆناغێکـە کـە تێیـدا کۆمەڵێـك بەربەسـت لـە بەردەممانـدا دەبـێ، ئەمـەش پێویسـتە بـە هەموومانـەوە بـە شـێوەیەکی زۆر هۆشـیارانە هەمـوو ئـەو ڕێکارانـە تاوتـوێ بکەیـن کـە پێویسـتە ئێمـە بیانگرینـە بـەر لـە بونیاتنانـی عێراقێکـی تـردا

لـە قۆناغـی گواسـتنەوە، ئێـوە ئـەو گروپـەن کـە ئێمـە نـەك تەنیـا لەسـەر مەسـەلەی هەڵبـژاردن لـە کوردسـتانی عێراقـدا بمانـەوێ ڕاوێژتـان پـێ بکەیـن و گوێتـان لـێ بگریـن، بەڵکـو بـۆ ئەنجامدانـی هەڵبـژاردن لەسـەر ئاسـتی تـەواوی عێراقیـش لەگـەڵ ئەوەشـدا بەلانـی کـەم دیموکراسـییەت تەنیـا بریتـی نییـە لـە مەسـەلەکانی هەڵبـژاردن، بـەو پێیـەی کـەوا وەکـو ئـەم ڕێکخـراوە لـە مـاوەی چەندیـن سـاڵی ڕابـردوودا لـە هـزری خۆیـدا پیشـانی داوە. دیموکراتیـەت بریتییـە لـە قۆناغێکـی گرنـگ و کۆششـێکی گرنـگ لـە بونیاتنانـی کۆمەڵگایەکـی مەدەنیـدا. ئەزموونـی مێـژووی ئێـوەش دەبێتـە یارمەتیدەرێکـی بـاش بـۆ ناوچەکانـی دیکـەی عێـراق بـۆ هاوکاریکردنیـان لـە قۆنـاغ و لـە هاوکاریکردنیـان لـە کارکردنیـان بـۆ بونیاتنانـی عێراقێکـی دیموکراتـی و مەدەنـی، بۆیـە پەیامـی ئێمـە بـە نوێنەرایەتـی دەسـەڵاتی کاتـی هاوپەیمانـان سـادەیە، ئەویـش بەردەوامبوونتانـە لەسـەر ئـەو کارەی کـە ئەنجامتـان داوە، بەردەوامیـش بـن لەسـەر کارەکانتـان و تێپەڕاندنـی هەمـوو هێڵـە جوگرافـی و ئەتنیکـی و ڕەگەزەییـەکان بـۆ ئـەوەی بتوانـن ئـەو ئەزمـوون و کارەی هەتانـە بگاتـە هەمـوو ناوچەکانـی دیکـەی عێـراق. سـوپاس

## وتاری کۆمیتەی پارتە کوردستانییەکان لە بەریتانیا

خوێندەوانێــن هێــژا، کــچ و خورتێــن دەلال، جەژنــی نەورۆزتــان پیــرۆز، هەڤاڵانــی بەرێــز، سوپاسـتان دەکـەم بـۆ ئـەو داوەتکردنـەی ئێمـە بـۆ کۆنگـرەی سـاڵانەکەتان، بـۆ ئێمـە مایـەی خۆشـی و شـەرەفێکی گەورەیـە کـە لـە کوردسـتانی عێراقـی ئـازاددا لەگـەڵ ئێـوە بیـن، مـن بەشـێکی ئـەو شـاندە ٤ ئەندامـەی بەریتانیـام کـە نوێنەرایەتـی ٩ پارتـی سیاسـی دەکـەن لـە عێـراق، تورکیـا و سـوریا کـە لـە پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان، یەکێتـی نیشـتمانی  کوردسـتان، پارتـی دیموکراتـی کوردسـتانی ئێران، پارتی سۆسیالیسـتی کوردسـتان لـە تورکیـا، کۆمەڵـە، یەکێتییـا دیموکراتـی کـورد لـە سـوریا، پارتـی نوێنـەری کوردسـتان، پارتـی سۆسیالیسـتی دیموکراتـی لـە کوردسـتانی عێـراق، پارتـی کۆمۆنیسـتی کوردسـتانی عێـراق، هەروەهـا ئەمـڕۆ کاك مەولـوود سـوارە، بەیـان سـاڵح و کاك کامـەران سـاڵح بـەگ لەگـەڵ منـدان. ئەمـە یەکەمیـن جـارە مـن بـە ڕاسـتی یـادی نـەورۆز دەکەمـەوە، لەبـەر ئـەوەی مـن لـە پارچەیەکـی کوردسـتانم کـە ئـازاد و بەختیـارم.

مـن ئەمـڕۆ ڕوخسـارەکانی بەرچـاوی خـۆم دەبینـم کـە پـڕ لـە ژیـان و هیـوای گـەورە و هەموویـان زەردەخەنەیـان بەسـەر لێـوەوانـە. ئـەوەی لـە کوردسـتانی عێـراق ڕووی داوە بـە ڕاسـتی مایـەی سەرنجڕاکێشـانە. ئێـوە لـە ماوەیەکـی زۆر کەمـدا توانیوتانـە زۆر بەسـەرکەوتوویی وڵاتـە وێرانەکەتـان ئـاوەدان بکەنـەوە. سـەرەڕای هەڵمەتـی جینۆسـایدی ئەنفـال و بۆمبارانکردنـی هەڵەبجـە و بالیسـان بـە چەکـی ژەهـراوی و شـوێنبزرکردنی ٨ هـەزار بارزانـی، گەمـارۆی نێودەوڵەتـی و ناوخـۆی لەلایـەن ڕژێمـی سـەدام، وێرانکردنـی هـەزاران گونـد و شـارۆچکەوە، بـەڵام ئێـوە خانووەکانتـان و قوتابخانـە و ژێرخانـی وڵاتەکەتـان بونیـات ناوەتـەوە، ئێـوە هـەر تەنیـا زانکـۆی سـەڵاحەددینتان نەپاراسـتووە، بەڵکـو دوو زانکـۆی دیکەشـتان لـە سـلێمانی و دهـۆك دروسـت کـردووە کـە لـەرووی دەسـتکەوتە ئەکادیمییەکانیـان بـە زانکـۆ هەرەباشـەکانی ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت بـەراورد دەکرێـن.

بـە نـاوی کۆمیتـەی هاوبەشـی پارتـە کوردسـتانییەکان لـە شانشـینی یەکگرتـوودا، سـڵاو لـە کۆنگـرە و بڕیارتـان دەکـەم، ئێـوە حکومـەت و پەرلەمـان و دادگای خۆتـان هەیـە، ئێـوە ئابوورییەکـی چـالاك و ئازادیـی ڕۆژنامەنووسـی و سیسـتەمێکی سیاسـی دیموکراتـی

تەعەدودیتــان هەیــە. حــەز دەکــەم هەمووتــان ئــەوە بزانــن کــە هەمــوو کوردانــی هەنــدەران و لــە پارچەکانــی دیکــەی کوردســتان لــە خواســتەکانیاندا یەکگرتــوون بــۆ بەرگریکــردن و پشــتیوانیکردن لــەوەی ئێــوە لێــرە لــە کوردســتانی عێــراق بەدەســتتان هێنــاوە، دەمــەوێ ئەوەشــتان پــێ ڕابگەیەنــم کــە ئێمــە لــە پەرلەمانــی بەریتانیــادا گرووپێکــی پەرلەمانتێــری بەهێزمــان هەیــە و بەگەرمــی پشــتیوانی لــە خەباتــی ئێــوە دەکــەن بــۆ مافــی چــارەی خۆنووســین.

ئەمــەش لــە مێــژووی بەریتانیــای مەزنــدا یەکــەم جــارە کــە هەمــوو گرووپــی پارتــەکان پێــك هاتــووە بــۆ یارمەتیدانــی خەباتــی گەلــی کــورد، مــن ســڵاوی ئــەو گرووپــە و ســەرۆکەکەی تــۆم کلارکتــان پــێ ڕادەگەینــم.

سوپاستان دەکەم.

## وتاری نەوزاد هادی، پارێزگاری هەولێر

بەڕێـز جەنابـی نوێنـەری سـەرۆك بارزانـی، بەڕێـز سـەرۆکی پەرلەمانـی کوردسـتان، بەڕێـز جێگـری سـەرۆکی حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتان، بەڕێـزان پەرلەمانتـاران، وەزیـران، بریکارانـی وەزارەت، نوێنەرانـی حـزب و لایەنـە سیاسـییەکانی کوردسـتان، میوانانـی خۆشەویسـت، لاوانـی خوێـن گـەرم، ئەندامانـی کۆنگـرە، لـە سـایەی ئـازادی عێـراق و هەرەسـهێنانی پـڕ لـە شـەرمەزاری ڕژێمـی دیکتاتـۆری بەعـس و دەسـتپێکی قۆناغـی تـازەی دیموکراسـیەت وحوکمـی فیدراڵـی، پێخۆشـحاڵین ئامـادەی مەراسـیمی کردنـەوەی کۆنگـرەی شەشـەمی یەکێتـی لاوانـی دیموکراتـی کوردسـتان، «کۆنگـرەی بارزانیـی نەمـر» بیـن، لـە ژێـر دروشـمی فەرمـوودە بەنرخەکـەی بارزانـی نەمـر: «بـا لاوان ئـازاد بـن لـەکار و بیرکردنەوەیانـدا» کـە لـە باوەشـی هەولێـری پایتەختـی هەرێمـی کوردسـتان دەبەسـترێت.

لاوان شـورەی پوڵایینـی خاکـی نیشـتمان و داینەمـۆی خەباتـی نەتەوایەتیـی و هێـزی لەبننەهاتـووی کار و بونیاتنـان و ئاوەدانکردنـەوە و ئومێـد و هیـوای دواڕۆژی کوردسـتانن، هـەر بۆیـەش زۆرترینـی ئـەرك و بەرپرسـیارێتی، پـتر لـە هەمـوو توێژێکـی کۆمـەڵ لـە ئەسـتۆی ئەوانـە، بۆیـە وەکـو زەرورەتێکـی خۆسـەپێنی ژیانـی ئەمـڕۆ بـۆ زامنکردنـی دواڕۆژی ئاسـوودەیی و سـەرفیرازی دەبـی لاوانمـان بـە لێهاتوویـی ئـەم ئـەرك و بەرپرسـیارێتی و ئەمانەتـە پیـرۆزە بەجـێ بگەیەنێـن و پـلان و بەرنامـە و پرۆگرامـی چـڕ و پـڕ، بەسـوود وەرگرتـن لـەو پشـتیوانییە گەورەیـەی سـەرکردایەتی سیاسـی و حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتان لـە بـوارە جیاجیاکانـی مـاددی و مەعنـەوی دابڕێژێـن، بـۆ بەرزکردنـەوەی ئاستی ڕۆشـنبیری و زانسـتی لاوان و بـرەودان بـە سـەلیقە و تواناکانـی داهێنـان و جوانـکاری و ڕۆشـنبیری گشـتییان و پاراسـتنی نەتەوایەتیـی و گونجاندنـی پـتری ئـەم کولتـورە لەگـەڵ پێشـکەوتن و تەکنۆلۆجیـای سـەردەم.

ئەرکـی دیکـەی ئـەم قۆناغـە ناسکەشـمان بەشـێکی هـەرەزۆری لـە ئەسـتۆی لاوانـی کوردسـتانە کـە ئەویـش داکۆکیکـردن لـە مافەکانـی خەڵکـی کوردسـتان و دژایەتیکردنـی تونـدی تیـرۆر و هۆشـیارکردنەوەی کۆمـەڵ و جۆشـدانی هـزر و گیانـی نەتەوایەتیـی و خۆڕاگرییـە لـە بـەردەم بیـر و ڕەوشـتی تێکدەرانـە و تونـدوی و هەروەهـا گرتنەبـەری

شـێوازی تـازە  و سـەردەمییانەی خەباتـی نەتەوایەتییمانـە لـە ڕێگـەی حیـوار و گفتوگـۆ و کـۆڕ و کۆبوونـەوە و تێکەڵبوونـی پـتر لەگـەڵ توێژەکانـی دیکـەی کۆمەڵ بۆ پشـتیوانیکردنی هەوڵەکانـی سـەرکردایەتی سیاسـی و یـەك گوفتـاری کـورد سـەبارەت بـە چەسـپاندنی فیدراڵیەتـی جوگرافـی و نەتەوەیـی بـۆ هەرێمـی کوردسـتان و یەکێتـی ئارەزوومەندانـە لـە قـەوارەی عێـراقێکی دیموکراتـی، پەرلەمانـی، فیدراڵـی، کـە سـاڵانێکە وەکـو ئاواتێکـی پیـرۆز خەباتـی بـۆ دەکەیـن و خوێـن و قوربانـی لـە پێناویـدا دەبەخشـین. ئێمـەش وەکـو حکومەتـی هەرێـم و پارێـزگای هەولێـر بـۆ هـەر بەرنامـە و پرۆگرامێکـی لـەم چەشـنە پشـتیوانی و پشـتگیری تەواوتـان لـێ دەکەیـن.

لـە کۆتاییـدا هیـوای سـەرکەوتن بـۆ کۆنگرەکەتـان دەخوازیـن و ئومێدەواریـن لـە بڕیـار و ڕاسـپاردە و هەڵبژاردنـی ئازادانـەی نوێنەرانتـان، تـەکان و بازێکـی نەوعـی و نمونەیـی بـە خەبـات و شـێوازی تێکۆشـانتان بـدەن لـە پێنـاو سـەرفیرازی و ئاسـوودەگی گەلەکەمـان و ئاوەدانکردنـەوە و گەشـەپێدانی کوردسـتانی ئازیزمـان.

درود و نەمـری بـۆ شـەهیدانی کوردسـتان و سـەروەرییان بارزانـی نەمـر و کاکـە ئیدریسـی هەمیشـەزیندوو.

هەر شاد و سەرکەوتوو بن.

## ئامانجەکان و یاسای کارکردنی یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان

### لەژێر دروشمی (ئاشتی ـ فیدراڵی ـ ژیانێکی بەختەوەر بۆ لاوانی کوردستان) بڕیاری لەسەر دراوە

### ئامانجەکانی لاوان

**مادەی یەکەم:**

(یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان)ە، کە بە پیتەکانی (ی. ل. د. ك) هێمای بۆ دەکرێت.

**مادەی دووەم:**

پێناسە:

ڕێکخراوێکی نیشتمانیی دیموکراتیی ئازادی لاوانە، لە یەکگرتنی ئەو لاوانە پێك هاتووە کە خوازیارن لە تەك چەسپاندنی بنەماکانی دیموکراتیەت و مەدەنیکردنی کۆمەڵگا و مۆدێرنیزەکردنیدا لە پێناو بەجێگەیاندنی ئاوات و ئارەزووی توێژی لاوان، لە چوارچێوەیەکی یاسایی ئازاد و ئاشتیخوازانەدا تێ دەکۆشێ بەپێی سیاسەتی یەکێتی و بڕیارەکانی دەزگا سەرکردەییەکانی.

**مادەی سێیەم:**

مەودای کار و چالاکی

١- یەکێتی بۆ هێنانەدیی ئامانجەکانی لاوانی کوردستان بە تایبەتی و لاوانی عێراق بە گشتی کار دەکا.

٢- یەکێتی بۆی هەیە لە هەموو ناوچەیەکی عێراق لە هەر کوێ کوردی لێیە، تەنانەت لە دەرەوەش ناوەندی چالاکی و پێگەیاندنی لاوان یان نوسینگەی بکاتەوە.

**مادەی چوارەم:**

ئامانجە نیشتمانی و نەتەوەییەکانی یەکێتی

١- یەکێتــی بــاوەڕی بــە مافــی چارەنووســی نەتــەوەی بەشبەشــکراوی کــورد هەیــە و پشــتگیری لــە خەباتــی وایــان دەکا.

٢- پشــتگیری لــە وتووێــژی کــورد و گەلانــی دراوســێی دەکا لــە پێناوی چارەســەری ئاشــتییانە و ســەرخســتنی گیانــی دۆســتایەتی و پێکەوەژیــان.

٣- بەهێزکــردن و دروســتکردنی پەیوەندیــی دۆســتانە و هــاوکاری لەگــەڵ ڕێکخراوەکانــی لاوان و هەمــوو کوردســتاندا.

٤- پاراســتن و پشــتگیریکردن لــە ئەنجومەنــی نیشــتمانیی کوردســتان و حکومەتــی فیدراڵــی هەرێمــی کوردســتان.

٥- کار لــە پێنــاو عێراقێکــی دیموکراتــی، پەرلەمانــی، فیدراڵــی دەکا لــە چوارچێــوەی یەکێتیــی ئارەزوومەندانــە کــە تیایــدا لەســەر بنچینــەی ئــازادی و یەکســانی مافــی گەلــی کــورد و تێکــڕای نەتــەوە و تایفەکانــی دی زامــن بکرێــت.

٦- پێگەیانــدن و دروســتکردنی کەســایەتیی لاوی کــورد لەســەر بیروبــاوەڕی کوردایەتــی و نیشــتمانپەروەری و کەلەپــوری دەوڵەمەنــدی باوکــی نەتــەوەی کــورد بارزانیــی نەمــر و ڕێزگرتــن لــە ســەروەری یاســا.

٧- بووژاندنــەوەی ژێرخانــی ئابــووری و دروســتکردنی بــازاڕی ئــازاد و دەوردان بــە کەرتــی تایبــەت بــۆ پیشەســازییەکی پێشــکەوتوو لــە کوردســتان بــە ئاراســتەی چارەســەرکردنی کێشــەی بێکاریــی لاوان و پشتبەخۆبەســتنی وڵات.

٨- هاندانــی لاوانــی خاوەنبەهــرە و ئەزمــوون، ئەوانــەی لــە دەرەوە دەژیــن بــۆ ئــەوەی بگەڕێنــەوە کوردســتان.

٩- داوای ئاشــکراکردنی چارەنووســی ئەنفالکــراو و بێسەروشــوێنکراو و زیندانیانــی سیاســی دەکەیــن و پێویســتە قەربــووی زەرەر و زیانیــان بکرێتــەوە لــە ڕووی مــاددی و مەعنەوییــەوە پاڵپشــتی لــە خێزانەکانیــان بکرێــت.

١٠- هەوڵدان بۆ باشترکردنی ژیانی لاوانی پەککەوتە و کەمئەندام.

١١- گەشــەپێدانی توانــا و بەهــرەی لاوان بــە مەبەســتی ســوود لــێ وەرگرتنیــان لــە

ڕێگـەی خـول و سـیمیناری ڕۆشـنبیری و بڵاوکردنـەوەی کتێـب و گۆڤـار بـۆ بەڕێوبـردن و ئاوەدانکردنــەوەی کوردســتان.

١٢- بایەخـدان بـە پاراسـتنی ژینگـە و بووژاندنـەوەی دارسـتانەکان و زیادکردنـی پانتایـی دارچانــدن بــە هاوکاریــی دەزگا پەیوەنــدارەکان.

١٣- پشـتگیری لـە چەسـپاندنی بڕیـاری فیدراڵی لە یاسـای کاتیی دەوڵەتـی عێراقیدا دەکەین و جەخـت لەسـەر چەسـپاندنی ئەو یاسـایە لە دەسـتوری دایمی عێـراق دەکەین.

١٤- دژی کـرداری تیرۆریسـتانە و تۆقانـدن کار دەکەیـن لە ژێـر هەر پـەردە و بڕوبیانوویەك بێـت و بـە کارێکی دزێـو و دڕندانە و نامرۆڤانـەی دادەنێین.

١٥- بایەخــدان و بەرزڕاگرتنــی جەژنــی نــەورۆز و یــادە میللــی و نیشــتمانییەکانی دی وەکــو هێــمای نەتــەوەی گەلەکەمــان.

١٦- کار بـۆ سـڕینەوەی سیاسـەتی بەعەرەبکردنـی کوردسـتان و گەڕاندنـەوەی دەرکراوەکان بـۆ سـەر زێدی بـاب و باپیرانیـان و قەرەبووکردنـەوەی زەرەر و زیانیـان دەکەین.

١٧- کار بۆ پاراستن و خزمەتکردنی کەلەپوری سەن و ئاسەواری مێژوویی کوردستان دەکەین.

**مادەی پێنجەم:**

لەسەر ئاستی جیهاندا

١- دژ بە سیاسەتی خۆسەپاندن و داگیرکاری و دەستێوەردان کاردەکەین .

٢- پشــتگیریکردنی خەباتــی وای گــەلان لــە پێنــاو ئاشــتی و ئــازادی و دیموکراتــی و یەکســانیدا.

٣- بەهێزکردنی پەیوەندیی دۆستانە لەگەڵ ڕێکخراوە جەماوەری و دیموکراتییەکانی جیهانی بە مەبەستی گۆڕینەوەی بیروڕا و لێکتێگەیشتن لە پێناو ئاشتی و خزمەتی مرۆڤایەتی.

٤- هەوڵـدان بـۆ ئـەوەی ڕۆژی ١٦ی ئـادار یـادی کیمیابارانـی هەڵەبجـەی شـەهید ببێتـە ڕۆژی جیهانیـی قەدەغەکردنـی چەکـی کیمیـاوی و بایلۆجـی.

٥- دژ بــە دروســتکردن و بەکارهێنانــی چەکــی ئەتۆمــی و کۆمەڵکــوژ لــە سەراســەری جیهانــی کار دەکەیــن.

٦- هەوڵدان بۆ ئەوەی ببینە ئەندام لە یەکێتیی لاوانی جیهانی.

٧- لە پێناو بەرزڕاگرتنی بەها مرۆڤایەتییەکان پشتگیری لە دیالۆگی شارستانییەتەکان دەکەین.

٨- کار لـە پێنـاو نەهێشـتنی سیاسـەتی ڕەگەزپەرسـتی و سـڕینەوەی مۆرکـی نەتەوایەتیـی گـەلان لـە سەرانسـەری جیهانـدا دەکەیـن.

٩- پشــتگیری لــە جاڕنامــەی جیهانیــی مافــی مــرۆڤ دەکەیــن لــە پێنــاوی هێنانەدیــی ژیانێکــی بەختــەوەر بــۆ هەمــوو مرۆڤێــك.

١٠- پشــتگیری لــە هەمــوو ئــەو هەوڵــە مرۆڤایەتــی و خێرخوازانــە دەکەیــن کــە لــە پێنـاو نەهێشـتنی هــەژاری و برسـێتی لــە جیهانــدا دەکرێــن.

١١- پشـتگیری لـە هەڵمەتـی بنبڕکـردن و نەهێشـتنی پەتـای ئایـدز و مـادە بێهۆشـکەرەکان دەکەیـن لـە جیهانـدا کـە لاوان پێـوەی گیـرۆدە بوون.

١٢- پشتگیری لە هەوڵەکانی نەهێشتن و پاککردنەوەی مین لە جیهاندا دەکەین.

**مادەی شەشەم:**

لە مەڕ باری ناوخۆی لاوان

١- لـە پێنـاو بەدیهێنانـی خواسـت و ئاواتەکانـی لاوان و دەسـتبەرکردنی ژیانێکـی بەختەوەر کار دەکەیـن.

٢- پاڵپشتی لە هەموو جۆر چالاکیی وەرزشی دەکەین و بۆ پتر دابینکردنی یاریگا و کەرەستەی وەرزش و پارێزگاریکردن لە ماف و خواستەکانی لاوە وەرزشوانەکان کار دەکەین.

٣- پاڵپشتی لە کارو چالاکیی هونەری دەکەین و کار بۆ پتر دابینکردنی گەلەری و هۆڵ و کەرەستەی هونەری و پارێزگاریکردن لە ماف و خواستەکانی لاوانی هونەرمەند دەکەین.

٤- کۆشش دەکەین بۆ دابینکردنی بنکەی کۆمپیوتەر و ئینتەرنێت بۆ لاوان.

٥- کار بۆ گەشەپێدانی پەرتوکخانە و چاپ و بڵاوکردنەوەی کتێب و بەرهەمی لاوان دەکەین.

٦- گرنگیدان بە بڵاوکردنەوە و پەخشکردنی بابەت و بەرنامەی لاوان لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن.

٧- کۆشــش دەکەیــن بــۆ پێگەیانــدن و بایەخدانــی زیاتــر بــە پرۆســەی ڕۆشــنبیریی

نەتەوەیــی لاوان لەســەر بنچینــەی ڕێزگرتــن لــە بیــروڕای ئــازاد و مافــی مــرۆڤ بــە مەبەســتی پتەوترکردنــی گیــان و ئینتیــمای نەتەوەیــی و نیشــتمانی .

٨- بایەخـدان بـە پەروەردەکردنـی منـداڵان وەکـو نـەوەی دواڕۆژ بـە دابینکردنـی هەمـوو دەرفەتکـی بـۆ نەشـونما و پەرەپێدانـی بەهرەکانیـان.

٩- کار بــۆ ڕێکخســتنی شــیرازەی خێــزان لەســەر بنەمایەکــی زانســتی و دیموکراتــی دەکەیــن کــە تیایــدا دەرك بــە مــاف و خواســتەکانی لاوان بکرێــت.

١٠- پاڵپشــتی لــەو کــوڕ و کچــە لاوانــە دەکەیــن کــە پەیوەندییەکــی خۆشەویســتیی بێگـەردی ڕاسـتەقینە لـە نێوانیانـدا هەیـە و خوازیـاری پێکهێنانـی ژیانـی هاوبەشـن و خێــزان و دابونەریتــی دواکەوتــوو لــە بەردەمیــان بووەتــە کۆســپ و تەگــەرە.

١١- کۆشــش لــە پێنــاو یەکســانیی ئافــرەت و پیــاو و ڕێزگرتــن لــە کەســایەتی و مافــی ئافرەتــان دەکەیــن.

١٢- هــەوڵ دەدەیــن بۆدامەزراندنــی نووســینگەی کار و ڕێکخســتنەوەی یاســای کار و ڕەخســاندنی هەلــی کارکــردن لــە پێنــاو باشــتربوونی ژیــان و گوزەرانــی لاوانــی کرێــکاری و هــەروا بێکارانیــش.

١٣- پشــتیوانی لــە لاوانــی خــاوەن توانــا و بەهــرە دەکەیــن لــە بوارەکانــی وەرزش و ڕۆشــنبیری و هونــەر و زانســت... تــاد، بــۆ داهێنــان و بەرزڕاگرتنــی نــاوی کــورد و کوردســتان لــە نێوەنــدە نێودەوڵەتییەکانــدا.

١٤- پاڵپشـتی لـەو لاوانـە دەکەیـن کـە خوێندنیـان تـەواو کـردووە و خوازیـارن لـە کۆمپانیـا و دامـودەزگاکان بەپێـی پسـپۆری خۆیـان دابمەزرێـن.

١٥- بۆ زیندووکردنەوەی هونەر کوردی و بایەخدان بە فۆلکلۆری کوردەواری کۆشش دەکەین.

١٦- بایەخدان بە پەروەردەکردنی زانستیی ئەو نەوجوانانەی لە بنکەکانی چاودێریی هەرزەکاراندان.

١٧- بایەخـدان بـە ژیـان و گوزەرانـی لاوان و پاراسـتنیان لـە دیـاردەی دزێـو و فەسـادی کۆمەڵایەتــی و مــادە بێهۆشــکەرەکان.

١٨- کۆشش دەکەین بۆ پێکهێنانی دەزگایەك بۆ یارمەتیدانی لاوانی هەژار و کەمدەرامەت لە پێناو پێکهینانی خێزان بە دابینکردنی سولفەی هاوسەری.

١٩- کار بۆ پێکهێنانی فیدراسیۆنی ڕێکخراوەکانی لاوان دەکەین لە کوردستان.

٢٠- هەوڵ لەگەڵ وەزارەتی پەروەردە دەدەین بۆ قەڵاچۆکردنی نەخوێندەواری و بەرزکردنەوەی ئاستی ڕۆشنبیری و هۆشیاریی لاوان.

٢١- دژی ڕفاندن و لەناوبردنی ئاسەواری مێژوویی کوردستان دەوەستین و داوای پاراستن و گرنگیپێدانیان دەکەین لە ڕێگەی کردنەوەی موزەخانە و شوێنی تایبەت.

٢٢- داوای کردنەوەی یانە و شوێنی حەڕەوانەوە بۆ بەسەربردنی کاتی دەستبەتاڵیی لاوان دەکەین لە چوارچێوەیەکی تەرفیهی بێگەرد و لۆژیکی.

٢٣- هەوڵ دەدەین بۆ لابردنی ئەو لەمپەرانەی کە ڕێگری لە تێکەڵاوبوونی ئاسایی و عورفییانەی کوڕان و کچان لە پێناو پتر لێکتێگەیشتن و سوودوەرگرتن لە وزە و تواناکانی یەکتری.

**یاسای کارکردنی لاوان**

**بەندی یەکەم:**

مەرجەکانی ئەندامێتی

هەر لاوێك ئەم مەرجانەی خوارەوەی تیادا بەدی بکرێت بە ئەندام وەردەگیرێ:

١- خاوەنی ئاکار و ڕەوشتی بەرز بێت.

٢- باوەڕی بە پرۆگرام و پەیڕەوی ناوخۆ هینابێ.

٣- یەکێك لە گروپەکانی چالاکی ڕێك خرابێت.

٤- کورد بێت یان نیشتەجێی کوردستان و عێراق بێت.

٥- تەمەنی لە ١٣ ساڵ کەمتر و ٣٥ساڵیش زیاتر نەبێ.

٦- ئابوونەی مانگانە بدات بە پێی ئەو ڕێژەیەی کە (کۆبونەوەی ئەنجومەنی سەرکردایەتی) دیاری دەکات.

**بەندی دووەم:**

وەرگرتنی ئەندام

١- بە نووسین داوای بەئەندامبوون دەکات.

٢- دوای پەسـەندکردنی داواکـەی لـە لایـەن ناوەنـدی بـاڵاوە فۆڕمـی دەدرێتـە بەشـی ڕێکخسـتن و ئامـار لـە ئەنجومەنـی کارگێـڕی بـۆ دروسـتکردنی ناسـنامە.

**بەندی سێیەم:**

مافەکانی ئەندام

١- دەتوانـێ بـە ئەوپـەڕی ئازادییـەوە ڕاوبۆچـوون و ڕەخنـە و پێشـنیارەکانی لـە ڕێـی نـوسراو و کۆبوونـەوەکان بەرامبـەر تێکـڕای کار و چالاکییەکانـی یەکێتـی دەرببـڕێ.

٢- مافی دەنگدان و خۆپاڵاوتنی هەیە.

٣- دەتوانـێ لـە کاتـی پێویسـت داوای یارمەتـی بـکات بـە مەرجێـك داواکـەی لـە لایـەن ناوەنـدی چالاکـی و پێگەیاندنـی لاوان پشتڕاسـت کرابێتـەوە.

٤- دەتوانـێ بـەو سزایەی دەرهەقـی دراوە لـە دەزگاکانـی سـەرووتر داوای لێکۆڵینـەوە و تێهەڵچوونـەوە بـکات.

**بەندی چوارەم:**

ئەرکەکانی ئەندام:

١- ڕاپەڕاندنـی هەمـوو فەرمانەکانـی دەزگاکانـی سـەرووتر و ڕەچاوکردنـی دیسـیپلینی ڕێکخراوەیـی.

٢- بڵاوکردنـەوەی بیـری نەتەوەیـی و دیموکراتـی و مرۆڤایەتـی لـە نـاو توێـژی لاوان و جەمـاوەری کوردسـتان.

٣- هەوڵ بدا بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی زانیاری و ڕۆشنبیریی خۆی.

٤- بەرپەرچدانـەوەی هەمـوو ئـەو پڕۆپاگەنـدە و کـردەوە ناوەکـی و دەرەکییـە سـلبییانەی کـە زیـان بـە سروشـت و ناوبانگـی یەکێتـی و کۆمەڵـگای کوردسـتان

دەگەیەنێ.

٥- لە بواری کۆمەڵایەتی و مرۆڤایەتیدا خۆی بە هاوکار و خزمەتکاری جەماوەری بزانێ.

٦- پێشەنگ بێت لە پێناو سەروەریی گەل و نیشتمان و پاراستنی مافی مرۆڤ و چەسپاندنی دیموکراتیەت و یاسادا.

**بەندی پێنجەم:**

هەڵسەنگاندن:

١- پێویستە گشت دەزگاکان لە هەموو کۆبوونەوەکانی ئاساییدا ئەندام و دەزگاکانی خوارووی خۆیان هەڵبسەنگێنن.

٢- پێویستە گشت دەزگاکان لە ڕێگەی دەرکردنی سوپاسنامە و خەڵاتکردن ڕێز لەو ئەندام و دەزگایانەی خوارووتری خۆیان بنێن کە کار و چالاکی و ئەفراندنیان سوود بە ڕێکخراوەکەمان و کۆمەڵگای کوردستان دەگەیەنێ.

**بەندی شەشەم:**

سزادان:

لەم حاڵەتانەی خوارەوە ئەندامان سزا دەدرێن:

١- لادان لە ئامانجەکان و یاسای کارکردنی لاوان.

٢- سەرپێچیکردن لە بڕیار و فەرمانەکانی سەرووتر.

٣- کرداری دژی یاسا و مافی مرۆڤ و پرەنسیپەکانی دیموکراتیەت.

٤- کاری تێکدەرانە و ناوزڕاندن لە ڕیزی یەکێتیدا.

**جۆرەکانی سزادان بەپێی حاڵەتەکان بەم شێوەیە دەبێت:**

١- سەرزەنشتکردن.

٢- سەرنجڕاکێشان بە نووسین.

٣- گواستنەوە.

٤- سڕکردن بە دەرماڵە یان بێ دەرماڵە.

٥- لێسەندنەوەی پلەی لێپرسراوێتی.

٦- دەرکردنی یەکجارەکی.

پێویستە لەبەراهیدا گیانی لێبوردەیی و ڕاستکردنەوەی هەڵەکانی لەبەرچاو بگیرێ و نابێت بە هیچ شێوەیەك سزادان لە پێناوی ڕق و تۆڵەسەندنەوە و بێڕێزکردن پەیڕەو بکرێت.

ئەگەر ئەندامێکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی یان ئەنجومەنی کارگێڕی تووشی حاڵەتێکی وا هات کە سزا بدرێ، ئەوا بە ڕێژەی (٣/٢)ی ئەندامانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی پاش لێکۆڵینەوە لە کێشەکەی بە گوێرەی حاڵەتەکەی سزای دەرهەق دەدرێ.

**بەندی حەوتەم:**

بنەماکانی ڕێکخستنی یەکێتی:

١- گشت دەزگاکان بە دەنگدانی نهێنی هەڵدەبژێردرێن.

٢- گشت دەزگاکان بڕیاری سەرووی خۆیان بەجێ دەگەیەنن.

٣- ناوەندی دیموکراتیەت لە دانانی ستافەکان تەنیا لە هەلومەرجی تایبەت و نەگونجاودا پەیڕەو دەکرێ و پێویستە کاتیی بێت و لە نزیکترین دەرفەتدا هەڵبژاردن بکرێت.

٤- دیسیپلینی ڕێکخستن گشت دەزگاکان دەگرێتەوە و لە هەموو حاڵەتێکدا کەمینە مل بۆ زۆرینە کەچ دەکا.

**بەندی هەشتەم:**

هەیکەلی ڕێکخستنی یەکێتی لەسەرەوە بۆ خوارەوە بەم شێوەیە دەبێت:

١- ئەنجومەنی سەرکردایەتی.

٢- ئەنجومەنی کارگێڕی.

٣- ناوەندی باڵا.

٤- ناوەندی چالاکی و پێگەیاندنی لاوان.

٥- گروپەکانی چالاکی.

**بەندی نۆیەم:**

پێکهاتەی دەزگاکان:

١- ئەنجومەنــی ســەرکردایەتی باڵاتریــن دەزگایــە لــە نێــوان دوو کۆنگــرەدا و لــە (١٧) ئەنــدام و (٤) یــەدەگ پێــك دێــت و ڕاســتەوخۆ لــە کۆنگــرە هەڵدەبژێردرێــن.

٢- ئەنجومەنــی کارگێــڕی ڕاپەڕێنــەری ئــەرك و چالاکییەکانــە و بڕیــار و ڕاســپاردەکانی ئەنجومەنــی ســەرکردایەتی جێبەجــێ دەکات و لــە (٧) کــەس پێــك دێــت و ئەندامانــی ئەنجومەنــی ســەرکردایەتی لــە نێــوان خۆیــان هەڵیاندەبژێــرن و لــەم بەشــانە پێــك دێــت :

أ. سکرتێر.

ب. ڕێکخستن و ئامار.

ت. ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن.

ث. پەیوەندییەکان و کار و کۆمەڵایەتی.

ج. هونەر.

ح. وەرزش.

خ. دارایی و بەڕێوەبردن.

٣- ناوەنــدی بــاڵا سەرپەرشــتی کار و چالاکییەکانــی تێکــڕای ناوەندەکانــی چالاکــی و پێگەیاندنــی لاوان دەکا لــە ســنووری خــۆی و پێــك دێــت لــە :

أ. بەرپرســی ناوەنــدی بــاڵا کــە ئەندامــی ئەنجومەنــی ســەرکردایەتییە یاخــود هــەر کادیرێکــی پێشــکەوتووی یەکێتــی کــە ئەنجومەنــی کارگێــڕی دیاریــی بــکات.

ب. دوو کارگێڕ سەرپەرشتیی ئەم دوو بەشە دەکەن: ١ـ ڕێکخستن، ٢ـ چالاکییەکان.

ت. دوو ئەندام ناوەندی باڵا سەرپەرشتی ئەم دوو بەشە دەکەن:

١ـ ئیدارە و دارایی.

٢ـ ڕاگەیاندن.

ث. بەرپرسی ناوەندەکانی چالاکی و پێگەیاندنی لاوان لە سنوورەکەیدا بە ئەندامی ناوەندی باڵا دەژمێردرێن.

ج. دوو کارگێڕ و دوو ئەندامی ناوەندی باڵا لە کۆنفرانسی ناوەندی باڵا هەڵدەبژێردرێن بە چاودێری نوێنەری ئەنجومەنی کارگێڕی.

ح. پێشنیاری کردنەوە و داخستنی ناوەندی چالاکی و پێگەیاندنی لاوان بۆ ئەنجومەنی کارگێڕی بەرز دەکاتەوە و داوای ڕەزامەندی دەکات.

٤- ناوەندی چالاکی و پێگەیاندنی لاوان سەرپەرشتیی تێکڕای کار و چالاکییەکانی سنووری خۆی دەکا و ساڵانە لە ڕێی کۆنفرانسی ناوخۆییەوە بە چاودێریی ناوەندی باڵا و ئامادەبوونی نوێنەری ئەنجومەنی کارگێڕی هەڵدەبژێردرێن و لە (٥) کەس پێك دێت بەم شێوەی خوارەوە :

أ. بەرپرسی ناوەند.

ب. ڕێکخستن و ئامار.

ت. چالاکییەکان.

ث. ڕاگەیاندن.

ج. دارایی و بەڕێوەبردن.

٥- گروپی چالاکی:

أ. ژمارەی ئەندامانی گروپ بەپێی پێویست و بە گوێرەی یەکگرتنەوەی ئارەزووی ئەندامانی یەکێتییە لە بوارەکانی وەرزش و هونەر و ڕۆشنبیری و دەکرێ سنوری چالاکیش ناحیە، گەك، گوند، یان هەر شوێنێکی دیکە بێت.

ب. بەرپرسی گروپ لە ناوخۆیان هەڵدەبژێردرێ و دەبێتە ڕاپەڕێنەری چالاکییەکان و هۆکاری پەیوەندییان بە ناوەندی چالاکی و پێگەیاندنی لاوان.

**بەندی دەیەم:**

ماف و ئەرکی دەزگاکان:

١- ئەنجومەنی سەرکردایەتی:

أ. ئەندامانی ئەنجومەنی کارگێڕی لە نێو خۆیاندا هەڵدەبژێرن.

ب. هەر شەش مانگ جارێك کۆ دەبنەوە و بە تێکڕای کار و چالاکییەکانی یەکێتیدا دەچنەوە و بەرنامەی گونجاو بۆ ئاینده دادەڕێژن.

ت. بە ڕێژەی (٣/٢) ئەندامانی دەتوانێ بڕیاری کۆنگرەی ناوەخت بدات.

ث. دەتوانێ بە بڕیاری دەزگاکاندا بچێتەوە سووك یان قورستر یان هەڵیانوەشێنێتەوە.

ج. بڕیار لەسەر ڕێژەی دەرماڵەی مانگانەی تێکڕای کادیرانی یەکێتی دەدا.

ح. بە ڕەزامەندی (٣/٢)ی ئەندامانی دەتوانێ سەر لە نوێ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی کارگێڕی بکاتەوە.

خ. بە پێی پێویست دەتوانێ بڕیار لەسەر کردنەوەی ناوەندی چالاکی و پێگەیاندنی لاوان بدات، تەنانەت ئەگەر شوێنەکە لە ڕووی ئیدارییەوە (قەزا)ش نەبێت.

٢- ئەنجومەنی کارگێڕی:

أ. لە ناوخۆیاندا سکرتێر هەڵدەبژێرن.

ب. بڕیار و ڕاسپاردەکانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی جێبەجێ دەکا.

ت. سەرپەرشتی تێکڕای ئەرك و چالاکییەکانی یەکێتی دەکا لە نێوان دوو کۆبوونەوەی ئەنجومەنی سەرکردایەتی.

ث. دەسەڵاتی بڵاوکردنەوەی گۆڤار و کتێب و دانانی ڕادیۆ و تەلەڤیزیۆنی تایبەت بە لاوانی هەیە ئەگەر دەرفەت و بواریان بۆ ڕەخسا.

ج. وەڵامی نووسراو و ڕاپۆرتی دەزگاکانی خوارەوە دەداتەوە و چاودێریی دارایی

دەکا و بەرپرسە لە پەیوەندیکردن لەگەڵ دامودەزگاکانی هەرێم و تێکڕای ڕێکخراو و لایەن و کۆمەڵەکانی تر.

ح. بە تێکڕای دەنگ دەتوانێت داوای کۆبوونەوەی ناوەختی ئەنجومەنی سەرکردایەتی بکات.

٣- ناوەندی باڵا:

أ. بڕیار لەسەر بەخشینی شەرەفی ئەندامێتی یەکێتی دەدا.

ب. دەتوانێ بەیاننامە و بڵاوکراوەی ناوخۆیی دەربکات.

ت. سەرپەرشتی و چاودێریی ناوەندەکانی چالاکی و پێگەیاندنی لاوان لە سنووری خۆی دەکا.

ث. بە نوسراو و ڕاپۆرتی مانگانە ئەنجومەنی کارگێڕی لە کار و چالاکیی خۆی و ناوەندەکان و کەموکوڕییەکان ئاگادار دەکاتەوە.

٤- ناوەندی چالاکی و پێگەیاندنی لاوان:

خولی جۆراوجۆری وەرزشی، هونەری، ڕۆشنبیری و زمانەوانی و هەر خولێکی دی کە بە پێویست زانرا بۆ لاوان دەکاتەوە بەبێ جیاوازی ئینتیمای سیاسی.

ڕێگە بۆ لاوانی فێرخواز و ئارەزوومەند خۆش دەکا کە بەشداری لە چالاکییەکاندا بکەن. داواکاریی بەئەندامبوونی ئەو لاوانە بۆ ناوەندی باڵا بەرز دەکاتەوە کە مەرجەکانی ئەندامێتی دەیانگرێتەوە.

پێویستە پردی ڕاگەیاندنی کێشە و گرفت و داخوازییەکانی لاوانی سنوورەکە بێت بۆ سەرووتر.

**بەندی یانزەهەم:**

کۆنگرە

١- باڵاترین دەسەڵاتی یەکێتییە و هەر سێ ساڵ جارێك دەبەسترێت. پێك دێت لە:

أ. ئەندامانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی و یەدەگەکان.

ب. نوێنــەری تێکــڕای ئەندامانــی یەکێتــی بەپێــی ئــەو ڕێژەیــەی ئەنجومەنــی ســەرکردایەتی دیاریــی دەکا.

ت. ئەندامانی لێژنەی باڵای ئامادەکاری کۆنگرە.

٢- ئەرك و دەسەڵاتی کۆنگرە:

أ. گوێگرتن لە ڕاپۆرتی گشتیی ئەنجومەنی سەرکردایەتی و هەڵسەنگاندنی.

ب. پەســەندکردنی پــڕۆژەی ئامانجــەکان و یاســای کارکردنــی یەکێتــی و ئەنجامدانــی ئاڵوگــۆڕی تیایـدا.

ت. هەڵبژاردنی ئەندامانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی.

ث. پەسەندکردنی مارش و ئارمی یەکێتی.

ج. دەرکردنی بڕیار و ڕاسپاردەی پێویست بۆ سەرکردایەتی.

ح. گۆرینــی نــاوی یەکێتــی یــان تێکەڵکردنــی بــە ڕێکخراوێکــی دی یــان تەنانــەت هەڵوەشــاندنەوەی.

**بەندی دوانزەهەم:**

دارایی

دارایی یەکێتی پێك دێت لە:

١- ئابوونەی مانگانەی ئەندامان.

٢- ئابوونەی بەشداریکردن لە خولەکانی فێرکردن.

٣- پیتاك.

٤- نرخی چاپەمەنی و بڵاوکراوەکان.

٥- پڕۆژە بەرهەمهێنەرەکانی یەکێتی.

**چۆنێتی خەرجکردن:**

١- دەرماڵەی هەموو ئەوانەی بۆ کاری یەکێتی تەفەرغیان کردووە.

٢- خەرجی بارەگاکان.

٣- یارمەتیدانی پێویستی کادیران و ئەندامان.

٤- جموجوڵ و چالاکییەکانی یەکێتی.

٥- هاتوچـۆی نوێنەرانـی یەکێتـی بـە ئیشـوکاری تایبـەت بـە یەکێتییـەوە لـە نـاوەوە و دەرەوەی وڵاتـدا.

## کۆنگرەی حەوتەمی یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان
## (گۆنگرەی سەرکەوتن) هەولێر - ٢٠٠٩

کۆنگـرەی حەوتەمـی یەکێتـی لاوانی دیموکـراتی کوردسـتان، دوای ئامادەکارییـەکانی لێژنـەی ئامادەکاریـی کۆنگـرە، لـە ڕۆژانـی ٢٢ - ٢٤ی حوزەیرانـی ٢٠٠٩، لـە هـەردوو هۆڵـی پێشـەوا و شـەهید سـەعد عەبـدوڵا لـە شـاری هەولێـر بـە دروشـمی (لاوی ئـازاد بەدیهێنـەری کۆمەڵـگای مەدەنـی و دەسـەڵاتێکی دیموکراسـییە) و بـە ئامادەبوونـی ٣٨٩ نوێنـەر. بـە چاودێـری و بـە ئامادەبوونـی سـەرۆك مەسـعود بارزانـی بەڕێوەچـوو[١].

لـە درێژایـی کار و چالاکییـەکانی کۆنگـرە، لێژنـەی ڕاپەڕانـدن بـە دەنگـی ئەندامـانی کۆنگـرە بـەم شـێوەیەی خـوارەوە هەڵبژێـردران:

١- هاوار محەمەد یوسف

٢- گۆران حەسەن

٣- تەیمور تەیمور عەبدال

٤- ئومێد عەبدولڕەحمان حەسەن، ناسراو بە ئومێد خۆشناو

٥- ئاڤان حەمە ساڵح

٦- ڕوخۆش سەعید محەمەد

٧- شاخەوان سلێمان عومەر

٨- محەمەد حەمید مەجید، ناسراو بە محەمەد دەلۆ

٩- شیرین مستەفا

١٠- موزەفەر تاهیر مەولود

١١- عەبدولڕەحمان تەها

**یەدەگی لێژنەی ڕاپەڕاندنیش بریتی بووین لە:**

١- عومەر ئەحمەد عەزیز، ناسراو بە عومەر بابان

٢- نەوزاد فوئاد ڕەشید[٢].

لـە یەکەمیـن کۆبوونـەوەی لێژنـەی ڕاپەڕانـدن، سـتافی نوێـی سـکرتاریەتی لاوان بـەم شـێوەیە خـوارەوە دەستنیشـانکران:

١- ئومێد خۆشناو- سکرتێر

٢- هاوار محەمەد- ئەندامی مەکتەبی سکرتاریەت

٣- تەیمور تەیمور- ئەندامی مەکتەبی سکرتاریەت

٤- ئاڤان حەمە ساڵح- ئەندامی مەکتەبی سکرتاریەت

٥- گۆران حەسەن- ئەندامی مەکتەبی سکرتاریەت

٦- ڕوخۆش سەعید- ئەندامی مەکتەبی سکرتاریەت

٧- محەمەد حەمید- ئەندامی مەکتەبی سکرتاریەت.

پەیکـەری ناوەنـدی بـاڵای ئـەم کۆنگرەیـە لـە ٢٣ ناوەنـدی بـاڵا پیکهاتبـوو کـە بریتیبـوون لـە ناوەنـدە بـاڵاکانی: مەخمـور، سـۆران، زاخـۆ، سـێمێل، شـێخان، شـەنگال، دهـۆك، ئاکـرێ، موسـڵ، هەولێـر، دەوروبـەری هەولێـر، سـەفین، باڵـەك، بـارزان، مێرگەسـۆر، شـارەزوور، دەوروبـەری سـلێمانی، سـلێمانی، ڕانیـە، کەرکـووک، چەمچەمـاڵ، گەرمیـان و خانەقیـن[٣].

## سەرچاوە و پەراوێز

١- نەوزاد فوئاد، چەپكە گوڵێك لە مێژووی (ی.ل.د.ك)، بەرگی دووەم، (چاپخانەی وڵات-٢٠١٨)، ل ٥٢؛ بە ئامادەبوونی سەرۆك بارزانی یەكێتی لاوانی دیموكراتی كوردستان كارەكانی كۆنگرەی حەوتەمی دەستپێكرد، ڕۆژنامەی خەبات، ئۆرگانی پارتی دیموكراتی كوردستان، ژمارە ٣٢٠٦، هەولێر، سێشەمە، ٢٣ی ئەیلولی ٢٠٠٩ز، ل ل ١ ـ ٢.

٢- نەوزاد فوئاد، سەرچاوەی پێشوو، ل ل ٦٦-٦٧.

٣- هەمان سەرچاوە، ل ل ٦٨،٦٧-٧١،٧٠.

## وتاری سەرۆك مەسعود بارزانی

بە ناوی خوای گەورە و میهرەبان

زۆر سوپاستان دەکەم کە داوەتتان کردم بۆ بەشداربوون لە کۆنگرەی حەوتەمتان و بەم بۆنەوە پیرۆزباییتان لێ دەکەم و داواکارم لە خوای گەورە کە ئەم کۆنگرەیە، کۆنگرەیەکی سەرکەوتوو بێت وەکو هەموو کۆنگرەکانی دیکەتان.

ئێمە زۆر چاك دەزانین کە لاوانی خۆشەویست ڕۆڵێکی زۆر کاریگەریان هەبووە لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلەکەماندا، لە ڕابردو و لە ئێستا، دڵنیام لە ئایندەشدا هەر ئەو ڕۆڵە دەبینین. لە ڕابردوو بەشداریتان کرد لە شەڕی شۆڕشی چەکداری و بەرخودانەدا شەهیدتان دا و جێگای دەستتان دیارە.

لە ڕاپەڕین و لە بەدەستهێنانی دەستکەوتەکان دیسان ڕۆڵێکی سەرەکیتان بینیوە و ئومێدەوارم و دڵنیاشم لە ئایندەشدا بەردەوام دەبن لە سەر ڕۆڵی پیرۆزی خۆتان.

ئومێدەوارم چۆن ئەم کۆنگرەیەتان بە ڕێکوپێکی ئامادەکاریتان بۆ کردووە و دڵنیام کە بە ئەنجامێکی زۆر باش تەواو دەبێت. من داوا لە ئێوەی لاو دەکەم کە ئامادەکارییەکی چاك بکەن بۆ هەڵبژاردنی ٢٥ی تەموزیش[١].

ئێمە باوەڕێکی تەواومان هەیە بەوەی کە ئایندە لە دەستی گەنجان دەبێ بۆ گەنجان دەبێت و دەبێ واش بێت.

لە کوردستانیش ئێمە پێمان خۆشە خۆتان ئامادە بکەن، چونکە بەرپرسیارێتی ئایندە دەکەوێتە سەر شانی ئێوە، ئێستاش بەرپرسیارێتی لەسەر شانتانە، بەڵام بەرپرسیارێتی سەرەکی دەکەوێتە سەر شانی ئێوە. بۆیە ئێمە دەمانەوێ گەنجانی ئێمە ئازاد بن و پابەند بن بە دابونەریتەکانی گەلەکەتانەوە.

من هەموو هەوڵێك دەدەم لەگەڵ حکومەتی هەرێم بۆ ئەوەی هەرچی پێویستە بۆ ئەوەی گەنجانمان بەختەوەر بن و لە ژیانێکی خۆشی و ئاسوودەییدا بژین فەراهەمی بکات، وەکو هاوسەرگیری، نیشتەجێبوون، دەرفەتی کار، نابێت گەنجانمان سەرگەردان

(١) مەبەست لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانە کە لە ٢٠٠٩/٧/٢٥ بەڕێوەچوو.

بـن و بسـوڕێنەوە بەبـێ ئـەوەی بزانـن ئایندەیـان بەرەو کـوێ دەچێ.

چـۆن ئێمـە چاوەڕوانـی ئەوەتـان لـێ دەکەیـن کـە ڕۆڵـی کاریگـەری خۆتـان ببینـن لـە هەمـوو بوارێکـدا مافـی ئێوەشـە چاوەڕوانـی ئـەوە لـە حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتان بکـەن کـە گرفتەکانـی ئێـوە چارەسـەر بـکات، بەڵێنتـان پـێ دەدەیـن هەرچـی لـە توانامانـدا بێـت بیکەیـن بـۆ ئـەوەی گرفتەکانـی ئێـوە چارەسـەر بکرێـن.

جارێکـی دیکـە مـن پیرۆزبایـی بەسـتنی کۆنگـرەی حەوتەمتـان لـێ دەکـەم و داوای سـەرکەوتنتان بـۆ دەکـەم.

هەر بژین بۆ کورد و کوردستان.

# پەیڕەو و پڕۆگرامی ناوخۆ پەسەندکراوی کۆنگرەی حەوتەمی یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان

**بەندی یەکەم:**

ناوی ڕێکخراو

یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان، کە بە پیتەکانی (ی.ل.د.ك) هێمای بۆ دەکرێت.

**بەندی دووەم:**

پێناسە

ڕێکخراوێکــی جەمــاوەری دیموکراتــی ئــازادە، هەمــوو ئــەو کــوڕ و کچــە لاوانــە لەخــۆ دەگــرێ کــە ئامانجێــك کۆیــان دەکاتــەوە، لەپێنــاو چەســپاندنی مــاف و داخوازییەکانــی لاوان و بەشــداریکردن لــە بونیادنانــی کۆمەڵگایەکــی مەدەنــی، لــە چوارچێــوەی سیاســەتی گشــتی یەکێتــی لاوانــی دیموکراتــی کوردســتان.

**بەندی سێیەم:**

سنووری کارکردن

١- بــارەگای ســەرەکی لــە پایتەختــی کوردســتانە و بەپێــی پێویســت لــە شــار و شــارۆچکەکانی هەرێمــی کوردســتان ناوەنــدی بــاڵا و ناوەنــدی چالاکیــی دەکاتــەوە.

٢- یەکێتــی بــۆی هەیــە بەپێــی پێویســت ناوەنــدی بــاڵا و ناوەنــدی چالاکــی و نوێنەرایەتــی لــە گشــت ناوچەکانــی دەرەوەی کوردســتان بکاتــەوە.

**بەندی چوارەم:**

دروشمی یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان

هێنانەکایــەی ئایندەیەکــی گــەش بــۆ لاوان، لەپێنــاو بونیادنانــی کۆمەڵگایەکــی دیموکراســی و مەدەنــی.

**بەندی پێنجەم:**

**ئامانجەکانی یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان**

١- بەهێزکــردن و قووڵکردنــەوەی بنەمــا دیموکراســییەکان و گیانــی لێبوردەیــی و یەکســانی لەنــاو توێــژی لاوانــدا.

٢- بەگەڕخستنی وزە و تواناکانـی لاوان بـە ئاراسـتەیەکی تەندروسـت و سیسـتماتیزەکراو، دوور لـە هەڵچـوون و بێبەرنامەیـی.

٣- بەهێزکردنـی لایەنـی فیکـری و ڕوناکبیـری لاوان و هاندانیـان بـۆ خوێندنـەوە و خۆڕۆشـنبیرکردن، هەروەهـا دەسـتەبەرکردنی ئامـرازە پێویسـتەکان لـە ڕێـگای سـازدانی کـۆڕ و سـیمینار و کتێبخانـە و ئینتەرنێـت و...هتـد.

٤- پەروەردەکردنــی لایەنــە مەعنــەوی و جەســتەییەکانی لاوان، لــە ڕێــگای گرنگیــدان بــە بــزاڤ و چالاکییــە وەرزشــی و هونەرییــەکان، هەروەهــا گرنگیــدان بــە بەهــرە و پێگەیاندنــی داهێنانەکانــی گەنجــان.

٥- هەوڵدان بۆ زیادکردنی شوێنی سەردەمییانە بۆ گەشەدان بە حەز و ئارەزووەکانی لاوان.

٦- گرنگیــدان بــە دەرفەتــی فێرکردنــی بــواری پیشــەیی و ڕەخســاندنی هەلــی کار و هاندانــی وەبەرهێنــان لەنــاو توێــژی لاوانــدا و هەوڵــدان بــۆ دابینکردنــی پێشــینەی کار و پــڕۆژەی قــەرزی بچــوك بۆیــان.

٧- دوورخســتنەوەی گەنجــان لــە فشــاری دەروونــی و هەوڵــدان بــۆ چارەســەری ئــەو فاکتەرانــەی دەبنــە هــۆی کۆچکردنــی لاوان بــەرەو دەرەوە.

٨- لێکۆڵینــەوە لــە گرفــت و ئاریشــەکانی گەنجــان بــە ڕێــگای توێژینــەوەی زانســتی و کارکــردن و یارمەتیــدان بــۆ چارەســەرکردنیان.

٩- پتەوکردنی هەستی دڵسۆزی نیشتمانی لەسەر بنەمای دیموکراسی لەناو توێژی لاواندا.

١٠- چەســپاندنی فیدراڵیــەت و دیموکراســی بــۆ عێــراق و پاراســتنی دەســکەوتەکانی هەرێمــی کوردســتان و گەشــەپێدانیان.

١١- کارکـردن بـۆ نەهێشـتنی نەریتـە دواکەوتـوو و ناتەندروسـتەکانی بەربەسـت لـە

بـەردەم پەیوەنـدی نێـوان هـەردوو ڕەگـەز، هەروەها هەوڵدان بـۆ هێنانەئـارای ژیانێکی ئاسـوودە، لـە ڕێگـەی پێدانـی پێشـینەی هاوسـەرگیری و بیمـەی نیشـتەجێبوون بـۆ لاوان.

١٢- بەرەنگاربوونـەوەی هەمـوو ئـەو دیـاردە خراپـە کۆمەڵایەتییانـەی کـە کاریگـەری بـۆ سـەر ئاینـدەی لاوان دروسـت دەکـەن، یـا خـود لاوان پەلکێشـی کاری توندوتیـژی و مادەهۆشـبەرەکان دەکـەن.

١٣- هەوڵدان بۆ دروستکردنی دامەزراوەیەکی میدیایی هاوچەرخ، تایبەت بە توێژی لاوان کە هەر چوار لایەنی ڕاگەیاندنی بینراو، بیستراو، خوێندراو و ئەلیکترۆنی لەخۆ بگرێ.

١٤- هەوڵـدان بـۆ بەئەندامبوونـی ڕێکخراوەکەمـان لـە فیدراسـیۆنی لاوانـی دیموکراتـی جیهانـی، هەروەهـا دروسـتکردنی پەیوەندیـی دۆسـتانە و هەماهەنگـی لەگـەڵ ڕێکخراوەکانـی تـری لاوان، بـە مەبەسـتی پەرەپێدانـی بنەمـا دیموکراسـییەکان و کۆمەڵگـەی مەدەنـی.

١٥- ڕاوەستان دژ بە کردەی تیرۆر و تۆقاندن، لە ژێر هەر پاساوێکدا بێت.

١٦- بەهێزکردنی پێگەی لاوان لە ناوەندەکانی بڕیاردا.

١٧- دروسـتکردنی دەوڵەتـی سـەربەخۆ مافـی سروشـتی خەڵکـی کوردسـتانە لـە پێناویـدا تـێ دەکۆشـین.

**بەندی شەشەم:**

**مەرجەکانی ئەندامبوون**

١- خاوەن ئاکار و خووڕەوشتی جوان بێت.

٢- بڕوای تەواوی بە (پڕۆگرام و پەیڕەوی ناوخۆ) هێنابێ و لە یەکێك لە گروپەکان ڕێکخرابێت.

٣- تەمەنی لە ١٣ ساڵ کەمتر و لە ٣٥ ساڵ زیاتر نەبێت.

٤- ئابوونـەی مانگانـە بـدات بەپێـی ئـەو ڕێژەیـەی کـە کۆبوونـەوەی ئەنجومەنـی سـەرکردایەتی بڕیـاری لەسـەر دەدات.

**بەندی حەوتەم:**

**ماف و ئەرکەکانی ئەندام**

**ـ مافەکانی ئەندام:**

١- دەتوانێ بە ئەوپەڕی ئازادییەوە ڕاوبۆچون و ڕەخنە و پێشنیارەکانی لە ڕێی نووسراو و کۆبوونەوەکان بەرامبەر تێکڕای کاروچالاکییەکانی یەکێتی دەرببڕێ.

٢- مافی دەنگدان و خۆپاڵاوتنی هەیە.

٣- دەتوانێت لە کاتی پێویست داوای یارمەتی و پاڵپشتی بکات.

٤- دەتوانێت بەو سزایەی کە دەرهەقی دراوە لە دەزگاکانی سەرووتر داوای لێکۆڵینەوە و تێهەڵچوونەوە بکات.

**ـ ئەرکەکانی ئەندام:**

١- سەنگ و تواناکانی بۆ بەرجەستەکردن و پیادەکردنی ئامانجەکانی لاوان بەکار بهێنێت.

٢- پابەندبوونی بە دیسیپلینەکانی ڕێکخراوەیی و ڕاپەڕاندنی فەرمانەکانی دەزگاکانی سەرووتر.

٣- هەوڵی خۆڕۆشنبیرکردن و پەرەدان بە تواناکانی بدات.

**بەندی هەشتەم:**

**سزاکان**

ـ لەم حاڵەتانەی خوارەوە ئەندام و کادیران سزا دەدرێن:

١- لادان لە (پەیڕەو و پرۆگرامی ناوخۆ).

٢- لە کاتی جێبەجێنەکردن و سەرپێچیکردن لە بڕیار و فەرمانەکانی سەرووی خۆی.

٣- کرداری دژ بە یاسا و ئاسایشی نەتەوەیی و مافی مرۆڤ و پرەنسیپەکانی دیموکراتیەت.

٤- کاری تێکدەرانە و ناوزڕاندن لە ڕیزی یەکێتیدا.

**جۆرەکانی سزادان بەپێی حاڵەتەکان بەم شێوەیە دەبێت:**

١- ئاگادارکردنەوە.

٢- سەرنجڕاکێشان بە نووسین.

٣- ڕاگرتن بە دەرماڵە یان بێ دەرماڵە.

٤- وەرگرتنەوەی پلەی لێپرسراوێتی.

٥- دەرکردنی یەکجاری.

٦- وێـڕای سـزاکانی سـەرەوە (پێبـژاردن) جێبەجـێ دەکرێـت، لـە کاتـی خراپبەکارهێنانـی دارایـی یەکێتـی بـۆ بەرژەوەنـدی تایبەتـی.

**بەندی نۆیەم:**

**بنەماکانی ڕێکخستن**

١- دەستەی گشت ئۆرگانەکان بە هەڵبژاردنی نهێنی دەستنیشان دەکرێن.

٢- گشت ئۆرگانەکان بڕیاری سەرووی خۆیان بەجێ دەگەیەنن.

٣- دیسـیپلین گشـت ئۆرگانـەکان دەگرێتـەوە و لـە هەمـوو حاڵەتێکـدا بڕیـارەکان بـە زۆرینـەی دەنـگ یـەکلا دەکرێنـەوە.

٤- پێویسـتە گشـت ئۆرگانەکانـی یەکێتـی لـە هەمـوو کۆبوونەوەکانـی ئاسـایدا دەزگاکانـی خـوارووی خۆیـان هەڵبسـەنگێنن.

٥- پێویسـتە گشـت ئۆرگانـەکان لـە ڕێگـەی دەرکردنـی سوپاسـنامە و خەڵاتکـردن ڕێـز لـەو ئەنـدام و دەزگایانـەی خوارووتـری خۆیـان بنێـن، کـە لـە کار و چالاکییەکانـدا سـەرکەوتوو بـوون، یـان ئەفراندنیـان لـە بوارێکـدا پێشـکەش کـردووە کـە سـوودبەخش بـووە بـۆ ڕێکخراوەکەمـان و کۆمەڵگـەی کوردسـتان.

**بەندی دەیەم:**

**پەیکەری ڕێکخستن**

١- ئەنجومەنی سەرکردایەتی.

٢- مەکتەبی سکرتاریەت.

٣- ناوەندی باڵا.

٤- ناوەندی چالاكی و پێگەیاندنی لاوان.

٥- گروپی چالاكی.

**بەندی یانزدە:**

**پێكهاتەی دەزگاكان**

ـ ئەنجومەنی سەركردایەتی:

ئەندامانــی ئەنجومەنــی ســەركردایەتی باڵاتریــن دەســەڵاتە لــە نێــوان دوو كۆنگــرەدا و پێــك دێــن لــە:

١- (١١) ئەندام و (٢) یەدەگ كە لە كۆنگرە ڕاستەوخۆ هەڵدەبژێردرێن.

٢- بەرپرســی ناوەنــدە بــاڵاكان كــە لــە كۆنفراســی ســاڵانەی ناوخــۆی ناوەنــدە بــاڵاكان هەڵدەبژێردرێــن.

٣- ئەنجومەنــی ســەركردایەتی لــە نێــوان (١١) هەڤاڵــی هەڵبژێــردراو، لــە كۆنگــرەدا ســكرتێر و شــەش كارگێــڕ بــۆ مەكتەبــی ســكرتاریەت هەڵدەبژێــرن.

٤- هــەر شــەش مانــگ جارێــك كــۆ دەبنــەوە و بــە تێكــڕای كار و چالاكییەكانــی یەكێتیــدا دەچنــەوە پــلان و بەرنامــەی گونجــاو بــۆ ئاینــدە دادەڕێــژن.

٥- بەڕێژەی ٣/٢ی ئەندامانی دەتوانێ بڕیاری كۆنفراسی گشتی یا كۆنگرەی ناوەخت بدات.

٦- دەتوانێ بە بڕیاری تێكڕای دەزگاكاندا بچێتەوە.

٧- بڕیــار لەســەر ڕێــژەی دەرماڵــە و هــاوكاری مانگانــەی تێكــڕای كادیرانــی یەكێتــی دەدات، بەپێــی گونجــان لەگــەڵ داهاتــی یەكێتــی لاوان، هەروەهــا چاودێــری دارایــی گشــتی یەكێتــی دەكات.

٨- بــە ڕەزامەنــدی ٣/٢ی ئەندامانــی دەتوانــێ ســەرلەنوێ، هەڵبژاردنــی ســكرتێر و كارگێڕانــی مەكتەبــی ســكرتاریەت بكاتــەوە.

٩- ئەگــەر ئەندامێكــی ســەركردایەتی یــان مەكتەبــی ســكرتاریەت تووشــی حاڵەتێكــی

وا هـات کـە سـزا بدرێـت، ئـەوا بـە زۆرینـەی دەنگـی ئەندامانـی سـەرکردایەتی، پـاش لێکۆڵینـەوە لـە کێشـەکەی بـە گوێـرەی حاڵەتەکـەی سـزای دەرهـەق دەدرێـت.

**مەکتەبی سکرتاریەت:**

١- مەکتەبـی سـکرتاریەت لـە سـکرتێر و شـەش کارگێـڕی سـکرتاریەت پێـك دێـت کـە ڕاسـتەوخۆ لـە نێـو ئەنجومەنـی سـەرکردایەتی بـە دوو لیسـتی جیـاواز هەڵدەبژێردرێـن.

٢- بەشەکانی مەکتەبی سکرتاریەت پێك دێت لە:

أ. سکرتێر.

ب. ڕێکخستن و ئامار.

ت. ڕاگەیاندن و ڕۆشنبیری.

ث. وەرزشی.

ج. هونەر.

ح. پەیوەندی و پڕۆژەکان.

خ. دارایی و بەڕێوەبردن.

٣- مەکتەبی سکرتاریەت لەناو خۆیاندا لە یەکەمین کۆبوونەوەدا بەشەکان دابەش دەکەن، لەبەر گرنگی بواری ئامار لەکاری ڕێکخراوەییدا، بایەخ و تایبەتمەندی تەواوی پێ دەدرێ.

٤- بڕیار و ڕاسپاردەکانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی جێبەجێ دەکا.

٥- سەرپەرشـتی تێکـڕای ئـەرك و چالاکییەکانـی یەکێتـی دەکا لـە نێـوان دوو کۆبوونـەوەی ئەنجومەنـی سـەرکردایەتی.

٦- دەسـەڵاتی بڵاوکردنـەوەی گۆڤـار و کتێـب و دانانـی ڕادیـۆ و تەلەڤیزیۆنـی تایبـەت بـە لاوانـی هەیـە ئەگـەر دەرفـەت و بـواری بـۆ ڕەخسـا.

٧- وەڵامـی نـووسراو و ڕاپۆرتـی دەزگاکانـی خـواروو دەداتـەوە و چاودێـری دارایـی دەکا و بەرپرسـە لـە پەیوەندیکـردن لەگـەڵ دامودەزگاکانـی هەرێـم و تێکـڕای ڕێکخـراو و لایـەن و کۆمەڵگەکانـی تـر.

٨- بــه زۆرینــەی دەنــگ دەتوانێــت داوای کۆبوونــەوەی ناوەختــی ئەنجومەنــی ســـەرکردایەتی بــکات.

٩- ڕێوشوێنی پێویست دیاری دەکات بۆ کۆنفرانسی ساڵانەی ناوەندە باڵاکان.

١٠- بڕیـاری کردنـەوەی ناوەنـدی بـاڵا و ناوەنـدی چالاکـی و پێگەیانـدن و نوێنەرایەتـی لەسـەر داخـوازی ناوەنـدە بـاڵاکان دەردەکات.

١١- لـە کاتـی دروسـتبوونی بۆشـایی لـە دەسـتەی ناوەنـدە بـاڵاکان، دەسـەڵاتی دانانـی بەرپـرس و کارگێـڕی ناوەنـدی بـاڵای بـە شـێوەی کاتـی هەیـە، تـا ئەنجامدانـی کۆنفرانسـی ناوخۆیـی گشـتی بـۆ ناوەنـدی بـاڵا.

**دەستەی ناوەندی باڵا:**

١- سەرپەرشـتی کاروچالاکییەکانـی تێکـڕای ناوەنـدە چالاکـی و پێگەیاندنەکانـی سـنوورەکەی دەکات، پێکدێـت لـە پێنـج کـەس کـە لـە کۆنفرانسـی سـاڵانە بـە هەڵبژاردنــی نهێنــی دەستنیشــان دەکرێــن.

٢- بەرپرســی ناوەنــدی بــاڵا کــە دەبێتــە ئەندامــی ســەرکردایەتی، لــە کۆنفرانســی ســاڵانەی سـنوورەکەی بـە لیسـتێکی جیـاواز هەڵدەبژێردرێـت، مافـی خۆپاڵاوتنـی بـۆ دەزگاکانــی ســەرووتری نییــە.

٣- چوار کارگێڕ سەرپەرشتی ئەم چوار بەشە دەکەن:

أ. ڕێکخستن و ئامار.

ب. وەرزش.

ت. ڕاگەیاندن و چالاکی هونەری و ڕۆشنبیری.

ث. دارایی و بەڕێوەبردن.

٤- بەرپرســی ناوەنــدی چالاکــی و پێگەیانــدن لــە ســنوورەکەیدا بــە ئەندامــی ناوەنــدی بــاڵا دەژمێردرێــت.

٥- بڕیار لەسەر ئەندامێتی یەکێتی دەدات.

٦- دەتوانــێ بەیاننامــە و بڵاوکــراوەی ناوخۆیــی دەربــکات و بەرنامــەی هەبێــت لــە ڕادیــۆ و تەلەڤیزیۆنــەکان.

٧- پێشــنیاری کردنــەوەی ناوەنــدی چالاکــی و پێگەیانــدن بــۆ مەکتەبــی ســکرتاریەت بــەرز دەکاتــەوە.

٨- بــە ڕاپــۆرت و نــووسراوی تایبــەت مەکتەبــی ســکرتاریەت لــە کار وچالاکــی خــۆی و ناوەندەکانــی ســنووری و هەبوونــی کەموکوڕییــەکان ئــاگادار دەکاتــەوە.

٩- دەتوانــێ لــە کاتــی پێویســت لێپێچینــەوە و لێکۆڵینــەوە لەگــەڵ کادیــری خــۆی بــکات و ســزای (١ و ٢)یــان دەرهــەق دەربــکات، بــۆ هــەر ســزادانێکی تــر بــە ڕەزامەنــدی مەکتەبــی ســکرتاریەت ئەنجــام دەدرێ.

١٠- لــە کاتــی دروســتبوونی بۆشــایی لــە ســتافی ناوەنــد چالاکییــەکان، دەتوانــێ بــە پێشــنیار بــۆ مەکتەبــی ســکرتاریەت و بــە شــێوەی کاتــی بــە کادیــری لێهاتــوو پــڕی بکاتــەوە.

**ناوەندی چالاکی و پێگەیاندنی لاوان:**

١- سەرپەرشــتی تێکــڕای کار و چالاکییەکانــی ســنووری خــۆی دەکات و لــە بەرپــرس و (٢ ـ ٤) کارگێــڕ پێــك دێــت، لــە ڕێــی کۆنفرانســی ســاڵانە هەڵدەبژێردرێــن، ئــەم بەشــانەی خــوارەوە لەخــۆی دەگــرێ :

أ. بەرپرسی ناوەند.

ب. ڕێکخستن و ئامار.

ت. هونەری و ڕۆشنبیری.

ث. وەرزش.

ج. دارایی و بەڕێوەبردن.

٢- خول و چالاکی جۆراوجۆری وەرزشی، هونەری، ڕۆشنبیری و زمانەوانی و هەر پڕۆژەیەکی تر کە بە پێویست زانرا بۆ خزمەتی لاوان ئەنجام دەدات بەبێ جیاوازی ئینتیمای سیاسی.

٣- ڕێگە بۆ لاوانی فێرخواز و ئارەزوومەند خۆش دەکا، کە بەشداری لە چالاکییەکاندا بکەن.

٤- داواکاری بــە ئەندامبوونــی ئــەو لاوانــە بــۆ ناوەنــدی بــاڵا بــەرز دەکاتــەوە کــە مەرجەکانــی ئەندامێتــی دەیانگرێتــەوە.

٥- پێویســتە پــردی گەیاندنــی کێشــە و گرفــت و داخوازییەکانــی لاوانــی ســنوورەکەی بێــت بــۆ ســەرووتر.

٦- ســنووری ناوەنــدی چالاکــی و پێگەیانــدن نابێــت لــە شــارەدێ، یــان کۆمەڵــگای گــەورە کەمــتر بێــت.

گروپی چالاکی:

أ. ژمــارەی ئەندامانــی گروپــی چالاکــی بەپێــی پێویســت و بــە گوێــرەی یەکگرتنــی ئارەزوومەندانــەی ئەندامانــی یەکێتییــە لــە هــەر بوارێکــی تایبەتمەنــد بــە لاوان بــە مەرجێــك ژمارەیــان لــە (٢٠) کــەس کەمــتر نەبێــت، ســنووری چالاکیشــی لــە هــەر شــوێنێکی پێویســت دەکرێــت گروپــی چالاکــی دابمەزرێــت.

ب. بەرپرســی گــروپ لــە ناوخۆیــان هەڵدەبژێــرن و دەبێتــە ڕاپەڕێنــەری چالاکییــەکان و هــۆکاری پەیوەنــدی بــە ناوەنــدی چالاکــی و پێگەیاندنــی لاوان.

**بەندی دوازدە:**

**کۆنفرانسی ناوخۆی ساڵانە**

١- کۆنفرانســی ناوخۆیــی ســاڵانە پێــك دێــت لــە هەڵبژاردنــی گشــتی ناوەنــدە بــاڵاکان کــە تیایــدا بەرپرســی ناوەنــدە باڵاکــە بــە ئەندامــی ســەرکردایەتی دادەنرێــت هەروەهــا دەســتەکانی کارگێــڕی ناوەنــدی بــاڵا هەڵدەبژێردرێــن.

٢- هەڵبژاردنــی بەرپــرس و دەســتەی کارگێــڕی ناوەندەکانــی چالاکــی و پێگەیانــدن ئەنجــام دەدرێــت.

٣- ڕێکخســتنەوەی گروپەکانــی چالاکــی بــە شــێوەی گونجــاو کــە لێژنــەی سەرپەرشــتی بــە پێویســتی بزانێــت.

**بەندی سێزدە:**

کۆنفرانسی گشتی

١- کۆنفرانسـی گشـتی پێـك دێت لـە ئەندامانـی ئەنجومەنـی سـەرکردایەتی و یەدەگەکان و ستافی ناوەنـدە بـاڵاکان و بەرپرسـی ناوەندەکانـی چالاکـی و پێگەیاندن.

٢- دەسەڵاتەکانی کۆنفرانس:

أ. کۆنفرانس باڵاترین دەسەڵاتە لە نێوان دوو کۆنگرەدا.

ب. کۆنفرانســی گشــتی دەتوانــێ ٣/٢ی ئەندامانــی ئەنجومەنــی ســەرکردایەتی بگـۆڕێ.

ت. کۆنفرانســی گشــتی دەســەڵاتێکی گونجــاو و بنەڕەتیــی بــۆ پێشخســتنی ئــەم ڕیکخـراوە هەیـە، جگـە لـە گۆڕینـی نـاوی یەکێتـی و مـارش و ئـارم و تێکەڵکردنـی یەکێتــی لاوان بــە ڕێکخراوێکــی تــر یــان هەڵوەشــاندنەوەی.

**بەندی چواردە:**

**کۆنگرە**

١- باڵاتریـن دەسـەڵاتی یەکێتییـە و هـەر سـێ سـاڵ جارێـك دەبەسـترێت. پێـك دێـت لـە :

أ. ئەندامانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی و یەدەگەکان.

ب. نوێنەرانــی تێکــڕای ئەندامانــی یەکێتــی بەپێــی ئــەو ڕێژەیــەی ئەنجومەنــی ســەرکردایەتی دیــاری دەکا.

ت. ئەندامانی لێژنەی باڵای ئامادەکاری کۆنگرە.

٢- ئەرك و دەسەڵاتی کۆنگرە:

أ. گوێگرتن لە ڕاپۆرتی گشتی لێژنەی ڕاپەڕاندن و هەڵسەنگاندنی.

ب. پەسەندکردنی پرۆگرام و پەیڕەوی ناوخۆ و ئەنجامدانی ئاڵوگۆڕ تیایدا.

ت. هەڵبژاردنی ئەندامانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی.

ث. پەسەندکردنی مارش و ئارمی یەکێتی.

ج. دەرکردنی بڕیار و ڕاسپاردەی پێویست بۆ سەرکردایەتی.

ح. گۆڕینــی نــاوی یەکێتــی یــان تێکەڵکردنــی بــە ڕێکخراوێکــی دی یــان تەنانــەت هەڵوەشــاندنەوەی.

**بەندی پازدە:**

دارایی

**ـ دارایی یەکێتی پێك دێت لە:**

١- ئابوونەی مانگانەی ئەندامان.

٢- پیتاك.

٣- نرخی چاپەمەنی و بڵاوکراوەکان.

٤- پڕۆژە بەرهەمهێنەرەکانی یەکێتی.

**ـ چۆنێتی خەرجکردنی:**

١- دەرماڵەی هەموو ئەوانەی بۆ کاری یەکێتی تەفەڕوغیان کردووە.

٢- خەرجیی بارەگاکان.

٣- یارمەتیدانی پێویستی کادیران و ئەندامان.

٤- جموجوڵ و چالاکییەکانی یەکێتی.

٥- هاتوچــۆی نوێنەرانــی یەکێتــی بــە ئیشــوکاری تایبــەت بــە یەکێتییــەوە لــە نــاوەوە و دەرەوەی وڵات.

## کۆنگرەی هەشتەمی یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان (کۆنگرەی پێشمەرگە) هەولێر - ٢٠١٨

ساڵی ٢٠١٨، لەلایەن سەرکردایەتی ڕێکخراوی یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان، بڕیاری بەستنی کۆنگرەی نوێی ڕێکخراوەکە درا و بۆ ئەم مەبەستە لێژنەیەکی ئامادەکاری کۆنگرە لە ستافی پێشووی یەکێتی لاوان پێکهێنرا، دوای کۆتایهاتنی ئامادەکارییەکان و سەرکەوتنی ئەندامان بۆ کۆنگرە. ڕۆژی سێشەمە، ڕێکەوتی ٧ی ئابی ٢٠١٨، بە ئامادەبوونی ٢٠٠ نوێنەر، لە هۆڵی سەعد عەبدوڵای شاری هەولێر، کۆنگرەی هەشتەمی یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان بەناوی (کۆنگرەی پێشمەرگە) و بە ئامادەبوونی سەرۆك مەسعود بارزانی بەسترا. سەرۆك مەسعود بارزانی وتارێکی گرنگی پێشکەشی ئامادەبووانی کۆنگرەی کرد و تیشکی خستە سەر بارودۆخی ڕامیاری کوردستان و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، دواپێشهاتەکانی کوردستانی خستە ڕوو و جەختی کرد لە دەرەنجامی ڕاپرسی ساڵی ٢٠١٧ی هەرێمی کوردستان بۆ سەربەخۆیی کوردستان وەك مافێکی نەتەوەیی ڕەوا[١].

لە ڕۆژی چوارشەمە، ٨ی ئابی ٢٠١٨ بە دەنگی نوێنەرانی کۆنگرە، لێژنەی ڕاپەڕاندنی نوێ بۆ ڕێکخراوەکە هەڵبژێردرا، دواتریش هەر بە دەنگی نوێنەرانی کۆنگرە، سەرکردایەتی نوێ بەم شێوەی خوارەوە هەڵبژێردران:

١- نەوزاد سابیر ڕەسوڵ

٢- ئازاد محەمەد سەعید

٣- دەریا سدیق ئیسماعیل

٤- نورهات وەیسی عەبدوڵا، ناسراو بە نورهات هەرکی

٥- دلێر محەمەد عەلی

٦- مەیسەر عوبێد ئەمین، ناسراو بە مەیسەر نهێلی

٧- کەژان محەمەد کەریم

٨- ڕێبوار ئەنوەر محەمەد

٩- هەژار سەروەر عەبدولکەریم.

ئەندامانی یەدەگی سەرکردایەتی:

١- عادل نەوزاد قادر

٢- هەیفا جەبار سەوزە

٣- سەرهەنگ کەمال عەزیز[٢].

پەیکەری ڕێکخستن و دەسەڵات لەم کۆنگرەیە بریتی بووە لە: گروپی چالاکی، ناوەندی چالاکی، ناوەندی باڵا، ئەنجومەنی سەرکردایەتی، مەکتەبی سکرتاریەت و سکرتێر[٣].

## سەرچاوە و پەراوێز

١- ئەمڕۆ بە ئامادەبوونی سەرۆك مەسعود بارزانی یەکێتیی لاوانی دیموکراتی کوردستان کۆنگرە دەبەستێت، ڕۆژنامەی خەبات، ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستان، ژمارە ٥٥٦٩، هەولێر، چوارشەمە، ٨ ئابی ٢٠١٨ز، ل ١؛ سەرۆك بارزانی: لە سەربەخۆیی پاشگەز نەبووینەتەوە، ڕۆژنامەی خەبات، ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستان، ژمارە ٥٥٦٨، هەولێر، سێشەمە، ٧ ئابی ٢٠١٨ز، ل ل ١ ـ ٢؛ تریفە ئازاد، سەرکردایەتیی نوێی یەکێتیی لاوانی دیموکراتی کوردستان هەڵبژێردرا، ڕۆژنامەی خەبات، ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستان، ژمارە ٥٥٧١، هەولێر، یەکشەمە، ١٢ی ئابی ٢٠١٨ز، ل ٤.

٢- تریفە ئازاد، سەرکردایەتیی نوێی یەکێتیی لاوانی دیموکراتی کوردستان هەڵبژێردرا، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤؛ ئەرشیفی دەستەی ئینسکلۆپیدیا، چاوپێکەوتن لەگەڵ دلێر محەمەد عەلی، هەولێر، ٢٢ی شوباتی ٢٠٢١.

٣- پەیڕەو و پڕۆگرامی ناوخۆ، یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان، کۆنگرەی هەشتەم، (هەولێر ـ ٢٠١٨ز)، ل ١٣.

## پەیڕەو و پرۆگرامی ناوخۆی کۆنگرەی هەشتەمی یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان

**ئامانج و کارنامەی لاوان**

**ئامانجەکانی لاوان**

**بەندی یەکەم**

ناوی ڕێکخراو :

یەکێتـــی لاوانـــی دیموکراتـــی کوردســـتان. بـــە پیتەکانـــی (ی. ل. د. ك) هێـــای بـــۆ دەکرێـــت.

**بەندی دووەم**

پێناسە:

(ی. ل. د. ك) لــە (١٨)ی شــوباتی ســاڵی (١٩٥٣) دامــەزراوە، ڕێکخراوێکــی جەمــاوەری دیموکراتــی ئــازادە، ئــەو کــوڕ و کچــە لاوانــە لــە خــۆ دەگرێــت کــە ئامانجــی هاوبــەش کۆیــان دەکاتــەوە، تێدەکۆشــێت لــە پێنــاو چەســپاندنی مــاف و داخوازییەکانــی لاوان و بەشــداریکردن لــە بونیادنانــی کۆمەڵگەیەکــی مەدەنــی و هــەوڵ دەدات بــۆ بڵاوکردنــەوە و بەرقەرارکردنــی بیــری دیموکراســی و یەکــر قبوڵکــردن لــە نێــو لاوانــدا، لــە چوارچێــوەی سیاســـەتی یەکێتـــی لاوانـــی دیموکراتـــی کوردســـتان.

**بەندی سێیەم**

دروشمی سەرەکی یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان:

(لاوان بونیادنەری ئایندەی کوردستانن)

**بەندی چوارەم**

سنووری کارکردن:

بــارەگای ســەرەکی لــە پایتەختــی هەرێمــی کوردســتانە و بەپێــی پێویســت لــە شــار و شــارۆچکەکانی هەرێمــی کوردســتان ناوەنــدی بــاڵا و ناوەنــدی چالاکــی دەکاتــەوە.

بـــۆی هەیـــە نوێنەرایەتـــی لـــە دەرەوەی کوردســـتان بکاتـــەوە.

**بەندی پێنجەم**

ئامانجەکانی یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان

**لە سەر ئاستی نەتەوەیی و نیشتمانی:**

١- پتەوکردنــی هەســتی دڵســۆزی و نیشــتانی و هۆشــیاری نەتەوەیــی لــە ســەر بنەمــای دیموکراســی، لــە نــاو توێــژی لاوانــدا.

٢- دروســتکردنی دەوڵەتــی ســەربەخۆ مافــی سروشــتیی خەڵکــی کوردســتانە لــە پێناویــدا تێدەکۆشــین.

٣- پشــتگیری تــەواو لــە هەنگاوەکانــی حکومەتــی هەرێمــی کوردســتان بــە ئاراســتەی دامەزراندنــی دەوڵەتــی ســەربەخۆی کوردســتان دەکەیــن.

٤- ڕاوەســتان دژ بــە کــردەی تیــرۆر و تۆقانــدن، لــە ژێــر هــەر پاســاو و ناوێکــدا بێــت.

٥- بەهێزکردنی پێگەی لاوان لە ناوەندەکانی بڕیاری سیاسیدا.

٦- کۆنگــرەی نەتەوەیــی لاوانــی هەرچــوار پارچــەی کوردســتان بــە هەنگاوێکــی گرنــگ دەزانیــن بۆیــە لــە پێنــاو ســەرکەوتن و بــەردەوام بوونیــدا کاری جــددی دەکەیــن.

٧- (ی. ل. د. ك) داکۆکــی لــە ئــازادی بیــروڕا و پێکەوەژیانــی نەتەوەیــی و ئایینــی و مەزهەبــی دەکات.

٨- ئازایەتــی و قارەمانێتــی هێزەکانــی پێشــمەرگە لــە ڕابــردوو لــە ئێســتادا بــەرز دەنرخێنیــن و پاڵپشــتی دەکەیــن کــە تاکــە زامنــی پاراســتنی خــاك و گەلــی کوردســتانە لــە گشــت هەڕەشــەکان.

٩- هەمــوو کات وەك پێشــمەرگەیەك ئامادەیــن لــە پێنــاو بەرگریکــردن لــە دەســتکەوتە نیشــتانی و نەتەوەییەکانــی گەلەکەمــان، گیانــی خۆمــان لــە پێناویــدا بەخــت بکەیــن.

١٠- یەکێتیەکەمـــان بـــاوەری بـــە مافـــی چارەنووســـی نەتەوەیـــی بەشبەشـــکراوی کـــورد هەیـــە و پشـــتگیری لـــە خەباتـــی ڕەوایـــان دەکات.

١١- پشـــتگیری لـــە هـــەر هەنگاوێکـــی دیموکراتیانـــە و ئاشـــتیانە بـــۆ چارەســـەرکردنی کێشـــە ناوخۆییەکانـــی گەلەکەمـــان دەکەیـــن.

**لە سەر ئاستی ڕێکخراوەیی:**

١- بەهێزکـــردن و قوڵکردنـــەوەی بنەمـــا دیموکراســـییەکان و گیانـــی لێبووردەیـــی و یەکســـانی لـــە نـــاو توێـــژی لاوانـــدا.

٢- هەوڵـــدان لـــە پێنـــاو ئامادەکـــردن و پەســـەندکردنی یاســـای تایبـــەت بـــۆ چارەســـەرکردنی کێشـــەکانی لاوان لـــە ڕێگـــەی پەرلەمـــان و حکومەتـــی کوردســـتان.

٣- بەگەرخســـتنی وزە و تواناکانـــی لاوان بـــە ئاراســـتەیەکی تەندروســـت و سیســـتاتیزەکراو، دوور لـــە هەڵچـــوون و توندوتیـــژی.

٤- بەهێزکردنـــی لایەنـــی هـــزری و ڕوناکبیـــری لاوان و هاندانیـــان بـــۆ خوێندنـــەوە و خـــۆ ڕۆشـــنبیرکردن، هەروەهـــا دەســـتەبەرکردنی ئامـــرازە پێویســـتەکان لـــە ڕێگـــەی ســـازدانی کـــۆڕ و ســـمینار و ئەنجامدانـــی خولـــی پیشـــەیی و پێگەیانـــدن و کردنـــەوەی کتێبخانـــە و ... هتـــد.

٥- پەروەردەکردنـــی لایەنـــی مەعنـــەوی و جەســـتەییەکانی لاوان لـــە ڕێـــگای گرنگیـــدان بـــە بـــزاڤ و چالاکیـــە وەرزشـــی و هونەرییـــەکان، هەروەهـــا گرنگیـــدان بـــە بەهـــرە و پێگەیاندنـــی داهێنانەکانـــی لاوان.

٦- هەوڵـــدان بـــۆ زیادکردنـــی شـــوێنی ســـەردەمیانە بـــۆ گەشـــەدان بـــە حـــەز و ئارەزوەکانـــی لاوان.

٧- گرنگیـــدان بـــە دەرفەتـــی فێرکردنـــی بـــواری پیشـــەیی و ڕەخســـاندنی هەلـــی کار و هاندانـــی وەبەرهێنـــان لـــە توێـــژی لاوانـــدا و هەوڵـــدان بـــۆ ئاســـانکاری کردنـــی زیاتـــر و ڕاهێنانـــی لاوان بـــۆ وەرگرتنـــی کار و پـــرۆژەی قـــەرزی بچـــووك، بـــە شـــێوەیەك کـــە تـــەواوی لاوان تێیـــدا ســـوودمەند بـــن.

٨- دوور خســـتنەوەی گەنجـــان لـــە فشـــاری دەروونـــی و هەوڵـــدان بـــۆ چارەســـەری گرفتەکانیـــان.

٩- لێكۆڵینـەوە لـە گرفـت و ئاریشـەكانی لاوان بـە ڕێـگای توێژینـەوەی زانسـتی و كاركـردن و یارمەتیـدان بـۆ چارەسـەركردنیان.

١٠- كاركــردن بــۆ نەهێشــتنی نەریتــە دواكەوتــوو و ناتەندروســتەكانی كۆمەڵگـە كـە بەربەسـن لـە بـەردەم هـەردوو رەگـەز، هەروەهـا هەوڵـدان بـۆ هێنانـە ئـارای ژیانێكـی ئاسـوودە، لـە ڕێـگای زیادكـردن و بەردەوامـی پێدانـی پێشـینەی هاوسـەرگیری و نیشـتەجێبوون بـۆ لاوان.

١١- بەرەنگاربوونــەوەی هەمــوو ئـەو دیـاردە خراپــە كۆمەڵایەتیانـەی كـە كاریگـەری بــۆ سـەر ئاینـدەی لاوان دروسـت دەكـەن، یـا خـوود لاوان پەلكێشـی كاری توندوتیـژی و مـاددە هۆشـبەرەكان دەكـەن.

١٢- هەوڵـدان بـۆ دروسـتكردنی دامەزراوەیەكـی میدیایـی هاوچـەرخ، تایبـەت بـە توێـژی لاوان كــە بوارەكانــی (بیــراو، بیســراو، خوێنــدراو و سوشـیال میدیـا) لـە خـۆ بگـرێ.

١٣- هەوڵدانــی چڕوپــڕ لــە پێنـاو بنبڕكردنــی مـاددە هۆشــبەرەكان و بڵاوبونــەوەی رۆشــنبیری دەربـارەی نەخۆشــییە گــوازراوەكان.

١٤- (ی. ل. د. ك) بــڕوای بــە كاری هاوبەشــی ڕێكخراوەیــی هەیــە لــە پێنــاو زیاتــر خزمەتكــردن بــە توێــژی لاوانــی كوردسـتان بـۆ ئـەم مەبەسـتە داوا دەكەیـن لیژنـەی هەماهەنگــی ڕێكخراوەكانــی لاوان كاراتــر بكرێــت.

١٥- گرنگیــدان بــە پەیوەندیــە ناوخۆیــی و دەرەكییەكانــی (ی. د. ل. ك) لــە پێنــاو ســوود وەرگرتــن لــە ئەزموونــی كاركردنــی ڕێكخراوەكانــی جیهانــی و ناوخۆیـی بـە ئامانجـی خزمەتكردنــی لاوانـی كوردســتان.

١٦- بــەو پێیــەی (ی. ل. د. ك) ئەندامــی هــەردوو ڕێكخــراوی یەكێتــی لاوانـی دیموكراتـی جیهانــی و یەكێتــی لاوانـی ئەوروپایــە، تێدەكۆشـێت لـە پێنـاو زیاتــر ناسـاندنی دۆزی ڕەوای گەلەكەمـان بـە دنیـای دەرەوە.

١٧- لـە ژێـر ڕۆشـنایی ئەندامبوونـی (ی. ل. د. ك) لـە و دوو رێكخـراوە جیهانیـە هەوڵبدرێـت ئەزموونــی ســەركەوتووی كاركردنیـان بـۆ كوردسـتان بگوازرێتــەوە لـە پێنـاو گەیاندنـی زۆرتریــن خزمـەت بـە لاوانی كوردسـتان.

١٨- پێگەیانــدن و دروســتکردنی کەســایەتی لاوی کوردســتان لــە ســەر بیروبـاوەری کوردایەتــی و نیشــتان پــەرەوەری و کەلەپــوری دەوڵەمەندی باوکــی نەتەوەیــی کــورد (بارزانــی) نەمـرو رێزگرتـن لــە سـەروەری یاسـا.

١٩- بــڵاو کردنــەوەی هۆشــیاری ژینگــە پارێــزی و بایەخــدان بــە بوژاندنــەوەی دارســتانەکان و زیادکردنــی پانتایــی دارچانــدن و ســەوزایی.

٢٠- کارکــردن بــۆ پاراســن و خزمەتکردنــی کەلەپــوری ڕەســەن و شــوێنەوار و مێــژووی کوردســتان.

٢١- دژی هــەر کــردەوە و کارێـك دەوەسـتینەوە کـە لاوانـی وڵاتمـان بـە کار بهێرێــت بــۆ تێکــدان و ئــاژاوە گێــری و ناســەقامگیری کوردســتان و ئاشـتەوای کۆمەڵایەتـی .

٢٢- بەلێشــاو کۆچکردنــی لاوان بــۆ هەنــدەران بــە نــاڕەوا دەزانیــن و لــە پێنــاو چارەســەرکردنی گرفــت و ئاریشــەکانیان هەمــوو هەنگاوێکــی دیموکراتیانــە و مەدەنیانــە دەگرینــە بــەر.

٢٣- (ی. ل. د. ك) بــەو پــەڕی بڕوابوونــی بــە کاری خۆبەخشــی تێدەکۆشـێت بــۆ ڕاهێنانــی لاوان لــە ســەر کاری خۆبەخشــی لــە گشــت بوارەکانــی ڕێکخراوەییــدا.

## کارنامەی ناوخۆی لاوان

**بەندی یەکەم**

مەرجەکانی بە ئەندامبوون:

١- خاوەن ئاکار و رەوشتی جوان بێت.

٢- بـڕوای بـە (ئامانـچ و کارنامـەی ناوخۆیـی) هێنابـێ و داواکاری بـە ئەندامبوونـی پێشکەشـــکردبێت .

٣- تەمەنی لە (١٤) تا (٣٥) ساڵ بێت.

٤- ئامادەبێت لە ریزەکانی (ی. ل. د. ك) بە خۆبەخشی کاربکات.

**بەندی دووەم**

ماف و ئەرکەکانی ئەندام:

**مافەکانی ئەندام:**

١. دەتوانێـت بـەو پـەڕی ئازادییـەوە ڕاوبۆچـون و ڕەخنـە و پێشـنیارەکانی لـە ڕێـی نوسـراو و کۆبونـەوەکان بەرامبـەر تێکـڕای کار و چالاکییەکانـی (ی. ل. د. ك) دەربـڕێـت.

٢. مافـی دەنگـدان و خـۆ پاڵاوتنـی هەیـە. لەگـەڵ ڕەچاوکردنـی بەنـدی (یەکـەم) و (حەوتـەم) لـە کارنامـەی لاوان.

٣. دەتوانێـت لـە کاتـی پێویسـت داوای یارمەتـی و پاڵپشـتی مـادی و مەعنـەوی بـکات.

٤. دەتوانێـت لـە بەرامبـەر بـەو سـزایەی کـە دەر هەقـی وەرگیـراوە لـە ئۆرگانەکانـی سـەروتر داوای لێکۆڵینـەوە و تێهەڵچوونـەوە بـکات.

**ئەرکەکانی ئەندام:**

١- هێـز و تواناکانـی بـۆ بەرجەسـتە کـردن و پیادەکردنـی ئامانـج و کارنامـەی ناوخۆیـی (ی. ل. د. ك) بـە گـەڕ بخـات.

٢- پابەنـد بێـت بـە دیسـپلینەکانی ڕێکخراوەیـی و ڕاپەڕاندنـی فەرمانەکانـی دەزگاکانـی سـەروتری خـۆی.

٣- هەوڵی خۆ رۆشنبیرکردن و پەرەدان بە تواناکانی بدات.

٤- کاری خۆبەخشی ئەنجام بدات بە پێی توانا.

**بەندی سێیەم**

**سزاکان**

لەم حاڵەتانەی خوارەوە ئەندام و کادیران سزا دەدرێن.

١- لادان لە (ئامانج و کارنامەی ناوخۆیی) (ی. ل. د. ك)

٢- لە کاتی جێبەجێ نەکردن و سەرپێچی کردن لە بڕیار و فەرمانەکانی سەرووی خۆی.

٣- ئەنجامدانی کاری دژ بە یاسا و ئاسایشی نەتەوەیی و مافی مرۆڤ و پرنسیپەکانی دیموکراسی.

٤-ئەنجامدانی کاری تێکدەرانە و ناوزڕاندن لە ریزی (ی. ل. د. ك)دا.

٥- بەهەدەردان و گەندەڵیکردن لە داهاتی ناو خۆیی (ی. ل. د. ك).

**جۆرەکانی سزادان بەپێی دۆخەکان بەم شێوەیە دەبێت.**

١. سەرزەنشت کردن

٢. سەرنج ڕاکێشان بە نووسراو

٣. ڕاگرتن بە دەرماڵە یان بێ دەرماڵە

٤. وەرگرتنەوەی پلەی لێپرسراوێتی

٥. دەرکردنی یەکجاری لە ناو ڕێزەکانی (ی. ل. د. ك)

٦. وێرای سزاکانی سەرەوە (پێبژاردن) جێبەجێ دەکرێت، لە کاتی خراپ بەکارهێنانی دارایی یەکێتی بۆ بەرژوەندی تایبەتی.

**بەندی چوارەم**

بنەماکانی ڕێکخستن

١. ستافی گشت ئۆرگانەکان بە هەڵبژاردنی نهێنی دەستنیشان دەکرێن.

٢. گشت ئۆرگانەکان بڕیاری سەرووی خۆیان جێبەجێ دەکەن.

٣. دیسپلین گشت ئۆرگانەکان دەگرێتەوە لە هەموو دۆخێکدا، بڕیارەکان بە زۆرینەی دەنگ یەکلا دەکرێنەوە.

٤. پێویستە گشت ئۆرگانەکانی یەکێتی لە هەموو کۆبوونەوەکانی ئاساییدا دەزگاکانی خوارووی خۆیان هەڵبسەنگێنن.

٥. پێویستە گشت ئۆرگانەکان لە ڕێگەی دەرکردنی سوپاسنامە و خەڵاتکردن ڕێز لەو ئەندام و چالاکوان و ئۆرگانەکانی

خوارووتری خۆیان بگرن کە لە کارو چالاکییەکانیدا سەرکەوتوو بوون یان ئەفراندنیان لە بوارێکدا کردووە کە سوودبەخش بووە بۆ (ی. ل. د. ك) و کۆمەڵگەی کوردستان، کردووە.

**بەندی پێنجەم**

پەیکەری ڕێکخستن

١- مەکتەبی سکرتاریەت

٢- ئەنجومەنی سەرکردایەتی

٣- ناوەندی باڵا

٤- ناوەندی چالاکی

٥- گرووپی چالاکی

**بەندی شەشەم**

پێکهاتەی دەزگاکان

ئەنجومەنی سەرکردایەتی کە پێك دێت لە:

١. مەکتەبـــی ســـکرتاریەت پێکدێـــت لـــە ســـکرتێر و (٨) کارگێـــڕ و سێ (٣) ئەندامی یـەدەگ.

٢. بەرپرسی ناوەندە باڵاکان

٣. هـــەر شـــەش مانـــگ جارێـــك کۆدەبنـەوە بـــە تێکـــرای کار و چالاکییەکانـی (ی. ل. د.ك) دەچنــەوە پـلان و بەرنامــەی گونجـاو بـۆ ئاینـــدە دادەڕێــژن.

٤. بـــە ڕێـــژەی ٢/٣ ی مەکتەبـی ســـکرتاریەت دەتوانێــت بڕیـاری کۆنفرانســی گشـتی یـــان کۆنگـرەی ناوەخـت بـدات.

٥. بڕیـار لــە سـەر ڕێـژەی دەرماڵــە و هــاوکاری مانگانـەی تێکـرای کادیرانـــی یەکێتـــی دەدات، بەپێـــی گونجـــان لـــە گـــەڵ داهاتــی یەکێتـــی لاوان و هـــەر وەهـا چاودێـری دارایــی گشــتی یەکێتـی دەکات.

مەکتەبی سکرتاریەت:

١. مەکتەبـی ســـکرتاریەت لــە (٩) هەڤاڵـــی هەڵبژێـردراوی نـــاو کۆنگــرە پێکدێــت لــە کۆبوونـــەوەی یەکەمـــدا لـــە نیـــوان خۆیانـــدا ســـکرتێر هەڵدەبژێـــرن و بەشـــەکان دیـــاری دەکـــەن. (٨) کارگێـــری مەکتەبـــی ســـکرتاریەت هەڵدەبژێـــرن و بەشـــەکان دیـــاری دەکـــەن و (٣) هەڤـاڵ وەك یەدەگـی مەکتەبـی ســـکرتاریەت دەمێننـەوە، لـە نـــاو مەکتەبـــی ســـکرتاریەت دەبنـە جێگـری بەشـەکان بــە پێـی پێویسـت و

مافــی بەشــداریکردنی کۆبونــەوەی ســـکرتاریەتیان نییـــە.

٢. مەرجـــە لـــە نـــاو (٩) هەڤاڵـــی مەکتەبـــی ســـکرتاریەت ئافـــرەت هەبێـــت, گـــەر ئافرەتـــی تێـــدا نەبـــوو، ئـــەوا ئـــەو هەڤاڵـــەی زۆرتریـــن دەنگـــی نـــاو پاڵێـــوراوە ئافرەتەکانـــی هێنـــاوە بـۆ مەکتەبـی سکرتاریەت ســـەردەکەوێت، لـــە ســـێ هەڤاڵـــی یەدەگیـــش یەدەگێـــك بـــۆ ڕەگـــەزی

مێینــە دەبێــت.

٣. بەشەکانی مەکتەبی سکرتاریەت پێکدێت لە:

أ. سکرتێر

ب. ڕێکخستن و ئامار

ت. کارگێری و دارایی

پ. ڕۆشنبیری و پێگەیاندن

ج. پلان و پڕۆژە و بەدواداچون

ح. هونەری

خ. ڕاگەیاندن

د. وەرزش

ژ. پەیوەندی و کۆمەڵایەتی

**دەسەڵاتەکانی مەکتەبی سکرتاریەت:**

١-بڕیار و ڕاسپاردەکانی کۆنگرە جێبەجێ دەکات.

٢- سەرپەرشــتی تێکــڕای ئــەرك و چالاکییەکانــی یەکێتــی لــە نێــوان دوو کۆبوونــەوەی ئەنجومەنــی ســەرکردایەتی دەکات.

٣- دەســەڵاتی بڵاوکردنــەوەی گۆڤــارو کتێــب و دانانــی ڕادیــۆ و تەلەفزیــۆن و سوشــایال میدیایــی تایبــەت بــە لاوانــی هەیــە.

٤- وەڵامــی نوســراو و ڕاپۆرتــی دەزگاکانــی خــواروو دەداتــەوە و چاودێــری دارایــی دەکات و بەرپرســە لــە پەیوەندیکــردن لەگــەڵ دامودەزگاکانــی هەرێــم و تێکــڕای ڕێکخــراوو لایــەن و کۆمەڵەکانــی تــر لــە ناوخــۆ و دەرەوەدا.

٥- بــە زۆرینــەی دەنــگ دەتوانێــت داوای کۆبونــەوەی ناوەختــی ئەنجومەنــی ســەرکردایەتی بــکات.

٦- ڕێوشـــوێنی پێویســـت بـــۆ کۆنفرانســـی ســـاڵانەی ئۆرگانەکانـــی خـــواروی خـــۆی دیـــاری دەکات.

٧- بڕیـــاری کردنـــەوەی ناوەنـــدی بـــاڵا و ناوەنـــدی چالاکـــی و نوێنەرایەتـــی بـــە پێـــی پێویســـتی ســـنورەکان دەردەکات.

٨- لـــە کاتـــی دروســـتبوونی بۆشـــایی لـــە ســـتافی ناوەنـــدە بـــاڵاکان دەســـەڵاتی دانانـــی بەرپـــرس و کاڕگێـــری ناوەنـــدی بـــاڵای بەشـــێوەی کاتـــی هەیـــە، تـــا ئەنجامدانـــی کۆنفرانســـی ناوخۆیـــی گشـــتی بـــۆ ناوەنـــدی بـــاڵا.

٩- بـــە دەنگـــی ٣/٢ هەڤاڵانـــی مەکتەبـــی ســـکرتاریەت دەتوانـــن داوای هەڵبژاردنـــەوەی ســـکرتێر بکـــەن.

**ناوەندی باڵا:**

ناوەنـدی بـاڵا لـە سـنوری پارێـزگاکان و قـەزا گەورەکانـی سـنوری هەرێمـی کوردسـتان دەبێـت و سەرپەرشـتی کار و چالاکییەکانـی تێکـڕای ناوەندەکانی چالاکـی سـنورەکەی دەکات، پێکدێـت لـە پێنـج هەڤـاڵ کـە لـە کۆنفرانسـی سـاڵانە بـە هەڵبژاردنـی نهێنی دەستنیشـان

**دەکرێـن بـەم شـێوەی خـوارەوە:**

١- بەرپرســـی ناوەنـــدی بـــاڵا کـــە دەبێتـــە ئەندامـــی ئەنجومەنـــی ســـەرکردایەتی، لـــە کۆنفرانســـی (دوو ســـاڵ) جارێـــك ســـنورەکەی بـــە لیســـتێکی جیـــاواز هەڵدەبژێردرێـــت، مافـــی خۆپاڵاوتنـــی بـــۆ دەزگاکانـــی ســـەرووتری نییـــە و تەنهـــا لـــە چوارچێـــوەی ناوەنـــدی بـــاڵا بەرپرســـیارەتی هەیـــە.

٢- چوار هەڤاڵی کارگێڕ سەرپەرشتی ئەم بەشانە دەکەن

أ. ڕێکخستن و ئامار

ب. ڕاگەیاندن و ڕۆشنبیری و پێگەیاندن

ت. چالاکی (هونەرو وەرزش)

ث. دارایی و کارگێڕی

٣- مەرجە دەستەی کارگێڕی لە ئافرەتێك کەمتری تێدا نەبێت.

**دەسەڵاتەکانی ناوەندی باڵا**

١. بڕیـار لەسـەر هاتنـە ڕێـزی ئەندامـان لـە سنوری خـۆی بـۆ نـاو ریـزی (ی. ل. د. ك) دەدات.

٢. دەتوانێـــت بەياننامـــە و باڵاوكـــراوەی ناوخۆيـــی دەربـكا و بەرنامـــەی لـــە راديـــۆ و تەلەفزيونـــەكان هەبێـــت.

٣. پێشـــنیاری کردنـــەوەی ناوەنـــدی چالاکـــی بـــۆ مەکتەبـــی ســـکرتاریەت بـــەرز دەکاتـــەوە.

٤. بـە ڕاپـۆرت و نوسـراوی تایبـەت مەکتەبـی سـکرتاریەت لـە کار و چالاکـی خـۆی و ناوەنـدە چالاکییەکانـی سنورەکەو هەبوونـی کەموکوڕییـەکان ئـاگادار دەکاتـەوە.

٥. دەتوانێـت لـە کاتـی پێویسـت لێکۆڵینـەوە و لێپێچینـەوە لەگـەڵ کادری خـوارووی خـۆی بـکات و سـزای (١ و٢) ی لـە بەنـدی (٣)یەمـی سزاکان دەر هـەق دەربـکات. بـۆ هـەر سـزادانێکی تـر بـە ڕەزامەنـدی مەکتەبـی سکرتاریەت ئەنجـام دەدرێـت.

٦. لـــە کاتـــی دروســـتبوونی بۆشـــایی لـــە ســـتافی ناوەنـــدە چالاکییـــەکان، دەتوانێـــت بـــە پێشـنیار بـۆ مەکتەبـی سـکرتاریەت و بـە شـێوەی کاتـی بـە کادری لێهاتـوو پـڕ بکاتـەوە تـا وەکـو کۆنفرانسـی ناوخۆیـی ئەنجـام دەدرێـت.

**ناوەندی چالاکی:**

ســـنوری ناوەنـــدی چالاکـــی نابێـــت لـــە شـــارەدێ, یـــان کومەڵـــگای گـــەورە کەمتـــر بێـــت و سەرپەرشـــتی تێکـــڕای کار و چالاکییەکانـــی سـنوری خـۆی دەکات و لـە بەرپـرس و (دوو کارگێــر) پێکدێــت، لــە ڕێــی کۆنفرانســی (دوو ســاڵ) جارێــك هەڵدەبژێردرێـن و بەرپرســی ناوەنــدی چالاکــی بــە ئەندامــی ناوەنــدی بــاڵا دەژمێردرێــت لــە چــوار چێــوەی ناوەنــدی چالاکــی و لــە کۆبونــەوەی ناوەنــدی بــاڵا بەشــداری دەکات.

ناوەندی چالاکی پێکدێت لە:

أ. بەرپرسی ناوەندی چالاکی

ب. ڕێکخستن و ئامار و پێگەیاندن

ت. چالاکی هونەری و وەرزشی

**دەسەڵاتەکانی ناوەندی چالاکی:**

١. مافــی پێکهێنــان و سەرپەرشــتی کـردن و گۆڕانـکاری لـە ســتافی گرووپـەکان هەیـە بـە پێشــنیارکردن بـۆ ناوەنـدی بـاڵا.

٢. خــول و چالاکــی جۆراوجـۆری وەرزشـی، هونـەری، ڕۆشـنبیری و زمانەوانــی یــان هــەر پرۆژەیەکــی تــر کــە بــە پێویســت زانــرا بــۆ خزمەتــی لاوان بــە بــێ جیـاوازی ئینتمــای سیاســی ئەنجامـدەدات.

٣. ڕێگـە بـۆ لاوانـی فێرخـواز و ئارەزوومەنـد خـوش دەکات، کـە بەشـداری لـە چالاکییەکانـدا بکـەن.

٤. داواکاری بـە ئەندامبوونـی ئـەو لاوانـە بـو ناوەنـدی بـاڵا بـەرز دەکاتـەوە کـە مەرجەکانـی ئەندامیەتـی‌دەیانگرێتـەوە.

پێویســـتە پـــردی گەیاندنــــی کێشــەوگرفت و داخوازییەکانـــی لاوانـــی ســنورەکەی و ســەرووی بێــت.

**گروپی چالاکی**

١. ســتافی گروپــی چالاکــی پێکدێــت لــە (٣) هەڤــاڵ بەرپــرس و دوو کارگێــڕ، ژمــارەی ئەندامانـــی گروپـــی چالاکـــی بـــە پێـــی پێویســـتە بـــە گوێـــرەی یــەك گرتنــی ئارەزوومەندانـەی ئەندامانـی یەکێتییـە لـە هـەر بوارێکـدا بێـت بـە مەرجێـك ژمارەیـان لــە (١٥) هەڤــاڵ کەمتــر نەبێــت، ســنوری چالاکیشــی لـە هــەر شــوێنێکی پێویسـت دەکرێــت گرووپــی چالاکــی دابمەزرێـت.

٢. بەرپرســی گــرووپ و دوو کارگێـر لــە نێـو خویانـدا هەڵدەبژێــرن و دەبنـە ڕاپەڕێنـەری چالاکییــەکان و بازنــەی پەیوەنــدی بــە ناوەنــدی چالاکــی و بەرپرســی گــرووپ لــە کۆبونــەوە ئاســاییەکانی ناوەنــدی چالاکی بەشــدار دەبێـت.

٣. بەرپرسی گرووپ بە ئەندامی ناوەندی چالاکی دەژمێردرێت.

**بەندی حەوتەم**

**مەرجەکانی خۆپاڵاوتن:**

هەر هەڤاڵێک بۆ بەرپرسی ناوەندی باڵا لە کۆنفرانسی ناوەندی باڵا یان مەکتەبی سکرتاریەت لە ناو کۆنگرە خۆی بپاڵێوێت دەبێت ئەم مەرجانەی لای خوارەوەی تێدا هەبێت:

١. خۆپاڵاوتن بۆ بەرپرسی ناوەندی باڵا دەبێت تەمەنی لە (٣٥) ساڵی زیاتر نەبێت و لە ساڵێك زیاتر کاری لە ناو ڕێزەکانی (ی. ل. د. ك) کردبێت.

٢. پاڵێوراو بۆ مەکتەبی سکرتاریەت لە ناو کۆنگرەدا دەبێت تەمەنی لە (٣٥) ساڵی زیاتر نەبێت و لە (٢) ساڵ زیاتر کاری لەناو ڕێزەکانی یەکێتی لاواندا کردبێت و پلەی لە کارگێڕی ناوەندی باڵا کەمتر نەبێت.

٣. سەرەڕای ڕەچاوکردنی مەرجەکانی سەرەوە هەر هەڤاڵێك یەك جار دەکرێت ببێتە کارگێڕی مەکتەبی سکرتاریەت، لە نێوان دوو کۆنگرەدا.

**بەندی هەشتەم**

کۆنفرانسی ناوخۆیی ساڵانە:

١. کۆنفرانسی ناوخۆیی دوو ساڵ جارێك پێکدێت لە هەڵبژاردنی گشت ناوەندە باڵاکان کە تێیدا بەرپرسی ناوەندی باڵا و ستافەکەی لە ڕێگەی ستافی ناوەندە چالاکییەکانەوە هەڵدەبژێردرێن.

٢. هەڵبژاردنی بەرپرس و کارگێڕی ناوەندی چالاکی ئەنجام دەدرێت.

٣. هەڵبژاردنی بەرپرس و کارگێڕانی گرووپی چالاکی لە لایەن ئەندامانی گرووپ ئەنجامدەدرێت.

٤. لە کاتی ئەنجامدانی کۆنفرانسە ناوخۆییەکان بۆ دەستنیشانکردنی ستاف هەر یەك لە ئۆرگانەکانی ئاماژەپێکراو بە شێوەیەکی هەرەمی واتا لە خوارەوە بۆ سەرەوە دەبێت.

٥. لە کاتی ئەنجامدانی کۆنفرانسی ناوخۆی ساڵانە دەبێت ڕچاوی خاڵەکانی

بەنــدی یەکــەم و حەوتــەم لــە کارنامــەی لاوان بکرێــت.

**بەندی نۆیەم**

کۆنفرانسی گشتی:

کۆنفرانســی گشــتی لــە مەکتەبــی ســکرتارییەت و یەدەگــەکان و ئەنجومەنــی ســەرکردایەتی و ســتافی ناوەنــدە بــاڵاکان و بەرپرســی ناوەندەکانــی چالاکــی پێکدێــت.

**دەسەڵاتەکانی کۆنفرانس:**

١. کۆنفرانس باڵاترین دەسەڵاتە لە نێوان دوو کونگرەدا.

٢. کونفرانســی گشــتی دەســەلاتێکی گونجــاو و بنەرەتــی بــۆ پێشخســتنی ئــەم ڕێکخــراوە هەیــە جگــە لــە گوڕینــی نــاوی یەکێتــی و مــارش و ئـارم و تێکەڵکردنـی یەکێتــی لاوان بــە رێکخراوێکــی تــر یــان هەڵوەشــاندنەوەی.

**بەندی دەیەم**

کۆنگرە:

١. باڵاتریــن دەســەڵاتی (ی.ل .د .ك) و هــەر چــوار ســاڵ جارێــك دەبەســترێت کــە پێکدێــت لــە:

أ- مەکتەبــی ســکرتارییەت و یەدەگــەکان و ئەنجومەنــی ســەرکردایەتی

ب- نوێنەرایەتــی تێکــڕای ئەندامانــی یەکێتــی بەپێــی ئــەو ڕێژەیــەی ئەنجومەنــی ســەرکردایەتی دیــاری کــردوون.

ت- ئەندامانی لێژنەی باڵای ئامادەکاری کۆنگرە

٢. ئەرك و دەسەڵاتی کۆنگرە :

أ- گوێگرتن لە راپۆرتی ئەنجومەنی ڕاپەراندن و هەڵسەنگاندنی

ب- پەســەندکردنی ئامانــج و کارنامــەی ناوخــۆ و ئەنجامدانــی ئالوگــۆری تێیــدا

پ- هەڵبژاردنی مەکتەبی سکرتاریەت

ت- پەسەندکردنی مارش و ئارمی (ی. ل. د. ك)

ج- دەرکردنــی بڕیــارو ڕاســپاردەی پێویســت بــۆ ئەنجومەنــی ســەرکردایەتی

چ- گۆڕینــی نــاوی (ی. ل. د. ك) یــان تێکەڵکردنــی بــە رێکخراوێکــی دی یــان هەڵوەشــاندنەوەی

**بەندی یانزە**

دارایی و داهاتی (ی. ل. د. ك)

١- دارایی (ی. ل. د. ك) پێکدێت لە:

أ- پیتاك و سپۆنسەر

ب- یارمەتییەکان

ت- پرۆژە بەرهەمهێنەرەکانی (ی. ل. د. ك) ج) داهاتی یاریگاکانی وەرزشی

٢- چۆنیەتی خەرجکردنی:

أ. دەرماڵــەی هەمــوو ئەوانــەی بــۆ کاری (ی. ل. د. ك) خۆیــان تەرخانکــردووە

ب. خەرجی بارەگاکان) یارمەتیدانی پێویستی چالاکوانان و ئەندامان

ت. جموجــۆڵ و چالاکییەکانــی (ی. ل. د. ك) هاتووچــۆی نوێنەرانــی (ی. ل. د. ك) بــە ئیــش و کاری تایبــەت بــە رێکخراوەکــە لــە نــاوەوە و دەرەوەی وڵات

**بەندی دوانزە**

١- ســەرجەم پــرۆژە و موڵــك و کەلوپەلەکانــی (ی. ل. د. ك) لــە گشــت گۆڕانــکاری و هاتنــە پێشــی هــەر ئەگەرێــك وەك موڵکــی رێکخراوەکــە دەمێنێتــەوە ومافــی کەســی بەســەرەوە نییــە.

٢- یەکێتی لاوان مافی وەبەرهێنانی لە سەر موڵکەکانی هەیە.

## گوتار و پەیامەکانی پیرۆزبایی کۆنگرەی هەشتەمی (ی.ل.د.ك)

## دەقی گوتارەکەی سەرۆك بارزانی لە کۆنگرەی هەشتەمی (ی.ل.د.ك)

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان

ئامادەبووانی بەڕێز، لاوانی خۆشەویست،

زۆر زۆر خۆشحاڵم کە بەشدارم لەگەڵتان لەم بۆنە پیرۆزەدا، کە بەستنی هەشتەمین کۆنگرەی یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستانە، داوای سەرکەوتنتان بۆ دەکەم و ئینشەڵا کۆنگرەیەکی سەرکەوتوو دەبێ و خۆتان ئامادە دەکەن بۆ قۆناغی داهاتوو، چونکە هەر وەکو ئەو دروشمەی بەرزتان کردووەتەوە (دوارۆژی کوردستان لە ئەستۆی لاواندایە)، ڕۆڵی لاوان لە شۆڕشی ئەیلوول و گوڵاندا، پێشی شۆڕشی ئەیلوولیش ڕۆڵێکی سەرەکی کاریگەر بووە لە ئامادەکردنی لاوانی کوردستان و پەروەردەکردنیان بە بیری نەتەوەیی لەسەر بنەمای دیموکراتی. زۆر لە سەرکردەکانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان لەم قوتابخانەیە دەرچوون، کە یەکێتی لاوان بووە. هەر ئەو خەبات و تێکۆشانەی ئێوە وایکردووە، کەوا ئێوە ببن بە ئەندام لە یەکێتی لاوانی جیهان، کە ئەوە سەربەرزییەکی گەورەیە بۆ خۆتان و میللەتەکەتان.

لە ساڵی ١٩٨٦ کە ئەو وەختە قوتابیان و لاوان یەك سکرتاریەتیان هەبوو، هاتن بۆ دیداری جەنابی بارزانی، کە زۆر خۆشحاڵ بوو بە دیتنی ئەو گەنجانە، ئەو کاتە فەرمووی: «قوتابیان سەری ڕمن و لاوانیش شوورەی پۆڵاینن»، ئیتر من ناتوانم وەسفێکی لەمە جوانتر بۆ لاوان بدۆزمەوە، بەڵام دەتوانم دڵنیاتان بکەمەوە کە بە هەموو هێز و توانایەك پشتیوانتان دەبین و پارتی هەمیشە پشتیوانی ئێوە دەبێت

بەڕێزان، خەبات و تێکۆشانی گەلەکەمان هی ئەمڕۆ و دوێنێ نییە، هی ١٠٠ ساڵیش نییە، ئەو ڕۆژەی کاوەی ئاسنگەر شۆڕشی کرد و زوحاکی لەنێو برد، لەو ڕۆژەوە گەلی کوردستان تینوی ئازادی و سەربەخۆیی بووە تاوەکو دەگاتە ئەمڕۆ، شۆڕش لەدوای شۆڕش، ڕاپەڕین لەدوای ڕاپەڕین، بەڵام ئەوەی ئێمە

زۆر پێـــی ســـەربەرزین ئەوەیـــە بـــۆ یەکجاریـــش مـــن دەمەوێـــت ئەگـــەر یەکێـــك بتوانێـــت نمونەیەکـــمان بـــۆ بێنـــێ ئێمـــە پەلامـــاری خەڵکـــی دیکەمـــان دابێـــت، ئێمـــە چووبینـــە ســـەر خاکـــی خەڵکـــی دیکـــە، ئێمـــە مـــاڵ و موڵکـــی خەڵکـــی دیکەمـــان بردبێـــت. هەمیشـــە ئێمـــە بەرگریـــمان کـــردووە، داوای ئـــازادی خۆمـــان کـــردووە، داوای سەربەســـتیمان کـــردووە، زوڵمـــمان لـــێ کـــراوە، غەدرمـــان لـــێ کـــراوە، ئێمـــە بەرگریـــمان کـــردووە بەرگرییەکـــی مەردانـــە. لـــە شۆڕشـــی ئەیلـــوول و گـــوڵان زۆر مەردانـــە خەباتـــی خۆمـــان کـــرد، نەمانهێشـــت بـــۆ یەکجاریـــش کارێکـــی وا بکرێـــت بـــە عەمـــدی یەکێکـــی ســـیڤیلیش تووشـــی کێشـــە بووبێـــت، یـــان تووشـــی ئێشـــوئازار بووبێـــت، بۆیـــە ئێمـــە ســـەربەرزین بـــە خەباتـــی خۆمـــان، دەبێـــت لەســـەر هەمـــان ڕێبـــاز بەردەوامبیـــن.

هیـــچ کاتێـــك ئێمـــە گرفتـــمان لەگـــەڵ گەلانـــی دیکـــەدا نەبـــووە، گرفتـــی ئێمـــە لەگـــەڵ حاکمـــەکان و حکومەتـــەکان بـــووە، لەگـــەڵ دەســـەڵاتدارەکان بـــووە. هەمیشـــە ئێمـــە ڕازی بوویـــن پێکـــەوە بژیـــن، شـــەریك بیـــن، تەنانـــەت برابچووکیـــش بیـــن، گوتومانـــە قەینـــا ئێـــوە براگـــەورە بـــن، ئێمـــە برابچـــووك، بـــەڵام بـــرا بیـــن، شـــەریك بیـــن، بـــەڵام ئـــەوان قبوڵیـــان نەکـــردووە، کـــە دەڵێیـــن بـــا دراوســـێ بیـــن دەڵێـــن نەخێـــر ئێـــوە ئینفســـاڵین دەبێـــت بتانکوژیـــن و بتانخنکێنیـــن و ئێـــوە شـــایەنی ژیـــان نیـــن. نـــە شـــەراکەتیان قبوڵـــە، نـــە جیرانەتیـــان قبوڵـــە. دوای ئـــەو هەمـــوو شـــەهید و قوربانیدانـــە ئێمـــەش پاشـــکۆییمان قبـــوڵ نییـــە، هەرچـــی دەشـــبێ بـــا ببـــێ.

نابێـــت ئێمـــە وەکـــو میللەتێـــك ڕۆژێـــك لـــە ڕۆژان بیـــر لـــەوە بکەینـــەوە خەباتـــی خۆمـــان، تەنانـــەت شـــەڕی خۆمـــان لەگـــەڵ ڕژێمـــەکان بگوازینـــەوە بـــۆ ئـــەوەی ببێتـــە شـــەڕێك لـــە نێوانـــی دوو میللـــەت، ئەمـــە کارەســـاتە نابێـــت بـــە هیـــچ شـــێوەیەك، ئەگـــەر خەڵکـــی دیکـــەش هەوڵـــی ئـــەوە بـــدەن و ڕامانبکێشـــن بـــۆ شـــتێکی وا، ئێمـــە دەبێـــت وریـــا بیـــن و ئـــەو مەجالەیـــان پـــێ نەدەیـــن.

مێـــژوو پـــڕە لـــە ئەزمونـــی دەوڵەمەنـــد، لـــە بەســـەرهاتی نگاونـــگ، ئەمـــن و ئاسایشـــی ناوچەکـــە ناوچـــەی ڕۆژهەڵاتـــی ناوەڕاســـت و بـــۆ جیهـــان و هەمـــوو لایەکیـــش وا باشـــترە ئاقڵانـــە بیـــر بکەنـــەوە، بـــە ئاگـــر و ئاســـن میللەتـــی کـــورد قـــڕ

ناکرێـت، باشـترین شـت ئەوەیـە بـە لێکتێگەیشـتن و بـە خۆشـی بگەینـە چارەسـەر بـۆ هەمـوو گرفتـەکان، ئەگینـا نـە ئـەوان ئیسراحـەت دەکـەن نـە ئێمـەش ئیسراحـەت دەکەیـن، تەجروبـەی ئـەو هەمـوو سـاڵانەی ڕابـردوش بـە تانـك و تـۆپ و بـە لەشـکر و بـە کوشـتن و سـووتاندن و ئەنفـال و کیمیابـاران نەیانتوانـی چـۆك بـە میللەتـی کـورد دابـدەن و ناشـتوانن.

سـەبارەت بـە بابەتـی ڕیفرانـدۆم، ئێمـە زۆر هەوڵـمان دا هـەر دوای ۲۰۰۳، کـە بـە ڕاسـتی عێراقێکـی تـازە بونیـاد بنێیـن و شـەریك بیـن لـەو عێراقـەدا، خـۆم بـە شەخسـی تەقریبـەن جـاری وا هەبـوو دوو مانـگ لـە بەغـدا دەمامـەوە بـۆ ئـەوەی ئێمـە ئـەو کەشـە دروسـت بکەیـن، بـەڵام بەداخـەوە ڕۆژ بـە ڕۆژ دەرکـەوت کـە مەسـەلەی شـەراکەت، نـە شـەراکەت، تەنانـەت گەیشـتە ئـەوەی هاووڵاتیبوونیشـیان قبـوڵ نییـە. پێشـی ڕیفراندۆمیـش چەندجـار گوتوومـە ئێمـە دەمانەوێـت چارەسـەری گرفتـەکان بکەیـن و نامانەوێـت کێشـەیەکی دیکـە دروسـت ببێـت، ئێمـە دەمانەوێـت بـە خۆشـی و بـە ئاشـتی و لێکتێگەیشـتن چارەسـەری گرفتـەکان بکەیـن.

لـە مانگـی ئەیلوولـی سـاڵی ۲۰۱٦دا چووینـە بەغـدا، بـە هەمـوو لایەکـمان گـوت ئێمـە هاتوویـن و حـەز دەکەیـن بگەڕێینـەوە بـۆ شـەراکەتێکی ڕاسـتەقینە، ئێمـە ئـەوەی لەسـەر شـانمان بـوو کردوومانـە و بەزیادیشـەوە، ئێسـتاش ئێمـە ئامادەیـن، ئێمـە دەمانەوێـت عێراقێکـی فیدراڵـی دیموکـرات دروسـت ببێـت، ئێمـە هەمـووی شـەریك بیـن تێیـدا، دەسـتورێکیش هەیـە هەموومـان دەنگـمان بـۆی داوە، ماندوبوویـن بـەو دەستورەوە، بـێ کەموکوڕیـی نییـە، بـەڵام زۆر زۆر لـە دەسـتور و قەوانینـی پێشـتر باشـترە، ئـەرك و مافـی هەمـوو لایەکـی دیـاری کـردووە، وەرن بـا بگەڕێینـەوە بـۆ ئـەو دەسـتورە، ئەگەرنـا ئەمەتـان پـێ بـاش نییـە و پێتـان قبـوڵ نییـە، فەرمـوون وەرن بـا بیـر لـەوە بکەینـەوە ببینـە جیـران و بـرای یەکـدی، نـەك بـە ناخۆشـی دوژمنایەتـی، تەنانـەت یەکێـك لـە سـەرکردەکانیان گوتـی «تسریـح باحسـان أو امسـاك بمعـروف»، گوتـم وەڵاهـی زۆر باشـە، ئەگـەر ئەمـە ببـێ ئێمـە ڕازیـن. مەبەسـتی ئێمـە ئـەوە نەبـوو کێشـە دروسـت بکەیـن، بـەڵام ڕق و کینـەی

کـۆن، هــی زۆر لایــەن ئەوەیــان بەهانــە زانــی، بەداخــەوە ئەگــەر خیانەتــی ١٦ی ئۆکتۆبــەر نەبووایــە، هــی هەندێــك کــەس، وەزعەکــە وا نەدەبــوو، بــەڵام ئێســتاش لەگــەڵ ئــەوەش بــۆ هەمــوو لایــەك دەرکــەوت کــە ئــەو زوڵمــەی لــە کــورد کــرا، هەڵەیــەك بــوو ڕاســت نەبــوو، زۆر لایەنیــش پەشــیمانن لــەوەی کــە کــرا.

ئێمــە بــە پێچەوانــەی دەســتور هەنگاومــان نەنــاوە، مــن ئامــادەم ئــەو گفتوگۆیــە لەگــەڵ کام پســپۆڕی یاســا و دەســتور هەیــە لــە دونیــادا بکــەم، مــن ٥٣ ڕۆژ لــە بەغــدا مامــەوە، کاك ڕۆژ نــوری لەگەڵــم بــوو، لــە لێژنــەی دارِشــتنەوەی دەســتور، ئــەو و بــە ڕەحمــەت بێــت نەوشــیروان بــوون، شــاندی کوردســتانیش هەمــوو بوویــن بەیەکــەوە، هەمــوو لایەنــەکان، ئەوکاتــە گــۆڕان دروســت نەبووبــوو، یەکێتــی، پارتــی، یەکگرتــوو، کۆمــەڵ، شــیوعی و برایانــی تورکــمان و مەســیحی بوویــن، هەمــوو پێکــەوە بوویــن لــە بەغــدا، کاك ڕۆژ و کاك نەوشــیروان نوێنــەری ئێمــە بــوون لــە لێژنــەی دارِشــتنەوە، تەنانــەت هەندێــك جــاری وا هەبــوو یــەك هەفتــە گفتوگــۆ دەکــرا لەســەر دوو ڕســتە، لــە کۆتاییــدا دەســتورێکمان دارِشــت هەموومــان پێــی ڕازی بوویــن، ئــەو کاتــەش هەندێــك قســە هەبــوو ئەگــەر لــە نێوەڕۆکــدا نەبێــت قبــوڵ نییــە، دەڵــێ «ان الالتــزام بهــذا الدســتور یحفــظ للعــراق اتحــاده الحــر»، نــەك «وحــده الحــر»، ئەمــە زۆر ڕوونــە، تــۆ کــە ئارەزوومەندانــە لەگــەڵ یەکێــك پێکــەوە بیــت ئارەزوومەندانــەش دەتوانــی جیــا ببیتــەوە، ئینجــا هــەر کەســێك بــە ئــارەزووی خــۆی تەفســیری بــکات، ئەمــە شــتێکی دیکەیــە.

بابەتــی ئــەوەی گەلــی کوردســتان ســەربەخۆ بێــت، ئەمــە مافێکــی سروشــتییە، خــوا ئــەو مافــەی بــە ئێمــە داوە، خەڵکــی دیکــە و ڕژێمــی دیکــە دەســەڵاتیان لــە ئێمــە زیاتــر بــووە و ئیمکانیاتــی هەبــووە و ئــەو مافەیــان لــە ئێمــە زەوت کــردووە، ئــەوان ئــەو مافــە بــە ئێمــە نــادەن خــوا بــە ئێمــەی داوە، ئەمــەش هــی ئەمــڕۆ نییــە، هــەر وەکــو گوتــم لــە زەمانــی کاوەی ئاســنگەرەوە گەلــی کوردســتان تێکۆشــاوە بــۆ ئەمــە، ڕیفراندۆمیــش تەتویجــی ئــەو هەمــوو خەباتــە بــوو.

ئــەو کتێبــەی کــە ڕۆژهەڵاتناســێکی بەریتانــی نووســیویەتی پێــش نزیکــەی ١١٢ ســاڵ بەنــاوی (ویگــرام) تەرجومــە کــراوە، شــێخ عەبدولســەلام بارزانــی کــە لــە

ساڵی ١٩١٤ شەهید کرا، بە دەستی عوسمانییەکانی ئەو سەردەمە، دەڵێ کە من چووم بینیم، باسی زۆر شتمان کرد، داوای کرد کە سەردانێکی لەندەنی بۆ ڕێك بخەم، کە لێم پرسی یاشێخ بۆ دێیە لەندەن، گوتی دێم بۆ ئەوەی مەلیك جۆرج ببینم بۆ ئەوەی باسی سەربەخۆیی کوردستانی لەگەڵدا بکەم، ئەمە ئەوە نییە بیدعەیەك بێت ئێمە دەرمانهێنابێت، ئەمە درێژەپێدەری پرۆسەیەکی هەزار ساڵ زیاترە.

ئێستاش ئەگەر کەسێك، یان لایەنێك وا بیر بکەنەوە کە ئێمە ئەو مافەمان نییە، بەڕاستی هەڵەن. ئەگەر تەسەور بکەن ئێمە پەشیمان دەبینەوە و پاشەکشە دەکەین خەیاڵە ئەمە. بەڵام ئێمە نە ئەوسا و نە پێشی ڕیفراندۆم و نە دوای ڕیفراندۆم و نە ئێستا و لە ئایندەش هەرگیزاو هەرگیز لەگەڵ ئەوە دانین بە چەك و شەڕ و توندوتیژی چارەسەری گرفتەکان بکەین، هەرگیز نەشمانگوتووە ئێمە جەدوەلێکی زەمەنی دادەنێین ساڵێك و دوو ساڵ یان دوو ڕۆژ و سێ ڕۆژی دیکە ئەگەر ئەمە نەبێت دونیا وێران دەبێت، گوتوومانە کاتی دەدەینێ، بەڵام ئەمە مافێکی سروشتی ئێمەیە، باشە قەینا مەهێڵن ممارەسەی ئەو حەقە بکەین، بەڵام بهێڵن بیڵێین حەقی ئێمەیە، تەنانەت گوتنەکەشی کوفرە! هەندێك کەس نازانم چۆن بیریان کردووەتەوە، بەڵام سەرکەوتنی ڕیفراندۆم چییە؟ ئەگەر وا تێگەیشتبن ڕۆژی پاشتر دەوڵەتی کوردستان ڕادەگەیەندرێت و سەربەخۆیی وەردەگرین، ئەمە هەڵەیە، ئەمە تێگەیشتنێکی مەنتیقی نییە، سەرکەوتن ئەوە بوو ٩٣٪ی خەڵکی کوردستان دەنگی بۆدا. ئەمە بوو سەرکەوتن.

نە ئەوسا و نە ئێستا لەگەڵ توندوتیژی نین، ئێستا قۆناخێکی دیکەیە، بەڵێ ئەمە لە جێی خۆی، ئێستا قۆناخێکی دیکەیە ئێمە هەرگیز لەگەڵ توندوتیژی نین، بەڵام بینیشتان کە بەداخەوە ڕیفراندۆم کرا بە بەهانەیەك بۆ ئەوەی ڕق و کینەی ساڵان برێژن بەسەر کوردستاندا، ئەنفال دووبارە بکەنەوە، کیمیاباران دووبارە ببێتەوە، بەڵام پێشمەرگە قارەمانەکان جارێکی دیکە سەلماندیان کە بەڵێ ئەوانە ناهێڵن کوردستان بکەوێتە ژێر دەستی هیچ داگیرکەرێك.

زۆر لایــەن تێگەیشــتوون کــە زوڵمێکــی زۆر لــە کوردســتان کــراوە، وەکــو گوتــم ئەمــە پرۆســـەیەکی دوور و درێــژە نازانــم لــە ژیانــی ئێمــە، ئێمــە پیــر بوویــن، بــەڵام ئێــوە لاون، ئەســڵەن نازانــم لــە ژیانــی ئێوەشــدا دەبێــت یــان نەوەکانــی ئێــوە، بــەڵام ئــەو ئامانجــە هــەر دێتــە دی بــە دڵنیاییــەوە.

ئێســـتاش پەیوەندییەکانمـــان لەگـــەڵ بەغـــدا ئاســـایی بووەتـــەوە، زۆر باشـــە. چەنـــدی پێشـــمان بکرێـــت قووڵـــتری دەکەیـــن، لەگـــەڵ وڵاتانـــی هەرێمـــی بـــاش بووەتـــەوە، لەگـــەڵ دەرەوە، بـــۆ ناوخۆشـــمان ئێمـــە زۆر حەزمـــان دەکـــرد بەڕاســـتی و ئێســـتاش پێـــمان خۆشـــە نـــاو ماڵـــی کـــورد زۆر ڕێکوپێکـــتر و باشـــتر بیـــت، زۆریـــش هەوڵـــمان داوە بەردەوامیـــش دەبیـــن، بـــەڵام لـــە ئەنجـــام کـــێ نزیکـــن لـــە یەکـــدی و ئـــەو ســـتراتیجیەتەی کـــەوا بڕوامـــان پێیەتـــی ئەوانـــە مومکینـــە زیاتـــر یەکـــتر بگرنـــەوە، ئەوانەشـــی بڕوایـــان بـــەو ســـتراتیجیەتە نەبێـــت ئـــازادن چ ڕێگەیـــەك هەڵدەبژێـــرن، بـــەڵام پێـــمان خۆشـــە هەمـــوو پێکـــەوە بیـــن.

هەڵبژاردنــی پەرلەمانــی عێــراق، مــن نامــەوێ بچمــە نێــو هەمــوو وردەکارییەکانــەوە، بــەڵام زۆر کــەس و لایــەن خۆیــان ئامادەکردبــوو یــان شــاهێدی ناشــتنی پارتــی بــن، یــان ئەگــەر زۆر لوتــف بکــەن بێــن بەشــداربن لــە ناشــتنی جەنــازەی پارتیــدا، پێیــان وابــوو پارتــی شکســتێکی وای بەســەردێت کــە جارێکــی دیکــە هەڵنەســتێتەوە، بــەڵام دەرکــەوت وەکــو حــزب لەســەر ئاســتی عێــراق پارتــی حزبــی یەکەمــە، ئەوانــەی دیکــە هەمــوو هاوپەیمانــی و ئیئتلافــن و چەنــد لایەنێــك بــە یەکــەوەن، بــەڵام پارتــی بــە تاقــی تەنیــا بــە حزبــی یەکــەم دەرچــوو، ســەرەڕای ئــەوەی زۆر غەدریــش لــە پارتــی کــراو و زۆر لــە کورســییەکانی پارتیــش دزران، بــەلای کەمییــەوە ٤ تاوەکــو ٦ کورســی پارتــی لــەو هەڵبژاردنــە دزراوە، بــەڵام نەمانکــرد بــە کێشــە و ناشــیکەین بــە کێشــە، لێــرەدا گرنــگ بــوو بــۆ هەمــوو لایــەك بــە تایبەتــی بــۆ پارتییــەکان کــە ســەنگی پارتــی جارێکــی دیکــە دەرکەوێتــەوە، ســوپاس بــۆ خــوا دەرکــەوت.

ئێســـتا ئێمـــە لـــە گفتوگۆیەکـــی چڕدایـــن لەگـــەڵ بەغـــدا، لەگـــەڵ هەمـــوو لایەنـــەکان، ئێمـــە ڤیتۆمـــان لەســـەر کـــەس نییـــە، تێبینیـــمان هەیـــە، بـــەڵام ڤیتۆمـــان نییـــە، ئێمـــە ٣ مەبدەئـــی ئەساســـیمان هەیـــە لەگـــەڵ کام لا لەســـەر ئەوانـــە ڕێـــك

بکەویــن، بێگومــان ئەوانــە وردەکارییــان تێدایــە، ئێمــە دەتوانیــن هاوپەیــمان بیــن و جارێکــی دیکــەش هــەوڵ بدەیــن عێراقێکــی ڕێکوپێــك دروســت بکەیــن تاوەکــو ئــەو ڕۆژەی هەمــوو لایــەك دەگەینــە قەناعــەت کــە ڕای ٩٣٪ی خەڵکــی کوردســتان جێبەجــێ بکرێــت، ئێمــە پەلــە لەمــە ناکەیــن. یەکــەم شــەراکەتێکی ڕاســتەقینە، تەوافــوق و تــەوازون، شــەراکەت لــە حوکمڕانــی، تەوافــوق لــە پەرلەمــان، تــەوازون لــە دامــودەزگاکان، چونکــە ئەمانــە هەمــووی ســەراوژوور کراوەتــەوە، بەڕاســتیش ئەگــەر دەســتور جێبەجــێ کرابــا، ئــەو کێشــانە هیچــی ڕووی نــەدەدا.

ئێمــە لەگــەڵ ئــەو لایەنانــە لەســەر ئەمــە بــە وردەکارییەکانییــەوە لــە گفتوگۆدایــن، وابزانــم هەمــوو لایەنەکیــش گەیشــتوونەتە قەناعــەت کــە سیاســەتی ڕابــردو سیاســەتێکی هەڵــە بــووە، نــە عێــراق خێــر لــەو سیاســەتە دەبینێــت، نــە هەرێمــی کوردســتان خێــر لــەو سیاســەتە دەبینێــت، نــە دەتوانیــن لەســەر هیــچ شــتێك ڕێــك بکەویــن، ئەگــەر وەکــو جــاران بێــت، لەبــەر ئــەوە ئــەو لایەنانــەی وەکــو گوتــم نزیکــی یەکــن بــە هێــزەوە بچنــەوە بەغــدا و شــەریکی ڕاســتەقینە بــن، ئەگــەر وەکــو جــاران نەخێــر دەبــێ پاشــکۆ بــن، مــن ئێســتا پێتــان دەڵێــم بــە هەمــوو لایەکیــش دەڵێــم نــە پاشــکۆییمان قبــوڵ کــردووە، نــە قبوڵیشــی دەکەیــن.

بۆیــە زۆر گرنگــە هەمــوو لایــەك هیمــەت بکــەن بــۆ ئــەو هەڵبژاردنــە، خۆتــان ئامــادە بکــەن، دەبێــت ســەرکەوتنێکی گەورەتــر لــەو ســەرکەوتنەی لــە پەرلەمــان عێــراق بەدەســتمان هێنــا، بەدەســت بهێنیــن.

هەندێــك قســە و قســەڵۆکم بیســتووە و دەیبیســتم، کــە برێــت مەکگــۆرك هاتــووە، تەنانــەت بیســتوومە هاتــووە بــۆلای مــن و داوای کــردووە هەڵبــژاردن دوا بخرێــت و ئەوانــە، لــە ڕاســتیدا ئەمــە ئەســڵ و ئەساســی نییــە، مەکگــۆرك هاتووەتــە لام، کــە باســی ئــەو بابەتــەش کــراوە، گوتــی ئەمــە بابەتێکــی نێوخۆیــی خۆتانــە و خۆتــان بڕیــاری لــێ دەدەن، نــە گوتویەتــی دوای بخــەن و نــە دوای نەخــەن، تەنانــەت ئەگــەر واشــبڵێت یــان لایەکــی دیکــە یــان یەکێکــی دیکــە، ئــەی ئێمــە خۆمــان وەکــو خەڵکــی کوردســتان دەڵێیــن چــی، واتــە دەبێــت ئەوەنــدە خۆمــان بەکــەم بزانیــن و چاومــان لەوەبێــت یەکێــك بێــت و بــە ئێمــە بڵێــت ئەمــە بکــەن و ئەمــە نەکــەن،

مــن ئەمــە قبــوڵ ناکــەم لــە هیــچ کەســێك.

بــۆ ئــەو هەڵبژاردنــەش هەرچــی وەکــو شەخســی خــۆم پێــم بکرێــت دەیکــەم بــۆ ئــەوەی ســەرکەوتنێکی گــەورە بەدەســت بهێنیــن، چونکــە حەقیقــەت دەرکــەوت پارتــی بەهێــز بێــت کوردســتان بەهێــزە، ئێــوە لاوانــی خۆشەویســت خۆتــان ڕێــك بخــەن، کۆنگرەیەکــی ڕێکوپێــك بکــەن ئینشــەڵا ئەنجامێکــی باشــی دەبێــت، زۆر گونجــاو بــن وەکــو یــەك گیــان لــە چەنــد جەســتەیەکدا کار بکــەن، پێشــتریش کــە لەگــەڵ ســکرتاریەتی ئێــوە دانیشــتم پێــش ماوەیــەك مــن ئــەو تێبینییــەم هەبــوو ئێســتاش ئــەو تێبینییــەم هەیــە ڕێــژەی ئافــرەت کەمــە، ئەمــە کەموکوڕییەکــی گەورەیــە دەبێــت پــڕی بکەنــەوە، ئەمــە زۆریــش نەقســە.

داوای ســەرکەوتنتان بــۆ دەکــەم، ســڵاو دەنێریــن بــۆ گیانــی پاکــی شــەهیدان و خانــەوادە بەڕێزەکانیــان، بــۆ هەمــوو پێشــمەرگە قارەمانــەکان، بــۆ هەمــوو جەمــاوەری کــورد و کوردســتان.

لــە کۆتاییــدا یــەك قســەم هەیــە بیکــەم، خەبەرێــك بــڵاو بــووەوە گوایــە ســەروەتی مــن ٤٨ ملیــار دۆلارە، بەداخــەوە ڕاســت نییــە ئەگینــا زۆر شــت دەگــۆڕا.

## پەیامی پیرۆزبایی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان

بەبۆنـەی بەسـتن و بەسـەرکەوتوویی کۆتاییهاتنـی هەشـتەمین کۆنگـرەی یەکێتـی لاوانـی دیموکراتـی کوردسـتان، گەرمتریـن پیرۆزبایـی لـە ئەندامانـی کۆنگـرە دەکەیـن، پیرۆزبایـی لـە سـەرجەم لاوانـی کوردسـتان و ئەندامـان و کادیرانـی یەکێتییەکەتـان و لـەو بەڕێزانـەش دەکەیـن کـە متمانـەی کۆنگرەیـان پـێ بەخـشراوە و وەکـو سـتافی مەکتەبـی سـکرتاریەت هەڵبژێـردران. ئاواتەخوازیـن وەك هەمیشـە بەوپـەڕی دڵسـۆزی و بەرپرسـانە کاروبـار و چالاکییەکانـی داهاتـووی ڕێکخـراوە تێکۆشـەرەکەتان ڕابپەڕێنـن و ڕۆڵـی بەرچـاو و کاریگـەری خۆتـان ببینـن، لـە هـەوڵ و کۆششـەکانتان سـەرکەوتوو بـن و دەسـکەوتی زیاتـر بـۆ توێـژی لاوان و کۆمەڵگاکەمـان بەدەسـت بێنـن.

بارزانـی نەمـر فەرمویەتـی: «لاوان شـورەی پۆڵایینـن»، هـەر بۆیـەش ئێـوە مایـەی ئومێـد و هیـوای گەلەکەمـان بـوون و پێویسـتە بـۆ لەمـەودوا بەپێـی هەلومەرجـی ئەمـڕۆ و داهاتـوو ڕۆڵـی گرنـگ و بایەخـداری خۆتـان ببینـن و خزمەتـی زیاتـری ئـەو ئەزمونـە بکـەن و پارێزگاریـش لـەو دەسـکەوتانەی هاتوونەتـە دی، بکـەن.

مایـەی شـانازییە یەکێتـی لاوانـی دیموکراتـی کوردسـتان بـە درێژایـی زیاتـر لـە ٦٥ سـاڵی خەباتـی بـەردەوام و مێژوویـی توانیویەتـی وەك ڕێکخراوێکـی ئەکتیـڤ و گرنـگ ئەرکـی خـۆی بەجـێ بێنـێ و ڕۆژبەڕۆژیـش بـەردەوام و بەرفراوانـتر و زیاتـر مکـوڕ بێـت لەسـەر جێبەجێکردنـی بەرنامـە و پرۆگرامەکانـی و لەسـەر ئاسـتی ناوخـۆ و جیهانیـش ڕۆڵـی شیاوی خـۆی ببینـێ بـۆ بەدیهێنانـی خواسـت و ویسـت و ئامانجـە ڕەواکانـی لاوان.

ڕۆڵـی کاریگـەری توێـژی لاوان لـە قۆناغـە جیاجیاکانـی خەباتـی نەتەوەیـی و نیشـتمانیدا هەمیشـە بەرچـاو و بەرهەمـدار بـووە لـە پێنـاو پەرەپێدانـی بـوارە جیاجیاکانـی کۆمەڵگـە و بەرەوپێشـبردنیان و لـە ڕووی هۆشـیارکردنەوەی تاکـەکان و دەوڵەمەندکردنـی بـواری ڕۆشـنبیری و کولتورییـدا، بۆیـە توێـژی لاوان شانبەشـانی چیـن و توێژەکانـی دیکـە کۆمەڵگـە لـەو کارانـە پـڕ بەخششـەدا هـەم سـەرکردەی لێهاتویـان بـەو گەلـە بەخشـیوە و هەمیـش قوربانـی زۆریـان لـە پێنـاوی داوە، بۆیـە جێدەسـتی یەکێتییەکەتـان ڕوون و دیـارە و مایـەی ڕێـز و ستایشـە.

جارێکـی دیکـە وێـرای پیرۆزباییـمان، بـەم بۆنەیـەوە سـوپاس و پێزانینـمان بـۆ خەبـات

و ماندوبوونـــی ســـکرتێر و ســـتافی پێشـــووی مەکتەبـــی ســـکرتاریەت و ســـەرکردایەتی یەکێتییەکەتـــان و، پاڵپشـــتی و پشـــتیوانی تـــەواوی خۆمـــان بـــۆ یەکێتییەکەتـــان دووپـــات دەکەینـــەوە و ئومێدەواریـــن هـــەردەم پێشـــەنگ و لـــە بەرەوپێشـــچووندا بـــن بـــۆ بەدیهینانـــی گشـــت ئامانجەکانتـــان.

**مەکتەبی سیاسی**

**پارتی دیموکراتی کوردستان**

**٢٠١٨/٨/٩**

## پەیامی پیرۆزبایی مەسرور بارزانی

هەڤاڵان لە یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان،

ڕێز و سڵاو،

بەبۆنــەی کۆتاییهاتنــی کارەکانــی هەشــتەمین کۆنگــرەی ڕێکخــراوە تێکۆشــەرەکەتان «کۆنگــرەی پێشــمەرگە» و هەڵبژاردنــی ســەرکردایەتییەکی نــوێ، گەرمتریــن پیرۆزباییتــان لــێ دەکــەم.

(ی.ل.د.ك) نوێنەرایەتـی توێژێکـی گرنگـی وڵاتەکەمـان دەکات، لەگـەڵ ئەوەشـدا مێـژووی پـڕ سـەروەری ئـەم ڕێکخـراوە و هـزر و تواناکانـی لاوان، دەرفەتـی ئەوەتـان بـۆ دەڕەخسـێنێت وەك هەمیشـە پێشـەنگ بـن.

ئومێـدەوارم ڕێکخراوەکەتـان، لاوانـی کوردسـتان بـە کەرەسـتەی هـزری و سـەردەمییانە، بـۆ داهاتـووی گەلەکەمـان ئامـادە بـکات و شانبەشـانی چیـن و توێژەکانـی دیکـەش، بـۆ کوردسـتانێکی بەهێـز تـێ بکۆشـن.

وێـڕای پیرۆزبایـی دووبـارەم، سـوپاس و دەستخۆشـانەی خـۆم ئاراسـتەی سـەرکردایەتی پێشـووتان دەکـەم کـە لـە کۆنگـرەی ڕابردوویـەوە تـا ئێسـتا خزمەتێکـی شایسـتەی لاوانـی کوردســتانیان کردووە.

ئاواتم سەرکەوتن و دەسکەوتی زیاترە بۆ یەکێتییە تێکۆشەرەکەتان.

لەگەڵ ڕێزمدا.

**براتان**

**مەسرور بارزانی**

**٢٠١٨/٨/١٠**

## وەرگرتنی یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان لە یەکێتی لاوانی دیموکراتی جیهان

پاش ئەوەی یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان لە ٢٠١٠/٦/٢٦ و ٢٠١٠/١٢/٤ لە هەردوو وڵاتی جۆرجیا و بەریتانیا بەشداری لە کۆنگرەی یەکێتی لاوانی دیموکراتی جیهانی کرد، لەوێشدا مێژوو و دەسکەوت و چالاکیەکانی ڕێکخراوەکە بە نوێنەرانی ڕێکخراوەکانی جیهان ئاشناکرا و بەوەش پێشوازیەکی گەرمی لێکرا، لە مەراسیمی دەسپێکردنی کۆنگرەی سێزدەهەمی پارتی دیموکراتی کوردستان، بەڕێز پرۆفیسۆر فۆڵگێر ئەندامی یەکێتی دیموکراتی کرستینانەکان لە ئەڵمانیا لە وتارەکەیدا مژدەی وەرگرتنی یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستانی لەو ڕێکخراوە راگەیاند و ناوبراو لەو بارەوە گوتی دەمەوێ ڕێز و سڵاوی سەرۆکی ڕێکخراوی لاوانی ئەڵمانیا فلیپ مسفێرلت تان پێ رابگەیێنم، لە سێی مانگی دوازدەوە یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان بۆتە ئەندام لە یەکێتی لاوانی دیموکراتی جیهان، ئەوەش پێشکەوتنێکی زۆرگەورەیە من و فلیپ و دانییڵ سەرۆکی لاوانی جیهانی لێرەین و هاوڕێی کوردەکانین، هاوکات هاوڕێی بەڕێز دڵشاد بارزانین، کە نوێنەراێتی هەرێمی کوردستان دەکات لە ئەوڕوپا، کەکاری زۆر باشی ئەنجام داوە، لەو ڕەوەشەوە توانی دەوری کاریگەر ببینێ.

ئەوەبوو دانیاڵ واڵتەر سکرتێری یەکێتی لاوانی دیموکراتی جیهانی بە یاوەری دڵشاد بارزانی نوێنەری حکوومەتی هەرێمی کوردستان سەردانی مەکتەبی سکرتاریەتی یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستانیان کرد، کە لەلایەن سکرتێری یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان پێشوازیکرا و لە دانیشتنێکدا بیروڕای هەردوو لا ئاڵوگۆڕکرا، هەردوو لاش لە مەراسیمێکدا دروشمی ڕێکخراوەکانیان پێشکەش بەیەکترکرد، ئنجا سکرتێری گشتی یەکێتی لاوانی دیموکراتی جیهانی لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەنووسیدا، بەم شێوەیە چۆنیەتی وەرگرتنی یەکێتی لاوانی بەئەندامی کارای ڕێکخراوەکە راگەیاند:

بەخێرهاتنی یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان دەکەم بۆ ناو یەکێتی لاوانی دیموکراتی جیهانی، ئەوەش بەهەوڵی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و دڵشاد بارزانی نوێنەری حکوومەتی هەرێمی کوردستان بوو لە ئەڵمانیا، لە مانگی نیسانی ٢٠١٠وە ئەو هەوڵە بۆ بەئەندام بوونی یەکێتی لاوان درا، لە هەفتەکانی رابردووش لە

كۆبوونـەوەی یەكێتـی لاوانـی جیهانـی پشـگیری ئـەو داوایـەی یەكێــتی لاوانمـان كـرد، بـەوەش یەكێتـی لاوان دەبێتـە ئەندامـی خێزانـی لاوانـی جیهانـی، ئێمـەش بـەوە زۆر خۆشـحاڵین، كـە یەكێتـی لاوان گەیشـتە ئاسـتی لاوانـی جیهانـی، جـودا لـەوەش وەكـو وڵاتـی ئەڵمانیـا زۆر پشـتیوانیمان لێكـردن، لێرەشـەوە ڕایدەگەیێنـم كـە ئومێـد خۆشـناو سـكرتێری یەكێتـی لاوانـی دیموكراتـی كوردسـتان دۆسـتێكی زۆر نزیكـی وڵاتـی ئەڵمانیایـە، مـن و وڵاتـی ئەڵمانیـاش داواكاریـن یەكێتـی لاوان ببێتـە ئەندامێكـی چالاك و كارای یەكێتـی لاوانـی جیهانـی.

لـە پاشـان ئومێـد خۆشـناو لـە وتەیەكـدا بـەو بۆنەیـەوە گوتـی: ئێمـە زۆر خۆشـحاڵین كـە سـكرتێری یەكێــتی لاوانـی دیموكراتـی جیهانـی سـەردانیكردین، هـاوكات یەكێتـی لاوانـی دیموكراتـی كوردسـتان بەشـداری دوو كۆنگـرەی لاوانـی جیهانـی كـردووە، ئێمـەش ڕایدەگەیێنیـن كـە یەكێــتی لاوانـی دیموكراتـی كوردسـتان بـووە ئەندامـی یەكێتـی لاوانـی جیهـان، ئـەوەش بـە دروسـتبونی پـردی پەیوەنـدی دەزانیـن لـە نێـوان لاوانـی كوردسـتان و لاوانـی جیهـان، ئـەو بەئەنـدام بوونـەش هاتنـە دی ئامانجێكـی دیكـەی یەكێتـی لاوانـی دیموكراتـی كوردسـتانە، بـە پێویستیشـی دەزانیـن زۆر سوپاسـی بەرێـز سـەرۆكی هەرێمـی كوردسـتان و كاك دڵشـاد بارزانـی نوێنـەری حكوومەتـی هەرێمـی كوردسـتان لـە ئەوروپـا دەكەین،كـە لـەو ڕووەوە زۆر هەوڵیـان داو هەوڵەكانیشـیان ئەنجامـی هەبـوو.

جێـی باسـە یەكێتـی لاوانـی دیموكراتـی جیهانـی، ڕێكخراوێكـی سەرتاسـەری جیهانـی لاوانــە و ڕێكخراوەكانــی لاوانــی زیاتــر لــە ٥٠ دەوڵــەت لــە ســەرەپای جیهــان تێیــدا ئەندامـن، ئـەوەش بـە دەسـكەوتێكی گرنـگ و پڕبایـەخ بـۆ لاوانـی كوردسـتان حیسـاب دەكـرێ، یەكێتـی لاوانیـش وەكـو نوێنـەری ڕێكخراوێكـی لاوانـی دەوڵەتێكـی سـەربەخۆ بۆتـە ئەندامـی ئـەو ڕێكخـراوە.

# وێستگە مێژووییەکانی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان

## کۆنگرە و کۆنفرانسەکان

## (پرۆگرام و پەیرەوی ناوخۆ)

## دامەزراندنی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان

یەکێتی ئافرەتانی کوردستان، وەک ڕێکخراوێکی تایبەت بە ئافرەتانی کوردستان. بەشێوەی ڕێکخراوێکی دامەزراوەیی حزبی لە ڕیزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستاندا، بڕیاری دامەزراندنی بۆ دوای کۆنگرەی سێی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ساڵی ١٩٥٣ دەگەڕێتەوە. کاتێک حزب لەو کۆنگرەیەدا بڕیاری دروستکردنی سێ ڕێکخراوی جەماوەری، بۆ هەرسێ چین و توێژی (قوتابیان، لاوان، ئافرەتان) دەرکرد[١].

لەگەڵ ئەوەشدا، بۆ خستنەڕووی ڕاستی مێژوویی و ڕێکەوتی دامەزراندنی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان، تەنانەت ئەگەر بۆ ماوەیەکیش وەک ڕێکخراوێکی سەربەخۆ کاری کردبێت، لەوانەیە پێویست بکات کەمێک بگەڕێینەوە دواوە و بۆ مێژووی چالاکی ئافرەتی کورد لە باشووری کوردستان و کارکردنیان لەژێر سێبەری پارتی دیموکراتی کوردستان، بۆ مێژوویەکی کۆنتر و پێش کۆنگرەی سێیەمی ساڵی ١٩٥٣ بگەڕێین.

بەوپێیەی، دوای دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ڕێکەوتی ١٦ی ئابی ١٩٤٦، حزبە کوردستانییەکانی دیکەی وەک (شۆڕش و ڕزگاری) خۆیان هەڵوەشاندبووەوە و هاتبوونە نێو ڕیزەکانی حزبی نوێیەوە (پارتی دیموکراتی کورد)[٢]، تاکە حزب لە گۆڕەپانی خەباتی سیاسی باشووری کوردستان، پارتی دیموکراتی کوردستان بوو. لەم ڕێکەوتە بەدواوە، کار و چالاکیی سیاسی و خەباتگێڕی هەر چین و توێژێکی کۆمەڵگا، ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ، بۆ پارتی دیموکراتی کوردستان دەگەڕایەوە. بێجگە لە حزبی شیوعی عێراقی کە ئەندامی کوردی لە باشووری کوردستان و ناوچە کوردییەکان هەبوو، بەڵام چالاکییەکانیان هەر بە ناوی حزبی شیوعییەوە بوو.

ئەوەی تایبەت بێت بە کار و خەباتی ئافرەتان لە باشووری کوردستان، بەپێی تایبەتمەندیی ئەم توێژەی کۆمەڵگا و سنوورداربوونی کار و چالاکییەکانیان لە باشووری کوردستان و بگرە لە تەواوی عێراق، بێگومان مێژوویەکی جیاوازتریشیان دەبێت، بەوپێیەی نەک تەنیا دەبووایە خەبات بۆ بەدەستهێنانی مافە ڕەواکانی نەتەوەکەیان بکەن، بەڵکو پێش ئەوە دەبوایە خەبات بۆ بەدەستخستنی مافە کەسییەکانیان لە کۆمەڵگای داخراوی ئەو سەردەمەشدا بکەن کە تێیدا دەژیان.

هەرچۆنێک بێت، ئەگەر لە باشووری کوردستان بۆ بناغەی دامەزراندنی ڕێکخراوی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان بگەڕێین، دەشێ بۆ ساڵی ١٩٤٢ بگەڕێینەوە. کاتێک، بە بڕیاری وەزارەتی ناوخۆی عێراق، لە تەواوی شارەکانی عێراق لێژنەی فریاکەوتنی هەژاری دروستکرا، ئەم لێژنانە لە تەواوی عێراق تایبەتبوون بە پیاوان، تەنیا شاری سلێمانی نەبێت کە لەلایەن ئافرەتانی ئەو شارەوە و بە سەرپەرشتی حەپسەخانی نەقیب و چواردە ئافرەتی دیکە، لێژنەیکی ئافرەتانیش دروستکرا. کاری ئەم لێژنانە لە بنەڕەتدا کۆکردنەوەی یارمەتی بوو بۆ هەژاران و ماوەی کارکردنی لێژنەکان یەک حەفتەی بۆ دانرابوو و دواتر دەبوایە هەڵبوەشێندرێنەوە، بەڵام دوای تێپەڕبوونی ئەو ماوەیەی بۆیان دیاریکرابوو، لێژنەکەی ئافرەتانی سلێمانی خۆیان هەڵنەوەشاندەوە و بە ناوی (کۆمەڵەی ئافرەتی کورد) درێژەیان بە کارەکانیان دا و چالاکییەکانیان بۆ خەباتی سیاسی و کۆمەڵایەتی گۆڕی. لوتکەی چالاکییەکانیشیان بۆ ساڵی ١٩٤٥-١٩٤٦ و دامەزرانی کۆماری دیموکراتی کوردستان لە مهاباد دەگەڕێتەوە، کاتێک لەڕووی سیاسییەوە بە نووسراو و بروسکە پیرۆزبایی و پشتیوانی دامەزراندنی کۆماریان کرد[٣].

ئەم کۆمەڵەیە بە ناوی (کۆمەڵەی ئافرەتی کورد) و بەهەمان شێوەی پێشوو، لە کار و چالاکییەکانیان بەردەوام بوون، تا ساڵی ١٩٥٢[٤]. سەرەتای ساڵی ١٩٥٢، هەمزە عەبدوڵا لە مەکتەبی سیاسی ئەوکاتی پارتی جیابووەوە و (باڵی پێشکەوتووی پارتی دیموکراتی کورد)ی دروستکرد[٥]. ئەم باڵەی پارتی لەژێر کاریگەری حزبی شیوعی عێراقی، هەر زوو هەوڵیدا لەڕێی دروستکردنی چەند ڕێکخراوێکی جەماوەری، زووتر و زیاتر بە کۆمەڵگای کوردیدا ڕووبچێت، ئەوەبوو لە ڕێگەی شەهاب شێخ نووری و شێخ جەلال حەفیدەوە پەیوەندییان بە (کۆمەڵەی ئافرەتی کورد)ەوە کرد و داوایان لێکردن بچنە نێو ڕێکخراوێکی سەربەخۆی نوێیەوە بەناوی (یەکێتی ئافرەتانی کوردستان)، کۆمەڵەکەش بەهۆی لێک نزیکی هزر و خەباتیان لەگەڵ کار و بەرنامەی ڕێکخراوەکە، بڕیاریاندا بچنە نێو ڕێکخراوە نوێیەکەوە[٦].

ڕێکەوتی ١١ی کانوونی یەکەمی ١٩٥٢، کاتژمێر دووی نیوەڕۆ، یەکەمین کۆبوونەوەی فراوان و دامەزراندنی ڕێکخراوی (یەکێتی ئافرەتانی کوردستان)، لە ماڵی میرزا غەفوور لە شاری سلێمانی ئەنجامدرا، لەو کۆبوونەوەیە کە لەلایەن ناجیە خانی مستەفا

فەنـدی سەرپەرشـتی دەکـرا، (دە) ئافـرەت لـە شـاری سـلێمانی توانیـان بەشـداربن، بـەڵام نوێنـەرانی کۆبوونەوەکـە لـە شـارەکانی دیکـەی وەک بەغـدا و شـارەکانی دیکـەی کوردسـتان، لەوانــە: ناهیــدە شــێخ ســەلام، لوتفیــە ســدیق، زەکییــە ئیســماعیل حەقــی و بەهییــە مەعـروف بەهـۆی هەسـتیاری بارودۆخەکـە نەیانتـوانی خۆیـان بگەیەننـە شـاری سـلێمانی و بەشـداری لـە کۆبوونەوەکـەدا بکـەن، بەمـەش ڕێـژەی یاسایی کۆبوونەوەکـە تـەواو نەکـرا، بۆیـە دەنگـدان ئەنجـام نـەدرا و سـەرکردایەتی نـوێ بـۆ ڕێکخراوەکـە دەستنیشـان نەکـرا، بـەڵام کۆبوونەوەکـە وەک سـەرەتای دامەزرانـدی یەکێتـی ئافرەتـان پەسـەندکرا و نـاوی (کۆمەڵـەی ئافـرەتی کـورد) بـۆ (یەکێتـی ئافرەتـانی کوردسـتان) گـۆڕا[٧].

بارودۆخــی یەکێتــی ئافرەتــانی کوردســتان بــەم شــێوەیە مایــەوەك تــا بەســتنی کۆنگـرەی سـێیەمی پـارتی دیموکـراتی کوردسـتان لـە ڕێکـەوتی ٢٦ی کانـوونی دووەمـی ١٩٥٣. لـەم کۆنگرەیـەدا بڕیـاری دروسـتکردنی سـێ ڕێکخـراوی جەمـاوەری بـۆ هەرسـێ چینـی (قوتابیـان، لاوان، ئافرەتـان) درا و بـۆ ئـەم مەبەسـتەش لێژنەیەکـی جێبەجێـکار بـە سەرپەرشـتی جـەلال تاڵەبـانی دروسـت کـرا[٨]، بەوپێیـەی تـا ئـەوکات سـەرکردایەتی و کۆمیتـەی ناوەنـدی حـزب، هیـچ ئەندامێکـی ئافـرەتی تێـدا نەبـوو، دروسـتکردنی ڕێکخـراوی ئافرەتانیــش کەوتــەوە ئەســتۆی لێژنەکــە.

وەک پێشـتریش باسـمانکرد، هەوڵـی یەکەمی لێژنەکە، سـەرەتا دروسـتکردنی ڕێکخراوێک بـووە بـۆ قوتابیـان و دواتـر بـۆ لاوان، هەرچـی ڕێکخراوەکـەی ئافرەتـان بـوو، هەمـان ئـەو ڕێکخـراوەی سـاڵی ١٩٥٢ بڕیـاری دامەزرانـدنی درابـوو، وەک ڕێکخـراوی (یەکێتـی ئافرەتـانی کوردسـتان) لـە چوارچێـوەی هەیکەلـی پـارتی دیموکـراتی کوردسـتان (کـە دەکـرێ لەلایـەن جـەلال تاڵەبـانی خۆیـەوە سەرپەرشـتی کرابـێ[٩]) درێژەیـان بـە کار و چالاکییـەکان دا. بـۆ سـەلماندنی ئەمـەش، ڕاسـتە تـا ئـەوکات هیـچ کۆنگرەیەکـی دامەزرانـدنی ڕێکخراوەکـە ئەنجـام نـەدراوە و بەڵگەنامەیەکـی نـووسراوی وەک پرۆگـرام و پەیـڕەو لەبەردەسـتدا نییـە، بـەڵام دەبینیـن، لـە چلـەی کۆچـی دوایـی حەپسـەخانی نەقیـب لـە ڕێکـەوتی ١٢ی نیسـانی ١٩٥٣، شـاندێکی یەکێتـی ئافرەتـانی کوردسـتان، هاوشـان لەگـەڵ یەکێتـی قوتابیـانی کوردسـتان، سـەردانی مەزارگـەی حەپسـەخان دەکـەن و لـەوێ شـیعرێکی (قـادر بریـس) دەخوێننـەوە. ئەمـە دەکـرێ یەکەمیـن دەرکەوتنـی تۆمارکراویـان بێـت، دوای بڕیارەکـەی

كۆنگـرەی سـێیەمی پـارتی دیموكـراتی كوردسـتان[١٠]. دواتـر سـاڵی ١٩٥٥، كاتێـك بڕیاردەدرێت شـاندێكی یەكێتـی لاوان و قوتابیـانی كوردسـتان بەشـداری لـە ڤیسـتیڤاڵی لاوان و قوتابیـانی جیهـان لـە وارشـۆی پایتەختـی پۆڵەنـدا بكـەن، لەلایـەن یەكێتـی ئافرەتـانی كوردسـتانەوە كۆمەڵێـك دیـاری و جـلی كـوردی ئافرەتانـە بـە دەسـتی جـەلال تاڵەبـانی بـۆ ئافرەتـانی سـۆڤیەت دەنێردرێـت[١١]. هەروەهـا بەشـداریكردنیان لـە ڕێوڕەسـمی بەخـاك سـپاردنی شـێخ مەحمـود لـە ڕێكـەوتی ٩ی تشـرینی یەكەمـی ١٩٥٦ كـە ئەنجامـدانی، خۆپیشـاندانی لێكەوتـەوە و بـووە هـۆی تەقەكـردنی هێـزەكانی پۆلیـس و لـە ئەنجامـدا ئافرەتێـك بەنـاوی (ئەختـەر) شـەهیدبوو[١٢].

لەسـەر بنەمـای ئـەو مێـژووەی باسـمانكرد و كۆبوونەوەكـەی ١١ی كانـوونی یەكەمـی سـاڵی ١٩٥٢، یـادی دامەزرانـدنی یەكێتـی ئافرەتـانی كوردسـتان لـە ڕێكـەوتی ١١ی كانـوونی یەكەمـی هەمـوو سـاڵێك بـەرز ڕادەگیرێـت.

ئـەوەی لەسـەرەوە باسـكرا، قۆناغـەكان و چۆنیـەتی دروسـتكردنی یەكێتـی ئافرەتـانی كوردسـتان بـوو، بـەڵام تـا سـاڵی ١٩٥٩، هیـچ نووسراوێكـی فەرمـی ڕێكخراوەكـە لەبەردەسـت نییـە. یەكەمیـن نـووسراوی فەرمـی كـە نـاوی ڕێكخراوەكـەی لەسـەربێ، بـۆ سـاڵی ١٩٥٩ دەگەڕێتـەوە، ئەویـش بەنـاوی (لێژنـەی دامەزرانـدنی یەكێتـی ئافرەتـانی كوردسـتان)ە، بانگەوازێكـە بـۆ ئافرەتـان لەبـارەی زەروورەتی دامەزرانـدنی ڕێكخـراوی یەكێتـی ئافرەتـانی كوردسـتان[١٣].

لێـرەدا ڕەنگـە پێویسـت بـكات، چەنـد ڕایەكـی جیـاواز و پێچەوانـەش بەپێـی سـەرچاوەكان لەبـارەی كات و چۆنیـەتی دامەزرانـدنی یەكێتـی ئافرەتـانی كوردسـتان بـۆ ئێـوەی خوێنـەر بخرێنـەڕوو كـە لەوانەیـە یارمەتیدەربـن بـۆ سـاخكردنەوە و تێگەیشـتنی زیاتـر لـە دامەزرانـدنی ڕێكخـراوی (یەكێتـی ئافرەتـانی كوردسـتان).

گومـان لـەوەدا نییـە، (كۆمەڵـەی ئافـرەتی كـورد)، وەك ڕێكخراوێكـی ئافرەتـان لـە شـاری سـلێمانی دامـەزراوە و سـاڵی ١٩٥٢ داوایـان لێكـراوە بچنـە نێـو ڕێكخراوێكـەوە بەنـاوی (یەكێتـی ئافرەتـانی كوردسـتان)، بـەڵام ئـەم داواكارییـە لەلایـەن مەكتـەبی سیاسی پارتییـەوە نەبـووە، بەڵكـو لەلایـەن باڵـی پێشـكەوتووی پـارتی دیموكـراتی كـوردەوە بـووە كـە ئـەوكات لـە پـارتی جیـا ببوویـەوە[١٤]. لـە كۆنگـرەی سـێیەمی پـارتی دیموكـراتی

کوردستان بڕیاری دروستکردنی سێ ڕێکخراو دەدرێ (لاوان، قوتابیان، ئافرەتان)، واتە سێ ڕێکخراوی نوێ دەبێت دروستبکرێن. بۆ ئەم مەبەستە، لێژنەیەکی جێبەجێکار ڕادەسپێردرێت کە وەک ئاماژەی پێدرا، جەلال تاڵەبانی سەرپەرشتی دەکات. جەلال تاڵەبانی لە تەواوی نووسین و چاوپێکەوتنەکانی باس لە دامەزراندنی یەکێتی قوتابیانی کوردستان و یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان دەکات، بەڵام بەهیچ شێوەیەک باس لە دروستکردنی ڕێکخراوێک بەناوی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان ناکات[١٥]. تاکە شتێک کە جەلال تاڵەبانی لەمبارەیەوە دەیگێڕێتەوە، ئەوەیە کە زەکییە ئیسماعیل حەقی لە چاوپێکەوتنەکەی باسی دەکات و دەڵێت: «کۆمەڵێکی ئافرەتان کە کاریان کۆکردنەوەی کۆمەک بوو بۆ لێقەوماوان، داوایانکرد یارمەتییان بدەین، منیش ئەم بابەتەم لەگەڵ جەلال تاڵەبانی باسکرد، ئەویش پێشنیاری ئەوەی بۆکردم لە جیاتی ئەوەی ئەم کارە لە چوارچێوەی ڕێکخراوێکی دیکە ئەنجامبدەین، بێین بۆ پارتی بیکەین و با بەناوی پارتییەوە بێت. د. جەعفەر و کەسێکی تریش لەو دانیشتنە ئامادەبوون، ئیتر ئێمەش وامانکرد و مام جەلالیش خۆی سەرپەرشتی دەکردین»[١٦]، جەلال تاڵەبانی ئەم ڕووداوە بە ڕاستەوخۆ ناگێڕێتەوە، بەڵام ئاماژە بەوەدەکات کە زەکییە ئیسماعیل حەقی ساڵی ١٩٥٣ لە لایەن ئەوەوە براوەتە نێو ڕیزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان و توانراوە لە سلێمانی کۆمەڵەیەکی ئافرەتان بۆ پارتی دروستبکرێت[١٧].

ئەو ئافرەتانەی لە ڕیزەکانی پارتیدا چالاک بوونە، یان خۆیان ئەندامی حزب بوونە، یان کەسوکاری ئەندامانی حزب و کۆمیتەی ناوەندیی و سەرکردایەتی بووینە و بە پەرۆش بوونە، بۆئەوەی بەناوی ئافرەتانەوە، بەپێی ڕووداو و پێشهاتەکان، بەشداری لە خەبات و چالاکییەکانی حزبدا بکەن و بەدڵنیاییەوە لەم ڕووەوە خاوەنی خەباتێکی بێ وچانن و حزب لەزۆر ڕووەوە قەرزاری قارەمانییەتی ئەو ئافرەتانەیە، بەڵام مەرج نییە هەر لە سەرەتای خەباتیانەوە لە چوارچێوەی ڕێکخراوێکدا ڕێکخرابن. ساڵی ١٩٥٥، کاتێک جەلال تاڵەبانی لە سەفەرەکەی چین دەگەڕێتەوە، کۆمەڵێک دیاری لەلایەن ئافرەتانی چینەوە لەگەڵ خۆی بۆ ئافرەتانی کوردستان دەهێنێتەوە، نووری شاوەیس لەبارەی ئەم ڕووداوەوە دەنووسێت «کاتێک جەلال تاڵەبانی لە چین گەڕایەوە، چەند دیارییەکی لە لایەن ئافرەتانی چینەوە بۆ ئافرەتانی کوردستان هێنابوو، بەڵام بەهۆی ئەوەی هێشتا یەکێتی ئافرەتان دروست نەکرابوو، دیارییەکانی دایە ناهیدە خانی

خێزانـم کـە ئـەوکات لـە بەغـدا بـوو»[18].

سـەبارەت بـە بەشـداری شـاندی یەکێتـی ئافرەتـانی کوردسـتان و یەکێتـی قوتابیـانی کوردسـتان لـە چلـەی حەپسـەخانی نەقیـب لـە ڕێکـەوتی ١٢ی نیسـانی ١٩٥٣، ئـەم زانیارییـە لەچەنـد سـەرچاوەیەک بـەم شێوەیە نووسراوەتـەوە، بـەڵام کاتێـک سـەیری ئـەو بەڵگەنامەیـە دەکەیـن کـە لەوکاتـەوە ماوەتـەوە، دەستنووسێکە بـەو بۆنەیـەوە نـووسراوە، شـیعرێکی (قـادر بریـس)ە کـە لەلایـەن فەرەیـدون حاجـی کەریـم قـادری بازرگانـەوە خوێندراوەتـەوە و بەنووسـین ئامـاژە بەناوەکـەی دراوە، کورتکـراوەی نـاوی یەکێتـی قوتابیـانی کوردسـتان (ی.ق.ک)یشـی لەسـەر نـووسراوە کـە ئەمەشـیان جێـگای گومانـە، لێرەشـدا ئامـاژە بـە نـاوی هیـچ ڕێکخراوێکـی ئافرەتـان نەکـراوە[19].

لـە ڕێوڕەسـمی بەخـاک سپاردنی شـێخ مەحمـوددا، لـە ڕێکـەوتی ٩ی تشـرینی یەکەمـی ١٩٥٦ کـە خۆپیێشـاندانی لێکەوتـەوە و بووە هۆی شـەهیدبوونی ئەختەر خانی خێزانی ڕەشـۆڵی هونەرمەنـد[20]، لـەو بەڵگەنامەیـەی لـەو کارەساتە ماوەتـەوە، بڵاوکراوەیەکـە کـە وێنەیەکـی شـەهید و دەقێکـی شـیعری بەو بۆنەیەوە لەسـەر نـووسراوە، بەڵام بڵاوکراوەکە هێشـتا هەر بەنـاوی (کۆمەڵـی ئافرەتـانی کوردسـتان)ەوە بـووە، واتـە تـا ئەو سـاڵەش کۆمەڵـەی ئافرەتان هـەر بـە نـاوی خۆیانـەوە چالاکییان کـردووە، نەک بە نـاوی (یەکێتی ئافرەتانی کوردسـتان)[21].

لـە هەمـوو ئەمانـە گرینگـتر، سـاڵی ١٩٥٩، سـاڵێک دوای هاتنـە سـەر دەسـەڵاتی کۆمارییـەکان لـە عێـراق و ئازادبـوونی کاری حـزبی و ڕێکخراوەیـی، یەکـەم بەیاننامـەی نـووسراو، بەنـاوی یەکێتـی ئافرەتـانی کوردسـتانەوە دەردەچێـت کـە تێیـدا داوا لـە ئافرەتـانی کوردسـتان کـراوە لـە چوارچێـوەی ڕێکخراوێکی تـازە، بەنـاوی (یەکێتی ئافرەتانی کوردسـتان) یەکبگـرن، تەنانـەت ئـەو بڵاوکراوەیـەش بەنـاوی یەکێتـی ئافرەتـانی کوردسـتانەوە نییـە، بەڵکـو بەنـاوی (لێژنـەی پێکهێنـانی یەکێتـی ئافرەتـانی کوردسـتان)ەوەیە[22]، واتـە تـا ئـەوکات دەبـێ ڕێکخراوێـک بـەو نـاوەوە چالاکـی نەنواندبێـت.

لـە بـاسی ڕێکخـراوی یەکێتـی ئافرەتـانی کوردسـتان دوای شـۆڕشی ١٤ی تەمـووزی ١٩٥٨ و هاتنـە سـەر دەسـەڵاتی کۆمارییـەکان و مۆڵەتـدانی فەرمـی بـە حـزب و ڕێکخـراوەکان، دەبینیـن دوای ئـەوەی پـارتی دیموکـراتی کوردسـتان لـە ڕێکـەوتی ٦ی شـوباتی ١٩٦٠ مۆڵـەتی بـە فەرمـی کارکـردن لـە وەزارەتی ناوخـۆی عێراقـی وەردەگرێـت، ڕێکخـراوە

جەماوەرییەکانی پارتیش دەکەونەخۆ بۆئەوەی مۆڵەتی بە فەرمی کارکردن وەربگرن، لەو ماوەیەدا گرفتی ئەوە بۆ ڕێکخراوەکان هاتە پێشەوە، بەوپێیەی ڕێکخراوی جەماوەری عێراقی ئەوکات چالاکبوون و مۆڵەتی کارکردنیان هەبوو، دەبوایە ڕێکخراوە جەماوەرییە کوردییەکانیش ببنە بەشێک لەو ڕێکخراوانە و لە چوارچێوەی ئەواندا کار و چالاکییەکانیان درێژەپێبدەن، لەگەڵ ئەوەشدا ڕێگری لە کار و چالاکی ڕێکخراوە بێ مۆڵەتەکان نەکرا. لەو ماوەیەدا بە مەبەستی ڕێگەدان بە چالاکی ڕێکخراوە جەماوەرییەکانی پارتی، ڕێککەوتنێک لەنێوان حزبی شیوعی عێراقی و پارتی دیموکراتی کوردستان ئەنجام دەدرێت، لێرەشدا دیسان ناوی هەردوو ڕێکخراوی یەکێتی قوتابیانی کوردستان و یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان دەهێنرێت و بەهیچ شێوەیەک ئاماژە بە ناوی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان ناکرێت[٢٣]. ئەگەر بیانو بۆ ئەم ناو نەهێنانە، ئەوەیە کە حزبی شیوعی عێراقی ڕێکخراوی تایبەت بە ئافرەتانی خۆی هەبووە، بۆیە ناوی ڕێکخراوەکەی ئافرەتانی پارتی نەهێناوە، ئەوا حزبی شیوعی خاوەن هەردوو ڕێکخراوی لاوان و قوتابیانی خۆیشی بووە.

هەرچۆنێک بێت، بەپێی ئەو سەرچاوانەی لە بەردەستدان، ڕێکخراوی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان ساڵی ١٩٥٩، لێژنەی پێکهێنانی یەکێتی ئافرەتانی کوردستانی پێکهێناوە، بەبێ ئەوەی ئەندامانی لێژنەکە تۆمارکرابن.

ساڵی ١٩٦٠ و دوای بانگەوازەکەی (لێژنەی پێکهێنانی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان) ڕێکخراوەکە، سێ جار داوای مۆڵەتی فەرمی کارکردنی لە حکومەتی عێراقی کردووە کە دواترینیان لە ڕێکەوتی ٢٠ی شوباتی ١٩٦٠ بووە، کاتێک شاندێکی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان سەردانی عەبدولکەریم قاسم دەکەن و لەوێ داوای پێدانی مۆڵەتی فەرمی بە ڕێکخراوەکەیانی لێ دەکەن، شاندەکەی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان بە سەرۆکایەتی ناهیدە شێخ سەلام بووە و لە بیست ئەندام پێکهاتوون کە ناوی نۆزدەیان تۆمارکراوە و شاندەکە پێکدێن لە:

١- ناهیدە شێخ سەلام- سەرۆکی شاند

٢- سورەیا محەمەد

٣- حەسیبە شاڵی

٤- درەخشان جەلال

٥- ژیان عزەت

٦- ڕۆناک زوهدی

٧- لەتیفە مەحمود

٨- نەجات دەروێش

٩- گەلاوێژ ئیبراهیم ئەحمەد

١٠- مونیرە عەلی

١١- سوعاد یەعقوبی

١٢- سوعاد شاكر

١٣- نەسرین مەحمود عەلی

١٤- شەفیقە عەلی

١٥- ڕەفیقە فەقێ ڕەشید

١٦- شیرین مەعرووف

١٧- نەسرین عارف

١٨- نهایەت مەعرووف

١٩- لەتیفە ئیسماعیل.

سەرەڕای بەڵێنی پێدانی مۆڵەتی فەرمی لەلایەن عەبدولكەریم قاسمی سەرۆک كۆمارەوە، كەچی ڕێكخراوەكە هەر بەبێ مۆڵەت مایەوە و بەو ستافەوە درێژەی بە كار و چالاكییەكانی دا. ئەم مۆڵەت پێنەدانە، شۆڕشی نەتەوەیی ئەیلوولی بەسەرداهات و ئیتر حزب و ڕێكخراوە جەماوەرییەكان بەگشتی كەوتنەوە قۆناغی كاری نهێنییەوە و ئەركی سەرەكی ڕێكخراوە جەماوەرییەكان، بە یەكێتی ئافرەتانی كوردستانیشەوە، بووە یارمەتیدانی شۆڕش و بوار بۆ بەستنی هیچ كۆنگرەیەک نەهاتە پێشەوە تا ساڵی ١٩٧٠ و دوای ڕێككەوتننامەی ١١ی ئادار[٢٤].

## سەرچاوە و پەراوێز

١- دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان، مێژووی پارتی دیموکراتی کوردستان کۆنگرە کۆنفرانس (پرۆگرام و پەیڕەوی ناخۆ)، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، (هەولێر- چاپخانەی ڕۆژهەڵات- ٢٠٢١)، ل ل ٧٤-٧٥.

٢- نوری شاویس، من مذكراتي، (بدون مكان الطبع - منشورات حزب الشعب الديموقراطي الكردستاني - ١٩٨٥)، ص ص ٣٦، ٣٨.

٣- درەخشان شێخ جەلال حەفیدزادە، کورتەیەک لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی ئافرەتانی کوردستان و هەندێک لە بیرەوەرییەکانم، چاپی یەکەم، (چاپخانەی شڤان - ٢٠١٠)، ل ل ٢٣، ٢٦.

٤- هەمان سەرچاوە، ل ل ٢٦-٢٧.

٥- دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان، سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٨.

٦- درەخشان شێخ جەلال حەفیدزادە، سەرچاوی پێشوو، ل ٢٨.

٧- هەمان سەرچاوە، ل ل ٢٨-٢٩؛ د. ڤیان سلێمان، یەکێتی ئافرەتانی کوردستان (پاشخان، مێژووی دامەزراندن، بیبلۆگرافیای کۆنگرەکانی)، چاپی یەکەم، (هەولێر- چاپخانەی شەهاب- ٢٠٢٣)، ل ٤٠.

٨- گۆڤاری خەباتی قوتابیان، لە دیدارێکی تایبەتدا سەرۆک تاڵەبانی وردەکاری دامەزراندنی (ی.ق.ک) دەخاتە ڕوو، ژمارە ١٠٩، (حوزەیرانی ٢٠١٢)، ل ل ١٠-١١.

٩- ئەرشیڤی دەستەی ئینسکلۆپیدیا، چاوپێکەوتن لەگەڵ زەکییە ئیسماعیل حەقی، (هەولێر-٢٠١٥).

١٠- درەخشان شێخ جەلال حەفیدزادە، سەرچاوی پێشوو، ل ٣٠؛ د. ڤیان سلێمان، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٤.

١١- چیمەن ساڵح، ئەوەی لەبیرمە- ئەوەی لەبیرمە، (چاپخانەی وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستان- ١٩٩٩)، ل ٣٩.

١٢- د. ڤیان سلێمان، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٤.

١٣- بانگی ئافرەتانی کوردستان، دەقی یەکەم بانگەوازی لێژنەی دامەزراندنی یەکێتی ئافرەتانی

کوردستان ١٩٥٩.

١٤- درەخشان شێخ جەلال حەفیدزادە، سەرچاوی پێشوو، ل ٢٨.

١٥- بڕوانە: سەڵاح رەشید، دیداری تەمەن – لە لاوێتیەوە بۆ کۆشکی کۆماری، چاپی دووەم، (سلێمانی- چاپخانەی کارۆ- ٢٠١٧)، ل ٦٦؛ گۆڤاری خەباتی قوتابیان، لە دیداریکی تایبەتدا سەرۆک تاڵەبانی وردەکاری دامەزراندنی (ی.ق.ک) دەخاتە ڕوو، سەرچاوەی پێشوو.

١٦- ئەرشیڤی دەستەی ئینسکلۆپیدیا، چاوپێکەوتن لەگەڵ زەکییە ئیسماعیل حەقی، سەرچاوەی پێشوو.

١٧، سەڵاح رەشید، سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٦.

١٨- نوری شاویس، المصدا السابق، ص ٦١.

١٩- بڕوانە دەقی بەڵگەنامەکە لە: درەخشان جەلال حەفید، ئەلبۆمی حەپسە خانی نەقیب، (چاپخانە و ئۆفسێتی شوان- ٢٠٠٨)، ل ٢٢٦.

٢٠- چیمەن ساڵح، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤١.

٢١- بڕوانە: درەخشان جەلال حەفید، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٠٧.

٢٢- دەقی یەکەم بانگەوازی لێژنەی دامەزراندنی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان ١٩٥٩.

٢٣- د. ڤیان سلێمان، سەرچاوەی پێشوو، ل ل ٤٦-٤٧.

٢٤- هەمان سەرچاوە، ل ل ٤٨، ٥٣.

# كۆنگرەی یەكەمی یەكێتی ئافرەتانی كوردستان
# بەغدا - ١٩٧٠

ڕێكەوتننامـەی ١١ی ئـاداری ١٩٧٠، هەلـی بـۆ چالاكـی ڕێكخـراوە جەماوەرییەكانـی پارتـی دیموكراتـی كوردسـتان ڕەخسـاند. بەهـۆی ئـەم دەرفەتەشـەوە یەكێتـی ئافرەتانـی كوردسـتان، وەك دامەزراوەیەكـی سـەربەخۆ، بـووە ئەندامـی یەكێتـی گشـتی ئافرەتانـی عێـراق. ئیـتر بـۆ ڕێكخسـتنی ئیشـوكارەكانی لـە بـارودۆخ و هەلومەرجـی نوێـدا، یەكێتـی ئافرەتانــی كوردســتانیش وەك تێكــڕای ڕێكخــراوە جەمــاوەری و پیشــەییەكانی تــر پێویسـتی بـە سـازدانی كۆنگـرە هەبـوو.

دەسـتەی ئامادەكاریـی كۆنگـرەی یەكـەم، ڕێكەوتـی ٢٥ی ئەیلوولـی ١٩٧٠ی بـۆ كۆنگـرەی یەكـەم دانـا و لـەم ڕۆژەشـدا كۆنگرەكـە لـە بـارەگای سـەرەكی لقـی پێنجـی پارتـی دیموكراتـی كوردسـتان لـە شـاری بەغـدا سـاز درا، كـە تێیـدا سـەركردایەتییەك لـە دوازدە كـەس پێكهـات، بەجۆرێـك بـۆ هەریـەك لـە بەغـدا، كەركـووك و سـلێمانی یەكـی سـێ نوێنـەر دەستنیشـان كـرا، بـۆ هـەر كام لـە دەزگای بەڕێوەبەرایەتـی بەغـدا، خانەقیـن، كەركـووك و سـلێمانییش نـۆ ئەنـدام و سـێ یـەدەگ هەڵبژێـران، بـەڵام بەهـۆی ئامادەنەبوونـی نوێنەرانیانــەوە، هیـچ كەسـێك لــە هەولێـر و دهـۆك هەڵنەبژێـردرا و بڕیـار درا دواتـر دەزگای بەڕێوەبەرایەتییـان بـۆ دەستنیشـان بكرێـت. لـە كۆنگرەكـەدا، زەكیـە ئیسـماعیل حەقـی بـە سـكرتێر[1] و پارێـزەر فەوزیـە مـوراد، بـە جێگـری سـكرتێر هەڵبژێـردران. ئـەم كۆنگرەیـە لـە شـاری بەغـدا سـاز دراوە[2].

لێژنەی ڕاپەڕاندنیش لەمانەی خوارەوە پێكهات:

١- پرشنگ محەمەد مەمەند

٢- مامۆستا درەخشان حەفید

٣- ئەنجوم عەبدوڵا محەمەد، ناسراو بە ئەنجوم زوهدی

٤- مامۆستا نەرمین عوسمان حەسەن

٥- سەبریە ئەحمەد قادر، ناسراو بە سەبریە مام ئەحمەد [3].

نوێنەرانی کۆنگرەی یەکەم، دەستەی کارگێڕیی باڵای یەکێتی ئافرەتانی کوردستانیان بەم شێوەیەی خوارەوە هەڵبژارد:

١- زەکیە ئیسماعیل حەقی- سەرۆك

٢- ساجیدە محەمەد- جێگری سەرۆك

٣- مونیرە قەزاز- ئەمینداری سندوق

٤- پەیمان جیاوك- سکرتێری گشتی

٥- فەخریە سەعدوڵا- ئەندام

٦- حەسیبە قەزاز- ئەندام

٧- سوعاد ئەحمەد مەکی- ئەندام

٨- بەهیجە محەمەدعەلی قازی- ئەندام

٩- زەکیە عەلی- ئەندام

١٠- پاکیزە جەلال- ئەندام

١١- نازەنین فەخری- ئەندام

١٢- قومریە محەمەد عەبدوڵا- ئەندام

١٣- سروە عوسمان سەعید- ئەندام

١٤- خەدیجە عەبدولکەریم- ئەندام[٤].

## سەرچاوە و پەراوێز

١- ئافرەتانی کوردستان، گۆڤاری برایەتی، ژمارە ٧، ساڵی ١، خولی دووەم، بەغدا، ناوەڕاستی تشرینی یەکەمی ١٩٧٠ز، ل ٣١؛ گلنام محمود مصطفی، تأريخ نضال أتحاد نساء كوردستان، القسم ٦، جريدة خەبات، لسان حال الحزب الديمقراطي الكوردستاني، العدد ٧١٨، الأربعاء، ٢٣ آذار ١٩٩٤م، ص ٧.

٢- یەکێتی ئافرەتانی کوردستان ١١ی کانونی یەکەمی ١٩٥٢، (هەولێر ـ مەکتەبی سکرتاریەتی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان ـ ٢٠١٠ز)، ل ٢٠.

٣- ئەرشیفی دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان، دەقی چاوپێکەوتن لەگەڵ نەرمین عوسمان حەسەن، ١ی ئایاری ٢٠١٨.

٤- اتحاد نساء كردستان يعقد كونفرانسه الأول في بغداد، جريدة التآخي، العدد ٥٦٠، بغداد، مطبعة دار الجاحظ، السبت، ١٠ تشرين الأول ١٩٧٠م، ص ٣.

## پڕۆگرام و پەیڕەوی ناوخۆی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان، کۆنگرەی یەکەم

### پڕۆگرام و پەیڕەوی ناوخۆ

**مادەی یەکەم:**

ناوی یەکێتی: یەکێتی ئافرەتانی کوردستان

**مادەی دووەم:**

پێناسەی یەکێتی:

ڕێکخراوێکی ئافرەتانی کۆمەڵایەتی و دیموکراتییە، ئامانجی دابینکردنی مافی ئافرەت و بەرزکردنەوەی ئاستی لە ڕووی ئابووری و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری لە کوردستاندا و خەبات دەکا لە پێناوی دابینکردنی مافی ڕۆشنبیری و تەندروستی و کۆمەڵایەتی بۆ منداڵان و پشتگیری کردنی خەباتی ئافرەتان لە جیهاندا، لە پێناوی ئاشتی و ڕزگاربوون لە ئیستعمار و چەوساندنەوەی کۆمەڵایەتی و سیاسی.

**مادەی سێیەم:**

ناوەندی یەکێتی بەغدایە و مافی کردنەوەی لقی تری سەربەخۆی هەیە لە کوردستان و ئەو شوێنانەی کە زۆربەی دانیشتوانیان کوردن بەپێی بڕیاری مادەی (١٣) لە یاسای ژمارە (١)ی، دەستکاریکراوی ساڵی (١٩٦٠).

**مادەی چوارەم:**

بۆ جێبەجێکردنی بەیاننامەی ١١ی ئازار، ڕێکخراوی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان ئەندامە لە یەکێتی گشتی ئافرەتانی عێراق لەگەڵ پاراستنی بوونی تایبەتی خۆی.

**مادەی پێنجەم:**

ئامانجەکانی یەکێتی

ڕزگارکردنی ئافرەتان لە کوردستان لەو پەیوەندییە ئابووری و کۆمەڵایەتییانەی، پاشی دەخات و ڕێگەی بەشداریکردنی لێ دەگرێ لە بنیاتنانی کۆمەڵێك کە ئافرەت نیوەی هێزی کارکەر بێت تیایدا و گەشەکردنی تەواوی ئافرەتانە ئەوەش

بـە خەبـات کـردن بـۆ :

١- ڕزگارکردنــی ئافــرەت لــەو پەیوەندییــە کۆمەڵایەتییــە کۆنەپەرســتانەی کــە ڕێگــەی بەشــداریکردنی لــە ژیانــی گشــتی لــێ دەگــرن، وەکــو ئەندامێکــی کاریگــەر لــە بنیاتنانــی کۆمەڵــەوە مانــەوەی وەکــو ڕەگەزێکــی پاشــکەوتووی بەســەردا دەســەپێنێ.

٢- ڕزگارکردنـی ئافـرەت لـە نەزانـی و نەخوێنـدەواری، بەداواکردنـی جێبەجێکردنـی یاسـای بەزۆرفێرکــردن و کردنــەوەی قوتابخانــەی کچــان بــۆ تەمەنــی خوێنــدن لــە هەمــوو قۆناغەکانــی خوێندنــە وە داواکردنــی مــاوەدان بــە ئافــرەت لــە هەمــوو بوارەکانــدا، فێرکــردن و کردنــەوەی مەڵبەنــدی نەهێشــتنی نەخوێنــدەواری لــە نــاو ئافرەتــان و ئامۆژگاریکـردن و فێرکردنـی پیشـەیی بـۆ کچـان و ڕێکخسـتنی شـاڵاوی وشـیارکردنەوە و ڕۆشــنبیرکردن لــە دێهــات و شــاردا و کردنــەوەی خولەکانــی(دورات) ڕاهێنانــی پیشــەیی و نەهێشــتنی نەخوێنــدەواری بــە ڕەزامەنــدی لایەنــە تایبەتمەنــدەکان.

٣- کۆششــکردن بــۆ پتەوکردنــی پەیوەندییەکانــی نــاو خێــزان و بەشــداریکردن لــە چارەســەرکردنی گیروگرفتەکانــی خێــزان بــۆ پاراســتنی منــداڵ لــە پەراگەندەیــی و چەســپاندنی قــەوارەی خێــزان بــە ســیفەتی ئــەوەی کــە ناوکــی کۆمەڵەیــە.

أ. هەوڵـدان بـۆ وەدیهێنانـی سـەربەخۆیی ئابـووری ئافـرەت بـە ماوەدانـی ئافـرەت لـە هەمـوو بوارێکـی ئابـووری دا و داواکـردن بـە ماوەدانـی تـەواو لـە کارکـردن و مـاوەدان بـە ئافرەتـان بـۆ گەیشـتن بـە پلـەی بـەرز و بەڕێوەبـردن لـە کاتێـك کـە خاوەنـی ئـەو توانایـە بـن.

ب. داواکـردن بـۆ کردنـەوەی خانەکانـی گۆشـگری(دور الحضانـە) میللـی و باخچـەی منالانــی ئافرەتــە کرێــکارەکان و دانانــی یاســای پێویســت بــە شــێوەیەك کــە بگونجــێ لەگــەڵ بــاری ماڵــەوە و کارەکەیــدا.

ت. داواکـردن و دابینکردنـی مافـی ئافرەتـی جوتیـار و باشـکردنی بـاری کارکردنـی و هەوڵـدان بـۆ ئەنجامدانـی شـاڵاوی وشـیارکردنەوە و ڕۆشـنبیرکردن لـەم بـوارەدا.

٤- دابینکردنــی بەشــداربوونی کاریگەرانــەی ئافــرەت لــە هەڵســوڕاندنی هەمــوو مەیدانەکانــی کار و خەباتــی نیشــتمانی لــە پێنــاوی دیموکراتییــەت و ئاشــتیدا و

تێكشــكاندنی پیلانەكانــی ئیســتعمار و زایۆنیــزم و كۆنەپەرســتی و پشــتگیریكردنی بزوتنەوەكانــی ڕزگاریخــوازی نیشــتمانی  گــەلان لەســەر ئاســتی جیهــان.

٥- داواكردنــی كردنــەوەی نەخۆشــخانە و مستەوســەفات بــە تایبەتــی نەخۆشــخانەكانی منداڵبــوون و مەڵبەندەكانــی چاودێریكردنــی دایكێتــی و منداڵێتــی و هەڵســان بــە شــاڵاوی ڕۆشــنبیركردنی تەندروســتی و بەشــداریكردن لــە شــاڵاوەكانی خۆپاراســتن و كردنــەوەی نەخۆشــخانە(عیادات) میللییــەكان.

٦- هەوڵــدان بــۆ پاراســتنی منداڵێتــی و دابینكردنــی مافــە ڕۆشــنبیری و تەندروســتی و كۆمەڵایەتییەكانیــان و داخــوازی كردنــەوەی خانــەكان بــۆ حەواندنــەوەی منداڵــە پەراگەنــدەكان و فێركردنــی پیشــە.

٧- هەوڵدان بۆ كردنەوەی خانەی چاودێریكردنی پەككەوتە و بەساڵاچووەكان.

٨- هەوڵــدان بــۆ بەهێزكردنــی پەیوەنــدی و بەدیهێنانــی هــاوكاری ســوودبەخش لەگــەڵ ئــەو ڕێكخــراوە ئافرەتییــە ناوچەیــی و جیهانییانــەی كــە ئامانجــی هاوبەشــیان هەیــە بــە مەرجێــك پەیوەندیكــردن لــە ڕێــگای یەكێتــی گشــتی ئافرەتانــی عێراقــەوە بێــت.

**مادەی شەشەم:**

دارایی یەكێتی

دارایی یەكێتی لەم دەستكەوتانەی خوارەوە پێك دێت:

١- ئابوونەی بوون بە ئەندام كە بە لای كەمەوە (١٠٠) سەد فلس بێت.

٢- دەتوانــرێ ئەنــدام ببــوردرێ لــە ئابوونــەی بــوون بە ئەنــدام یــان ئابوونەی مانگانــە یان لە هەردووكیــان لەبــەر بێدەرەتانــی و نەبوونــی بــە بڕیــاری دەســتەی بەڕێوەبەرایەتــی لــق.

٣- ئابوونەی مانگانە بەلای كەمەوە (٥٠) پەنجا فلس دەبێت.

٤- ئــەو پیتاكانــەی دەســت دەكــەون بــە گوێــرەی بڕیارەكانــی یاســای یانەســیبەكان و نــووسراوە بەدەســتكەوتەكان(اكتتابات) و پێــدراوەكان و دەســتكەوتی ئاهەنگــەكان و بــازا خێرخوازییەكان(الأســواق الخيريــة) كــە دادەنرێــن بــە بەرچاوخســتنی یاســاكان.

٥- ئەو پێبەخشینانەی كە لەلایەن حكومەتەوە دەدرێن بە یەكێتی.

٦- دەستکەوتی پڕۆژەکانی یەکێتی و هەموو ئەو داهاتانەی بۆ یەکێتی دێن.

٧- یەکێتـی مافـی خاوەنێتی(الأمـوال المنقولـة و غیـر المنقولـة) و هـەر شـتێك کـە بشـێ بـۆ بەسـتنی (عقـدی مالـی)ی هەیـە بـە گوێـرەی بڕیارەکانـی مـادەی هەشـتەم لـە یاسـای ژمـارە (١) سـاڵی ١٩٦٠.

**مادەی حەوتەم:**

ئەندامێتی و چوونە ناوڕیز و لەدەستدانی ئەندامێتی:

**یەکەم:**

هەر ئەندامێکی یەکێتی دەبێ ئەم مەرجانەی خوارەوەی تیا بەدی بکرێ:

١- دەبێ ناسنامەی عێراقی بێت یان کوردی دانیشتوی عێراق بێت.

٢- دەبێ تەواو لێهاتوو بێت و تەمەنی هەژدە ساڵی تەواو کردبێت.

٣- دەبێ هەموو مافە مەدەنییەکانی هەبێت.

٤- دەبێ ناوودەنگ و خووڕەوشتی پاك بێت.

٥- حوکم نەدرابێت بە تاوانێك کە لە ئابڕووی کەم بکاتەوە.

٦- دان بـە پڕۆگـرام و پەیـڕەوی ناوخـۆی یەکێتیـدا بنـێ و بـاوەڕی بـە ئامانجەکانـی هەبێـت و کار بـکات بـۆ وەدیهێنانیـان.

٧- دەسـتەی بەڕێوەبەرایەتـی بـاڵا دەتوانێـت هاتنەڕیـزی ئـەو کەسـانە پەسـەند بـکات کـە عێراقـی نیـن و دانیشـتووی عێراقـن بـە پێـی یاسـا.

٨- هاتنـە ڕیـزی یەکێتـی ـ ئارەزوومەنـدی ئەندامێتـی کلێشـەی ئەندامێتـی پـڕ دەکاتـەوە و پێشکەشـی یەکێتـی یـان یەکێـك لـە لقەکانـی دەکات.

داواکەشـی پـاش لایەنگیریکردنـی لەلایـەن دوو لـە ئەندامـان پەسـەند دەکرێـت و هەڵدەسـەنگێنرێت لەگـەڵ بڕیـاری دەسـتەی بـاڵا یـان دەسـتەی بەڕێوەبەرایەتـی لـق دەلکێـنرێ.

ئـەو دەسـتەیە مافـی ئـەوەی هەیـە کـە داواکـەی ت بکاتـەوە و هەروەهـا ئـەوەی

داواكـەی ت دەكرێتـەوە مافـی ئـەوەی هەیـە سـكاڵای خـۆی بداتـە كۆنگـرەی یەكێتـی و بڕیـاری كۆنگـرە دوا بڕیـار دەبـێ لەوبـارەوە.

**دووەم:**

لە دەستدانی ئەندامێتی كە بە پەناوەكردن (استقالة) و دەركردن دەبێت:

١- پەناوەكـردن (اسـتقالة): ئەنـدام بـە پەناوەكـراو دادەنرێـت پـاش ئـەوەی داواكـەی پێشـكەش بـە دەسـتەی بەڕێوەبەرایەتـی بـاڵا یـان دەسـتەی بەڕێوەبەرایەتـی لـق دەكات و هۆیەكانـی پەناوەكردنـی تێـدا ڕوون دەكاتـەوە و دەسـتە بڕیـاری لەسـەر دەدات و یـان پـاش تێپەڕبوونـی یـەك مانـگ بەسـەر داواكردنـی پەناوەكـردن و دەرنەكەوتنـی هیـچ پەشـیمانبوونەوەیەك لەسـەری.

٢- دەركردن: ئەندام بە دەركراو دادەنرێت لە یەكێتی لە كاتێك:

أ. لە دەستدانی یەكێك لە مەرجەكانی ئەندامێتی.

ب. بڕیـاری دەركردنـی لەلایـەن دەسـتەی بەڕێوەبەرایەتـی بـاڵاوە دەرچووبێـت لەگـەڵ دیاركردنـی هۆیـەكان و مافـی سـكاڵاكردنی هەیـە لـە كۆنگـرەی یەكێتـی و بڕیـاری كۆنگـرە دوا بڕیـار دەبێـت لـەم بـارەوە.

**مادەی هەشتەم:**

دەستەكان(هەیئات)ی یەكێتی و ئەركەكانیان:

**یەكەم: دەستەی گشتی لق**

بەرزتریـن دەسـتەیە لـە لـق و لـە هەمـوو ئـەو ئەندامانـە پێـك دێـت كـە سـەر بـەو لقـەن و پابەندبـوون بـە گوێـرەی ئـەم پەیـڕەوە و سـاڵێ جارێـك كۆبوونـەوەی دەوری خۆیـان دەكـەن و دەكـرێ داوا بكرێـت لـە دەسـتەی گشـتی لـق بـۆ كۆبوونـەوەی نائاسـایی لەسـەر داوای (دەسـتەی بەڕێوەبەرایەتـی بـاڵا)ی یەكێتـی وە یـان لەسـەر داوای دەسـتەی بەڕێوەبەرایەتـی لـق وە یـان لەسـەر داوای زۆربـەی ئەندامانـی دەسـتەی گشـتی لـق و ئەگـەر ڕێـك نەكەوتـن ئـەوە بـۆ مـاوەی یـەك هەفتـە كۆبوونەوەكـە دوا دەخرێـت و دواخسـتنەكەش لەسـەر داوای ئەندامانـی ئامادەبـووی كۆبوونەوەكـە

دەبێــت و ئەرکەکانــی ئــەم دەســتەیەش ئەمــەی خوارەوەیــە:

١- هەڵبژاردنــی ئەندامانــی دەســتەی بەڕێوەبەرایەتــی لــق و ســێ نوێنــەر بــۆ ئەنجومەنــی بــاڵای یەکێتــی و ئەندامانــی تــر بــۆ کۆنگــرەی یەکێتــی بــۆ نوێنەرایەتیکردنــی شــوعبەکانی ســەربە لــق لەســەر بناغــەی نوێنەرێــك بــو هــەر (٢٠) ئەنــدام بــە مەرجێــك ئــەو ڕێژەیە(المعــدل) لــە دوو کــەس کەمــتر نەبێــت بــۆ هــەر شــوعبەیەك.

٢- هەڵســەنگاندن و لێپرســینەوەی ئیشــوکارەکانی دەســتەی بەڕێوەبەرایەتــی لــق لــە ســاڵێکدا.

٣- گفتوگــۆ و بڕیــاردان لەســەر ئــەو پێشــنیارانەی کــە پێویســتە بــەرز بکرێنــەوە بــۆ کۆنگــرەی یەکێتــی وە یــان بــۆ دەســتەی بەڕێوەبەرایەتــی بــاڵا.

**دووەم: دەستەی بەڕێوەبەرایەتی لق**

لەلایــەن دەســتەی گشــتی لــق هەڵدەبژێــردرێ و لــە نــۆ ئەنــدام پێــك دێــت بــە لانــی کــەم و لەگــەڵ دوو ئەندامــی جێگر(احتیــاط)وە لــە مانگێکــدا دووجــار بــەلای کــەم کۆبوونــەوەی دەوری خــۆی دەکات و ئیشــوکارەکانی ئەمانــەن:

١- کردنــەوەی شــوعبەی ســەربە لــق لــە قــەزا و ناحییــەکان و دانانــی لێژنەکانــی بەڕێوەبەرایەتــی شــوعبەکان بــە گوێــرەی پێویســت بــۆ بەدیهێنانــی ئامانجەکانــی یەکێتــی پــاش وەرگرتنــی ڕەزامەنــدی دەســتەی بەڕێوەبەرایەتــی بــاڵا لەســەر ئــەم ئیشــوکارانە، وە دەســتەی بەڕێوەبەرایەتــی لــق بەرپرســیارە لــە چاودێریکردنــی ئیشــوکاری شــوعبەکانی ســەرەوە بــۆ بەدیهێنانــی ئامانجەکانــی یەکێتــی.

٢- بــە گشــتیکردن(تعمیم)ی بڕیــارەکان و ئامۆژگارییەکانــی دەســتەی بەڕێوەبەرایەتــی بــاڵای یەکێتــی.

٣- پێشکەشــکردنی ڕاپۆرتــی مانگانــە لەســەر چالاکــی لــق و شــوعبەکانی بــۆ دەســتەی بەڕێوەبەرایەتــی بــاڵای یەکێتــی.

٤- پێکهێنانی لێژنە پسپۆرییە پێویستەکان بۆ وەدیهێنانی ئامانجەکانی یەکێتی.

٥- دەرکردنی بڕیار و ئامۆژگارییەکانی پێویست بۆ وەدیهێنانی ئامانجەکانی یەکێتی بە مەرجێك لە ئامۆژگارییەکانی دەستەی بەڕێوەبەرایەتی باڵا دەرنەچێت.

٦- دەستەی بەڕێوەبەرایەتی لق لە نێوان ئەندامەکانیدا سەرۆك و جێگر و سکرتێر و ئەمینداری سندوق هەڵدەبژێرێ. ئەمینداری سندوق بۆی هەیە کە مەبلەغێك زیاتر نەبێت لە (٢٠) دینار لەلای بێت بۆ کاتی تەنگانە و مەسروفاتی پێویست بۆ بەڕێوەچوونی کاروباری لق و دەشێ زیاد بکرێت بە موافەقەتی دەستەی گشتی لق.

٧- مافی سزادانی ئەندامانی لقی هەیە لە چوارچێوەی سەرنجڕاکێشاندا و بۆی هەیە پێشنیاری دەرکردنی ئەندام پێشکەش بە دەستەی بەڕێوەبەرایەتی باڵا بکات و دەستەی بەڕێوەبەرایەتی باڵا بڕیاری لە سەر بدات.

٨- بۆی هەیە ئەندامانی جێگر بانگ بکات بۆ هاتنە ناو دەستەی بەڕێوەبەرایەتی لق لە کاتی هەبوونی بۆشایی(شاغر).

**سێیەم: لێژنەی بەڕێوەبەرایەتی شوعبە**

بەلای کەم لە سێ ئەندام دەبێت کە دەستەی گشتی شوعبە هەڵیاندەبژێرێ و بەو کاروبارانەی خوارەوە هەڵدەستێ:

١- ڕاپەڕاندنی بڕیارەکان و ئامۆژگارییەکانی دەستەی بەڕێوەبەرایەتی باڵا و لق و تەعمیمکردنیان.

٢- هەڵسان بەو کاروبارانە کە بە پێویست دەزانرێن بۆ وەدیهێنانی ئامانجەکانی یەکێتی لە ژێر سەرپەرشتی دەستەی بەڕێوەبەرایەتیدا.

٣- دانانی ئەو لێژنانەی بە پێویستی دەزانن بۆ خۆیان.

**چوارەم: کۆنگرەی یەکێتی**

پێك دێت لە ئەندامانی دەستەی بەڕێوەبەرایەتی باڵا و ئەندامانی ئەنجومەنی باڵای یەکێتی و ئەندامانی دەستەی بەڕێوەبەرایەتی لقەکان و نوێنەرانی شوعبەکان بە ڕادەی نوێنەرێك بۆ (٢٠) ئەندام و کۆبوونەوەی دەوریی کۆنگرە

ساڵی جارێك دەبێت و جگە لەوانەی لەسەر داوای دەستەی بەڕێوەبەرایەتی باڵا و یان بە داواکاری زۆربەی ئەندامانی کۆنگرە دەبێت و ئەرکەکانی کۆنگرە ئەمەی خوارەوەیە:

١- هەڵبژاردنی ئەندامانی ئەنجومەنی باڵای یەکێتی.

٢- هەڵبژاردنی ئەندامانی دەستەی بەڕێوەبەرایەتی باڵای نوێ.

٣- لێکۆڵینەوەی پێشنیارەکان و ئامۆژگارییەکانی دەستەی گشتی لقەکان.

٤- کۆڵینەوە لەسەر کاروباری دارایی یەکێتی.

٥- کۆڵینەوە لە ئیشوکارەکانی ساڵی ڕابردوی دەستەی بەڕێوەبەرایەتی باڵا و ئەنجومەنی باڵای یەکێتی.

٦- وەرگرتنی بڕیار و پێشکەشکردنی ڕاسپاردە و ئاراستەکردنی پێویست بۆ وەدیهێنانی ئامانجەکانی یەکێتی.

٧- تەماشاکردنی سکاڵای پێشکەشکراو و لەلایەن دەرکراوەکان و ئەو داوایانەی کراون بۆ هاتنە ڕێزی یەکێتی و تکراونەتەوە و دانی دوابڕیار لەسەریان.

٨- لابردنی هەموو یان هەندێك لە ئەندامانی دەستەی بەڕێوەبەرایەتی باڵای یەکێتی بە مەرجێك هەڵبژاردنی نوێ و یان تەواوکاری بکرێت لە ماوەیەك کە لە مانگێك زیاتر نەبێت لە ڕۆژی لابردن.

٩- دەستکاریکردنی پەیڕەوی ناوخۆی یەکێتی بە زۆربەی دوو لە سەر سێی ئەندامانی کۆنگرە و موافەقەتی وەزارەتی ناوخۆ وەردەگیرێت لەسەر ئەوە بە پێی یاسا.

١٠- کۆنگرە لەو کات و شوێنە دەبەسترێت کە ئەنجومەنی باڵای یەکێتی دیاری دەکات و ئەگەر دەنگی لەسەر نەدرا (نیوەی ژمارەی ئەندامان و کۆی یەك) کۆنگرە کۆ دەبێتەوە پاش یەك هەفتە و دەنگدان کە لەلایەن ئەو ئەندامانەوە دەکرێ کە ئامادە بوون.

١١- پێشکەشکردنی پێشنیارەکان بۆ کۆنگرە پێش (١٠) ڕۆژ دەبێت بۆ لێکۆڵینەوە و دانانی لە ناو بەرنامەکانی کاری(جدول أعمال) کۆنگرە و ئەگەر پێشکەش

کـرا لـە کاتـی بەسـتنی کۆنگـرە دەبێـت بـە ڕازیبوونـی زۆربـەی ئەندامـان لـە نـاو بەرنامــەی ئیشــوکارەکانی کۆنگــرە دابنرێــت.

**پێنجەم: دەستەی بەڕێوەبەرایەتی باڵای یەکێتی**

بـەلای کەمـەوە لـە یـازدە ئەنـدام پێـك دێـت کـە لـە کۆنگـرەی یەکێتـی هەڵدەبژێردرێن بـۆ مـاوەی سـاڵێك و هـەر دوو مانـگ جارێـك کۆبوونـەوەی خـۆی دەکات بە لای کـەم. بەو ئیشـوکارانەی خـوارەوە هەڵدەسـتێ:

١- لێکۆڵینــەوەی ئامــۆژگاری و پێشــنیارەکانی کۆنگــرەی یەکێتــی و دانانــی ڕێوشــوێنی گونجــاو بــۆ ڕاپەڕاندنیــان.

٢- ئاراســتەکردنی چالاکــی و کاروبارەکانــی یەکێتــی بــۆ وەدیهێنانــی ئامانجەکانــی لــە ڕێگــەی پێکهێنانــی لێژنــە تایبەتەکان(لجــان الخــاص).

٣- دەرکردنـی بەیاننامـە و ئامۆژگارییـە تەنزیمییـەکان بـۆ دەسـتەکانی بەڕێوەبەرایەتـی لـق و شوعبەکان.

٤- کردنـەوەی لقەکانـی یەکێتـی بـەو شـێوەی دەگونجێـت و فەرمانکـردن بـۆ دەسـتەکانی بەڕێوەبەرایەتـی لقـەکان بـۆ کردنـەوەی شـوعبەکان.

٥- دانانــی دەســتەی بەڕێوەبەرایەتــی بــۆ لقــەکان تــا کاتــی هەڵبژاردنــە گشــتییەکانی لقــەکان یــان دانانــی ئەندامانــی زیاتــر بــۆ دەســتەکانی بەڕێوەبەرایەتــی ئەگــەر پێویســت بێــت.

٦- سەپاندنی سزا بە سەر ئەندامان لە کاتی پێویستدا ئەویش:

أ. سەرنجڕاکێشـان: ئاراسـتەی ئـەو دەکـرێ لـە کاتێکـدا کـە لـە ناشـیرینی کردبـێ بـە ئەنقەسـت و[خـۆی] نەبەسـتبێتەوە بـە ئامۆژگارییەکانـی بەڕێوەبەرایەتـی بـاڵا یـان لـق [ئەگەرچـی] هـەر ئاگاداریـش کرابێتـەوە.

ب. دەرکردنی کاتی یان یەکجاری لە کاتێکدا کە سوور بێت لە سەر جێبەجێنەکردنی فەرمانەکانی دەستەی بەڕێوەبەرایەتی باڵا یان لە کاتێکدا کردەوەیەك کە کار بکاتە سەر ناوبانگی یەکێتی یان هەڵسێت بە کردەوە لە دژی ئەندامەکانی یەکێتی.

**دەستەی بەڕێوەبەرایەتی باڵا لە ناو ئەندامانیدا، ئەمانە هەڵدەبژێرێت :**

**أ. سەرۆك:**

سەرۆکایەتی کۆبوونەوەکانی دەستەی بەڕێوەبەرایەتی باڵا و کۆنگرەی یەکێتی دەکات و نوێنەرایەتی یەکێتی دەکات لە هەموو دەستە و دائیرە ڕەسمی و ناڕەسمییەکاندا. ئیمزا دەکات لەسەر نووسراوەکان کە لە یەکێتی دەردەچن و لەسەر سەنەدەکانی سەرفکردن بە هاوکاری لەگەڵ ئەمینداری سندوق و لەسەر هەموو ئەو نووسراڕەوانە و پەیمانانە ئیمزا دەکات کە دەستەی بەڕێوەبەرایەتی باڵا بڕیاریان لەسەر دەدات و مافی ئەوەی هەیە، کە یەکێك لە ئەندامانی دەستەی بەڕێوەبەرایەتی هەڵبژێرێ بۆ هەندێ کاری تایبەتی بە موافەقەی دەستەی بەڕێوەبەرایەتی باڵا.

**ب. جێگری سەرۆك:**

جێگەی سەرۆك دەگرێتەوە لە کاتی ئامادەنەبوون یان پەناوەکردن(استقالە)ی سەرۆکدا.

**ت. ئەمینداری سندوق:**

بە ڕێکخستنی حساباتی یەکێتی و ڕاگرتنی لیستە پێویستەکان و وەرگرتنی ئابوونەی بوون بە ئەندام و ئابوونەی مانگانە هەڵدەستێ و ڕاپۆرتی دارایی ساڵانە ڕێك دەخات و پێشکەش بە دەستەی گشتی دەکات و لەگەڵ سەرۆك لەسەر چەك و سەنەداتی سەرفکردنی ئیمزا دەکات و لەلایەن ئەوەوە پارەی یەکێتی لە بانقەکان دادەنرێ و بۆی هەیە کە مەبلەغی (٥) دینار لە لای خۆی دابنێت بۆ بەرەو ڕووبوونەوەی کاتی تەنگانە و پێویستییەکانی یەکێتی و تەسلیمکردنی هەموو پارە و دیارییەك بە بەڵگەنامەی ئیمزاکراو لەلایەن ئەوەوە یان جێگری ئەو دەبێت، پاش مۆرکردنی بە مۆری یەکێتی و مافی ڕاکێشانی زیاتر لە (٥٠) دیناری هەیە بە بڕیاری دەستەی بەڕێوەبەرایەتی باڵا.

**ث. سکرتێری گشتی:**

ڕێکخستنی کۆبوونەوەکان و ئامادەکردنی بەرنامەکانی کاروباری(جداول الأعمال) کۆبوونەوەکانی دەستەی بەڕێوەبەرایەتی باڵا و ڕاگرتنی تۆمارگاکانی و چاودێریکردنی ڕاپەڕاندنی بڕیارەکان و هەڵگرتنی لیستە پێویستەکان و ڕێکخستنی

نامەگۆڕینەوەكان(المراسـلات) بەڕێـوە دەبـات.

**شەشەم: سكرتاریەتی گشتی:**

بـەلای كەمـەوە لـە دوو ئەندامـی دەسـتەی بەڕێوەبەرایەتـی بـاڵا پێـك دێـت بـە سـەرۆكایەتی سـكرتێری گشـتی و لێپرسراویەتـی چاودێریكردنـی ڕێكخسـتنی لقـەكان و بنكـەكان و لێژنـەی تایبەتییـەكان و ڕاپەڕاندنـی بڕیارەكانـی دەسـتەی بەڕێوەبەرایەتـی بـاڵا دەبـات و بـەلای كەمـەوە لـە هەفتـەی جارێـك كـۆ دەبێتـەوە.

**حەوتەم: ئەنجومەنی باڵای یەكێتی**

لـە نوێنەرانـی یەكێتـی پێـك دێـت كـە لەلایـەن دەسـتە گشـتییەكانی لقەكانـەوە هەڵدەبژێردرێـن بـە ڕادەی سـێ ئەنـدام بـۆ هـەر لقێـك و هەمـوو ئەندامانـی دەسـتەی بەڕێوەبەرایەتـی بـاڵاوە بـەلای كـەم لـە هـەر سـێ مانـگ جارێـك كـۆ دەبێتـەوە بـۆ كاروبـاری ڕێكخسـتن و بەڕێوەبەرایەتـی دارایـی و ڕێكخسـتنی ئیشـوكاری لـە چاودێریكردنـی ڕاپەڕاندنـی بڕیارەكانـی كۆنگـرە.

**هەشتەم: ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەرایەتی باڵا**

بـە بڕیـاری دەرچـوو لـە ئەندامانـی بـاڵای یەكێتـی لـە لێپرسراویەتـی بـە زۆربـەی (دوو لەسـەر سـێ)ی دەنـگ و سـكاڵاكردنی هەیـە لـە كۆنگـرە و كۆنگـرە دوا بڕیـار دەبێـت، ئەگـەر بۆشـایی پەیـدا بـوو لـە ئەندامانـی دەسـتەی بەڕێوەبەرایەتـی بـاڵا، ئەندامانـی (الاحتیـاط) بانـگ دەكرێـت بـۆ پڕكردنـەوەی بۆشـاییەكە بـە گوێـرەی دانانـی دەسـتەی بەڕێوەبەرایەتـی بـاڵا.

**مادەی نۆیەم:**

لەسـەر یەكێتـی و شـوعبەكانیەتی كـە ئـەم لیسـتانەی خـوارەوە لـە لای خۆیـان ڕابگـرن:

١- لیستەی ئەندامان كە ناوی هەر ئەندامێك و تەمەنی و پیشەی و شوێنی دانیشتنی و مێژووی پەیوەندیكردنی و جنسیەی و ناوی ئەندامانی پشتگیریكەری تێدا دەنووسرێ.

٢- تۆمارگـەی كۆبوونـەوەكان و بڕیارەكانـی دەسـتەی بەڕێوەبەرایەتـی و دەسـتەی گشـتی

تێـدا دەنـووسرێ و لـە کۆتایـی هـەر کۆبوونەوەیـەك لەلایـەن ئەندامانـی ئامادەبـوو لەسـەری ئیمـزا دەکـرێ.

٣- تۆمارگـەی حسـابات کـە دەسـکەوت و مەسروفاتـی یەکێتـی تێدایـە دەنـووسرێ بـە مەرجێـك کـە (تصدیـق) کـرا بێـت لەلایـەن دادنووس(کاتـب العـدل)ەوە.

٤- تۆمارگەی کەلوپەل کە هەر شتێك موڵکی یەکێتی بێت تیایدا دەنووسرێ.

٥- تۆمارگەی نووسراوەکانی هاتوو و ڕۆیشتوو.

**مادەی دەیەم:**

یەکێتـی کەسـایەتییەکی مەعنـەوی هەیـە یـان خاوەنـی ئەهلیەتێکـی تـەواوە بـۆ جێبەجێکردنـی ئیشـوکارەکانی لـەم بەرنامەیـەدا نـووسراوە و مافـی ڕەفتار(تـصرف) و بەسـتنی بەڵێـن و خاوەنێتـی و دژایەتـی و (الخصومـە) و بردنـە دادگا(المرافعـە)ی هەیـە و سـەرۆك یـان جێگـری سـەرۆك نوێنەرایەتـی دەکات بـە گوێـرەی ئـەم بەرنامەیـە.

**مادەی یازدەهەم:**

ئەگـەر بڕیـار درا بـە هەڵوەشـاندنەوەی یەکێتـی بـە شـێوەیەکی ئیختیـاری بـە بڕیـاری زۆربـەی دەنگـی (دوو لەسەرسـێ)ی ئەندامانـی کۆنگـرە مومتەلـەکات ڕێـك دەخـرێ لەلایـەن ئـەو ڕێکخـەرەی کـە کۆنگـرە دیـاری دەکات و پاشـماوەکەی لـە پـاش ڕێکخسـتن دەگواسـترێتەوە بـۆ ئـەو لایەنانـەی کـە کۆنگـرە دیـاری دەکات، بـەڵام ئەگـەر هەڵوەشـاندنەوەکە بـە شـێوەیەکی قەزائـی(دادگا) بـوو بـۆ ڕێکخسـتنی مومتەلەکاتـی یەکێتـی و گواسـتنەوەی پاشـماوەکەی لـە دوای ڕێکخسـتن و پاککردنـەوەی فەرمانەکانـی یاسـا چـاو دەکرێـن.

## کۆنگرەی دووەمی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان

## بەغدا ـ ١٩٧١

لە دوای کۆنگرەی یەکەم، مەکتەبی سکرتاریەتی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان، داوای مۆڵەتی فەرمی لە وەزارەتی ناوخۆی عێراقی کرد، بۆ ئەوەی چالاکیی ئاشکرا و فەرمی خۆی بەجێ بهێنێت. وەزارەتی ناوخۆی کۆماری عێراقیش بە نووسراوی (م.ج - ٢٤٠٦ لە ڕێکەوتی ١٨ی تشـرینی دووەمی ١٩٧٠) مۆڵەتی فەرمی پێ بەخشی[١]. پێشتر، پەیڕەو و پرۆگرامێك بە زمانی عەرەبی لە دوازدە مادەدا ڕادەستی دەسەڵاتداران کرابوو، کە لە گۆڤاری (الوقائع العراقیة)دا بڵاوکرایەوە، ئەوەش نیشانەی ڕەزامەندیی دەسەڵات بووە لە ناوەڕۆکەکەی[٢].

بەپێی ئەم بنەمایە، یەکێتی ئافرەتانی کوردستان بڕیاری سازدانی کۆنفرانسە ناوخۆییەکانی خۆیی دا، بە مەبەستی دەستنیشانکردن و هەڵبژاردنی نوێنەرانی کۆنگرەی دووەم لە لقەکانی بەغدا، کەرکووک، سلێمانی، هەولێر، دهۆك و خانەقین.

لە ڕێکەوتی ١٨ی نیسانی ١٩٧١، کۆنگرەی دووەمی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان بە شێوەیەکی ئاشکرا ساز درا[٣]. لە ڕۆژی دووشەمەی ١٩ی نیسانی ١٩٧١ کۆتایی پێهات و ئەم کۆنگرەیە لە بارەگای یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان لە شاری بەغدا ساز درا[٤].

لە پاش گفتوگۆ و بە بڕیاری نوێنەرانی کۆنگرە، یەکێتییەکە بووە خاوەنی حەوت لق کە بریتی بوون لە بەغدا، سلێمانی، کەرکووک، خانەقین، هەولێر، نەینەوا و دهۆك. لە کۆتاییشدا زەکیە ئیسماعیل حەقی بە سکرتێر هەڵبژێردرا[٥]. ئەمەش بۆ جاری دووەم بوو کە ناوبراو لە مێژووی یەکێتی ئافرەتانی کوردستاندا لە کۆنگرەوە ئەم پۆستە وەربگرێت. ئەم کۆنگرەیەش هەر لە شاری بەغدا ساز درا[٦].

لەلایەن نوێنەرانی کۆنگرەوە، لێژنەی ڕاپەڕاندنی نوێ بەم شێوەی خوارەوە هاتە هەڵبژاردن:

١- زەکیە ئیسماعیل حەقی

٢- حەسیبە قەزاز

٣- فەوزیە موراد

٤- سوهام ئیبراهیم

٥- پەیمان مەعروف

٦- فەخریە سەعدوڵا

٧- زوهرە موراد

٨- فەخریە حەیدەر

٩- عەفیفە جاسم

١٠- فایزە نەسروڵا

١١- سورەیا محەمەد عەبدوڵا

١٢- گەلاوێژ ساڵح فەتاح

١٣- هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد

١٤- پرشنگ محەمەد مەمەند

١٥- نەرمین عوسمان حەسەن.

ئەندامانی یەدەگی لێژنەی ڕاپەڕاندنیش بەم شێوەی خوارەوە لەلایەن نوێنەرانی کۆنگرەوە دەنگیان پێ درا:

١- عەتییە ئەحمەد.

٢- جیهان مەعروف.

٣- نەعیمە مەحمود[٧].

لە ڕێکەوتی ٣ی ئایاری ١٩٧١، لە کۆبوونەوەی ئەندامانی لێژنەی ڕاپەڕاندندا ئەمانەی خوارەوە بۆ مەکتەبی سکرتاریەت هەڵبژێردران:

١- زەکیە ئیسماعیل حەقی- سەرۆکی دەستەی کارگێری باڵا

٢- سورەیا محەمەد- جێگری سەرۆکی دەستەی کارگێڕی باڵا

٣- نەرمین عوسمان حەسەن- سکرتێری گشتی

٤- سوهاد ئیبراهیم قورتاس- ئەمینداری سندوق[٨].

## سەرچاوە و پەراوێز


١- المؤتمر الثاني لاتحاد نساء كردستان، جريدة التآخي، العدد ٧١٣، بغداد، مطبعة الجاحظ، الاثنين، ١٩ نيسان ١٩٧١م، ص ٤؛ گلنام محمود مصطفى، تأريخ نضال أتحاد نساء كوردستان، المصدر السابق، ص ٧.

٢- النظام الداخلي لاتحاد نساء كوردستان، مجلة الوقائع العراقية، وزارة الاعلام في العراق، العدد ١٩٣٧، السنة الثالثة عشرة، بغداد، الأربعاء، ١٨ تشرين الثاني ١٩٧٠م، ص ص ٥ ـ ٨.

٣- خانم زهدي، صفحات من تاريخ الحركة النسائية العراقية، (بغداد ـ شركة دار الرواد المزدهرة للطباعة والنشر المحددة ـ ٢٠٠٧م)، ص ١٢٩؛ شیرین ئامێدی، ئافرەت و سەروەریەكانی یەكێتی ئافرەتانی كوردستان، بەرگی یەكەم، (هەولێر ـ چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری ـ ١٩٩٨ز)، ل ٤١.

٤- اتحاد نساء كردستان ينهي مؤتمره الثاني و يتخذ جملة من القرارات المهمة، جريدة التآخي، العدد ٧١٤، بغداد، مطبعة الجاحظ، الثلاثاء، ٢٠ نيسان ١٩٧١م، ص ٤.

٥- شیرین ئامێدی، سەرچاوەی پێشو، ل ل ٤١، ٤٣، ١١٥.

٦- یەكێتی ئافرەتانی كوردستان ١١ی كانونی یەكەمی ١٩٥٢، (هەولێر ـ مەكتەبی سكرتاریەتی یەكێتی ئافرەتانی كوردستان ـ ٢٠١٠ز)، ل ٢٠.

٧- المؤتمر الثاني لاتحاد نساء كردستان، جريدة التآخي، العدد ٧١٣، المصدر السابق، ص ٤.

٨- أخبار ونشاطات، جريدة التآخي، العدد ٧٢٨، بغداد، مطبعة دار الجاحظ، الأحد، ٩ آيار ١٩٧١م، ص ٣.

## بڕیارەکانی کۆنگرەی دووەمی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان

- کۆنگـرە دەستخۆشـی لـە پارتـی بەعسـی عەرەبـی سۆسیالیسـتی و سـەرکردەکەی ئەحمـەد حەسـەن ئەلبەکـر و پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان و سـەرکردەی خەباتگێـڕ بارزانـی دەکات و هەوڵـە هاوبەشـەکانیان بـەرز دەنرخێنـێ کـە بەیاننامـەی مێژوویـی ١١ی ئـادار و بەخشـینی مافـە نەتەوەییـەکان بـە گەلـی کـورد و ئۆتۆنۆمـی بـۆ گەلـی کـورد لـە چوارچێـوەی کۆمـاری عێراقـی لـێ کەوتـەوە. هـاوکات کۆنگـرە بـە چـاوی ڕێـزەوە دەڕوانێتـە ئـەو هەنگاوانـەی لـە پێنـاوی جێبەجێکردنـی بڕگـە و بڕیارەکانیـدا گیراونەتـە بـەر و داوای بەردەوامبـوون لەسـەر جێبەجێکردنـی بڕگـە و پابەندبوونەکانـی تـری ڕێککەوتننامەکـە دەکات، ئەمـەش لـە پێنـاوی پتەوترکردنـی بنەماکانـی یەکێتـی نیشـتمانی و داڕشـتنیان لەسـەر بنەمـای ڕاسـت و دروسـت و دابینکردنـی پێداویسـتیەکانی خەبـات لـە دژی کۆلۆنیالیـزم و زایۆنیـزم.
- بـە مەبەسـتی گەیشـتن بـە گونجاوتریـن شـێوازەکانی هاوکاریـی و کاری بەرهەمـدار لـە نێـوان یەکێتیەکەمـان و یەکێتـی گشـتی ئافرەتانـی عێـراق و وەگەڕخسـتنی دەسـتی کاری ئافـرەت و کردنـەوەی کارگـەی تایبـەت بـە فێرکردنـی بەرگدروویی و بـازاڕی میللی تایبـەت، کۆنگـرە داوای پێکهێنانـی لێژنەیەکـی هاوبـەش لەگـەڵ یەکێتـی گشـتی دەکات.
- لـە پێنـاوی دابینکردنـی ئاسـتێکی شـیاوی تەندروسـتی بـۆ منداڵانمـان لـە کوردسـتان و بـۆ دایـکان لـە گونـد و لادێـکان، کۆنگـرە بـە پێویسـتی دەزانـێ لێژنەیەکـی هاوبـەش لەگـەڵ یەکێتـی گشـتی پێکبهێـنری کـە ئەرکـی وەرگرتنـی ئـەو خۆراکـە بگرێتـە ئەسـتۆ کـە وەك یارمەتـی نێودەوڵەتـی و بـێ بەرامبـەر بـە حکومـەت دەگات و لەلایـەن لێژنـە تەندروسـتیەکانەوە بەسـەر لقەکانـی یەکێتیەکەمـان دابـەش بکـرێ.
- بـەو پێیـەی هەڵمەتـی نەهێشـتنی نەخوێندەواریـی پێویسـتی بـە وەگەڕخسـتنی توانـای سـەرجەم هاوڵاتیانمـان هەیـە بـە عـەرەب و کـوردەوە، بۆیـە کۆنگـرە داوای پێکهێنانـی لێژنەیەکـی هاوبـەش لەگـەڵ یەکێتـی گشـتی دەکات کـە ئەرکـی سەرپەرشـتیکردنی هەڵمەتەکـە بگرێتـە ئەسـتۆ و بـۆ ئـەو مەبەسـتە خولـی پێویسـت بکاتـەوە و هـەوڵ بـدات کـە لایەنـە پەیوەندیـدارەکان ڕازی بـکات بـەوەی بڕوانامـەی قوتابخانەکانـی نەهێشـتنی نەخوێندەواریـی لەگـەڵ بڕوانامـەی پۆلـی چـواری سـەرەتایی هاوتـا بکـرێ.

- ئەو ئەرکانەی بە هەندێك لە ئەندامانمان سپێردراون، پێویست دەکات ئەوان بە تەواوی خۆیان بۆ ئەو بەرپرسیارێتیە تەرخان بکەن کە دەبنە مایەی خێر و خۆشی بۆ تەواوی کۆمەڵگای عێراقیمان، لەو ڕوانگەیەوە کۆنگرە داوا دەکات لایەنە پەیوەندیدارەکان هەوڵ بدەن شانبەشانی براکانیان لە سەندیکا و ڕێکخراوە جەماوەریەکانی دیکە دان بە مافی خۆتەرخانکردنی ئافرەتی سەرکردەدا بنێن.
- کۆنگرە داوای تێپەڕاندنی پاشماوەکانی شەڕی براکوژیی دەکات، ئەو شەڕەی بووە هۆی ئەوەی ڕۆڵەکانمان بۆ ماوەی دە ساڵ لە خوێندن دابڕێن، ئەمەش لە ڕێگای زیادکردنی ژمارەی قوتابخانە سەرەتایی و ئامادەییەکان و پەیمانگە پیشەییەکان لە کوردستان، بە تایبەتی لە گوند و لادێکان و دابینکردنی کارمەندی پێویست بۆیان.
- کۆنگرە هەڵوێستی یەکێتی گشتی سەبارەت بە زیادکردنی ژمارەی نوێنەرانمان لە دەستەی کارگێڕی باڵای یەکێتیەکە لە دوو ئەندامەوە بۆ سێ ئەندام بەرز دەنرخێنێ، لە ڕاستیدا ئەمە نیشانەیەکە بۆ ئەو گیانی برایەتیەی باڵی بەسەر پەیوەندییەکانی نێوان هەردوو یەکێتیەکەدا کێشاوە.
- کۆنگرە پشتگیریی خۆی بۆ خەباتی ڕەوای وڵاتانی عەرەبی دۆست دووپات دەکاتەوە لە دژی دواکەوتنی کۆمەڵایەتی و تەواوکردنی پرۆسەی ئازادیی ئابووری و تێکۆشان لە پێناوی ڕزگارکردنی خاکی داگیرکراوی عەرەب و وەدەستهێنانی مافەکانی گەلی عەرەبی فەلەستین لە ژیان لەسەر خاکی ئازاد و یەکگرتووی خۆی.
- کۆنگرە پشتگیریی خۆی بۆ خەباتی ئافرەتان لە وڵاتانی ئاسیا و ئەفریقیا و ئەمەریکای لاتین دووپات دەکاتەوە لە پێناوی ئازادیی نیشتمانی و دیموکراسی و مافی دیارکردنی چارەنووس و بنبڕکردنی هەموو شێوازەکانی جیاکاریی ڕەگەزپەرستی و گەیشتن بەو ئاشتیەی دەبێتە مایەی دابینکردنی بنەماکانی ئازادیی ئافرەتان لە جیهان و هێنانەدی خواستە ڕەواکانی.

# کۆنگرەی سێیەمی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان
# هەولێر - ١٩٧٢

یەکێتـی ئافرەتـانی کوردسـتان بەمەبەسـتی ئامادەکـری بـۆ بەسـتنی کۆنگـرەی سـێیەمی خـۆی، لـە ڕێکـەوتی ١٣ی ئـاداری ١٩٧٢ کۆنفرانسـێکی گشـتی لـە شـاری بەغـدا ئەنجامـدا و وادەی بەسـتنی کۆنگـرە دەستنیشـان کـرا[١]. دوای بەکۆتایـی هاتنـی ئامادەکارییـەکان، لـە ڕێکـەوتی ٢٧ تـا ٢٩ی نیسـانی ١٩٧٢ کۆنگـرە لـە هۆڵـی گـەل لـە شـاری هەولێـر و هۆتێـل سـەلاحەدین لـە شـارەدێی پیرمامـی سـەر بـە پارێـزگای هەولێـر، بـە دروشـمی (لــە پێنــاوی پەیڕەوکردنــی ئۆتۆنۆمــی بــۆ کوردســتانی عێــراق)، بــە ئامادەبوونــی ١٢١ نوێنــەر لــە گشــت لقەکانــی یەکێتــی ئافرەتانــی کوردســتان، ســاز درا[٢].

لــە درێــژەی کار و چالاکییــەکانی کۆنگــرەدا، لەلایــەن نوێنەرانــی کۆنگــرەوە دەســتەی کارگێڕیــی بــاڵا بــەم شــێوەیەی خــوارەوە هەڵبژێــردرا:

١- زەکیە ئیسماعیل حەقی

٢- عەتیە ئەحمەد جەواد جاف، ناسراو بە دایکی یاسین

٣- ئینتسار عەلی فەیلی

٤- سورەیا محەمەد

٥- فەخریە حەیدەر، ناسراو بە فەخریە فەیلی

٦- فەوزیە شەوکەت ڕەشید، ناسراو بە فەوزیە شەوکەت کەتانی

٧- سەبریە ئەحمەد، ناسراو بە سەبریە مام ئەحمەد

٨- سینەم خان بەدرخان

٩- کوردستان شەوکەت ڕەشید، ناسراو بە کوردستان شەوکەت کەتانی.

١٠- فایقە خەفاف

١١- سەبیحە تاهیر فەیلی

١٢- عەقیلە عەبدولقادر سلێمان ناسراو بە عەقیلە ڕواندزی

١٣- نازەنین فەخری

١٤- نەبیهە مەهدی، ناسراو بە نەبیهە فەیلی

١٥- بەهیە مەعروف، ناسراو بە بەهیە شێخ مارف بەرزنجی

١٦- لەتیفە سدیق

١٧- نەجات مەحمود مەحوی

١٨- سەبیحە مەهدی

١٩- ئامینە محەمەد

٢٠- پەروین عەلی محەمەد بیوك

٢١- خەیریە عارف

هەروەها ئەندامانی یەدەگی دەستەی کارگێڕیی باڵاش بریتی بوون لە:

١- کوردستان عەلی عەبدولعەزیز

٢- حەمدیە سابیر

٣- پەخشان خەفاف

٤- ئەنجوم عەبدوڵا محەمەد، ناسراو بە ئەنجوم زوهدی

٥- عیسمەت عەزیز.

لە ڕێکەوتی ٢٩ نیسانی ١٩٧٢ دەستەی کارگێڕیی باڵا کۆبوونەوە و بۆ سەرکردایەتیی باڵا ئەمانەی خوارەوەیان هەڵبژارد:

١- زەکیە ئیسماعیل حەقی- سەرۆك

٢- سورەیا محەمەد- جێگری سەرۆك

٣- فەوزیە شەوکەت- سکرتێری گشتی

٤- ئینتسار عەلی- ئەمینداری سندوق[٣].

دوای تەواوبوونـی کۆنگـرە، ڕۆژی هەینـی، ٢٨ ی نیسـانی ١٩٧٢ لـە بـارەگای حاجـی ئۆمـەران لـە سـنووری پارێـزگای هەولێـر، سـەرۆك مسـتەفا بارزانـی پێشـوازی لـە گشـت میوانـە بیانییەکانـی کۆنگـرە و ئەندامانـی سـەرکردایەتی یەکێتـی ئافرەتانـی کوردسـتان کـرد[٤].

## سەرچاوە و پەراوێز


١- د. ڤیان سلێمان، یەکێتی ئافرەتانی کوردستان (پاشخان، مێژووی دامەزراندن، بیبلۆگرافیای کۆنگرەکانی)، چاپی یەکەم، (هەولێر - چاپخانەی شەهاب- ٢٠٢٣)، ل ١١٥.

٢- المؤتمر الثالث لاتحاد نساء كردستان، جريدة التآخي، العدد ١٠١٥، بغداد، مطبعة التايمس، السبت، ٢٢ نيسان ١٩٧٢م، ص ٤؛ السيد رئيس الجمهورية ينيب الاستاذ محمد محمود عبدالرحمن لرعاية مؤتمر اتحاد نساء كردستان، جريدة التآخي، العدد ١٠٢٠، بغداد، مطبعة التايمس، السبت، ٢٩ نيسان ١٩٧٢م، ص ١؛ انتخابات الهيئة الادارية العليا لاتحاد نساء كردستان، جريدة التآخي، العدد ١٠٢٢، بغداد، مطبعة التايمس، الاثنين، ١ آيار ١٩٧٢م، ص ٥.

٣- انتخابات الهيئة الادارية العليا لاتحاد نساء كردستان، المصدر السابق، ص ٥.

٤- البارزاني يستقبل الوفود المشاركة في مؤتمر اتحاد نساء كردستان، جريدة التآخي، العدد ١٠١٨، بغداد، مطبعة التايمس، السبت، ٢٩ نيسان ١٩٧٢م، ص ١.

# پڕۆگرام و پەیڕەوی ناوخۆی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان کۆنگرەی سێیەم

**مادەی یەکەم:**

ناوی یەکێتی: یەکێتی ئافرەتانی کوردستان

**مادەی دووەم:**

پێناسەی یەکێتی:

ڕێکخراوێکی ئافرەتانی کۆمەڵایەتی و دیموکراتییە، ئامانجی دابینکردنی مافی ئافرەت و بەرزکردنەوەی ئاستی لەڕووی ئابووری و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری لە کوردستاندا و خەبات دەکا لە پێناوی دابینکردنی مافی ڕۆشنبیری و تەندروستی و کۆمەڵایەتی بۆ مناڵان و پشتگیریکردنی خەباتی ئافرەتان لە جیهاندا، لە پێناوی ئاشتی و ڕزگاربوون لە ئیستیعمار و چەوساندنەوەی کۆمەڵایەتی و سیاسی.

**مادەی سێیەم:**

ناوەندی یەکێتی: بەغدایە و مافی کردنەوەی لقی تری سەربەخۆی هەیە لە کوردستان و ئەو شوێنانەی کە زۆربەی دانیشتوانیان کوردن بەپێی بڕیاری مادەی (١٣) لە یاسای ژمارە (١)ی، دەستکاریکراوی ساڵی (١٩٦٠).

**مادەی چوارەم:**

بۆ جێبەجێکردنی بەیاننامەی (١١) ئازاری ڕێکخراوی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان ئەندامە لە یەکێتی گشتی ئافرەتانی عێراق لەگەڵ پاراستنی بوونی تایبەتی خۆی.

**مادەی پێینجەم:**

ئامانجەکانی یەکێتی:

ڕزگارکردنی ئافرەتان لە کوردستان لەو پەیوەندییە ئابووری و کۆمەڵایەتییانەی کە پاشی دەخات و ڕێگەی بەشداریکردنی لێدەگرێ لە بنیاتنانی کۆمەڵێك کە ئافرەت نیوەی هێزی کارکەر بێت تیایدا و گەشەکردنی تەواوی ئافرەت، ئەوەش بە خەباتکردن بۆ :

١- ڕزگارکردنی ئافرەت لەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە کۆنەپەرستیانەی کە ڕێگەی

بەشداریکردنی لە ژیانی گشتی لێ دەگرن، وەکو ئەندامێکی کاریگەر لە بنیاتنانی کۆمەڵەوە، مانەوەی وەکو ڕەگەزێکی پاشکەوتووی بەسەردا دەسەپێنێ.

٢- ڕزگارکردنی ئافرەت لە نەزانی و نەخوێندەواری، بەداواکردنی جێبەجێکردنی یاسای بەزۆر فێرکردن و کردنەوەی قوتابخانەی کچان بۆ تەمەنی خوێندن لە هەموو قۆناغەکانی خوێندن و داواکردنی ماوەدان بە ئافرەت لە هەموو بوارەکاندا و فێرکردن و کردنەوەی مەڵبەندی نەهێشتنی نەخوێندەواری لە ناو ئافرەتان و ئامۆژگاریکردن و فێرکردنی پیشەیی بۆ کچان و ڕێکخستنی شاڵاوی وشیارکردنەوە و ڕۆشنبیرکردن لە گوند و شاردا و کردنەوەی خولەکانی(دەورات) ڕاهێنانی پیشەیی و نەهێشتنی نەخوێندەواری بە ڕەزامەندی لایەنە تایبەتمەندەکان.

٣- کوششکردن بۆ پتەوکردن پەیوەندییەکانی ناو خێزان و بەشداریکردن لە چارەسەرکردنی گیروگرفتەکانی خێزان بۆ پاراستنی منداڵ لە پەراگەندەیی و چەسپاندنی قەوارەی خێزان بە سیفەتی ئەوەی کە ناوکی کۆمەڵە.

٤- أ ـ هەوڵدان بۆ وەدیهێنانی سەربەخۆیی ئابووری ئافرەت بە ماوەدانی ئافرەت لە هەموو بوارێکی ئابووریدا و داواکردن بە ماوەدانی تەواو و لە کارکردن و ماوەدان بە ئافرەتان بۆ گەیشتن بە پلەی بەرز و بەڕێوەبردن لە کاتێك کە خاوەنی ئەو توانایە بن.

ب ـ داواکردن بۆ کردنەوەی خانەکانی گۆشگری(دور الحضانة) میللی و باخچەی منالانی ئافرەتە کرێکارەکان و دانانی یاسای پێویست بە شێوەیەك کە بگونجێ لەگەڵ باری ماڵەوە و کارەکەیدا.

ج ـ داواکردن و دابینکردنی مافی ئافرەتی جووتیار و باشکردنی باری کارکردنی و هەوڵدان بۆ ئەنجامدانی شاڵاوی وشیارکردنەوە و ڕۆشنبیرکردن لەم بوارەدا.

٥- دابینکردنی بەشداربوونی کاریگەرانەی ئافرەت لە هەڵسووڕاندنی هەموو مەیدانەکانی کار و خەباتی نیشتمانی لە پێناوی دیموکراتیەت و ئاشتیدا و تێکشکاندنی پیلانەکانی ئیستعمار و زایونیزم و کۆنەپەرستی و پشتگیریکردنی بزووتنەوەکانی ڕزگاریخوازی نیشتمانی گەلان لەسەر ئاستی جیهان.

٦- داواکردنی کردنەوەی نەخۆشخانە، بە تایبەتی نەخۆشخانەکانی منداڵبوون و مەڵبەندەکانی چاودێریکردنی و هەڵسان بە شاڵاوی ڕۆشنبیرکردنی تەندروستی و بەشداریکردن لە شاڵاوەکانی خۆپاراستن و کردنەوەی نەخۆشخانە(عیادات) میللیەکاندا.

٧- هەوڵدان بۆ پاراستنی منداڵێتی و دابینکردنی مافە ڕۆشنبیری و تەندروستی و کۆمەڵایەتییەکانیان و داخوازی کردنەوەی خانەکان بۆ حەواندنەوەی مناڵە پەراگەندەکان و فێرکردنی پیشە.

٨- هەوڵدان بۆ کردنەوەی خانەی چاودێریکردنی پەککەوتە و بەساڵاچووەکان.

٩- هەوڵدان بۆ بەهێزکردنی پەیوەندی و بەدیهێنانی هاوکاری سوودبەخش لەگەڵ ئەو ڕێکخراوە ئافرەتییە ناوچەیی و جیهانیانەی کە ئامانجی هاوبەشیان هەیە بە مەرجێك پەیوەندیکردن لە ڕێگای یەکێتی گشتی ئافرەتانی عێراقەوە بێت.

**مادەی شەشەم:**

دارایی یەکێتی:

دارایی یەکێتی لەم دەستکەوتانەی خوارەوە پێك دێت:

١- ئابوونەی ئەندام کە بەلای کەمەوە (١٠٠) سەد فلس بێت.

٢- دەتوانرێ ئەندام ببوردرێ لە ئابوونەی بوون بە ئەندام یان ئابوونەی مانگانەیان لە هەردووکیان لەبەر بێدەرەتانی و نەبوونیی، بە بڕیاری دەستەی بەڕێوەبەرایەتی لق.

٣- ئابوونەی مانگانە بە لای کەمەوە (٥٠) فلس دەبێت.

٤- ئەو پیتاکانەی دەست دەکەون بە گوێرەی بڕیارەکانی یاسای یانەسیبەکان و نووسراوە بەدەستکەوتەکان(اکتتابات) و پێدراوەکان و دەستکەوتی ئاهەنگەکان و بازا خێرخوازییەکان(الأسواق الخيرية) کە دادەنرێن بە بەرچاوخستنی یاساکان.

٥- ئەو پێبەخشینانەی کە لەلایەن حکومەتەوە دەدرێن بە یەکێتی.

٦- دەستکەوتی پڕۆژەکانی یەکێتی و هەموو ئەو داهاتانەی بۆ یەکێتی دێن.

٧- یەکێتی مافی خاوەنێتی (الأموال المنقولة و غير المنقولة) و هەر شتیك کە بشێ

بۆ بەستنی (عەقدی مالی) هەیە بە گوێرەی بڕیارەکانی مادەی هەشتەم لە یاسای ژمارە (١) ساڵی (١٩٦٠).

**مادەی حەوتەم:**

ئەندامەتی و چوونەناو ڕیز و لە دەستدانی ئەندامێتی:

**یەکەم:** هەر ئەندامێکی یەکێتی دەبێ ئەم مەرجانەی خوارەوەی تیا بە دی بکرێ:

١- دەبێ ناسنامەی عێراقی بێت یان کوردی دانیشتووی عێراق بێت.

٢- دەبێ تەواو و لێهاتوو بێت و تەمەنی هەژدە ساڵی تەواو کردبێت.

٣- دەبێ هەموو مافە مەدەنییەکانی هەبێت.

٤- دەبێ ناو و دەنگ و خووڕەوشتی پاك بێت.

٥- حوکم نەدرابێت بە تاوانێك کە لە ئابڕووی کەم بکاتەوە.

٦- دان بە پڕۆگرام و پەیڕەوەی ناوخۆی یەکێتیدا بنێ و باوەڕی بە ئامانجەکانی هەبێت و کار بکات بۆ وەدیهێنانیان.

٧- دەستەی بەڕێوەبەرایەتی باڵا دەتوانێت هاتنەڕیزی ئەو کەسانە پەسەند بکات کە عێراقی نین و دانیشتووی عێراقن بەپێی یاسا.

٨- هاتنەڕیزی یەکێتی، ئارەزوومەندی ئەندامەتی کلێشەی ئەندامەتی پڕ دەکاتەوە و پێشکەشی یەکێتی یان یەکێك لە لقەکانی دەکات. داواکەشی پاش لایەنگریکردنی لەلایەن دوو لە ئەندامان پەسەند دەکرێت و لەگەڵ بڕیاری دەستەی باڵا یان دەستەی بەڕێوەبەرایەتی لق دەلکێنرێ. ئەو دەستەیە مافی ئەوەی هەیە کە داواکەی ت بکاتەوە، هەروەها ئەوەی داواکەی ت ئەکرێتەوە مافی ئەوەی هەیە سکاڵای خۆی بداتە کۆنگرەی یەکێتی و بڕیاری کۆنگرە دوا بڕیارە دەبێ لەو بارەوە.

**دووەم:** لە دەستدانی ئەندامێتی، کە بە پەناوەکردن(استقالە) و دەرکردن دەبێت:

١- پەناوەکردن(الاستقالة):

ئەندام بە پەناوەکراو دادەنرێت پاش ئەوەی داواکەی پێشکەش بە دەستەی بەڕێوەبەرایەتی باڵا، یان دەستەی بەڕێوەبەرایەتی لق دەکات و هۆیەکانی پەناوەکردنی تێدا ڕوون دەکاتەوە و دەستە بڕیاری لەسەر دەدات، یان پاش تیپەڕبوونی یەك مانگ بە سەر داواکردنی پەناوەکردن و دەرنەکەوتنی هیچ پەشیمانبوونەوەیەك لەسەری.

٢- دەرکردن:

ئەندام بە دەرکراو دادەنرێت لە یەکێتی لە کاتێك:

أ- لە دەستدانی یەکێك لە مەرجەکانی ئەندامێتی.

ب- بڕیاری دەرکردنی لەلایەن دەستەی بەڕێوەبەرایەتی باڵاوە دەرچووبێت لەگەڵ دیاریکردنی هۆیەکان و مافی سکاڵاکردنی هەیە لە کۆنگرەی یەکێتی و بڕیاری کۆنگرە دوا بڕیار دەبێت لەم بارەوە.

**مادەی هەشتەم:**

دەستەکانی(هیئات) یەکێتی و ئەرکەکانیان:

**یەکەم:**

**دەستەی گشتی لق:** بەرزترین دەستەیە لە لق و لە هەموو ئەو ئەندامانە پێك دێت کە سەر بەو لقەن و پابەندبوون بە گوێرەی ئەم پەیڕەوە و ساڵی جارێك کۆبونەوەی دەوری خۆیان دەکەن و دەکرێ داوا بکرێت لە دەستەی گشتی لق بۆ کۆبوونەوەی نائاسایی لەسەر داوای (دەستەی بەڕێوەبەرایەتی باڵا)ی یەکێتی، یان لەسەر داوای دەستەی بەڕێوەبەرایەتی لق، یان لەسەر داوای زۆربەی ئەندامانی دەستەی گشتی لق و ئەگەر ڕێك نەکەوتن ئەوە بۆ ماوەی یەك هەفتە کۆبوونەوەکە دوا دەخرێت و دواخستنەکەش لەسەر داوای ئەندامانی ئامادەبووی کۆبوونەوەکە دەبێت و ئەرکەکانی ئەم دەستەیش ئەمەی خوارەوەیە :

١- هەڵبژاردنی ئەندامانی دەستەی بەڕێوبەرایەتی لق و (٣) نوێنەر بۆ ئەنجومەنی باڵای یەکێتی و ئەندامانی تر بۆ کۆنگرەی یەکێتی بۆ نوێنەرایەتیکردنی شوعبەکانی سەر بە لق لەسەر بناغەی نوێنەرێك بۆ هەر (٢٠) ئەندام بە مەرجێك ئەو ڕێژەیە (المعدل) لە دوو کەس کەمتر نەبێت بۆ هەر شوعبەیەك.

٢- هەڵسەنگاندن و لێپرسینەوەی ئیش و کارەکانی دەستەی بەڕێوەبەرایەتی لق لە ساڵێکدا.

٣- گفتوگـۆ و بڕیـاردان لەسـەر ئـەو پێشـنیارانەی کـە پێویسـتە بـەرز بکرێنـەوە بـۆ کۆنگـرەی یەکێتـی یـان بـۆ دەسـتەی بەڕێوەبەرایەتـی بـاڵا.

**دووەم:**

**دەسـتەی بەڕێوەبەرایەتـی لـق:** لەلایـەن دەسـتەی گشـتی لـق هەڵدەبژێـرێ و لـە (٩) ئەنـدام پێـك دێـت بـە لای کـەم و لەگـەڵ دوو ئەندامـی جێگر(الاحتیـاط) و لـە مانگیکـدا دووجـار بـە لای کـەم کۆبوونـەوەی دەوری خـۆی دەکات و ئیـش و کارەکانـی ئەمانــەن:

١- کردنـەوەی شـوعبەی سـەر بـە لـق لـە قـەزا و ناحیـەکان و دانانـی لێژنەکانـی بەڕێوەبەرایەتـی شـوعبەکان بـە گوێـرەی پێویسـت بـۆ بەدیهێنانـی ئامانجەکانـی یەکێتـی پـاش وەرگرتنـی ڕەزامەنـدی دەسـتەی بەڕێوەبەرایەتـی بـاڵا لەسـەر ئـەم ئیشـوکارانە و دەسـتەی بەڕێوبەرایەتـی لـق بەرپرسـیارە لـە چاودێریکردنـی ئیـش و کاری شـوعبەکانی سـەرەوە بـۆ بەدیهێنانـی ئامانجەکانـی یەکێتـی.

٢- بەگشـتیکردن(تعمیم)ی، بڕیـارەکان و ئامۆژگارییەکانـی دەسـتەی بەڕێوەبەرایەتـی بـاڵای یەکێتـی.

٣- پێشکەشـکردنی ڕاپۆرتـی مانگانـە لەسـەر چالاکـی لـق و شـوعبەکانی بـۆ دەسـتەی بەڕێوەبەرایەتـی بـاڵای یەکێتـی.

٤- پێکهینانی لێژنەی پسپۆری پێویست بۆ وەدیهێنانی ئامانجەکانی یەکێتی.

٥- دەرکردنـی بڕیـار و ئامۆژگارییەکانـی پێویسـت بـۆ وەدیهێنانـی ئامانجەکانـی یەکێتـی بـە مەرجێـك لـە ئامۆژگارییەکانـی دەسـتەی بەڕێوەبەرایەتـی بـاڵا دەرنەچێـت.

٦- دەسـتەی بەڕێوەبەرایەتـی لـق لـە نێـوان ئەندامەکانیـدا، سـەرۆك و جێگـر و سـکرتێر و ئەمینـداری سـندوق هەڵدەبژێـرێ. ئەمینـداری سـندوق بـۆی هەیـە کـە مەبلەغێـك زیاتـر نەبێـت لـە (٢٠) دینـار لـە لای بێـت بـۆ کاتـی تەنگانـە و مەسروفاتـی پێویسـت بـۆ بەڕێوەچونـی کاروبـاری لـق و ئەشـێ زیـاد بکرێـت بـە موافەقەتـی دەسـتەی گشـتی لـق.

٧- مافـی سـزادانی ئەندامانـی لقـی هەیـە لـە چوارچێـوەی سەرنجڕاکیشـاندا و بـۆی هەیـە پێشـنیاری دەرکردنـی ئەنـدام پێشـکەش بـە دەسـتەی بەڕێوەبەرایەتـی بـاڵا بـکات و دەسـتەی بەڕێوەبەڕایەتـی بـاڵا بڕیـاری لەسـەر بـدات.

٨- بـۆی هەیـە ئەندامانـی جێگـر بانـگ بـکات بـۆ هاتنەنـاو دەسـتەی بەڕێوەبەرایەتـی لـق لـە کاتـی هەبوونی بۆشایی(شـاغر).

**سێیەم:**

**لێژنـەی بەڕێوەبەرایەتـی شـوعبە:** بـە لایکـەم لـە (٣) ئەنـدام دەبێـت کـە دەسـتەی گشـتی شـوعبە هەڵیاندەبژێـرێ و بـەو کاروبارانـەی خـوارەوە هەڵدەسـتێ:

١- ڕاپەڕاندنـی بڕیـارەکان و ئامۆژگارییەکانـی دەسـتەی بەڕێوەبەرایەتـی بـاڵا و لـق و تەعمیمکردنیـان.

٢- هەڵسـان بـەو کاروبارانـە کـە بـە پێویسـت دەزانرێـن بـۆ وەدیهێنانـی ئامانجەکانـی یەکێتـی لـە ژێـر سەرپەرشـتی دەسـتەی بەڕێوەبەرایەتـی لقـدا.

٣- دانانی ئەو لێژنانەی بە پێویستی دەزانن بۆ خۆیان.

**چوارەم:**

**کۆنگرەی یەکێتی:**

پێـك دێـت لـە ئەندامانـی دەسـتەی بەڕێوەبەرایەتـی بـاڵا و ئەندامانـی ئەنجومەنـی بـاڵای یەکێتـی و ئەندامانـی دەسـتەی بەڕێوەبەرایەتـی لقـەکان و نوێنەرانـی شـوعبەکان بـە ڕادەی نوێنەرێـك بـۆ (٢٠) ئەنـدام و کۆبوونـەوەی دەوری کۆنگـرە سـاڵی جارێـك دەبێـت و جگـە لەوانـەی لەسـەر داوای دسـتەی بەڕێوەبەرایەتـی بـاڵا یـان بـە داواکاری زۆربـەی ئەندامانـی کۆنگـرە دەبێـت و ئەرکەکانـی کۆنگـرە ئەمـەی خوارەوەیـە:

١-  هەڵبژاردنی ئەندامانی ئەنجومەنی باڵای یەکێتی.

٢- هەڵبژاردنی ئەندامانی دەستەی بەڕێوەبەرایەتی باڵای نوێ.

٣- لێکۆڵینەوەی پێشنیارەکان و ئامۆژگارییەکانی دەستەی گشتی لقەکان.

٤- لێكۆڵینەوە لەسەر كاروباری دارایی یەكێتی.

٥- لێكۆڵینــەوە لــە ئیشــوكارەكانی ســاڵی ڕابــردووی دەســتەی بەڕێوەبەرایەتــی بــاڵا و ئەنجومەنــی بــاڵای یەكێتــی.

٦- وەرگرتنـی بڕیـار و پێشكەشـكردنی ڕاسپاردە و ئاراسـتەكردنی پێویسـت بـۆ وەدیهێنانـی ئامانجەكانـی یەكێتـی.

٧- تەماشـاكردنی سـكاڵای پێشكەشـكراو لەلایـەن دەركـراوەكان و ئـەو داوایانـەی كـراون بـۆ هاتنـە ڕیـزی یەكێتـی و ڕەتكراونەتـەوە و دانـی دوا بڕیـار لەسـەریان.

٨- لابردنــی هەمــوو یــان هەندێــك لــە ئەندامانــی دەســتەی بەڕێوەبەرایەتــی بــاڵای یەكێتـی بـە مەرجێـك هەڵبژاردنـی نـوێ یـان تـەواوكاری بكرێـت لـە ماوەیـەك كـە لـە مانگێـك زیاتـر نەبێـت لـە ڕۆژی لابـردن.

٩- دەستكاریكردنی پەیڕەوهی ناوخۆی یەكێتی بە زۆربەی (دوو لەسەر سێ)ی ئەندامانی كۆنگرە و موافەقەتی وەزارەتی ناوخۆ وەردەگیرێت لەسەر ئەوە بەپێی یاسا.

١٠- كۆنگـرە لـەو كات و شـوێنە دەبەسـترێت كـە ئەنجومەنـی بـاڵای یەكێتـی دیـاری دەكات و ئەگـەر دەنگـی لەسـەر نـەدرا (نیـوەی ژمـارەی ئەندامـان و كـۆی یـەك) كۆنگـرە كـۆ دەبێتـەوە پـاش یـەك هەفتـە و دەنگـدان كـە لەلایـەن ئـەو ئەندامانـەوە دەكـرێ كـە ئامـادە بـوون.

١١- پێشكەشـكردنی پێشـنیارەكان بـۆ كۆنگـرە پێـش (١٠) ڕۆژ دەبێـت بـۆ لێكۆڵینـەوە و دانانــی لــە نــاو بەرنامەكانــی كاری(جــدول أعــمال) كۆنگــرە و ئەگــەر پێشــكەش كـرا لـە كاتـی بەسـتنی كۆنگـرە دەبێـت بـە ڕازیبوونـی زۆربـەی ئەندامـان لـە نـاو بەرنامــەی ئیشــوكارەكانی كۆنگــرە دابنرێــت.

**پێنجەم:**

**دەستەی بەڕێوەبەرایەتی باڵای یەكێتی:**

بـەلای كەمـەوە لـە (١١) ئەنـدام پێـك دێـت كـە لـە كۆنگـرەی یەكێتـی هەڵدەبژێردرێـن بـۆ مـاوەی سـاڵێك و هـەر دوو مانـگ جارێـك كۆبوونـەوەی خـۆی دەكات بـە لای كـەم.

بـەو ئیشـوکارانەی خـوارەوە هەڵدەسـتێ :

١- لێکۆڵینــەوەی ئامــۆژگاری و پێشــنیارەکانی کۆنگــرەی یەکێتــی و دانانــی ڕێوشــوێنی گونجــاو بــۆ ڕاپەڕاندنیــان.

٢- ئاراســتەکردنی چالاکــی و کاروبارەکانــی یەکێتــی بــۆ وەدیهێنانــی ئامانجەکانــی لــە ڕێگــەی پێکهێنانــی لێژنــە تایبەتەکان(لجــان الخــاص).

٣- دەرکردنــی بەیاننامــە و ئامۆژگارییــە تەنزیمییــەکان بــۆ دەســتەکانی بەڕێوەبەرایەتــی لق و شــوعبەکان.

٤- کردنـەوەی لقەکانـی یەکێتـی بـەو شـێوەی دەگونجێـت و فەرمانکـردن بـۆ دەسـتەکانی بەڕێوەبەرایەتـی لقـەکان بـۆ کردنـەوەی شـوعبەکان.

٥- دانانی دەستەی بەڕێوەبەرایەتی بۆ لقەکان تا کاتی هەڵبژاردنە گشتییەکانی لقەکان یان دانانی ئەندامانی زیاتر بۆ دەستەکانی بەڕێوەبەرایەتی ئەگەر پێویست بێت.

٦- سەپاندنی سزا بە سەر ئەندامان لە کاتی پێویستدا ئەویش:

أ ـ سەرنجڕاکێشـان، ئاراسـتەی ئەندامـان دەکـرێ لـە کاتێکـدا کـە لـە ناشرینکردنـی بـە بــێ ئەنقەســت و نەبەســتبێتەوە بــە ئامۆژگارییەکانــی بەڕێوەبەرایەتــی بــاڵا یـان لـق هـەر ئاگاداریـش کرابێتـەوە.

ب ـ دەرکردنــی کاتــی یــان یەکجــاری لــە کاتێکــدا کــە ســوور بێــت لــە ســەر جێبەجێنەکردنــی فەرمانەکانــی دەســتەی بەڕێوەبەرایەتــی بــاڵا یــان لــە کاتێکـدا کردەوەیـەك کـە کار بکاتـە سـەر ناوبانگـی یەکێتـی یـان هەڵسـێت بـە کــردووە لــە دژی ئەندامەکانــی یەکێتــی.

**دەستەی بەڕێوەبەرایەتی باڵا لە ناو ئەندامانیدا، ئەمانە هەڵدەبژێرێت:**

**١. سەرۆك:**

سـەرۆکایەتی کۆبوونەوەکانـی دەسـتەی بەڕێوەبەرایەتی باڵا و کۆنگـرەی یەکێتی دەکات و نۆینەرایەتـی یەکێتـی دەکات لـە هەمـوو دەسـتە و دائیـرە ڕەسـمی و نارەسـمییەکاندا. ئیمـزا دەکات لەسـەر نـووسراوەکان کـە لـە یەکێتـی دەردەچـن و لەسـەر سـەنەدەکانی

سـەرفکردن بـە هـاوکاری لەگـەڵ ئەمینـداری سـندوق و لەسـەر هەمـوو ئـەو نووسراوانـە و پەیمانانـە ئیمـزا دەکات کـە دەسـتەی بەڕێوەبەرایەتـی بـاڵا بڕیاریان لەسـەر دەدات و مافی ئـەوەی هەیـە، کـە یەکێـك لـە ئەندامانـی دەسـتەی بەڕێوەبەرایەتـی هەڵبژێـرێ بـۆ هەندی کاری تایبەتـی بـە موافەقـەی دەسـتەی بەڕێوەبەرایەتـی بـاڵا.

**٢. جێگری سەرۆك:**

جێگەی سەرۆك دەگرێتەوە لە کاتی ئامادەنەبوون یان پەناوەکردن(استقالە)ی سەرۆکدا.

**٣. ئەمینداری سندوق:**

بە ڕێکخســتنی حســاباتی یەکێتــی و ڕاگرتنــی لیســتە پێویســتەکان و وەرگرتنی ئابوونــەی بــوون بە ئەنــدام و ئابوونەی مانگانە هەڵدەســتی و ڕاپورتی دارایی ســاڵانە ڕێــك دەخــات و پێشــکەش بە دەســتەی گشــتی دەکات و لەگەڵ ســەرۆك لەســەر چــەك و ســەنەداتی ســەرفکردنی، ئیمــزا دەکات و لەلایەن ئــەوەوە پــارەی یەکێتی لــە بانقــەکان دادەنرێ و بــۆی هەیە کــە مەبلەغی (٥) دینــار لە لای خــۆی دابنێت بــۆ بەرەوڕووبوونــەوەی کاتــی تەنگانــە و پێویســتییەکانی یەکێتی و تەســلیمکردنی هەمــوو پــارە و دیارییەك بــە بەڵگەنامــەی ئیمزاکراو لەلایــەن ئەوەوە یــان جێگری ئــەو دەبێــت، پــاش مۆرکردنی بە مــۆری یەکێتــی و مافی ڕاکێشــانی زیاتــر لە (٥٠) دینــاری هەیە بــە بڕیــاری دەســتەی بەڕێوەبەرایەتــی باڵا.

**٤. سکرتێری گشتی:**

ڕێکخســتنی کۆبوونــەوەکان و ئامادەکردنــی بەرنامەکانــی کاروباری(جــداول الأعــمال) کۆبوونەوەکانــی دەســتەی بەڕێوەبەرایەتــی بــاڵا و ڕاگرتنــی تۆمارگاکانــی و چاودێریکردنــی راپەراندنــی بڕیــارەکان و هەڵگرتنــی لیســتە پێویســتەکان و ڕێکخســتنی نامەگۆڕینەوەکان(المراســلات) بەڕێــوە دەبــات.

**شەشەم:**

**سکرتاریەتی گشتی:**

بــەلای کەمــەوە لــە دوو ئەندامــی دەســتەی بەڕێوەبەرایەتــی بــاڵا پێــك دێــت بــە ســەرۆکایەتی ســکرتێری گشــتی و لێپرسراویەتــی چاودێریکردنــی ڕێکخســتنی لقــەکان و

بنکـەکان و لێژنـەی تایبەتییـەکان و ڕاپەراندنـی بڕیارەکانـی دەسـتەی بەڕێوەبەرایەتـی بـاڵا دەبـات و بـەلای کەمـەوە لـە حەفتـەی جارێـك كـۆ دەبێتـەوە.

**حەوتەم:**

**ئەنجومەنی باڵای یەکێتی:**

لــە نوێنەرانــی یەکێتــی پێــك دێــت کــە لەلایــەن دەســتە گشــتییەکانی لقەکانــەوە هەڵدەبژێردرێـن بـە ڕادەی سـێ ئەنـدام بـۆ هـەر لقێـك و هەمـوو ئەندامانـی دەسـتەی بەڕێوەبەرایەتــی بــاڵا و بــەلای کــەم لــە هــەر ســێ مانــگ جارێــك کــۆ دەبێتــەوە بــۆ کاروبــاری ڕێکخســتن و بەڕێوەبەرایەتــی دارایــی و ڕێکخســتنی ئیشــوکاری لــە چاودێریکردنــی ڕاپەڕاندنــی بڕیارەکانــی کۆنگــرە.

**هەشتەم:**

**ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەرایەتی باڵا:**

بــە بڕیــاری دەرچــوو لــە ئەندامانــی بــاڵای یەکێتــی لــە لێپرسراویەتــی بــە زۆربــەی (دوو لەسەرسـێ)ی دەنـگ و سـکاڵاکردنی هەیـە لـە کۆنگـرە و کۆنگـرە دوا بڕیـار دەبێــت، ئەگــەر بۆشــایی پەیــدا بــوو لــە ئەندامانــی دەســتەی بەڕێوەبەرایەتــی بــاڵا، ئەندامانـی (الاحتیـاط) بانـگ دەکرێـت بـۆ پڕکردنـەوەی بۆشـاییەکە بـە گوێـرەی دانانـی دەســتەی بەڕێوەبەرایەتــی بــاڵا.

**مادەی نۆیەم:**

لەسەر یەکێتی و شوعبەکانیەتی ئەم لیستانەی خوارەوە لە لای خۆیان ڕابگرن:

١-لیسـتەی ئەندامـان کـە نـاوی هـەر ئەندامێك و تەمەنی و پیشـەی و شـوێنی دانیشـتنی و مێـژووی پەیوەندیکردنـی و جنسـیەی و نـاوی ئەندامانی پشـتگیریکەری تێـدا دەنووسرێ.

٢-تۆمارگــەی کۆبوونــەوەکان و بڕیارەکانــی دەســتەی بەڕێوەبەرایەتــی و دەســتەی گشــتی تێــدا دەنــووسرێ و لــە کۆتایــی هــەر کۆبوونەوەیــەك لەلایــەن ئەندامانــی ئامادەبــوو لەســەری ئیمــزا دەکــرێ.

٣-تۆمارگـەی حسـابات کـە دەسـکەوت و مەسروفاتـی یەکێتـی تێدایـە دەنـووسرێ بـە

مەرجێـك کـە (تصدیـق) کـرا بێـت لەلایـەن دادنووس(کاتـب العـدل)ەوە.

٤-تۆمارگەی کەلوپەل کە هەر شتێك موڵکی یەکێتی بێت تیایدا دەنووسرێ.

٥-تۆمارگەی نووسراوەکانی هاتوو و ڕۆیشتوو.

**مادەی دەیەم:**

یەکێتـی کەسـایەتییەکی مەعنـەوی هەیـە یـان خاوەنـی ئەهلیەتێکـی تـەواوە بـۆ جێبەجێکردنـی ئیشـوکارەکانی لـەم بەرنامەیـەدا، نـووسراو و مافـی ڕەفتـار (تـصرف) و بەسـتنی بەڵێـن و خاوەنێتـی و دژایەتـی و (الخصومـە) و بردنـە دادگا(المرافعـە)ی هەیـە و سـەرۆك یـان جێگـری سـەرۆك نوێنەرایەتـی دەکات بـە گوێـرەی ئـەم بەرنامەیـە.

**مادەی یازدەهەم:**

ئەگـەر بڕیـار درا بـە هەڵوەشـاندنەوەی یەکێتـی بـە شـێوەیەکی ئیختیـاری بـە بڕیـاری زۆربـەی دەنگـی (دوو لەسەرسـێ)ی ئەندامانـی کۆنگـرە مومتەلـەکات ڕێـك دەخـرێ لەلایـەن ئـەو ڕێکخـەرەی کـە کۆنگـرە دیـاری دەکات و پاشـماوەکەی لـە پـاش ڕێکخسـتن دەگواسـترێتەوە بـۆ ئـەو لایەنانـەی کـە کۆنگـرە دیـاری دەکات، بـەڵام ئەگـەر هەڵوەشـاندنەوەکە بـە شـێوەیەکی قەزائـی(دادگا) بـوو بـۆ ڕێکخسـتنی مومتەلەکاتـی یەکێتـی و گواسـتنەوەی پاشـماوەکەی لـە دوای ڕێکخسـتن و پاککردنـەوەی فەرمانەکانـی یاسـا چـاو دەکرێـن.

## بڕیار و ڕاسپاردەکانی کۆنگرەی سێیەمی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان ١٩٧٢

بە ڕەچاوکردنی کەشوهەوای سیاسی عێراق و سرووشتی ئەو بارودۆخانەی باڵیان بەسەر ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا کێشاوە، هەروەها بە لەبەرچاوگرتنی ئەو مەترسیانەش کە رووبەڕووی بزووتنەوەی رزگاریخوازی گەلانی ناوچەکە دەبنەوە، بە گەلی عێراقی ئێمەشەوە، کۆنگرە بڕیاری ئەمەی خوارەوەی دا:

**یەکەم: لەسەر ئاستی ناوخۆیی**

١- کۆنگرە پشتگیری تەواوی خۆی بۆ بەیاننامەی ١١ی ئادار دووپات دەکاتەوە کە سەرکەوتنێکی گەورە بوو بۆ هەموو هێزە نیشتمانی و پێشکەوتووخوازەکانی عێراق و چەندین دەرفەتی پێکەوە کارکردنیشی بۆ رێکخراوە جەماوەریەکانمان ڕەخساند، ئەمەش دوای خەباتێکی نهێنی دوورودرێژ کە چەندین ساڵی خایاند و رێگای لە بەردەم رێگەچارەیەکی ئاشتیانە و لە چوارچێوەی مافە نەتەوەییە ڕەواکان بۆ گەلی کوردمان والا کرد، بە تایبەتی مافی ئۆتۆنۆمی لە چوارچێوەی کۆماری عێراق. هەروەها کۆنگرە جەخت لەوە دەکاتەوە کە گەلەکەمان بە شێوەیەکی کردەیی بە مافی ئۆتۆنۆمی بگات و هەموو پێداویستیەکانی رووبەڕووبوونەوەی پیلانەکانی کۆلۆنیالیزم و زایۆنیزم و دواکەوتوویی بۆ فەراهەم بکرێ.

٢- کۆنگرە خۆشحاڵی خۆی بەرامبەر گەیشتنی کەمینە نەتەوەییەکانی کوردستان بە مافە کارگێڕی و کلتووریەکانیان دەردەبڕێ و پێی وایە ئەمە دەبێتە مایەی زامنکردنی توندوتۆڵبوونی یەکڕیزیی نیشتمانی.

٣- کۆنگرە داخی خۆی بەرامبەر بە بەدیکردنی هەندێك دیاردەی نێگەتیڤ دەردەبڕێ کە تا ئێستا باڵ بەسەر کەشوهەوای سیاسیدا دەکێشن و بوونەتە مایەی زیادکردنی ئاستی نیگەرانی لە کوردستانی عێراق ، لە ئەنجامی جێبەجێنەکردنی ئەو بڕگانەی لە بەیاننامەی ئادار ماونەتەوە و درێژەدان بە پرۆسەی دوورخستنەوەی رۆڵەکانی گەلی کوردمان بە تایبەتی لە ناوچەکانی ناوەڕاست و باشووری عێراق و دەرەوەی وڵات و داوای گێڕانەوە و بەخشینی مافی نیشتەجێبوون بۆ ئەوانە دەکات کە بە گوێرەی رێککەوتنی نێوان حزبی بەعسی عەرەبی سۆسیالیستی و پارتی دیموکراتی کوردستان خاوەنی ئەو مافەن و وەستاندنی پیادەکردنی سیاسەتی جیاکاری لە

دژیان. هەروەها كۆنگرە داوای هێنانەدی خواستێكی دیكەی گەلی عێراق دەكات كە بریتیە لە بونیادنانی بەرەیەكی نیشتمانیی هاوسەنگ كە حكومەتێكی هەمەلایەنی نیشتمانی لێ بكەوێتەوە و ببێتە مایەی هێنانەدی دیموكراسی بۆ عێراق و ئۆتۆنۆمی بۆ كوردستان.

٤- كۆنگرە پشتگیریی خۆی بۆ هەنگاوە ئیجابیەكانی حكومەتی نیشتمانی دووپات دەكاتەوە كە بەرەو ئاراستەی ئازادیی سیاسی و ئابووری دەنرێن، بە تایبەتی لە بواری چاكسازیی كشتوكاڵی و بەرهەمهێنان و مامەڵەكردن لەگەڵ سامانە نەوتیەكان بە شێوازێكی گونجاو و ناساندنی ئەو كەرتە وەك فاكتەرێكی بنەتی لە شەڕی رزگاركردنی ئابووریماندا.

٥- كۆنگرە دەستپێشخەریەكەی حكومەتی نیشتمانی سەبارەت بە راگەیاندنی پرۆژەی میساقی كاری نیشتمانی بەرز دەنرخێنێ و بە هەنگاوێكی گرنگی دەزانێ بەرەو ئاراستەی یەكخستنی هێزە نیشتمانی و پێشكەوتووخوازەكانی عێراق و هیواخوازیشە بۆچوونە خێرخوازەكان بەیەك بگەن و وەڵامی ئەو پێشنیازە گونجاوانەش بدرێتەوە كە لەلایەن سەركردایەتی پارتی دیموكراتی كوردستانەوە خراونەتە روو، كۆنگرە پێشی وایە هاوپەیمانیی نێوان حزبی بەعسی عەرەبی سۆسیالیستی و پارتی دیموكراتی كوردستان لەسەر بنەمایەكی پتەو و راستگۆیانە بریتیە لە كرۆكی بەرەی نیشتمانی چاوەڕوانكراو.

٦- وەك پەرۆشیەك لەلایەن ئافرەتانی كوردستانەوە بەرامبەر توندوتۆڵكردنی پەیوەندییەكانی نێوان یەكێتیەكەیان وەك نوێنەری نەتەوەیی و ڕاستەقینەی ئافرەتانی كوردستان لەگەڵ یەكێتی گشتی ئافرەتانی عێراق ، بە شێوەیەك ببێتە مایەی هێنانەدی ئەو ئامانجانەی ئافرەتانی عێراق هیوای بۆ دەخوازن، لێرەوە كۆنگرە ئەم داواكاریانەی خوارەوە دەخاتە روو:

پێكهێنانی ئەنجومەنێكی باڵا بۆ یەكێتی گشتی ئافرەتانی عێراق كە یەكێتیەكەی ئێمەش لە رێگەی ژمارەیەكی یەكسانی نوێنەرانمان تیایدا بەشدار بێ، بە مەرجێك ژمارەی ئەندامانمان لە ئەنجومەنەكە هاوشێوەی ئەو سیستمە بێ كە لە زۆربەی ئەو وڵاتانە كاری پێ كراوە كە توانیویانە كێشە نەتەوەییەكانیان چارەسەر بكەن و

بنەماکانـی یەکێتـی نیشـتمانی ان پتـەو بکـەن. کۆنگـرە جەخـت لـەوەش دەکاتـەوە کـە ئەنجومەنێکـی لـەو جـۆرە رۆڵێکـی پراکتیکیانـە بـە ئافرەتانـی کوردسـتان دەبەخشـێ لـە وێناکـردن و دارِشـتنی پـلان بـۆ هەڵوێسـتە ژیاریـەکان و ئـەو بابەتانـەی پەیوەسـتن بـە هەمـوو ئافرەتانـی عـەرەب و کـورد لـە عێـراق، هەروەهـا دەبێتـە مایـەی رێکخسـتنی کۆشـش و پەیوەندیـی نێـوان رێکخراوەکانـی ئافرەتـان لـە وڵاتـی ئێمـە لەسـەر بنەمـای شـیاویی و داننـان و ئەرکـە یەکسـانەکان:

١- بەشـدارییپێکردنی یەکێتیەکەمـان لـە هەمـوو ئـەو کۆنگـرە و کۆبوونـەوە دەرەکیانـەی بانگهێشـتی یەکێتـی گشـتی ئافرەتانـی عێـراق دەکـەن.

٢- کۆنگـرە بـە خۆشـحاڵیەوە تێبینـی بوونـی چەنـد بەشـێکی تایبـەت بـە پتەوکـردن و پشـتگیریکردنی بزووتنـەوەی ئافرەتانـی عێـراق و رێکخـراوە جەماوەریـەکان و خستنەروویان بـۆ گفتوگـۆ دەکات و جەخـت لەوە دەکاتـەوە کە سـەرکەوتنی یەکڕیزیی نیشـتمانی پێویسـتی بـە کرانـەوە بـە رووی ئـەم رێکخراوانـەی ئافرەتانـەوە هەیـە کـە لـە وڵاتـدا بوونیـان هەیـە، بۆیـە کۆنگـرە جارێکـی دیکـە داوای یەکخسـتنی جموجۆڵـی ئافرەتانـی عێـراق دەکات، بـەو پێیـەی بـەرەی پێشـکەوتووخوازی ئافرەتـان تاکـە وەڵامە بـۆ ئاراسـتەکردنی خەباتـی ئافرەتـان بـەرەو ئاسـۆیەکی هاوبـەش و باشـتر، هەروەهـا لەسـەر ئاسـتی ناوخـۆ و دەرەوەش قورسـاییەکی دیکـە بـە جموجۆڵـی ئافرەتانـی عێـراق دەبەخشـێ و وزە و توانـا جۆربەجۆرەکانیـش کـۆ دەکاتـەوە و دەیانخاتـە خزمەتـی نیشـتمان و دەبـن بـە پاڵپشـت بـۆ پێشـکەوتنی بوارەکانـی ئابـووری و کۆمەڵایەتـی.

**دووەم: لەسەر ئاستی عەرەبی**

١-لـە ناخـی ئێـش و ئازارەکانـی گەلـی کـورد و ئـەو نیشـتمانەمان کـە لـە سـەردەمی جەنگـی یەکەمـی جیهـان لەلایـەن داگیرکەرانـەوە بـەش بـەش کـرا، وەك چـۆن نیشـتمانی عەرەبیـش بـەش بـەش کـرا، ئافرەتانـی کوردسـتان پەیـمان تـازە دەکەنـەوە کـە شانبەشـانی خوشـکانی عـەرەب لـە وڵاتانـی تـر درێـژە بـە خەبـات بـدەن لـە پێناوی دەسـتەبەرکردنی یەکێتـی وڵاتانیـان و تەواوکردنـی پرۆسـەی ئازادکردنـی ئابـووری و وەسـتان لـە دژی دوژمنـی هاوبەشـمان کـە کۆلۆنیالیـزم و زایۆنیـزم و دواکەوتوویـن.

٢- کۆنگـرە پشـتگیریی تـەواوی خـۆی بـۆ خەباتـی رزگاریخـوازی گەلـی فەلەسـتینی بـرا و

تـەواوی ئافرەتانـی خەباتگێـڕی فەلەسـتین دەردەبـڕێ، لـە پێنـاوی ئازادکردنی نیشـتمانە داگیرکراوەکەیان.

٣- وەك رێزگرتنێـك لـە هەڵوێسـتە جێگیرەکانـی رێکخسـتنی سیاسـی بـەرەی نەتەوەیـی لـە کۆمـاری یەمەنـی دیموکراتـی میللـی و هاوسـۆزیی بەردەوامـی بەرامبـەر گەلـی کـورد و پشـتگیریکردن لـە خەباتـی ڕەوامـان لـە پێنـاوی گەیشـتن بـە مافـە نەتەوەییەکانمـان و بـە بۆنـەی ئامادەبوونـی خاتـو عایـدە علـوی نوێنـەری یەکێتـی گشـتی ئافرەتانـی یەمـەن لـە کۆنگرەکەمـان . کۆنگـرە بـە پێویسـتی دەزانـێ سـڵاوی گـەرم ئاراسـتەی یەکێتـی گشـتی ئافرەتانـی یەمـەن بـکات و هیـوای پێشـکەوتنی بەردەوامیـش بـۆ گەلانـی کۆمـاری یەمەنـی دیموکراتـی میللـی دەخـوازێ.

٤- کۆنگـرە خۆشـحاڵی خـۆی بەرامبـەر رێککەوتنـی ئـەم دواییەی نێـوان حکومەتی سـودان و شۆڕشـگێڕانی باشـووری سـودان دەردەبـڕێ و پێـی وایـە جێبەجێکردنـی رێککەوتنەکـە سـەرکەوتنی گەلـی سـودانی بـرا و بەهێزکردنـی یەکێتـی نیشـتمانی ئـەو وڵاتـەی لـێ دەکەوێتەوە.

**سێیەم: لەسەر ئاستی جیهان**

وەك دیـارە شۆڕشـی کـورد بەشـێکی جیانەکـراوەی شۆڕشـی جیهانـە، بـە گوێـرەی باوەڕێنانـی بەشـداربوانی کۆنگـرەش بـەوەی بابەتـی ئازادیـی لـە سەرتاسـەری جیهـان یـەك بابەتـە و هـەر گرووپێکیـش لەسـەریەتی رۆڵـی خـۆی لـەو چوارچێـوە جیهانیـەدا بگێـڕێ، بۆیـە کۆنگـرە بڕیـار دەدات :

أ- دەربڕینـی پشـتیوانی بـۆ خەباتـی گەلانـی ئاسـیا و ئەفریقیـا و ئەمەریـکای لاتیـن لـە پێنـاوی گەیشـتن بـە مافـی دیارکردنـی چارەنـووس و تێکۆشـان لـە دژی دەسـەڵاتە داگیرکاریـەکان و بنبڕکردنـی هەمـوو شـێوازەکانی جیاکاریـی رەگەزپەرسـتی و ڕژێمـە کۆنەپەرسـت و دکتاتۆریـەکان و شـادبوون بـە ئازادیـی نیشـتمانی و دیموکراسـی.

ب- کۆنگـرە لەدایکبوونـی کۆمـاری بەنگلادیشـی دیموکراتـی میللـی پیـرۆز دەکات و وەك ئەنجامێـك بـۆ خەباتـی گەلـی بەنگالـی ڕۆژهـەڵات لـە قەڵەمـی دەدات و پێـی وایـە ئەمـە بەڵگەیەکـی روونـە بـۆ ئـەوەی کێشـە نەتەوایەتیەکانـی گـەلان تەنیـا لـە رێـگای

بەخشـینی مافـە نەتەوەییـەکان و دیموکراسـیەتەوە یـەکلا دەکرێنـەوە و کۆنگـرە هیـوای پێشـکەوتنی بـەردەوام بـۆ گەلـی کۆمـاری بەنگلادیـش دەخـوازێ.

ج- کۆنگـرە سـڵاوی خەبـات ئاراسـتەی یەکێتـی ئافرەتانـی دیموکراتـی جیهـان دەکات و جەخـت لەسـەر خواسـتی ئافرەتانـی ئێمـە دەکاتـەوە بـۆ پتەوکردنـی پەیوەندییەکانمـان لەگـەڵ سـەرجەم ئـەو رێکخراوانـەی تیایـدا ئەندامـن و تێکۆشـانمان لـە پێنـاوی یەکخسـتنی جموجۆڵـی ئافرەتـان لەسـەر ئاسـتی جیهـان. هەروەهـا کۆنگـرە دڵنیایـی خـۆی دەردەبـڕێ سـەبارەت بـەوەی هـەوڵ و تێکۆشـانی هاوبەشـمان لـە پێنـاوی هێنانـەدی ئامانجەکانمـان دەگاتـە ئـەو مەبەسـتەی جولانـەوەی ئافرەتانـی جیهـان هەوڵیـان بـۆ دەدات.

د- کۆنگـرە پشـتگیریی گەرمـی خـۆی بـۆ خەباتـی ڕەوای گەلـی ڤێتنامـی قارەمـان رادەگەیەنـێ لـە پێنـاوی ئـازادی و یەکێتـی نەتەوەییـدا، هەروەهـا هاوخەمـی خـۆی بـۆ ئـازار و ئاسـتەنگە هەنووکەییەکانـی ئـەو میللەتـە دەردەبـڕێ و شانبەشـانی دەوەسـتێ لـە پێنـاوی گەیشـتنی گەلـی ڤێتنـام بـە مافـی دیارکردنـی چارەنـووس و هەمـوو جـۆرە دەسـتوەردانێکی بیانیـش لـە کاروبـاری ناوخـۆی ئـەم وڵاتـە رەت دەکاتـەوە.

**بڕیارە ئابوورییەکان**

کۆنگـرە جەخـت لـەوە دەکاتـەوە کـە بەرزکردنـەوەی ئاسـتی ئابـووری ئافرەتانـی کوردسـتان پەیوەسـتە بـە بەرزکردنـەوەی ئاسـتی ئابـووری کوردسـتان بـە تایبەتـی و عێـراق بـە گشـتی، بۆیـە کۆنگـرە ئـەم داواکاریانـەی خـوارەوە دەخاتـە روو:

١- کارکـردن لـە پێنـاوی پێشخسـتنی ناوچـەی کـوردی لـە بوارەکانـی کشـتوکاڵ و پیشەسـازی و گەشـتوگوزاردا، ئەمـەش بـە گوێـرەی کارکـردن بـە مـادەی ژمـارە حەوتـی بەیاننامـەی ١١ی ئـادار، هەروەهـا کۆنگـرە پێـی وایـە ئـەو پـلان و رێوشـوێنانەی بـۆ ئـەو مەبەسـتە گیراونەتـە بـەر وەك پێویسـت نەبـوون و نەیانتوانیـوە ئاسـەواری ئـەو وێرانکاریـە بسـڕنەوە کـە بـە درێژایـی سـاڵانی شـەڕ ناوچەکەیـان گرتۆتـەوە، هەروەهـا نەبوونەتـە مایـەی بنبڕکردنـی ئـەو دواکەوتوویـەی لـە ئەنجامـی پیادەکردنـی سیاسـەتی چەوسـاندنەوەی نەتەوەیـی لەلایـەن حکومەتەکانـی رابـردووی عێـراق لـە دژی نەتـەوەی کوردپیـادە کراون.لـەو ڕوانگەیـەوە کۆنگـرە

داوای زیادکردنــی بــڕی پــارەی تەرخانکــراو و دوورخســتنەوەی لــە ڕۆتینــی حکومــی دەکات، هەروەهــا کار بــۆ ئامادەکردنــی ئامێــر و کادر و کەســانی شــارەزا بکرێــت لــە پێنــاوی جێبەجێکردنــی ئــەو پلانانــەی بڕیاریــان لەبــارەوە دراوە.

٢- کۆنگــرە داوای ئامادەکردنــی توێژینــەوە و ئەنجامدانــی ڕووپێــوی پێویســت بــۆ ســامانە سرووشــتیەکان دەکات، چ لــە ڕووی کشــتوکاڵی بــێ یــان لــە ڕووی کانزایــی و پیشەســازیی و وزەی مرۆیــی و هەمــوو ئــەو فاکتەرانــەی دەبنــە مایــەی پێشخســتنی ناوچەکــە بــە شــێوەیەکی زانســتیانەی ورد و ئــەم توێژینەوانــە بکرێــن بــە بنەمــای داڕشــتنی پلانێکــی هەمەلایەنــی وا کــە بەهۆیــەوە و بەپێــی پرۆگرامێکــی تۆکمــە، ناوچەکــە پێشــکەوتن بەخۆیــەوە ببینــێ.

٣- کۆنگــرە تێبینــی بەرزبوونــەوەی نرخەکانــی خــۆراك و کەلوپەلــی دیکــەی ژیــان و کەمبوونەوەیــان لــە بــازاڕ و ڕوودانــی تەنگژەی یــەك لــەدوای یــەك و دابیــن نەکردنیــان بــۆ چینــی هــەژار و بوونــی کێشــەی موچــەی کــردووە، ئەمــە وێــڕای دابەزینــی ئاســتی نیشــتەجێبوون لای ئەندامانــی کۆمەڵــگای عێراقــی بــە گشــتی و بەرزبوونــەوەی کــرێ، لــە بەرامبــەردا هیــچ گۆڕانکاریــەك بەســەر ئاســتەکانی کــرێ و مووچــەدا نەهاتــووە، بۆیــە کۆنگــرە داوای دابینکردنــی کەلوپەلــی ژیــان بــۆ ئەندامانــی کۆمەڵــگای عێــراق دەکات، هەروەهــا داوا دەکات کار لەســەر دابینکردنــی شــوێنی نیشــتەجێبوونی گونجــاو بــۆ زۆرتریــن ژمــارەی خەڵــك بکــرێ و ڕێــژەی باجیــش کــەم بکرێتــەوە، بــە تایبەتــی باجە ناراســتەوخۆکان و چــاو بــە ڕێــژەی کــرێ و مووچــەدا بخشــێندرێتەوە بــە تایبەتــی دوای زیادبوونــی ئاســتی داهاتــە دارایــیەکان لــە ئەنجامــی واژۆکردنــی ڕێککەوتنــی نــەوت و بەرهەمهێنانــی بــە شــێوەیەکی راســتەوخۆ.

٤- کۆنگــرە تێبینــی ئــەوە دەکات کــە هاوڵاتیــان گەشــبینن بــە بەرهەمــی کشــتوکاڵی ئەمســاڵ و پێشــبینی زیادبوونــی بەرهــەم دەکــەن بــە بــەراورد لەگــەڵ ساڵانی رابــردوو، بۆیــە کۆنگــرە داوا لــە دامــودەزگا حکومیــەکان دەکات پلانێکــی حەکیمانــە دابڕێــژن کــە ببێتــە ڕێگــر لەبــەردەم دابەزینــی نرخــی ئــەو بەرهەمانــە و کڕینەوەیــان بــە نرخــی گونجــاو لــە جوتیــاران.

٥- کۆنگــرە تێبینــی کــردووە ئــەو ڕێوشــوێنانەی لــە پێنــاوی بنبڕکردنی بێکاری لەســەر ئاســتی

عێـراق  گیراونەتـە بـەر، کاریگەریـی ئەوتۆیـان نەبـووە و لـە ئاسـتی چارەسـەرکردنی کێشـەکەدا نەبـوون، ئـەم دیاردەیـەش لـە ناوچـە کوردیـەکان بـە ئاشـکرا دیـارە، ئەمـەش بەهـۆی چالاکنەکردنـی کەرتـە ئابووریـەکان وەك پێویسـت و بـەو پێیـەی تیایانـدا بێـکاری بوونـی هەیـە، بۆیـە کۆنگـرە داوا دەکات حکومـەت کار لەسـەر نەهێشـتنی ئەم دیاردەیـە بـکات و کەسـانی رۆشـنبیر لـە کەرتـی زانسـتی دامەزرێنرێـن و خولـی راهێنان و پیشـەیی بـۆ هەمـوو ئاسـتە زانسـتیەکان بکرێنـەوە، بـە مەبەسـتی ئامادەکردنیـان بـۆ ئەنجامدانـی کارە تەکنیکیـەکان لـەو پرۆژانـەی بڕیـار لەبـارەی جێبەجێکردنیـان دراوە.

٦- کۆنگـرە تێبینـی بەردەوامیـی هـەوڵ و کۆششـی یەکێتیەکەمـان دەکات لـە بـواری مەشـقکردن بـە ئافرەتانـی کوردسـتان و خولقاندنـی دەرفەتـی کار بۆیـان و داواش لـە رێکخـراوە پیشـەییەکانی تـر دەکات هەمـان ئـەو رێگایـە بگرنەبـەر و لـە سـەرجەم پارێزگاکانـی عێـراق  کار بـۆ دامەزراندنـی بنکـەی مەشـق و راهێنـان بکـەن.

٧- کۆنگـرە داوا لـە وەزارەتـی کاروبـاری کۆمەڵایەتـی باکـور و وەزارەتـی چاکسـازیی کشـتوکاڵی و بانـك و لایەنـە بەرپرسـەکانی تـر دەکات پشـتگیریی لـە پێشـنیازەکانی یەکێتـی ئافرەتانـی کوردسـتان بکـەن، بـەو پێیـەی دەبنـە مایـەی خولقاندنـی پـرۆژەی کشـتوکاڵی و پیشەسـازی و هاندانـی پیشـەماڵیـەکان و مەشـقکردن بـە ئافرەتانـی کوردسـتان و ڕەخسـاندنی دەرفەتـی کار بۆیـان، لـە پێنـاوی بەرزکردنـەوەی بـاری ئابـووری و بەرهەمهێنـان لـە ناوچـە کوردیـەکان و دابینکردنـی کەلوپـەل و خـۆراك بـۆ چینـە هـەژار و کەمدەرامەتـەکان و وەگەڕخسـتنی دەسـتی کار لەنێـو ئافرەتانـدا.

٨- کۆنگـرە دەستخۆشـی لـە ئافرەتانـی کوردسـتان دەکات و داوایـان لـێ دەکات ڕەچـاوی ئـەو بارودۆخـە ئابووریـە نالەبـارە بکـەن کـە کوردسـتان پێیـدا تێپەڕیـوە، هەروەهـا داوایـان لـێ دەکات کەمـتر رووبکەنـە کڕینـی کەلوپەلـی جوانکاریـی و دەسـتی خێزانـەکان بگـرن بـۆ زاڵبـوون بەسـەر ئـەو ئاسـتەنگە ئابووریانـەی رووبەڕوویـان دەبینەوە،بـە تایبەتـی لـە بـواری گرانیـی نـرخ و بێـکاری.

٩-  کۆنگـرە داوا دەکات لـە کاتـی دابەشـکردنی موڵکـە کشـتوکاڵیەکاندا ڕەچـاوی مافـی ئافرەتـان بکـرێ و پێویسـتە ئەوانیـش روو بکەنـە ئەنجومەنـە کشـتوکاڵی و هـاوکاری و جوتیاریـەکان و کێڵگـە هەرەوەزیـەکان و لـە بەڕێوەبردنـی کاروبارەکانیانـدا بەشـدار

بـن، هەروەهـا دەرفـەت بـۆ ئافرەتانـی كوردسـتان بڕەخسـێنرێ كـە كار لـەو پـرۆژە سـەرمایەگوزاریانەدا بكـەن كـە لەلایـەن یەكێتـی و كێڵگـە هەرەوەزیـەكان و بنكەكانـی بەرهەمهێنـان و پیشەسـازیە دەسـتی و ماڵیەكانـەوە پێشـنیاز دەكرێـن.

**كۆنگرە ئەم داواكاریانەی خوارەوە دەخاتەڕوو:**

١- بەهێزكردنـی رێكخسـتنەكانی یەكێتـی لەنـاو لـق و ناوەنـدەكان لـە رێگـەی داڕشـتنی پلانـی ناوەنـدی بـۆ هەمـوو چالاكیـەكان و جێبەجێكردنیـان لەلایـەن دەسـتەی كارگێـڕی لقـەكان بـە پێـی پشتبەسـتن بـە بنەمـای سـەنترالیزم لـە داڕشـتنی پـلان و لامەركەزیـەت لـە جێبەجێكـردن و بوونـی سانسـۆر و چاودێـری كاریگـەر لەلایـەن دەسـتەی كارگێـڕی بـاڵا بـۆ چالاكـی لـق و هۆبـەكان.

٢- كۆنگـرە جەخـت لـەوە دەكاتـەوە كـە ئەركـی رووبەڕووبوونـەوەی كێشـە كۆمەڵایەتـی و ئابووریەكانمـان پێویسـتی بـە هـەوڵ و كۆششـی زۆر هەیـە، بۆیـە دەبـێ ئافرەتانـی سـەركردە لـە ناوەنـد و لقـەكان خۆیـان بـۆ ئـەو ئەركـە تەرخـان بكـەن.

٣- پەروەردەكردنـی كادری ئافـرەت بـۆ كاركـردن لـە ناوەنـد و لقـەكان، ئەمـەش لـە رێگـەی كردنـەوەی خولـی تایبـەت بـۆ ئـەو مەبەسـتە.

**یەكەم: بڕیارە داراییەكان:**

لـە سـۆنگەی باوەڕهێنانـی كۆنگـرە بـەوەی كـە ئامانجەكانـی شـۆڕشـی كـورد تەنیـا لـە رێگـەی بەشـداربوونی هۆشـیارانەی رێكخـراوی ئافرەتانـەوە دێنـە دی، بـەو پێیـەی ئافـرەت نیـوەی هێـزی كاری نێـو كۆمەڵگایـە، بۆیـە كۆنگـرە ئـەم بڕیارانـەی خـوارەوەی دا:

١- گرنگیـی بڵاوكردنـەوەی هۆشـیاری نەتەوەیـی لەنێـو جەمـاوەری ئافرەتانـی كوردسـتان، بـە تایبەتـی لـە ناوچـە دواكەوتـووەكان.

٢- دابینكردنی میلاكی پێویسـت لە مامۆسـتای ئافرەت لە پێناوی نەهێشتنی نەخوێندەواریی لە رێگەی بەڕێوەبەرایەتیەكانی پەروەردە لە كوردسـتان.

٣- كردنــەوەی خولــی تایبــەت لــە پارێزگاكانــی كوردســتان بــە مەبەســتی راهێنانــی دەرچوانــی پەیمانــگا هونەریــەكان و خانــەی مامۆســتایان و دەرچوانــی خوێندنــی ئامادەیــی بــۆ ماوەیــەك كــە لــە دوو مانــگ كەمــتر نەبــێ، بــە مەبەســتی وانــە

وتنـــەوە لـــە بنکەکانـــی نەهێشـــتنی نەخوێندەواریـــی.

٤- کارکـردن لـە پێنـاوی بڵاوکردنـەوەی گیانـی خۆبەخشـی لەنێـو ریـزی ئافرەتانـی رۆشـنبیر و تێگەیشـتوو و هاندانیـان بـۆ بەشـداربوون لـە بنکەکانـی نەهێشـتنی نەخوێندەواریـدا.

**دووەم: باری کەسێتی:**

١- کارکـردن لـە پێنـاوی قەدەغەکردنـی هاوسـەرگیریی، تەنیـا لـە حالەتـی بوونـی یەکسـانی لـە تەمـەن و ڕەزامەندیـی هـەردوولا نەبـێ.

٢- بنبڕکردنـی دیـاردەی هاوسـەرگیریی ژن بـە ژنـی، بەهـۆی ئـەو زیانـە کۆمەڵایەتیانـەی لـە رێگەیـەوە بـەر هـەردوولا دەکـەون.

٣- بنبڕکردنی هاوسەرگیریی بە زۆر.

٤- دانانـی سـنوورێك بـۆ بـەرزی رێـژەی مارەبڕیـن و کارکـردن بـۆ دەرکردنـی یاسـایەکی تایبـەت بـەو بابەتـە.

٥- هەموارکردنــەوەی یاســای بــاری کەســێتی بــە جۆرێــك لەگــەڵ واقیعــی کۆمەڵایەتــی تــازەی ئافرەتانــی عێــراق بگونجــێ.

**سێیەم: ئافرەت لە ناو خێزان و کۆمەڵگادا:**

١- کۆنگـرە دووپاتـی دەکاتـەوە کـە پابەندبـوون بـە خوڕەوشـتی شـیاو و کارکـردن بـۆ خۆشحاڵکردنی خێزان و پێگەیاندنی تاکەکانی لەسەر بنەمای زانست و نیشتمانپەروەریی و گیانـی نەتەوەخوازی،ئەرکـی بنەتـی و پیـرۆزی ئافرەتانـی کوردسـتانە.

٢- پێکهێنانــی چەنــد لێژنەیەکــی تایبــەت بــە بەســەرکردنەوەی خانــەوادەی شــەهیدان و بەندکـراوان و کۆڵینــەوە لــە بارودۆخیــان و هاوکاریکردنیــان و دابینکردنــی داهاتــی گونجـاو بۆیـان.

٣- کارکــردن بــۆ کردنــەوەی بنکــەی کۆمەڵایەتــی تایبــەت بــە ئافرەتــان لــە پارێــزگا و قــەزا و ناحیەکانــی کوردســتان و زامنکردنــی بەرزکردنــەوەی ئاســتی ئــەو خێزانانــەی نیشــتەجێی گونــد و لادێکانــن.

٤- داواکـردن لـە کەرتـی تایبـەت و گشـتی و تێکـەڵ کـە ملکەچـی یاسـای کار و چاودێریـی

کۆمەڵایەتیـن، کار بـۆ دامەزراندنـی خانـەی سـاوایان و باخچـەی منـداڵان بکـەن.

٥- بـەو پێیـەی خانەکانـی سـاوایان کاریگەریـی زۆریـان هەیـە لـە بونیادنانـی نەوەکانـی داهاتوومـان، بۆیـە کۆنگـرە داوا دەکات بەرپرسـیارێتی بەڕێوەبردنیـان بـە بەخێوکـەری شـارەزا لـە بـواری پەروەردەکردنـی منـداڵان بسـپێردرێت.

٦- لـە پێنـاوی مسـۆگەرکردنی یەکخسـتنەوەی بنەماکانـی ئاراسـتەکردن و چاودێریکردنـی منـداڵان، کۆنگـرە داوای پێکهێنانـی ئەنجومەنێکـی بـاڵای تایبـەت بـە بەڕێوەبردنـی خانەکانـی سـاوایان و باخچـەی منـداڵان دەکات و یەکێتـی ئافرەتانـی کوردسـتانیش ئەندامـی ئەنجومەنەکـە بـێ.

**چوارەم: چاودێری تەندروستی:**

١- کۆنگـرە داوای بڵاوکردنـەوەی هۆشـیاری دەکات لەنێـو جەمـاوەری ئافرەتانی کوردسـتان، لـە رێگـەی نەهێشـتنی شـتی خەیاڵـی و باوەڕپێنەکـراو و دژایەتیکردنـی شـێوازی کـۆن و نازانسـتی لـە چارەسـەرکردنی نەخۆشـیەکان.

٢- بڵاوکردنەوەی رووپێوی تیشکی لە لادێکانی کوردستان.

٣- کردنـەوەی بنکـەی تایبـەت بـە چاودێریـی دایکایەتـی و منداڵێتـی لـە سـەنتەری پارێـزگا و قـەزا و ناحیەکانـی کوردسـتان و پشتبەسـتن بـە بەکارهێنانـی دەرمـان بـۆ دایـکان و منـداڵان.

٤- فراوانکردنـی خزمەتگوزاریـی بنکـەی تەندروسـتی لادێـکان لـە رێگـەی زیادکردنـی ژمارەیـان لـە قـەزا و ناحیـەکان و لەمەشـدا پشـت بـە لقەکانـی یەکێتیەکەمـان ببەسـترێ بـە مەبەسـتی بەڕێکردنـی کاروبـار و ئاراسـتە و رێنماییـەکان سـەبارەت بـە خانـەوادەی کوردسـتانی.

٥- داوا لـە لایەنـە تەندروسـتیە بەرپرسـەکان بکـرێ کار بـۆ دابینکردنـی دەرمانخانـە بکـەن لـە لـق و بەشـەکانمان، بـە جۆرێـك هاوشـێوەی دەرمانخانەکانـی ماڵـەوە بـن و دەرمـان و پێداویسـتی تایبـەت بـە بەهاناوەچوونیـان بـۆ دابیـن بکـرێ.

٦- کردنـەوەی خولـی تایبـەت بـە مامانـی و لەدایکبـوون، بـە هـەردووك بەشـی تیـۆری و پراکتیکـی بـۆ دەرچوانـی خوێندنـی سـەرەتایی و مەشـقکردن بـەو ئافرەتانـەی ئێسـتا

ئـەم کارە دەکـەن و بەخشـینی بڕوانامـە پێیـان، ئەمـەش بـە مەبەسـتی دابینکردنـی ژیانێکـی شـیاو بۆیـان و بەرزکردنـەوەی ئاسـتی تەندروسـتی لەنێـو ئافرەتانمـان بەپێـی شـێوازە تازەکانـی لەدایکبـوون.

٧- کۆنگـرە داوا لـە دامـودەزگا تەندروسـتیەکانی لقەکانمـان دەکات لە کوردسـتان کـە کار بۆ داڕشـتنی پلانـی تایبـەت بـە کردنـەوەی خولـی فریاگوزاریـی سـەرەتایی و تەندروسـتی خۆپارێزیـی بکـەن و بڕوانامـەش بـە دەرچـوان ببەخـشرێ.

٨- کۆنگـرە داوا لـە وەزارەتـی تەندروسـتی دەکات پشـکێك لـەو یارمەتیـە نێودەوڵەتیانـە بـۆ یەکێتیەکەمـان تەرخـان بکـرێ کـە لەلایـەن رێکخـراوی یونیسـێفەوە پێشکەشـی عێـراق دەکـرێ و بەسـەر لقەکانمـان لـە کوردسـتان دابـەش بکـرێ.

٩- کارکـردن بـە ئاراسـتەی دامەزراندنـی دەرچوانـی خولـە تەندروسـتیەکان لـە ناوچەکانـی کوردسـتان، بە مەبەسـتی سـووککردنی ئاسـتی بێکاری لەنێـو دەرچـوان و بەرزکردنەوەی ئاسـتی تەندروسـتی هاوڵاتیان.

١٠- کۆنگــرە داوای زیادکردنــی کردنــەوەی نۆڕیڕەنگــە میللیــەکان دەکات لــە ناوچــە کوردیــەکان.

**پێنجەم: چالاکیە وەرزشی و هونەرییەکان:**

١- پێکهێنانــی تیمــی تایبــەت بــە یەکێتیەکەمــان، ئەرکیــان بریتــی بــێ لــە ژیاندنــەوەی فۆلکلــۆری کــوردی.

٢- ژیاندنــەوەی یاریــە وەرزشــیەکان و ئەسپســواریی و یاریــە نەتەوەییــە کۆنــەکان و ئەوانــەی تایبەتــن بــە ئافرەتــان و پێشخســتنیان.

٣- پێکهێنانــی تیپــە وەرزشــیەکان لــە لقەکانــی یەکێتیەکەمــان، هاوشـێوەی ئـەو تیپـە وەرزشـیانەی لـە یەکێتـی گشـتی لـە بەغـدا هـەن و بەشـداربوونیان لـە پێشـبڕکێکردن لەگـەڵ تیپـە جیاوازەکانـدا.

٤- پێکهێنانـی چەنـد تیپێکـی تایبـەت بەنـاوی یەکێتـی ئافرەتانـی کوردسـتان لـە بوارەکانـی وەرزش و هونـەر و بەشـداربوونیان لـە پێشـبڕکێ و فیسـتیڤاڵە ناوخۆیـی و دەرەکیـەکان.

**شەشەم: بەرگدروویی و چنین**

١- کۆنگـرە داوا لـە دەسـتەی تـازەی کارگێـڕی بـاڵا دەکات بـەردەوام بـێ لـە دەرچواندنـی خولەکانـی بەرگدروویـی و چنیـن و چـاپ و هەوڵـدان بـۆ دامەزراندنیـان.

٢- کردنـەوەی بـازاڕی میللـی زیاتـر لـە بەغـدا و پارێزگاکانـی تـر لـە پێنـاوی فرۆشـتن و سـاغکردنەوەی بەرهەمـە دەسـتیەکان و ئەوانـەی لـە ماڵـەوە بەرهـەم دەهێنرێـن و کوردسـتان پێیانـەوە بەناوبانگـە.

٣- پەیوەندیکـردن بـە بـازا جۆراوجـۆرەکان بـە مەبەسـتی سـاغکردنەوەی بەرهەمەکانـی یەکێتیەکەمـان.

٤- کۆنگـرە داوا لـە لایەنـە بەرپرسیارەکان دەکات ئەولەویـەت بـە دەرچوانـی خولـە پیشـەییەکانی سـەر بـە یەکێتیەکەمـان بـدرێ بـۆ دامەزراندنیـان لە کارگـە و دامـودەزگاکان.

٥- بـەو پێیـەی پەیوەندییەکـی پتـەو رێکخـراوە جەماوەریـە کوردسـتانیەکان پێکـەوە دەبەسـتێتەوە و بـۆ ئـەوەی ئـەوان بتوانـن رۆڵـی کاریگەرانەتـر بگێـڕن، کۆنگـرە داوای پێکهێنانـی ئەنجومەنێکـی بـاڵا بـۆ رێکخـراوە جەمـاوەری و پیشـەییەکانی کوردسـتان دەکات کـە ببێتـە مایـەی یەکخسـتنی چالاکیەکانیـان و هێنانـەدی ئامانجەکانیـان لـە پێشخسـتنی کۆمەڵـگای کوردسـتانی.

**بڕیارە داراییەکان:**

١- کۆنگــرە ڕەزامەنــدی دەربــارەی لیســتی کەشــفی دارایــی تایبــەت بــە داهــات و خەرجیــە تایبەتیەکانــی یەکێتــی (لــە مــاوی نێــوان ١-٤-١٩٧١ هەتــا ٣١- ٣ - ١٩٧٢) دەردەبــڕێ.

٢- کۆنگـرە ڕەزامەندیـی دەربـارەی بودجـەی مەزەندەکـراوی یەکێتـی (بـۆ سـاڵی ١٩٧٢ - ١٩٧٣) دەردەبـڕێ.

٣- کۆنگـرە داوای تەواوکردنـی کەموکورتیەکانـی نێو هەمـوو لقەکانی یەکێتـی و دابینکردنی پێداویسـتیەکانیان دەکات لـە پێنـاوی هێنانــەدی ئامانجەکانــی یەکێتیەکەمــان بــە شـێوازێکی کاریگـەر و چالاکانـە.

**بڕیارە کلتوورییەکان:**

١- دووپاتکردنـەوە لەسـەر جێبەجێکردنـی ئـەو بڕگانـەی کـە لـە بەیاننامـە مێژووییەکـەی ئـادار سـەبارەت بـە مافـە کلتووریەکانـی گەلـی کـورد ماونەتـەوە.

٢- دەرکردنـی گۆڤارێکـی ناوەنـدی بەنـاوی یەکێتیەکەمـان بـە هـەردووك زمانـی عەرەبـی و کـوردی و تەرخانکردنـی چەنـد لاپەیـەك بـۆ زمانـی ئینگلیـزی.

٣- پێکهێنانـی چەنـد لێژنەیەکـی تایبەت بە کاروبـاری راگەیاندن و بڵاوکردنەوە لە سـەنتەری گشـتی یەکێتـی و تـەواوی لقـەکان، ئەرکـی ئـەم لیژنانـە بریتـی دەبـێ لـە دەرکردنـی بڵاوکـراوەی مانگانـەی سـەر دیـوار و بەسـەر جەمـاوەر و قوتابخانـە و دامودەزگاکانـدا دابـەش دەکرێـن و بڕێـك پـارەی تایبەتیـش بـۆ لێژنـە ناوبـراوەکان تەرخـان دەکـرێ.

٤- سـازکردنی کۆڕ و کۆبوونەوەی رۆشـنبیری بە هاوکاری لەگەڵ رێکخراوە کوردسـتانیەکانی تر و بانگهێشـتکردنی کەسایەتیە رۆشنبیرەکان.

٥- دەستنیشـانکردنی پرۆگرامێکـی تایبـەت بـە ئافرەتانـی کوردسـتان کـە لەلایـەن یەکێتیەکەمانـەوە سەرپەرشـتی دەکـرێ و لـە هـەردووك کەناڵـی تەلەفزیۆنـی کەرکـوك و موسـڵ پەخـش دەکـرێ، هەروەهـا پـەرە بـە بەرنامـەی گۆشـەی ئافرەتانـی کوردسـتان دەدرێ کـە لـە بەشـی کـوردی رادیـۆی بەغـدا پەخـش دەکـرێ.

٦- زیادکردنـی ژمـارەی بەرنامـە کوردیـەکان لـە هـەردووك کەناڵـی کەرکـوك و موسـڵ بـە جۆرێـك لەگـەڵ واقیعـی بوونـی گەلـی کـورد بگونجێـن.

٧- کارکـردن بـۆ کردنـەوەی چەندپەیمانگایەکـی پێگەیاندنـی مامۆسـتایانی پیـاو و ئافـرەت لـە ناوچـە کوردیـەکان و وەرگرتنـی قوتابیانـی کـورد تیایانـدا.

٨- بەشـداریپێکردنی رێژەیەکـی دادوەرانـەی مامۆسـتایانی کـورد لـە خولەکانـی مەشـق و راهێنـان کـە لـە بەغـدا کراونەتـەوە یـان بـۆ هەمـان مەبەسـت خولـی دیکـە لـە کوردسـتان بکرێنـەوە.

٩- زیادکردنـی ژمـارەی قوتابخانـە کوردیـەکان لـە سـەنتەری ئـەو پارێزگایانـەی کوردیـان تێـدا دەژیـت و کەوتوونەتـە دەرەوەی ناوچـە کوردیـەکان.

١٠- گرنگـی دامەزراندنـی چەنـد كتێبخانەیـەك لـە لقەكانـی یەكێتیەكەمـان و پێشخسـتنی كتێبخانـەی ناوەنـدی یەكێتـی ئافرەتـان، ئەمـەش لـە پێنـاوی بڵاوكردنـەوەی هۆشـیاری لـە ریـزی ئافرەتانـی كوردسـتان و خزمەتكـردن بـە بـواری رۆشـنبیری كـوردی.

١١- بەسـتنەوەی بەڕێوەبەرایەتیەكانـی پـەروەردە لـە كوردسـتان لەگـەڵ بەڕێوەبەرایەتـی گشـتی خوێندنـی كـوردی و گرتنەبەری هەموو رێوشـوێنە یاساییەكان بـۆ جێبەجێكردنی ئـەم كارە.

١٢- كاركـردن لەپێنـاوی ئـەوەی یەكێتیەكەمـان هەندێـك كورسـی تایبـەت بەخوێندنـی بـاڵا وەدەسـت بێنـێ.

١٣- بابەتـی كەلەپـووری نەتەوەیـی گەلـی كوردمـان بخرێتـە نـاو پرۆگرامەكانـی خوێندنـی وەزارەتـی پـەروەردە.

١٤- پێشخســتنی زانكــۆی ســلێمانی و بەخشــینی دەرفەتــی وەرگرتــن بــۆ قوتابیانــی ناوچــە كوردیــەكان.

**بڕیارە پەیوەستەكان بە هەمواركردنەوەی سیستمی ناوخۆیی:**

بــەو پێیــەی یەكێتیەكەمــان ئەندامــی یەكێتــی گشــتی ئافرەتانــی عێراقــە و لــە پێنـاوی بوونـی گونجانێـك لەنێـوان برگـە و بڕیارەكانـی سیسـتمی ناوخۆیـی تایبـەت بـە یەكێتیەكەمـان لەگـەڵ ئەوانـەی لـە سیسـتمی ناوخۆیـی یەكێتـی گشـتی ئافرەتانـی عێـراق هاتوون،پێویسـتە چەنـد برگـە و بابەتێكـی نـاو سیسـتمی ناوخۆیـی یەكێتیەكەمـان هەمـوار بكرێنــەوە، بۆیــە كۆنگــرە بڕیــاری دا:

١- وشـەی - لـە رووی سیاسیشـەوە- بـۆ مـادەی دووەمـی تایبـەت بـە پێناسـەكردنی یەكێتی زیـاد دەكرێ و وشـەكە دوای وشـەی - لـە رووی رۆشـنبیریەوە- دێ.

٢- مادەی سێ لە سیستمی ناوخۆیی هەموار دەكرێت و بەم شێوەیەی خوارەوە دەبێ:

٣- بەغـدا بنكـەی سـەرەكی یەكێتیـە، بۆیـە بـە گوێـرەی بڕیارێكـی دەسـتەی كارگێـڕی بـاڵا و بەپێـی مـادەی ١٣ی یاسـای ئەنجومەنەكانـی ژمـارە ١ی سـاڵی ١٩٦٠ ی هەمواركـراو، یەكێتیەكەمـان بـۆی هەیـە چەنـد لقێكـی تایبـەت بەخـۆی بكاتـەوە.

٤- بەو پێیەی هەموو دوو ساڵ جارێك کۆنگرەی ساڵانەی یەکێتی گشتی ئافرەتانی عێراق ساز دەکرێ، بۆیە پێویستە ئەمەی خوارەوە هەموار بکرێتەوە:

أ. وشەی - ساڵێك- کە لە بڕگەی چواری مادەی هەشتەم هاتووە لادەبرێ و لە شوێنیدا وشەی - دوو ساڵ- زیاد دەکرێ.

ب. وشەی - ساڵێك - کە لە بڕگەی چواری مادەی هەشتەم هاتووە لادەبرێ و لە شوێنیدا وشەی - دوو ساڵ- زیاد دەکرێ.

ت. بڕگەی - بۆ ماوەی یەك ساڵ- کە لە بڕگەی پێنجی مادەی هەشتەم هاتووە لادەبرێ و بڕگەی - بۆ ماوەی دوو ساڵ- زیاد دەکرێ.

## کۆبوونەوەی خنێرەی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان
## خنێرە - ١٩٨٦

پاش نسکۆی شۆڕشی ئەیلوول لە ساڵی ١٩٧٥، چالاکیی ڕێکخراوە جەماوەرییەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان، بە هۆی ئەو بارودۆخە سیاسییە داسەپێنراوەی سەر گەلی کورد، سنووردار بووبوون، بەڵام دوای شۆڕشی گوڵان، ڕێکخراوە جەماوەرییەکانیش هاوشان لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان، هەستیان بە بەرپرسیاریەتی ئەو قۆناغ کرد و دەستیان بە خۆ ڕێکخستنەوە کرد.

هەر بۆ مەبەستی دانانی نەخشە ڕێگای چالاکی و خەبات، یەکێتی ئافرەتانی کوردستان لە ڕێکەوتی ٢٤ی ئابی ١٩٨٦، لە گوندی خنێرەرە سەر بە ناحیەی سیدەکان لە پارێزگای هەولێر کۆبوونەوەیەکیان ئەنجامدا و بەیاننامەیەکیان بڵاوکردەوە و تێیدا لێژنەی سەرکردایەتی بە شێوەی خوارەوە دەستنیشان کرا:

- وەزیرە پیرداود قادر، سکرتێر
- کوردستان پیرداود قادر، ئەندامی سکرتاریەت
- ڕازیە حەسەن خەتاب، ئەندامی مەکتەبی سکرتاریەت(١)

(١)خەباتی ئافرەتانی کورد و کۆنگرەکانمان لە دیدی ئافرەتانی تێکۆشەرەوە، گۆڤاری دەنگی ئافرەت، ئۆرگانی مەکتەبی سکرتاریەتی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان، ژمارە ١٣، هەولێر، وەزارەتی ڕۆشنبیری، ١٥ی تەموزی ١٩٩٧ز، ل ٢٧ ؛ شیرین ئامێدی، سەرچاوەی پێشو، ل ل ١٨٤، ١٨٦، ٢١٣.

# کۆنفرانسی شەهید لەیلا قاسم
## هەولێر - ١٩٩٢

سـەرکەوتنی ڕاپەڕینـی سـاڵی ١٩٩١ بـۆ گەلـی کـورد وەرچەرخانێکـی مێژوویـی بـوو، لـە دیرۆکـی بزاڤـی ڕزگاریخـوازی کوردسـتان یەکـەم جـار بـوو کـورد بتوانێـت دەسـکەوتی وا مـەزن وەدەسـت بێنێـت. باشـووری کوردسـتان پێـی نایـە قۆناغێکـی گرنـگ و مێژووییـەوە، هەمـوو ئـەو گۆڕانکاریانـە پێویسـتیان بـە کەرەسـتە و بونیـادی فکـری هەبـوو، تاوەکـوو بتوانێـت خـۆی لەگـەڵ هەلومـەرج و پێشـهاتە سیاسـییەکان بگونجێنێـت. یەکێتـی ئافرەتانـی کوردسـتانیش وەك ڕێکخراوێکـی جەمـاوەری پێویسـت بـوو چالاکـی و ڕێکخسـتنەکانی نێـو شـاری ئەکتیـڤ بـکات، هـەوڵ و تەکانێـك بـدات بـۆ ئـەوەی لەگـەڵ بارودۆخـە نوێیەکـە خـۆی ڕابێنێـت و هەوڵـی پێشـڤەچوونی زیاتـر بـدات لـە ڕووی ڕێکخسـتنی جەمـاوەری لـە نێـو ئافرەتانـدا.

لـە ٢٠-٢٢ی شـوباتی ١٩٩٢، وەك ئامادەکارییـەك بۆ پێشـوازی کردن لـە گۆڕانکارییەکان، لـە کـەش و هـەوای ئازدیـدا، بـە دروشـمی «لـە پێنـاوی ئاشـتی و ئـازادی و یەکسـانی و دادپەروەریـی کۆمەڵایەتـی»، کۆنفرانسـی (شـەهید لەیـلا قاسـم)ی لـە شـاری هەولێـر بەسـت، بـە مەبەسـتی دەسـتکردنەوە بـە چالاکـی و ڕێکخسـتن لـە نـاو شـار، شـارۆچکە، کۆمەڵـگاکان و گوندەکانـی باشـووری کوردسـتان و هەلێکـی بـاش بـوو بـۆ چوونـە نـاو قۆناغێکـی نـوێ و پێشـکەوتووتر.

چەندیـن بڕیـار و ڕاسپاردەی گرنـگ لـەو کۆنفرانسـە لەلایـەن ئەندامانـی بەشداربووی کۆنفرانسـەکەوە پەسـەند کـران، لەوانـە دوانـزە بڕیـاری گرنـگ، کـە هەندێکیـان پەیوەندیان بـە یـاد و بۆنەکانـی ئـەو ڕێکخـراوەوە هەبـوو، بەشـێکی تریـش پەیوەندیـان بـەو قۆنـاغ و هەلومەرجـە سیاسـییانەی ئەوکاتـەوە هەبـوو، هەروەهـا بڕیـاردرا دوای دوو سـاڵ کۆنگـرەی چوارەمـی یەکێتـی ئافرەتانـی کورسـتان ببەسـترێت[١].

(١)شیرین ئامێدی، سەرچاوەی پێشو، ل ل ٥٣، ٦٢.

**لـە کۆتاییـدا لەلایـەن نوێنەرانـی کۆنفرانسـەوە دەسـتەیەکی نـوێ بـۆ لێژنـەی ڕاپەڕاندن لە ئەم کەسـانەی خـوارەوە هاتنـە هەڵبژاردن:**

- شیرین ئیبراهیم فەتاح، ناسراو بە (شیرین ئامێدی، سکرتێر)
- کوردستان پیرداود قادر، جێگری سکرتێر
- وەزیرە پیرداود قادر، بەرپرسی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن
- حەلیمە حسێن محەمەد، ناسراو بە (حەلیمە بارزانی)، بەرپرسی دارایی
- ئەڤین عومەر، بەرپرسی ڕێکخستن
- دکتۆر ناهیدە کەریم سەعید، بەرپرسی پەیوەندییەکان
- ڕازییە حەسەن خەتاب، بەرپرسی کاروباری کۆمەڵایەتی
- گوڵنام مەحمود مستەفا، ئەندام
- کەریمە عەبدولرەزاق حسێن، ناسراو بە (کەریمە فەیلی)، ئەندام
- پرشنگ فەلەکەدین سابیر، ناسراو بە (پرشنگ کاکەیی)، ئەندام
- مەریەم حەسەن کانەبی، ئەندام
- زاهیدە شێخۆ، ناسراو بە (زاهیدە بارزانی)، ئەندام
- کەژاڵ کەریم، ئەندام
- ڕوقیە محەمەد ساڵح، ئەندام
- بەیان ئەحمەد، ئەندام
- سنۆبەر سابیر ڕەشید، ئەندام
- ڕێزان ئەکرەم، ئەندام
- بەیان یونس، ئەندام
- شوکریە ئەحمەد، ئەندام

- کوردستان ئەحمەد، ئەندام.[1]

**پەیکەری ڕێکخستنی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان لەم قۆناغەدا بریتی بوو لە حەوت لق، کە پێکهاتبوون لە:**

١- لقی هەولێر

٢- لقی سلێمانی

٣- لقی ئاوارە (لە نێوان پەنابەرانی باشووری کوردستان لە وەڵاتی ئێران)

٤- لقی دهۆك

٥- لقی کەرکووک

٦- لقی سۆران

٧- لقی ئاکرێ[2]

(١)هەمان سەرچاوە، ل ل ١٣٥، ١٧٨، ١٨٦ ؛ شیرین ئامێدی، بەرەو کۆنگرەی چوارەمی ی.ئا.ك کۆنگرەی یەکسانی، گۆڤاری دەنگی ئافرەت، ئۆرگانی مەکتەبی سکرتاریەتی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان، ژمارە ١٣، هەولێر، وەزارەتی ڕۆشنبیری، ١٥ی تەموزی ١٩٩٧ز، ل ٥.

(٢)بە بۆنەی ڕۆژی دامەزراندنی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان گۆڤاری دەنگی ئافرەت چاپێکەوتنێك لەگەڵ خاتوو شیرین ئامێدی ساز دەدات، گۆڤاری دەنگی ئافرەت، ژمارە ٩، ئۆرگانی مەکتەبی سکرتاریەتی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان، دهوك، چاپخانا کۆلیژا شەریعێ، زستانی ١٩٩٦ز، ل ١٠.

## کۆنگرەی چوارەمی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان (کۆنگرەی یەکسانی)

## هەولێر - ١٩٩٧

ماوەی نێوان کۆنگرەی سێیەم (١٩٧٢) و چوارەمی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان زۆری خایەند و لەم ماوەیەدا چەندین ڕووداوی گرینگ ڕوویان دا کە کاریگەری لەسەر ڕێکخستنەکانی یەکێتی ئافرەتان، حزب و تەنانەت باشووری کوردستانیش بەگشتی هەبوو. ئەوەی تایبەتبێت بە ڕێکخستنەکانی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان، ئەوا دەکرێ ئاماژە بە چەند ڕووداوێکی ناوخۆی ڕێکخراوەکە بدەین کە کاریگەری لەسەر گۆڕینی پەیکەری ڕێکخراوەکە هەبووە. لەوانە، کۆبوونەوەی گوندی (خنێرە)ی سەر بە پارێزگای هەولێر، لە ڕێکەوتی ٢٤ی ئابی ١٩٨٦، لەم کۆبوونەوەیەدا لەلایەن یەکێتی ئافرەتانەوە بەیاننامەیەک بڵاوکرایەوە و تێیدا لێژنەیەکی نوێی سەرکردایەتی بەم شێوەیە دەستنیشانکران: وەزیرە پیرداود قادر، سکرتێر.کوردستان پیرداود قادر، ئەندامی سکرتاریەت و ڕازیە حەسەن خەتاب، ئەندامی مەکتەبی سکرتاریەت[١].

دواتر و دوای سەرکەوتنی ڕاپەڕینی باشووری کوردستانی بەهاری ساڵی ١٩٩١ بەسەر دەسەڵاتی ڕژێمی بەعس دا و بە مەبەستی دەستکردن بە چالاکی و ڕێکخستن لە ناو شار، شارۆچکە، کۆمەڵگاکان و گوندەکانی باشووری کوردستان، لەلایەن یەکێتی ئافرەتانی کوردستانەوە کۆنفرانسی (شەهید لەیلا قاسم) لە ڕۆژانی ٢٠ تا ٢٢ی شوباتی ١٩٩٢، بە دروشمی (لە پێناوی ئاشتی و ئازادی و یەکسانی و دادپەروەری کۆمەڵایەتی) لە شاری هەولێر ئەنجام درا[٢]. لەم کۆنفرانسە دا بڕیار درا، دوای دوو ساڵ، کۆنگرەی چوارەمی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان ببەسترێت[٣]. هاوکات، لەلایەن نوێنەرانی کۆنفرانسەوە دەستەیەکی نوێ بۆ لێژنەی ڕاپەڕاندن هەڵبژێردرا کە پێکهاتبوون لە:

١- شیرین ئیبراهیم فەتاح، ناسراو بە شیرین ئامێدی- سکرتێر

٢- کوردستان پیرداود قادر- جێگری سکرتێر

٣- وەزیرە پیرداود قادر- بەرپرسی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن

٤- حەلیمە حسێن محەمەد، ناسراو بە حەلیمە بارزانی- بەرپرسی دارایی

٥- گوڵنام مەحمود مستەفا- ئەندام

٦- ڕازییە حەسەن خەتاب- بەرپرسی کاروباری کۆمەڵایەتی

٧- کەریمە عەبدولڕەزاق حسێن، ناسراو بە کەریمە فەیلی- ئەندام

٨- ئەڤین عومەر- بەرپرسی ڕێکخستن

٩- پرشنگ فەلەکەدین سابیر، ناسراو بە پڕشنگ کاکەیی- ئەندام

١٠- مەریەم حەسەن کانەبی- ئەندام

١١- زاهیدە شێخۆ، ناسراو بە زاهیدە بارزانی- ئەندام

١٢- کەژاڵ کەریم- ئەندام

١٣- دکتۆر ناهیدە کەریم سەعید- بەرپرسی پەیوەندییەکان

١٤- ڕوقیە محەمەد ساڵح- ئەندام

١٥- بەیان ئەحمەد- ئەندام

١٦- سنۆبەر سابیر ڕەشید- ئەندام

١٧- ڕێزان ئەکرەم- ئەندام

١٨- بەیان یونس- ئەندام

١٩- شوکریە ئەحمەد- ئەندام

٢٠- کوردستان ئەحمەد- ئەندام[٤].

ئەگەرچی لە کۆنفرانسی شەهید لەیلا قاسم، بڕیار درابوو دوای، دوو ساڵ کۆنگرە ببەسترێت- بەڵام بەهۆی چەند هۆکارێکەوە، بەتایبەت هەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆ لە باشووری کوردستان، کۆنگرە دواکەوت. لەگەڵ ئەوەشدا دوای هێوربوونەوەی بارودۆخ و هاتنە کایەی دەرفەتی لەبار، لە ڕێکەوتی ١٥ی شوباتی ١٩٩٧، لە کۆبوونەوەی

هاوبەشی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان و مەکتەبی ناوەندیی ڕێکخراوە پیشەییەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان و ستافی لقەکان، بڕیاری دەستنیشانکردنی لێژنەی ئامادەکاریی کۆنگرەی چوارەم (کۆنگرەی یەکسانی) یەکێتی ئافرەتانی کوردستان درا، لێژنەی ئامادەکاری کۆنگرە لەم بەڕێزانە پێکهێنرا کە بریتیبوون لە:

١- شیرین ئامێدی- سەرپەرشتی لێژنەی ئامادەکاریی کۆنگرە

٢- ئاراز تۆفیق محەمەدئەمین- لقی سلێمانی

٣- بەیان حەسەن محەمەد- لقی سلێمانی

٤- دکتۆر ڕوبار مستەفا- لقی کەرکووک

٥- غەزالە محەمەد ساڵح- لقی کەرکووک

٦- ژیان ئاغا تاژدین- لقی هەولێر

٧- سەبریە بابەکر- لقی ڕانیە

٨- زەکیە ساڵح عەبدولخالق، ناسراو بە زەکیە سەید ساڵح- لقی دهۆك

٩- سەبیحە ئەحمەد مستەفا- لقی سۆران

١٠- جەمیلە محەمەد حاجی- لقی ئاکرێ.

ئەم لێژنەیە لە وادەیەکی دیاریکراودا کارەکانی ئامادەکاریی ئەنجام دا و لە ڕێکەوتی ٢٨ی تەموزی ١٩٩٧ بە ئامادەبوونی سەرۆک مەسعود بارزانی، یەکێتی ئافرەتانی کوردستان لە شاری هەولێر کۆنگرەی چوارەمی خۆی بەست.

لە درێژەی کار و چالاکییەکان، لەلایەن ئەندامانی کۆنگرەوە، لێژنەی ڕاپەڕاندن بەم شێوەی خوارەوە هەڵبژێردرا:

١- شیرین ئامێدی

٢- سەبیحە ئەحمەد مستەفا

٣- سنۆبەر سابیر ڕەشید

٤- سەبریە بابەکر

٥- شەونم نەجمەدین

٦- جەمیلە حاجی

٧- زەکیە سەید ساڵح

٨- غەزالە محەمەد ساڵح

٩- جوان سلێمان

١٠- بەیان تۆفیق

١١- نەجیبە محەمەد ئەمین

١٢- شیرین نەجم عەبد، ناسراو بە شیرین فەیلی

١٣- ئاراز تۆفیق محەمەدئەمین

١٤- چیمەن ڕەشید

١٥- سوهام حەکیم

**ئەندامانی یەدەگی لێژنەی ڕاپەڕاندنیش بەم شێوەی خوارەوە هەڵبژیردران:**

١- بەیان حەسەن محەمەد

٢- ڕۆژیدە عەبدولقادر شەریف

٣- مەهاباد سەلام

٤- نازدار ئەسعەد مەحمود، ناسراو بە نازدار بارزانی

٥- واحیدە یاقو

٦- سەبریە ئەحمەد قادر، ناسراو بە سەبریە مام ئەحمەد[٥].

## سەرچاوە و پەراوێز

١- خەباتی ئافرەتانی کورد و کۆنگرەکانمان لە دیدی ئافرەتانی تێکۆشەرەوە، گۆڤاری دەنگی ئافرەت، ئۆرگانی مەکتەبی سکرتاریەتی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان، ژمارە ١٣، هەولێر، وەزارەتی ڕۆشنبیری، ١٥ی تەموزی ١٩٩٧ز، ل ٢٧؛ شیرین ئامێدی، ئافرەت و سەروەریەکانی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان، بەرگی یەکەم، (هەولێر ـ چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری ـ ١٩٩٨ز)، ل ل ١٨٤، ١٨٦، ٢١٣.

٢- پارتی دیموکراتی کوردستان، مەکتەبی سیاسی، بەشی ڕێکخستن، تعمیم، ژمارە ٣٥٧، ٩ ئاداری ١٩٩٢ز، ل ١.

٣- شیرین ئامێدی، سەرچاوەی پێشو، ل ل ٥٣، ٦٢.

٤- هەمان سەرچاوە، ل ل ١٣٥، ١٧٨، ١٨٦؛ شیرین ئامێدی، بەرەو کۆنگرەی چوارەمی ی.ئا.ك کۆنگرەی یەکسانی، گۆڤاری دەنگی ئافرەت، ئۆرگانی مەکتەبی سکرتاریەتی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان، ژمارە ١٣، هەولێر، وەزارەتی ڕۆشنبیری، ١٥ی تەموزی ١٩٩٧ز، ل ٥.

٥- کۆنگرەی چوارەمی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان سەرکەوتووانە کۆتایی پێ هات، گۆڤاری دەنگی ئافرەت، ئۆرگانی مەکتەبی سکرتاریەتی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان، ژمارە ١٤، هەولێر، ١٤ گوڵانی ٢٦٩٨ کوردی، ل ل ١، ٧.

## پەیڕەو و پڕۆگرامی کۆنگرەی چوارەمی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان

## پڕۆگرام

**یەکەم:**

نـاوی ڕێکخـراو: یەکێتـی ئافرەتانـی کوردسـتان، بـە پیتەکانـی (ی. ئـا. ك.) کـورت دەکرێتـەوە.

**دووەم:**

پێناسـەی ڕێکخـراو: ڕێکخراوێکـی جەمـاوەری و کۆمەڵایەتـی و دیموکراتـی ئافرەتانـی کوردسـتانە. بـە ئامانجـی دابینکردنـی مافـی ئافـرەت لـەڕووی ئابـووری و ڕۆشـنبیری و کۆمەڵایەتـی و نەتەوایەتیـی و بەرزکردنـەوەی ئاسـتیەتی، هەروەهـا خەبـات لـە پێنـاو دابینکردنـی مافـی ڕۆشـنبیری و تەندروسـتی کۆمەڵایەتـی بـۆ منـداڵان و پشـتگیری خەباتـی ئافرەتـان لـە جیهـان دەکات لـە پێنـاو ئاشـتی و ئـازادی و یەکسـانی و نەهێشـتنی چەوسـاندنەوەی کۆمەڵایەتـی.

**سێیەم:**

ناوەنـدی ڕێکخـراو لـە هەولێـری پایتەختـی هەرێمـی کوردسـتانی عێـراق دەبێـت، مافـی کردنـەوەی لقـی هەیـە لـە ناوەنـدی پارێزگاکانـی کوردسـتان ئەگـەر بـە پێویسـت زانـرا لـە شـارەکانی تـری هەرێـم و دەرەوەیـدا.

**چوارەم: ئامانجەکانی ی. ئا. ك.**

**أ. ئامانجە کۆمەڵایەتییەکان:**

١- کۆششکردن بۆ پتەوکردنی پەیوەندییەکانی نێو خێزان.

٢- هاوکاریکردن لە چارەسەرکردنی گیروگرفتەکانی خێزان.

٣- هەوڵدان بۆ پاراستنی منداڵ لە پەڕاگەندەیی.

٤- هەوڵدان بۆ کردنەوەی خانەی چاودێری بۆ ئافرەتانی پەککەوتوو و بەساڵاچوو.

٥- هەوڵـدان بـۆ سـەقامگیرکردنی دیموکراتییـەت و پێشخسـتنی بەرەو ژیانی سـەردەمی

(عـصری) كۆمەڵـگای كـوردەواری و ڕزگاركردنی ئافـرەت لە پەیوەندییـە كۆمەڵایەتییە كۆنەپەرسـتییەكان.

٦- تێكۆشـان لـە پێنـاو چەسـپاندنی ئاشـتی و دووركەوتنـەوە لـە شـەڕی كاولـكاری ناوخـۆ، كـە زەرەرمەنـدی سـەرەكی تێیـدا ئافرەتـە.

٧- تاوانباركردنی تیرۆری ئافرەت و بەكارهێنانی توندوتیژی لە دژی.

٨- هەوڵـدان بـۆ كەمكردنـەوەی گیروگرفتەكانـی پێكهێنانـی خێـزان وەك (مارەیـی زۆر، ژنبـەژن، گەورەبەبچـوك، لەجیاتـی خوێنـدان) و ئاسـانكردنی دروسـتبوونی خێـزان لـە سـەر بنەمـای لەیەكگەیشـتن.

٩- هەوڵـدان بـۆ چارەسـەركردنی كێشـەی كۆمەڵایەتـی ئـەو ئافرەتانـەی لـە كارەسـاتی ئەنفالەكانـدا بـە جـێ مـاون.

١٠- هەوڵـــدان بـــۆ كردنـــەوەی بنكـــەی ڕاوێـــژكاری كۆمەڵایەتـــی بـــۆ دراســـەی گیروگرفتـــەكان و چارەســـەركردنیان.

١١- هەوڵدان بۆ كردنەوەی باخچەی ساوایان و یاریگە و كتێبخانەی تایبەت بە منداڵان.

**ب. ئامانجە ئابوورییەكان:**

١- هەوڵدان بۆ وەدیهێنانی سەربەخۆیی ئابووری ئافرەت.

٢- گرنگیدان بە ڕۆڵی ئافرەت لە هەموو بوارەكانی كاركردندا.

٣- تێكۆشان لە پێناو یەكسانبوونی ڕۆژانەی ئافرەتی كرێكار لەگەڵ هاوكاری پیاودا.

٤- هەوڵدان بۆ دابینكردنی مافی ئافرەتی جوتیار و باشتركردنی باری كار و ژیانی.

٥- هەوڵدان بۆ دابینكردنی بوارەكانی كاری گونجاو بۆ ئافرەت.

٦- هەوڵدان بۆ دابینكردنی بیمەی كۆمەڵایەتی (ضمان اجتماعی).

**ه. ئامانجە پەروەردەیی و ڕۆشنبیرییەكان:**

١- هەوڵـدان بـۆ ڕزگاركردنـی ئافـرەت لـە نەزانـی و نەخوێنـدەواری بـە كردنـەوەی

مەڵبەنـدی نەهێشـتنی نەخوێنـدەواری بـە تایبەتـی بـە هـۆی دامودەزگاکانـی پەیوەندیـدار.

٢- تێکۆشـان بـۆ دابینکردنـی مافـە ڕۆشـنبیری و تەندروسـتی و کۆمەڵایەتییەکانـی منداڵانـی کوردسـتان.

٣- هەوڵـدان بـۆ کردنـەوەی خانـەی حەڕەوانـەوە و پەروەردەکردن بۆ منداڵـە پەڕاگەندەکان و فێری پیشـەکردنیان.

٤- ڕێکخسـتنی شـاڵاوی وشـیار و ڕۆشـنبیرکردنەوە و هەوڵـدان بـۆ کردنـەوەی ئـەو خولانەی کـە لـە بەرژەوەنـدی ئافرەتاندایـە.

٥- بەسـتنی کـۆڕ و سـمینار بـۆ ئافرەتـان لـە سـەر چۆنیەتـی پەروەدەکردنـی منـداڵ و بەرزکردنـەوەی ئاسـتی ڕۆشـنبیری بـو نەهێشـتنی جیـاوازی لـە نێـوان کـوڕ و کـچ لـە پەروەردەکردنـدا.

٦- هەوڵدان بۆ کردنەوەی دایەنگا(دورالحضانه) لە سەرانسەری کوردستاندا.

٧- هەوڵدان بۆ دابینکردنی بەرنامەی ڕادیۆ و تەلەڤیزیۆن و گۆڤاری تایبەت بە منداڵان.

**د. ئامانجە تەندروستییەکان:**

١- هەوڵـدان بـۆ پەرەپێـدان و زیادکردنـی نەخۆشـخانە و بنکـە تەندروسـتییەکان کـە تایبەتـن بـە نەخۆشـییەکانی ژنـان و منداڵبـوون.

٢- هەوڵدان بۆ زیادکردنی مەڵبەندەکانی چاودێری دایك و منداڵ.

٣- ئەنجامدانی شاڵاوی ڕۆشنبیری تەندروستی بە هاوکاری دەزگاکانی پەیوەندار.

٤- هەوڵدان بۆ دابینکردنی بیمەی تەندروستی.

٥- هەوڵدان بۆ کردنەوەی خولی مامانی و منداڵبوون بە ڕێگای زانستی.

**هـ. ئامانجە ڕامیارییەکان:**

١- هەوڵـدان بـو زیادکردنـی ڕێـژەی ئافرەتـان لـە پەرلەمـان و کابینـەی حکومـەت و دامـودەزگا ئیدارییـەکان، بـۆ ئـەوەی وەکـو ئەندامێکـی کاریگـەر لـە بنیاتنانـی

کۆمەڵێکــی پێشــکەوتوو و دیموکراتیزەکــراو، لــە بوارەکانــی ژیانــدا بەشــدار بێــت.

٢- هەوڵـدان بـۆ زێدەکردنـی ڕێـژە و ڕۆڵـی ئافـرەت لـە ژیانـی ڕامیـاری و حزبایەتـی و کاری ڕێکخراوەییــدا.

٣- پشتگیری لە خەباتی ئافرەتانی کورد لە هەموو پارچەکانی کوردستاندا.

٤- هەوڵــدان بــۆ بەشــداریکردنی کاریگەرانــەی ئافــرەت لــە هەڵســوڕاندنی هەمــوو بوارەکانــی ژیانــدا و هەروەهــا لــە کار و خەباتــی نیشــتمانی و نەتەوەییــدا.

٥- هەوڵـدان بـۆ بەهێزکردنـی پەیوەنـدی لـە نێـوان ڕێکخراوەکانـی ئافرەتـان لـە پارچەکانی تری کوردسـتان و لـە جیهاندا.

٦- پشتگیری لە پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان.

٧- پشــتگیری لــە سیســتەمیی فیدراڵــی بــۆ چۆنیەتــی بەســتنەوەی هەرێمــی کوردســتان بــە حکومەتــی ناوەنــدەوە.

٨- تێکۆشـــان بـــو پاراســـتن و پەرەپێدانـــی ئـــەم ئەزمونـــی دیموکراتییانـــە و دەســـت کەوتــە مێژووییەکانــی گەلەکەمــان کــە لــە ڕاپەڕینــە مەزنەکــەی بەهــاری ســاڵی ١٩٩١ هاتۆتــە دی.

# پەیڕەوی ناوخۆ

**بەندی یەکەم:**

یەکێتــی ئافرەتانــی کوردســتان ڕێکخراوێکــی کوردســتانی ســەربەخۆیە و پێــك دێــت لــەو ئافرەتانــەی کــە ئارەزومەندانــە دێنــە ڕیزییــەوە، بڕوایــان بــە پڕۆگــرام و پەیــڕەوی ناوخــۆی هەیــە و بەوپــەڕی توانــا و دڵســۆزییەوە بــۆ بەدیهێنانــی ئامانجــە دیاریکــراوەکان، تێدەکۆشــن.

**بەندی دووەم:**

ئەندامێتی:

أ. ئەندامێتــی لــە ی.ئــا.ك. بــۆ گشــت ئافرەتێکــی کــورد، کــچ یــان ئافرەتــە هەروەهــا بــۆ ئــەو ئافرەتانــەی تــری کوردســتان.

ب. مەرجەکانی ئەندامێتی:

هــەر ئافرەتێکــی کــورد یــا نیشــتەجێی کوردســتان ئــەم مەرجانــەی خــوارەوەی تێدابێــت و لەلایــەن دوو ئەندامــی یەکێتــی ئافرەتانــی کوردســتانەوە کــە دوو ســاڵ بــە ســەر ئەندامێتییەکەیــان تێپەڕبــوو بێــت، لــە ڕیزەکانــی یەکێتیــدا وەردەگیــرێ و فۆرمــی تایبــەت پــڕ دەکاتــەوە :

١. تەمەنی لە ١٦ ساڵ کەمتر نەبێت.

٢. بــڕوای تــەواوی بــە پڕۆگــرام و پەیــڕەوی ناوخــۆ هەبێــت و لــە پێنــاو بەدیهێنانــی ئامانجەکانیــدا خەبــات بــکات.

٣. لە ڕیزەکانی ی.ئا.ك. چ لە ڕێکخراو یا لێژنەیەکی تردا ڕێك بخرێ.

٤. ناوبانگ و خووڕەوشتی باش بێت.

٥. ئابوونــەی مانگانــە و هاتنــە ڕیــزەوە بــدات کــە ڕێژەکــەی لەلایــەن لێژنــەی ڕاپەڕاندنــەوە دیــاری دەکرێــت.

ت. ئەرکەکانی ئەندام:

١. چالاکانه بەشداری کاری ڕێکخراوی بکات.

٢. دیسپلین و نهێنییەکانی یەکێتی بپارێزیت.

٣. بەوپەڕی تواناوه هەوڵ بدات بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی یەکێتی و باوەڕ و بۆچوونەکانی بڵاو بکاتەوه.

٤. بەرگری لە ی.ئا.ك. بکات و هەوڵی پەرەسەندن و گەشەکردنی زێدەبوونی بکات.

٥. هەوڵ بدات بۆ خۆفێرکردن و فێرکردنی هەڤاڵانی و بەرزکردنەوەی ئاستی ڕۆشنبیری و زانستی خۆی و ئەندامانی سنوورەکەی.

٦. ڕاپەڕاندن و جێبەجێکردنی فەرمانەکانی لێژنەکانی سەرووتر و گوێڕایەڵیکردنی ئامۆژگارییەکان.

ث. مافەکانی ئەندام:

١. مافی ڕەخنە و پێشنیاری هەیە لە ڕێگای ڕێکخستنەوه.

٢. مافی هەڵبژاردن و خۆهەڵبژاردنی هەیە بۆ دەزگا جۆراوجۆرەکانی یەکێتی.

٣. لە کاتی پێویستدا داوای هاوکاری بۆ چارەسەری کێشه و گرفتەکانی بکات.

٤. لە کاتی سزادان مافی داوای لێکۆڵینەوەی هەیە.

**بەندی سێیەم:**

**سزادان:**

أ. هەر ئەندامێك یەکێك لەم کارانەی لێ ڕوو بدات بە نووسین یان بە دەم ئاگادار دەکرێتەوه یا سەرنجی ڕادەکێشرێ.

١. بەبێ هۆ لە کۆبوونەوه ئامادە نەبێت.

٢. بەبێ هۆی بەجێ بەشداری چالاکانەی کاری ڕێکخراوەیی سنوورەکەی نەکات.

٣. سستی یا کەمترخەمی بنوێنێ.

٤. کاری ڕێکخراوەیی و ناوبانگی ی.ئا.ك. بەکار بهێنێ بۆ بەرژەوەندی شەخسی.

ب. هــەر ئەندامێــك یەكێــك لــەم كارانــەی لــێ ڕوو بــدات ســڕ(تجمید) دەكرێــت بــو مــاوەی (٣ ـ ٦) مانــگ.

١. دووبــارە یــا ســێ بارەكردنــەوەی ســەرپێچییەكانی بڕگــەی ٤،٣،٢،١ لــە خاڵــی (ئەلــف) بەنــدی ســێیەم (ســزادان).

٢. ناو و ناتۆرە یا ناوبانگزڕاندنی ئەندامی ی.ئا.ك.

٣. بە ئەنقەست فەرمانەكانی سەرووتر ئەنجام نەدات و پێ دابگرێ لە سەر ئەنجامنەدانی.

٤. لەگــەڵ ســڕكردن گشــت ئیمتیازەكانــی لــە هــاوكاری و موخەسەســاتی ڕادەگیرێــت و بــۆ میزانیــەی یەكێتــی دەگەڕێتــەوە.

ت. هـەر ئەندامێـك یەكێـك لـەم كارانـەی لـێ ڕوو بـدات بـە یەكجـاری لـە ڕیـزی ی.ئـا.ك. دەردەكرێت :

١. دووبارەكردنـــەوە و ســـێبارەكردنەوەی بڕگەكانـــی (٣،٢،١) لـــە بەشـــی (ب) لـــە بەنـــدی ســـێیەم (ســـزادان).

٢. یەكێك لە مەرجەكانی ئەندامێتی بزر بكات.

٣. تاوانبار بكرێ بە تاوانێكی دژی گەلی كورد و كوردستان یا دژی مرۆڤایەتی.

٤. دەستپیســی بــكات لــە دارایــی ی.ئــا.ك. و تاوانبــار بكــرێ دوای لێكۆڵینەوەیەكــی دادپەروەرانــە.

**بەندی چوارەم:**

**لێژنەی ی.ئا.ك:**

**أ. لێژنەی ڕێكخراو:**

بچووكتریــن یەكــەی ڕێكخســتنە كــە لــە ســێ ئەنــدام بــە هەڵبــژاردن پێــك دێــت و ئــەرك و دەســەڵاتی بریتییــە لــە:

١. سەرپەرشتیكردنی ئەندامانی ی.ئا.ك. لە ٧ تا ٥٠ كەس.

٢. ڕێکخستنی جەماوەری ئافرەتان و جێبەجێکردنی فەرمانەکانی ل.ن.[١]

٣. مانگی دوو جار کۆبوونەوە لەگەڵ گشت ئەندامانی سنوورەکەی دەکات.

٤. مانگانـە ئابوونـەی ئەندامـان وەردەگرێـت و ڕاپـۆرت بـۆ ل.ن بـەرز دەکاتـەوە لـە سـەر گشـت بـوارەکان.

٥. سیاسەت و بۆچوونەکانی یەکێتی لە ناو جەماوەردا بڵاو دەکاتەوە.

٦. پەیوەندی بە ئافرەتان دەکات بۆ هاتنەڕیزیان و ڕێکخستنیان.

**ب. لێژنەی ناوچە:**

لـە ٣ تـا ٥ ئەنـدام پێـك دێـت کـە لەلایـەن ئەندامانـی لێژنـەی ڕێکخراوەکانـەوە هەڵدەبژێردرێـت و دەسـەڵاتی بریتییـە لـە:

١. لە سەر پێشنیاری لق و پەسەندکردنی م.سك.[٢] سنووری دیاری دەکرێت و دادەمەزرێ.

٢. ڕاپۆرتـی مانگانـە لـە سـەر بـاری ڕێکخسـتن و دارایـی و ڕاگەیانـدن و کۆمەڵایەتـی و ڕۆشـنبیری بـۆ لـق بـەرز دەکاتـەوە.

٣. سەرپەرشتی ڕاستەوخۆی ڕێکخراوەکان دەکات و لە کار و چالاکییان ئاڕاستەیان دەکات.

٤. بڕیاردان بۆ وەرگرتنی ئەندام لە ڕیزەکانی ی.ئا.ك. لە سەر پێشنیاری ڕێکخراوەکان.

٥. کۆکردنەوەی ئابوونەی مانگانە و هاتنەڕیز و ڕێکخستنی سجلاتی پێویست.

٦. دەسەڵاتی سزای ئاگادار و سەرنجڕاکێشان و سڕکردنی هەیە.

٧. پێشنیاری دەرکردنی یەکجارەکی ئەندام بۆ لق بەرز دەکاتەوە.

**ت. لێژنەی لق:**

لـەو سـنوورەی کـە لەلایـەن لێژنـەی ڕاپەڕاندنـەوە دیـاری دەکرێـت لێژنـەی لـق پێـك دێـت و بەرزتریـن دەسـەڵاتە لـە هەمـوو بوارەکانـی پەیوەندیـدار بـە ی.ئـا.ك. و ئـەرك

---

(١)ل. ن: لێژنەی ناوچە

(٢)م. سك: مەکتەبی سکرتارییەت

و دەســەڵات و پێکهاتەکــەی بــەم شــێوەی خوارەوەیــە :

١. بەرپرســی لــق دەبــێ ئەندامــی لێژنــەی ڕاپەڕانــدن بــێ و لەلایــەن کۆبوونــەوەی لێژنــەی ڕاپەڕانــدن دیــاری بکرێــت.

٢. ئەندامانــی لــق لەلایــەن ئەندامانــە لێژنــەی ناوچەکانــی ســنووری دیاریکــراو بــە هەڵبــژاردن دیــاری دەکرێــن.

٣. بەرپرسی لێژنەی ناوچەکان ئەندامی لق دەبن.

٤. لە نێوان ئەندامانی لق ٣-٥ ئەندام بۆ ل.کارگێر هەڵدەبژێردرێن.

٥. مانگی جارێك کۆبوونەوە دەکات و ڕاپۆرت بەرز دەکاتەوە بۆ م.سك.

٦. بڕیاری کوتایی بۆ دەرکردنی ئەندامانی دەدات.

٧. وەڵامی راپۆرتی لێژنە ناوچەکان دەداتەوە لەگەڵ ئاراستەکردنیان.

٨. دەسەڵاتی بەیاننامە دەرکردنی هەیە لەسەر ڕووداوی سنوورەکان.

٩. لەسەر پێشنیاری ل.ن بڕیار بۆ دامەزراندنی ڕێکخراوەکان دەدات.

١٠. پێشــنیاری لادان یــا دامەزراندنــی ئەندامــی لــق بەرزدەکاتــەوە بۆ مەکتەبی ســکرتاریەت بــۆ بڕیار لەســەردانی.

١١. داهــات و مومتەلەکاتــی لــق و لێژنــە ناوچــەکان ڕێــك دەخــات لــە سجلی تایبــەت لــە ڕاپۆرتــی دارایــی بــۆ م.ســك. ئامــاژەی پــێ دەکات.

١٢. پێشنیاری سزادانی ئەندامانی لێژنەی ناوچەکان بو م.سك بەرز دەکاتەوە.

**ث. لێژنەی ڕاپەڕاندن:**

لــە ١٥ ئەنــدام و ٦ یــەدەگ پێــك دێــت کــە لــە کۆنگــرەی ی.ئــا.ك. هەڵدەبژێردرێــن، ئــەرك و دەســەڵاتی:

١. سەرپەرشتی و پلاندانان بۆ ی.ئا.ك. لە نێوان دوو کۆنگرەدا.

٢. لــە نــاو ئەندامانیــدا مەکتەبــی ســکرتاریەت و ســکرتێرەی گشــتی و جێگــری ســکرتێرە

هەڵدەبژێردرێــت.

٣. هەر سێ مانگ جارێك کۆ دەبێتەوە.

٤. ڕاپۆرت بۆ کۆنفرانس و کۆنگرە ئامادە دەکات.

٥. جێبەجێکردنی بڕیار و ڕاسپاردەکانی کۆنگرە.

٦. بڕیاردان لەسەر کردنەوەی لقەکان لە ئاراستەکردنیان.

٧. دەسەڵاتی هەڵوەشاندنی لقی هەیە لە کاتی پێویستدا.

٨. بەداوای دوو لەسەرسێی ئەندامانی مافی داواکردنی بەستنی کۆنگرە یا کۆنفرانسیان هەیە.

٩. دەسەڵاتی سزادانی ئەندامانی لقی هەیە.

١٠. دەســەڵاتی ســزادانی ئەندامانــی لێژنــەی ڕاپەڕانــدن و یەدەگەکانــی هەیــە کــە لــە بڕگەکانــی ســزادان هاتــووە تــا هەڵپەســاردن(تعلیق) و دەســەڵاتی وەرگرتنــەوەی تــا ڕۆژی کۆنگـرە دوا بڕیاریـش بـۆ کۆنگرەیـە.

١١. دیاریکردنی کار و بەرپرسییەتی بۆ ئەندامانی.

١٢. لێپێچانەوەی کارە ئەنجامدراوەکانی م. سك.

١٣. دیاریکردنی ئەو دەسەڵاتانەی دەیدات بە م. سك. لە نێوان دوو کۆبوونەوەدا.

١٤. دەسەڵاتی وەرگرتنی کادیرانی ڕێکخراوەکانی تری ئافرەتانی هەیە.

١٥. دیاریکردنی سیاسەت و نەهجی ڕاگەیاندنی ی.ئا.ك.

١٦. بڕیار دەدات بۆ دامەزراندنی لێژنەی ئامادەکردنی کۆنگرە.

١٧. دیاریکردنی ڕێژەی بەشداربوون لە کۆنگرە.

١٨. بڕیار لەسەر دەسەڵاتی سەرف لە م.سك. و لق و ناوچەکان دەدات.

**ج. مەکتەبی سکرتاریەت:**

١. لــە نێــوان دوو کۆبوونــەوەی لێژنــەی ڕاپەڕاندنــدا، م. ســك. هەڵدەبژێردرێــت کــە بریتیــن لــە ســکرتێری ی.ئــا.ك. و جێگرەکــەی و پێنــج ئەندامــی مەکتەبــی

سـەکرتاریەت و لـەم بەشـانە پێـك دێـت:

- بەشی ڕێکخستن.
- بەشی دارایی و ئیدارە.
- بەشی کۆمەڵایەتی و خێزان.
- بەشی ڕاگەیاندن و ڕۆشنبیری.
- بەشی پەیوەندییەکان.

لێپرسراویـان ئەندامێکـی م.س.ك. دەبـێ و مانگانـە ڕاپـۆرت ئامـادە دەکـەن و لـە کاتـی پێویسـتدا کۆبوونـەوە ئەنجـام دەدەن، بڕیارەکانـی ل.ڕا.[1] جێبەجـێ دەکـەن.

٢. سـکرتێری ی.ئـا.ك. لەلایـەن لێژنـەی ڕاپەڕانـدن لـە نێـوان ئەندامانـی هەڵدەبژێرێـن، سەرپەرشـتی کۆبوونەوەکانـی مەکتەبـی سـکرتاریەت و لێژنـەی ڕاپەڕانـدن و کۆنفرانـس و کۆنگـرە دەکات و گشـت نووسراوەکانـی ی.ئـا.ك. لـە مەکتەبـی سـکرتاریەت بـە ئیمـزای ئـەو دەبێـت.

٣. جێگری سکرتێرەی ی.ئا.ك. لە کاتی ئامادەنەبوونی سکرتێر هەموو دەسەڵاتێکی ئەوەیە لێژنەی ڕاپەڕاندن ئەرك و دەسەڵاتی لە کاتی ئامادەبوونی سکرتێر دیاری دەکات.

**بەندی پێنجەم:**

**کۆنفرانس:**

لـە کاتێکـدا کـە نەتوانـرێ کۆنگـرە ببەسـترێت، کۆنفرانـس دەبەسـترێ و پێـك دێـت لـە ئەندامانـی لێژنـەی ڕاپەڕانـدن و یەدەگـەکان و ئەنـدام و کارگێـڕی لقـەکان و کادیرەکانـی ئەنـدام بـەش لـە م.سك. ئـەرك و دەسـەڵاتی کۆنفرانـس :

١. گشـت دەسـەڵاتێکی کۆنگـرەی هەیـە جگـە لـە گۆڕینـی پڕۆگـرام و پەیـڕەوی ناوخـۆ و هەڵوەشـاندنەوەی یەکێتـی ئافرەتانـی کوردسـتان یـا تێکەڵاوکردنـی لـە گـەڵ ڕێکخراوێکـی تـر.

٢. گۆڕینـی ئەندامانـی لێژنـەی ڕاپەڕانـدن یـان پڕکردنـەوەی بۆشـایی بـە مەرجێـك گۆڕیـن

(١)لێژنەی ڕاپەڕاندن

یـا پڕکردنەوەکـە ١/٢ لـە یـەك لـە سـەر دووی ئەندامانـی ل. ڕا زێدەتـر نەبێـت.

٣. بڕیاردان بۆ بەستنی کۆنگرە

**بەندی شەشەم:**

**کۆنگرە:**

أ. کۆنگرە بەرزترین دەسەڵاتە لە ی.ئا.ك.، هەر (٣) ساڵ جارێك دەبەسترێت، پێك دێت لە:

١. ئەندامانی لێژنەی ڕاپەڕاندن و یەدەگەکانی.

٢. ئەندامانی لێژنەی ئامادەکاری کۆنگرە.

٣. هەڵبژێردراوەکانـی کۆنفرانسـەکانی لـق و ناوچـەکان بـەو ڕێـژەی لێژنـەی ڕاپەڕانـدن دیاری کـردووە.

**ب. ئەرکەکانی کۆنگرە:**

١. هەڵسـەنگاندنی تـەواوی ئیشـوکار و بڕیـار و ڕاسـپاردەکانی لێژنــە و دەزگاکان و هــەر ئەندامێکـی ی.ئـا.ك. و بڕیاردانــی پێویســت.

٢. پەسـەندکردنی پڕۆگـرام و پەیـڕەوی ناوخـۆ و گونجاندنــی لەگـەڵ واقیعــی ڕۆژ و بڕیارلەسـەردانی.

٣. دیاریکردنی چەند لێژنەیەك بۆ ڕێکخستن، دارایی، ڕاگەیاندن و سکاڵا و...هتد.

٤. هەڵبژاردنەوەی ئەندامانی لێژنەی ڕاپەڕاندنی ی.ئا.ك.

٥. دیاریکردنی سیاسەتی گشتی ی.ئا.ك.

٦. سزادانی ئەندامانی سەرپێچیکاری لێژنەی ڕاپەڕاندن.

٧. بڕیاردان لەسەر ئاڕم و دروشمی ی.ئا.ك.

**بەندی حەوتەم:**

**لێژنەی ئامادەکاری:**

بەبڕیـاری لێژنــەی ڕاپەڕانــدن لــە ٥ تــا ٧ ئەنــدام پێـك دێـت بـۆ سەرپەرشــتی

ئیشـــوکاری خۆئامادەکردنـــی کۆنگـــرە و سەرپەرشـــتیکردنی کۆنفرانســـەکانی لێژنەکانـــی ی.ئـــا.ك.

**بەندی هەشتەم:**

**ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی ی.ئا.ك:**

أ. ی.ئا.ك. مانگانە گۆڤاری دەنگی ئافرەت بڵاو بکاتەوە.

ب. ی.ئا.ك. سوود لە دەزگاکانی ڕادیو و تەلەفزیۆن و چاپەمەنییەکان وەردەگرن.

ت. کردنەوەی خولی ڕۆشنبیری بو پێگەیاندنی کادیر.

**بەندی نۆیەم:**

دارایی: دارایی ی.ئا.ك پێك دێت لە:

١. کۆکردنەوەی ئابوونە و ئابوونەی هاتنەڕیزەوە.

٢. نرخی چاپەمەنی و داهاتی چالاکییەکانی.

٣. ئەو یارمەتییانەی دەدرێتە ی.ئا.ك.

٤. سوودی پرۆژە بەرهەمهێنەرەکان.

# کۆنگرەی پێنجەمی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان

## هەولێر - ٢٠٠١

لـە ڕێکەوتـی ٢٧ ـ ٣٠ی تشـرینی یەکەمـی ٢٠٠١، بـە ئامادەبوونـی سـەرۆك مەسـعود بارزانـی، کۆنگـرەی پێنجەمـی یەکێتـی ئافرەتانـی کوردسـتان، لـە هۆڵـی میدیـای شـاری هەولێـر، بـە دروشـمی (ئـازادی و یەکسـانی ئافـرەت، کۆمەڵگایەکـی بەختیـار و پێشـکەوتوو بنیـات دەنێـت)[١]، بـە ئامادەبـوونی ٣٨٣ نوێنـەر سـازدرا[٢].

لـە درێژایـی کار و چالاکییـەکانی کۆنگـرە، لەلایـەن ئەندامـانی کۆنگـرەوە، دەسـتەیەکی نـوێ بـۆ لێژنـەی ڕاپەڕاندنـی یەکێتـی ئافرەتـان هەڵبژێـردرا کـە پێکهاتبـوون لـە:

١- شیرین ئامێدی

٢- جەمیلە حاجی

٣- سەبیحە ئەحمەد مستەفا

٤- زەکیە ساڵح

٥- میدیا حەسەن حسێن

٦- جوان سلێمان

٧- سوهام حەکیم عەلی

٨- ژیان حەمەد ئەسعەد، ناسراو بە ژیان کۆیی

٩- بەیان تۆفیق عەلی

١٠- شەونم نەجمەدین عەلی

١١- خانزاد کەریم خان

١٢- ڕووخۆش فەرەج محەمەد

١٣- سەبریە بابەکر

١٤- پرشنگ محەمەد عەبدوڵا، ناسراو بە پرشنگ کەرکووکی

١٥- غەزالە محەمەد ساڵح

١٦- چیمەن ڕەشید

١٧- جولە حاجی عومەر.

**یەدەگی لێژنەی ڕاپەڕاندن:**

١- ئامینە زکری سەعید

٢- نازدار ئەسعەد مەحمود، ناسراو بە نازدار بارزانی

٣- ویداد غەریب

٤- ژیان ئاغا تاژدین[٣].

## سەرچاوە و پەراوێز


١- بەلاغی كۆتایی كۆنگرەی پێنجەمی (ی.ئا.ك)، گۆڤاری دەنگی ئافرەت، ئۆرگانی مەكتەبی سكرتاریەتی یەكێتی ئافرەتانی كوردستان، ژمارە ٢٥، هەولێر، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، شوباتی ٢٠٠٢ز، ل ٨؛ الرئیس البارزاني یرعی المؤتمر الخامس لاتحاد نساء كوردستان، جریدة خەبات، لسان حال الحزب الدیمقراطي الكوردستاني، العدد ١٠٥٠، أربیل، الجمعة، ٢ تشـرین الثاني ٢٠٠١م، ص ص ١، ٧.

٢- سجلی ناسنامەكانی كۆنگرەی پێنجەمی یەكێتی ئافرەتانی كوردستان، هەولێر، ٢٠٠١، ل ل ١ ـ ٩١؛ هاوژین حەمە ڕەشید، كۆنگرەی پێنجەمی یەكێتی ئافرەتان بە هەڵبژاردنی سەركردایەتی نوێ سەركەوتووانە كۆتایی هات، ڕۆژنامەی برایەتی، ئۆرگانی پارتی دیموكراتی كوردستان، ژمارە ٣٥٢٦، هەولێر، سێشەمە، ٣٠ی تشرینی یەكەم ٢٠٠١ز، ل ١.

٣- هاوژین حەمەڕەشید، سەرچاوەی پێشو، ل ١؛ الرئیس البارزاني یرعی المؤتمر الخامس لاتحاد نساء كوردستان، المصدر السابق، ص ١.

# پەیڕەو و پڕۆگرامی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان کۆنگرەی پێنجەم

## بەشی یەکەم

## پڕۆگرام

**مادەی یەکەم:**

ناوی ڕێکخراو: یەکێتی ئافرەتانی کوردستان، بە پیتەکانی (ی.ئا.ك) کورت دەکرێتەوە.

**مادەی دووەم:**

پێناسەی ڕێکخراو: ڕێکخراوێکی جەماوەری و کۆمەڵایەتی و دیموکراتی ئافرەتانی کوردستانە، بە ئامانجی دابینکردنی مافی ئافرەت لە ڕووی ئابووری و ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و تەندروستی و ڕامیاری و نەتەوایەتیی، هەروەها پشتگیری لە خەباتی ئافرەتانی جیهان دەکات لە پێناو ئاشتی و ئازادی و یەکسانی و دادپەروەری.

**مادەی سێیەم:**

ناوەندی ڕێکخراو لە هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستانی عێراق دەبێت، مافی کردنەوەی لقی هەیە لە ناوەندی پارێزگاکانی کوردستان، ئەگەر بە پێویست زانرا لە شارەکانی تری هەرێم و لە دەرەوەدا.

**مادەی چوارەم:**

ئامانجەکانی (ی.ئا.ك):

**أ. ئامانجە کۆمەڵایەتییەکان:**

١. کارکردن بۆ پتەوکردنی پەیوەندییەکانی ناو خێزان و چارەسەرکردنی گیروگرفتەکانی.

٢. هەوڵدان بۆ کردنەوەی خانەی چاودێری بۆ ئافرەتانی پەککەوتە و بەساڵاچوو.

٣. هەوڵدان بۆ سەقامگیرکردنی دیموکراتیەت و پێشخستنی بەرەو ژیانێکی

ژیـــاری و ســـەردەمانەی کۆمەڵـــگای کـــوردەواری و ڕزگارکردنـــی ئافـــرەت لـــە کـــۆت و پابەنـــدە کۆمەڵایەتییـــە کۆنەپەرســـتەکان.

٤. تێکۆشـان لـە پێنـاو چەسـپاندنی ئاشـتی و دوورکەوتنـەوە لـە شـەڕی کاولـکاری ناوخـۆ، کـە زەرەرمەنـدی سـەرەکی تێـدا ئافرەتـە.

٥. هەوڵدان بۆ نەهێشتنی تیرۆری ئافرەت و بەکارنەهێنانی توندوتیژی لە دژی.

٦. هەوڵـدان بـۆ ئاسـانکردنی دروسـتبوونی خێـزان لـە سـەر بنەمـای لەیەکگەیشـتن و کەمکردنـەوەی گیروگرفتەکانـی پێکهێنانـی خێـزان وەك (مارەیـی زۆر، ژنبـەژن، گـەورە بـە بچـووك، فرەژنـی، لەجیاتـی بەخوێنـدان).

٧. هەوڵـــدان بـــۆ چارەســـەرکردنی کێشـــەی ئافرەتانی پاشـــماوەی (کـــەس و کاری ئەنفالـــەکان) ئەنفـــال.

٨. هەوڵـدان بـۆ کردنـەوەی بنکـەی حەڕەوانـەوە و بنکـەی ڕاوێـژکاری کۆمەڵایەتـی بـۆ دیراسـەی گیروگرفتەکانیـان و چارەسـەرکردنیان.

٩. هەوڵدان بۆ کەمکردنەوەی ڕێژەی جیابوونەوە (طلاق).

**ب. ئامانجە ئابوورییەکان:**

١. هەوڵدان بۆ وەدیهێنانی سەربەخۆیی ئافرەت.

٢. گرنگیـدان بـە ڕۆڵـی ئافـرەت لـە هەمـوو بوارەکانـی کارکـردن و ڕەخسـاندنی کاری گونجـاو بـۆی.

٣. هەوڵدان بۆ دابینکردنی بیمەی کۆمەڵایەتی(ضمان الاجتماعی).

**ت. ئامانجە پەروەردەیی و ڕۆشنبیرییەکان:**

١. هەوڵـدان بـۆ ڕزگارکردنـی ئافـرەت لـە نەزانیـن و نەخوێنـدەواری، بەکردنـەوەی مەڵبەنـدی نەهێشـتنی نەخوێنـدەواری بـە تایبەتـی بەسـوودوەرگرتن لـە دامـودەزگا پەیوەندیـدارەکان.

٢. تێکۆشـان بـۆ دابینکردنـی مافـە ڕۆشـنبیری و تەندروسـتی و کۆمەڵایەتییەکانـی

منداڵانـی کوردسـتان.

٣. هەوڵــدان بــۆ زیادکردنـــی خانـــەی حەڕەوانـــەوە و پەروەردەکردن بـــۆ منداڵە پەڕاگەنـــدەکان و فێـــری پیشـــەکردنیان.

٤. کردنـەوەی خولـی ڕۆشـنبیری و بەسـتنی کـۆڕ و سـیمینار بـۆ ئافرەتـان، لەسـەر چۆنیەتـی پەروەردەکردنـی منـداڵ و بەرزکردنـەوەی ئاسـتی ڕۆشـنبیری، بـۆ نەهێشـتنی جیـاوازی نێـوان کـوڕ و کـچ لـە پەروەردەکردنـدا.

٥. هەوڵـدان بـۆ پەرەپێدانـی بەرنامـەی ڕادیـۆ و تەلەفزیـۆن و گۆڤـاری تایبـەت بـە ئافرەتـان و منـداڵان.

٦. هەوڵـدان بـۆ پەروەردەکـردن و پەرەپێدانـی توانـا وەرزشـی و هونەرییەکانـی ئافرەتـان، لـە ڕێـگای کردنـەوەی یانـە و سـەنتەر و هـۆڵ و شـوێنی وەرزشـی تایبـەت بـە ئافرەتـان و دابینکردنـی پێداویسـتییەکانی پـەروەردە و پەرەپێدانـی توانـا هونەرییەکانـی هـەر سـێ بەشـی هونـەری (مۆسـیقا، شـانۆ، شـێوەکاری).

٧. هەوڵـدان بـۆ کردنـەوەی خـول و بنکـەی تایبـەت بـە فێرکردنـی کۆمپیوتـەر و ئەنتەرنێـت و پیشـەی جیاجیـا.

**ث. ئامانجە تەندروستییەکان:**

١. هەوڵـدان بـۆ پەرەپێـدان و زیادکردنـی نەخۆشـخانە و بنکـە تەندروسـتییەکان کـە تایبەتـن بـە نەخۆشـییەکانی ئافـرەت و منداڵبـوون.

٢. هەوڵدان بۆ زیادکردنی مەڵبەندەکانی چاودێری دایك و منداڵ.

٣. هەوڵـدان بـۆ کردنـەوەی خولـی ڕۆشـنبیری، تەندروسـتی و بەشـداریکردن لـە تەقەلاکانـی خۆپاراسـتن بـە هـاوکاری دەزگاکانـی پەیوەنـدار و دابینکردنـی بیمـەی تەندروسـتی.

٤. هەوڵدان بۆ کردنەوەی خولی مامانی و منداڵبوون بە ڕێگای زانستی.

٥. هەوڵـدان بـۆ چارەسـەرکردنی گرفتـە تەندروسـتییەکانی ئافرەتـان و منداڵانـی پاشـماوەی کیمیابـاران.

**ج. ئامانجە ڕامیارییەکان:**

١. هەوڵدان بۆ زیادکردنی ڕێژەی ئافرەتان لە پەرلەمان و حکومەتی هەرێم و دامودەزگا ئیدارییەکانی، بۆ ئەوەی وەکو ئەندامێکی کاریگەر لە بنیادنانی کۆمەڵێکی پێشکەوتوو دیموکراتیزەکراو، لە هەموو بوارەکانی ژیاندا ڕۆڵ ببینێ.

٢. هەوڵدان بۆ زێدەکردنی ڕێژە و ڕۆڵی ئافرەت لە ژیانی ڕامیاری و ئیداری و حزبایەتی ڕێکخراوەییدا.

٣. پشتگیری لە خەباتی ئافرەتانی کورد دەکەین بۆ بەهێزکردنی پەیوەندی لە نێوان ڕێکخراوەکانی تری ئافرەتان.

٤. هەوڵدان بۆ بەشداریکردنی کاریگەرانەی ئافرەت لە هەڵسوڕانی هەموو بوارەکانی ژیان و کار و خەباتی نیشتمانی و نەتەوەییدا.

٥. لە قۆناغی ئەمڕۆ پشتگیری لە سیستمی فیدراڵی، بۆ چۆنیەتی بەستنەوەی هەرێمی کوردستان بە حکومەتی ناوەندییەوە دەکەین.

٦. تێکۆشان بۆ پاراستن و پەرەپێدانی ئەزموونی دیموکراتی و دەستکەوتە مێژووییەکانی گەلەکەمان، کە لە ڕاپەڕینە مەزنەکەی بەهاری ١٩٩١، هاتۆتە دی.

## بەشی دووەم

## پەیڕەوی ناوخۆ

**بەندی یەکەم:**

یەکێتـی ئافرەتانـی کوردسـتان ڕێکخراوێکـی کوردسـتانی سـەربەخۆیە و پێـك دێـت لـەو ئافرەتانـەی کـە ئارەزوومەندانـە دێنـە ڕیـزەوە و بڕوایـان بـە پڕۆگـرام و پەیـڕەوی ناوخـۆی هەیـە و بەوپـەڕی توانـا و دڵسـۆزییەوە بـۆ بەدیهێنانـی ئامانجـە دیاریکراوەکانـی تـێ دەکۆشـن.

**بەندی دووەم:**

**دروشم:**

(ئاشتی، یەکسانی، دادی کۆمەڵایەتی).

**بەندی سێیەم:**

**ئارم:**

پێکهاتەکەی بەم شێوەیە:

- تیشکی ڕۆژ.
- کۆتر.
- گوڵەگەنم.
- ناوی (ی.ئا.ك) بە ئینگلیزی.

**بەندی چوارەم:**

**ئەندامێتی:**

هەموو ئافرەتێکی کوردستان دەبێتە ئەندام لە یەکێتی، بەپێی ئەم مەرجانەی خوارەوە:

١. بـڕوای بـە پڕۆگـرام و پەیـڕەوی ناوخـۆ هەبێـت و لـە پێنـاو بەدیهێنانـی ئامانجەکانـی خەبـات بـکات.

٢. تەمەنی لە (١٤) چواردە ساڵ کەمتر نەبێت.

٣. ئابوونــەوەی هاتنەڕیــز و ســاڵانە بــدات، کــە ڕێژەکــەی لەلایــەن لێژنــەی ڕاپەڕاندنــەوە دیــاری دەکرێــت.

٤. خۆڕەوشتی باش بێت.

**بەندی پێنجەم:**

**ئەرکەکانی ئەندام:**

١. چالاکانە بەشداری کاری ڕێکخراوەیی بکات.

٢. دیسپلین و نهێنییەکانی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان بپارێزێت.

٣. بەوپــەڕی توانــاوە هــەوڵ بــدات بــۆ بەدیهێنانــی ئامانجەکانــی یەکێتــی و بیروبۆچوونەکانــی بــڵاو بکاتــەوە.

٤. بەرگری لە یەکێتی ئافرەتانی کوردستان بکات و هەوڵی پەرەسەندن و گەشەکردنی بدات.

٥. هــەوڵ بــدات بــۆ خۆفێرکــردن و فێرکردنــی هەڤاڵانــی و بەرزکردنەوەی ئاســتی ڕۆشــنبیری و زانســتی خــۆی و ئەندامانــی ســنوورەکەی.

٦. ڕاپەڕاندن و جێبەجێکردنی فەرمانەکانی لێژنەکانی سەرووتر.

**مافەکانی ئەندام:**

٧. مافی ڕەخنە و پێشنیاری هەیە لە ڕێگەی ڕێکخستنەوە.

٨. مافی هەڵبژاردن و خۆهەڵبژاردنی هەیە بۆ دەزگا جۆراوجۆرەکانی یەکێتی.

٩. لە کاتی پێویستی داوای هاوکاری بۆ چارەسەری کێشە و گرفتەکانی بکات.

١٠. لەکاتی سزادان و پێشێلکردنی مافەکانی، بۆی هەیە داوای لێکۆڵینەوە بکات.

**بەندی شەشەم:**

**سزادان:**

أ. هــەر ئەندامێــك یەکێــك لــەم کارانــەی لــێ ڕوو بــدات بــە نووســین یــان بــە دەم ئــاگادار دەکرێتــەوە یــان ســەرنجی ڕادەکێشرێــت :

١. بەبێ هۆ لە کۆبوونەوە ئامادە نەبێت.

٢. بەبــێ هــۆی بەجــێ بەشــداری چالاکانــەی کاری ڕێکخراوەیــی ســنوورەکەی نــەکات.

٣. سستی یان کەمتەرخەمی بنوێنێ.

٤. کاری ڕێکخراوەیــی و ناوبانگــی یەکێتــی ئافرەتانــی کوردســتان بــە کار بهێنــێ بــۆ بەرژەوەنــدی شەخســی.

ب. هــەر ئەندامێــك یەکێــك لــەم کارانــەی لــێ ڕوو بــدات سڕ(تجمید) دەکرێــت بــۆ مــاوەی (٣ تــا ٦) مانــگ :

١. دووبارەکردنــەوەی ســەرپێچییەکانی بڕگــەی (١، ٢، ٣، ٤) لــە خاڵــی (أ) بەنــدی پێنجــەم (ســزادان).

٢. ناووناتۆرە یان ناوبانگزڕاندنی ئەندامانی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان.

٣. بە ئەنقەست فەرمانەکانی سەرووتر ئەنجام نەدات و پێ دابگرێ لەسەر ئەنجامنەدانی.

٤. لەگــەڵ سـڕکردن گشــت ئیمتیازەکانــی لــە هــاوکاری و دەرماڵــەی ڕادەگیرێــت بــۆ میزانییــەی یەکێتــی دەگەڕێتــەوە.

٥. ئەوەی پێشێلی مافی ئافرەتانی تر بکات، پلەی لێپرسراوێتی لێ دەستێندرێتەوە.

ت. هــەر ئەندامێــك یەکێــك لــەو کارانــە لــێ ڕوو بــدات بــە یەکجــاری لــە ڕیــزی یەکێتــی ئافرەتانــی کوردســتان دەر دەکرێــت :

١. دووبارەکردنــەوە و ســێبارەکردنەوەی بڕگەکانــی (١، ٢، ٣) لــە بەشــی (ب) لــە بەنــدی شەشــەم (ســزادان).

٢. یەکێك لە مەرجەکانی ئەندامێتی بزر بکات.

٣. بە تاوانێکی دژی گەلی کورد و کوردستان یان دژی مرۆڤایەتی تاوانبار بکرێ.

٤. دەستپیســی بــکات لــە دارایــی یەکێتــی ئافرەتانــی کوردســتان و تاوانبــار بکــرێ، دوای لێکۆڵینەوەیەکــی دادپەروەرانــە.

**بەندی حەوتەم:**

**أ. لێژنەی ڕێکخراو**

بچووکترین یەکەی ڕێکخستنە کە لە (١٠٠) سەد ئەندام کەمتر نییە و لەنێوان ئەندامانی (٣) سێ ئەندام بۆ لێژنەی ڕێکخراو هەڵدەبژێردرێ.

**ئەرك و دەسەڵاتی بریتییە لە :**

١. لێژنەی ڕێکخراو لە نێو ئەندامەکانیدا لە یەکەم کۆبوونەوەی خۆیدا بەرپرسی لێژنەی ڕێکخراو هەڵدەبژێرێت.

٢. ڕێکخستنی جەماوەری ئافرەتان و جێبەجێکردنی فەرمانەکانی لێژنەی ناوچە.

٣. هەر (٣) سێ مانگ جارێك کۆبوونەوە لەگەڵ گشت ئەندامانی سنوورەکەی دەکات.

٤. ئابوونەی ساڵانە و هاتنەڕیزی ئەندامان وەردەگرێت و ڕاپۆرت بۆ لێژنە ناوچە بەرز دەکاتەوە لەسەر گشت بوارەکان.

٥. سیاسەت و بۆچوونەکانی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان بۆ جەماوەر بڵاو دەکاتەوە.

**ب. لێژنەی ناوچە**

لەسەر پێشنیاری لق و پەسەندکردنی مەکتەبی سکرتاریەت سنووری دیاری دەکرێت و پێك دێت لە (١٠٠٠) هەزار ئەندام و زیاتر، لەلایەن لێژنەی ڕێکخراوەکانی سنووری (٣تا٥) ئەندام هەڵدەبژێرێت بۆ لێژنەی ناوچە.

**ئەرك و دەسەڵاتی بریتییە لە:**

١. لێژنە ناوچە لە نێو ئەندامەکانی لە یەکەم کۆبوونەوەیدا بەرپرسی لێژنەی ناوچە هەڵدەبژێرن.

٢. ڕاپۆرتی مانگانە لە باری ڕێکخستن و دارایی و ڕاگەیاندن و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری بۆ لق بەرز دەکاتەوە.

٣. سەرپەرشتی ڕاستەوخۆی ڕێکخراوەکان دەکات و لە کاروچالاکییەکان

ئاراســـتەیان دەکات.

٤. بڕیـــاردان بــۆ وەرگرتنــی ئەنــدام لــە ڕیزەکانــی یەکێتــی ئافرەتانــی کوردســـتان لەســـەر پێشـــنیاری ڕێکخـــراوەکان.

٥. کۆکردنەوەی ئابوونەی ساڵانە و هاتنەڕیز و ڕێکخستنی تۆمارگەی پێویست.

٦. دەسەڵاتی سزای ئاگادارکردنەوە و سەرنجڕاکێشانی هەیە.

٧. پێشنیاری سڕکردن و دەرکردنی یەکجارەکی ئەندام بۆ لق بەرز دەکاتەوە.

**ت. لێژنەی لق**

لێژنــەی لــق لــەو ســنوورەی کــە لەلایــەن لێژنــەی ڕاپەڕانــدن دیــاری دەکرێــن و لــە (٥تــا٧) ئەندامــی کارگێــڕ پێــك دێــن، لــە ســنووری دیاریکــراوی خــۆی لەلایــەن لێژنــەی ناوچــە هەڵدەبژێردرێـــن و بەرزتریـــن دەســـەڵاتە لـــە هەمـــوو بوارەکانـــی پەیوەندیـــدار بـە یەکێتـی ئافرەتانـی کوردسـتان و ئـەرك و دەسـەڵات و پێکهاتـەی بـەم شـێوەیە دەبێـت:

**ئەرك و دەسەڵاتەکان:**

١. بەرپرســی لــق دەبــێ ئەندامــی لێژنــەی ڕاپەڕانــدن بێــت و لەلایــەن کۆبوونــەوەی لێژنــەی ڕاپەڕانــدن دیــاری بکرێــت.

٢. کارگێڕانـــی لـــق لەلایـــەن ئەندامانـــی لێژنـــە ناوچەکانـــی ســـنووری دیاریکـــراو بـــە هەڵبـــژاردن دیـــاری دەکرێـــن.

٣. بەرپرسی لێژنە ناوچەکان ئەندامی لق دەبن.

٤. مانگــێ جارێــك کۆبوونــەوەی ئاســایی دەکات و ڕاپــۆرت بــەرز دەکاتەوە بــۆ مەکتەبی سکرتاریەت.

٥. بڕیاری کۆتایی بۆ دەرکردنی ئەندامانی خۆی لە سنووری دەدات.

٦. وەڵامی ڕاپۆرتی لێژنە ناوچەکان دەداتەوە و ئاراستەیان دەکات.

٧. دەسەڵاتی دەرکردنی بەیاننامەی هەیە لەسەر ڕووداوەکانی سنووری.

٨. لەســـەر پێشـــنیاری لێژنـــەی ناوچـــە بڕیـــار بـــۆ دامەزراندنـــی ڕێکخـــراوەکان دەدات

بەپێــی مەرجــە دیاریكــراوەكان.

٩. پێشـنیاری لادان و دەركردنـی ئەندامانـی لـق و لێژنـە ناوچـەكان بـەرز دەكاتـەوە بـۆ مەكتەبــی ســكرتاریەت بــۆ بڕیــار لەســەردانی.

### ث. لێژنەی ڕاپەڕاندن

لێژنــەی ڕاپەڕانــدن لــە (١٧) حەڤــدە ئەنــدام و (٤) چــوار ئەندامــی یــەدەگ پێــك دێــت كــە لــە كۆنگــرەی یەكێتــی ئافرەتانــی كوردســتان هەڵدەبژێردرێــن.

**ئەرك و دەسەڵاتی لێژنەی ڕاپەڕاندن:**

١. سەرپەرشتی و پلاندانان بۆ یەكێتی ئافرەتانی كوردستان لە نێوان دوو كۆنگرە.

٢. هەر سێ مانگ جارێك كۆبوونەوەی ئاسایی خۆی دەبەستێت.

٣. بڕیاردان لەسەر كردنەوەی لقەكان و ئاراستەكردنیان.

٤. لێپێچانەوەی كارە ئەنجامدراوەكانی مەكتەبی سكرتاریەت.

٥. دەسەڵاتی وەرگرتنی كادیرانی ڕێكخراوەكانی تری ئافرەتانی هەیە.

٦. بڕیار دەدات بۆ دامەزراندنی لێژنەی ئامادەكاری كۆنگرە.

٧. دیاریكردنی ڕێژەی بەشداربوون لە كۆنگرە.

٨. داڕشتنی پلانی دارایی یەكێتی ئافرەتانی كوردستان.

٩. بڕیاردان لەسـەر هەر شـێوازێكی نوێی سـەردەمانە بۆ پێشخسـتنی كاری ڕێكخراوەیی یەكێتـی ئافرەتانی كوردسـتان.

### ج. مەكتەبی سكرتاریەت

لــە نێــوان دوو كۆبوونــەوەی لێژنــەی ڕاپەڕانــدن، مەكتەبــی ســكرتاریەت هەڵدەبژێردرێــت و بریتییــە لــە ســكرتێر و (٦) شــەش ئەندامــی مەكتەبــی ســكرتاریەت.

**مەكتەبی سكرتاریەت لەم بەشانە پێك دێت:**

١. بەشی ڕێكخستن و ئامار

٢. بەشی دارایی و ئیدارە

٣. بەشی کۆمەڵایەتی

٤. بەشی ڕاگەیاندن و ڕۆشنبیری

٥. بەشی پەیوەندییەکان

٦. بەشی وەرزش و هونەر

لێپرسراوی ئەم بەشانە ئەندامی مەکتەبی سکرتاریەت دەبێ و مانگانە بۆ کۆبوونەوەی ئاسایی مەکتەبی سکرتاریەت ڕاپۆرت ئامادە دەکەن و لە کاتی پێویست کۆبوونەوە ئەنجام دەدەن و بڕیارەکانی مەکتەبی سکرتاریەت جێبەجێ دەکەن.

٧. دەسەڵاتی زیادکردنی بەشەکانی مەکتەبی سکرتاریەتی هەیە بەپێی پێویست.

٨. دیاریکردنی سیاسەت و نەهجی ڕاگەیاندنی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان.

٩. سکرتێری یەکێتی ئافرەتانی کوردستان لە نێوان ئەندامانی لێژنەی ڕاپەڕاندن هەڵدەبژێردرێت و سەرپەرشتی کۆبوونەوەکانی مەکتەبی سکرتاریەت و لێژنەی ڕاپەڕاندن و کۆنفرانس و کۆنگرە دەکات، گشت نووسراوەکانی مەکتەبی سکرتاریەت بە ئیمزای ئەو دەبێت و نوێنەرایەتی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان دەکات لە سەرجەم دەزگاکان.

**بەندی هەشتەم:**

**کۆنفرانس:**

لە کاتێکدا کە نەتوانرێ کۆنگرە ببەسترێت کۆنفرانس دەبەسترێ و پێك دێت لە ئەندامانی لێژنەی ڕاپەڕاندن و یەدەگەکانی و ئەندام و کارگێڕانی لقەکان و کادیرەکانی ئەندام بەشی مەکتەبی سکرتاریەت.

**ئەرك و دەسەڵاتەکانی کۆنفرانس:**

١. گشت دەسەڵاتێکی کۆنگرەی هەیە جگە لە گۆڕینی پرۆگرام و پەیڕەوی ناوخۆ و هەڵوەشاندنەوەی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان یان تێکەڵاوکردنی لەگەڵ ڕێکخراوێکی تر.

٢. گۆڕینی ئەندامانی لێژنەی ڕاپەڕاندن یان پڕکردنەوەی بۆشایی بە مەرجێك کە ئەم گۆڕین و پڕکردنەوەیە ١/٢ یەك لەسەر دووی ئەندامانی لێژنەی ڕاپەڕاندن نەبێت.

٣. بڕیاردان بۆ بەستنی کۆنگرە.

**بەندی نۆیەم:**

**کۆنگرە:**

کۆنگرە بەرزترین دەسەڵاتە لە یەکێتی ئافرەتانی کوردستان، هەر (٣) سێ ساڵ جارێك دەبەسترێت و پێك دێت لە:

١- ئەندامانی لێژنەی ڕاپەڕاندن و یەدەگەکانی.

٢- ئەندامانی لێژنەی ئامادەکاری کۆنگرە.

٣- هەڵبژاردراوەکانی کۆنفرانسەکانی لق و ناوچەکان، بەو ڕێژەیەی لێژنەی ڕاپەڕاندن دیاری دەکات.

**ئەرکەکانی کۆنگرە:**

١. هەڵسەنگاندنی تەواوی ئیشوکار و بڕیار و ڕاسپاردەکانی لێژنە و دەزگاکانی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان و وەرگرتنی بڕیاری پێویست لەسەریان.

٢. پەسەندکردنی پرۆگرام و پەیڕەوی ناوخۆ و گونجاندنی لەگەڵ واقیعی ڕۆژ و بڕیار لەسەردانی.

٣. دیاریکردنی چەند لێژنەیەك بۆ ڕێکخستن و دارایی و ڕاگەیاندن و سکالا...هتد.

٤. هەڵبژاردنەوەی ئەندامانی لێژنەی ڕاپەڕاندن و یەدەگەکانی.

٥. دیاریکردنی سیاسەتی گشتیی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان.

٦. سزادانی ئەندامانی سەرپێچیکاری لێژنەی ڕاپەڕاندن.

٧. بڕیاردان لەسەر ئارم و دروشمی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان.

**بەندی دەیەم:**

**لێژنەی ئامادەکاری:**

بــە بڕیــاری لێژنــەی ڕاپەڕانــدن، لێژنــە ئامــادەکاری دادەنرێــت کــە لــە (٧ ـ ٩) ئەنــدام پێــك دێــن و خۆیــان ناپاڵێــون بــۆ ئەندامێتــی لێژنــەی ڕاپەڕانــدن و ئیشــوکاری ئامادەکردنــی کۆنگــرە دەکات و سەرپەرشــتی کۆنفرانســەکانی لێژنــە ناوچەکانــی یەکێتــی ئافرەتانــی کوردســتان دەکات بــۆ هەڵبژاردنــی نوێنەرانــی کۆنگــرە.

**بەندی یازدەهەم:**

ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان:

أ. یەکێتــی ئافرەتانــی کوردســتان گۆڤــاری دەنگــی ئافــرەت و چەنــد بڵاوکراوەیەکــی دیکــە بەپێــی پێویســت دەردەکات.

ب. یەکێتی ئافرەتانی کوردستان سوود لە دەزگاکانی ڕادیۆ و تەلەفزیۆن و چاپەمەنییەکان وەردەگرێت بۆ وشیارکردنەوە و بڵاوکردنەوەی چالاکییەکانی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان.

ت. کردنەوەی خولی ڕۆشنبیری بۆ پێگەیاندنی ئەندامان.

**بەندی دوازدەهەم:**

دارایی:

دارایی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان پێك دێت لە:

١. کۆکردنەوەی ئابوونە و ئابوونەی هاتنەڕیزەوە.

٢. نرخی چاپەمەنی و داهاتی چالاکییەکان.

٣. ئەو یارمەتییانەی دەدرێتە یەکێتی ئافرەتانی کوردستان.

٤. سوودی پڕۆژە بەرهەمهێنەرەکان.

**بەندی سێزدەهەم:**

**ڕادەی یاسایی و دەنگدان:**

١. هەمــوو دەزگاکانــی یەکێتــی بــە ئامادەبوونــی زۆرینــە و بەدەنگــی (زۆرینــە و نهێنــی) هەڵدەبژێردرێــن و لــە کاتــی تەواونەبوونــی ڕادەی یاســایی، دوای (١٥) پــازدە ڕۆژ لــە مێــژووی یەکــەم هەڵبــژاردن لــە هەمــان کات و شــوێن ئەنجــام دەدرێتــەوە.

٢. لـە کۆبوونـەوەکان بڕیـار بەدەنگـی زۆرینـە وەردەگـرن و لـە کاتـی یەکسـانبوونی دەنگـەکان، پەیـڕەو ڕای ئـەو لایـە دەگـرێ کـە بەرپرسـی دەزگاکـەی تێـدا بەشـدارە.

**بەلاغی کۆتایی کۆنگرەی پێنجەمی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان**

سڵاوێکی ئاشتی و یەکسانی و دادپەروەری کۆمەڵایەتی

پـاش کۆنفرانسـە ناوخۆییـەکان و ئامادەکارییەکـی فـراوان، وەکـو ڕێزگرتـن لـە ڕای قاعیـدە بـە شـێوەیەکی دیموکراتییانـە لێکۆڵینـەوە و بەدواداچـوون ئەنجـام دران بـۆ دەستنیشـانکردنی سـەرکردایەتییەکی نـوێ بـۆ قۆناغەکانـی تـازە و چوونـە نـاوەوەی سـەدەیەکی نـوێ کـە نـاوداره بـە (شارسـتانییەت و کۆمەڵـگای مەدەنـی) بـە چاودێـری سـەرۆك مەسـعود بارزانـی و لەژێـر دروشـمی «ئـازادی و یەکسـانی ئافـرەت، کۆمەڵگایەکـی بەختیـار و پێشـکەوتوو بنیـات دەنێـت»، یەکێتـی ئافرەتانـی کوردسـتان کۆنگـرەی پێنجەمـی خـۆی لـە ٢٠٠١/١٠/٢٧ تـا ٢٠٠١/١٠/٣٠، لـە پایتەختـی هەرێمـی کوردسـتان بەسـت.

سەرەتا کۆنگرە بە خوێندنی چەند ئایەتێکی قورئانی پیرۆز دەستی پێ کرد و وەکو ڕێزگرتن و وەفاداری بۆ شەهیدانی بزاڤی ئافرەتان و سەرجەم شەهیدانی ڕێی ڕزگاری کوردستان سەروەریان بارزانیی نەمر و کاك ئیدریسی هەمیشە زیندوو دەقیقەیەك وەستان.

بێگومان (ی.ئا.ك) سەربەرزە و شانازە کە خاوەنی (٤٩) ساڵی خەباتە و لە ٢٠٠٢/١٢/١١ هەنگاو بەرەو یۆبیلی زێڕینی خۆی دەنێت و کۆنگرەی پێنجەم تین و گوڕێکی تازە دەداتە ناوەرۆك و وزەی ئافرەتی کورد، پاڵپشتی سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان بە تایبەتی هێژا سەرۆك بارزانی و بەشداربوونیان لە هەردوو کۆنگرەی چوارەم و پێنجەمدا کە پشتگیرییەکی دیرۆکییە، جێگای سوپاس و ڕێزگرتنە و بەڵگەیە بۆ ئەوەی بۆ جەماوەر بسەلمێنێت کە پارتی هەردەم پاڵپشت و هاوکارە بۆ جێبەجێکردنی مافەکانی ئافرەتی کورد، هەروەها بەشداری سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان و نوێنەری سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان خۆی لە خۆیدا وەڵامێکە، کە هەمیشە لە ژێر سایەی پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئافرەتان دەتوانن سەرکەوتوڕەوانە کارەکانیان ئەنجام بدەن.

کۆنگرەی پێنجەم بە بەشداربوونی نوێنەرانی دەزگای کۆمەڵگای مەدەنی بە تایبەتی

نوێنەرانی دوازدە ڕێکخراوی ئافرەتان و هەروەها نوێنەرانی پارتە کوردستانییەکان و کەسایەتییە ناودارەکان و ڕێکخراوە خێرخوازەکانی کوردستان و کەسوکاری شەهیدان و ئەنفال و کیمیاباران و کەشێکی زیاتر دیموکراتییانەی بەخۆیەوە گرتبوو.

لە میانەی کۆنگرەکەدا، سکرتێری (ی.ئا.ك) بە پێشکەشکردنی وتارێك، ئاماژە بە ڕێزلێنان لە ئەزموونە دیموکراتییەکەی کوردستان و بەرجەستەبوونی پرۆسەی ئاشتی و هاوکاریکردنی سەرکردایەتی پارتی و پەرلەمان و حکومەت بۆ (ی.ئا.ك) بە شێوەیەکی گشتی کرد.

پاشان سکرتێری مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان وتارێکی پێشکەش کرد کە تیایدا هاوکاری و پشتگیری خۆی بۆ ڕۆڵی کورد و جموجوڵیان لە پێناوی نەهێشتنی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان و بەرگریکردنیان لە یەکسانی و ئازادی و ئاشتی بەدیار خست.

پاشان سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان لە وتە بەنرخەکەیدا ڕۆڵی کاریگەرانەی ئافرتانی کوردستان لە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمان یان شارەوانی بێت، بەباشی هەڵسەنگاند. ئاماژەی بە دروستکردنی لێژنەی مافی ئافرەت کرد کە ئەمەش خۆی لە خۆیدا دەرگایەکە بۆ بەدواداچوونەوە و دۆزینەوەی چارەسەرییەکی گونجاوی بنەڕەتی لە ڕووی یاساییەوە بۆ بنبڕکردنی کێشەکانی ئافرەتی کورد.

وە نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان لە پەیڤە پڕ بەهایەکەیدا، باسی خەباتی پڕ سەروەری قوربانیدانی ئافرەتانی کوردستانی لە ماوەی نیو سەدەی ڕابوردودا [کرد] تا گەیشتنە بەر پەتی سێدارەی لەیلا قاسمی شەهیدی کردە نمونە، وە هەروەها پەیمانی دا کە ئەوەی لە توانا بێت لە ڕووی فێرکردن و پەروەردەیی و ئاوەدانی و سوودوەرگرتن لە بڕیاری ٩٨٦ هوە هەوڵدان بۆ باشکردنی ژیانی ئافرەتی کورد لە ڕووی ئابوورییەوە دریغی نەکات.

لە دانیشتنی یەکەمی کۆنگرەکەدا چەندین بروسکەی پیرۆزبایی کە لەلایەن ڕێکخراوەکانی ئافرەتانی جیهان و دەزگاکانی کۆمەڵگای مەدەنی هەروەها نامە و فاکسە کەسایەتییە ناودارەکان لە ناوخۆ و دەرەوەی کوردستان خوێندرایەوە.

وە بۆ سەلماندنی پرۆسەی ئاشتی وە ڕێزلێنان لە پاڵپشتی سەرۆك بارزانی بۆ ئافرەتانی کوردستان کۆتری ئاشتی وەکو دیاری پێشکەش بە سەرۆك بارزانی کرا. وە هەروەها خەڵات لەلایەن پاشماوەی ئەنفال و کەسوکاری شەهیدان بە سەرۆکی پەرلەمان و نوێنەری حکومەتی

هەرێمی کوردستان پێشکەش کران، بەم بۆنەشەوە بە چاودێری سەرۆك بارزانی پێشانگایەکی فۆلکلۆری و شێوەکاری کە لەلایەن چەند ئافرەتێکی دەستنگینەوە ڕێکخرابوو، کرایەوە.

وە جێی خۆشحاڵی بوو کە جەماوەری کوردستان لە ناوخۆ و دەرەوەی کوردستان هەنگاو بە هەنگاو موتابەعەی کارەکانی کۆنگرەیان دەکرد و بەم شێوەیە کاری دانیشتنی یەکەمی کۆنگرە کۆتایی پێ هات.

وە دانیشتنی دووەمی کۆنگرە دەستی پێ کرد کە سکرتێری (ی.ئا.ك) ڕاپۆرتی گشتی پەسەندکراوی لێژنەی ڕاپەڕاندنی (ی.ئا.ك) خوێندەوە کە تیایدا چەندین لایەنی کاری تەنزیمی و دەستکەوت و چالاکییەکانی ئافرەتان لە میانەی کۆنگرەی چوارەم و پێنجەمدا ئەنجام درابوو خستنە ڕوو وە ئەم خاڵانەی خوارەوە هەوێنی ڕاپۆرتە گشتییەکە بوون:

١. ئافرەت و کارە سیاسییەکان

٢. ئافرەت و پەرلەمان بەتایبەت (هەڵبژاردن)

٣. ئافرەت و دەزگا ئیدارییەکان (دەزگاکانی کۆمەڵگای مەدەنی)

٤. حکومەت و فێرکردن، ئافرەت و مافی مرۆڤ و مافی منداڵ و کارە ڕۆشنبیرییەکان

هەروەها چالاکی (٨) لق و ڕێکخستنەکانی ئەوروپا و ئەمریکا لە ڕاپۆرتەکەدا لە خاڵە هەرە بەرچاوەکان بوون.

دیسان سکرتێری یەکێتییەکەمان پشتگیری ئەم ڕێکخراوانەی بۆ ئەزموونی دیموکراتی و دەستەبەرکردنی فیدراڵیەت لە کوردستاندا دووپات کردەوە وە ڕۆڵی ئافرەت لە پرۆسەی ئاشتی و هەنگاوە پۆزەتیڤەکانی بۆ بەرەو دروستبوونی کۆمەڵگای مەدەنی بەرچاو گرت.

گرنگییەکی تەواو لە ناوەرۆکی ڕاپۆرتەکەدا بە پەرەپێدانی دەزگا فەرمییەکانی میری کە خاوەن سروشتێکی کۆمەڵایەتین وەکو (دەزگای شەهید، نووسینگەی کاروباری خێزان، لێژنەی چاودێری نامەکان، لێژنەی مافی ئافرەتان لە پەرلەمان وە سەنتەری ئەنفال) کە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی ئافرەت لە ڕوانگەی یاساییەوە بێت، دران.

کۆنگرەکە بڕیاری دا کە ڕێکخستنی ژیانی ئابووری و کۆمەڵایەتی لە هەرێمی کوردستان بە دانانی پرۆژەی بەرهەمهێنەر کە لە بەرژەوەندی و نەهێشتنی ڕادەی بێکاری لەناو

ئافرەتان بێت و جێبەجێکردنی بەندەکانی ڕێککەوتننامەی نێودەوڵەتی لەسەر بەندەکانی مافی مرۆڤ و مافی ئافرەت و منداڵ وە یاسای کار و دەرخستنی چەندین بڕیاری پێویست لە بەرژەوەندی ئافرەت بۆ بەرزکردنەوە و پێشخستنی ئاستی کاری ئافرەت و دەستکاریکردنی سیستەمی ناوخۆی یەکێتییەکە کە لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی سەردەم بگونجێت و کردنەوەی لقەکانی دیکە لە ناوخۆ و دەرەوەی هەرێم بگرێتە ئەستۆ.

ڕۆڵی ڕاگەیاندن و پێشخستنی بە بەکارهێنانی دەزگاکانی سەردەم وەکو ئینتەرنێت و کۆمپیوتەر وە سوودوەرگرتن لە کەرەستەکانی گواستنەوە وە تەکنۆلۆژیای سەردەم لە گشت بوارەکانی ڕاگەیاندن (بیستن و دیتن) لەسەر ئاستی کۆمەڵایەتی دیار کرا.

بەشداریکردنی ئافرەتان لە چالاکییەکانی پارتایەتی و نووسینگەکان و ڕێکخراوەکان بە گشتی لە کۆمەڵگادا لە خاڵە هەرە سەرەکییەکانی ڕاپۆرتەکە بوون.

لە بواری هونەر و وەرزش و چۆنێتی فێرکردنیان وە سوودوەرگرتن لە بڕیاری ٩٨٦هەوە هەروەها ئەنجامدانی چەندین پڕۆژەی (ڕۆشنبیری، ئابووری، تەندروستی و پەروەردەیی...) کە لەلایەن ڕێکخراوە خێرخوازەکان ئەنجام دەدرێن و گرنگیدان بە چاککردنەوە و باشکردنی باری گوزەرانی کارمەندان بەتایبەت ئافرەت و منداڵ بە باشی هەڵسەنگێندران. کۆنگرە بە توندی ئیدانەی کارەکانی بەعەرەبکردن و ڕاگواستنەوە کرد، هەروەها جەختی کردە سەر پتەوکردنی پەیوەندی لە نێوان یەکێتییەکەمان و ڕێکخراوەکانی دیکەی ئافرەتان.

بە کۆتاییهاتنی خوێندنەوەی ڕاپۆرتی گشتی، چەندین لێژنە پێك هێنران وەکو (لێژنەی هەڵسەنگاندنی ڕاپۆرت، لێژنەی دارایی، لێژنەی شەکاوی و لێژنەی بڕیار و پێشنیار) پاش بانگێشەکردنی ئەم لێژنانە هەریەکە لەو لێژنانە ڕاپۆرتێکی ئامادە کرد و لەناو کۆنگرەکەدا خوێندرانەوە وە لە کەشێکی دیموکراتییانەدا دانوستاندن لەسەر ڕاپۆرتەکان کرا.

لە دواییدا بە سەرپەرشتییەکی یاسایی پرۆسەی هەڵبژاردن کە لە یەك دادوەر بە بڕیاری وەزارەتی داد وە نوێنەری وەزارەتی ناوخۆ و نوێنەری مەکتەبی ناوەندی ڕێکخراوە جەماوەری و پیشەییەکان پێك هاتبوون دەست بە کارەکانی ئیداری و تەکنیکی هەڵبژاردن کرد وە (٣٧٦) نوێنەر لە پرۆسەی دەنگدانەکەدا کە بە شێوەیەکی نهێنی و ئازاد بوو، بەشدارییان کرد وە (٤٨) کەس خۆیان بۆ سەرکردایەتی نوێ پاڵاوت لە ئەنجامدا:

شیرین ئامێدی. جەمیلە محەمەد حاجی. سەبیحە ئەحمەد مستەفا. زەکیە سەید ساڵح. بەیان تۆفیق. شەونم نەجمەدین. جوانە سعید. پرشنگ غەفور. سوهام حەکیم. ژیان محەمەد. میدیا حەسەن. خانزاد کەریم خان. سەبریە بابەکر. غەزالە محەمەد ساڵح. ڕووخۆش فەرەج. چیمەن ڕەشید. جولە حاجی.

یەدەگەکانیش بریتی بوون لە:

- نازدار ئەسعەد
- ئامینا زکری
- ویداد غەریب
- ژیان ئاغا

لە ڕۆژی ٢٠٠١/١٠/٣٠ بۆ جێبەجێکردنی یەك لە بڕیارەکانی کۆنگرە و دووپاتکردنی وەفاداری و سۆز و پەیمان نوێکردنەوە بۆ ڕێبازی بارزانی نەمر و کاکە ئیدریسی هەمیشە زیندوو سەردانی مەزاری نەمرانیان لە بارزان کرد.

کۆنگرەکە بە سڵاو لە گیانی پاکی گشت شەهیدانی ڕزگاریخوازی گەلەکەمان، وە هەروەها سوپاسی گشت ئەو لایەنانە کە کاریان بۆ سەرخستنی کۆنگرەکە ئەنجام دابوو ئاراستە کران. وە لە کۆتاییدا سوپاسی تایبەت بۆ بەرپرس و هەڤاڵانی مەکتەبی ناوەندی ڕێکخراوە جەماوەری و پیشەییەکان، کە زۆر هاوکارییان کردین بۆ سەرخستنی کۆنگرەکە.

**کۆنگرەی پێنجەمی**

**یەکێتی ئافرەتانی کوردستان**

**پایتەختی هەرێمی کوردستان ـ هەولێر**

**٣٠ی تشرینی یەکەمی ٢٠٠١**

## وتار و پیرۆزباییەکانی کۆنگرەی پێنجەمی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان

وتـاری بەرێـز شـەوکەت شـێخ یەزدیـن، سـەرۆکی حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتان بـە وەکالـەت

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان

ڕێزدار سەرۆك بارزانی

ئامادەبوانی بەرێز

خوشك و برایانی ئازیز

ئەم کاتەتان باش

بەنـاوی سـەرۆکی حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتان و ئەنجومەنی وەزیرانـەوە ڕازاوەترین پیرۆزباییتـان ئاراسـتە دەکـەم بـە بۆنـەی سـازدانی کۆنگـرەی پێنجەمـی یەکێتـی ئافرەتانـی کوردسـتان و هیـوای سـەرکەوتنتان بـۆ دەخوازیـن، هەروەهـا هیواخوازیـن بڕیـار و پێشـنیازەکانی کۆنگرەکەتـان ببنـە مایـەی خزمەتکردنـی کۆمەڵـگای کوردسـتانی.

یەکێتــی ئافرەتانــی کوردســتان ڕێکخراوێکــی گرنگــە، وەك ئاگاداریشــن گۆڕەپانــی کارکردنەکــەی نیــوەی کۆمەڵــگا دەگرێتــەوە، بۆیــە ســەرکەوتنی ڕێکخراوەکــە لــە ئەرکەکانیــدا قازانجێکــی زۆر بــە کۆمەڵــگای کــوردی دەبەخشــێ. لــە مــاوەی ســاڵانی شــۆڕش و بزووتنــەوەی ڕزگاریخوازیــدا، یەکێتــی ئافرەتــان یەکێــك بــووە لــە باڵەکانــی شۆڕشــی کوردســتان، هەروەهــا لــە ســەردەمەکانی کاری نهێنــی و خەباتــی چەکــداری و سیاسـیدا، ئافرەتانــی کوردســتان لــە ڕێگــەی ئــەم ڕێکخــراوەوە توانیــان بــبن بــە یەکێــك لــە کۆڵەگەکانــی شــۆڕش. ئــەم ڕێکخــراوە بــە هاوکاریــی لەگــەڵ ڕێکخراوەکانــی دیکــەی وەك قوتابیــان و لاوان و مامۆســتایان بووبــوون بــە مایــەی خولقاندنــی ترســێکی زۆر لەنێــو ڕیزەکانــی دوژمــن. شــەهید خاتــو لەیــلا قاســم گونجاوتریــن نموونەیــە بــۆ ئەمــە، ئــەو یەکەم کچــی کــورد بــوو لــە ســاڵی ١٩٧٤ لــە ســێدارە درا و لەســەر ئاســتی کوردســتان ناوبانگێکــی زۆری هەیــە، هەروەهــا زۆر ئافرەتــی دیکــە ڕووبــەڕووی جۆرەهــا شــێوازی ئەشــکەنجەدان و دەســتگیرکردن و ڕاوەدوونــان بوونەتــەوە، ئەمــە ســەرباری چەشــتنی تاڵیــی دووری و لەدەســتدانی مــاڵ و موڵــك، کــە بۆتــە بەشــێکی زینــدووی مێــژووی گەلەکەمان،ئــەوان لــە

ریـزی پێشـەوەی قوربانیـدان بـوون. ئەندامانـی یەكێتـی ئافرەتانـی كوردسـتان بـە درێژایـی مێـژووی پـڕ لـە سـەروەریی خۆیـان، لـە چوارچێـوەی رێكخراوەكەیانـدا بـەردەوام بـوون لـە خەبـات و هەڵگـری وانەكانـی خۆڕاگریـی و پـەروەردەی نیشـتمانیی پـاك بـوون، ئەمـەش مایـەی رێـز و پێزانینـە. بۆیـە لـەو بۆنەیـەدا یـادی لەیـلا قاسـم دەكەینـەوە كـە بـە سـەری بـەرزەوە رووبـەڕووی پەتـی سـێدارە وەسـتایەوە،هەروەها یـادی هەمـوو ئافرەتانـی دیكـە دەكەینـەوە كـە لـە بەندیخانەكانـدا گیانیـان سـپارد و ئەوانـەش كـە تەمەنـی لاوێتـی خۆیان لـە بەندیخانـە و دەربەدەریـدا گوزەرانـد، هەروەهـا ئەوانـەی منـداڵ و كەلوپەلەكانیـان هەڵدەگـرت و لەژێـر بۆمبارانـی فرۆكـەدا لـە ئەشـكەوتێكەوە بـۆ ئەشـكەوتێكی تـر و لـە چیایەكـەوە بـۆ چیایەكـی تـر دەڕۆیشـتن. یـادی ئـەو ئافرەتـە پاكانـە دەكەینـەوە كـە لـە پێنـاوی كـورد و كوردسـتان و لەنێـو خێوەتگاكانـی پەنابـەری و دەربەدەریـدا خۆیـان كـردە قوربانـی، ئەوانـەی لـە گۆپانەكانـی خەبـات و شـەڕدا رۆڵـە و هاوسـەر و براكانیـان لەدەسـت دا و خوێنـی پاكیـان تێكەڵـی خاكـی كوردسـتان بـوو. ئەوانـەی لـە هەڵمەتـە بەدناوەكانـی ئەنفالـی ساڵانی ١٩٨٣ هەتـا ١٩٨٨ بـەزۆر كـوڕ و بـرا و باوكیـان لـێ دوور خرانـەوە و شـوێنبزر كـران. ئەگـەر ئێمـەی كـورد بـە لاپەكانـی مێـژووی نزیـك و دوورمانـدا بچینـەوە، بەرامبـەر گەورەیـی قەبـارەی قوربانـی ئافرەتانـی كوردسـتان شـەرم و گریـان و ئـازار داماندەگـرێ، لـە راسـتیدا ئـەوان لـە تواناكانـی خۆیـان زیاتـر قوربانیـان داوە. بۆیـە دەتوانـم بڵێـم بەشـێكی گـەورەی ئـەو ئازادیـەی ئەمـڕۆ هەمانـە، بـۆ هـەوڵ و تێكۆشـان و قوربانیـی ئافرەتـی كـورد دەگەڕێتـەوە، ئـەوان هیـچ كاتێـك لـە خەبـات و قوربانیـدان سـڵیان نەكردۆتـەوە، بۆیـە راشـكاوانە دەڵێـم:

خوشكان، دایكان، كچان

لەپێنـاوی خۆشـحاڵكردن و دابینكردنـی ئـازادی و مافەكانتان،هـەر چیەكـمان كردبـێ زۆر كەمـمان كـردووە. لـە سـایەی كاروانـی بارزانـی بـاوك و رێنمایـی و راسـپاردەكانی سـەرۆك مسـعود بارزانیـدا هەمیشـە رۆڵ و خەباتـی ئافرەتـان بـەرز دەنرخێنیـن.

ئامادەبوانی بەرێز

ئەمـڕۆ لـە سـایەی هەرێمـی کوردسـتان و ئـەو ئازادیـەی بـە خوێـن و ماندووبـوون وەدەسـتمان هێنـاوە، ئافرەتانـی کوردسـتان پێشـکەوتنی بەرچـاو بەخۆیانـەوە دەبینـن، نموونـەش بـۆ ئەمـە:

**یەکەم:**

دەرگای ئەنجامدانـی کاری سیاسـی لەبەردەمیانـدا واڵایـە و ئەمـڕۆ لـە کوردسـتان چەندیـن رێکخـراوی ئافرەتـان بوونیـان هەیـە، ئەمـە وێـڕای بوونـی چەندیـن پرۆگـرام و بیرۆکـەی جیـاواز، بەڵکـو ئەمـڕۆ ئافرەتـان زۆر ئازادانـە کار دەکـەن. هیواداریـن ئافرەتانـی کوردسـتان بـە مـاف و ئازادیـی زیاتـر بگـەن و پێویسـتە ئێمـەش خەباتـی زیاتـر بکەیـن بـۆ گەیشـتن بـەم ئامانجـە.

**دووەم:**

دەرگای کارکـردن لـە دامـودەزگا حکومیـەکان لەبـەردەم ئافرەتانـدا واڵایـە، ئـەوان ئەمڕۆ لـە کەرتەکانـی پـەروەردە و تەندروسـتی و ئاوەدانکردنـەوەدا رۆڵـی بەرچـاو دەگێـڕن، هەروەهـا لـە بەرزتریـن دەسـەڵاتی یاسـادانان و جێبەجێـکاری و فێرکـردن لـە زانکـۆ و پەیمانگاکانـدا رۆڵـی بەرچاویـان هەیـە و لـە پرۆژەکانـی رێگاوبـان و ئاوەدانکردنـەوە و بوارەکانـی بیـرکاری و پزیشـکیدا چەندیـن ئافـرەت بـەدی دەکەیـن.

**سێیەم:**

بـە شـێوەیەکی گشـتی، ئافرەتـی کـورد چ لـە ماڵـەوە بێـت یـان لەنـاو کۆمەڵـگا، خاوەنی رێـز و دەنگـی تایبەتـە، بـە گوێـرەی یاسـا و رێنماییەکانیـش، ئافرەتـی کـورد خاوەنـی مافـی خۆکاندیدکردنـە بـۆ هەمـوو پلـە و پایـەکان و مافـی دەنگدانیشـی هەیـە. مـن بۆیـە ئـەم خاڵانـە دەکـەم بـە نموونـە، چونکـە لـە سـەردەمی هاوچەرخـی ئێستاشـدا کەسانێك هـەن ناوایانـە هەوڵـی کەمکردنـەوە لـە پێگـەی ئافرەتـی کوردسـتانی دەدەن. هـاوکات لەگـەڵ قسـەکردنیش دەربـارەی خەباتـی یەکێتـی ئافرەتانـی کوردسـتان، پێویسـتە ئاوڕێـك لـە ژیانـی کۆمەڵایەتـی میللەتەکەمـان و نەهێشـتنی ئاستەڕەنگەکان و رزگارکردنـی کۆمەڵـگا لـە هەژاریـی و بـێ هیوایـی و تـرس بدەینـەوە. پرۆگرامەکانـی حکومەتـی هەرێـم، بـە

تایبەتـی لـە کابینەکانـی سـێ و چـوار بایەخێکـی زۆر دراوە بـە پلانـی چاککردنـی ژیانـی خێزانیـی لـە کوردسـتان و بارودۆخـی ئابـووری هاوڵاتیـان، بـە تایبەتـی ئافرەتـان و منـداڵان و ڕەخسـاندنی بارودۆخـی لەبـار بـۆ تەندروسـتی دایـکان و پـەروەردە و فێرکـردن و ئـاو و کارەبـا و خزمەتگوزاریەکانـی تـر. گومـان لـەوەدا نیـە کـە بوونـی ئاشـتی و ئاسایش مەرجی سـەرەکی بونیادنانـی ژیانێکـی سـەقامگیرە بـۆ خێـزان، بۆیـە دامـودەزگا حکومیـەکان بـە پەرۆشـەوە لـەو بوارانـەدا کار دەکـەن و بـە هەموو توانایەکمان پشـتیوانی پرۆسـەی ئاشـتی ناوخۆییـن بـۆ ئـەوەی هـەردوولا پشـتی یـەك بگـرن لـە پێنـاوی هێنانـەدی خواسـتەکانی میللەتەکەمـان و پاراسـتنی دەسـتکەوتەکانی راپەڕیـن و ئەزموونـی دیموکراسـی و دوورخسـتنەوەی شـەڕخوازیی و کارە نابەجێکانـی گرووپـە تونـدوەکان لـە کوردسـتان و بتوانیـن کوردسـتان بکەیـن بـە نموونەیـەك بـۆ ژیانێکـی هێمـن و پێشـکەوتوو.

خوشکان، برایان

وەك دەزانـن، سـەرۆك بارزانـی بـە بەردەوامـی جەخـت لەسـەر پاراسـتنی ئاشـتی ناوخۆیـی و نەهێشـتنی هەمـوو ئـەو هۆکارانـە دەکاتـەوە کـە دەبنـە مایـەی چاندنـی دووبەرەکـی و توندویـی. حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتانیش پشـتگیریی لـە پەیامەکـەی سـەرۆك بارزانـی دەکات و سـوورە لەسـەر ئـەوەی ئاینـی ئیسـلامی پیـرۆز بێبەریـە لـە تیـرۆر و توندویـی، بەڵکـو ئیسـلام خـۆی ئاینـی ئاشـتی و لێبوردەیـی و پێکەوەژیانـە و هەمـوو شـێوازەکانی توندویـی و بەزاندنـی مافەکانـی ئەوانـی تـر رەت دەکاتـەوە. بۆیـە حکومەتـی هەرێـم کـە لـە چەندیـن پـارت و هێـزی سیاسـی پێکهێـنراوە، لـە پێنـاوی ئاشـتی و سـەقامگیریی و دوورخسـتنەوەی کوردسـتان لـە دەسـتوەردان و وروژاندنـی هەمـوو جـۆرە فیتنەیـەك تێدەکۆشـێ، چونکـە بینیـمان دەسـتوەردانی دەرەکـی چ زەرەر و زیانێکـی گـەورەی بـە میللەتەکەمـان گەیانـد و سـاڵانێکی زۆری تەمەنـی بـە فیـڕۆ دا. پێویسـتە کاروبـاری هەرێـم بـە هێمنـی و لێزانـی و واقیعبینانـە بەڕێـوە ببەیـن و دڵنیایـن لـەوەی سـەردانەکەی کاك نێچیرڤـان بارزانـی سـەرۆکی حکومەتـی هەرێـم دەبێتـە مایـەی خێـر و خۆشـی بـۆ میللەتەکەمـان.

ئامادەبووانی بەڕێز

وەك دەزانیـن لـە ئەنجامـی کـردەوە تیرۆرسـتی و تەقینەوەکانـی رۆژی ١١ی ئەیلوولـی

رابـردوو کـە لـە نیویـۆرك و واشـنتۆن روویانـدا، ئێسـتا شـەڕێکی قـورس لـە ئەفغانسـتان لـە ئارادایـە، لـە لایـەك حکومەتـی هەرێـم هەمـوو کـردەوە تیرۆرسـتیەکان رەتدەکاتـەوە، لەلایەکـی دیکـەش دڵتەنگـی خۆمـان بەرامبـەر بـە قوربانیـە بێتاوانەکانـی ئـەم جەڕەنگـە دەردەبڕیـن. لـەو تەقینەوانـەی لـە نیویـۆرك و واشـنتۆن روویانـدا چەندیـن کەسـی بێتـاوان بوونـە قوربانـی، ئەمـڕۆش بەهـۆی کـردەوە تیرۆرسـتیەکانەوە سـەدان کەسـی سـڤیل و سـەدان هـەزار کەسـی دیکـەی گەلـی موسـوڵمانی ئەفغانسـتان لـە نـاوەوەی وڵات و لەسـەر سـنوورەکان دەربـەدەر بـوون، بـەو پێیـەش کـە ئێمـە بەشـێکی دانیشـتوانی ئـەم جیهانەیـن، ناتوانیـن بەرامبـەر بـە کارەسـات و ئێـش و ئـازاری خەڵکانـی تـر بێدەنـگ بیـن، بـە تایبەتیـش لەبـەر ئـەوەی گەلـی کوردسـتان بـۆ مـاوەی دوورودرێـژ بـە دەسـتی دەربەدەریـی و برسـیەتی و جینۆسـایدەوە ناڵاندوویەتـی.

ئاینـی ئیسـلامی پیـرۆز زۆر لـە دیـدی تەسـکی گرووپـە تونـدوەکان پاکـترە، ئـەو گرووپانـەی لەژێـر نـاوی ئیسـلامدا گـەل و میللەتانیـان بـەرەو کارەسـات و مەینەتـی دەبـەن. ئێمـە کـە ئێسـتا لـە کۆنگـرەی یەکێتـی ئافرەتانـی کوردسـتان کۆبووینەتـەوە، ئـاگاداری ئەوەیـن کـە چـۆن چەندیـن ملیـۆن ئافـرەت و منـداڵ لـە ئەفغانسـتان بـە دەسـتی مەینەتیـەوە دەناڵێنـن، لـە کاتێکـدا ئەگـەر بەیانـی شـەکە فراوانـتر بـێ، دوور نیـە چەندیـن گـەل و میللەتـی دیکـەش رووبـەڕووی هەمـان شـت ببنـەوە. بـۆ ئـەوەی مۆتەکـەی شـەڕ و مەینەتـی لـە میللەتەکەمـان دوور بخەینـەوە، بـە وردی و هۆشـیارییەوە چاودێریـی بارودۆخـە نێودەوڵەتیـەکان دەکەیـن و هەمـوو جـۆرە دەسـتوەردانێکیش لـە کاروبارمـان رەت دەکەینـەوە و بـە گوێـرەی بەرژەوەندیـی گەلـی کوردسـتانیش هەڵوێسـت وەردەگریـن و ئاشـتی دەپارێزیـن.

جارێکـی دیکـە هیـوای سـەرکەوتن بـۆ کۆنگرەکەتـان دەخـوازم و بـا بەیەکـەوە دووپاتی بکەینـەوە: هـەزاران سـڵاو لـە گیانـی شـەهیدانی کـورد و کوردسـتان بـێ، لـە پێشـەوەیان بارزانـی بـاوك و کاکـە ئیدریـس بارزانـی نەمـر.

## وتەی جەوهەر نامق سالم، سکرتێری مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان

ڕێزدار سەرۆك بارزانی

مێوانانی بەڕێز

ئەندامانی کۆنگرەی پێنجی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان

سـەرەتا سوپاسـی دەسـتەی ئامادەکاریـی کۆنگـرەی پێنجـی یەکێتـی ئافرەتانـی کوردسـتان دەکەیـن کـە دەرفەتـی پیرۆزباییکـردن و گەیاندنـی سـڵاوی سـەرکردایەتی و کادر و ئەندامانـی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان بـە کۆنگـرە و تـەواوی ئافرەتانی کوردسـتان بگەینیـن، هەروەهـا هیـوای سـەرکەوتن بـۆ کۆنگـرە دەخوازیـن، هـاوکات هیواخوازیـن لـە ڕێگـەی کۆنگـرەوە یەکێتـی ئافرەتانـی کوردسـتان بتوانـێ لێکۆڵینـەوە دەربـارەی قۆناغـی نێـوان هـەردووك کۆنگـرەی چـوار و پێنـج ئەنجـام بـدات و هەڵسـەنگاندنێکی بەرپرسـیارانە بـۆ لایەنـە ئیجابیەکانـی بـکات و لـە ڕێگەیـەوە هۆشـیاریی فراوانـتر بەنێـو جەمـاوەری کوردسـتاندا بـڵاو بکرێتـەوە و چارەسـەری گرفتەکانـی بـەردەم کاروانەکەمـان بـکات و بگـەن بـە بڕیـار و ڕاسـپاردەی وا کـە لەگـەڵ بارودۆخـی هەنووکەیـی و داهاتـووی کوردسـتاندا گونجـاو بـن. یەکێتـی ئافرەتانـی کوردسـتان مافـی خۆیەتی شـانازی بـە مێژووی نیـو سـەدە خەبـات لـە پێنـاوی وەدەسـتهێنانی مافـە ڕەواکانـی ئافرەتـان و کۆمەڵـگای کوردیـەوە بـکات، ئێـوە خاوەنـی سـەروەتێك خەبـات و تێکۆشـان و چەندیـن دەسـتکەوتی تـرن کـە بـۆ نیـو سـەدە لەمەوبـەر دەگەڕێتـەوە... مافـی خۆتانـە وەك یەکێتـی ئافرەتانـی کوردسـتان شـانازی بەخۆتانـەوە بکـەن، شـانازی بـە بەرگریکـردن لـە مافـە ڕەواکانتـان و بەشـداریکردنتان لـە هـەردووك شۆڕشـی مەزنـی ئەیلـول و گوڵانـی پێشـکەوتووخواز بکەن وەك تاکـە ڕێکخراوێکـی ئافرەتـان، شـانازی بـە خەباتتـان شانبەشـانی براکانتـان لـە ڕاپەڕیـن و دامەزراندنـی ئـەم قەوارەیـە بکەن،ئێـوە لـە مـاوەی نیـو سـەدە خەباتـدا قوربانـی زۆرتـان داوە. هەروەهـا بۆتـان هەیـە وەك یەکێتـی ئافرەتانـی کوردسـتان شـانازی بـەوەوە بکـەن کـە یەکێتیەکەتـان لەسـەر پێشـنیازێکی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان و لەسـەر ڕاسـپاردەی بارزانـی نەمـر و لـە پێنـاوی هێنانـەدی هیـوا و خواسـتەکانی ئافرەتـان دامـەزراوە.

٥٥ ساڵ لەمەوبەر و لە سەرەتای دامەزرانیدا، پارتی دیموکراتی کوردستان لەسەر راسپاردەی بارزانی نەمر رێزی خۆی بۆ ئافرەتان دەربڕی و پشتگیری خۆی بۆ مافە ڕەواکانی ئافرەتان و بەشداریکردنیان شانبەشانی برایانیان لە خەباتی نەتەوەیی و کۆمەڵایەتی پیشان داوە، ئێستاش ئەو رۆژە هاتووە کە تیایدا پارتە کوردستانیەکان شانازیی بە کارکردن لە سایەی ئەو ئازادیەدا بکەن کە لە دوای راپەڕینەوە وەدی هاتووە، هەروەها شانازی بە کارکردن لە سایەی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراق و حکومەتی هەرێم بکەن و قۆناغی دروشم تێپەڕێنن و بگەنە قۆناغی کارکردن بەپێی ئەو بنەمایانەی چەندین ساڵ خەباتیان لە پێناودا کردووە. ئێوە لە گۆپاندا بەتەنیا نین و ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان بە پشتیوانی سەرۆك مسعود بارزانی و حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق بەردەوام دەبێ لە پشتگیریکردنتان و دەرکردنی یاساکان لە پێناوی زامنکردنی مافەکانتان و رێزگرتنی زیاتر لە خەبات و تێکۆشانتان. بۆتان هەیە شانازیی بەوەوە بکەن کە لە سایەی ئازادیدا و لە ماوەی ئەم دە ساڵەدا کۆنفرانسێك و دوو کۆنگرەتان ساز کردووە و تیایاندا قۆناغ بە قۆناغ گفتوگۆتان دەربارەی بوارەکانی خەبات ئەنجام داوە. ئەمڕۆ کۆمەڵگای نێودەوڵەتی پێی ناوەتە قۆناغێکی تازە، قۆناغی بونیادنانی دیموکراسی و چەسپاندنی بنەماکانی و رێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ و چارەسەرکردنی کێشەکان لە رێگەی گفتوگۆ و دانوستان. ئەم سێگۆشەیە بێگومان هەنگاوێکی تازەیە بەرەو قۆناغێکی نوێ کە تیایدا دەستکەوتی گەورە بۆ ئافرەتان وەدی دەهێنرێن، ئێوە بە تەنیا وەك ئەندامانی دیکەی کۆمەڵگاکەتان رووبەڕووی زوڵم و چەوسانەوەی سیاسی نەبوونەتەوە، بەڵکو لە رابردوو و ئێستاشدا رووبەڕووی چەندین کێشە و گرفتی کۆمەڵایەتی بوونەتەوە، بۆیە دڵنیام لەوەی پشکێکی گەورەی بنەماکانی دیموکراسی و ئازادی و رێزگرتنی مافەکانی مرۆڤتان پێ دەبڕێ و لە کەشوهەوایەکی واشدا کاروانی خەباتی ئافرەتان بەرەو پێش دەچێ و هیواخوازین ئافرەتانی کوردستان بە گشتی و یەکێتی ئافرەتانی کوردستان بە تایبەتی سوود لەو دەرفەتە وەربگرن.

ئێوە هەمووتان دەبینن و دەبیستن کە تیرۆر چ کەشوهەوایەکی رەشی خولقاندووە و کۆمەڵگای نێودەوڵەتیش چۆن رووبەڕووی دەبێتەوە... بەشێك لە تیرۆر وڵاتەکەی ئێمەشی گرتەوە و ئافرەتانمان لەلایەن کەسانێکی دواکەوتووەوە ئازاریان پێ گەیشت و

دوور لـە دابونەریتـە ئاینیـی و كوردیـەكان، ئـەوان لـە رێگـەی رشـاندنی تیـزاب بەسـەریاندا هەوڵـی ترسـاندنی ئافرەتانیـان دەدا، بـەڵام دواتـر دەسـتی دادوەری گەیشـتە هەندێكیـان و بێگومـان رۆژێـك لـە رۆژان ئـەم دەسـتە دەگاتـە ئەوانـی تریـش.

داواكاریـن بـە شـێوازێكی هێمنانـە لـە رێگـەی كۆنگرەكەتانـەوە گفتوگـۆ دەربـارەی كاروبارەكانتـان بكـەن و زۆر گونجاوانـەش ئـەم قۆناغـە هەڵبسـەنگێنن و بڕیار و راسپاردەی پێویسـتیش دەربكـەن و لـە كەشـوهەوایەكی پـڕ لـە خۆشەویسـتیدا سـەركردایەتی تـازە و بەرپرسـی شـارەزا و بـە توانـا هەڵبژێـرن، لەگـەڵ هیـوای سـەركەوتن بـۆ كۆنگـرەی پێنـج و هـەر لـە خۆڕەشـیدا بژیـن.

**وتاری دکتۆر رۆژ نوری شاوەیس، سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان**

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان

رێزدار سەرۆك مسعود بارزانی

مێوانانی ئازیز

خوشکان، ئەندامانی بەڕێزی کۆنگرەی پێنجەمی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان

رێگەم بدەن بەناوی خۆم و تەواوی ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراقەوە بەبۆنەی سازکردنی کۆنگرەی پێنجەمی یەکێتیەکەتان گەرمترین پیرۆزباییتان ئاراستە بکەم و هیوای سەرکەوتن بۆ ئێوە و کۆنگرەکەتان دەخوازم.

بەڕێزان

ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراق لەو ڕوانگەیەوە کە ئەو میللەتەی نیوەیەکی لەژێر داگیرکاریدا بمێنێتەوە ئازاد نیە، هەروەها لە ڕوانگەی پێوانی مەدەنیەت و پێشکەوتن بە پێوەری ئاستی شادبوونی ئافرەتان بە مافەکانیان لە نێو کۆمەڵگادا و پێشکەوتنی ئافرەتان و مافەکانیان لە هەر کۆمەڵگایەکدا بەڵگەیە بۆ ئاستی پێشکەوتنی ئەو کۆمەڵگایە، هاوکات لە ڕوانگەی کاروانی دووردرێژی خەباتی ئافرەتان و بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردی بۆ زیاتر لە نیو سەدە بە سەرکردایەتی بارزانی نەمر. لەم روانگانەوە ئەنجومەن بە هاوکاری لەگەڵ رێکخراوەکانی ئافرەتانی کوردستان کۆمەڵێك هەنگاوی گرنگیان ناوە بەرەو باشترکردنی بارودۆخی ئافرەتان لە رووی سیاسیەوە. هەروەها والاکردنی دەرگاکان لەبەردەم ئافرەتان بۆ ئەوەی رۆڵی خۆیان لەناو کۆمەڵگاکەیان بگێڕن و بە ئازادی و یەکسانی بژین و لە پرۆسەی ئاشتی و بونیادنانەوەدا رۆڵیان فراوانتر بکرێ.

لێرەوە پێتان رادەگەیەنم کە ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراق لە ئێستا و لە ئایندەشدا خاوەنی هەمان هەڵوێست دەبێ و هەموو تواناکانی دەخاتە گەڕ لە پێناوی پشتگیریکردن لە یەکێتی ئافرەتانی کوردستان و رێکخراوەکانی دیکەی ئافرەتان لە کوردستانی عێراق و باشترکردنی بارودۆخی ئافرەتان لە هەرێمی کوردستان لە رووی یاساییەوە.

بەڕێزان

ئەرکـی سـەرجەم دامودەزگاکانمـان، بـە ئەنجومەنـی نیشـتمانی  و حکومەتـی هەرێـم و پارتـە سیاسـیەکان و ڕێکخراوەکانـەوە بریتیـە لـە بەرگریکـردن لـە مافەکانـی ئافرەتـان، هــاوکات ئەمــە یەکێکــە لــە پیرۆزتریــن ئەرکەکانــی هەمــوو پیاوانــی کوردیــش. بۆیــە نابـێ لـەو پێنـاوەدا درێخـی بکـەن یـان دوا بکـەون و لـە پێنـاوی هێنانـەدی خواسـت و ئامانجەکانیانـدا لـە خەبـات و کۆششـی ئافرەتانـدا بەشـدار بـن. بـەردەوام بـن لـە خەبـات و تێکۆشــان لــە پێنــاوی بەرگریکــردن لــە مافەکانتــان، بوێرانــە و ئازادانــە هەڵســوکەوت بکـەن و پشـت بـە گـەل و میللەتەکەتـان ببەسـتن.

ئەمــڕۆ لــە کوردســتاندا پێــمان وایــە دەبــێ یەکێتــی ئافرەتانــی کوردســتان، ئــەو ڕێکخـراوەی پێـی ناوەتـە ٥٠ سـاڵەی تەمەنـی، لـە لایـەك درێـژە بـە خەبـات بـدات لـە پێنـاوی دەسـتەبەرکردنی مافـی ئافرەتـان، لـە لایەکـی دیکـە کار بـۆ بـرەودان بـە هـزری نەتەوایەتــی کــوردی و پاراســتنی دابونەریتەکانــی کۆمەڵــگای کوردیــمان بــکات.

هیوای سەرکەوتنتان بۆ دەخوازم، بژی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان.

# كۆنگرەی شەشەمی یەكێتی ئافرەتانی كوردستان

## هەولێر - ٢٠٠٧

ئـەم كۆنگرەیـە، لـە ڕێكەوتـی ١٢- ١٤ی ئـاداری ٢٠٠٧، لـە شـاری هەولێـر، بـە دروشـمی (پەرەپێدانــی تواناكانــی ئافرەتــان لەپێنــاو بنیاتنانــی كۆمەڵگەیەكــی یەكســان)، بــە ئامادەبوونـی ١٧٥ نوێنـەر دەسـتی بـە كارەكانـی كـرد[١].

لەلایـەن نوێنـەرانی كۆنگـرەوە، دەسـتەیەكی نـوێ بـۆ لێژنـەی ڕاپەڕانـدن بـەم شـێوەی خـوارەوە هەڵبژێـردرا:

١- دكتۆر كوردستان عەبدولڕەحمان، ناسراو بە كوردستان موكریانی

٢- سەبیحە ئەحمەد مستەفا

٣- سەنا یەعقوب

٤- مەهاباد محەمەد ئەمین

٥- مامۆستا نازدار ئەسعەد محەمەدئەمین

٦- نەورۆز عیزەدین

٧- میدیا حەسەن حسێن

٨- جولە حاجی عومەر

٩- كۆسار كەریم.

**سێ پاڵێوراویش بە دەنگی نوێنەران بە یەدەگ هاتنە هەڵبژاردن:**

١- جوان كەمال

٢- ڤیان مایی

٣- ڕۆزە عەبدوڵا[٢].

لـە كۆبوونـەوەی ڕێكەوتـی ١٨ی ئـاداری ٢٠٠٧، لێژنـەی ڕاپەڕانـدن دكتـۆر كوردسـتان

موکریانــی بــه ســکرتێری نوێــی یەکێتــی ئافرەتانــی کوردســتان هەڵبــژارد[3]. هەروەهــا زاراوەکانــی تایبــەت بــە پەیکــەری ڕێکخســتنەکانی یەکێتــی ئافرەتانــی کوردســتان گۆڕانکاریــی بــە ســەردا هــات و لــق بــۆ ئەنجوومەنــی پارێــزگا، ناوچە بــۆ ئەنجوومەنــی قەزا، لێژنــەی ڕێکخراویــش بــۆ ئەنجوومەنــی ناحیــە گــۆڕا و شــەش ئەنجوومــەن لــە پارێزگاکانــی هەولێــر، کەرکــووک، دهــۆک، ســلێمانی، موســڵ و بەغــدا، دامــەزران[4].

## سەرچاوە و پەراوێز

١- بە ئامادەبوونی فازڵ میرانی کۆنگرەی شەشەمی یەکێتیی ئافرەتانی کوردستان دەستی پێکرد، ڕۆژنامەی خەبات، ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستان، ژمارە ٢٤٣٦، هەولێر، سێشەمە، ١٣ی ئاداری ٢٠٠٧ز، ل ل ١، ١٣؛ جولە حاجی، کۆنگرەی شەشەمی (ی.ئا.ك) کۆنگرەی پەرەپێدانە بە تواناکانی ئافرەتان، گۆڤاری وێ، ئۆرگانی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان، ژمارە ١، هەولێر، دەزگای ئاراس، کانونی یەکەم ٢٠٠٧ز، ل ٤.

٢- جولە حاجی، سەرچاوەی پێشو، ل ل ٥-٦.

٣- هەڵبژاردنی سکرتێری نوێی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان، ڕۆژنامەی خەبات، ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستان، ژمارە ٢٤٤٢، هەولێر، دووشەمە، ١٩ی ئاداری ٢٠٠٧ز، ل ٤.

٤- جولە حاجی، سەرچاوەی پێشو، ل ٦.

## پڕۆگرام و پەیڕەوی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان کۆنگرەی شەشەم

## پڕۆگرام

### بەشی یەکەم

### دروستبوون و ئامانجەکان

**مادەی یەکەم:**

ناوی ڕێکخراو: یەکێتی ئافرەتانی کوردستان، بە پیتەکانی ی.ئا.ك. کورت دەکرێتەوە.

**مادەی دووەم:**

پێناسەی ڕێکخراو: ڕێکخراوێکی جەماوەری ناحکومی دیموکراسی ئافرەتانی کوردستانە، هەوڵ دەدات بۆ داکۆکیکردن و دەستەبەرکردن و پاراستنی سەرجەم مافەکانی ئافرەتان و بەرزکردنەوەی ئاستی هەمەلایەنەیان بە شێوازێکی مەدەنییانە.

**مادەی سێیەم: سنووری چالاکی:**

ناوەندی ڕێکخراو لە هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان دەبێت و مافی کردنەوەی ئەنجومەنەکانی دیکەی هەیە لە پارێزگاکانی کوردستان و عێراق و دەرەوە بەپێی پێویستیش مافی کردنەوەی نوسینگە هەیە لە شار و شارۆچکەکانی هەرێمی کوردستاندا.

**مادەی چوارەم:**

ئارم:

پێکهاتەکەی بەم شێوەی خوارەوەیە:

**مادەی پێنجەم: ئامانجی سەرەکی:**

هێنانەکایەی کۆمەڵگایەکی یەکسان لە ڕەخساندنی دەرفەت، دوور لە جیاوازی ڕەگەزیی.

**مادەی شەشەم: ئامانجەکان:**

١. بەرز ڕاگرتنی ڕۆڵی ئافرەت لە ناو کۆمەڵگە و خێزان و سەرجەم بوارە جیاجیاکانی ژیان.

٢. باوکردنی نەریتە مەدەنییەکان وەك ئامرازێك بۆ دەربڕینی نازا یی و داکۆکی لە مافەکان.

٣. گەشەپێدانی ئەزموونی دیموکراسی و مەدەنی لە هەرێمی کوردستاندا.

٤. چاندنـی گیانـی دیموکراسـی، یەکـتر قەبوڵکردن، بەشـداری سیاسـی، کاری خۆبەخشـانە و ڕۆشـنبیری ناتوندوتیـژی، لـە نـاو کۆمەڵـگا بەگشـتی و ئافرەتانی کوردسـتان بـە تایبەتی.

٥. پتەوکردنی پەیوەندییەکانی ناو خێزان و چارەسەرکردنی گیروگرفتەکانی.

٦. نەهێشتنی توندوتیژی دژی ئافرەت.

٧. ئاسـانکردنی دروسـتبوونی خێـزان، لەسـەر بنەمـای لەیەکگەیشـتن و کەمکردنـەوەی گیروگرفتەکانـی پێکهێنانـی خێـزان وەك: (مارەیـی زۆر، ژنبـەژن، گەورەبەبچـووك، فرەژنـی، لـە بـری بەخوێنـدان)

٨. وەدیهێنانی سەربەخۆیی ئابووری ئافرەت.

٩. هەوڵـدان بـۆ نەهێشـتنی نەخوێنـدەواری لـە نێـو ئافرەتـان و هاندانـی کچـان بـۆ تەواوکردنـی خوێندنیـان.

١٠. دابینکردنی مافە ڕۆشنبیری، تەندروستی و کۆمەڵایەتییەکانی منداڵانی کوردستان.

١١. نەهێشتنی جیاوازی لە نێوان کوڕ و کچ لە پەروەردەکردندا.

١٢. پەروەردەکردن و پەرەپێدانی توانا وەرزشی و هونەرییەکانی ئافرەتان.

١٣. فێرکردنـی ئافرەتانـی کوردسـتان و زیاتـر ئاشـناکردنیان بـە کۆمپیوتـەر و ئینتەرنێـت و پیشـە جیاجیـاکان و تەکنۆلۆژیـای سـەردەم.

١٤. بایەخـدان بـە بـاری تەندروسـتی ئافـرەت و منـداڵ و هەوڵـدان بـۆ زیادکردنـی نەخۆشـخانەی لەدایکبـوون و منـداڵ.

١٥. گرنگیـدان بـە چاودێـری و ڕێنوێنیکردنـی دایـك و منـداڵ و هەوڵـدان بـو زیادکردنـی مەڵبەندەکانـی.

١٦. زیادکردنی ڕێژەی ئافرەتان لە پەرلەمان و حکومەتی هەرێمدا.

١٧. پتەوکردنی پەیوەندی و هەماهەنگی لەگەڵ هەموو ئەو ڕێکخراوانەی مافەکانی ئافرەتان دەکەوێتە چوارچێوەی گرنگیپێدانیان.

١٨. بەشداریکردنی کاریگەرانەی ئافرەت لە هەڵسوڕانی هەموو بوارەکانی ژیان و کار و خەباتی نیشتمانی و نەتەوەییدا.

١٩. تێکۆشان بۆ پاراستن و پەرەپێدانی ئەزموونی دیموکراتی و دەستکەوتە مێژووییەکانی گەلەکەمان.

٢٠. مافی چارەنووس و سەربەخۆیی بڕیاردان، مافی وای خەڵکی کوردستانە.

## بەشی دووەم

## پێکهاتە و پەیکەری یەکێتی

**مادەی حەوتەم: پێکهاتە:**

یەکێتــی ئافرەتانــی کوردســتان یەکێتییەکــی ئارەزوومەندانــەی ئافرەتانــی کوردســتانە کــە بڕوایــان بــە پڕۆگــرام و پەیــڕەوی ناوخۆیــی هەیــە و تێدەکۆشــن بــۆ دەســتەبەرکردنی ئامانجە دیاریکــراوەکان.

**مادەی هەشتەم: ئەندامێتی:**

هەمــوو ئافرەتێکــی کوردســتان و دەرەوەی کوردســتان بەپێــی ئــەم مەرجانــەی خــوارەوە بــۆی هەیــە ببێتــە ئەنــدام لــە (ی.ئــا.ك.)دا:

١. بڕوای  بە پڕۆگرام و پەیڕەوی ناوخۆ هەبێت.

٢. تەمەنی لە ١٤ ساڵ کەمتر نەبێت.

٣. فۆرمی ئەندامێتی پڕ بکاتەوە.

٤. ئابوونەی هاتنەڕیز و ساڵانە بدات.

**مادەی نۆیەم: ئەرکەکانی ئەندام:**

١. بەشداری کاری ڕێکخراوەیی بکات.

٢. دیسپلینی ڕێکخراو بپارێزێت.

٣. هەوڵی دەستەبەرکردنی ئامانجەکانی یەکێتی بدات.

٤. هەوڵی بەرزکردنەوەی ئاستی ڕۆشنبیری خۆی و ئافرەتان بدات.

**مادەی دەهەم: مافەکانی ئەندام:**

١. مافی خۆپاڵاوتن و هەڵبژاردنی هەیە بۆ ئۆرگانەکانی یەکێتی.

٢. لە کاتی سزادان و پێشێلکردنی مافەکانی، دەتوانێ داوای لێکۆڵینەوە بکات.

٣. مافی ڕەخنە و پێشنیاز و داواکاری هەیە.

**مادەی یازدەم: سزاکان بۆ کادیرانی (ی.ئا.ك.):**

أـ سزای سەرنجڕاکێشان:

١. بەبێ هۆ لە کۆبوونەوە ئامادە نەبێت.

٢. کەمتەرخەمی لە ئەرکەکانیدا بنوێنێت.

٣. کاری ڕێکخراوەیی و ناوبانگی یەکێتی بۆ بەرژەوەندی خۆی بەکار بهێنێت.

ب- سڕکردن:

١. دووبارەکردنـەوەی سـەرپێچییەکانی بڕگـەی ١و٢و٣ لـە خاڵـی (ئەلـف)ی بەنـدی یازدەهەمـی سـزاکان.

٢. ناوبانگ زڕاندنی ئەندامانی یەکێتی.

٣. پابەندنەبوون بە ڕێنماییەکان و دووبەرەکی نانەوە لە ناو ڕێکخستنەکاندا.

٤. لەگـەڵ سـڕکردن گشـت ئیمتیـازەکان لـە هـاوکاری و دەرماڵـە ڕادەگیـرێ و بـۆ میزانیـەی یەکێتـی دەگەڕێتـەوە.

پ- لە دەستدانی ئەندامێتی:

١. دووبارەکردنـەوەی بڕگەکانـی (١و٢و٣) لـە خاڵـی (ب) لـە بەنـدی یازدەهەمـی سـزاکان.

٢. سزا بدرێت بە تاوانێك دژی مرۆڤایەتی و بەرژەوەندییە نیشتمانی یەکان.

٣. دوای لێکۆڵینەوەیەکـی دادپەروەرانـە تاوانبـار بکـرێ بـە گەندەڵـی لـە دارایـی یەکێتـی.

**مادەی دوازدەهەم:**

پەیکەری ڕێکخستنی یەکێتی بریتییە لە:

١. ئەنجومەنی ناحیە بەپێی پێویست.

٢. ئەنجومەنی قەزا.

٣. ئەنجومەنی پارێزگا.

٤. مەکتەبی سکرتاریەت.

٥. ئەنجومەنی باڵا.

٦. کۆنگرە.

**مادەی سێزدەهەم: ئەنجومەنی ناحیە:**

سەرپەرشتی کار و چالاکییەکانی یەکێتی دەکات لە سنووری ناحیە و پێك دێت لە (٣) ئەندام و (١) ئەندامی یەدەگ کە ڕاستەوخۆ لەلایەن ئەندامانی سنوورەکەی هەڵدەبژێردرێن.

**ئەرك و دەسەڵاتەکانی:**

١. لە یەکەم کۆبوونەوە بەرپرسێك بۆ خۆی هەڵدەبژێرێ.

٢. ڕێکخستنی جەماوەری ئافرەتانی سنوورەکەی.

٣. ساڵی دوو جار کۆبوونەوە لەگەڵ گشت ئەندامانی سنوورەکەی دەکات.

٤. دەسەڵاتەکانی بڕگەی (ئەلف) لە بەندی یازدەهەمی سزاکانی هەیە.

٥. پێکهێنانی (تیمی گەڕۆك، گروپی کار) بۆ چالاکییە هەمە جۆرەکانی بەپێی پێویست.

٦. ئەنجومەنی ناحیە بەشداری لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی قەزای سنوورەکەی دەکات.

**مادەی چواردەهەم: ئەنجومەنی قەزا:**

سەرپەرشتی کار و چالاکییەکانی یەکێتی دەکات لە سنووری قەزا، پێك دێت لە (٣-٥) ئەندام و (١) ئەندامی یەدەگ کە لەلایەن ئەندامان لە سنوورە ناوەندی قەزا و ئەندامانی ئەنجومەنی ناحیەکانی سنووری هەڵدەبژێردرێت. بۆ ئەنجومەنی پارێزگە هەیە لە سنووری قەزای مەرکەزی هەر پارێزگایەك لە یەك ئەنجومەنی قەزا زیاتر دروست بکات بە مەرجێك لە سێ تێنەپەڕێت.

**ئەرك و دەسەڵاتەكانی:**

١. ئەنجومەنی قەزا لە یەكەم كۆبوونەوەیدا بەرپرسێك بۆ خۆی هەڵدەبژێرێ.

٢. سەرپەرشـــتی ئەنجومەنـــی ناحیەكانـــی ســـنووری دەكات و لـــە كار و چالاكییـــەكان ئاراســـتەیان دەكات.

٣. شەش مانگ جارێك كۆبوونەوە لەگەڵ ئەنجومەنی ناحیەكانی سنووری دەكات.

٤. مانگـی جارێـك كۆبوونـەوەی فـراوان دەبەسـتێت بـە بەشـداری بەرپرسـی ئەنجومەنـی ناحیەكانـە سـنوور.

٥. دەسەڵاتی بڕگەی (ئەلف ـ ب) بەندی یازدەهەمی سزاكان.

**مادەی پازدەهەم: ئەنجومەنی پارێزگە:**

بەرزتریـــن دەســـەڵاتە لـــە ســـنووری پارێزگـــە لـــە هەمـــوو بوارەكانـــی پەیوەندیـــدار بـــە یەكێتـــی، پێـــك دێـــت لـــە بەرپـــرس و (٦) ئەنـــدام و (٢) یـــەدەك، كـــە ڕاســـتەوخۆ لەلایـــەن ئەندامانـــی ئەنجومەنـــی قەزاكانـــی ســـنووری و ئەنجومەنـــی پارێزگـــە پێشـــوو هەڵدەبژێردرێـــن.

**ئەرك و دەسەڵاتەكانی:**

١. لــە یەكەمیــن كۆبوونــەوەی خۆیــدا بەرپرســی ئەنجومەنــی پارێــزگا و بەشــەكان هەڵدەبژێردرێــن.

٢. سەرپەرشتی كار و چالاكییەكانی ئەنجومەنی قەزاكانی سنووری دەكات.

٣. مانگی جارێك كۆبوونەوەی ئاسایی دەبەستێت.

٤. دوو مانـگ جارێـك كۆبوونـەوەی فراوانـی خـۆی دەبەسـتێت بـە بەشـداری بەرپرسـی ئەنجومەنـی قەزاكانـی سـنووری.

٥. دەسەڵاتی دەركردنی بەیاننامەی هەیە لەسەر ڕووداوەكانی سنووری.

٦. دەســەڵاتی بڕگەكانــی (ئەلــف ـ ب) مــادەی (١١) هەمــوو ســزاكانی هەیــە لــە ســنووری خۆیــدا.

٧. پێشنیاری دەرکردنی ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگا و قەزاکانی سنووری بۆ م.سك بەرز دەکاتەوە.

٨. بەستنی کۆنفرانسی ساڵانە بە بەشداری ئەندامانی ئەنجومەنی قەزا و ناحیەکانی سنووری.

**مادەی شازدەهەم: مەکتەبی سکرتاریەت:**

تاکە دەزگای یەکێتییە کە ئەندامانی لە ناو کۆنگرە هەڵدەبژێردرێن. پێك دێت لە (٧ یان ٩) ئەندام و (٢) ئەندامی یەدەك، کە ڕاستەوخۆ سەرپەرشتی دەزگاکانی خوارووتری دەکات و لە بەرنامەی کار و چالاکییەکان ئاراستەیان دەکات و ئەم بەشانەی خوارەوە لە خۆ دەگرێت:

١- بەشی ڕێکخستن و ئامار:

أ ـ هەموو ئەو کارانەی پەیوەندیان بە ڕێکخستنەوە هەیە.

ب ـ ئاماری ڕێکخستنەکان.

پ ـ نووسینی ڕاپۆرت و وەڵام و...هتد.

ت ـ هەر کارێکی پەیوەندی بە پێشکەوتنی بواری ڕێکخستن و ئامار بێت.

٢- بەشی چاکسازی و کۆمەڵایەتی:

ئەرکەکانی:

أ ـ کار دەکات بۆ چارەسەری گیروگیرفتە کۆمەڵایەتییەکان و هەوڵی چاکسازی و کۆمەڵایەتی دەدات.

ب ـ دۆزینەوەی کار بۆ ئافرەتانی بێکار.

پ ـ کردنەوەی خانە چاکسازی بۆ ئەو ئافرەتانەی مەترسی کۆمەڵایەتییان لەسەرە و چارەسەری گرفتەکانیان.

ت ـ هەر کارێکی تر پەیوەندی بە چاکسازی کۆمەڵایەتییەوە هەبێت.

ج ـ ئەنجامدانی توێژینەوەی زانستی لەسەر کێشە کۆمەڵایەتییەکان.

ح ـ نوێنەرایەتیکردنی ئافرەتانی خاوەنکێشە بۆ بەرزکردنەوەی یاسایی بۆ بەردەم دادگا.

٣- بەشی پەیوەندی و پڕۆژەكان:

ئەركەكانی:

أ ـ پەیوەندیبەستن لەگەڵ ڕێكخراو و دەزگا فەرمی و نافەرمییەكان.

ب ـ ئامادەكـردن و پێشكەشـكردنی پـڕۆژەی چالاكـی جۆراجـۆر بـۆ حكومـەت و ڕێكخـراوەكان.

٤- بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن:

ئەركەكان:

أ ـ دەركردنی ڕۆژنامە و گۆڤار و بڵاوكراوە.

ب ـ وشـیاركردنەوەی ئافرەتـان بـە سـوودوەرگرتن لـە دەزگاكانـی ڕاگەیانـدن بـە شـێوەیەكی گونجـا و سـەردەمیانە.

پ ـ گرنگیدان بە ڕۆژنامەگەری ئەلیكترۆنی.

ت ـ دروستكردنی فیلم و زنجیرەی تەلەفزیۆن لەسەر ڕەوشی ئافرەت.

٥- بەشی پەروەردە و پێگەیاندن:

ئەركەكان:

أ ـ كردنەوەی خولی نەهێشتنی نەخوێندەواری.

ب ـ كردنەوەی خولی پێشەیی جۆراوجۆر لە دەرەوە و ناوەوەی هەرێم.

پ ـ كردنەوەی خولی ڕۆشنبیری لە دەرەوە و ناوەوەی هەرێم.

ت ـ كۆبونەوەی فراوان لەگەڵ ئافرەتان لەناو گەك و گوند و...هتد.

ج ـ خولی پێگەیاندن و ڕاهێنانی كۆمەڵایەتی.

چ ـ خول و چالاكی هونەری و وەرزشی.

ح ـ سازدانی فێستیڤاڵ و خەڵاتكردنی ئافرەتان.

٦- بەشی کارگێڕی و دارایی:

ئەرکەکان:

أ ـ سەرپەرشتی و چاودێری دارایی و کارگێڕی سەرجەم دەزگاکانی یەکێتی و پرۆژە بەرهەمهێنەرەکان.

ب ـ ئامادەکردنی سیستمێکی کارگێڕی هاوبەش بۆ سەرجەم دەزگاکانی یەکێتی.

پ ـ ڕێکخستنی تۆماری کەلوپەلی دەزگاکانی یەکێتی.

ت ـ ئامادەکردنی سیستمێکی ژمێریاری هاوبەش بۆ سەرجەم دەزگاکانی یەکێتی و کارپێکردنی.

ج ـ ئامادەکرن و وەڵامدانەوەی ڕاپۆرتەکانی دارایی.

**لێپرسراوی ئەم بەشانە ئەندامی مەکتەبی سکرتاریەت دەبن و مانگانە بۆ کۆبوونەوەی ئاسایی مەکتەبی سکرتاریەت ڕاپۆرتی تایبەتی ئامادە دەکەن.**

**ئەرك و دەسەڵاتەکانی:**

١. هەڵبژاردنی سکرتێر لە نێو ئەندامانیدا ئەنجام دەدرێت لە یەکەم کۆبوونەوەی دوای کۆنگرە.

٢. هەفتانە کۆبوونەوەی ئاسایی دەبەستێت و بەپێی پێویست کۆبوونەوەی نائاسایی ئەنجام دەدات.

٣. دەسەڵاتی هەموو بڕگەکانی مادەی یازدەهەمی سزاکانی هەیە.

٤. جێبەجێکردنی بڕیار و ڕاسپاردەکانی کۆنگرە و ئەنجومەنی باڵا و بەرپرسیارە لە بەرامبەریان.

٥. دیاریکردنی هەڵوێستی یەکێتی لەمەڕ ڕووداو و پێشهاتەکان.

ئەرك و دەسەڵاتەکانی سکرتێر:

٧- سەرپەرشتیکردنی کۆبوونەوەی ئەنجومەنی باڵا و مەکتەبی سکرتاریەت.

٨- ئیمزاکردن لەسەر گشت نووسراوەکانی مەکتەبی سکرتاریەت و پسووڵەی

داهــات و خەرجییــەکان.

٩- نوێنەرایەتیکردنــی یەکێتــی لــە ســەرجەم دەزگا فەرمــی و نافەرمییــەکان، یــان ئــەو کەســەی لــە جیاتــی خــۆی دیــاری دەکات.

**مادەی حەڤدەم: ئەنجومەنی باڵا:**

بەرزتریــن دەســەڵاتە لــە یەکێتــی لــە نێــوان دوو کۆنگــرەدا، پێــك دێــت لــە ئەندامانــی مەکتەبــی ســکرتاریەت و بەرپــرس ئەنجومەنــی پارێــزگاکان.

**ئەرك و دەسەڵاتەکانی:**

١. سەرپەرشتی و پلاندانان لە نێوان دوو کۆنگرەدا.

٢. مانگانــە کۆبوونــەوەی ئاســایی دەبەســتێت و بەپێــی پێویســت کۆبوونــەوەی نائاســایی دەبەســتێت.

٣. هەر سێ مانگ جارێك کۆبوونەوەی فراوان دەبەستێت.

٤. دارشتنی پلانی دارایی و یەکێتی و دیاریکردنی رێژەی ساڵانە و هاتنەڕیز.

٥. دیاریکردنی سیاسەت و نەهجی ڕاگەیاندن.

٦. جێبەجێکردنی بڕیار و ڕاسپاردەکانی کۆنگرە.

٧. بڕیار دەدات بۆ دامەزراندی لێژنەی ئامادەکاری.

٨. دیاریکردنی ڕێژەی بەشداربوون لە کۆنگرە.

٩. دەســەڵاتی ســزادانی ئەندامانــی مەکتەبــی ســکرتاریەتی هەیــە لــە بڕگــەی (ئەلــف ـ ب)ی مــادەی یازدەهەمــی ســزاکان.

**مادەی هەژدەهەم: کۆنگرە:**

کۆنگــرە بەرزتریــن دەســەڵاتە لــە یەکێتــی ئافرەتانــی کوردســتاندا و هەر (٢) ســاڵ جارێك دەبەســترێت، پێــك دێــت لــە ئەندامانــی مەکتەبــی ســکرتاریەت و یەدەکەکانــی بەرپرســی ئەنجومەنــی پارێــزگاکان، ئەندامانــی لێژنــەی ئامــادەکاری کۆنگــرە، هەڵبژێردراوەکانــی کۆنفرانســەکانی ئەنجومەنــی قــەزا و ناحیــەکان بــەو ڕێژەیــەی کــە ئەنجومەنــی بــاڵا دیــاری

دەکات و هەڵبـژاردەکان بـە دوو قۆنـاغ دەبێـت.

ئەرك و دەسەڵاتەکانی:

١. هەڵســەنگاندنی تــەواوی ئیشــوکار و بڕیــار و ڕاســپاردەکانی لێژنــە و دەزگاکان و هــەر ئەندامێکــی یەکێتــی ئافرەتانــی کوردســتان و وەرگرتنــی بڕیــاری پێویســت لــە ســەریان.
٢. هەموارکردن و پەسەندکردنی پەیڕەوی ناوخۆ.
٣. پەسەندکردنی ڕاپۆرتی گشتی کۆنگرە.
٤. دیاریکردنـی چەنـد لێژنەیـەك بـۆ ڕێکخسـتن، دارایـی، ڕاگەیانـدن و سـکاڵا و لێژنەکانـی تـر بەپێـی پێویسـت.
٥. هەڵبژاردنی ئەندامانی مەکتەبی سکرتاریەت و یەدەکەکانی.
٦. دیاریکردنی سیاسەتی گشتی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان.
٧. یەکگرتن و هەڵوەشاندنەوەی (ی.ئا.ك.) بڕیاری لەسەر دەدرێت.

**مادەی نۆزدەهەم: لێژنەی ئامادەکاری:**

بـە بڕیـاری ئەنجومەنـی بـاڵا، لێژنـەی ئامـادەکاری دادەنرێـت: لـە ٩ تـا ١١ ئەنـدام پێـك دێـت کـە خۆیـان ناپاڵێـون بـۆ ئەندامێتـی مەکتەبـی سـکرتاریەت. کارە ئامادەکارییەکانـی کۆنگـرە ئەنجـام دەدات و سەرپەرشـتی کۆنفرانسـەکانی ئەنجومەنـی ناحیـە و قەزاکانـی یەکێتـی ئافرەتانـی کوردسـتان دەکات بـۆ هەڵبژاردنـی نوێنەرانـی کۆنگـرە.

## بەشی سێیەم

## ڕادەی یاسایی و دەنگدان

**مادەی بیستەم: ڕادەی یاسایی:**

١. هەمـوو دەزگاکانـی یەکێتـی بـە ئامادەبوونـی زۆرینـە هەڵدەبژێردرێـن و لـە کاتـی تەواوبوونـی ڕادەی یاسـایی، دوای (١٥) ڕۆژ لـە مێـژووی یەکـەم هەڵبـژاردن دووبـارە

دەکرێتەوە، ئەگەر بۆ جاری دووەم ڕادەی یاسایی تەواو نەبوو ژمارەی بەشداربووان هەر چەندێك بێت هەڵبژاردن ئەنجام دەدرێت.

٢. کۆبوونەوەکان بە ئامادەبوونی زۆرینە دەبەسترێت.

**مادەی بیست و یەکەم: دەنگدان:**

جگە لەو بڕیارانەی کە لەم پەیڕەوە ئاماژەی بۆ کراوە و پێویستی بە دەنگی زۆرینە زیاترە، لە هەموو کۆبوونەوەکان بڕیار بە دەنگی زۆرینە وەردەگیرێت و لە کاتی یەکسانبوونی دەنگەکاندا، پەیڕەوی رای ئەو لایەنە دەکرێ کە بەرپرسی دەزگاکەی تێدایە.

## بەشی چوارەم

## دارایی ڕێکخراو

**مادەی بیست و دووەم: دارایی ڕێکخراو پێك دێت لە:**

١. کۆکردنەوەی ئابوونە هاتنەڕیزەوە.

٢. نرخی چاپەمەنی و داهاتی چالاکییەکانی.

٣. ئەو یارمەتییانەی دەدرێتە یەکێتی.

٤. سوودی پرۆژە بەرهەمهێنەرەکان.

٥. بەرپرسی دارایی و ئۆرگانەکانی (ی.ئا.ك.) بە هەڵبژاردن لە نێوان ئەندامانی ئۆرگانەکان دەبێت.

**مادەی بیست و سێ: ڕێکخستنی دارایی:**

یەکێتی خۆی دارایی خۆی بەڕێوە دەبات و ڕێکی دەخات بەپێی ئەو سیستمە ژمێرياريیەی کە لەلایەن فەرمییەکانی هەرێمی کوردستان پەیڕەو دەکرێ.

**مادەی بیست و چوارەم: چاودێری دارایی:**

هەموو حساباتێکی یەکێتی دەکەوێتە ژێر چاودێری دارایی هەرێمی کوردستانەوە.

## بەشی پێنجەم

## حوکمە گشتییەکان

**مادەی بیست و پێنجەم:**

سـەرجەم دەزگاکانـی یەکێتـی پابەنـدی زنجیرەکانـی ڕێکخسـتن دەبـن، لـە دەزگاکانـی خـوارەوە ڕاپۆرتـی مانگانــە و گشــتی بــۆ دەزگاکانــی ســەرووتر بــەرز دەکرێتــەوە وە لەوێشــەوە وەڵامــی دەدرێتــەوە.

**مادەی بیست و شەشەم: تۆمارەکانی یەکێتی:**

١. تۆماری ئەندامان.

٢. تۆماری کۆنووسەکان.

٣. تۆماری بڕیارەکان.

٤. تۆماری ژمێریاری.

٥. تۆماری کەلوپەل.

٦. تۆماری نووسراوەکانی هاتوو و ڕۆیشتوو.

٧. تۆماری بەرنامەی کار و پلاندانان.

٨. بەپێی پێویست تۆمارەکان زێدە دەکرێن.

**مادەی بیست و حەوتەم: هەموارکردن:**

پڕۆگــرام و پەیــڕەوی ناوخــۆی یەکێتــی لەلایــەن کۆنگــرە بڕیــاری هەموارکردنــی دەدرێــت.

**مادەی بیست و هەشتەم: هەڵوەشاندنەوەی یەکێتی:**

هەڵوەشـاندنەوەی ڕێکخـراو بـە دەنگـی سـێ لەسـەر چـواری ئەندامانـی کۆنگـرەی یەکێتـی بڕیـاری لەسـەر دەدرێـت و لەکاتـی هەڵوەشـاندنەوە سـەرجەم کەلوپـەل و دارایـی یەکێتـی دەگەڕێتـەوە بـۆ ئـەو دەزگایـەی کـە بڕیـاری لەسـەر دەدرێـت.

## کۆنگرەی حەوتەمی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان

## هەولێر - ٢٠١٠

لە ڕێکەوتی ٤ - ٥ی ئابی ٢٠١٠، لە هۆڵی شەهید سەعد عەبدوڵا لەشاری هەولێر[١]. بە ئامادەبوونی ٢٠٨ نوێنەری کۆنگرە و بە دروشمی (بەرەو کۆمەڵگەیەکی مەدەنی و ئایندەیەکی پڕشنگدارتر) کۆنگرەی حەوتەمی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان بەسترا[٢].

لەم کۆنگرەیەدا، لێژنەی ڕاپەڕاندنی نوێ لەلایەن نوێنەرانی کۆنگرەوە بەم شێوەیەی خوارەوە هەڵبژێردران:

١- لەیلا عەبدولجەبار حدۆ

٢- مژدە مەسعود مستەفا

٣- نەجات محەمەد عەبدوڵا

٤- شنۆ ئەمین مەنسور

٥- سوعاد لالۆ بەشار

٦- سەروین محەمەد تەها

٧- نیگار ئەحمەد خدر

٨- کاڵێ ئازاد محەمەد.

**ئەندامانی یەدەگ:**

١- ساکار عومەر قادر

٢- شوکریە مەحمود ئەحمەد[٣].

پەیکەری ڕێکخستنەکانی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان لە ئەنجوومەنی ناحیە و کۆمەڵگاکان، ئەنجوومەنی قەزا، ئەنجوومەنی پارێزگا، ئەنجوومەنی باڵا و مەکتەبی سکرتاریەت پێکهات و بە شێوەی خوارەوە ئەنجوومەنەکانی پارێزگا و دەڤەرەکان

دەستنیشـان کـرا:

- ئەنجوومەنی پارێزگای هەولێر.
- ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی.
- ئەنجوومەنی پارێزگای دهۆك.
- ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکوک
- ئەنجوومەنی دەڤەری گەرمیان
- ئەنجوومەنی دەڤەری خانەقین
- ئەنجوومەنی دەڤەری شنگال
- ئەنجوومەنی پارێزگای موسڵ
- ئەنجوومەنی پارێزگای بەغدا
- ئۆفیسی ئەوروپا.

سـکرتاریەتیش لـەم بەشـانە پێـك دەهـات: ڕێکخسـتن، ئامـار، چاکسـازی و کۆمەڵایەتـی، پەیوەندییـەکان، ڕۆشـنبیری و پێگەیانـدن، کارگێـڕی و دارایـی[٤].

## سەرچاوە و پەراوێز

١- بە ئامادەبوونی سەرۆکی کوردستان یەکێتی ئافرەتانی کوردستان کۆنگرەی ٧ەمی خۆی گرێدا، ڕۆژنامەی خەبات، ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستان، ژمارە ٣٥٤٢، هەولێر، پێنجشەمە، ٥ی ئابی ٢٠١٠ز، ل ل ١، ١٣.

٢- مژدە ساڵەیی، کۆنگرەی حەوتەمی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان بە سەرکەووتوویی کۆتایی هات، گۆڤاری وێ، ژمارە ٣١، هەولێر، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، تشرینی یەکەمی ٢٠١٠ز، ل ل ٧ ـ ٩؛ بەیانی کۆتایی کۆنگرەی حەوتەمی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان، گۆڤاری وێ، ئۆرگانی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان، ژمارە ٣١، هەولێر، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، تشرینی یەکەمی ٢٠١٠ز، ل ١٠.

٣- مژدە ساڵەیی، سەرچاوەی پێشو، ل ٩.

٤- یەکێتی ئافرەتانی کوردستان ١١ی کانونی یەکەمی ١٩٥٢، (هەولێر ـ مەکتەبی سکرتاریەتی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان ـ ٢٠١٠ز)، ل ل ٧ ـ ٨، ١١.

## دەقی وتاری سەرۆک مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان

بە ناوی خوای گەورە و میهربان

ئەندامانی کۆنگرە،

میوانانی بەڕێز،

زۆر بەختەوەرم کە لە کۆنگرەی حەوتەمی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان بەشداریتان دەکەم و داخوازیی سەرکەوتن بۆ کۆنگرەکەتان دەکەم و زۆر سوپاس و پێزانینی خۆشم ئاراستەی سکرتێر و ئەندامانی سکرتاریەتی یەکێتییەکەتان دەکەم. پەنابەخوا ئەوانەی لەو کۆنگرەیەش هەڵدەبژێردرێن، درێژەپێدەری ئەو هەوڵ و تەقەلایانە دەبن و هەر وەکو ئەوانەی تاوەکو ئێستا سەرکەوتوو بوون و سەرکەوتوو دەبن.

چەند باسی ڕۆڵی ئافرەتانی کورد بکرێ کەمە، چونکە بە کردەوە سەلماندیان بە درێژایی مێژوو بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کوردستان بە تایبەتی لە شۆڕشی مەزنی ئەیلوولدا ڕۆڵی ئافرەت یەکجار زۆر گرنگ بوو. بەڵام ئەو دایکە یان ئەو خوشکە یان ئەو خێزانەی لە ماڵ بوو پێشمەرگە بوو، دایك بوو، مامۆستا بوو، جوتیار بوو، کرێکار بوو و بەرهەمهێنەریش بوو، بەشێکیش لە بەرهەمی ئەو دەچووە بەرەی شەڕ، بۆیە من پێمویە ڕۆڵی ژن زۆر لە ڕۆڵی پیاو زیاتر بوو.

هەروەها ئافرەتی کورد نمونەی فیداکاری بووە، من نازانم فیداکاری، گەورەیی مرۆڤ چییە، یان کێ لەو مرۆڤە گەورەترە کە پارچە گۆشتی چوار کوڕی لە یەك کیسەدا بێت، ئینجا بڵێت دوو کوڕم ماوە ئەوانیش بە قوربانی کوردستان بن.

بۆیە پیاوی گەورە لە نەتەوەی ئێمە هەڵکەوتوون، چونکە شیری ئەو شێرەژنانەیان خواردووە و پەروەردەی دەستی ئەوان بوون، ئێستاش سوپاس بۆ خوای گەورە دوای ئەوەی بەشێك لە مافەکانمان بەدەست هاتوون، ئێمە ئەمڕۆ خاوەنی پەرلەمان و حکومەتین، وڵاتی ئێمە ئازادە، بێگومان دەبێ هەموو تاکێکی کۆمەڵگەی ئێمە ئازاد بێت بە تایبەتی ئافرەت، ئەم ئەرکەش ئەرکی ئێوە و ڕێکخراوە هاوشێوەکانتانە، ئێوە ئەو شە بکەن، ئێمەش لەگەڵتانین، ئێوە شەڕ بۆ ئازادی خۆتان و مافی خۆتان بکەن، ئێمەش بەڵێنتان پێ دەدەین وەکو سەربازێك

لـە ژێـر بەرپرسـیارێتی ئێـوەدا بیـن بـۆ وەدەسـتهێنانی مافەکانتـان.

بەداخـەوە زۆر جـاری وا هەیـە کـە دەبیسـتین ئافرەتـی کـورد تووشـی ئێشـوئازار دەبێـت یـان خـۆی تووشـی شـتێکی ناخـۆش دەکات بـە دەسـتی خـۆی لـە بـەر ئـەوەی نائومێـد دەبێـت لـە ژیـان، هـەر لـە شۆڕشـی ئەیلوولـەوە هەسـت بـەم ئێشـوئازارە کـراوە و هەنـدێ دابونەریتـی نەگونجـاو لەگـەڵ مافـی مـرۆڤ و لەگـەڵ بچوکتریـن مافـی مـرۆڤ دەسـت بـە چاکسـازی کـرا، بـەڵام ئێمـە لـە ناوچەیەکـدا دەژیـن کـە بـە دابونەریتـی دەوروبـەری خۆمانـەوە کاریگەریـن، هەروەهـا زۆر دابونەریتـی کـۆن کـە لـە وڵاتـی ئێمەشـدا هەبـووە، هەنـدێ دابونەریتـی زۆر پیـرۆزن و ئێمـە تـا دوا هەناسـەی پێیـەوە پابەندیـن، هەندێکیشـی دەبـێ چاکسـازی بەسـەردا بێـت، هیـچ وا نییـە و ناشـبێ هەنـدێ لـەو دابونەریتانـە بمێنـن وەکـو بیسـتوومە زۆریـش کـەم بۆتـەوە، وەکـو مەسـەلەی بـەزۆر بەشـوودانی کـچ یـان ژنبەژنـی یـان گـەورە بـە بچـووك، یانیـش شـیربایی و بەکارهێنانـی کچـی کـورد بـۆ سـوڵحی عەشـایری، ئەمانـە کوفـرە و نابـێ لـە کۆمەڵگـەی کـوردەواری بـە هیـچ شـێوەیەك بمێنـن، مـن پێموایـە پەرلەمانیـش هیـچ درێغـی لـە دەرکردنـی یاسـا نەکـردووە کـە ئـەم مافـە دابیـن دەکات.

لـە هەمانکاتیشـدا مـن ئومێـدەوارم و داوا لـەو کـوڕ و کچـە خۆشەویسـتانە دەکـەم کـە دەبـێ بـە ئـارەزووی خۆیـان یەکـتر هەڵبژێـرن، بـەڵام دەبـێ موراعاتـی سـومعەتی بنەماڵـەی یەکـتر بکـەن و بەپێـی ئـەو دابونەریتـەی کـە مافـی هەڵبژاردنیـان هەبێـت، بـەڵام سـومعەتی بنەماڵەکەیـان تێـك نـەدەن و دەبـێ هەنـدێ دابونەریـت بپارێـزن بـۆ سـومعەتی خۆیـان و کەسوکاریشـیان، بـەڵام دەبـێ لـە هەڵبژاردنـی هاوسـەری ژیانیـان بـە ویسـتی خۆیـان ئـازاد بـن.

ئەمـە ئیشـی پەرلەمانـی کوردسـتانە کـە بـە هـاوکاری لەگـەڵ ئێـوە هەرچـی یاسـایەك پێویسـت بێـت، دەری بـکات بـۆ پاراسـتنی مافـی ئێـوە و یەکسـانی ئافـرەت لەگـەڵ پیـاو و پێشـمواية ئێسـتا پێشـکەوتنێکی زۆر بەدەسـت هاتـووە، بـەڵام لـە ڕاسـتیدا ئەمـە مەسـەلەیەکی زۆر گرنگـە و مـن پێـم وایـە هەمـووی بـە یاسـای پەرلەمـان و بڕیـاری حکومـەت نابـێ، بەڵکـو زۆری بـە پـەروەردەی خانـەوادە و فەرهەنـگ پەیوەنـدە، بۆیـە پێـم وایـە هـەر لـەو ڕۆژەی منـداڵ قاچـی دەخاتـە قوتابخانـە دەبـێ ئـەو پەروەردەیـە و

فەرهەنگە بەوە فێر بکرێت، دەبێت لە هەرماڵێکدا منداڵ وا فێر بکرێ کە دەبێ ئازاد بژیت و لە هەمان کاتیشدا دابونەریتی خۆی بپارێزێت، چونکە ئازادی واتای بەرەڵایی نییە.

ئێمە ناتوانین لاسایی ڕۆژئاوا بکەین، ئەوان زۆر لە پێشی ئێمەن و قۆناغێکی زۆریان بڕیوە، بەڵام لە مەسەلەی ئازادی دەبێ ئێمە پێشی ئەوانیش بکەوین، من پێش ماوەیەك لە پەرلەمانی یەکێتی ئەوروپا بووم لە برۆکسیل لە کۆڕێکدا باسی ئەوە کرا کە ڕێژەی ئافرەت لە پەرلەمانی کوردستان چەندە، گوتم ٣٠٪ پەرلەمانتارێکی وابزانم پۆرتوگاڵی بوو، ئافرەتێك بوو هەستا سەیری پەرلەمانتارانی دیکەی کرد و گوتی ئێوەش لە کورد فێر بن، ڕێژەی ئێمە لە هی ئێوە زۆر کەمترە.

ئیتر ئەمە بە ڕاستی هاوکاری هەمەلایەنەی دەوێ، هاوکاریی ئێوەی دەوێ هاوکاری هەر بنەماڵەیەك و هەر خانەوادەیەك و پەرلەمان و حکومەت و حزب و ڕێکخراوەکانی دەوێ، بەڵام ئێمە دەبێ کۆمەڵگەیەکی تەندروست دروست بکەین و ئەو دابونەریتانەی کە پێیەوە سەربەرزین دەبێ بیپارێزین و ئەوانەی کۆنن و زەمەن بە سەریاندا تێپەڕیوە دەبێ نەمێنن.

من جارێکی دیکە داوای سەرکەوتنتان بۆ دەکەم و هیوادارم کۆنگرەیەکی سەرکەوتوو بێت و بڕیاری زۆر چاکی لێ دەربچێت و سەرکردایەتییەکی تازەی لێ بێتە دی کە بە ئارەزووی خۆتان هەڵیانبژێرن.

جارێکی دیکەش من سوپاسی خوشکە کوردستان و هەموو ئەو خوشکانە دەکەم کە ئەو ماوەیە درێغییان نەکردووە و ڕۆڵێکی بەرچاویان هەبووە.

هەروەها بە دەرفەتی دەزانم کورتەیەکتان لە بارودۆخی ئەمڕۆ بۆ باس بکەم، ئێستا پێکهێنانی حکومەتی فیدراڵ لە بەغدا مەسەلەی هەرە گرنگە کە بە ڕاستی ئەم بابەتە چەقیوە و لەو ماوەیەی ڕابردوودا چەندین سەردان و دانیشتن هەبووە و چەندین شاند هاتوون، لێرە و لە بەغدا، ئەوە جێی سەربەرزییە بۆ ئێمە وەکو کورد، ئێمە یەکڕیزی خۆمان پاراستووە هەروەها بە هیچ شێوەیەك ئێمە بەشێك نەبووینە لە گرفت، بەڵکو بەشێکین لە چارەسەر هەروەهاش دەمێنینەوە.

ئێمـە لەگـەڵ ئەوەدایـن حکومەتێکـی هاوبەشـی نیشـتمانی پێـك بێـت و هیـچ لایـەك بـەلاوە نەنرێـت. لـەم قۆناغـەدا ئەمـە لـە بەرژەوەنـدی عێراقدایـە و ئێمـەش لـە سـەر ئـەو هەوڵـەی خۆمـان بـەردەوام دەبیـن و ئەمـڕۆش دوای ئـەوەی لێـرە دەڕۆم ئـەم ئێوارەیـە لەگـەڵ شـاندی خۆمـان دادەنیشـین بـە ئامادەیـی حکومـەت و پەرلەمـان و شـاندی دانوسـتانکاریش لـە بەغـدا بـۆ ئـەوەی قۆناغـی ڕابـردوو هەڵبسـەنگێنین و خۆمـان بـۆ قۆناغـی ئاینـدە ئامـادە بکەیـن، هەروەهـا ئەنجامـی چاوپێکەوتنەکانـی ئـەم دواییـە دیراسـەت بکەیـن و خۆمـان بـۆ قۆناغـی ئاینـدە ئامـادە بکەیـن.

ئێمـە لـە سـەر ئـەو هەڵوێسـتەی خۆمـان سـوورین کـە نەبینـە بەشـێك لـە گرفـت، بەڵکـو ئێمـە بەشـێکین لـە چارەسـەری و لەگـەڵ ئەوەدانیـن هیـچ لایەنێـك وەلاوە بـنرێ، بـەڵام ئێمـە لـە سـەر داواکاری خۆمـان سـوورین کـە ئەویـش پابەندبوونـە بـە دەسـتور و مـادەی ١٤٠ و مەسـەلەی پێشـمەرگە و نـەوت و غـاز و سـەرژمێری، ئـەو مەسـەلانە هەموویـان لەگـەڵ هـەر لایەنێـك دەبـێ پێشـتر لـە سـەری ڕێـك بکەویـن، هەروەهـا ڕێزگرتـن لـە مەسـەلەی پرۆسـەی دیموکراسـی و کارکردنیـش بـە شـێوەیەکی دیموکراسـی و هاوبەشـیکردن لـە حوکمـدا، ئەمانـە هەموویـان بابەتـی سـەرەکین و ئومێدەواریـن پەنـا بـە خـوا وەکـو کـورد بتوانیـن ڕۆڵێکـی ئیجابـی و سـەرەکی ببینیـن، عێراقیـش لـەم قەیرانـە دەربچێـت، چونکـە لای ئێمـە زۆر گرنگـە، چەنـد پێـمان خۆشـە بارودۆخـی کوردسـتان خـۆش و بـاش بێـت، چونکـە ئێمـە بـە یەکەوەیـن و لـە چوارچێـوەی عێراقدایـن، بـەڵام بێگومـان ناکـرێ بڵێیـن مـادام بارودۆخـی کوردسـتان باشـە ئێمـە حەقمان نییـە لـە بەغـدا چـی دەبێـت، ئـەم بۆچوونـە هەڵەیـە دەبـێ بارودۆخـی بەغـداش بـاش بێـت بـۆ ئـەوەی باشـی بارودۆخـی ئێـرەش بـەردەوام بێـت، وەکـو خۆشـتان دەبینـن ئێسـتا پەیوەندییەکانـی ئێمـە لەگـەڵ دراوسـێ و وڵاتانـی دەرەوە چۆتـە قۆناغێکـی دیکـەوە، ئێمـە سـەربەرزین بـەوەی سـەنگی میللەتـی ئێمـە و هەرێمـی کوردسـتان چۆتـە ئاسـتێکی دیکـە و بـە هیمەتـی هەمـوو لایـەك و پەنـا بـە خـوا هەنـگاوی باشـتر و پێشـکەوتووتر دەنێیـن و لـە کۆتاییشـدا دەبـێ هەمیشـە لـە هەمـوو بۆنەیەکـدا لـە یادمـان نەچێـت ئەمـە هەمـووی بەرهەمـی خوێنـی ئـەو شـەهیدە ئازیزانەیـە.

زۆر سوپاستان دەکەم و هەر سەرکەوتوو بن.

## پەیڕەوی ناوخۆی کۆنگرەی حەوتەمی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان

### بەشی یەکەم

### دروستبوون و ئامانجەکان

**مادەی یەکەم:**

ناوی ڕێکخراو: یەکێتی ئافرەتانی کوردستان، بە پیتەکانی ی.ئا.ك. کورت دەکرێتەوە.

**مادەی دووەم:**

پێناسەی ڕێکخراو: ڕێکخراوێکی جەماوەری مەدەنی دیموکراسی ئافرەتانی کوردستانە، تێ دەکوشێت بۆ پاراستن و داکۆکیکردن و دەستەبەرکردنی سەرجەم مافەکانی ئافرەت و بەرزکردنەوەی ئاستی توانای لە گشت بوارەکانی ژیان بە شێوازێکی سەردەمیانە.

**مادەی سێیەم:**

سنووری چالاکی ناوەندی ڕێکخراو لە هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان دەبێت و مافی کردنەوەی ئەنجومەنەکانی دیکەی لە پارێزگا و شارۆچکە(قەزا) و شارەدێ(ناحیە)یەکانی کوردستان و عێراق و نووسینگەی لە دەرەوەی وڵاتدا هەیە.

**مادەی چوارەم: ئارم:**

پێکهاتەی ئارم بەم شێوەیە دەبێت:

هێمای فێمینزمەکە وێنەی ئافرەتێك و گۆی زەوی لە خۆ دەگرێت کە ئاماژە دەدات بە دیدی جیهان بینی ئافرەتەوە و دواڕۆژێکی گەش، ڕەنگی زەرد نیشانەی تیشکی خۆرە کە هێمای ژیانە، ئامانجمان لە دانانی کورتە هێڵی شین کە نیشانەی ڕەگەزی نێرە بنیاتنانەوەی کۆمەڵگایەکە لەسەر بنەمای یەکسانی جێندەری.

**مادەی پێنجەم: ئامانجی سەرەکی:**

بنیاتنانەوەی کۆمەڵگایەك لەسەر بنەمای یەکسانی.

**مادەی شەشەم: ئامانجەکان:**

کار دەکەین بۆ:

١. دانانــی ڕێژەیەکــی بەرچــاو لــە ئافرەتــان لــە ناوەندەکانــی بڕیــاردان بــە مەبەســتی بەشــدارییپێکردنیان لــە هەڵســوڕاندنی هەمــوو بوارەکانــی ژیانــدا.

٢. ڕووبەڕووبوونــەوەی هەمــوو جۆرەکانــی توندوتیــژی و پێشــێلکارییەکان، کــە دەرهــەق بــە ڕەگــەزی مێینــە دەکرێــت.

٣. دۆزینەوەی ڕێگەچارەی گونجاو بۆ بنبڕکردنی دیاردەی خۆسووتاندن و کوشتنی ئافرەت.

٤. بنبڕکردنی تاوانی خەتەنەکردن  کە دژ بە ڕەگەزی مێینە دەکرێت.

٥. هاندانی تاکەکانی کۆمەڵگە بۆ پێکهێنانی خێزان لەسەر بنەمای لێکگەیشتن.

٦. لەناوبردنی دیاردەکانی: (مارەیی بەزۆر، ژنبەژن، گەورەبەبچووك، فرەژنی، لەبری خوێن).

٧. بایەخــدان بــە هۆشــیاری و ڕێکخســتنی تەندروســتی خێــزان و هەوڵــدان بــۆ زیادکردنــی خزمەتگــوزاری تەندروســتی ئافــرەت و منــداڵ.

٨. نەهێشــتنی نەخوێنــدەواری لــە نێــو ڕەگــەزی مێینــە و هاندانــی دەزگا پەیوەندیــدارەکان بــۆ ئــەم مەبەســتە.

٩. وەدیهێنانی سەربەخۆیی ئابووری ئافرەتان.

١٠. پەروەردەکردنی تاکەکانی کۆمەڵگا لەسەر نەهێشتنی جیاوازی ڕەگەزی ـ جێندەر.

١١. پتەوکردنــی پەیوەنــدی و هەماهەنگــی لەگــەڵ هەمــوو ئــەو دەزگا و ڕێکخراوانــەی کــە گرنگــی بــە بــواری مافەکانــی ئافرەتــان دەدەن.

١٢. کاراکردنی ئەو دەستکەوتە یاساییانەی کە بزووتنەوەی ئافرەتان بەدەستیان هێناوە.

١٣. پشــتگیریکردن لــە ڕێککەوتنامــە و بەیاننامانــە نێودەوڵەتییــەکان کــە لــە بــارەی دۆزی ئافرەتــەوە دەردەچــن.

١٤. باوکردنــی نەریتــە مەدەنییــەکان و چاندنــی گیانــی دیموکراســی، یەکــتر قەبوڵکــردن و کاری خۆبەخشــانە لــە نێــو کۆمەڵــدا.

١٥. بـــۆ پەرەپێـــدان و پاراســـتنی ئەزموونـــی دیموکراســـی، لـــە پێنـــاو بەدیهێنانـــی کۆمەڵگایەکـــی دادوەرانـــە،

١٦. مافی چارەنووس و سەربەخۆیی بڕیاردان، مافی ڕەوای خەڵکی کوردستانە.

## بەشی دووەم

## پێکهاتە و پەیکەری یەکێتی

**مادەی حەوتەم: پێکهاتە:**

یەکێتـی ئافرەتانـی کوردسـتان یەکێتییەکـی ئارەزومەندانـەی ئافرەتانـە، کـە بڕوایـان بـە پەیـڕەوی ناوخۆیـی هەیـە و تێدەکوشـن بـۆ دەسـتەبەرکردنی ئامانجـە دیاریکـراوەکان.

**مادەی هەشتەم: قۆناغەکانی ئەندامێتی:**

هەمـــوو ئافرەتێکـــی کوردســـتان و دەرەوەی کوردســـتان بەپێـــی ئـــەم مەرجانـــەی خـــوارەوە بـــۆی هەیـــە بێتـــە ڕێـــزی یەکێتـــی ئافرەتانـــی کوردســـتانەوە:

أـ لایەنگر:

١. تەمەنی لە ١٤ ساڵ کەمتر نەبێت.

٢. سەرجەم مافەکانی ئەندامی هەیە، جگە لە خوپاڵاوتن و دەنگدان.

ب ـ ئەندام:

١. بڕوای  بە پەیڕەوی ناوخۆ هەبێت .

٢. تەمەنی لە (١٦) شازدە ساڵ کەمتر نەبێت.

٣. فۆڕمی ئەندامێتی پڕ بکاتەوە.

٤. ئابوونەی هاتنەڕیزو ساڵانە بدات.

**مادەی نۆیەم: ئەرکەکانی ئەندام:**

١. بەشداری کاری ڕێکخراوەیی بکات.

٢. دیسپلینی ڕێکخراو بپارێزیت.

٣. هەوڵی دەستەبەرکردنی ئامانجەکانی یەکێتی بدات.

٤. هەوڵی بەرزکردنەوەی ئاستی ڕۆشنبیری خۆی و ئافرەتان بدات.

**مادەی دەیەم: مافەکانی ئەندام:**

١. مافی خوپاڵاوتن و هەڵبژاردنی هەیە بۆ ئۆرگانەکانی یەکێتی.

٢. لە کاتی سزادان و پێشێلکردنی مافەکانی، مافی بەرگری لەخۆکردنی هەیە.

٣. مافی ڕەخنە و پێشنیاز و داواکاری هەیە.

**مادەی یازدەم: سزاکان:**

أ ـ سەرنجڕاکێشان:

١. بەبێ هۆ لە کۆبوونەوە ئامادە نەبێت.

٢. کەمتەرخەمی لە ئەرکەکانی بنوێنت.

٣. کاری ڕێکخراوەیی و ناوبانگی یەکێتی بۆ بەرژەوەندی خۆی بەکار بهێنێت.

٤. هەر بڕگەیەك لە بڕگەکانی پەیڕەوی ناوخۆ پێشێل بکات.

ب- هەڵپەساردن:

١. دووبارەکردنەوەی سەرپێچییەکانی بڕگەی ١و٤ لە بڕگەی (ئەلف) مادەی یازدەهەمی سزاکان.

٢. ناوبانگ زڕاندنی ئەندامانی یەکێتی.

٣. پابەندنەبوون بە ڕێنوێنییەکان و دووبەرەکی نانەوە لە ناو ڕێکخستنەکان.

٤. لەگەڵ سزای هەڵپەساردندا گشت ئیمتیازەکان لە هاوکاری و دەرماڵە ڕادەگیرێ بۆ میزانیەی یەکێتی دەگەڕێتەوە.

پ- لە دەستدانی ئەندامێتی:

١. دووبارەکردنەوەی خاڵەکانی (١و٣) لە بڕگەی (ب)ی مادەی یازدەهەمی سزاکان.

٢. سزا بدرێت بە تاوانێك دژی مرۆڤایەتی و بەرژەوەندییە نیشتمانی یەکان.

٣. دوای لێکوڵینەوەیەکی دادپەروەرانە تاوانبار بکرێ بە گەندەڵی لە دارایی یەکیتی.

٤. بەبێ هۆ لە سێ کۆبوونەوەی یەك لەدوای یەك ئامادە نەبێت.

**مادەی دوازدەهەم: پەیکەری ڕێکخستنی یەکێتی:**

١. ئەنجومەنی ناحیە و کۆمەڵگا زۆرەملییەکان.

٢. ئەنجومەنی قەزا.

٣. ئەنجومەنی پارێزگا.

٤. مەکتەبی سکرتاریەت.

٥. ئەنجومەنی باڵا.

٦. کۆنگرە.

**مادەی سێزدەهەم: ئەنجومەنی ناحیە و کۆمەڵگا زۆرەملییەکان:**

سەرپەرشتی کار و چالاکییەکانی یەکێتی دەکات لە سنووری ناحیە وکۆمەڵگا زۆرەملییەکاندا. پێك دێت لە (٣) ئەندام و (١) ئەندامی یەدەك، کە ڕاستەوخۆ لەلایەن ئەندامانی سنوورەکەی هەڵدەبژێردرێن، دەبێت ژمارەی سەرجەمی ڕێکخستنەکانی لە (٢٠٠) دووسەد ئافرەت کەمتر نەبێت.

**ئەرك و دەسەڵاتەکانی:**

١. لە یەکەم کۆبوونەوە بەرپرسێك بۆ خۆی هەڵدەبژێرێ.

٢. ڕێکخستنی جەماوەری ئافرەتانی سنوورەکەی.

٣. ساڵێ دوو جار کۆبوونەوە لەگەڵ گشت ئەندامانی سنوورەکەی دەکات.

٤. دەسەڵاتەکانی بڕگەی (ئەلف) لە مادەی یازدەهەمی سزاکانی هەیە.

٥. ئەنجومەنی ناحیە بەشداری لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی قەزای سنوورەکەی دەکات.

**مادەی چواردەهەم: ئەنجومەنی قەزا:**

سەرپەرشتی کار و چالاکییەکانی یەکێتی دەکات لە سنووری قەزا، پێك دێت لە (٥) ئەندام و (٢) ئەندامی یەدەك، کە لەلایەن ئەندامانی لە سنووری ناوەندی قەزا و ئەندامانی ئەنجومەنی ناحییەکانی سنووری هەڵدەبژێردرێت، دەبێت ژمارەی سەرجەمی ڕێکخستنەکانی لە (٥٠٠) پێنجسەد ئافرەت کەمتر نەبێت، بە مەبەستی دامەزراندنی ئەو ئەنجومەنە. بو ئەنجومەنی پارێزگا هەیە لە سنووری قەزای مەرکەزی هەر پارێزگایەك لە یەك ئەنجومەنی قەزا زیاتر دروست بکات بە مەرجێك لە سێ تێنەپەڕێت.

**ئەرك و دەسەڵاتەکانی:**

١. ئەنجومەنی قەزا لە یەکەم کۆبوونەوەیدا بەرپرسێك بۆ خۆی هەڵدەبژێرێ.

٢. سەرپەرشتی ئەنجومەنی ناحییەکان و کۆمەڵگا زۆرەملییەکانی سنووری دەکات و لە کار و چالاکییەکان ئاراستەیان دەکات.

٣. دوو مانگ جارێك کۆبوونەوە لەگەڵ ئەنجومەنی ناحییەکان و کۆمەڵگا زۆرەملییەکانی سنووری دەکات.

٤. مانگی جارێك کۆبوونەوەی فراوان دەبەستێت بە بەشداری بەرپرسی ئەنجومەنی ناحییەکان و کۆمەڵگا زۆرەملییەکانی سنووری.

٥. دەسەڵاتی بڕگەی (ئەلف ـ ب) مادەی یازدەهەمی سزاکانی هەیە.

**مادەی پازدەهەم: ئەنجومەنی پارێزگە:**

بەرزترین دەسەڵاتە لە سنووری پارێزگە لە هەموو بوارەکانی پەیوەندیدار بە یەکیتی، پیك دێت لە بەرپرس و (٦) ئەندام و (٢) یەدەك، کە ڕاستەوخۆ لەلایەن ئەندامانی ئەنجومەنی قەزاکانی سنووری و ئەنجومەنی پارێزگای پێشوو هەڵدەبژێردرێن.

**ئەرك و دەسەڵاتەکانی:**

١. لە یەکەمین کۆبوونەوەی خۆیدا بەرپرسی ئەنجومەنی پارێزگا و بەشەکان هەڵدەبژێرێن.

٢. سەرپەرشتی کار و چالاکییەکان ئەنجومەنی قەزاکانی سنووری دەکات.

٣. مانگی جارێك کۆبوونەوەی ئاسایی دەبەستێت.

٤. دوو مانگ جارێك کۆبوونەوەی فراوانی خۆی دەبەستێت بە بەشداری بەرپرسی ئەنجومەنی قەزاکانی سنووری.

٥. دەسەڵاتی دەرکردنی بەیاننامەی هەیە لەسەر ڕووداوەکانی سنووری خۆی.

٦. دەسەڵاتی بڕگەکانی (ئەلف ـ ب) مادەی (١١) سزاکانی هەیە لە سنووری خۆیدا.

٧. پێشنیاری دەرکردنی ئەندامانی سنووری بۆ م.سك بەرز دەکاتەوە.

**مادەی شازدەهەم: مەکتەبی سکرتاریەت:**

دەستەیەکە، کە ئەندامانی لە ناو کۆنگرە هەڵدەبژێردرێن پێك دێت لە (٨) ئەندام و (٢) ئەندامی یەدەك، کە ڕاستەوخۆ سەرکردایەتی دەزگاکانی خوارووتری خۆی دەکات و لە بەرنامەی کار و چالاکییەکان ئاراستەیان دەکات و ئەم بەشانەی خوارەوە لە خۆ دەگرێت:

١- بەشی ڕێکخستن:

ئەرکەکانی:

أ ـ ئاراستەکردنی ڕێنوێنی و ڕاسپاردەکان، بۆ ئەنجومەنەکانی خوارووتر.

ب ـ کۆکردنەوەی ئابوونەی هاتنەڕیز.

پ ـ پێشکەشکردنی پلانی تایبەت بە مەبەستی گەشەکردنی ڕێکخستنەکان.

٢- بەشی ئامار:

ئەرکەکانی:

أ ـ ئاماری ڕێکخستن و چالاکییەکان لە خۆبگرێت.

ب ـ ئاماری ڕێکخستنەکان و گشت چالاکی ڕێکخراوەکە لە خۆ بگرێت.

پ ـ پێشکەشکردنی پلانی تایبەت بە مەبەستی گەشەکردنی ئامار.

٣- بەشی چاکسازی کۆمەڵایەتی و دەروونی:

ئەرکەکانی:

أ ـ کار دەکات بۆ چارەسەری گیروگرفتە کۆمەڵایەتی و دەروونییەکان.

ب ـ هەوڵ دەدات بۆ پاراستنی گیانی ئافرەتە هەشەلێکراوەکان.

پ ـ وەرگرتنی ئاماری کێشە کۆمەڵایەتییەکان (٦) مانگ جارێك لەلایەنە پەیوەندیدارەکان.

ت ـ ئەنجامدانی توێژینەوەی زانستی لەسەر کێشە کۆمەڵایەتییەکان لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکاندا.

ج ـ نوێنەرایەتیکردنی ئافرەتانی خاوەنکێشە بۆ بەردەم دادگا لە ڕێگەی یاساوە.

چ ـ پەرەپێدان بەم بەشە بە ڕێگای ئەنجامدانی پرۆژەی گونجاو.

٤- بەشی پەیوەندییەکان:

ئەرکەکانی:

أ ـ ڕێکخستنی پەیوەندی لەگەڵ ڕێکخراو و دەزگا فەرمی و نافەرمییەکان لەسەر ئاستی ناوخۆ و دەرەوە.

ب ـ پەرەپێدان بەم بەشە بە ڕێگای ئەنجامدانی پرۆژەی گونجاو.

٥- بەشی ڕاگەیاندن

ئەرکەکان:

أ ـ دەرکردنی بەیاننانە لە کاتی پێشهات و بۆنە و یادەکاندا.

ب ـ دەرکردنی ڕۆژنامە و گۆڤار و بڵاوکراوەکان و سەرپەرشتیکردنی سایتی ڕێکخراو.

پ ـ وشیارکردنەوەی ئافرەتان بە سوودوەرگرتن لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن بە شێوەیەکی گونجاو و سەردەمییانە.

ت ـ بەرهەمهێنانی فیلم و زنجیرەی تەلەفزیۆنی لەسەر ڕەوشی ئافرەت لەگەڵ

لایەنــە پەیوەندیدارەکانــدا.

ج ـ دیاریکردنی هێڵە گشتییەکانی ڕاگەیاندنی ی.ئا.ك. بەپێی ئۆرگانە جۆراوجۆرەکان.

چ ـ پەرەپێـدان بـەم بەشـە بـە ڕێـگای ئەنجامدانـی پـڕۆژەی گونجـاو بەپێـی پسـپۆری بەشــەکە.

٦- بەشی ڕۆشنبیری و پێگەیاندن

ئەرکەکان:

أ ـ کردنەوەی بنکەی نەهێشتنی نەخوێندەواری.

ب ـ هەوڵــدان بــۆ بەرزکردنــی ئاســتی ڕۆشــنبیری و زانســتی ئافرەتــان بــە ڕێــگای کۆبوونــەوە و کردنــەوەی خولــی جۆراوجــۆر.

پ ـ هەوڵدان بۆ کردنەوەی دایەنگا لە دامودەزگا فەرمییەکاندا.

ت ـ سازدانی ڤیستیڤاڵ و خەڵاتکردنی ئافرەتان.

ج ـ پەرەپێـدان بـەم بەشـە بـە ڕێـگای ئەنجامدانـی پـڕۆژەی گونجـاو بەپێـی پسـپۆری بەشــەکە.

چ ـ هۆشیارکردنی خێزان بە مافە دەستورییەکانی ئافرەتان.

ح ـ بەشــداریکردن لــە سیاســەتی پــەروەردەی کوردســتانی بەمەبەســتی یەکســانی جێنــدەری.

٧- بەشی کارگێڕی

ئەرکەکان:

أ ـ سەرپەرشــتی و چاودێــری کارگێڕیــی ســەرجەم ئەنجومەنەکانــی ڕێکخــراو و پــڕۆژە بەرهەمهێنــەرەکان.

ب ـ ئامادەکردنــی سیســتمێکی کارگێــڕی هاوبــەش بــۆ ســەرجەم ئەنجومەنەکانــی یەکێتــی و کارپێکردنــی.

پ ـ پەرەپێدانی ئەم بەشە بە ڕێگای ئەنجامدانی پڕۆژەی گونجاو.

٨- بەشی دارایی

ئەرکەکانی:

أ ـ سەرپەرشتی و چاودێری دارایی سەرجەم ئەنجومەنەکانی ڕێکخراو و پڕۆژە بەرهەمهێنەرەکان.

ب ـ ئامادەکردنی سیستمێکی ژمێریاری هاوبەش بۆ سەرجەم ئەنجومەنەکانی ڕێکخراو و کارپێکردنی.

پ ـ ئامادەکرن و وەڵامدانەوەی ڕاپۆرتەکانی دارایی.

پەرەپێدان بەم بەشە بە ڕێگای ئەنجامدانی پڕۆژەی گونجاو.

لێپرسراوی ئەم بەشانە ئەندامی مەکتەبی سکرتاریەت دەبن و ئامادەی کۆبوونەوەی ئاسایی مەکتەبی سکرتاریەت دەبن و ڕاپۆرتی تایبەتی ئامادە دەکەن.

**ئەرك و دەسەڵاتەکانی مەکتەبی سکرتاریەت:**

أ ـ هەر ١٥ ڕۆژ جارێك کۆبوونەوەی ئاسایی دەبەستێت و بەپێی پێویست کۆبوونەوەی نائاسایی ئەنجام دەدات.

ب ـ دەسەڵاتی هەموو بڕگەکانی مادەی یازدەهەمی سزاکانی هەیە.

پ ـ جێبەجێکردنی بڕیار و ڕاسپاردەکانی کۆنگرە و ئەنجومەنی باڵا و بەرپرسیارە لە بەرامبەریان.

ت ـ دیاریکردنی هەڵویستی یەکێتی لەمەڕ ڕووداو و پێشهاتەکان.

ج ـ پەسەندکردنی سەرجەم ئەو پرۆتۆکۆڵ و ڕێککەوتننامانەی لەگەڵ ڕێکخراو و دەزگاکانی دی هاوشێوەی خۆی دەبەستێت.

**ئەرك و دەسەڵاتەکانی سکرتێر:**

أ ـ سەرپەرشتیکردنی کۆبوونەوەی ئەنجومەنی باڵا و مەکتەبی سکرتاریەت.

ب ـ ئیمزاکردن لەسەر گشت نووسراوەکانی مەکتەبی سکرتاریەت و پسووڵەی داهات و خەرجییەکان.

پ ـ نوێنەرایەتیکردنــی ڕێکخــراو لــە ســەرجەم دەزگا فەرمــی و نافەرمییــەکان، یــان ئــەو کەســەی لــە جیاتــی خــۆی دیــاری دەکات.

ت ـ لەکاتی پێویست دەسەڵاتی دیاریکردنی نوێنەری هەیە لە جیاتی خۆی.

**مادەی حەڤدەم: ئەنجومەنی باڵا:**

بەرزتریــن دەســەڵاتە لــە یەکێتــی لــە نێــوان دوو کۆنگــرەدا. پێــك دێــت لــە ســکرتێر و ئەندامانــی مەکتەبــی ســکرتاریەت و بەرپرســی ئەنجومەنــی پارێــزگاکان.

ئەرك و دەسەڵاتەکانی:

١. سەرپەرشتی و پلاندانان لە نێوان دوو کۆنگرەدا.

٢. هەر دوو مانگ جارێك کۆبوونەوەی فراوان دەبەستێت.

٣. دارشتنی پلانی دارایی یەکێتی و دیاریکردنی ڕێژەی ساڵانەی هاتنەڕیز.

٤. دیاریکردنی سیاسەت و نەهجی ڕاگەیاندن.

٥. جێبەجێکردنی بڕیار و ڕاسپاردەکانی کۆنگرە.

٦. بڕیار دەدات بو دامەزراندنی لێژنەی ئامادەکاری کۆنگرە.

٧. دیاریکردنی ڕێژەی بەشداربووان لە کۆنگرە.

٨. ئەنجومەنــی بــاڵا بــۆی هەیــە بــە دەنگــی ٣/٢ ئەندامانــی لــە کاتــی پێویســت لــە نێــو ئەندامانــی ســکرتاریەت، ســکرتێر هەڵبژێرێتــەوە.

**مادەی هەژدەهەم: کۆنگرە:**

کۆنگرە بەرزترین دەسەڵاتە لە یەکێتی ئافرەتانی کوردستان و هەر (٣) ساڵ جارێك دەبەسترێت. پێك دێت لە سکرتێر و ئەندامانی مەکتەبی سکرتاریەت و یەدەکەکانی بەرپرسی ئەنجومەنی پارێزگاکان، هەروا ئەندامانی لێژنەی ئامادەکاری کۆنگرە و هەڵبژێردراوەکانی کۆنفرانسە ناوخۆییەکان، بەو ڕێژەیەی کە ئەنجومەنی باڵا دیاری دەکات.

**ئەرك و دەسەڵاتەکانی:**

١. هەڵســەنگاندنی تــەواوی ئیشــوکار و بڕیــار و ڕاســپاردەکانی لێژنــە و ئەنجومەنەکانــی

یەکێتــی ئافرەتانــی کوردســتان و وەرگرتنــی بڕیــاری پێویســت لــە ســەریان.

٢. هەموارکردن و پەسەندکردنی پەیڕەوی ناوخۆ.

٣. پەسەندکردنی ڕاپۆرتی گشتی کۆنگرە.

٤. دیاریکردنــی چەنــد لێژنەیــەك بــو ڕێکخســتن، دارایــی، ڕاگەیانــدن و ســکاڵا و لێژنەکانی تر بەپێی پێویســت.

٥. هەڵبژاردنی سکرتێر و ئەندامانی مەکتەبی سکرتاریەت و یەدەگەکانی.

٦. دیاریکردنی سیاسەتی گشتی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان.

٧. بڕیار دەدات لەسەر یەکگرتن و هەڵوەشاندنەوەی ی.ئا.ك.

**مادەی نۆزدەهەم: لێژنەی ئامادەکاری:**

بە بڕیاری ئەنجومەنی باڵا، لێژنەی ئامادەکاری پێك دەهێنرێت لەو ئەندامانەی کە خۆیان ناپاڵێون بۆ سکرتێر و ئەندامێتی مەکتەبی سکرتاریەت و کارە ئامادەکارییەکانی کۆنگرە ئەنجام دەدات و سەرپەرشتی کۆنفرانسەکانی ئەنجومەنی ناحییە و کۆمەڵگا زۆرەملییەکان و قەزاکانی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان دەکات بۆ هەڵبژاردنی نوێنەرانی کۆنگرە.

## بەشی سێیەم

## ڕادەی یاسایی و دەنگدان

**مادەی بیستەم: ڕادەی یاسایی:**

١. هەمــوو ئەنجومەنەکانــی یەکێتــی بــە ئامادەبوونــی زۆرینــە هەڵدەبژێرێــن و لــە کاتــی تەواوبوونــی ڕادەی یاســایی، لــە نێــوان (٣-٥) ڕۆژ لــە گــەڕی هەڵبژاردنــی یەکــەم، دووبــارە دەکرێتــەوە، ئەگــەر بــۆ جــاری دووەم ڕادەی یاســایی تــەواو نەبــوو ژمــارەی بەشــداربووان هــەر چەندێــك بێــت هەڵبــژاردن ئەنجــام دەدرێــت.

٢. کۆبوونەوەکان بە ئامادەبوونی زۆرینە دەبەسترێت.

**مادەی بیست و یەکەم: دەنگدان:**

جگــە لــەو بڕیارانــەی کــە لــەم پەیــڕەوە ئامــاژەی بــۆ کــراوە و پێویســتی بــە دەنگــی

زۆرینــە زیاتــرە، لــە هەمــوو کۆبوونــەوەکان بڕیــار بــە دەنگــی زۆرینــەی ســادەی ئامادەبــووان وەردەگیرێــت و لــە کاتــی یەکســانبوونی دەنگــەکان پەیــڕەوی ڕای ئــەو لایەنــەی دەکــرێ کــە بەرپرســی ئەنجومەنــی تێدایــە.

## بەشی چوارەم

## دارایی ڕێکخراو

**مادەی بیست و دووەم: سەرچاوەی دارایی ڕێکخراو پێك دێت لە:**

١. کۆکردنەوەی ئابوونە هاتنەڕیزەوە.

٢. نرخی چاپەمەنی و داهاتی چالاکییەکانی.

٣. ئەو یارمەتییانەی دەدرێتە یەکێتی.

٤. سوودی پڕۆژە بەرهەمهێنەرەکان.

**مادەی بیست و سێیەم: ڕێکخستنی دارایی:**

یەکێتــی خــۆی دارایــی خــۆی بەڕێــوە دەبــات و ڕێکــی دەخــات بەپێــی ئــەو سیســتمە ژمێریارییــەی کــە لەلایــەن فەرمانگــە فەرمییەکانــی هەرێمــی کوردســتان پەیــڕەو دەکرێــن.

**مادەی بیست و چوارەم: چاودێری دارایی:**

هەمــوو حســاباتێکی یەکێتــی دەکەوێتــە ژێــر چاودێــری دیوانــی چاودێــری دارایــی هەرێمــی کوردســتانەوە.

## بەشی پێنجەم

## حوکمە گشتییەکان

**مادەی بیست و پێنجەم:**

ســەرجەم ئەنجومەنەکانــی یەکێتــی پابەنــدی زنجیرەکانــی ڕێکخســتن دەبــن، لــە دەزگاکانــی خــوارەوە ڕاپورتــی مانگانــە و گشــتی بــۆ ئەنجومەنەکانــی ســەرووتر بــەرز دەکرێتــەوە و لەوێشــەوە وەڵامــی دەدرێتــەوە.

**مادەی بیست و شەشەم: تۆمارەکانی یەکێتی:**

١. تۆماری ئەندامان.

٢. تۆماری کۆنووسەکان.

٣. تۆماری ژمێریاری.

٤. تۆماری کەلوپەل.

٥. تۆماری نووسراوەکانی هاتو و ڕۆیشتوو.

٦. بەپێی پێویست تۆمارەکانی زێدە دەکرێن

**مادەی بیست و حەوتەم: هەموارکردن:**

پەیڕەوی ناوخۆی یەکێتی لەلایەن کۆنگرە بڕیاری هەموارکردنی دەدرێت.

**مادەی بیست و هەشتەم: هەڵوەشاندنەوەی ڕێکخراو:**

هەڵوەشاندنەوەی ڕێکخراو بە دەنگی سێ لەسەر چواری ئەندامانی کۆنگرەی یەکێتی بڕیاری لەسەر دەدرێت و لەکاتی هەڵوەشاندنەوەدا سەرجەم کەلوپەل و دارایی یەکێتی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو دەزگایەی کە بڕیاری لەسەر دەدرێت.

## بەیانی کۆتایی کۆنگرەی حەوتەمی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان

یەکێتـی ئافرەتانـی کوردسـتان لـە ڕۆژی ٢٠١٠/٨/٤ لـە هەولێـری پایتەختـی کوردسـتان، بـە بەشـداری (٢٠٨) ئەنـدام کـە نوێنەرایەتـی تـەواوی ئەندامانـی (ی.ئـا.ك) یـان دەکـرد کۆنگـرەی حەوتەمـی خـۆی بەسـت.

کۆنگـرە هەمـوو ئـەو پرسـانەی پەیوەسـتن بـە کێشـەکانی ئافرەتـان و پێشخسـتنی دۆزی ئافرەتـان و سـووربوونی (ی.ئـا.ك) دووپـات کـردەوە لەسـەر پەرەپێـدان و گەشـەدان بـە چالاکیـی ئافرەتـان و بنبڕکردنـی دیـاردە ناشـیاوەکان، بـۆ ئـەم مەبەسـتە چەندیـن ئامانجـی نـوێ خرانـە نێـو پرۆگرامـی (ی.ئـا.ك) و بـە بەشـداری و گفتوگـۆی ئەندامـان، چەندیــن بڕیــار و ڕاســپاردەی نــوێ دەنگیــان لەســەردا. کۆنگــرە پــاش گەنگەشــە و گفتوگـۆی ئەندامـان پەیڕەوێکـی نوێـی بـۆ کاری ئاینـدەی (ی.ئـا.ك) پەسـەند کـرد و بـە دەنگدانـی ئەندامـان ڕەزامەنـدی لەسـەر درا، کـە گوزارشـت لـە هاوگونجـان و گۆڕانکارییـەکان دەکات لەگـەڵ سـەردەم.

کۆنگـرە سـووربوونی خـۆی دووپـات کـردەوە لـە سـەر پرسـە نەتەوەییەکانـی کـورد و پاراسـتنی دەسـتکەوتەکانی هەرێمـی کوردسـتان و گەشـەپێدانیان لـە دواییـن کارەکانیانـدا.

کۆنگـرە وێـڕای سـوپاس و دەستخۆشـی لـە سـکرتێر و ئەندامانـی سـکرتاریەتی پێشـوو، لـە کـەش و هەوایەکـی دیموکراسـی و ئـازاد دەرگای خۆپاڵاوتنـی بـۆ هەڵبژاردنـی سـەرکردایەتی نوێـی (ی.ئـا.ك) کـردەوە و لـە پرۆسـەیەکی ئـازاددا سـکرتێر و (٨) ئەندامـی سـکرتاریەت و (٢) ئەندامـی یـەدەگ هەڵبژێـردران.

هەولێر ٢٠١٠/٨/5

## کۆنگرەی هەشتەمی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان (کۆنگرەی نیشتمان)

## هەولێر - ٢٠١٨

کۆنگرەی هەشتەمی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان، لە ڕێکەوتی ٣ی ئەیلوولی ٢٠١٨، بە دروشمی (تواناسازیی ئافرەت جڤاکی پێشکەوتوو)، بە ناونیشانی (کۆنگرەی نیشتمان)، لە هۆڵی شەهید سەعد عەبدوڵا لە شاری هەولێر، بە ئامادەبوونی ١٦٦ نوێنەر بەسترا[١].

لە ڕێکەوتی ٤ی ئەیلوولی ٢٠١٨، چوار لێژنەی پەیڕەو و پرۆگرام، ڕاپۆرتی گشتی، سکاڵا و ڕاسپاردەکان ڕاپۆرتی خۆیان پێشکەشی نوێنەرانی کۆنگرە کرد و دواتر بە دەنگی نوێنەران دەستەیەکی نوێ بۆ مەکتەبی سکرتاریەت هاتە هەڵبژاردن[٢].

لە کۆتایی کارەکاندا، نوێنەرانی کۆنگرە بەم شێوەیەی خوارەوە دەستەیەکی نوێیان بۆ مەکتەبی سکرتاریەت هەڵبژارد:

١- ڤیان سلێمان، سکرتێر.

٢- نارین عەبدولقادر، ئەندامی مەکتەبی سکرتاریەت.

٣- زیبا تەها، ئەندامی مەکتەبی سکرتاریەت.

٤- زوهەیلە یوسف، ئەندامی مەکتەبی سکرتاریەت.

٥- پەیمان تەها، ئەندامی مەکتەبی سکرتاریەت.

٦- دلڤین خەڵەف، ئەندامی مەکتەبی سکرتاریەت.

٧- شەیما مستەفا، ئەندامی مەکتەبی سکرتاریەت.

٨- ناسکە سەعید، ئەندامی مەکتەبی سکرتاریەت.

٩- ئەیهان عەدنان، ئەندامی یەدەگی مەکتەبی سکرتاریەت.

١٠- دڵخواز عەجیل، ئەندامی یەدەگی مەکتەبی سکرتاریەت[٣].

## سەرچاوە و پەراوێز

١- ئەمڕۆ یەکێتیی ئافرەتان هەشتەمین کۆنگرەی دەبەستێت، ڕۆژنامەی خەبات، ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستان، ژمارە ٥٥٨٢، هەولێر، دووشەمە، ٣ی ئەیلولی ٢٠١٨ز، ل ١.

٢- ڕاگەیەندراوی کۆنگرەی هەشتی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان، ڕۆژنامەی خەبات، ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستان، ژمارە ٥٥٨٦، هەولێر، یەکشەمە، ٩ی ئەیلولی ٢٠١٨ز، ل ٢.

٣- مەهاباد قەرەداغی، ڕاپۆرتێك سەبارەت بە هەشتەمین کۆنگرەی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان، گۆڤاری شیکار، پەیمانگای یەکێتی ئافرەتانی کوردستان بۆ پرسە کۆمەڵایەتییەکان، ژمارە ٢٥، ساڵی حەوتەم، زستانی ٢٠١٨ز، ل ٢٠٥.

# پرۆگرام و پەیڕەوی ناوخۆی کۆنگرەی هەشتەمی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان

## بەشی یەکەم

## پرۆگرام

## ناساندن و ئامانجەکان

**مادەی یەکەم: ناوی ڕێکخراو:**

یەکێتی ئافرەتانی کوردستان.

**مادەی دووەم: دروشمی رێکخراو:**

هاودەرفەتی، هاوبەشی و هاوسەنگی

**مادەی سێیەم: پێناسە:**

ڕێکخراوێکی جەماوەری مەدەنی ئافرەتانی کوردستانە، لە چوارچیوەی بزوتنەوەی فیمینیزمی جیهانی کار دەکات بۆ دەستەبەر کردنی مافەکانی ئافرەت و بودان بە تواناکانی و هاوبەشیکردنی لە بەڕێوەبردن و ئامادەبوونی لە پانتاییە کلتووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابوورییەکان بەشێوازێکی سەردەمیانە.

**مادەی چوارەم: سنووری کار:**

ناوەندی سەرەکی کاری ڕێکخراو لە هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان دەبێت و مافی کردنەوەی ناوەندەکانی دیکەی لە شار و شارۆچکە و شارەدێیەکانی کوردستان و عێراق و نووسینگەی لە دەرەوەی وڵات دا هەیە.

**مادەی پێنجەم: لۆگۆی ڕێکخراو:**

هێمای زانستی ڕەگەزی مێیە بەم دەستکارییانەوە: بازنەکەی وێنەی ئافرەتێک و گۆی زەوی لە خۆ دەگرێت کە ئاماژە دەدات بە باڵادەستی هزری پیاوسالاری و دەسەڵاتی لە جیهاندا کە لە هەمانکاتدا بە جیهانبینی ئافرەت و ئومێدی بە دواڕۆژێکی گەش کار بۆ گۆڕینی بە مرۆڤسالاری دەکرێت. ڕەنگی زەرد نیشانەی تیشکی خۆرە کە هێمای ژیانە، دانانی کورتە هێڵی شین کە ڕەنگی شین نیشانەیە بۆ پیاو، ئاماژەیە بۆ ئامانجمان کە بنیاتنانەوەی کۆمەڵگەیە لەسەر

بنەمــای یەکســانی جێنــدەری.

**مادەی شەشەم: ئامانجی سەرەکی:**

تواناسازی ئافرەت دەکەینە پێشمەرجی گەشەسەندنی کۆمەڵگەکەمان.

**مادەی حەوتەم: ئامانجە تایبەتەکان:**

کار دەکەین بۆ:

١- بەشــداریکردنی هاوســەنگانەی ئافرەتــان لــە کایەکانــی سیاســی، کارگێــڕی، یاســایی، ئابــووری، کۆمەڵایەتــی، ئەکادیمــی، میدیایــی و ڕێکخراوەییــەکان.

٢- گەیشــتنی ئافــرەت بــە ناوەنــدی بڕیــار و جومگــە ســەرەکیەکانی هەرمــی دەســەڵاتی سیاســی و جێبەجێکــردن و یاســادانان و دادوەری.

٣- ڕووبەڕووبوونــەوەی هەمــوو جــۆر و ئاســتەکانی توندوتیــژی کــە لــە بەرامبــەر ڕەگــەزی مێینــە دەکرێــت.

٤- بڵاوکردنــەوەی هۆشــیاری خێزانــی لــە پێنــاو پێکهێنانــی خێزانێکــی ســاخلەم لەســەر بنەمــای ئارەزوومەندانــە و یەکــتر پەســەند کــردن.

٥- هۆشــیاری و ڕێکخســتنی تەندروســتی خێــزان و زیادکردنــی خزمەتگــوزاری تەندروســتی ئافــرەت و منــداڵ.

٦- نەهێشــتنی نەخوێنــدەواری لــە نێــو ڕەگــەزی مێینــە و هاندانــی دەزگا پەیوەندیــدارەکان بــۆ ئــەم مەبەســتە.

٧- بەدیهێنانی سەربەخۆیی ئابووری ئافرەتان.

٨- جێکردنــەوەی بابەتــی جــۆری کۆمەلایەتــی لــە پرۆگرامەکانــی خوێنــدن، بەمەبەســتی گۆڕینــی تێروانینــی کۆمەڵایەتــی دەربــارەی توانــا و پێگــەی ئافــرەت لــە فــەزای گشــتی کۆمەڵــگادا.

٩- پشــتیوانیکردن لــە میکانیزمەکانــی جێبەجــێ کردنــی یاســاکان و کار کــردن بــۆ دەرکردنــی یاســای پێویســت و هەمــوار کردنــەوەی ئــەو مــادە یاسـایانەی لەگــەڵ بنەماکانــی

یەکسـانی ناکۆکـن و زیـان بـە پێگـەی ئافـرەت دەگەیەنـن.

١٠- مافــی چارەنــووس و ســەربەخۆیی بڕیــاردان، مافــی ئاســایی و یاســایی خەڵکــی کوردســتانە و پشــتگیری لێدەکەیــن.

**مادەی هەشتەم: میکانیزمی جێبەجێکردنی ئامانجەکان:**

١. ئامادەکردنـی پـرۆژە و ڕێکخسـتنی کـۆڕ و سـیمیناری ڕۆشـنبیری و کۆنفرانسـی زانسـتی بـۆ لـێ توێژینـەوە لـە پرسـەکانی تایبـەت بـە ئافـرەت.

٢. ئامادەکـردن و جێبەجـێ کردنـی پـلان و بەرنامـە بـۆ ڕاهێنـان و پێگەیاندنـی ئافـرەت و ئاشـنا کردنیـان بـە ئەزمـوون و شـارەزاییان.

٣. گرێدانــی پەیوەنــدی هاوســەنگ لەگــەڵ ڕێکخراوەکانــی هاوشــێوە و بەشــداریکردن لــە چالاکیەکانیــان و ســوود وەرگرتــن لــە ئەزموونەکانیــان و شــارەزاییان.

٤. دروســتکردنی پەیوەنــدی و هەماهەنگــی لەگــەڵ دەزگا فەرمییەکانــی هەرێمــی کوردســتان بــۆ مەبەســتی جێبەجــێ کردنــی ئامانجەکانــی ڕێکخــراو.

٥. بەکارهێنانـی ئامرازەکانـی ڕاگەیاندنـی ڕێکخـراو خوێـنراو، بیسـتراو و میدیـای کۆمەڵایەتی بۆ خزمـەت کردنـی ئامانجەکانمان.

٦. کردنــەوەی ناوەندەکانمــان لــە زۆرینــەی ناوچــە و دەڤەرەکانــی کوردســتان بــۆ بەدواداچوونــی کێشــەکانی ئافــرەت و پێشــوازی کردنیــان.

٧. بەردەوامیـدان بـە ئۆرگانەکانـی دیکـەی ڕێکخـراو (ڕادیـۆ، پەیمانـگای کادیـران و پرسـە کۆمەڵایەتیـەکان، گۆڤـار) هەوڵـدان بـۆ کردنـەوەی سـەنتەری پیشـەیی و وەرزشـی و یانـەی کۆمەڵایەتـی و ڕۆشـنبیری بەپێـی توانـای دارایـی ڕێکخـراو.

٨. پشــتیوانکیکردنی کار و بەرنامەکانــی حکومەتــی هەرێمــی کوردســتان تایبــەت بــە پرســی ئافــرەت و سیاســەتی یەکســانی جێنــدەری.

## بەشی دووەم

## پەیڕەوی ناوخۆ

## پێکهاتە و پەیکەری ڕێکخراو

**مادەی نۆیەم: پێکهاتە:**

یەکێتی ئافرەتانی کوردستان ڕیکخراوێکی کۆمەڵایەتی خاوەن کەسایەتی مەعنەوەی، لە کۆبوونەوەی دڵخوازانەی ئافرەتانی کوردستان پێکدێت، کە بڕوایان بە پڕۆگرام و پەیڕەوی ناوخۆی هەیە و بۆ بەدیهێنانی ئامانجە دیاری کراوەکانی تێدەکۆشن.

**مادەی دەیەم: ئەندامێتی:**

هەموو ئافرەتێکی کوردستانی بەجیاوازی بیروڕا و نەتەوە و ئایین و ئایینزا، مافی بوون بە ئەندامی لە ڕێزەکانی یەکێتی ئافرەتان دا هەیە بەپێی ئەم مەرجانەی خوارەوە:

١- تەمەنی لە (١٦) ساڵ کەمتر نەبێت.

٢- بڕوای بە پەیڕەو و پڕۆگرامی یەکێتی ئافرەتان هەبێت.

٣- فۆرمی بوون بە ئەندام پڕ بکاتەوە.

٤- ئابوونەی هاتنە ڕێز بدات.

**أ- ئەندام:**

**ئەرکەکانی ئەندام:**

١. بەشداری کاری ڕێکخراوەیی بکات.

٢. دیسپلینی ڕیکخراو بپارێزێت.

**مافەکانی ئەندام:**

١- مافی دەنگدان و خۆپاڵاوتنی هەیە بۆ ئۆرگانەکانی ڕێکخراو.

٢- مافی ڕەخنە گرتن و پێشنیاز کردن و داواکاری هەیە لە ڕێکخراو.

**ب- ئەندامی كارا:**

**ئەركەكانی ئەندامی كارا:**

١- ئامادەبوونی خۆبەخشانە و بەردەوام لە بۆنە و چالاكییەكانی ڕێكخراو.

٢- لەبەرامبەر ڕێكراو خۆی بە بەرپرسیار و ئەركدا بزانێت.

٣- لەیەكێك لە ئۆرگانەكانی ڕێكخراو، لە بوارێكی دیاریكراو یاخود بە جۆرێك لە جۆرەكان، بەپێی توانای كاری خۆبەخش بۆ ڕێكخراو ئەنجام بدات.

٤- دسپلینی ڕێكخراو دەپارێزێت.

**مافەكانی ئەندامی كارا:**

١- مافی دەنگدان و خۆپاڵاوتنی هەیە بۆ ئۆرگانەكانی ڕێكخراو.

٢- مافی ڕەخنەگرتن و پێشنیاز كردن و داواكاری هەیە لە ڕێكخراو.

٣- ئەندامی كارای بەهرەمەند لە بوارە جۆراجۆرەكاندا، لەلایەن ڕێكخراو هاوكای و پشتیوانی دەكرێت.

٤- مافی لە پێشینەی هەیە بۆ كاركردن لە ئۆرگانەكانی یەكێتی ئافرەتانی كوردستان.

**ت- كادر**

پێناسەی كادر

كەسێكە، بەردەوامە لە كار لەناو ئۆرگانەكانی یەكێتی ئافرەتان، ئەزمون و لێزانی بە دەستهێناوە و ئەركەكانی بە سەركەوتوویی بەجێگەیاندووە.

**ئەركەكانی كادر:**

١- باوەری بە ئامانجەكانی ڕێكخراو هەبێت و لەخۆبوردوانە كار بۆ بەدەستهێنانیان بكات.

٢- باوەری بە یەكسانی هەبێت و ئەو باوەرەش لە هەڵسوكەوت و كردارەكانیدا نگ بداتەوە.

٣- پابەندبوون بە ئەرك و بەرپرسیاریەتی لە ڕێكخراودا بەپێی پەیڕەوی ناوخۆ.

٤- هــزری پــەروەردە بــکات بــە بیرۆکــەی نــوێ و ئەندێشــەی پێشــکەوتووخوازانە بــۆ پێشــکەوتنی ڕێکخــراو.

**مافەکانی کادر:**

١- مافی دەنگدان و خۆپاڵاوتنی بۆ ئۆرگانەکانی ڕێکخراو هەیە.

٢- مافــی بەرگــری لــە خۆکــردن و ســکاڵا پێشــکەش کردنــی لــە کاتــی پێشــێل کردنــی مافەکانــی هەیــە.

٣- مافی ڕەخنە گرتن و پێشنیاز کردن و داواکاری هەیە لە ڕێکخراو.

٤- ڕێکخراو بۆ کار و داواکارییەکانی پاڵپشتی دەبێت.

**مادەی یانزەیەم: سزاکان:**

**أ- سەرنج ڕاکێشان**

١- بێ مۆڵەت و پاساو لە سێ کۆبوونەوەی یەك لە دوای یەك ئامادە نەبێت.

٢- کەمتەرخەمی لە ئەرکەکانی بنوێنێت.

٣- هەر بڕگەیەك لە بڕگەکانی پەیڕەوی ناوخۆ پێشێل بکات.

**ب- سڕکردن:**

١- دووبارەکردنــەوەی ســەرپێچییەکانی خالەکانــی (١-٣) بڕگــەی یەکەمــی مــادەی یانزەیــەم.

٢- ناوبانگ زراندنی ئەندامانی ڕێکخراو.

٣- پابەندنەبوون بە ڕێنوێنییەکان و دووبەرەکی نانەوە لەناو ڕێکخستنەکان.

٤- لەگــەڵ ئــەم ســزایە گشــت ئیمتیــازەکان لــە هــاوکاری و دەرماڵــە ڕادەگیــرێ و دەگەرێنرێتــەوە بــۆ میزانیــەی ڕێکخــراو.

**پ- لابردن:**

١. دووبارە کردنەوەی خالەکان (١-٣) لە بڕگەی (دووەم) ی مادەی یانزە.

٢. بەتاوانێك دژی مرۆڤایەتی و بەرژەوەندییە نیشتمانی یەکان سزا بدرێت.

٣. دوای لێکۆڵینەوەیەکی دادپەروەرانە، بە گەندەڵی لە دارایی ڕێکخراو تاوابار بکرێ.

بەبێ مۆڵەت و پاساو لە سی کۆبوونەوەی یەك لە دواییەك ئامادە نەبێت.

**مادەی دوانزەیەم: پەیکەری ڕێکخراو:**

ئـەو ناوەنـد و ئۆرگانانەیـە کـە یەکێتـی لـە شـار و شـارۆچکەکان، بەئامانجـی گەیشـتنی ڕاسـتەوخۆ بـە ئافرەتانـی کوردسـتان، هەروەهـا دابەشـت کردنـی کار و دیاریکردنـی جـۆری پەیوەنـدی لـە نیـوان بـەش و ئـۆرگان و ئاسـتەکانی ڕیکخـراو، دایاندەمەزرێنێـت.

پەیکـەری ڕێکخراوەیـی یەکێتـی ئافرەتانـی کوردسـتان بەشـێوەی سـتونی لـە خـوارەوە بـۆ سـەرەوە دەبێـت: ناوەنـد، ئەنجومـەن، ئەنجومەنـی بـاڵا، مەکتەبـی سـکرتارییەت، کۆنگـرە، بـە پێـی ئـەم هێڵکارییـە:

## پەیكەری ڕێكخراوەیی یەكێتی ئافرەتانی كوردستان

**مادەی سیانزەیەم: ناوەند:**

سەرپەرشـتی كار و چالاكییەكانـی ڕێكخـراو دەكات لـە سـنووری قـەزا یـان ئـەو ناحیەییانـەی كـە یەكێتـی ئافرەتـان پێگـەی جەمـاوەری تێیـدا فراوانـە، تەنهـا نـاوی ناوەنـد لـە تەنیشـت ناوەكـەی دادەنرێـت، بەبـێ ناوهێنانـی یەكـە كارگێرییەكـەی، پێكدێـت لـە بەرپـرس و (٢) ئەنـدام كـە لەلایـەن ئەندامانـی سـنووری هەڵدەبژێردرێـت، دەبێـت ژمـارەی سـەرجەمی ڕێكخسـتنەكانی لـە (٥٠٠) ئافـرەت كەمـتر نەبێـت.

ئەرك و دەسەڵاتەكان:

١- ناوەند لە یەكەم كۆبوونەوەیدا بەپرسێك بۆ خی هەلدەبژێرێت.

٢- سەرپەرشتی ناحیەكانی سنووری دەكات ولە كار و چالاكییەكان ئاراستەیان دەكات.

٣- دوو مانگ جارێك كۆبوونەوەی فراوان لەگەڵ گروپەكانی سنووری دەبەستێت.

٤- مانگـێ جارێـك كۆبوونـەوەی فـراوان بەبەشـداری بەرپرسـی گرۆپەكانـی سـنووری دەبەسـتێت.

٥- دەسەڵاتی جێبەجێكردنی بڕگەكانی (أ- ب) ی مادەی یانزەی سزاكانی هەیە.

**مادەی چواردەیەم: ئەنجومەن:**

لەسەر بنەمای ڕووبەر و سنووری پارێزگا، ئیدارە یان ئەو دەڤەر و قەزایانەی كە یەكێتی ئافرەتان ژمارەی ئەندامی زۆرن تێیدا دادەمەزرێت، تەنها ناوی ئەنجومەن لە تەنیشت ناوەكەی دادەنرێت، بەبێ ناوهێنانی یەكە كارگێرییەكەی، بەرپرسی ئەنجومەن لە هەمان كات دەبێتە ئەندامی ئەنجومەنی باڵا، ئەنجومەن پێكدێت لە بەرپرس و (٤) ئەندام كە ڕاستەوخۆ لەلایەن ناوەندەكانی سنووری و ئەنجومەنی پێشووی سنوورەكە هەڵدەبژێردرێن.

ئەرك و دەسەڵاتەكانی:

١- لە یەكەمین كۆبوونەوەی خۆیدا بەرپرسی ئەنجومەن و بەشەكان هەڵدەبژێردرێن.

٢- سەرپەرشتی كار و چالاكی ئەنجومەنەكانی سنووری دەكات.

٣- مانگی جارێك کۆبونەوەی ئاسایی دەبەستێت.

٤- دوو مانـگ جارێـك کۆبوونـەوەی فراوانـی خـۆی بـە بەشـداری بەرپرسـی ناوەندەکانـی سـنووری دەبەسـتێت.

٥- دەسەڵاتی دەرکردنی بەیاننامەی لە سەر ڕووداوەکانی سنووری خۆی هەیە.

٦- دەسەڵاتی بڕگەکانی (أ-ب) ی مادەی یانزەی سزاکانی لە سنووری خۆیدا هەیە.

٧- پێشنیازی دەرکردنی ئەندامانی سنووری بۆ مەکتەبی سکرتاریەت بەرز دەکاتەوە.

**مادەی پانزەیەم: ئەنجومەنی باڵا:**

دەسـتەیەکە پێـك دێـت لـە سـکرتێر و ئەندامانـی مەکتەبـی سـکرتاریەت و بەرپرسـی ئەنجومەنـەکان.

ئەرك و دەسەڵاتەکانی:

أ - هەر دوو مانگ جارێك کۆبوونەوەی فراوان دەبەستێت.

ب- پلانی دارایی ڕێکخراو دیاری کردنی ڕێژەی ساڵانەی ئابوونەی هاتنە ڕێز دادەرێژێت.

پ- سیاسەت و نەهجی ڕاگەیاندن دیاری دەکات.

ت- بڕیار و ڕاسپاردەکانی کۆنگرە و مەکتەبی سکرتاریەت جێبەجێ دەکات.

ج - ژمارەی بەشداربووان لە کۆنگرە دیار دەکات.

ح - ئەنجومەنـی بـاڵای بـۆی هەیـە بـە دەنگـی ٢/٣ی ئەندامەکانـی لـە کاتـی پێویسـت لـە نێـو ئەندامانـی سـکرتاریەت، سـکرتێر هەڵبژێرێتـەوە.

**مادەی شانزەیەم: مەکتەبی سکرتاریەت:**

مەکتەبـی سـکرتاریەت، دەسـتەیەکە، کـە ئەندامانـی لەنـاو کۆنگـرە هەڵدەبژێرێـن لـە سـکرتێر و (٦) ئەنـدام و (٢) ئەندامـی یـەدەگ پێـك دێـت، ڕاسـتەوخۆ سـەرکردایەتی و سەرپەرشـتی بەشـەکانی مەکتەبـی سـکرتاریەت و ئەنجومـەن و ناوەندەکانـی خوارووتـر و لـە بەرنامـەی کار و چالاکییەکانیـان ئاراسـتە دەکـەن.

**بەشەکانی مەکتەبی سکرتاریەت:**

١- بەشی ڕێکخستن و ئامار:

أ - ئاراستەکردنی ڕێنوێنی و ڕاسپاردەکان بۆ ئۆرگانەکانی خوارووتر.

ب- کۆکردنەوەی ئابوونەی هاتنەرێز.

پ- ئامادەکردنـی ئامـاری ڕیکخسـتن و چالاکییـەکان وهـەر ئامارێکـی دیکە کە پێویسـت و پەیوەنـد بێـت بـە کار و تایبەتمەنـدی ڕیکخـراو.

ج- گرتنەبـەری میکانیزمـی گونجـاو بـۆ گەشـەدان بـە ئاسـتی جەمـاوەری ڕیکخـراو و دەرکەوتـن وەك ڕێکخسـتنی جەمـاوەری، کـە توانـای سـەرکردایەتیکردنی جەماوەری ئافرەتانـی هەبێـت.

ح- پێشکەشــکردنی پلانــی تایبــەت بــە مەبەســتی گەشــەکردن وفــراوان کردنــی ڕیکخســـتنەکان.

٢- بەشی کارگێڕی و دارایی:

أ - سەرپەرشــتی و چاودێــری کارگێــڕی و دارایــی ســەرجەم ئۆرگانەکانــی ڕیکخــراو پرۆژەکانــی دەکات.

ب- پەیــڕەو کردنــی سیســتەمێکی ژمێریــاری هاوبــەش بــۆ ســەرجەم ئۆرگانەکانــی ڕێکخــراو.

پ- سەرپەرشـتیکردنی سـەرجەم ڕێکارەکانـی تایبـەت بـە کاروبـاری کارگێـڕی ڕۆژانـە تۆمـاری ئامادەبـوون و مۆڵـەت، ئامـادە کـردن و ڕێکخسـتنی لیسـتی کەلوپـەل و پێداویسـتییەکان.

ت- ئامادەکردن و وەڵام دانەوەی ڕاپۆرتەکانی دارایی.

ج- خوێندنـەوە و شـیکاری بـۆ داهـات و خەرجـی مانگانـە، بەمەبەسـتی ڕوونەدانـی کورتهێنانـی دارایی.

ح - ئەنجـام دانـی پـرۆژە و پێشـکەش کردنـی پلانـی کار و میکانیزمـی گونجـاو بـۆ

بەرەو پێش بردنی کاری بەش.

٣- بەشی تواناسازی:

أ- دانانی بەرنامە و ئەنجامدانی چالاکی و پرۆژە بۆ پێگەیاندنی ئافرەتان لە هەموو سێکتەرەکان و بوارەکانی تواناسازی.

ب – پەروەردە و ڕاهێنانی کادیرانی ڕێکخراو بۆ توانادار کردن و دەرکەوتنی ئاست و تایبەتمەندی توانایان و فراوان کردنی چالاکییان و زۆرتر کردنی ئەرکی هەریەکەیان.

پ- هەوڵدان بۆ بەرزکردنی ئاستی ڕۆشنبیری و زانستی ئافرەتان بە ڕێگای کۆبوونەوە و کردنەوەی خولی جۆراوجۆر.

ت- پێشخستنی تواناکاری پیشەیی بۆ دەستکەوتنی دەرفەتی کار بۆ بەدیهێنانی ئابووری سەربەخۆی ئافرەتان.

ج- سەرپەرشتیکردن بەڕێوەبردنی هەموو پرۆژە و چالاکییەکانی بواری تواناسازی.

چ- پێگەیاندنی کادیری سیاسی ئافرەت.

ح- پێشکەش کردنی پلانی کار و میکانیزمی گونجاو بۆ بەرەوپێش بردنی کاری بەش.

٤- بەشی ڕاگەیاندن و پەیوەندییەکان:

أ- ڕێکخستنی پەیوەندی لەگەڵ ڕێکخراو دەزگا فەرمی و نافەرمییەکان لەسەر ئاستی ناوخۆ و دەرەوە.

ب- دەرکردنی بەياننامە لە کاتی پێشهات و بۆنە و یادەکان.

پ- دەرکردنی ڕۆژنامە و گۆڤار و بڵاوکراوەکان و سەرپەرشتی کردنی سایتی ڕێکخراو.

ت- بەرهەم هێنانی فیلم و زنجیرەی تەلەفزیونی لەسەر ڕەوشی ئافرەت لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان.

ج- دیاری کردنی هێلە گشتیەکانی ڕاگەیاندنی ڕێکخراو بە پێی ئۆرگانە جۆراوجۆرەکان.

ح- پێشکەش کردنی پلانی کار و میکانیزمی گونجاو بۆ بەرەو پێش بردنی کاری بەش.

٥- بەشی پلان و بەدواداچوون:

أ- دانانی نەخشە ڕێگای کاری ڕیکخراو بە شێوەی وەرزی بێت یاخود ساڵانە.

ب- کارکردن لەسەر لایەنی تیۆری و پێداچوونەوە بۆ بڵاوکراوەکانی ڕیکخراو لە بواری پێگەیاندن.

پ- بەدواداچوونی کارو چالاکییەکانی ڕێکخراو و هەڵسەنگاندنی ئامارەکان و بەراوردکاری.

ت- دیارکردنی خاڵی لاوازی ڕێکخراو و کار کردن لەسەری بە هەماهەنگی لەگەڵ بەشە پەیوەندیدارەکان.

ج- بەدواداچوون بۆ چۆنیەتی و ئاستی جێبەجێ بوونی کار و پرۆژەکانی ڕێکخراو لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان.

ح- بەپێی هەلومەرج و گۆرانکارییەکان پێداچوونەوە بە پلان و میکانیزمی کاری ڕێکخراو دەکات.

٦- بەشی پشتگیری کۆمەڵایەتی:

أ- کار دەکات بۆ چارەسەری گیروگرفتە کۆمەڵایەتی و دەروونیەکانی ئافرەتان.

ب- هەوڵ دەدات بۆ پاراستنی گیانی ئافرەتانی هەشە لێکراو.

پ- وەرگرتنی ئاماری کێشە کۆمەڵایەتیەکان (٦) مانگ جارێك لەلایەن پەیوەندیدارەکان.

ت- ئەنجام دانی توێژینەوەی زانستی لەسەر کێشە کۆمەڵایەتیەکان لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان.

ج- نوێنەرایەتی کردنی ئافرەتانی خاوەن کێشە بۆ بەردەم دادگا لەلایەن یاساوە.

ح- پێشکەش کردنی پلانی کار و میکانیزمی گونجاو بۆ بەرەو پێش بردنی کاری بەش.

## ئەرك و دەسەڵاتەكانی مەكتەبی سكرتاریەت:

١- هــەر ئەندامێكــی مەكتەبــی ســكرتاریەت، بەرپرســیاریەتی بەشــێك لــە ڕێكخــراو لــە ئەســتۆ دەگــرێ و بەرپرســیار دەبێــت، لــە هەمبــەر خاڵــە لاواز و بەهێزەكانــی بەشــەكەی، ئەندامانــی یــەدەگ هاوكارییــان دەبــن لــە جێبەجــێ كردنــی كارەكان.

٢- هــەر یەكــە لــەم بەشــانە، بەپێــی پێداویســتی و فراوانــی كاری بــەش، كادیــری دەبێــت.

٣- هــەر پانــزە ڕۆژ جارێــك كۆبوونــەوەی ئاســایی دەبەســتێت وبەپێــی پێویســت كۆبوونــەوەی نائاســایی ئەنجــام دەدات.

٤- دەسەڵاتی هەموو بڕگەكانی مادەی یانزەیەمی سزاكانی هەیە.

٥- جێبەجــێ كردنــی هەمــوو بڕیــار و ڕاســپاردەكانی كۆنگــرە و بەرپرســیارە لــە بەرامبەریــان.

٦- دیاركردنی هەڵوێستی ڕێكخراو لەمەر پێشهات و ڕووداوەكان.

٧- پەســەند كردنــی ســەرجەم ئــەو پرۆتۆكــۆل و ڕێككەوتننامانــەی كــە لەگــەڵ ڕێكخــراو و دەزگاكانــی هاوشــێوەی خــۆی دەیبەســتێت.

**ئەرك و دەسەڵاتەكانی سكرتێر:**

١- سەرپەرشتی كردنی كۆبوونەوكانی مەكتەبی سكرتاریەت و ئەنجومەنی باڵا.

٢- واژۆ كردنی گشتی نووسراوەكانی مەكتەبی سكرتاریەت و پسولەی داهات وخەرجیەكان.

٣- دەسەڵاتی دیاریكردنی نوێنەری هەیە لە جیاتی خۆی لە كاتی پێویستدا.

٤- دەســەڵاتی ئاڵوگــۆری نێــوان بەشــەكانی هەیــە بــە ڕاوێــژ لەگــەڵ ئەندامانــی مەكتەبــی ســكرتاریەت.

**مادەی حەڤدەیەم: گرووپی ڕاوێژكاری:**

یەكێتــی ئافرەتانــی كوردســتان گرووپێكــی ڕاوێــژكاری پێكدەهێنێــت كــە پێــك دێــت لــە ســكرتێر و (٣-٥) لــە كەســانی خــاوەن پســپۆری و ئەزمــوون، بــۆ مەبەســتی ڕاوێــژ پێكردنیــان و ســوود وەرگرتــن لــە توانــا و شــارەزاییان، هەرســێ مانــگ جارێــك كــۆ دەبێتــەوە.

**مادەی هەژدەیەم: کۆنگرە:**

کۆنگـرە بەرزتریـن دەسـەڵاتە لـە یەکێتـی ئافرەتانـی کوردسـتان هـەر (٣) سـاڵ جارێـك دەبەسـترێت و پێـك دێـت لـە سـکرتێر و ئەندامانـی مەکتەبـی سـکرتاریەت و یەدەگەکانـی و بەرپرسـی ئەنجومەنـی پارێـزگاکان، هەروەهـا ئەندامانـی لێژنـەی ئامـادەکاری کۆنگـرە و هەڵبژێردراوەکانی کۆنفرانسـە ناوخۆییەکان بەو ڕێژەیەی کە ئەنجومەنی باڵا دیاری دەکات.
ئەرك و دەسەڵاتەکان:

١- هەڵسـەنگاندنی تـەواوی ئیـش و کار وبڕیـار و ڕاسـپاردەکانی ناوەنـد و ئەنجومەنەکانـی یەکێتـی ئافرەتانـی کوردسـتان و وەرگرتنـی بڕیاری پێویسـت لەسـەریان.

٢- هەموار کردن و پەسەند کردنی پەیڕەوی ناوخۆ.

٣- پەسەند کردنی ڕاپۆرتی گشتی کۆنگرە.

٤- دیـاری کردنــی چەنــد لێژنەیــەك بــۆ ڕیکخســتن و دارایــی و ڕاگەیانــدن و ســکاڵا و لیژنەکانــی تــر بەپێــی پێویســت.

٥- هەڵبژاردنی سکرتێر و ئەندامانی مەکتەبی سکرتاریەت و یەدەگەکانی.

٦- دیاری کردنی سیاسەتی گشتی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان.

٧- بڕیار دەدات لەسەر یەکگرتن و هەڵوەشاندنەوەی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان.

**مادەی نوزدەیەم: لێژنەی ئامادەکاری کۆنگرە:**

بەبڕیـاری مەکتەبـی سـکرتاریەت لێژنـەی ئامـادەکاری کۆنگـرە پێـك دەهێنرێـت لـەو ئەندامانــەی کــە خۆیــان ناپاڵێــون بــۆ ســکرتێری و ئەندامێتــی مەکتەبــی ســکرتاریەت و کارە ئامادەکارییــەکان کۆنگــرە ئەنجــام دەدەن و سەرپەرشــتی کۆنفرانســەکانی ئەنجومــەن و ناوەنــدەکان بــۆ هەڵبژاردنــی نوێنەرانــی کۆنگــرە دەکــەن.

## بەشی سێیەم

## ڕادەی یاسایی و دەنگدان

**مادەی بیست: ڕادەی یاسایی:**

١- هەمـوو ناوەندەکانـی ڕیکخـراو بـە ئامادەبوونـی زۆرینـە هەڵدەبژێردرێـن و لەکاتـی تـەواو نەبوونـی ڕێـژەی یاسـایی لـە نێـوان (٣-٥) ڕۆژ لـە گـەری هەڵبژاردنـی یەکـەم، جارێکـی تـر دووبـارە دەکرێتـەوە، ئەگـەر لـە جـاری دووەمـدا ڕادەی یاسـایی تـەواو نەبـوو ژمـارەی بەشـدار بـووان هـەر چەندێـك بێـت هەڵبـژاردن ئەنجـام دەدرێـت.

٢- کۆبونەوەکان بە ئامادەبوونی زۆرینە دەبەسترێت.

**مادەی بیست و یەك: دەنگدان:**

جگـە لـەو بڕیارانـەی کـە لـەم پەیڕەوە ئامـاژەی بۆ کـراوە و پێویسـتی بە دەنگـی زۆرینە زیاتـرە، لـە هەمـوو کۆبوونـەوەکان بڕیـار بـە دەنگـی زۆرینـەی سـادەی ئامادەبـووان وەردەگیرێـت و لـە کاتـی یەکسـان بوونـی دەنگـەکان، پەیـڕەوی ڕای ئـەو لایـەن دەکرێـت کـە بەرپرسـی ناوەنـدی تێدایـە.

## بەشی چوارەم:

## دارایی ڕێکخراو

**مادەی بیست و دوو: سەرچاوەی داریی ڕێکخراو پێك دێت لە:**

١- کۆکردنەوەی ئابوونە و هاتنەرێز.

٢- نرخی چاپەمەنی و داهاتی چالاکیەکان.

٣- ئەو یارمەتیانەی دەدرێتە ڕیکخراو.

٤- سوودی پرۆژە بەرهەم هێنەرەکان.

**مادەی بیست و سێ: ڕیکخستنی دارایی:**

ڕێکخـراو خـۆی دارایـی خـۆی بەڕێـوە دەبـات و ڕێکـی دەخـات بەپێـی سیسـتەمی ژمێریـاری یەکێتـی ئافرەتانـی کوردسـتان کـە لـە سـەرچاوە زانسـتیەکانی زانسـتی دارایـی

و ژمێریـاری پەیـڕەوی دەکرێـت.

**مــادەی بیســت و چــوار: هەمــوو حســاباتێکی ڕێکخــراو دەکەوێتــە ژێــر چاودێــری دەزگا تایبەتمەنــدە بەرپرســەکان.**

## بەشی پێنجەم

## حوکمە گشتیەکان

**مادەی بیست و پێنج:**

ســەرجەم ناوەندەکانــی ڕێکخــراو پابەنــدی زنجیرەکانــی ڕێکخســتن دەبــن، لــە دەزگاکانــی خــوارەوە ڕاپۆرتــی مانگانــە و گشــتی بــۆ ناوەندەکانــی ســەرووتر بــەرز دەکرێتــەوە ولەوێشــەوە وەڵامــی پێویســت دەدرێتــەوە.

**مادەی بیست و شەش: تۆمارەکانی ڕیکخراو:**

١- تۆماری ئەندامان

٢- تۆماری کۆنووسەکان

٣- تۆماری ژمێریاری

٤- تۆماری کەلوپەل

٥- تۆماری نووسراوەکانی هاتوو و ڕۆیشتوو

٦- بەپێی پیویست تۆمارەکان زیاد دەکرێن.

## ڕاگەیاندراوی کۆنگرەی هەشتەمی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان

ڕۆژانــی ٣ و ٤ی ئەیلوولــی ٢٠١٨، لەژێــر چاودێــری و بــە ئامادەبوونــی ڕابــەر و پێشـەوامان هێـژا سـەرۆك بارزانـی، لەژێـر نـاوی (نیشـتمان) و بـە دروشـمی (تواناسـازی ئافـرەت، جڤاکـی پێشـکەوتوو) کۆنگـرەی هەشـتەمی یەکێتـی ئافرەتانـی کوردسـتان و بـە ئامانجـی هەڵسـەنگاندن و نوێبوونـەوە وپێشـنیازکردنی دیـد و چوارچێـوە بـۆ سـاڵانی داهاتــوو بــە بەشــداری (١٦٦) ئەنــدام، کــە نوێنەرایەتــی ســەرجەم ڕێکخســتنەکانی یەکێتــی ئافرەتانــی کوردســتانیان لــە کوردســتان و لــە دەرەوەی هەرێمــی کوردســتان دەکـرد، سـاز درا.

کۆنگـرە بـە چەنـد سـاتێك وەسـتان و سرودی «ئـەی ڕەقیـب» بـۆ ڕێزگرتـن لـە ڕۆحـی سـەرجەم شـەهیدانی کوردسـتان دەسـتی پـێ کـرد و دواتـر مارشـی فەرمـی یەکێتـی ئافرەتــان پێشــکەش کــرا. وتــاری کردنــەوەی کۆنگــرە لەلایــەن ســکرتێری ڕێکخــراو دکتــۆر ڤیــان ســلێمان و وتــاری مەکتەبــی سیاســی و دەســتەی ڕێکخــراوە جەمــاوەری و پیشــەییەکانی پارتــی دیموکراتــی کوردســتان لەلایــەن هەڤــاڵ ساســان عەونــی ئەندامــی ســەرکردایەتی و بەرپرســی دەســتەی ڕێکخــراوە جەمــاوەری و پیشــەییەکان پێشــکەش کــرا. هەروەهــا وتــاری ڕێکخراوەکانــی ئافرەتانــی کوردســتان خوێندرایــەوە. بــە فلمێکــی دۆکیومێنتــاری لەســەر کار و چالاکییەکانــی یەکێتــی ئافرەتــان لــە نێــوان کۆنگــرەی حەوتــەم و هەشــتەم و چەنــد بڕگەیەکــی هونــەری، ڕێوڕەســمی کردنــەوەی کۆنگــرە کۆتایــی هــات.

دوانیــوەڕۆی هەمــان ڕۆژ لێژنــەی ئامــادەکاری کۆنگــرە کۆتایــی کارەکانــی ڕاگەیانــد و لێژنـەی بەڕێوەبردنـی کۆنگـرە پێـك هێـنرا. یەکـەم کاری لێژنەکـە دەستنیشـانکردنی چـوار لێژنـەی تایبـەت بـوو بـۆ هەریەکـە لـە پرۆگـرام، پەیـڕەوی ناوخـۆ، ڕاپۆرتـی گشـتی و ڕاسـپاردە و سـکاڵا، دواتـر ڕاپۆرتـی گشـتی خوێندرایـەوە و لێژنـە تایبەتمەنـدەکان دەسـتیان بـە کارەکانیـان کـرد.

سـەر لـە بەیانـی ڕۆژی دووەمـی کۆنگـرە ٢٠١٨/٩/٤، تێبینـی و سـەرنجی هـەر چـوار لێژنـەی پێکهاتـو خوێندرانـەوە و گەنگەشـە کـران. دواتـر پرۆگـرام و پەیـڕەوی ناوخـۆ بـە کـۆی دەنگـی ئەندامانـی کۆنگـرە پەسـەند کـرا. پاشـان بـە سەرپەرشـتی دادوەر

لـە پرۆسـەیەکی ئـازاد و کەشـێکی دیموکراسـیدا سـکرتێر و ئەندامانـی مەکتەبـی سـکرتاریەت کـە نوێنەرایەتـی هەمـوو ناوچـە جوگرافییەکانـی کوردسـتان دەکـەن، هەڵبژێـردران.

کۆنگـرە بـە سـەرکەوتوویی و بەکۆمەڵێـك بڕیـار و ڕاسـپاردەی گرنـگ بـۆ نەخشـەڕێگای کاری ساڵانی داهاتـو، هەروەهـا ناردنـی سـڵاو بـۆ گیانـی شـەهیدانی پرسـی ئافـرەت و یەکێتـی ئافرەتـان و سـەرجەم شـەهیدانی کوردسـتان و سـەرووەری شـەهیدان بارزانیـی نەمـر و کاك ئیدریسـی هەمیشـەلەیاد کۆتایـی بـە کارەکانـی هێنـا.

**یەکێتی ئافرەتانی کوردستان ـ کۆنگرەی هەشت**

**٢٠١٨/٩/٨**

## پەیامەکانی پیرۆزبایی کۆنگرەی هەشتەمی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان

پەیامی پیرۆزبایی سەرۆك بارزانی

بەناوی خودای بەخشندە و میهرەبان

بـە بۆنـەی سـەرکەوتنی کۆنگـرەی هەشـتەمی یەکێتیـی ئافرەتانـی کوردسـتان پیرۆزبایـی خـۆم ئاراسـتەی ئەندامـان و بەڕێوەبەرانـی کۆنگرەکـە دەکـەم و هاوکاتیـش پیرۆزبایـی لـە هەمـوو ئافرەتانـی کوردسـتان و ئەنـدام و کادیرانـی یەکێتیـی ئافرەتانـی کوردسـتان دەکـەم.

بـە پێویسـتی دەزانـم دەستخۆشـی و پێزانینـی خـۆم ئاراسـتەی سـەرکردایەتی پێشـووی یەکێتـی ئافرەتانـی کوردسـتان بکـەم و پیرۆزباییـش لـەو خوشـکە بەڕێزانـە دەکـەم کـە متمانـەی کۆنگـرەی هەشـتەمیان پـێ بەخـشراوە بـۆ سـەرکردایەتیکردنی یەکێتیـی ئافرەتانـی کوردسـتان.

دڵنیـام کـە یەکێتیـی ئافرەتانـی کوردسـتان هـەروەك قۆناغەکانـی پێشـووتری خەباتـی گەلەکەمـان ڕۆڵێکـی کاریگـەری دەبێـت لـە بەرەوپێشـبردنی دۆزی وای گەلەکەمـان و بەرگریکـردن لـە مـاف و داخوازییەکانـی ئافرەتـان. لـە قۆناغـی ئێسـتادا ئەرکـی ئێـوە لـەڕووی هۆشـیاریی نیشـتمانی و پێگەیاندنـی ئافرەتـان و داکۆکیکـردن لـە مافـە مەدەنـی و سیاسـییەکانی ئافرەتـان زۆر گرنگـە و دەبـێ لـە ئاراسـتەی بەهێزکردنـی کوردسـتان و بەشـداریکردنی کارای ئافـرەت لـە ژیانـی گشـتیی کۆمەڵگـەی کوردسـتاندا بێـت.

**هیوای سەرکەوتنتان بۆ دەخوازم**

**مەسعود بارزانی**

**٢٠١٨/٩/٦**

## پەیامی نووسینگەی جێگری سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان

بەڕێزان ئەندامانی کۆنگرەی هەشتەمی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان،

سڵاوێکی گەرم،

بە بۆنەی بەستنی هەشتەمین کۆنگرەی ڕێکخراوە تێکۆشەرەکەتانەوە، بەناوی ڕێزدار جەنابی کاك نێچیرڤان بارزانی، جێگری سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە، گەرمترین پیرۆزباییتان ئاراستە دەکەین و هیوای سەرکەوتن و بەردەوامیتان بۆ دەخوازین.

یەکێتی ئافرەتانی کوردستان خاوەنی مێژوویەکی پڕسەروەری و تێکۆشانی بەردەوامە لە قۆناغە جیاجیاکانی خەباتی نیشتمانی و نەتەوەیی کوردستاندا و پێشەنگی خەباتی مەدەنی و ڕێکخراوەییە لە کوردستاندا و دەیان ساڵە قوتابخانەی پێگەیاندنی چەندین ناو و توانای دیار بووە لە ئافرەتانی قارەمانی قوربانیدەر و سەرکردە و کادیر و تێکۆشەران و چالاکوانانی بەتوانا لە بوارە سیاسی و جەماوەری و پەروەردەیی و فەرهەنگی و مەدەنییە جیاجیاکانی کۆمەڵگاکەماندا.

جێی خۆیەتی کە (تواناسازی ئافرەت، جڤاکی پێشکەوتوو)تان کردووەتە دروشمی ئەم کۆنگرەیەتان کە دەقاودەق لەگەڵ بنەماکانی بیری یەکسانی و دادپەروەری لە نەهجی پارتی و بارزانیدا یەك دەگرێتەوە، هاوکات بڕوابوون بە توانای ئافرەت و هەوڵدان بۆ وەبەرهێنان و تواناسازی لە بەشداریی کارایانەی ئافرەتدا، بە تەواوی لە ستراتیجی دەوڵەتداریی پارتیدا نگیان داوەتەوە. خەباتی پیشەییانەی ڕێکخراوە تێکۆشەرەکەتان پاڵهێزێکی کاریگەرە بۆ هەنگاونانی گەورە و گرنگ بە ئاراستەی پێشکەوتنی کۆمەڵگا و گەشەی بەردەوامدا. دووبارە گەرمترین پیرۆزباییتان ئاراستە دەکەین و بەهیوای سەرکەوتنی کۆنگرەکەتان و بەردەوامی و سەرکەوتنی زیاتر بۆ ڕێکخراوە تێکۆشەرەکەتان.

**نووسینگەی جێگری سەرۆکی**

**پارتی دیموکراتی کوردستان**

**٢٠١٨/٩/٩**

## پیرۆزبایی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان

بەبۆنـــەی بەســـتن و بەســـەرکەوتوویی بەکۆتاهاتنـــی هەشـــتەمین کۆنگـــرەی یەکێتیـــی ئافرەتانـــی کوردســـتان، گەرمتریـــن پیرۆزبایـــی لـــە ئەندامانـــی کۆنگـــرە دەکەیـــن. پیرۆزبایـــی لـــە ســـەرجەم ئافرەتانـــی کوردســـتان و ئەندامـــان و کادیرانـــی یەکێتییەکەتـــان دەکەیـــن. دەستخۆشـــی و پێزانیـــمان ئاراســـتەی ســـکرتێر و ئەندامانـــی ســـکرتاریەت و ســـەرکردایەتی پێشـــووی ڕێکخراوەکەتـــان دەکەیـــن کـــە دڵســـۆزانە لـــە مـــاوەی چەنـــد ســـاڵی ڕابـــردو ئەرکـــی بەڕێوەبردنـــی یەکێتـــی ئافرەتانـــی کوردســـتانیان دڵســـۆزانە ڕاپەڕانـــدووە، هـــاوکات پیرۆزبایـــی لـــەو هەڤاڵانـــەش دەکەیـــن کـــە متمانـــەی کۆنگرەیـــان پـــێ بەخـــشراوە وەکـــو ســـتافی مەکتەبـــی ســـکرتاریەت هەڵبژێـــردران، هیواداریـــن وەك هـــەردەم بەوپـــەڕی دڵســـۆزی و بەرپرســـیارانە بـــۆ لەمـــەودوا کاروبـــار و چالاکییەکانتـــان ڕابپەڕێنـــن و ڕۆڵـــی بەرچـــاو و کاریگـــەری خۆتـــان ببینـــن و لـــە هـــەوڵ و کۆششـــەکانتان ســـەرکەوتو بـــن و دەســـکەوتی زیاتـــر بـــۆ ســـەرجەم ئافرەتـــان و کۆمەڵگەکەمـــان بەدەســـت بێنـــن.

مایـــەی شـــانازییە یەکێتییەکەتـــان بـــەر لـــە ٦٦ ســـاڵ کـــە لەلایـــەن ســـەرکردەی گەلەکەمـــان بارزانیـــی نەمـــرەوە دامـــەزرا، توانـــی بـــەو تەمەنـــە پـــڕ بەخششـــەی ڕۆڵـــی گرنـــگ و کاریگـــەری خـــۆی ببینـــێ لـــە گشـــت قۆنـــاغ و شـــێوازەکانی خەبـــات و تێکۆشـــانی گەلەکەمـــان و بزووتنـــەوە سیاســـییەکەیدا و گەلێـــك دەســـکەوتی گرنگیـــش بەدەســـت بێنـــێ.

دیـــارە توێـــژی بەرفراوانـــی ئافرەتـــان چەنـــد ئـــەرك و کاری گرنگیـــان لـــە ئەســـتۆیە و چ ســـەنگ و کاریگەرییەکیشـــیان هەیـــە بەســـەر کۆمەڵگـــە و پێشـــکەوتن و بونیاتنانـــی ئاینـــدەوە، لـــەو ڕووەوەش قوربانـــی زۆریـــان داوە و بەردەوامیشـــن لـــەو کاروانـــەدا، بۆیـــە ڕۆڵـــی بەرپرســـانەی ئێـــوە و یەکێتییەکەتـــان زۆر چارەنووســـاز و بایەخـــدارە، بەتایبەتـــی لـــەو قۆناغـــەی ئەمڕۆمانـــدا بـــۆ پاراســـتنی ئـــەو ئەزمونـــە و دەســـتکەوتەکانمان و بەدیهێنانـــی ئایندەیەکـــی گەشـــتر بـــۆ ڕۆڵەکانـــی گە لە کە مـــا ن .

جارێکـــی دیکـــە بـــەو بۆنـــەوە پاڵپشـــتی و پشـــتیوانی خۆمـــان بـــۆ ئێـــوە و

یەكێتییەكەتـــان دووپـــات دەكەینـــەوە و ئومێدەواریـــن لـــەكار و بەرنامـــەی داهاتوتانـــدا وەك هەمیشـــە پێشـــەنگ و پێشـــڕەوی بزووتنـــەوەی ئافرەتانـــی كوردســـتان بـــن بـــۆ بەدەســـتهێنانی خواســـت و داخوازییـــە ڕەواكانـــی ســـەرجەم ئافرەتانـــی كوردســـتان.

**مەكتەبی سیاسی**

**پارتی دیموكراتی كوردستان**

**٢٠١٨/٩/٥**

## پەیامی پیرۆزبایی مەسرور بارزانی

بەبۆنـەی بەسـتن و بەسـەرکەوتوویی کۆتاهاتنـی هەشـتەمین کۆنگـرەی یەکێتیـی ئافرەتانـی کوردسـتان پیرۆزبایـی گـەرم لـە سـەرجەم ئافرەتانـی کوردسـتان و ئەندامانـی کۆنگـرە و ئەندامـان و کادیرانـی یەکێتییەکەتـان دەکەیـن. هیواداریـن سـەرکردایەتی نـوێ ڕۆڵـی کاریگـەری خۆیـان لـە خزمـەت مافـی ئافرەتـان بـە گشـتی و ئاشـتی کۆمەڵایەتـی و پەرەپێدانـی بابەتـە نیشـتمانییەکان و مافـی مـرۆڤ بگێڕێـت. وێـڕای پیرۆزباییـمان، هیـوای سەرکەوتنیشـیان بـۆ دەخـوازم لـە کارو چالاکییەکانتانـدا، هەروەهـا سوپاسـی سـەرکردایەتی پێشـوو دەکەیـن بـۆ ئـەرك و ماندووبوونیـان.

**مەسرور بارزانی**

**٢٠١٨/٩/٥**

# کۆنگرەی نۆیەمی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان
# هەولێر - ٢٠٢٣

لـە ڕێکـەوتی ١٤ــی حوزەیـرانی ٢٠٢٣، دوای کۆبوونـەوەی مەکتـەبی سـکرتاریەتی یەکێتـی ئافرەتـانی کوردسـتان و مەکتـەبی ڕێکخـراوە جەماوەرییـەکانی پـارتی دیموکـراتی کوردسـتان، بڕیـاری بەسـتنی کۆنگـرەی نۆیەمـی یەکێتـی ئافرەتـانی کوردسـتان درا، بـۆ ئـەم مەبەسـتە لێژنەیەکـی ئامـادەکاری کۆنگـرە پێکهـێنرا

دوای کۆتایـی هاتنـی ئامادەکارییـەکان، لـە ڕێکـەوتی ٢١-٢٢ی کانوونـی دووەمـی ٢٠٢٣، لـە شـاری هەولێـری پایتەختـی هەرێمـی کوردسـتان، بـە دروشـمی (هێـز و توانـای ئافـرەت بناغـەی پێشـکەوتنی ئاشـتی و ئابوورییـە)، بـە چاودێـری جەنابی سـەرۆک مەسـعود بارزانی و ئامادەبوونـی ڕێـزدار مـەسرور بارزانـی جێگـری سـەرۆکی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان و بـە ئامادەبوونـی (١٤٢) ئەنـدام، لـەو هەڤاڵانـەی بەپێـی پێـوەرەکان کـە لـە پەیـڕەوی ناوخـۆدا هاتـوون، هەروەهـا ئەوانـەی لـە کۆنفرانسـە ناوخۆییـەکان متمانـەی ئەندامانیـان بەدەسـتهێنا و نوێنەرایەتـی سـەرجەم ئـۆرگان و ڕێکخسـتنەکانی ڕێکخراوەکەیـان دەکـرد، نۆیەمیـن کۆنگـرەی یەکێتـی ئافرەتـانی کوردسـتان بەسـترا.

لێژنەی بەڕێوەبردنی کۆنگرە پێکهاتبوون لە:

١- سنەوبەر سابر- سەرۆکی لێژنە

٢- ناسک سەعید- ئەندامی لێژنە

٣- نفسیە خزر- ئەندامی لێژنە

٤- شەیما مستەفا- ئەندامی لێژنە

٥- بەندی خالد- ئەندامی لێژنە

٦-ئەژین خورشید- ئەندامی لێژنە

٧- ئاسیا مەغدید- ئەندامی لێژنە.

لێژنەکانی کۆنگرە بەم شێوەیە دەستنیشانکران:

لێژنەی ڕاپۆرتی گشتی:

١- شیلان فەرەج

٢- فاتیمە فکری

٣- گوڵان حەسەن

٤- هەڵەز عەبدولڕەحمان

٥- هەڵەز ئەنوەر

**لێژنەی سکاڵا:**

١- شاد ڕزگار

٢- کەژاڵ هیدایەت

٣- ئایە عەلی

٤- سەروین غازی

٥- ڕوەیدا حەسیب.

**لێژنەی پێشنیار و ڕاسپاردە:**

١- لاڤان شاخەوان

٢- شەهێن عومەر

٣- نیگار مەحموود نامق

٤- ئەژێن لوقمان

٥- سایە هیوا

٦- ژڤان

٧- بەفرین.

**لێژنەی پەیڕەو و پرۆگرام:**

١- زیبا تەها

٢- فەزیلە شوڕش

٣- لاهیجان ڕەشید

٤- چیان مەهدی

٥- خۆشی ساڵح

٦- هەوارگە کەریم

٧- سروە بەرزنجی.

دوای مەراسـیمی کردنـەوە و خوێندنـەوەی ڕاپۆرتـی گشـتی ڕێکخراوەکـە و ڕاپـۆرتی لێژنـە ڕاسـپێردراوەکان، بـۆ سـەر لـە بەیانـی ڕۆژی دووەمـی کۆنگـرە، گفتوگـۆی ڕاپۆرتـی لیژنـەکان کـرا و ڕەشنووسـی پرۆگـرام و پەیـڕەوی ناوخـۆی ئامادەکـرا و تێبینیەکانـی لێژنـە، دوای گفتوگـۆی ئەندامـان، پەسـەند کـرا.

دوای نیـوەڕۆی ڕۆژی دووەم، هەڵبـژاردن بـۆ دەستنیشـانکردنی دەسـتەیەکی نـوێ بـۆ مەکتەبـی سـکرتاریەتی یەکێتـی ئافرەتانـی کوردسـتان ئەنجـام درا، پرۆسـەی هەڵبـژاردن لەلایـەن تیمێـک دادوەر بەڕێوەبـرا کـە پێکهاتبـوون لـە: دادوەر تـەرزە لـە سـەرۆکایەتی ئەنجومـەنی بـاڵای دادوەری، هـاوار محەمـەد، نوێنـەری دەسـتەی چاودێـری و بەدواداچوون و تیمـی کۆمسـیۆنی هەڵبـژاردن و بـەشی هەڵبـژاردن.

لـەو پرۆسەیەشـدا، کـە لەسـەر بنەمـای بازنـەی جوگرافـی و مەکتەبـی ڕێکخسـتنی پارتـی دیموکـراتی کوردسـتان لـە پارێـزگاکان بەڕێوەچـوو، (٧) بەربژێـر وەکـوو ئەندامـی سـەرەکی و (٣) بەربژێـری دیکـە وەکـوو ئەندامـی یەدەگـی مەکتەبـی سـکرتاریەت، متمانـەی ئەندامانـی کۆنگرەیـان بەدەسـت هێنـا، لەنێـو ئـەم دەستەیەشـدا، زیبـا تەهـا بـە سـکرتێری نوێـی یەکێتـی ئافرەتانـی کوردسـتان هەڵبژێـردرا.

ئەندامانی سەرکەوتووی مەکتەبی سکرتاریەت بریتی بوون لە:

١- زیبا تەها

٢- دلڤین خەلەف

٣- لیا سەیفەدین

٤- شاناز محەمەد

٥- زەری نەوزاد

٦- کەژاڵ هیدایەت

٧- سوهام سەلام.

ئەندامانی یەدەگی مەکتەبی سکرتاریەت:

١- ڕێژین سیامەند

٢- دلڤین شەمال

٣- شاد ڕزگار.

لە کۆتاییدا، کۆنگرە ڕێزی لە چوار سکرتێری پێشووی یەکێتی ئافرەتانی کوردستانی ناو و خەڵاتی کردن[١].

## سەرچاوە و پەراوێز

١- تەواوی ئەم زانیارییانە وەرگیراوە لە: د. ڤیان سلێمان حاجی، ئەرشیفی نۆیەمین کۆنگرەی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان (هێز و توانای ئافرەت بناغەی پێشکەوتنی ئاشتی و ئابوورییە).

# پرۆگرام و پەیڕەوی ناوخۆی کۆنگرەی نۆیەمی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان

## بەشی یەکەم

## پرۆگرام

## ناساندن و ئامانجەکان

**ماددەی یەکەم:**

**ناوی ڕێکخراو:**

یەکێتی ئافرەتانی کوردستان

**ناوی کورتکراوە:**

ی. ئا. ک

**ماددەی دووەم:**

**دروشم:**

ئێمە ئایندەین.

**ماددەی سێیەم:**

**ناونیشان:**

ناوەنـدی سـەرەکی یەکێتـی ئافرەتانـی کوردسـتان، لـە هەولێـری پایتەختـە، مافـی کردنـەوەی ئەنجوومـەن و ناوەنـدی لـە پارێـزگا و شـار و شـارەدێیەکانی هەرێمـی کوردسـتان، ناوچەکانـی دەرەوەی ئیـدارەی هەرێـم و عێـراق و وڵاتانـی دیکـە، هەیـە.

**ماددەی چوارەم:**

**پێناسە:**

ڕێکخراوێکـە لـە شـێوەی بزاڤێکـی مەدەنـی، دیموکراسـی و جەمـاوەری ئافرەتانـی

کوردستان، کار دەکات بۆ یەکسانی و هاوسەنگکردنی هێز و پێگە کۆمەڵایەتی، ئابووری و سیاسییەکەی ئافرەت لەگەڵ پیاو، لە پێناو برەوپێدانی ڕوانگەی مرۆڤسالاری لەناو کۆمەڵگەدا.

**ماددەی پێنجەم:**

**شیکردنەوەی ئارم:**

وێنە و هێمای زانستی ئافرەت و گۆی زەوی لە خۆ دەگرێت، کە ئاماژە دەدات بە جیهانبینی ئافرەت و ئومێدی بە دواڕۆژێکی گەش، ڕەنگی زەرد نیشانەی تیشکی خۆرە کە هێمای ژیانە، ئامانجمان لە دانانی کورتە هێڵی شین کە نیشانەیە بۆ پیاو، بنیاتنانەوەی کۆمەڵگەیە لەسەر بنەمای یەکسانی. نووسینەکە ناو و ڕێکەوتی دامەزراندنی ڕێکخراوەکەیە.

**ماددەی شەشەم:**

**ئامانجەکان:**

**کار دەکەین بۆ:**

**ا- ئامانجە نیشتیمانییەکان:**

١- بەهێزکردنی کەسایەتی و پێگەی ئافرەتی کوردستانی، بە سوود وەرگرتن لە بەها سەردەمییەکان و بەها ڕەسەنەکانی کۆمەڵگەی کوردستانی پەیوەست بە ڕۆڵی نیشتیمانپەروەری ،مێژوویی و رۆشنبیریی ئافرەتی کورد لە خێزان و کۆمەڵگە.

٢- جێبەجێکردنی ڕێککەوتننامە و جاڕنامە جیهانییەکانی تایبەت بە مافەکانی ئافرەت بە پێی تایبەتمەندیی کولتوری و مێژوویی کۆمەڵگەی کورد.

٣- جێبەجێکردنی جیاکاریی ئەرێنی بۆ ئافرەت لەو کایە و بوارانەی کەلێنی بەشداری ئافرەتی تێدایە. لەم ڕوانگەوە پشتیوانی سیستەمی کۆتا دەکەین تا کاتێک دیدی کۆمەڵگەیی دەگاتە ئاستێک کە دەرفەت لەسەر بنەمای توانا دەبێت، نەک ڕەگەز.

٤- بەشداری کارای ئافرەت لەبواری دیپلۆماسی و پرۆسەی نیشتمانسازیدا و پاراستنی قەوارەی هەرێمی کوردستان و سەرجەم دامەزراوە نیشتمانی و دیموکراسییەکانی.

٥- بەرزکردنـەوە و پەرەپێدانـی ئینتیـمای کادیـری ڕێکخـراو، بـۆ ئـەوەی بـە دڵسـۆزی و لێبڕاوانـە لـە خزمـەت بەدیهاتنـی ئامانجەکانـی ڕێکخـراو بـن.

**ب- یەکسانی و نەهێشتنی توندوتیژی:**

١- نەهێشـتنی توندوتیـژی لەسـەر بنەمـای جـۆری کۆمەڵایەتـی و گۆڕینـی هەمـوو ئـەو نـۆرم و نەریتـە کۆمەڵایەتییانـەی جیـاکاری لـە نێـوان ئافـرەت و پیـاو دەکـەن و دەبنـە هـۆی چەوسـاوەیی ئافـرەت.

٢- ڕاگرتنــی هاوســەنگی لــە پەیوەندییــە دابەشــکارییەکانی نێــوان هــەر دووڕەگــەز لــە هەمــوو ئاســتەکانی بڕیــاردان و خاوەندارێتــی بەرهــەم وداهــات، مولــک وســامان، دەســەڵات و ســوودمەندبوون لــە دەرفــەت و دەســتکەوت لــە بوارەکانــی بەردەســت لــە کۆمەڵگــەدا.

٣- هانـدان و بەرزکردنـەوەی خواسـت و ویسـتی ئافرەتـان بـۆ بەشـداریکردنی زیاتـر لـە هێزەکانـی ناوخـۆ و هێـزی پێشـمەرگە.

٤- گرتنەبـەری میکانیزمـی ڕێگـری لـە توندوتیـژی لەسـەر بنەمـای ڕەگـەز لەپێـش ڕوودانی، پارێـزگاری و پشـتیوانی و هـاوکاری دەروونـی و مەعنـەوی و پێشکەشـکردنی ڕاوێـژی یاسـایی بـۆ بەرکەوتووەکانـی.

٥- پتەوکردنـی بنیاتـی خێـزان و پەرەپێدانـی کولتـووری یەکسـانی و پەیوەنـدی تـەواوکاری و هـاوکاری و پاڵپشـتی لـە نێـوان ئەندامانیـدا، هانـی پێکهێنانـی خێـزان لەسـەر بنەمـای بەهاکانـی ڕێـز و خۆشەویسـتی و پێکەوەیـی دەدەیـن.

٦- جێبەجێکردنـی تـەواوی ئـەو دەقـە یاسـاییانەی کـە تایبەتـن بـە ئافـرەت و هەمـوار و دەرچوواندنـی یاسـای نـوێ بـۆ دەسـتەبەربوونی یەکسـانی تـەواوی مـاف و ئەرکـەکان بەرامبـەر بـە یاسـا و لـە نـاو یاسـادا.

٧- بەرزکردنـەوەی ڕوحـی کارکردنـی بـە گـروپ و پێکەوەیـی و چاندنـی بەهـا ئاکارییەکانی لێبوردەیـی ویەکـتر پەسـەندکردن و خۆشەویسـتی لـە نـاو ئافرەتان.

**ج- تواناسازی ئافرەت:**

١- بەرزکردنــەوەی ویســت، بەهێزکــردن و پەرەپێدانــی توانــا سیاســییەکانی ئافــرەت و بەشــدارکردنی لــە پرۆســەی بڕیارســازیدا.

٢- بەرزکردنــەوەی ئاســتی ئاگایــی و هۆشــیاری ئافــرەت و هاندانــی بــۆ خــۆ پێگەیانــدن و گرنگیــدان بــە پــەروەردە و پێگەیشــتنە فیکریەکــەی کــە خــۆی وەک مــرۆڤ و کەســایەتییەکی ســەربەخۆ و خــاوەن هێــز و پێگــەی کۆمەڵایەتــی، ببینێــت.

٣- بەرزکردنـەوەی ئاسـتی هۆشـیاری تەندروسـتی لای ئافرەتـان و بەردەوامیدانـی پـرۆژەی پشـتیوانی تەندروسـتی ئافرەتـان.

٤- بەهێزکردنـی پێگـە و ڕۆڵـی ئافـرەت لـە بـواری ئابووریـدا لـە ڕێـی تواناسـازی پیشـەیی، یەکسـانی دەرفەتـی کار، نەهێشـتنی ئـەو تێگەیشـتنە کۆمەڵایەتییانـەی ڕێگـری لە کاری ئافـرەت لـە کەرتـی تایبـەت و گشـتی دەکـەن.

٥- پەرەپێدانـی توانـا و بەهرەکانـی ئافرەتـان و بەشـدارییان لـە هەمـوو لایەنـە گرنگەکانـی ژیـان و پشـتیوانی ئافرەتانـی داهێنـەر.

٦- بەرزکردنــەوەی ئاســتی توانــا و لێهاتوویــی کادیرانــی ڕێکخــراو بــۆ ئــەوەی لــە ئاســت جێبەجێکردنــی ئامانجەکانــی ڕێکخــراودا بــن.

**ماددەی حەوتەم:**

**میکانیزمەکانی جێبەجێکردنی ئامانجەکان:**

- ئەنجامدانــی خولــە بەردەوامەکانــی تواناســازی، بــۆ پەرەپێدانــی توانــا مرۆیــی و پیشــەییەکانی ئافرەتــان.
- بەســتنی ســیمینار و کــۆڕ و دیــدار و ڕاپرســی و ئەنجامدانــی توێژینــەوەی زانســتی لەســەر ڕەهەنــدە جیاوازەکانــی پرســی ئافــرەت.
- گەڵاڵەکــردن و پێشکەشــکردنی پــرۆژە یاســا ، بــۆ دەســەڵاتی یاســادانان و بیرۆکــە و پێشــنیاز بــۆ دەســەڵاتی جێبەجــێ کــردن، لــە چوارچێــوەی پرســی ئافرەتــدا.

- هەماهەنگی لەگەڵ کەرتی تایبەت، بە ئامانجی دۆزینەوەی هەلی کار بۆ ئافرەتان.
- هەماهەنگـی لەگـەڵ دامودەزگاکانـی حکومـەت و لایەنـە پەیوەندیـدارەکان بـۆ مەبەسـتی بەدواداچـوون و چارەسـەرکردنی کێشـەکان و گەیاندنـی خواسـت و داواکارییەکانـی ئافرەتـان.
- دروسـتکردنی پەیوەنـدی لەگـەڵ ڕێکخراوەکانـی هاوشـێوە لـە ئامانـج و تایبەتمەنـدی بـوار، هەروەهـا کارکـردن بـۆ پێکهێنانـی تـۆڕ و فیدراسـیۆنی ڕێکخراوەکانـی تایبەتمەنـد بـە پرسـی ئافـرەت.
- دروسـتکردنی پەیوەنـدی لەگـەڵ ڕێکخـراوە مرۆیـی و نێودەوڵەتییـەکان، بـە مەبەسـتی بەدەسـتهێنانی ئەزمـوون و پشـتیوانی دارایـی بـۆ پرۆژەکانـی ڕێکخـراو.
- بەکارهێنانـی ڕاگەیانـدن بـە گشـتی وسۆشـیاڵ میدیـا بـە تایبەتـی بـۆ گۆڕانـکاری دیـدی کۆمەڵگـە لەبـارەی ئـەو چەمکانـەی کـە ڕەوایەتـی بـە جیـاکاری و توندوتیـژی و کوشـتنی ئافـرەت دەدەن.
- سـوود وەرگرتـن لـە تەکنۆلۆژیـای مۆدێـرن و سۆشـیال میدیـا بـۆ جێبەجێکـردن و ڕاپەڕاندنـی پەیوەنـدی و کار و چالاکییـەکان.

## بەشی دووەم

## پەیڕەوی ناوخۆ

## پێکهاتە و پەیکەری ڕێکخراو

**مادەی هەشتەم:**

**پێکهاتە:**

یەکێتـی ئافرەتانـی کوردسـتان ڕێکخراوێکـی مۆڵەتپێـدار و خـاوەن کەسـایەتی یاسـایی و مەعنەوییـە، لـە کۆبوونـەوەی دڵخوازانـەی ئافرەتانـی کوردسـتان پێـک دێـت کـە بڕوایـان بـە پرۆگـرام و پەیـڕەوی ناوخـۆی هەیـە و بـۆ بەدیهێنانـی ئامانجەکانـی تێدەکۆشـن.

**ماددەی نۆیەم:**

**ئەندامێتی:**

هـەر ئافرەتێکـی کوردسـتانی مەرجەکانـی ئەندامێتـی تێـدا بێـت، مافـی بـوون بـە ئەندامـی یەکێتـی ئافرەتانـی کوردسـتانی هەیـە.

**یەکەم-مەرجەکانی ئەندامێتی:**

١-تەمەنی لە (٦١) ساڵ کەمترنەبێت.

٢- باوەڕی بە پرۆگرام و پەیڕەوی ناوخۆی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان هەبێت.

٣-ئابوونەی مانگانە بدات.

**دووەم- ئەرکەکانی ئەندام:**

١-بەشداری کۆبوونەوە، بۆنە و چالاکییەکانی ڕێکخراو بکات.

٢-لە بەرامبەر ڕێکخراو خۆی بە بەرپرسیار و ئەرکدار بزانێت.

٣-تایبەتمەندی ڕێکخراو بپارێزێت.

**سێیەم- مافەکانی ئەندام:**

١- مافی دەنگدان و خۆپاڵاوتنی بۆ ئۆرگانەکانی ڕێکخراو، هەیە.

٢- مافی پرسیار و داواکاری، ڕەخنە و پێشنیازی بۆ ڕێکخراو، هەیە.

٣-لە کاتی کێشە و پێویستی، مافی هاوکاری و پشتیوانی ڕێکخراوی هەیە.

٤-بەپێی ئاستی پابەندی و بەشداری لە چالاکییەکان و پشتیوانی جۆراوجۆر لە ڕێکخراو، بەپێی چەند پێوەرێک کە بە ڕێنمایی لە مەکتەبی سکرتاریەت دەردەچێت، ئەندامی کارا هەروەها ئەندامی شانازی دەستنیشان دەکرێت

**چوارەم- لەدەستدانی ئەندامێتی:**

١-ئامادەنەبوون لە (٣) کۆبوونەوەی یەک لە دوای یەک، بێ پاساو وهۆکار.

٢-لەدەستدانی مەرجەکانی ئەندامێتی ئاماژە پێکراو لە بڕگەی یەکەمی مادەی نۆیەم.

٣-کاتێک خۆی واز دەهێنێت.

**ماددەی دەیەم:**

**کادیر:**

کەسێکە، بەردەوامە لە کار لە ناو ئۆرگانەکانی یەکێتی ئافرەتان، ئەزموون و لێزانی بەدەستهێناوە و ئەرکەکانی بە سەرکەوتوویی بەجێ دەگەیەنێت.

**یەکەم- ئەرکەکانی کادیر:**

١- لەخۆبوردوانە کار بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی ڕێکخراو دەکات.

٢- پابەندە بە ئەرک و بەرپرسیاریەتی لە ڕێکخراودا بە پێی دیسپلین و پەیڕەوی ناوخۆ.

٣- هەزری پەروەردە دەکات بە بیرۆکەی نوێ و ئەندێشەی پێشکەوتووخوازانە بۆ پێشکەوتنی ڕێکخراو

٤-بەرژەوەندی گشتی ڕێکخراو لە سەروو بەرژەوەندی تایبەتی خۆی دادەنێت.

٥-بڕی (٢٪) ی دەرماڵەی لە یەکێتی ئافرەتان وەک ئابوونە بە ڕێکخراو دەبەخشێت.

**دووەم- مافەکانی کادیر:**

١-تەواوی مافەکانی ئەندامی هەیە، کە لە بڕگەی سێیەمی ماددەی نۆیەم دا دیاریکراون.

٢- مافی بەرگری لەخۆکردن و سکاڵا پێشکەشکردن، لە کاتی پێشێل کردنی مافەکانی، هەیە.

٣- بۆ کار و داواکارییەکانی و وەرگرتنی ئەرک لە دوای قۆناغی خەباتی لە یەکێتی ئافرەتان، پاڵپشتی ڕێکخراوی دەبێت، بە مەرجێک خزمەتی لە (٥) ساڵ کەمتر نەبێت.

٤-لەسەر ڕێکخراو پێویستە، دەرفەتەکانی سوودمەندبوون لە خول و کۆرسەکانی پێگەیاندن بە یەکسانی، بۆ کادیر فەراهەم بکات

**ماددەی یازدەیەم:**

**سزادان:**

**جۆر و بڕگەکانی سزادان (سەرنجڕاکێشان، سڕکردن، دوورخستنەوە)**

**یەکەم- سەرنجڕاکێشان:**

١-بێ مۆڵەت و پاساو زیاتر لە (٧) ڕۆژ ئامادە نەبێت لە ئەرکەکەی، دوای ئاگادارکردنەوەی بە شێوەی زارەکی

٢- کەمتەرخەمی لە ئەرکەکانی بنوێنێت.

٣-هەر بڕگەیەک لە بڕگەکانی پەیڕەوی ناوخۆ پێشێل بکات.

٤-کادیری سەرپێچیکار بە نووسراو لە سەرنجڕاکێشان و هۆکارەکەی ئاگادار دەکرێتەوە.

**دووەم- سڕکردن:**

١-دووبارەکردنەوەی سەرپێچییەکانی خاڵەکانی بڕگەی یەکەم.

٢-ناوبانگ زڕاندنی ئەندامانی ڕێکخراو.

٣-پابەندنەبوون بە ڕێنوێنییەکان لەناو ڕێکخستنەکان .

٤-لەگەڵ ئەم سزایە گشت ئیمتیازەکانی لە ڕێکخراو ڕادەگیرێت.

٥- کادیری سەرپێچیکار بە نووسراو لە بڕیاری سڕکردن و هۆکارەکەی ئاگادار دەکرێتەوە.

**سێیەم: دوورخستنەوە:**

١-دووبارەکردنەوەی خاڵ و بڕگەکانی یەکەم و دووەم.

٢-بە تاوانێكی ڕێكخراو سزا بدرێت.

٣-دوای لێكۆڵینەوەیەكی دادپەروەرانە، بە گەندەڵی لە دارایی ڕێكخراو تاوانبار بكرێت.

٤- كادیـری سـەرپێچیكار بـە نـووسراو لـە بڕیـاری دوورخسـتنەوە و هۆكارەكـەی ئـاگادار دەكرێتـەوە

**مادەی دوازدەیەم:**

**پەیكەری ڕێكخستنی یەكێتی ئافرەتانی كوردستان:**

یەكەم: لە ڕووی دابەشبوونی هەرەمی دەسەڵات و پەیوەندی بەرپرسایەتییەوە:

دووەم: لە ڕووی ئاست و بوونی ئۆرگانییەوە:

یەكێتـی ئافرەتـان لـە دوو ئاسـتی ئۆرگانـی لـە: مەكتەبـی سـكرتارییەت، ناوەنـد پێـك دێـت. گـروپ ناچێتـە نـاو سـتافەوە چونكـە مووچـە وەرناگرێـت .تەنهـا هاوكارییەكـی كـەم بـۆ پەیوەندیگرتـن بـە ئەنـدام و تەنزیـم وەردەگرێـت.

ناوەنـدەكان لـە ناوەنـدی پارێـزگا ، شـار وشـارەدێیەكان ، بـە ئامانجی دەستپێڕاگەیشـتنی ڕاسـتەوخۆ بـە ئافرەتانـی كوردسـتان دەبـن. بـەو پێیـەش پەیكـەری ڕێكخسـتنی یەكێتـی ئافرەتانـی كوردسـتان لـە دوو ئاسـت و لەسـەرەوە بـۆ خـوارەوە، بـەم شـێوەیە دەبێـت:

مەكتەبی سكرتاریەت - ناوەند - گروپ.

**سێیەم : لە ڕووی بەشەكانەوە:**

هــەر یــەك لەمەكتەبــی ســكرتاریەت و ناوەنــد لــە شــەش(٦) بــەش پێكدێــن كــە ئەمانــەن:

**مەكتەبی سكرتاریەت:** پێك دێت لە سكرتێر و (٦) ئەندامی مەكتەبی سكرتاریەت.

-هەر ئەندامێكی مەكتەبی سكرتاریەت، بەرپرسی یەك لە بەشەكان دەبێت.

**-ناوەند:** پێكدێـت لـە بەرپـرس كـە لـە هەمـان كات ئەندامـی دەسـتەی بـاڵای ناوەندەكانە، هەروەهـا (٦) ئەندامـی ناوەنـد، كـە هـەر ئەندامێكـی ناوەنـد، بەرپرسـی یەكێـك لـە بەشـەكانی ناوەندەكـە دەبێـت

گـروپ: پێکدێـت لـە بەرپرسـی گـروپ و ژمارەیـەک ئەندامـی ئاسـایی( نابێـت لـە ١٠٠ ئەنـدام کـەمتر بێـت) لـە سـنوورێکی دیاریکـراودا. بەرپرسـی گـروپ و ئەندامانـی هـاوکاری ناوەنـدەکان دەکـەن لـە ڕێکخسـتنی پـرۆژە و چالاکـی لـە سـنوورەکانیان. بەرپرسـی گروپـەکان پابەنـد ناکرێـن بـە دەوام. بـە پێـی بەرزبوونـەی ڕێـژەی ئەندامـان، هـاوکاری بەرپرسـی گـروپ زیاتـر دەبێـت

دابەشـبوونی ناوەنـدەکان بـە پێـی پێـوەرە کارگێـڕی و دووری-نزیکـی سـنوورەکان لـە یـەکتر بـەم شـێوەیە دەبێـت:

١-**پارێـزگای هەولێـر**: لـە سنووری پارێـزگای هەولێر نۆ (٩)ناوەند بەم شـێوەیە دەستنیشـان دەکرێـن: ناوەنـدی شـاری هەولێـر دەکرێتـە دوو ناوەنـد: ناوەنـدی ڕۆژهـەڵات، ناوەنـدی ڕۆژئـاوا، دەوروبـەری هەولێـر ناوەندەکانـی( دەشـتی هەولێر،مەخمـور، قۆشـتەپە، عەنـکاوە، خەبـات، پیرمـام، شـەقلاوە).

٢- **پارێـزگای دهـۆک:** لـە سـنووری پارێـزگای دهـۆک دە (١٠) ناوەنـد بـەم شـێوەیە دەستنیشـان دەکرێـن: ناوەنـدی شـاری دهـۆک دەکرێتـە دوو ناوەنـدی ڕۆژهـەڵات، ناوەنـدی ڕۆژئـاوا، دەوروبـەری دهـۆک ناوەندەکانـی( سـێمێل، دەشـتا دوبانـێ، ئامێدی، شـێلادزێ- سـیرێ ، شـێخان، قـەسرۆک- چـرە، ئاکـرێ و بـەردەڕەش) لـە خـۆ دەگرێـت

٣- **پارێـزگای سـلێمانی**: لـە سـنووری پارێـزگای سـلێمانی شـەش(٦) ناوەنـد بـەم شـێوەیە دەستنیشـان دەکرێـن: ناوەنـدی شـاری سـلێمانی دوو ناوەنـد: ناوەنـدی ڕۆژهـەڵات، ناوەنـدی ڕۆژئـاوا، دەوروبـەری سـلێمانی، ناوەندەکانـی(دوکان، بازیـان، شـارباژێر(ماوەت)، قـەرەداغ )

٤- **پارێـزگای هەڵەبجـە:** لـە سنووری پارێـزگای هەڵەبجـە پێنـج (٥) ناوەنـد بـەم شـێوەیە دەستنیشـان دەکرێـن: ناوەنـدی شـاری هەڵەبجـە، دەوروبـەری هەڵەبجـە ناوەندەکانـی (شـارەزوور(هەڵەبجەی تـازە)، پێنجوێـن، سەیدسـادق، هەورامـان)

٥-**پارێـزگای کەرکـووک:** لـە سنووری پارێـزگای کەرکـووک چـوار (٤) ناوەنـد بـەم شـێوەیە دەستنیشـان دەکرێـت: ناوەنـدی شـاری کەرکـووک دەکرێتـە دوو ناوەنـد: ناوەنـدی ڕۆژهـەڵات، ناوەنـدی ڕۆژئـاوا، دەوروبـەری کەرکـووک ناوەندەکانـی( چەمچەمـاڵ، دوبـز)

٦-**پارێـزگای مووسڵ-دەشـتی نەینـەوا:** لـە سـنووری پارێزگای مووسڵ-دەشـتی نەینـەوا، دوو (٢) ناوەنـد بـەم شـێوەیە دەستنیشـان دەكرێـت: ناوەنـدی شـاری مووسـڵ، دەوروبـەری مووسـڵ ناوەنـدی قەرەقۆش

٧-**پارێزگای بەغدا:** ناوەندی بەغدا و لە داهاتوو ناوەندی كۆت بكرێتەوە.

٨- **ئیـدارەی سـەربەخۆی گەرمیـان**(٥+ ٢ی داهاتـوو): ناوەندەكانـی: دەربەندیخـان، كـەلار، كفـری، خانەقیـن، مندلـی، دووز و شـارەبان(لە داهاتـوو)

٩-**ئیـدارەی سـەربەخۆی ڕاپەڕیـن**: لـە سـنووری ئیـدارەی سـەربەخۆی ڕاپەڕیـن (٤) ناوەنـد بـەم شـێوەیە دەستنیشـان دەكرێـن: ناوەنـدی شـاری ڕانیە، ناوەنـدی قـەڵادزێ، ناوەندی پشـدەر، ناوەنـدی حاجیـاوە

١٠-**ئیـدارەی سـەربەخۆی سـۆران:** پێنـچ(٥) ناوەنـد: ناوەندەكانی(سـۆران، ڕەواندۆز،چۆمان، مێرگەسـوور، بارزان).

١١- **ئیـدارەی سـەربەخۆی زاخـۆ(٤):** ناوەنـدی زاخـۆ، باتیفـا، دەشـتا سـلێڤانا، ڕزگاری- باكرمـا

١٢- **دەڤـەری شـەنگال(٤):** ناوەنـدی زوممار، ناوەنـدی شـاریا بـۆ كەمپەكانـی دەوروبـەری دهـۆک، ناوەنـدی ئیسـیان بـۆ كەمپەكانـی دەڤـەری شـێخان، ناوەنـدی بێرسـڤێ بـۆ كەمپەكانـی زاخـۆ.

ژمـارەی ناوەنـدەكان (٦٠) دەبێـت، كـە بـە پێـی پارێـزگاكان بـەم شـێوەی خـوارەوە دابـەش دەبـن، لـە داهاتـوو لەگـەل گونجـاوی بـارودۆخ سـێ ناوەنـدی ( دوزخورماتـوو، شـارەبان، كـوت ) زیـاد بكرێـت

| ز | پارێزگا | ژمارەی ناوەندەكان |
|---|---|---|
| ١ | پارێزگای هەولێر | ٩ ناوەند |
| ٢ | پارێزگای دهۆک | ١٠ ناوەند |
| ٣ | پارێزگای سلێمانی | ٦ ناوەند |
| ٤ | پارێزگای هەڵەبجە | ٥ ناوەند |

| | | |
|---|---|---|
| ٥ | پارێزگای کەرکووک | ٤ ناوەند |
| ٦ | پارێزگای بەغدا | ٢ ناوەند |
| ٧ | پارێزگای دەشتی نەینەوا | ٢ ناوەند |
| ٨ | دەڤەری شەنگال | ٤ ناوەند |
| ٩ | ئیدارەی سەربەخۆی زاخۆ | ٤ ناوەند |
| ١٠ | ئیدارەی سەربەخۆی سۆران | ٥ ناوەند |
| ١١ | ئیدارەی سەربەخۆی ڕاپەڕین | ٤ ناوەند |
| ١٢ | ئیدارەی سەربەخۆی گەرمیان | ٥ ناوەند |
| سەرجەم | | ٦٠ناوەند |

**تێبینی:**نووسینگەی ئەورۆپا هەر وەک خۆی دەمێنێتەوە.

**ماددەی سێزدەیەم:**

**مەکتەبی سکرتاریەت:**

مەکتەبی سکرتاریەت، دەستەیەکە، کە ئەندامانی لەناو کۆنگرە هەڵدەبژێردرێن لە سکرتێر و (٦) ئەندامی سەرەکی و (٣) ئەندامی یەدەگ پێکدێت. ڕاستەوخۆ سەرکردایەتی و سەرپەرشتی بەشەکانی مەکتەبی سکرتاریەت و ناوەندەکان دەکات ، لە بەرنامەی کار و چالاکییەکان ئاراستەیان دەکات و لەم بەشانە (ڕێکخستن و ئامار، کارگێڕی و دارایی، چالاکی و شیاندن، ڕاگەیاندن و پەیوەندییەکان، پشتگیری کۆمەڵایەتی، پرۆژە و دۆسیە) پێکدێت.

**ئەرک و دەسەڵاتەکانی سکرتێر و مەکتەبی سکرتاریەت:**

**یەکەم- ئەرک و دەسەڵاتەکانی سکرتێر**

١- سەرپەرشتی و بەڕێوەبردنی کۆبوونەوەکانی مەکتەبی سکرتاریەت و دەستەی باڵای ناوەندەکان

٢- واژووکردنی گشت نووسراوەکانی مەکتەبی سکرتاریەت و پسوولەی داهات و خەرجییەکان

٣-دەسەڵاتی دیاریکردنی نوێنەری لە جیاتی خۆی لە کاتی پێویستدا، هەیە.

٤-دەسـەڵاتی ئاڵوگـۆڕی بەرپرسـایەتی ئەندامانـی سـکرتاریەتی بـە شـێوەی (سـاڵانە- ٦ مانگ)جارێـک هەیـە

**دووەم: ئەرک و دەسەڵاتەکانی مەکتەبی سکرتاریەت:**

١-هـەر ئەندامێکـی مەکتەبـی سـکرتاریەت، بەرپرسـیاریەتی بەشـێک لـە ڕێکخـراو بـە شـێوەی ساڵانە لـە ئەسـتۆ دەگرێـت و بەرپرسـیار دەبێـت، لـە بەرامبـەر خاڵـە لاواز و بەهێزەکانـی بـەش

٣-هـەر پـازدە ڕۆژ جارێـک کۆبوونـەوەی ئاسـایی دەبەسـتێت و بەپێـی پێویسـت کۆبوونـەوەی نائاسـایی ئەنجـام دەدات

٤-دەسەڵاتی هەموو بڕگەکانی ماددەی یازدەیەمی سزاکانی هەیە.

٥-جێبەجێکردنی هەموو بڕیار و ڕاسپاردەکانی کۆنگرە و بەرپرسیارە لە بەرامبەریان.

٦-دیاری کردنی هەڵوێستی ڕێکخراو لەسەر پێشهات و ڕووداوەکان.

٧-پەسـەند کردنـی سـەرجەم ئـەو پرۆتۆکـۆل و ڕێککەوتننامانـەی کـە لەگـەڵ ڕێکخـراو و دەزگاکانـی هاوشـێوەی خـۆی دەیبەسـتێت

**سێیەم- بەشەکانی مەکتەبی سکرتاریەت:**

**١- بەشی ڕێکخستن و ئامار:**

ئـ-ئامادەکردنـی ئامـاری گشـتی ڕێکخسـتنەکانی یەکێتی ئافرەتـان و کۆکردنـەوەی ئابوونەی هاتنەڕیـز و مانگانـە

ب-سەرپەرشـتی ڕاسـتەوخۆی بەشـی ڕێکخـستن و ئامـاری ناوەنـدەکان و ئەنجامدانـی کۆبوونـەوەی مانگانـە و فـراوان لەگەڵیـان

پ-ئاڕاستەکردنی ڕێنوێنی و ڕاسپاردەکان بۆ بەشی ڕێکخستن و ئاماری ناوەندەکان.

ت- سەرپەرشـتی و وردبینـی فۆرمـی ئەندامـان لـە داتـا بێیسـی ئەندامـان و دروسـتکردنی ناسـنامە بـۆ ئەندامانـی یەکێتـی ئافرەتانـی کوردسـتان و تۆمارکردنیـان لـە تۆمـاری ناسـنامەکان

ج- نووسینی کۆنووسی کۆبوونەوە ئاسایی و فراوانەکانی مەکتەبی سکرتارییەت و دەستەی باڵای ناوەندەکان و تۆمارکردنیان لە تۆماری کۆنووسەکان و وەڵامدانەوەی کۆنووسی کۆبووەنەوەکانی ناوەندەکان

چ- گرتنەبەری میکانیزمی گونجاو بۆ گەشەدان بە ئاستی جەماوەری ڕێکخراو لە ناو توێژی ئافرەت: ئافرەتانی بێکار- ئافرەتانی خاوەنکار لە کەرتی گشتی و کەرتی تایبەت، کچانی گەنج و قوتابی. هەروەها ئافرەتانی گوندنشین و ئافرەتانی شارنشین

ح-بەدواداچوون وهەڵسەنگاندنی خاڵە بەهێز و لاوازەکانی بەشەکەی لە سەرجەم ناوەندەکان بەپێی پلانی ڕێکخراو؛ هەروەها هەڵسەنگاندن و بەراوردی نێوان ناوەندەکان بە پێی ئامار و داتای ڕێکخستنەکانیان

خ-بانگێشتکردنی ڕێکخستنەکان و لایەنە حیزبییەکان بۆ بەشداری لە بۆنە و چالاکییەکانی ڕێکخراو

د- پێشکەشکردنی هاوکاری و خزمەتگوزاری بە ئەندامانی ڕێکخراو بەهەماهەنگی و هاوبەشی لەگەڵ بەشی پشتگیری کۆمەڵایەتی- دەروونی.

**٢-بەشی کارگێڕی و دارایی:**

ا-پەیرەوکردنی سیستەمێکی ژمێریاری هاوبەش بۆ سەرجەم ئۆرگانەکانی ڕێکخراو و ئاڕاستەکردنی ڕێنوێنی و ڕاسپاردەکان بۆ بەشی کارگێڕی و دارایی ناوەندەکان

ب-ڕاپەڕاندنی کاروباری کارگێڕی ڕۆژانە و تۆمارکردنی ئامادەبوون و مۆڵەت لە تۆماری ئامادەبوون و مۆڵەت

پ-ئامادەکردن و ڕێکخستنی لیستی کەلوپەل و پێداویستییەکانی سەرجەم ئۆرگانەکانی یەکێتی ئافرەتان و تۆماریان لە تۆماری کەلوپەل

ت-خوێندنەوە و شیکاری داهات و خەرجی مانگانەی مەکتەبی سکرتارییەت بە مەبەستی کورتنەهێنانی دارایی

ج-سەرپەرشتی وچاودێری کارگێڕی و دارایی پرۆژە وەبەرهێنەکانی مەکتەبی سکرتارییەت وئۆرگانەکانی خوارووتر

چ- ئامادەکردنــی ڕاپۆرتــی دارایــی مانگانــەی مەکتەبــی ســکرتارییەت و وەڵامدانــەوەی ڕاپۆرتــە دارایــی وتــەواوی نــووسراوە کارگێڕییەکانــی ناوەنــدەکان

ح-پێشکەشــکردنی پلان و پێشــنیار و گرتنەبــەری میکانیزمــی گونجــاو بــۆ زیادکردنــی داهاتــی ڕێکخــراو

خ- بەدواداچــوون و دەستنیشــانکردنی خاڵــە بەهێــز و لاوازەکانــی بەشــەکەی لــە ســەرجەم ناوەنــدەکان بەپێــی پلانــی ڕێکخــراو وهەڵســەنگاندنیان و پێشکەشــکردنی لــە چوارچێــوەی ڕاپۆرتێکــی تایبــەت لــە کۆبوونەوەکانــی مانگانــە

**٣-بەشی پرۆژە و دۆسیەکان:**

ئـ- سەرپەرشـتی، وردبینـی و تۆمارکردنـی سـەرجەم چالاکییەکانـی مەکتەبـی سـکرتارییەت و ناوەنـدەکان لـە داتابێیسـی چالاکیـەکان و تۆمارکردنیـان لـە تۆمـاری چالاکییـەکان

ب- ئاڕاسـتەکردنی پێشـنیار، ڕێنوێنـی و ڕاسـپاردەکانی مەکتەبـی سـکرتارییەت سـەبارەت بـە جـۆر و شـێوازی چالاکیـەکان بەپێـی پلانـی ڕێکخـراو بـۆ ئۆرگانەکانـی خوارووتـر بـە مەبەسـتی بەدیهێنانـی ئامانجەکانـی یەکێتـی ئافرەتـان لـە بـواری تواناسـازی دا

پ- بەدواداچـوون وهەڵسـەنگاندنی خاڵـە بەهێـز و لاوازەکانـی بەشـەکەی لـە سـەرجەم ئەنجومـەن وناوەنـدەکان بەپێـی پلانـی ڕێکخراو؛ هەروەهـا هەڵسـەنگاندن و بەراوردی نێـوان ناوەنـدەکان بـە پێـی ئامـار و داتـای چالاکییەکانیـان؛ و پێشکەشـکردنی ڕاپۆرتـی مانگانـەی تایبـەت بـە سـکرتێری ڕێکخـراو

ت- دانانـی سـەنتەرە پیشـەیی و ئەنجامدانـی پـرۆژە بـۆ پێگەیاندنـی پیشـەیی ئافرەتـان لـە هەموو سـێکتەرەکاندا

ج- سەرپەرشـتی و چاودێـری پرۆژەکانـی تایبـەت بـە بەشـەکەی و وەڵامدانـەوەی تـەواوی نووسراوەکانـی بەشـەکەی لـە ناوەنـدەکان

چ - بـە هەماهەنگـی لەگـەڵ بەشـی ڕاهێنـان و شـیاندن ، هـاوکات لەگـەڵ پرۆژەکانی دەبێ خولەکانـی وشـیاری و ڕاهێنـان و شـیاندنی هـزری لە بـوارە جیاوازەکانـدا هەبێت

د- پێشکەشــکردنی پــرۆژە و پێشــنیار و گرتنەبــەری میکانیزمــی گونجــاو بــۆ زیاتــر

بەرەوپێشبردنــی بــەش بــە پێــی پلانــی ستراتیــژی و کارنامــەی ســاڵانەی ڕێکخــراو

**٤-بەشی ڕاگەیاندن و پەیوەندییەکان:**

ئـ- دیاریکردنــی هێڵــە گشــتیەکانی ڕاگەیاندنــی یەکێتــی ئافرەتانــی کوردســتان بــە پێــی ئۆرگانــە جۆراوجۆرەکانــی تــۆڕی میدیایــی هێلیــن

ب-ڕووماڵـی تـەواوی چالاکییەکانـی مەکتەبی سـکرتارییەت و ناوەنـدەکان و بڵاوکردنەوەیان لـە بڵاوکراوەکانـی تـۆڕی میدیایی هێلیـن و دەزگاکانـی ڕاگەیاندن

پ-سەرپەرشتی و بەڕێوەبردنی سۆشیال میدیا و ئەکاونت و پەیجەکانی ڕێکخراو.

ت- دەرکردنی بەیاننامە ، پەیام و هەڵوێست لەسەر ڕووداو و پێشهات و بۆنە ویادەکان.

ج-بەرهەمهێنانـی فیلـم، سـپۆت و کاری هونـەری لەسـەر ئافـرەت و بـە پێـی ئامانجەکانـی یەکێتـی ئافرەتـان

چ- بەدواداچـوون وهەڵسـەنگاندنی خاڵـە بەهێـز و لاوازەکانـی بەشـەکەی لـە سـەرجەم ناوەنـدەکان بەپێـی پلانـی ڕێکخـراو و پێشکەشـکردنی ڕاپۆرتـی مانگانـە .

ح- ڕێکخســتنی پەیوەنــدی لەگــەڵ ڕێکخــراو و دەزگا فەرمــی و نافەرمییــەکان لەســەر ئاســتی ناوخــۆ و دەرەوە

خ- بانگێشــتکردنی ڕێکخــراو، دەزگا و لایەنــە پەیوەنــددارەکان بــۆ بەشــداری لــە چالاکییەکانــی ڕێکخــراو

د-پێشکەشــکردنی پــرۆژە و پێشــنیار و گرتنەبــەری میکانیزمــی گونجــاو بــۆ زیاتــر بەرەوپێشبردنــی بــەش و تــۆڕی میدیایــی هێلیــن بــە پێــی پلانــی ستراتیــژی و کارنامــەی ســاڵانەی ڕێکخــراو

**٥-بەشی پشتگیری کۆمەڵایەتی-دەروونی:**

ئـ- پشــتگیری، یارمەتــی و هــاوکاری مــاددی و مەعنــەوی ئافرەتانــی کەمدەرامــەت و پەراوێزخــراو، بەرکەوتووانــی توندوتیــژی، نەخــۆش و خــاوەن پێداویســتی تایبــەت ،ئافرەتـە هەرەشـە لێکراوەکانـی داڵـدەدراو و چاکسـازییەکان بـە هەماهەنگـی لەگـەڵ پەیمانــگای ئامێــزی خێــزان بــۆ پرســە کۆمەڵایەتییــەکان و لایەنــە پەیوەندداره‌کانــی تــر

ب- وەرگرتنـی ئامـار لەسـەر توێژەکانـی ناوبـراو لـە لایەنـە پەیوەنـددارەکان بـە مەبەسـتی دەسـتگرتن و پێشکەشـکردنی خزمەتگوزاری گونجـاو

پ-دروسـتکردنی پەیوەنـدی وهەماهەنگـی لەگـەڵ کارگـە و کۆمپانیاکانـی کەرتـی تایبـەت بـە مەبەسـتی دۆزینـەوەی هەلـی کار بـۆ ئافرەتـان

ت- ئەنجامدانــی توێژینــەوەی زانســتی لەســەر کێشــە کۆمەڵایەتییــەکان لەگــەڵ لایەنــە پەیوەندیــدارەکان

ج- بەدواداچــوون وهەڵســەنگاندنی خاڵــە بەهێــزو لاوازەکانــی بەشــەکەی لــە ســەرجەم ئەنجومــەن وناوەنــدەکان بەپێــی پلانــی ڕێکخــراو وپێشکەشــکردنی ڕاپۆرتــی مانگانــە

چ- پێشکەشــکردنی پــرۆژە و پێشــنیار و گرتنەبــەری میکانیزمــی گونجــاو بــۆ زیاتــر بەرەوپێشبردنــی بــەش بــە پێــی پلانــی ستراتیــژی و کارنامــەی ســاڵانەی ڕێکخــراو

ح-یارمەتـی کۆمەڵایەتـی و خزمەتگـوزاری تەندروسـتی پێشکەشـی ئافرەتانـی نەخـۆش و کـەم دەرامـەت دەکات

خ- بە هەماهەنگی لەگەڵ پەیمانگای ئامێزی خێزان، پلان و بەرنامەی دەبێت بۆبڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیری یەکسانی و بەرەنگاربوونەوەی توند و تیژی لەسەر بنەمای ڕەگەز.

**٦-بەشی ڕاهێنان و شیاندن:**

ئـ- بـە هـاوکاری و هەماهەنگـی لەگـەڵ پەیمانـگای ناهیـدەی شـێخ سـەلام، پلانـی تایبەتی دەبێـت بـۆ ڕاهێنـان و پەرەپێدانـی ئاسـتی هـزری ومەعریفـی کادیـران و ئەندامانـی ئافرەتـان لـە بوارەکانـی کاری ڕێکخراوەیـی، سیاسـی ، پەرەپێدانـی خود و سـەرکردایەتی و پرۆسـەی هەڵبـژاردن

ب- پـەروەردە و ڕاهێنانـی بەردەوامـی کادیـران وئەندامانـی ڕێکخـراو بـۆ تواناداركـردن و دەرکەوتنـی ئاسـت و تایبەتمەنـدی توانایـان و فراوانکردنـی چالاکییـان لـە بەشـەکانیان

پ-دەستنیشــانکردنی توانــا و کارامەیــی و گونجــاوی کادیــران و دابەشــکردنیان بەســەر بــەش و ئۆرگانەکانــی ڕێکخــراو

ت- بەرزکردنی ئاستی ڕۆشنبیری ڕێکخراوەیی ئافرەتان لە ڕێگای کردنەوەی خولی جۆراوجۆر

ج- هەڵسەنگاندنی توانا و ئاستی زانین و شارەزایی و پێگەیشتوویی كادیرانی ڕێكخراو و دانانی پلان و بەرنامەی گونجاو بۆ بەرزكردنەوەی ئاست و توانا مەعریفی و كردەییەكانی كادیرانی ڕێكخراو

چ-ئامادەكردنی پەسنی پیشەیی كادیرانی یەكێتی ئافرەتانی كوردستان.

**ماددەی چواردەیەم:**

**دەستەی باڵا:**

دەستەیەكە پێك دێت لە سكرتێر و ئەندامانی مەكتەبی سكرتاریەت و و بەرپرسی ناوەندەكان.

**ئەرك و دەسەڵاتەكانی:**

١- هەر سێ مانگ جارێك كۆبوونەوەی فراوان دەبەستێت.

٢- پلانی دارایی ڕێكخراو و دیاری كردنی ڕێژەی ساڵانەی ئابوونەی هاتنە ڕیز وئەندامێتی دادەڕێژێت

٣- بڕیار و ڕاسپاردەكانی كۆنگرە و مەكتەبی سكرتاریەت جێبەجێ دەكات.

٤- ژمارەی بەشداربووان لە كۆنگرە دیاری دەكات.

٥-دەستەی باڵا بۆی هەیە بە زۆرینەی دەنگ بڕیاری بەستنی كۆنفرانس بدات.

٦- دەستەی باڵا بۆی هەیە بە دەنگی ٣/٢ ی ئەندامەكانی لە كاتی پێویست لە نێو ئەندامانی سكرتاریەت، سكرتێر هەڵببژێرێتەوە

**ماددەی پازدەیەم:**

**ناوەند :**

هەرێمی كوردستان دابەشی شەست(٦٠) ناوەند دەبێت. بەرپرسی ناوەند لە هەمان كات ئەندامی دەستەی باڵای ناوەندەكانە. ناوەند پێكدێت لە بەرپرس و (٦) ئەندام ناوەند. بەرپرسی ناوەند لە ئەندامانی ناوەندەكە هەڵدەبژێردرێتەوە، و ئەندامانی ناوەند ڕاستەوخۆ لە لایەن بەرپرسی گرۆپ وئەندامانی ئاسایی سنوورەكەی

و ناوەنــدی  پێشــووی ســنوورەکە هەڵدەبژێردرێــن. سەرپەرشــتی کار و چالاکییەکانــی ڕێکخـراو دەکات لـە سـنووری شـار یـان ئـەو شـارەدێیانەی کـە دەکەونـە نێـو سـنووری جوگرافیایـی دەستنیشـانکراوی ناوەندەکـە. دەبێـت ژمـارەی سـەرجەمی ڕێکخسـتنەکانی لـە (١٥٠٠- ٢٠٠٠) ئافـرەت بێـت.

**ئەرک و دەسەڵاتەکانی:**

١- بەرپرسی ناوەند بە ڕاوێژ لە یەکەم کۆبوونەوە ، بەرپرسی بەشەکان دیاری دەکات.

٢- -سەرپەرشتی سنووره جوگرافییەکەی دەکات و لە کار و چالاکییەکانیان ئاراستەیان دەکات

٣ -مانگـی جارێـک کۆبوونـەوەی ئاسـایی لەگـەڵ ئەنـدام ناوەنـد و بەرپرسـی گرۆپەکانـی سـنووری دەبەسـتێت

٤-دوو مانــگ جارێــک کۆبوونــەوەی فراوانــی خــۆی بــە بەشــداری بەرپــرس و ئەنــدام ناوەنــد، بەرپرســی گروپــەکان ، لەگــەڵ ئەندامانــی ئاســایی ســنووری دەبەســتێت

٥-دەسەڵاتی دەرکردنی بەیاننامەی لەسەر ڕووداوەکانی سنووری خۆی هەیە.

٦-دەسەڵاتی بڕگەکانی یەکەم و دووەمی ماددەی یازدەی سزاکانی لە سنووری خۆیدا هەیە

٧-پێشنیازی دوورخستنەوەی کادیرانی سنووری، بۆ مەکتەبی سکرتاریەت بەرز دەکاتەوە.

**ماددەی شانزەیەم:**

**گروپی ڕێکخستن:**

لەســەر بنەمــای توێــژ و پیشــە و تەمــەن، یاخــود بەپێــی ڕێنماییــەکان، میکانیزمــی ڕێکخســتن لــەم گروپانــە ئاســۆیی یــان بازنەیــی دەبێــت و ئــەرک و بەرپرســیاریەتی لــە گروپــدا یەکســان دەبێــت.

**ئەرک و مافەکانی گروپ:**

١-هەوڵـی فراوانکردنـی ڕێکخسـتنەکانی یەکێتـی ئافرەتانـی کوردسـتان لـە نێـو ئـەو توێژەی کە سەرپەرشـتی دەکات

٢-هاوکاری ناوەندەکان دەکات لە ڕێکخستنی چالاکییەکان.

٣ - ستافی گروپەکان پابەند ناکرێن بە دەوام، لە کاتی ئەنجامدانی پرۆژە و چالاکی لە سنوورەکەیان، دەبنە بەشێک لە ستافی پرۆژەکان

٤- ئەندامی گروپەکان مافی لە پێشینەیان هەیە، لە وەرگرتنی پلە لە ناوەندەکان.

٥-مافی لە پێشینەیان هەیە بۆ بەشداریکردن لە خولەکانی ڕاهێنان و شیاندن وهەموو ئەو خزمەتگوزاریانەی کە ڕێکخراو پێشکەش دەکات.

**ماددەی حەڤدەیەم:**

**کۆنفرانس:**

هەر دوو (٢) ساڵ جارێک دەبەسترێت. تەواوی دەسەڵاتەکانی کۆنگرەی هەیە جگە لە:

١- دەسەڵاتی گۆڕینەوەی پرۆگرام و پەیڕەوی نییە.

٢- دەسەڵاتی بڕیاردان لەسەر یەکگرتن و هەڵوەشانەوەی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان -ی نییە

**ماددەی هەژدەیەم:**

**کۆنگرە:**

کۆنگرە بەرزترین دەسەڵاتە لە یەکێتی ئافرەتانی کوردستان هەر (٤) ساڵ جارێک دەبەسترێت و پێکدێت لە سکرتێر و ئەندامانی مەکتەبی سکرتاریەت و یەدەگەکانی و بەرپرسی ناوەندەکان، هەروا ئەندامانی لیژنەی ئامادەکاری کۆنگرە و هەڵبژێردراوەکانی کۆنفرانسە ناوخۆییەکان، بەو ڕێژەیەی کە ئەنجومەنی باڵا دیاری دەکات.

**ئەرک و دەسەڵاتەکانی کۆنگرە:**

١-هەڵسەنگاندنی تەواوی ئیش و کار و بڕیار و ڕاسپاردەکانی ناوەندەکانی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان و وەرگرتنی بڕیاری پێویست لە سەریان

٢-هەموار کردن و پەسەند کردنی پەیڕەوی ناوخۆ.

٣-پەسەند کردنی ڕاپۆرتی گشتی کۆنگرە.

٤-دیاری کردنی چەند لیژنەیەک بۆ ڕێکخستن و دارایی و ڕاگەیاندن و سکاڵا و

لیژنەکانــی تــر بــە پێــی پێویســت

٥- هەڵبژاردنی دەستەی نوێی سکرتاریەت.

٦-دیاری کردنی سیاسەتی گشتی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان.

٧-بڕیار دەدات لەسەر یەکگرتن و هەڵوەشانەوەی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان.

**ماددەی نۆزدەیەم:**

**لیژنەی ئامادەکاری کۆنگرە:**

بـە بڕیـاری مەکتەبـی سـکرتاریەت لیژنـەی ئامـادەکاری کۆنگـرە پێـک دەهێنرێـت لـەو ئەندامانـەی دەسـتەی بـاڵا کـە خۆیـان بـۆ سـکرتێری و ئەندامێتـی مەکتەبـی سـکرتاریەت ناپاڵێـون و، کارە ئامادەکارییەکانـی کۆنگـرە ئەنجـام دەدەن و سەرپەرشـتی کۆنفرانسـەکانی ناوەنـدەکان بـۆ هەڵبژاردنـی نوێنەرانـی کۆنگـرە، دەکـەن.

## بەشی سێیەم

## ڕادەی یاسایی و دەنگدان

**ماددەی بیستەم:**

**ڕادەی یاسایی:**

١-هەمـوو ناوەندەکانـی ڕێکخـراو بـە ئامادەبوونـی زۆرینـە هەڵدەبژێریـن و لـە کاتـی تـەواو نەبوونـی ڕێـژەی یاسـایی لـە نێـوان (٣-٥) ڕۆژ لـە گـەڕی هەڵبژاردنـی یەکـەم، جارێکـی تـر دووبـارە دەکرێتـەوە، ئەگـەر لـە جـاری دووەمـدا ڕادەی یاسـایی تـەواو نەبـوو ژمـارەی بەشـداربووان هـەر چەندێـک بێـت هەڵبـژاردن ئەنجـام دەدرێـت

٢-کۆبوونەوەکان بە ئامادەبوونی زۆرینە دەبەسترێت.

**ماددەی بیست و یەکەم:**

**دەنگدان:**

جگـە لـەو بڕیارانـەی کـە لـەم پەیـڕەوە ئامـاژەی بـۆ کـراوە و پێویسـتی بـە دەنگـی زیاتـرە لـە زۆرینـە، لـە هەمـوو کۆبوونـەوەکان بڕیـار بـە دەنگـی زۆرینـەی سـادەی ئامادەبـووان وەردەگیرێـت و لـە کاتـی یەکسـان بوونـی دەنگـەکان، پەیـڕەوی ڕای ئـەو لایەنـە دەکرێـت کـە بەرپرسـی یەکەمـی تێدایـە.

## بەشی چوارەم

## دارایی ڕێکخراو

**مادەی بیست و دووەم:**

**سەرچاوەی دارایی ڕێکخراو پێکدێت لە:**

١-کۆکردنەوەی ئابوونەی هاتنەڕیز و مانگانە

٢-نرخی چاپەمەنی و داهاتی چالاکییەکان

٣-ئەو یارمەتیانەی دەدرێتە ڕێکخراو.

٤-سوودی پرۆژە بەرهەمهێنەرەکان

**ماددەی بیست و سێیەم:**

**ڕێکخستنی دارایی:**

ڕێکخـراو خـۆی دارایـی خـۆی بەڕێـوە دەبـات و ڕێکـی دەخـات بـە پێـی سیسـتەمی ژمێریـاری یەکێتـی ئافرەتانـی کوردسـتان، کـە لـە سـەرچاوە زانسـتییەکانی زانسـتی دارایـی و ژمێریـاری پەیـڕەوی دەکرێـت.

**مادەی بیست چوارەم:**

هەموو حیساباتێکی ڕێکخراو دەکەوێتە ژێر چاودێری دەزگا تایبەتمەندە بەرپرسەکان.

## بەشی پێنجەم

## حوکمە گشتیەکان

**ماددەی بیست و پێنجەم:**

سەرجەم ناوەندەکانی ڕێکخراو پابەندی زنجیرەکانی ڕێکخستن دەبن، لە دەزگاکانی خوارەوە ڕاپۆرتی مانگانە و گشتی بۆ ناوەندەکانی سەرووتر بەرز دەکرێتەوە و لەوێشەوە وەڵامی پێویست دەدرێتەوە.

**ماددەی بیست و شەشەم:**

**تۆمارەکانی ڕێکخراو:**

١-تۆماری ئەندامان

٢-تۆماری کۆنووسەکان

٣-تۆماری ژمێریاری

٤-تۆماری کەلوپەل

٥-تۆماری نووسراوەکانی هاتوو ڕۆیشتوو

٦- تۆماری چالاکییەکان

٧-بەپێی پێویست تۆمارەکان زیاد دەکرێن

# ناسنامەی دەستە

پرۆژەی دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان، لە پێناو ناساندن، کۆکردنەوە، بە دیکۆمێنتکردن و بڵاوکردنەوەی مێژووی پڕ لە سەروەریی کار و خەباتی پارتی دیموکراتی کوردستان، لەسەر پێشنیازی ڕێزدار مەسرور بارزانی، لە ساڵی ٢٠١٤ دامەزراوە.

ئەم بەرهەمەی بەردەستی بەڕێزتان بەشێکە لە هەوڵ و ئامانجەکانی ئەم پرۆژەیە.